ئورهان پامووك

ئورهان پامووك لە ساڵی 1952 لە ئەستەنبووڵدا لە دایك بووە و لە بنە ماڵەیەكی هاو شێوەی ئەو بنە ماڵانەی وا لە ڕۆمانەكانی (كاك جەودەت و كوڕەكانی و كتێبی ڕەشدا) باسیكردوون لە (نیشانتاش)دا گەورە بووە . تەنیا ئەو سیساڵە نەبێ كە لە نیۆیۆركدا دەربازی كردووە ، هەموو تەمەنی خۆی لە ئەستەنبووڵدا ژیاوە . خوێندنی كۆتایی بەرلە زانكۆی لە كۆلێژی ڕۆبەرت تەواو كرد و لە زانكۆی تەكنیكی ئەستەنبووڵدا سیساڵیش مێعماری خوێند لە ساڵی 1976 دا خوێندنی لە زانكۆی ئەستەنبووڵ لەبەشی ئەنیسیتۆی ڕۆژنامە وانی تەواو كرد . هەر لە ساڵی 1974 ەوە بەردەوام دەستی بە نووسین كرد و ئەمەی وەكوو كارێك هەڵبژارد . ڕۆمانی یەكەمی بەناوی (كاك جەودەت و كوڕەكانی) لە كێبەركێی ڕۆمانی چاپ و پەخشی میلییەتدا وەكوو باشترین هەڵبژێردرا . ئەم كتێبە لە ساڵی 1983 دا بڵاو بووەوە خەڵاتی تایبەتی ڕۆمانی ئورهان كە ماڵی وەرگرت . كتێبی " ماڵی بێدەنگ " ەكەی كە هەر لەو ساڵەدا بڵاو بووە خەڵاتی ڕۆمانی خەماویترین ڕۆمانی وەرگرت . شایانی باسە كە لە ساڵی 1991 وەرگێڕدراوەكەشی لە فەرەنسادا بڵاو بووە خەڵاتی (كەشتی ئاورووپا)ی وەرگرت (picxde ladecouverte eucopeene) . ڕۆمانە مێژوویيەكەی بە ناوی قەڵای سپی كە لە ساڵی 1985 دا بڵاو بووەوە لە ماوەیەكی كورتدا ناو بانگی لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات دەكرد ، تەنانەت لە گۆڤاری نیۆیۆرك تایمزدا بە قسەی (لە ڕۆژ هەڵاتدا ئەسستێرەیەك بەرز بووەوە) نرخێندراو بە زیندووترین زمانەكانی ڕۆژ ئاوا وەرگێڕدرایەوە .

ڕۆمانی (كتێبی ڕەش) ەكەی بە دەوڵەمەندی و پڕبار بوونەكەیەوە بووبەیەكێك لە باس هەڵگرترین ڕۆمانەكانی ئەدەبیاتی هاو چەرخ و بوو بە یەكێك لە ڕۆمانانەی كە زۆرترین ژمارەی خوێنەرانی بە دەست هێنا . پامووك لە ساڵی 1992 دا سناریۆی فیلمی ڕوخساری شاراوەی كەلە ژێر بەڕێوەبەرایەتی عومەردا نوسرابووكرد كرد بە ڕۆمان . كتێبی (ژیانی تازە) كە باسی بەسەرهاتی هەندێك خوێندەواری زانكۆ دەكات كە كەوتوونەتە ژێر كاریگەری ڕۆمانێكی ڕازداردار لە ساڵی 1994 دا بڵاو بووەوە بە پڕ خوێنەرترین كتێبی ئەدەبیاتی توركی . ڕۆمانی (ناوی من سوورەیە) لە ساڵی 1998 دا بڵاو كردەوە كە لەگەڵ بایەخپێدانێكی دەرئاساییدا ڕوو بە ڕوو مایەوە . زۆربەی ڕۆمانەكانی ئورهان پامووك بە زیاتر لە (20) زمانی زیندووی دونیا وەرگێڕدراونەتەوە . پامووك لە یەك خستنەوەی دەفتەرەكانی كە بیست و پێنج ساڵە ڕایگرتوون و نووسراوەكانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەكاندا و نووسراوە ڕەخنەییەكانی و وت و وێژو یادداشتەكانی سەفەرە كانی، لەگەڵ ئەزموونەكانی خۆیدا بە هەڵبژاردنێكی خێرا بەسەر هاتە درێژەكەی بە ناوی (ڕوانین لەبەر پەنجەرەوە) بەسەر دێڕی(ڕەنگەكانیتر) كرد بە كتێب . كە كارێكی لەو شێوەیە تاوەكوو ئەو كاتە هیچ ئەنجامنەدرا بوو .

www.pertwk.com

پیشکەشە بە ڕۆیا

" مروڤێکیان کوشت و لە نێو خویاندا دەستیان کرد بە قسەو باس . "
(قورئان ــ بەقەرە ــ 72)

" کوێر و بینەر نابن بە یەک "
(قورئان ــ فایتر ــ 19)

" ڕۆژ هەڵات و ڕۆژ ئاواش هی خودایە "
(قورئان ــ بەقەرە ــ 115)

www.pertwk.com

ناوەڕۆک

1	من مردوویەکم	13
2	ناوی من ڕەشەیە	20

3	من ، سەگ	28
4	لە دواییدا پێم دەڵێن پیا کوژ	26
5	من زاواتانم	46
6	من ، ئورهان	55
7	ناوی من ڕەشەیە	60
8	ناوی من ئەستەرە	65
9	من ، شەکوورە	70
10	من دارێکم	83
11	ناوی من ڕەشەیە	90
12	پێم دەڵێن پەپوولە	107
13	بەمن دەڵێن لەق لەق	119
14	بەمن دەڵێن زەیتوون	130
15	ناوی من ئەستەرە	140
16	من ، شەکوورە	147
17	من زاواتانم	154
18	لە دواییدا پێم دەڵێن پیاو کوژ	162
19	من ، پارە	171
20	ناوی من ڕەشەیە	179
21	من زاواتانم	185
22	ناوی من ڕەشەیە	192
23	لە دواییدا پێم دەڵێن پیاو کوژ	199
24	ناوی من مەرگە	207

www.pertwk.com

25	ناوی من ئەستەرە	213
26	من ، شەکوورە	223
27	ناوی من ڕەشەیە	244
28	لە دواییدا پێم دەڵێن پیاو کوژ	252
29	من زاواتانم	269
30	من ، شەکوورە	289
31	ناوی من سوورەیە	301
32	من ، شەکوورە	306
33	ناوی من ڕەشەیە	313
34	من ، شەکوورە	332
35	من ، ئەسپ	350
36	ناوی من ڕەشەیە	355
37	من زاواتانم	369
38	وەستا عوسمان منم	377
39	ناوی من ئەستەرە	388
40	ناوی من ڕەشەیە	396
41	وەستا عوسمان منم	403
42	ناوی من ڕەشەیە	429
43	پێم دەڵێن زەیتوون	444
44	پێم دەڵێن پەپوولە	447
45	پێم دەڵێن لەق لەق	450
46	لە دواییدا پێم دەڵێن پیاو کوژ	453

47	من ، شەیتان	467
48	من ، شەکوورە	474
49	ناوی من ڕەشەیە	480
50	ئێمە ، دوو عەودالّ	499
51	وەستا عوسمان منم	504
52	ناوی من ڕەشەیە	528
53	ناوی من ئەستەرە	553
54	من ژن	572
55	بە من دەڵێن پەپوولە	579
56	بە من دەڵێن لەق لەق	597
57	بە من دەڵێن زەیتوون	609
58	من شەکوورە	651

www.pertwk.com

((من مردووم)) (1)

ئێستا مردوویەکم،

لاشەکەم لە بنی چاڵە ئاوێکدایە ، لە زووەوە دوا هەناسەم هەڵکێشاوە و دڵم ڕاوەستاوە ، بەڵام لە بکوژە هیچ و پوچەکەم زیاتر نەبێ، کەس نازانێ کە چیم بەسەردا هاتووە. ئەو ناپیاوە چەپەڵەش بۆ ئەوەی کەلە مەرگم دڵنیا بێت، گوێی خستە سەر سینگم و چاوەڕێی دوا هەناسم مایەوە و لەدوایشدا شەقێکی هەڵدایە ناوزکمەوە و ڕایکێشام بۆ سەر چاڵە ئاوەکە. بە تاشە بەردەکەی دەستی کاسەی سەرمی شکاندولە بەر ئەوەش سەرم پلاش پلاش بوو.

دەمم پڕبوو لەخوێن ، دەم وچاو و تەوێڵ و گوپەکانم هەمووی تلیقانەوەو لەناو چوون، یەك بە یەکی ددانەکانم ورد و هاڕ بوون.

ئەوە بۆ چوار ڕۆژ دەچێ کە نە گەڕامەتەوە بۆ ماڵ، ژن ومنداڵەکانم بە دەوامدا دەگەڕێن کچەکەم بەردەوام سەیری دەرگای حەوشەکە دەکات، ئەوەندە گریاوە کە هیچی بە هیچ نەماوە و خەریکە لە ناو بچێ، هەموویان چاویان لە دەرگای ماڵەکەیە وچاویان لە ڕێگایە، ئایا بە ڕاستی هێشتا لە بەر دەرگا کەیە؟ نازانم لەوانەیە پێی ڕاهاتبێ !

ئای کە خراپە! مرۆڤ خۆی لێرەیەو هەست بە بەردەوام بوونی ژیانەکەی ڕابردووی خۆی لەولا دەکات ! بەر لەوەی لە دایك بم، کاتێکی بێسنوور لە پێشمەوەبوو، کاتێکیش کە مردم زەمانێکی بێکۆتایی!

www.pertwk.com

کاتێکیش کە دەژیام، بیرم لەم شتانە نەدەکردەوە، لە بەینی دوو کاتی تاریکدالە نێوان تیشك و ڕووناکیدا دەژیام.

ئێستا تێدەگەم کەوا خۆشحاڵ و بەختەوەر بووم.

لە وێنەکێشخانەکەی پادشا کەماندا، جوانکاری هیچ کەسێك بە قەدەر ئەوانەی من باش نەبوو، کاری دەرەوەی ڕاسپاردەکانی کۆشکیشم ئەنجام دەدا و مانگانە زیاتر لە نۆسەد ئاکچەم* دەست دەکەوت، ئەمانەش هەمووی دەبن بە هۆی ئەوەی کەوا مەرگم لەلا سەخت بێت و زۆرم پێ قۆرس بێت. نەخش وجوانکاریم دەکرد کەناری لاپەڕەکانم دەڕازاندەوە. لق و پەل، گوڵ و گیا، پەلەوەری ڕەنگاوڕەنگم دەکێشا، بەنەریتی چینیەکان پەڵە پەڵە هەورم بە سەریانەوە دەکێشا، پەلی دارەکان سەریان دەکردە ناو یەك، لە ناو دارستانی چڕوپڕدا ئاسکی جوانم دەکێشا. جاری وا هەبوو، پاشاوخانەکان و کۆشکەکانیان و دار و ڕاوچی و ئەسپەکانیانم لە قاپێکدا دەکێشا، جاری واش هەبوو کە هەر ئەوانەم لە پشتی ئاوێنەیەکدا، یان لە ناو کەوچکێك دا، یان وەکوو لە ماڵێکی گەورەدا لە (ملەکە)*، یان لە ڕووی ناوەوەی بانی ماڵێکدا دەکێشا. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا تەنیا لە سەر لاپەڕەی کتێب کارم دەکرد. پادشا پارەیەکی زۆری دەدا بە کتێبی پڕ نەخش و نیگار، لە بەر ئەوەیکە وا ئێستا مردووم وکۆتایی بەژیانم هاتووە، هەگیز جاڕی ئەوە لێنادەم کە پارە لە ژیاندا بایەخێکی ئەو تۆی نییە، چوونکە بەراستی تە نانەت کاتێکیش کە مرۆڤ دەمرێت، دیسان هەست بە بایەخی پارە دەکات. دەزانم کە ئێستا سەرتان لەوە سوور دەمێنێ کە گوێبیستی قسەکانی من دەبن و لەم وەزعە دەرئاساییە تێناگەن و لەگەڵ خۆتاندا دەڵێن کە: واز لەوە بێنە کە لە کاتی ژیانتدا چەندەت پارە قازانج کردووە، ئەوەمان پێبڵێ کە

لەو دونیادا چیت بینیوە؟ ڕۆحت لە کوێیە؟ بەهەشت و دۆزەخ چۆنن، لەوێدا چی دەبینی؟ مردن چۆن شتێکە، گیانت دەئێشی؟ منیش بە نیسبەت خۆمەوە مافی بیر کردنەوەیەکی لەو چەشنەتان پێدەدەم، مرۆڤ کاتێ ژیان دەکات، هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە کە داخۆ دەبی مردن چۆن شتێك بێت، هەر لە بەر ئەوەش هۆڵی لێدێت.هەر لە سەر ئەو بابەتە چیرۆکی پیاوێك دەگێڕنەوە، کەلەناو لاشەی مردووەکاندا گەڕاوەو بەتەما ی ئەوە بووە کەلە مەیدانی شەڕە خوێناوینەکان ولەنێوان تەرمیجەنگاوەراندا تووشیکەسێکی مردوو بێت کەزیندوو بووبێتەوە، بۆئەوەی کەباسی نهێنیەکانی دونیا ی تری دەرەوەی بۆبکات. لەوکاتانەدا یەکێك لەسەربازە نیوە گیان و برینداڕەکانی تەیموور وادەزانێت کەئەو دووژمنەو بەشمشێرەکەی خۆی دەیکات بە دوولەتەوە ، ئەویش وادەزانێت کەلەودوونیامرۆڤ دەکەن بەدوو لەتەوە. بەڵام من دەتوانم کە بڵێم شتێکی ئاوا هەبوونی نیە و بەپێچەوانەوە ، ئەوڕۆحانەی والەودنیادا بوون بەدوو بەشەوە لێرەدا یەکدە گرنەوە . دونیای پاش مەرگ وەکوو ئەوە نییە کەوا گوێگرانی شەیتان وکا فروو زەندیقەکان باسی لێوە دەکەن ، هەرئەوەیکەمن ئێستا دەتوانم لەگەڵ ئێوەدا قسەبکەم ، خۆی بەڵگەی حاشا هەڵنەگری پێچەوانە بوونی ئەو شتانەیە .لەلایەکیتریشەوەدەبێ ئەوەش بڵێم کە من هیچ یەك لەوشتانەشم نە بینی کەوا قورئانی کەریم باسیان لێوە دەکات و چاوم بەحۆری جوان و داری پڕپەل و گۆشەزێڕاوییەکانی بەهەشت و چۆمی پڕ هاژەو ڕەوان نەکەوتووە .تەنیائەوەنەبێ کەلەکاتی ڕووداوەکەدا وێنەی حۆرییە چاوگەورەکان دەهاتەوە یادم ، کەئەویش خۆم کێشامبوون.!

هەڵبەت من هەقم بە سەر فەرموودەکانی قورئانی پیرۆزەوە نییە ، بەڵام لە

www.pertwk.com

ڕاستیدا من چاوم بە شیرو شەراب وچوار چۆمی ئاووهەنگوین نەکەوت کەوا کوری عەرەبی (ابن العربی) بەخەیاڵیکی شیرینەوە باسیان لێوەدەکات . بائەوەش بڵێم کە ئەوشتانەی وامن باسی لێوە دەکەم ، پەیوەندییان بەبارودۆخی تایبەتی منەوە هەیەو بەهیچ جۆرێك مەبەستی ئەوەم نییە کە خەڵکی لە هیواداربوون بەژیانی دوونیای دیتر دڵساردبکەمەوە و بێبڕوایان بکەم . کەسێکی خاوەن دین و ئیمان ئەگەر تۆزێك زانیاری لەسەر چۆنیەتی ژیانی دیتر هەبێت لەوە باش تێدەگات کەکەسێکی ئاڵۆزو پەرێشانی وەکوو من توانای بینینی چۆمەکانی بە هەشتی نیە.

ئەگەر بە کورتی باستان بۆبکەم ، ئەوەتان پێ دەڵێم کە: "زەریف ئەفەندی" نێو دەستەی ئوستادە وێنەکێشەکان منم و ئێستاش مردووم، بەڵام هێشتا نەنێژراوم. هەر لە بەر ئەوەش ڕۆحم بە تەواوەتی دەرنەچووە.

بۆ ئەوەی کە بچمە بەهەشت، یان دۆزەخ یاخود ئەو جێگایەی کە خوداوەند بڕیاری لە سەر بدات، پێویستە

ڕۆحم لە پیساوییەکانی سینەم دەرکەوێت و ڕزگاری ببێت. لەگەڵ ئەوەی کە سەرم شکاوەو نیوەی سینگم لەناو ئاوێکی ساردی وەکوو سەهۆڵدایە و خەریکە بە برینەکانیەوە بگەنێ، کەچی بە قەدەر ئازاری ڕۆحم کە دەیەوێ لە سینەم دەرچێ، ئێشم پێناگەیەنێت. وا هەستدەکەم کە تەواوی دونیایان تەپاندوەتە ناو جێگایەکی منەوە. لەوە دەچێ کە ئەو کارە ساتە دەرئاساییەی وا بەسەر مندا هاتووە بەسەر کەسیتر یشدا بێت، بەڵام بە ڕاستی ئازاری ئەم ڕۆحەی من زۆر ترسناکە. هەست بە تەنگاوییەکی زۆر دەکەم، کە ئەمە لەگەڵ ئەو دڵئارامی و دڵفراوانییە سەرسوڕ هێنەرەدا بەراورد دەکەم وا لە کاتە بێ هاوتاکەی مردندا تووشم بوو، ...

کاتێك کە ئەو یەکەم زەربەی بەردی چاوەڕوان نەکراوی لە سەرمدا و کاسەی سەری‌شکاندم، ئیدی‌زانیم کە مەبەستی کوشتنی منی هەیە، بەڵام هەرگیز بڕوام نەدەکرد کە بتوانێ من بکوژێ. بە هیوا بووم بەڵام لەکاتی ژیانە ساردەکەی نێوان وێنەکێشخانە و ماڵەکەمدا، نەمزانیوە کەچەندە ئومێد و هیوام بەو ژیانە هەبووە. بە نینۆك و پەنجە و گرێدراوبوونێك لە شێوەی ئەوەی وا ددان پەنجە دەگەزێت و بەدابەشەییەکی باشەوە باوەشم کردبوو. بەسە ئیدی، با بەئازارەکانی سەرمەوە سەرتان نەیەشێنم.

کاتێك بەحەسرەتەوە زانیم کە مردووم، هەستم بەدڵئارامی و وە دڵفراوانییەکی دەروونیکرد وە لەخەیاڵیخۆمدا وامدەزانی کە خەوەنووچکەیەکی نەرم دەمباتەوە. لە دوایشدا تەنیا چاوم بە پێڵاوەکانیبکوژە ناپیاوەکەی خۆم کەوت کەهێشتا بەفری پێوەمابوو. چاوەکانم خەواوی بوون، خەوە نووچکە دەیبردمەوە، چاوەکانم گرت و لە نێوخەیاڵە شیرینەکانی خۆمدا دەربازی دوونیای دیتر بووم. ئێستا گلەییم لەوە نیە کە ددانەکانم وەکوو لە ب لەبی ڕژاونەتە ناودەمە خوێناوییە کەم، هەروەهاخەمی ئەوەشم نیە کە دەمووچاوم تلیقاوە وام لێهاتووە کە کەس نامناسێتەوە ، تەنانەت نیگەرانی ئەوەش نیم کەلە بن چاڵە ئاوێك دا ماومەتەوە ، بەڵکو تەنیا گلەییم لەوە هەیە کەهێشتا وادەزانن دەژیم و نەمردووم ، هەروەها لەوەش ناڕەحەت دەبم کە خۆشەویستەکانم بە دوامدا بگەڕێن و بیرم لێبکەنەوە و وابزانن کە لە گۆشەیەکی ئەستەنبوڵدا خۆم بەشتێکی بێهوودەوە خەریك کردووە . هەروەها لەوەش دڵگیر دەبم و ڕۆحم پڕئازار دەبێ کە واخەیاڵ بکەن من بەدوای ژنێکی ترەوەم. باتۆزێك زووتر بمدۆزنەوە و نوێژەکەم

www.pertwk.com

بکەن وبمنێژن ! لەوەش گرنگتر با بکوژەکەم بدۆزنەوە . ئەبێ باش لەوە ئاگاداربن کەتا وەکوو ئەو هیچ و پووچە نەدۆزنەوە . هەر چاوەڕێ دەمینمەوە ، تەنانەت ئەگەر لە باشترین مەزاریشدا بمنێژن دیسان بەو چاوەڕوانییەوە دەتلێمەوە و لەنێوانتاندا بێبڕوایی بڵاو دەکەمەوە . ئەگەر ئەو تۆخمە زۆڵەی وامنی کوشتووە بدۆزرێتەوە ، ئەوا منیش باسی ئەوتان بۆ دەکەم کە چیم بینیوە ! بەڵام بە مەرجێك کە لە دوای دۆزینەوە بە مەنگەنە ئەشکەنجەی بدەن و ئێسقانەکانی ورد و هان بکەن ، ئەگەر ئێسقانەکانی سینگی بێت زۆر باشترە ، لەدوایشدا بە شیشی تایبەت سەری کون کون بکەن و تاڵ بە تاڵیقژە پیس و چەورەکەی بهێننە دەرەوە.

بەر لە هەمو شتێك ئەبێ بزانم کە ئەو بکوژەی والە ناکاو منی کوشت کێیە و بوچی وایکرد زۆر نەفرەتی لێدەکەم. بە دوای ئەمانەدا بگەڕێن ، ئێوە دەلێن کە : دونیا پڕ بووە لە بکوژی بێقیمەت ، ها ئەم ، ها ئەویتر؟ ئەگەر وابێ هەر لە ئێستاوە ئاگادارتان دەکەمەوە " کە لە بەرامبەر دین ، هەڵسوکەوتی گشتی و بۆ چوونی دونیاییماندا پەلامارێکی پیس لە ئارادایە .

چاوتان بکەنەوە و بزانن دوژمنانی ئیسلام بۆچی منیان کوشت ، لەوانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێوەش بکوژن . بۆ نموونە ئەمڕۆ یەکە یەکەی قسەکانی مامۆستای گەورەی ئایینی ، مامۆستا "نەسرەتی ئەرزڕومی" دێنەدی. لەوانەیە بتوانین بەسەر هاتەکانمان بنوسینەوە و بیکەین بە کتێب بەڵام هیچ وێنە کیشێك ، تەنانەت مامۆستا گەورەکانیش ، توانای ئەوەیان نییە کە بیانکێشنەوە و بیانکەن بە وێنە . باکەس بەهەڵە لێم تێنەگات ، (هەرچەندە کە بڕوا ناکەم بە هەڵە لێم تێبگەن) ، ئەمە حاشا ، وەکوو

قورئانی پیرۆزە کە لەبەر چۆنیەتی دروستبوونەکی، هیچ کات هێزە هەمە گیرەکەی لە هیچ تابلۆیەکدا جێی نابێتەوە .

سەیر کەن ، کاتێك کە دەریانهێنام ، سەرەنجم نەدەدایە سەر ڕاستی نێو قوولاییەکان و ئەو دەنگەی والەو لاوە دەهات و گاڵتەم بەشتیوەها دەهات ، کەچی لە دواییدا ئەنجامەکەم بوو بە بنی چاڵە ئاوێك !چاوتان مەگرن ، لەوانەیە ئەمە بە سەر ئێوەشدا بێت چاوتان باش بکەنەوە لەوانەیە کە ئەگەر بگەنێم ، لە بەر بۆنی لاشەکەم بمدوزنەوە ، بەڵام لە دواییدا هەر فەرامۆشم دەکەن . ئەوەی کە بۆ من دەمێنێتەوە لە بیر کران و خەیاڵی ئەشکەنجەدرانی بکوژەکەم لەلایەن خێر خوازێکەوەیە .

www.pertwk.com

((ناوی من ڕەشەیە)) (2)

وەکووئەوەی کە بە دەمی خەوەوە ڕێبکەم ، لە دوای دوانزە ساڵ دووری گەڕابوومەوە جێگای لە دایك بوون و گەورەبوونم ،گەڕابوومەوە بۆ ئەستەمبووڵ . دەڵێن ئەوانەی مەرگ لێیان نزیك دەبێتەوە ، خاکرایا ندەکێشێ ، خاك منیشی کێشابوو . سەرەتا کەڕۆیشتمە ناو شار وامدەزانی کە بە تەنیا مەرگی لێدەباریٚ ، بەلاٚم لە دواییدا تێگەیشتم کە عەشقیشی تێدایە . بەلاٚم لەو کاتەدا ، عەشق بەقەدەر یادگارییەکانی شارەکەم لەمنەوە دوور بوو ، دوانزە ساڵ بەر لەئێستا، لێرە ، لە ئەستەنبووڵ عاشقی کچە منداڵەکەی پوورم بووبووم لە ماوەی چوار ساڵ دوور کەوتنەوە لە ئەستەمبووڵ لەبەر ئەوەی کە یەك بەیەکی تەپۆڵکە سەوزاوییەکانی ئێران و چیا بەفراوییەکانی دەگەڕام و دەچووومە شارەکانی چارەنووسم و نامەم هەڵئەگرت و بارمتەم کۆدەکردەوە و زۆر خەریك

دەبووم ، وردە وردە سیمای خۆشەویستە منداڵە بە جێماوەکەم لە ئەستەنبووڵ لە بیردەچووەوە .دڵە ڕاوکێیەکی زۆر دایگرتبووم ، زۆر هەوڵی ئەوەم دەدا کە سیمای لە یادم نەچێتەوە ، بەلاٚم بڕواتان هەبیٚ ، چەندە حەز لە ڕوخسارێکیش بکەن ، کە نەتانبیی ، ئەوا هەرلە بیرتان دەچێتەوە . لەو سالاٚنەی لەگەڵ نووسەر و ڕێبوارەکان دا لە خزمەتی پاشاکاندا کارم دەکرد ، ڕوومەتی خۆشەویستێکم لە خەیاڵی خۆمدا بەرجەستە دەکردەوە کە لەگەڵ ڕوخساری خۆشەویستە بەجێماوەکەم لە ئەستەنبووڵدا یەکی نە دەگرتەوە . ئەو ڕوومەتەی وا لەشەشەم ساڵی دووریدا بە هەڵە هاتبووەوە یادم لەساڵی هەشتەمدا بەشێوەیەکی تر هاتەوە پێش چاوم . لە دوای دوانزە ساڵ دووری وپاش گەڕانەوەم بۆئەستەمبووڵ تەمەنم بوو بەسی و پێنج ساڵ . لەبەر ئەوەی ڕوخساری خۆشەویستەکەم فەرامۆش کرد بوو ، بەزەییم بە خۆمدا دەهاتەوە .لە ماوەی ئەم دوانزە ساڵەدا زۆرینەی دۆستان و ئاشنایانی ناو کۆڵانەکەمان عەمری خودایان کردبوو . سەردانێکی قەبرستانەکەی بەرامبەر (خەلیجم) کرد، لە سەر گۆڕی دایکم و مامۆکانم کە والە نەبوونی مندا مردبوون ، ڕاوەستام و دۆعام بۆ کردن . بۆنی خاکە قوڕاوییەکەی قەبرستان لەگەڵ بیرەوەرییەکانمدا تێکەلاٚو بوون . نازانم بۆچی بوو ، لە کەناری قەبرەکەی دایکمدا گۆزەیەکیان شکاندبوو ، تەماشایەکم کرد و دەستم کرد بە گریان . ئەو گریانە بۆچی بوو ؟ لەوانەیە لەدوای ئەو هەموو ساڵە هێشتا وا هەستدەکەم کە لە سەرەتای ژیانی خۆمدام . یان وەکو لەوانەیە هەست بە کۆتایی هاتنی ژیانم دەکەم . ترووکە تروکەیەکی بەفر دەستی پێکردبوو . خەیاڵم لەگەڵ دانە دانەی بەفرەکەدا بەملا وئەولا دەڕۆیشت . لەناو نادیارییەکانی ژیاندا ڕێگای خۆمم ون

www.pertwk.com

کردبوو . کەسەرنجم دایەوە ، سەگێکی ڕەش لە گۆشەیەکی قەبرستانەکەوە تەماشای دەکردم . فرمێسکەکانی چاوم ڕاوەستابوون ،لووتم پاکردەوە ، سەگە ڕەشەکە بە نیشانەی دۆستایەتی کلکی لێڕاوەشاندم .قەبرستانەکە م بەجێهێشت و ڕۆیشتم . لە دوایدا ماڵی یەکێك لە خزمەکانی باوکم بە کرێگرت و لەوێ نیشتەجێ بووم . خاوەنی ماڵەکە ژنێك بوو کە کوڕەکەی لەشەڕی عوسمانیەکاندا کوژرابوو ، ژنەکە دەیگوت شێوەی ڕوخساری کوڕەکەی لەهی من چووە . ماڵەکەی بۆ ڕێك و پێك دەکردم وچێشتی بۆ لێدەنام . وامدەزانی کە لە ئەستەنبووڵ دا نیم ، بەڵکو وامدەزانی کە لە یەکێك لە شارە عەرەب نشینەکاندا نیشتەجێبووم . هەر بۆیە مەراقی ئەوەم نەدەکرد کەشارەکە چۆنە . لای خۆم واهەستمدەکرد کە بۆ ماوەیەکی کورت لێرە دەمێنمەوە ، کەوتمەناو کۆڵانەکان ودەستم بە پیاسە کرد . نازانم کۆڵانەکان تە نکتر ببوون ، یان وەکو من وەهام هەستدەکرد ؟ لەناو هەندێك لەو کۆڵانانەدا کەوا خانووەکان بەرامبەر بەیەك وە نزیك لە یەك دروستکرابوون بۆ ئەوەی کە لەگەڵ بار کێشەکاندا لەیەك نەدەین ، پاڵم دەدایە دیوار ەکەوەو ڕێم دەکرد . لەوانەیە هەڵەش بم ، بەلاّم وا هەستمدەکرد کە ڕێژەیدەوڵەمەندەکان زیاتربووون . چەند ئەسپێکی لە خۆبایی چەرخێکیان ڕادەکێشا ، ئەوەندە جوان بوون کە نموونەی ئەوانەم لە عەرەبستان و ئێرانیش نەدیبوو . لای "بەردە گردەکەی " بازاڕی مریشکەکەوە بۆنێکی پیس دەهات . لەنێو ئەو بۆنە پیسەدا چەند لەتە چنێکی جل شڕۆڵەم بینی کەوا قۆڵیان کردبوو بە قۆڵی یەکتریدا وە لە ژێر ئەو بەفرەدا ڕاوەستابوون ، کوێرێکیان تێدابوو کە سەیری بەفرەکەی دەکردو پێدەکەنی ! ئەگەر بیانگووتبایە ئەستەنبووڵی جاران فەقیرتر و

بچوکتر و خۆشتر لە ئێستا بوو ، بڕوام نەدەکرد ، دڵم وای هەستدەکرد کە ماڵی خۆشەویستەکەم هەر لەوییێە ، بەلاّم لە جێگای خانووەکەیاندا دار ڕووابوو و کەسانیتری لێبوون . دایکی کچەکە ، یانی پوورم مردبوو. زاواکەشمان دەستی کچەکەی گرتبوو و ڕۆیشتبووکابرای بەردەرگا بە بێئەوەی هەست بەوە بکات کە خەیاڵەکانمی تێکشکاندووە هەموو ئەمانەی پیێووتم . لێمگەڕێن باباسی ئەوەتان بۆ بکەم وە ئەوەتان پیێبڵێم کە کاتێك چاوم بە پەلی دارەکانی ناو حەوشە کۆنەکە و سەهۆڵەکان دەکەوت کەوا خۆیان بەسەر لێواری بانی ماڵەکەدا شۆڕ کردبووەوە و ڕۆژانی گەرم و شینایی و جوانی هاوینانی ئەم باخچەیەم دەهاتەوە یاد ، مردن لە عەقڵم دا زیندوو دەبووەوە . کاتێك لە تەورێز بووم ، زاواکەمان بە ڕێگای نامەوە باسی بەسەرهاتەکان و مەرگی خزمەکانمی بۆ کردبووم ، هەروەها لەو نامەیەشدا داوای لێکردبووم کە بگەڕێمەوە بۆ ئەستەنبووڵ چونکە خەریکی ئامادە کردنی کتێبێکی نهێنییە وە پێویستی بە هاوکاریمن هەیە . زاواکەمان لەوە ئاگاداربوو کەمن لە تەورێزدا چەند کتێبێکم بۆ پاشا و فەرمانداران ئامادەکردووە و ڕاسپاردەکانیانم بە جێهێناوە . لە تەورێز بۆ ئەو ڕاسپاردانەی وا دەهاتنە لام پارەی پێشەکیم وەردەگرت و لە دوایشدا بە دەستی خۆشنووس و وێنە کێشە نارازییەکانی عوسمانی کەوا لە دەستی سەربازو ئەفسەرەکان ڕایاندەکرد و بەرەو قەزوێن و شارەکانیتری ئێران هەڵدەهاتن ، ڕووپەلەکانیم دەنووسی و وێنەکانیم دەکێشا وە ڕەوانەی ئەستەنبووڵم دەکرد . زۆری ئەو ئوستادانە بە دەستی هەژاری و فەقیریەوە دەیانناڵاند و گلەییان لەکەم بەها بوونی خۆیان دەکرد . لەوانەیە ئەگەر لەکاتی جوانیدا کتێبە نەخشینەکەی زاواکەمانم نە

www.pertwk.com

خوێندبایەتەوەکەوا باسی عەشق دەکات ، ئەو کارانەم نەکردبایە . لەسەر کۆڵانەکەی لای خانووە پێشووەکەی زاواکەمان دوکانێکی سەرتاشخانەی لێبوو ، وەستای دەلاك هێشتا هەر لەوێیە ،ئاوێنەکانی جاران و شتەکانی پێشووی بەکاردەهێنا . چاومان بەیەك کەوت ، نازانم منی ناسیوەتەوە یان نا ؟ قاپێکی هەبوو کە ئاوی گەرمی بۆ سەر شۆردن تێدەکرد . زنجیری سەقفی دوکانەکە وەکوو جاران شۆڕ بوو . کە چاوم بەمانە کەوت ، یەکسەر خۆشحاڵ بوومەوە . لەماوەی ئەو دوانزە ساڵەی ڕابردوودا زۆرینەی کۆڵانەکانی کاتی لاویم سووتابوون و بووبوون بە خۆڵەکەوە و دووکەڵ و جێگاکانیشیان بووبوون بە شوێنی پاڵکەوتنی سەگ و ئاگری نەخۆشە (جزامییەکان) و مناڵەکانیان پێدەترساندن . لە هەندێك جێگاشدا ماڵی گەورە گەورە دروستکرابوون . کەسانێکی وەکوو من کەلەدوورەوە دەهاتن و چاویان پێدەکەوت سەریان سوڕدەما ، پەنجەرەی هەندێك لەو ماڵانە بە گرانترین جۆری شوشەی ڕەنگاوڕەنگەوە دروستکرابوون . لە ماوەی دوورکەوتنەوەم لەئەستەنبووڵ ،ماڵی گەورەو باڵکونداری زۆریان دروستکردبوو. بەڵام وەکوو زۆربەی شارەکانیتر لە ئەستەمبووڵیشدا پارە بێ بەهابووبوو. لەو سالاَنەی کەوا من بەرەو ڕۆژهەلاَت دەڕۆیشتم ، ئاکچەیەکت دەدا ، نانێکی گەورەی چوار درهەمیان پێدە دای کەچی ئەمڕۆ سەرەڕای ئەوەی کە تامەکەی لەتامی نانی کاتی منداڵیم ناچێ، هەر ئەو پارەیە نیوەی نانێکیشت بۆ ناکات . ئێستا نرخی دوانزە هێلکە سێ ئاکچەیە ، ئەگەر دایکی خوالێخۆشبووم زیندووبایە دەیگوت : بەر لەوەی کە مریشکەکان لە خۆبایی بن و ڕیقنەمان بەسەردا بکەن ، هەڵسن بالەم شارە بڕۆین . بەلاَم لە ڕاستیداپارەکە لە هەموو جێگایەکدا ئاوەها بێقیمەت بوو

بوو . بەگوێرەی ئەوەی کە خەڵکی دەیانگوت : ئەو کەشتیانەی وا لە فیلامینگ و وەنیزەوە دێن ، پڕن لە پارە . جاران لە بەرامبەر سەد "درهەم" دا ، پێنج سەد ئاچکە یان دەبڕی ، بەلاَم ئێستە لە بەر ئەو شەرە بەردەوامەی وا لەگەڵ سەفەوییەکاندا دەکرێ ، بە هەشتسەد ئاکچە دەبردرێتەوە. کاتێ پارەی یەنیچەرییەکان(سەربازەکانی عوسمانی) دەکەوتە ناو خەلیجەوە (بەشێکە لە ئاوەکانی ئەستەنبولّ) ئەوەندە زووبوو کە وەکوو فاسۆلیای وشك لە ناو ئاودا مەلەی دەکرد ، ئەوسا "یەنی چەرییەکان "وەکوو چۆن پەلاماری سەری دوژمن بدەن ئاوەها دەوروبەری کۆشکی پاشاکانیان دەگرت . لەکاتی ئەمجۆرە بێڕەوشتیانە و لەمیانەی ئەم جینایەت و دزییانەدا مەلا سەید نەسرەتی مەلای مزگەوتی بایەزیت کە خۆی لەنەوەکانی حەزرەتی موحەمەد دەزانی ، ناوبانگێکی باشی دەرکردبوو . ئەو مەلا ئەرزڕوومیە دەیگوت :هۆی سەرەکی ڕوودانی ئەم کارەساتە ماڵوێرانکەرانە و سووتانی گەڕەکەکانی "باخچە قاپی" و "قازانجیلا" و هاتنی وەبا ،کە گیانی هەزاران کەسی وەرگرتووە ،هەروەهاهۆی ئەو هەموو گیانەی کەوا لە شەڕە بێئەنجامەکانی دژ بەسەفەویدا بەختکراون و هۆکاری سەرهەڵدانی خاچپەرستانی ڕۆژئاوایی بەرامبەر قەلاَ بچکۆلانەکەی عوسمانی ، دەگەڕێتەوە بۆ لاڕێیی و لادان لە ڕێگای حەزرەتی موحەمەد و دوورکەوتنەوە لە فەرمانەکانی قورئانی پیرۆز ، هەروەها هۆکارەکەی تریشی بە

ڕوخۆش بوون بەرامبەر خاچپەرستان و ڕێگا پێدانیان بۆ شەراب فرۆشتن و لێدانی مۆسیقا لە قەڵەم دەدا .

کابرایەکی ترشی فرۆش باسی ئەو مەلایەی بۆ کردم وە ئەیگووت : بازاڕ

www.pertwk.com

پڕبووە لەو پارەیەی وا لە دڵ دەچێت و ئاکچەش وەکو جاران باوی نەماوە و زێڕەکەشی کەم کراوەتەوە ، کۆڵانەکان پڕبوون لە چەر کەس و ئابازاری و مینگەری و بۆشناك و گورچی و ئەرمەنی ، لە هەمان کاتدا بێڕەوشتییەکی بێگەڕانەوە بڵاو بۆتەوە ، بێڕەوشتەکان لەگەڵ سەرهەڵداوەکاندا لە قاوەخانەکاندا لە دەوری یەك کۆدەبنەوە وەتا بەیانیان باسی ئەم و ئەو دەکەن و ورتەو بۆڵە دەکەن ، ئەو زۆر قسەکەرانەیوا دیار نیە کە چیدەکەن ، لەگەڵ ئەفیون کێشەکاندا (هیرۆیین) وپاشماوەی قەلەندەرەکان کە خۆیان وەکوو ڕێبوارانی ڕێگای خودا دەبینن ، لە تەکیەکاندا تا بەیانی دەمێننەوە و بە مۆسیقاوە هەڵدەپەڕێن و شیش بەملاو لای یەکتریدا دەکەن وە لە دوای بێئەدەبی جۆراوجۆر ، لەگەڵ خۆیان و کوڕە جوانەکاندا کاری بێڕەوشتانە ئەنجام دەدەن .

نازانم لەوانەیە بە دوای دەنگی شیرین و ڕاکێشەری عوودێکەوە هاتبووبێتم کەوا تووشم لەم پیاوەوەهات . عەقڵم بە یادەوەری و داخوازیەکانی خۆیەوە تێکەڵاو بوو ، بەڵام لە بەرامبەر ژەهری ترشی فروشەکەدا توانای نەما و ڕێگا چارەیەکی پێ نیشاندام . ئەگەر شارەزای شارێك بن زۆر دەگەرێن وخۆشیشتان دەوێ ، تەنانەت لە دوای ساڵاتێکی درێژیش نەك هەر بە تەنها ڕۆحت بەڵکوو سینەشتان ئەیناسێتەوە و لەگەڵ بارینی بەفرەکەدا دەتانباتە سەر تەپۆڵکەیەکی ئەو شارە . بازاڕی ناڵی ئەسپەکانم بە جێهێشت و بەرو سولەیمانییە ڕۆیشتم ، لە وێشەوە لە پاڵ مزگەوتەکەی "خەلیج" دا تەماشای بارینی بەفرم کرد . بەشی ژووری بانەکە ڕووی لە بایە هەر بۆیە بەفری زۆری لێنیشتبوو ، لەم کاتەدا بادبانی کەشتییەکی تازە گەیشتوو پەیتا پەیتا سڵاوی لێدەکردم ، ڕەنگی بادبانەکە

لە تەمومژێکی ئاڵ دەچوو .دارەکانی چنارو سەرو و دیمە نی سەربانەکان وخۆرئاوابوو نەخەماوییەکەو دەنگە دەنگی گەڕەکی خواروو قیڕە قیڕی دەستفرۆشەکان وئەو منالأنەی وا لە حەوشی مزگەوتەکاندا یاریان دەکرد ، هەموو لە خەیاڵی مندا کۆدەبنەوەو ئەوەم پێدەڵێن کە " ناتوانی لە شارێکی تردا بژیت و دەبێت هەر لێرەدا بمێنیتەوە . وامزانی ڕوومەتە لەبیر کراوەکەی خۆشەویستەکەم هاتەوە پێش چاوم . لە یاڵەکە هاتمە خوارەوە وە چوومە ناو جەنجاڵەکەوە ، بانگی ئێوارانیان دابوو ، چوومە دوکانێکی جگەر فرۆشی وتێر نانم خوارد ، دوکانێکی چۆڵ بوو، خاوەنەکەی وەکوو ئەوەی کە پشیلەیەك تێربکات ئاوەها بەبەزەییەوە تەماشای پاروەکانی دەکردم . منیش گوێم لێ ڕادەگرت . جێگای قاوە فرۆشییەکەشی پێنیشاندام ، بەو ئیلهامەی کەلەوەوە وەرم گرتبوو کەوتمە ناو کۆڵانێکی پشتی بازاڕی ئەسیرەکانەوە و قاوەخانەکەم دۆزییەوە .

ناوەوەی جەنجاڵ بوو، گەرماییەکەی لەئەوانەی وڵاتی ئێرانیەکان دەچوو ، ئەوان لەوێ (بالۆرەوێژ) یان نەبوو ، بەڵام کەسێکیان هەبوو کە پێیان دەگووت : (پەردەدار). کەسێك لەپشتی ئاگردانەکەدا لە پاڵ دیوارەکەدادادەنیشت بەسەر دیوارەکەشەوە وێنەی سەگێکیان کێشابوو ، کابرا جاروبار ئاوڕی لێدەدایەوە بە زمانی ئەوەوە چیرۆکەکانی دەگێڕایەوە .

www.pertwk.com

((من ، سەگ)) (3)

ددانەکانم زۆر تیژ و درێژن ، بە زۆری لەدەممدا جێگایان دەبێتەوە ، ئەمە ئەبێت بەهۆی ئەوەی کەوا ڕوخسارێکی ترسێنەرم هەبێت . بەڵام من حەزی لێدەکەم . جارێك کابرایەکی قەساب تەماشای ددانەکانمی کرد و وتی : "برا ، ئەمە سەگ نییە ، ئەڵێی بەرازە " ! هەر لەبەر ئەو قسەیە

گازێکی باشم لێگرت ، ددانەکانم گۆشتە چەورەکەی قاچی کون کرد و گەیشتە ئێسقانەکانی کلۆکی . خۆشترین شت بۆ سەگێك ئەوەیە کەوا ددانەکانی بخاتە ناو گۆشتی لاشەی ئەو دوژمنەی‌وا نەفرەتی لێدەکات . هەلێکی باشم بۆ ڕخسا بوو ، قۆربانییە گێژەکەم!بێخەم بێخەم بە بەر دەممدا دەرۆیشت ، لە خۆشیدا بەر چاوم ڕەش بوو ، ددانەکانم بەدزییەوە بریقەیەکیان دایەوە بەبێئەوی کە ئاگام لێی‌بێ ئەو دەنگەی وا ئێوە دەترسێنێ لە قوڕگمەوە دەرکەوت .

من سەگێکم ، ئێوەش لە بەر ئەوی کە بەئەندازەی من ئافرێندراوێکی ماقووڵ نین ، دەڵێن کە : داخۆ سەگ دەتوانێ قسە بکات؟ وادیارە کە ئێوە بڕواتان بە قسەکردنی مردووەکان هەیە و پێتان وایە کە قارەمانەکان دەتوانن بە بێ‌ئاگاداری وشەی جۆراوجۆر بەکار بهێنن .

سەگەکانیش قسە دەکەن ، بەڵام تەنیا لەگەڵ ئەوانەدا قسە دەکەن کە دەزانن گوێبگرن .

(ساڵێ بوو،ساڵێ نەبوو)* ، زەمانێك بووە کەلە یەکێك لە گەڕەکەکانی کەناری شارەوە مەلایەك هەڵدەستێ و بەرەو مزگەوتێکی گەورەی پایتەخت وەکوو مزگەوتی بایەزیت دەچێ . لەوانەیە کەناوی ڕاستەقینەی خۆی نەگوتبێ ، بەڵام ئیمە دەتوانین بە مەلا ((هوسەرت)) ناوی بەرین .

ئەگەر درۆم نەکردبێ ، ئەم مەلایە پیاوێکی سەرزل و هیچ نەزان بوو بەڵام بەمەیلی خودا ، چەندە مێشکی پڕ بووە لە کا بەهەمان ئەندازەش لە ڕوو نەچوو وزمان درێژ بوو ! هەموو ڕۆژانی هەینی لە مزگەوتدا جەماعەتی دەهێنایە خرۆشەوە وە هەموویانی‌دەگریاند . ئەوەندە دەگریان تاوەکو فرمێسك لە چاویان دەبرا ، هەندێك تێکدەچوون هەندێکیتریش لە هۆش

www.pertwk.com

دەچوون . نامەویٚ کەس بە هەڵە لیٚم تیٚبگات ، بەڵام ئەم مەلایە وەکوو مەلاکانیتر خۆشی نەدەگریا ، تا لە دەستی دەهات زیاتر خەڵکی دەگریاند و بۆ خۆشی برژانگەکانی چاوی نەدەجولاٚندەوە . وابزانم خەڵك لە کەسیٚك حەز دەکەن کەوا ئازاریان بدات ، بۆستانجی و حەلاو چییەکان و هەموو ئەو کەسانەی کە کاری سەر پێیی دەکەن لە دەوری ئەو مەلایە کۆبووبوونەوە و بووبوون بە کۆیلەو عەبدی .ئیٚ ! خۆ ئەویش سەگ نیە برا ! بەڵام ئەمە مرۆڤەو شیری خاوی خواردۆتەوە ، لە بەرامبەر لایەنگرەکانیدا لە خۆبایی بووەو لە خۆدەرچووە . سەیری ئەوەی کردوە کە گریانی خەڵکەکە چەندە خۆش بێت ، ترساندنەکەشیان بە هەمان ئەندازە خۆش دەبێت . لەوەش زیاتر، کەزانیویەتی لەم ڕێگایەوە نانێکی باشی دەستدەکەویٚ پێوانەکانی تێپەڕاندووە . مەلا هوسرەت دەیگوت! هۆکاری سەرەکی گرانی ، وەباو ئەو شکستانەی وا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا ئێمە ئیسلامەکەی حەزرەتی موحەمەدمان لە بیر چووە و بەناوی ئیسلامەوە ڕوومان لە هەندێك کتێبی تر کردووە . ئایا لە زەمانی حەزرەتی موحەمەدا خوێندنەوەی مەولوودی باو بووە یان نا ؟ ئایا دروستکردن و بەرپاکردنی زیاتر لە چل بۆنەو مەراسیم و بلاٚوکردنەوەی حەڵواو شیرینی لەو کاتەدا هەبووەیان نا ؟ ئایا لە کاتی پێغەمبەردا قورئانیان وەکو گۆرانی خوێندۆتەوە ؟ ئایا لەو کاتەدا کەسی وا هەبووە کە بچێتە سەر منارەکە و دەنگی خۆی تاقیبکاتەوە ، یان وەکوو لەبەرخۆوەو بەپێی مەقام بانگدا ئەوەش تەنیا بۆ ئەوەی کە بزانیٚ عەرەبیەکەی چۆنە ؟ چوونە سەر مەزاری مردووەکان و پاڕانەوە داواکردنی هاوکاری کەسێکی مردووە ، ڕەوابووە یان نا ؟ پەت بەستنەوە بەسەر قەبری مردووەکان و بوتپەرستی لەو چەشنە باو

بووە یان نا ؟ لەو کاتەدا زاناو ڕێنیشاندەری تەریقەت هەبوون یان نا ؟ کوڕی عەرەبی ماموٚستای هەموو تەریقەتەکان بووە ، ئەم کابرایە وتوویەتی کە فیرعەون بە ئیمانەوە مردووە ، هەر لەبەر ئەمەش تاوانبارە.هەموو ئەو تەریقەتچیودارو دەستەی مەولەوی وخە ڵوەتیانەی کە لە لەگەڵ قەلەندەرەرەکاندا بە موٚسیقاوە قورئان دەخوێننەوەو لەگەڵ کوڕی منداڵدا هەڵپەڕکیٚ دەکەن کافرن . پێویستە تەکیە کان بروخێنین و بنچینە کانیان لە حەوت ئاسماندا لە ناوبەرین و خۆڵە کەی برژێنینە ناو ئاوی دەریاوە ، ئەو کاتە دەتوانین لەوێدا نوێژ بکەین . ئەم مەلایە ، ڕینگ و کەفی لە دەم دەهاتە خوارو هار تر دەبوو . دەیگوت"ئەی موسڵمانان :خواردنەوەی قاوە حەرامە ! حەزرەتی موحەممەد گوتوویەتی : لەبەر ئەوەی کە قاوە مێشکی مرۆڤ سڕدەکات و دەبێتە هۆی کون بوونی معیدە و دروست بوونی فیتقی پشت و نازێیی دروست دەکات ، خواردنەوەی قاوە حەرامە، هەروەها گوتوویە کە : قاوە گەمەیەکی شەیتانە . لەوەش زیاتر ئەمڕۆ قاوە خانەکان بوون بە جێگای ئەوانەی وا بە دوای خۆشی خۆیاندا دەچن ، دەوڵەمەندەکان و کەسانی تر لێرەدا بەرەلاٚیی دەکەن ، هەر بۆیە پێویستە بەر لەوەی کە تەکیەکان بڕوخێندرێن دەرگای ئەم قاوە خانانە دابخرێن . ئایا خەڵکی هەژار و نەدار پارەی خواردنەوەی قاوەی هەیە ؟ کەسی وا هەیە کە دەچێت بۆ قاوە خواردنەوەو سەری گەرم دەبێت و گویٚ ڕادەگریٚ بۆ قسەی هەموو تووتکە سەگێك و وادەزانیٚ هەمووشی ڕاست و دروستن . خۆ هەر ئەو سەگانەن کەوا قسە بە دین دەڵێن .

ئەگەر یارمەتیم بدەن ، دەمەویٚ وەلاٚمی دوایین قسەکانی ئەومەلا بەڕیز بدەمەوە. هۆکاری ئەوەی وا دارودەستەی حاجی و مەلا و ماموٚستا و ئیمام

www.pertwk.com

حەزلە ئێمەی سەگ ناکەن بۆ هەموتان دیار و ئاشکرایە . بە گوێرەی من کێشەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وادەڵێن ، جارێك پشیلەیەك لە سەر چمکی عەباکەی پێغەمبەر نووستبوو ، پێغەمبەریش بۆئەوەی کە پشیلەکە لە خەو هەڵنەستێت چمکی عەباکەی خۆی بڕیوە . پێویستە ئەوە بلێم کەلەگەڵ ئەوەی کە سپڵەیی ونان کوێری ئەم حەیۆانە بۆ هەموان ڕوون و ئاشکرایە، کە چی ئەو هەڵسوکەتەی بەرامبەر ئەوان دەکرێت بەرامبەر ئێمە ئە نجامنادرێت ، لەبەر لێکدانەوەی هەڵەو ناڕاستی ئەو مامۆستا ئاینیانەی کە واگووتایەنە : لە بەر شەڕە بێکۆتاییەکانی سەگەکان بەرامبەر پشیلەکان، پێغە مبەر حەزی لە جەماعەتی سەگ نەکردووە، هەر لە بەر ئەوەش تاوەکوو ئێستا نەیانهێشتووە بچینە ناو حەوشەی مزگەوتەکان و دەڵێن کە دەسنوێژ دەشکێنین و بەدەسکی گسکە درێژەکان لێمان دەدەن .

ئەمەویٚ یەکێك لە جوانترین سورەکانی قورئان ، یعنی سوورەی (کەهف) تان بەبیر بهێنمەوە ، ئەوەش لە بەر ئەوە نییە کەوا لەم قاوەخانە جوانەدا کەسێك لە خوێندوەی کتێب قورئان دوور بیٚ و بیٚکتێب بیٚ ، بەڵکو تەنیا لە بەر ئەوەیە کەوا بە بیرتانی بهێنمەوە .

لەناو ئەم سورەیەدا باس لەحەوت گەنج دەکرێت کەوا لە ژیانی بوتپەرەستی بێزار دەبن و پەنادەبەنە ناو ئەشکەوتێك و لەویٚ بۆ خۆیان دەخەون ، خودای گەورەش هەریەکەو مۆرێك لەگوێیان دەدات و بۆ ماوەی سێسەدونۆ ساڵ دەیانخەوێنیٚ .

کاتێك لە خەو هەڵدەستن ، یەکێك لەوانە دەچێتە ناو شار و تێکەڵاوی مرۆڤەکانی ئەویٚدەبیٚ . بە پارەکەی دەستیەوە کەباوی نەمابوو ئاشکرا دەبێت و پێی دەزانن و سەریان سوور دەمێنیٚ . هەر چەندە کە حەدیشم

نییە، بەڵام دەمەویٚلەم سوورەیەدا ئەوەتان بەبیر بهێنمەوە کە چۆن مرۆڤ گرێداوی خودای خۆدەمێنێتەوە ،خوداش بە ویستی خۆی تێپەرش بوونی زەمانی بە خەوێکی شیرینەوە پیٚ نیشان دەدات . لەئایەتی هەژدە یەمی ئەو سوورەیەدا باسی سەگێك دەکرێت کەوا لەبەر ئەشکەوتە کەدا خەوتبوو ، ئەوەش شتێکی ئاشکرایە کە کاتێکناوی کەسێك لە قورئاندا باسی لێوە کرابێت ئەو کەسە شانازی پێوەدەکات ، منیش وەکوو سەگێك شانازی بەئەم سوورەیەوە دەکەم وئومێدم لای خودا وایە کە ئەم سوورەییەعەقڵی ئەو ئەرزڕومییانەی وا بە دوژمنانیان دەڵێن تووتکە سەگ دەهێنێتەوە سەر خۆی . ئەگەر وابیٚ ئەو دوژمنایەتیە بۆچی دەبیٚ دستنوێژتان لە ئێمە مانان بشکیٚ ؟ بۆچی کاتێك کە چمکی کەواکەتان بەر ئێمە دەکەویٚ یەکسەر دەیشۆرن ؟ کاتێك کە سەگێك قابلەمەیەك بلێسێتەوە ، یان قابلەمەکە فڕی دەدەن یان وەکوو بەدەستێکی پاك خاوێنی دەکەنەوە ، لەوانەیە بیدەن بە پشیلەیەك کە بیلێسێتەوە . کاتێك کە مرۆڤەکان ژیانی کۆچەرییان بەجێهێشت وە دەستیان لەگۆند و لادیٚ بەردا و بەرەو شارەکان ڕۆیشتن ، سەگەکان دەستەپاچە بوون و بێچارە مانەوە . بەر لە ئێسلام ناوی یەکێك لە مانگەکانی ساڵبەناوی سەگەوە بوو، کەچی دوای هاتنی ئێسلام سەگ بوو بە نەگبەتی و نەهامەتی . هەر چەندە کە من ئەمشەو تووشی خەفەت بووم ، بەڵام لە ڕاستیدا نامەویٚ دوستە ئازیزەکانم دڵگیربن ، من خۆم تەنیا لەوە نارەحەت دەبم کەوا "مەلا ئەفەنی" بە خراپی باسی قاوەخانەکەمان بکات . زۆر حەز دەکەم بزانم کە ئەگەر پێی بڵێم باوکت نادیارە و توخمە زۆڵی چی دەفەرمویٚ ؟ پێیان وتم : تۆ چ جۆرە سەگێکی ؟ چغە! بۆچی زماندرێژی دەکەیت و قسە بە مەلا ئەفەندی دەڵێی ؟ لەوە دەچیٚ کە لەبەر ئەوەی وا

www.pertwk.com

بالۆرە بێژە کە وێنەکەتی بەسەر دیوارەوە هەڵواسیوە و وادەزانی کە دەتپا ڕێزی ، لەخۆبایی بووبی.

حاشا ! وەڵاهی زماندرێژی ناکەم ، خۆتان باش دەزانن کەمن لە سەگ بوونی خۆم و لەوەی وا وێنەکەم لەسەر کاغەزێکی گەورە و هەرزان کێشراوە دڵگیرنیم . من لەوە ناڕەحەتم کەوا ناتوانم لە قاوەخانەکەدا قاوە بخۆمەوە . ئێمە مانان خەمی قاوەو قاوەخانەکەمان دەخۆین ، کەچی ئەو هیچ ... .

سەیری من بکەن ، وەستاکەم لەناو قاوەدانەکەدا قاوەم پێدەدات . ئاخر بڵێ وێنە چۆن قاوە دەخواتەوە ؟ هیچ مەلێن ، سەیرکەن بزانن ئەو سەگە چۆن ملّق بە ملّق ئاو دەخواتەوە . ئۆی چەندە خۆش بوو! چەندم پێخۆش بوو، گەرمی کردمەوە . چاوەکانمی بریقەدارتر کرد و مێشکمی کردەوە ، سەیرکەن بزانن چی هات بەمێشکمدا .

لۆردی وەنیز (ئیتاڵی) ، دەیان تۆپ پارچەی ئاوڕێشمی چینی و سەدان قاپی جۆراو جۆری بەگوڵیشین نەخشێنراوی بەهەدییە ناردووە بۆ ((نورحەیات سوڵتان)) ی کچی پادشاکەمان . ئەزانن چی تری بۆ ناردووە ؟

سەگێکی فەڕەنسی بۆ ناردووە کەپرچەکانی لە ئاوڕیشم دەچێ و لەپرچەکانی گیانداری سیمڕیش نەرمترە ئەم سەگە زۆر بەناز بوو ، جلێکی سوری ئاوڕیشمی هەبوو کە لەکاتی چەقان وجووتبووندا لەگەڵ سەگی تردا دەرینە دەهێنا . با لە بەینی خۆماندا بێت سەگێکی برادەریخۆم لەگەڵیدا جۆربوو بوو هەربۆیە من باشدەزانم کەچۆن بووە . لەفەڕەنسا هەموو سەگەکان جل لەبەردەکەن . جارێك ژنە ناسکۆڵەیەکی فەڕەنسی چاوی بەسەگێك دەکەوێ کە جلی لەبەردا نەبووە ، ئیدی نازانم لەوانەیە چاوی بەشتی سەگەکە کەوتبێ کە وتوویەتی : هەی ڕۆ لەم سەگە ! خۆ ڕووتە ! و

یەکسەر دەکەوێ و لەهۆش دەچێ . لە وڵاتی گاورە فەڕنسییەکاندا هەرسەگێك خاوەنێکی خۆی هەیە ، زنجیرێك دەکەنە ملی ئەم سەگە بێچارانەو کوڵان بە کوڵان بەدوای خۆیاندا ئەیانگێڕن . لەدوایشدا بەزۆر دەیانبەنەوە ناو ماڵ و جێگای خەوی خۆشیانەوە ، لەوەش خراپتر ئەوەیە کەوا ناهێڵن بۆنی پێستی سەگی تریش بکات و دوو بە دوو پێکەوە بگەڕێن . ئەگەر لەشەقامەکاندا یەکتر ببینن ، تەنیابە زنجیرەکەی ملیانەوە بەچاوێکی خەماوییەوە لەیەکتر ورد ئەبنەوەو بەس . ئێمەش لە کوڵانەکانی ئەستانبووڵدا بەدەستەو بەگەل پێکەوە دەگەڕێین . لەهەر جێگایەکدا کە ئارەزوومان لێی بێ پرخەی لێدەدەین وپاڵدەکەوین ، بۆ کوێکە ویستمان لێی بوو دەڕۆین ، حەزمان لە کێبێ گازی لێدەگرین . گەرچی خۆ ئەمانە شتانێك نین کەوا عەقڵی ئەو گاورانە بڕی پێبکات . لە لایەکیتریشەوە لایەنگرانی مەلا ئەرزڕوومییەکە لەبەر ئەوەی کە دژایەتی گاورەکان بکەن گۆشت فڕێ نادەنە ناو کۆلانەکان بۆ ئەوی کە ئێمە بیخۆین ، با بە ڕاشکاوی ئەوە بهێنمە سەر زمان کە دوژمنی سەرەکی ئێمە خودی گاورەکانن. هیوام وایە کاتێك کە ئەو ڕیسوایانە ئیعدام کران ، برای جەلاد بانگمان بکات بۆ ئەوەی کە ئێمەش چەن پل گۆشت بخۆین. تاوەکوو ببێت عێورەت وپەندی لێوەربگردرێت . لەدوایشدا ئەوەتان پێدەڵێن کە خاوەنەکەی جارانم ، پیاوێکی زۆر چاك وبە عەداڵەت بوو ، شەوان دەڕۆیشتن بۆ دزی من ئەمواڕاند و ئەویش قوڕگیقوربانیەکەی دەبڕی ، بەم شێوەیە ئیدی دەنگی لێدەبڕا و نووزەی لێوە نەدەهات ، لەبەرامبەر کردەوەکەی مندا ، گۆشتی تاوانبەرەکەی دەهەنجنی و دەیکولاند و دەیدا بە من . من حەز لە گۆشتی خاو ناکەم ، ئەگەر خوا مەیلی بێت ، جەلادەکەی ئەو مەلایەش ئەوەی لە بیر

www.pertwk.com

ناچیٚ ، چوونکە نامەویٚ بە خاوی گۆشتی ئەو پیسە بخۆم و لە دوایدا تووشی زگ ئێشە و خراپ بوونی معیدە ببم .

((لەدوایدا پێم ئەڵێن پیاو کوژ)) (4)

ئەگەر تۆزێك بەر لەوەی ئەو بوودەلەیە بکوژم بیانگوتبایە کە تۆ کەسێك دەکوژی ، هیچ بڕوام نەدەکرد هەر

بۆیە جارجار کردەوەکەم وەکوو عاربانەیەك دوور دەبێتەوە و دەچیٚ ، جاری واش هەیە هیچ هەست ناکەم کە کەسێکم کوشتبیٚ . ئەوە بۆ چوار ڕۆژ دەچیٚ کە "زەریفی" برای خۆمم کوشتووە تۆزێك پێی ڕاهاتووم .بەر لەوەی ئەو پیاوە بکوژم، زۆر خوازیاری ئەوە بووم کە کێشەکە چارەسەر بکەم ، بەڵام بەزووی تێگەیشتم کە ڕێگا چارەیەکی ترم نییە ، هەر بۆیە ئەو کارەم ئەنجامدا و هەموو بەرپرسیارییەکم گرتە ئەستۆ و لەبەر بوختان و تۆمەتی کابرایەکی بێڕەوشت هەموو کۆمەڵەی وێنەکێشانم خستە مەترسییەکی گەورەوە .

سەرەڕای هەموو شتێك ، ڕاهاتن بە پیاو کوژی شتێکی ئاسان نییە ، لەماڵەوە ئارام ناگرم ، لەدەرەوەشدا ئارام ناگرم ، لەکۆڵانەکانیشدا هەر بەو شێوەیەم ، لەم کۆڵانەوە دەچمە ئەو کۆڵانەکەی تر بەم شێوەیە دەگەمە ئاخرین کۆڵان . کاتێك کە لەگەڵ مرۆڤەکاندا ڕووبەڕوو دەبمەوە ، یەکسەر تێدەگەم کەوا مرۆڤەکان تەنیا لەبەر ئەوەی کەوا هەلێکی باشیان بۆ نەڕەخساوە بۆ ئەوەی کە تاوان ئەنجام بدەن و پیاو کوژی بکەن ، خۆیان بەبێتاوان و دوور لە هەڵە دەزانن .

لەبەر ئەو کێشە بچووکەی کەوا لە ڕووی چارەو شانسەوە تووشم بووە ، هیچ کات ناتوانم بڕوا بەوە بکەم کە مرۆڤەکانی تر لەمن باشترو بەڕەوشتترن

www.pertwk.com

. هەندێك لەوان لەبەرئەوەی وا هێشتا توشی تاوان و ئەنجامدانی پیاو کوژی نەبوون ، خۆیان بە کەسانێکی خاوەن نیازی باش دەبینن و ڕوومەتێکی گەمژەیان هەیە . چوار ڕۆژ دوای ئەوەی ئەو بێچارەیەم کوشت تێگەیشتم کەئەو تیشکەی وا لەڕۆحی مرۆڤەکانەوە دەگەڕێتەوە ڕوخساریان ئەوەم پێنیشاندەدات کە هەموو کەسێك لە ڕۆحی خۆیدا پیاو کوژێکی شاراوەیە و ئەوەشم بۆ ڕوون دەکاتەوە کە تەنیا گێل و گەمژەکان بێتاوانن .

بۆ نموونە : ڕۆیشتمە ناو قاوەخانەکەی پشتی بازاڕی ئەسیرەکەوە و قاوەیەکم خواردەوە ، دەروونمی گەرم کردەوە ، وەکو هەموو کەسێکی تر منیش تەماشایەکی دواوەوەی خۆمم کرد ، وێنەی سەگێکم بە سەر دیوارەکەوە بینی ، دەتگووت کە ئەو چیرۆکمان بۆ دەگێڕێتەوە ، گوێم لە قسەکانی بالۆرە وێژەکە دەگرت و پێدەکەنیم ، لەپڕ چاوم بە پیاوێك کەوت کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو کە بەباشی سەرنجم دایە نیگای چاوانی ، یەکسەر تێگەیشتم کە ئەویش وەکوو من پیاو کوژە .

هەستەکانیم خوێندەوە ، ئەویش وەکوو من بەقسەی کابرا پێدەکەنی . وەکوو برایەك دەستی خستبووە پاڵ دەستمەوە ، پەنجەکانی لەکاتی هەڵگرتنی پەرداخەکەدا ، زۆر جووڵەیان دەکرد . نازانم خەتای پەنجەکانی بوویان وەکوو لەبەر بێئارامی کابرا وایان دەکرد بەڵام ئاشکرا بوو کەئاسوودە نییە ، ئەویش لەمن دەچوو . لەناکاو گەڕامەوە و سەیرێکی ناوچاوانیم کرد ، یەکسەر ترسا و ڕەنگی تێکچوو ، قاوەکەی دەستی ڕژا .

هەر لەو کاتەداکابرایەکی ناسیاوی هاتە لای وچپاندی بە گوێیەوە و وتی : لایانگرانی "مەلا هوسرەت" هێرش دەکەنە سەر ئەم قاوەخانەیە !

چاوێکی لێداگرت و بێدەنگی کرد . ئەو ترسەی والە دڵی ئەواندا هەبوومنیشی داگرت .

کەس بڕوای بەکەسیتر نەبوو ، هەمیشە چاوەڕوانی سووکایەتی وناپیاوی لە کەسی بەرامبەر خۆیەوە دەکرد .

هەوا ساردی کردووە ، بەفر لە گۆشەی کۆڵان و لە بن دیوارەکاندا جێگای خۆی گرتبوو ، چاوچاو نابینیٚ ، لەم تاریکییە کوێرەدا چاوەکانم ڕێگا نادۆزنەوە ، بەهەست ڕێگای بەر پێم دەدۆزمەوە . لەو ماڵانەی کەوا دەرابەکانیان باش کێشاوەتە وە ودەلاقەکانیان بە تختەی ڕەش داگرتووە دیسان لە کونێکی بچکۆلانەوە تیشکی چرایەکی کز ۆە نیوەگیان خۆی ئەدزێتە دەرەوە و لە ناو بەفرەکەدا ڕەنگ ئەداتەوە . زۆر جار هیچ

ڕووناکیوتیشکێك بەدی ناکەم ، جاری واش هەیە کە گویٚ لە دەنگی تێلای پاسەوانەکان دەگرم کاتیٚ کە لە بەردی دەدەن ، ئەوسا ڕێگای خۆم دەگرم و دەڕوم ، کاتیٚواش هەیە لە نیوە شەوانی کۆڵانە تەنگ و تاریك وترسێنەرەکانی شاردا ، زۆر دەترسم و واهەست دەکەم کە تیشکێکی دەرئاسایی و سەرسوڕ هێنەر لەسینەمەوە دەردەچیٚ و لەنێوان دارو شوێنە خراپ بووەکانی شاری ئەستەنبووڵدا تارمایی و خێوی بێخێرم دێنێتە پێش چاوو زۆر جاریش لە ماڵانەوە یان دەنگی منگەمنگی نائومێدانەی کەسێك بەر گوێم دەکەویٚ ، یان وەکوو دوابەدوای یەك دەنگی کۆخینی نەخۆشێك دەبیسم ، هەندێك کەس کە لوتیان دەسڕن دەنگیان دەگاتە ناو کۆڵانە کە ، هەندێکیش خەو دەبینن و لە خەونەکانیاندا قسە دەکەن ، جارجاریش هەندێك ژن ومێرد لە پێش چاوی منداڵەکانیاندا شەڕ دەکەن و منداڵەکانیشیان لەبەر ئەو ئاژاوەیە تێر تێر دەگرێن و فرمێسك دەڕێژن .

www.pertwk.com

ژیانی پڕ لە ئاسوودەیی ودڵخۆشییەکەی خۆمم بەر لە پیاو کوژییە کەم دێتەوە یاد . بۆ کەیف و خۆشی دەرۆیشتم بۆ قاوەخانە و گوێم لەقسەکانی بالۆرە وێژەکە ڕادەگرت . دۆستانی وێنەکێشم کەوا تەمەنێکم لەگەڵیاندا تێپەڕ کرد بوو ، دەهاتن وهەموو شەوێك پێکەوە لە قاوەخانەکەدا دادەنیشتین لە دوای کوشتنی ئەو گەمژەیەی کەوا لە منداڵییەوە پێکەوە بووین و کاری ڕازاندنەوەمان دەکرد ،نەمدەویست هیچ یەك لە هاوڕێکانم ببینم .

برادەرەکانم لەکاتی بەیەك گەیشتندا دەستیان بە ورتە و بۆڵەدەکرد ، هەر لە بەر ئەوە نەمدەویست کەبیانبینم . بەزمی ئەم سەر گەرمییەڕیسوایە شتانێکی تێدا هەبوو کە بەگوێرەی من نەبوون و دەیانخستمە ناو شەرمەوە ،بۆ ئەوەی کە تانە و تەشەرم لێنەدەن نەڵێن کە لووتی بەرزە چەن وێنەیەکم بۆ کابرای باڵۆرە وێژ کێشا بوو ، بەڵام بۆ بەخیڵی بردنەوە هەقیان پێدەدەم ، چوونکە لە تێکەڵاو کردنی ڕەنگ و کێشانی جەدوەلدا و لە هەڵبژاردنی بابەت و کێشانی ڕۆخسارەکاندا هەر وەها لە گونجاندنی جەنجاڵی شەڕ ونێچیر و دانانی حەیوانەکان وپاشاکان لەگەڵ کەشتی و ئەسپ ومەیدانی شەڕدا لە هەمویان باشتر بووم . لەدروستکردنی وێنەی عاشقان و لە گونجاندنی ڕۆحی شیعر لەناو وێنەکاندا و لە ڕازاندنەوە و جوانکاریدا مامۆستای هەموویان بووم . ئەمانە بۆ لەخۆبایی بوون و لە خۆتاریف کردن باس ناکەم ، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە لەمن تێبگەن ، چونکە لەگەڵ تێپەڕ بوونی زەماندا بەخیلی بردنەوە و ڕەنگی وێنەکێشان شتانێکن کە لەژیانی کابرایەکی وێنە کێش جیا ناکرێتەوە . ئێستا کە بەڕێگادا دەچم ، وەکوو جاران دڵتەنگ و نائاسوودە نیم جارناجار چاوم بە نێوچاوانی پاکی

برایەکی دینی دەکەوێت و لەبەر خۆمەوە دەڵێم " ئاخۆ ئەگەر ئێستا بیر لە پیاو کوژی بکەمەوە تێدەگات کە من پیاو کوژم ؟ هەر لە بەر ئەوەش یەکسەر بیر لە شتانی تر دەکەمەوە ، وەکو چۆن لە نوێژکردنی کاتی جوانیدا بیرم لە ژنی جوان دەکردەوە وە بە شەرمێکی زۆرەوە بەخۆمدا دەچومەوە . ئێستا خراپەیی و پیاو کوژی خۆمم لەبیر دەبەمەوە ، بەڵام ئەوسا هەرگیز ژنە جوانەکانم لەبیر نەدەچووەوە . ئەو شتانە کەوا باسی دەکەم پەیوەندی بەمنەوە هەیە . ئەگەر شتێکم بە خەیاڵدا بێت ئێوە یەکسەر تێدەگەن ، ئەمەش دەبێت بە هۆی ئەوەی کە من وەکوو بکوژێکی نادیار و ناسراو نەمێنمەوە و بناسرێم و بە دەستەوە بدرێم و لە دواشیدا سەرم بتاشن دادکاییم بکەن . یارمەتیم بدەن با هەمو شتێکتان بۆ نەدرکێنم وهەندێکیش بۆ خۆم بهێڵمەوە ، چونکە کەسانێکی وەکوو ئێوە کە خاوەنی ڕۆحێکی ناسك و هەستتەوەرن ، دەیانەوێت وەکوو گەڕان بەدوایشوێنە پێیەکدا بە ڕێگای وشەو ڕەنگەکانمەوە بێن و بمدۆزنەوە . ئەوەش دەمانهێنێتەوە سەر ئەو شێوازەی وا ئەمڕۆ باوە، ئایا هەر وێنە کیشێك بە پێی پرەنسیپە کانی خۆی خاوەنی دەنگ و ڕەنگێکی تایبەتە ؟ بۆ نمونە با باسی وێنەکەی پیروگەورەی ئوستادەکان و مامۆستای ڕازاندنەوە وەستا بەهزاد بکەین ، ئەو وێنەیە وێنەی تاوان وپیاوکوژی وخراپە کارییە هەر بۆیە لەگەڵ وەزعی مندا باش دەگونجێت . باسی شازادەیەکی ئێرانی دەکات کەوا لە شەڕی دەسەڵاتدا گیانی خۆی لە دەست دەدات .چوومە ناو کتێبخانەکە وبەسەرهاتی خەسرە وشیرینم دۆزییەوە کە نەوەد ساڵبەر لە ئێستا بە دەستیهەراتییەکاندروستکرابوو. شایانی باسە کە ئەمە کتێبەکەی "فیردەوسی" نییە بەڵکو نوسراوەکەی "نیزامییە" . هەر دوو دڵدارەکە

www.pertwk.com

لە دوای بە سەر هاتێکیسەخت و دژوار دەگەنە یەك ، خەسرەو لە یەکەم ژنی خۆی کوڕێکی بە ناوی ((شیرویە)) هەبوو کە لە شێتان دەچوو ، شیرویە چاوی بڕیبووە تەختی دەسەڵات وژنەکەی باوکی . نیزامی دەڵی : بۆنی دەمی ئەم کوڕە وەکوو هی شێر پیس بوو .

ڕێگەیەکی دۆزییەوە و باوکی ئەسیر کرد و دەسەڵاتی گرتە دەستی خۆی . شەوێك ڕۆیشتە ناو ژووری خەوی باوکییەوە و ڕۆیشتە سەر سەری باوکی و خنجەرەکەی دەرهێنا جەرگی باوکی بڕی . خوێنی باوکی تا بەیانی دەڕژا و وردە وردە گیانی لە دەستدا ، شیرینیش بەئاسودەییەوە لە پاڵیدا خەوتبوو . وێنەکەی مامۆستا بەهزادیش وەکوو ئەم چیروکە ، ترسێکی گەورەی لە خۆدا حەشاردا بوو، وابیر بکەنەوە کە لە تاریکایی شەودا هەڵدەستیێ ، چاو چاو نابینیێ ، ترسی ئەوەی کە کەسێکی تر لە ناو ژوورەکەدا بیێ لە دڵت دەنیشیێ ، ئەو کەسە بە دەستێکی خۆی قورگی ئێوەی گرتبیێوبە دەستەکەی تریشی خەنجەرێك ، ئای کە ترسناکە ! وەستایەکی باش دیوارەکی دروستکردووە ، چوارچێوەی پەنجەرەکان زۆر جوان دروستکراون ، ڕەنگیقیڕە بێدەنگەکەی قوڕگە گوشراوەکان لە ڕەنگی قاڵییە سورەکە دەچێت ، پیاوکوژەکە بە پێی پەتییەوە دێتە سەر لێفەکانتان و دێت بۆ ئەوەی بتانکوژیێ ، لێفەکە گوڵی زەرد و جوانی پێوەیە ، لە لایەکەوە جوانی ڕەسمەکە دەبینی و لەلایەکیتریشەوە ئەو ژوورەی کە تێیدا دەمری ، یەکسەر جوانی ئەو دونیایەت بەخەیاڵدا دێت کەوا بەجێی دێڵی! بەڵام جوانی دونیا و جوانی وێنەکە ، هەقیان بە سەر مردنی تۆوە نییە . تەنانەت ئەگەر لە کاتیێمردنیشدا ژنەکەشت لەژوور سەر تەوە بێت ، دیسان هەست بە تەنیایی دەکەیت . بەڵام کاتێك کە تەماشای وێنەکەدەکەی ،

یەکەم شت واتاکەیە کەوا بەخەیاڵتا دێت ! بیست ساڵ بەر لە ئێستا ئوستادێکی پیر بەدەستە لەرزۆکەکەی خۆیەوە ئەم کتێبەی وەرگرت و گوتی ئەمە هی بەهزادە، بەڵام ئیمزای پێوە نەبوو !

بەهزاد خۆشی دەیزانی کە ئیمزای لێنەدراوە . وستا پیرەکە دەیگوت : بەهزاد لە بەر شەرم و تووڕەیی ئەم ئیمزایەی نەکردووە . هۆنەری ڕاستەقینە ئەوەیە کە بتوانیێ شتێکی دەگمەن بکێشی و ناسنامەو شوێنە دەستی خۆتی پێوە نەنیێ.

قوربانیەکە هوڵی گیانی خۆی لێهاتبوو ، گرتم و بە شێوەیەکی زۆر خراپ کوشتم، بۆ ئەوەی کە دڵنیا بم هیچ شوێنە دەستێکم بە جێنەهێشتووە هەمو شەوێك سەردانی جێی ئاگرەکەم دەکرد . بەڵام وردە وردە بیرم لە کەموکوڕییەکانی خۆم لەبارەی شێوازەوە کردەوە ، ئەو شتەی کە بەشێواز ناوی دەبەن هەر ئەوەیە کە شوێنە دەستمان دەدۆزێتەوە . ئەگەر ڕۆشنایی بەفرەکەش نەبایە دیسان هەر ئەم جێگایەم دەدۆزییەوە، لێرەدا کەسێکم کوشتبوو کەوا بیست وپێنج ساڵ هاوڕێم بوو . بەفر هەمو ئەو شتانەی کەوا ببێت بە شێواز و ئیمزای من سڕیبووەوە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیێ کەوا خوداش لە بارەی شێواز و ئیمزاوە وەکوو من و وەستا بەهزاد بیر دەکاتەوە . چوار ڕۆژ بەر لە ئێستا ئەو بیێعەقڵە دەیگوت ! ئەمە تاوانێکی گەورەیە ، ئەگەر ئاگامان لێنەبایە خودا ڕەحمی بە کۆمەڵگای وێنەکێشان نەدەکرد . ئەو شەوەی کە لەگەڵ زەریف ئەفەندیدا هاتبووینە جێگا سووتاوەکە ، هێشتا بەفر دەستی پێنەکردبوو ، دەنگی لورە لوری سەگێکمان لە دوورەوە دەبیست ، وتی بۆچی هاتووین بۆ ئێرە ؟ ئەتەویێ چیم پیێ نیشان بدەی ؟ وتم ! ئەوە چاڵە ئاوەکەیە ، دوو هەنگاو لەولاتریش پارەکەم تێدا

www.pertwk.com

شاردۆتەوە ، ئەگەر قسە بۆ کەس نەکەی زۆرخۆشحاڵ دەبم . بەدەستە پاچەییەوە وتی : کەواتە لەپێشدا دەتزانی کەچیدەکەی ؟ بە درۆیەکەوە وتم:بەڵێ دەمزانی . وتی : ئەزانی ئەو وێنەیەی کە کێشاوتە ، تاوانێکی گەورەی تێدایە ؟ کوفرێکە و کەس جەسارەتی ئەنجامدانی ئەوەی نییە ، لە ئاگری دۆزەخدا دەسووتی ، منیشت کرد بە شەریکی خۆت . کاتێ کە ئەمانەم بیست ترسێکی زۆرم لێنیشت.

لە بەر چی هەموو کەس بڕوای پێدەکرد ؟ چونکە ئەم قسانە هێزێکی ڕاکێشەری تایبەت بە خۆی هەیە و بتەوێ و نەتەوێ ، هەر ڕاتدەکێشێ . لەملا و لەولا لەسەر کتێبە شاراوەکەی زاوا و ئەو پارەیەی کەوا دەیدا قسەی زۆر دەکرا ، وەستا عوسمانی سەرۆکی وێنەکێشانیش نەفرەتی لێدەکرد ، ئەو تۆمەتانەی کەوا هاوڕێکەم لەزاوای دەدا ، شتانێکی ڕاست بوون ، بەڵام ئاخۆ چەندە پاکی و یەکڕەنگی دۆستانەی تێدا بوو ؟ ئەوەم بۆ دوپاتکردەوە کەوا هەندێك لە قسەکانی دەبنە بە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی وجیاوازیمان، قسەیەکی برد و هێنا، بەڵام ...

نەیتوانی بیکات!

دەتگوت دەورانی شاگردیمانە و دەیەوێ خراپەکارییەکی من لە وەستا عوسمان بشارێتەوە ، چاوەکانی زەق کرد بوو ، ئەو کاتە بڕوام دەکرد کە قسەکانی لە ڕووی دڵسۆزییەوە بێت ، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ کات نەمدەویست کە حەزی لێبکەم ، چونکە هەمو شتێکی بۆ هەر کەسێك دەگێرایەوە . وتم : بەو بێ شەرمییانەتەوە ناچاری هەندێك شتی خراپم مەکە ، جوانکاری دەکین ، کەنارەکان دەڕازێنینەوە جەدوەل دەر دەخەین ، ڕوپەلەکان زێراوی دەکین، وێنەی جوان دەکێشین ، ئەوە سالانێکی درێژە

کەوا ڕاسیاردە وەردەگرین و جێبەجێی دەکەین، پێمان دەڵێن : وێنەی شا ، ئاسك یان کەشتییەکە ئاوەها یان بە شێوەیەکیتر دانێ، ئەم جارەش زاوای بەڕێز گوتی : لە ناو ئەمانەدا وێنەی ئەسپێك بکێشە . سێ ڕۆژ خەریکی وێنە کێشان بووم ،وەکوو ئوستادێکی کۆنە کار ، سەدان جار لە سەر لاپەڕەی سەمەرقەندی وێنەی ئەسپێکم کێشا و لێیورد بوومەوە کەچی تێنەگەیشتم واتاکەی چییە . لە ژێر کزە بای مانگە شەوێکدا لێیوەرگرتم و لە بەر ڕۆشنایی مانگە شەوەکەدا تەماشای کرد.

وتم : ئوستادەکانی "شیراز و هەرات" دەلێن : بۆ ئەوەی کە بتوانی وێنەی ئەسپێك بکێشی ، پێویستە پەنجا ساڵ وێنەی بکێشی و لە دوایشدا لە ژێر تاریکایی شەودا ئەو وێنەیە بکێشی . چونکە لە دوای پەنجا ساڵ پیاو کوێرایی دادێ و دەستی بە کێشانی ئەسپەکە ڕادێ . چاوەکانی وەکوو کاتی منداڵی پاك و بێگەرد بوون ، سەرنجی دابووە سەر وێنەکان . وتم : وێنەیەکمان پێڕادەسپێرن و دەڵێن : ئەسپێکمان بۆ بکێشن ، ئێمەش وەکوو ئوستادێکی کۆنە کار وێنەکە بە هەموو جوانی و نهێنییەکانیەوە دەکێشین ، لە دواییدا کەس مافی ئەوەی نییە کە ئێمە تاوانبار بکات . وتی : نازانم ، ئەمە ڕاستە یان نا ؟ " بەڵام ئێمەش بەر پرسیارین و ئیرادەی تایبەت بە خۆمان هەیە ، من لە خوا زیاتر لە کەس ناترسم و ئەویش بۆ دۆزینەوە ڕاستی و ناڕا ستی مێشکی پێداوین " . وەلامەکەی لەجێی خۆیدا بوو ، بە عەرەبی وتم : خوا هەمو شتێك دەبینێ و ئاگاداری هەر شتێکە، ئەزانێ کە من و تۆش ئەم کارەمان بە نەزانی کردوە . حەزرەتی پادشا لە پشتی ئەم کارەوەیە ، تۆ ڕاپورتی زاوا بەکێی دەدەی ؟ بێدەنگ بووم ، لە بەر خۆمەوە بیرم کردەوە و وتم : ئایا بەراستی مێشکی ئەم کابرا کای تێدایە،

www.pertwk.com

یان وەکوو لە بەر ترسی خودا خوێنساردی خۆی لە دەستداوە و شتی هەڵەچە و پەڵەچە دەڵێ ؟

لە پاڵ چاڵە ئاوەکەدا ڕاوەستا بووین ، چاوم بە چاوەکانیدا هەڵتۆقی یەکسەر زانیم کە ترساوە . بەزەییم پێدا هاتەوە ، بە لاّم کار لە کار ترازا بوو ، بۆ ئەوەی بتوانم بسەلمێنم کە ئەم پیاوە ترسەنۆکە کەسێکی ڕیسوایە دۆعایەکی زۆرم کرد . وتم : دوانزە هەنگاو بژمێرە و زەوییەکە هەڵکۆڵە .

وتی : ئەی دوایی چیدەکەین ؟

وتم : چارەمان نیە ، بە زاواکەمان دەڵێم کە وێنەکەمان بسوتێنێ ، ئەگەر جەماعەتێ "مەلا هوسرەت" پێمان بزانن ، لە ناومان دەبەن و وێنەکێشخانەکەش دادەخەن ، کەسیان لێدەناسی ؟ ئێستا ئەو پارەیەم لێوەربگرە تا وەکوو دڵنیا بم باسی ئێمە لای ئەوان ناکەی . وتی : پارەکە لەناو چیدایە ؟ . وتم : گۆزەیەکی کۆنی ترشی لەوێیە ، حەفتا ئاڵتونی" وەنیزی" تێدایە .نازانم چۆن ئەم گۆزەیەم بەعەقڵدا هات . بە لّام شتێکی وامگوت کەیەکسەر بڕوای کرد ، یەك بە دوای یەك دەستی بە ژماردنی هەنگاوەکان کرد. بەمجورەش زانیم کە خودا لەگەڵ مندایە.

ئەم دوستەی کاتی شاگردیم زۆر تەما کار بوو ، دوانزە هەنگاوەکە هاتەوە یادم ، ژێر خۆڵکە ، ئاڵتون و ماڵتونی تیێدا نەبوو ، ئەگەر پارەم پێنەدابایە بەدبەختی دەکردین ، لە پڕ ویستم وەکوو دەورانی شاگردی باوەشی پێدابکەم و ماچی بکەم . بەلاّم سالاّن لەیەکتری دوری کردبووینەوە ، ئەی باشە خۆڵەکە بە چی هەڵەکە نین ، بە نینۆك ! ئەمانە هەموی لە چاو تروکانێکدا هات بە مێشکمدا . هێشتا نەگەیشتبوە

هەنگاوی‌هەشتەم کەبەردێکی گەورەم لە پاڵچاڵە ئاوەکەدا هەڵگرت و بەڕا کردن پێی گەیشتم و بەهەر دوو دەستم بەردەکەم بەسەری‌دا دا.

ئەوەندە بە قورسایی لێمدا کەوامزانی لە سەری خۆمم داوە ، بەزەییم پێدا هاتەوە بەلاّم دەمویست کەکاری

تەواو بکەم . چونکە لەزەویدا دەستی بە لەرزە لەرز کرد بوو ، کیێ بێت هەروا دەکەوێتە ناو خرۆش وهەڵچوونە وە ! ماوەیەکی بەسەردا چوو ، لەدوای ئەوەی کە خستمە ناو چاڵە ئاوەکە ، تازە تێگەیشتم کارێکم کردووە کە شایستە و شیاوی کابرایەکی وێنەکێش نەبووە

((من زاواکەتانم))(5)

من زاوا بەرێزەکەی ڕەشەم ، خەڵکیتریش هەر بەکاکی زاوا بانگم دەکەن ، کاتی خۆی دایکی ڕەشەش دەیویست کوڕەکەی وەها بانگم بکات . سێ ساڵ بەر لە ئێستا ، کاتیك کە ڕەشە هاتوچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد خانوەکەمان لە پشتی کۆشکی سپییەوە لە ژێر سێبەری دارەکاندا بوو ، هاوینان ، کە من و مەحمود پاشا دەڕۆیشتین بۆ سەفەر ڕەشە و دایکی دەهاتنە ماڵی ئێمە و لەوێ دەمانەوە . دایکەخوا لێخۆشبووەکەی ڕەشە خوشکی گەورەی هاوسەرەکەی من بوو . زستانان کە دەگەڕامەوە بۆ ماڵ

www.pertwk.com

دەمبینی کە دایکی ڕەشە و ژنەکەی من باوەشیان کرد بوو بە یەکا و دەگریان ، دیار بوو کە دەردی دڵیان پێکەوە کرد بوو . باوکی ڕەشە پیاوێکی تووڕە و بەد خوو بوو ، نەیدەتوانی لە هیچ قوتابخانەیەکدا وانە بڵێتەوە ، ڕەشە لە منداڵیدا تەماشای دەمی دایکی دەکرد ، بگریایە ، دەگریا ، پێبکەنیبایە پێدەکەنی ، بێدەنگبایە بێدەنگ دەبوو ، هەر چی بکردایە ئەویش دەیکرد و بە ترسێکەوە تەماشای من ، واتا زاوا کەیانی دەکرد .

ئێستا زۆر خۆشنوودم لەوەی کەوا دەبینم بووە بە پیاوێکی خاوەن بڕیار و گەورە بووە ڕێزی هەیە . ڕێزیکی زۆر لە من دەگرێ ، دەستەکانم ماچ دەکا و خەڵاتم بۆ دێنێ جامۆلکەی مەغوولیم بۆ دێنێ و دەڵێ :"ئەمە تەنیا بۆ مورەکەبە سورەکەیە " ، لە بەرامبەرمندا چوار مشقی دەدا و ڕێك وپێك دادەنیشێ . ئەمانە تەنیا شتانێك نین کەوا ئەو دەیەوێت ، بەڵکو شتانێکیشن کەوا منیش دەمویست پێیان بگەم . شێوەی ڕۆخساری لە هی باوکی دەچوو ، باڵابەرزەکەی و دەستە پڕجموجۆڵەکەی هەر وەکوو هی باوکی بوو ، دەستی دەخستە بەر ئەژنۆی وکاتێك کە من شتێکم دەگوت ،دەیگوت : تێگەیشتم ، گوێم لێتانە ، بەدڵەوە تەماشای نێو چاوانی منی دەکرد و بە گوێرەی قسەکانی من سەری دەلەقاند . کوڕێکیقورس و لەسەر خۆ بوو . تەمەنێکم تێپەڕ کرد بەڵام تازە تێدەگەم کە ڕێزی ڕاستەقینە لە دڵەوە نییە ، بەڵکو لەم سەردانەواندنانە دایە !

دایکی لەبەر ئەوەی کە دەیزانی داهاتووی کوڕەکەی لە چارەی ماڵی ئێمەدایە،بە بەهانەی جۆرا و جۆرەوە دەهێنایە ماڵی ئیمە . لەو ساڵانەدا تێگەیشتم کە حەز لە خوێندنەوەی کتێب دەکات ، هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کەوا زیاتر لێی نزیك ببمەوە . خەڵکیش دەیانگوت : ڕەشە

بووە بەشاگردی کاکی زاوا "باسی وێنەی" ئاسۆ لە ژوورەوم بۆ دەکرد کە بە دەستی ئوستادە شیرازییەکان وبەپێی نەریتی تازە کێشرا بوون . هەر وەها باسی ئەوەشم بۆ دەکرد کە زۆر کەس وێنەی مەجنونی شەیدا وسەر شێتان کێشاوە کەوا لە بەر عەشقی لەیلا عەقڵی لە دەستداوە ڕووی کردۆتە دەشت و سەحرا ، هەر وەها تاریفی وێنەکەی بەهزادم بۆ دەکردکەوا چۆن مەجنونی لەکاتی تووڕەیی و چێشت لێناندا کێشاوە و چۆنیەتی هەستەکانی مەجنون لەکاتی سیحرەکاندا و لەنێو ژنە جوانەکاندا ڕنگاوی کردووە. هەروەها پێکەنیناوی بوونی وێنەی ئەو وێنە کێشانەم بۆ دەکرد کەوا بە بێ خوێندنەوەی هۆنراوەکانی "نیزامی" وێنەی خەسرەو شیرین یان کێشا بوو . دیارە ئەو وێنەکێشانەی کە بە بێ ویست و بێ خوێندنەوەی بابەتەکان وێنەدەکێشن تەنیا بۆ پارە کار دەکەن . ئێستا باش دەزانم کە ڕەشە پیاوێکی ئاگایە و دەزانێ کە بۆ ئەوەی دڵی مرۆڤ لە هونەر و وێنەکێشی نەئێشی ، پێویستە وەکوو پیشە چاو لە هونەر نەکات و بۆ پەیدا کردنی پارە و دەسەڵات ڕێگای‌تر بدۆزیتەوە ، بۆ ئەوەی کە کاتێ بە هاو بایەخی پێویستێ بەرامبەر هۆنەرەکەی نەبینی تووڕە و دڵنگەران نەبێ.ئەو وێنە کێشانەی وامن دەیانناسم و وێنەیان بۆ دەوڵەمەندەکانی "ئەستەنبووڵ" و "تاشرا" دەکێشا، ئێستا لەتەورێزدا لە هەژاری و نائومێدیدا ژیان دەبەنە سەر ، ئەوانەی مەشهەدیش هەر ئاوەهان. ئەڵێن : وێنە کێشانی حەڵەب لە بەر هەژاری ونەداری دەستیان لە دروستکردنی کتێب بەر داوە و خەریکیدروستکردنی وێنەی یە کڕوپەلی و کێشانی وێنەی سەیر وسەمەڕە و ڕووت وقووت بۆ گەشتیارانی فەرەنسەیین.

www.pertwk.com

به گوێرەی ئەو شتانەی کەوا من بیستوومە کتێبەکەی شا عەباس کەوا لە کاتی پەیمانی ئاشتیدا دایبوو بە پادشا کەی خۆمان ، هەرلە ئێستاوە پەڕوپووت کراوە ورووپەلەکانی بۆ دروستکردنی کتێبیتر بەکار دەبرێ . "ئەکبەر خانی" پاشای هێند ، دەیەوێ کتێبێکی تازە و گەورە دروستبکات و بۆ ئەوەش پارەیەکی زۆر دەدات ، هەر بۆیە زۆربەی وێنەکێش و خۆشنووسەکانی تەورێز و قەزوێن و کارەکانی خۆیانیان بەجێهێشتوە و بەر و کۆشکی ئەو شایە بە ڕێکەوتوون .

ڕەشە لە نێوان قسەکانی خۆیدا جار وبار چیرۆکی خۆشی بۆ دەگێڕامەوە ، بۆ نمونە بەسەر هاتی "مەهدی" درۆینە و ئەو شازادە گەمژەیەی بۆ دەکردم کەوا سەفەوییەکان بۆ بەر قەرار بوونی ئاشتی لە نێوان خۆیان و ئۆزبەکەکاندا تەسلیمی ئۆزبەکەکانیان کرد بوو ، هەر وەها باسی ئەوەشی بۆ دەکردم کە ئەو پیاوە گەمژە چۆن هەوڵی ڕزگار کردنی خۆی دەدات ودواییش لە ئاگردانەکەدا دەسووتێندرێ . لەگەڵ ئەمانەشدا ڕووی لە من دەکرد و پێدەکەنی ، بەڵام هێشتا لە سێبەری نیگاکانیدا ، هەستم بەو مەسەلە قورسەی دەکرد وا هەردوومانی دەترسان و باس کردنیشی ئاسان نییە . وەکوو ئەوانەی وا شتانێك لەبارەی ئێمەوە دەزانن و هات وچۆی ماڵی ئێمە دەکەن ، ئەویش عاشقی تاقە کچە جوانکیلەکەم بوو بوو . شەکورەی کچم زۆر جوان بوو، ئەوەندە جوان بوو کە خەڵك لە تاریف کردنەکەشییەوە عاشقی دەبوون ، ئەمەش لە ڕوانگە ی منەوە شتێکی مەترسیدار نەبوو. بەڵام ڕەشە هاتووچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد، بەڕێزو گەرمییەوە پێشوازی لێدەکرا، بۆقسە کردن لە گەڵ شەکورەدا هەلی گونجاوی دەستدەکەوت ،ئەمەش خۆی لە دواییدا دەبوو بە هۆی

دروستبوونی عەشقێکی بە هێز و بێئومێد. لە دوایشدا ئەوەی وا لیێ دەترسام هەر تووشم بوو و کوڕ عەشقەکەی لە دڵی خۆیدا پێڕانەگیرا و لە بەرامبەر کچەکەمدا ڕاگەیاند . هەر لە بەر ئەو کارە خراپەشی ڕێگای هاتووچۆی ماڵی ئێمەی لێبڕا . سێساڵ دوای ئەوەی کە ئەستەنبۆڵی بە جێهێشتبوو ، کچەکەم لە گەڵ ئەفسەرێکی سوپادا زەماوەنی کرد و مێردی پێ کرد . ئەم شەڕکەرە سوپاییە ، بەر پێی خۆی نەدەبینی و عەقڵی دوومەتەرە لە زەوی بەرزتر بوو . دووکوڕی لە کچەکەم هەبوو ، لە دواییدا ڕۆیی بۆ سەفەر وئێستاش ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێت کە نەگەڕاوەتەوە . لە بەر ئەوەی کە وا قسەو باسەکان زووزوو بڵاو دەبنەوە ، پێموایە کە ڕەشەش ئاگاداری ئەم بابەتەیە . ئەوە دووساڵە کە کچەکەم لەگەڵ منداڵەکانیدا گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی خۆمان . ڕەشە سەیری مێزەکەی دەکرد و تەماشای (کتابالروح) ی دەکرد ، بەڵام لە ڕاستیدا عەقڵی لەلای دەنگەدەنگی منداڵەکانەوە بوو . ئەم خانووەم لە کاتی نەبوونی ڕەشەدادروستکردبوو ، بەڵام ئەو وەکوو گەنجێکی هەستیار و بە توانا کە دەیەوێ ببێ بە خاوەنی پارە و ڕێزداری و متمانەیی هیچ پرسیارێکی لەم بارەیەوە نەکرد . هێشتا نەهاتبووینە ناو ماڵەوە کە لە سەر پلیکانەکاندا پێم گوتبوو : قاتی دوو وشکە و بۆ ئازاری پشتم زۆر باشە . بەڵام لە بەر ئەم قسەیەی خۆم تەریق بووبوومەوە ، خۆی لە ڕاستیشدا ئێستاکانە هەموو کەسێك ماڵی دوو قات دروستدەکات . ئێمە زستانان ژووری وێنەکێشیمان بەکار دەهێنا ، ڕەشە هەستی بەوە کرد بوو کە شەکورە لە ژووری دواییدا دادەنیشێ . لەو نامەیەی کەوا بۆم نارد بوو ، هۆی بانگهێشت کردنەکەم بۆ شیکردبووەوە ، بۆیە یەکسەر کەوتمە ناو بابەتەکەوە و گوتم : منیش دەمەوێ وەکوو

www.pertwk.com

وێنەكێش و خۆشنووسانی تەورێز كتێبێك ئامادە بكەم . ئەو كتێبەی وا بە تۆی ڕادەسپێرم هی پاشای جیهانە(و:مەبەست پادشای عوسمانییەكانە) ، لەبەر ئەوەی كە كتێبە كە نهێنییە پادشا خۆی لە خەزێنەكەی گشتی هەندێ پارەی پێداوم . منیش لەگەڵ هەموو ئوستادەكانی وێنەكێشخانەی شاهیدا قسەم كردووە و پێمگوتوون كە هەندێكیان وێنەی سەگ وهەندێكیش نەخشی دار بكێشن و كەسانێكیشم بۆ ڕازاندنەوەی كەنارەكان و كێشانی وێنەی هەوری سەر ئاسۆ و ئەسپ ڕاسپاردووە .

ئەوەی وا دەمویست بیكێشم ، شتێك بوو لە وێنەی ئەوانەی وا "وەنیز " یەكان دەیانكێشا ، دەبوایە هەموجیهانی پادشاكامانی لە خۆ بگرتایە . ئەو جیهانە وەكو هی ئەوان دونیایماڵ و موڵكی پادشا نەبوو ، بەڵكو دونیای ترس و خۆشیەكانی پادشاكەمان بوو .

بۆ ئەوەی نرخی پارەكەم بكەینەوە ، وێنەیەكمان بە بچووكی كێشابوو ، جندۆكە و شەیتانیشمان تێدا دروستكردبوو ، چوونكە لێیان دەترساین ! بەڵام ئەوەی ڕاستیبێ نازانم كەخەڵكی بەدزییەوە چۆن باسی ئەمە دەكات . ئەبێ وێنەیەك بێت كە بێمەرگی دارەكان وماندووبوونی ئەسپەكان و بێعاری سەگ و هەموو دونیا لە خۆیدا بەر جستە بكاتەوە . ناز ناوی وێنە كێشەكەمان لەق لەق ـ زەیتون ــزەریف وپەپوولەیە ،داوام لێ كردبوون كە بە دڵی خۆیان بابەتەكان هەڵبژێرن . شەوانی سارد و بێخەبەری زستانیش دەهاتن بۆلام و وێنەكانیان پێنیشان دەدام . بە تەواوی نازانم و ناتوانم بڵێم كە چۆن وێنەمان دەكێشا و بۆچی وامان دەكرد ؟! ئەوەش لەبەر ئەوە نییە كەوا لە تۆی دەشارمەوە ، بەڵكوو بەراستی منیش نازانم . تەنیا دەزانم كەچی دەكێشم .

ڕەشە دوای چوار مانگ لەو كاتەی وا بانگم كردبوو ، گەرابووەوە بۆ ئەستەنبووڵ ، هەندێك شتی لە دەلاكەكەی كۆڵانی خانووە كۆنەكەمانەوە بیستبوو.

بانگم كرد بۆماڵەوە . دەمزانی كە لەم چیرۆكەدا دەردێك هەیە كەوا لێك نزیكمان دەكاتەوە و دواییەكەشی بەڵێنی خۆشییەكی تێدایە . گوتم : هەر ڕەسمێك باس لە چیرۆكێك دەكات ، بۆ ئەوەی ئەو كتێبەی وا دەیخوێنینەوە جوان دەربچێ ، پێویستە وێنەی دانیشتنی هەرە باشی كتێبەكە بكێشرێ . بۆ كێشانی وێنەی دیمەنێكی جوان پێویستە كاتی بەیەكگەیشتنی عاشقان و ئەوەیوا ڕۆستەم گیاندارە شەیتانییەكە سەر دەبڕێ تێیدا دیار بێت ، یان ئەو كاتەی كە تێدەگات ئەو نائاشنایەی وا كوشتوویەتی كوڕەكەی خۆیەتی ، یان ئەبێ مەجنونی تێدا بێت كەوا لەبەر عەشقی لەیلا عەقڵی لە دەست داوە و لە بیابانێكی چۆڵ و هۆڵدا لەگەڵ ئاسك و شێر و پەڵەنگدا دەژی ، یا خود ئەبێ وێنەی ئەو كاتەی تێدا بێت كەوا ئەسكەندەر بەر لەوەی دەست بە شەڕ بكات ، بۆئەوەی لە ڕێگای پەلەوەرەكانەوە لە فاڵی ئایندەی خۆی تێبگات دەچێ بۆ دارستان و هەڵۆیەكی چنگۆڵ تیژ جل و بەرگەكەی دەدڕێنی ،شایانیباسە كەدەبێ هەموو تووڕەییەكانی بەرجەستە بكات . دوای خوێندنەوەی ئەم چیرۆكانە ، بۆ ئەوەی كە ماندوویی چاوەكانمان دەربچێ، چاوێكمان بە وێنەكاندا خشاندەوە . جاری وا هەیە هەندێك شت لە ناو چیرۆكەكاندا ڕوو بە ڕووت دەبنەوە كە لە عەقڵ و خەیاڵدا بەرجەستە ناكرێن ، لەم كاتانەدا وێنە فریاتدەكەوێ و نەجاتت دەدا ، وێنە تێكەڵبوونی ڕەنگ و داستان پێكەوەیە .

گوتم : كەس ناتوانێ بیر لە وێنەیەكی بێداستان بكاتەوە ، لەدوایشدا بە

www.pertwk.com

پەشیمانییەوە ئەوەشم پێ زیاد کرد کە لانی کەم من وەها بیر دەکەمەوە .

دوو ساڵ بەر لە ئیستا پادشا وەکوو نوێنەری خۆی ناردمی بۆ " وەنیز " وێنەی ئەو دەموچاو و ڕوخسارانەیوا ئوستادە ئیتالییەکان دەیانکێشا زۆر سەرەنجیان ڕادەکێشام ، هەمووکات سەیرم دەکردن . نەمدەزانی کە ئەم وێنانە چ جۆرە داستانێکم بۆ دەگێرنەوە ، لە هەوڵدانی دۆزینەوەی ئەو چیرۆکانەدا بووم،کە ڕۆژێك چاوم بە وێنەی سەر دیواری کۆشکەکە کەوت ، ڕاوەستام و تێرتێر سەیرم کرد . لە هەموو شتێك زیاتر لە شێوەی ڕۆخساری یەکی وەکوو من دەچوو . بەڵام ئەو کافر بوو ، لەئێمە نەدەچوو ، بەڵام هەرچی زیاتر سەیرم دەکرد زیاتر هەستم دەکرد کە لە من دەچێ ،بەڵام دەمو چاوی خڕۆڵە و بێئێسقان بوو ، ئێسقانی لای چەناکەی هەر دیار نەبوو ! چەناکەی لە هی من نەدەچوو .

ئەو کەسەی وا لە گەڵمدا بوو ، کۆشکەکەی پیٚنیشاندام و وتی : ئەمە وێنەی کابرایەکی پیاوماقووڵی " وەنیزییە " . چی لە ژیانی ئەو پیاوە بە بایەخ بوو ، هەمووی کێشرا بوو . لە نێوان دەلاقەکەیەوە کێڵگەیەکیجوان دیار بوو ، گوند و ڕەنگەکانی تێکەڵکرا بوون ، دارستانێکی خۆش کێشرا بوو ، لە بەر دەمیدا مێزێك هەبوو کە ، کاتژمێر و کتێب وکات و خراپیەکانی ژیان و قەڵەم و نەخشە لەگەڵ قیبلەنەما و قوتووئاڵتوونەکان و هەندێك وردە واڵەی تریشی لەسەر دانرا بوو، سێبەری شەیتان و جندۆکەشی تێدا بوو ، لەتەنیشت باوکیدا کچێکی جوان وەکوو خەیاڵ کێشرابوو . ئەم وێنەیان بۆ تەواو کردنی کام داستان ڕازاندبووەوە ؟ لە ڕاستیدا ئەمە بەر دەوامی داستانێك نە بوو ، بەڵکو خۆی بۆ خۆی شتێك بوو . تێگەیشتم کە چیرۆکە کەش هەر خودی پیاوەکەیە، لە بەرامبەر ئەو

ڕەسمەدا سەرم سوڕمابوو ! هیچ فەرامۆشم نەدەکرد . لە کۆشکەکە دەرچووم و گەڕامەوە بۆ ئەو ماڵەی وا لێی دەمامەوە . شەو هەر بیرم لێدەکردەوە . دەمگوت : خۆزگە وێنەیەکی منیشیان ئاوەها بکێشابایە بەڵام ، نا ، من حەدم چییە ! ئەبێ وێنەی پادشاکەمان وەها بکێشرێ ! پێویستە وێنەیەك بێت کە هەموو دونیا و ماڵ و موڵکی و خزمەتکارەکانی پادشای تێدا بەرجەستە بکرێتەوە . ئەو ئوستادە ئیتالییانە وێنەیەکیان دروستکردووە کە تۆ لە هەر جێگایەکیترا چاوت بەو کابرایە بکەوێت یەکسەر دەیناسیتەوە .

ئەم ئوستادانە فێڵی " پۆرترە " (وێنەی کەسی)یان وەکوو چۆنیەتی کیشان و دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان ڕوخسارەکانیان دۆزیوەتەوە . ئەگەر تەنیا جارێك وێنەیەکی لەمجۆرەت لێبکێشن کەس لە بیرت ناکا ، تەنانەت کەسێکی دووریش وادەزانێکە لە نزیکەوە تۆی بینیوە، هەروەها ئەو کەسانەی وا تۆیان دیبێ ئەوانیش وادەزانن کە هەموو کات لەبەرامبەریان دانیشتووی . بۆماوەیەکی زۆر بێدەنگ بووین . لە پەنجەرە بچووکەکەی هۆڵەکەوە کۆلانەکە دیار بوو ، لە گەڵ ئەوەی کە بە قوماشێکی ڕەش داپۆشرا بوو تیشکێکی تۆقێنەر کە ڕەنگەکەی لە ڕەنگی سەرما دەچوو دەهاتە ناو ماڵەکەوە .

گوتم وێنەکێشێك هەبوو ، کە وەکوو وێنەکێشانی تر بۆ دروستکردنی ئەم کتێبە نهێنییە سەردانی دەکردم و تا بەیانیان پێکەوە کارمان دەکرد ، لە هەموویان باشتر وێنەی دەڕازاندەوە ،ناوی " زەریف ئەفەندییە " ئەو بێچارەیە ڕۆژێك لێرە ڕۆیشت و ئیدی نەگەڕایەوە . لەوە دەترسم کە ئوستادە جوانکارەکەمیان کوشتبێ.

www.pertwk.com

((من ، ئورهان))(6)

ڕەشە گوتی : كوشتویانە ؟ ! ، ڕەشەپیاوێكی باڵا بەرز و ترسێنەر بوو ، بەرەولای ئەوان دەڕۆیشتم كە باپیرم وتی :بەڵێ كوشتویانە . منی بینی وگوتی:لێرە چ دەكەی ؟ وەها تەماشای دەكردم كەناچار مامەوە و ڕۆیشتمە باوەشی و دانیشتم ، بەلام یەكسەر منی داناو گوتی : دەستی ڕەشەماچ بكە . دەستم ماچكرد و وتی :زۆر شیرینە و لەداهاتوودا وەكوو شێرێكی لێدێت .

- ئەمە ئورهانە ، تەمەنی شەش ساڵە ، لەمەش گەورەتر ناوی شەوكەتە ، تەمەنی حەوت ساڵە بەلام زۆر كەلە ڕەق و پێداگرە.

- ڕەشە وتی : ڕۆیشتمە كۆلانەكەی لای كۆشكی سپی هەموو شتێك لەناو سەهۆڵدایە ،زۆر ساردە ، بەفرێكی زۆریش باریوە ،بەلام ئەڵێی هیچ شتێك نەگۆڕاوە .

- هەمووشتێك گۆڕاوە و خراپ بووە . ڕووی كردە لای من وتی : ئەی كاكت لە كوێیە ؟

- لای مامۆستاكەیە .

- ئەی تۆ لێرە چ دەكەی ؟

- مامۆستاكە وتی ئەی ئافەرم بۆ تۆ ، تۆ ئیدی بڕۆ .

- بە تەنیا هاتی ؟ ، پێویستە كاكت تۆ بهێنێتەوە ، لە دواییدا بە ڕەشەی گوت : هەر هەفتە یەك دوو جار دەچن بۆ مەكتەبی قورئان و لە دواییدا دەڕۆن بۆ لای كابرایەكی دۆستی خۆم و فێری كاری ناو كێڵگە دەبن.

www.pertwk.com

– ڕەشە وتی : ئەتەویٚ وەکوو باپیرت ویٚنە بکیٚشی ؟بیٚدەنگ بووم .

- باپیرم گوتی : باشە ئەی ئیٚستا تۆ ... .

گەرمایەکی خۆش لە مقەڵەکەوە بڵاو دەبووەوە ،نەمدەویست لیٚی دوور بکەمەوە، بونی ڕەنگ و سەریٚشەکەم کرد و تۆزیٚك ڕاوەستام ، بۆنی قاوەش دەهات . باپیرم گوتی : " ویٚنەکیٚشان ، لە هەموو کەسیٚك زیاتر واتای بیر دەکەنەوە دەزانن و بۆ چوونییشیان جیاوازترە . جوانکارە بیٚچارەکەمیان لە سەر ئەمە کوشتووە ، ئەو بە پیٚی نەریتی کۆن ویٚنەی‌دەرازاندەوە . نازانم ، لەوانەیە نەمردبیٚتیش ، بەڵام ئەوە ماوەیەکە ونبووە ، لە ژیر فەرمانی وەستا عوسمانی سەروکی‌ویٚنە کیٚشاندا نامەیەکی بۆ پاشا دەڕازاندەوە . هەر کەس لە ماڵی خۆیدا کار دەکات ، تەنیا وەستا عوسمان لە ویٚنە کیٚشخانەکەدا ئیشی دەکات ، ئەمەویٚ بەر لە هەموو شتیٚك بچیت و چاوت بەهەر شتیٚك بکەویٚ . ئەترسم ئەوانی‌تریش لە ناو خۆیاندا دست بە قسە و باس بکەن ویەکتری بکوژن .پەپوولە و زەیتون و لەق لەق و ... کەوا بۆچی وەستاعوسمان ئەم ناز ناوانەی پیٚوەناون ".

دەمویست لە پلیکانەکانەوە بچمە خوارەوە ، جیڕەجیڕەك لە ژوورەوە دۆڵابدارەکەی خەرییەوە دەهات ، گەڕامەوە وڕۆیشتمە ئەویٚ ، بەڵام خەیرییەی لیٚنەبوو ، دایکمی لیٚبوو ، کە منی بینی . تەریق بووەوە و گوتی : تۆ لە کۆی بووی ؟ بەڵام دەیزانی کە لە کویٚ بووم . دۆڵابەکە کونیٚکی تیٚدا بوو ، لەویٚوە ژووری ویٚنە کیٚشی و ئەگەر دەرگاکەش کراوەبایە هۆڵەکەشی‌لیٚ دیار دەبوو ، خۆ ئەگەر دەرگای هۆڵەکەش کراوە بایە ، ئەوا ژووری نوستنی باپیریشم دیار دەبوو . گوتم : لای باپیرم بووم ، ئەی تۆ لیٚرە چ دەکەی ؟ وتی : مەگەر نەمگوت میوانی هەیە مەچن بۆ لای ؟

بەدەنگیٚکی نزمەوە دەیقیڕاند چونکە نەیدەویست میوانەکە گویٚی لیٚبیٚت ، بەدەنگە شیرینەکەیەوە گوتی :چیان دەکرد ؟ وتم : دانیشتبوون، باپیرم قسەی دەکرد و ئەویش گویٚی ڕادەگرت . وتی : چۆن دانیشتبوو ؟ یەکسەر دانیشتم و لاسایی میوانەکەم کردەوە : من پیاویٚکی زۆر جدیم ، سەیرم کە دایە ، نیٚوچاوانم کۆ کردوٚتەوە و گویٚ لە باپیرم ڕادەگرم و وەکوو مەولوودی خویٚندنەوەش سەرم دەلەقیٚنم . دایکم وتی : ئیٚستا بچۆرە خوارەوە و خەیرییەم بۆ بانگ بکە . دانیشت و لە سەر تەختەی نووسینەکە کاغەزیٚکی هەڵگرت و دەستی بە نووسین کرد . وتم : دایە چی دەنووسی ؟ وتی : مەگەر نەمگوت بچۆرە خوارەوە و خەیرییەم بۆ بانگ بکە ؟! . ڕۆیشتم بۆ مەتبەخ، کاکم گەڕابووەوە . خەیرییە قاپیٚك برنجی لە برنجی میوانەکەی نابووە بەر دەستی . کاکم وتی : سەر شیٚت ، من جیٚدیٚلیٚ و لەگەڵ ماموٚستادا دەڕۆی ! هەمووئەو شتانەم کۆ کردەوە ، سەیر کە دەستم چی لیٚهاتوە ، هەمووی ڕەش بوٚ تەوە . وتم : خەیرییە دایکم بانگت دەکا .

کاکم گوتی : کە نانەکەم خوارد لیٚدانیٚکی باشت دەکەم ، ئەبیٚ تاوانی سەر شیٚتی و تەمەڵیەکت بدەیتەوە . کە خەیرییە ڕۆیشت ، کاکم نانەکەشی تەواو نەکرد و یەکسەر کەوتە گیانم ، دەستمی گرت و مەچەکمی بادا .وتم : وامەکە شەوکەت ، وامەکە گیانم دیٚشیٚنی . وتی : جاریٚکی‌تر کارەکان خراپ دەکەی ؟ هەڕادەکەی ؟ وتم : هەڕاناکەم . وتی : سویٚند بخۆ ، بڵیٚ بە قورئان . وتم : باشە بە قورئان ئیدی واناکەم. بەڵام دیسان بەری نەدام ، کیٚشامیە لای سینی برنجەکە ، بەدەستیٚکەوە برنجی دەخوارد بەویتریش مەچەکی منی پیٚچدەدا ، خەیرییە وتی: زاڵم ، واز لە براکەت بیٚنە ، دیسان لیٚیدەدەی ؟ خەریك بوو بڕواتە ناوکۆڵانەوەکە کە دیسان گوتی:وازی لیٚبیٚنە . وتی:

www.pertwk.com

تو قسە مەکە کچی کۆیلە ، بۆ کوێ دەچی؟ وتی دەچم لیمۆ دەکڕم .

وتـی درۆزن خـوا ڕووت ڕەش بکـات ، خـۆ دۆڵابەکـە لیمـوی تێدایـە . دەستمی شل کردبوو ، یەکسەر خۆم نەجاتدا و شەقێکم تێهەڵدا . دەسکی مۆمدانەکەم گرت ، بەڵام خۆی فڕێدایە سەرم ، خۆیدا لە مۆمدانەکە بەڵام نەیدەقیڕاند . باشە ئەی دایکم چۆن توانیویەتی خۆی لە چاوانی ڕەشە بدزێتەوە و لە هۆڵەکەوە بێتە خوار!؟ لەیەك جیایکردینەوە و وتی : توخمە زۆڵینە ! ئیوە مرۆۋ ڕیسوا دەکەن . کاکم وتی : ئورهان ئێمڕۆ درۆی کردوە ، منی لەلای وەستاکە بەجێهێشت و خۆی ڕای کردەوە . دایکم وتی : بێدەنگ بەو زەلەیەکی لێدا و بە هێواشی لە منیشی دا، براکەم گووتی : من باوکی خۆمم دەوێ و دەستی بە گریان کرد. دوایی وتی : ئەگەر باوکم هاتەوە شمشێرە سوورەکەیمامە حەسەنم دەردێنین و و دەڕۆینەوە بۆ ماڵی مامم . دایکم باڵی شەوکەتی گرت و وتی : بێدەنگ بەو بەرەو لای دیوارەکەی برد . منیش بەدوایاندا ڕۆیشتم ، دایکم وتی : بڕۆنە ماڵەوە . وتم: دایکە ! من هبچم نەکردوە . بەڵام بردینیە ناوەوە و دەرگاکەی لێداخستین . ناوەوە زۆر تاریك بوو ، تیشکێکی جوان لە دەلاقەکەوە دەهاتە ناو ژورەکەوە ، بەڵام دیسانهەر دەترسام .

وتم : دایە دەرگاکە بکەوە ، سەرمامە .

شەوکەت وتی : مەگری ترسنۆك ئێستا دەیکاتەوە . دایکم دەرگاکەی کردەوە و وتی: تاوەکوو میوانەکە دەچیٚ بێدەنگ دەبن یان نا ؟ باشە ، تائەو کاتەی ڕەشە دەچیٚ لەلای ئاگردانەکەدا بەبیٚ دەنگی دانیشن و نەچنە ژوورەوە . شەوکەت وتی : بەڵام لەویٚ ناڕەحەت دەبین ، خەیرییە بۆ کویٚ چوو؟ دایکم وتی : تۆ خۆت دەکەی بەناو هەموو شتێکدا ،خەریکی

زیادەدەڕەوی . لە گەوڕەکەوە دەنگی شیحەی ئەسپێك هات ، ئەسپەکەی ڕەشە بوو وەکوو ئەوەی کە بەرەبەیانی ڕۆژێکی جەژن بێت یان ڕۆژی خۆپیشاندان بیٚ ، ئاوەها بە خۆشیەوە تێپەڕبوو . دایکم بزەیەکی لێدا و وەکوو ئەوەی کە بیەوێت ئێمەش پێبکەنین ئاوەها سەیرێکی کردین لەدوایدا دووهەنگاو ڕۆیشتە دواوە و دەرگای گەوڕەکەی کردەوە و وتی : درررس س . لەدوایدا گەڕایەوە و ئێمەی بردە ناو مەتبەخەکەی خەیرییە ، مەتبەخەکە بۆنی ڕۆنی لێوەدەهات . وتی : تا ئەو کاتەی میوانەکە دەچێت لێرە دەرناکەون ، ئاژاوە مەکەن وبێدەنك دانیشن، باکەس وابیرنەکاتەوە کە ئێوە منداڵێکی بەدخۆ و لەخۆبایین .

–دایکە : با بەر لەوەی دەرگاکە داخەی شتێکت پیٚ بڵێم : جوانکارە بێچارەکەی باپیرمیان کوشتووە .

www.pertwk.com

((ناوی من ڕەشەیە))(7)

ئەوە بۆ یەکەم جاربوو کە لەدوای منداڵیەکەیەوە بیبینم ، ساڵانیکی درێژ شێوەی ڕوخساریم لەبیر چووبوو ،بەڵام لەیەکەم نیگادا هاتەوە یادم .

روومەتی وەکوو دەموچاوە باریکەلەکەی ئورهان وابوو ، بەڵام چەناکەی تۆزێک درێژ تر بوو ، بەپێچەوانەی ئەوەیوا من بیر دەکردەوە ، ڕوخسارێکی خڕۆڵە و جوانی هەبوو ، لەو شارانەدا، وا بیرم دەکردەوە کە ڕوومەتێکی پان و لێوێکی بچکۆلانەی هەبوو ، هەروەها قەڵەوتر سپیتر لە جاران دەهاتەوە یادم . ئەگەر بەپێی نەریتیوێنەکێشە فەرەنسییەکان وێنەیەکی شەکورەم بکێشابایە و لەگەڵ خۆمدا بمبردایە ، لە ساڵانی دوور خرانەوەمدا هەستم بە فەرامۆشکاری و دەربەدەری نەدەکرد . چوونکە ئەگەر ئێوەش خۆشەویستتان هەبێت ، ئەوا دەزانن کە لە دۆخیکی بەو شێوەیەدا مرۆڤ وا هەستدەکات کە تەواوی جیهان موڵکی ئەو. هەستێکی غەریبی دایگرتووم ! دەمەوێ کە زیاتر شەکورەم ببینم ، قسەی لەگەڵ بکەم ، ماچێکی بکەم . مێشکم تێکەڵ و پێکەڵ بووە ! هەستی کەسێکی پیاو کوژ وتاوانبار ئۆقرەی لێبڕیوم ، دەنگێک لە قووڵایی دڵمەوە بانگی دەکردم ودیگوت : هەستە بڕۆ بۆ لای شەکوورە ، ڕامەوەستە . یەکسەر شتێك هات

بە مێشکمدا، وتم: هەرئێستا بەبێئەوەی زاواکەمان هەستی پێبکات دەچمە ناو هەیوانەکە و تەماشای دەرگای هەر پێنج ژوورە کە دەکەم . ئەگەر شەکوورە لە سەر پلیکانەکاندا نەبێت ، یەکە یەکە دەرگای ژوورەکان دەکەمەوە تا وەکوو دەیبینم . لەهەمان کاتیشدا دەمزانی کە ئەم شتانەی وامن بیری لێدەکەمەوە ، هەمووی پڕ و پووچ و بێهودەن ، چونکە ئەوە بۆ دوانزە ساڵی تەواو دەچووکە من لە خۆشەویستەکەم دوور کەوتبوومەوە . بێدەنگ بێدەنگ لە جێگای خۆمدا خۆمم مەڵاسدا و تەماشای ئەو دۆشەکانەم کرد کەوا شەکوورە لەسەریان دانیشتبوو .

گوێم لە زاواکەمان دەگرت و سەیری کەلوپەلەکانی ناوماڵیشم دەکرد ، دەمزانی کە شەکوورە دەستی لێداون. زاوا ئەفەندی گوتی : لە سەر داخوازی سوڵتان ، پێویستە ئەم کتێبە بەرلە سەری ساڵی هێجری تەواو ببێت ، پەناگەی دونیا ، حەزرەتی پادشای خۆشەویستمان ، دەیەوێت بە ڕەچاو کردنی ئەم ڕێکەوتە ئەوە بسە لمێنێت کە ئێمەش بە قەدەر فەرەنسییەکان ڕۆژ ژمێر بەکار دێنین .

هەر وەها پادشا فەرمانی ئەوەشی دابوو کەوا وێنەکێشان بۆ دروستکردنی کتێبی ((جەژننامە)) لە ماڵی خۆیاندا کار بکەن ، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو کە وێنەکێشخانە زۆر جەنجاڵ بوو ، پادشا ئاگاداری ئەوەش بوو کەوا وێنە کێشان بەدزییەوە هاتوچۆی ماڵی زاوا ئەفەندی دەکەن .

زاوا ئەفەندی گوتی : "دەچی وچاوت بە وستا عوسمانی سەرۆکی وێنەکیشان دەکەوێ ، دەڵێن کوێرایی داهاتووە، بەگوێرەی من هەم کوێرایی داهاتووە هەم خڵەفاوە ". سەرە ڕای ئەوەی کە زاواکەمان هیچی لەوێنەکێشی نەدەزانی و ئاگایلە وردە کارییەکانی ئەم ئیشە نە بوو ،

www.pertwk.com

پادشا ئەرکی دروستکردنی کتێبێکی پێسپارد بوو . ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کەوا وەستا عوسمان دڵگیر بێت و بەخیلی پێبباتەوە.

کاتیٚکە تەماشای کەلوپەلی ناومالّم دەکرد دەورانی منداڵیم دەهاتەوە یاد . گڵێمە شینەکەی جاران هەرما بوو ، پوورم زۆر جار بەشانازییەوە باسی ئەو سینی وکووپی قاوەیەی‌دەکرد کەوا لە چینەوە بەرێگای پورتوغاڵ هاتبوون . ئێستاش هەست بە نەرمایی کلاّوەکەی سەر دیوارەکەدەکەم . ئەم شتانە هەمووی ماڵە کۆنەکەی جارانی دەهێنایەوە بیرم و تیشکی خۆشی جارانی دەخستەوە بەر نیگای چاوانم . لەوانەیە خۆێنەرە بەرێزەکانی بەسەر هاتەکەی من سەرەنجی ئەوەیان دابێت کە خۆشی و وێنە دوو خاڵی سەرەکی و بنەمایی ژیانی منن .

هەر لە بەر ئەمە دەمەوێت کە ئەوەتان لەبیر نەچێت کەمن لە نێوان ئەم کتێب و قەڵەم و وێنانەدا ڕۆژانیکی‌خۆشم بەسەر بردووە ،بەڵام کە لەدواییدا عاشق بووم، لەویٚ دەریانکردم . لە ساڵانی دوورە وڵاتی و دوورە خراوەیی عەشقەکەمدا ، بیرم لە قەرزەکانی خۆم بەرامبەر شەکوورە و وێنەکەی دەکردەوە ، چونکە لە ژیانی لاویمدا بەچاوێکی باش و دیدێکی گەشبینانەوە سەیری دونیام نە دەکرد .

بەڵام لە بەر ئەوەی کە بڕوام بە وەڵامدانەوەی عەشقەکەم هەبوو ، بەهەموو پاکییەکەوە سەیری دونیام دەکرد ودونیام بەپاك دەزانی ، هەر بۆیەکتێبەکانی زاوای ئەفەندیم دەخوێندنەوە و گوێم بۆ وانەکانی قوتابخانەرادەگرت وخۆم فێری نەخش و نیگار کێشان دەکرد .لەبەر عەشقەکەم بەرامبەر بەشەکوورە و ڕەتکردنەوی زانیاریو ڕەشبینییەکانی خۆم بووە کە ئەم زانیاری و فێربوونە زێڕینانەم دەستکەوتووە .لە شەوانی

ساردی ژوورەکانی کاروانسەراکاندا لەبەر ئاگری ئاگردانەکان دادەنیشتم ، ئاگرەکان دادەمرکانەوەو بەرەو کوژاندنەوە دەڕۆیشتن ،لە بیرکردنەوەکانما دەمەویست کە لە گەڵ بلێسە کزۆڵەکانی ئاگرەکاندا بەلەرزە لەرزە وە باوەشی پێدا بکەم و لەدوای ماچکردن و جووتبوون لەگەڵیدا لە ناو نیکای یەکتردا نوقم ببین و لەدڵی تاریکاییدا خۆمان بشارینەوە. هەروەها هەمیشە بیرم لەوەدەکردەوە کە ڕۆژێك لەگەڵ ئەو ژنە وا خۆشمدەویٚ ، لە کەنداوێکی بێدەنگەوە بکەوینە خوارەوە . بەڵام لەو هەموو خەیاڵە جوانە تەنیا هەستی بێبەهایی خۆمم بۆ دەماوە !

زاواکەمان وتی : ئەزانی کە لە دوای مردن ڕۆحەکانمان لگەڵ‌رۆحی ئەوانەی وا لەم دونیایەدا پرخەیان لێوەدێت یەکتری دەگرێتەوە !

وتم : نەمدەزانی .

–: لەدوای مردن ڕێگایەکی دوورمان لەبەرە ، بۆیە لە مردن ناترسم ، تەنیا ترسم ئەوەیە کە بەر لە تەواو کردنی کتێبەکەی پاشا بمرم . لە لایەکەوە بیرم دەکردەوە کە عەقڵ و هۆشی من لەهی ئەو زیاترە ولەسەر خۆیەتی ، لەلایەکیتریشەوە عەقڵم لەسەر ئەوە بوو کەئەم پیاوەی وا هەموو کات عەبای گران وپڕبەها لەبەر دەکات دوانزە ساڵ بەر لە ئێستا کچەکەی خۆی پێنەدا بووم ، ئەو بەشەکەیتری مێشکیشم خۆی سەرقاڵی ئەوە کرد بوو کە چۆن بچمە لای گوڕەکە و چۆن سواری ئەسپە زین نەخشینەکەم ببم .

ووتم : هەموو ئەو شتانەی کەوا لە وێنەکێشان فێر بووم ، هەمووی بەکار دەهێنم . دەستیم ماچکرد و لە پلیکانەکان دابەزیم .ڕۆیشتمە ناو حەوشەکە ، کاتیٚ هەستم بە سەرمای بەفرەکە کرد زانیم کە ئیدی منداڵێکی ساوا نیم ، لە هەمان کاتدا ئەوەشم دەزانی کە هێشتا پیر نەبووم . هەستم بە

www.pertwk.com

خۆشی دونیا لەسەر جەستەی خۆمکرد . دەرگای گەورەکەم داخست ،بایەکی سارد هەڵیکرد بوو ، لەغاوی ئەسپە سپییەکەی خۆمم گرتبوو و لەبەر دالانەکەوە بەرەو حەوشەکە دەڕۆیشتم ، لەناکاو ئەسپەکەم سڵی کرد ، بێئارامی و سەر کێشییەکەی لە گرژایی دەماری لاقەکانیەوە دیار بوون ، بە زۆری پێم زەوتکرا ، تەنیا خۆم دەمزانی کەچۆن بووم . خەریك بوو لە کۆڵانەکە دەرچم و سواری ئەسپەکەم ببم لەناکاو ژنێکی گەورە و زەبەلاح هاتە بەرامبەرم ، سەرم سووڕما بوو ، نەمزانی چۆن هات ! ئەو جوولەکەیە کراسێکی پەمبەیی لەبەر کرد بوو . بە بوخچەکەی دەستیەوە هاتەلام.

وەکوو دولابێك پان و گەورە بوو ، کەچی زۆر بە جمو جۆڵیش بوو .

ووتی : شێرە کوڕ ، جوانمێرەکەم ، بە ڕاستی وەکوو ئەوەیوا تاریفیان دەکردی هەر ئاوا جوانی ، ژنت هێناوە یان نا ؟ لەبەر خاتری خۆشەویستیە نهێنییەکەت ئەم دەستماڵە لێدەکڕی ؟ لەتەواوی ئەستەنبووڵدا نموونەی نیە .وتم: نا .

–: ئەی پشتوێنێکی ئەتڵەسی سوور ؟ دیسان وتم : نا .

–: نا نا مەکە بزانم ، مەگەر دەبێ شێرە کوڕێکی وەکوو تۆ دەزگیرانێ ، دەنکێ مەنکێ شتێکی نەبێت ؟

کێدەزانێ کە ئێستا چاوی چەند کچ لەبەر عەشقی تۆ دەسووتێ ؟ ! . لە ناکاو سینەی لە سینەم کەوت . لە هەمان کاتدا وەکوو سیحر بازێك کە لە هیچەوە شتێك دروستدەکات ، نامەیەکی دەرهێنا .چاو و ئەبرۆکانم دایەك و سەرەنجم دایە سەر نامەکە ، وەکوو بڵێی کە سالانێکی دوور و درێژ بۆ ساتێکی ئاوەها پەروەردە کرا بێتم ، بە پەلە نامەکەم خستە تۆیی پشتوێنەکەمەوە ،نامەیەکی گەورە بوو .لە بەینی سك وپشتوێنەکەمدا دامنا

بوو ، هەستێکی سەیر دایگرتم ! هەر لە ئێستاوە لاشە ساردەکەمی وەکوو ئاگر لێکردبوو .

ئەستەری بوخچەچی وتی :" سواری ئەسپەکەت بەو بەغار لێی خوڕە ڕێکی ئەم دیوارە بڕۆ و بەشانی ڕاستدا بکەرێرەوە ، هیچ خۆت تێك مەدە ، کاتێ کە گەیشتیتە لای دار هەنارەکە لابکەرەوەو تەماشای پەنجەرەی ئەو ماڵە بکە وا لێی بووی ". ڕیگای خۆی گرتە بەر و لە نیو دارەکاندا ون بوومنیش سواری ئەسپەکەم بووم .

((ناوی من ئەستەرە)) (8)

دەزانم زۆر کەستان دەتانەوێ بزانن لەناو ئەو نامەیەی وادامە دەستی ڕەشەوە چی نووسرا بوو ، منیش دەمەویست بزانم ، هەر بۆیە هەموویم خوێندەوە . ئەگەر بتانەوێ دەتوانن لاپەڕەکانی ئەو ڕۆمانەی وا دەیخوێنن هەڵدەنەوە بەرو دواوە بڕۆن و بزانن بەرلەوەی نامەکە بدەم بە ڕەشە چی قەوما بوو ، ئێستا هەموویتان بۆ باس دەکەم .

ئێوارە وەختەو لەماڵەکەی خۆمان لە گەڕەکی جوولەکەکان لە وپەڕی خەلیجدا دانیشتووین، پیرەژن و پیرەمێردێکین وقرخە قرخمانە و دار دەخەینە ناو ئاگردانەکە بۆ ئەوەی گەرم ببینەوە . کە دەڵێم پیرم ، وانەزانن کە هیچم لێنایە و کاتم بەسەر چووەو بڕوا بکەن کاتێکە دەستماڵەئاورێشمینەکەم گرێدەدەم و کراسە ڕەنگاوڕەنگەکەم دەکەمە بەر کە بە کەشتیە پورتوغالییەکە بۆیان هێناوم و گوستیلەکانم دەکەمە دەست

www.pertwk.com

و گوێوارەکانم دەکەمە گویٚ وملوانکە کەم دەبستم و مورگە جوان و وردیلەکانم هەڵدەواسم ودەستکێشەکانم دەکەمە دەست و چارۆکەکەشم دەدەم سەردا و بوخچەکەم هەڵدەکرم ،دڵی هەموو ژنان دەخەمە ناو تامەزرۆیی حەسرەت و کۆڵان بە کۆڵانی ئەم ئەستەنبووڵە دەگەڕێم .

نامەی ئەم دەبەم بۆ ئەو لەو ماڵەوە دەچمە ئەویدی . نیوەی کچانی ئەستەنبووڵم داوە بە شوو ! ئەمانەش بۆ خۆ پەسەندان باس ناکەم . با لە سەری نەڕۆین ، ئێوارە وەختان بوو ، تەق تەق لە دەرگایاندا ، کارەکەرەگێلەکە ! خەییریە بوو ، نامەیەکی پیٚ بوو ، نازانم ! لەوەدەچیٚلە بەر سەرما پەشۆکا بووبیٚ،بەترس و لەرزەوە داواکارییەکەی پیٚڕاگەیاندم . سەرم سووڕ مابوو ، لە سەرەتادا وامزانی نامەی بۆ حەسەن ناردووە ، ئەگەر بە من بیٚ ، پێویستە ئەو شەکوورە جوانە ، حاشا بکات و مێردێکیتر بکات ، چونکە ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچیٚ مێردەکەی نەگەڕاوەتەوە ، شووەکەی کابرایەکی سەربازە و برایەکی چاوهەڵگەڕاوی هەیە کە ناوی حەسەنە .

تێگەیشتم کە نامەکەی شەکوورە بۆ حەسەن نییە ، بەڵکوو بۆ کەسێکیترە ، چی تێدا نووسراوە ؟ خەریك بوو هار ببم هەتا نامەکەم خوێندەوە ، ئەوەی ڕاستی بێت لە بەر ئەوەی کە نەتانناسم ، تۆزێك شەرم دەکەم،هەر بۆیە پێتان ناڵێم کە چۆن نامەکەم خوێندەوە وادیارە ئێوە بەقەدەر سەرتاشەکان زانخواز نییەن، ئەمەعەیبێکی زۆر گەورەیە ! سووك تەماشای من دەکەن . کە نامەکەیان بۆ خوێندمەوە ، هەندێك شتی لێتێگەیشتم تەنیا ئەوەتان بۆ باس دەکەم : شەکورەی شیرین وەهای نووسیبوو:

"ڕەشەی بە ڕێز : لە بەر پێوەندییەکانت لەگەڵ باوکمدا هاتوو چۆی ماڵی ئێمە دەکەی ، لە دوای ڕۆیشتنی تۆ زۆر شت قەوماوە ، مێردمکردوە و دوو شێرە کوڕم لێی هەیە ، ئەوەی وا بەرلە ئێستا هات و بینیت ، ئورهان بوو ، ئەوە چوار ساڵە کە چاوە ڕوانی مێردەکەم دەکەم ولەوەیش زیاتر بیر لە کەسیتر ناکەمەوە ، لەگەڵ باوکێکی پیر و دوو منداڵدا هەست بە بێچارەیی و بێکەسی دەکەم و پێویستم بە مێردێك هەیە کە دەستی بە سەرمەوە هەبێت ، بەڵام بڕواناکەم کە کەسێك بتوانیٚ لەو وەزعەی من کەڵك وەربگریٚ . لەم ڕووەشەوە تکات لێدەکەم کە جارێکیتر لەدەرگاکەمان نەدەی . جارێك شەرمەزارت کردووم ، کێدەزانیٚ کە چەندە مەینەتم کێشاوە تاوەکوو پاکانەی خۆمم لەلای باوکم کردووە ! کاتیٚ کە جوانێکی ژیر و لووت بەرز بوویت ، وێنەیەکت بۆ کێشا بووم . لەگەڵ ئەم نامەیەدا دەینێرمەوە بۆت . خۆت ئومێدوار مەکە . ئاماژەیەکی هەڵە وەر نەگری بۆ خۆت ! ئەوەی کە دەڵێن مرۆڤەکان بە تەماشاکردنی وێنەیەك عاشق دەبن هەمووی درۆ و دەلەسەیە. دەمەوێت کە پێت لە بەر دەرگای ماڵی ئێمە ببڕی ، ئەمە لە هەموو شتێك باشترە ."

ئاخ شەکورە داماوەکەم ! خۆ پیاوێك یان ئاغا و پاشا یەك نیت کە مۆرێکت هەبیٚ و لە بنی نووسراوەکەتی بدەی . سەرەتای ناوەکەی خۆی وەکوو پەلەورێکی ترسە نۆك لە گۆشەی خواری نامەکەوە نووسیبوو . لەوانەیە بتانەویٚ بزانن کە من چۆن نامە مۆردارەکان دەکەمەوە و دەیانخوێنمەوە ، خۆ ئەم نامانە مۆریان پێوە نییە . لەوانەیە ئێستا شەکوورە وا بیر بکاتەوە کە من ژنە جوولەکەیەکی هیچ نەزانم و نامەکەی ناخوێنمەوە . ڕاستە ، من نۆسراوەکانی ئێوە ناخوێنمەوە بەڵام کەسێکیتر

www.pertwk.com

بۆم دەخوێنێتەوە . لەوە دەچێت کاتێ کە باسی خوێندنەوەی نامەکانتانم کرد سەرتان لێشێوا بێت ! با وەها باسی بکەم کە تەنانەت کەسانی هیچ نەزان و گێلیش لێم تێبگەن .

ئەو شتەی کەوا پێی دەڵێن نامە تەنیا وەکوو نووسراوە ناخوێندرێنەوە ، بەڵکوو ئەمەش وەکوو کتێب بە بۆن و هەست و دەست لێدان دەخوێندرێتەوە . ئەوانەی کە زانا وژیر بن دەلێن کە : نامەکە بخوێنەوە بزانم چی دەڵێ ،ئەوانەش کە گەمژە و تێنەگەیشتووبن دەلێن : "نامەکە بخوێنەوە بزانم چی نووسراوە ". خوێندنەوەی نووسراوەکە هونەر نییە ، بەڵکوو شتی گرنگ خوێندنەوەی تەواوی نامەکەیە . گوێڕاگرن بزانن کە شەکورە چ شتانیکی تری گوتبوو :

1- (نامەوێت نهێنی کاری بکەم) هەر بۆیە نامەکە ئەستەرەوە دەنێرم کە ناو بانکێکی دەر کردووە .

2- (نامەکە زۆر مەپێچێنەوە ، بۆ ئەوەی کە کەس وا تێنەگات کە نهێنی کاری تێدایە)

نامەکە کراوە بوو ، ڕەسمێکی گەورەشیلەگەڵدا بوو ! بە ڕای من ئەمە ڕەتکردنەوە نییە ، بەڵکوو گەڕانەوەی ئەوین و بانگهێشتێکی عەشقە.

3- ئەمەش لە بۆنی نامەکەوە دیار بوو ، ئەمە بەقەدەر دوودڵی ئەو کەسەی وا نامەکە دەکاتەوە نادیارە (ئەمە بۆنی دەستییەیان وەکوو خۆی عەتری لێداوە ؟)لە ڕاستیدا کەس لە بەرامبەر ئەمەدا بێ هەڵویست نابێت ، چونکە شتێکی سەرەنجڕاکێشە . ئەم بۆنە مێشکی ئەو کەسەی تێکدا کەوا نامەکەی بۆ خوێندمەوە و دڵنیام کە بەشی تێکدانی عەقڵی ڕەشەش دەکات !

4- من ئەستەرێکی نەخوێندەوارم ، عەشقی ئەم دێڕانە لە قەلەمەکەدا شاراوەیە . ئای لە من ! چەندە پەلەپەل دەکەم ! سەرە ڕای ئەوەی کە دەڵێ بایەخێکی زۆرت پێ نادەم ، ئەڵێی پیتەکانی بەر شنە بایەکی نەرم کەوتوون و زۆر بەناسکی و جوانی لەپاڵ یەکدا ڕیز کراون و بە پێچەوانەی قسەکانی ، شتانێکی شاراوەیان تێدا یە کە دەڵێ : " تۆزێك بەر لە ئێستا ئورهانت بینی " ، ئەمە مانای وایە کە بە دزییەوە سەیری کردووە .

5- ئەگەر من ئەستەرە جوولەکەکە بم وادەزانم کە کاتێ شیرین چاوی بە وێنە جوانەکەی خەسرەو دەکەوێ یەکسەر عاشقی دەبێ . ژنە خۆش خەیاڵەکانی ئەستەنبووڵ گیانیان بۆ شتێکی ئاوەها دەردەچێ، بەڵام نازانم ! ئەوە یەکەم جار ە کە دەبینم کەسێك وێنەیەك بنێرێتەوە . زۆرجار زۆر کەسم تووش دەبێ کە دەڵێن ئەو نامەیەمان بۆ هاتووە ، زەحمەت نەبێ بۆمانی بخوێنەوە . نووسراوەکان زۆر سەیرن ، پەشۆکاوتان دەکات و خاوەنی نامەکەش لە بەر ئەوەی کە دەزانێ ئێوە نامەکەتان خوێندۆتەوە ، بە شەرمێکەوە داواتان لێدەکات کە جارێکیتر کاری وا نەکەن ، بەڵام جارێکیتر دەیخویننەوە ، لە دواییدا ئەوەندە دەخوێندرێتەوە کە هەر دووکتان لەبەری دەکەن و وای لێدێت کە جارجار پرسیار بکەن و بڵێن ئالێرە یان لە وێدا چی نووسراوە . زۆر لەو کچانە ، لەگەڵ ئەوەی کە نەخوێندەوارن و ناتوانن نامەکان بخوێننەوە ، هەموویان لەبەر کردووە . هەر بۆیە زۆر جار نەخوێندەوارییەکەی خۆمم لەبیر دەچێتەوە ودەمەوێ ماچیان بکەم لەلایەکیترە جارجار کە کچەکان دەیانەوێ تەماشای نامەکە بکەن و دەستی پێوەبدەن هەندێك حەیوانی نەفام دەڵێن : ئەوە چ دەکەن ؟ مەیخوێننەوە ، ئیدی تەماشای چی دەکەن ؟ یان وەکوو ئەوەی کە نامەکە

www.pertwk.com

هـی خـۆی بێـت لای خـۆی دەیهێڵێتـەوە و نایداتـەوە بـە کچـەکان . ئەوسـا شەڕەکە بۆ من دەمێنێتەوە و تووشی شەڕ دەبم و نامەکەیان لێدەسێنمەوە و دەیدەمەوە بە کچەکان .

ئیشەکەی من ئاوەهایە ، ئەگەر حەزتان لێبکەم یارمەتیتان دەدەم .

((من شەکورەم)) (9)

نازانم لە بەر چی بوو ؟ کاتیٚ‌ڕەشە بە سواری ئەسپەکەیەوە لەو بەرەوە تێپـەڕ دەبـوو منـیش چـوومە بـەر پەنجەرەکـە و تەماشـای ئـەوم دەکـرد . ماوەیەکی درێژ لە بەر دەلاقەکەدا مامەوە . ناتوانم هەموویتان بۆ باسبکەم ! دەمزانی کە ڕەشە لەوێوە دەچێت ، بۆیە بە ڕێگای خەییریەوە خەبەرم بۆ ئەستەر ناردبوو . بۆ تەماشاکردنی چارۆکەکانم ڕۆیشتبوومە ناو ژووری

بەرامبـەر دار هەنارەکـە ، کەچـی لـە خۆمـەوە و بـە هـەموو توانایەکمـەوە دەلاقەکـەم کـردەوە و یەکسـەر چاوم پڕ بـوو لـە تیشـکی هـەتاو، لـە دواییـدا چـاوم بـە ڕەشـە کـەوت . ئـای چـەندە جـوان بـوو ! گـەورە و مـاقووڵ بـووە ، زیپکـەکانی کـاتی جـوانی نـەماوە و زۆر قـۆز بـووە . لـە دڵـی خۆمـدا وتم : شەکورە ! سەیری ڕەشە بکە ، برا ڕۆ کە قۆزە ! تۆ سەیری چاوەکانی بکە ! ئـۆی لـە مـن ! چـیم کردبـە خـۆم! نامەیـەکم بـە پێچـەوانەی ئەمانـەوە بـۆ نووسیوە !

دوانزە ساڵ لە من گەورەتر بوو ، لە دوانزە ساڵی خۆمدا وا هەستمدەکرد کە لە ئەو پێگەیشتووترم . لە باتی ئەوەی کە وەکـوو کوڕێکـی هـەرزە کـار لـە بەرامبەرمدا ڕاوەستیٚ و بڵیٚ : ئەمە دەکـەم و ئـەوە دەکـەم ، لێـرە بازدەدەم و لـەوێوە دەچـمە سـەرەوە ، سـەری دادەخسـتە سـەر کتێـب و وێنـەکانی بـەر دەستی و نیگای چاوەکانی تێدا ون دەکرد . لـە دواییـدا عاشقم بوو بوو . تەمـەنم گەیشـتبووە دوانـزە سـاڵ ئیـدی لـەوە دەترسـام کـە ئەگـەر ڕوو بـە ڕووی‌یـەك ببینـەوە چـاومان بەیەکـدا هەڵـدەتۆقیٚ و عاشـقمدەبیٚ . بـەڵام بـۆ نموونە جارجار دەیگوت ئەوچەقویەم پێدەدەی کـە دەسکەکەی لـە شـفرەی فیـل دروسـتکراوە ، کەچـی لـە دواییـدا سـەری هەڵنـەدەبڕی و تەماشـای نێـو چاوانمی نـەدەکرد . یـان بۆ نموونـە ئەگـەر بمگوتبایـە شـەربەتی گێڵاسـەکە خۆشـە ؟ ئەگەرکەسـێك دەمیشـی پـڕ بێـت بـە بزەیـەکی شـیرینەوە یـان بـە گوزارشتکردنێکی جوانەوە وەڵامێکی ئەرێنی دەدات ،بە لاٚم ئـەو هـیچ کاتێـك وەهـای نـەدەکرد و وەکووئـەوەی کـە لەگـەڵ گێلێکـدا قسـە بکـات بـە هـەموو توانایەکییـەوەدەیگوت : بـەڵیٚ . لـە ترسـاندا نەیـدەوێرا تەماشـام بکـات . ئەوسا زۆر جوان بووم ، هەر کوڕێکی هەرزە کار لە بەر دەرگایەکدا یان لەبەر

www.pertwk.com

پەنجەرەیەکدا چاوی پێبکەوتبایم یەکسەر عاشقم دەبوو . ئەمانەتان بۆ خۆ پەسەندان و لە خۆتاریفکردن بۆ باسناکەم ، بەڵکووبۆ ئەوەیە کە لە داستانەکەم تێبگەن و بەسەرهات وچارەی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە .

کاتێکی تایبەت هەیە لە ناو بەسەرهاتی عەشقەکەی خەسرەو وشیریندا کە هەمووتان پێی دەزانن ، من و ڕەشەش زۆر جار باسی ئەوەمان دەکرد . شاپوور دەیەوێت کە خەسرەو شیرین بکات بە دڵداری یەك ، ڕۆژێك لە ڕۆژان شیرین لەگەڵ خزمەتکارەکانیدا دەچێت بۆ گەشت وگوزار بۆ لادێ و گوندەکانی وڵات . لە بن دارێکدا بۆ پشوودان ڕادەوەستێ ، کاتێ سەر هەڵدەبڕێ ، وێنەیەکی هەڵواسراو دەبینێ . تومەزە شاپوور بە دزییەوە وێنەی خەسرەوی لەوێدا هەڵواسیوە ، شیرین کە چاوی بە وێنەکە دەکەوێت ،یەکسەر عاشقی دەبێ . ئەم کاتەی وا بەبی بینینێ خەسرەو عاشقی دەبێت ، شایانی باسەئەمە لە لایەن وێنەکێشانەوە بە سەدان جار کراوە بە وێنەی جوان . ئەو کاتانەی ڕەشە لەگەڵ باوکمدا ئیشی دەکرد ، زۆر جار ئەمەی بینی بوو ، یەك دوو جاریش بە سەیر کردنەوە وەکوو خۆی وێنەیەکی لێکێشا بوو . کاتێ کە عاشقم بوو هەر ئەو وێنەیەی کێشا، بەڵام ئەم جارەیان لە باتی وێنەی خەسرەو شیرین وێنە من و خۆی دانا بوو ، ئەگەر نووسراوەکەی ژێرەوەی وێنەکە نەبایە کەس نەیدەزانی کە ئەمە وێنەی من و ئەوە . وێنەکەی منی بە ڕەنگی شین و ئەوەی خۆشی بەسوور بۆیاخ کرد بوو .لە وەش زیاتر لەژێر وێنەکەی خەسرە و شیریندا ناوی من و خۆی نووسیبوو . وێنەکەی وەکوو تارانێکی دیار وبەر چاو خستبوە جێگایەك کە من بیبینم و خۆیشی هەڕای کرد بوو .

دەمزانی کە وەکوو شیرین عاشق نابم بۆیە هەر بۆیە باسم نەکرد تا ئەو

کاتەی کەگەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان، شەوێك لەو شەوانەی وابە شەربەتی گێلاسی سارد کراو ی چیای " ئولۆداغ " دەروونی خۆمان فێنك دەکردەوە بە باوکمم گوت . ڕەشە ئەو کاتانە تازە قوتابخانەی تەواو کرد بوو ، باوکم زۆری بۆ هێنا کە لە لای ((نایم پاشا)) دابمەرزێت . هەر وەها لە گەڕەکەکانی خواری شاردا وانەی دەوتەوە، باوکم دەیگوت : "بە جۆرێك کار ناکات تاوەکوو بچێتە لای ((نایم پاشا)) ، ڕەشەلووتی بەرزە و کوڕێکی ژیرە ."

بەڵام ئەو شەوە مانای قسەکەی لە ئێمە هێنا و وتی : ئەم خوشکەزاگە فەقیرەمان چاوی بڕیوەتە جێگای بەرزتر .گوێم نەدایە . دایکم وتی :ئەوە نەبوو کە ئێمە دەمانزانی ئەم کوڕە زۆر ژیرە ! لە ڕۆژانی دوای ئەوەدا مەگەر خودا خۆی بزانێت کە باوکم چیدەکرد ، بۆ ئەوەی کە لە من وباوکم ڕق هەڵنەگرن ، باسی ئەوەتان بۆ دەکەم کە چۆن لە ماڵی ئێمە و گەڕەك و شار دوورخرایەوە . بڕوابکەن هیچ چارەیەکی ترمان نەبوو . ئەو کاتانەی کە ئەم عاشقە بێ هیوایە بێ ئومێد کرا، ئەگەر کەسانێکی ماقووڵ هەبایەن ، لەو دونیا بێ یاسایەی دڵ تێدەگەیشتن و دەیانگوت : ئێمەیان بەیەك ڕەوا نەبینیوە و کۆتایی بەباسەکە دەهێنا. دایکم چەند جارێك گوتی : دڵی منداڵەکە مەشکێنن . ئەو منالەی وا دایکم باسی دەکرد ، تەمەنی بیست و چوار ساڵ بوو ، لەبەر ئەوەی کە باوکم ئەم کارەی ڕەشەی وەکوو بەڕەڵایی وهەرچی وپەرچێتی لەقەڵەم دەدا بەقەستەوە بەپێچەوانەی قسەی دایکمی کرد وداواکارییەکانی بەجێنەهێنا .دواتر هەواڵی ئەوەمان پێگەیشت کە ئەستەنبووڵی بەجێهێشتوە ، ئەگەر فەرامۆشیشمان نەکرد بێ ، ئەوا بیریشمان لێنەدەکردەوە . بەڵام لە بەر ئەوەی کە نەمدەزانی لە چ شارێکدایە

www.pertwk.com

لە بیرەوەریەکانی کاتی منداڵی وێنەکەییم شاردەوە و هەڵمگرت و لای خۆم وتم : ئەمە کارێکی باشە . بەڵام بۆ ئەوەی کە باوکم نەیبینێ و مێردەکەم چاوی پێی نەکەوێ و لێم خانووگمان نەبێ ، بە شیوەیەکی زۆر هۆستایانە دوو دڵۆپ مورەکەبی " حەسەن پاشایم " داتەکاندە سەر ناوەکەی من و خۆی .

وەکوو گۆڵێکی لێهاتوو، کەس نەیدەزانی کە چییە . ئەگەر لەنێوان ئێوەدا کەسێك هەبێت و بیەوێت کە لەبەرامبەر مندا ئەمە بەکاربهێنێ ، بابزانێ کەمن ئەمڕۆ وێنەکەم بۆ ناردەوە و لەبەردەقەلاکە شەوە تەماشامکرد ، باهەر بەمەشەوە تەریق بێتەوە و تۆزێك بیربکاتەوە . کاتێ کەلە دوای دوانزە ساڵ ڕۆیشتمە بەرامبەری ماوەیەك لەبەر سوورایی هەتاوی ئێوارەدا مامەوە ، باخچەکەمان لەبەر ئەو ڕەنگە سوورە ، ڕەنگێکی(کاڵتر) تورنجی بەخۆوە گرتبوو . تائەو کاتەی کە باش سەرمام بوو لەوێدا ڕاوەستام ، هیچ بایەك نەدەهات، ئەگەر بابم یان کەسێکی تر منی بدیبایە یان وەکوو چاویان بەرەشە بکەوتایە کە دەگەڕێتەوە و لەبەرامبەرمندا تێپەڕ دەبێت چییان دەگوت ؟. گوێی لێمەدەن ، بەخەیاڵیشمدا نەدەهات . هەفتەیەك جارێك لەگەڵ یەکێك لە کچەکانی "زیوەر پاشا "دا دەڕۆیشتین بۆ حەمام . کچێکی دەم بەپێکەنین و زۆرزان بوو ، لەکاتی چاوەڕوان نەکراودا قسەی وا سەیر سەیری دەکرد کە مرۆڤ سەری سوڕدەما . ناوی "مەسوورە" بوو، ڕۆژێك گوتی :کاتی وا هەیە شتێك دەڵێم ، کە دەیلێم تازە تێدەگەم کە بیرم لێنەکردۆتەوە ، بەڵام کاتێکیش کە تێدەگەم بە بڕوایەکی تەواوەوە بەپێچەوانەی ئەوە بیر دەکەمەوە .

لەنێو هەموو ئەو وێنەکێشانەی کەوا باوکم بانگی دەکردن و هاتووچۆی

ماڵی ئێمەیان دەکرد ، ئەوەیان کە لەهەموویان زیاتر ڕۆحێکی پیس و هەژاری هەبوو ، زەریڤ ئەفەندی بوو ، ئەگەر لێتانی نەشارمەوە پێویستە کەبڵێم بە دزییەوە تەماشای هەمویانم دەکرد .

دەلاقەکەم داخست و لەژوورەکە دەرکەوتم و ڕۆیشتمە خوارەوە بۆ مەتبەخەکە .

ئورهان وتی : دایە ، شەوکەت بەقسەی تۆی نەکرد ، کاتێ ڕەشە ئەسپەکەی لە گەوڕەکە هێنایە دەر ، شەوکەتیش لە مەتبەخەکە دەرکەوت و لە کونی دیوارەکەوە تەماشای ئەوی کرد .

شەوکەت دەستێکی ڕاوەشاند و وتی : دەی جا چییە ! خۆ دایکیشم لە کونی دۆلابەکەوە تەماشای دەکرد وتم : خەیرییە ، ئێوارە نانی بادامیشیرینیان بۆ دروست بکە .

ئورهان هەڵقونی و دڵیخۆش بوو ، بەڵام شەوکەت نووکەی نەکرد . لە پلیکانەکەوە سەردەکەوتم کە هەردووکیان بە قەپووقاڵ و بەپەلەپەل هاتن و گەیشتنە لام . قاقایەکی پێکەنینم لێدا و یەکی یەك مشتی سوکەڵەم لەپشتە ناسکۆڵەکانیان دا . چەند خۆشە ئێواران لەگەڵ مناڵەکانتدا لە ماڵێکدا بیت ! باوکم بێدەنگ بێدەنگ کتێبەکەی دەخوێندەوە .

وتم : میوانەکەمان چوو، هیوادارم کە ئازاری نەدابن . وتی : نا ، وەکو جاران لەبەرامبەر زاواکەیدا بەڕێزە.

- زۆر باشە .
- بەڵام تۆزێکیش بەحیساب و تەدبیرەوە هەڵسوکەوت دەکات .

ئەمەی بۆ ئەوە نەگووت کە بزانێ من چی دەڵێم ، بەڵکوو بۆ ئەوە بوو کەڕەشەی پێبچووك بکاتەوە و بابەتەکە بگۆڕێت ... .

www.pertwk.com

ئەگەر کاتێکی تر بایە بەزمانە درێژەکەی خۆم وەڵامێکی باشم دەدایەوە . ئەم جارە کە بە سواری ئەسپە سپیەکەیەوە بیبینم و بەرەو لای من نزیك دەبووەوە ، زۆر پەشۆکابوو بووم لەدوایشدا نازانم چۆن بوو کەمن و " ئورهان " لەژوورەکەدا باوەشمان کردبوو بەیەکدا ، "شەوکەتیش " پاڵی پێوەدام ، ماوەیەك دەستیان کرد بە ئاژاوە و شەڕە قسە . وەکو توتکە سەگ خۆشمدەویستن ، ماچمکردن ، سەر و قژ و پشت و دەم و چاویانم ماچکرد و بەرەو سینگی خۆم ڕامکێشان ، هەستم بەقورسایی لاشەیان لەسەر مەمکەکانم کرد .

وتم : ئیێ یێیێ بۆنی قژتان دێ . بەیانی لەگەڵ خەیرییەدا دەچن بۆ حەمام .

شەوکەت وتی : من نامەوێ ئیدی لە گەڵ خەیریەدا بچم بۆ حەمام .

– : بۆ زۆر گەورە بووی ؟

– : دایە بۆچی ئەمڕۆ ئەو کراسە مۆرە جوانەت لە بەر کردووە ؟

ڕۆیشتمە ژوورەکەی ترەوە و کراسەکم گۆڕی و کراسە سەوزەکەم لە بەر کرد . هەمیشە ئەم کراسەم لە بەر دەکرد ، کاتێ کە جلەکەم داکەند سەرمام بوو ، ترس ولەرزێك هات بە گیانمدا . بەڵام لەبەر گەرمای زۆری لاشەم هەستم بە لەسەرخۆیی سك و لاشەی خۆم کرد . گۆنام تۆزێك سوراویی پێوە مابووەوە ، کاتێ کە لە گەڵ منداڵەکاندا خۆمان بە یەکتریدا دادەدا ، سڕابووەوە . تۆزێك تفم دا لە دەستم و بەسەر گۆنامدا هێنام و بردم تا وەکوو جوان بڵاو بووەوە . هەندێك لەو خزمەو ناسیاوانەی وا لە حەمام دا من دەبینن پێم دەڵێن کە : تۆ لە ژنێکی بیست وچوارساڵی خاوەن دوو منداڵ ناچی ، بە پێچەوانەوە لە کچێکی تەمەن شەش ساڵ دەچی، حەز

دەکەم ئێوەش بڕوایان پێبکەن ، ئەگینا هیچتان بۆ باسناکەم . قسە کردنەکەم لە گەڵ ئێوەدا کەم نەبینن و سووکایەتیم پێمەکەن ، ئەوە ساڵانێکی دوور و درێژە کە باوکم تەماشای وێنەی ناو کتێبەکان دەکات . منیش هەموو کات لە ناو ئەوانەدا بە دوای ژنان و جوانەکاندا گەڕاوم ، ئەگەر کەمیش بێت بەڵام دیسان تییێدا هەیە ، هەموویان شەرمەزار و شەرمۆکن، وەکووئەوەی کە دوای لێبوردن بکەن لە بەرامبەر یەکدا ڕاوەستان . نابێ کە ڕاوەستانەکانیان وەکوو ڕاوستانی پیاو و پادشاو سەربازەکان بێ ، لە بە ڕداوە شاوەیی و بێ سەرنجی هەندێك لەو وێنەکێشانە ، هەندێك لە ژنان لە باتی ئەوەی تەماشای خۆشەویستەکایان بکەن تەماشای شتانێکیتری وەکوو پەراخێکی ئاو دەکەن ودواتر چاو دەبڕنە چاوی خۆینەر . داخۆ ئەو خۆێنەرە کییێە کە وا هەموو کات سەیری دەکەن ؟ زۆر جار بیرم لەوە کردۆتەوە . کاتێ کە دەبیسم گاورە زانخوازەکان لە کاتی تەیموورەوە تاوەکوو ئێستا کتێبی کۆنی دووسەد ساڵە دەکڕن و ئاڵتونی پێدەدەن ، ترس و لەرزێك دامدەگرێت . لەوانەیە ڕۆژێکیش کەسێك لە جێگایەکی دوورەوە ئەم بە سەر هاتەی من بخۆێنێتەوە ، ئایا هەستی کەوتنە ناوداستان و کتێب هەر ئەمە نییە ؟ ئایا ئەو هەموو پادشا و وەزیرە کە نووسەران ڕادەسپێرن بوچ ئەوەی کە لە سەریان کتێب بنووسن و وێنەیان بکێشن لە بەر هەمان ترس و لەرز وەها ناکەن ؟ کاتێکە منیش لە دەروونمدا هەستم بەم لەرزە کرد ،ویستم وەکوو ئەو ژنانەی وا چاوێکیان لەوەیەکە کێلە کوێ و کەی کتێبەکە دەخوێنێتەوە قسە بکەم . ژنێکی جوان و ژیرم و پێمخۆشە کە ئێوە سەیرم دەکەن ، ئەگەر جار جارێکیش یەك دوو درۆ بکەم ، ئەوە بۆ ئەوەیە کەبە هەڵە لە سەر من بیر نەکەنەوە .

www.pertwk.com

لە وانەیە هەستان بەوە کردبیٚ کە باوکم منی خۆشدەویٚ ، بەر لە من سیٚ کوڕی هەبوو ، باوکم لە بەرامبەر منداتیٚکدەچیٚ و دەلەرزیٚ ، ویستی بمدا بە پیاویٚك کە خۆی هەڵیبژاردبوو ، بەڵام من شووم پیٚنەکرد . بە گویٚرەی باوکم ، پیٚویست بوو کە میٚردەکەی من پیاویٚکی زانا و ویٚنەکیٚش و هونەر دۆستبایە ، خاوەن دەسەڵات بایە و کوری "قارون"ی دەوڵەمەند بایە ، من باش دەمزانی کە شتی ئاوەها تەنانەت لە ناو داستانەکانیشدا نابن و ئەگەر بە قسەی باوکمم بکردایە ئەوا دەمامەوە و میٚردم نەدەکرد . هەر بۆیە دلٚم چووە کابرایەکی سوپاهیوە بوو میٚردیشم پیٚکرد ، هەموو کەس باسی جوانی میٚردەکەی منی دەکرد . لە ژیٚرە هەواڵم بوٚ ڕیٚکردبوو ، وتبوم دەمەویٚ بیبینم . ڕۆژیٚك لە حەمام دەگەڕامەوە ، ئەویش لەسەر ڕیٚ ڕاوەستا بوو . کە چاوم پیٚکەوت یەکسەر عاشقی بووم ، کوڕیٚکی ئەسمەری لاشە سپی بوو ، چاوە سەوزەکانی زۆر جوان بوون ، دەست و مەچەکیٚکی بە توانای هەبوو ، وەکوو منداڵیٚك کە خەوبیباتەوە ئاوەها پاك و بیٚدەنگبوو . لەوانەیە لەبەر ئەوەی کەوا هەموو ژیانی خۆی لە مەیدانەکانی شەڕدا بۆ پیاو کوشتن تەرخان کردبیٚت ، من وا هەستمدەکرد کە بۆنی خویٚنی لیٚوە دیٚت. بیٚدەنگ بیٚدەنگ بە ئارامی دانیشتبوو ، باوکم دەیگوت : ئەمە سەربازیٚکی ڕەش و ڕووتە و تۆی پیٚنادەم . بەڵام کە وتم ئەگەر منی نەدەی خۆم دەکوژم ، یەکسەر ڕازی بوو . ئەم پیاوە لە هەموو شەڕیٚکدا زۆر پیاوانە ئەم لا وئەولای دەکرد و وەکوو کوڕی کوڕانە هەموو کاریٚکی دەکرد ، هەر بۆیە پایەیەکی باشیان پیٚداو دەهەزار ئاکچەی(پارەیکاتی عوسمانییەکان) بردەوە . چوار ساڵ بەر لە ئیٚستا سەربازە کانیتر لە شەڕی سەفەوییەکاندا گەڕانەوە بەڵام ئەو نەهاتەوە ، خەفەتی زۆرم خوارد . چونکە هەرچی

دەچوو لە شەڕدا شارەزاتر دەبوو و بە گویٚرەی خۆیشی کاری جۆرا و جۆری دەکرد . پلەی بەرزتری وەردەگرت سەربازی زیاتری فیٚری شەڕ دەکرد . هەندیٚك کەس دەیانگوت : بەچاوی خۆمان بینیومانە کە لە هیٚزی پیادەی " سوپا " جیا بووەتەوە و لەگەڵ پیاوەکانی خۆیدا چوونە ناو شاخەکان . لە پیٚشدا وامدەزانی کە دەگەڕیٚتەوە ، بەڵام کە دوو ساڵی بە سەردا چوو ئیدی کەم کەم ڕاهاتم.

کاتیٚکیش کە زانیم ژنی وەکوو من زۆرە وهیٚشتا میٚردەکانی ئەوانیش نەگەڕاونەتەوە زووتر عادەتم پیٚکرد . شەوان باوشم دەکرد بە منداڵەکانمدا و دەگریام ، بۆ ئەوەی کە ئەوان نەگرین . درۆ ودەلەسەی زۆرم بۆ دەکردن و دەمگوت : "کابرایەك گوتویەتی : باوکتان بەبیٚئەوەی خەبەر بنیٚریٚتەوە دەگەڕیٚتەوە" . هەر ئەمەش لە دواییدا لە ئەم دەم بۆ ئەو دەم دەگەڕا و ئەگەیشتە گویٚی خەڵکی و لە دوایشدا دەهاتن و دەیانگوت : " مزگیٚنی بدە ، پیاوەکەت دەگەڕیٚتەوە " . بەم شیٚوەیەش یەکەم کەس خۆم بڕوام بە درۆکانی خۆم دەکرد . لەگەڵ باوکە هیچ نەدیووەکەی میٚردەکەم کە خۆی زۆر بە گەورە دەزانی و برا چاو سەوزەکەیدا لە(چارشی پازار) دا ماڵیٚکمان بە کریٚگرتبوو ، لە ویٚدادەنیشتین ، لەو ڕۆژەی وا میٚردەکەم ون بوو بوو ، ماڵەکەی ئیٚمەش تووشی تیٚکچون و نەهامەتی بوو بوو . باوکی میٚردەکەم لەدوای ئەو هەموو پارەیەی کەواکوڕە گەورەکەی بە شەڕ کردن بەدەستی هیٚنا بوو تازە دەستی بە ئاویٚنە فرۆشی کرد بوو . کچیٚکی خزمەتکارمان هەبوو ، بۆ ئەوەی کە پارەی پیٚنەدەن ، شەویٚکی زستان بردیان بۆ بازار و لەویٚ فرۆشتیان و داواشیان لە من دەکردکە کارەکانی ئەو ئەنجام بدەم ، ئەبوایە چیٚشتم دروستبکردایە و جل و بەرگم بشۆردایە ، تەنانەت دەبوایە

www.pertwk.com

بڕویشتمایەتە بازاڕ و شتم بکڕیبایە . هیچ گلەییم نەدەکرد ، و دانم بە سەر دڵی خۆمدا دەگرت و هەموویم ئەنجامدەدا ، مێردەکەم برایەکی هەبوو کە ناوی حەسن بوو ، لە گومرکدا ئیشی دەکرد و پارەیەکی زۆری دەست دەکەوت. هەر چەند پارەی زیاتری دەست دەکەوت ، زیاتر هەستی بە پیاوەتی دەکرد .ئەم حەسەنە ناپیاوە لە بەر ئەوەی کەوا خزمەتچییەکی‌وای نەما بوو کە شەوان بیباتە ژوورەکەی خۆی ، وردە وردە قەرەی خۆی لە منداڵەدا و دەیویست شەوان بێتە ناو ژوورەکەمەوە ، سەرم سوڕ مابوو ، نەمدەزانی چیبکەم . خۆ دەمتوانی یەکسەر بگەڕێمەوە ئێرە (ماڵی باوکم) . بەڵام بە گوێرەی قازی مێردەکەی من هێشتا دەژیا و نەمرد بوو ، هەر بویە ئەگەر ماڵی باوکی‌مێردەکەم تووڕە ببایەن ئەوا دەیانتوانی بەزۆر بمبەنەوە ماڵی خۆیان و باوکیشمیان دەگرت و سزایان دەدا ولە نێو خەڵکیدا ئەیانشکاند .

ئەوەی ڕاستیش بێت دەمتوانی لەگەڵ حەسەنیشدا جۆر ببم ویەکتریمان خۆشبویستایە ، بەڵام ئەگەر هەروا لە خۆمەوە وەهام بکردایە ، خودا نەکا! دەبووم بە قەحپەی دەرماڵەکەی . ئەوان لەوە دەترسان کە من لەگەڵ منداڵەکانمدا بگەڕێمەوە ماڵی باوکم و داوای بەشە ماڵی خۆم بکەم ، هەر بۆیە هیچ لایەنگری ئەوە نەبوون کە قازی وەها بڕیار بدات کە مێردەکەم مردووە . لە بار و دۆخێکی ئاوەهاشدا نەمدەتوانی لەگەڵ حەسەن یان کسێکی‌تردا زەماوەند بکەم . ئەمەش وایدەکرد کە ژیانی هاوسەری من بە ماڵەوە گرێدرا و بێت . هەر بۆیە ئەوان حەزیان دەکرد کە دادوەر وەها بڕیار بدات کە مێردەکەم ناپەیدایە ، ئەوەشتان لە بیر نەچێت کە من کاری ماڵم بۆ دەکردن و جل و بەرگەکانیانم دەشۆرد ، لەوەش زیاتر یەکێك لە ئەوان

شێتانە عاشقی من بوو . ڕێگا چارەی گونجاو بۆ حەسەن و باوکی ئەوە بوو کە من مێرد بە حەسەن بکەم . بەڵام پێویست بوو کە چەند شایەتێك جۆر بکرێن و کەسانی خزمی مێردەکەم وەکوو باوك و براکەی نارەزای نەبایەن ، شایەتەکانیش لە بەرامبەر چەن ئاکچەدا بیانگوتبایە : "ئێمە دەزانین ، ئەم پیاوە مردووە " ، لە دواییدا دادوەریش وەکوو مردوو حیسابی دەکرد . بەڵام کێشەی هەرمەزن ئەوە بوو کە دەبوایە وەها نیشانم بدایە کە داوای بەشە ماڵ ناکەم و لەگەڵ حەسەندا دەژیم و مێردی پێدەکەم و بۆ ئەو شوو کردنەش داوای پارە ناکەم ، لەوەش گرنگتر ئەوە بوو کە دەبوایە وەها نیشانم بدایە کە بە هەڵبژاردنی خۆم حەسەنم خۆشویستوە ودەبووکە متمانەم پێبدایە و لەگەڵیدا جۆر ببایم . هەڵبەت ئەمە بۆ ئەوە نییە کە حەسەن کەیف خۆش بێت وپێی خۆش بێت ، بەڵکوو تەنیا لە بەر ئەوەیە کە بەشێوەیەکی باوەڕ پێکراو وەها دیار بکەم کە حەسەنم خۆشدەوێت .بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر تۆزێکیتر هەوڵبدەم ئەوا دەتوانم عاشقی حەسەن ببم . هەشت ساڵ لە مێردە ون بووەکەم بچووکتر بوو ، کاتیٚ کە مێردەکەم لە ماڵ بوو وەکوو برایەکی خۆم چاوم لێدەکرد ، هەر بۆیە نێوانمان خۆش بوو ، خۆی بە گەورە نەدەزانی ، زۆر گرێداو بوو ، لەگەڵ مناڵەکانمدا یاری دەکرد و جاری واش وەکوو ئەوەی کە خەریك بێت لە تینوویەتیدا بمریٚ و منیش پەرداخێك شەربەتی گێلاسی پێبدەم ، بە تامەزرۆییەکەوە سەیری منی دەکرد . بەڵام لە لایەکیتریشەوە دەمزانی کە ناتوانم بە ئاسانی عاشقی کابرایەك ببم کە جلم پێدەشۆریٚ و خواردنم پیٚ دروستدەکات و دەمنێریٚ بۆ بازاڕ و بە بێشەرمییەوە وەکوو کوێلەیەك لەگەڵمدا هەڵسوکەوت دەکات . ڕۆیشتمەوە ماڵی باوکم و تەماشای قابلەمە و قاپ وکەوچکەکانم کرد و

www.pertwk.com

سەیرێکیکوپەکانم کرد و تێر تێر گریام ، حەسەن نەیدەهێشت کە لەگەڵ منداڵەکانمدا باوەش بکەین بەیەکدا و هاوکاری یەکتری بین ، هیچ مەجالیکی پێنەدەدام . بۆ ئەوەی کە ببم بە هاوسەری و بتوانم لەگەڵیدا بژیم ، پێویست بوو کە مەجالێکی پێبدایەم تا وەکوو بیرم لێبکردایەتەوە . لە بەر ئەوەی کە متمانەی بە خۆی نەبوو ، چەند جارێك ویستی بێڕەوەشتی بکات . چەند جاریك ویستی دەست لە مەمکەکانم بدات و ماچم بکات و گوتی : " مێردەکەت ناگەڕێتەوە ، ئەگەر لەگەڵمدا جۆر نەبیٚ دەتکوژم " ، هەرەشەی لێدەکردم ، وەکوو منداڵیك دەگریا و بەم هەڵسو وکەوتانەی خۆیەوە هەلی بە دروستبوونیعەشقێکی ئەفسانەیی و ڕەسەن و بەشکۆ وەکوو ئەوەی کە لە کتێبەکاندا نووسراوە نەدەدا . هەر لە بەر ئەوەش تێگەیشتم کە ئیدی ناتوانم لەگەڵیدا بژیم و مێردی پێبکەم . شەوێك لەگەڵ منداڵەکاندا خەو تبووم کە دەرگای ژوورەکەی کردەوە و ویستی بەزۆر بێتە ژوورەوە ، لە خەو ڕاپەڕیم و گوێم نەدایە ئەوەی کە منداڵەکان بترسن و دەستم بە قیژە قیژ و هاوار کردن کرد . وتم : جندۆکەیەکی خراپ هاتوەتە ناو ماڵەکەمانەوە ، باوکی مێردەکەم لە خەو هەستاند ، حەسەن هەر لەویٚ بوو ، چێژی دانەمرد بووەوە لە ناو ئەو قیژە قیژ و بانگ و هاوارەدا باوکی هات و حەسەنی بینی و یەکسەر زانی کە ئەو قیژە قیژەی وادەیکەم لەبەر جندۆکە نییە و هەمووی درۆ و دەلەسەیە و تێگەیشت کە حەسەنی کوڕیسەر خۆشە و ویستوویەتی بچێتە ژووری ژنی براکەیەوە . لە شەرماندا سەری داخست. وتم : " تابەیانی ناخەوم ، بۆ ئەوەی کە منداڵەکانم بپارێزم ، لەبەر دەرگاکەدا ڕادەوەستم و لەگەڵ ئەو جندۆکەدا شەڕ دەکەم " . باوکی مێردەکەم پیاوێکی ژیر بوو ، هیچ دەنگی نەکرد . بەیانی وتم : " ئەچمەوە

بۆ ماڵی باوکم ، نەخۆشە، دەچم و سەردانیێکی دەکەم ، منداڵەکانیشم دەبەم " . شکستی قەبووڵ کرد . مێردەکەی خۆمم نەفرۆشت ، ئەو کاتژمێرەی وا مێردەکەم لە مەجارستانەوە بۆی هێنا بووم ، لەگەڵ ئەو قامچییە وا بۆ ئەسپە تووڕەکانی عەرەب دروستکرا بوو وەکوو نیشانەکانی ژیانی هاوسەری هەڵگرت و شەترەنجە تەورێزییە شفری فیلینەکەم دابەدەستی منداڵەکانەوە بۆ ئەوەی کە لەویٚ یاری بکەین و ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵی باوکم . لەگەڵ بە جێهێشتنی ماڵی مێردە و ون بووەکەمدا ، ئەوەیوا چاوەڕێم دەکرد ڕووی نەدا ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە حەسەن کە تێگەیشت باوکی کارەکانی پەسەند ناکات بۆیە ئەمجارەیان دەستیکرد بە نووسین و ناردنی نامەی جۆرا و جۆری عاشقانە و دەیگوت : " کە ئیدی کاری ماڵم پێناکات و پارەی زۆری هەیە و شتانی لەو چەشنەی بۆ دووپات دەکردمەوە " .

بەر لەوەی کە خەیرییە نانی ئیوارە دروستبکات ، قاوەیەکی باشی گوڵی خورمای عەرەبستانم بۆ باوکم دروستکرد و کەوچکێك هەنگوینم تێکرد و لەگەڵ ئاوی لیمۆدا تێکەڵاوم کرد وبە بێدەنگی لە پاڵیدا دانیشتم . ((کتاب الروح)) ی دەخوێندەوە .

بەو جۆرەی کە دەیەویست دامنایە بەر دەمی . بە دەنگێکی ناسك و خەماوییەوە وتی : بەفر دەباریٚ ؟

یەکسەر تێگەیشتم کە ئەمە دوایین بەفرێکە کە باوکم لە ژیاندا دەیبینیٚ .

www.pertwk.com

((من دارێکم)) (10)

من دارێکی تەنیام ، کاتیٚ کە باران دەباری دەست بە گریان دەکەم ، بۆ خاتری خوا گوێیم بۆ ڕاگرن با وەکوو هەندێك قسە و باستان بۆ بکەم ، قاوەکەتان بخۆنەوە باوەکوو چاوتان وەکوو جندۆکە دەرپەڕی وتەماشام بکەن تا وەکوو پێتان بڵێم کە بۆچی ئەوەندە تەنیام .

1– ئەڵێن : تەنیا لە بەر ئەوە ی کە پێویستە لە پشتی سەری مامۆستای بالۆرە ویژەوە دارێك هەبێت وێنەی تۆیان کێشاوە ، ڕاستە ، وینەی داری قەڵەمی وناسکیان لە لای من نە کێشاوە ، گیا حەوت پەلەکانی دەشتە سەوزە لأنییەکان و ئەو تاشە بەردانەی وا جار جار لە مرۆۋ دەچن و جارجاریش لە شەیتان دەچن لەناو ئەم وێنەیەدا بەرچاوناکەون . پۆل پۆل هەورە چین چینەکانیش لێرە ڕۆیشتوون و باریان کردوە . تەنیا من و زەوی و ئاسمان و خەتێکی ئاسۆ ماوینەتەوە ، بەلأم داستانەکەم هێشتا بە تێکەلأوی ماوەتەوە .

2– مەرج نیە من وەکو دارێك هیچ نەبێت بەشێك نەبم لەو کتێبە ، بەلأم لەبەر ئەوەی کە من وێنەی دارێك نیم لەناو هەموو کتێبێکدا ، نائاسوودە و پەرێشانم . کە نەتوانم اەناو کتێبێکدا شتێك نیشانبدەم و وێنەکەشم بە

دیوارە وە هەڵدەواسریٚ ، وەکوو کافر و بوتپەرستان بوت پەرستیم دێتەوە یاد. ئامانتان بم بادارو دەستەی ئەرز ڕوومییەکان گوێیان لێنەبێت ،ئێستا کە ئاوا بە دزییەکەوە تاریفی خۆم دەکەم لەدوایدا ناچار دەبم کە بە شەرمێکەوە بترسم .

3– هۆکاری سەرەکی تەنیاییەکەشم ئەوەیە کەمن هێشتا نازانم بە شێکی کام داستانم . باباسی ئەوەتان بۆ بکەم کە خەریك بوو ببم بەبەشێك لە داستانێك ، بەلأم لە ئاکام دا وەکوو پەلێك کەوتمە خوارەوە و لەویٚ نەمامەوە .

4– داستانی کەوتنە خوارم لە کتێبی داستانەکەم وەکوو کەوتنە خواری پەلێکی داری کتێبەکەی شا "تاماسووبی " پادشای ئێرانیەکان دوژمنی خوێنە خوارەی عوسمانییەکان بوو ، ئەم شایە لەهەموو پادشاکانیتری دونیا زیاتر حەزی لە نەخش و نیگار کێشان دەکرد .

چل سالٚ بەر لەئێستا پێی نابووە تەمەنەوە و لەخەڵەفاندا بوو . دەستی بەڕابواردن و کەیف و خۆشی کرد، گوییٚ لەمۆسیقا و شیعر دەگرت و شەرابی دەخواردەوە ، ئینجا تەماشای نەخش و نیگاری دەکرد . تا ماوەیەك بەم شێوەیە ڕۆژگاری خۆی تێپەر دەکرد ، بەلأم لە دواییدا دڵی لەمانە سارد بووەوە وتەنانەت دەستی لە خواردنەوەی قاوەش بەردا . مێشکی ڕاوەستا بوو . لەبەر گومانی پیرەمێردەکانی دەوروبەری کەوا دەیانگوت لەوانەیە دەوڵەتی عوسمانی شەڕیان پێبفرۆشیٚ پایتەختی خۆی لە تەورێزەوە کە ئەوسا موڵکی ئێرانییەکان بوو گواستەوە بۆ قەزوین . کە پیرتر بوو ، ڕۆژێك جندۆکە دەستی لێوەشاند و کەوتە ناو قەیرانێکی ڕۆحییەوە و وتی : "ئیدی ئیدی واز لە شەراب خواردنەوە و یاری کردن

www.pertwk.com

بە منداڵەکان دێنم و ئیدی تەماشای نەخش و نیگار ناکەم و تەوبە دەکەم . ئەمەش خۆی ئەوە دەسەڵمێنیٚ کە کاتیٚ ئەم پاشا پایە بەرزە دەستی لە خواردنەوەی قاوە بەردا وە ئاوەها عەقڵی خۆی لە دەستداوە و شێت بووە.

هەر لە بەر ئەمەش نەخش و نیگار کێشەکانی ئێران کەوا لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا شتە هەر باش و دەر ئاساییەکانی دونیایان دروستکرد بوو ، وەکوو جووڵکی مریشك لەم شارە بۆ ئەو شار بڵاوبوونەوە .

((سوڵتان برایم میرزا)) برازای " شا تاماسووب " بوو ، کچەکەی پاشای لە خۆ مارە کرد بوو ، بوو بوو بە پارێزگاری شاری " مەشهەد " . ئەم کابرایە لێهاتووترین وێنەکێش و خۆشنووسەکانی لەوێنەکێشخانەکەی خۆدا کۆ کردبووەوە و دەیەویست مەسنەوییەکەی " جامی " کە ناوی (حەوت ئۆرنگە) و لە کاتی تەیموردا نووسرا بوو ، دووبارە بنووسێتەوە و بە نەخش و نیگار بیڕازێنێتەوە . کتێبێکی زۆر جوانی لێدروستکرد ، پادشا لەلایەکەوە حەزی لێدەکرد و لە لایەکیتریشەوە بەخیڵی پێدەبردەوە . پەشیمان بوو لەوەی کەوا کچەکەی خۆی پێدا بوو ، " شا تاماسووب " کە باسی ئەم کتێبەی بیست زۆر تووڕە بوو، بەر پرسیارییەکەی لێوەر گرتەوە و لە پارێزگاری " مەشهەد " لایبرد و کردی بە پارێزگاری ((کاین)) ، لە دوایشدا هەر بە تووڕەییەوە ناردی بۆ قەزایەکی بچووکتر بە ناوی ((سەبزەوار)). بەم شێوەیەش وێنەکێش و خۆشنووسەکان لە شارەکاندا بڵاو بوونەوە و چوونە ناو نیگار خانەی سوڵتان و شازادەیترەوە . بەڵام بە شێوەیەکی دەرئاسایی کتێبەکەی " سوڵتان برایم میرزا " بەنیوەکاری نەمایەوە و تەواو بوو .

کتێبدارێکی ڕاستکرداری هەبوو ، ئەم کابرایە سواری ئەسپەکەی دەبیٚ و

دەچێتە " شیراز " و لەویٚ لەلای ئوستادێکی جوانکاری کتێبەکە دەڕازێنێتەوە ، لە دواییدا دوو ڕووپەڵی لێدەگرێت و دەچیٚ بۆ " ئەسفەهان " بۆ لای ئوستادێکی خۆشنووسی و بە خەتی ((نەستەعلیق)) ئەو دوو لاپەڕەیە دەنووسیٚ ، لە دواییدا بە ڕێگای چیاوە دەچێتە " بوخارا " و دەڕواتە لای خانی ((ئۆزبەك)) و لەویٚ لە لای وێنەکێشە باشەکان وێنەکان لە سەر یەك کەڵەکە دەکات و جێگیریان دەکات . دوایی دادەبەزێتەوە بۆ "هەرات " و لەلای ئۆستادێکی‌نیوە کوێر وێنەی گیا و پەلەکانی دەکێشیٚ ، لە وێشەوە دەچێتە لای کابرایەکیتری خۆشنووس و نووسراوی سەر بەرگەکە بە ئاوی زێڕ دەنووسیٚ و لە وێشەوە بەرو باشوور ڕێدەکەویٚ و دەچێتە ((کاین)) و دەڕواتەوە لای ((سولْتان برایم میرزا)) و ڕووپەلەکان دەباتە لای و ئافەرینەکەی وەردەگرێت .

لە دوای شەش مانگ کار کردن دیسان کتێبەکە هەر ناتەواو بوو .

بەمجۆرە دەزانن کە ئەم کتێبە تەواو بوونی بۆ نیە . هەر بۆیە چەندین هەواڵبەری " تاتار " بە کرێدەگرن و هەر یەکەوە نامەیەکیان پێدەدەن و دەیاننێرن بۆ لای وێنە کێشەکان ، (لەناو نامەکاندا داوا کارییەکان دەنووسن) . هەر کە هەواڵبەرەکان لە تەواو ئێران و ئەوپەڕی ئاوەکەدا ((ماوراء النهر)) بڵاو بوونەوە ، دروستبوونی کتێبەکەش خێراتر بوو . جاری وا هەبوو کەلە شەوێکی زستانیدا بەفر دەباری و دەنگی لورە لورەی گورگ دەبیسرا ، لاپەرەی (59) و (161) لەگەڵ یەکدا بەراورد دەکران کاتیٚ کە دەیازانی بۆ تەواو کردنی یەك کتێب تێدەکۆشن بۆ ئەوەی کە بزانن ئەمە کام بەشی "مەسنەوییە " کەیە باشترسەیری کارەکانی یەکترییاندەکرد.

بە داخەوەوە! ئەمڕۆ هەواڵی تەواو بوونی ئەم کتێبەم پێگەیشت ، بڕیار

www.pertwk.com

وا بوو کە منیش لە ناو لاپەرەیەکی ئەم کتێبەدا جێبگرم ، بەڵام بە داخەوە ! ڕۆژێك ڕێگایالە ئەو تاتارەی وا منی پێبوو بڕی و تێریان لێدا ، لە دوایشدا بە پێی نەریتی جەردە و ڕێگرەکان ڕووتیان کردەوە و بەر بوونە گیانی و تا نەیانکوشت وازیان لێنەهێنا . هەر لە بەر ئەوەش منیش نازانم کە لە کام لاپەڕەوە داکەوتووم . تکایە باش سەیرم بکەن ، باوەکوو بزانن کە من هی کام لاپەڕەم . ئایا دەبووم بە سێبەری ئەو کاتەی وا مەجنون لە جل و بەرگی شوانیدا تەماشای لەیلا دەکات ؟ یان وەکوو بۆ ئەوەی کە بێئومێدیتان پێبناسێنم لەگەڵ تاریکایی شەوگاردا تێکەڵ دەبووم ؟حەزم دەکرد کەهاوڕێی دوو خۆشەویست بایەم کە لە هەموو دونیا هەڵدێن و بەرە و دوورگەیەکی پڕلە داری سێو دەچن کە پەلەوەر و گوڵی جوانی تێدایە .ئایا دەبووم بە سێبەری ئەو کاتەی کەوا ئەسکەندەر هیندوستانی گرتبوو و ئەوەندە خۆر لێیدا بوو کە خوینی لووتی ڕانەدەوەستا وەهە تا نەیکوشت وازی لێنەهێنا ؟ یان وەکوو تەمەنی ئەو باوکەیوا عاشقی کوڕەکەی خۆی بوو و ئامۆژگاری دەکرد بە منەوە دیاری دەکرا ؟ کابرای هەواڵبەریان کوشت و یەکێك لە جەردەکانیش منی هەڵگرت و بەسەر چیا و نێو شارەکاندا گەڕاندمی ، جار جار قەدرم دەزانیٚ و دەڵی : " تەماشا کردنی وێنەی دارەکە بەشێکی کام داستانە،ودواتر زوو دڵتەنگ و بێتاقەت دەبیٚ ".

لەوە دەترسام کە بمدڕێنیٚ و بمهاوێژیٚ ، کەچی وای نەکرد وگۆڕامییەوە بە گۆزەیەك شەراب . ئەم پیاوە دڵناسکەشەوان سەیری منی دەکرد و لەبەر تیشکی مۆمەکەدا دەگریا، لە سایەی سەری ئەم پیاوە بالۆرە ویژەوە کەوا منی وەرگرتبوو توانیم بگەمە ئەستەنبووڵ ، ئێستاش زۆر لەوە خۆشحاڵم کەوا لە نێوان وێنەکێشە چاو باز و دەست ڕەنگینەکانی شای عوسمانیدام .

هەست بە سەر بەرزی دەکەم ، هەر بۆیە بۆ خاتری خودا داواتان لێدەکەم کەوا گوێی مەدەن بە قسەی ئەوانەی وا دەڵێن ئەم وێنەیە بە دەستی کابرایەکی وێنە کێشەوە بەپەلەپەل بۆ ئەوەی لە پشتی سەری کابرایەکی بالورە ویژەوە دابنرێت وهەڵواسریٚ دروستکراوە . سەیر کەن بزانن کەبە بێعارییەوە چ درۆ و دەلەسەیەکیان بۆ هەڵواسیوم . دوێنیٚ ئێوارە ئوستادەکەم وێنەی سەگێکی هەڵواسی بوو و چیرۆك و بەسەر هاتەکانی ((مەلا هوسرەت)) ی دەگێرایەوە . هەر لە بەر ئەوە لایەنگران و خۆشەویستانی((مەلا نوسرەت)) لەوە تووڕە بوو بوون کە گوایا لە باسەکانیدا قسەی بە ((مەلا نوسرەت)) وتووە . ئایا دەتوانین بە وتار بێژی گەورە ، ماموستا ((مەلا نوسرەت)) بڵێین کە توخمە زۆڵە ؟ ! حاشا ! ئەمە تا ئێستا بە مێشکی کەسێکتاندا تێپەڕ بووە ؟ ئەمە چ جۆرە فیتنە و ئاژاوە دروستکردنێکە ؟ چۆن دەتوانن بە بێشەرم و بێپەروایییەوە ئەو شتە بڵێن ؟ مادام کە ئێستا باسی ((مەلا نوسرەت)) و ((مەلا هوسرەت)) تێکەڵ و پێکەڵ بووە ، منیش ئێستا باسی مەلا ((نەدرەتە چاوزاقی سیواسی)) تان بۆ دەکەم . ئەم مەلا ((نەدرەتە سیواسیە))خۆی حەزی لە کوڕی جوان دەکرد و دەیگوت : " نەخش و نیگار کێشان کارێکی لەعنەت لێکراوە و خواردنەوەی قاوەش کاری شەیتانە و ئەوەی بیخواتەوە دەچێتە دۆزەخ " . ئەریٚ ئەی پیاوی سیواسی جەنابت لە بیرت چووە کە چۆن لەقێکم چەماوەتەوە ؟! باستان بۆ دەکەم ، بەڵام بە مەرجێك کە سوێند بخۆن بۆ کەسی ناگێڕنەوە . چوونکە مەگەر خودا خۆی دەتوانێت کە لە بوختانی ئەم و ئەو بمانپارێزێت . بەیانییەك سەیرم کرد ، کە پیاوێکی باڵا بەرز و دەست و مەچەك گەورە لەگەڵ ئەوەی وا لە ژوورەوە ناویم برد ، هاتنە سەر ئەو

www.pertwk.com

لەقەی من و خەریکی ئەنجامدانی کارەکە بوون و لەگەڵ یەکدا جۆر و جووت بوون ، لە دواییدا تێگەیشتم ئەمە شەیتان بوو کە خەریکی ئەم کابرایەی کاری خۆمان بوو ، لە لایەکەوە جوان جوان گوێکانی ماچ دەکرد و لە لایەکیتر یشەوە دەیچپاندە گوێیەوە و دەیگوت : "قاوە حەرامە و خواردنەوەی گوناحە " ئەمە بە پێی فەرموودەکانی دینەکەمان ناڵێت کە قاوە حرامە ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەو قسەکانی شەیتان دووبارە دەکاتەوە .

لە دوایشدا باسی وێنە کێشە فەرەنسییەکانتان بۆ دەکەم ، بۆ ئەوەی کەسانێك کە گرنگیان پێدەدەن دەرسی لێوەر بگرن . ئەو نیگار کێشانە ئەوەندە جوان وێنەیپادشاکان و پاپاو پیاو ماقوولان و تەنانەت ژنانیش دەکێشن کە ئەگەر لە بازاڕدا بیانبینی دەیانناسیتەوە . ژنەکانیان بە ویستی خۆیان لە بازاڕدا دەسووڕێنەوە ، ئیدی خۆتان بیری لێبکەنەوە کە چی دەبێ . بەڵام ئەمەش بەشی نەکردوون و کاری لەوەش خراپتریان کردووە ، بەهەڵە لێم تێمەگەن باسی گەوادی ناکەم ،یانی تەنیا لە وێنەکاندا... .

وێنەکێشێکی گەورەی فەرەنسییەکان لەگەڵ مامۆستایەکیتری بە ناو بانگدا لە ناو سەوزەڵانییەکدا ڕێدەکەن و پێکەوە قسە دەکەن ، ئەوەندە ڕۆیشتوون تاوەکوو گەیشتونەتە ناو دارستانێك . ئەوەیان وا زوو شارەزاتربووە وتوویەتی : " بە پێی نەریتی تازە، پێویستە ئەگەر وێنەی دارێکی ئێرەت کیشا یەکسەر خوێنەر ئارەزووی دیتنی ئێرە بکات و کەهات یەکسەر بیناسێتەوە و لە دارەکانیتر جیای بکاتەوە ، من فەقیرم . ئەم وێنەیەمیان بە عەقڵێکی وەهاوە دروستنەکردووە ، هەر لە بەر ئەوەش

شوکر و سوپاسی خودا دەکەم . ئەگەر بە پێی نەریتی فەرنسییەکان بکێشرابایەم هەموو سەگەکانی ئەستەنبووڵ وایاندەزانی کە من دارێکی ڕاستە قینەم و میزیان پێدا دەکردم . هەر لە بەر ئەوەشە کە نامەوێ ببم بە دارێکی ڕاستەقینە ، بەڵکوو دەمەوێ ببم بە واتاو مانای دارێکی ڕاستەقینە.

((ناوی من ڕەشەیە)) (11)

درەنگی شەو بەفر دەستیپێکرد و تاوەکوو ڕۆژمان لێبوەوە هەر دەباری . شەو تابەیانی نامەکەی شەکوورەم دووبارە دەخوێندەوە : لە ژوورێکی ماڵە چۆڵەکەدا دەچمە خوار و دێمە سەرەوە ، ئەوەندە تووڕەم کە خۆم لە دەر و دیوار دەدەم ، لە بەر تیشکی لەرزۆکی مۆمەکاندا بیرم لەو هەڵسو کەوتانەی خۆشەویستەکەم دەکردەوە کەوا بە تووڕەییەوە ئەنجامیدەدان و مۆمدانەکانم دەخستە خوارەوە ، لە دواییدا بیرم لە ڕۆیشتنە بەلەنجە و لارەکەی دەکردەوە ، لە ناکاو کرانەوەی دەلاقەکە و دیار بوونی خۆشەویستەکەم و پێکەنینە خەماویەکەی دەهاتە پێش چاوم . ڕەنگی

www.pertwk.com

لێوی ئەو ڕوخسارانەی وا لەماوەی شەش حەوت ساڵی ڕابردوودا لە خەیەڵەکانی خۆمدا لەباتیِ ڕوخساری شەکووره بینیبومن ، هەر لە ڕەنگی هەڵوژە دەچون . کە چاوم بە ڕوومەتە ڕاستەقینەکەی کەوت هەموویانم لەبیرچووەوە . ئێواران خۆمم بەخەیاڵەکانی ژیانی هاوسەرییەوە خەریك دەکرد لە خەیاڵمدا هیچ گوومانێکم بەرامبەر عەشقەکەی خۆم و بەرامبەرەکەم نەبوو وەبەخۆشیەوە زەماوەندمان دەکرد ، بەڵام لەماڵێکی پلیکانەداردا خەیاڵەکانم وەکوو ئەوەی کە لەسەر بەفر نیشتبێت دەتوانەوەو نەدەمان و وندەبوون ، کارێکی ڕێك و پێکمان پێکەوە نە دەکرد و شەڕمان دەکردوو یەکتریمان دەشکاندو گوێم لەقسەکانی نەدەگرت .

لە شەوانی بێ هاوسەریدا لەعەربستان کاتێك کە((أحیاء العلوم))ی((غەزالیم)) دەخوێندەوەو چاوم بەو لاپەڕانە دەکەوت کەوا باسی خراپیەکانی ژن هێنانیان دەکرد ، یەکسەر خەیاڵەکانم ڕەش و خەماوی دەبوون ، بۆیە شەوان هەڵدەستام و هەر لەو لاپەڕانەدا باسی خۆشی و قازانجەکانی ئەو ژیانەم دەخوێندەوە . زیاتر لە دەیان جار ئەو سوودانەم خوێندوەوەتەوە بەڵام تەنیا دونیا لەبیرماوون ، یەکێکیان ئەوەیە کەوا ئەگەر پیاو ژن بهێنێت ، کەسێك ناوماڵەکەی بۆ ڕێك و پێك دەکات ، بەڵام لەو ماڵە پلیکانەدارەدا من چاوم بە ڕێك و پێکی نەکەوت ، دووهەمیشیان ئەوەیە کەوا لەڕۆیشتن بۆ لای جندەو قەحبەکان لەگەڵ گەوادەکاندا لەکۆڵانە تاریکەکانەوە نەجاتت دەبێ . بیرم لەم ڕزگاربوونەوە دەکردەوە ، لەدواین کاتەکانی شەودا تەزبیحەکەم گرتە دەست و ویستم کەتۆزێك ڕابکشێم . بەپێی عادەتی خۆم چوومە گۆشەیەکی ژوورەکەو دانیشتم ، بەڵام تازە تێگەیشتم کە تەزبیحەکەم بە دەستەوە نییە ! هەروەهاش بوو کەبیرم لەوە

کردەوە لەدوای دوانزە ساڵ دیسان عاشق بوومەتەوە و ئەمەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگری ئەوەیە ،چۆش و خرۆش و ترسێکی گەورەی لەدەروونمدا هەستاندەوە . هەر وەکوو لەرزە لەرزی مۆمەکە ئەم لا و ئەولام دەکرد و لە ناو ژوورەکەدا دەهاتم و دەچووم . ئەگەر شەکورە دەچێتە بەر پەنجەرە و خۆیم پێنیشان دەدات بۆچینامەیەکی پێچەوانەی ئەو کردەوەیەم بۆ دەنێرێت ؟ ئەگەر کچ حەزم لێناکات ، بۆچی باوکی دەعوەتم دەکات؟ نەکا! ئەم باوك و کچە گەمەم لەگەڵدا بکەن ؟ لەناو ژوورەکەدا دەچێتە خواروو دەێتەوە سەرەوە ، دەرگا و دیوارەکان و ڕاخراوەکانیان کە دەیانەوێت وەڵامی پرسیارەکانم بدەنەوە زمانیان دەگیرێ و ناتوانن قسە بکەن .

تەماشای وێنەکەم کرد ، ساڵانێك بەر لەئێستا کێشا بووم . باسی چۆنیەتی عاشق بوونی شیرین بە وێنە هەڵواسراوەکەی خەسرەو دەکات کەبەدارێکەوە هەڵواسرابوو . بۆ کێشانی ئەو وێنەیە ئیلهامم لەو کتێبەوە وەرگرت کەوا لە تەورێزەوە هێنابوویان و کەوتبووە دەستی زاواکەمان . تەماشاکردنی وێنەکە شەرمی سادەیی دەربڕینی عەشقەکەمی لەیاد نەدەبردمەوە و دڵخۆشییەکەی کاتی لاوی بۆ نەدەگەڕاندمەوە . بەرەو بەیانی بیرم لەناردنەوەی ئەو وێنەیە کردەوە ،بەڵام لەدوایدا تێگەیشتم کە ئەمە یەکەمین هێرشی گەمەیەکی شەترەنجیە بۆ دەستپێکردنی عەشقێکی گەورە کە زۆر وەستایانە داڕێژراوە . بەبێئەوەی کەسەرم سووڕ بمێنێ دانیشتم و نامەیەکم بۆ شەکوورە نووسی . دوای ئەوەی کە تۆزێك خەوتم بەیانی نامەکەم خستە سەر سینەم و لەناو کۆڵانەکاندا کەوتمە ڕێ ، زۆر ڕۆیشتم ، بەفر کۆڵانەکانی ئەستەنبووڵی فراوانتر کردبوو جەنجاڵی لە شار دوور کردبوو ، هەموو شتێك وەکوو ئەوانەی دەورانی منداڵی بێدەنگ وبێ

www.pertwk.com

جموجۆڵ بوو. وەکوو گومانەکانیکاتی منداڵیم سەربان و ناو حەوشە و سەر منارەی مزگەوتەکان پڕبوون لەقەلەڕەش و هەموو جێگایەکیان داگرتبوو . گوێم لەدەنگی پێی خۆم دەگرت و تەماشای هەڵمی دەمم دەکرد بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ کۆشکی وێنە کێشانەکەش زاواکەمان باسی کردبوو وەکوو کۆلانەکان بێدەنگ بێ، تووشی گەرم و گوڕییەکی سەیر بوو بووم ، بە پەلە پێم هەڵدەگرت . بۆئەوەی کەنامەکە بگەیەنمە دەستی شەکورە پێویست بوو ئەستەر ببینم ، بەرلەوەی بچمە ناو گەڕەکی جوولەکەکانە هەواڵم بۆ ناردبوو وبەر لە نوێژی نیوەڕۆ وادەم بۆناردبوو . زووتر لەوادەی خۆم ڕۆیشتمە ئەو وێنە کێشخانەکەی پشتی مزگەوتی ((ئەیاسوفیا)) وە . کاتی خۆی بەڕێگای زاواکەمانەوە هاتووچۆی ئەوێم دەکردو لەوێ شاگردیم دەکرد . لەوەزیاتر کە لە پاساری بانی وێنە کێشخانە کەوە سەهۆڵ شۆڕ بووبوونەوە شتێیکی تر نەگۆڕا بوو . شاگردێکی جوان و قۆز کەوتبووە پێشمەوە و منیش بە دوایدا دەڕۆیشتم . چاومان بە هەندێك وەستای پیری بەرگساز کەوت کە سەریان لەبەر بۆنی زەمق و سەرێش گێژ بوو بوو . هەروەها ڕوخساری وەستا پشت چەماوەکانیش کە لەبەر کاری زۆر وایان لێهاتبوو کەوتە ناو نیگای چاوانمەوە . لەنپوان ئەو گەنجانەوە تێپەڕبووین کە وا نیگاکانیان لە تیشکی ئاگرەکەدا ونبوو بوو و بە بپئەوەی وا تەماشای کاسەکەی سەر ئەژنۆیان بکەن ڕەنگەکانیان تێکەڵاو دەکرد ، لەسووچێکەوەکەوە چاوم بە پیرەمیردێك کەوت کە بە وردییەوە هێلکەی ((ووشتر مرخێکی)) ڕنگدەکرد، لەلایەکتریەوە مامەیەکم بینی کە کەوچکێکی ڕەنگدەکردو لەبەرامبەریشیانەوە کوڕە جوانکیلەیەك دانیشتبوو و بەسەرنجەوە سەیری

دەکردن . لەدەرگایەکی کراوەشەوە چەند خوێندکارێکم بینی کەوا دەمو چاوە سوورەکانیان تا ئەندازەی لێك کەوتن نزیکی لاپەڕەکان دەکردەوە ، مامۆستا ئەمەی وەکوو سزای هەڵەکانیان پێدا بوون . لەحوجرەیەکیتردا چاوم بە شاگردێکی خەمبار کەوت کەوا ڕەنگ و وێنەکێشانی لە بیر چوو بوو و تەماشای ئەو کۆلانەی دەکرد کەوا من بە پەلەپەل لەوێوە هاتبووم ، لەبەر چەند دەرگای کراوەشدا کەسانێك هەبوون کە نموونەی وێنەیتریان دەکێشا و ڕەنگیان تێکەڵاو دەکرد وقاڵبیان دروستدەکرد ، کاتێ کە منی نائاشنا و غەریبیان بینی وەکوو ئەوەی کە چاویان بە دوژمن بکەوێ بەلا چاوێکەوە سەیریان دەکردم وپلیکانەکان سەهۆڵیان گرتبوو ، سەر کەوتم ، هەیوانی قاتی دووەم دەوری هەر چوار بینانەکەی گرتبوو لەوێوە تێپەر بووین . لە حەوشی خوارەوە لە نێو بەفرەکەدا دوو منداڵ ڕاوەستا بوون ،لەگەڵ ئەوەی کەوا عەبا و جلی شۆڕ و گەرمیان لەبەردا بوو دیسان لەرز دایگرتبوون ، نازانم سەرمایان بوو بوو یان وەکوو لەژێر ئەو بەفرەدا چاوەرێی تەواو بوونی سزاکەی خۆیان دەکرد . یەکسەر کاتی منداڵی خۆم هاتەوە یادم ، ئەو کاتانە ئەگەر خوێندەوارێك هەڵەیەکی بکردایە یان وەکوو ڕەنگێکی گرانی بڕشتبایە ، بە دارێك ئەوەندەیان لە ژێر پێی دەدا تاوەکوو خوێنی لێوە دهات . ڕۆیشتینە ناو ژووڕێکەوە ، چاومان بە هەندێك ئوستاد کەوت کە چوار مشقیان دابوو ، ئەمانە ئەو ئوستادانە نەبوون وامن خەیاڵم دەکردن ، هەموویان شاگردی دوێنێ و ئۆستادی تازەکار بوون . ئەمە ئەو ڕووژە بوو کەوا زەمانێك منیش بەڕێزێکی تایبەتەوە دەمەویست بچمە ناوی و گەرماییەکی زۆری لەمندا دروستدەکرد ، لە بەر ئەوی کەوا ئۆستادە ، لێهاتووەکان وەکوو ئەوانەی وا ناز ناویان

www.pertwk.com

لێنا بوون لەماڵی خۆیاندا ئیشیان دەکرد ، ڕەنگ و بۆنی نیگار خانەی شاهیپێوەنەمابوو ، بەڵکوو زیاتر لە ژوورێکی چۆڵی کاروانسەرایەکی ناوچیاکان دەچوو . تۆزێك لەو لاترەوە چاوم بە وستا عوسمان کەوت کە لە سەر کورسییەکی دارینـدا دانیشتبوو، ئەوە بۆ پانزە ساڵ دەچێ کە نەمبینیوە . شێوەی ڕوخساری لە سێبەرێك زیاتر لە هی جندوکەیەك دەچوو ، لەکاتی ڕیبواری و سەفەرەکانمدا کە دەمەویست وێنە بکێشم ،یەکسەر وەکوو ئۆستاد ((بەهزاد)) ئەم ئۆستادە گەورەیەشم دەکەوتەوە یاد . لە بەر ڕووناکی ئەو بەفرەیەدا لە پەنجەرەی سەر کۆڵانی مزگەوتی ((ئەیا سۆفیا))وە دەهاتە ناو ژوورەکەوە جلە سپییەکانیم بەئاشکرایی دەبینی ، وەکوو ئەوەی کە ئەمە زەمانێکی درێژ بێت کە ئەم دونیایەی بە جێهێشتبێت ، ئاوەها بێدەنگ بێدەنگ دانیشتبوو .

دەستەپڕ لە نیشانەکانیم ماچکردو خۆمم پێناساند و خۆمم هێنایەوە بیری و وتم : ((لەکاتی منداڵیمدا زاواکەمان منی دەهێنا بۆ ئێرە و لێرەدا شاگردیم کردووە ، بەڵام لە دواییدا قەڵەمەکەمی پەسەند کرد ولێرە ڕۆیشتم ، سالآنێکی تەمەنم بە نووسەری لە ڕێگا و شارەکانی ڕۆژهەڵاتدا تێپەڕ کردووە ، لەگەڵ سەرحەد پاشا وپادشاکانیتردا لە تەورێز و شارەکانیتردا لەگەڵ وێنە کێش و خۆشنووسەکاندا ئاشنا بووم و کتێبم بۆ ئامادە کردوون . لە شارەکانی بەغدا و تەفلیس و حەڵەبیشدا ماومەتەوە و شەڕی جۆرا و جۆرم بینیوە)) .

ئۆستادی گەورە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی : " ئاخ تەفلیس " ! . وتەماشای ئەو تیشکەی کرد کە لە نایلۆنی پەنجەرەکەوە دەهاتە ماڵ و وتی : " ئێستا لەوێ بەفر دەبارێ ؟ " وەکوو ئەو ئۆستادە ئێرانیانەی والەبەر

کاری هونەری کوێراییان دادێ و کە تەمەنیشیان زیاتر دەبێ وەکوو ئەولیا دەژین و خڵەفاو دەبن و داستان و ئەفسانەی بێکۆتایی دەگێرنەوە هەڵسوکەوتی دەکرد، لە چاوەکانییەوە کە لە هی جندۆکە دەچوون تێگەیشتم کە چەندە ڕەقی لە زاواکەمانە و لە بەر ئەوەش گۆمان لە من دەکات ، سەرەڕای ئەمانەش باسی ئەوەم بۆ کرد کە لەبیابانەکانی ولآتی عەرەبدا وەکوو ئێرە بەفر نابارێتە سەر مزگەوتی " ئەیا سۆفیا " بەڵکوو دەبارێتە ناوخەیاڵی مرۆڤەکانەوە ، هەروەها گوتم : کە لە قەلآی تەفلیس بەفر دەبارێ وژنەکان بە ڕەنگی گوڵ گۆرانی دەڵێنەوەو جل و بەرگەکانیان دەشۆرن و منداڵەکانیش لەژێر پێخەفەکانیاندا دۆندرمە بۆ هاوین دەشارنەوە .

ووتی : (باسی ئەوەم بۆ بکە کە لە و ولآتانەی وا تۆ گەڕاوی وێنە کێشان چی دەکێشن)) . لاوێکی

جوانکیلە لەگۆشەیەکی ژوورەکەوە جەدوەلی بۆ ڕووپەلەکان دروستدەکرد و لەگەڵ خەیاڵەکانی خۆیدا ڕۆیشتبوو . لەگەڵ ئەوا نیتردا لایەکی لە من کردەوە و وەکوو ئەوەی کە بڵێت : ڕاستەقینە ترین داستانم بۆ بگێڕەوە ، سەیرێکی بەمانای کردم . لەگەڵ ئەوەی دەمزانی ، کە زۆر کەسیان نازانن دوکانداری گەڕەکەکەیان کێیەو ئاگایان لەوە نییە کە بۆچی دراوسێکەیان لەگەڵ سەوزە فرۆشەکەدا شەڕی کردووە و نازانن کە "وەقەیەکی *" نان بە چەندە ، بەڵام لەدەوبەری خۆیانەوە هەواڵی ئەوەیان بیستووە کە لە تەورێزو قەزوین دا کێ چۆن نەخش دەکیشێ و کام خان و پاشا و شازادە بۆ دروستکردنێکی کتێبێك چەندە پارە دەدەن ، دیسان هەر باسی ئەو شتانەم بۆ کردن ، خۆی لەڕاستیدا ئەم شتانە وەکوو نەخۆشی

www.pertwk.com

بڵاو دەبوونەوە. بەڵام من لە ڕۆژ هەڵاتەوە هاتبوومەوە ماوای شەڕ و پێکدادانی شازادەکان و سووتان و تاڵانکردنی شارەکانە و جێگایەکە کە هەموو ڕۆژێك باسی شەڕوئاشتی تێدا دەکرێ و سەدان ساڵە شیعری هەرەباشی تێدا دەگوترێتەوە و وێنەی جوانی تێدا دەکێشرێتەوە .

ووتم : "وەکوو ئاگادارن ، شا تاما سووب پەنجا و دووساڵ لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت ، لەساڵانی دواییدا پشتی کردە نیگار کێش و خۆشنووسەکان و نیگار و خەتی فەرامۆشکرد و دەستی بە عیبادەت کردو لە دوایشدا مرد ئیسماعیلی کوڕی جێگای گرتەوە ،باوکی لەبەر ئەوەی کەدەیزانی کوڕەکەی کوڕێکی بەدخۆ و بەدکردارە بیست ساڵ خستبوویە ناو زیندانەوە ، کوڕەکە لە زیندان دەرکەوت و یەکسەر براکانی خۆی کوشت و سەری بڕین ، بەتەواوەتی هاربووبوو ، هەندێکشی کوێر کردو لەخۆی دووری کردنەوە .

بەڵام زۆری نەخایاند کەدوژمنەکانی بەژەهر کوشتیان و برا گەورەکەی "موحەمەدی خودا بەندە"یان خستە جێگاکەی ، هەڵبەت ئەویش پیاوێکی نیوعاقڵ بوو ، لە زەمانی ئەم پادشایەدا هەموو شازادە و خانەدانەکان سەریان هەڵداو دەستیان بە ڕاپەڕین کرد ، شەڕ و شۆڕێکی زۆر دروستبوو ، لەگەڵ سەرحەد پاشای خۆماندا دەستیان کرد بە شەڕ ، وای لێهات کە ئێران بوو بەوێرانیەکی تەواو . ئەم پادشا کوێرە کە عەقڵێکی تەواویشی نیە ، ئێستا بێ هێز و بێ پارە ماوەتەوە و توانای دروستکردنی کتێب و نەخش و نیگاری نیە .

بەم شێوەیەش ئەو وێنە کێشانەی کەوا لە وێنە کێشخانەکەی شاتاماسووبدا کاریان دەکرد و شتانی نائاسایی و سەیرو سەمەرەیان

دروستدە کرد ئێستا فڵچەکانیان خستۆتە پشتیئەسپەکانیان و چوار ناڵ ئەسپەکانیان غاردەدەن و بۆ ئەملاو ئەولا دەچن .هەندێکیشیان جێگا و ماوایەکیان نیە و لە بێپارەیی و هەژاریدا ماونەتەنەوە .

هەندێکیان باریان کردوە بۆ باکوور و ڕۆیشتون بۆلای ((شەبانییەکان)) و هەندێکیش ڕۆیشتوون بۆ هیندوستان و ئەستەنبووڵ . هەندێکیشیان تفیان کرد لە شەرەفی خۆیان و دەستیان بە کاری خراپ کرد . کەسانێکیش هەبوون کە هەریەکەو چوونە لای یەکێك لەوشازادانەی وا لەگەڵیەکدا شەڕیان دەکرد و دەسیان بە درۆستکردنی کتێبی بچکۆلە بچکۆلە کرد،هەربۆیەش زۆری نەخایاند کە هەموو جێگایەك پڕ بوو لەو کتێبە هەرزانانەیوا زۆر سەر پێیانە دروستکرا بوون .

وەستا عوسمان وتی : " ئەمانە بە چەند تەواو دەبوون؟ " .

ئەڵێن وەستای بەڕێز و بە ناوبانگ " مامۆستا سادقی " کتێبێکی بە چل ئاڵتون بۆ سەربازێکی ئۆزبەك درووستکردووە. کاتێ کە لە سەفەری ڕۆژهەڵاتەوە دەگەڕامەوە بۆ ئەرزڕووم ، لە چادری پادشایەکی بێڕەوشتدا چاوم بە کارێکی ئۆستاد " سیاوەش " و چەندین وێنەی ڕووت و قووت کەوت . هەندێك لەو وێنە کێشانەیوا لە وێنە کێشان واز ناهێنن ، بە پەلەپەل وێنەی کتێبێك یان وەکوو چیرۆکێك دەکێشن و دەیفرۆشن . کاتێ کە تەماشای ئەو وێنەیەش دەکەن ، ناڵێن کە ئەمە بەشێکە لەکام داستان و کام کۆبوونەوەی نیشان دەدات و تەنیا بۆ خۆشی تەماشای خودی وێنەکە دەکەن ، بۆ نموونە دەڵێت : " ئەسپێکی جوانە یان نا ؟ " و لەبەر ئەوەش پارە دەدات بە وێنە کێشەکە .پێویستە ئەوە بڵێم کە وێنەی شەڕ نرخی زۆرە و باوی هەیە . کەسانێکیش هەن کە تەنیا لەبەر ئەوەی مشتەرییان

www.pertwk.com

دەستکەویٚ ، بەبیٚ ڕەنگ لەسەر لاپەڕەیەکی بیٚ نەخشدا ویٚنەی ڕەش و سپی دەکیٚشن و دەیفرۆشن . وەستا عوسمان وتی : " جوانکاریٚکی دلٚ خۆش و بە هونەرمان هەبوو کە زۆر بە ناسکییەوە کاری دەکرد ، پیٚمان دەگوت : " وەستا زەریف ئەفەندی " ، بەلاٚم بەجیٚیهیٚشتین و ڕۆیشت ، ئەوە شەش ڕۆژە دیاری نییە و نەگەڕاوەتەوە و پیٚی ناوەتە نیٚو نهیٚنیەکانەوە .

وتم : مرۆۋ چون دەتوانیٚ ئەم ویٚنەکیٚشخانەیە بەجیٚ بهیٚلیٚ ، کە وەکوو مالٚی باوکی وایە ؟ وتی : ((چوار ئۆستادی لاوم هەیە بەناوی زەریف ، پەپوولە ، لەق لەق ، زەیتوون ، ئەمانە لەکاتی شاگردییەوە تاوەکوو ئەوکاتەی کە بوون بە ئۆستاد لەلای خۆم بوون ، ئیٚستا لە مالٚی خۆیاندا ئیش دەکەن .

بە پیٚی ئەو شتەی کەلە ڕووەوە دیارە ئەمە بۆ ئەوەیە کە ویٚنەکیٚشەکان بتوانن بە ئاسانی کار بۆ دروستکردنی " جەژننامە " کە بکەن ، بەلاٚم ڕاستیدا ئەم جارەیان پادشا نەیدەویست ویٚنەکیٚشەکان بۆ دروستکردنی کتیٚبیٚکی تایبەت لەگۆشەیەکی ویٚنە کیٚشخانەکەدا ئیش بکەن ، بەلٚکوو فەرمانی دابوو کە هەرکەس لەمالٚی خۆیدا ئیش بکات !))

یەکسەر ئەوە گەیشت بە میٚشکمدا کە دەبیٚ ئەمە بۆ کتیٚبە نهیٚنییەکەی زاواکەمان بیٚت و بیٚدەنگ بووم . ئۆستاد عوسمان چەندە بە ماناوە قسەی دەکرد ؟

وەستا عوسمان بانگی کابرایەکی سارد و سڕ و پشت چەماوی کرد و وتی : نوری ئەفەندی ! پیٚگەیەك بدە بە " ڕەشە چەلەبی " .

لەکاتی جوانیدا کە گەرم بووم هەموو شتیٚکی ئەم بینایەم مەراق دەکرد . وەزعییەت و پیٚگە بۆنەیەك بوو کە لە کاتیٚکدا پادشا لەماوەی دوو مانگ جاریٚکدا سەردانیٚکی ویٚنەکیٚشخانەکەی دەکرد بەڕیٚوە دەبرا ." هازمی"

خەزیٚنەدار و " لوقمانی " شاهنامەچی و وەستا عوسمانی سەرۆکی ویٚنەکیٚشان لەگەلٚ پادشادا دەگەڕان و ئەوەیان بۆدەگیٚڕایەوە کە کام ئۆستاد چی دەکات و کیٚ چی دەڕازیٚنیٚتەوە و چ کەسیٚك کام ویٚنە ڕەنگ دەکات و جوانکارەکان چییان لە دەستدیٚت .

لەبەر ئەوەی کە ئەم ویٚنەکیشخانەیە وەکوو جاران گەرمایی لە پاشادا دروستناکات و شاهنامەچییکەی ئەویٚ یانی " لوقمان " کە نووسراوەی هەموو کتیٚبەکان دەنووسیٚ ، نەیدەتوانی لەمالٚ دەرکەویٚ و وەستا عوسمانیش هەموو کات لەنیٚو دووکەلٚیٚك لە تووڕەیی و شکان و نەفرەتدا ون دەبوو و چوار ئۆستادە لیٚهاتوەکەش یانی زەیتوون و لەق لەق و زەریف و پەپوولەش بە فەرمانی پادشا لەمالٚی خۆیاندا کاریان دەکرد ، پادشا هاتووچۆی ئەویٚی نەدەکرد ، هەر بۆیە ئەو ڕیٚو ڕەسمە نەدەگیرا ، ئەمەشم زۆر پیٚناخۆش بوو . زۆر ویٚنەکیٚشم بینی کە بیٚئەوەی بتوانن ببن بە هونەرمەندیٚکی باش پشتیان چەماوەو لە خۆڕایی ژیانەکەشیان لە کیس چووە . بۆ نمونە ئەو " نوری ئەفەندییە " سالاٚنیٚکی زۆر لەپشتی تەختەی ویٚنەکیٚشانەوە کاری کردووە و پشتی چەماوە ، کەچی هەمووشی بیٚهودە بووە ، بەلاٚم هەموو کاتیٚك سەیری ئەوەی دەکرد کە بزانیٚ چ کەسیٚ کام لاپەڕە جوان دەکیٚشیٚ .

تەماشای لاپەڕە ئەفسانەییەکانی جەژننامە کە (سوور نامەکە)م کرد ، باسی سوننەتکردنی شاهزادەکان دەکات ، هەموو کەسیٚك و هەموو ڕیٚکخراویٚك بەشداری تیٚدا دەکات . باسی ئەم کتیٚبەم لە ئیٚرانەوە بیست بوو هیٚشتا خەریکی دروستکردنی بوون کە من دوام کرد بوو . یەکەم ویٚنە کە دایاننایە بەردەستم ، ویٚنەی حەزرەتی پاشای گەورەمان بوو کە لە

www.pertwk.com

شانشینی کۆشکەکەی ڕەحمەتی " ئیبرایم پاشا" وە بە لێبووردەییەکەوە تەماشای شاییەکەیناو مەیدانی ئەسپەکانی دەکرد ،وێنەی ڕوخساری لەهی کەسانیتر جیا نەدەبووەنەوە بەڵام زۆر باش و بە ڕێزەوە کێشرا بوو ، وێنەیەکی دوولاپەڕەییان لەلای چەپی پادشاوە دروستکرد بوو ، لەلای ڕاستیشیەوە پادشا و وەزیر و باڵوێزەکانی ئێران و تاتار و فەرەنسە و وەنیز (ئیتاڵی) دانیشتبوون ، لەبەر ئەوەی کە ئەوان پادشا نەبوون ، وێنەکانیان زۆر بێسرنجانە کێشا بوون ، هەموویان سەیری جەنجاڵی ناو مەیدانەکەیان دەکرد لە وێنەکانیتریشدا هەر ئەو جێبەجێکردن و کەڵەکە کردنە بەکار هێنرا بوو ، هەرچەندە کەلە کێشانی دار و دیوار و خشتە سوورەکانیشدا ڕەنگی جیاوازیان بەکار هێنابیٚ بەڵام دیسان هەر تووشی ئەو هەڵەیە بوونەتەوە . کاتیٚ کە خۆشنووسەکان نووسراوەکانیان تەواو کرد و وێنەکانیش ئامادەبوون و بەرگی چەژنناماکە (سوورنامەکە) یان گرت ، ئەو خوێنەرەی واڵاپەلەکان هەڵدەداتەوە و لەژێر نیگای پاشادا تەماشای جەنجاڵەکە دەکات ، هەر جارە و جۆش و خرۆشێکیتر دەبینیٚ .منیش ئەوەم بینی . لەدوایشدا سەدان کەسم بینی کە کاسە برنجیان ناوەتەبەر دەستی خۆیان و گۆشتی سووروٚکراوی ڕەشەوڵاخیش دەگرن بە دەستەوە و پەیتا پەیتا پارووی لێدەگرن . کەسانێکیشم بینی کە کاتێك کەروێشك و پەلەوەرەکان دەردەپەڕن زیڕە دەکەن و خۆیان دەشارنەوە .

لە لایەکیتریشەوە گرووپێکی ڕێکخراوم بینی کە بە گالیسکەیەکەوە هاتبوونە بەر دەمی پاشا و پیاوێکیان ڕووت کردبووەوە، مسگەرەکانیش لە سەر سینەی ئەو پیاوە مسیان پاندەکردەوە بە بێئەوەی چەکوشەکە بەر لاشەی ئەو پیاوە بکەویٚ ، گرووپێکیتر لە پێشەوەی وشترەکانەوە کە باری

شەکەریان پێبوو دەڕۆیشتن و دەهاتنە بەردەمی پاشا ، شووشە گوڵی میخەکیان دانا بوو ، لە پێش هەمووشیانەوە گۆرانیبێژە دەنگ خۆشەکان هاتبوون کە شێعریان دەخوێندەوە ، لە ناو هەندێك لە قەفەسەکانیشدا تووتییان هێنا بوو ، لە ناو گالیسکەکانیشدا کلیلی هەڵواسراوی دداندار و جێگادار لەگەڵ کلیلی چەکمەجەدا پیشاندەدران لە پاڵ ئەوانەدا ئەو کلیل سازە پیرانەیوا بە دەستی ئەم دەرگا تازانەوە دەناڵێنن و گلەیی لێدەکەن بە جوانی کێشرا بوون . کە چاوم بە وێنەی فێڵبازەکان کەوت ، یەکسەر زانیم کە پەپوولە و لەق لەق و زەیتوون لەسەر ئەم وێنەیە کارییان کردووە ، یەکێك لە فێڵبازەکان چەند هێلکەیەکی لەسەر توولێکەوە کەلە گولەیەکی پان دەچوو دەبرد بە ڕێوە و ئەویتریش دەفی بۆ لێدەدا . هەروەها چاوم بەو وێنەیەی کەوت کەوا باسی ئەو دەکات کە چۆن کاپیتان (کلێچ عەلی) لە دەریادا تووشی نەهامەتی دیٚ و چۆن و بە چ فێڵێك کافرەکان دەخاتە ناو تەڵەوە و بەگولەی تۆپ وڵاتەکەیان وێراندەکات . ئەو وێنەیە هەندێك قەسابی بیٚ سمێڵ و ڕیش و ساتۆر بە دەستی نیشاندەدا کەوا ڕەنگی جلەکانیان لەرەنگی گوڵ و تەماتە دەچوو و تەماشای پێسەکانیان دەکرد کەوا بە قولابەوە هەڵواسراو بوون و بزەیان لێدەدا . شێرێکی زنجیر کراویان نیشان داوە کە گاڵتەی پێدەکەن و تووڕەی دەکەن ، ئەویش لە بەردەم پاشادا چاوی پڕبووە لە خوێن ونازانیٚ چیبکات . ئەم شێرە نیشانەی ئیسلامەکانەوە و بەرازەکەی لاپەڕەی تریش کەوالە دەستی شپرەکە هەڕا دەکات ، نیشانەی کافرەکانە . لەسەر گالیسکەکەوە کابرایەکیان سەراوژێر هەڵواسیبوو کە کاکی دەلاك سەری بۆ چاك دەکرد و شاگردێکی سوور پۆشیش کاسەی سابوونەکەی بۆ گرتبوو و چاوەڕێی بەخششی لێدەکرد .

www.pertwk.com

کە ئەمانەم هینایە بەر یەك ،تێگەیشتم کە ئەمە کارێکی دەرئاساییە و پرسیارم کرد کە کێ ئەم وێنەیەی کێشاوە ؟ ((ئەوە گرنگ نییە کە کێکێشاویەتی ، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە کە وێنەکە بە جوانی خۆیەوە دەمانباتە ناو دەوڵەمەندیەکانی ژیان و خۆشەویستی و ڕێز گرتن بۆ ئەو ڕەنگانەی وا خودا لەو عالەمەیدا دروستیکردوون ، هەروەها دەمانباتە ناو بیرکردنەوەیەکی قووڵ و باونگەوازی ئیمان هێنانمان بۆ دەکات .))

نوری ئەفەندی دەیزانی کە زاواکەمان منی بۆ پرسیار کردن ناردووە ، بۆیەە زۆر بە تەدبیرەوە نزیك دەبووەوە ، نەمدەزانی ئایا بەڕاستی کەسێکی ناسکە یان وەکوو قسەکانی وستا عوسمانم بۆ دووبارە دەکاتەوە . پرسیارم کرد و وتم : ئەم ڕازاندنەوانە کاری زەریف ئەفەندییە ؟ کێ لە جێگای ئەودا جوانکاری دەکات ؟ لەبەر ئەو دەرگایەی کەوا بەرەو ناوەوە دەکرایەوە قیڕەقیڕ و هاواری منداڵێك دەستیپێکرد ، لەوانەیە یەکێك لەسەر تیپەکان لە خوارەوە شاگردێك لە بەر دزینی پەلێکی زێڕاوی یان شاردنەوەی خۆیی یاقووت فەلاقە دەکات . ئەو وێنە کێشە گەنجانەی وا بە دوای ساتێك ڕابواردندا دەگەڕێن ، بەرەو لای دەرگاکە هەڵهاتن .

نوری ئەفەندی وتی : " منداڵەکان ! زەوی مەیدانەکە وەکوو ئەوەی کەوا وەستا عوسمان فەرمویەتی بەرەنگی پەمەیی گوڵی ڕەنگ بکەن ، ئەو دوو پەلەش دەڕازێنێتەوە . وەستا عوسمان بە زەریف ئەفەندی وتبوو کە دەمەوێ هەرجارەو مەیدانی ئەسپەکان بە ڕەنگێکی جیا بۆیاخ بکردرێت ، پێویستە جار جار پەمەیی گوڵی بێت و جارجاریش سەوزی هیندی و بەرەنگی ڕیقنەی قاز بێت . لە گۆشەیەکیترەوە چاومان بە لاپەڕەیەك کەوت کە هێشا وێنەی لە سەر نەکێشرا بوو، شاگردێکی یاریدەر ئەمەی

داخستبوو ، ئەمە باسی سەرکەوتنی تیپێکی سەربازی دەکات شەڕدا دەکات . بەڵام لەوە دەچێت کە ئەم شاگردە کاتێك دەنگی هاواری ڕەفیقەکەی ژێر فەلاقەدا دەبیسێت ئەوەی داخستبێ و بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشتبێت . لە ڕووی قاڵبێکەوە چەند کەشتییان بۆ مۆدیل کێشا بوو ، لە دووکەڵی کەشتییەکانەوە وەها دەر دەکەوت کەلە سەر ئاو نەنیشتوە ، لار و خێچ دروستکرا بوون ، نیشانەی با دیاری نەکراو بوو ، دیارە ئەوەش لە خراپبوون و لاری قاڵبەکانەوە نایەت ، بەڵکوو لە ئەنجامی لێنەهاتوویی وێنەکێشێکی تازەکارەوەوە وەها دەرکەوتووە ، نەمزانی کە قاڵبەکە لە چی دروستکراوە . لەوانەیە وەکوو ئەوەی کتێبە کۆنەکان زۆر دڕندانە لە پێستی حەیوانێك درووستکرابێ . زۆرم پێناخۆش بوو دیار بوو کە ئیدی وەستا عوسمان گوێی نەدەدایە زۆر شت . کاتێك کە نۆرە گەیشتە کارەکەی نوری ئەفەندی ، بەسەر بەرزییەوە وتی : " ئەوە سێ حەفتەیە کەلە سەر ڕازاندنەوەی تاجێك کار دەکەم و تەواوم کردووە . " دیار نەبوو کە ئەمە بۆچی درۆستکراوەو بۆ کێی دەنێرن ، لە لاپەڕەیەکی سپیدا کێشا بوویان . بەرێزێکی تەواوە سەیرم کرد . لە ڕۆژهەڵاتدا کاتێ کە پادشاکان تەماشای ئەم تاجە جوانەیان دەکرد کە سەمبۆلی هێز و ڕەسەنایەتیە دەستیان لە ڕاپەڕین و سەر هەڵدان بەردەدا . لە دوایشدا تەماشای دوایین کارە نائاساییەکانی جەماڵی خۆشنووسمان کرد . هونەری ڕاستەقینەی خەت و نووسینە . بۆ ئەوەی کە مافمان نەدابێت بە دوژمنانی ڕەنگ و نەخش کە دەڵێن : نەخش بەهانەیەکە بۆ پێشخستنی خەت ، بە زوویی ئەوەمان بەجێهێشت .

ناسری جەدوەل کێش بەلالێویکەوە وتی : خەریکی پینە کردنی

www.pertwk.com

لاپەڕەیەکی حەماسەکەی نیزامیم کەوا لە کاتی کوڕەکانی تەیموردادروستکراوە ، ئەم لاپەڕەیە باسیئەو کاتەیوا خەسرەو شیرین لەکاتی مەلەکردندا بە ڕووتی دەبینیٚ دەکێشێتە ناو وێنەکەوە . ئۆستادی نیوە کوێری تەمەن نەوەدو دوو ساڵە دەیگوت: بیست ساڵ بەر لە ئێستا لە تەورێز چاوم بە ئۆستاد بەهزاد کەوتووە و دەستەکانیم ماچکردوون ، هەروەها لەوە زیاتر کەبڵیٚ ئۆستادی گەورە کوێرایی داهاتووەو سەر خۆش بووە شتێکیتری لانەبوو، قوتوی قەڵەمێکی نیشاندابن کە بە دەستە لەرزۆکەکانی خۆیەوە خەریکی دەبوو ، دەیگوت : سیٚمانگیتر تەواو دەبیٚ، دەمەویٚ وەکوو خەلاتی چەژن پێشکەشیپادشای بکەم . لە قاتی خوارەوەی نیگارخانەکەدا زیاتر لە هەشتا ئوستاد و شاگرد کاریان دەکرد ، کەچی مات و بێدەنگ بوو ، ئەمەش لە بێدەنگی دوای لێدان دەچوو ، نمونەی وەهام زۆر بینیبوو ، جاریوا هەیە قاقایەکی ڕۆخێنەر ، یان گاڵتەیەکی نابەجیٚ ، یان نزگەرەیەك یاخود نرکە و ناڵەی بەرلە گریان ئەو ئەو بێدەنگییە دەشکێنیٚ . ئۆستادەکانی وێنەکێشیش بۆ خۆشیان دەورانی شاگردی و ئەو کاتانەیان دەکەوێتەوە یاد . ئەو ئۆستادە نەوەد و دوو ساڵە کە خەریك بوو کوێرایی دابێت شتێکی قووڵ و بەواتای پیٚ فێر کردم ، ئەوەش ئەوە بوو کە لێرە ، سەرەڕای دوور بوون ،لەوە دەچیٚ ، بەر لەوەی کە ڕۆژی حەشر و قیامەت بێت ، بێدەنگییەکی لەم شێوەیە هەموو لایەك بگرێتەوە ، نەخش بێدەنگی عەقڵ و مۆسیقای چاوە . کاتیٚ کە بۆ خودا حافیزی دەستی وەستا عوسمانم ماچکرد ، لە باتی ڕێز، شتێکم بیست کە ڕۆحمی سەر وژێر کرد و تێکیدا : ئەمە بەزەییەکی تێکەڵ بە سەر سووڕمانە کەوا لە بەرامبەر ئەولیاکاندا ئەنجامدەدرێت ، هەستێکی زۆر سەیری

تاوانبارییە ، لەوانەیە ئەمە لەبەر ئەوە بێت کەئەو زاواکەمان بەڕەقیبی خۆی بزانێت کە بەنهێنی بە ئاشکرایی لاسایی فەرەنسیەکان دەکاتەوە . پێموابوو کە ئەمە دوا دیدارم بیٚ لەگەڵ ئەو ئوستادە پیرەدا ،جابۆئەوەی کە تۆزێك خۆشحاڵی بکەم ، بە گەرمایییەکەوە پرسیارم لێکرد وتم ! مامۆستای گەورە و ئەفەندی : وینەکێشێکی تایبەت و یەکێکی ئاسایی چۆن لەیەك جیا دەکرێنەوە ؟ مامۆستا عادەتی بەوجۆرە پرسیارانە کردبوو کە ناوەڕۆکەکانیان ماستاوچێتی و پانکەرانەیە . وامدەزانی کە وەلامێکی سەر پێم پێدەداتەوە ، بگرە لەوانەیە ئێستا کانە منیشی لەبیر نەچووبیٚ . وتی : هیچ پێوانێك نییە بۆ ئەوەی کەوینە کێشی تایبەت و ئەوەی بیٚئیمان لە یەك جیا بکرێنەوە ، ئەمە بەپێی زەمان دیار دەبێت ، بۆ ئەوەی کە وێنەکەمان لە بەرامبەر بێڕەوشتی و خراپەییدا بپارێزرێت ، بارودۆخی ڕەوشتی وێنەکێشەکە زۆر کاریگەر دەبێت . ئەمڕۆ بۆ ئەوەی کە بزانم وێنەکێشێکی گەنج چەندە تایبەت و بە توانایە سیٚ پرسیارم لێکرد .

چی بوون ئەوانە ؟ وتی : ئایا دەتوانی لە بەرامبەر نەریتی نوێی چینەکان و فەرەنسەییەکاندا بڵێی کە با منیش نەریتێکم هەبێت و پێداگری لێبکەی ؟ ئایا تۆ وەکوو وێنە کێشێك دەتەویٚ کە لە هەموو کەسێکی تر ئاکارێکی جیاوازترت هەبیٚ و وەکوو ئوستادە فەرەنسییەکان ئەوەش بە ئیمزا و نیشانەی خۆت بسەلمێنیٚ یان نا ؟

بۆ ئەوەی کە لە ئەمانە تێبگەم یەکەم جارباسی ئیمزاو شێوازم کرد .

بەڕێزێکەوە وتم ئەی دوایی چیبوو ؟

وتی : لە دواییدا ویستم کە بزانم ئەگەر ئەو پاشایانەی وا ئەم کتێبانەیان پێڕاسپارد بوو بمرن و کتێبەکانی ئەمدەست و ئەو دەست بن و

www.pertwk.com

لە دواتردا وێنەکانی ئەم کتێبانە بۆ کتێبی تر بە کاربهێنن ، ئەم وێنەکێشە هەست بە چیدەکات ؟ کەس ناتوانێت چ بە خۆشیو چ بە خەمناکی ڕووبەڕووی شتێکی ئاوەها ببێتەوە لەم ڕووەشەوە پرسیاری کردوگوتی کوڕم دەزانی کاتی نەخش و کاتی خودا کەیە ؟

وتم نا و وتم : ئەی سێهەمیان ؟

وتی : سێهەمیان کوێر بوونە ! بێئەوەی کەشیبکاتەوە بێدەنگ بوو .

بە گرژبوونەوەیەکەوە وتم : کوێرایی داهاتنە ؟

" کوێر بوون ، بێدەنگییە ، ئەگەر ئەو دووەی وا تۆزێك بەر لەئێستا باسمکردن لەگەڵ یەکدا بەراورد بکەی ئەوا سێهەمیش دەردەکەوێ ، جێگای هەرە قووڵی وینەکێشان ئەوەیە کە وا لە تاریکایی خودا دا شتانی دیارو ئاشکرا ببینی " .

بێدەنگ بووم ، هاتمە دەرەوە و بێ پەلەپەل لە پلیکانە سەهۆڵ گرتووەکانی بیناکەوە هاتمە خوارەوە . دەمزانی کەئەو سێ پرسیارەی ئوستادی گەورە تەنیا بۆ قسەنیە ، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە لە هاوتەمەنەکانی خۆم (پەپولە – زەیتون – لەقلەق) بپرسمکە خەریکن دەبن بە ئەفسانە .و بۆئەوەیە کە لێیان تێبگەم . یەکسەر نەڕۆیشتم بۆ ماڵی ئەو ئوستادانە، لەلای ملەکەی خەلیجدا لەبازاڕێکدا کە ڕووی کردبووە ملە تازە دروستکراوەکە ئەستەرم بینی، لە نێو جەنجاڵی ئەو ژنە کوێلانەی واهاتبوونە بازاڕ و خەرێکی کڕینی گێزەر و تەماتە و پیاز و بەی بوون دادەهات. ئەستەر بە جلوبەرگە باشەکەی خۆیەوە ئیشارەتی لێدام . ئەم ئەستەرە قسەی زۆری دەکرد و دەمی ڕانەدەوەستا ، بەخۆشی جاران هاتو یەکتریمان بینی ،کە نامەکەم وامدەزانی کەتەواوی بازاڕەکە بەدزییەوە

تەماشای من دەکات . بەشێوەیەکی نهێنی و زۆر وەستایانە نامەکەی خستەناو پانتۆڵەکەیەوە ، بەخشیشەکەم پێداو وتم : " ئامان ، بەقوربانت بم یەك ڕاست بیگەیەنە دەستی خۆی ."

بوخچەیەکی پیشاندام و تێی گەیاندم کە کاری زۆری هەیە و تا نیوەڕۆ ناتوانێت نامەکە بگەیەنەتە شەکورە. وتم : " بە شەکورە بڵێ کە ڕۆیشتووم بۆ بینینی سێ ئوستادە گەرەکە " .

((پێم ئەڵێن پەپولە)) (12)

بەر لە نوێژی نیوەڕۆ بوو کە لەدەرگاکەیاندا ، ڕەشە چەلەبی بوو ، لەکاتی شاگردیدا ئەویش ماوەیەك لەگەڵماندا بوو ، باوەشمانکرد بەیکداو یەکترمان ماچکرد ، وتم لەوانەیە لە زاواکەیەوە هەواڵێکی هێنابێت ، کەچی وتی : هاتووم بۆ ئەوەی تەماشای وێنەکانت بکەم و سەیرێکی ئەو لاپەڕانە بکەم وا ڕازاندووتەتەوە ، بۆ دۆستایەتی هاتووم و بەناوی پادشاوە دەمەوێ بە پرسیارێکەوە ئەزموونێکت لێوەربگرم .

وتم : باشە ، پرسیارەکەت چیە ؟ .

وتی : باشە !

شێواز و ئیمزا

وتم : ئەگەر کەسانی ناڕەسەن و بێ دایك وباوك کە تەنیا بۆ پارە وێنە دەکێشن ڕوو لە زیادبوون بکەن ، ئەوا شتانی وەکوو شێواز و ئیمزاو تەنانەت شتانی پیستر لەوانەش وەکوو تەماکاریش دەردەکەون و ئێمەش بە چاوی خۆمان دەیانبینن . من ئەم کارەم لەبەر ئەوەی کەبەپێی نەریتە دەستپێکردوە ، نەوەکوو لەبەر ئەوەی کە بڕوام پێی هەبووبێت ، چونکە لە

www.pertwk.com

ڕاستیدا هوونەری ڕاستەقینە لەگەڵ پارە و ناوبانگدەرکردندا بەراورد ناکرێت . ئەگەر ڕاستیتان بوێت پارەو ناوبانگ دەرکردن چۆن مافی منە ، مافی هەر هونەرمەندێکی‌تریشە و ئەمەش دەبێت بە هۆی ئەوەی کە لەو ڕێگایەدا زیاتر هان بدرێین . بەڵام ئەگەر باسی ئەمانە بکەم وێنەکێشە بەخیل و هیچ نەزانە هاربووەکانی دەستەی وێنەکێشان پەلامارم دەدەن و حەیام دەبن . بەڵام لە بەر ئەوەی کە بسەلمێنم لەوان زیاتر حەز لەم ئیشە دەکەم، لە سەر دانەیێکی برنج وێنەی دارەختێکم کێشا ، پاپاکان بە وێنەکانی خۆیانەوە ئوستادە چینیەکانیان دەخەڵەتاند وبەوجۆرەش کاریگەری وێنەکێشە فەرانسەییەکان لە سەریان دروستدەبوو ، ویست و ئارەزووی ناوبانگ دەرکردن شێۆاز و کەسایەتی تایبەتیش هەر بەرێگای ئەم وێنەکێشە چینیانەوە گەیشتوەتە نزیکی خۆشمان . ئەگەر مۆڵەتم پێبدەن سەبارت بە ئەم بابەتە سێ ڕووداوی کورتتان بۆ دەگێرمەوە.

(سێ بەسەر هاتی سەبارەت بە شێۆاز و ئیمزا) .

ئەلف) – ڕۆژێك لە ڕۆژان خانێکی گەنج هەبوو کە لە قەڵاکەی خۆیدا لە ناو ناوچە شاخاوییەکانی هەراتدا ژیانی دەبردە سەر ، خان لە حەرەمسەراکەی خۆیدا تەنیا یەك ژنی خۆشدەویست . سەرشێتانە شەیدای بوو، ژنەش بەهەمان شێوە حەزی لێدەکرد شەوان هەتا بەیانی لە باوەشی یەکتریدا دەمانەوە و بە ئارەقی لەشیانەوە یەکتریان تەڕ دەکرد و لەگەڵ یەکدا جۆر دەبوون و لاقەیان دەکرد . لە یەك نەدەبێزان و هیوایان وا بوو کە ئەم دڵخۆشیەیان تا سەر بەردەوام بێ بۆ ئەوەی کە ئەم هیواییان بێتە دی هەموو ڕۆژ و شەوێك بەبێ ڕاوەستان تەماشای کتێبە کۆنەکانیان دەکرد ، بەبێئەوەی سەریان سوور بمێنێ دووبارە سەیریان دەکردەوە و وەها

هەستیان دەکرد کە کات ڕاوەستاوەو دڵخۆشیەکانی چاخی زێرین کەوا لە کتێبە کۆنەکاندا باسیان لێوەدەکرێ، لەگەڵ خۆشییەکانی ئەواندا تێکەڵاو بووە . وێنەکێشخانەی ئەم خانە مامۆستایەکی لێبووە کە مامۆستای هەموو ئۆستادە کان بووە و توانیویەتی هەر ئەو وێنانە بە بێ کەمو کوڕی بکێشێتەوە .

بەپێی ئەو عادەتەی کە باو بووە وێنەکێشەکە لەباتی وێنەی فەرهاددا کە لەدەردی عەشقی شیرین دەناڵێ ، یان وەکوولەباتی لەیلا و مەجنون دا کە بە تامەزرۆییەوە تەماشای یەکدەکەن .یان لە جێگای خەسرە و شیریندا کە لە باخچە بێهەتاوەکەدا بە زمانی چاو لەگەڵ یەکتریدا قسە دەکەن ، وێنەی خان و خۆشەویستەکەی دادەنێت . کاتێ کە خان و خۆشەویستەکەی تەماشای ئەم لاپەڕانە دەکەن ، ئیدی وەها بڕوا دەکەن کە خۆشەویستیە–کەیان کۆتایی پێنایەت و گیرفانەکانی کابرای وێنە کێش پڕدەکەن لە زێڕ و ئاڵتوون . بەئەم بایەخدان و زێڕ و ئاڵتونانەوە لە دواییدا ئوستادەکەیان لە ڕێ لابرد و خستیانە دوای شەیتانەوە . لە دواییدا وای لێدێت کە ئەم ئوستادە ئەوەی لە بیر بچێت کە هەموو ئەم شتانە لە ئوستادە کۆنەکانەوە فێر بووە و هەست بە هیچ جۆرە قەرزارییەك بەرامبەر بە ئەوانە ناکات و وەها هەستبکات کە ئەگەر تۆزێکیتر لە نیشانەکانی کەسایەتی خۆی ئاوێتەی وێنەکان بکات ئەوا بێنمونە و جوانتر دەردەچن . بەڵام کاتێك کە خان و خۆشەویستەکەی تەماشای ئەم نیشانە و شوێنە دەستانە دەکەن، وەکوو عەیبێك چاوی لێدەکەن و دڵتەنگ دەبن .

ئیدی هەر چەندە تەماشای ئەم وێنانە دەکەن ، زیاتر هەستدەکەن کە تام و چێژی جارانی نەماوەو خۆشەویستیەکەیان لەتمەی پێگەیشتووە .

www.pertwk.com

لەوەو بەدوا خان بەخیلی بە وێنەی ئەو کچە جوانە تاتارە دەبردەوە کە لە لاپەڕەکاندا کێشرا بوو ، بۆ ئەوەی کە تۆڵەی لێبسێنێتەوە وکارێك بکات کە ئەویش بەخیڵی بباتەوە ژنێکیتر جۆر دەکات و لەگەڵی دەخەوێت و جووت دەبیٚ . ورتە و بۆڵەکانی ناو حەرەمسەرا زوو بڵاو دەبێتەوە و دەگاتەوە گوێی ئەم کچە جوانە تاتارە ، زۆری پێناخۆش دەبێت و بە بێئەوەی کەسێك بزانیٚ لە داری حەوشەی حەرەمسەراکەوە خۆی هەڵدەواسیٚو خۆی دەخنکێنیٚ . خان لە دواییدا تێدەگات کە چ هەڵەیەکی کردووە ! کاتێکیش تێدەگات کە ئەمە شێواز و تەرزی تایبەتی خودی وێنە کێشەکە بووە ، هەر لەو ڕۆژەدا هەر دوو چاوی دەردێنیٚ و کوێری دەکات .

بیٚ)– لەیەکێك لە وڵاتەکانی ڕۆژ هەڵاتدا پادشایەکی پیردەبێت کە زۆر حەزی لە نەخش و نیگار کێشانە ، ژنی پاشا دەمرێت و ژنێکیتر دەهێنیٚ ئەم ژنە تازەیەی خەڵکی چین دەبێت و زۆریش جوان دەبێت،بەوجۆرەش ژیانێکی پڕلە خۆشی دەبەنە سەر، دوای ماوەیەك کوڕی شا(لە ژنە پێشووەکەی) لەگەڵ ئەم ژنە تازەیەی باوکیدا دڵیان لەیەك دەچێت . کوڕ لە ترسی ئەم خەیانەتەی کە بەرامبەر باوکی کردوویەتی زاوری دەتۆقیٚ و لەم عەشقە قەدەخەکراوەی خۆی تەریقدەبێتەوە و دەچێتە وێنەکێشخانە و خۆی بە وێنەکێشانەوە خەریك دەکات .

ئەو وێنانەی کەوا بە هێزی خەم و پەژارەی عەشقەکەیەوە دروستیکردبوون ، یەك لە یەك جوانتر دەردەچوون و ئەوەی تەماشای بکردایە دەیگوت لە وێنەی ئوستادە کۆنەکان ەچیٚ . پادشاش بێخەبەرلە هەموو شتێك شانازی بەم کوڕەی خۆیەوە دەکرد ، ژنەکەشی تەماشای وێنەکانی کردووە و گوتویەتی : بەڵیٚ زۆر جوانە ! بەڵام ئەگەر ئیمزا نەخاتە

پاڵ ئەو جوانکارییانە دوای سالاٚنێکیتر کەس نازانیٚ کیٚ ئەمانەی دروستکردووە . پاشاش گوتویەتی : ئەگەر کوڕەکەم ئیمزای بداتە پاڵ ئەو ڕەسمانە ئەوا بە ناحەقییەوە مافی ئوستادە کۆنەکان دەخوات ، لەوەش زیاتر ئەگەر کەمو کوڕییەکی هەبیٚ بە ڕێگای ئیمزاکەی خۆیەوە ئاشکرای دەکات و دەڵێت کە من کردوومە ، ژنە چینییەکە کاتیٚ کەزانیٚ ناتوانیٚ سەبارەت بە ئیمزا مێردە پیرەکەی ڕازی بکات بەهەر شێوەیەك بێت باس و لاقردی ئیمزاکە دەگەیەنێتە گوێی کوڕە گەنجەکەی پاشا کە دەرگای وێنەکێشخانەکەی لەسەر خۆی داخستبوو . ئەو کوڕەی وا دەبوایە بە ناچاری عەشقەکەی بشارێتەوە و لە سەر ئەوەش غووری تێکشکا بوو ، بە قسەی باوەژنەکەی وبە هاندانی شەیتانەوە دەخەڵەتیٚ و لە گۆشەی ڕەسمێکەوە ئیمزایەکی خۆی دادەنێت . ئەو وێنەیەش کەوا ئیمزای کرد بوو باسی کوڕەکەی خەسرەو(شیرویە)ی دەکرد کە عاشقی شیرینی ژنی باوکی بووبوو . ئەم کوڕە شەوێك لە پەنجەرەوە دەچێتە ناو ژوورەکەی باوکی و خەنجەرێك دەکات بە سکی باوکیدا و دەیکوژێت ، شیرینیش بە ناسکییەوە خەوی لێکەوتووە و ئاگای لێنابێت . کاتێك کە پاشا پیرەکە تەماشای ئەم وێنەیە دەکات کەوا کوڕەکەی ئیمزای کردووە ، لە ناکاو هەست بە کەم و کورتییەکی ئەو ئەو وێنەیە دەکات ،هەراساندەبیٚ و دەڵێت ئەمە کەمو کوڕییەکی بچکۆلانەیە .بەڵام کاتێك کە وێنەکێشەکان بۆ شاردنەوەی ئەو عەیبە هیچیان پیٚناکرێت پاشا پیرەکە زیاتر هەراسان دەبێت ، چونکە ئەو شتە باس لە داستانێك یان وەکوو ئەفسانەیەك ناکات بەڵکو ڕاستییەك دێنێتە سەر زمان . پیرە پیاوەکە هەست بەمە دەکات ، زۆر دەترسێت ، لە هەمانکاتیشدا کوڕەکەوی وەکوو ئەوەیوا لە ڕەسمەکەدا

www.pertwk.com

نیشـــاندراوە لـــە پەنجەرەکـــەوە دەچـــێتە ژوورەکـــەی بـــاوکی و بـــە چەقۆیەکیگەورە وەکو ئەوەی لە وێنەکەدا هەیە بێئەوەی تەماشای چاوە دەرپەڕیوەکانی باوکی بکات سینگی هەڵدەدڕێت .

جیم)– لـە میژووی (ڕەشـیدە دینـی قـەزوینی)دا وەهـا هـاتووە کـە دوو سـەد و پـەنجاە سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا ڕازاندنـەوەی کتێـب و خۆشنووسـی و وێنەکێشان لە قەزوێندا هونـەری هـەرە بـەڕێز و شـکۆدار بـووە .فەرمانـەکانی ئەو پاشایەی کەوا لەو کاتانەدا لە سەر تەختی دەسەڵات بووە ، لە بیـزانس و چـین و چـل وڵاتـیتردا بـرەوی هەبوو،کێـدەزانیٚ (لەوانەیـە حـەز و خۆشەویسـتی) ئـەم پاشـایە بەرامبـەر وێنەکێشـان هێـزی شـاراوەی ئـەم حوکمـە بووبێـت ! بـەداخێکی زۆرەوە ئـەم پاشـایە وەجـاخی کـوێر دەبـیٚ و کوڕی نابیٚ ، لە بەر ئەوەی ولاّتانی ژێر دەسەڵاتی ئەو پارچە نەبن و لەیـەك جیانەبنەوە ، بەدوای شوویەکی ژیر و وێنەکێشدا دەگەڕا بۆ کچە جوانەکەی . بەم بۆنەوە لە نێـوان سـیٚ وەسـتای جوان و هـەرزەکاری وێنەکێشخانەکەدا کێبڕکێیـەی سـاز کـرد بـوو ، بـە پێـی مێژووەکـەی ڕەشـیدەدینی قـەزوینی بابەتی کێبەرکێکە شتێکی زۆر سادە بوو ! ئەوەش ئەوە بوو کە کیٚ دەتوانیٚ جوانترین وێنە بکێشیٚ ؟ هەر بە پێی ئەم مێژوویە هەر سیٚوێنە کێشـەکە بە گـوێرەی نـەریتی ئوسـتادە کۆنـەکان وێنـەیان کێشـاوە و هـەر سێشـیان بەبێئـەوەی ئاگـاداری یـەکبن ئـەو وێنەیـە دەکێشـنەوە کـەوا لـە هـەموو زیـاتر حەزی لێدەکریٚ .

باخچەیەکیان کێشا بوو کە لە ڕاستیدا لە بەهەشت دەچوو ، پڕ بوو لە داری قەنافـە (سـەدر) و سـەرو ، لـە نێـوان پەلـەوەرەکان و کەروێشـکە ترسەنۆکەکاندا وێنـەی کچێکی خـەمباریان کێشا بـوو کەلـە دەردی عەشق

دەینالاّند . هەموویان وەکوو وەستاکۆنەکان وەکوو یەك کێشا بوویان . بەلاّم یەکێك لەوانە کە ویستبووی فەرق و جیاوازی تێبخات ، لە ژێر وێنەکەدا لە ناو باخچەکەدا و لە نێوان گوڵێکی نێرگزدا ئیمزایەکی خۆی دانابوو . بەڵام لە دواییدا هەرلە بەر ئەمەو لە بەر ڕووداری و دوور کەوتنەوەی لە سادەییو خاکیبوونی وەستا کۆنەکان ، لە قەزوێن دوور خرایەو بۆ چین . بەمجۆرەش کێبەر کێکە لە نێوان ئەو دوو وەستاکەیتردا بەردەوامبوو . ئەم جارەیان هەردووکیان وێنەی کچێکی جوانیان لەناو باخچەیەکدا کێشا کەوا سواری ئەسپێك دەبوو . هەردووکیان وێنەکەیان بە جوانی شێعرێك کێشا بـووەوە . بـەلاّم یـەکێکیان ، نـازانم لەبـەر فلّچـەکە بـووە یـان بەقەسـتەوە وایکـردووە لمـۆزی ئەسـپەکەی گـەورەتر کێشـا بـوو . پاشـا و کچەکەشـی ئەمەیان وەکوو عـەیبێکی گـەورە بینـی و دووریانخستەوە بۆ بیـزانس . ئـەم کابرایـە ئیمـزای لێنـەدا بـوو بـەلاّم لمـۆزی ئەسـپەکەی وەهـا کێشـا بـوو کـە یەکسـەر هەسـت بـە جیاوازییەکـەی دەکـرا . پاشا گوتبـووی : کـەمو کـورتی بیرهێنانـەوەی شـێواز وتـەرزەو بڕیـاری بـوو ئـەو وێنەکێشـەی وابـە بـیٚ هـیچ کەمو کوڕییەك وێنەکەی وەکوو ئوستادە کۆنـەکان کێشا بووبکات بە زاوای خـۆی ، لـەوەو بـە دوا وێنەکێشـەکە ئامـادە کارییـەکانی گێڕانـی جـەژنی هاوســەری لەگــەڵ کچــەکەی پادشــادا دەکــرد، بــە گــوێرەی مێــژووە ئەسـتوورەکەی (ڕەشـیدە دیـن قـەزینی) لەدواییـدا ڕووداوێکیش دروسـت بووە ، ڕۆژێك بەرلە زەماوەندەکە کچەکەی پاشا بەخەمێکی زۆرەوە تەماشای ئـەو وێنەیـە دەکـات کـە ئەوجوانـە کێشـا بـووی وا دووسـبەی دەبـیٚ بـە هاوسەری، لە تاریکایی شەودا دەچێتە لای باوکی و دەڵیٚ : وەستا کۆنـەکان وێنەی کچەجوانەکانیان وەکوو چینییەکان دەکێشایەوە ، ئەمـە یاسای ئـەم

www.pertwk.com

ئیشە بووە . باوکی دەڵێ : ڕاستە .

کچ دەڵێ : بەڵام ئەمانە کاتێك خۆشەویستێکیان هەبایە ، نیشانەیەکی ئەویان لە نێو چاوانیان لەسەر پرچ یا خود لە پێکەنین ، تەنانەت لە برژانگی ئەو جوانەدا جێی دەکردەوە ، ئەم عەیبە بچووکە دەبوو بەنیشانەیەك بۆ عەشقەکەیان کە تەنیا خۆیان و خۆشەویستەکەیان لێی تێدەگەیشتن .ئەمڕۆ تەماشای کچە جوانەکەی سواری ئەم ئەسپەم کرد ، هیچ نیشانەیەکی منی پێوە نییە ! لەوانەیە ئەم کوڕە جوانە وەستایەکی گەورە و قۆزیش بێت ، بەڵام حەزم لێناکات ! بەم جۆرەش پاشا زەماوەندەکە بەتاڵ دەکاتەوە و کچە و باوکی تا دوایی تەمەنیان پێکەوە دەژین .

ڕەشە بەڕێزێکەوە وتی : " بە گوێرەی داستانی سێهەم شێواز (ئوسلوب) هەمان دەستپێکردنی هەڵەکانە .ئەو ڕوخسارە جوانەی کەوا وێنەکێشەکە عاشقیەتی لە چاوەوە یان لە پێکەنینەکەوە ، یان لە ئیشارەتێکی نهێنییەوە دەردەکەوێ و دیار دەبێ ؟ " بەدڵنیایی و بە شێوەیەکی لەخۆباییەوە وتم : " نا". ئەوشتەی وا وەستای وێنەکێش لە خۆشەویستەکەیەوە وەری دەگرێت و دەیباتەناو وێنەکەوە ، نابێ بەکەمو کوڕی ، بەڵکوو دەبێ بە یاسا . چونکە دوای ماوەیەك هەموو کەسێك لاسایی ئەو وەستایە دەکاتەوە و بەسەدان وێنەی ئەو کچە جوانە دەکێشنەوە .

تۆزێك بێدەنگماینەوە . ڕەشە بەهەموو سەرەنجێکی خۆیەوە گوێی دەدایە ئەو سێ بەسەر هاتە ، بەڵام کاتێك کە لە سووچی دەرگاکەوە ، چاوی بە ژنە جوانەکەم دەکەوت کەلە هەیوانەکەدا تەقەتەقی دەستی دەهات ، سەرەنجی ئەچووە سەر ئەو .

زاق زاق تەماشای نێو چاوانیم کرد وگوتم : بەسەر هاتی یەکەم دەڵێ شێواز (ئوسلووب) جۆرێکی هەڵە و کەموکوڕییە . بەسەر هاتی سێهەمیش عەقڵی بەشی یەکەم و دووهەم کۆدەکاتەوە و پێمان دەڵێت کە شێواز (ئوسلووب) خۆ هەڵخەڵەتاندن و خۆ گەورە کردنێکی ڕوودارانە و گێلانەیە .

لە بەرخۆمەوە وتم : ئەو پیاوە چەندە لە وێنەکێشی تێدەگات کە من وانەی پێدەڵێمەوە ؟

– : لە گێڕانەوەی ئەو بەسەر هاتانەوە تێگەیشتی کەمن کێم ؟

– : "تێگەیشتم ". بەڵام من بڕوام پێنەکرد . بە شێوەی تێگەیشتنی ئەوەوە خۆتان سنوردار مەکەنەوە ، بابەڕاشکاوی پێتان بڵێم کەمن کێم :من هەموو شتێکم لە دەست دێت .

دەتوانم وەکوو وەستا قەزوێنییەکان بەپێکەنین و بە ڕابواردنەوە وێنە بکێشم و بۆیاخ بکەم . بەپێکەنینەوە دەڵێم کە لە هەموو کەسێك باشترم . ئەگەر هەستەکانم ڕاستم پێ بڵێن و هۆی هاتنی ڕەشە بۆ لای من ون بوونی " زەریف ئەفەندی " بێت ، بابە ڕاشکاوی بڵێم کە هیچ پێوەندییەکم پێوەنییە .

ڕەشە وتی : ئەی باشە ، ژیانی هاوسەری و ژیانی هونەری چۆن پێکەوە دەگونجێنن ؟

– بە ویستی خۆم ئیشی زۆر دەکەم ، لەگەڵ جوانترین کچی گەڕەکەدا زەماوەندم کردووە ، کاتێ نەخش ناکێشم ، لەگەڵ ئەوەدا جووت دەبم و پێکەوە لاقە دەکەین و خۆشەویستی دەکەین .لە دواییدا دیسان دەست بە ئیش دەکەمەوە .

www.pertwk.com

ووتم : ئەوە کێشەیەکی گەورەیە . لەوانەیە وێنەکێش بتوانێ بەفڵچەکەی دەستییەوە لەسەر ڕووپەڵەکان شتانی دەرئاسایی دروستبکات ، بەڵام کە دەڕواتە لای ژنەکەی تووشی ئەوە نابێت و ناتوانێ ئاوەها بکات، ئەوەشم پێ زیاد کرد کە بە پێچەوانەکەشی ڕاستەو ئەگەر وێنەکێشەکە بتوانێ ژنەکەی دڵخۆش بکات و قامیشەکەی (ئالەتیجنسی پیاوان) کار بکات ، ئەوا قامیشەکەیتری لەسەر کاغەز کەمڕەنگدەبێتەوە.

وەکوو هەموو ئەو کەسانەی کە بەخیڵی بەهونەری وێنە کێشان دەبەنەوە ، ڕەشەش بڕوای بەم درۆو دەلەسانەی من کرد و زۆر خۆشحاڵ بوو و لەدوایشدا وتی : دەمەوێ ئەو لاپەڕانە ببینم کەوا ڕازاندونەتەوە . بردمە لای جامۆڵکەی ڕەنگەکانم و لە نێوان فڵچەو قەڵەمەکانمدا لەسەر تەختەکەم جێگام کردەوە . کاتێك ڕەشە سەیری ئەو دوو لاپەڕەیەی دەکرد وا بۆ جەژننامە (سوور نامە)ی سونەتی شازادە ئامادەم کردبوون ، منیش لەسەر دۆشەکە سوورەکە لە تەنیشتیەوە دانیشتم . لەگەرمایی دۆشەکەکەوە تێگەیشتم کەتۆزێك بەر لە ئێستا ژنە قون جوانەکەم لەسەر ئەمە دانیشتووە . کاتێك کە من بە قەڵەمە قامیشەکەوە خەم و پەژارەی تاوانبارە بێچارەکانی بەردەم پاشام دەکێشا ، ژنە ژیرەکەم قامیشەکەی منی دەگرت ئای کە خۆش بوو! ئەو دوو لاپەڕەیەی وا دەمکێشا ، باسی ئەو تاوانبارانەی دەکرد کەقەرزیان وەرگرتبوو وە نەیاندەتوانی قەرزەکانیان بدەنەوە و لەبەر ئەوەش کەوتبوونە ناو زیندانەوە ، بەڵام بە بەزەیی ولێبووردەی پاشاوە خۆیان و بنەماڵەکانیشیان نەجاتیان دەبوو . وەکو ئەوەی وا لە بۆنەکەدا دەیبینم، پادشا لەسەر قاڵییەکی سوور دانیشتبوو کە دەیان تەلیسی زێڕی لەسەر دانرابوو . تۆزێك دواتریش نووسەرەکیان

دانابوو ، کەدەفتەرێکی قەرزی پێبوو و خەریك خوێندنەوەی بوو . تاوانبارەکانیشیان بەزنجیر کراوی هینرابووە بەردەم پادشا . وەکوو ئەوەی کە تەریق بووبێتنەوە و لەئازارێکی زۆردا بن، چاویان شۆڕ کردبۆوەو ڕوویان ترشکردبوو ، تەنانەت هەندێکیشیان بەفرمێسکەوە کێشرابوو، کاتێك پاشا لە خەزێنەکەی خۆی پارەی قەرزەکەی ئەوان دەداتەوە ، دەست بە خۆشی و شاییدەکەن و عوودچی و تەمبوورچییەکان بوگۆرانی وتنەوە مۆسیقا لێدەدەن ، بەوردی بە جوانیەوە کێشرابوون . بۆ ئەوەی کە دەردی قەرزاری باش بگەیەنێت ، لە پاڵ ئاخرین تاوانباردا وێنەی ژنە جل شڕۆڵەیەك و کچە جوانکیلەیەکی پرچ درێژو خەمباریان کێشابوو، جێکردنەوەی ئەو هەموو تاوانبارە لەو دوو لاپەڕەیەدا و واتا شاراوەکەی سوورابییەکە دووشتن کە تاکوو ئوستادە گەورەکانی تر ئەمەیان نەکردووە . خەریك بوو وەکوو چۆن بە پێکەنینەوە بۆ ژنەکەی خۆمم باسکردبوو ، پێی بڵێم کە بۆچی سەگەی تەنیشت پاشام بەجوانی کێشاوە و بەڕەنگی تەقلەکەی سەری پاشا ڕەنگم کردووە کە پرسیارێکی لێکردم ، بەڕاستی زۆر عەیب بوو !

ووتی : بەگوێرەی تۆ، لەوانەیە ئیستا زەریف ئەفەندییە بێچارەکە لەکوێ بێت؟

ووتم : بێچارەی چی ، ئەوە لاساییکەرێکی بێقیمەتە ، ئەو تەنها بۆ پارە جوانکاری دەکرد و گێلێکی بێ ئیلهامە و بەس . نا ، نازانم .

ووتی : ئایا هیچ بیرت لەوە نەکردۆتەوە کەلەوانەیە گروپێك لە هێرشکەرەکانی مەلا ئەرزڕوومییەکە شتێکیان خراپیان بەسەرداهێنابێ ؟ خۆمم ڕاگرت و نەمگووت کە ئەویش لەوانەیە

www.pertwk.com

ووتم :نا ، بۆچی ؟

مــەلا ئەرزڕوومییەکــە دەڵێــت : " ئەســیری و هــەژاری ئــەم شــارەی ئەســتەنبووڵ وبلاوبوونــەوەی وە بــاو هــۆی ڕیســوابوون بێرەوشــتبوونمان هەمووی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کەلە ئیسلامییەتییەکەی زەمانی پێغەمبەر دوور کەوتووینەتــەوە و عــادەت و خــووی پیســمان وەرگرتــووە و بــەپێی نەریتی فەرەنسیەکان هەڵسووکەوت دەکەین" و.. لەمە زیاتر هیچ ناڵێت .

–بەڵام دوژمنەکانی دەڵێن کە : " ئەرزڕوومییەکان هێرش دەکەنە سەر ئەو تەکیانەی   وا مۆسیقای تێدا دەژەندرێ دەڵێن ئەوانە گۆڕی ئەولیاکان هەڵدەتەکێنن و دەیانەوێ پادشاش هەڵخەڵەتێنن " .

لەبەرئــەوەی کــەوا وەکوومن ئــەوان دژایــەتی حــەزرەتی ئــەرزڕوومی ناکــەم دەیانەوێ زۆر بەڕێزانە پێم بڵێن کە تۆ زەریف ئەفەندیت کوشتووە . لەناکاو ئەوەش هات بە مێشکمدا کە بەڕاستی لەنێو وێنەکێشاندا ئەم گێڕانەوەانە باســدەکرێن و جەماعــەتی بیٚئیلهامــەکان بەخۆشــییەوە بــاس لــە پیــاو کوژبوونی من دەکەن و ئەوەش بلاودەکەنەوە .

تەنیا لەبەرئەوەی کە بڕوای بە تۆمەتی ئەو جەماعەتە بە خیلە کردووە ویستم کە تەقلەکەی سەری ڕەشە لەو سەرە زلەی داگرم . ڕەشە تەماشای ژوورەکەی دەکردوو هەموو شتێکی لەمێشکی خۆیدا ڕادەگرت . تەماشای مەقەســتە درێژەکــەی کاغەزەکــەو کاســە پــڕ لــە پــارە وردەکــان و کاســەی ڕەنگــەکان و ئــەو ســێوەی دەکــرد وا لــەکاتی کارکردنــدا جارجــار قــەپێکم لێدەگرت ، تەماشایەکی کووپەکانی قاوە ی پاڵ ئۆجاخەکە و دۆشەکەکانی کرد ، سەیرێکی ئەو وێنەیەی کرد وابۆ تاقیکردنەوەی ئەندامی وێنەکانی تر بەکاری دێنم ، لەدوایشدا سەیری ئەو تیشکەی کرد وا لەپەنجەرەکەوە

دەهاتە ناو و بە سەرنجێکی تەواویشەوە نیگاکانی گێڕایەوە سەر پشتوێنە سوورەکەی ژنەکەم کەوا لەکاتی ڕۆیشتن بۆ کردنەوەی دەرگاکە دایخستبوو . لەگــەڵ ئــەوەی کــەوا بۆچــوونەکانی خــۆمی پێنــاڵێم بــەڵام بــە بێترســانە وێنەکانی خۆم و هەموو ئەو شتانەی ناو ژوورەکەم پێنیشاندا و تەسلیمی نیگــای چــاوە هێرشــکەرەکانیم کــرد . دەزانم کــە هــەمووتان ســەرتان سووردەمێنێ لەوەی کە من لەهەر وێنە کێشێك زیاتر پارە قازانج دەکەم و لە هەمووشیان باشترم ! چونکە خودا ویستوویەتی کە نەخش کێشان ببێت بە ڕازاندنەوەی جەژنی ئەو کەسانەی وا دەزانن سەیری وێنە بکەن .

((پێم ئەڵێن لەق لەق)) (13)

وەختی نوێژی نیوەڕۆ بوو کە لە دەرگاکاندا ، ڕەشە بوو ، هاوڕێی کاتی

www.pertwk.com

منداڵیم بوو ، باوشمان کرد بەیەکدا . لەسەرماندا ڕەقی برد بووەوە ، بە بێئەوەی پرسیار بکەم ، ڕێگای ماڵت چۆن دۆزیوەتەوە بردمە ژوورەوە .زاواکەیان لەبەر ئەوەی کە بزانێ زەریف ئەفەندی چی‌لێهاتووە نارد بووی بۆ لای من بۆ ئەوەی کە بۆنی دەمم تاقیبکاتەوە . بەڵام لەلای وەستا عوسمانیشەوە هەواڵێکی هێنا بوو .

ووتی : " پرسیارێکم هەیە ، بە گوێرەی وەستا عوسمان جیاوازی وێنەکێشێك تایبەت لەگەڵ ئەویتردا لە زەمان دایە . تۆ لەسەر کاتی وێنەکێشان چۆن بیردەکەیتەوە ؟ "

–باشە گوێم لێڕا بگرە تاپێت بڵێم .

((نەخش و کات))

وەکوو ئەوەی کە هەموو کەس دەزانێ وێنەکێشە کۆنەکانی دونیا تەنانەت هی عەرەبەکانیش وەکوو چۆن کابرایەکی فەرەنسی تەماشای دونیا دەکات ، ئاوەها سەیری دونیایان دەکرد ، تووتکە سەگێکی هەرچی و پەرچی ناو کۆڵانی و کابرای فرۆشیار و کەرەوزەکانیان لە جێگای خۆیاندا دەکێشا . ئەو وەستا فەرەنسە–ییانەی وا ئەمڕۆ بە شانازییەوە باسیان لێوە دەکرێ ، لە نەریتی (دیدگا)وە بێئاگا بوون و دونیاکەیان تەنیا تووتکە سەگ و کەرەوزەکانی دەبینی و هەربەو شەوە سنووردارە دەمایەوە بەڵام لە دواییدا شتێك ڕوویدا کە دونیای وێنەکێشانی تووشی گۆڕانکاری کرد، هەر لەوێوە دەستی پێدەکەم و باستان بۆدەکەم .

((سێ بەسەر هاتی کات و نەخش))

ئەلف) – لەو کاتانەی کە ((ابن شاکر)) گەورەترین و ناودارترین خۆشنووسی جیهانی عەرەب و دونیای ئیسلامەتی دەژیا ، یانی سێ سەد و

پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا ، کاتێك کە مەغوولەکان بەغدایان داگیر کرد، سەرەڕای سەرماوسوڵەی ڕۆژانی ڕەشەمە هەموو جێگایەکیان تاڵانکرد . (ابن شاکر) لە تەمەنی گەنجێتی خۆیدا زیاتر لە بیست بەرگ کتێبی نووسی کە زۆربەیان قورئانی پیرۆز بوون و هەمووشیان لەکتێبخانەکەی بەغدادا پەیدا دەبوون . لەبەر ئەوەی کە بڕوای وابوو ئەم کتێبانە تا قیامەت دەمێننەوە بە فیکرێکی قووڵ و بێکووتاییەوە ژیانی دەبردە سەر . بەڵام لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا سەربازەکانی هۆلاکۆی مەغوول یەکە بە یەکەی ئەو کتێبانەیان پەڕوپووتکرد و سووتاندیان و لەدوایشدا خستیانە ناو ئاوی دیجلە . کێدەزانێ کەبۆ ئاخرین دانەی ئەم کتێبانە بە قارەمانییەوە چەند شەو لەبەر تیشکی لەرزۆکی مۆمەکاندا کاری کردبوو.

ئەم وەستا عەرەبە ڕێگا چارەی ڕزگاری لە کوێرایی و تاریکایی لەپشتکردنە هەتاو و تەماشاکردنی ئاسۆ و ڕۆژئاوا و بیرکردنەوە لەسەر بێمەرگی کتێبەکان و نەریتەکاندا دەبینی .

بەیانییەك زوو لەبەر کزەی سەرمادا ڕۆیشتە سەر منارەی مزگەوتی خەلیفە و هەموو ئەوشتانەی بینی کەوا نەریتی پێنج سەد ساڵەی نووساندن لەبەر ناسراوی و بەناوبانگی لە ناو دەبەن ، بۆیەکەم جار هاتنی سەربازەکانی هۆلاکۆی بۆ ناو شار بینی و لەسەر منارەکەیەوە تاڵانکردن و سووتاندنی شار ، سەر بڕینی سەدان کەس بە شمشێر و کوشتنی دوایین خەلیفەی ئەو خەلافەتەی وا پینج سەد ساڵە بەردەوام لەبەغدادا حوکمدەکا بەچاوی خۆی بینی ، سوار بوون لە سەر ژنان و سوتاندنی کتێبخانەکانی بینی و بە دڵێکی خەماوییەوە تەماشای ئەو لاپەڕانەی کرد کەوا بەر بەشی ئاوەکەی دیجلە کەوتبوون . ڕۆژی دواتر لەبەر بۆنی لاشەی مردووەکان و

www.pertwk.com

هاوار وناڵەی بەرلە مەرگدا سەیری ئاوەکەی دیجلەی دەکرد کەوا بەمورەکەبی کتێبەکان سوور بوو بوو ، بیری لەو کتێبانە دەکردەوە وا بەخەتی جوان نووسیبوونی و ئێستاکانەش تەفر و توونا بوون بڕوای وا بوو کە ئیدی ڕاوەستاندنی ئەو کوشت و کوشتارە مەترسیدارە هیچ سوودێکی نییە .

لە دواییدا سوێندیخوارد کە ئیدی قەڵەم نەگرێ بە دەستەوە و هیچ شتێك نەنووسێتەوە، لەوەش زیاتر ئەو وەستایەی کە تا ئەو ڕۆژە وێنەکێشانی وەکوو سەر هەڵدانێك بەرامبەر بە خودا دەبینی و گاڵتەی پێدەکرد ، لە سەر لاپەڕەیەك کەوا لە خۆی دووری نەدەکردەوە دەستی بە کێشانی وێنەی ئەو شتانە کرد کەوا بە چاوی خۆی بینی بوونی . دوابەدوای سێ سەد هێز و جیاوازی وێنەکێشی ئیسلامی لەگەڵ هی بوتپەرەستان و خاچپەرەستان لەوەوە دەهات کەلەو وێنە دەرئاساییەدا دونیا لە ڕوانگەی خودا وبڵندایی ئاسۆوە بینراوە و وێنە کێش بەخەم و پەژارەو بەزەییەکی تەواوەوە کێشراون .

(ابن شاکر) بە وێنەکانی بەر دەستییەوە و بە ویستێکی گەورەی وێنەکێشانەوە لەدڵیدا بەر و باکوور یانی بۆ ئەو جێگاییەی واسەربازە مەغوولەکان لەوێوە هاتوون ڕۆیشت، لەگەڵ فێر بوونی شێوازی وێنە کێشانی وەستا چینییەکان ئەوەی بە ئاشکرایی بۆ دەرکەوت کە ئەو بیرۆکەیەی بێکۆتایی بوون کە پێنج سەد ساڵ بەرلە ئێستا لەلایەن خۆشنووسە عەرەبەکانەوە داهێنرا بوو لە خەتدا نییە ، بەڵکوو لە وێنە کێشاندایەو بەڵگەی حاشا هەڵنەگر بۆ سەلماندنی ئەم شتەش ئەوەیە کە نووسراوەی کتێبەکان دەدڕێن و فڕێدەدرێن بەڵام وێنەکانیان لە کتێبیتردا

بەکار دەبرێن و بەم شێوەیە بە بەردەوامی دونیای خودا نیشاندەدەن .

بێ) – هەمووشتێك ، هەمووشتێکیتر دووبارە دەکاتەوە لەم ڕووەشەوە ئەگەر مەرگ نەبایە ئەوا مرۆڤ هیچ کات هەستی بە هەبوونی کات نەدەکرد و جیهانیش بەداستان و وێنەی دووبارەوە لە هەمان کاتدا دەکێشرایەوە . وەکوو ئەوەی وا لە مێژووە کورتەکەی (سەلیم سەمەرقەندی)دا هاتووە ، ئارتەشە بچووکەکەی (فاخر پاشا) سەربازەکانی (سەلاحەدین خان) یان پەرێشان کردووە . بەپێی عادەتی ئەو کاتانە ، فاخر پاشای سەرکەووتو ، سەلاحەدین خان دەکوژێ و مۆری خۆی لە کتێبخانەکەی دەدا و سەردانی حەرەمسەراکەشی دەکات . بەرگدارە بە ئەزموونەکەی کتێبخانەکە کتێبەکانی پڕوپووتدەکات و هەر بەو لاپەڕانە خەریکی دروستکردنی کتێبیتر دەبێ ، خۆشنووسەکان ناوەکانی سەلاحەدین خانیانلە سەر کتێبەکان کەوا بە جوانی نووسرا بوون پاکدەکەنەوەو و لەباتی ئەوانەدا ناوی فاخر پاشای پیرۆز دادەنێن و وێنەکێشەکانیش هەر بەو شێوەیە خەریکی گۆڕانی وێنە جوانەکانی سەلاحەدین خان لەناو باشترین کتێبەکاندا و دانانی وێنەی پاشای نوێی لەوێدا دەبن .

کە ڕۆیشتە حەرەمسەراکەوە بە بێ زۆر و زەحمەتی جوانترین ژنی هەڵدەبژێرێ. بەڵام لە بەر ئەوەی لە نەخش و نیگار کێشان و کتێب تێدەگەیشت و پیاوێکی ژیر و ناسك بوو ، زۆری لێنەکرد و هەوڵیدا کە دڵی بدزێو بەدەستی بهێنێ.ژنە جوانە چاو تەڕەکەی سەلاحەدین خان یانی نەریمان سوڵتان ڕازی بوو بەڵام تەنیا داوای شتێکی لە مێردە تازەکەی کرد ، ئەوەش ئەوە بوو کە لە کتێبێکدا کە باسی عەشقی لەیلا و مەجنوون دەکات و لەباتی لەیلادا وێنەی نەریمان سوڵتان و لە باتی مەجنونیش

www.pertwk.com

وێنەیسەلاحەدین خان کێشراوە ، دەستکاری ئەو کتێبە نەکرێت و وەکوو خۆی بمێنێتەوە و هیچ نەبێت ئەو بێمەرگییەیوا ئەو ڕەحمەتییە لە کتێبەکاندا بەدوایدا دەگەڕا لێی دریغ نەکرێ .

فاخر پاشای سەر کەوتوو داواکارییەکەی بە جێهێنا و بە جۆرەش هیچ وێنەکێشێك دەستی لەو کتێبەنەدا . نەریمان و فاخر پاشا دەمیان نایە ناو دەمی یەك و باوشیانکرد بەیەکدا و وردە وردە لەگەڵ یەکدا جووتبوون و پشتی ماوەیەکیش حەزیان لەیەك کرد و ڕۆژانی مەترسیداری ڕابردوویان فەرامۆشکرد . بەڵام فاخر پاشا وێنەکانی ناو کتێبەکەی لەیلا و مەجنوونی فەرامۆش نەکرد و هەرلە یادی مایەوە .

ئەو شتەی وا دەیپەشۆکاند وئۆقرەی لێدەبڕی ، بەخێڵی بردنەوە و خانووگمانیکردن لەکێشانی وێنەی ژنەکەی لەگەڵ مێردەکەی جارانیا نەبوو ، بەڵکوو ئەوە بوو کە بۆچی وێنەکەی لە ناو ئەو کتێبە دەرئاساییەدا نەکێشرا بوو و لەگەڵ ژنەکەیدا تێکەڵاوی بێکۆتاییبوون نەدەبوو . شەوێك لە دوای ماوەیەکی زۆر خۆهەڵپێچان و جووتبوون لەگەڵ نەریماندا بەبێدەنگییەوە وەکوو دزێك چووە ناو کتێبخانەکەی خۆی . کتێبەی کردەوەو لەباتی وێنەکەی سەلاحەدین خاندا دەستیبە کێشانی وێنەکەی خۆی کرد . بەڵام وەکوو هەموو خانێکی وێنەدۆست باشی لێنەدەزانی و وێنەکەی جوان دروستنەکرد . بەیانی کابرای کتێبدار ، لەسەر گومانێك کتێبەکەی کردەوە و لە جێی وێنەی سەلاحەدین خاندا وێنەی کەسێکیتری بینی کە لە هی فاخر پاشا نەدەچوو . وتی : " ئەمە وێنەی (عەبدوڵا... پاشا)ی دوژمنی سەرەکی و ڕەقیبی فاخر پاشایە . "

ئەم قسەیە دەم بە دەم گێڕایەوە و لە نێو سەربازەکانی فاخر پاشادا بڵاو

بووەوە و وەرەیانی دابەزاند ، هەر بەو شێوەش ئەمە گەیشتەوە گوێی (عەبدوڵا... پاشا) و جەسارەتی پێدا و لەیەکەم شەڕدا لەشکرەکەی فاخر پاشای شکەستدەدا و لە دواییدا دەیکوژێ ومۆری خۆی لە کتێبخانەکەدەدا و دەبێ دەبێ بە مێردی تازەی نەریمان سوڵتان .

جیم)– لە نێو وێنەکێشاندا بەسەر هاتی کابرایەك بەناوی (حەمە درێژ) کەلە ئێراندا بە موحەمەدی خۆراسانی ناسراوە بۆ نموونەی کوێرایی داهاتن و تەمەن درێژی دەگێڕنەوە . بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بەسەر هاتێکە کە بابەتەکەی نەخش و زەمانە .

تایبەتمەندی ئەم وەستا گەورەیەی وا لە نۆ ساڵەییەوە بووە بە شاگرد و سەد و دە ساڵ بەبێ ئەوەی کوێر ببێ وێنەی کێشاوە ئەوەیەکە بێ تایبەتمەندی بووە .

لێرەدا یاری بە وشەکان ناکەم بەڵکوو لەدڵەوە تاریفی دەکەم . هەرشتێکی وەکوو ئوستادە کۆنەکان کێشاوەتەوە . هەر لەبەر ئەوەش وەستایەکی گەورەبووە . وێنەکێشانی وەکوو خزمەت بە خودا بینیوە و لەبەر دڵنزمی و گرێدانی بەکارەکەیەوە ، لە ئاژاوەکانی ناو وێنەکێشخانەکان خۆی دوور خستۆوەتەوە و سەرەڕای لەبار بوونی تەمەن ویستی بوون بە سەرۆکی وێنە کێشانی لەدڵدا نەبووە. لە و سەدو دە ساڵ تەمەنی وێنەکێشیدا لە گۆشەیەکدا دەمایەوە و وردە کاری دەکرد و خەریکی کێشانی گوڵ و گیا و پڕ کردنەوەی لاپەڕەکان و هەزاران پەلی دار و پێچ و پلووچی هەورەکان و یاڵی ئەسپەکان بە شانەکراوی و کەڵەکە کردنی خشتی سووری دیوارەکان و دەیان هەزار ڕوومەتی چاوجوان و چەناکە درێژی وەکوو یەك دەبوو. زۆر خۆشبەخت و بێدەنگ بوو ، هیچ کات خۆی

www.pertwk.com

نەدەخستە ناومەیدانەوە و دوای شێواز و تەرزی تایبەت و کەسایەتی و ناوبانگ دەرکردن نەدەکەوت .

بۆکام خان و پاشا کاری بکردایە و لەکام وێنە کێشخانەدا بایە ، ئەوێی وەکووماڵی خۆی دەزانی و خۆشی وەکوو کەلووپەلێکی ئەو ماڵە دەبینی .

کاتیٚ کە پادشاو و خانەکان پێکەوە شەڕیان دەکرد و یەکترییان سەردەبڕی ، وێنە کێشەکانیش وەکوو ژنانی حەرەمسەرا ئەم شارە و ئەو شاریان پێدەکرا و لەوەش بەدواوە شێواز و تەرزی وێنەکێشخانە تازەکان لە کێشانەوەی پەل و چیمەن و لار و خێچی تاشە بەردەکان و سەبر و خۆڕاگری ئەم وێنەکێشانەدا دیار دەبوو .

تەمەنی ئەم وێنەکێشە لە هەشتا ساڵاندا بوو ، بەڵام کاتیٚ خەڵك تەماشای وێنەجوانەکانی ئەم وەستایەی دەکرد ، هاتنی ساڵانی مەرگی ئەو پیاوەیان لەبیر دەچووەوە و نیگاکانیان لەودیمەنە جوانانەدا ون دەبوو . لەوانەیە هەرلەبەر ئەمەش بووبیٚ کە هەندێك کەس گوتوویانە ئەم پیاوە لە دەرەوەی زەمان دەژی و هیچ کات پیر نابیٚ و نامریٚ . بە بیٚ ئەوەی ماڵ و وڵاتێکی هەبێت لە ژوورێکی وێنەکێشخانەکەدا یان وەکوو لە چادرەکاندا ژیانی دەبردە سەر و شەوگاری تێدەپەڕاند . سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی کاتەکانیش سەری دادەنەواند و تەماشای لاپەڕەکەی بەردەمی دەکرد ، بەڵام دیسان کوێر نەدەبوو ، هەر لە بەر ئەوەش زۆر کەس ئەم وەزعە دەرئاساییەی ئەم پیاوەیان دەبردەوە سەر بەدەربوونی لە بازنەکانی زەمان . کەسانێکی تریش هەبوون کە دەیانگوت : " خۆی لە ڕاستیدا کوێر بووە ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەموو شتێکی لەبەر کردووە ، دەتوانیٚ بیانکێشێتەوە وپێویستی بە چاو نییە ."

ئەم پیاوە ژنی نەهێنا بوو و هیچ کاتێکیش لەگەڵ ژناندا جۆر و جووت نەبوو بوو . بەڵام بۆ ماوەی سەد ساڵ بە بەردەوام وێنەی کوڕێکی جوانی دروستدەکرد کە وێنەی لە مانگ دەچوو . بە چەناکە باریکەلەو چاوە ڕاکێشراوەکانیەوە لە جوانیدا نموونەی نەبوو . لە سەد و نۆزدەهەمین ساڵی تەمەنیدا چاوی بە کوڕە جوانکیلە– یەکی خۆش سیما کەوت کە لە وێنەکێشخانەکەی شاتاماسووبدا بەردەستیدەکرد . ئەم کوڕە خەڵکی چین بوو بەڵام خوێنی (کرواتەکانیش) لەدەمارەکانیدا دەجووڵایەوە . وەستا حەمە درێژی کاری خۆمان یەکسەر عاشقی کوڕە دەبیٚ و بۆ ئەوەی کەببیٚ بە خاوەنی ئەو جوانییە نائاساییە دەست بە هەموو کارێك دەکات . وەکوو وێنەکێشەکانیتر دەکەوێتەناو شەڕ و ئاژاوەی دەسەڵات و دەست بە درۆ و دەلەسە و دانانی فێڵ و تەڵەکە دەکات و دەیەویٚ بگات بەو شتەی کەوا سەد ساڵ لێی دوور ماوەتەوە . کاتیٚ کە ئەم ویستە لەگیانی وەستا خوراسانییەکەدا زیندوو دەبێتەوە ، یەکسەر لە بیٚکۆتایی بوونی ئەفسانە کۆنەکان دادەبڕیٚ و لە عەسرێکی ڕووژێکیی ساردا نیگای چاوانی لە ڕوومەتی کوڕەکەدا نوقم دەبیٚ و لەبەر با ساردەکەی شاری تەورێزدا سەرمای دەبیٚ ، ڕۆژی دواتریش چاوەکانی کوێر دەبن و دوابە دوای ئەوەش لە پلیکانە بەرزەکانی وێنەکێشخانەکەوە دەکەوێتە خوار و گیانی دەردەچیٚ و دەمریٚ .

بۆ ئەوەی دیار بکات کە لە داستانەکانی من تێگەیشتووە ڕەشە بە ناسکییەوە وتی : " ناوی حەمە درێژی خوراسانیم بیستبوو ، بەڵام ئەم بە سەر هاتەییم نەدەزانی".

بۆئەوەی تێر تێر تەماشای من بکات ، تۆزێك بیٚدەنگ مامەوە . لەدوای

www.pertwk.com

گێڕانەوەی دووهەمین داستان لە دەرگاکەیان دابوو ، دوای کردنەوەی دەرگاکە ، لەبەر ئەوەی کە بیٚئیشی ناڕەحەت و دڵتەنگی دەکردم دەستم بەکار کردبوو .

شاگردە جوانەکەم هەمیشە لە خوار ئەژنۆمەوە دادەنیشیٚ و ڕەنگەکانم بۆ تێکەڵ دەکات و قەڵەمەکانم بۆ دەچەکێنیٚو جارجارێکیش هەڵەکانم دەسڕێتەوە . مەحموود ، لەبەر دەستمدایە و بە خێرایی گوێم بۆ ڕادەگریٚ و زۆر بەبێدەنگیش تەماشام دەکات . لەناکاو دەنگی کاسە و کەوچکەکانی بەر دەستی خێزانەکەم هات .

ڕەشە وتی : " هەی لەوە ! پادشا هەستاوەتە سەرپیٚ . "

بەسەر سووڕماییەکەوە تەماشای وێنەکەی دەکرد . منیش وەکوو ئەوەی کە ئەو تەماشا کردنە لەلام بیٚبایەخ بیٚ ، ئاوەها هەڵسووکەوتم دەکرد . بابە دزی و بەڕاستی ئەوەتان پێبڵێم کە لەو ماوەیەی وا خەریکی دروستکردنی کتێبی (سوورنامە)(جەژننامە)ی سوننەتکردنی شازادەکانین ، دووسەد وێنەمان چاك کردووە کەلە هەموویاندا پادشا دانیشتووە ، بەس تەنیا لەم وێنەیەدا کەوا من کێشاومە پاشا هەستاوەتە سەرپیٚ و لەکاسەیەکی پڕلەپارەدا پارە بەسەر جەماوەرەکەدا بڵاودەکاتەوە ، بۆ ئەوەی کە بتوانم سەر سووڕمایی و دڵخۆشی جەماوەرەکە لەوەرگرتن و پەیدا کردنی پارە نیشان بدەم ، ئەوانەم نیشاندا بوو کە چۆن خەڵکەکە لەگەڵ یەکدا ئاژاوە دەکەن و چنگ دەخەنە قوڕگی یەك و شەق هەڵدەدەنە یەك .

ووتم : " ئەگەر بابەتی وێنەیەك عەشق بیٚ ، پێویستە وێنەکەش بە عەشقەوە بکێشریٚ ، ئەگەر خەم و پەژارەشی تێدا بێت ، پێویستە وێنەکە خەماویی بێت. بەلاّم ئەو خەم و پەژارەیە لە کەسایەتی و فرمێسکی

چاوانیان زیاتر ، پێویستە لە یەکەم کاتی چاو پێکەوتنی وێنەکەدا دیار ببێت و هەست بەوە بکرێت کە ئەمە لە ئاهەنگی ناوەوەی ڕەسمەکەوە دەردەکەوێت . "

من وەکوو ئەو وەستایانەم نەکرد وا سەدان ساڵە بۆ پیشاندانی سەر سووڕماویی کابرایەك ، پەنجە گەورەکەی دەخەنە ناو دەمیەوە . بەڵکوو بە کێشانی هەستانەوەی پادشا هەموو وێنەکەم خستۆوەتە ناو سەر سووڕماوییەوە .

وەکوو ئەوەی کەبەدوای شتێکدا بگەڕێت ، تەماشای کەلووپەلی ناوماڵەکەمی دەکرد ، هەر بیرم لێدەکردەوە . لەدواییدا بە چاوی ئەوەوە تەماشای ماڵەکەی خۆمم کرد . ئەگەر شارەزاییتان هەبیٚ و ئاگاداربن ، ماوەیەك لە شیراز و تەورێزدا وێنەی کۆشك و حەمام و قەلاّیان دروستدەکرد ، بۆ ئەوەی کە تەریبی خودا لەسەر وێنەکە دیار بێت ، وێنە کێشەکە هەموو گۆشەکانی کۆشکەکەی دەکێشا ، کە تەماشات دەکرد واتدەزانی کە بەپێی موعجیزەیەکی ئەفسانەیی لە ناوەڕاستەوە کراوە بە دوولەتەوە ، قاپ و پەرداخ و هەڵچنینی ئەو دیوارانەی وا لە دەرەوە نابینرێن و پەردە و تووتی ناو قەفەسەکە و گۆشە شاراوەکان و ئەو سەرێنانەیان دەکێشا کەواکچە جوانەکەپاڵی پێوەدەدان .

وەکوو کەسێك کە تەماشای ئەو وێنەیە بکات ، سەیری ماڵەکەی منی دەکرد . تەماشای لاپەڕە و ڕەنگ و کتێبەکان و شاگردەکەمی دەکرد ، سەیری وێنەی جل و بەرگ و ئەو لاپەڕە جوانکراو ڕازێندراوانەی دەکرد وا بۆ گەشتیارە فەرەنسەییەکانم دروستکرد بوو . هەروەها تەماشای وێنەی ژنە ڕووت و قووتەکانیشی کرد .

www.pertwk.com

لە شووشەکانەوە بگرە تاوەکوو جامۆڵکە بۆر و برۆنزەکان و قەڵەمتراشە شفرەی فیلینەکەم هەمووی لە بەر چاودەرباز کرد.

بۆ ئەوەی کە بێدەنگییەکە بە هەبوونی خۆمەوە پڕبکەمەوە وتم : وەکوو هەموو وەستا کۆنەکان شەڕی زۆرم بینیوە و لەشکرەکان و کوژراوەکانی و سەراپیتەی چادری خانەکانی پاشاکەمانم کێشاوە . هەروەها وێنەی گەڕانەوەی سەربازەکان لە کۆتایی شەڕدا بۆ ئەستەنبووڵ و قەبرستانی شەڕەکەشم کێشاوە، هەموو کەسێك شەرمیان لێدەکات ، تەرمی لەتلەتکراو و بورجی ئەو قەڵایانەی وا حەشار دراون و ئەو سەربازە کافرە بێچارانەی وا بەترسێکی گەورەوە تەماشای تۆپەکانی لەشکەرەکەمانیان دەکرد و سەری بڕاوی سەر هەڵداوەکان و خۆشی ئەو ئەسپانەیوا بە چوار ناڵەوە غاردەدەن ، هەمووی بە دەستی من کێشراون . ئەو شتانەی وا دەیانبینم لە عەقڵم دەرناچن . قاوە کوتێکی تازە یان حەڵقەی تازەی پەنجەرەیەك و تۆپێك یا خود پەلە پیتکەی چەکێکی تازەی فەرەنسەیی ، یان وەکوو کێلەکام میوانیدا چ جۆرە جلێکی لەبەر کردووە و چی خواردوە و دەستی خستوەتە کوێی ، هیچیانم لە بیر ناچێتەوە .

ڕەشە بە کورتی و بە شێوەیەکی لێپرسینەوە وتی : ئەی باشە ، بەشی ئەم سێ داستانە چییە وا گێرانتەوە ؟

وتم : " داستانە منارەدارەکەی ((ئەلف)) باسی ئەوە دەکات کە جوانی و بێ کەمو کووڕی وێنەکە (هەرچی دەبێ بابێ) دەگەڕێتەوە بۆ کات .

ئەو داستانەی (بێ) واباسی حەرەمسەرا و کتێبەکە دەکات ، ئەوە پیشاندەدات کە تەنیا ڕێگای دەرکەوتن لەکات ، هونەر و وێنە کێشانە و بەس .

جیم ! . ڕەشە بە متمانەییەکەوە وتی : ئەگەر (ئەلف و بێ) تێکەڵ بکەی ،واتای ئەو داستانەی واباسی وێنە کێشە سەد ونوزدە ساڵەکە دەکات دەردەکەوێت . ئەو وێنەیە ئەوەمان پێنیشاندەدات کە ئەگەر بێ کەموو کوڕییەکان لە ژیان و وێنە کێشان جودا ببنەوە ، ئەوا کاتی بە سەر دەچێ و دەمرێ .

((پێم ئەڵێن زەیتوون)) (14)

دوای نوێژی نیوەڕۆبوو ، بە دڵ خۆشی و بە پەلەپەلەوە وێنەی چەند کوڕێکی ڕوخسار شیرینم دەکێشا ، لە دەرگایاندا ، دەستم لەرزی و قەڵەمەکەم دانا ، بەئەسپایی تەختەکەی باوەشی خۆمم دانا و بە خێرای بەرەو لای دەرگاکە هەڕامکرد . بەر لەوەی کە دەرگاکە بکەمەوە دوعایەکم کرد : " خویاخۆت لە پیاوە پەست و ڕەزیلەکانی پادشا لەم دونیا پیس و پۆخڵەدا بمانپارێزێ " .

هیچ شتێکتان لێناشارمەوە و شتەکانی ناو کتێبەکەتان بۆ باس دەکەم " ئەکبەرخانی " پاشای هیند ، کە دەوڵەمەندترین پاشای جیهانە ، دەیەوێت کتێبێکی تازە دروستبکات کە لە هەموو دونیادا یەکەم بێت ، هەر بۆیە هەواڵی بۆ وێنەکێشە شارەزاو دەست ڕەنگینەکانی هەر چوار لای جیهانی ئیسلام ناردووە کە بچن بۆ کۆشکەکەی ئەو لە هیند ، ئەو پیاوانەی وا ناردوونی بۆ ئەستەنبووڵ ئەمڕۆ هاتنەلای من و دەعوەتیان کردم کە

www.pertwk.com

بچم بۆ وڵاتی هیند . دەرگاکەم کردەوە، بەڵام ئەم جارەیان ئەوان نەبوون ، ڕەشەبوو ! لە منداڵیمەوە تاکوو ئێستا... لە بیرم چووبووەوە ، جاران نەدەهاتەلامان و بەخیلی پێدەبردینەوە . بەڵێ ؟ !

بۆ قسەکردن و دۆستایەتی بینینی وێنەکانم هاتبوو ، وتم : فەرموو . بۆ ئەوەی کەبتوانێ تەماشای هەموو شتێکم بکات ، تازە دەستی وەستا عوسمانی ماچکردبوو . وەستای گەورە ، قسەیەکەی گەورەی پێگووتبوو ، وتبووی : " تایبەت بوونی وێنە کێش لەکاتی باسکردن و چۆنیەتی بیرکردنەوەی لەسەر کوێرا بیداهاتندا دیار دەبێت .

کەوایە تێبگەن

(مێشك وکوێرایی)

بەر لە نەخشە کێشان تاریکایی هەبووە و لەدوایشدا هەر تاریکایی دەبێت . بە ڕەنگ و هونەرو بە عەشقەکانمان و بە گووتنەکانی خوداوە ، بینیەکانمان وەبیر دەهێنێتەوە ، بیر هێنانەوەش خۆی زانستی شتە بینراوەکانە ، زانستیش وەبیر هینانەوەی ئەو شتانەیە کەوا دەبینی ، بینیش زانستێکی بێ بیر هێنانەویە . وەستا گەورەکان دەزانن کە عەشقی وێنەو ڕەنگەکان و بینین لە تاریکایەوە دروستکراوە و خوداش دەیەوێت کە ئێمە بە ڕێگای ڕەنگەکانەوە بگەرێینەوە بۆ تاریکایی . هەمووی ئەو وەستا گەورانەی وێنەکێشان ، لەناو ڕەنگەکاندا بە دوای تاریکاییە قووڵەکەی دەرەوەی زەماندا دەگەرێن . بۆ ئەوەی کە بزانن بیر هێنانەوەی ئەو تاریکیەی وا وەستا گەورەکانی هەرات دۆزیویانەتەوە چ مانایەك دەدات ، سێ بەسەرهاتتان بۆ باسدەکەم .

ئەلف) – لە وەرگێراوە تورکیەکەی کتێبی ((نفخات الانس)) ی جامی

شاعیریدا بەسەرهاتی گەورە پیاوان و ئەولیاکان نووسراوە ، لە جێگایەکدا نووسراوە کە وەستای گەورەو ناودار شێخ عەلی تەبرێزی خەریکی ڕازاندنەوەی نوسخەیەکی نائاسایی کتێبی لەیلا و مەجنون بووە ، بە گوێرەی ئەو شتانەی وا من بیستوومە وەستای گەورە بۆ ماوەی دە ساڵ خەریکی ئەو کتێبە بووە و هونەرێکی وای ڕژاندوەتە سەر لاپەرەکان کە تەنیا وەستا بەهزاد توانییەتی شتی وەها بکات . جیهانشاهیش تێگەیشتوە کە دەبێت بە خاوەنی بێهاوتاترین کتێبی دونیا .

لە بەر ئەو ترس و بەخیلیەی وا لە بەرامبەر حەسنە درێژی فەرمانڕەوایی ئاککویونلوەکاندا هەیبووە ئەوەی بە خەیاڵدا هاتووە کە نەکا حەسنە درێژ بتوانێ کتێبێکی باشتر لەمە دروستبکات کە ناو و ئاوازەی بۆ دروست بکات . بە ترسی ئەوەی کە خۆشیەکەی ئەو ببێ بە هی کەسێکی تر ! ئەم خەیاڵە بە ژەهری بەخیلی بردنەوە ئاو درابوو . لای خۆیشی وەها بیر دەکردەوە کە ئەگەر وەستای شێوە کار کتێبێکیتر دروستبکات لەمە باشتر دەبێ و بۆ حەسنە درێژی دوژمنی خۆینە خوارەی دروستیدەکات . بەم جۆرەش لە بەر ئەوەی کەسێکی تر نەبێ بە خاوەنی کتێبێکی ئاوەها لەدوای تەواوو بوونی کتێبە کەبڕیاریکوشتنی شێخ عەلی تەبریزی دەدات . بەڵام ژنە چەرکەسە دڵڕەحمینەکەی ناو حەرەمسەراکەی پێی گووتوە کوێر کردنی وەستا بەسە و پێویست بە کوشتنی ناکات . جیهانشاش ئەمە پەسەند دەکا و بریارە بریقەدارەکەی بە ماستاوچیەکانی دەورو بەری خۆی ڕادەگەینێ . هەر چۆنێك دەبێ ئەم قسەیە دەگاتەوە گوێی شێخ عەلی . بەڵام ئەو وەکوو وەستا سەر پێیەکان کتێبەکەی لە نیوەدا بەجێناهێلێ و هەڕاناکا ، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆرتر کار دەکات بۆ ئەوەی کەموکوڕی تێدا نەبێت و

www.pertwk.com

تەنانەت زوتریش تەواو ببێت ، بەیانیان دوای نوێژ تا درەنگانەی شەو ، تاوەکوو ئەوکاتەی کە فرمێسکێکی ماندوو لە چاوانی دێتە خوار ، بە ویست و بروایەکی زۆری کاری لە سەر کردوەوە و وێنەی ئەسپەکان و عاشقە بالاّ بەرزەکان و شازادەی جوان و ئەژدیهای کێشاوە زۆر جاریش بە ڕۆژان تەماشای وێنەکانی وەستا کۆنە هەراتیەکانی کردوە لە دوایدا بە بێئەوەی سەیری لاپەڕەکان بکات ، لە خۆیەوە وێنەیەکی تری کێشاوە ، لە ئەنجامدا کتێبەکەی جیهانشای فەرمانڕەوایی کاراکویونلوەکان تەواو دەبیّ وەکوو ئەوەوی وەستا خۆی چاوەڕوانی دەکرد لە پێشدا زۆر تاریفی دەکەن و پەسنی دەدەن و بەهاوسەنگی خۆی زێری پێدەبەخشن و دواتریش بەدەرزی کوێری دەکەن .بەرلەوەی ئازارەکەی ڕاوەستیّ ، هەرات بەجیّئەهێلّیّ و دەچێتە لای حەسەنەدرێژی فەرمانڕەوای ئاککویونلووەکان و دەلّیّ : " ڕاستە کەمن کوێرم ، بەلاّم دەستەکانم بەبێئەوەی چاوم ڕێنموونییان بکات ، توانای کێشانیان هەیە ، یانزە سالّ خەریکی کتێبێك بووم ، دەستەکانم هەموو جوانییەکان و ئەو فلّچانەی وا لێیداون لەبیر ماوە و دەتوانیّ بیانکێشێتەوە، (خاقانەکەم) ! دەتوانم جوانترین کتێبی دونیات بۆ بڕازێنمەوە ، لەبەر ئەوەی کە چاوەکانم کوێرن و پیساوییەکانی دونیا نابینن ، تەواوی جوانییەکانی خودا لە مێشکمدا کۆ بوەتەوە و دەتوانم بە پاکترین و جوانترین شێوە بیانکێشمەوە . " حەسەنە درێژ یەکسەر بڕوای پێدەکات . لەدوایشدا حەسەنە درێژ لە نزیکی (بینگۆل)دا بە هەلّمەتێکی بەسەردا چوونانە هێرش دەکاتە سەر لەشکەری جیهانشا و شکستیدەدا و دەیکوژیّ . هەمووکەسێك لە کاریگەرییەکەی کتێبی شێخ عەلی بۆ بەرز کردنەوەی ورەی حەسەنە درێژ و هێزی مەعنەوی لەپشتی ئەو

سەرکەوتنە ئاگادارە .

لەدواییدا کاتێك حەسەنە درێژ لەشەری ئولّتوکتبەلیدا لەبەرامبەر فاتیح سوّلّتان موحەمەدا شکست دەخوات ، هەردوو کتێبە دەرئاساییەکەش دەبن بە بەشێك لە خەزینەی پاشاکەمان .ئەوەی بینیویەتی دەزانیّ .

بیّ) – سوّلّتانی یاسا ، سولەیمان خان (جێگای بەهەشتبیّ) بایەخێکی زۆری بە خۆشنووسی دەدا . جا بۆیە وێنەکێشە بەدبەختەکانی ئەو کاتەش ئەم داستانەیان وامن ئێستا باسی دەکەم ، بۆسەلماندی باشتر بوونی وێنەکێشان لە خۆشنووسی گێڕاوەتەوە . بەلاّم ئەگەر لە ڕاستیدا باش تەفرەنجەی ئەم داستانە بدرێت ، ئەوا دەزانرێت کە ئەمە باسی مێشك و کوێرایی دەکات .

پشتی مردنی تەیمووری فەرمانڕەوای جیهان ، کوڕان و کوڕەزاکانی لەنێو خۆیاندا دەستیان کرد بە شەڕ و ئاژاوەیەکی وێرانکەر و هێرشیان دەکردە سەر یەك و بە خوێنی یەکتری تینوو بوون ، کاتیّ شارەکانی یەکتریان داگیر دەکرد ، یەکەمجار بە ناوی خۆیانەوە پارەیان لێدەدا و وایان دەکرد کەلە مزگەوتەکاندا بەناوی ئەوانەوە خوتبە بخوێندرێت و لە دوایشدا هەموو کتێبەکانیان پەڕ و پووت دەکرد و لەسەر کتێبەکان ڕەستەیەکی جیاوزتریان دەنووسی کە باسی خۆیان بکات ، وەکوو (دەسەلاّتدارێکی دونیا) ، و پێشەشکردنێکی تازەشیان بۆ دادەنا و بەرگیان دەگرتەوە . ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی بوو کە کاتێك خوێنەر تەماشای کتێبەکە دەکات بزانێت کە فەرمانڕەوای دونیا کێیە . یەکێك لەمانە عەبدولەتیفی نەوەی تەیمور و کوڕیئولّوخ بووە . کەلە دوای داگیر کردنی هەرات ، بۆ دروستکردنی کتێبێك بە ناوی باوکییەوە، هەموو وێنە کێشان و

www.pertwk.com

خۆشنووسانی هەرات کۆدەکاتەوە و دەڵێ کەبە پەلە ئەم کتێبەم بۆ ئامادە بکەن . هەر لەبەر ئەوەش کتێبەکانی‌تری پەڕ و پووت کردووە و لاپەڕەکانی هێناوەتە بەر دەستی وەستاکان . وەزعەکە وای لێهاتبوو کە هەموو شتێك تێکەڵ و پێکەڵ بووە. بە بێئەوەی کە بزانێ کە کام وێنە بۆ چییە و بەکەڵکی چی‌دێ هەموو ئەمانەی تەنیا لەبەر جوانییەکانیان کۆ کردبووەوە . بەڵام لە دواییدا تێدەگات کەوەها نابێ و بۆ دروستکردنی کتێبێك کە شایستەی (ئولوخ)بەی بێ پێویستەهەموو وێنە کێشانی هەرات کۆکاتەوە تاوەکووتەرتیبێکی باشیان بۆ دانێن و بزانن کە کامەیان باسی چیدەکات . بەڵام هەرکەس لەسەرێکەوە باسی شتێکی‌جیاوازی کردووە و ئەوەش بووە هۆی تێکەڵاوتر بوونی شتەکە ،

سەرۆکی وێنە کێشان کە پیاوێکی پیری فەرامۆشکار بوو لە ماوەی پەنجا و چوار ساڵی دواییدا بۆ هەموو پادشا و فەرمانڕەوایەکی هەرات کتێبێکی دروستکردبوو و لەبەر خاتری ئەوان نووری چاوانی خۆی ڕشتبوو . گەڕان بە دوایدا و دۆزیانەوە . بەڵام کاتێ زانیویانە کوێر بووە پەشۆکاون . کەچی وەستای پیری داوای منداڵێکی نەخوێندەوار بەڵام ژیری کردووە کە هێشتا تەمەنی نەبووبێ بە حەوت ساڵ ، یەکسەر دۆزیویانەتەوە و هێناویانە . وەستا وێنەیەك دادەنێتە بەر دەستی منداڵەکە و پێی دەڵێ ئەوەی‌وا دەیبینی بۆم باسکە ، لە دواییدا تەماشای ئاسمان دەکات و گوێ بۆ قسەی منداڵەکە ڕادەگرێ و دەڵێ : " ئەمە ئەو بەشەی شاهنامەیە کەوا باسی مەرگی دارا دەکات و ئەسکەندەریش دەیگرێ بە باوەشیەوە ... داستانی مامۆستا بۆ شاگردە جوانەکەی لە گوڵستانی سەعدی ... کێیرکێی پزیشکەکان لە مەخزەنولئەسراری نیزامی ... "

وێنە کێشانی تر لێی تووڕە دەبن و دەڵێن : ئێمەش ئەمانەمان گوتووە ، هەریەکەیان بەشێکی داستانێکی بە ناو بانگە . وەستای پیر وێنەی هەر سەخت دەخاتە بەردەستی منداڵەکە و بەباشی گوێی بۆ ڕادەگرێ و دەڵێ : داستانی ئەو پیاوەیەکەوا ژنەکەی و خۆشەویستەکەی لەسەر دار هەرمێیەك دەبینێ، ئەمە بەشێکی مەسنەوییەکی مەولەوییە و وێنەیەکی کەم بەهایە . بەمجۆرەش هەموویانی دەرخستووە و بەرگی کتێبەکانی گرتووە . کاتێك (ئولوخ بەی) بە خۆی و لەشکەرەکەیەوە دێتە هەرات پێی گوتووە : باشە نهێنی ئەمە لەچیدایە کە تۆ بەنابینایی خۆتەوە توانیوتە وێنەکان بناسیتەوە کەچی ئەوانیتر بە چاو ساخیشەوە نەیانتوانیوە شتی وەها بکەن.

پیرەش گوتوویەتی : وەکوو بیرۆکەی باو ، ئەمە لە بەر ئەوە نییە کەمن نابینام و هێزی مێشکم زیاترە ، بەڵکوو ئەمە لەبەر ئەوەیە کەمن تەنیا بە خەیاڵ شتەکان وەبیر ناهێنمەوە بەڵکوو بە وشەکانیشەوە وەبیر خۆمیان دێنمەوە .

ئولوخ بەی گوتوویەتی : خۆ وێنەکێشانیتریش ئەو وشانە دەزانن ، ئەی بۆ ئەوان نەیانتوانیوە وەکوو تۆ ڕیزیان بکەن ؟

شێوەکارە پیرەکەش گوتوویەتی : چوونکە ئەوان تەنیا بیرلە وێنەیەك دەکەنەوە کە دەستکردی خۆیان بێ و بیر لەهی وەستا کۆنەکان ناکەنەوە کەلە یادەوەرییەکانی خوداوە دروستکرابێ .

ئولوخ بەی گوتوویەتی : ئەی باشە منداڵەکە ئەمەی چۆن زانیوە ؟

پیرەش گوتوویەتی : منداڵەکە نازانێت ، تەنیا منم کە دەزانم خودا جۆرێك

www.pertwk.com

دونیای دروستکردووە کە منداڵێکی حەوت ساڵانیش بتوانێ ببینێ ، خوداش لە پێشدا دونیای بۆ بینین ئافراندووە ، بۆئەوەی کە دواتر دیتنەکانمان پێکەوە بەش بکەین و بتوانین قسە بکەین ،وشەی پێداوێن ، بەڵام ئێمە لەو وشانەوە داستانمان دروستکرد و واشمانزانی کە نەخش بۆ ئەم داستانانە دروستکراوە بەڵام لە ڕاستیدا نەخش گەڕانێکە بەدوای بیرەوەرییەکانی خودا و بینینەوەی ئەو دونیایەی وا خودا دەیبینێ .

جیم) — وێنەکێشانی عەرەب لە بەر ترسە هەمیشەییەکەی جەماعەتی وێنەکێشان لە داهاتنی کوێرایی ، ماوەیەك لەکاتی خۆرهەڵاتندا تەماشای ئاسۆی ڕۆژ ئاوایان دەکرد . سەد ساڵ دوای ئەوەش شیرازییەکانیش هەرلەبەر ئەو ترسە، بە مەژگە گوێز زکی خۆیان پڕ دەکرد و پەلی کوتراوی گوڵیان دەخوارد . هەرلەو سەر دەمەشدا کە وێنەکێشە پیرەکانی ئەسفەهان تووشی وەبا دەبن و کوێر دەبن ، وایاندەزانی کەلەبەر تیشکی هەتاو کوێر بوون . هەر لەبەر ئەوەش ژووری کارەکەیان وەها دروستدەکردکە خۆر نەیگرێت و لەبەر مۆمدا ئیشیان دەکرد ، شێوەکارە ئوزبەکیەکانیش ئێواران چاوی خۆیان بە ئاوێك دەشۆردەوە کە شێخەکان دووعایان پێدا خوێند بوو . لە ناو هەموو ئەم نەریتانەدا ئەوەیوا بەباشی و بەپاکی لەگەڵ ئەم کێشەیەدا هەڵسووکەوتی کردووە وەستا سەیید مەریکی وەستای وەستا بەهزاد بووە . بە گوێرەی ئەو کوێرایی داهاتن بەڵایەکی خراپ و دەردێکی پیس نییە ، بەڵکوو خۆشییەکە کە خودا لە دوای ئەوەی وێنەکێش تەواوی تەمەنی خۆی بۆ جوانییەکانی ئەو تەرخان دەکات پێیدەبەخشێ. چونکە نەخشکێشان گەڕانێکە بە دوای دۆزینەوەی چۆنیەتی بینینی خودا ، کە ئەمەش بەکارێکی زۆرەوە و بە ماندوو بوونێکی زۆری چاوەکانیان و

داهاتنی کوێرایی و لەکار کەوتنی وێنەکێشەکە ، لەبیرەوەریەکاندا دەدۆزرێتەوە . کەوابێ شێوەی بینینی خودا لە مێشکی وێنەکێشە پیرەکاندا هەیە و بەس . کاتێ وێنەکیشی پیر لەم خەیاڵەوە دێتە سەر خۆی و بۆ ئەوەی لە تاریکایی کوێراییداهاتندا و لە دیار بوونی دیمەنی خودا بتوانێ بە ئاسانی وێنەی جوان و دەرئاسایی بکێشێ ، هەرلە ئێستاوە دەستی خۆی فێر دەکات و ڕایدەهێنێ .

میرزا مەحمودی داگلووتی مێژوونووس لەسەر وێنەکێشان و قارەمانانی ئەو سەردەمەی هەرات شتی نووسیوە و لەبارەی چەمکی وەستا مەریك داستانی کێشانی وێنەی ئەسپێك دەگێڕێتەوە . بەگوێرەی ئەمە ، وێنەکێشێکی بێهونەر و بێتواناش لەبەر ئەوەی مێشکی هیچی تێدا نییە ، دەتوانێ وێنەی ئەسپێك لەبەر خۆوە وەکوو وەستا ڕۆژئاواییەکان بکێشێتەوە . چوونکە کەس ناتوانێ لەیەك کاتدا تەماشای ئەسپەکە و لاپەڕەکەی بەردەستیبکات ، تەنانەت ئەگەر بەئەندازەی چاو پرتانێکیش تەماشای ئەسپەکە بکات ، دیسان ئەوەی وا دێتە سەر کاغەز ئەوەیەوا لە مێشکمەوە دێت ، ئەمەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ ئەوەی بسەلمێنێ وێنە لە مێشکمەوە مومکین دەبێت . ئەنجامی ئەو چەمکەی وا ژیانی پڕلە جموجۆڵی وێنەکێش وەکوو زەمینەیەك بۆ دوایی و کاتی داهاتنی کوێرایی دەبینێ ، ئەوەیە کە وێنەکێشان و کتێب دروستکردن بۆ پادشاکان و کتێب دۆستان وەکوودووبارە کردنەوە و دەست فێر کردن دەبینن و وێنەکێشاندن بە بێ ڕاوەستان و کار کردن لەبەر تیشکی مۆمدا وەکوو ڕێگایەك دەبینن کە بەرە و خۆشی کوێراییداهاتنیان دەبات .

وەستا مەریکی شێوەکار بەقەستەوە وێنەی دارێکی بە هەموو لەق و

www.pertwk.com

پەلەکانیەوە لەسەر دانەیەکی برنج و تاڵە موویەك و نینۆکێك کێشاوە ، کەمتر لە تاریکاییدا دانیشتووە و باخچەی ڕوو لە خۆر و ڕووناکی کێشاوە ، بۆ ئەوەی کە ئەو کاتە زۆرتر بێت و هەمیشەیش بە دوایدا گەڕاوە . لە حەفتاساڵی تەمەنیدا سوڵتان حسەین وەکوو خەڵاتێك دەرگای خەزێنەی بەروویداکردۆتەوە،ئەویش سێ ڕۆژ و سێ شەو تەماشای وێنەکانی کتێبە دەرئاساییەکانی وەستا کۆنەکان هەرات دەکات و کوێر دەبێت . بە دڵخۆشییەوە وەکوو ئەوەی کە فریشتەکان لە دەوریدابن پێشوازی لەم وەزعە تازەی خۆی دەکات ، بەڵام لە دواییدا هیچ قسەی نەکردووە و ئیدی وێنەی نەکێشاوە . میرزا موحەمەد حەیدەری دوگلاتی نووسەری مێژووی ڕەشیدی ئەمە وەکوو گەیشتنی وێنەکێشێك بە بێمەرگی و بێکۆتاییەکانی خودا دەبینێ کە جارێکیتر ناگەڕێتەوە بۆ دروستکردنی کتێب بۆ مردووە بێنرخەکان و دەڵێ : لەو جێگایەی وا وێنە کێشە کوێرەکە لە خەیاڵەکانیدا گەیشتوەتە خودا ، بێدەنگی و تاریکایەکی تەواو و بێکۆتایی بوونی لاپەڕەیەکی سپی هەیە .

من دەمزانی کە ڕەشە ئەم پرسیارەی وەستا عوسمانی لەسەر مێشك و کوێرایی بۆ ئەوە لەمن نەکردووە کە وەڵامی ڕاست بدۆزێتەوە ، بەڵکوو بۆ ئەوە بوو کە تەماشای کەلوپەلی ناوماڵەکەم بکات . لەگەڵ ئەوەشدا دیسان پێمخۆش بوو کە باسمکرد بوو ، پێمگوت کە کوێر بوون دونیایەکی پڕلە خۆشییە کە شەیتان و تاوان ناتوانن ڕێی پێپەیدا بکەن .

ڕەشە گوتی هەندێك لە وەستاکانی تەورێز کەبە پێی نەریتی کۆن کار دەکەن و کوێر بوون وەکوو خێری خودا دەبینن ، لەگەڵ ئەوەی هێشتا کوێر نەبوون لاسایی یەکێکی کوێر دەکەنەوە و لە کوێر نەبوونی خۆیان شەرم

دەکەن ،ئەم ڕەوشتە کاریگەری جەماڵەدینی قەزوینی لە سەرە و وەستا پێڕەوەکانیشی بۆ ئەوەی کە بتوانن وەکوو کوێرێك شتەکان ببینن لە بەر تیشکی لەرزۆکی مومێکی کزدا لە بەرامبەر چەند ئاوێنەدا دادەنیشن و بە ڕۆژانە تەماشای وێنەی وەستاکۆنەکانیان دەکرد . لە دەرگاکەیان دا ، کردمەوە و تەماشام کرد ، بەردەستێکی چاو جوان و جوانکیلەی وێنەکێشخانەبوو ، وتی جەنازەکەی زەریف ئەفەندییان لە بن چاڵە ئاوێکدا دۆزیوەتەوە و تەرمەکەی ئەمڕۆ عەسر لە مزگەوتی (میهرماه) هەڵدەگیرێ . بۆئەوەی کە هەواڵەکە بگەیەنێتە کەسانیتریش بەهەڕاکردن ڕۆیی .

خودایە خۆت بمانپارێزە !

---

1. بە گەورە پیاوان و گەورە توورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست و مەغوولەکا دەگووترا .
2. پارێزگایەکی باکووری کوردستانە .

((ناوی من ئەستەرە)) (15)

نازانم عەشق وا لە مرۆۋ دەکات کە گێل و گەوج ببێت ،یان وەکوو تەنیا گێل و گەوجەکانن کە عاشق دەبن ؟ ساڵانێکە دەستفرۆشی و گەوادی دەکەم ، وەڵامی ئەم پرسیارانە دەزانم . جووتێك هەیە کە هەرچی

www.pertwk.com

دەچیٚ زیاتر دڵیان لە یەك دەچێت فێڵبازتروو عاشقتر دەبن ، زۆر دەمەوێت کوڕەکە بناسم .

کاتێك کوڕێك دەستی بە دانانی داو و فێڵی بچووك کرد (ئەو فێڵانەی وا خۆم دەیانزانم) ئەوا بزانن کەئەو کوڕە هیچ عاشق نەبووە . ڕەشە ئەفەندی خۆمان هەر لە ئێستاوە خوێنساردی خۆی لەدەستداوە و کاتێك من دەبینیٚ و باسی شەکورە دەکات ، نازانیٚ چۆن قسە بکات و پێوانەکانیقسە کردنی لەبیر دەچێتەوە . لە بازاڕدا هەندێك لەو قسانەم بە ڕەشە گووت ، کەوا بە هەر کەسێکی دە ڵێم و گوتم : "شەکوورە هەموو کات باسی تۆ دەکا و چاوەڕوانی وەڵامی تۆیە ." جۆرێك سەیری دەکردم کە بەزەییم پێداهاتەوە . داوای لێکردم کە بەزووترین کات نامەکە بگەیەنمە شەکورە . ئەم دڵدارە گێل و گەوجانە وا دەزانن کە دەبێت تەنیا بۆ کاری ئەوان پەلە پەل بکردرێت و بەو جۆرەش چەکێك دەدەن بە دەست عەشقەکانیانەوە، بەگوێرەی من ئەگەر ئەوانیش تۆزێك عەقڵیان هەبێت وەڵامەکانیان درەنگ دەخەنەوە . ئەگەر ڕەشە ئەفەندی بیزانیبایە کە لە پێشدا نامەکەی دەبەم بۆ جێگایەگی تر ، سوپاسێکی باشی لێدەکردم ! ئەوەندە چاوەڕێم کردبوو کەلەبەر ئەو سەرمایەدا ڕەقم بردبووەوە . لە ڕێگای گەڕانەوەدا بۆ گەرمبوونەوە سەردانێکی یەکێك لە ڕۆڵەکانی خۆمم کرد بەوانەی وا نامەکانیانم بردووە و هێناوە و کردوومن بەهاوسەری یەك دەڵێم ڕۆڵە ! ئەم کچە زۆر سوپاسی من دەکات و کاتێك سەردانی دەکەم ، وەکوو پەپوولە بە دەورمدا دەخولێتەوە و هەر جارەش چەند ئاکچەیەك دەخاتە نێو دەستمەوە، دووگیان بوو ، زۆر خۆشحاڵ بوو ، دارچینێکی بۆ لێنام . بەتامەوە خواردمەوە . کەتەنیا مامەوە پارەکەی ئەو ڕەشە ئەفەندییەشم ژمارد، هەمووی بیست ئاکچە بوو .

کەوتمەوە ڕیٚ و بەناچاری لەنێو قوڕو لیتەکەوە تێپەڕبووم و گەیشتمەبەر دەرگای ماڵەکە . هەستی گاڵتەچێتی دایگرتم قیڕاندم و گوتم : بوخچەچی هاتووە ، بوخچەچی : قوماشی باشم پێیە ، شایستەی پاشاکانە، لە کەشمیرەوە هاتووە ، پشتوێنی جوانیشم هەیە . چارچەفی دۆشەك و پێخەفیشم لایە ، دەستماڵی ڕەنگاوڕەنگم پێیە ، بوخچەچی هاتووە ! دەرگاکە کراوەیە و ڕۆیشتە ژوورەوە ، ماڵەکە وەکوو جاران بۆنی خەو و ڕۆنی سوورۆکراو و شتی تەڕی لێدەهات . بۆنی هەرزەکاری ژن نەخواستوو کەبەرەو پیری بچێت زۆر خراپ و مەترسیدارە !

وتی : چەنە باز ئەوە بۆ دەقیڕێنی ؟ هیچ شتێکم نەگوت ، نامەکەم دەرهێناو پێمدا . ڕۆیشینە ژوورەکەی تەنیشتەوە، هەموو کاتە چرایەکی لێبوو ، لەبەردەرگاکەدا ڕاوەستام و گوتم : " باوکی بەڕێزتان لە ماڵ نیە ؟ " وەڵامی نەدایەوە . لەسەر خۆی نەبوو ، نامەکەی دەخوێندەوە وازم لێهێناو گوتم با بیخوێنێتەوە . لەبەرئەوەی لەو لای چراکەوە دانیشتبوو چاوم بە ڕوومەتی نەدەکەوت . تەواوی کرد بەڵام جارێکیتریش خوێندییەوە .

– : " بەڵیٚ چی نووسیوە ؟ "

حەسەن نامەکەی خوێندەوە :

" شەکوورە خانی خۆشەویست : لەبەر ئەوەی منیش ساڵانێکی زۆر بەخەیاڵی تەنیا کەسێکەوە دانیشتووم ، لەوە باش تێدەگەم کە بیر لەکەسی تر نەکەنەوە و چاوەڕوانی مێردەکەتان بن . لەژنێکی وەکوو تۆش زیاتر لە دروستی و پاکداوێنی هیچ شتێکی تر چاوەڕوان ناکرێت . (حەسەن دای لە قاقای پێکەنین) . بەڵام سەردانەکەی من لەباوکت بەبۆنەی شێوەکارییەوەیە و هیچ پێوەندییەکی بە ئێوەوە نییە و نابیٚ ئێوە بێزار بکات . تەنانەتە

www.pertwk.com

شتی وام بەعەقڵیشدا نەهاتووەو هیچ شتێك، تەنانەت ئیشارەیەکیشم لە ئێوەوە نەبینیوە کە جەسارەتم پێبدا ورەم بەرزبکاتەوە . کاتێ ڕوخساری جوانی تۆ وەکوو ڕوناکییەك چاوەکانمی ڕازاندەوە، لە لای خۆم وامزانی کە ئەمە بەخششێکی خودایە و لەوە زیاتر بیرم لە هیچ شتێکیتر نەکردۆتەوە . چوونکە تەنها خۆشی بینینی ڕوخساری تۆ بۆ تێرکردنی نیگای چاوەکانی من بەسە . (حەسەن بە تووڕەیییەوە گوتی : ئەمە لە نیزامییەوە وەرگیراوە) بەڵام مادام کەوای لێهات و تۆ دەڵیی نێزیکی من مەبەرەوە . پێم بڵێ بزانم تۆ فریشتەی کە نێزیکبوونەوە لێت مەترسیداربێت ؟ گوێم لێبگرە ، گوێ بۆ ئەمە ڕابگرە : نیوەشەوان زیاتر لە چەتەو ڕێگر و پیاوێکی بێئومێد ، کەس لە یەکێك لەو کاروانسەرا چۆڵ و هۆڵانەی ناو بیابانەکاندا نامێنێتەوە . من لەو نیوەشەوانەدا لە دەلاقەکەوە تەماشای ڕووتایی چیاکانم دەکرد کە تیشیك لێیدەدا، ئەوسا گوێم بۆ لووره لووری گورکەکان ڕادەگرت و لە دواییدا خەوەنوونچکە دەیبردمەوە ، ڕۆژێك لە خۆمەوە خەیاڵی ئەوەم دەکرد کە ڕۆژێك لەبەر ئەو پەنجەرەیەوە چاوم پێت دەکەوێ . گوێ بگرە : ئێستا کەمن هاتوومەتەوە و تۆش ئاوەها بەپەلە ئەو وێنەیەم بۆ دەنێریتەوە کە لە کاتی منداڵیدا بۆ تۆم دروستکرد بوو ، ئەمە وەکوو ئیشارەتێکە بۆ من کە تۆم دۆزیبێتەوە . دەزانم ، تۆبێ مەرگی . ئورهانی کوڕتم بینی ، هەتیوە بێچارەکە دەبم بە باوکی !"

وتم : " خوای لێ ڕازی بێ زۆر جوانی نووسیوە ، بووە بەشاعیر " . حەسەن گووتی ! "ڕستەی ! "مەگەر فریشتەی کە کەس نەوێرێ نێزیکت بێتەوە " ، لە (ابن زرهانی) کوڕی زەرهانی وە دزیوە . من لەو باشتر دەنووسم " . نامەکەی لەگیرفان دەرهێنا و گوتی بۆ شەکورەی بەرە . کاتێ

پارەکەم لێوەرگرت تووشی پەشۆکان و بڕسکان بووم . عەشقێکی شێتانە و قووڵ ! کەبەرامبەرەکەی وەڵامی نەداتەوە شتێکی قیزەونە . وەکوو بڵێی کە حەسەن بۆ چوونەکانم پشتڕاست بکاتەوە ، لەدوای ماوەیەکی درێژ پیاو ماقووڵییەکەی نایەلایەکەوە و پاڵەوان ئاسایی گوتی : " پێی بڵێ ، ئەگەر بمانەوێ بەزۆری قازی دەێنینەوە ئێرە "

گوتم : " بەڕاستی پێی بڵێم ؟ " . بێدەنگییەك دروستبوو ،

– : " پێی مەڵێ . " تیشکی چراکە دایلە ڕوومەتی ، وەکوو منداڵێك کە ئاگای لە تاوانەکەی خۆی بێت سەری داخستبوو . لەبەر ئەوەی کە ئاگام لەم وەزعەیان هەبوو ، ڕێزم لێدەگرتن و نامەکانم بۆ دەبردن . بەپێچەوانەی بۆ چوونی هەندێك کەس ، من ئەم کارە لەبەر پارەناکەم . خەریك بوو لە ماڵەکە دەرکەوم کە حەسەن لەبەر دەرگاکەدا ڕایوێستاندم و بەپەشۆکاوی و بێعەقڵییەوە ئەمەی لێی پرسیم : " بە شەکوورە ئەڵێی چەندە خۆشم ئەوێ؟ "

– : " مەگەر ئەوەت لە نامەکەدا نەنووسیوە ؟ "

– : " پێم بڵێ ، چۆن دەتوانم خۆی و باوکی ڕازی بکەم ؟ " بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتم و گوتم : " وەکوو پیاوێکی باش " . بەخەمێکی قووڵ و ڕیشەدارەوە گوتی : " لەم تەمەنەدا زۆر درەنگە "

وتم : حەسەن (چاوش (! دەستت بە کۆکردنەوەی پارەیەکی زۆر کردووە ، تەنیا ئەمەمرۆڤ باش ناکات و لە ماڵەکە دەرکەوتم . ناو ماڵەکە ئەوەندە تاریك و گەرم بوو کە کاتێ هاتمە دەرەوە وامزانی هەوا گەرم بووە . تیشکی خۆر دایلە دەمو چاوم . لەبەر خۆمەوە وەهام بیر کردەوە کە دەمەوێ شەکوورە خۆشبەخت بێ، بەڵام بیریشم لەو بێچارەیەی ناو ماڵە

www.pertwk.com

تاريك و ئەم دارەكەش دەكردەوە . بە بێئەوەی كە لەبەرنامەمدا هەبێت و بە بیریشمدا تێپەڕ بووبێت ، ڕێگاكەم كەوتە بازاڕی بەهارات فرۆشەكانی لالە ، لەدڵمەوە وەهام بۆ هاتبوو كەبەوێدا بچم ، وامدەزانی كەلە نێو بۆنی دارچین ، زەعفەران و بیبەردا دێمەوە سەرخۆ ، بەڵام وانەبوو ، بەهەڵەدا ڕۆیشتم ! لە ماڵی خۆیاندا نامەكەم دا بە دەستی شەكوورە . یەكەم شت پرسیاری ڕەشەی لێكردم . گوتم لە ئاگریعەشقدا زۆر بێبەزەییانە هەموو گیانی سوتێندراوە . پێی خۆشبوو . قسەكەم گۆڕی وتم " هەموو كەس تەنانەت ژنانی ماڵەوەش باسی ئەوە دەكەن كە بۆچی زەریف ئەفەندییە بێچارەكەیان كوشتووە . "

شەكورەش گوتی : " خەیرییە ! حەڵوا دروست بكە با ژنە داماوەكەی زەریف ئەفەندییە بێچارەكە بیبات بۆ سەر قەبران . "

ووتم : " هەموو ئەرزڕوومیەكانیش دەچنە سەر قەبران وخزمەكانیشی گوتویانە ئەو خوێنە لە سەر عەرز ناهێڵنەوە " ، شەكوورە دەستی بە خوێندنەوەی نامەكە كرد بوو . بەوردی و بەنەفرەتەوە تەماشام كرد . ئەم ژنە ئەوەندە ئەزموونی ژیانی هەیە كە دەتوانێ خۆشی و ناخۆشییەكان و ڕەنگدانەوەكانیان لەسەر ڕوومەتی خۆی كونترۆڵ بكات . وا هەستمكرد كە بێدەنگی منی لە كاتی خوێندنەوەی نامەكەدا پێخۆش بوو . هەروەها ئەوەشی بە گرنگی پێدانی من بە نامەكەی ڕەشە لەقەڵەمدا . بەمجۆرەش كاتێ كە نامەكەی تەواو كرد بزەیەكی لێدا و منیش بەناچاری ئەم پرسیارەم لێكرد "" چی دەڵێ ؟ " گوتی : " وەكوو كاتی منداڵی ، عاشقی منە . " گوتم : "چۆن بیر دەكەیتەوە ؟ " گوتی : " من مێردم هەیە و چاوەڕێی دەكەم ."وەڵامەكەی ڕاستە و ڕاست ئەوە بووكەمن چاوەڕوانم دەكرد . بەڵام لە

دواییدا داوای لێكردم كە گرنگی بەم مەسەلەیە بدەم ، منیش لێی توورە نەبووم ، بەڵكوو بە پێچەوانەوە زۆر ئاسوودەتر بووم . ئەگەر ئەو كوڕ و كچانەی وامن نامەم بۆ دەبردن و دەهێنان ، بە ئەندازەی شەكورە دیقەتیان بكردایە ، هەم كارەكەی من ئاسان دەبوو ، هەم هی ئەوانیش . تەنانەت هەندێكیشیان دەیانتوانی شوویەكی باشتر پەیدا بكەن .

پرسیارم لێكرد و گوتم : " ئەویتر چی دەڵێ ؟ " گوتی : " نامەوێ ئێستا نامەكەی حەسەن بخوێنمەوە " . وتم : حەسەن دەزانێ ڕەشە هاتووەتەوە بۆ ئەستەنبووڵ ؟ " وتی : " لە هەبوونیشی ئاگادار نییە . " چاوە ڕەشەكانی كردەوە و گوتی : " لەگەڵ حەسەندا قسە دەكەی ؟ " گوتم لەبەر ئەوەی تۆ دەتەوێ بەڵێ . لە ناو ئازارەكانیدا خۆیدا دەتلێتەوە و زۆر حەزت لێدەكات ، هەر چەندە كە دڵت بە كەسێكیتریشەوە بێت ، بەڵام لەمە و بەدوا ڕزگار بوونت لە دەستی حەسەن زۆر سەختە قەبووڵكردنی نامەكانی هیوایەكی زۆری پێدەدا . ئامادەكاری سەلماندنی مردنی براكەی دەكات بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ تۆدا زەماوەند بكات . " بۆ ئەوەی لایەنی هەڕەشەی قسەكە بشارمەوە و خۆم نەكەم بە قسەكەری حەسەن پێكەنینێكم كرد" .

وتی : " ئەی ئەویتر چیدەڵێ ؟" بەڵام نەیدەزانی كە پرسیاری كێ دەكات . گوتم : " وێنە كێشەكە ؟ " گوتی : " لە ناكاو عەقڵم تێكەڵ و پێكەڵ بوو . پێموایە هەموو شتێكیش تێكەڵ و پێكەڵتر دەبێ ، باوكم خەریكە پیردەبێ لە داهاتوودا من و ئەو هەتیوانە چیمان بەسەردێ ؟ وا هەستدەكەم كە خراپییەك ڕوو بە ڕووم دەبێتەوە و شەیتان خراپەیترمان بۆ ئامادە دەكات ،ئەستەر ! شتێكم پێبڵێ كە تۆزێك دڵم خۆش بكات ."

لە دڵەوە دەلەرزیم .

www.pertwk.com

گوتم : هیچ خەمت نەبیّ شەکوورە گیان ، هەم ژیری هەم جوانی ، لە چاوەکانتەوە وا دیارە کە ڕۆژێك لەگەڵ مێردێکی قۆزدا لەژێر پێخەفێکدا دەخەوی و دەست دەکەنە ملی‌یەك و هەموو شتێکت لەبیر دەچێتەوە . هەستێکی خۆشەویستی تەواو دڵمی گرتەوە و چاومی پڕکرد لە فرمێسك .

ووتی : " باشە ، کامەیان دەبیّ بە شووم ؟ "

گوتم : " مەگەر دڵەژیرەکەت ئەمەت پێناڵی ؟ "

ووتی : " لەبەر ئەوەی دڵم پێم دەڵێت ، تێناگەم بیّئومێد و خەمبارم " . بیّدەنگییەك دروست بوو . بۆساتێك وەهام بیردەکردەوە کە شەکوورە بڕوام پێناکات و بۆ ئەوەی قسەم پیّدەربێنیّ ، بە شێوەیەکی وەستایانە بیّبڕواییەکەی خۆی دەشارێتەوە.کە تێگەیشتم ولامی نامەکان ناداتەوە ، ئەو شتانەم پێگوت وا بە کچە چاو خێلەکانم دەگوت و بوخچەکەم هەڵگرت و خۆم دزییەوە بۆ ناو حەوشەکە و گوتم : ئەگەر ئەو چاوە جوانانەت بکەیتەوە هیچ شتێکت بەسەردا نایەت . خەمت نەبیّ .

((من شەکورە)) (16)

جاران وەهام بیردەکردەوە کە کاتێك ئەستەری بوخچەگێڕ هات ، بێوەژنێکی ژیری جوان وپەروەردە کراوی وەکوو من کە بەشەرفە و دڵی عاشقەکەی خۆی کوت کوت دەخاتە لێدانەوە ، یەکسەر نامە دەنووسیّ و دەینێریّ بۆخۆشەویستەکەی . دەمزانی ئەو نامانەی وادێن هی خوازبێنەکانمە ، بەڵام لەبەر ئەوەی چاوەڕوانی مێردەکەمم ، کاتیّ ئەستەر دەچیّ وا دەزانم کە زۆر بێچارەم و مێشکم تێکەڵ و پێکەڵ دەبیّ . گوێم دایە دەنگەکانی دونیا . لە موتبەخەکەوە دەنگی کوتانی شتێك دەهات و بۆنی پیاز و لیمو گەیشتە بەر لووتم . دەمزانی کە خەیرییە خەریکی دروستکردنی کوولەکەیە ،گوێم لە قیڕە قیڕی ئورهان و شەوکەت بوو کەلە لای دار هەناری ناو حەوشەکەدا یاری شمشێریان دەکرد . باوکم بێدەنگە و لە ژوورەکەی تەنیشتمدایە . نامەکەی حەسەنم کردەوە و خوێندمەوە ، وەکوو جاران شتێکی تازە و سەیری تێدا نەبوو . تەنیا ئەوە نەبیّکە تۆزێك زیاتر لێی ترسام . ئەو کاتەی بەیەکەوە لە ماڵێکدا دەژیاین دەیەویست شەو بێتە باوشمەوە ، بەڵام من نەمدەهێشت و خۆم ڕادەگرت ، ئێستاش شانازی بەوەوە دەکەم . لە دوایشدا نامەکەی ڕەشەم وەکوو ئەوەی کە شکەستەمەنی بێت و شایەنی خەم خواردنەوە بێت گرتە دەستەوە و و خوێندمەوە . مێشکم تێکەڵاو بوو بوو ، جارێکیتر نامەکەم خوێندەوە ، خۆرە تاو بوو ، وابیرم کردەوە “ کە ئەگەر شەوێك لە شەوان بچووبایەمە باوەشی حەسەن و

www.pertwk.com

لەگەڵیدا جووت و جۆر ببایەم ، لە خودا زیاتر کەس ئاگای لێی نەدەبوو ، شێوەی زۆر لە میردە ون بووەکەم دەچوو ، هەمان شت بوو . توخوالێم مەگرن جار و بار ئاوەها شتی هەڵەچە و پەڵەچە دێت بە مێشکمدا. خۆر دەرکەوتبوو، کاتێ گەرم بوومەوە هەستم بە زك و لاشە و مل و مەمکەکانم و بگرە سەری مەمکەکانیشم کرد . لەبەر دەرگاکەدا خۆر لێیدەدام . ئورهان هات و گوتی : " دایە ئەوە چی دەخوێنیتەوە ؟ "

باشە با پێتان بڵێم تۆرێك بەرلە ئێستا پێمگوتن کە نامەکان ناخوێنمەوە ، درۆم کرد و دیسان خوێندمەوە ، بەڵام ئەم جارەیان بەڕاستی نامەکانم خستە گیرفانم و بە ئورهانم گوت وەرە بزانم وەرە باوەشم ، ئەی ماشەڵا چەندە قورسی ! خۆ بووی بە پیاو ! ماچمکرد و گوتم خۆ ڕەقت بردۆوەتەوە ، وەك سەهۆڵ وای . پشتی هەسوویە مەمکەکانم و گوتی : دایە چەندە گەرمی . لەدواییدا باوشمان کرد بە یەکدا و بێدەنگ بێدەنگ دانیشتین . پێمان خۆشبوو . بۆنی ملیم کرد و ماچمکرد و بە توندی باوشم پێدا کرد ، بێدەنگییەك دروستبوو و هەرواماینەوە . ماوەیەك دواتر وتی : ختۆکەم دی . گوتم : " ئەگەر پادشای جندۆکەکان بێتە ئێرە گەورەترین ئارەزووت چییە بۆ ئەوەی کە بیهێنێتە دی ؟

– : " دەمەوێ شەوکەتیش لە لامان بێت . "

– : " شتیترت ناوێ ؟ بۆ نموونە باوکێکت ناوێ ؟

– : " نا ، کە گەورە بووم خۆم دەتخوازم . "

شتی هەر خراپ لەم دونیایەدا بۆ مرۆڤێك پیری ، یان ناشیرینی و تەنانەت بێوە ژن بوون و نەداریش نییە بەڵکوو ئەوەیە کە کەسێك نەبێ بەخێڵیت پێبباتەوە . زکی ئورهان گەرم بوو بوو ، لە باوەشی خۆم دامگرت

. لەبەر خۆمەوەگوتم پێویستە کەسێکی ڕۆح پیسی وەکوو من لەگەڵ پیاوێکی باشدا زەماوەند بکات و بەرە و لای باوکم ڕۆیشتم . گوتم : " پادشاکەمان تەواو بوونی کتێبەکە دەبینیێو ئەمجارەش خەڵاتێکتان پێدەبەخشێت . جارێکیتر دەڕۆیتەوە بۆ وەنیز ؟"

باوکم گوتی : " نازانم ، دووژمنان بە هێزن و ئەم پیاو کوژییەش دەمترسێنێ."

وتم : " ئەم وەزعەی منیش هێزیان پێدەبەخشێ و وایان لێدەکات کە وەرەیان بەرز ببێتەوە و لەسەر شتی

بێپایە و بونیات ئومێدوار بن ."

– " چۆن ؟ "

- گوتم :" تۆزێك زووتر دەبێ شوو بکەم . "

- گوتی : " لەگەڵ کێدا ؟ خۆ تۆ مێردت هەیە !ئەمە لە کوێوەهات ؟ کێ داوای کردووی ؟

باوکە بەرێزەکەم بەردەوامیکرد و گوتی : " ئەگەر داواکاریەکەشت ماقووڵانە و لەجێی خۆش بێ ، من بڕوا ناکەم کە بتوانێ مێردێکی باش بدۆزیتەوە ، خۆت باش دەزانی کە بۆ ئەوەی بتوانی ژیانێکی هاوسەری بکەی پێویستە زۆر شتان بکەی و زۆرشتیش چارە سەر بکردرێن " . لە دوای بێدەنگییەکی درێژیشەوە گوتی : " گیانەکەم دەتەوێ بڕۆی و بەجێمبهێڵی ؟ " گوتم : "دوێنێ خەوم بینی و وامدەزانی مێردەکەم مردووە . " بەڵام وەکوو ژنێك کە بەراستی ئەو خەوەی بینیبێ نەگریام وەکوو چۆن کاتێك تەماشای وێنە دەکەی ، دەبێ بتوانی بیخوێنیتەوە ، پێویستە بزانی کە چۆن خەو بخوینێتەوە . وەکوو ئەوەی کە لەم باسە ماندوو بووبین ، بە

www.pertwk.com

شێوەیەکی ماقووڵانە و بۆ ئەوەی کە قسەکانمان لە شتانی دیکە جودا بکەینەوە ، تاوانەکانی خۆمانمان لەبەر چاو دەرباز کرد و هەر یەکەو بزەیەکمان لێدا .ووتی : " من بەراستی شیکردنەوەکەت لەسەر خەوەکەت بڕوام هەیە . بەڵام پێویستە گوێ بدەیتە قسە باوك و برای مێردەکەشت ، لەوەش زیاتر پێویستە هەندێك شت هەبن کە قازی بڕوای پێبکات کەئەم پیاوە مردووە " .

گوتم : " ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێ کە دەستی منداڵەکانم گرتووە و هاتوومەتەوەماڵی باوکم ، کەچی ئەوان نەهاتوون بە دوامدا " .

گوتی : " چونکە دەزانن کە کەمو کوڕی و عەیبیان هەیە . بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەوان بەجیا بوونەوەی تۆ ڕازی بن " .

– : " ئەگەر مەزهەبەکەمان مالکی یا حەنبەلی بایە لە دوای چوار ساڵ ، قازیحەقی جیا بوونەوە و نەفەقەشی پێدەدام ، بەڵام شوکر بۆ خودا کە ئێمە حەنەفین و ناتوانین ئەمەش بکەین ."

– : " باسی ئەوانەم بۆ مەکە ، ئەوانە شتی خراپن . "

– : "لە گەڕەکی ئوسکوداردا کەسێکی شافێعی هەیە . تەواوی ژنە ئەستەمبووڵییە مێرد نەگەڕاوەکان دەچن بۆلای ، ئەویش پرسیاری ئەوە دەکات کە چەندێکە نەگەڕاوەتەوە و ئایا لە بەڕێوەبردنی ژیاندا تووشی کێشە دەبێ یان نا و بەو جۆرە لەیەك جیایان دەکاتەوە . "

– : " کێ ئەمانە دەخاتە مێشکی کچە جوانەکەی من ، کێ عەقڵی بردووی ؟ خۆت کۆ کەرەوە . "

– : " لە دوای جیا بوونەوەم ، ئەگەر کەسێك هەبێ کە عەقڵم دەرپەڕێنێ ، ئەبێ ئێوە پێم بڵێن ، لە بارەی ژیانێکیتری هاوسەرییەوە چاوەڕێی بڕیاری

ئێوە دەکەم . "

باوکە فێڵبازەکەم کاتێ تێگەیشت کە کچەکەشی بە قەدەر خۆی فێڵبازە ، چاوەکانی دەستی بە پرتەپرت کرد. لەڕاستیدا باوکم لەبەر سێ هۆ خێراتر چاوی دەپرتێنێ .

1– لە کاتی تەنگانەدا بۆ دۆزینەوەی فێڵ و تەڵەکەیەکیتر مێشکی بەکار دێنێ و چاوی دەپرتێنێ .

2– کاتێك کە تووشی خەم دەبێ و خۆی بێچارە دەبینێ.

3– لە کاتی تەنگانەدا بۆ ئەوەی فێڵبازی بکات وانیشانبدات کە دەیەوێ بگری چاوی دەپرتێنێ .

ووتی : " دەستی مناڵەکانت دەگری و باوکە پیرەکەت بەجێدێڵێ ؟ من لەوە دەترسم کە کتێبەکەم تەواو نەبێ و بمکوژن ، بەڵام مادام کە تۆ خۆت دەتەوێ دەستی منداڵەکانت بگری و بچی ، من خۆم دەمەوێ بمرم . "

- باوکە گیان مەگەر خۆت نەتدەگوت کە بۆ نەجات پەیدا کردن لەکارە پیسەکانی برایمێردەکەت پێویستە جیا ببیتەوە ؟ "

- وتی : " نامەوێ بە جێم بهێڵی . لەوانەیە ڕۆژێك مێردەکەت بگەڕێتەوە ، ئەگەر نەگەڕاوە ، بەو مەرجە دەتوانی ژیانێکی هاوسەری پێك بێنی کەلەم ماڵدا بمێنیتەوە . "

گوتم : " لەوە زیاتر کە بتوانم لێرەدا لەگەڵ ئێوەدا بژیم هیچ شتێکیترم ناوێ ."

وتی : " ئەی گیانی من کێ بوو تۆزێك بەرلە ئێستا باسی شوو کردنی دەکرد؟"

www.pertwk.com

- " ئەنجامی قسەکردن لەگەڵ باوکمدا وایە ، هەمیشە لە دواییدا تێدەگەم کە هەڵەم کردووە ".

تەماشای بەرپێی خۆمم دەکرد ،خەریك بوو بڵێم .... بەڵام بۆ ئەوەی نەگریم بەزۆری خۆمم ڕادەگرت ، هەقدارییەکەی خۆمم هاتەوە یاد و ورەم بەرزبووەوە .

– : " ئەی جارێکیتر شوو نەکەم ؟ "

– : " ئەو پیاوەی نەتباو لەمن دوورت نەکاتەوە لەسەر سەرم جێگای هەیە ، داواکارەکەت کێیە ، لەمماڵەدا دادەنیشێت ؟ " بێدەنگ بوو ، بەڵام هەردووکمان دەمانزانی کە ئەگەر لەم ماڵەدا بمێنێتەوە باوکم ڕێزی لێناگرێت و وردە وردە ئەیتلیێقێنیٚوئازاری پێدەگەیەنیٚ . بەناوی دەعوەتکراوی ماڵی کچ باسی زاوای دەکردو بەشێوەیەکی وەستایانە و ساختەچییانە بچووکی دەکردەوە ، خەریك بوو منیش بچووك بکاتەوە و وتی : " ئەگەر مۆڵەتی باوکت نەبێت ناتوانی مێرد بکەیت و منیش ڕەزام لەسەری نییە و ناهێڵم شوو بکەی . "

– : " نامەویٚ مێرد بکەم ، بەڵکو دەمەویٚ جیا ببمەوە . "

–: " کچە جوانەکەم ، گیانەکەم نامەویٚ کەحەیوانێکی هەرچی و پەرچی لەبەر خاتری بەرژەوەندی خۆی ئازارت پێبگەیەنێت ، خۆت دەزانیت کە چەندەم خۆش دەوێیت . پێویستە ئەم کتێبەش تەواو بکەین . "

بێدەنگ بووم ، ئەگەر دەستم بە قسەکردن بکردبایە ، کەشەیتانیش خۆی مەلاس دابوو ، پێمدەگوت کەدەزانم شەوان خەیرییە دەباتە ژوورەکەی خۆی . بەڵام ئەمە شایستەی کچێکی وەکوو من نەبوو کە لەگەڵ باوکمدا ئاوەها قسە بکەم و تۆمەتی بخەمە پاڵ . بەڵام هەر لەو کاتەدا وەها خەیاڵم کرد کە

چاوم بەباوکم و خەیرییە دەکەویٚ کەبەو حاڵە پێکەنیناوی و پیسەی خۆیانەوە لەناو جێگاکەدا خەوتوون . خەریك بوو بگریم .

تەماشای بەر پێی خۆمم کرد و گوتم : " لەسەر ئوجاخەکە کولەکە دانراوە ، دەسووتی . "

چوومە ژوورەکەی تەنیشتەوە و لەبەر پەنجەرەکەیدا ڕاوەستام کە ڕووی لە چاڵە ئاوەکە بوو . پەنجەرەکەش نەدەکرایەوە . بەهەستی دەستەکانم پێخەفەکانم دۆزییەوە،جێگاکەم ڕاخست و خۆمم ڕاکێشا . ئای چەندە خۆشە کەلەکاتی منداڵیدا ناحەقیت پێبکرێت وبچیتە سەر جێگاکەت و هۆن هۆن بۆ خۆت بگریت و تەپاو تل بکەیت . تەنیا حەز لە خۆم دەکەم . تەنیای زۆر بە ئازارە ، کاتێك دەگریم ،ئێوە مانان گوێتان لە هۆڕە هۆڕی من دەبیٚ و دێن و ئاشتم دەکەنەوە . تۆزێك دواتر سەیرم کرد و بینیم کە ئورهان لەسەر جێگاکەی من خەوتووە و سەری خستوەتە نێو مەمکەکانمەوە ، ئەویش گریا بوو ، چاوەکانی تەڕ بوون . بەرەو لای خۆم ڕامکێشا .

ووتی : " دایە گیان مەگری باوکم لە شەر دەگەڕێتەوە ."

گوتم : "چۆن دەزانی ؟ " بێدەنگ بوو . بەڵام زۆرم پێخۆشبوو . کاتیٚ سەریم پاڵدا بە سینگمەوە ، هەموو ئازارەکانی خۆمم لە بیر چووەوە . بەر لەوەی باوەش بکەم بە سینگە نارینەکەی ئورهان وخەو بمباتەوە ، با شتێکتان پیٚبڵێم : تۆزێك بەرلە ئێستا بە تووڕەییەوە باسی باوکم و خەیرییەم کرد ، ئێستا زۆر پەشیمانم . نا ، ئەو شتەی وا گوتوومە درۆ نییە ، بەڵام لە وتەکانی خۆم شەرم دەکەم ، ئێوەش فەرامۆشیان بکەن . وەکوو ئەوەی واینەگوتبیٚ و باوکم و خەیرییەش وایان نەکردبیٚ ، سەیری ئێمە

www.pertwk.com

بکەن . مەگەر نابێ ؟

((من زاواکەتانم)) (17)

خاوەنی کچ بوون شتێکی زۆر سەختە ، زۆر ، لە ناوەوە دەگریا گوێم لە دەنگی هەنیسەکانی بوو . بەڵام لە تەماشاکردنی ڕووپەڵەکانی کتێبەکە زیاتر نەمدەتوانی هیچ شتێکیتر بکەم . ئەو کتێبەی وا دەمخوێندەوە (کتاب الاحوال القیامە) بوو کە باسی ئەوەی ئەکرد وا سێ ڕۆژ دوای مردن ڕۆح لە خودا مۆڵەت وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو لاشەیەی وا تێیدا ژیاوە، ڕۆح کە چاوی بە تەرمە خوێناوی و پتووڕکاوەکەی خۆی دەکەوێ یەکسەر خەم دایدەگرێ و دەڵێ : تەرمە بێچارەکەم !لاشە کۆنە خۆشەویستەکەم و دەست بە گریان دەکات و پرسەی بۆ دەگرێ. کەوا بێ ڕۆحی زەریف ئەفەندییە بێچارەکەش بۆ تەماشای جەستەکەی خۆی لەباتی مەزار دەچێ بۆ چاڵە ئاوەکە . کە بیرم لەمە دەکردەوە زۆرم پێناخۆش بوو .

کە هەنیسکەکانی شەکورە بڕایەوە دەستم بە خوێندنەوەی کتێبەکانی مەرگ کرد . کراسێکیترم لە بەر کرد و پشتوێنە جەواڵەکەشم بە توندی گرێدا ، ئیدی پشتمی گەرم دەکردەوە، شەواڵێکم هەبوو کە لە تووکی کەروێشك دروستکرا بوو ، ئەویشم لە پێکرد . لە ماڵ دەرکەوتم، شەوکەت گوتی : " باوە بۆ کوێ دەچی "

گوتم : " تۆ بڕۆرەوە بۆ ماڵ من بۆ سەر جەنازە دەچم . " ماڵە دارزاوو پتووڕکاوەکانی هەژارەکان لە کۆڵانە چۆڵەکاندا ،لەژێربەفرەقورسەکەدا بە زۆر خۆیان ڕاگرتبوو ، لە تەنیشت ئەوانەوە لە جێگایەکی سووتاوەوە تێپەڕبووم . لە گەڕەکەکانی کەنارەوە و لەلای بۆستانچییەکان و ئەوانەی وا تاقمی سەیارە و تایەکانی دەفرۆشن و لەپاڵ ئاسنگەرەکان و کورتانفرۆشەکان و ناڵبەندەکانەوە و لەگەڵ ئەو پیرە پیاوانەی والەبەر ئەوەی ون نەبن لەتەنیشت ئاوەکەدا دەرۆیشتن ، تێپەڕ بووم . نازانم لەبەر چی جەنازەکەیان لە مزگەوتی (میهریماە) لە (ئەدیرنە قاپی) شوشتوەو هەڵیان گرتووە . لەبەر مزگەوتەکەدا دەستم کردە ملی برا مل قوتە سەر سووڕ ماوە تووڕەکانی و سەرە خۆشیم لێکردن .

لەگەڵ وێنەکێش و خۆشنووسەکاندا باوەشمان کرد بەیەکدا و دەستمان بە گریان کرد . لە ناکاو تەم و مژێك نزمبووەوە و هەموو زەوی داگرت . لەنێو ئەو تەم و مژەدا نوێژی مردوومان کرد ، لەسەر بەردەکەی (موسەللا) چاوم بە تابووتەکە کەوت و لەو ناپیاوە تووڕە بووم کەوا ئەم کارەی کردووە ، ئەوەندە تووڕە بووم کە بڕوانن چۆن دووعای (ئەڵلاهوموبارەك) لە مێشکمدا تێکەڵ و پێکەڵ بووە . دوای نوێژ جەماوەر جەنازەکەیان لە سەر شان هەڵگرتو ڕۆیشتن ، بەڵام من هێشتا لە نێو وێنەکێش و

www.pertwk.com

خۆشنووسەکاندا بووم . لەگەل لەقلەقدا باوەشمان دەکرد بەیەکدا و ئەو شەوانەمان لەبیر چوو کەوا تابەیانی لەسەر کتێبەکە کارمان دەکرد و باسی زەریف ئەفەندیمان دەکرد . ئەو دەیگوت جوانکارییەکانی زەریف ئەفەندی زۆر بێ قیمەت و سووکن و هەر چەندە وا دیاربن کە دەوڵەمەند کراون بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە و هەموو جێگایەك بە ڕەنگی نیلی بۆیاخ دەکات ، منیش دەمگوت ڕاست دەکەی بەڵام ناچارییە و کەسیترمان نییە . زەیتوون بە نیگایەکی پڕلە ڕێز و حورمەت و دۆستایەتییەوە سەیری کردم و باوەشی پێدا کردم (ئەوەی بزانێ باوەش بکات بە پیاوێکی تردا پیاوێکی باشە) زۆرم پێخۆش بوو ، جارێکیتریش وام بیر کردەوە لە نێو وێنەکێشاندا ئەوەی لەهەموو زیاتر بڕوای کتێبەکەم هەیە ئەوە . لەبەر دەرگای حەوشەکەدا لەگەڵ وەستا عوسماندا شان بە شان ڕێکییەکهاتین ، نەماندەزانی کەچی بڵێین . کاتێکی سەیر و کشاوە بوو ، یەکێك لە براکانی خوا لێخۆشبوو دەستی بە گریان کرد و ئەویتریش خۆی فش کردەوە و ویستی خۆی نیشانبدات و دەستی بە قیڕە قیڕ کرد .

وەستا عوسمان پرسیاری لێکردم و گوتی : " دەیبەن بۆ کام قەبرستان ؟ " گوتم : " نازانم " بەڵام لەبەر ئەوەی کە وامدەزانی هەڵویستێکی دژبەرانەیە ، پەشۆکام و بەبێئەوەی کە بیر بکەمەوە منیش پرسیارێکم لە پیاوێکی تەنیشتی خۆم کرد و گوتم : " بۆ کام مەزاری دەبەن ؟ بۆ ئەدیرنەقاپی ؟ "

گەنجێك لەولاوە کە کەرێکی نەفام بوو گوتی : " ئەیووب " .

گەڕامەوە و بە وەستا عوسمانم گوت بۆ ئەیووبی دەبەن . سەرێکی لەقاند و گوتی : " تێگەیشتم . " وا هەستمکرد کەنابێ ئەو چاو پێکەوتنەمان لەوە

زیاتر درێژ بکات . وەستا عوسمان ئەوەی پێقبووڵ نەدەکرا کە پادشا ئەرکی نەخش کێشان و وێنە دروستکردنی بۆ کتێبە نهێنیەکەی بەمن ڕاسپاردووە و لەوەش زۆر تووڕە بوو بوو .

لە لایەکیتریشەوە پاشا کەوتبووە ژێر کاریگەری نەریتی ڕۆژ ئاواییەکان کەوا بە ڕێگای منەوە هاتبووە ناو وێنە کێشی ئێمەوە . بە بیرم دێت پاشا جارێك وەستا عوسمانی ناچار کردبوو کە وێنەیەك لە وێنە کەسیەکەیبکێشێتەوە کەوا وەستایەکی ئیتاڵی بۆی کێشابوو . وەستا عوسمان لەو وێنەیە بێزی دەهاتەوە لەوەشدا منی بە بەرپرسیار دەزانی ، کە من مافیشی پێدەدەم . لە ناوەراستی پلیکاکاندا ڕاوەستام و تەماشای ئاسمانم کرد ، کاتێ دڵنیا بووم پاش ماومەتەوە وردە وردە هاتمە خوارەوە دوو پلیکانە هاتم و نەهاتم کە یەکێك دەستی کرد بە قۆڵمدا و باوشی پێدا کردم " ڕەشە بوو . وتی : " زۆر ساردە سەرماتان نابێ ؟ " گومانم لەوە نەبوو کە ئەوەی وا عەقڵی شەکورەی تێکداوە ڕەشەیە. دیار بوو کە متمانەیەکی زۆری بە خۆ هەبوو ، کاتێ دەستی کرد بوو بە قۆڵمدا هەستم بەوە کردبوو . لە هەڵۆێستەکانیدا ئەوە دەردەکەوت کە بەڵێ دوانزە ساڵ کارم کردوە و بووم بە پیاو . پلیکانەکان کۆتای پێ هات ، با ڕووداوەکانی وێنەکێشخانەم دوایی بۆ بگێرێتەوە ، وتم : تۆ لە پێشەوە بچۆ ڕۆڵەگیان ، بچۆ ، بگە جەماوەرەکە .

پێی سەیر بوو ، بەڵام بە ڕووی خۆیدا نەهێنا . دەستمی بەر داو پیاو ماقوڵانە ڕۆیشت . شیوەی ڕۆیشتنەکەیم پێ خۆش بوو لە گەڵ خۆشم وتم ئەگەر شەکورەی پێبدەم لە گەڵمدا دەمێنێتەوە و یان نە ؟ ڕۆیشتبووینە دەرەوەی (ئەدیرنەقاپیەوە) . خەریك بوو لە ناو تەمو مژەکەدا ون دەبووین

www.pertwk.com

، چاوم بە شێوەکاران و خۆشنووسەکان و شاگردەکان کەوت ، جەنازەکەیان هەڵگرتبوو ، لە لاپاڵەکەوە بەرەو خەلیج دەڕۆیشتە خوارەوە ، ئەوەندە بەپەلە ڕۆیشتبوون کە نیوەی ڕێگای دۆڵە قوڕاوییەکەی ئیووبیان بەو هەموو بەفرە بڕیبوو . لەلای چەپەوە دووکەڵی مۆمخانەکەی سوڵتان خانم بە خۆشیەوە بەرز دەبویەوە . لە ژێر دیواری قەڵاکانی (ئەیوب) دا حەیوان سەڕ برو پێست گورەکان گوڕایگوڕ کاریان بۆ قەسابە ڕووسیەکان دەکرد، بۆنی لاکی حەیوانەکانی ئەوێ تا جێگای دیار و نادیار دەڕۆیشت و دەگەیشتە لای مزگەوتی هەڵبژێردراوی ئەیوب و دارە درێژەکانی قەبرستانەکەش و لە وێشەوە بڵاو دەبوەوە . لە دوای تۆزێك ڕێی کردن کەوتنە نێو گەڕەکی تازەی یەهودیەکان و گۆیم لە دەنگیئەو منداڵانە بوو وا یاریان دەکرد . کاتێك گەیشتمە ئەیوب پەپوولە پێچاپێمەوە و بابەتەکەی کردەوە و وتی : " زەیتون ولەق لەق ئەم کارەیان کردوە ، ئەوان دەیانزانی کە من و ئەو خۆالێخۆشبووە ناکۆکیمان هەبووە و ئەوەشیان دەزانی کە هەموو کەسێکیش ئاگای لەوە هەیە . لە سەر ئەوەی کە وەستا عوسمان کێ بکات بە سەردەستەی وێنە کێشان ناکۆکیمان هەبوو . تەنانەت دژ بە یەکیش قسەشمان دەکرد و هەستەکانیشمان دەردەبڕی،بۆیە ئێستاش ئەمانە تاوانەکە دەخەنە سەر من . هیچ نەبێ خەزێنەدار وەها بیر دەکاتەوە و ئەوەش دەگەێنێتەوە گوێی پادشا و پادشاش لە ئێمە دوور دەکەوێتەوە .

- " گووتت ئێمە ، ئێوە کێن ؟ "

- " ئێمە ئەوانەین کە دەڵێین پێویستە شێوازی کۆن لە وێنەکێشخانەکەدا بمێنێتەوە و لە نەریتی ئێرانیەکان کەڵك وەر بگرین و دەبێ لە بەر خاتری پارەش هەموو شتێك نەکێشین . ئێمە دەڵێین لە باتی

ئەوەی لە کتێبخانەدا باسی چەك و داگیرکراوەکان و ئەسیرو ئەرتەشەکان بکەین با باسی ئەفسان کۆنەکان و پاڵەوانە قارەمانەکان و داستانەکانیان بکەین و لە پێوانە کۆنەکان دەر نەچین ، هەر وەها لە دوکانەکانی بازاردا لە بەر خاتری چەند ئاکچەیەك وێنە نەکێشرێت . حەزرەتی پادشاش حەقمان پێ دەدات" . وتم : " لە خوت و خۆڕایی کەس تاوان بار مەکە. لەبەر ئەوەی هەندێك لە ئێوە جۆرە ڕەسمێکتان کێشاوە کە جاران نەکێشراوە ، پێویست بە شەڕ و ئاژاوە ناکات . ئێوە هەمووتان بران ، من بڕوا ناکەم ئەوەی ئەو کارەی کردبێ یەکێك لە ئێوەی وێنە کێش بێت " . بەڵام هەر لەو کاتەدا وەکوو چۆن یەکەم جار بیستم ، ڕاستیەکم بینی " ئەوەش ئەوە بوو کە بکوژی زەریف ئەفەندی یەکێکە لە وێنە کێشانی کۆشك و ئێستاش خۆی دزیوەتەو لە ناو جەماوەورکەو لە لاپاڵەکەدایە . لەوە دڵنیا بووم کە ئەمە دوژمنی کتێبەکەی منە و هاتووتە ماڵەکەشم و ڕاسپاردەی وێنە و نەخشی وەر گرتووە .

ئایا پەپوولەش وەکوو زۆربەی ئەو وێنە کێشانەی هاتوو چۆی ماڵەکەم دەکەن عاشقی کچەکەم بووبوو ؟ لەوە دەچێ لە کاتی گووتنی ئەو قسەو تۆمەتانەدا ئەوەی لە بیر چووبێ کە بابەتی وێنەی دەهێنا و منیش پێچەوانەکەیم پێ دەگووت، یان وەکوو دەیەویست تانەم لێبدات ؟ لە دواییدا بیرم لێکردەوەو گوتم ، باڵێ ! تانەم لێنادات ، وانییە ! پەپوولەش وەکوو وەستاکانیتر منەتباری منە ،

لەبەر شەڕ و ئاژاوە و کەمتەرخەمی پادشا ، خەریکبوو پارەیان لێببڕن و هەدیەی کەمیشیان دەدانێ ، بەڵام لەسایەی سەری کتێبەکەی منەوە پارەیەکی زۆریان چنگ کەوتووە. دەمزانی کەلە سەر من بەخیلی بەیەك

www.pertwk.com

دەبەنەوە ، هەر لەبەر ئەوەش (ئەگەرچی هەمووشی ئەوە نەبیٚ) لە ماڵ خۆمانەوە یەك یەك دەمبینن و ئەمەش نەدەبوو بە هۆی ئەوەی کە دوژمنایەتی من بکەن . وێنە کێشەکانم لەبەر سەردەستەکانیان ، ئەگەر حەزیان لەیەکێك بکردایە ، یەکسەر بەدوای هۆیەکی مرۆڤانە دەگەڕان و پیاو ماقوڵانە هەڵسوو کەوتیان دەکرد .

بۆ ئەوەی کە بێدەنگییەکە بشکێنم و نەگەڕێینە سەر بابەتەکە گوتم : " ماشاللا ! خۆلەلاپاڵەکە و تێپەڕ بوون و تابووتەکەشیان بردە سەرەوە "، پەپوولە لەسەرمادا هەموو ددانەکانی دەرخست و بە شیرینیەکەی خۆیەوە بزەیەکی لێدا . بیرم لەوە کردەوە کە دەبیٚ ئێستا پیاوێك بکوژێت ؟ بۆ نموونە لەبەر بەخیلی ، لەوە دەچی بمکوژن ؟ بەهانەیەك دەدۆزنەوە ، بۆ نموونە دەڵێن ئەم پیاوە جنێو بە دینەکەماندەدا و خراپەی پێدەڵیٚ ، بەڵام ئەم هونەرمەندێکی تەواوە بۆ بیکوژین ؟ پیر بوون تەنیا ترسان لە هەورازی نییە ، لەوانەیە ترسی زیاد لە مردنیش بێت ، یان بیٚداخوازێتی بێت یان وەکوو بردنی کچە خزمەتکارێك بۆ ناو جێگای خۆت نە بە گەرم و گوڕی و هەڵچوونەوە بەڵکوو بە دزی و ترسە ترسەوە .

لەناکاو بەو بڕیارەی بەپێی هەستەکانی خۆم گرتبووم گوتم : " کتێبەکەم تەواو ناکەم!"

پەپوولە ڕووی هەڵگەڕاو گووتی : " چۆن ؟ "

گوتم : " نەهامەتی تێدایە ، پادشاش پارەکەی بڕیوە ، بە زەیتوون و لەق لەقیش بلیٚ

: " لەوانەیە دووبارە پرسیاری بکردایە ، بەڵام کاتیٚ سەرنجمان دا خۆمان لە نێو دارەکانی لاپاڵەکەو بەردەکانی قەبرستاندا بینیوە . لە دەنگی (بسم اللە

، اللە ، میلەتی ڕەسولٚ اللە) وە و لەشیوەنی گریانی سەر مەزارەکەوە زانیم کە خەریکن تەرمەکەی دەخەنە ناو قەبرەوە . یەکێك گوتی : " ڕوومەتی باش لادەن، کفنەکەی لادەن " . کفنەکەیان لیٚ دەپێچاند ، لە سەرە تلیقاوەکەیەوە تەنیا چاوی مابوو . لە گەڵ مردووەکەدا چاو بە چاو تەماشای یەکتریمان کرد . لە بەر ئەوەی لە دواوەوە بووم هیچ شتێکم نەدەبینی و، لەباتی تەماشاکردنی چاوی مردن تەماشای جێگایەکیترم کردبوو.

یادەوەرییەك ! باپیری پادشاکەمان (جێگای بە بەهەشت بیٚ) سیٚساڵ بەر لە ئێستا ویستوویەتی دوورگەی (قوبرس) لە ڕوومیەکان بسێنێت . (شێخ الاسلام) ئەفەندیش یەکسەر فتوایەکی دەر کردووە و گوتوویەتی کە : کاتی خۆی ئیسلام لە ڕێگای ئەم دوورگەیە و بەرە و جێگایتر بڵاو بووەتەوە بۆیەپێویستە جێگایەکی پیرۆزیئاوەها لە ژێر دەستی گاورەکاندا نەمێنێتەوە . بەمجۆرەش یەکەم ئەرکی باڵوێزیم بۆ دەرکەوت . دەبوایە بڕۆیشتمایە لای وەنیزییەکان (ڕومیەکان) و ئەم بڕیارە ناکاوییەم پێڕابگەیاندنایە و داوام لێبکردایەن کە دوورگەکەمان بدەنیٚ . کلیساکان گەڕام ، لە بەرامبەر کۆشك و پەردەکاندا سەرم سووڕ مابوو . وێنەکانی ماڵە دەوڵەمەنەکان و ، کاریگەرییان لێدەکردم ، لە گەڵ ئەم سەر سووڕمانە و سەرەڕای میوانداریەکەیان نامەی هەڕەشەکەم پێدان و ئەوەی پادشا گوتببوی پێمڕاگەیاندن . ئەوەندە تووڕە بوبوون ، کە لە کۆبوونە نائاسایەکەی خۆیاندا بڕیاری ئەوەیان دابوو کە هەر قسەشی لە سەر نەکەن . لەوەش زیاتر جەماوەرێکی جەنجاڵ لە کۆشکی دۆچدا تەنگیان پیٚ هەڵچنیبوم . هەندێك سەر سەری و هەرچی و پەرچی پاسەوان و

www.pertwk.com

دەرگاکانیان تێپەراند و گەیشتنە من ، دەیانە ویست سەرم ببڕن ، بەڵام دۆچ دوو لە پاسەوانەکانی خۆی خستە تەکم و لە دەرگای پشتەوە ناردمیە دەرەوە . ئەو کاتەش لە تەمو مژێکی وەکوو ئەمڕۆدا یەکێکی پرچ درێژ و جل سپی چاوەڕێی دەکردم . دەیویست دەستم بگریٚ ، وام زانی مەرگەو هاتوە بە پیرمەوە ، تەماشای نێو چاوانیم کرد ، لە خەیاڵمدا کتێبەکەم تەواوو کردوەو جارێکی تر بۆ وەنیز دەچوومەوە . کاتیٚ گەیشتمە سەر قەبرەکە کە بە جوانی سەری داپۆشرابوو ، زانیم کە ئێستا لەوێدا فریشتەکان لێپرسینەوەی لێدەکەن ، ڕەگەز ، دین و پێغەمبەرەکەی لێدەپرسن ، مەرگی خۆمم بیر کەوتەوە ، قەلەرەشێك لە تەنیشتمدا نیشتەوە ، شیرین شیرین تەماشای نێو چاوە ڕەشەکانیم کرد و ویستم کە دەستی بگرم و لە گەڕانەوەدا هاورێیەتیم بکات . بە ڕەشەم گوت کە دوو سبەی لە ماڵی خۆماندا بۆ کار کردن لە سەر کتێبکە چاوەڕێی دەکەم ،چونکە کاتیٚ بیرم لە مەرگی خۆم دەکردەوە و نەدەکردەوە ، جارێکیتر تێگەدەیشتم کە بە چ نرخێك دەبیٚ بایێی پێویستە ئەو کتێبە تەواو ببێت.

((لە دوایدا پێم دەڵێن پیاوکوژ)) (18)

کاتیٚ خوڵی سارد و قوڕاویان دەخستە سەر تەرمە پارچە پارچە کراوەکەی زەریف ئەفەندیە بێچارەکە ، لە هەموو کەس زیاتر من دەگریام .

ئەم قیڕاندو هاوارم دەکرد : با لە گەڵ مردووکەدا منیش بمرم ، لێرەدا بمنێژن، بۆ ئەوەی نەکەومە ناو گۆڕەکە لە دواوە باوەشیان پێدا کردم . وەکوو ئەوەی کە هەناسەم لیٚ بڕابیٚ ، لەپیان نایە سەر تەوێڵم و بەرەو دواوە کێشایان ، (بۆئەوەی بتوانم هەناسە بکێشم) لە نیگای چاوەکانی خزمەکانی خوا لێخۆشبووەوە تێگەیشتم کە زۆر گریاوم و هەنیسکەکانم سنووری خۆیان تێپەڕاندووە . لە بەر ئەو هەموو شیوەن و گریانە ئەوانەی وێنەکێشخانەکە وەها تێگەیشتن پەیوەندیەکی (دڵەکی) لەنێوان من و زەریف ئەفەندیدا هەبووە . بۆ ئەوەوی زیاتر سەرنجڕانەکێشمە سەر خۆم ، ڕۆیشتمە دوای دواوەوە و لەبن دارچنارێکدا دانیشتم . خزمە گێلەیەکی ئەو گەمژەیەی وا ناردبووم بۆ دۆزەخ هات و پاڵی پێوەدام و چاوی بڕییە چاوەکانم و باوشی پێدا کردم. ئەو بیٚ مێشکە لە دواییدا گوتی:"تۆ شەمەی یا چوار شەمەی"

وتم:"چوارشەمە کاتی خۆی ناوی ئەو خوالێخۆشبووە بوو".سەری سووڕما.

ئەو نازناوەنەی وا تاوەکوو ئێستا ئێمەی بەیەکەوە بەستووەتەوە داستانێکی زۆر سادەی هەیە ، لە دەورانی شاگردیماندا هەموومان حەزمان لە وەستا عوسمان دەکرد کە تازە بوو بوو بە وەستا ، ڕێزمان دەداییٚ و حەیران و عاشقی بوو بووین . لە ڕاستیشدا وێنە کێشێکیزۆر گەورەیە ، ئەو هەموو شتێکی پیٚ فێر کردین . خودایش هەم هونەرێکی جوانی پێدا بوو ، هەم عەقڵێکی وەکوو هی جندۆکەی پێدا بوو ، هەر بەیانییەك یەك کەسمان دەچووە بەر ماڵی وەستا عوسمان و جانتاکەی و قوتوی قەڵەمەکەی و بەرگەبەستە پڕلە لاپەڕەکەیمان بۆ هەڵدەگرت و لەگەڵیدا

www.pertwk.com

دەهاتین بۆ وێنەکێشخانەکە . هەموومان حەزمان دەکرد کەلەگەڵیدا بێین و فرتەفرتمان دەکرد بۆئەوەی ڕۆژێك زیاتر بچین بۆلای .

لە ڕاستیدا وەستا عوسمان یەکێکی (دەست نیشان) کرد بوو بەڵام لە بەر قسە بێکۆتاییەکان ناو وێنە کێشخانەکە ، بە ناچاری ڕۆژی بۆ دانابووین ، دەبوو هەر ڕۆژە و یەکمان بچووبایەین . وەستای گەورە ڕۆژانی هەینی کاری دەکرد بەڵام ڕۆژانی شەمە نەدەچوو بۆ وێنەکێشخانە .

وەستا کورێکی هەبوو کە زۆری خۆش دەویست ،ئەویش وەك ئێمە بەر دەستی بۆ دەکرد و ڕۆژانی دووشەمە لە گەڵیدا هاتوو چۆی دەکرد . بەڵام کوڕەکەی لە دواییدا ژیانی هونەری بە جێهێشت و خەیانەتی بە ئێمە و باوکیشی کرد . برایەکی باڵا بەرزمان هەبوو کە ڕۆژانی پێنج شەمە دەچوو ، لە هەموومان زیرەکتر و لێهاتووتر بوو ، بەڵام لەو تەمەنە جوانەیدا تووشی نەخۆشیەکی نادیار نەزانراو بوو کە بە گەرما و بەتا کوشتی و ژیانی لە دەستدا . زەریف ئەفەندی خوالێخۆشبووش ڕۆژانی چوارشەمە دەچوو ، لە بەر ئەمەش بە چوارشەمە دەناسرا. وەستاکەمان لە دواییدا نازناوەکانمانی لە لە سێشەمەوە بۆ زەیتوون و لەهەینیوە بۆ لەق لەق و لەیەکشەمەوە بۆ پەپوولە گۆڕییەوە لەبەر خۆشەویستی و لە بەر ناسك کاریوجوان کارییەکانی بەویشییدەگوت زەریف ، لەوانەیە وەستای گەورە چۆن بە ئێمەی گوتووە بەویشی گوتبێ کە " بەخێر هاتی چوارشەمە ، چۆنی بزانم " وامزانی کە ئەگەر ئەوە بە بیر بهێنمەوە کە چۆن بانگی دەکردم ، یەك سەر دەکەومە پەڵمەی گریان ،بەڵام.... لە کاتی شاگردیماندا سەرە ڕای ئەو هەموو لێدانەی کە دەمانخوارد ، کە دەمانزانی وەستا عوسمان حەزمان لێدەکا کاتێ

تەماشای نەخشەکانمانی دەکرد و چاوی پڕ دەبوو لە ئاو و دەست و دەموچاوی ماچ دەکردین ، بە عەشقێکی زیاترەوە هونەرەکەمان گوڵی دەکرد و وامان دەزانی کە لە بەهەشتداین .

ڕەنگی سێبەری بەخیڵیبردنەوەکانی ئەو ساڵە خۆشانەشمان جیاوازتر بوو !

وەکوو ئەو مرۆڤانەی کە وەستایەك خۆی وەستایەکیتریش دەزگیرانەکەی کێشابێ ، منیش هەست بە دووبەشبوونی خۆم دەکەم . ترسەنۆکێکی وەکوو من کە لە خودا دەترسێ ، ئەگەر لە دەستی دەربچێ و پیاوێك

بکوژێ زوو زوو ڕانایەت . بۆ ئەوەی کە ژیانی کۆنیشم بەردەوام بێت و بتوانم بە گۆیرەی ئەوە هەڵسووکەوت بکەم ، پێویستە بە گۆیرەی پیاو کوژ بوونەکەشم دەنگێکی تریش پەیدا بکەم . ئێستا بە ئەو دەنگە خاینە ڕابوێرە قسە دەکەم کە لە ڕابردوودا هیچ تێکەڵاوی ژیانی خۆمم نەکردبوو . ئەگەر پیاو کوژ نەبایەم بە دەنگە ناسراو و زانراوەکەی خۆمەوە قسەم بۆ دەکردن، بەڵام...

نازناوەکەشم (من پیاوکوژمی) پێوەنییە . با کەس ئەم دووانە تێکەڵ نەکات ! چوونکە شێواز و کەمو کورتیەکم نییە کەبمدا بەدەستەوە . بڕوام وایە کە ئەوەی وێنە کێشێك لە ئەوی تر جیادەکاتەوە کەم و کوڕییە ، بە پێچەوانەشەوە لە خۆبایی بوون نابێت بە کەسایەتی تایبەت . بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەوەش قبووڵ دەکەم لەم وەزعە تایبەتەی مندا کێشەم بۆ دروستدەکات ، چوونکە ئەگەر نازناوەکانی وەستا عوسمان بەکاربهێنم کەوا زاوای بەڕێزیش بە خۆشییەوە بەکاریان دێنێ ، ئەوا لە نازناوەکەمەوە دەزانن کەمن زەیتوونم یان لەق لەق یاخود پەپوولەم و لەوانەیە یەکڕاست

www.pertwk.com

تەسلیمی ئەشکەنجەکانی جەلادەکەشم بکەن . هەر لەبەر ئەوەش بیر ناکەمەوە و هەموو شتێکتان بۆ باس ناکەم .

لەبەر خۆمەوە وەها بیر دەکەمەوە کە لەوە دەچێت ئێوەش تاقیبی من بکەن . هەر بۆیە بە بیٚ مێشکییەوە وردە کارییەکانی ژیانی خۆم و ئەو شتانەی وا بمدا بە دەستەوە ناهێنمە سەر زمان،

کاتێك باسی سیٚ داستانەکەی (ئەلف) و (بیٚ) و (جیم) م بۆ دەکردن لە گۆشەیەکی عەقلی خۆمدا نیگاکانی ئێوەشم بەکاردەهێنا . شەڕکەرە قارەمانە ئەفسانەییەکانلە بەر کیژەجوانکیلەیەك یا خودلە بەر حەز کردن لە وێنە یەك لە کاتە ئەفسانەییەکاندا چنگ دەدەن و یەکتری دەکوژن ،شەڕەکانیش هەر لە بەر ئەوانە ڕوودەدەن . ئەگەر شێوازو کەسایەتییەکی تایبەتم هەبێت ، نەتەنیا لەناو وێنەکاندا بەڵکوو لەپیاو کوژییەکەشمدا شاراوەیە .

ئادەی بزانم ! لە ڕەنگی وشەکانەوە بمدۆزنەوە بزانن من کێم ! ئەگەر بمگرن ڕۆحی زەریف ئەفەندییە بێچارەکەش شاد دەبێت .

ئێستا لەژێر ئەم درەختانە و لەنێوچووکە چووکی پەلەوەرەکاندا تەماشای ئاوە زێڕینەکانی خەلیج و گۆمەزەکانی ئەستەنبووڵ دەکەم . ئای کە ژیان خۆشە ! سەرەنجم دایە ، یەك لە دوای یەك بە بێڵ خۆڵی دەخەنە سەر ! ئەو زەریف ئەفەندیە بێچارەیە لەم دواییانەدا لەگەڵ پیاوە چاو شۆڕەکانی مەلا ئەرەزڕوومییەکەدا هەڵسوکەوتی دەکرد ، هەر دوای ئەوەش لەگەڵ مندا نێوانی خراپ بوو ، هەڵبەت لەبەر ئەوەی لەو بیست و پێنج ساڵەی دواییدا پێکەوە کتێبمان بۆ پادشا دروستکردبوو جارجاریش نێوانمان باش دەبووەوە . بیست ساڵ بەر لە ئێستا کاتێك شانامەکەی

باوکی خوا لێخۆشبووی پادشاکەمانمان دروستدەکرد ، بۆ بووین بە دۆستی یەك ، بەڵام ئەمە تا تەواوکردنی هەشت لاپەرەی دیۆانەکەی (فزولی) بەردەوامی کرد . ئەو کاتانە داواکاری لە جێی خۆی هەبوو ، بەڵام زۆر بیٚ مەنتق بوو (دەیگوت پێویستە هەست بەو بابەتە لە ڕۆحی خۆیدا بکات کە دەیەوێت بیکێشێت) ئێوارەیەکی هاوین بوو ، دەستە دەستە پەرەستووەکان سەر شێتانە دەفڕێن و خۆیان نیشاندەدا، چەند دێڕێکی هۆنراوەکانی (فزولی) بە بەزم و ئاهەنگ خۆیندەوە . بە لێبوردییەکەوە گۆیم لێڕا گرت ، دێڕەکە ئەمە بوو : " من من نیم ، من ئەو تۆیەم وا هەموو کات باسی دەکەم"، هێشتا لە بیرمدا ماوەتەوە پرسیاری ئەوەم لە خۆم دەکرد کە دەبیٚ ئەم دێڕە چۆن نەخش بکردرێت ؟

کە زانیم لاشەکەیان دۆزیوەتەوە ، بە هەڕا کردن بەرەو ماڵەکەیان ڕۆیشتم ، جاران لەویٚ پێکەوە شیعرمان دەخۆیندەوە . باخچەکەیان وەکوو هی هەموو ماڵێکیتر لە ژێر بەفردا مابووەوە . وا هەستم کرد کە بچووك بووەتەوە ،لەراستیدا ماڵەکەشی هەر بچووك بوو ، لە ژورەکەی تەنیشتەوە دەنگی قیژە قیژی ژنان بەرز دەبووەوە و دەگەیشتە گۆیٚ ، دەتگووت کیٚ بەر کێیان داناوە . کاتیٚ برا گەورەگەی قسەی دەکرد زۆر بە وردی گۆیم بۆ ڕادەگرت : " ڕوومەتی زەریف ئەفەندیە بێچارەکەی برامان پەڵاش پەڵاش بووە و سەری تلیقاوە . دوای چوار ڕۆژ لە بنیچاڵە ئاوەکەدا دەریان هێناوە ، براکانی بە زۆری ناسیانەوە ، لەوەش زیاتر (قەلبیە) بێچارەکەی ژنیشی نەیناسیەوە ، بەڵکوو بە جلەکانیدا زانی کە ئەمە مێردەکەیەتی "، یەکسەر یوسفم کەوتەوە بیر کە بە دەستی برا بەخیلەکانیوە خرابووە ناو چاڵە ئاوەکە و بازەرگانەکان ڕزگاریان کرد بوو . زۆر حەز دەکەم وێنەی یوسف و

www.pertwk.com

زوڵەیخا بکێشمەوە ، چونکە باسی هەستی بەخیلی بردنەوەی نێو براکان دەکات کە هەستێکی زۆر سەرەکیە .

کاتێ بێدەنگ بووم وامدەزانی کە هەر کەس تەماشای من دەکات . بگریم یان نا ؟دوودڵ بووم،لە ناکاو چاوم بە ڕە شەدا هەڵتۆقی . هەی پیاوی دڵ نزم ! خەریکە خۆی فش دەکاتەوە و دەیەوێ وا نیشانبدات کە لە لایەن زاوای بەڕێزەوە کراوە بە بەرپرسیاری دۆزینەوەی ڕاستی کێشەکە . برا گەورەکەی زەریف ئەفەنی قیڕانی و گوتی : " کێ دەتوانێ ناپیاوی ئاوەها بکات ؟ کام بێویجدان دەتوانێ ئەم برایەمان بکوژێ کە لەوانەیە نەیتوانیبێ ئازار بە مێرولەیەکیش بگەیەنێت"، منیش دەمەویست وەکوو ئەو بە گریانەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە و ڕێگا چارەیەك بۆخۆم بدۆزمەوە . دوژمنانی زەریف کێ بوون ؟ ئەگەر من نەمکوشتبایە کێ دەیکوشت؟ کاتی خۆی – وابزانم کاتی ئامادە کردنی هونەرنامە بوو – لەگەڵ هەندێك کەسدا کە نەریتە کۆنەکانیان ڕەتدەکردەوە و بە پەلە پەل جوانکاری وێنەیان دەکرد و جوانکارییەکانی ئێمەیان بە ڕەنگ خراپ دەکرد ، شەڕمان کردبوو . ئەوانە کێ بوون ؟ بەڵام ئاژاوەکانی ئەم دواییە لە سەر ئەمە نەبوو ، دەیانگوت لەقاتی دووەمداعاشقی کوڕە جوانکیلەیەکی بەردەست بووە . پێشك وگومان ببەم هەر ئەمەبوو ئەگینائاژاوەکانیتر زۆر کۆنن . لە لایەکی تریشەوە ئەوانەیوا باسمکردن دڵیان چوبووە لار ولەنجەکەی زەریف ئەفەنی،هەر وەکوو ژنان دەچوو بەڕێوە ، بەڵام پەیوەندییەکانیان هۆیتریهەبوو .

زەریف وەکوو کۆێلەیەك گرێدراوینەریتی کۆن بوو، وێنە و جوانکارییەکانی بە مووی ڕەساسی بۆیاخ دەکرد . لە لای وەستا عوسمانی

سەر دەستەی وێنەکێشان باسی کەمو کوڕییەکانی شێوە کارەکانی تری وەکوو من دەکرد . دوایین ئاژاوەشی لەسەر ئەوە بوو کە دیگوت نابێ شێوەکاران لەدەرەوەی ڕاسپاردەکانی کۆشك ڕاسپاردەی دیتر لەملاوئەولا وەربگرن . وەستا عوسمانیش لەسەر ئەوە زۆر دمارگیری دەکرد و زۆریش تووڕە دەبوو . بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا کەکەمتەرخەمیەکانی پادشا دەستپێکرد و خەزێنەدارەکەشی پارەی وێنە کێشخانەی کەم کردەوە ، وێنە کێشان وردە وردە دستیان بە سەر لێدانی ماڵە دوو قاتەکانی پاشاکان و ماڵی زاوای بەڕێز کرد .

هیچ گوێم نەدایە بەهانە بێخێرەکەی زاوا کە دەیگوت کتێبەکە تەواو ناکەین . هەڵبەت ئەو دەیزانی کە زەریفە چۆلەکە مێشکی هاوکارمان کە کتێبەکەی دەڕازاندەوە لە لایەن یەکێك لە شێوەکارانەوە کوژراوە . ئەگەر ئێوە لە جێگای ئەودا بایەن هەر دوو حەفتە جارێك پیاو کوژێکتان دەهێنایە ماڵی خۆتان ؟ یان وەکوو لە پێشدا دەتانگوت کە پیاو کوژەکە کێیە و باشترین شێوەکار کامەیانە ؟ گومانم لەوە نەبووکە لە ماوەیەکی کورتدا تێدەکۆشێ بۆئەوەی بزانێ کێ لە هەموو باشترە وکێ جوانتر ڕەنگ دەکات و جەدوەل و ڕوخسار دەکێشێ و باشتر وێنە دەڕازێنێتەوە ،دڵنیام لەدواییدا لەنێو هەموو ئەو وێنە کیشانە دا کە هاتوچووی ماڵی دەکەن من بە باشترین هەڵدەبژێرێ و لەگەڵ مندا ئیشەکەی بەردەوام دەکات .بڕوا ناکەم کە ئەوەندە ورد بێتەوەو بزانێ کەمن پیاو کوژێکی هیچ و پووچم ،بەپێچەوانەوە وادەزانێ کەمن شێوەکارێکی گەورە و هونەرزانم . بەلاچاوێکەوە سەیری ڕەشە ئەفەندییە گێل و گەمژەیە ئەکەم کە لەگەڵ خویدا هێناویەتی . کاتێ ئەو دووانە لە قەبرستانەکە جیا بوونەوە و لەگەڵ

www.pertwk.com

جەماوەرەکەدا بەرە و گوێی ئاوەکەی (ئەیووب) دەڕۆیشتن منیش لە دوایانەوە دەهاتمە خوارەوە . ئەوان سوار بەلەمێکی چوار بێلْ بوون و منیش لە گەلْ شاگردە دەم بە پێکەنینەکاندا سواری بەلەمێکی شەش بێلْ بووم . بەلەمەکانمان ئەوەندە نزیکی یەك بوونەوە کەتۆزێکی مابوو لەیەك بدەن . چاوم بە ڕەشە کەوت کە شتێکی دەچپان بە گوێی زاوای بە ڕێزەوە ، جارێکیتر هەستم کرد کە لە پیاو کوشتن ئاسانتر شتێکیتر نییە . یاڕەبی تۆ ئەم هێزەتداوە بە هەموومان بەلاّم بۆ ئەوەی بەکارێشی نەهێنین هەمووشمانت ترساندووە !بەڵام پیاو ئەگەر جارێك ئەم ترسە بشکێنیْ یەکسەر دەبیْبەکەسێکیتر . جاران نەتەنیا لە شەیتان بەڵکوو لە بچووکترین هەستی خراپەیی ناو دەرونیشم دەترسام و زاورم دەتۆقی . ئێستاش وا دەزانم کە خراپە شتێکی باشە و مرۆڤ دەتوانیْ تەحەمولی بکات . تەنانەت بۆ شێوەکارێکیش ئەمە زۆر پێویستە. ئەگەر چەند ڕۆژیْ دوای کوشتنی ئەو هەرچی و پەرچیە بخەینەلایەکەوە کەتۆزیْ دەستم دەلەرزی ، لەو ماوەیەی وا زەریف ئەفەندیم کوشتووە زۆرجوانتر وێنە دەکێشم، ئازایانەتر و درەوشاوەتر بۆیاخ دەکەم ولەوەش زیاتر هێزی خەیاڵم شتانی دەرئاساییتر دەخولْقێنیْ . بەلاّم داخو چەند کەس لە ئەستەنبوولدا هەن کە نەخشەکانی من پەسەند دەکەن ؟ لە ئاسۆی جیبالییەوە و لەنێو خەلیجەوە بە تووڕەیی تەماشای ئەستەنبوولْم کرد ، گومەزەکان لەژێر تیشکی خۆرە لە ناکاو دەرکەوتووەکەدا دەبریقانەوە . شارێك چەندە گەورە و فرە ڕەنگ بیْ ، بە هەمان ئەندازەش گۆشەیزیاتری هەیە بۆ شاردنەوەی تاوانەکان، چەندە ژمارەی دانیشتوانی زۆر بێت بەهەمان ئەندازەش دەتوانین خۆمانی تێکەلْ بکەین و تێیدا نوقم ببین . پێویستە عەقڵی شارێك بە زاناکان و کتێبخانەکان

و وێنەکێش و خۆشنووسەکانیەوە مەزەندە نەکریْ ، بەڵکوو پێویستە بە پیاو کوژەکانی ناو کولاّنەکانیەوە پێوانە بکردرێت کەوا سەدان ساڵە بە فێڵبازی و ساختەچێتیوە کۆلاّنەکان بەڕێوە دەبەن بە پێی ئەم ژیربیریە ئەستەنبوولْ ئاگاترین و هۆشیارترین شاری دونیایە .

لەگویْ ئاوی (ئون قاپانیدا) منیش بەدوای ڕەشە و زاوەکەیدا بە ڕێوەبووم، شانیان دابوو بەیەکەوە و لەبەرە و ژوورکەکەوە دەڕۆیشتن ، هەر بەدوایانەوە بووم . لەلای مزگەوتی سوڵتان موحەمەدا ، بۆ جاری دوایی ڕاوەستان و تۆزیْ پێکەوە قسەیان کرد و لەیەك جیا بوونەوە ، زاوەی بە ڕێز تەنیا مایەوە ، بۆ ساتێك وەکوو پیرەمێردیکی هیچ لێنەهاتوو هاتە بەر چاوم ، بەهەڕا کردن خومم پێگەیاند و تۆمەتەکانی ئەو هەرچی و پەرچییەم لیْ پرسی و گوتم : "ئایا قسەکانی زەریف ئەفەندی ڕاستە کە گوتوویەتی ئەو وێنانەی وا دروستییدەکەین، بە لاڕی بردنی متمانەی پادشایە و خەیانەتە لەبەرامبەر دینەکەمان و نەریتی شێوەکاریمان، ئایا ئەمانە ڕاستن ؟ وێنە گەورەکەتان تەواو کرد ؟ "

1. بەرەو ئێوارە لە ناوەڕاستی کۆلاّنە بەفراویەکەدا ڕاوەستام ە تەماشای ئەو مندالاّنەم کرد کەلەگەلْ باوکانیاندا بەرە و مالْ دەڕۆیشتنەوە و سەیری دوایی ئەو کۆلاّنەم کرد کە من و جندۆکە و فریشتە و پەرییەکان و جەردەکان و ڕێگرەکانی لە نێو تاریکیدا دەهێشتەوە ، لەو پەڕی کۆلاّنەکەدا لەنێوانلق وپۆپەرووتەکەیدارە کەستانەکەوە چاوم بە ماڵە دوو قاتەکەی زاوای بەڕێز کەوت ، لەژێر سەقفی ئەو ماڵەداجوانترین ژنی دونیای لێیە ، بەلاّم من نامەویْ کە عەقڵم نەمێنیْ و شێت ببم.

www.pertwk.com

1- لێرەدا مەبەست خۆشەویستی پیاو و پیاو بەتایبەتی بووە کە لە باتی پیاو و ژندا جاران باوی هەبوو.

2- نەریتێکی کۆنە کە دوو پیاو وەکوو دووخۆشەویست و دەزگیرانی یەك لەگەڵ یەکدا هەڵسوکەوت دەکەن .

((من ، پارە)) (19)

ئاڵتوونی بیستو دوو عەیاری عوسمانیم ، نیشانەی پەناگای دونیا حەزرتی پادشام لەسەرە ، لە دوای نێژانی تەرمەکە ، یەکێك لە وێنەکێشە بەناوبانگەکانی پادشا کە ناوی لەق لەقە لە نیوە شەودا ، لێرە لەم قاوەخانەدا وێنەی دەکێشام ، بەڵام هێشتا ئاوی زێڕیان بەسەردا نەکردووم ، قەیناکا ئێوە خۆتان تەواوی کەن ، ڕوومەتم لێرەدایە ، بەڵام خۆم لە کاسەکەی برای وێنە کێشتان لەق لەقدام ، ئێستا هەڵدەستێ و لە کاسەکەدا دەرم دەخا و پیشانی ئێوەم دەدات ، مەرحەبا ! مەرحەبا ! ، سڵاو بۆ هەموو وەستا و میوانە بەڕێزەکان چاوەکانتان بە بریقەدانی من سێحراوی دەبێ . تیشکی چراکە لێمدەدات و دەگەڕێتەوە نێو چاوانتان و ئێوەش بەخیلچی دەبەنەوە بە لەق لەقی خاوەنی من، حەقتان پێدەدەم ، چونکە پێوانەی نەخش و هونەر هەر منم و لەمن زیاتر شتیتر نیە ، وەستا لەق لەق لە ماوەی سێمانگی ڕابردوودا چل وحەوت دانەی وەکوومنی قازانج کردووە ، بڕوانن لەق لەق چەلەبی نامانشارێتەوە و هەمووومان هەر لە کاسەدا دادەنێت ، ئەوەش باش دەزانێ کە کەس زیاترلەو پارە وەرناگرێت . لەبەر ئەوەی لە نێو وێنەکێشاندا بەیەك پێوان پەسەند کراوم ، ڕێگا بە باسی بێجێگاوڕێگالە سەرمن نادرێت . زۆر شانازی بە خۆمەوە دەکەم . جاران کە

هێشتا فێری قاوە نەبوو بووم و مێشکم نەکرا بوو بووەوە ، وێنەکێشە بێ مێشکەکان لەگەڵ یەکدا لەسەر ئەوەی کێ هونەرمەندی ڕاستەقینەیە وکێ باش ڕەنگدەکا و کێ زۆر باش درەخت و هەور دەکێشێ باس و ئاژاوەیان دەکرد و بەوەش نەدەوەستانەوە و هەموو شەوێك شەڕیان دەکرد و ددانی یەکیان دەشکاند ، ئێستاش کە بەسەر هەموو شتێکدا ژێر بیری من زاڵە و لە سەر تەرتیبی کاری وێنە کێشخانەکەدا کاریگەری کردووە و ئاهەنگێکی باشی پێداوە، بگرە جوانی دەدا بە پەیکەری وەستا کۆنەکانی هەراتیش، دەتوانن زۆر شتم لەگەڵدا بگۆڕنەوە ، بۆ نموونە: کچە جوانکیلەیەکی خزمەتکار ، ئاوێنەیەکی دەلاکی کە لە دار گوێزەوە دروستکرابێ و ئەملا ولاکانیشی لە ئێسقانەوە دروستکرابێ، سندوقێك کە ناوەکەی جوان ڕەنگ کرابێ ، سەد و بیست نانی تازە ، بەشی سێ کەس تابووت و خۆڵی مەزار ، بازو بەندێکی ڕەساسی و یەك لە دەی ئەسپێك ، قاچ و قولەکانی پیرە ژنێکی خزمەتکار ، گوێرەکەیەك ، دوو قاپی باشی چینی ، یەك مانگ ڕۆژانەی دەروێش مەحموود و وێنە کێشە ئێرانیەکانی وەکوو ئەو ، هەروەها زۆر شتیتر کەنا ژمێردرێن .

بەر لەوەی بێمە ئێرە دە ڕۆژلە گۆرەوییە چڵکنەیەکی کوڕە بۆیاخچی‌یەکدا بووم ، ئەو بێچارەیە هەموو شەوێك کومەڵێ شتی ڕیز دەکرد کە دەیتوانی بە من ئەنجامی بدات و ئەوسا خەوی لێدەکەوت، پارە وەکوو دێڕە درێژەکانی لایە لایە شیرینە و دەتوانێ هەموو کونێکی پێ‌بگرێتەوە . باسی کونم کرد و ئەوەم بیر کەوتەوە کە ئەگەر بەسەر هاتەکانی خۆم بەر لەوەی بێمە ئێرە باسبکەم دەتوانن دەیان کتێبی لەسەر بنووسن . خۆمان بە خۆمانین و ئەگەر بە کەسێکی نەڵێن و بۆ لەق لەق ئەفەندیشی باس

www.pertwk.com

نەکەن نهێنییەکەتان بۆ دەر دەکێنم ،سوێند دەخون یان نا ؟ باشە، دەچمە ژێر هەموو شتێك و خۆم دەدەم بە دەستەوە ، من ئاڵتوونێکی بیست و دوو عەیار نیم ، من پارەیەکی ساختەم و لە ونیزەوە هێناوومیان ، لەویٚ بە زێڕی هەرزان دروستیان کردووم و لێرەشدا بە نرخی زێڕی عوسمانی دەمفرۆشن.

زۆر سوپاسی هەڵوێستە کەتان دەکەم . بەگوێرەی ئەو شتەی کەمن دەیزانم لە زەربخانەکەی وەنیزدا شتی وەها زۆر دەکرێت . هەتا ماوەیەکیش بەر لە ئێستا شتە هەرزانە کەم عەیارەکانی وەنیزیان دەهێنا و لێرەداو لە ڕۆژهەڵاتدا بڵاویان دەکردەوە . هەرلەوێشدا پارەی وەنیزیشیان دروستدەکرد ، چونکە عوسمانی‌یەکان ڕێزی تایبەتیان بۆ ئەو شتانە هەیە کە نوسراویان لەسەرە . کاتێك ئێمەشیان هێنا، کەس سەرنجی نەدەدایە زێڕەکەی دەروونمان و وەکوو زێڕی تەواو وەریان ئەگرتین، چونکە نووسراومان لەسەر هەبوو ، لە ماوەیەکی کورتدا تەواوی ئەستەنبووڵمان گرتەوە، لە دوایشدا وتیان ئەو پارەیەی وا زێڕی کەم بێت و مسی زیاد بێت ڕەقترە.بەڵام هەرچی بێت بە بیٚ پارەهیچ ناکرێت ،بۆ نموونە بەرەولای ئەو مەحمودە جوانکیلەیە هەڕا دەکەی کە هەموو جیهان عاشقیەتی و تۆش لە ئاگری عەشقیدا دەسووتی ،بەڵام بەر لەوەی تامی بکەی پارەکەت لێوەردەگریٚ ودوایی گازی لێدەگرێت ،لەوەش زیاتر لە باتی سەعاتێك نیو سەعات ڕێگات پێدەدات .

کاتێك کافیرە وەنیزیەکە چاوی بە ئەنجامە خراپەکانی ئەم پارەیە کەوت وتی : با ئاڵتونی ساختەی عوسمانی دروستبکەم خۆ ئەمانە پێی نازانن . ئێستاش سەرنجتان بۆ سەر ئەم وەزعە ڕادەکێشم، ئەم گاورە وەنیزییە کاتێك دەست بە کێشانی وێنە دەکات وادەزانیٚ ڕاستینەی شتەکان

دروستدەکات، بەڵام کاتێك پارەش دروستدەکات ڕاستەقینەکەی دروستناکات بەڵکو ساختەکەی دروستدەکات .

لە وەنیزدا ئێمەیان خستە ناو سندوقێکی ئاسنینەوە و سواری کەشتیان کردین ، بە لەقەلەق گەیشتینە ئەستەنبوولٚ ، خۆمم لە دوکانێکی کابرایەکی سەڕافدا بینیوە کە دەمی بۆنی سیری لێوە دەهات . تۆزێك چاوەڕیٚ بووین و نەبووین کە گێلێکی لادێیی هات بۆ گۆڕینەوەی زێڕ . فێڵبازی کوڕی فێڵباز ! کاکی وەستای سەڕاف گوتی بابزانم زێڕەکەت ساختەیە یان نا، بمدەیە با گازێکی لێبگرم و ئاڵتونی گوندییەکەی خستە دەمی خۆی . لەدەمی کابرای سەڕافدا ڕووبەڕی ئاڵتونی گوندییەکە بوومەوە ، زێڕی بیست و دوو عەیاری عوسمانی بوو، لە نێو بۆنی سیرەکەدا منی بینی و گوتی :" تۆ دروستکراو و ساختەی !"

حەقی خۆی بوو ، بەڵام کە بە لەخۆبایی‌بوونەوە گوتی، شەرەفی منی تێکشکاند . لە بەرامبەردا درۆمپێگوت و وتم : " خۆت ساختەی ! " لەم بەینەشدا گەوجە لادێیەکە وتی : " پارەی من ساختەنیە ، ئەوە بیست ساڵ دەبێت کە لەژێر خۆڵدا شاردوومەتەوە . ئەو کاتانە بێڕەووشتی لەم چەشنە نەبوون "، بە لە خۆبایی‌بوونەوە وتی:" منیش نەمدەزانی چییە و مەراقیشم دەکرد ".سەڕاف منی لە دەمی خۆی دەری هێناو وتی : " بگرە ئەوە ئاڵتونەکەتە ، ئەمە پارەی دروستکراوی وەنیزییە هەرچی و پەرچییەکانە .شەرم لە خۆت ناکەی؟ بیٚئەخلاق!" و لە گوندییەکە تووڕە بوو قیڕاندی بە سەریدا .

ئەویش تۆزێك وەڵامی دایەوە ومنی هەڵگرت و ڕۆیی . کاتیٚ هەر ئەو قسەیەی لە سەڕافەکانی تریشەوە بیست دڵی شکاو وەکوو ئاڵتوونی کەم و

www.pertwk.com

شکاو منیگۆڕیوە بە ئاکچە ، ئەوە حەوت ساڵە لەم دەست بۆ ئەو دەست دەگەڕێم و بەم شێوەیە گەشتە بیٚ کۆتاییە کانم دەست پێکرد . وەکوو پارەیەکی ژێر زۆربەی کاتی خۆمم بۆ گەڕان لەم کاسەیە بۆ ئەوی‌تر و لەم پشتوێنەوە بۆئەو گیرفان تەرخان کردووە وشانازی بەمەشەوە دەکەم . ترسم ئەوەیە کە بمخەنە ناو گۆزەیەکەوە و لە ناو باخچەیەکدا لە بن بەردێکدا بمشارنەوە و ساڵانێك وەها بمێنمەوە ، ئەگەر بڵێم لەم جۆرە بەسەر هاتانەم بەسەردا نەهاتووە وانیە بەڵام نازانم لە بەر چیە کە ئەم دەورە دڵتەنگکەرانە زوو تەواو بوون .

ئەوانەی وا منیان کەوتووەتە دەست بە تایبەت ئەوانەی وا زانیویانە کە من پارەی دروستکراوم ویستویانە زووتر لە من ڕزگاریان ببێت . تا ئێستا ڕوو بە ڕووی کەسێك نەبوومەتەوە کە بە کڕیارە بیٚعەقڵەکانم بڵیٚ ئەمە زێڕێکی دروستکراوە ، بەڵام ئەوانەی لە دواییدا تێدەگەن کە من زێڕێکی دروست کراو و ساختەم ، لەو قۆڵبڕینە تووڕە دەبن و دەیانەویٚ بە زووترین کات لیٚم نەجاتیان ببیٚ و لە بیٚئومێدی و بیٚئوقرەیی‌وقەیراندا ژیان دەبەنە سەر . بەدەیان جار دەیانویست قۆڵی یەکتر ببڕنەوە و من بدەن بە یەك(بەڵام لەبەر تووڕەیی و پەلە پەل کردنیان سەر نەکەوتوون) ، هەمیشە بەو کابرایەی وا قۆڵی خۆیانی بڕیوە دەڵێن : هەی بیٚڕەوشت ! و پڕ بە دڵی خۆیان جنێوی پێدەدەن . لەم پێنج ساڵەی دوایدا پێنج سەد و شەست دەستم گۆڕیوە و دوکان و مزگەوت و کڵێسا نەماوە کە نەڕۆیشتبم، هەر چی زیاتر دەگەڕێم ئەو قسانە زیاتر دەبیسم کە لەسەر من دەکریٚ و زیاتر ئاگام لەو درۆ و دەلەسە و ئەفسانانە دەبیٚ کە سەبارەت بە من دەگوتریٚ ،ئیدی هیچ بایەخێکم نەماوە چاوەکانیشم کوێر بوون،منیش حەز بە پارە دەکەم

بەڵام مەخابن !

ئەو دونیایە لەسەر من بەندە ومنیش دەتوانم هەموو شتێك بکڕم کەچی بەبیٚ ڕاوەستان پیساوی و دڵنزمی و سووکێتیەکانم لە نێو چاوانم دەدەنەوە . ئەوانە کاتیٚ دەزانن من زێڕێکی دروست کراوم ، زۆر تووڕە دەبن و شتی خراپم پیٚدەڵێن کە ئەوەش نرخی ڕاستەقینەم دادەخات و هەر ئەوەش دەبیٚ بە هۆی بەرز بوونەوەی نرخی درۆینەم . بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم درۆ کاری و خۆ بەدەستەوەدانە بیٚعەقڵانەوە دیسان خەڵك زۆر خۆشیان دەوێم وبڕوام وایە کە حەز کردنێکی لەم شێوەیە کە هەمەگیر و بەر بڵاوبێت شتێکە کە لەم زەمانە بێخۆشەویستیەدا هەموو کەسێك خۆشحاڵ دەکات .

کۆڵان بە کۆڵان و گەڕەك بە گەڕەکی ئەستەنبووڵم بینی و دەستی جوولەکەو ئاباز و عەرەب و مینگەریشم ناسی، جارێك لە کاسەی مامۆستایەکی ئەدیرنەییدا بووم و بەیەکەوە لە ئەستەنبووڵ دەر کەوتین و ڕۆیشتین بۆ مانیسا. لەرێگادا جەردەکان ڕێگایان لێگرتین و هاواریان کرد و گوتیان یان دەبیٚ گیانتان بدەن یان ماڵەکانتان. مامۆستای بێچارە بەپەلەپەل و هەڵچوونەوە لەناو کونی دوایی جانتاکەیدا ئێمەی شاردەوە . ئێرە لە دەمی ئەو کابرایەی وا بۆنی سیری لێوە دەهات خراپتر بوو تەنانەت جێگاکە تەنگتریش بوو ، بەڵام لە دواییدا شتێکی خراپتریش بوو و جەردەکان گوتیان یان دەبیٚ بتانکوژین یان وەکوو دەبیٚ لەگەڵتاندا جووت ببین و ... لە دواییدا مامۆستا و کەسیتریشیان ڕیز کرد و ... !

با باسی ئەوەتان بۆ نەکەم کە لە نێو ئەو کونە تەنگەدا ئێمەش چیمان بەسەر هات!... هەر لە بەر ئەوە حەزم لەوە نەدەکرد کەئیدی لە ئەستەنبووڵ دەرکەوم ! لە ئەستەنبووڵدا هەمیشە حەزیان لێدەکردم و وەکوو مێردی ناو

www.pertwk.com

خەیاڵەکانی کچێك ماچیان دەکردم و لە نێو کاسە و ژێر سەر و نێو سینە و شۆرتەکانیاندا دەیانشاردمەوە لە نێو چەکمەیەکدا و لە پاڵ ئۆجاخی حەمامدا ولە دوکانێکی عەتر فرۆشدا و لەبنی شووشەیەکدا و لەگیرفانە شاراوەکەی کابرایەکی ئاشچیدا خۆمم شاردۆتەوەو لەنێو پشتوێنی چەرمدا لەگەڵ کڕیارە مسرییەکاندا و لە ناو پێڵاوەکاندا و لە گیرفانە شاراوەکاندا لە کوڵانە تەنگەکاندا، تەواوی ئەستەنبووڵ گەڕاوم . وەستا (پەترۆی) سەعاتچی لە بەینی کاتژمێرێکدا و دوکاندارە ڕۆمییەکەش لەبنی زەرفی پەنیرێکدا دەیانشاردمەوە . لەگەڵ زێڕ و ئاڵتوونەکانیتردا لەگەڵ مۆر و کلیلەکاندا خۆمان دەپێچایە چوغەی دەلاقەکان و لە نێو ئۆجاخەکان و لەژێر پەنجەرە و دۆشکە دروستکراوەکان و جێگا نهێنیە کانیدۆڵابەکان و سندوقەکاندا خۆمم شاردۆتەوە . چاوم بەو باوکانە کەوت کە لە سەر سفرەی خواردندا ئارامیان نەدەگرت ودوا بەدوای یەك چەند جار سەردانی منیان دەکرد ، ئەو ژنانەشم بینی کە بە بێ هیچ پێویستیەك وەکوو شەکەر دەیانخستمە ناو دەمیانەوە و منالی واشم بینیوە بە جۆرێك بۆنی دەکردم کە خەریك بوو بچمە ناو لووتیەوە ، هەروەها چاوم بەو پیرە مێردانەش کەوتووە کە پێیان لە ناو قوڕدا بوو و تا ڕۆژی حەوت جار لە کاسە چەرمینەکانیاندا تەماشای منیان نەکردبایە ئۆقرەیان نەدەگرت .

ژنە گورجوگۆڵەیەکی چەرکەس هەبوو کەلە دوای ئەوەی هەموو ڕۆژی ماڵی خاوێن دەکردەوە ، ئێوارانیش ئێمەی دەماڵی و پاکی دەکردینەوە ، سەرافێکی یەك چاو هەمیشە دەیخستینە سەر یەکەوە ، حەماڵێك هەبوو، بۆنی گیا لە دەستەکانیوە دەهات، لەگەڵ ژنەکەیدا وەکوو ئەوەی تەماشای دیمەنێکی جوان بکەن سەیریان دەکردم . جوانکارێکی شێوە کاریش کە

ئێستا لە نێوماندا نیە ــ پێویست نیە ناوی بەرم ــ هەموو شەوێك بە بەزم و تەرتیببێکەوە ڕێکی دەکردین .تەنانەت بە دەمپایشەوە گەڕاوم و چوومەتە ناو کۆشکەکان ، لە نێو کتێبێکی هەراتییەکان و تۆپی ئەو پێڵاوانەدا وا بۆنی گیایان لێوە دێت ئەملاوئەولام کردووە و لەسەر زینی ئەسپدا خۆمم شاردۆتەوە . زیاتر لە پەنجا ڕوومەتیپیس و مودار و خڕۆڵە و چەور و لەرزۆکم بینیوە . لە دانیشتنی بەنگکێشان و لە مۆمخانەدا ماومەتەوە و بۆنی ماسی کوتراو و ترێی ئەم شارەم بە لووتدا هاتووە . کەچی سەرە ڕای ئەم هەموو بەسەر هاتانە ، ئەو پیاوکوژە ناکەسە کە کابرایی سەر بڕی و منی خستە گیرفانی خۆی پێی گوتم : " تف لێت ! ئەمە هەمووی لەبەر تۆیە " بەراستی زۆرم پێناخۆش بوو . دەمەویست تەفر و توونا ببم ونەمێنێم، بەڵام ئەگەر من نەبم کەس ناتوانیٚ نەخشی باش و خراپ لەیەك جودا بکاتەوە و وێنەکێشەکانیش بەردەبنە گیانی یەك ، هەر بۆیە خۆمم ون نەکرد و ڕۆیشتمە ناو کاسەی هونەرزانترین و ژیرترین شێوەکار و هاتم بۆ ئێرە .

ئەگەر بڕواتان وایە کە لە لە شێوەکاریدا لە ئەو باشترن ، دەفەرموون ومن بخەنە ناو دەستی خۆتان .

www.pertwk.com

((ناوم ڕەشەیە)) (20)

باوکی چەندە ئاگای لەو نامانە هەبوو بوو کە من و شەکورە دەماننارد بۆ یەکتری ؟ ئەگەر سەرنجم بدایەتە سەر ئەو نامانەی وا وەکوو کچێکی بیٚزاور کەلە باوکی دەترسیٚ نوسیبووی، دەبوایە بگەیشتمایەتە ئەو ئەنجامەی کەوا لە بەینی خۆیاندا بچووکترین قسەیەکیشیان لە سەر من نەکردووە . بەڵام لە هەمان کاتیشدا وا هەستمدەکرد کەوەزعەکە ئاوەهاش نیە .لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی من لە بەرامبەر دیاربوونە سیحراویەکەی شەکورە لەبەر پەنجەرەکە و بێچارەیەکەی خۆم لە ژێر نیگا فێڵاوییەکانی ئەستەر ورەفتارم لە بەرامبەر پێداگری زاواکەمان بۆ ئەوەی کە سەردانی وێنەکێشان بکەم و ئەوەی کە ئەمڕۆ بانگی کردم ، ئەوە دەردەکەوێت کەمن

کەسایەتیەکم کە زوو هەڵدەچم .

بەیانی زاواکەمان لە بەرامبەر خۆیدا دانیشاندم و داینەنیشاندم ، یەکسەر باسی وێنە کەسییەکانی وەنیزی بۆ کردم و باسی ئەوەشی بۆ کردم کە بە سیفەتی باڵوێزی، جێگا و کۆشك و ماڵی دەوڵەمەندەکان و کڵێساکانی ئەوێی بینیوە و لە بەرامبەر هەزاران وێنەی کەسیدا بە ڕۆژان ڕاوەستاوە و تەماشای کردوون ، لە سەر قوماشی ڕاکێشا و، لەسەر تەختەیەك یان لە نێو چوار چێوەیەکی گەورەدا یان وەکوو لەسەر دیوارێکدا وێنەی هەزاران ڕوومەتی بینیوە ، کە هەمووی وێنەی تاکەکەسی جیاوازتر لەیەك بوون ! دەیگوت خۆشی وجوانی ئەم وێنانە لە جۆرا و جۆری و ڕەنگەکانیان و تیشکەنەرمەکەی سەریان تەنانەت لە شێوەی ڕەقبوونەکانیانیشەوە دێت وگوتی: " نەڵێیدروستکردنی وێنەی کەسی نەخۆشیەکی هەمەگیرە ! هەموو دەوڵەمەند و پیاوە بە هێزەکانی وەنیز بۆ ئەوەی یادگارییەکی ڕابردوویان بۆ بمێنێتەوە ئاوەها وێنەی خۆیانیان کێشاوە لە لایەکیتریشەوە ئەمە نیشانەی دەوڵەمەندی و دەسەڵاتداریانە ، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە هەموو کات لە بەرامبەرماندا ڕاوەستن و وەها دیار بکەن کە لە هەموو کەسێك جیاوازترن ".

وەکوو ئەوەی کە باسی بەخیڵیبردنەوە و تەماکاری و زۆرخوازی بکات ، وشەکانی بە زمانی بچوککردنەوە وتەحقیرەوە بەکار دەهێنا ، بەڵام کاتێك باسی وێنەی کەسی وەنیزییەکانی دەکرد ڕوومەتی وەکوو منداڵێك ڕۆشن دەبووەوە و پڕدەبوو لە ژیان و دەیگووت :" ئەوشازادە دەوڵەمەند و بنەماڵە گەورانەی وە لایەنگری وێنەکێشی بوون هەموو هەلێکیان بۆ کێشانی وێنەی خۆیان بەکار دەهێنا ، بۆ نموونە ئەگەر بەسەر دیواری کلیسەوە

www.pertwk.com

وێنەی ئەنجیلیان کێشابایە ، لەپاڵ ئەوەشدا وێنەی خۆیان ئەکێشایەوە ،بۆنمونە ئەگەر سەیری وێنەی نیژانی (عەزیز ئیستەپاند) بکەی لەنێو ئەو جەماوەرەدا کە دەگرین چاوت بە یەکێك لەو شازادانە دەکەوێت کە لە سەردیواری کۆشکەکاندا وێنەی کێشراوە .

یان ئەگەر تەماشای وێنەی نەخۆشەکانی پاڵدەستی (عەزیز پەترە)تان بکردایە ، لەپاڵ ئەو بێچارەیەی والەتاو ئازاردا بە خۆدا پێچدەخواتەوە ،بەرازەکەی برایتان دەبینی . ئەگەر ڕۆژی دواتریش تەماشای وێنەی زیندووبونەوەی مردووەکانتان بکردایە ، چاوتان بەو پیاوە قەڵەوە دەکەوت وا دوێنێ لەسەر مێزەکە لە تەنیشتانەوە نانی دەخوارد ."

وەکوو ئەوەی کە ترسی شەیتانی لەدڵدا بێ قسەی کرد و وتی :" هەندێکیان زۆر بێتامیان کردبوو ، تەنیا بۆ ئەوەی وێنەیان بکێشین حازربوون وەکوو خزمەتکارێك کە پەرداخێك وسیکی پڕ بکات یان وەکوو ژنێکی قەحبە، یان وەکوو بێبەزەییەك کەوا قەحبەیەك بەردباران بکات یاخود وەکوو پیاو کوژێکی خوێنخوار وێنەی بکێشرێت" .

بەنا بە دڵییەکەوە گوتم : " وەکوو ئەوە وایە کە چاومان بە وێنەی شا ئیسماعیل بکەوێ لەسەر تەختەکەی کەوا بەدەستی وێنەکێشە ئێرانییەکانەوە دروستکرابێ ، یا خود وەکوو ئەوە وایەکە لە وێنەی خەسرەوشیریندا چاومان بە وێنەی تەیمور بکەوێت و ئاسوودە ببین . "

لەناو ماڵەوە دەنگی جیرە جیرێك دەهات یان نا ؟...

لە دواییدا زاواکەم وتی : " ئەڵێی ئەم وێنە فەرەنسییانەیان بۆ ترساندنی ئێمە دروستکردووە . بە تەنیا بە دەوڵەمەندی و هێزەوە ئێمە ناترسێنن ، بەڵکوو لە لایەکیتریشەوە دەیانەوێ ئەوەمان پێ‌بسەلمێنن

کەمانەوە لەم دونیایەدا وەکوو شتێکی تایبەت و ڕازدارە . دەیانەوێ وەها نیشانبدەن کە چاوەکانی ئەو ڕوخسارە بێ‌هاوتایانە و وەستاکانیان و هەر جوولانەوەیەکیان سێبەری بوونەوەرێکی نهێنی دارن و بەم شێوەیەش ئێمە بترسێنن . جارێکیان لە گوێی بەحری کۆمۆدا باسی ئەوەیان بۆ دەکردم کە چۆن سەر شێتێکی خاوەن مەراق لە گەنجینەی کابرایەکی دەوڵەمەندا ، وێنەیەك دەدزێ، ئەو تابلۆیە وێنەی ڕوخساری پاشاکان و کاردنیالەکان و سەرباز و شاعیرەکان وهەموو پیاو ماقوولانی فەرەنسەی تێدابووە . هەڵبەت ئەمە لە کاتێکدا بوو کە من خۆم داوام لێکرد بوو کە تۆزێك بگەڕێم و کابرای خاوەن ماڵیش لەبەر میوانداری ڕێگای پێدا بووم . ئەم وێنانە کە زۆربەیان لە ڕاستی دەچوون و زەق زەق تەماشای نێو چاوانمیان دەکرد . بە قسە، هەموو پیاو ماقوولانی وەنیز بوون . بەڵام تەنیا جێگایەکی زۆرتر لە دونیادا دەگرنەوەو هیچیان ماقوول نین . شتێکیان لەو وێنەیەدا کێشا بوو کەوای لێدەکردن بێ‌هاوتابن ، تەنانەت منیش لە بەرامبەر ئەوانەدا خۆم پڕلە کەموکووڕی دەبینی و ئەگەر هۆی هەبوونی خۆشم لەم دونیایەدا بکێشمەوە ئەوا باشتر لێی تێدەگەم ".

دیارە لەوەی وا تێبگات کە شێوەکاری لە دونیای ئیسلامدا بە دەستی وەستا هەراتیەکانەوە بە هێز بووەوئەمڕۆش بە زیاد بوونی مەراق و داخوازی وێنە کەسییەکان لە ناو دەچێ ، ترساوە .

لە بەردەوامدا گوتی : " دەمەویست وەها دیار بکەم کەلە هەموو کەس جیاوازترم و نموونەم نیە ". بەم شیوەیەش وەکوو ئەوەی کەوا شەیتان هەمووومان بەرە و تاوان دەبات ، ئەویش تێگەیشتووە کەوا بە هێزەوە بەرە و ئەوێ‌دەچێت .

www.pertwk.com

گوتی : " نازانم چۆن بوو ، ئەمە وەکوو داواکارییەکی تاوانبارانە بوو ، وەکوو ئەوەی کەوا خۆت لە بەرامبەر خودادا بەگەورە بزانی و خۆتت پیٚگرنگ بیٚ و خۆت بە مەرکەزی هەموو دونیا بزانی ، شتێکی ئاوەها بوو . لە دواییدا ئەمە گەیشتە عەقڵم کە ئەو شتەی وا وەکوو یاریچەیەك کەوتووەتە دەستی شێوەکارە فەرەنسییەکان، ئەگەر بکەوێتە دەستی پادشاکەمان دەیخاتە خزمەتی دینەکەما".

هەرلەم کاتەدا بیری دروستکردنی کتێبێك کە وێنەی پاشاکەمان و ئەو شتانەی تێدابیٚ کە نوێنەرایەتییان دەکات دەکەوێتەمێشکیەوە . هەر بۆیە کاتیٚ گەڕاوەتەوە ئەم پیشنیارەی بۆ پادشاکردووە و گوتوویەتی ، ئەگەر بە پێی نەریتی ڕۆژ ئاواییەکان ئەم کتێبە ئامادە بکرێت زۆر باش دەبێت ، پادشاش هەرلە سەرەتاوە ڕەتی نەکردۆتەوە وگوتویەتی : " شتی بنەمایی داستانەکەیەتی ، وێنەیەکی جوان بە ناسکییەوە داستانێك تەواو دەکات . کاتیٚ بیر لە ڕەسمێك دەکەمەوە کە داستانەکەی تەواو ناکات وەکوو بۆتێك دێتە بەر چاوم . لەبەر ئەوەی بڕوا بە وێنەیەکی بیٚ داستانیش ناکەین ئەو کاتە بڕوا بەو ڕەسمە و بەو شتانەدەکەین کە داستانیان هەبێت.ئەمەش وەکوو بۆتپەرەستییەکەی مەکە بووە بەر لەوەی پێغەمبەر بۆتەکان بشکێنیٚ . بۆ نموونە ئەگەر ئەو مێخەکە ، یان ئەو بەدبەختی باڵا کورتە بەشێکی داستانێك نەبن چۆن دەتوانین وێنەیان بکێشین ؟ جوانی گوڵە مێخەکەکە بیٚهاوتاییەکەی نیشان ئەدات ، بەڵام ئایا لە دواییدا لە کاتی کەڵەکەکردن و دارِشتندا دەیخەنە ناو مەرکەزی شتەکانەوە ؟ "

زاواکەمان گوتی : " دەترسم ! بۆ ساتێك بیرم لە خوم کردەوە کە لە جێگای پادشادام و لە بەر ئەوەش تووشیهەڵچوون و پەشۆکان بووم " .

بەمجۆرەش زانیم زاواکەمان لەوە دەترسێت کە شتێك زیاتر لە نیەتی خودا لەناوەندی لاپەڕەکاندا جێگیر بکات .

پادشا گوتویەتی : " لە دواییدا ئەو وێنەیەی وا کورتە باڵاکەت خستۆتە نێوە ڕاستی هەڵیواسە !"

وەکوو ئەوەی وابیرم دەکردەوە ، بە ڕاستی زاواکەم ترسا بوو .

پاشالە بەردەوامیدا گوتویەتی : " بەڵام ڕەسمەکە هەڵنەواسیت ، چونکە بتەویٚ و نەتەویٚ کاتێك هەڵتواسی پێویستە بیپەرەستی . ئەگەر وەکوو گاورەکان بڕوام بە خودایی حەزرەتی عیسا بکردایە وە وەها بیرم بکردایەتەوە کە خودا لە شێوەی مرۆڤێکدا دیار دەبێت ئەوسا ئەمتوانی کە هەڵواستنی وێنەکە پەسەند بکەم . ئەگەر وێنەیەك هەڵواسم لە دواییدا بەبیٚ ئەوەی کە هەستی پێبکەم بەناچاری دەیپەرەستم ، خۆ تێدەگەن ؟ "

زاواکەشمان گوتویەتی : " باش تێدەگەم " . لە بەر ئەوەی کە منیش لەوە تێدەگەیشتم ، زۆر لەو شتە دەترسام کەهەردووکمان بیرمان لێدەکردەوە . زاواکەمان بە بزەیەکەوە وەکوو شەیتان چپاندی بە گوێمەوە و گوتی : "بەڵام ئەمەشی دەویست ! "

لە دواییدا پادشا گوتویەتی : " بەڵام دەمەویٚ بەپێی نەریتی ڕۆژ ئاواییەکان وێنەیەکم بکێشرێت و پێویستە ئەوەش لە لاپەڕەکانی کتێبێکدا بشاردرێتەوە ، دەبیٚ تۆش بڵێیت کە ئەو کتێبە چی بێت . "

زاواکەمان گوتی : " بۆ ساتێك سەرم سووڕما و کەوتمە ناو تاریکاییەوە " .

لە دوایشدا وەکوو پێکەنینە شەیتانیەکەی پێشووی خۆی بزەیەکیتری لێدا . منیش بۆ ساتێك وا هەستمکرد کە زاواکەمان دەگۆڕیٚ و دەبیٚ بە

www.pertwk.com

کەسێکیتر.

گوتی : " حەزرەتی پاشاکەمان فەرمووی پێویستە بە زووترین کات کتێبەکە دەست پێبکردرێت . لە دڵخۆشیدا سەرم گێژ دەچووکە پادشا گوتی :لە دواییدا ئەو کتێبە وەکوو هەدیە دەبەیتە لای دۆچەکەی وەنیز و پێیدەدەی." پێویست بوو کە لە سەر کتێبەش مێژووی کۆچی لێبدریٚ بۆ ئەوەی کە نیشانەی شکۆداربوونی پادشای ئیسلام بێت . بەڵام بۆ ئەوەی کە وەنیزییەکان وا نەزان کە ئێمە ئامادەی پەیمان بەستنین و لەناو وێنەکێشخانەکەدا ئاگری بەخیلێبردنەوە گوڕتر نەبیٚ ، داوای کرد کە کتێبەکە بە نهێنیەوە دروستبکرێت ، بۆیە منیش بە دزیوە خەریکی دروستکردنی وێنەکان بووم ".

((من زاواتانم)) (21)

بەم شێوەیە بەیانی ڕۆژی هەینی باسی ئەوەم بۆ کرد کە ئەو کتێبەی وا ڕەسمی پادشای تێدەخەین ، چۆن کتێببێکە و چی لێدێت . خاڵی دەست پێکردنەکەیشم ئەوە بوو کە چۆن بۆ پاشام گێڕاوەتەوە و چۆن بۆ دروستکردنی کتێبەکە پادشام فریوداوە . مەبەستەکەشم ئەوە بوو ئەو

داستانانەی کە دەبیٚ لە پاڵ وێنەکاندا بنووسریٚ و منیش نەمتوانیوە تا ئێستا هیچیان بنووسم ، بدەم بە ڕەشە بۆ ئەوەی کە بیاننووسیٚ .

وتم : " زۆربەی وێنەکانم کێشاوەتەوە ، وێنەی دوایش بەرەو تەواو بوون دەچێت . لە کتێبەکەمدا وێنەی مەرگ کێشراوە ، بۆ ئەوەی کە پادشا جێگایەکی پڕلە ئاسوودەیی نیشانی خەڵك بدات وێنەی دارێکم تێخستووە کە بە شێوەکارە ژیرەکەم (لەق لەق)م گوتبوو بیکێشیٚ ، شێوەی شەیتانیشی تێدایە ، وێنەی ئەو ئاسۆیەکی تێدایە کە بەرە و جێگایەکی دوورمان دەبات ، هەموو کاتێك وێنەی سەگێکی فێڵباز و فرەزانی تێدایە ، پارەی تێدایە ...."

بە ڕەشەم گوت : " ئەمانەم دابوو بە شێوەکارانی وێنەکێشخانە کەبیانکێشن ، بڕوا بکە ئەوەندە جوان کێشاویانە کە ئەگەر تەماشایان بکەی یەکسەر دەزانی کەدەبیٚ نووسراوەکانیان چیبیٚ ، شێعر و وێنە ، ڕەنگ و وشە هەموو برای یەکن،خۆ خۆت باش دەزانی ." ماوەیەك بیرم لەوە کردەوە کە پێی بڵێم ئەگەر کچەکەمت پێبدەم لەم ماڵەدا لەگەڵماندا دەمێنێیتەوە یان نا ؟ لە دوایشدا بە خۆمم گوت تەماشای ئەوە مەکە کە ئێستا گوێڕایەڵیت دەکا و فریوی ڕوخسارە منداڵانەکەشی مەخو ، ئەمە دەیەویٚ شەکورە هەڵگریٚ و هەڕا بکات .

لە نوێژی هەینی گەڕاینەوە و گوتم خاڵی بە یەکگەیشتنەوەی هەموو وەستا وەنیزییەکان لە سێبەری وێنەکانیاندایە .

وتم : " پێویستە وەکوو ئەو وەستا ڕۆژ ئاواییانە کە وێنەکانمان دەکێشین ، ئێمەش بتوانین ئەو شتەی لە ناو کۆڵانێکدا زیاتر دەبینریٚ بیکێشین و فێری ئەوەش ببین کە سێبەرەکەی تێدا جیٚ بکەینەوە ". ڕەشە

www.pertwk.com

پرسیاری کرد و گوتی : "چۆن دەتوانرێ سێبەر بکێشرێ ؟" جارجار چاوم بە نائارامی و بێسێبەرییەك لە ڕوخساری ئەم خوشکەزاگەمدا دەکەوت کە گوێی لێڕادەگرتم . یاری بەو جامۆڵکە مەغوولییە دەکرد کەوا خۆی هێنا بووی ، جارجاریش دەستی لە ئاسنی ئۆجاخەکە دەدا و ئاگردانەکەی تێکدەدا ، جارجاریش وەها خەیاڵم دەکرد کە دەیەوێت ئاسنەکە هەڵگرێت و لە تەوقی سەرمی بدات .

وتم : " لە بەر ئەوەی کە دەمەوێ لە ژێر نیگاکانی خودادا خۆم بدزمەوە ، بە ئارەزوی خۆمەوە دەمەوێ خەیانەت بە نەریتی پێشینەی وێنەکێشان و وەستا هەراتیان بکەم و پادشاکەشم بۆ ئەمە هەڵخەڵەتاندوە ". جار جاردادەنیشت و بۆ ماوەیەکی درێژ بە بێئەوەی کە چاو بپرتێنێ تەماشای نێو چاوانمی دەکرد ، وامدەزانی کە لە دڵی خۆیدا دەڵێ کچەکەشت لێدەستێنم و دەبم بە کۆیلەشت . وەکوو چۆن لەمنداڵیدا جارجار وامدەکرد ، دەستیم گرت و بردمە ناو باخچەکە و وەکوو باوکێك باسی لۆژیکی توانەوەی بەفر و هەبوونی دار و پەلەکانی و تیشکی هەتاو و بچووك دیار بوونی ماڵەکەم لەدەرەو بۆ کرد ، بەڵام ئەو کارەی کە دەمکرد زۆر هەڵە بوو ! هەر ئەم ماوە کورتە ئەوەی پینیشاندام کەئەوجۆرە پەیوەندی باوکی و کوڕییەی کە لە نێوانماندا هەبوو نەماوەو لەناو چووە . ویستی زانخوازی کاتی منداڵی نەمابوو ، لە باتی ئەوەدا وەکوو ئەوەی کە سەبری هەبێ و گوێ بۆ ناماقوڵی بگرێ و فڵتەفڵتی خڵەفاوێك ببیسێ کە دڵی بە کچەکەیەوە بێ ، ئاوەها گوێ بۆ من ڕادەگرت . دوانزە ساڵ گەڕان بەم وڵات و ئەو وڵات و قورسایی شارەکان، ڕۆحی خوشکەزاکەمی وشك کردبوو،بۆیە لە منیش ماندوو بووبوو، بەزەییم پێداهاتەوە ، پێموایە ئەمە تەنیا لەبەر ئەوە نیە کە

دوانزە ساڵ بەرلە ئێستا کچەکەم پێنەدابوو ، بەڵکوو لەبەر ئەوەش بوو کە من هەمیشە دەمەوێت لە نەریتی وەستا ئەفسانەییەکان و وێنەکێشە موسوڵمانەکان دەرچم و خەیاڵم وایە کە شتی تازە بخولقێنم . دەزانم کین و نەفرەتی زۆری لێم هەیە . وەهاش بیر دەکەمەوە کە مردنەکەم لە داهاتوودا بە دەستی ئەوەوە دەبێ . بەڵاُم لێینەدەترسام و بە پێچەوانەوە من ئەوم دەترسان ، ترساندنەکەش ئەوە بوو کە داوام لێکرد نووسراوەکەم بۆ بنووسێ.ڕەشە بۆ ئەم کارە زۆر لەبار و گونجاو بوو . وتم : " پێویستە مرۆڤ وەکوو واتا خۆی بخاتە ناوەندی وێنەکانەوە . یەکێك لە وێنەکێشەکانم شێوەی مەرگی زۆر جوان کێشاوە، حەز دەکەی سەیری بکەی ؟ " بەمجۆرەش ئەو وێنانەم پێنیشاندا کە شێوەکارەکانم لە ماوەی ساڵێکدا بە دزیوە کێشابوونیان . سەرەتا شەرمی دەکرد تەنانەت تۆزێکیش دەترسا ، کاتێ کە بینی مەرگەکە بە ئیلهام وەر گرتن لەدوو داستانی شانامەکێشراوە کە یەکێکیان سەربڕانی سیاوەش بە دەستی ئەفراسیابەوە وئەویتریش کوژرانی کوڕەکەی ڕۆستەم بە دەستی ڕۆستەم بە نەزانینەوەیە ، ئەو سا کرایەوە و کەوتە ناو باسەکەوە . ئەم وێنەیە بەو ڕەنگە ماقووڵانە خەماوییەی وا لە وێنەی جەنازەکەی سوڵتان سولەیماندا بە کار براوە ڕەنگکراوە و داڕشتنەکەی بە پێی چەمکی ڕۆژئاواییەکان و بە قەڵەمی خودی خۆشم هەندێك سێبەرکاری تێدایە . ئاماژەیەکم کرد بە خەتی ئاسۆو تێکەڵبوونی هەورەکان و قووڵاییە شەیتانیەکەی . ئەوەشم وەبیر هێنایەوە کە وا لە بەر ئەوەی تایبەتن و بە پێی نەریتی ڕۆژئاواییەکان کێشراون هەر یەکە و کەسایەتی تایبەت بە خۆیان هەیە .

وتم : " دەیانەوێ ئەوەندە بێهاوتابێ کە مرۆڤ لە مەرگ نەترسێ بەڵکوو

www.pertwk.com

لە ویستی جیا بوونەوە و جیاواز بوونەوە بترسیٚ ، تەماشای ئەم ویٚنەیە بکەو داستانەکەی بنووسە ، مەرگ قسە دەکات ! ئەوە قەڵەم و ئەوەش دەوات و کاغەز ، نووسراوەکانت دەدەم بە خۆشنووسەکان بۆ ئەوەی بینووسنەوە . "

ماوەیەك بیٚدەنگ بوو لە دواییدا پرسیاری ئەوەی کرد کە کیٚ ئەم ویٚنەیەی کیٚشاوە ؟ وتم : " پەپوولە ، لە هەمووان لیٚهاتوو ترە ، وەستا عوسمان سالاٚنیٚکی دریٚژ عاشق و حەیرانی بوو بوو . "

ڕەشە گوتی : " ویٚنەیەکی هاوشیٚوەی ئەم سەگەم لە قاوەخانەکەدا لە پشتی باڵۆرە بیٚژەکەوە بینیوە ، هەڵبەت ئەو تۆزیٚك گەورەتر بوو . "

زۆربەی ئەو شیٚوەکارانەیمن کە بە ڕۆحەوە گریٚدراوی وەستا عوسمانن، خۆشیان بڕوا ناکەن کە ویٚنەی لەم جۆرەیان کیٚشابیٚ . ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە کە چۆن بە بۆنەی پارەوە ویٚنەیان بۆ کیٚشاوم و لە قاوەخانەکەشدا ناماقولاٚنە قیڕەقیڕو ئاژاوەیان کردووە . بە زەختی من پادشاکەمان ماوەیەك ویٚنەکانی خۆی بەدەستی ویٚنەکیٚشیٚکی گەنجی وەنیزیوە دەکیٚشا ، من ئەو ویٚنە کیٚشەم بە زۆری خۆم هیٚنا بووە ئیٚرە . دواتر کە وەستا عوسمان ویٚنە کیٚشانی بۆیاخی چەور و ئاویٚنەکەی ئەو کوڕەی پەسەند کرد، ئیدی بە دەستی ئەو هەموو شتیٚکی دروستدەکرد . پادشا وەستا عوسمانی ناچار کرد کە بە لاساییکردنەوەی ئەم وەستا وەنیزییە ویٚنەیەك بکیٚشیٚتەوە ، وەستا عوسمانیش لەسەر ئەوە منی بە تاوانبار دەزانی . هەڵبەت هەقی پیٚدەدەم.

لەو ڕۆژەدا دەرەوەی دوایین ویٚنەکە هەموو ویٚنەکانیترم پیشاندا و هانمدا بۆ ئەوەی داستانی ویٚنەکان بنووسیٚت ، باسی خەیاڵی ویٚنەکیٚشانم

بۆ کرد ، هەروەها ئەو پارەیەشم بۆ ژمارد کەبە ویٚنە کیٚشانم دابوو وتەماحم خستە بەر دەمی . چەندە باسی ئەوەمان کرد کە ئەگەر دەست بە کیٚشانی ویٚنە لە لایەکەوە بکەین تووشی تاوان دەبین و گونابار دەبین یان نا ، ئەوەندەش باسی تەماحکاری و زۆرخوازی زەریف ئەفەندیمان کرد و گوتمان لەوانەیە هەر لەبەر ئەوە کوژرا بیٚ . لە دواییدا ڕەشە گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی .

ئیدی گومانم لەوە نەبوو کە دووسبەی دەگەڕیٚتەوە و وەکوو خۆی دەیگوت گویٚلە داستانی ویٚنەکانم دەگریٚتەوە. لەبەر دەرگاکەوە گویٚم لە ونبوونی دەنگی پیٚی گرت . لە ناودڵی ئەو شەوە ساردەدا شتیٚك هەبوو، ئەوەی بۆمن دەردەخست کە بکوژە بیٚخەو و پەشۆکاوەکەم لە خۆم و کتیٚبەشم بە هیٚزترە .لە دوای ئەوە دەرگاکەم بە باشی داخست و وەکوو هەمووشەویٚك گۆزەکەم دانایە جیٚگاکەی خۆی،ئەو گۆزەیەم لە باتی گوڵداندا بە کارم دەهیٚنا وە لە دواییدا ئاگردانەکەم گەشکرد ، بەر لەوەی بخەوم سەیرم کرد کە شەکورە لە نیٚو تاریکیدا کە بەماکسییەکی سپیوە خۆی وەکوو تارمایی نیشاندا وهاتە بەرامبەرم .

پرسیارم لیٚکرد و گوتم : " دەتەویٚ لە گەڵ ئەم پیاوەدا ببی بە هاوسەر ؟ "

وتی : " نا ، نا باوکە گیان ، من لە زووەوە لەو بڕیارەی خۆم پەشیمان بوومەتەوە ، لەوەش زیاتر من هاوسەرم هەیە . "

وتم " ئەگەر دەتەویٚ ، ڕیٚگات پیٚدەدەم . "

– : " نا ، نامەویٚ . "

– : " بۆ ؟ "

www.pertwk.com

– : " چوونکە ئێوە ناتانەوێ و ئەوەش کەوا ئێوە نەتانەوێ منیش بەدڵم نیە".

بۆ ساتێك لە ناو چاویدا چاوم بە ڕۆشنایی سڵکەکان کەوت کە بریقەیان دەدایەوە . چاوەکانی تەڕ بوو بوون ، ئەوەش لە بەر بێ ئومێدی نەبوو ، بەڵکوو لەبەر کین و نەفرەت بوو . بەڵام هیچ جۆرە شکان و تووڕەییەك لە دەنگیدا دیار نەبوو ، وەکوو ئەوەی نهێنییەکی پێبڵێم گوتم : " ڕەشە زۆر حەزت لێدەکا "

– : " دەزانم "

– : " لەبەر عەشقی وێنە گوێی بۆ ئەو شتانە ڕانەدەگرت وا ئەمڕۆ باسمدەکرد، بەڵکوو لەبەر عەشقی تۆ بوو . "

– : " گرنگ ئەوەیە کە کتێبەکەتان تەواو دەکات . "

– : " ڕۆژێك شووەکەت دەگەڕێتەوە . "

– : " نازانم لەبەر چی بوو ، لەوانەیە لەبەر بێدەنگییەکەشم بوو بێت ، کە ئەمڕۆ تێگەیشتم ئیدی مێردەکەم هیچ کات ناگەڕێتەوە ، دەبێ ئەو شتەی وا لە خەیاڵمدا بینیبوویێتم ڕاست بوو بێت ، کوشتوویانە و زۆر لە مێژەوە بووە بە خۆراکی گورگ و پەلەوەرەکان ."

ئەم قسەیەی دوایی وەکوو ئەوەی بەخەبەربێ بە چپەوە پێی گوتم و لە گوتنە کانیشیدا تووڕەییەکی سەیر شاراوە بوو .

– : " سوێند بخۆ کە ئەگەر منیان کوشت تۆ ئەم کتێبە تەواو دەکەی . "

– : " سوێند دەخۆم ، بەڵام کێ ئەمە دەکات . "

– : " ڕەشە ! تۆ دەتوانی ئەمەی پێبکەی . "

– : " خۆ خەریکە پێك دێن باوکە گیان . ئیدی پێویستیتان بە من نیە .

"

– : " ڕاستە ،بەڵام لەبەر تۆ لەگەڵ مندا ڕاهاتووە، ئەگەر من بکوژن دەترسێ و لەوانەیە پەشیمان ببێتەوە . "

کچە ژیرەکم بە پێکەنینەوە وتی : " ئەو کاتەش ئەو لەگەڵ مندا زەماوەند ناکات . "

من ئەو پێکەنینەم لە کوێوە دەرخست ، خۆ کاتێ لەگەڵ ئەودا قسەم دەکرد زیاتر لە بریقەی چاوانی شتێکیترم نەدەبینی . لە نێوە ڕاستی ژوورەکەدا ڕووبە ڕووی یەك بووبووینەوە و لە سەر پێ ڕاوەستا بوو . خۆم پێڕانەگیرا و وتم : " هەواڵ دەنێرن بۆ یەك ؟ ئیشارەت لەیەك دەدەن یان نا ؟ "

وتی : "هەیڕۆ!بابە گیان چۆن بیر لە شتی وەها دەکەنەوە ؟ "

بێدەنگییەکی درێژ و ئازاردەر دروستبوو، لە جێگایەکی زۆر دوورەوە سەگێك دەیواڕاند . تۆزێك سەر سام بووم . هەڵچووم و پەشۆکام . ئیدی ژوورەکە ئەوەندە تاریك بوو کە یەکمان نەدەبینی ، تەنیا هەستمان دەکرد کە لەبەرامبەر یەکداین . لە دواییدا ، لە ناکاو بە هەموو هێزێکمانەوە باوەشمان کرد بە یەکدا . دەستی بە گریان کرد و وتی : " بیری دایکم کردوّتەوە" . ماچی پرچەکانیم کرد ، بۆنی قژەکانی دایکی لێوە دەهات ، دەستم پێدا هێنان ، بردمە جێگاکەی و لەلای منداڵەکانیدا هەڵامژاند . کە بیرم لەو دوو ڕۆژەی ڕابردوو دەکردەوە ، هیچ کومانێکم لەوە نەدەما کەوا لەگەڵ ڕەشەدا هەواڵ دەنێرن بۆ یەك .

www.pertwk.com

((ناوی من ڕەشەیە)) (22)

شەو کە گەڕامەوە بە زوویی خۆمم لە ژنە خاوەن ماڵەکەم ڕزگار کرد کەوا خۆی خستبووە جێی دایکم . ڕۆیشتمە ژوورەوە و بیرم لە شەکوورە کردەوە . گوێم لە جیڕە جیڕی دەرگاکە بوو ، بە قەد دەریارییەك بەلامەوە خۆش بوو، هەر لەوێوە بۆتانی دەگێڕمەوە. هیچ گومانێك لەوە نەبوو کە دەوروبەری گرتووم و هەموو کات تەماشام دەکات و وەکوو مێردی ئایندەی خۆی مەزەندەم دەکا . هەر لە بەر ئەوەش وا هەستمدەکرد کە منیش ئەو دەبینم . ئێستاکانە لەو قسەیەی (ابن العربی) باش تێدەگەم کە دەڵێ " عەشق نەبینراوەکان دەبینێ و هەموو کاتیش لە پاڵ خۆدا هەست بە ناپەیداکان دەکات " لە دەنگەکانی ناو ماڵ و جیڕە جیڕی تەختەکانەوە ئەوەم بۆ دەردەکەوێ کەشەکورە هەموو کات سەیری من دەکات . دڵنیام لەوەی کە ماوەیەك لەگەڵ منداڵەکانیدا لە ژووری تەنیشت هەیوانەکەدا بوو، چونکە دەنگی ئاژاوە کردنی منداڵەکانم دەبیست .لەوانەیە لە ترسی ئیشارەتە ترسێنەرەکانی دایکیان بووبێ کە دەنگیان کز دەکردەوە . جارجاریش وەکوو ئەوەی کە شتێکی نائاسایی هەبێ و بیانەوێ سەرەنجی یەکێك لە سەر نوێژ ڕابکێشن، دەیانچپاندە گوێی یەکەوە و لە دوایشدا ، هڕ هڕ ... دەکەنین. گوێم لە هەمووی ئەمانە دەبوو . جارێکیش کە باپیریان باسی ڕۆشنایی سێبەری ناو وێنەکانی بۆ من دەکرد هەر دوو منداڵەکەی ، یانی شەوکەت و ئورهان هاتنە ناوەوە، سینیەکەی دەستیان هێنایە بەردمم . بە وردی چنرا بوو . قاوەیان پێدام . لەوانەیە ، دەبوو ئەم کارە خەیرییە

بیکردایە بەڵام دایکیان بە دەستی ئەنقەست ویستبووی ئەمان بیهێنن . بە بڕوای من ئەمە بۆ ئەوەبوو کە منداڵەکان باوکی ئایندەیان ببینن و دایکیان هەلی وای بۆ ڕەخساندبوون ، چونکە لەوانەیە بیەوێت لەسەر من قسەیان لەگەڵدا بکات. تەماشای شەوکەتم کرد و وتم:" چاوێکی جوانت هەیە ". بەڵام یەکسەر هەستم بە بەخیلیبردنەوەی برا بچووکەکەی کرد و وتم :" چاوی تۆش جوانە ". لە ناکاو گوڵە مێخەکێکم لە گیرفان دەرهێنا و خستمە ناو سینییەکەوە و گۆنای هەردووکیانم ماچکرد . ماوەیەکی پێچوو ، لەناو ماڵەوە دەنگی پێکەنین و جیڕەجیڕی تەختەکانم بیست . جاری واش هەبوو کە سەیری دەرودیواری ماڵەکەم دەکردو سەرنجم دەدایە سەر جێگا شەقبردووەکان و گرێی دارەکان و لەخۆمەوە خەیاڵم دەکرد و دەمگووت داخۆ ئێستا شەکورە لە کامیانەوە تەماشام دەکات یاخود گوێم لێ دەگرێت ؟ دەبێت چۆن دانیشتبێت ؟ لەخەیاڵی خۆمدا شتێکم بۆ دەدۆزییەوە و سەرنجم دەدایە سەر ئەو درزە یان ئەو گۆپکەدارەی وا خەیاڵم دەکرد . جارجاریش ئەگەری توڕەبوونی زاواشم دەدایە بەر چاو ، بەڵام دیسان وەکوو ئەوەی کە لە قسەکانی سەرم سووڕمابێ لەناو ژوورەکەدا دەستم بە هاتوچۆ دەکرد و تەماشای درزەکانم دەکرد. کاتێ لەو درزانەدا چاوم بەچاوی شەکورە دا هەڵنەدەتۆقی هەستم بە دڵنیایی نە دەکرد و خۆمم وەکوو کەسایەتییەکی بێئارام دەبینی کە نازانێت چی بکات جاری واش هەبوو کە وامدەزانی شەکورە سەیرم دەکات و بڕوام بەوە دەهێنا کەلە ژێر نیگاکانی ئەودام و هێزم لێوەردەگرت وەکوو کەسێك کە بیەوێت لەوەی کەوا دیارە خۆی قووڵتر و بەهێزتر نیشان بدات ، بە بەزمەوە جوڵەجوڵم دەکرد و ئەملا و لام دەکرد . لە دوایشدا وەها بیرم دەکردەوە :ئێستاکانە شەکورە و

www.pertwk.com

منداڵەکانی من و باوکە ونبووەکەیان و مێردە نقوومبووەکەی کە هیچ کات ناگەڕێتەوە پێکەوە هەڵدەسەنگێنن ولەگەڵ یەکدا بەراوردمان دەکەن . لەلایەکی تریشەوە ئەقڵم لەلای قسەکانی زاواکەم دەمایەوە کە باسی ئەوەی دەکرد وا وێنە کێشە وەنیزییەکان چۆن وێنە دروستدەکەن. تەنیا لەبەر ئەوەی شەکورە ئەمانەی لە باوکی‌وە بیستبوو، دەمویست ئەمانە لەیەك بچوێنم کەوا هەندێکیان ناوی خۆیان بە چلەگرتن لە ژوورەکاندا بەدەست هێناوە و بە پێچەوانەی مێردە ونبووەکە کەناوی خۆی بە نووکی شمشێرەکەی و ژمارەی ئەو سەرانە بەدەست هێنابوو کەوا پەڕاندونی و بە کتێبانەی وا نووسیویانە و ئەو وێنانەی وا کێشاویانە ناودار بوون. بە گوێرەی قسەکانی زاواکەمان ئەو وێنانە و ئەو ناودارانە بە ئیلهام وەرگرتن لە گۆشە تاریکەکانی دونیا کیشراون (کەوا بەچاو دەبینرێن). منیش بۆ ئەوەی ئەوانە لەپێش چاوی خۆم زیندوو بکەمەوە هەڵ و تەقەلای زۆرم دەدا ، لە دوایدا کە نەمدەتوانی خۆمم بچوك دەبینی و ڕوو بەڕووی شکست دەبوومەوە . ماوەیەك تێپەڕ بوو کە شەوکەتم لەبەرامبەر خۆدا بینیەوە . بۆ ساتێك ویستم وەکوو نەریتی هۆزەکانی عەرەب لە ئەو پەڕی ئاوەکەوە (ماورء النهر) یان وەکوو هی گەلی چەرکەس بکەم کەوا کاتێك میوان دێ کوڕی گەورەی ماڵ دەستی ماچ دەکات و لەکاتی ڕۆیشتنیشدا هەر بەجۆرە ماچی دەکات و دەستی خۆمم درێژ کرد بۆ ئەوەی شەوکەت ماچی بکات و بیخاتە سەرسەری خۆی . هەر لەو کاتەدا لە جێگایەکی نزیکەوە گوێم لە دەنگی پێکەنینی شەکورەبوو ، داخۆ بەمن پێدەکەنێت ؟ توشی هەڵچوونێکی سەیربووم ، بۆ ئەوەی لەمە نەجاتم ببێت ، هەر دووگۆنای شەوکەتم ماچ کرد ، کاتێك ئەمەم کرد دەمزانی کە قسەی زاواکەمان دەبڕم و

هەربۆیە بۆ ئەوەی وەها دیاربکەم کە نەمویستووە بێڕێزی پێبکەم ، بزەیەکم بۆ لێدا . لە لایەکیتریشەوە بۆنی شەوکەتم دەکرد بۆئەوەی بزانم بۆنی دایکی پێوەیە یان نا . کاتیَ هەستم بەوە کرد کە شەوکەت کاغەزێکی خستوەتە ناو دەستمەوە ، شەوکەت لە زووەوە پشتی تێکرد بووم و ڕۆیشتبوو . لاپەڕەکەم وەکوو زێڕێك لەنێو دەستە مشتکراوەکەمدا شاردەوە ، کاتیَ بە تەواوی دڵنیا بووم کەئەمە نامە بچکوولانەیەکی شەکورەیە ، خەریك بوو لە خۆشیدا دەست بە پێکەنینێکی سەیر بکەم ، بەڵام خۆمم پێڕاگیرا ، ئایا هەر ئەمە سەلمێنەری ئەوە نیە کە شەکورە منی دەویَ ؟

بۆ ساتێك خەیاڵم لەوە کردەوە کە من و شەکورە پێکەوەین و وەکوو دوو سەر شێت پێکەوە خەریکین و لەگەڵ یەکدا جووت دەبین . ئەو شتە چاوەڕوان نەکراوەی وا خەیاڵم دەکرد ، بە بیَ هیچ پێوانێك بڕوام پیَ هێنا بوو ، لەبەر ئەوەی وا هەستمدەکرد کە لە بەرامبەر زاواکەماندا شتەکەم ڕاست دەبێتەوە،تەریق بوومەوە. ئایا شەکورە ئەمەی بینیبوو ؟ بۆ ئەوەی دیقەتم بڵاو ببێتەوە ، ماوەیەکی درێژ گوێم بۆ قسەکانی زاواکەمان ڕاگرت . لە دواییدا کاتیَ زاواکەمان دەیەویست وێنەی لاپەڕەیەکیتری کتێبەکەم پیشانبدات و خۆی درێژ کرد بۆ ئەوەی بیهێنیَ ، منیش لەو مەجالەدا تەماشای کاغەزەکەم کرد ، بۆنی گوڵی لەولاوی لێوە دهات . بەڵام هیچی تێدا نەنووسرا بوو ! لەبەر ئەوەی بڕوام بەمە نەدەکرد لاپەڕەکەم ئەملا و ئەولا پیَکرد . زاواکەمان گوتی : " پەنجەرە! دیدگای ئەمەش وەکوو ئەوە وایە کە تۆ لە دەلاقەیەکەوە سەیری عالەم بکەیت . ئەو کاغەزە چیە ؟ "

: " هیچ نیە زاوا ئەفەندی " بەڵام لە دواییدا زۆر بۆنم کرد . دوای نانی نیوەڕۆ لەبەر ئەوەی نەمدەویست لەسەر کاسەی ئاو دەستی زاوا دانیشم

www.pertwk.com

یارمەتیم لێوەرگرت و ڕۆیشتمە ئاودەستی ناو حەوشەکەوە و دانیشتم ، زۆر سارد بوو ، بۆ ئەوەی قوونم سەرمای نەبێ بە پەلەپەل دەرکەوتم . شەوکەت وەکوو ئەوەی ڕێبەری کردبێ ، بە بێدەنگییەیەکی فێلبازانەوە هاتە بەر دەمم ، کاسەی ئاو دەستەکەی باپیری پێبوو ، هێشتا هەڵمی لێ هەڵدەستا ، ڕۆیشتە ناو ئاو دەستەکەوەو کاسەکەی بەتاڵ کرد . لە دەرەوە بە گوپە خڕەکانیەوە چاوی بڕییە نێو چاوانم .

وتی:" تۆ چاوت بە پشیلەی مردوو کەوتووە ؟ " لووتی لە هی دایکی دەچوو ، ئایا سەیرمانی دەکرد ؟ تەماشای ئەو پەنجەرەیەم کرد کە دوای سالآنێکی درێژ لەوێوە شەکورەم بینیبوو . گوتم : " نا "

– :"لە ماڵی یەهوودییە هەڵواسراوەکەدا پشیلەیەکی مردووت پێنیشان بدەم؟" و بێ ئەوەی چاوە ڕێی وەڵامەکەم بێت ، ڕۆیشتە ناو کولآنەکەوە . چل و نۆ هەنگاومان هەڵگرت و ڕۆیشتمە ناو باخچەیەکی چۆڵ ، بۆنی گەڵای تەڕ و گەنیو و کەفی لێوەدەهات ، تۆزێك لە پێشەوە لەپشتی دار هەنجیرێکی خەمبارودار بادامێکەوە لە پەناگایەدا ، وەکوو ئەوەی خۆی شاردبێتەوە ڕاوەستابوو . وەکوو کەسێکی شارەزا کە هەنگاو بە هەنگاوی ئێرە بناسێت چوومە ناو ماڵەکە . ماڵەکە چولێ بوو بەڵام وەکووئەوە وابووکە هێشتا کەسی تێدایە، ناوەوە وشك و گەرم بوو، وتم : " ئەمە ماڵی کێیە ؟ "

– : " هی جولەکەکانە . دوای مردنی مێردەکەی ، ژنەکە دەستی منداڵەکانی گرت و باریان کرد بۆ گەڕەکی جولەکەکان لە گۆیی ئاوی (یەمیش) ئێستاش بە ڕێگای ئەستەر بۆخچەچی ماڵەکە دەفرۆشن . " ڕۆیشتە گۆشەیەکی ژوورەکە و هاتەوە و وتی : " نەماوە . پشیلەیەکی مردوو دەتوانێ بچێت ؟ باپیرم دەڵێ مردووەکان دەگەڕێن . "

– : " خۆیان نا بەڵکوو ڕۆحەکانیان دەگەڕێن " . کاسەکەی دەستی بە توندیەوە گرت و وتی : " تۆ لە کوێوە دەزانی ؟ "

– : " دەزانم ، تۆ هەمیشە دێی بۆ ئێرە ؟ "

– : " دایکم و ئەستەر دێن ، ئەڵێن بە شەوان تارمایی و خێوی لێیە . بەڵام من لێرە ناترسم ،تۆ پیاوت کوشتووە ؟

– : " بەڵێ "

چەند کەس ؟

وتم : " زۆر نا بەس دووانم کوشتووە " .

" بە شمشێر ؟ "

" بەڵێ بە شمشێر " .

"ڕۆحەکانیان دەگەڕێن ؟ " .

" نازانم بەڵام بەگوێرەی کتێبەکان پێویستە بگەڕێن " .

: " مامە حەسەنم شمشێرێکی سووری هەیە ، ئەوەی خۆی لێبدات دەیبڕێ ، خنجەرێکیشی هەیە کە دەسکەکەی یاقووتینە . تۆ باوکی منت کوشتووە ؟ " بە لەقاندنی سەر ، نە نا ، نە بەڵێ ، هیچم پێنەگوت .

: " تۆ لەکوێوە دەزانی باوکت کوژراووە ؟ "

: " دوێنێ دایکم پێی گوتم ، خەوی بینیوە " .

ئەگەر مەجالمان هەبایە ئەو شتانەی کە وا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆمان و بۆ عەشق دەمانکرد و ئەو هێزەی گڕی هەست و داخوازی کە وامان لێدەکات ببین بە پیاوێکی دڵشکاو هەموویانمان بۆ کاری باشتر بەکار دەهێنا و هێزەکەشمان بۆ ئەوە تەرخان دەکرد . جارێکی تر بڕیارم دا کە ببم بە باوکی ئەم هەتیوانە . کاتێ گەڕامەوە بۆ ماڵ ، بە جوانی گۆیم بۆ

www.pertwk.com

قسەكانی زاوا ڕا گرت كە وا بریار بوو نووسراوەی كتێب و وێنەكانی بۆتەواوبكەم. با لەو وێنانەوە دەستی پێبكەم كە زاواكەمان نیشانی دابووم بۆ نموونە لە ئەسپەكەوە :

1- لەگەڵ ئەوەی كە ئەم وێنەیە ڕەسمی مرۆڤی تێدا نیە و دەور و بەری ئەسپەكەش چۆڵە ، دیسان من نەمدەتوانی بڵێم ئەمە بە تەنیا وێنەی ئەسپێكە . ئەسپەكە لەوێدا بوو ، بەڵام لەوانەیە خاوەنەكەشی لەولاتر بێت. یان وەكوو بەپێی نەریتی قەزوینییەكان لەناو دەوەنێكدا بێ و خەریك بێ دەركەوێ . بتەوێ و نەتەوێ دەتوانی لە زینی ئەسپەكەوە ئەمە تێبگەی . چونكە نەخشی بێگانەی پێوەیە . لەوانەیە هەر لەولای ئەسپەكەوە هەندێك كەسی شمشێردار پەیدا بن . دیار بوو زاوا داوای لە شێوەكارانی وێنە كێشخانە كرد بوو كە وێنەی ئەم ئەسپە بكێشن . لەوانەیە ئەو وێنەكێشەی وا ئەو شەوە هاتبێ ، زانیبێتی كە ئەم ئەسپە بەشی داستانێكە ، بۆیە وەها كێشاویەتی . بۆ نموونە دەبێ لە شەڕەكاندا و لە وێنەی عاشقاندا بە هەزاران جاری ئەمەی بینیبێ و كێشابێتی . لەوانەیە زاواش دەستی تێوەڕدابێ و پێی گوتبێ كە بە پێی نەریتی ڕۆژ ئاواییەكان بیكێشە و سوارەكەی مەكێشە و تۆزێك دوورتر لە ئەسپەكە لە دواوەوە وێنەی دارێكی بچووك بكێشە . ئەم شێوە كارەش لەگەڵ زاوادا لە پشتی تەختەكەوە دانیشتووە و لەبەر ئەوەی پارەیەكی باشی پێدراوە و وێنەیەكی جوانیش بووە ، بە حەزی خۆیەوە ئەم وێنە سەیرەی كێشابێ . بەلام ئەم وێنە كێشەش وەكوو زاواكەمان بە تەواوی نەیدەزانی كە ئەم ئەسپە چ بەشێكی كام داستانە. ئەو شتەی وا لە منی دەویست ئەوە بوو كە لەبەرامبەر ئەم وێنەیە كەوا نیوەی بە نەریتی ڕۆژ ئاوایی و نیوەشی بە نەریتی

ئێرانییەكان كێشراوە دانیشم و داستانەكانیان بنووسمەوە . بۆ ئەوەی شەكورەم پێبدات پێویست بوو ئەمانە بنووسمەوە ، بەڵام لە باسكراوەكانی بالۆرە بێژەكە زیاتر هیچی ترم بە مێشكدا نەدەهات .

((لە داهاتوودا پێم دەڵێن پیاو كوژ)) (23)

كاتژمێرە تایەدارەكەم بە چركە چركەوە دەیگوت ئێوارە هاتووە ، هێشتا بانگیان نەدابوو زۆر زووتر لەوە مۆمدانەكەی سەر مێزەكەم داگیرساند بوو . قەڵەمەكەم دەژەند بە مورەكەبی حەسەن پاشا و دەمهێنا بەسەر لاپەڕە پۆڵیش كراوەكەدا و بەپەلەپەل وێنەی بەنگكێشێكم دەكێشا . كاتێ ئەو دەنگە هاتە بەر گوێم كەوا هەموو شەوێك دەیبیسم ، ڕاوەستام . بریارم وا بوو كە شەو نەچمە دەرەوە و لەماڵدا كار بكەم ، تەنانەت ویستم كەلەمدیوەوە دەرگاكە بزماركوت بكەم . ئەم كتێبەی وا بە پەلەپەل تەواوم كرد بوو ، ڕاسپاردەی كابرایەكی ئەرمەنی بوو . بەیانی زوو هێشتا كەس لە خەو هەڵنەسا بوو ، لە دەرگاكەی‌دا ، لەگەڵ ئەوەی زمانی گیری تێدایە ، دیسان وەرگێڕان دەكات و ڕێبەریی گەشتیارەكان دەكات . كە گەشتیارە فەرەنسی و وەنیزییەكان داوای شتێكی لێدەكەن یەكسەر من دەدۆزێتەوە . مامەڵەی باش دەكات . بەیانی لەسەر ئەوەی كە لە وێنەكەدا هەموو جۆرە مرۆڤێكی ئەستەنبووڵی بۆ بكێشم بە سەد و بیست ئاكچە مامەڵەمان پێكەوە

www.pertwk.com

کرد بوو ، هەر بۆیە ئێوارە لە دوای بانگدان لە دانیشتنێکدا بە سەرەنجێکی باشەوە وێنەکانم بۆ کێشا : (شیخ الاسلام) و کەبابچی و مەلا و قازی و سوپایی و جگەرفرۆش و جەللاد ــ وێنەی جەلاد لەکاتی ئەشکەنجەداندا ماقوولانەترە ــ لەتەچن و ئەو ژنەی وا دەچێ بۆ حەمام و بەنگکێش و شتیتریشم بۆ کێشا . لەبەر خاتری چەند ئاکچەیەك چەندین کتێبی لەم جۆرەم درۆستکردووە . ئەوەندەم کێشاوە کە دەتوانم بەبێئەوەی قەڵەمەکە هەڵگرم وێنەی قازییەکە دروست بکەم و بە چاو گرتوویی شێوەی لەتە چنەکە دەکێشم و بەمجۆرەش یاری بۆ خۆم دروستدەکەم .

کە بانگی ئێوارە دەدرێ . هەموو تارماییەکان و شاعیر و خەمبارەکان لەگەڵ جندۆکە و شەیتانەکانی ناو دڵیانەوە ، خۆ هەڵدەکوتن و قازانەکە هەڵدەگرن و دەزانن کەوا بە لاڕێدا براون . دەنگە بێئارامەکەی ناو دەروونمان هاوار دەکا و دەڵێ : " بۆ دەرەوە ، بۆ دەرەوە ، هەڕابکە و بچوو بۆ ناو کەوتوویی‌و تاریکایی و پۆخڵەی مرۆڤەکانیتر " .من سالانێکی خۆمم بۆ ئاهۆن کردنەوەی ئەم جندۆکە و شەیتانانە تەرخان نەکردووە . ئەو وێنانەی کەوا من دەیانکێشم و زۆر کەسیش وەکوو شتانێکی دەرئاسایی دەیانبینن ، بە یارمەتی ئەم جندۆکە و شەیتانانە دروستمکردوون . بەلام لە حەوت ڕۆژی پێشووەوە کە ئەو دڵنزمەم کوشتووە تاکوو ئێستا ئیدی گوێم لێڕاناگرن و بەقسەم ناکەن . وەها هەڵکوتان و داکوتان دەکەن کە دەڵێم ئەگەر بچمە دەرەوە تۆزێك بگەڕێم ئاهۆن دەبنەوە . کە ئەم قسەیەم کرد ، نازانم چۆن بوو کە خۆمم لەناو کۆلانەکەدا دۆزییەوە ، بەپەلەپەل ڕۆیشتم . بەبێئەوەی ڕاوەستم لە کۆلانە بەفر گرتووەکان و ڕێگا قوڕاوییەکان و لاپاڵە سەهۆڵ گرتووەکانەوە ڕێگام گرتەبەر . هەرچی زیاتر لە شەوی تاریکدا

ڕێبکەم و داکەومە ناو گۆشە بێدەنگ و تاریکەکانی شار بە قورسایی خۆم تاوانەکانم لە دوامەوە دەمێننەوە و هەرچەندە زیاتریش دەنگی هەنگاوەکانم لە دیوار و کولانە تەنگەکان و قوتابخانە و مزگەوتەکانەوە دێتەوە گوێم ، ترسەکانم سووکتر دەبن . پێلاوەکانم لە خۆیەوە منی هێنایە ئەم گەڕەکە چۆڵە، ئەم گەڕەکە ئەوەندە چۆڵ و مەترسیدارە کەوا ئەگەر جندوکەکانیش بێن، بەترس و لەرزەوە دێن . دەڵێن نیوەی پیاوانی ئەم گەڕەکە لە شەڕدا کوژراون و نیوەیتریشیان لەبەر ئاخر شەڕی ئەم گەڕەکەیان بە جێ هێشتووە ، بەلام من بڕوا بەم شتانە ناکەم . تەنیا خراپەیەك کەوا ئەم شەڕانە هێنابێتیانە سەری ئەم گەڕەکە جوانە ئەوەیە کە چل ساڵ بەر لە ئێستا دەرگای تەکیەکانیان داخستووە و زنجیریان لێداوە. بۆنی توتڕك لەم هەوا ساردەشدا دەهات ، لە پشتی دارەکانەوە گەڕامەوە و وەکوو جاران تەختەکانی پەنجەرەکانم لادا و ڕۆیشتمە ناوەوە و دووبارە هەڵمچنیوە . بۆنی دووکەڵ و کەڕووی سەد ساڵەم هەڵکێشایە ناو جەرگمەوە ، هەبوونم لێرە ئەوەندە خۆشحاڵی کرد بووم کەوامدەزانی لە خۆشیدا دەگەڕێم . ئەگەر تا ئێستا نەمگوتبێ دەمەوێ ئێستا بڵێم، لە خودا زیاتر لە کەسی‌تر ناترسم و لە سزای ئەم دونیایەش هیچ ناترسم . تەنیا ترسم ئەوەیە کە قورئانی کەریم بۆ نموونە لە سوورەی فورقاندا دەڵێت لە ڕۆژی قیامەت و لەودونیادا پیاوکوژی وەکوو من پلە بە پلە سزا دەدرێت . لەو کتێبە کۆن و دەگمەنانەی کەوتوونەتە دەستمەوە ، کاتی‌تەماشای وێنەی دۆزەخ دەکەم وا عەرەبەکان لە سەر پێست دروستیان کردووە و تۆزێکیش منداڵانەیە ، هەروەها کاتێ سەیری دیمەنی ئەشکەنجەدانی شەیتانەکان دەکەم کەوا بەدەستی چینییەکان و مەغوولەکانەوە کێشراوە ، ڕەنگ و شێوەیان دێتە بەر چاوم و

www.pertwk.com

ڕێگایەکی درێژ دەگرمە بەر و تا ئەو ژێر بیریيە وە ڕنەگرم ئارام ناگرم . لە ئایەتی سی وسێهەمی سوورەی ئەسرادا چیدەڵێ ؟ " بەبێ هۆی ڕاست و بەحەق ئەو گیانە مەگرن کەوا خودا حەرامی کردووە . " مەگەر وا ناڵێ ؟ باشە ، ئەو کات : ئەو دڵسووکەی واناردم بۆ دۆزەخ کەسێك نەبوو کە گرێدراوی بکوژەکەی خودا بێت . دووهەمیشی ئەوەیە کە بۆ کوشتنی ئەوو پەرش و بڵاو کردنی کاسەی سەری دەیان سەبەبی بەهەقم هەیە . ئەو لە بەرامبەر ئەم کتێبە نهێنیەدا کەوا بە فەرمانی پادشا دروستدەکرا زماندرێژی دەکرد و قسەی پێدەگوت، خەریکبوو کە من و زاوای ئەفەندی و وەستا عوسمان و وێنەکێشانیتریش وەکوو زەندیق بە ناو بکات و بمانخاتە بەردەم پیاوەکانی مەلا ئەرزڕوومییەکە . ئادەی بزانم، با یەکێك بە دەنگی بەرز بڵێ کە وێنە کێشێك شتی بێدینی دەکات ، ئەوسا بزانن کە چیدەبێ ! ئەو جەماعەتە ئەرزڕوومییە بەدوای بەهانەیەکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی کە هێزی خویان نیشان بدەن ، لە کوشتنی وێنەکێشان زیاتر ، وێنەکێشخانەکەش لەگەڵ خاکدا یەکسان دەکەن و لەناوی دەبەن ، بڕواموایە کە پادشاش تەنیا سەیر دەکات.

وەکوو هەر جارێك کە دێم بۆ ئێرە ، یەکسەر دەوروو بەری خۆمم خاوێن کردەوە و وەها هەستمکرد کە عەبداڵێکی ماقووڵی خودام . هەستی باشە کاری لە دەروونمدا گڕی گرت . تۆزێك گەرم بوومەوە ، بۆ ئەوەی خودا لە شەڕی باشە کاری بمانپارێزێ دوعام کرد . ئازارە فێڵبازەکەی دەوری قورگم دەستی پێکرد و دەرکەوتم. هەر لەو حاڵەتە سەیرەی ڕۆحیدا خۆمم لە گەڕەکێکیتردا بینیەوە . نەمدەزانی کە لە نێوان گەڕەکی تەکیە چۆڵکراوەکە و ئەم گەڕەکەدا چی هەیە و چۆن بووە کەوا هاتوومەتە نێو ئەم کۆڵانەی

کەوا لە هەر دوولاوە دەرەختی تێدا چنراوە ، بەڵام چەندەش ڕێبکەم دیسان بیرێك لە مێشکمدایە کەهەر چی دەکەم لە کۆڵم نابێتەوە و ناتوانم بەریدەم و وەکووکرمێك دەروونم دەخواتەوە . ئەگەر بە ئێوەی بڵێم لەوانەیە تۆزێك لە بارەکەم کەم ببێتەوە . دەتانەوێ پێی بلێن تومەتبارکەرێکی ڕیسوا و دڵنزم ، یان وەکوو بلێن : زەریف ئەفەندییە بێچارەکە ! بۆ من هیچ فەرقێك ناکات ، چونکە هەر دوو یەك شتن و هەردوو جاشی کەرێکن . ماوەیەکی کورت بەر لەوەی کە بە ڕەحمەت ببێ ، زاوا ئەفەندی تاوانبار دەکرد . ئیدی بەلای منەوە باسی ئەو شتانەی نەدەکرد کەوا دەیکێشا و دەیگوت : " زاوا ئەفەندی هەموو وێنەکان بە پێی نەریتی گاورەکان دروستدەکات . " کە دەیبینی من گوێشی لێڕاناگرم ، ئەمجارە دەیگوت : " دوایین وێنە هەیە ، لەدوایین وێنەدا بە ڕاشکاوی کفر دەکات و جنێو بە هەموو شتێك دەدات ، ئەمە لە زەندیقیش خراپترە و خودی کافر بۆ خۆیە . " لە ڕاستیدا سێ هەفتە بەر لەوەی کە ئەم دڵنزمە ئەم تومەتانە بڵێت ، زاوا ئەفەندی داوای لە من کرد بوو کەوا لە گۆشەکانی لاپەڕەیەکەوە ، بە پێی نەریتی ڕۆژ ئاوایيیەکان ، بە ئەندازەی جۆراوجۆر وێنەی شتی جیاوازی وەکوو پارە و مردن و ئەسپ و ... بکێشم . ئەو وێنانەی کەوا من کێشا بووم جەدوەلی بۆ درۆستدەکرد و دەیدا بە زەریف ئەفەندییە بێچارەکە بۆ ئەوەی کەوا جوانیان بکات و بیانڕازێنێتەوە ، لە دوایشدا بۆ ئەوەی کە کەسیتر ئەو جوانکارییانە نەبینێ ، دەیخستنە ناو لاپەڕەیترەوە . دەمەوێ جارێك پرسیار لە زاوا ئەفەندی بکەم و بڵێم ئەم دوایین وێنە چیە ؟ بەڵام زۆر شت وای لێدەکردم کە خۆم ڕابگرم . خۆ ئەگەر پرسیاریشی لێبکەم ئەوا لە سەر کوشتنی زەریف ئەفەندی گومانم لێدەکا و ئەو گومانەش لە هەموو لایەکدا

www.pertwk.com

بڵاو دەبێتەوە . شتی دیکەش کە وا بیٚ ئارامم دەکات ئەوەیە کە ئەگەر پرسیاری لێبکەم ، حەق دەدات بە زەریف ئەفەندی . جار جاریش بە خۆم دەڵێم وەکوو گومانێك کە وا زەریف ئەفەندییەوە فێر بووم پێبیناڵێم و بەڵکوو وەکوو ترسێکی خۆم پرسیاری لێدەکەم . بەڵام ئەمەش لە ترس و ئازارەکانم کەم ناکاتەوە . بەڵام خۆ ئەگەر بەبیٚ ئەوەی ئاگات لێبیٚ دژایەتی دین بکەی ، گونا وتاوانێکی زۆری نیە . بەڵام من ئێستا ئاگام لە هەموو شتێکە .

ئەو پێیانەم کەوا هەموو کاتێك لە مێشکم ژیرتر بوون ، منیان برد بۆ کۆڵانەکەی ماڵی زاوا ئەفەندی و خۆمم خستە ناو کولانێکی تاریکەوە و ماوەیەکی زۆر تەماشای ماڵەکەم کرد. ماڵێکی دوو قاتی سەیر لە نێوان دارەکانەوە ! نەمدەزانی کە شەکورە لە کام لایەتی . ماڵەکە لە ئەو وێنانە دەچوو کەوا لە کاتی دەسەڵاتی شا تاماسوبدا لە تەورێز دە کێشران و وات دەزانی کە لەنێوە ڕاستدا بوون بە دوو لەتەوە . بەڵام دیسان من نەمدەزانی کە شەکورە لە کام لادا دادەنیشیٚ و بۆ دۆزینەوەی جێگاکەی لە خەیاڵی خۆمدا وێنەیەکم کێشا . دەرگاکە کرایەوە ، لە تاریکییەکەدا چاوم بە ڕەشە کەوت کە لە ماڵەوە دەرکەوت . زاوا ئەفەندی بۆ ساتێك بە بەزییەوە تەماشای ڕەشەی کرد و دەرگاکەی داخست و ڕۆیشتە ژوورەوە . تەنانەت ئەو مێشکە گەوجەی منیش کە لە خۆیەوە خۆی خستبووە ناوخەیاڵەوە ، کاتیٚ ئەمەی بینی سیٚ ئەنجامی بە ئیشی لێوە دەرخست.

1- زاوا ئەفەندی کتێبەکە بە دەستی ئەو تەواو دەکات .

2-شەکورە جوانکیلەکە شوو بە ڕەشە دەکات .

3-قسەکانی زەریف ئەفەندییە بێچارەکە هەمووی ڕاست بوون و هەر لە خۆڕاییەوە ئەوم کوشتبوو .

لە بارودۆخێکی بەم شێوەیەدا ، یانی ئەو ئازارەی کە دڵمان نایەویٚ بە هیچ شێوەیەك دەریخات و لە ئەنجامدا عەقڵە بیٚ بەزییەکەمان دەریدەخات ، تەواوی جەستەمان لە بەرامبەریدا دەست بە ڕاپەڕین و سەرهەڵدان دەکات. لە بەر ئەنجامی سێهەم کەوا دەڵیٚ من پیاو کوژم ،جەستەم و نیوەی عەقڵیشم بە هەموو هێزێکیانەوە دەستیان بە نائاسوودەیی و ڕاوەستان کرد . هەردوو پێی من کە هەموو کاتێك ژیرانە تر لە عەقڵم هەڵسوکەوتیان دەکرد لە زووەوە کەتبووە دوای ڕەشە ئەفەنییەوە ، چەن کۆڵانێك ڕۆیشتبوین کە تێگەیشتم کوشتنی ئەم ڕەشە ئەفەندییەی وا زۆر لە خۆباییانە ڕێدەکات زۆر ئاسانە . کاتیٚ ئەمەم لە گەڵ ئەو دوو ئەنجامەدا بەراورد کرد کەوا عە قڵم پێیان گەیشتبوو ، بیرم لەوە کردەوە کە دەتوانم خۆم نەجات بدەم . تەنانەت نەدەکەوتمە ئەو وەزعەی وا زەریف ئەفەندیم تێدا بەخۆڕایی کوشتبوو . ئەگەر ئێستا هەڕام بکرادیەوە و زەربەیەکم لە تەوقە سەری بدایە، هەموو شتێك وەکوو جارانی لێدەهاتەوە و زاوای بەرێز بانگی دەکردم و دەیگوت وەرە کتێبەکە تەواو بکەین . بەڵام لایەنێکی عەقڵم کە دروست و پارێزکارە گوتی هێشتا وەها بڕوا دەکەم کە زەریف ئەفەندی تۆمەتبارکەرێکی هیچ و پوچ بووە . (مەگەر دروستی لە زۆربەی کاتەکاندا خودی ترسە نۆکی نیە ؟) . ئەگەر ئەمە ڕاستیبیٚ ، کەواتە لە کوشتنی ئەو پیاوەدا حەق بەمن بووە و زاواش بۆ دروستکردنی کتێبە نهێنیەکەی بانگم دەکات بۆ ماڵی خۆی . بەڵام کە تەماشای ڕەشەم دەکرد وا لە پێش منەوە ڕێی دەکرد یەکسەر تێگەیشتم کە هیچ یەك لەمانە نابن و ڕوونادەن و هەمووشی خەیاڵە ، جاری وا هەیە لەسەر شتیٚ بیردەکەینەوە و خەیاڵی بۆ دروست دەکەین ، بۆ نموونە جلێك ،کچێك ،یان ڕوومەتێك ، یان خود

www.pertwk.com

شتێکی خۆش دەبینین ، کەچی لە دواییدا تێدەگەین وا نیە . بۆ نموونە فلان کچت نادەنیٚ ، یاخود فلانە پلەت پێنادەن ، ئای کە ناخۆشە!

پشت مل و سەر و بان و ژێر کردنی ملی ڕەشە مێشکی مرۆڤ تێکدەدات ـ ئەڵێی هەنگاوەکانی بەزەییان بە دونیادا دێتەوە و دەر حەق بە دونیا چاکە دەکەن ـ بەکین و نەفرەتێکەوە کە لە دڵمی گەرم کرد بوو و خۆی لێهەلپێچا بوو سەیری ڕەشەم دەکرد، کەسانی وەکوو ڕەشە لە عەزابی ویژدان دوورن و ئایندەیەکی پڕلە خۆشییان هەیە و وەکوو پادشایەك کە دەچێتە ناو گەوری خۆی دەتوانن بچنە هەموو جێگایەك وبەر هەر دەرگایەك و ئێمەمانان بچووك دەبینن. بۆ ئەوەی بەردێك هەڵنەگرم و هەڕا نەکەم و نەیدەم بە سەریدا بە زۆری خۆمم ڕاگرت. ئێمە دوو پیاو بووین کە عاشقی ژنێك بووین، ئەو لە پێشەوە و من لە پاشەوە بەبیٚ ئەوەی کە هیچ ئاگای لێی بێت کۆڵانە لار و خێچەکانی ئەستەنبووڵ دەگەڕاین ، لەو کۆڵانە بێدەنگانەی وا بۆ شەڕە سەگ جیا کرابوونەوە و لەو جێگا سوتێندراوانەی وا جندۆکەکان لەوێدا چاوەڕێیان دەکرد و لە حەوشەی مزگەوتە منارە دارەکانەوە کە فریشتەکان پاڵیان پێوەدا بوو و لەپاڵ ئەو دارە درێژانەی وا بە مڕەمڕ لەگەڵ ڕۆحەکەیاندا قسەیان دەکرد و لەپاڵ ئەو قەبرستانانەی وا تارمایی و خێو لەوێدا کولەیان دێت و تۆزێك لەولای ئەو شەوەیانەی وا قوڕگی مرۆڤ دەدڕن و لە تەنیشت ئەو دوکانانەی وا کوتایییان نایەت و لە پاڵ گەوڕ و تەکیە و مۆمخانەوە و لە نێوان دیوار و جێی کورتان فرۆشەکانەوە ، وەکوو برا تێپەڕ بووین. وەها بیرم دەکردەوە کە لەوەی زیاتر بە دوایدا بچم و تاقیبی بکەم ، لاساییم دەکەمەوە .

((ناوی من مەرگە)) (24)

وەکوو چاوتان پێدەکەویٚ من مەرگم . بەڵام مەترسن من تەنیا وێنەی مەرگم ، خۆ خودی مەرگ نیم ! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەماشای نێوچاوانی ئێوە دەکەم و ترسەکانتان دەخۆێنمەوە . ئێوە وەکوو منداڵێك کە بەراستی سەرقاڵی یاری بێت و بە تەواوی خۆی لە یاریەکە وەر دەدات ، وادەزانن لە ڕاستیدا مەرگ ڕووبەڕووتان بووەتەوەو دەترسن و زاورتان دەتوقیٚ . ئەوەی ڕاستی بێت منیش ئەمەم زۆر پیٚ خۆشە . کاتیٚ تەماشای من دەکەن

www.pertwk.com

وادەزانن دوایین کاتە کانتان هاتووە و منیش وا هەستدەکەم کە ئێوە شەق دەبەن و خۆتان پیس دەکەن . ئەمە گاڵتە نیە: کاتێ ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە (بە تایبەت ئەو پیاوە شێر ڕەوشتانەش) بە خۆتاندا دەچنەوە و بیر لە خۆتان دەکەنەوە . ئەو مەیدانی شەڕانەی وا بە هەزاران جار وێنەیمان کێشاون و ئێوەش پێیان دەزانن ، وەکوو ئەوەی دەگوترێ بۆنی خوێن و گولە و باروت و زرێیان لێنایەت ، بەڵکوو بۆنی گۆشتی گەنیو و گوویان لێدێت .

دەزانم ! بۆ یەکەم جارەکە وێنەی مەرگ دەبینن . ساڵێك بەر لە ئێستا پیرەمێردێکی باڵا بەرز و باریکەڵە کە ژیانی پڕ لە ڕاز و نهێنییە وەستایەکی گەنجی دەعوەت کرد بۆ ماڵی خۆیان (کە منی دەکێشا) . لە ژووره نیوە ڕۆشنەکەی ئەو ماڵە دوو قاتەوە کە بۆ کاری وێنەکێشان بە کار دەبرا بۆنی عەنبەر دەهات ، قاوەیەکیان بە خەستی ئاوریشم پێشکەش کرد . مێشکی گەنجەکەی کردەوە . لەدوایشدا لە ناو ژوورێکدا کەوا بە ڕەنگی شین ڕاخرابوو ، جوانترین لاپەرەی هیندی و فڵچەی تووکی سمۆرە و لاپەرەی زێڕاوی و قەڵەمی جۆرا و جۆر و قەڵەمتراشی مەرجانیان پیشان دا و ئامارژەیەکی وەهایان پێکرد کە پارەی زۆری پێدەدەن و بەو جۆرەش ویست و ئارەزویان بزواند ، لە دوایدا پیرەمێردەکە وتی : "وێنەی مەرگم بۆ بکێشە."

ئەو وێنەکێشە دەست نا ئاساییەی کەوا منی دەکێشا وتی : " من کە لە ژیانمدا مەرگم نەبینیوە چۆن دەتوانم وێنەی مەرگ بکێشم"

پیرەمێردە باریکەڵە درێژەکە وتی : " بۆ کێشانی وێنەی شتێك مەرج نیە لە پێشدا وێنەکە ببینی . "

ئەو شێوە کارەی وا منی دەکێشا وتی : " بەڵێ لەوانەیە کە پێویست نەبێ ، بەڵام ئەگەر بتەوێ وەکوو وێنەی وەستا کۆنەکان جوان دەربچێ ، پێویستە بەرلەوە بە هەزاران جار کێشرابێ . شێوەکار چەندە شارەزا دەبێ با ببێ ، بابەتێکی تازە وەکوو بەر دەستێك دەکێشێ کە ئەمەش هیچ شایەستەی من نیە ، ناتوانم بۆ کێشانی وێنەیەکی مەرگ ، هەموو وەستایی و شارەزایەکەم بخەمە لایەکەوە ، چونکە ئەمە بۆ من وەکوو خودی مردن وایە . "

پیرەمێردە کە وتی : " لەوانەیە ئەم مردنە تۆ نزیکی بابەتەکە بکاتەوە ."

ناسینی بابەت بە ژیان نامانکات بە وەستا بەڵکوو نەبینینی بابەتەکە لە ژیاندا دەمانکات بە وەستا ، جابۆیە پێویستە ئەم وەستایە لەگەڵ مەرگدا ئاشنا ببێت .

بەمجۆرەش وەکوو وەستا گەورەکان کەوا پێکەوە کێبرکێ دەکەن لەگەڵ یەکدا بە ماناوە قسەیان دەکرد و هەموو قسەیەکیان دوو توێ بوو ، لە بەر ئەوەی باس باسی من بوو ، بە وردی و بە باشی گوێم بۆ قسەکانیان ڕادەگرت. گەرمای قسەکانیان وەکوو هی قاوەکەمان وابوو ، تا وەکوو جارێك کار هاتە ئەوێ کە شێوەکارە چاو جوانە دەست دەرئاساییەکە لەگەڵ ئەوەی کە خۆی وەڵامەکەشی دەزانی پرسیارێکی لە پیرمێردەکە کرد و وتی : " ئایا فراوانی و گەورەیی هونەری وێنەکێشەکان لەوە دایە کە کارەکانی وەستا کۆنەکان بە بێ کەموکوڕی دووپات بکەنەوە ؟ یان وەکوو ئەوەیە کە بتوانێ بابەتی تازە بخاتە ناورەسمەکەوە ؟ "

پیرەمێردەکەش وتی : " لەلای وەنیزییەکانی پێوانی بەهێز بوونی نەخشی شێوەکارێك لە دۆزینەوەی بابەتی تازەدایە . "

www.pertwk.com

ئەو شێوەکارەی وا منی دەکێشا وتی : " ونیزییەکان وەکوو وەنیزی دەمرن . "

پیرەکەش وتی : " بەڵام مەرگی هەموو کەس لە یەك دەچێ . "

شێوەکارە ژیرەکەش وتی : " نەخش و ئەفسانە ئەوە نین کەوا هەموو کەس لە یەك بچووێنێ ، بەڵکوو باس لە لەیەك نەچوونیان دەکات ، وەستا بەوە دەبێ بە وەستا کە ئەفسانە لە یەك نەچووەکان بە شێوەیەك بکێشێتەوە کەوا لە ئێمە بچن."

بەم شێوەش قسە هاتە سەر ئەوەی کەوا مەرگی وەنیزی و موسڵمانێك ، هی عیزراییل و فریشەکانی خودا و وێنەی گاورەکان لەگەڵ یەکدا بەراورد ناکرێن . ئەو وەستاییەی وا ئێستا من دەکێشێ و لە قاوە جوانەکەدا تەماشای من دەکات بە دەست ئەم قسە گەورانەوە لە گیانی خۆی بێزار بووە ، دەستەکانیشی ئارامیان نیە و دەیانەوێ من بکێشن بەڵام نازانن کە چۆن شتێکم . تیشکی ئەو چراییەی وا لە ژوورەکەدا بە خوری دەسوتێ کەوتە نێو چاوانی وەستاکە و بریقەی داوە ، پیرەمێردە فێڵ بازەکە وا دەیویست فریوی بدات وتی : " ئەو شتەی وا وەنیزییەکان وەکوو مەرگ کێشاویانە لە شێوەی مرۆڤ دەچێت ، کەچی ئەوەی ئێمە فریشتیەکی وەکوو عیزراییلە لە شێوەی مرۆڤێکدا . وەکوو کاتی دابەزینی قورئانی کەریم کەوا جبرەئیل لە شێوەی مرۆڤێکدا ڕووبەڕووی پێغەمەر بوو بووەوە. تێدەگەی ؟ " .

تێگەیشتم ئەو وەستا گەنجەی وا خوداوەند لێهاتوویەکی پێ بەخشیوە بۆ کێشانی من بێئارامی دەکات . چونکە پیرەمێردە شەیتانییەکە ، ئەو بیرە شەیتانییەی خستبووە مێشکییەوە . ئێمە شتێکمان نەدەکێشا کە هەموو لایەکی ڕووناك بێت ، بەڵکوو دەمانەویست شتێك بکێشین کە ئەگەر بکرێت

نیوەی تاریك بێت . ئەو وێنەکێشەی وا تۆزێکی تر من دەکێشێ وتی : " من مەرگ ناناسم . " پیرمێردەکەش وتی : " هەموومان ئاگامان لە مردنە و لێشی دەترسین و بەڵام هیچ کەسمان نایناسین . تۆ ئەم ترسە بکێشە . "

تۆزێکی تر منی دەکێشا . کاتێ ملی تەزیو دەستی ڕاکێشا وا هەستم کرد کەوا بە نووکی پەنجەکانیەوە بە دوای قەڵەمەکەیدا دەگەڕێ . بەڵام لە بەر ئەوەی وەستایەکی گەورە بوو ، دەیزانی کە ئەو ڕاکێشانە عەشقی نەخش قووڵتر دەکاتەوە ، هەر بۆیە خۆی پێڕاگیرا ،پیرەمێردە تەڵەکە بازەکەش کە دەیزانی تۆزێکی تر وێنەکە دەکێشرێ ، هەندێك بەش لە کتێبەکەی ئەلجەوزی یانی (کتاب الروح) و کتێبی (الاحوال قیامە) ی غەزالی و سویوتی بۆ خۆیندەوە .

بەم شێوەیەش ئەم وێنە کێشە دەست نائاساییە ئەوەی بیست کەوا فریشتەی مەرگ لە ئاسمانەوە دێت و دەچێتە هەموو جێگایەك و باڵەکانی ژۆر هەڵات و ڕۆژ ئاوا دەگرنەوە و هەزاران باڵی هەیە کە هەر یەکەیان بۆ تاوانباران وەك بزمارێکن ، ئەم فریشتەیە باوەش دەکات بە پیاوە دیندارەکاندا و دەیانپارێزێ ، لەبەر ئەوەی زۆرینەی وێنە کێشان دۆزەخین ، منیبە بزمارکوت کراوی کێشا . ئەم فریشتەیەی وا خداوەند بۆ گرتنی گیانی ئێوە دەینێرێت بۆ سەر زەوی دەفتەرێکی پێیە کەوا ناوی هەموو کەسێکی تێدایە . لە هەندێك لە لاپەڕەکانی ئەم دەفتەرەدا هەندێك ناو بە خەتی ڕەش نووسراون و خەتێك کێشراوە بە دەوروو بەریاندا ، بەڵام تەنیا خودا ئاگای لە مەرگی مرۆڤەکانە ودەزانێ کەی دەمرێ ، کاتێ کەسێك بمرێ ، گەڵایەك لە دارەکەی عەرش دەکەوێتە خوارەوە . ئەم گەڵایە بگرن و بیخوێننەوە . بەم شێوەیە شێوەکارەکە گوێی لەوە ڕاگرت کە نۆرەی کێیە و

www.pertwk.com

دەستی بە کێشانی من کرد . بەڵام لەبەر ئەوەی کە وا پیاوێکی بیرەمەند بوو ، منی مەترسیدار ، بەڵام بە حەسێب و کتێبەوە کێشا . لەبەر ئەوەی پیرە مێردە میشك بچووکەکە وەهای خوێند بوەوە کە لە دوای ئەوەی فریشتەی مەرگ قوربانییەکە دەست نیشان دەکات و گیانی دەکێشیّ، ڕووناکییەکی زۆر هەمووجێگایەك دەگرێتەوە ڕۆشنایی دەبێت ، وەستا لاوەکەش منی لە ناو ڕۆشنایی و تیشکدا کێشا ، چونکە دەیزانی ئەوان چاویان بە ڕووناکییەکەی تەنیشت من ناکەویّ .ئەو وێنە کێشە دەرئاساییە گوێی بۆ قسەکانی پیرە مێردەکە ڕادەگرت و سەرەنجی دەدایە سەر ئەو بەشەی (کتاب الروح) کەوا باسی ئەوە دەکات کە قەور هەڵکەنەکان گوتویانە لە نێو قەبرەکەدا لاشەکان بزمار کوتکراون و گڕی ئاگر لە سەر قەبری تازە مردووەکان هەڵدەستێت ، هەر بۆیە لە کاتی کێشانی وێنەکەدا هەموو شتێکی ترسێنەری تێدا جێگیر کرد بوو . بەڵام لە دواییدا پەشیمان بووەوە ، هەڵبەت لەو ترسە پەشیمان نەبووەوە کە وا لە وێنەکەدا جێگیری کرد بوو . بەڵکوو لە هەموو وێنەکە پەشیمان بووەوە ، هەستی منیش وەکوو هی کەسێك بوو کەوا بە شەرم و پەشیمانییەوە باوکی خۆی کەوتبێتەوە یاد .

ئەم وەستا دەست موعجیزاوییە بۆ چی لە کێشانی من پەشیمان بوو بووەوە ؟:

1-لەبەر ئەوەی ناتوانیّ وێنەی من یانی وێنەی مەرگ وەستایانە بکێشیّ ، وەکوو ئەوەی وادەیبیننن و چاوتان پێیدەکەویّ من لە وێنەی وەنیزییەکان و لە هی وەستا هەراتییەکانیش ناچم . ئەم وێنە خرچ و خێلەی وا وەستا گەورەکە شایستەی مەرگی نازانیّ لە لای منیش پەسەند ناکرێت .

2-لەبەر ئەوەی کەوا پیرە مێردەکە بە ڕێگایەکی شەیتانییەوە فریوی دا

بوو و ئەویش بە بیّ مێشکی و لە ناکاوەوە لاسایی نەریتی وەستای ڕۆژ ئاواییەکانی کردبوو ، بۆ یەکەم جار هەستی بەوە دەکرد کە پیاوێکی زۆر سەیرە و بەم بێشەرەفییەی خۆی خەریکە بەرامبەر بە وەستا کۆنەکان بیّڕێزی دەکات و ئەمەش ڕۆحی دەخواردەوە .

3- پێویستە یەکسەر ئەوە بێتەوە عەقڵی ئەو گێل و گەوجانەی وا گاڵتە بە من دەکەن و پێدەکەنن ، کەوا لەگەڵ مردندا گاڵتە ناکردرێت ، ئێستاش ئەو وێنە کێشەی وا منی کێشاوە شەوان بەبیّ ڕاوەستان لە کۆڵاکاندا ڕێدەکات و وەکوو زۆربەی وەستا چینییەکان خۆی بەو شتە دەزانێت کەوا کێشاویەتی .

www.pertwk.com

پارچەی منارە سوور و قوماشی ژنە خەماوییەکان (پشیلە ڕەش دارەکان) و پارچەی مۆر و سووری دوڵمەی بیلەجیکیان داوا کرد بوو ، بەیانی زوو هەموویانم خستە ناو کۆڵەکەمەوە . قوماشێکی سەوزی ئاورێشمینی چینییان بە کەشتی پورتوغاڵی بۆ هێنا بووم ، هەر لەو قوماشە بەڵام ڕەنگە شینەکەیم خستە ناو کۆڵمەوە ، لەبەر ئەم بەفرە بیٚکوتاییەی ئەم زستانە ، بە دەیان جووت گۆرەوی بەنین و پشتوێنی ئەستوور و هەموو جۆرێکی یەلەکی بەنینم بە جوانی دەقکرد و لە کۆڵەکەمدا جێگام کردنەوە . لە دواییدا دەستماڵی ئاورێشمینم بۆ ئەو ژنانە جیا کردەوە کەوا بۆ ورتە و بۆڵە دەچوون بۆ لای یەك . کاسەی پارەشم خستە ناو کۆڵەکەمەوە . کاسەیەکی بە کار هاتووی حەمامیشم هەڵگرت و دەستم برد بۆ کۆڵەکەم . زۆر قورس بوو بوو . ئای پشتم دێشیٚ! ئەم کۆڵە پشتم دەشکێنیٚ . دامنایەوە ، سەر لە نویٚ کۆڵەکەم کردەوە و تەماشام کرد ، بۆ چی دەریان بهێنم ؟ لە دەرگایاندا ، نەسیم دەرگاکەی کردەوە و بانگی کردم. بەر دەرگاکە خەیرییەی لیٚبوو ، چپاندی بە گوێمەوە و وتی شەکورە خان ئەمەی ناردووە . ناو چاوم دا بەیەکدا ونامەکەم لیٚوەر گرت ، لە دواییدا کچە گەوجەکەم حاڵی کرد (بۆ ئەوەی لە کاتی گەڕانەوەدا کەس نەیبینیٚ) . نەسیم سەیری دەکردم . ئەو کاتانەی کە نامەکەم پیٚدەبوو ، کۆڵەزل و سووکەکەم هەڵدەگرت . وتم : " کچی زاواچەلەبی لە ئاگری ئەویندا پل پل دەسووتیٚ ، خەریکە بە تەواوی عەقڵی ئەو بیٚچارەیە لە سەری دەر دەپەڕیٚ . " قاقایەکم لیٚدا و ڕۆیشتمە دەرەوە، بەڵام یەکسەر شەرمێکی سەیر هەموو جەستەمی داگرت . لە ڕاستیدا نەمدەویست گاڵتە بە عەشقەکەی شەکورە بکەم ، بە پیٚچەوانەوە تەنانەت دەمویست جارێك بۆ ئەو حاڵە خەمبارەی

بگریم و فرمێسکی بۆ هەڵبڕێژم ، چەندە جوانیشە کچە جوانە خەمبارەکم ! بەو بەیانییە ساردە بە پەلەپەل لە پیٚش ماڵە شڕۆڵەکانی گەڕەکە تەنیا و بیٚچارەکەی ئیٚمەی جوولەکەوە تیٚپەڕ بووم . لە دواییدا لە کۆڵانەکەی ماڵی حەسەندا چاوم بەو سواڵکەرە کویٚرە کەوت کەوا لە گۆشەیەکدا جیٚگای خۆی گرتبوو و پاڵیدا بوو و تەماشای هەموو شتێکی دەکرد . بە هەموو تواناییەکەمەوە قیڕاندم و گوتم : "بوخچەچی هاتووە . "

وتی : " ژنی قەڵەوی عفریتە ! نەش قیڕێنی خۆ هەر لە دەنگی پیٚتەوە دەتناسمەوە . "

وتم : " چەپەڵی کویٚر ! تاتاری بیٚخیٚر ! کویٚرەکان کە سانێکی خراپ و بەڵان کە خودا لە خۆی دووری کردوونەتەوە ، خودا تووشی شەڕت بکات ،ئاخر شەر! "

جاران لەم شتانە تووڕە نەدەبووم و گوێشم لیٚنەدەدا ، باوکی حەسەن دەرگاکەی کردەوە ، ئابازییەکی چەلەبی و ناسکۆڵەیە . وتی : " بابزانم ئەم جارە چیت بۆ هیٚناوین . "

– : " کوڕە تەمبەڵەکەت هیٚشتا لە خەودایە ؟ "

–: " خەوتووە ؟ چاوەڕوانی هەواڵێکی تۆیە ، چاوی لە ڕیٚتە . "

ئەم ماڵە ئەوەندە تاریکە کاتیٚ دەچمە ناوەوە وادەزانم دەچمە نیٚو قەبرەوە . شەکورە هیچ پرسیاری ئەوە ناکات کە ئەمانە چیدەکەن ، بەڵام هەر جارە و بە شیٚوەیەك باسی بۆ دەکەم کە جارێکیتر بیر لە گەڕانەوە بۆ ئەو ماڵە نەکاتەوە . تەنانەت خەیاڵی ئەوەش شتێکی سەختە کە ماوەیەك شەکورە کەیوانۆی ئەم ماڵە بوو بیٚ و لەگەڵ منداڵە چەتوونەکانیدا لیٚرەدا ژیانی بردبیٚتە سەر . ناوەوە بۆنی خەو و مەرگی لیٚوە دهات ، ڕۆیشتمە

www.pertwk.com

ژوورەکەیترەوە و خۆمم خستە ناو تاریکاییەکی قووڵترەوە ، چاو چاوی نەدەبینی ، هێشتا نامەکەم دەرنەخستبوو کە حەسەن پەیدا بوو ، هاتوو نامەکەی لێوەرگرتم . وەکوو هەموو جارێك بەرمدا بۆ ئەوەی مەراقەکەی بکوژێتەوە ، یەکسەر سەری لە سەر نامەکە هەڵگرت و وتی : " شتیترت نەهێناوە ؟ " بەڵام خۆی باشی دەزانی کە هیچیترم نەهێناوە .

وتی : " ئەمە نامەیەکی کورتە " و خوێندییەوە : " ڕەشە ئەفەندی ! لەبەر کتێبەکەی باوکم هاتووچۆی ماڵی ئێمە دەکەی و تەواوی ڕۆژ لێرە دادەنیشی ، بەڵام بە گوێرەی ئەو شتەی کە بیستوومە تەنانەت ڕەستەیەکیش نانووسی . تاوەکوو کتێبەکە تەواو نەکەی بە هیچ جۆرێك خۆت ئومێدوار مەکە . " نامەکەی لەدەستدا بوو ، وەکوو ئەوەی کە هەمووی ئەو شتانە قەباحەتی من بیٚ و من تاوانبار بکات ، ئاوەها سەیری چاومی دەکرد . حەز لە ئەمانەی ناو ئەم ماڵەو بێدەنگییەکەی ئێرە ناکەم .

– : " ئیدی باسی هاوسەردار بوونەکەی ناکات و ناڵیٚ کە مێردەکەی لە شەڕ دەگەڕێتەوە . لەبەر چی ؟ "

– : " من بۆ بزانم ، لەبەر چی ؟ خۆ من ئەم نامانە نانووسم . "

– : " جارجار گومان لەویش دەکەم" و.. نامەکە و پێنج شەش ئاکچەی پێدام.

وتم : " هەندێك لە مرۆڤەکان کاتیٚ قازانجی زۆرتریان دەستدەکەویٚ ، زیاتر چەپەڵ و پیس دەبن "

ئەم حەسەنە لایەنێکی شەیتانی و جۆرە زەکایەکی تێدایە کە کاتیٚ مرۆڤ لێی تێدەگات ، ئەوسا دەزانیٚ کە بۆچی تاوەکوو ئێستا شەکورە نامەکانی وەردەگریٚ"

– : " کتێبەکەی باوکی شەکورە چیە ؟ ئەزانی چیە ئەڵێن پادشا هەموو پارەکەی دەدات . لەبەر وێنەکانی ئەو کتێبە شێوەکاران یەکتری دەکوژن، نازانم ئەمە لەبەر پارەکەیەتی یان ــ حاشا ــ لەبەر ئەوەی وا لە بەرامبەر دینەکەماندا کوفر و بێڕزی تێدایە ، ئەڵێن کەسێك سەیری بکات یەکسەر کوێردەبێت . " کاتێك ئەمانەی دەگووت بە شێوەیەك پێدەکەنی کە مرۆڤ تێدەگەی پێویستیە بە جدی وبە وریایی تەماشای بکات . ئەگەر قسەیەکی جدیشبایە ، بە گوێرەی ئەو لایەنێکی تێدا نەبوو کەمن بەڕاستی وەربگرم . حەسەنیش وەکوو هەموو ئەو پیاوانەی کە نامەکەیان دەبەم و دەیهێنم کاتێك غروری دەشکا منی بچوك دەبینی . منیش لەبەر ئیشەکەم وەها دیار دەکەم کە زۆرم پێناخۆش بووە ، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دڵی ئەوان خۆش ببێت . بە پێچەوانەشەوە کاتیٚ کچان غروریان دەشکیٚ باوەشم پیا دەکەن و دەگرین . حەسەن لەبەر ئەوەی کە دەیزانی دڵم شکاوە وتی:" تۆ ژنێکی ژیری ، زوو ئەمەی بۆ بەرە ، زۆر حەزدەکەم بزانم وەڵامی ئەو گەوجە چیە . " لە دڵمەوە دەمویست بڵێم ڕەشە پیاوێکی گەوج نیە. لە وەزعیەتی وەهادا ئەو پیاوانەی ڕەقیبی یەکترین پارەیەکی زۆر چاك دەدەن بە ئەستەر ، بەڵام لە قەیرانی ڕەقێکی ناکاو ترسام و خۆمم ڕاگرت . کاتیٚ دەر کەوتم گوتم : " لەتەچنەکەی سەر سووچەکە ، زۆر بیٚتەربیەتە . " و لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەو کوێرەدانەبیٚ بە قسە و باسمان لەو سەریتری کۆڵانەکەوە ڕۆیشتم . و بەو بەیانییە زووە چوومە ناو بازاڕی مریشکەکانەوە . بۆچی میلەتی موسوڵمان سەر و قاچی مریشك ناخۆن ؟ ئوی لەمانە کە سەیرن !

دایکم (خوڵی قەبرەکەی زۆربیٚ) دەیگوت کاتیٚ کە لە پورتوغاڵەوە هاتوون بۆ ئێرە لەبەر ئەوەی قاچی مریشك هەرزان بووە هەموو کات

www.pertwk.com

کڕیویانە و بە کولاوی خواردوویانە . ژنێکم بینی کە کوێلەکان ئەملا و ئەولایان گرتبوو، زۆر لە خۆبایی بوو ، لەوە دەچیٚ ژنی پاشایەك ، یا خود کچە دەوڵەمەندێك بێت ، تەماشایەکم کرد و هەناسەیەکم هەڵکێشا ، لەوانەشە کەسێك بێت عەقڵی بستێك لە زەوی بەرزتر بێت ، لەوانەشە مێردەکەی لە شەڕی سەفەویدا دەستکەوتێکی زۆری هێنابیٚ . شەکورەش وەکوو ئەم ژنە لەخۆباییە دەژیا . لە هەموو کەسێك زیاتر ئەو شایستەی ئەم شتانەیە .

کاتیٚ گەیشتمە کۆڵانەکەی لای ماڵی ڕەشە دڵم توندتر لێیدەدا . ئایا دەمەویٚ شەکورە لەگەڵ ئەم پیاوەدا ژیانی هاوسەری بکات ؟ هاوسەنگی نێوان پێوەندیدار بوون و بیٚپەیوەندی بوونی شەکورە و حەسەن ڕادەگرم ، بەڵام ئەوەی ئەم ڕەشەیە چۆن دەبێت ؟ عەشقەکەی بەرامبەر شەکورە نەبیٚ ئەویتر ڕێك و پێکە .

بۆخچەچی !!! نامەدایین بە دەستی ژنی بیٚمێرد و پیاوی بیٚژن و کوڕ و کچیعاشق بەیەك کە تۆزێك گێل و گەوجیش دەبن ناگۆڕمەوە بە هیچ شتێکیتر .

دڵنیام لەوەی ئەگەر بەر لەوەی ئەو نامەیە بخوێننەوە کەوا تازە گەیشتووەتە دەستیان هەواڵێکیخراپیشیان پێبگات ، دیسان هەستێکی هیواداری دەروونیان دادەگرێت . لەبەر ئەوەی شەکورە باسی گەڕانەوەی مێردەکەی نەکردووە و بۆ ئومێدوار بوونی ڕەشەش مەرجی داناوە ، من خۆم ماڨ دەدەم بە ڕەشە ئەگەر هیوادار بێت ، بە تامێکەوە تەماشای خوێندنەوەی نامەکەیم کرد . لە خۆشیدا هەڵچوو بوو . تەنانەت تۆزێکیش ترسا بوو . کاتیٚ بۆ نووسینی وەڵامی نامەکە ڕۆیشتە دواوە ، منیش وەکوو

ئەوەی هەمووژنێکی ژیری بۆخچەچی دەیکات جانتایەکی ڕەشی پارەم دەرهێنا و نیشانی ژنە خاوەن ماڵەکەی ڕەشەمدا و وتم : "ئەمە لە باشترین چادری ئێرانییەوە دروست کراوە ." وتی : " کوڕەکەم لە شەڕدا کوژراوە ، تۆ نامەی کێت هێناوە بۆ ڕەشە ؟ " لە ڕوومەتیەوە وەهام دەخوێندەوە کە کیٚ دەزانیٚ لەوانەیە کچە لە ماڵ ماوەکەی خۆی یا خود هی کەسێکیتری بۆ شێرە کوڕێکی وەکوو ڕەشە دانابیٚ .

– : " هی هیچ کەس نیە ، یەکێك لە خزمەکانی لە ژوورەکانی بایرام پاشادا خەریکی مردنە و داوای پارەی لێکردووە . " بەبیٚ ئەوەی بڕوا بکات وتی : " هەیڕۆ ، کێیە ئەو بیٚبەختە ؟ " لە ڕەقاندا منیش گوتم : " کوڕەکەت لە شەڕدا کوژراو بوو ؟ " لە دوایشدا بە دوژمنایەتییەکەوە سەیری یەکمان کرد . بێوەژنێکی تەنیا و تاکەس ژیانەکەشی چەندە سەخت و زۆرە !

ئەگەر بن بە ژنێکی دەسفرۆش و نامەبەری وەکوو ئەستەر ، ئەوا تێدەگەن کە تەنیا دەوڵەمەندی ودەسەڵات و داستانی بیٚوێنەی عەشق دەتوانیٚ واله مرۆڤ بکات کە خاوەن مەراق و زانخواز بێت . خەم و جیابوونەوە و بەخیڵێبردنەوە و تەنیایی و دوژمنایەتی و فرمێسك و ورتە و بۆڵە و دەماودەم بوونی قسە و هەژاری و نەداری بێکۆتایی وەکوو کەلوپەلەکانی ئەم ماڵە هەمووی لەیەك دەچن : گڵێمە کۆنێکی ڕەنگین کە ڕەنگی چووە و کاڵ بووەتەوە ، قاپ و کەوچکێك لەسەر سینییەکی بۆرەك ، دوو سندووقی گەورە و بچووکی کۆن و لەکار کەوتوو ، بێوەژنێك کەوا دیارە هێشتا تەنیایە و شمشێرێکی کۆن بۆ ترساندنی دز و جەردە . ڕەشە گەڕایەوە و چووە لای کاسەیەك کەچمکی ڕووپۆشەکەی زەنگۆڵەی پێوەیە .

www.pertwk.com

لە دواییدا بۆ ئەوەی کە ژنە مەراقدارەکەی خاوەن ماڵیش گوێی لێبێ بە دەنگێکی بەرز گوتی : " ژنی بۆخچەچی ! ئەمە بگرە و بیبە بۆ ئەو نەخۆشە بێچارەیە و پێیبڵێ ئەگەر وەڵامێکی هەبوو چاوەڕوانی دەکەم ، ئەمڕۆش لە ماڵی زاواکەمانم" هیچ پێویستییەك بەم گەمە و یارییانە نیە ، نابێ بۆ کوڕێکی هەرزەکاری وەکوو ڕەشە نامە و دەستماڵ ناردن و ئیشارەت وەرگرتن و گەڕان بە دوای هەڵبژاردنێ کچێکدا عەیب بێت . نەکا بەراستی لەبەر ئەوەبێ کە چاوی بڕیبێتە کچی خاوەن ماڵەکە ؟ جارجار هیچ بڕوام بە ڕەشە نایەت و زۆر لەوە دەترسم کە لە دواییدا شەکورە هەڵخەڵەتێنێ . سەرەڕای ئەوەی تەواوی ڕۆژ لە ماڵێکدا لەگەڵ شەکورەدا دەمێنێتەوە کەچی ناتوانێ ئیشارەتێکی لێبدات . لە کۆلانەکەدا جانتاکەم کردەوە، لەگەڵ نامەیەکدا دوانزە ئاکچەی تێدا بوو . زۆر دەمویست کە بزانم چی تێدایە ، هەر بۆیە بە هەڕا کردن بەرە و لای حەسەن ڕۆیشتم . لەبەر دووکانی میوە فرۆشەکاندا کەلەرم و گێزەریان دانا بوو ، بەڵام تەنانەت تاقەتی ئەوەشم نەبوو کە بڕۆمە لای ئەو پیاوانەی وا هاواریان دەکرد و دەیانگوت وەرە ئەستەر ، وەرە دەستێکمان لێبدە بزانە چۆنین ، کە ڕۆیشتمە ناو کۆڵانەکە ، لەتە چنە تاتارەکە دیسان دەستی بە قسە کردن کرد . وتم : " سەیرە بەخوا ! " و تفێکم کردە نێو چاوانی ، ئەم سەرما و سۆڵەیە بۆ چی ئەم ناپیاوە نابەستێ و نایکوژێ ؟ . حەسەن نامەکەی لەبەر خۆوە دەخوێندەوە ، منیش بە زۆری خۆمم ڕادەگرت . لەدواییدا خۆمم پێڕانەگیرا و گوتم : " بەڵێ ؟ "

ئەویش دەستی بە خوێندنەوەی نامەکە کرد :

" شەکورە خان گیان ! داوای تەواو کردنی کتێبەکەی باوکتم لێدەکەی ، بابزانی لەوە زیاتر هیچ مەبەستێکم نیە و هەر بەو ئامانجەش هاتووچۆی

ماڵی ئێوە دەکەم . وەکوو ئەوەی جاری پێشوو خۆیشت باستکرد بوو ، مەبەستم تێکدانی ئاسوودەیی ئێوە نیە ، ئێستا بە باشی هەست بەوە دەکەم کە عەشقی من بەرامبەر بە تۆ دەردی خۆمەو بەس. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هەر لەبەر ئەم عەشقەش ناتوانم دەست بۆ قەڵەم بەرم و ئەو کتێبە بنووسم وا باوکت داوای لێکردوم ، هەر کات هەست بە هەبوونی تۆ لەو ماڵەدا دەکەم وشك دەبم و ڕادەوەستم و ناتوانم هاوکاری باوکت بکەم . زۆر بیرم لێکردەوە ، ئەم شتە تەنیا یەك هۆی هەیە ، ئەوەش ئەوەیە کە لە دوای دوانزە ساڵ تەنیا یەکجار ، ئەویش لەبەر پەنجەرەکەوە چاوم بە ڕوخسارت کەوت ، ولە لەدەستدانی ئەو خەیاڵە زۆر دەترسم . ئەگەر جارێکی‌تر لە نێزیکەوە تۆم بدیبایە ، ئیدی لە ونکردنی تۆ نەدەترسام و کتێبەکەی باوکیشم بە ئاسانی دەنووسی .شەوکەت دوێنێ بردمی بۆماڵە چۆڵەکەی جوولەکە هەڵواسراوەکە ، لەو ماڵە چۆڵەدا کەس نامانبینێ ، ئەمڕۆ دەبێ یان هەرکاتێك کە تۆ بتەوێت دەتوانین بچین و لەوێ یەکتری ببینین . شەوکەت دەیگوت ، دوێنێ لە خەوتدا مێردەکەت بە مردوویی بینیوە . " لە هەندێك جێگای نامەکەدا زیکەزیکی دەنگی حەسەن وەکوو هی ژنێکی لێدەهات و لە هەندێك جێگاشدا وەکوو عاشقێکی سەرشێت و دەنگ لەرزۆك قاقای لێدەدا و پێدەکەنی . ڕستەی " دەمەوێ جارێکی‌تر بتبینم " ی بە شێوەیەکی گاڵتەپێکردن و بە فارسی گوتەوە و وتی :" کە بینینی شەکوورە هیوایەکی پێدا ، یەکسەر کەوتە ناو مامەڵەکردنیشەوە ، ئەم مامەڵەکردنانەش کاری عاشقێکی ڕاستەقینە نیە". بە هەموو پاکییەکی خۆمەوە گوتم :" بەڕاستی عاشقی شەکورەیە ".

– :" بەم قسەیەت ئەوەت سەلماند کە لایەنگری لە ڕەشە دەکەیت . هەر

www.pertwk.com

ئەوەی کە وتوویەتی کاکەی منی لە خەودا بە مردوویی بینیوە ، خۆیماناى ئەوە دەدات کە مەرگی مێردەکەی قبوڵ دەکات ".

منیش وەکوو گەمژەیەك وتم :" ئەمە تەنیا خەیاڵێکە ."

وتی : " خۆم دەزانم کە شەوکەت چەندە ژیر و فێڵبازە . چەند ساڵی تەواو پێکەوە لەمماڵەدا ژیاوین، ئەگەر زۆر لێکردنی دایکی نەبایە ، شەوکەت ڕەشەی نەدەبرد بۆ ماڵە چۆڵەکەی جوولەکەکە . شەکورە ئەگەر وادەزانیٚ کە دەتوانیٚ کاکەم و ئێمەش لە دوای خۆیەوە بهێڵێتەوە و پشتمان تێبکات زۆر بە هەڵەدا دەچێت، کاکەم هێشتا سەلامەتە و لە شەڕیش دەگەڕێتەوە . " قسەکەی هێشتا تەواو نەکرد بوو کە ڕۆیشتە ژوورەکەی ناوەوە ، دەیویست بە ئاگری ئاگردانەکە مۆمێك داگرسێنیٚ کە دەستی سووتا ، قیڕەیەکی بەرزی لێوە هات ، لە دواییدا بە دەست لێسانەوە چراکەی داگیرساند و داینایە سەر مێزەکە. لە ناو دەواتەکەوە قەڵەمێکی ئامادەی دەرهێنا و لەسەر لاپەڕەیەك بە پەلەپەل هەندێك شتی نووسی . وا هەستمکرد کە پێیخۆشە سەیری دەکەم ، بەڵام بۆ ئەوەی نەترسی خۆمی پێنیشان بدەم بە هەموو توانایەکەمەوە بزەیەکم لێدا .

– : " ئەم ماڵە هی کام جوولەکەیە ، تۆ دەزانی ؟ "

– : " تۆزێك لەو لای ماڵیانەوە ماڵێکی زەردی لێیە، ئەوەیە . ئەڵێن پزیشکی خۆشەویستی پادشا کە زۆر دەوڵەمەندیش بووە لە دوای ئەوەی جووولەکەکانی (ئاماسیا) دەکەونە ناو مەترسییەوە ، بەیارمەتی پادشا براکەی خۆی لەوێدا شاردۆتەوە (بە قسەی ئەوانە) ساڵانێك بەر لە ئێستا ڕۆژێك بەرلە جەژنی بیٚهەویر لە گەڕەکی جوولەکەکاندا لاوێکی ڕوومی ون بووە و لە دوایشدا ژنەکەی سەر دەبڕن کە خەریکی ئامادەکاری جەژنی بیٚهەویرە . کە شایەتی درۆینە دەردەکەون و یەهودییەکان تاوانبار دەکەن ،

کوشتاری یەهوودییەکان دەستپێدەکات . پزیشکی پادشاش براکەی و ئەم ژنە جوانە دەفڕێنیٚ و بە یارمەتی پادشا دەیانشارێتەوە ، پیاوەکەیان هەڵواسی و لە سیٚدارەیاندا ، بەڵام تاوەکوو مردنی پادشا کەس دەستی لە ژنەکە نەدا . "

حەسەن وتی : " ئەگەر شەکورەش چاوەڕێی هاتنەوەی کاکم نەکات ، سزای دەدەن" ونامەکانی پێدام . لە ڕوومەتیدا لەباتی کین و نەفرەت ، بیٚبەختی و بیٚئومێدی تایبەت بە عاشقان دیار بوو . لە چاوەکانیدا وەها دیار بوو کە عەشق لە ماوەیەکی کورتدا ئەم پیاوەی پیر کردووە . ئەو پارەیەش کە قازانجی دەکرد ، گەنجی نەدەکردەوە . لە نیگا شکاوەکانیدا وەها دیار بوو کە دەیەویٚ پێم بڵیٚ چۆن دەتوانم شەکورە فریو بدەم .بەڵام گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی کەوا لەبەر خراپی خۆی پرسیاری ئەمەشی نەدەکرد . کاتیٚ مرۆۋ ئەوەی پیٚقبووڵ کرا کە کەسێکی باش نیە ــ (کەرەتکران لە عەشقدا کاریگەرییەکی زۆری هەیە) ــ دوابە دوای ئەوە شتی مەترسیدار خۆی لە خۆیەوە دێت. چاوم بەو شتە کەوت کە منداڵەکان باسیان کرد بوو، ئەو شمشێرە سوورەم بینی کەوا هەر شتێکی بەربکەویٚ دەیبڕیٚ. ئەوەندە ترسام کە وەکوو ئەوەی بمەویٚ هەڕا بکەم بە زۆری و بەپەلەپەل خۆمم خستە ناو کۆڵانەکەوە . لەبەر ئەوەش بە خۆڕایی کەوتمە بەر قسە و جنێوی لەتەچنە تاتارەکەوە . بەڵام خۆمم کۆ کردەوە و بەردێکی بچووکم لە زەوی هەڵگرت و خستمە ناو دەستماڵەکەیەوە و گوتم : " بگرە ، تاتاری گەڕ . " بەبیٚ ئەوەی پێکەنم تەماشای ئەوم دەکرد کە چۆن دەست دەبات بۆ بەردەکە کەوا دەزانیٚ پارەیە . گوێم نەدایە جنێوەکانی و ڕۆیشتمە ماڵی یەکێك لەو کچانەی کەوا دابووم بە شوو .

کچە شیرینەکەم بۆرەکێکی ئەسپەناخی پێدام ، هی دوێنیٚ بوو ، بەڵام

www.pertwk.com

کرتە کرتەکەی مابوو ، بۆ نیوەڕۆش گۆشتی بەرخی لێدەنا ، وەکوو ئەوەی وا من حەزی لێدەکەم ، پڕی کرد لە هێلکە و بە هەڵوژەش تۆزێك ترشی کرد و لێیگەڕا بۆ ئەوەی باش دەم بکێشێ . لەبەر ئەوەی دڵی دانەمێنێ دانیشتم و بە نانی گەرمەوە تۆزێکم لێخوارد. خۆشاوی ترێشی لێنابوو ، بەبێئەوەی شەرم بکەم داوای دۆشاوەکەشم کرد و کەوچکێکم لەگەڵ خۆشاوەکەدا تێکەڵکرد و بۆ ئەوەی خواردنەکە بکوتێتەوە خواردم و لە دواییدا نامەکانی شەکورە خەمبارەکەم برد .

((من شەکورەم)) (26)

کاتێ خەیرییە وتی ئەستەر هاتووە ، خەریکی خستنە ناو دۆڵابی ئەو جەلانە بووم وا دوێنێ شتبوم . خەریك بووم بڵێم ... ، بەڵام با درۆتان پێنەڵێم ، لە بەر چی درۆتان لەگەڵدا بکەم ؟ باشە ، کاتێ ئەستەر هات لە کونی دۆڵابەکەوە تەماشای ڕەشەم دەکرد کەلەگەڵ باوکمدا دانیشتبوو ، لە لایەکی تریشەوە زۆر بێ ئارام بووم و چاوەڕوانی هاتنی نامەکانی ڕەشە و حەسەنم دەکرد ، بۆیە عەقڵیشم لە لای ئەستەر بوو . لە بەر ئەوەی ترسی باوکم لە مەرگ پشتی بە گومانێکی بەحەقەوە دەبەست ، منیش ترس دایگرتبووم . هەروەها ئەوەشم دەزانی کە عەشقەکەی ڕەشەش لە بەرامبەر من تا سەر نیە و ئەوەها نامێنێتەوە . ڕەشە چەندە عاشقە ، ئەوەندەش بیر لە هاوژینی دەکاتەوە . هەر لە بەر ئەم ویستی هاوژینیەشە کەوا زوو عاشق دەبێ . ئەگەر منیش نەبم و بیەوێ لەگەڵ کەسیتردا هاوژینی بکات ئەوا عاشقی ئەو ژنەش دەبێت. خەییریە ئەستەری بردبووە ناو موتبەخەکەوە و شەربەتێکی ئاوی گوڵی دابوو بەدەستیەوە، لەو ساوەی کە باوکم دەچووە

سەر باسەکە و قسەی دەکرد گومانم لەوە کرد بوو کە خەیرییە هەموو ئەو شتانەی وا ڕوو دەدەن دەیگێڕێتەوە بۆ باوکم . زۆر دەترسام .

ئەستەر وتی : " چاو ڕەشەکەم ! کچە بەخت ڕەشەکەم ! لەبەر ئەوەی بەرازەکەی مێردم نەیدەهێشت درەنگ هاتم. باشی ئەوەیە کە تۆ مێردت نیە تا بچێ بە گژتا ، نرخی ئەم شتە بزانە . " کەنامەکانی دەرهێنا ، پەلاماری دەستیمدا و وەرمگرت ، خەیرییە لە دەوروبەرماندا نەبوو ، بەڵام دەمزانی کە ئێستا خۆی لە شوێنێکدا مەلاس داوە ، بۆ ئەوەی کە چاوی بە ڕوومەتم نەکەوێ ، پشتم هەڵکردە ئەستەر و نامەکەی ڕەشەم لە پێشدا خوێندەوە . کە بیرم لە ماڵە چۆڵەکە کردەوە لە ناکاو لەرزەیەك هەموو گیانمی داگرت . بە خۆمم وت مەترسە شەکوورە ! تۆ توانایی ئەوەت هەیە کە ڕوو بە ڕووی هەموو شتێك بیتەوە. نامەکەی حەسەنم خوێندەوە ، ئەویش خەریك بوو هاربێ : " شەکوورە خان : خەریکە پل پل دەسوتێم ، بەڵام دەزانم کەتۆ هیچ خەمێکت نیە ، شەوان لەدوای خەیاڵی تۆوە خۆم لەتەپۆڵکە بێدەنگەکانەوە بەردەدەم و هەڕا دەکەم . دەزانم کە ئەو نامەیەی وا بۆ تۆم ناردوون، دەیانخوێنیتەوە ، بەڵام هەر جارێك بێ وەڵام دەیانهێڵیتەوە ، ئەمەش وەکوو ئەوە وایە کە تیرێکی سێ سەر لە دڵم کەوتبێ . لە بەر خۆمەوە وتم لەوانەیە وەڵامی ئەمەیان بداتەوە بۆیە نووسیم . بیستویانە و قسەکەت دەم بە دەم گێردراوەتەوە و دەڵێن کە بە مناڵەکانت گوتوە خەوم بینیوە کە مێردەکەم مردووە و ئیدی منیش بووم بە بێوە ژن . نازانم ئەمە ڕاستە یان نا ،بەڵام تەنیا شتێك کە من دەیزانم ئەوەیە کە تۆ هاوسەری براکەمی و ئەندامێکی ئەم بنەماڵەی . ئیدی لەبەر ئەوەی کە باوکم حەقم پێیدەدا، ئیمرۆ دەچین بۆ لای قازی بۆ ئەوەی کە تۆ بگەڕێنینەوە . لەگەڵ

www.pertwk.com

چەند پیاوێکدا دین بە دواتا ، با باوکیشت ئاگادار بێ، کۆڵ و بارەکەت حازر کە ، دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵ . وەڵامەکەم بە ئەستەردا بۆ بنێرە . " بۆ جاری دووهەم نامەکەم خوێندەوە و تەماشای ئەستەرم کرد . بەڵام لە بارەی هیچ کامیانەوە شتێکی تازەی پێنەگوتم . قەڵەمێکم لە پاڵ مەنجەڵەکەدا شاردبووەوە ، دەرم هێناو لاپەڕەیەکم خستە سەر تەختەی نانەکەو خەریك بوو نامەیەك بۆ ڕەشە بنووسم کە ڕاوەستام . شتێك هات بە مێشکمدا ، گەڕامەوە و تەماشای ئەستەرم کرد، شەربەتەکەی وەکوو منداڵێکی گووپن هەڵقووڕاند ، کە تەماشام کرد وامزانی کە دەزانم ئەستەر ئاگادارە لەو شتەی کەوا من بیری لێدەکەمەوە . شتێکی زۆر پڕ و پووچە و فڕی بە ڕاستیەوە نیە . قەڵەم و کاغەزەکەم خستەوە جێگای خۆی و بزەیەکم بە ڕووی ئەستەردا لێدا . وتی : " سەیر کە چ شیرین دەکەنیٚ کچە جوانەکەم ، خەمت نەبیٚ هەموو شتێك بە خۆشییەوە کۆتایی پێدیٚ . هەر پەنجەیەکت هونەرێکی لێدەباریٚ ، کچێکی ژیر و دانامەی ، بە سەدان کەسی دەوڵەمەند و وبەدەیان پاشا لەم شارەدا هەن کە ببن بە هاوسەرت . " دەزانن کە جار جار بڕوامان بە شتێك هەیە . بەڵام کاتێك باسی دەکەین بە شێوەیەکیتر دەیگێڕینەوە ، و لە دوایشدا دەڵێن بۆچی من وادەکەم ؟ ! لەگەڵ ئەوەی بڕوام بە شتەکە هەیە دیسان بە شێوەێکیتر باسی دەکەم !

– : " بەڵام ئەستەر ! کیٚ ئامادەیە لەگەڵ بێوەژنێکدا ببێت بە هاوسەر کە دوو منداڵی هەتیووی هەبێت ؟ "

– : " لەگەڵ تۆدا ؟ ! زۆر کەس هەن کە دەیانەویٚ " تەماشای نێو چاوانمی کرد . وەها بیرم دەکردەوە کە حەزی لێدەکەم . ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بێدەنگ دانیشتم . کە زانی نامەی پێنادەم و تەنانەت پێویستە کە

بچیٚ ، یەکسەر کۆڵەکەی هەڵگرت و ڕۆیی . نازانم چۆن پێتان بڵێم ! لە دوایی ڕۆیشتنی ئەرستەریش هەروا بێدەنگ مابوومەوە و لە گۆشەیەکدا بۆخۆم دانیشتبووم . دوایی هەستامە سەر پیٚ و پاڵمدا بە دیوارەکەوە وە لەسەر پیٚ مامەوە . بیرم لە خۆم دەکردەوە ، چیبکەم ؟ چی لەو ترسە بکەم کەوا لە دڵمدا گەورەتر دەبێت ؟

لەم بەینەدا گوێم لە دەنگی ئورهان و شەوکەت بوو کە لەسەرەوە پێکەوە لەگەڵ یەکدا قسەیان دەکرد . شەوکەت دەیگووت :" وەکوو ژن ترسنۆکیشی " ئورهان دەیگوت :" تۆ لە دواوە هێرش دەکەیت ، ددانم دەلەقێتەوە " لە لایەکی تریشەوە ئەقڵم لەلای قسەو باسەکانی باوکم و ڕەشەبوو . لە بەرئەوەی دەرگا شینەکەی ژوری نەخشەکێشان کراوەبوو ، بە ئاسانی گوێم لە هەموو شتێك دەبوو . باوکم وتی :" لەدوای تەماشاکردنی وێنە کەسی‌یەکانی (پۆرترا) وەنیزەیەکان مرۆۋ بە ترسێکەوە تێدەگات کە لەو وێنەدا چاوی هەر کەسێك لەیەك ناچێت وە شتە خرۆڵەیەکی کۆن نیە ، بەڵکوو بەپێچەوانەوە وەکوو ئاوێنە گەڕانەوەی ئەوە دەکات و وەکوو چاڵەئاویش پڕ دەبێت و دەقاو دەق وەکوو چاوی ئێمەیە . لێوەکان وەکوو لاپەڕە شتانێکی ڕێك و ڕاست نین کەوا لەسەر ڕومەت کێشرابیٚ ، بەڵکوو بە جەم بوونەوە و نەرم بوونەوەی خۆیانەوە گوزارشت لە خۆشی و ناخۆشی و ئازارەکانمان دەکەن . هەر لێۆێك سوورێکی جیاوازە و گرێیەکی واتادارە . لوتیش ئەوە نیە کەوا وەکوو دیواری بەین تەنیا ڕوومەتمان بکا بە دوو کەرتەوە . بۆیە هەر وێنەیەك شتێکی جیاواز و بوونەوەیەکی زانخوازە " داخۆ کاتیٚ باوکم بە ناوی ئێمەوە باسی ئەو گاورانەی دەکرد کە وا وێنەکانیان دروست کردووە ڕەشەش هەر وەکوو من سەری سوور دەبیٚ یان

www.pertwk.com

نا ؟ لە کۆنەوە سەیرم کرد ، ڕەشە ڕەنگی هەڵگەڕابووەوەو کاڵ بووبوو ، بۆ ساتێك زۆر ترسام . ڕەشە ئەسمەرەکەم ! گیانەکەم ! پاڵەوانە خەمبارەکەم ! لە وە دەچێ شەو خەوت لێنەکەوتبێ‌و بیرت لەمن کردبێتەوە بۆیە ئەوەها ڕەنگت هەڵگەڕاوە ؟ لە وانەیە کە نەزانن : ڕەشە پیاوێکی باریکەلە و باڵا بەرزە ،کوڕێکی قۆز و ناو چاو پانە و چاوەکانی وەکوو بادام کێشراوەیە ، لوتێکی جوان و گەورەی هەیە ، دەستەکانی وەکوو کاتی منداڵی هەروا درێژە ، پەنجەکانی زۆر جوڵە جوڵ دەکەن ، کاتێ هەڵدەسێتەوە وەکوو تولێك وایە، ڕێك و بەرزو ناوشان پانە. لە منداڵیدا سینە و دەم وچاویشی جێگای خۆی نەگرتبوو . لە دوای دوانزەساڵدا کە لەم پەنجەرە تاریکەوە تەماشای ڕەشەم کرد ، هەستم بەوە کرد کە گەورە بووەو بووە بە پیاوێکی تەواو . ئێستاش کە چاوم دەخەمە سەر کونەکەوە ، چاوم بە خەم وپەژارەیە دەکەوێ کە وا دوانزە ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕوومەتیدا دیار بوو، وەکوو خۆی ماوەتەوە .

لەبەر ئەوەی لە بەر من ئەم هەموو ئازارەی کێشاوە لە لایەکەوە خۆم تاوانبار دەبینم و لە لایەکی تریشەوە شانازی بە خۆمەوە دەکەم . کاتێ باوکم تەماشای وێنەیەکی دەکرد و قسەی بۆ ڕەشە دەکرد ، ڕوومەتی وەکوو هی منداڵێك پاك و بێگەرد دەبوو . هەر لەو کاتەدا کە دەمە پەمبەیەکەی دەکردەوە لە دڵەوە دەمویست سەری مەمکە سپییەکانم بخەمە ناو دەمییەوە لێی گەڕێم بۆ ئەوەی تێر تیر بیمژێ . وا خەیاڵم دەکرد کە دەستم بە پشت ملیدا دەگەڕێنم و نەوازشی دەکەم و پەنجەکانیشم دەخەمە ناو قژەکانیەوە ، ڕەشەش وەکوو پەناگەیەك سەر دەخاتە نێو مەمکەکانمەوە ، ئەو بێچارەیە وەکوو منداڵەکانم ئارام دەگرێ ! و لە خۆشیدا تەزوویەك

دێت بە لاشیدا و چاوەکانی دەگرێ . لە ڕاستیدا تێگەیشتم کە بەمانەوە ڕەشە هەتادوایی گرێدراوی من دەمێنێتەوە . ئەم خەیاڵەم ئەوەندە لا خۆش بوو کە تۆزێك ئارەقەشم کرد بوو و واشم دەزانی کە ڕەشە تەماشای ئەو وێنە شەیتانیانە ناکات کەوا باوکم نیشانی دەدات ، بەڵکوو بە سەر سووڕمایی و بە سەرەنجێکی تەواوەوە تەماشای مەمکە گەورەکانم دەکات . نەتەنیا مەمکەکانم بەڵکوو وەکوو سەرخۆشێك سەیری قژ و شان و مل و هەموو جێگایەکمی دەکرد . ئەوەندە دڵی لەمن چوو بوو کە ئەو قسانەی وا لە کاتی جوانیدا نەیدەتوانی پێم بڵێ هەمووی پێ‌گوتم . لە ڕوومەتی و لە نیگاکانیەوە دیاربوو لە لەخۆبایبوونەکانم ورەشایی چاوەکانم و لەبەرامبەر تەربییەت و نامەکەم و چاوەڕوانکردنی شووەکەمدا سەری سووڕ ماوە . لەبەر ئەوەی نەیدەهێشت جارێکیتر شوو بکەم زۆر لە باوکم تووڕە بووم : لە بیرەوەریەکانی وەنیزی و وێنەکانی کەوا لە ژێر کاریگەری وەنیزییەکان و بە چاوبڕینە ئەوان لەگەڵ شێوەکارانیدا درۆستیدەکرد بێزار بوو بووم .

کە چاوم گرتەوە (خودایا خۆت ئاگاداری من ئەمەم بە داخوازی خۆم نەدەکرد) لە خەیاڵمدا ڕەشە زۆر شیرین بوو بوو ، نزیکم دەبووەوە. ئەوەندە شیرین بوو کەوا هەستم دەکرد لە ڕاستیدا لە تاریکاییەکەوە هاتووەتە پشتی سەرم . هاتوو پشت ملم و نێوچاوانمی ماچکرد . دەستی هێنا بەپشت و جەستەمدا و پشت گوێمی ماچکرد . وامدەزانی زۆر بەهێزە ، لەبەر ئەوەی بەهێز بوو و تەندروستییەکەشی باش بوو پاڵیشم پێوە دابوو . وا هەستم کرد کە لە پاراستن دام و خۆمم لە ئاسوودەییدا بینییەوە . پشت ملم ختوکەی دەهات، سەر مەمکەکانمی ماچکرد . وامدەزانی چاوەکانم بەستراوەو شتەکەی ڕەشەش ڕەپ بووە و نزیکی من دەبێتەوە ، سەرم خولی

www.pertwk.com

دەخوارد ، ئاخۆ دەبێت شتەکەی ڕەشە چۆن بێت ؟ جاری وا هەیە لەخەومدا مێردەکەم شتەکەی خۆی بەئێش و ئازارەوە نیشان دەدام. لەلایەکەوە قەلغانەکەی خۆی لەبەرامبەر تیری سەربازە سەفەوییەکاندا بەرز کردۆتەوە و ڕێ دەکات و نزیکی ئێمە دەبێتەوە ، بەڵام بەداخەوە چۆمێك لەنێوانماندا هەیە . لەولای ئاوەکەوە لەناو ئێش و ئازارەکانیدا بانگم دەکات، منیش تەماشا دەکەم و دەبینم کەوا شتەکەی لە جاران گەورەتر بووە. بەپێی ئەو شتەی کە بووکە گورجییەکە دەیگووت و پیرەژنە عەجووزەکانیش باسیان دەکەن ، ئەگەر ڕاست بێ‌و وەها بێ هی مێردەکەی من زۆر گەورە نەبووە و وەکوو جارانە. لەخۆمەوە وتم ئەگەر شتەکەی ڕەشە گەورەتر بێت ، یاخود ئەو شتەی کەوا لەدوای ئەوەی لاپەڕەیەکی نەنوسراوم بە شەکەوتەوە بۆنارد و لەخوار بەنەخوێنەکەیەوە بینیم هی ئەو بێ ــ کەهی خۆی بوو ــ ئەبێ چی ببێ ، ترسام و وتم یان وەکوو لەناوەوە جێی نابێتەوە یاخود زۆر ئازارم پێ دەگەیەنێ .

- : " دایکە شەوکەت لاسایم دەکاتەوە " ، لە گۆشەی دۆڵابەکەوە هاتمە دەرەوە و بە بێ دەنگییەوە ڕۆیشتمە ژوورەکەی تر ، لەناو سندووقەکەدا چۆخە سوورەکەم هەڵگرت و لەبەرم کرد . دۆشەکەی منیان دەرهێنابوو و لەسەری یاریان دەکردو پاڵیان دەنا بەیەکەوە .

- : "مەگەر پێمنەگوتن کاتێ ڕەشە دێت بۆ ئێرە مەقیڕێنن ؟ "

شەوکەت وتی : " دایە ! بۆچی ئەو چۆخە سوورەت لەبەر کردووە "

ئۆرهان وتی : " بەڵام دایە ! شەوکەت لاساییم دەکاتەوە ."

-: " مەگەر پێمنەگوتی لاسایی ئەو مەکەرەوە ؟ ئەم شتە پیسە چی‌یە کەوا لێرەیە ؟ " پارچەیەك لە پێستی حەیوانێکی لێبوو . ئورهان وتی :"

لاك ، " شەوکەتیش لە ناو پێ هەڵی گرت .

- : " یەکسەر بیبەنەوە ئەو جێگایەی کەوا لەوێ هێناوتانە " ئۆرهان وتی :" با شەوکەت بیبات "

- :" دەی زووکەن مەگەر من چیم وت ؟"

بەرلەوەی بگەمە ئەوان دەستم بە گەزکردنی لێوم کرد . کاتێك چاویان بەمە کەوت یەکسەر زانییان کە چەندە جدیم و ڕۆیشتن ، شەڵا زوو دەگەڕێنەوە و سەرمایان نابێت.

لە نێو هەموو وێنەکێشاندا تەنیا ڕەشەم بە دڵ بوو ، چونکە لە هەموو زیاتر حەزم لێدەکا و منیش دەمارەکانی دەناسم ، کاغەز و قەڵەمێکم دەرهێنا ولە ناکاو بەبێئەوەی بیر بکەمەوە ئەمەم نووسی :" باشە ، بەرلە بانگی شەو لە ماڵە چۆڵەکەی جوولەکە هەڵواسراوەکەدا دەتبینم ، کتێبەکەی باوکم زووتر تەواوبکە". یەکسەر وەڵامی حەسەنم نەدایەوە چونکە ئەگەر بەراستی ئەمڕۆش بچێتە لای قازی ، باوکی و پیاوەکانی یەکسەر خۆبەسەر ماڵی ئێمەدا دانادەن و نایەن . ئەگەر وەها بایە نامەی نەدەنووسی و داوای وەڵامی نەدەکرد و یەکسەر دەهاتە سەر ماڵەکەمان . ئێستاش چاوەڕێی وەڵامی من دەکات ئەگەر وەڵامی نەدەمەوە ، شێت و هار دەبێ و ئەو کات دەست بە کۆکردنەوەی پیاوەکانی دەکات ، ئامان ئامان ! وەها بیر نەکەنەوە کە هیچ لێی ناترسم . ئەگەر ڕاستیتان بوێ ، لەبەر ئەوەی لە ئەو دەترسم بڕوام بە ڕەشە هێناوە . بەڵام شتی ناو دڵی خۆمتان پێ بڵێم: لەوە دەچێ زۆریش لە حەسەن نەترسم ، چونکە حەز لەویش دەکەم . ئەگەر تووڕە بن و بڵێن ئەم خۆشەویستییەی تۆ بۆ بە چی ، حەقتان پێدەدەم ، ئەمە لەبەر ئەوە نیە کەوا لەو ساڵانەی وا پێکەوە لە ماڵێکدا

www.pertwk.com

دەژیاین و چاوەڕێی میردەکممان دەکرد لە پیسی و پۆخەڵەیی و دڵنزمی ئەم پیاوە تێنەگەیشتووم ، تێگەیشتووم ، بەڵام ئەستەر دەڵێ ئێستا پارەی زۆر قازانج دەکا و منیش ڕاستی ئەمە لە ئەبرۆ قەڵخانییەکانی ئەستەرەوە تێدەگەم . ئیدی لەبەر ئەوەی پارەی هەیە ومتمانەی بە خۆ هەیە ، لایەنە خراپەکەی کەوای لێکرد دوور کەرەوە بێ نەمانەوە ومنیش وەها بیرم دەکردەوە کە لایەنە تاریکەکەی و ئەو شتەی وا وەکوو هی جندۆکەیە و زۆر سەیرە و سەمەرەیە خەریکە من بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ ، ئەم لایەنەیم لە پێداگری ناردنی نامەکانیەوە بۆ دەردەکەوت. ڕەشە و حەسەن لەبەر ئەوەی عاشقی من بوون ، ئازاری زۆریان کێشاوە ، ڕەشە دڵتەنگ بوو، دڵی شکا و دوانزە ساڵ دوور کەوتەوە و دیار نەما ، حەسەنیش هەموو ڕۆژێك لە ناو ئەو لاپەڕانەی وا کەنارەکانی وێنەی پەلەوەر و ئاسکی لێکێشرا بوو نامەی بۆ دەنووسیم و دەینارد بۆم . سەرەتا لە خوێندنەوەی ئەو نامانەدا فێری ترس و لە دوایشدا بەرامبەر بە ئەو هەستی زانخوازیم پێشکەوت .لەبەر ئەوەی دەمزانی حەسەنیش مەراق دەکا و دەیەوێ هەموو شتێکی من بزانێ سەرم سووڕ نەما کە دەیزانی من گوتومە مێردەکەم لە خەودا بە مردوویی بینیوە . ئەوەی وا گومانم لێدەکرد ئەوە بوو کە لەوە دەچێ ئەستەر نامەکانم بۆ حەسەن بخوێنێتەوە ، هەر بۆیە نامەکەم بەرێگایی ئەستەرەوە بۆ نەنارد ، خۆ ئێوە خۆتان دەزانن کە گومانەکانی من چەندە ڕاستن ، یان نا .

کاتێ منداڵەکان گەڕانەوە گوتم لە کوێ بوون ؟ بەڵام یەکسەر زانیان من ئەمەم بە تووڕەییەوە نەگوتووە . بە دزی ئورهانەوە شەوکەتم هێنایە لای خۆم ، لە لای دۆلابە تاریکەکەدا دامنایە باوشمەوە و شان و مل وقژ و تەوێلیم ماچکرد و گوتم : "گیانەکەم ! سەرمات بووە ، ئەو دەستە

جوانانەت بدە لە دەستی دایکی خۆت تا گەرم ببنەوە، دەستەکانی بۆنی لاشەی لێوە دەهات بەڵام هیچم نەگوت ، سەریم نووساندە مەمکەکانمەوە و باش باوشم پێدا کرد . تۆزێك دواتر گەرمی بووەوە و وەکوو پشیلەیەك بە شیرینیەوە و بەخستی دەیخیزاند . وتم : " بڵێ بزانم ، زۆر حەز لە دایکت دەکەی ؟ "

ئ ، ئ ، ئ ، ئم ، ئم .

بەڵێ ؟

بەڵێ .

لەهەموو کەس زیاتر ؟

" بەڵێ " منیش وەکوو ئەوەی نهێنییەکی پێبڵێم گوتم : " کەوا بوو شتێکت پێ‌دەڵێم بەڵام بەکەس نەڵێی." لە بێخی گوێیدا وتم : " منیش تۆم لە هەموو کەس زیاتر خۆش دەوێ "

– : " لە ئورهانیش ؟ "

– : " ئەرێ ، لە ئورهانیش زیاتر ، ئورهان هێشتا منداڵە و وەکوو سلۆقەتەیەك وایە و هێشتا تێناگات ، تۆ ژیرتری و تێدەگەی . " بۆنی قژەکانیم کرد و ماچمکرد و گوتم : " لەبەر ئەوەش ئێستا داوای شتێکت لێدەکەم ، دوێنێ کاغەزێکی نەنووسراوت برد بۆ ڕەشە ، ئەمڕۆش بەبێئەوەی کەس بزانێ ئەمەی بۆ بەرە ، دەیبەی ؟ "

– : " ئەو باوکم کوشتووە ؟ "

– :" چی ؟ "

– : " دوێنێ خۆی‌لە ماڵە چۆڵەکەدا پێی گوتم "

– : " چی گوت ؟ "

www.pertwk.com

– : " گوتی من کەسی زۆرم کۆشتوە و باوکی تۆشم کوشتووە . " لەناکاو شتێك بوو بوو ، شەوکەت لە باوشم دەرکەوت بوو دەگریا . ئەم منداڵە ئێستا بۆ چی دەگری ؟ باشە .وابزانم تۆزێك بەر لە ئێستا خۆمم ڕا نەگرتبێ و شەپەزللەیەکم لێدابێ، نامەوێ کەس وا بیر بکاتەوە کە دڵێکی بەردینم هەیە بەڵام من لە بەر ئەوە تووڕە بوو بووم کە قسە بەو پیاوە دەڵێ وا من دەمەوێ لەبەر ئەوان لەگەڵیدا زەماوەند بکەم . هەتیوە بێچارەکە ! هێشتا دەگری ، زۆرم پێناخۆش بوو . خەریك بوو منیش بگریم . باوەشمان کرد بە یەکدا . جار جار هەنیسکێکی هەڵدەدا بەڵام ئایا دەبێ لەبەر زللەیەك ئەوەندە بگری ؟ دەستم هێنا بە پرچەکانیدا .

هەر شتێك وەها دەستی پێکرد : خۆ دەزانن ڕۆژی بەرێ لە نێو قسەکانمدا بە باوکم گوتبوو کە لە خەومدا مێردەکەمم بە مردوویی بینیوە . نەگەڕانەوەی مێردەکەم بۆ ماوەی چوار ساڵ لە شەڕی عەجەمەکاندا بوو بوو بە هۆی ئەوەی کە زۆر جار خەوی پێوە ببینم : تەرمێکی لێبوو ، نەمزانی هی ئەو بوو یان نا ، لێرەدا هیچ شتێك ئاشکرا نەبوو . خەو بینین هەموو جارێك بەکاری شتێکیتر دێت .

لەو پورتەغاڵەی وا دایە پیرەی ئەستەر لەوێوە هاتووە ، ئەمە بە کەڵکی جووتبوونی زەندیقەکان و شەیتانەکان لەگەڵ یەکدا هاتووە . ئەگەر ئەو کاتە داپیرەی ئەو لەگەڵ بنەماڵەکەیدا وتبێتیان ئێمە واز لە جوولەکایەتی دێنین و دەبین بە خاچپەرەستی کاتۆلیك ، ئەشکەنجەچییەکانی ئەوێ بڕوایان پێنەهێناون و هەموویان ئازار داون و بەمجۆرەش لەگەڵ ئەوەی کە خەوی هاتنە لایەکی زەندیق و شەیتانیان خستۆتە مێشکیان ، خەوی نەبینراوی تریشیان بە زۆری لێدان خستوەتە مێشکیانەوە و ئەوانیش

وایانزانیوە لە خەویشدا ئەشکەنجە دەکرێن ، ئەمەش بۆ ئەوە کراوە کە خۆ بە دەستەوە بدەن و ناوی کەسی تریش بهێنن ، تاوەکوو تاوانبار بکرێن و بسوتێنرێن . بەمجۆرەش ئەم خەوە بەکەڵکی ئەوەهاتووە .

خەونەکان بۆ سێ شت بەکەڵك دێن : ئەلف = داوای شتێك دەکەی بەڵام ڕێگا بەوە نادەن کە داخوازییەکەت دەربڕیت ، تۆش دەڵێی لە خەودا بینیمە و بەمجۆرەش بەبێ ئەوەی کە داوابکەیت داخوازییەکەت دەردەبڕیت.

بێ = دەتەوێ دەرهەق بەیەکێ خراپە بکەی . بۆ نمونە یەکێك تاوانبار دەکەیت. ئەوسا دەڵێی لە خەومدا بینیومە کە بۆ نمونە فلانە ژن زینای کردووە یان وەکوو بەسینی شەرابیان بۆ فلانە پادشا بردووە . بەمجۆرە ئەگەر کەسیش بڕوا نەکات دیسان هەر بەشێکی تاوانەکە دەکەوێتە پاڵ ئەوکەسە .

جیم = دوایی شتێك دەکەویت بەڵام خۆشت نازانیت چیت دەوێت . خەوێکی تێکەڵ و پێکەڵ دەگەڕێتەوە، یەکسەر شیدەکەنەوە و باسی ئەوەت بۆ دەکەن چیت دەوێت و دەتوانن چیت پێبدەن ، بۆنمونە دەڵێن : شوویەك منداڵێك ، یاخود ماڵێکت پێویستە و ... ئەم خەوە خەیاڵانە هیچ لەوانە نین وا لە خەونەکانماندا دەیانبینین ، هەرکەس ئەو خەیاڵانەی وا لەڕۆژی ڕۆشندا کردوویەتی وەکوو هی شەو دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرێت . ئەوکاتەش یان وەکوو گاڵتەت پێدەکەن یاخود وەکوو هەموو جارێك بە خراپەیی بۆتی شیدەکەنەوە . هیچ کەس تەنانەت ئەوەی خۆشی خەیاڵی کردبێت بڕوا بە خەونی ڕاستەقینەی ناکات . نەکا ئێوە بڕوای پێبکەن ؟ کاتێك بە لالێوێکەوە باسی مردنی مێردەکەم بۆ باوکم کرد ، باوکم وتی خەونەکان هەموو ڕاستییەکت نیشان نادەن . بەڵام کاتێك لە هەڵگرتنی

www.pertwk.com

تەرمەکە گەڕابوەوە ئەم خەونەی منی پیٚڕاست بوو، بەم شیٚوەش لە ماوەی چوار ساڵدا کەکەس بڕوای بە مردنی شووەکەی من نەدەکرد ، هەروا بەئاسانی مرد و وەکوو بلێیکە بانگەوازی کرابیٚ هەموو کەسیش پیٚیزانیبوو و زۆریش خەمبار بوو بوون . پرسیارم لە شەوکەت کرد و گوتم تۆ خەون دەبینی یان نا ؟ بە پیٚکەنینەوە وتی : " بەڵیٚ ، باوکم دیٚتەوە بەڵام خۆم دەبم بە هاوسەری تازەت . " لووتە باریکەڵە و چاوە ڕەشەکانی و پشتە پانەکەی لە هی باوکی نەدەچوو ، بەڵکوو لە هی من دەچوو ، جارجاریش لەبەر ئەوەی نەمتوانیوە نیٚو چاوە بەرز و پانەکەی باوکیان پیٚبدەم خۆم بە تاوانبار دەزانم .

دەهەستە بڕۆ لەگەڵ براکەت یاری شمشیٚر بکە . "

" بەڵیٚ " ، ماوەیەکی زۆر گویٚم لە دەنگی گەمە و یاری منداڵەکان ڕاگرت و تەماشای بن میٚچەکەم کرد و تیٚکۆشام بۆ ئەوەی بە سەر ترسەکەی نیٚو دڵمدا زاڵ ببم . ڕۆیشتمە موتبەخەکە و گوتم : " خەیرییە ! ئەوە چەند جارە باوکم داوای شۆربای ماسی دەکات ، لەوانەیە بتنیٚرم بۆلای کەشتییەکە . لەو باستیخەی وا شەوکەت حەزی لیٚدەکات چەند پەلیٚك دەرخە و بیدە بە منداڵەکان با بیخون ." کاتیٚ شەوکەت خەریکی خواردن بوو من و ئورهانیش چووینە ناو ژوورەکە و دانیشتین ، گرتمە باوەشمەوە و ملیم ماچکرد و گوتم : " بۆنی ئارەقت لیٚدیٚ، لووتت چی لیٚهاتووە ؟ "

– : " شەوکەت وتی ئەمە شمشیٚرە سوورەکەی مامەمە و لیٚیدام . "

– : " شین بووەتەوە . " دەستم لیٚدا و گوتم : " دیٚشیٚ ؟ ئەم شەوکەتەش چەندە بیٚفیکرە ! سەیر کە بزانە چیت پیٚدەڵیٚم: تۆ کوڕیٚکی ژیر و دڵناسکی ، داوای شتیٚکت لیٚدەکەم ئەگەر ئەنجامی بدەی نهیٚنییەکت

پیٚدەڵیٚم کە بۆ کەسی نادرکیٚنم ، تەنانەت بۆ شەوکەتیش ."

– : " چی ؟ "

– چاوت بەم کاغەزە دەکەویٚ ؟ دەچیتە لای باوە پیرت و ئەوان و بیٚئەوەی کە کەس بیبینیٚ ئەمە دەدەیتە دەستی ڕەشە ئەفەندی ، تیٚگەیشتی ؟ "

" تیٚگەیشتم . "

" دەیبەی ؟ "

" چ نهیٚنییەکم پیٚدەدەی ؟ "

" تۆ ئەم لاپەڕەیە بەرە دوایی " . ملە جوانەکەی بۆنی مشکی لیٚوە دەهات ، ماچیٚکم کرد . ئەوە ماوەیەکی زۆرە کە خەیرییە ئەم منداڵانەی نەبردووە بۆ حەمام . لەو کاتە بەدواوە کەشتەی شەوکەت لە کاتی بینینی ژنی جواندا ڕەپ و ڕاست دەبوو ، ئیدی نەچوو بوون . ماچمکرد و گوتم : " لە دواییدا نهیٚنیەکەت پیٚدەڵیٚم . تۆ زۆر جوان و ژیری ، بەڵام شەوکەت کوڕیٚکی بەدخۆیە ، تەنانەت دەست لە دایکیشی بەرز دەکاتەوە . "

– : " نایبەم ، لە ڕەشە ئەفەندی دەترسم ، ئەو باوکمی کوشتووە . "

– : " شەوکەت وتی ! وایە یان نا ؟ زوو بچوو خوارەوە و بانگی بکە . "

کە چاوی بە جدیبوونەکەم کەوت ، بە فڕە ڕۆیشتە خوارەوە . لەوانەیە لەبەر ئەوەش کە شتەکە بە سەر شەوکەتدا دەتەقایەوە تۆزیٚکیش خۆشحاڵ بووبیٚ . تۆزیٚك دواتر هەر دووکیان بە ڕوویەکی سوور هەڵگەڕاوەوە هاتنە لام ، شەوکەت بە دەستیٚکەوە باستیخ و بەدەستەکەیتریشی شمشیٚرەکەی پیٚبوو . وتم : "بەبراکەت گوتووە ڕەشە ئەفەندی باوکمانی کوشتووە ، با جاریٚکیتر گویٚم لەشتی وا نەبیٚ لەمماڵەدا . دەبیٚ حەزی لیٚبکەن وڕیٚزی بۆ

www.pertwk.com

دانێن ، تێگەیشتن ؟ ناتوانن تەواوی تەمەنتان بێ باوک بمێننەوە . "

شەوکەت بە ڕووداریییەوە وتی : " من ئەوم ناوێ ، دەگەڕێمەوە ماڵی مامە حەسەنم و چاوەڕێی باوکم دەکەم . " ئەوەندە تووڕە بووم کە شەپەزلەیەکم لێدا . شمشێرەکەی دانەنا بوو ، لە دەستی کەوت و بە گریانەوە گوتی : "من باوکم دەوێ . " بەڵام من لەو زیاتر دەگریام ، بەگریانەوە وتم : " ئیدی باوکتان نەما ، ناگەڕێتەوە ئێستا بێ باوک و هەتیون تێدەگەن توخمە زۆڵێنە ؟ " وەها دەگریام کە لەوە دەترسام دەنگمیان لە ناوەوە بیستبێ . شەوکەت بە گریانەوە گوتی : " ئێمە توخمە زۆڵ نین . " ئەوەندە گریاین کە چاومان پڕ بوو بوو لە خوێن ، لە دواییدا کە گریان تۆزێك نەرمی کردبوومەوە ، هەستمکرد کە وەکوو مرۆڤێکی باش دەگریم. بە گریانەوە باوشمان کرد بە یەکدا . خۆمانمان لەسەر دۆشەکەکە درێژ کرد ، جارجار ئەوەندە خۆیان دەنووساند بە منەوە کە دەمزانی هێشتا نەخەوتوون. لەوانەیە کەمنیش لەگەڵ ئەواندا نەخەوتبێتم . بەڵام عەقڵم لە خوارەوە بوو . بۆنی خۆشی پرتەقاڵی کولاو دەهات . لە ناکاو لە خەو ڕاپەڕیم . منداڵەکانیش بەخەبەر بوونەوە . وتم : " بچنە خوارەوە با خەیرییە سکتان تێر بکات . " لە ژوورەکەدا تەنیا بووم ، بەفر تازە دەستی بە بارین کرد بوو . پاڕامەوە و گوتم : " خودایا خۆت یارمەتیم بدە و قورئانەکەم کردەوە و لە سوورەی ئالیعومراندا ئەو ئایەتەم خوێندەوە کەوا باسی ئەوانە دەکات کە لە ڕێگای خودادا کوژراون و دەچنە لای خودا و بەو شێوەیە دڵی خۆمم ڕەحەت کرد . باوکم وێنە تەواو نەبووە کەی پادشای نیشانی ڕەشە دابوو ؟ دەیگوت ئەم وێنەیە ئەوەندە لە ڕاستی دەچێت کە ئەگەر کەسێك تەماشای بکات ، وەکوو ئەو کەسانەی کە بە ڕاستی تەماشای

چاوی بکات ، دەترسێ و چاوەکانی خۆی لە نیگاکانی دەفڕێنێ. ئورهانم بانگ کردە لای خۆم و بەبێئەوەی بیکەمە باوەشمەوە سەر گۆناکانیم ماچکرد و گوتم : " ئێستاش بە بێئەوەی بترسی و بە بێئەوەی نیشانی باپیرتی بدەی ، بچوو ئەم کاغەزە بدە بە ڕەشە ئەفەندی . "

– : " ددانم دەلەقێتەوە . "

– : " کاتێ گەڕایتەوە دەیکێشم ، کاتێ چوویتە لای ، ئەویش باوشت پێدا دەکا و تۆش لە دواییدا نامەکەی پێبدە . تێگەیشتی ؟ "

– : " دەترسم . "

– : " شتێك نیە کەوا لێی بترسی ، ئەگەر ڕەشە نەبێ کێ دەبێ بە باوکت . مامە حەسەنت ! دەتەوێ مامە حەسەنت ببێ بە باوکت؟"

– : " نامەوێ . "

– : " دەی بە قوربانت بم . ئورهانە جوانەکەم ، ئەگینا لە دواییدا تووڕە دەبم ... تۆش دەگریت و جارێکیتریش تووڕە دەبم . "

نامەکەم قات کرد و خستمە ناو ئەو دەستە بچکوولانەیەوە کەوا بە بێ ئومێدی و ڕاهاتوویییەوە درێژی کرد بوو . خودایا بۆ ئەوەی ئەم هەتیوانە هەر وا نەمێننەوە، تۆش یارمەتیم بدە . دەستیم گرت و بەرەو دەرگاکەم برد ، کاتێ ڕۆیشت جارێکیتر بە ترسەوە تەماشای کردم . گەڕامەوە بۆ گۆشەکەی خۆم و لە کونەکەوە چاوم لێبوو کە نزیکی باوکم و ئەوان بووەوە ، ڕاوەستا . بەناچارییەکەوە سەیری دوای خۆی کرد ، وەکوو ئەوەی کە بە دوای مندا بگەڕێ تەماشای کونەکەی کرد و چاوی بە چاوم کەوت . گریا ، بەڵام لە دواییدا خۆی پێڕاگیرا و خۆی فڕێ دایە باوەشی ڕەشەوە . ڕەشە بە ڕاستی هەقی کرد بوو ببێ بە باوکی منداڵەکانم ، لەبەر ئەوەی نەیدەزانی

www.pertwk.com

چی ڕوویداوە نەپەشۆکا و تۆشی هەڵچوون نەبوو ، ناو لەپی ئورهان گەڕا . ئورهان لە ژێر نیگای سەر سووڕماوی باوکمدا گەڕایەوە و خۆی خستە باوەشم . تێرتێر ماچمکرد و بردمە خوارەوە ودەمیم پڕکرد لەو مێژو وشکەی وا حەزی لێدەکرد . گوتم : " خەیرییە ! تۆ دەستی منداڵەکان بگرە و بچوو بۆلای کەشتیەکەو شتی شۆرباکە بکڕە بۆ باوکم . ئەوە بیست ئاکچەیە ، ئەوەی مایەوە بیدەبەشت بۆ منداڵەکان ، با شەوکەت و ئورهان تا ئێوارە بە کەیفی خۆیان بگەڕێن . "

کاتیٚ هەموویان ڕۆیشتن ماڵ چۆڵ و بێدەنگ بوو ، زۆرم پێخۆش بوو ، ڕۆیشتمە ژوورەوە ، خەزوورم ئاوێنەیەکی بە هەدیە پێدابووم کە خۆی دروٚستی کرد بوو ، لە ژێر بەرگە بۆن عەتراوییەکاندا(بەرگی سەرین) دەرمهێنا و لە دوورەوە ڕۆیشتمە بەرامبەری ، ئەگەر تۆزێك خۆمم بجوڵاندایەتەوە هەموو جەستەی خۆمم بە شێوەی بەش بەش و پارچە پارچە دەبینییەوە . چۆخە سوورەکەم پێکەوتبوو ، زۆر جوان ڕاوەستا بوو . بەڵام دەمویست کراسە مۆرەکەی دایکم بکەمە بەر کە وا لە سندووقی جەهیزیەکەیدا دەرمهێنا بوو . سندووقەکەی داپیریشم کردەوە جاکەتە خورینە گوڵگوڵینەکەیم دەرهێنا و لەبەرم کرد ، داپیرم خۆی ئەم جاکەتەی دروو بوو . بەڵام نابیٚ ، کە کراسە مۆرەکەم کردە بەر سەرمام بوو ، مۆمەکەش لەگەڵ مندا بە هێواشی لەرزایەوە . دەمویست کراسە سوورەکەم بکەمە بەر کەوا لە کورکی ڕێوی دروستکراوە بەڵام پەشیمان بوومەوە ، لە هەیوانەکەوە تێپەڕ بووم و کراسە دەڵپ و درێژەکەم کردە بەر کەوا دایکم پێیدا بووم . زەختی دەخستە سەر مەمکەکانم بەڵام پێم خۆش بوو . بە جوانی سەری خۆمم داپۆشی و پەچە کەتانەکەشم دابە ڕووی دەم و چاومدا

. ڕەشە ئەفەندی هێشتا دەر نەکەوتبوو ، لە هەڵچوون وپەشۆکانی خۆمدا بە هەڵەدا ڕۆیشتبووم. ئێستا ئەگەر بڕۆم ، بە باوکم دەڵێم لەگەڵ منداڵەکاندا ڕۆیشتبووم بۆ ماسی هێنان، وەکوو پشیلەیەك لە پلیکانەکانەوە ڕۆیشتمە خوارەوە ، دەرگاکەم وەکوو ڕۆحێك داخستەوە و ڕۆیشتمە ناو حەوشەکەوە . کاتیٚ ڕۆیشتمە ناو کۆڵانەکەوە ، ڕاوەستام و تۆزێك تەماشای دواوەم کرد . دەتگوت کە ئەم ماڵە ماڵی ئێمە نیە ! کۆڵانەکە کەسی تێدا نەبوو ، ترووکە ترووکە بەفر دەباری . بە دزیوە وبەلەرزە لەرز خۆمم خستە ناو ئەو حەوشە چۆڵە بەجێهێشتراوە کە خۆریش هیچ نایگریٚ . بۆنی گەڵای گەنیوو تەڕایی و مەرگی لێوە دەهات . کاتیٚ ڕۆیشتمە ماڵی جوولەکە لە سێدارە دراوەکەکە وامزانی کە لە ماڵی خۆمدام . دەڵێن ، جندووکەکان بە شەوان لێرەدا کۆدەبنەوە و ئاگردانەکە پێدەخەن و جوڵەجووڵ دەکەن . لە ماڵێکی ئاوەها چۆڵدا گوێگرتن لە دەنگی پێی خۆم زۆر ترسێنەر بوو بۆم . بەبێئەوەی بجووڵێمەوە ڕاوەستام و چاوەڕیٚ بووم لەم نزیکانەوە سەگێك وەڕاندی دەنگی وەڕینی هەموو سەگەکانی ئەم گەڕەکە دەناسمەوە ، بەڵام ئەمەم دەرنەخست و نەمناسییەوە .

لە بێدەنگییەکەی ئەو ئێوارەیەدا هەستم بەمەکرد : وامدەزانی لەمن زیاتر کەسیتر لێرەیە ، هەر بۆیە بۆ ئەوەی دەنگم نەبیسیٚ نەدەجووڵامەوە . چەند کەسێك بە قسەکردنەوە لەنێو کۆڵانەکەوە تێپەڕ بوون . بیرم لە خەیرییە و منداڵەکان دەکردەوە ، شەڵا سەرما نەخۆن . لەم بێدەنگییەی دواییدا هەستم بە پەشیمانی کرد ، ڕەشە نەهات ، تۆ ئەزانی کە چ هەڵەیەکم کرد ! بەر لەوەی لەمە زیاتر غروورم بشکیٚ بگەڕێمەوە بۆ ماڵ باشتر دەبیٚ . بە ترسێکەوە خەیاڵی ئەوەم دەکرد کە حەسەن بە دوامدایە و

www.pertwk.com

تاقیبم دەکات . هەرلەم کاتانەدا دەنگی خشەخشێك هات و دەرگاکە کرایەوە . لە ناکاو بە پەلەپەل جێگاکەی خۆمم گۆڕی . نەمدەزانی کە لەبەر چی وەهام دەکرد ، کاتیٚ پەنجەرەکەم لەولای خۆمەوە هێشتەوە تیشکەکە کەوتە سەر سەرم . قسەکەی باوکم هاتەوە یاد و بڕواشم بەوە کرد کەبە ڕاستی ڕەشە من لە سێبەرەکەشمەوە دەناسێتەوە . پەچەکەم گرێدا و بە گویٚ گرتن لە دەنگی پێی چاوەڕێی بووم . هاتە بەر دەرگاکە ، چەند هەنگاوێکی هەڵگرت و لە خۆیەوە ڕاوەستا . هەر بەو شێوەیە پێنج شەش هەنگاومان بەرەولای یەك هەڵگرت . لەوەی کەوا لە کونەکەوە دەمبینی زۆر سەلامەت و بەهێزتر بوو . وەکوو ئەوەی بچپێنییٚ گوتی : " بەیارمەتی خۆت ، دەتوانی پەچەکەت بکەیتەوە."

" من هاوسەرم هەیە و چاوەڕێی مێردەکەم دەکەم ."

هەر بەو دەنگەوە گوتی : " پەچەکەت بکەوە ، دڵنیا بە ناگەڕێتەوە . "

" بۆ ئەوەی کە ئەمەم پیٚبڵێی بانگت کردووم ؟ "

" نا ، بۆ بینینی تۆ . ئەوە دوانزە ساڵە بیرت لێدەکەمەوە ، پەچەکەت بکەوە با کەڕەتێکیتر بتبینمەوە . "

کردمەوە ، بەبێئەوەی دەنگی لێوە دەرکەویٚ ، ماوەیەکی درێژ تەماشای ڕوومەت و نێو چاوانمی کرد . پێم خۆش بوو .

گوتم : " چۆن بەبیرم دێنیتەوە ؟ "

– : " بە ئازارەوە ، چونکە ئەو کاتانەی وا بیرم لێدەکردیتەوە ، دەمزانی بیر لە خەیاڵەکانت دەکەمەوە ، بە بیرت دیٚ کە لە کاتی منداڵیدا باسی وێنەی خەسرەو شیرینمان دەکرد کەوا عاشقی یەك بوون ؟ بۆچی شیرین کە یەکەم جار وێنەی خەسرەو دەبینیٚ یەکسەر عاشقی نابیٚ و دەبیٚ بۆ

سیٚجار تەماشای بکات ؟ تۆ دەتگوت ، لە چیرۆکەکاندا هەموو شتێك سیٚ جارەیە و منیش دەمگوت کە پێویست بوو عەشق لە یەکەم ڕەسمەکەدا گڕیٚ بگرتبایە . بەڵام کیٚدەتوانیٚ وێنەی خەسرەو بەو جۆرە بکێشێت کە کەسێك بیناسێتەوە و دڵی پیٚبسپێریٚ و عاشقی ببیٚ ؟ لەسەر ئەمە هیچ قسەیەکمان نەکرد ، ئەگەر لە ماوەی ئەم دوانزە ساڵەدا وێنەیەکی تۆم بەو شێوەیە لە لابایە ، لەوانەیە ئەوەندە ئازارم نەچەشتبایە"

لەم واتەیەدا و ئەویندار بوون بە تەماشا کردنی وێنە و شتی لەم بابەتە و هەروەها لەسەر ئەوەی لە چەندە لەبەر من مەینەتی چەشتووە ، قسەی خۆشی زۆری کرد . لەو کاتانەدا سەرەنجم چووە سەر ئەوەی وا هەنگاو بە هەنگاونزیکم دەبوەوە ، هەر بۆیە هەموو قسەکانیم لەبیر چووەوە . لەدواییدا بەبیرم دەهێنانەوە و زیاتر بیرم لێدەکردنەوە ، ئێستاکانە بەس سیحری قسەکانی دەمگریٚ ، خەریکبوو دڵم بە دڵیەوە دەبەستەوە. لەبەر ئەوەی دوانزە ساڵ ئازارم پیٚگەیاندووە ، خۆمم بە تاوانبار دەزانی . ئەم ڕەشەیە چ پیاوێکی قسەخۆش و و مرۆڤێکی باشە ! وەکوو منداڵێك پاکە . لە نێو چاوانیدا ئەمانەم خوێندەوە . ئەو هەموو خۆشە ویستییەی متمانەی پێدەبخشیم ، باوەشمان کرد بە یەکدا . ئەوەندەم پێخۆش بوو کە خۆمم بە تاوانبار دەزانی ، بە هەستێکی شیرینترلە هەنگوین لەسەر خۆم ڕۆیشتم . زۆرتر باوەشم پێدا کردو ڕێگام پێدا کە ماچم بکات، منیش ئەوم ماچ کرد . کاتیٚ کە یەکتریمان ماچ کرد وامدەزانی کە تەواوی دونیا چووەتە ناو تاریکاییەکی شیرینەوە . دەمەویست کە هەموو کەسێك وەکوو ئێمە باوەش بە یەکتریدابکات . وا بزانم بیرم کەوتەوە ! خۆشە ویستی شتێکی وەهایە. خۆشم لەکردەوەکەم هاتبوو، کە وامدەزانی هەمووعاڵەم لەگەڵ

www.pertwk.com

ئێمەدا لە ناو باشییەکەدا نوقم دەبێ هیچ جۆرە خراپییەك نەدەهات بە عەقڵمدا . ئەگەر ئەم بەسەر هاتە بیچارەیەی من ! ڕۆژێك لە کتێبێکدا بنووسرێتەوە ، داخۆ وێنە کێشە هەراتییەکان وێنەی ئەم باوەش کردنەی من و ڕەشە بەیەکدا چۆن دەکێشنەوە . ئێستا باسیدەکەم : هەندێك ڕووپەل هەن کەوا باوکم بە هەڵچوون و پەشۆکاوییەوە نیشانم دەدات : دارشتنی نووسراوەکان و شەپۆل شەپۆل بوونی لاپەرەکان ، جۆش و خرۆش و گەرم و گوڕییەکی تێدایە ، ڕازا ندنەوەی دیوارەکان و جوانکاری لاپەرەکان لە شانێکەوە دەبێ ولە حەپەسان و هەڵچوونی عاشقان دەچێ. عاشقەکان لە دوورەوە نیگای چاوێیەك دەدزنەوە و بە قسەی واتادار لەگەڵ یەکدا قسە دەکەن . ئەوەندە بچووك و لە دوورەوە دەیکێشن کە مرۆڤ بۆ ساتێك وا هەست دەکات ئەوەی وا کێشراوە وێنەی ئەوان نیە ، بەڵکوو هی ئەو حەوشەیە کە وا لەوێدا پێك گەیشتوون و شێوەیەکی گەڵای ئەو درەختانەی نێو تاریکاییەکە ڕووناکی شەو ڕۆشنیان دەکاتەوە . لەو جۆرە ڕەسمانەدا کە تەنیا بە خۆ سپاردنێکی دەروونی شێوەکارەکەوە دەکێشرێ ، ئەگەر سەرەنج بدەینە سەر دارشتنی ڕەنگەکان و ئەو تیشکەی کەوا لە هەموو گۆشەیەکی وێنەکەوە دەردەکەوێ ، ئەوسا تێدەگەین کە ئەم وێنەیە لە عەشق و لە شتی لەم بابەتەوە دروستکراوە . بڕوام پێبکەن ، کە تەماشای دەکەی وا دەزانی لە خوری عاشقانەوە خۆیان دەدزنەوە ناو وێنەکەوە.

کە من و ڕەشە باوەشمان دەکرد بە یەکدا ، وامدەزانی تەواوی دونیا بەو شێوەیە لە ناو خۆشییەکەدایە . سوپاس بۆ ئەوەی کە ئەوەندە ئەزمونی خەیاڵم هەیە . هیچ باشی و خۆشییەك ئەوەندە درێژ خایەن نیە . ڕەشە لە پێشدا مەمکە گەورەکانمی خستە ناو دەستەکانیەوە ، ئەوەندەم پێخۆش

بوو کە دەمەویست سەرەکانیشی بخاتە ناو دەمی خۆیەوە . ئەمەی بە تەواوەتی نەکرد ، چونکە خۆشی متمانەی بە کردەوەکەی خۆی نەبوو . نەیدەزانی چی دەکات ، بەڵام دەیەویست شتی زیاتر بکات ، بەم شێوەیەش کە زیاتر باوەشمان کرد بە یەکدا ترس و شەرم کەوتە نێوانمانەوە . لە پێشدا دەستی گرت بە سەر سمتەکانمدا و بەرە و لای خۆی ڕایکێشام ، شتەکەی ڕەپ و ڕاست بوو ، کاتێ هەسووی بە زکمدا زۆرم پێخۆش بوو ، مەراقم کرد ، شەرمم نەکرد . لە دوای ئەو هەموو ماچ و مووچ و باوەش پێدا کردنەدا ، سروشتی بوو کە شتەکەی ڕەپ ببێت و هەڵسێتەوە ، هەموو ئەمانەم بە شانازییەوە لەبەر خۆمەوە دەهێنایە سەر زمان . بەڵام کاتێ لە دواییدا دەریخست و پیشانیدام ، یەکسەر سەرم لادا ، بەڵام لەبەر گەورەیی شتەکەی نەمدەتوانی چاومی لێلادەم و هەر تەماشام دەکرد . دواتر داوای بێڕەوشتی هەندێك لە ژنانی لێکردم کەوا ژنانیتر لە حەمامدا دەیگێڕینەوە و دەڵێن ئاوەهایان کردووە . بە سەر سووڕ ماوی و بێبڕیارییەوە ڕاوەستام . پاڕایەوە گوتی : " نێو چاوانت گرژ مەکەوە و مەیدە بەیەکدا ، گیانەکەم !بە قوربانت بم ! " هەستامە سەر پێ و پاڵم پێوە نا ، بەبێئەوەی گوێ بدەمە ئەوەی کە دڵی تەنگ ببێ و نارەحەت ببێ قیڕاندم بە سەریدا .

www.pertwk.com

((ناوی من ڕەشەیە)) (27)

بە گوێرەی ئەو شەکورە جوانەی وا لە ماڵی کابرا جوولەکە لە سێدارە دراوەکەوا ناو چاوی دابوو بەیەکدا و دەچوو بە گژی مندا ، من دەتوانم شتە ڕەپ و ڕاستەکەی خۆم بخەمەوە ناو دەمی ئەو کچە چەرکەسانەی وا لە تەفلیس بینیومن یان وەکوو دەتوانم بیخەمەدەمی ئەو بووکە فەقیرانەی وا لەبەر هەژاری لەشفرۆشی دەکەن یا خود بێوەژنە تورکمانی و ئێرانییەکان ، یا خود بیخەمە ناو دەمی قەحبە بێنرخەکانی ئەستەنبووڵ کە هەرچی دەچێ ڕوو لە زیاد بوون دەکەن و جندە کانی مینگاری و کچە نازدارەکانی ئابازایی و ژنە فێڵبازەکانی ئەرمەنی و سووریانی ئەمەیان لا ئاساییە ، تەنانەت دەمتوانی بە ئاسانی بیخەمە ناو دەمی ئەو کوڕانەی وا چاویان تێر نابێ ، بەڵام نەمدەتوانی ئەو کارە بە شەکورە بکەم . بە گوێرەی شەکورە من کە لە شارە گەرمەکانی عەرەبستان و گوێ ئاوەکانی خەزەردا بە وەزعێکی مادی مامناندییەوە ماومەتەوە ، دەستم لە پیاوەتی بەرداوە و پەردەی شەرمم دڕیوە و ئەوەشم لە بیر چووە کە هەندێك لە ژنان شەرەفیان هەیە . ئەمە ئەو مانایە دەگەیەنێت کەوا لە قسەکانمدا ڕووراست نەبووم ،

بە جوانی گوێم لە قسەکانی خۆشەویستەکەم دەگرت کەوا ڕەنگی لە ڕووی شتەکەم بڕیبوو ، بەڵام دوو شتیش هەبوون کە مەمنونیان دەکردم .

1- زۆر جاران ئەمشتەم وەکوو حەیوانێك بەسەر ژنانی تردا دەهێنا ، بەڵام کاتێك بە تووڕەیی‌یەوە قسەی پێ دەگوتم ، هەر لەو چەشنە وەڵامم نەدایەوە و بێدەنگ مامەوەو نەکەوتمە ناو قسەو باس .

2- لەوەی کەوا شەکورە هەستی بە ڕێبواری‌یەکان و ژیانی گەشتیاری و گەڕیدەیی من و ئاکامەکانی دەکرد ، زۆر خۆشحاڵبووم . شەکورە کاتێك بینی لەبەر ئەوەی داخوازی‌یەکەم جێبەجێ نەبووە ، خەمو پەژارە دایگرتووم ، بەڕوخسارێکی خەماوی‌یەوە وەکوو ئەوەی داوای لێبوردنم لێبکات وتی :" ئەگەر بەڕاستی و بە عەشقێکی پاکەوە منت خۆش بویستایە ، خۆتت پێڕادەگیرا و شەرەفی ئەو ژنەت نەدەشکاند وا بە نیەتێکی جدیەوە ئۆمێدی پێ بەستوی، مەگەر تۆ ئەوە نیت کە بۆ ئەوەی بتوانی ببی بە هاوسەری من و لەگەڵمدا هاوژینی بکەی دەست بۆ هەموو جۆرە فێڵ و کەڵێکێك دەبەی ؟ کاتێ هاتی بۆ ئێرە کەس بینیتی؟"

" نا "

وەکوو ئەوەی کەسێکیتر لە ناو حەوشەکەدا هەبێ ئاوڕێکی دایەوە و بەو جۆرەش تامی بینینی ئەو ڕوخسارە جوانەشی بەمن بەخشی کە وا دوانزە ساڵە نەمتوانی بوو بە بیری بهێنمەوە . لە ناکاو خشە خشەیەك هات ، هەردووکمان بێدەنگ بووین و چاوەڕێ ماینەوە . بەڵام کەس نەهاتە ژوورەوە . هەر لە دوانزە ساڵیەوە لە من تێگەیشتووتر بوو ، هەر بۆیە هەستی کەسێکی بێ خەیری لە مندا دەووروژاند .

وتی : " تارمایی جوڵەکە هەڵواسراوە کە لێردا دەگەڕێ " .

www.pertwk.com

" هاتوو چۆی ئێرە دەکەی ؟ "

وتی : پێویست بە هاتن بۆ ئێرە ناکات ، لەگەڵ هەڵکردنی بادا ، جندۆکە و چەتە وتارمایی دێنە ئێرە و دەچنە ناو شتەکانەوە و هەموو شتێك قسە دەکات و منیش گوێم لە قسەکانیان دەبێت "

" شەوکەت منی هێنا بوو بۆ ئێرە کە وا پشیلەیەکی تۆپیوم پێ پیشان بدات ، بەڵام نەبوو "

– :" پێت گوتوە کە باوکی ئەوت کوشتوە "

" بە تەواوەتی وەهام نەگوت ، بۆ ؟ قسە هاتووتە ئەوێ ؟ نەم گوتوە کە باوکتم کووشتوە ، وەك وتم دەمەوێ ببم بە باوکت ، لە پێشدا پرسیاری ئەوەی کرد کە من هیچ مرۆڤێکم کووشتوە یا نا ، منیش ڕاستیەکەی گوتم دووانم کووشتوە. "

" بۆ لە خۆباییبوون و لە خۆ تاریف کردن ؟ "

- : " هەم بۆ ئەوە ، هەم بۆ ئەوەی بکەومە چاوی ئەو کوڕەی کە وا حەز لە دایکی دەکەم . چونکە تێگەیشتم کە وا دایکیان دەسکەوتەکانی باوکی نیشانی ئەو چەتانە داوە و باسی قارەمانی باوکیانی لە شەڕدا بۆ گێڕاونەتەوە . "

: " کە وا بوو ، تاریفی خۆت بکە ! چونکە حەزت لیّ ناکا " بە شانازی کەسێك کە هەڵەیەکی خۆشەویستکەی گرتبێ وتم : " شەوکەت حەزم لێ ناکات ، بەڵام ئۆرهان حەزم لێدەکات ، بەڵام من دەبم بە باوکی هەردووکیان " . بۆساتێك سێبەری شتێکی نەبوو لە نێوانمانەوە تێپەڕی ، بە پەشۆکاوی وهەڵچوونەوە لەرزەیەك کەوتم گیانمەوە . کاتێ هاتمە سەر خۆم ، شەکورە هەنسکی هەڵدەداو دەگریا . وتی : " شووە بێچارەکەم برایەکی هەیە ناوی

حەسەنە ، ئەوسا کە چاوەڕێی مێردەکەمم دەکردەوە ، لەگەڵ ئەو و باوکیدا دوو ساڵ پێکەوە لە ماڵێکدا ژیاوین ، دڵی لە من چووە . ئێستاکانەش گومانی بە هەندێك شت کردووە ، لە وانەیە وا بزانێت کە من لەگەڵ کەسێکی تردا ، یان وەکوو تۆدا پەیوەندیم هەیە و دەمەوێ ببم بە هاوسەری . هەر لە بەر ئەمەش ئۆقرەی لیّ براوەو هار بووە ، هەواڵی بۆ ناردووم دەیەوێ بە زۆر بمباتەوە بۆ ماڵ ، دەڵێن : لەبەر ئەوەی تۆ لە چاوی قازیدا هێشتا نەبووی بە بێوەژن ، دەتوانین بە ناوی مێردەکەتەوە بتهێنینەوە . لەوانەیە هەر کات بێن بەسەرماندا ، باوکیشم نایەوێ بە بڕیاری قازی ببم بە بێوەژن ، چونکە وا خەیاڵ دەکات کە مێردێکی تازە دەکەم و بە جێی دێڵم ، لە تەنیایی دوای مردنی دایکمدا من و منداڵەکانم باوکم پێکەوە ماوینەتەوە. هاتنەوەی تۆ ئێمەی‌زۆر دڵخۆش کرد . لەگەڵ ئێمەدا دەمێنیتەوە ؟ "

" چۆن ؟ "

" ئەگەر مێردت پێ بکەم ، لەگەڵ ئێمە و باوکمدا دەمێنیتەوە ؟ "

" نازانم "

" تۆزێك زۆرتر بیر لێبکەرەوە بڕوا بکە کاتێکی زۆرت نابێ ،باوکم وا هەست دەکات کە خراپە نێزیکی دەبنەوە ، منیش لەلایان خۆمەوە حەقی پێدەدەم ، ئەگەر حەسەن و پیاوەکانی لەگەڵ یەنیچرییەکاندا هاتن و باوکمیان بردە بەردەم قازی تۆ لەوێ بڵێ مێردەکەیم بە مردوویی بینیوە ، بڕوات پێدەکەن تۆ لەوێوە هاتوویتەوە ، وەها دەڵێی یان نا ؟ "

" دەڵێم بەڵام من ئەوم نەکوشتووە . "

" باشە ، لەگەڵ شایەتێکیتردا کە لە ئێرانەوە هاتبێتەوە دەڵێن کە لاشە خوێناوییەکەی شووکەی منتان لەمەیدانی شەڕدا بە مردوویی بینیوە ؟ "

www.pertwk.com

" نەمبینیوە ، بەڵام لەبەر تۆ دەڵێم . "

" حەزلە منداڵەکانم دەکەی ؟ "

" خۆشم دەوێن . "

" دەپێم بڵێ ، بزانم حەز لە چییان دەکەی ؟ "

" بەبڕیار بوون و دروستی و پێداگری و ژیری و بەهێز بوونی شەوکەتم خۆش دەوێ و حەز لە ناسکۆڵەیی و بچووکی و ژیری ئورهانیش دەکەم ." تۆزێك پێکەنی ، چاوە ڕەشەکەم تۆزێکیتریش فرمێسکی هەڵڕشت و وەکوو کەسێك کە بییەوێت لە ماوەیەکی کورتدا کارێکی زۆر بکات ، ئاوەها بابەتەکەی گۆڕی و گوتی : " پێویستە کتێبەکەی باوکم زووتر تەواو بکرێت و تەسلیمی پادشا بکرێت، چونکە ئەو نەهامەتیانەی وا تووشمان دەبێت و لەدەورو بەرماندا دەخولێنەوە هەمووی لەبەر ئەوکتێبەیە . "

– : " زیاتر لە کوشتنی زەریف ئەفەندی چ شتێکیتر هەیە ؟ " بۆ ساتێك حەزی لە پرسیارەکەم نەکرد ، لەبەر ئەوەی لە ناوەوە خۆی دەشاردەوە بە شاراوییەوە گوتی : " لایەنگرانی مەلا نەسرەتی ئەرزڕوومی دەڵێن لە ناو کتێبەکەی باوکمدا بێ دینی هەیە و لاساییکردنەوەی ڕۆژئاواییەکانی تێدایە ، ئەو شێوەکارانەی وا هاتوو چۆی ماڵی ئێمە دەکەن بەخیلی بە یەك دەبەنەوە و فێڵ و تەڵەکە بۆ یەك دادەنێن ، خۆ خۆت سەر دانت کردوون ، باش دەزانی . "

– : " برای شووە خوا لێخۆشبووەکەت هیچ پەیوەندیەکی نیە ، بەڵام حەسەن کەسێکی وا نیە کە کاری بە هیچ شتێکەوە نەبێت . " بە بێدەنگییەکی سەیر و پڕ لە ڕازەوە ڕاوەستا . وتم : " ئەو کاتەی پێکەوە لە ماڵێکدا بوون هیچ لە بەینتاندا هەبوو ، یان نا ؟ "

– : " بە ئەندازەی دوو ڕۆژ لە ماڵێکدا . " هەر لەم کاتەدا لە جێگایەکی دوورەوە دەنگی دوو سەگمان بیست کەوا لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیان و لە یەك چەقاندا بە پەشۆکاوی و هەڵچوونی دەیانوەڕاند . بۆم نەهات کە پرسیاری لێبکەم و بڵێم مادام مێردە خوا لێخۆشبووەکەت ئەوەندە شەڕی کرد بوو و دەستکەوتی قازانج کرد بوو بۆچی لە ماڵێکی بچووکدا لەگەڵ باوك و براکەیدا دایناوی و لەوێ ماڵی بۆ دروستکردووی ؟ لە باتی ئەوە پرسیارم کرد کە بۆچی مێردت پێکرد ؟

– : " دەبوو کە هەر شووم بە یەکێك بکردبایە . " ئەمە ڕاست بوو ، بە شێوەیەك کەمن دڵگیر نەبم پەسنی مێردەکەشی داوە و وتی : " تۆ چوویت و نەهاتیتەوە ، لەوانەیە کە دڵگیر بوون نیشانەی عاشق بوون بێ ، بەڵام عاشقی تۆراو هەم پیاو ماندوو دەکات ، هەم ئایەندەشی نییە . " ئەمەش ڕاست بوو . ئەمە هۆی شوو کردنی بەو چەتەیەی مێردی نەبوو . لە نیگا فێڵبازەکانیەوە مرۆڤ بە ئاسانی تێدەگەیشت کە شەکورەش وەکوو کەسێکیتر لە ماوەیەکی کورتدا منی فەرامۆش کردووە . دەمزانی کە ئەم درۆ کلك درێژەی بۆ پینە کردنی دڵە شکاوەکەی من کردووە و ئەمەشم بە نیەتێکی باش نرخاند . بە پێویستم زانی سوپاسی لێبکەم و دەستمکرد بە باسی ئەو شەوانەی وا بیرم لێدەکردەوە و شێوەی ڕوومەتیشی نەدەهاتەوە یادم و وەکوو تارمایی لە خەومدا دەهاتەوە لام ، وامزانی کە ئەم شتانە بۆ کەسێکیتر باس نەکەم ، ئەمانە نهێنیترین و بە ئێشترین ئازارەکانی من بوون . ئەمانە هەمووی ڕاست بوون ، بەڵام وەکوو ئەوەی بە سەر سووڕ ماوییەوە هەستم پێکردبن ، هیچ کامیان ڕاستە ڕوو و پاك نەبوون ئەوە بۆ یەکەم جار بوو کە هەستم بە جیاوازییە دەکرد و ئەوەم دەزانی کە ئەگەر ڕاستییەکانی

www.pertwk.com

ژیان وەکوو خۆی باسبکردرێن ، دەبن بە هۆی دروست بوونی جیابوونەوە و دوور کەوتنەوە . لەوانەیە نموونەی هەر باش لەلای ئەو وێنە کێشانە بێت کە پیاوکوژێك لەناویاندایە : بۆ نموونە وێنەی ئەسپێك ، ئەگەر بە جوانترین شێوەش دروستکرابیٚ و بیٚعەیبیش بێت و بە تەواوەتی بەپێی نەریتی وەستاکانی تریشەوە کێشرابێت ، دیسان لەوانەیە هەموو هەستی ئەو شێوەکارە نیشان نەدات کەوا دروستی کردووە . دڵسۆزی کەسانی وەکوو ئێمەش یانی عەبدەکانی خودا لەکاتی هونەر و لەکاتی چاوەڕوانکراودا دەر ناکەوێت ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە کاتی هەڵخەڵەتاندنی زمان و شکانی دوای هەڵەکان و خەمەکانیدا دیار دەبێت . ئەو ویست و داخوازییەی وا ئێستا لە بەرامبەر شەکورەدا هەمە ، هیچ فەرقێکی نیە لەگەڵ ئەو ویست و داوا کارییەی وا لەکاتی سەفەردا بەرامبەر بە کچە دەم و چاو باریکەڵە ، ڕەساسی ڕەنگە ، لێو مۆرە قەزوینییەکە هەمبوو . هەڵبەت ئەمە بۆ ئەوە ناڵێم خاتوونەکانیتر دڵیان بشکیٚ و خەیاڵەکانیان بە فیڕۆ بچێت . شەکورەشم بە ئەزموونەکانی ژیانی خۆوە و بەو زانیارییانەی وا خودا پێیدا بوو دەیزانی کە لە لایەکەوە دوانزە ساڵ مەینەتی دوورییەکەیم وەکوو ئەشکەنجەی چین چێشتووە ، هەروەها لەوەش ئاگادار بوو کە لە ماوەی ئەم دوانزە ساڵەدا ئەوە یەکەمجارەکە ئاوەها تەنیا مابووینەتەوە ، هەرلە بەر ئەمانەش دەیزانی کە زیاتر لە کەسێك کەبە پەلەپەل بییەوێت هەستەکانی تێر بکات هیچیتر نابینی ، نیزامی دەیگوت کە : " دەمی جوان و شیرینی جوانەکان وەکوو جامۆڵکەیەکی پڕ لە هەنجیرە . " کاتیٚ سەگەکان بەهەموو تواناییەکەیانەوە ، جارێکیتر وەڕاندیان ، بەنا ئاسوودەییەکەوە گوتی : " بائیتر بچم " . ئەو کاتە تێگەیشتین کە ئێوارە بووە و تارمایی کابرای

جوولەکەکەش ماڵەکەی ڕەش کردووەتەوە . بۆ ئەوەی جارێکیتر باوەشی پێدا بکەم ، سینەم لە خۆیەوە دەرپەڕی، بەڵام ئەو وەکوو قومرییەکی ڕاوەستا و یەکسەر جێگاکەی خۆی گۆڕی . وتی : " زوو پێم بڵیٚ هێشتا وەکوو جاران جوانم ؟ "وتم و گوێی لە چەندە جوان بوونەکەی خۆی گرت و بڕواشی پێکردم .

" ئەی تیپ و جل و بەرگەکانم چوونە ؟" ئەوەشم بۆ گێڕایەوە .

" ئەی باشە بۆنی خۆشم لێدێت ؟ "

شەکورەش دەیزانی کە ئەو شتەی وا (نیزامی) وەکوو شەترەنجی عەشق باسی لێوە دەکات یاری ئەدەبی بەم شێوە نیە ، بەڵکوو جمو جۆڵێکی ڕۆحییە کەلە ژێرەوە لە نێو عاشقاندا هەیە . وتی : " ئێستا تۆ چ شتێك قازانج دەکەی ؟ دەتوانی باوکایەتی بۆ منداڵەکانم بکەی ؟ " باسی ئەو ئەزموونە تێر و پڕەم بۆ کرد وا لە ماوەی دوانزە ساڵ کار و باری دەوڵەت و نووسینەوە بە دەستم هێنا بوو هەر وەها هیواکانی دوا ڕۆژیشم بۆ هێنایە سەر زمان و باوەشم پێدا کرد . وتی : " تۆزێك بەرلە ئێستا چەنیٚ خۆش باوەشمان کرد بوو بەیەکدا ! کەچی ئێستا ئەو تامە سێحراوییەی نەماوە . " بۆ ئەوەی بڕوا بکات کە ئەم باوەش پێدا کردنەم لە دڵەوەیە ، تۆزێك توندتر باوەشم پێدا کرد و پرسیاری ئەوەم لێکرد کە بۆ چی ئەو وێنەیەی وا دوانزە ساڵ بەر لە ئێستا بۆم دروستکرد بوو ، بە ڕێگای ئەستەردا بۆم نارد بووەوە ؟ لە سەر سامی من سەری سووڕما . کاتیٚ لە چاوەکانیدا ئەوەم خوێندەوە کەلە دەروونیدابەرامبەر بەمن هەستی بەزەیی پیا هاتنەوە و خۆشەویستی بەرز بۆتەوە، یەکتریمان ماچ کرد . ئەمجارە وەکوو جاری پێشوو ملم نەکرد بە زەنجیری شەهوەت و ویستدا ، بەڵکوو بە پێچەوانە ئەمجارەیان عەشقێك چوو بووە ناو دڵی هەردووکمانەوە و وەکوو

www.pertwk.com

هەڵۆیەک باڵم بە سەریدا دادا . مەگەر جووتبوون و جۆر بوون لەگەڵ ژنێکدا باشترین ڕێگای قووڵبوونەوەی خۆشەویستی نیە ؟ کاتێ دەستم لە مەمکۆڵەکانی دا . بە بڕیارێکی تەواوەوە پاڵی پێوە نام ، من پیاوێکی وەها نەبووم کە ئەگەر ئێستا یانی بەر لەوەی زەماوەند بکەین لەگەڵیدا جووت ببم، لە دواییدا ژیانی لەگەڵدا بکەم و ببم بە هاوسەری . من کەسێك بووم کە بەپەلە کارم دەکرد و شەیتانم تێکەڵاوی کارەکانم دەکرد و نەمدەزانی کە پێویستە بەرلە زەماوەند چ زۆری و زەحمەتی و لە خۆ بووردەیییەك بکێشم . لە نێوان دەستەکانمەوە خۆی دەرخست و پەچەکەی داخست و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت . لە دەرگا کراوەی ماڵەکەوە چاوم بەو بەفرە کەوت کەوا دەباری ، لەو جێگاییەی وا پێکەوە چپەچپمان دەکرد قیڕاندم و گوتم : لەمەو بە دوا چی دەکەین ؟

وتی : " نازانم " و بەپێی یاری شەترەنج بە بێدەنگی ڕۆیشت و شوێنە پیێکانی خۆی جێهێشت کەوا بەفر بە پەلەپەل دایدە پۆشتنەوە .

((لە دواییدا پێم دەڵێن پیاو کوژ)) (28)

لەو بڕوایە دام ئەو شتەی وا ئێستا باسی دەکەم بەسەر ئێوەشدا دێت ، کاتێ لە کۆڵانە بێکۆتاییەکانی ئەستەنبووڵدام ، یان لە چێشتخانەیەکدا پارووییەك دەخەمە ناو دەمم یا خود کاتێك تەماشای گوێی چمکی لاپەڕەیەك دەکەم کە لە قامیش دەچێ ، یەکسەر وا هەستدەکەم کە ئێستاش وەکوو ڕابردوو ژیاوم . وەکوو ئەوەی کە ئێستا لە کۆڵانەوە بەپێ لە سەر بەفردانانەوە بڕۆم و لە دڵمدا وا هەستبکەم کە لە کۆڵانەکەدا پێم لە سەر بەفر دانا بێت و ڕۆیشتبێتم . ئەم شتانەی کە باسم کردن شتانێکی سەیر و

سەمەرەن و وەکوو ئەوەی کە هەمووشمان دەزانین هەرلە کاتی ئێستادا ڕوویانداوە ، بەڵام وەکوو ئەوە وایە کە لە ڕابردوودا ڕوویان دابێ . بەرە و ئێوارە بوو ، تاریکایی خەریك بوو دادە تەپی ، ترووکە ترووکەی بەفر دەهات و منیش لە کۆڵانەکەی ماڵی زاوای بەرێزەوە تێپەڕ دەبووم . بە پێچەوانەی هەندێك شەوانیترەوە ئەمجارەیان بە زانا بوونەوە ڕۆیشتبووم و پێم لە خۆیەوە منی لێرەوە نەهێنا بوو . وەکوو شەوانیتر بیرم لە شتانی دیکە دەکردەوە و دەرۆیشتم بە ڕێدا ، بۆ نموونە بیرم لەو چەخماخە دەکرد کەوا لە دەورانی تەیموورەوە بە جێما بوو ، یان بیرم لە کتێبە بێ زێڕاوەکانی هەرات و ئەو کاتەی بە دایکم گووتبوو بۆ کتێبێك حەوسەد ئاکچەم وەرگرتووە و بیرم لە تاوانەکان و گەمژەییەکانی خۆم دەکردەوە تا وەکوو گەیشتمە ئێرە . لەوە دەترسام کە کەس دەرگای حەوشە گەورەکەم بۆ نەکاتەوە ، کاتێ دەستم لێدا خۆی لە خۆیەوە کرایەوە . ئەمجارەش تێگەیشتم کە بە ڕاستی خودا لەگەڵ مندایە . ئەو بەردەڵانە بریقەدارەی وا شەوان بۆ زیاد کردنی وێنە لەسەر کتێبەکەی زاوای ئەفەندی دەهاتم و لەوێوە تێپەڕ دەبووم ، کەسی لێنەبوو . لەلای ڕاستەوە سەتڵی ئاوەکەم بینی کە چۆلەکەیەکی بە سەرەوە بوو ، هیچ گازندێکی لەو سەرما و سۆڵەیە نەبوو، لە پێشەوە ئاگردانێکی لێبوو کە نەمدەزانی لەبەر چی کوژراوەتەوە. لە لای چەپیشەوە گەورێکی لێبوو کە بە تەنیا ئەسپی میوانەکانیان لە وێدا دەبەستەوە . هەموو شتێك وەکوو خۆی مابووەوە . لە دەرگا کراوەکەی لای گەورەکەوە چوومە ماڵ ، پێم داکوتا و دام لە پلیکانەکە و کۆخەیەکم کرد و ڕۆیشتمە ژوورەوە . وەڵامی کۆخەکەم نەدرایەوە ، لە بەر دەرگای هەیوانەکەدا پێڵاوە قوڕاوییەکانم داکەند و بۆ بینینەوەیان لە پاڵ پێڵاوە

www.pertwk.com

جووت کراوەکانیتردا دامنا . وەکوو هەرجارێك کە دەهاتم بۆ ئێرە تەماشای پێلاوەکانم کرد ، پێلاوە سەوز و جوانەکانی شەکورەی لێنەبوو ، وتم لەوانەیە کەس لە ماڵ نەبێ . وامدەزانی شەکورە و منداڵەکانی لە باوەشی یەکتریدا خەوتوون ، لە ناکاو یەکەم دەرگای لای ڕاستم کردەوە و ڕۆیشتمە ژوورەوە . دەستم دا لە دۆشەکە و پێخەفەکان و سندووقێك و دۆلابێکی سەر تووکنم کردەوە و تەماشام کردن . بە بۆنی بادامییەکەی ژوورەکەوە خەیاڵم چووە سەر شەکورە .دۆلابێکی سەرووترم کردەوە، سەرینێك کەوت و دایی لە سەرم و دوایی لەگەڵ پەرداخی پاڵ سوراحییەکەوە کەوتنە خوارەوە . ژوورەکە زۆر تاریك بوو ، هەستم بە سەرماکە دەکرد ، کاتێ پەرداخەکە دەنگی دەرخست ، زاوای بەرێز لە ناوەوە بانگی کرد : " خەیرییە ! شەکورە ! کامتانن ئەوە ؟ " لە چاو پرتاندنێکا لە ژوورەکەوە دەرکەوتم و بەملا و بەولای هەیوانەکەوە تێپەڕ بووم و ڕۆیشتمە ئەو ژوورە بەشێن ڕاخراوەی وا زاوا لە کاتی زستاندا لەوێدا کاری دەکرد و گوتم :"منم ، زاوا ئەفەندی، من".."تۆکێی؟".

لەو کاتەدا تێگەیشتم کە ئەو نازناوانەی وا وەستا عوسمان لە کاتی شاگردیماندا بەوە بانگی دەکردین بە کەڵکی چی دێن . وەکوو خۆشنووسێکی لە خۆ بایی کە دوایین لاپەڕەکانی کتێبێکی شکۆ داری نووسیبێ ، خۆمم وەکوو پیاوی هەژار و تاوانبار بە ناو بانگ کرد و لەگەڵ ئەوەی کە گوتم لە کوێوە هاتووم بە قوورساییەکەوە ناز ناوو ناوی ڕاستەقینەی خۆم و باوکیشمم پێگوت . لە پێشدا وتی ها ! لە دوایشدا هەر وتی ها ! وەکوو ئەو پیرە مێردانەی کەوا لە چیرۆکە سوریانییەکاندا دەڵێی ، ڕوو بە ڕووی مەرگ دەبنەوە و بێدەنگییەکەیان هەتا دوایی دەبێ ، ئەویش

بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو . لە بەر ئەوەی کە ئێستا باسی مەرگم کرد ، لەوانەیە کە وەها تێبگەن کە بۆ ئەنجامدانی کارێکی ئاوەها هاتووم بۆ ئێرە ، بەڵام ئەگەر کتێبەکەتان وەها خوێندبێتەوە ، زۆر هەڵەیە و بە هەڵەش تێدەگەن ، کەسێك کە بیەوێ کارێکی وەها بکات ، بۆ چی لە دەرگا دەدات ؟ ئایا پێلاوەکانی دەر دەخات و بەبێ چەقۆ دێت ؟ وەکوو پیرەمێردەکانی ناو داستانەکان گوتی : " کەواتە هاتی . " بەڵام لە دواییدا زمانی خۆی بە هەوایەکیتردا گۆڕی و گوتی : " بەخێر هاتی کوڕم، بڵێ بزانم چیت دەوێ ؟ " تاریکایی داهاتبوو . ئەو پەنجەرەیەی وا لە بەهاردا بەرووی دار هەنار و دار چنارەکانەوە دەکرایەوە ، لەگەڵ ئەوەی کە داپۆشرا بوو ، دیسان تیشکێکی دەدایە ناوەوە ، ئەم جۆرە تیشکانە بە دڵی شێوەکارە چینییەکان بوو ، چونکە هەلی دۆزینەوەی هەڵەکانیانی بۆ دەرەخساندن . وەکوو جاران لە گۆشەکەی خۆیدا لەسەر مێزێك دانیشتبوو . دەم و چاومی بە تەواوەتی نەدەبینی ، جاران لەگەڵ ئەوەدا شەو تا بەیانی لە ژێر ڕووناکی ئەو مۆمەدا بە فڵچە و قەڵەم و مۆرەکانی نێوان جامۆڵکەکانەوە وێنەمان دروستدە کرد و لەسەر نەخش و نیگار قسەمان دەکرد . خەریکبوو بە هەڵچوون و پەشۆکاوییەوە هەستی نزیکبوونەوەی خۆم بەرامبەر بە ئەو لەو کاتانەدا زیندوو بکەمەوە . نازانم لەبەر چی بوو ، لەبەر ئەم هەستە بێگانەیە بوو ، یا خود لەبەر دوو دڵیەکانی خۆم بوو کە باسی ئەوەم بۆ نەکردئایا ڕاستە کاتێ وێنە دەکێشم تووشی گوناباری دەبم و گومانەکانی خۆمم لەو بارەیەوە پێنەگوت و نەمگوت کە کەسانیتریش دەزانن و لێی ئاگادارن . ئەم جارەیان بڕیارمدا کەوا دەردەکەی خۆمی بە شێوەی چیرۆك بۆ بگێڕمەوە .

لەوانەیە کە ئێوەش باسی بەسەر هاتی شێخ موحەممەدی

www.pertwk.com

ئیسفەهانیتان بیستبێ :

ئەم شێوەکارە لە بواری هەڵبژاردنی ڕەنگ و کەڵەکە کردنی وێنە لە نێو لاپەڕەکاندا بە خرۆش کردنی وێنە وەکوو شیعر و دانانی ژێر بیری شاراوە وەکوو هێندسە لە ناو جەرگەی وێنەکەدا دەستی باڵای هەبووە . لە دوای ئەوەی لە تەمەنی لاویدا گەیشتۆتە پلەی وەستایەتی ، بە دەستە موعجیزاوییەکەی خۆیەوە لە دۆزینەوەی بابەت و خولقکاریدا وەستایەکی لێهاتوو بێپەروا بووە . بە شارە زایی و بە هونەر و بەڕاگرتنی هاوسەنگی ، بە ڕەشایی قەڵەم توانی شەیتانە مەترسیدارەکان و جندۆکە شاخدارەکان و ئەو بوونەوەرانەی وا نێوەیان مرۆڤن و نیوەشیان حەیوانن بخاتە نێو وێنە هەستەوەر و ناسکەکانی هەراتەوە . لە هەموو کەسێك زیاتر سەرەنجی داوەتە سەر وێنە کەسیەکانی ڕۆژ ئاوایی و وێنەی ناو ئەو کتێبانەی دۆزیوەتەوە وا لە کاتی چەنگیز خاندا پەڕوپوت کرابوون و سەر لە نوێ کیشاونییەتەوە : وێنەی ئەسکەندەرکە بەلاچاوێکەوە تەماشای ئەو ژنە ڕووت وقووتانە دەکات کەوا مەلە دەکەن ، وێنەی مەلە کردنی شیرین لەبەر تیشکی مانگداو بە دەیان بابەتیتری لەم جۆرەی بەر لە هەموو کەسێك بە نەترسییەوە کێشاوە و پاشاکانی لە کاتی خۆخوران و سەگەکانی لە کاتی چەقان لەیەکدا و شێخەکانی لەکاتی سەر خۆش بوون بە شەرابەوە کێشاوە و ئەمانەشی بە کۆمەڵگەی شێوەکاران داوە بە قەبڵاندن و سی ساڵی تەواوی بە خواردنەوەی شەراب و بەنگکێشان و کارکردنی باش و بەجۆش وخرۆشەوە تێپەڕ کردووە . لە دوایشدا لە کاتی پیری، دەبێت بە موریدی پیاوێکی سۆفی و لەماوەیەکی کورتدا هەموو ئەو شتانەی کە ئەنجامی داوە و لە سی ساڵی ڕابردوودا دروستی کردوون، بە بێ دینی لە قەڵەمیان دەدا

و ڕەتیان دەکاتەوە لەوەش زیاتر لەو سی وساڵەکەی تری تەمەنیدا شار بە شار و کۆشك بە کۆشك گەڕاوە و هەموو کتێبخانەکانی لێك داوە و لە خەزێنەی پادشاکاندا وێنەکانی خۆی دۆزیوەتەوە و لەناوی بردوون سالآنێك لەوە و بەر چ وێنەیەکی دابێ بە کام کتێبخانە یان بەکام پاشا ، چی دەکرد و نەی دەکرد و بە فیڵ بایە یان بە خۆشی بایە هەڵی دەخەڵەتاندن و وێنەکەی دەهێنا و لە هەلێکدا کە کەسێك چاوی لیێنەبایە یان دەیدڕاندن یاخود ئاوی بەسەردا دەڕژاندن ." ئەمەشم وەکوو نموونەی ئەوەی کەوا گەرم و گوڕی وێنە کێش لە ئیمان دەردەخات و ئازاری پێ دەگەیەنێت بۆ باس کردوو ئەوەشم بە بیر هێنایەوە لەبەر ئەوەی کە شێخ موحەمەد کەنەیدەتوانی یەکە یەکەی کتێبخانەکان بگەڕێت و کتێبەکانی خۆی بدۆزێتەوە ، شازادە عەباس میرزا کە حاکمی قەزوێن بوو کتێبخانە گەورەکەی خۆی بۆ سووتاندووە و داستانی مردنی شێوەکارەکەشم لە نێو ئێش و ئازاردا و لە کاتی سووتانی کتێبەکاندا وەکوو ئەوەی کە خۆم بم بۆ گێڕایەوە . زاوا ئەفەندی بە بەزەیی پێدا هاتنەوەوە گووتی دەترسی کوڕم ؟ ئەترسی لەو وێنانەی وە کێشاوتن ؟

ژوورەکە ئەوەندە تاریك بوو کە نەمزانی ئەمەی بە پێکەنینەوە گووت یان نا ، بەڵام خۆم وای بۆ دەچم . وتم : " شتێك بە ناوی نهێنی کاری کتێبەکەمان نەماوەتەوە ، لە وانەیە گرنگ نەبێت بەڵام لە هەموو جێگایەکدا باسی لەسەر دیکرێت دەلێن کە بە شێوەیەکی شاراوە و سەر گێراو قسە بەدینەکەمان دەڵێن و کوفر دەکەن . دەلێن کە بەگوێرەی داخوازی حەزرەتی پادشاکەمان کتێب ئامادە ناکەن و تەنانەت گاڵتەشی پێدەکەین و بەگوێرەی خۆمان دروستی دەکەین . هەندێکیش دەڵێن کە کتێبەکەمان شەیتان بە

www.pertwk.com

ڕووخۆشی و جوانی نیشان دەدات . دەڵێن کەوا بە مەبەستی ڕێنمایی وەرگرتن تەماشای چاوی سەگ دەکەین و لەبەر ئەوەی کەوا مێشی ئەسپێك و مزگەوتێکمان پێکەوە دروست کردووە مێشەکەمان لەپێشەوەی مزگەوتەکەوە کێشاوە ، ئەمە بەمانای بە یەك زانینی بەهای ئەو دوانەیە . شەوانە کەبیر لەمانە دەکەمەوە خەوم لێ ناکەوێ .

زاوا ئەفەندی وتی : " ئێمە پێکەوە وێنەکانمان کێشاوە ، شتی وامان دروست نەکردووە و تەنانەت لە دڵیشمانەوە تێپەڕ نەبووە . وایە یان نا ؟ " بە شێوەیەکی گەورە کراو وتم : " حاشا ! بەڵام نازانم لە کوێوە بیستویانە ، دەڵێن کە دوایین وێنە لە نهێنی کاری زیاتر بە شێوەیەکی ئاشکرایانە کوفرو بێ دینی دەکات . "

وتی : " دوایین وێنەت بینیوە ؟ "

بەسەرنج و پێداگیرییەکی تەواوە وتم : " بۆ وێنەیەکی دوو لاپەڕەیی ، پەلێکی گەورەتانە پێدابوم ، ئەو وێنانەی وا ویستبووتان کێشابووم ، بەڵام وێنەکەم نەبینیوە ، ئەگەر بمبینیایە هەموو ئەو تۆمەتانەم بە درۆ دەخستەوە و ویژدانم ڕەحەت دەبوو . "

– : " بۆچی هەست بە تاوانباری دەکەی ؟ ئەوەی کە ڕۆحت دەخواتەوە چیە ؟ چ شتێك تۆی لە خۆت خستۆتە ناو گومانەوە ؟ "

– : " گومان کردن لەوەی کە وا هێرش دەکەنە سەر ئەو کتێبانەی وا بە مانگان بە خۆشییەوە کاری بۆ دەکەی و بە بێئەوەی کە بمری سزای دۆزەخ ببینی ، دەبوایە کەو وێنەیەم ببینیبایە . "

– : " هەموو دەردێکت ئەوەیە . بۆ ئەوە هاتووی بۆ ئێرە ؟ " لەناکاو پەشۆکام. دەبێ کەبیر لە شتێکی چەپەڵی وەکوو کوشتنی زەریف ئەفەندییە

بێچارەکە بە دەستی منەوە بکات ؟

وتم : " ئەو شازادانەش کەوا دەیانەوێ پادشا لەدەسەڵاتداری بخەن و جێگای بگرنەوە کەڵك لەوە وەردەگرن و دەڵێن پادشا بە دزیوە هاوکاری و یارمەتییان دەکات . " بە حاڵێکی ماندوو بێزارەوە گوتی : " چەند کەس بڕوا بەمانە دەکات؟"

– : " هەر مەلایەك کەوا تۆزێك جەماوەری هەبێت و سەری بەم جۆرەوە شتانەوە بێشێ باسی ئەمانە دەکات ، چوونکە ئەمە دەرگای نان خواردنە . " ئایا وەها بیر دەکاتەوە کە من تەنیا بۆ ئەوەی ئەم شتانەی پێ بڵێم هاتووم بۆ ئێرە ؟ بەدەنگێکی لەرزۆکەوە گوتم : " دەڵێن کە زەریف ئەفەندییە بێچارە خوا لێ خۆش بووەکەش لەم شتانە تێگەیشتووە و ئەم وێنانەی هەموو بینیوە و زانیویەتی کە دژ بە دین و کوفری تێدایە و هەر لەبەر ئەوەش ئێمە کوشتوومانە . ئاغای دەستەیەکی شێوەکاران ئەمانەی پێ گوتم، خۆتان دەزانن شاگردە بەردەست و شێوەکارانی وێنە کێشخانە کە لە سەر هەموو شتێك قسە دەکەن . " هەر بەم ژێر بیرییەوە هەرچی دەچوو گەرمتر دەبووم و قسەم بۆ دەکرد ، نەمدەزانی چەندەی ئەم قسانەم بۆ خۆم بیستووە ، یان چەندە لەوانەم لە پشتی کوشتنی ئەو نارەسەنە لە ترساندا هاتبێ بە مێشکدا، یان وەکوو چەندەی ئەوانە بەرهەمی خەیاڵی خۆمە.

وامدەزانی کە لەبەر ئەوەی لە پێشدا قسەم کرد و هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە ، زاوا دوولاپەڕەکە دەردینێ و وێنەکەم پیشاندەدا و ئاهۆنم دەکاتەوە . داخۆ بۆچی لەوە تێنەدەگەیشت کەوا ڕێگای ڕزگاریم لە گومانی ئەوەی کەوا خەریکە لەزەلکاوی تاوان و گوناباریدا دەخنکێم ، هەر بەو شێوەیە مومکین دەبێت ؟ ویستم بیهەژێنم و بە لە خۆ بووردەییەوە

www.pertwk.com

پرسیارم کرد و گوتم : " ئایا دەبێت کە مرۆڤ بەبێئەوەی ئاگای لێبێت وێنەیەك دروست بکات کە بێدینی و بیٚئیمانی تێدا هەبێت ؟ " لە جێگای وەڵامدانەوە وەکوو ئەوەی کەوا منداڵێك لە ژوورەکەدا خەوتبیٚ بە ناسکییەوە دەستێکی هەڵبڕی و منیش بێدەنگ بووم . وەکوو ئەوەی کەوا بچپێنیٚ گوتی : " هەوا زۆر تاریك بووە ، با مۆمدانەکە داگیرسێنین . کاتیٚ مۆمدانەکە داگیرسا و تەماشای ڕوخساریم کرد ، شانازییەکی بێگانە بە ڕوومەتی زاوام بینی ، زۆرم پیٚناخۆش بوو . یان وەکوو ئەمە گوزارشتێك بوو بیٚ لە هەستی بەزەیی پێدا هاتنەوەی ؟ ئایا تێگەیشتووە کەمن پیاو کوژە ناپیاوەکەم و لەسەر ئەوە بیر دەکاتەوە یان وەکوو لە من دەترسیٚ ؟ لە ناکاو پەتی بیرەکانم لە دەست دەرچوو ، وامدەزانی ئەوبیرانە هی کەسی دیکەن و منیش بە سەر سووڕماییەوە گوێیان لێڕادەگرم . قاڵییە ڕاخراوەکە شتێکی وەکوو گورگی پێوە بوو ، بۆ چی تاوەکوو ئێستا سەرەنجم نەداوەتیٚ ؟

کاکی زاوا گوتی : " ئەو کەسانەی وا حەز لە وێنە و نەخش و کتێبی جوان دەکەن ، بە تایبەت خان و پاشاکان و پادشاکان و هەر هەموویان سیٚوەرزیان هەیە : لە سەرەتادا لێهاتو و لەخۆبووردەن ، خاوەن مەراق و زانخواز و خۆهەڵقورتێنەریشن . لەبەر ئەوەی کەوا وێنە لە کەسانیترەوە دەبینن ، ئەوان وێنەیان بۆ شکۆداریەکەی دەویٚ، لەم وەرزەدا تەنیا فێر دەبن . لەوەرزی دووهەمیشدا ئەو کتێبانەی وا بیانەویٚ بە گوێرەی دڵی خۆیان دروستیدەکەن . لەبەر ئەوەی فێری ئەوە بوون کە لەدڵەوە تەماشای وێنەکان بکەن دەبن بە خاوەنی ناو ناوداری، لە دوای مردنیش ئەو کتێبانەی وا بە جێیان هێشتوون دەبن بە ناو شکۆداری بۆیان ودەمێننەوە .

لە پاییزی ژیانیشدا ئیدی هیچ پادشایەك کاری بە کاری بیٚمردنییەکەی لەم دونیادا نابێت . خۆی لە خۆیدا ئەو فەرمانڕەوایانەی وا نەخشیان خۆشدەویٚ کاتێك شتێك بە ئێمە دروستدەکەن و ناوی خۆیانی تێدەخەن، یان وەکوو جارجاریش کە مێژووکەی خۆیان دەنووسنەوە بیٚ مەرگییان بە دەست هێناوە . کاتیٚ پیردەبن دەیانەویٚ لە دونیای دیتردا جێگایەکی باشیان هەبێت و هەمووشیان لەو کاتانەدا بڕیار دەدەن کە وێنە لە پێش ئەمەدا ئاستەنگی دروستدەکات . ئەو شتەش کەوا من نارەحەت دەکات ئا ئەمەیە . ئەو شا تاماسووبەی کەوا خۆی لە کاتی جوانیدا شێوەکار بووە و تەمەنی لاوێتی خۆی لە وێنە کێشخانەدا بردۆتە سەر ، کاتیٚ بەرە و مردن ڕۆیشتووە ، دەرگای وێنە کێشخانەکەی داخستووە و وێنەکێشە دەرئاساییەکانی لە تەورێزەوە دوور خستووتەوە و بەرهەمەکانیانیشی پەرش و بڵاو کردووتەوە و کەوتۆتە ناو قەیرانی پەشیمانبوونەوە . بۆچی هەموویان وەها بیر دەکەنەوە کە وێنە دەرگای بەهەشتیان لێدادەخات ؟ "

– : " دەزانن بۆ چی ؟ چونکە هەندێك کەس دەڵێن حەزرەتی پێغەمبەر گوتوویەتی لە ڕۆژی قیامەتدا خودای گەورە وێنەکێشان بە خراپترین جۆری سزادان سزا دەدات ."

– : " وێنەکێش نیە ! ئەوە حەدیسێکی بۆ خارابییەوە باسی پەیکەر تاشەکان دەکات"

بە ئاگادارییەوە گوتم : " لە ڕۆژی حەشردا وایان لێدەکەن کە ئەو شتانە زیندوو بکەنەوە وا درووستیان کردوون بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانن بە ئاگری دۆزەخ سزا دەدرێن ، لە قورئانی پیرۆزدا ئەو کارەی ئەوان تایبەتمەندی خودایە . هەر خودایە کە خۆلقێنەرە و لە نەبوونەوە هەبوون دروستدەکات و

www.pertwk.com

گیان بە بێ گیانان دەبەخشێ و نابێکە هیچ کەس لەگەڵیدا کێبرکێ بکات، ئەو کارەش کە وێنەکێشان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی و ئیدعایان وایە کە خولقێنەرن خۆی لە خۆیدا گەورەترین تاوانە . " وەکوو ئەوەی کە بە تووندی ئەمانەم گوتبێ و ئەوم تاوانبار کردبێ زەق زەق تەماشای نێو چاوانمی کرد و وتی : " بە گوێرەی تۆ ئەمانەمان دەکرد ؟ " بەبزە لێدانێکەوە گوتم : " نا ، بەلام زەریف ئەفەندی کە دوایین وێنەکەی بینیبوو وەهای بۆ دەچوو و دەیگوت وێنە دروست کردن بە زانیاری یەك لایەنی و یەك دیدگاییەوە و بەکەڵك وەرگرتن لە نەریتی وەستا ڕۆژ ئاواییەکان ، دەستکردی خودی شەیتانە . هەروەها وتوویەتی کە لەم دوایین وێنەیەدا بە کەڵك وەرگرتن لە نەریتی ڕۆژ ئاواییەکان وێنەی کابرایەکی مردوومان کێشاوە ، کە کاتێ کەسێك تەماشای دەکات وا دەزانێت کە ئەمە ڕاستییەکەیەتی و دەیەوێ وەکوو ئەوانەی سەردیواری کلیسەکان کڕنووشیان بۆ بەرێت . وەهەروەها وتوویەتی زیاتر لەوەی کە بە پیێ ئەم تێڕوانینە تازەیە وێنەمان کێشا بێت ، وێنەمان لە شێوەی دیتنیخوداوە دابەزاندۆتە شێوەی بینینی سەگێکی ناو کۆلانی، بە بەکارهێنانی نەریتی ڕۆژئاواییەکان و گۆڕانەوەی هونەری خۆمان بەهی ئەو گاورانە لە پاکی و سادەیی دوور دەکەوینەوە و وردە وردە دەبین بە کوێلە و کارەکەری ئەوان کە ئەمەش خۆی دەستێوەردانێکی تری شەیتانە . " زاوا ئەفەندی گوتی : " هیچ شتێك پاك و ساف نیە . هەر کاتێك کە شتێکی دەر ئاسایی دروست ببێت و لە وێنە کێشخانەکەدا جوانییەك دروست بکرێت کەوا چاوەکانم ئاو بدات و مووەکانم ڕاست بکاتەوە ، ئەو کاتە دەزانم لەوێدا دووشت یەکیان گرتووە کە نەدەهاتنە پاڵی یەك و ئەم شتە نا ئاسایە تازەیان دروست

کردووە . جوانی وێنەی ئێرانییەکان قەرزاری دەرکەوتنی کەسی وەکوو بەهزادەو تێکەلأوبوونی وێنەی عەرەبی و مەغوولی و چینییە لەگەڵ یەکتریدا . شاتاماسووب هەستەوەری تورکمانی تێکەڵ بە نەریتی ئێرانییەکان کرد ، ئەگەر ئەمڕۆش هەر کەس باسی وێنە کێشخانەکەی ئەکبەر خانی پادشای هیند دەکات و باسەکەش هەر تەواو نابێت ، لەبەر ئەوەیە کەوا وێنەکێشانی بۆ کەڵك وەرگرتن لە نەریتی ڕۆژئاواییەکان هانداوە، ڕۆژهەلأت و ڕۆژ ئاواش هەر دوو هیخودایە ، خودا ئێمە لەوانە بپارێزێ کە وا سافن و تێکەڵاو نەبوون . " ڕوومەتی لەبەر ڕووناکییەکەدا چەندە نەرم و ڕووناکە ، سێبەرەکەشی لەسەر دیوارەکە بە هەمان ئەندازە باریك و ترسێنەرە . لەگەڵ ئەوەی وا قسەکانی لە جێگای خۆو ماقوولانە نەبوون و هەمووشیانم قەبووڵ دەکرد ، بەلام بڕوام پێنەدەکرد . لەبەرئەوەی گومانی لێدەکردم ، منیش گومانم لێدەکرد . لە هەمانکاتدا گوێی بۆ دەنگی پێی یەکێك ڕادەگرت کە لە دەرگاکەوە بێت و لە دەستی من نەجاتی بدات . وتی : " باسی شێخ موحەممەدی ئیسفەهانیت بۆ کردم کە ڕابردووی خۆی ڕەتکردووتەوە و کتێبخانەیەکیان لەبەر ئەو سووتاندووە کە وێنەکانی ئەوی تێدا بووە و لە دوایشدا خۆیشی بە ئاگری ویژدان سووتاوەتەوە . با منیش باسی بەشێکی ئەو ئەفسانەیەت بۆ بکەم کەوا تۆ ئاگات لێی نیە . ڕاستە ساڵەکانی کوتایی تەمەنی خۆی بۆ دۆزینەوەی وێنەکانی تەرخان کردووە ، بەلام کاتێك کە لاپەڕەکان هەڵدەداتەوە ، لە باتی وێنەکانی خۆی وێنەی دروست کراویتر دەبینێ کە لەهی ئەو دەچن ، لە ساڵانیتریشدا دوجیلی تازەی وێنەکێشانی بینیوە کە ئەو وێنانەی وا ئەو ڕەتی کردوونەتەوە ، کردوویانە بە قاڵب بۆ خۆیان و بە کاریان هێناوە و ئەو وێنانەیان لە

www.pertwk.com

مێشكدا كێشاوە و زیاتر لەوەی كە تەنیا لەبەریان بكەن لە ڕۆحیاندا جێگیریان كردوون . چەندە كە ئەو دەستی بە لە ناو بردنی وێنەكان كردبێ ئەوەندەی‌تریش لەرووی دروستكراوە و لەمێشكی هەمواندا جێی گرتووە. ئێمەیش چەندە كتێب دەخوێنینەوە و تەماشای وێنە دەكەین ، ئەوەندەش تێدەگەین كە وێنەیەكی باش بە لایەنە دەرئاساییەكانەوە نەتەنیا لە عەقڵماندا دەمێنێتەوە بەڵكوو لە مێشكماندا جێدەگرێ و دیمەنەكانیشی دەگۆڕدرێ.ئەگەر هونەری شێوە كارێك بەمجۆرە لە ڕۆحماندا كاریگەری ببێ ، لە داهاتووشدا دەبێ بە داستانێك ودەكەوێتە سەر زاری هەموانەوە . شێخ موحەممەدی ئیسفەهانی چەندە وێنەكانی سووتاندووە ، ئەوەندەی‌تریشی لێ دروست كراوەتەوە و زانیویەتی كە هەموو كەس وەكوو زەمانێك ئەو چۆن تەماشای دونیای دەكرد ئاوەها تەماشای دونیا دەكات ، لە لایەكیتریشەوە تێگەیشتووە كە ئەم وێنە دروست كراوانە وەكوو ئەوانەی خۆی نین و زۆر ناشرینن . " نەمتوانی پێش لە بەرز بوونەوەی هەستی حەیران مانەوەم بەرامبەر بە زاوا ئەفەندی بگرم و خۆمم خستە بەر پێی . كاتێ دەستەكانیم ماچكرد فرمێسك لە چاوەكانمەوە هاتە خوارەوە وا هەستمكرد كە جێگای وەستا عوسمانی بۆ من گرتۆتەوە .

به شێوەیەكی لە خۆ ڕازی بوونەوە گوتی : " شێوەكار گوێ لە ویژدانی وێنەكە دەگرێ و بە پێی ئەو پێوانانەی وا بڕوایان پێ‌دێنێ بەبێ ترسان لە هیچ كەسێك وێنە دەكێشێ و ئەوەشی بە خەیاڵدا نایەت و خەمیشی لەوە نیە كە دوژمنان و فرەبێژەكان و بەخیلەكان چی دەڵێن . " بەڵام كاتێ دەستە لەكەدار و خاڵدارەكەیم ماچ كرد بیرم لەوە دەكردەوە كەوا زاوا ئەفەندی شێوەكار نیە . بەڵام وەكوو ئەوەی كە كەسێكیتر ئەم بیرە

شەیتانیەی خستبێتە مێشكمەوە ، یەكسەر شەرمم لە خۆم كرد . بەڵام سەرە ڕای ئەوانە ئێوەش دەزانن كە ئەو شتانەی وا من بیریان لێكردوونەتەوە هەمووی ڕاست و دروستن . زاوا ئەفەندی گوتی : " لێیان ناترسم ، چونكە من لە مەرگ ناترسم . " ئەوانە كێبوون ؟، وەكوو ئەوەی كە لێی تێگەیشتبێتم سەریكم بۆ لەقاندەوە ، بەڵام كین و نەفرەتێكیش لە دروونمدا كوڵەی دەهات . چاوم بە كتێبی (كتاب الروح)ی (الجەوزییە) كەوت كە لە تەنیشتەوە دانرا بوو . ئەو خڵەفاوانەی وا دەیانەوێ بمرن حەز لەم كتێبانە دەكەن كەوا باسی بەسەرهاتەكانی ڕۆح لەدوای مردن دەكات . لە نێو سینییەكدا ، زیاتر لە قوتووی نووسراوەكان و قەڵەم و قەڵەمتراش و جامۆڵكە و مورەكەبەكان و قوتووی قەڵەمەكان ، شتێكیترم بینی ، ئەویش جامۆڵكەیەكی برنجە بوو . بەلەخۆ بووردەییەكەوە وتم : " دوایین وێنەكە دەرخەن با نیشانیان بدین و پێیان بسەلەمێنین كە ناترسین . "

– : " ئایا ئەمە نابێ بە هۆی ئەوەی وا تێبگەن ئێمە هیچ نەبێ گرنگیمان داوە بەو تۆمەتانەی وا خستویانەتە پاڵ ئێمە ؟ شتی مەترسیدارمان ئەنجام داوە تاوەكوو بترسین؟ ئەو شتە چیە كەوا ترسەكەی تۆ بە حەق نیشان بدات؟ "

وەكوو باوكێك دەستی هێنا بەسەرمدا ، لەوە ترسام كە دووبارە نەتوانم بەری فرمێسكەكانم بگرم و باوەشم پێدا كرد . بە پەشۆكاوی و هەڵچوونەوە وتم : " دەزانم بۆ چی زەریف ئەفەندییە بێچارەكەیان كوشتووە . زەریف ئەفەندی تاوانباری دەكردین و بە تۆمەتەكانی خۆی پیاوەكانی‌مەلانەسرەتی بەردەدایە گیانمان و بڕیاری لەسەر ئەمەش ئەوە بوو كەوا بێدینی كراوە و ئەمەشی بەملا و ئەولا ڕاگەیاندووە و ویستوویەتی ئەو شێوەكارانە لە

www.pertwk.com

بەرامبەرتاندا بورووژێنی کەوا ئیشیان بۆ دەکەن ، نازانم لە ناکاو بۆ ئەوەی کرد ؟ ، لەوانەیە لەبەر بەخیڵی بێت یا خود گوێی بۆ قسەکانی شەیتان ڕاگرتبێت . شێوەکارەکانیتریش ئەوەیان بیستبوو کە زەریف ئەفەندی لەسەر ئەوەی هەموومان تەفر و توونا بکات بە بڕیار بووە . هەموویانی ترساندووە و هەمووشیان وەکوو من کەوتوونەتە ناو شك و گومانەوە . یەکێك لەوانەی شەوێك بردۆتە جێگایەك و ویستوویەتی بەرامبەر بە ئێوە و ئێمە و وێنە و نەخش بیورووژێنێ ، ئەویش حەپەساوە و لە هەڵچووندا دەست بە جێ ئەو ناپیاوەی کوشتووە .

" ناپیاو ؟ " . وەکوو ئەوەی کە لە بەرامبەرمدا دانیشتبێ قیڕاندم و گوتم : زەریف ئەفەندی بێنان و خوێیەکی خاین و خراپە پیاو بوو ، شیرەکەی حەرام بوو. " بێدەنگییەك دروست بوو ، لە من دەترسا ؟ من لە خۆم دەترسام . وەکوو ئەوەی کەوتبێتمە بەربای عەقڵ و تووڕەیی کەسێکیترەوە ، ئاوەهام لێهاتبوو . بەڵام ئەمە جوان بوو .

– : " ئەو وێنە کێشە کێیە کەوا وەکوو تۆ و کابرای ئەسفەهانی کەوتۆتە ناو پەشۆکاوی و تووشی هەڵچوون بووە ؟ کێ کوشتوویەتی ؟ "

– : " نازانم " بەڵام دەمویست کە لە ڕەنگی ڕوومەتمەوە بزانێت کەوا درۆ دەکەم . دەمزانی کە بە هاتنم بۆ ئێرە هەڵەیەکی گەورەم کردووە . بەڵام من هیچ کات هەستی پەشیمانی و تاوانباری نامگرێتەوە . کە دەم بینی زاوا ئەفەندی گومانم لێدەکات ، پێم خۆش دەبوو و هێزیشم لێوەردەگرت . لەبەر ئەوەی کە دەمویست بزانم چییە و بێ دینی تێدایە یان نا و چۆن شتێکی لێدەرکەوتووە ، بەزوویی بیرم لەوە کردەوە کە ئەگەر بزانێت من کوشتوومە لێم دەترسێ و نیشانم دەدات . وتم :" ئایا گرنگە کە کێ ئەو نارەسەنەی

کوشتووە ؟ ئەوەی وا کوشتوویەتی کارێکی باشی نەکردووە ؟ " کە چاوی بڕییە نێو چاوانم ورەم بەرزتر بووەوە . کەسێك کە بڕوا بکات لە ئێوە بەرەوشتتر و باشترە و شەرمتان لێبکات ، بەم شێوەیە تەماشای نێو چاوانتان ناکات . بەڵام لەوانەیە لەبەر ئەوەش وەها تەماشا بکات کە بییەوێ ڕاپۆرتتان لەسەر بدات و بتانخاتە ژێر ئەشکەنجەی جەلادەکانەوە . لە دەرەوە لەبەر دەرگای حەوشەکەدا سەگەکان وەکوو ئەوەی کە هار بوو بوون ، ئاوەها دەیانوەڕاند . وتم : " لەدەرەوە هەمدیسان بەفر دەبارێ ! بەم ئێوارە هەرکەس لە کوێیە ؟ بۆچی ئێوەیان بە تەنیا هێشتۆتەوە و ڕۆیشتوون ؟ تەنانەت مۆمێکیشیان دانەگیرساندووە "

– : " ئەمە زۆر سەیرە !نازانم. " ئەوەندە لە دڵەوە وتی کە بڕوام پێکرد و سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ وێنە کێشانیتردا گاڵتەمان پێدەکرد ، تێگەیشتم کە بەڕاستی لەدڵەوە حەزی لێدەکەم . کاتێ تێگەیشت کەلە دروونمدا هەستێکی قووڵی ڕێز و خۆشەویستی بەرامبەر بە ئەو بەرز بۆتەوە وەکوو باوکێکی بە هەست و بە بەزەیی دەستی هێنا بە سەرمدا ، منیش هیچ ئاگام لێی نەبوو . ئەو کاتەش زانیم کە ئەو نەریتە هەراتییەی وا وەستا عوسمان هۆگری لێوە دەکات ئایندەیەکی نیە . ئەم بیرە ئەوەندە چەپەڵ بوو کە خۆشم لێی دەترسام . دوای بەسەر هاتێك وامان لێدێت کە بە ئومێدێکی کز و حاڵێکی پێکەنیناوییەوە و بەبێ ئەوەی کە گوێ بدەینە ئەوەی کە پێمان دەڵێن گەوج و گێل ، بۆ بەردەوامبوونی وەزعەکەی جاران دەپاڕێینەوە .

وتم : " با بەر دەوام بین لەسەر کێشانی وێنەی کتێبەکە و هەمووشتێك وەکوو جاران بێ ."

– : " لە نێو وێنەکێشاندا پیاو کوژێك هەیە . بۆیە کتێبەکە لەگەڵ ڕەشە

www.pertwk.com

ئەفەندیدا تەواو دەکەم " .

ئایا دەیەوێت بۆ کوشتنی خۆی هانم بدات ؟

: " ئێستا لە کوێیە ؟ کچەکەتان ومندالّەکانی لە کوێن ؟ " وا هەستم کرد کە هێزێکیتر ئەم قسانە دەخاتە ناودەممەوە ، کەچی خۆمم پێڕانەدەگیرا . لەمەو بە دوا بۆ بە هیوا بوون و هیوادار مانەوە ڕێگایەکم بۆ نەمابووەوە . تەنیادەمتوانی فرەزان و گاڵتەپێکەر بم .هەموو کاتێکیش هەستمدەکرد کەوا لە پشتی ئەم دوو جندۆکە شیرینە وا ژیر و گاڵتەچین شەیتانێك هەیە کەوا هەبوونەکەی خوی لە من دەدات . هەر لەم کاتانەدا سەگە بێخێرەکانی بەردەرگای حەوشەکە ، وەکووئەوەی کە بۆنی خوێنیان کردبێ سەر شێتانانە دەیانوەڕاند . ئایا من ئەم ساتەم لە پێشدا ژیا بوو یان نا ؟

لە شارێکی دووردا ، لە مێژوویەکدا کە ئێستاکانە بۆ من زۆر دوور بووەتەوە ، لە دەرەوەدا بەفرێك دەباری کەمن نەمدەبینی ، خەریکبوو بە گریان بێتاوانی خۆمم بۆ خلّەفاوێك دەسەلماند کەوا تۆمەدزینی ڕەنگەکانی لێدام . لەوکاتەشدا وەکوو ئێستا سەگەکانی بەردەرگای حەوشەکە وەکوو ئەوەی کە بۆنی خوێنیان کردبێ دەیانوەڕاند . ئێستاش دەزانم کە بە چرچ و لۆچەکانی ڕوومەتی و ڕوخسارە پیرەکەیەوە و بەنیگاکانی کە دەیتوانی لە چاوەکانمدا زەقیان بکاتەوە دەیەوێ بمتلیقێنێ و بمخاتە لایەکەوە .ئێستاش خەتەکانی ئەو بیرەوەرییە بەر باد و تێکچووەی کەوا لە تەمەنی دەساڵەیمەوە و لە کاتی بەر دەستی وێنەکێشیمەوە مابووەوە ، لە عەقلّمدا بە ڕۆشنایی ماوەتەوە و ڕەنگەکانی کاڵ نەبوونەتەوە و دەیژێنم . ئەو شتانەی وا وێنە کێشی لێهاتوو وەستا عوسمان فێری کرد بووین لە عەقلّمدا مابوونەتەوە . هەستام و لە پشتی زاواوە کە دانیشتبوو سووڕێکم خوارد و

لەسەر تەختەی کارەکە و لە نێو جامۆڵکە شووشە و چینی و بلورەکاندا ، جامۆڵکە برنجەکەم هەڵگرت و بیرم لەو شتانە کردەوە کەوا دروستمکرد بوون ، وەکوو ئەوە وا بوون کە ئێستا دروستم نەکردبێتن ، لە بیرەوەرییەکی زۆر کۆن و ئاشکرا دەچوون کە ڕەنگەکانیشیان کاڵ بوو بێتنەوە .

وەکوو ئەوەی کە لە خەودا خۆمان لە دەرەوەدا ببینین لەرز دەمانگرێ . هەر بەو شێوەیە بە تەماشاکردنی جامۆڵکە دەم بچووکەکەی دەستمەوە گوتم : " لە دەساڵیمدا کاتێ شاگرد بووم جامۆڵکەیەکی وەهام بینیبوو . " زاوای بەڕێز گوتی: "ئەوە جامۆڵکەیەکی سێسەد ساڵەی مەغوولییە ، ڕەشە لە تەورێزەوە هێناویەتی، تەنیا بۆ ڕەنگی سووریش بەکار دەبرێ . " دیارە ئەو کەسەی کەوا لەو کاتەدا هانیدام بۆ ئەوەی ئەو جامۆڵکەیەی وا توند گرتوومە بدەم بەسەری ئەو لە خۆ ڕازییەدا شەیتان بوو . بە گوێیم نەکرد و بە ئومێدێکی نەفامانەوە گوتم : " من زەریف ئەفەندیم کوشتووە . "

تێدەگەن کە بۆ چی ئەمەم بە ئومێدەوە گوت وا نیە ؟ هیوام وایە کە زاوا لێم تێبگات و بمبەخشێ ، هەروەها لێم بترسێ و یارمەتیشم بدات .

www.pertwk.com

((من زاواتانم)) (29)

کاتێ وتی زەریف ئەفەندیم کوشتووە ، بێدەنگییەکی درێژ ژوورەکەی گرتەوە ، وەهام بیر دەکردەوە کە منیش دەکوژێ ، ماوەیەکی درێژ دڵم توووند لێیدەدا ، بۆ کوشتنی من هاتبوو یان بۆ ئاشکرا کردنی خۆی ؟ یا خود بۆ ترساندنی من هاتبوو ؟ خۆی دەیزانی چیدەوێ ؟ کاتێ کە زانیم ئەو شێوەکارەم نەناسیوە کەوا بە ساڵانە دەیناسم و کارە دەرئاساییەکانم بینیوە ، ترسام . هەستمکرد کەوا لە پشتی منەوە جامۆڵکەکەی پێیە ولە ڕێکی پشت ملمدا ڕاوەستاوە ، بەڵام نەگەڕامەوە و تەماشام نەکرد . دەمزانی کە بێدەنگییەکەم نائارامی دەکات و گوتم: "ئەو سەگانە تاوەکوو ئێستا بێدەنگ نەبوونەتەوە." بەم شێوەیەجارێکیتریش بێدەنگ بووینەوە ، ئەمجار مردن و ڕزگاریم بە تەواوەتی لە دەستی خۆمدا بوو . دەمزانی کە پێویستە هەندێك شتی پێبڵێم ، لە نەخش و نیگار زیاتر تەنیا شتێك کە لەبارەی ئەوەوە دەمزانی ژیری و لێهاتوویەکەی بووو بەس . خۆ ئەگەر

بڕواتان وابێ کە پێویستە ڕۆح و خۆیەتی و دەماری وێنەکێش تێکەڵ بە وێنەکەی نەبێت ، ئەمەی ئەو پێویستە کە شانازی پێوە بکردرێت .

باشە چۆن منی لە ماڵێکی چۆڵ و هۆڵدا پێوەدا بوو ؟ عەقڵە پیرەکەم بە پەلەپەل بیری لەمانە دەکردەوە ، بەڵام نەیدەتوانی لەم گەمە تێکەڵاوە تێپەڕ ببێت . شەکورە لە کوێ بوو ؟ پرسیاری کرد و گوتی : " لە پێشدا زانیوتە کە من ئەوم کوشتووە ؟ "

- " تێنەگەیشتبووم ، تەنانەت تا ئەو کاتەی کە پێت گوتم . لەوەش زیاتر گۆشەیەکی بیرم دەڵێت کە بە کوشتنی زەریف ئەفەندی کارێکی باشت کردووە ، چوونکە ئەو جوانکارە خوالێخۆشبووە دەترسا و سەری هەمووومانی دەخستە داوەوە . "

بەم شێوەیەش کە لەم ماڵەدا بەتەنیایی لەگەڵ پیاو کوژەکەدا مابووومەوە هەستێکی سوپاس کەرانە دایگرتم . وتم: " لەوە سەرم سووڕ نامێنێ کە کوشتووتە . ئەو کەسانەی کەوا وەکوو ئێمە لەگەڵ کتێبەکاندا دەژین و لاپەڕەکان لە خەودا دەبینین ، هەموو کات لە شتێك دەترسن ، لەوەش زیاتر ئێمە لە وڵاتێکی موسڵماندا خۆمان بە شتێکی نایاسایی و حەرامەوە خەریك کردووە . لە ناو دڵی هەر وێنە کێشێکدا و لەهی هەمووماندا وەکوو دڵی شێخ موحەممەدی ئیسفەهانی هەستی تاوانبای و پەشیمان بوونەوە و بەر لە هەر کەسێك خۆ تاوانبارکردن و داوای لێبووردن لەخودا و جەماوەری تێدایە . کتێبەکەشمان وەکوو ئەوەی کەداوای لیبووردن بکەین دروست دەکەین . باش دەزانم کە تۆ سەر شۆڕ کردنەوەت بەرامبەر بەو مەلا و مامۆستا و ژن و شێخانە پەسند نەکردووە کە دژی ئێمە قسە دەکەن وەهەر لە بەر ئەوە کوشتووتە . "

www.pertwk.com

وتی : " یانی بۆ کوشتنی زەریف ئەفەندیە بیّعەقڵەکە تاوانبارم ناکەن؟"

– : " ئەو شتەی وا لە نێو نووسراوە و وێنە و نەخشدا ئێمە بەرە و خۆی ڕادەکێشیّ هەر لەناو ئەو ترسەدایە ، مانەوەمان لەبەر مۆمێکدا سەرەتای شەو تاوەکوو بەیانی و تاوەکوو ئەو کاتەی کوێراییمان دادێت ، تەنیا لەبەر پارە نیە ، بەڵکوو ڕاکردن و خۆ شاردنەوە لە جەماوەر و کەسافەتیتریشە . بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەمانەویّ کەسانیتریش ئەو وێنانە ببینن و سوپاسمان بکەن کەوا بە هەموو گرێدراویمانەوە و بە ئیلهامەوە کێشاومانە . بەڵام ئەگەر پێمان بڵێن بیّئیمان ! خاوەن هونەرەکە چەندە ئازار دەکێشیّ ؟ لە وێنەی ڕاستەقینەدا ئەمە لە ناو شتی نەبینرا و دروستنەکراودا شارایەوە . لەسەرەتاشدا لە ناو ئەو وێنەدایە کە هەر کەس بە خراپەیی و نەبوون و بێدینی لە قەڵەمی دەدا . وێنە کێشی ڕاستەقینە هەم دەزانێت کە پێویستە بچێت بەرە و ئەویّ ، هەم لە تەنیاییەکەی ئەویش دەترسیّ . بەڵام کیّدەتوانی ژیانێکی پڕلە ترس و تەنیایی پەسەند بکات ؟ وێنەکێش بەر لە هەموو کەسێك خۆی تاوانبار دەکات و دەیەویّ خۆی لەو ترسە ڕزگار بکات . تەنیا کاتێك خۆی بە دەستەوە بدا وراستییەکانی خۆی ئاشکرا بکات بڕوای پێدەکەن و دەیسووتێنن، وێنەکێشە ئەسفەهانییەکە خۆی ئەو کارەی کرد"

– : " تۆ شێوەکار نیت و ئەویشم لە بەر ئەوە نەکوشت کە وا دەترسام."

– : " بۆ ئەوەی بێترسانە وەکوو خۆت وێنە بکێشی ئەوت کوشت ! "

ئەو وێنە کێشەی وا دەیویست ببیّبە بکوژم لە دوای ماوەیەکی درێژ قسەیەکی باشی کرد: "دەزانم کە هەموو ئەم شتانە بۆ خەڵەتاندن و ماتەڵ کردنیمن دەڵێی و دەتەویّ لەم وەزعە ڕزگارت ببیّ ، گوێم لێبگرە قسەی

دواییم زۆر ڕاست و لە جێی خۆدایە." گەڕامەوە و تەماشای نێو چاوانیم کرد ، کە لەگەڵ مندا قسەی دەکرد وەکوو شێوازی جاران قسەی نەدەکرد ، دیار بوو کە سەری ئەو شێوازەی هەڵگرتبوو و ڕۆیشتبوو ، بەڵام بۆ کویّ بوو دەڕۆیشت ؟ نەمدەزانی لە پشتمەوە هاتە بەرامبەرم و قاقایەکی لێدا ، لایەنێکی خەماوی تێدا شاراوە بوو . گوتی : " خەمت نەبیّ لەرێز دانان بۆ تۆ کەمو کوڕی ناکەم ، هەر وەکووجاران هەڵسوو کەوتت لەگەڵ دەکەم . شتێك دەکەم بەڵام وا دەزانم بکەرەکەی من نیم، وەکوو بڵێی شتێك لە دەروونمدا بیّ وهەموو خراپەیەکم پیّ ئەنجام بدات . بەڵام زۆر پێویستیم پێی هەیە تەنانەت بۆ وێنە کێشانیش ."

– : " ئەمانە هەمووی قسەی دەر هێنراوی پیرەژنەکانە لەسەر شەیتان "

– : " یانی درۆ دەکەم ؟ " هەستم کرد ئەو ئازایەتییەی نیە کە من بکوژیّ و دەیەویّ من تووڕەی بکەم .

– : " درۆ نیە بەڵام هەستەکانی ناو دڵت ناخوێنێتەوە . "

– : " نا ، بەجوانی شتەکانی ناودەروونی خۆم دەناسم ، هێشتا نەمردووم و سزای گەورەش دەبینم . دەبیّ ئاگادار بی کە لەبەر خاتری تۆ تا قۆرگمان لە نێو گونا و تاواندا ماوینەتەوە ئێستاش بە من دەڵێی کە لە خۆ بووردە و ئازا بە! لەبەر تۆ بووم بە پیاو کوژ ، سەگە هارەکانی مەلانەسرەت هەموومان دەکوژن . "

کە بڕوام بە قسەکانی نەدەکرد ، جامۆڵکەکەی دەستی توندتر دەگرت و بە تووڕەییەکی زیاترەوە دەیقیڕاند . داخۆ ئەگەر کەسێکی ڕێبوار گوێی لە قیڕەکانی من ببایە دەهاتە ژوورەوە ؟ لەبەر مەراق و لەبەر ئەوەی کە ویستم کاتێکی زۆرتر هەبێت پرسیارم لێکرد و گوتم : " چۆن کوشتت ؟ لەسەر

www.pertwk.com

چاڵە ئاوەکەدا چۆن چاوتان بەیەك کەوت ؟ "

بە ویستێکی باسکردنی چاوەڕواننەکراوەوە گوتی : " ئەو شەوە کە لە لای تۆ دەر کەوت هات و منی پەیدا کرد وگوتی دوایین وێنەم بینیوە . زۆر ئەملا و ئەو لام کرد بۆ ئەوەی لە دەنگە دەنگکردن پەشیمانی بکەمەوە ، بردمە لای جێگا سووتاوەکەم و وتم لێرەدا پارەی شاراوەم هەیە ، کاتێ باسی پارەی بیست یەکسەر بڕوای کرد . ئەمەش بۆ سەلماندنی ئەوەی کەوا ئەو وێنە کێشە تەنیا لەبەر پارە ئیشی دەکرد بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە . هەر لەبەر ئەمەش من ناڕەحەت نیم ، وێنە کێشێکی خاوەن هونەر بوو بەڵام کەسایەتییەکی هیچ وپوچ بوو . حازر بوو بە نینۆك خۆڵە سەهۆڵ گرتووەکە بکەنێ . ئەگەر بەراستی لە پاڵی چاڵە ئاوەکەدا پارەی شاراوەم هەبایە ، هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد کە بیکوژم . بۆ ڕازاندنەوەی وێنەکانت پیاوێکی سووك و ڕیسوات هەڵبژاردبوو، بەڵام دەستێکی گورج و گۆڵی هەبوو، لە دۆزینەوەی ڕەنگ و بەکارهێنانیدا زۆر باشبوو.

هیچ جۆرە شوێنە دەستێکم دانەنا بوو . ڕاستی ئەو شتەی کە پێی دەڵێن شێواز لە چیدایە ؟ ئێستاکانە ڕۆژئاواییەکان و چینییەکان باسی شێواز (ئوسلوب) و ڕەنگ و هونەری وێنەکێش دەکەن . شێوەکارێکی باش پێویستە شێوازێکی جوداتر لە ئەوانی هەبێت یان نا ؟ "

: " خەمت نەبێ شێوازی تازە بە دەستی خودی وێنەکێشەوە دروست نابێت . شازادەیەك دەمرێ و پادشایەك شەڕەکەی دەدۆڕێنێ و ئەو دەورانەی کە هەر کەس وا دەزانێ کۆتایی نایەت تەواو دەبێت . کاتێ وێنەکێشخانەیەك دادەخرێ وێنەکێشەکانی ئەوێ هەر یەکەو بەرە و وڵاتێك دەچن و پارێزەرێکیتر بۆ خۆیان دەدۆزنەوە . ڕۆژێك یەکێك لە پاشاکان ئەو

وێنە کێشانەی وا لە جێگایەکیترەوە لە حەلەب یان وەکوو لە هەراتەوە هاتوون و بیٚجێگا و ڕێگان لە چادرەکەی خۆیدا کۆ دەکاتەوە و لە دوایشدا بە وریاییەوە وێنەکێشخانەیەك بۆ خۆی دروستدەکات ، شێوەکاران لە پێشدا وەکوو ئەوەی جاران فێری بوون و بەپێی نەریتی کۆن وێنە دەکێشن ، لە دوایشدا وەکوو چەند منداڵێك کەوا بە هەڵسوکەوت و ئاژاوە کردن و فێڵ کردن لەگەڵ یەکدا فێری یەك دەبن و بەیەك ڕادێن، لە ئەنجامی ئەو ساڵانەی وا شەڕ و ئاژاوە و بەخێلیبردنەوەی تێدا بووە و کاری ڕەنگ و نەخش کراوە ، شێوازێکی تازە دەردەکەوێتە مەیدانەوە ئەو وێنەکێشخانە هونەرمەندی هەرە باش و دەستی لێهاتوو دیار دەکات و ئەوەش دەبێ بە ئوسلوبی (شێوازی) ئەوێ . با پێی بڵێن وێنەکێشی خۆششانس . ئەوەش کە هەتا دوایی تەمەنیان بۆ وێنەکێشانیتر دەمێنیتەوە لاساییکردنەوە و تەواو کردن بگرە بریقەدار کردنی شێوازەکەی ئەوە ." بە تەواوەتی تەماشای چاومی نەکرد ، بە نەرماییەکی چاوەڕواننەکراوەوە داوای دروستبوون و باشەی لێکردم ، وەکوو کچە عازەڵەیەك دەلەرزی و گوتی : " من شێوازێکم هەیە ؟ " بۆ ساتێك وامدەزانی کە فرمێسك لە چاوەکانم دەردەپەڕێ ، بە هەموو هێزێکمەوە دەمویست بەبەزەیی و باش بم و بە ویستی خۆمەوە گوتم : " لە ماوەی شەست ساڵ تەمەنی کەمو کوڕیدا و لە ناو ئەوانەی وا من بینیومە ، وێنەکێشێکی دەرئاسایی و هونەردار و چاو باریك و سێحراوی لە تۆ باشترم نەبینیوە ، لە نێو وێنەی هەزار وێنەکێشدا دەستبەجێ ئەوانەی دەناسمەوە . "

: " منیش وەها بیرم دەکردەوە ، بەڵام تۆ بەو ئەندازەیە ژیر نیت کەوا لە نهێنی هونەرەکەی من تێبگەی . ئێستا لەبەر ئەوەی لە من دەترسی وەها

www.pertwk.com

دەڵێی و درۆ دەکەی ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش باسی شێوازەکەی من بکە . "

" ئەڵێی قەڵەمەکەت و خەتەکانت بە دەستی تۆوە ناجووڵێنەوە و خۆیان خۆیان دەدۆزنەوە. لە وێنەی کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا کە تۆ کێشابێتت ، تەماشاکردنی مرۆڤەکان ، کەڵە کردنی وێنەکان لە نێو لاپەڕەکەدا و بەدوادا چوونەوەی مانای بابەتەکە لە وێنەکەدا دەبیٚ بە چپەیەکی ئارام و کەم دەنگ کە کۆتایی بۆ نیە . من بۆ ئەوەی جارێکیتر گوێم لەو چپەیە بێت دووبارە تەماشای وێنەکانی تۆ دەکەمەوە . لەهەر گەڕانەوەیەکمدا بە پێکەنینەوە تێدەگەم کەوا واتاکانیان گۆڕدراوە ، نازانم چۆن بڵێم ! وێنەکە وەکوو نووسراوەیەك دووبارە دەخوێنمەوە ، بەمجۆرەش کە قاپی واتاکان یەك لە دوای یەك ڕیز دەکرێن شتێکی لێدەردەکەویٚ کەوا دیدگای وەستا ڕۆژ ئاواییەکانیش لەدواوەوە دەهێڵێتەوە . "

– : " هم ، م ،م ، تۆ واز لە وەستا ڕۆژ ئاواییەکان بهێنە ، هەمدیسان باسی خۆم بکە . "

– : " وێنەکانت ئەوەندە جوان و دەرئاسایین کە کاتیٚ مرۆڤ سەیریان دەکات وادەزانیٚ وێنەکانی تۆ لە عالەم ڕەسەنترن . بەم شێوەیەش چۆن توانای ئەوەت هەیە کە بە وێنەکەت مرۆڤی تەواو لە ئیمان دەربخەی هەر بەو جۆرەش توانای ئەوەت هەیە کەوا کابرای بیٚئیمان بکەی بە خاوەنی ئیمان و بیهێنیتە سەر ڕێگای خودا . "

– : " ڕاستە ، بەڵام نازانم ئەمە پەسەندانە یان نا ، دیسان بیلێرەوە . "

– : " هیچ وێنە کێشێك بە قەدەر تۆ لە خەستی و نهێنییەکانی ڕەنگ تێناگات ، تەنیا تۆ دەتوانی ڕەنگی هەرە بریقەدار و زیندوو و دەرئاسایی دروستبکەی . "

" باشە ، ئیتر! "

" تۆ دەزانی لەدوای بەهزاد و میر سەید عەلییەوە باشترین وێنە کێش تۆی ؟ "

" ڕاستە من دەزانم ، بەڵام ئەگەر تۆ دەزانی بۆچی کتێبەکەت بەدەستی من تەواو ناکەی و لەگەڵ ئەو ڕەشە ئەفەندییەدا تەواوی دەکەی کە گێل وگەوجێکی خودایە ؟ "

" یەکەم : لەبەر ئەوەیە کە ئەو کارەی وا ئەو دەیکات پێویستی بە هونەری وێنە کێشان نیە ، دووهەمینیشی لەبەر ئەوەیە کە ئەو وەکوو تۆ پیاو کوژ نیە " پێکەنینێکی شیرینی کرد، لەبەر ئەوەی ئەو پێکەنینە لەمێشکمدا هەستێکی فراوانبوونەوەی ورووژاند بوو ، منیش پیکەنی بووم . هەستم بەوە کردبوو کە بەم شێوازە لەوکێشەیە ڕزگاردەبم ، بەم شێوەیە بە باس کردنی بابەتەکە لەلای منەوە ، زیاتر لە باوك و کوڕێك وەکوو دوو وێنەکێشی دونیا دیدەی خاوەن مەراق لەسەر جامۆڵکە مەغوولییەکەی دەستی پێکەوە قسەمان کرد. لە سەر قورسایی برۆنزەکە، هاوسەنگی جامۆڵکەکە ، قووڵاییەکەی ، درێژایی قامیشی وەستا کۆنەکان و نهێنی ئەو مورەکەبە سوورەی وا لە کاتی هەژاندنی جامولْکەکەدا دەجوڵایەوە ولەسەر ئەوەش قسەمان کرد کە ئەگەر مەغوولەکان و چینییەکان ئەم ڕەنگە سوورەیان نەدۆزیبایەتەوە و نەیانهێنابایەتە ئێرە ، ئێمە لە ئەستەنبووڵ نەماندەتوانی لە قووڵایی واتاکەی تێبگەین ؟ هەر چی ئێمە قسەمان دەکرد وەکوو ئەوە وا بوو کە زەمانیش وەکوو ڕەنگ خەستێتی خۆی لە دەست دەدا و بە پەلەپەل تێپەڕ دەبوو . بە گۆشەیەکی عەقڵەوە بیرم لەوە کردەوە و عەقڵم لەوە تێك دەچوو کە بۆ چی کەس لەماڵ نیە ، دەمویست

www.pertwk.com

جامۆڵکەکەی دەستی دانێتە سەر زەوی ، بە ئارامی جاران و کاتی کار کردنییەوە پرسیاری کرد و گوتی : " کاتێ کتێبەکەت تەواو بوو ، خەڵك دەزانن هونەری وێنەکانی من لە چیدایە ؟ "

– : " بەسەلامەتی ئەگەر ڕۆژێك کتێبەکە تەواو بوو ، پادشا دەیگرێتە دەستی خۆیەوە و سەیرێکی دەکات ، دیارە لە پێشدا سەیری ئەوە دەکات کە بزانێ ڕووپەلە زێرینەکانی بەکار هاتوون یان نا ، لە دواییدا وەکوو ڕوخساری نامەیەك تەماشای دەکات و لاچاوێك دەخشێنێ بە وێنەکەی خۆیدا و دەیەوێ‌بزانێ جوان دەرکەوتووە یان نا ، خۆ ئەگەر لە دوای ئەوەش ئەگەر تەماشای وێنەکان بکات کە ڕەنجی زۆری بۆ کێشراوە و بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕۆژ هەڵات و ڕۆژ ئاوا دروستکراوە شتێکی باشە ! تۆش باش دەزانی کە ئەگەر شتێکی دەرئاسایی ڕوو نەدات ، پرسیاری ئەوە ناکات کە کێ ئەم چوار چێوەیە دروست کردووە یان وەکوو کێ ڕازاندوویەتییەوە یا خود چ کەسێك منی لەو ساتەدا کێشاوە یا خود کێ ئەو ئەسپەی دروستکردووە ؟ لە دوایشدا کتێبەکە دەخاتە نێو خەزێنەکەیەوە. بەڵام دیسان ئێمەش وەکوو خاوەن هونەرەکانیتر هەر چاوەڕێیی ڕوودانی ئەو شتە دەر ئاساییە دەکەین. " تۆزێك بێدەنگ بووین ،دەتگوت کە هەردووکمان لەبەر شتێك سەبر دەکەین . پرسیاری کرد و گوتی : " کەی ئەو شتە دەرئاساییە ڕوو دەدات ؟ چ کاتێك ڕاستینەی ئەو وێنانە بۆ عالەم دەردەکەوێ کەوا تا سنووری کوێرایی داهاتنمان کارمان لەسەر کردووە ؟ "

–:" هیچ کات . "

– : " چۆن ؟ "

– : " هیچ کاتێك داواکاریەکانت بە جێناهێنن و لە داهاتووشدا کەمتر لێت تێدەگەن ."

سەرەڕای ئەوەی بێ‌متمانە بووبوو ، بە شانازییەکەوە گوتی : " کتێبەکان بە سەدان ساڵ دەمێننەوە . "

– : " بڕوات هەبێ وێنەی هیچ یەك لەوەستا وەنیزییەکان بە ئەندازەی ئەوەی تۆ شێعر وبڕوا و شەرەفی تێدا نیە و سافی و ڕۆشناییەکەشیان بە قەدەر ئەوەی تۆ نابێ ، بەڵام وێنەکانی ئەوان متمانەی زۆرترە و زیاتر لە خودی ژیان دەچن، ئەوان گوێ نادەنە ئەو شتەی کەوا پێی دەڵێن ڕێنموونی ولە ژوورەوە وەکوو ئەوەی لەسەر بەرزایی مزگەوتەکە تەماشا بکەن وەها ناکەن و بە پێچەوانەوە لە ناو خودی کۆڵانەکەوە ، هیچ نەبێ لە ناو ژووری شازادەکەوە جێگاخەوەکەی و میز و ئاوێنەکەو پڵنگەکە و کچ و پارەکانی دەکێشن ، هەموو شتێك دەکێشن . خۆت باش دەزانی من بە هەموو کردەوەیەکیان فریو ناخۆم . بەڵکوو لاسایی کردنەوەی دونیا لەلای منەوە وەکوو ئەوە وایە کە سووکایەتی کرابێ و زۆرم پێدەچێ . بەڵام لە ڕاستیدا ئەو وێنە تازانەیان ئەو هێزە ڕاکێشەرەی تێدایە . چاوت چی ببینێ وەکوو ئەوەی بینیبێتتان ئاوەها دەیکێشنەوە ، ئەوان ئەوەی دەیبینن دەیکێشنەوە ، ئێمەش ئەوە دەکێشین کەوا تەماشامان کردووە . کاتێ چاوت بە دەستکردەکانیان دەکەوێ ، تێدەگەی کەوا ڕێگای مانەوەی ڕوومەتت تاوەکوو قیامەت کێشانەوەی شێوەی ڕوخسارتە بە نەریتی ڕۆژ ئاواییەکان . هێزی ڕاکێشەری ئەمە ئەوەندە زیادە کە نەتەنیا وەنیزیەکان بەڵکوو بەرگدرووەکان و قەساب و سەرباز و پاپا و دوکاندار و.. کانی ولاتانیتری ڕۆژئاواش وێنەی خۆیان بەو شێوەیە کێشاوە . چونکە کاتێ تۆش چاوت

www.pertwk.com

بە وێنەی خۆت دەکەوێ ، پێت خۆش دەبێت لەهەموو کەسێك جیاوازتر و تایبەتی‌تر و سەیرتر بێ و دەتەوێ بڕواشی پێبکەی . لە نەریتی تازەدا کێشانی وێنە لەوە زیاتر کە پێی دیتنی عەقڵ بێت بە پێی دیتنی چاوە و ئەو هەلەشت بۆ دەرەخسێنێ . لە داهاتوودا هەموو کەس وەکوو ئەوان وێنە دەکێشت . کاتێ باسی وێنەت کرد هەموو کەس لە دەستکردەکانی ئەوانەوە تێدەگات کە چی بە چیە ! لێرەشدا ئەگەر بە گدروویەکی بێچارەکە دەیەوێ وێنەکەی بکێشرێتەوە ، لەبەر ئەوەیە کەوا دەیەوێ بڕوا بکات بێ‌عەیب و بێ‌هاوتایە و کەسایەتییەکی تایبەتی هەیە، نەوەکوو لەبەر ئەوەیە کەوا لەنەخش و نیگار تێدەگات . "

پیاو کوژە گاڵتەچییەکە گوتی : " ئاە ! ئێمەش لەمە و بەدوا ئەو وێنانە دروست دەکەین . "

— : " دروستی ناکەین ! لەو زەریف ئەفەندییەی وا کوشتووتە فێری ئەوە نەبووی کە چەندە لەو وێنانە دەترسن؟ ئەگەر نەترسن و تەجرووبەی بکەن دیار دەبێ کە هەردووی یەك شتن . لە دواییدا نەریتەکانی ئێمە دەمرن و ڕەنگە کانیشمان کاڵ دەبنەوە و کەسێك سەرەنج ناداتە سەر وێنەو کتێبەکانمان . ئەوانەش کە سەرەنج دەدەنە سەریان لێیان تێناگەن و لێویان شۆڕدەکەنەوە و دەڵێن بۆچی تێڕوانینێکی یەك لایی تێدا نیە ، لەوانەیە هەر کتێبەکانیش نەدۆزنەوە .چونکە لەبەر کەمتەر خەمی و نەهامەتی وێنەکانمان لەنێو زەماندا وردە وردە دەخورێن و لە ناو دەچن . لەبەر ئەوەی کەوا بەرگەکانیان لە زەمەقی عەرەب و ماسی و ئێسقانەوە دروستدەکرێ و لاپەڕەکانیشیان لە هێلکە و نیشاستە دروستدەکرێ ، مشکی چاوکراوە و بەڕێزیش دەیانگەلمێنێتەوە و دەیانخوات . مێروولەی سپی و کرم و

هەزاران حەشەرەیتریش کتێبەکانمان دەخۆن و لەم میوانیەدا بەشدار دەبن، بەرگەکان پارچە پارچە دەبن ولاپەڕکان دەدڕێن . دزەکان وخزمەتکارە بێ‌دیقەتەکان و مناڵ و ئەو ژنانەی وا ئاگردانەکە دادەگیرسێنن وێنەکان بەبێ‌مێشکیەوە دەدڕێنن . مناڵی شازادەکان بە قەڵەمی یارییەکەیانەوە وێنەکان تێکدەدەن ، چاوی مرۆڤەکان دەردێنن ، چڵمەکانی لووتیان بە لاپەڕەکاندا دەسڕنەوە ،کەنارەکانیشی بە قەڵەمی ڕەش ڕەش دەکەنەوە. ئەوانەش کە هەروا باسی تاوان دەکەن وێنەکانمان ڕەش دەکەنەوە و دەیاندڕێنن، یان وەکوو بۆ کتێبێکی‌تر بەکاریان دێنن . دایکەکانیشیان دەڵێن ئەمە بێڕەوشتییە و وێنەکان دەدڕێنن . پیاوەکانیش و کاکەکانیش کە تەماشای وێنەی ژنەکان دەکەن دەست بە یاری کردن بە شتەکانیان دەکەن و کاتێ ئاویان دێتەوە دەیڕێژنە سەر وێنەکان . لەمانەش زیاتر لاپەڕەکان لەبەر خراپی زەمق و هەبوونی نەم و تەڕایی و قوڕو تف و دەیان جۆرە خراپەیتر و کۆ بوونەوەی خواردەمەنی دەچەسپێنە سەر یەك . لەو جێگایەی وا پێکەوە لکاون کەڕوو ، لەکە وەکوو دۆمەڵ گوڵ دەدەنەوە و لەدوایشدا لەو ماڵانەی وا تکە دەکەن . هەرەسی ئاو و گرداوی قوڕ کتێبەکان لەناو دەبەن . لەدوای ئەم ئاوو حەشەرە و کەمتەر خەمییانە کەوا کتێبەکان لە ناو دەبەن و پەڕ و پوتیان کردوون و لە دوای ئەوەی کە کتێبەکان وەکوو هەویریان لێدێ و ناخوێندرێنەوە و کون کون دەبن ، هەر یەك کتێب بە سلامەتی دەمێنێتەوە. بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەویش کە تۆ وەکوو موعجیزە دەیزانی دەبێ بە قوربانی بلێسەی ئاگرێك و لە ناو دەچێ . لە ئەستەنبووڵدا گەڕەك هەیە کە بیست ساڵ جارێك نەسووتێ تاوەکوو کتێب بمێنێتەوە ؟ لە شارێکی وەکوو بەغدادا لە دوای هاتنی مەغوولەکان لە

www.pertwk.com

هەموو شتێك زیاتر لەویٚ کتێب لە ناو چوو بوون . کیٚ دەتوانیٚ ئیدەعا بکات کە کتێبەکەی زیاتر لە سەد ساڵ دەمێنێتەوە و وەکوو بەهزاد یادی لێدەکرێتەوە ؟ نەتەنیا دەستکردەکانی ئێمە بەڵکوو ئەوانەش کە بە سەدان ساڵە دروستکراون بە ئاگر و بە کرم و بە کەمتەرخەمییەوە لە ناو دەچن .
بەم شێوەیە وێنەی شیرین کەوا لە پەنجەرەوە تەماشای خەسرەو دەکات و وێنەی خەسرەو لە کاتێدا تەماشای شیرین دەکات کە لەبەر مانگە شەودا مەلە دەکات و دزینەوەی نیگای عاشقان لەیەك کەوا بە ناسکییەوە ئەنجامیدەدەن و وێنەی ڕوستەم کەوا دێوە سپییەکە لە بنی چاڵە ئاوەکەدا دەخنکێنیٚ و حاڵە خەمبارەکەی مەجنون کەوا عەقڵی لەسەر نەماوە و لە بیاباندا لەگەڵ پڵنگ و ئاسکی کێویدا هاوڕێیەتی دەکات و وێنەی ئەو گورگەی کەوا هەموو شەوێك بزنێك لەگەلەکە دادەبڕیٚ و دەیبا بۆ هاوسەرەکەی کەوا هەمووشەوێك پێکەوە جووت دەبن ، لە دوایشدا ئەو گورگە بە دەستی سەگە خاینەکەی شوانەوە دەستگیر دەکریٚ و هەڵدەواسریٚ . تەنانەت ڕازاندنەوەی ئەو کەنارانەی وا بەگوڵ و فریشتە و لقی بەپەل و پەلەوەرو فرمێسکەوە دروستکراون، هەمووی لە ناو دەچن .
هەروەها هەمووی ئەو عودچییانەی کەوا بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکانی حافیز کێشراون و نەخشی ئەو دیوارانەی وا چاوی دەیان شاگردیان کز کردووە و هی هەزاران وەستاشی کوێر کردووە و وێنەی سەردەرگاکان ، لەوحەی سەر دیوارەکان و ئەو ماڵانەی کەوا لە ناو چوار چێوەکاندا شاردراونەتەوە و ئیمزای شاراوە و ئەو پێخەفە گوڵ گوڵیانەی وا عاشقان دادە پۆشیٚ ، هەروەها وێنەی ئەو گاورە سەر بڕوانەش کەوا بەسەر بڕاوییەوە چاوەڕێی داگیر بوونی قەڵاکە لەلایەن پادشاکەمانەوە دەکەن و هی باڵوێزی کافرەکان

لەکاتێکدا پێی باپیری پادشاکەمان ماچ دەکات و وێنەی ئەو تۆپ و تفەنگ و چادرانەی کەوا لە پشتەوە دیارن و تۆش لە کاتی لاویدا لە دروستکردنێکیدا بەشدار بووی و شێوەی دروستکراوی شاخدار و بیٚشاخ و کلکدار و بیٚکلك و پەپووسولەیمانەی ئاگا و شارەزا و بولبول و شاعیر و چۆلەکە و هەزاران پەلەوەریتر و پشیلەی ئارام و سەگی بیٚ ئوقرە و هەوری پەلەپەل کەر و وێنەی ئەو گیا شیرینانەی وا لە هەزاران وێنەدا دووبارە کراونەتەوە و ئەو تاشە بەردانەی وا تازە کارێك سێبەری بۆ دروست کردوون و ڕەسمی ئەو کۆشکانەی وا لە ڕووی ئەوانەی زەمانی تەیمورەوە یان هی شا تاماسووبەوە دروستکراون وبەهەزاران خشتەوە لە ڕزاندنەوەی داستانە کۆنەکاندا بەکاریان هیناون هەروەها شێوەی هەزاران شازادەی خەمبار کە لە چۆڵەوانیدا قاڵی‌یەکی سووریان ڕاخستووە و لەلای ژنە جوانەکاندا دانیشتوون و گویٚ لە مۆسیقاژەنەکان دەگرن و ، قاپی چینی و ئەو قاڵییانەی کە تەواوبونیان قەرزاری فرمێسکی چاوی شاگردەکان و ئەو لێدانانەیە کەوا خواردویانە و ... بەمشێوەیە لەناو دەچن . "

جامۆڵکەکەی بەهەموو هێزێکەوە لەسەرمدا . لەپێشدا لەبەر هێزی جامۆڵکەکە بەڕاستی قیڕاندبووم ،ئەوەندە قوورسبوو کە ئازارێکی مەترسیدار و بێتاریفم چێشت ، بۆ ساتێك وامزانی کە هەموو عالەم تووشی ئازارەکەی من بووە و زەردبووەتەوە ، لایەکی زۆری ئەقڵم لەبەر ئەو زەربەیە کاری نەدەکرد ، بەشێکی تریشی بیری لەوە دەکردەوە کە بەنیەتێکی خەماوی‌یەوە بەسەر شێتەکەی بکوژم بڵێم هەڵە دەکەی و بەناهەقی دەمکوژی . جارێکی‌تر جامۆڵکە بڕۆنزی‌یەکەی دا لەتەوقەسەرم، ئەمجارەیان بەهەڵە نەبوو بەڵکوو بە قینەوە سەرشێتانە لێی دەدام ، لێدانەکەی ئەوەندە

www.pertwk.com

قوورسبوو کە ئەولا بیٚ عەقڵەکەی عەقڵیشم زانی کە لەوانەیە کۆتاییەکەی ئەمە مەرگ بێت . ئەوەندە ترسابووم کە وەکوو ئەوەی بلووریێنم بەهەموو هێزێکمەوە قیڕاندم .ئەگەر ئەوقیڕەیەم بکێشرێت ، ڕەنگەکەی سەوز دەبێت . لە تاریکایی ئەم شەوەدا زانیم کەهیچ کەسێك لەم کۆڵانە چۆڵەدا ئەم ڕەنگە نابینێت و بەتەنیا ماومەتەوە . لەبانگ و هاوارەکانم ترسا و ڕاوەستا. بۆ ساتێك چاومان بەچاوی یەکتری دا هەڵتۆقی، لە ڕەشایی و گلێنەی چاوەکانیدا تێگەیشتم کە لە زووەوە فێری ئەو کارەیە کەوا ئێستا بەترس و شەرمەوە ئەنجامی دەدا . ئەمە ئەو وەستایە نیە کەوا من دەیناسم ، بەڵکوو بێگانەیەکەی خراپەکاری لە دوورەوە هاتووە کەوا زمانەکەی نازانرێت .

تەنیایی ئەوکاتەی منی بۆ سەدان ساڵیتر درێژ کردەوە، بۆ ئەوەی کە باوەش بکەم بە دونیادا ویستم دەستی بگرم ، بەڵام سوودێکی نەبوو ، پاڕامەوە یان وامدەزانی کە دەپاڕێمەوە ؟ کوڕم ! کوڕم ! مەمکوژە وەکوو ئەوەی کە لەناو خەوندابێت گوێی لەدەنگی من نەبوو. جارێکیتر جامۆڵکەکەی لەسەرمدا ، عەقڵ و بیرەوەری و یادەوەرییەکان و چاوەکانیشم بوون بە ترسەکەی من و لەگەڵ یەکدا تێکەڵاو بوون . هیچ ڕەنگێکم نەدەبینی و وامدەزانی کە تەواوی ڕەنگەکان سوورن . خوێنەکەم ئەو مورەکەبە سوورەبوو کەوا گومانم لێدەکرد ، ئەو مورەکەبە سوورەش کەوا بە دەستییەوەبووخوێنە نەوەستاوەکەی من بوو ! ئەوکاتەش مردنم لەلا زۆر پێبیٚ ئینسافانە و بێبەزەییانە و ناهەقانە بوو ، بەڵام ئێرە کۆتایی ئەو جێگایەبوو کە مێشکە پیرەکەم هێنابوومی . لەدواییدا تێکەیشتم کە بیرەوەرییەکانم وەکوو بەفرەکەی دەرەوە سپی بوو ، سەرم لەناو دەممدا ترپەترپیلێوەدەهات و دەئێشا . ئێستا باسی مەرگی خۆمتان بۆ دەکەم

لەوانەشە کەلەزووەوە لەمە تێگەیشتبێتن " بەڵام مردن کۆتایی هەموو شتێك نییە " لە سەدا سەد وایە بەڵام وەکوو ئەوەی کەوا هەموو کتێبەکان نووسیویانە شتێکی لە ڕادە بەدەر ئازاردەرە. نەتەنیا کاسەی سەرم بەڵکوو وامدەزانی تەواوی گیانم دەچێتە ناو یەکەوە و باوەش دەکەن بە یەکدا و دەسووتێن . سووتان بەم ئازارە بێکۆتاییە ئەوەندە سەختە کە وامدەزانی بەشێك لە عەقڵم دەڵیٚ تەنیا ڕێگای ڕزگاری لەمە خۆ هاندانە بۆ ناو خەوێکی شیرین . لە کاتێکدا کە تەمەنی منداڵیم بە جێدەهێشت ، هەمیشە گوێم لە داستانێکی سووریانی ڕادەگرت . ئەوە هاتەوە یادم :

" پیرەمێردێکی تەنیا شەو لەخەو هەڵدەستیٚ و پەرداخێك ئاو دەخواتەوە . پەرداخەکە دادەنێتە سەر ئەو تەپڵەکەی کەوا مۆمی لەسەر نیە ، لە کوێیە ؟ تیشکێك وەکوو بەن لە ناوەوە دەهاتە دەرەوە . بە شوێنیدا دەچێت، دەچێت و دەچێت تاوەکوو دەچێتە ناو ژوورەکەی خۆیەوە و دەبینیٚ کەوا کەسێکیتر لە جێگاکەیدا خەوتووە و مۆمەکەشی بە دەستەوەیە . دەپرسیٚ تۆ کێی ؟ بێگانەکەش دەڵیٚ : مەرگ . پیرەمێردەکە بۆ ساتێك لە ناو بێدەنگییەکی ڕازداردا خۆی دەنێژێت و لە دواییدا دەلێت : کەواتە هاتی ! مەرگیش دەڵیٚ : بەڵیٚ . پیرە مێردەکەش دەڵیٚ: نا ، تۆ خەوە ناتەواوەکەی منی . کابرای نائاشنا فوویەك لە مۆمەکە دەکات و هەموو شتێك لە ناو تاریکیدا نۆقم دەبێت ، پیرە مێردەکە دیسان دەچێتەوە ناو جێگە چۆڵەکەی خۆی و دەخەویٚ و بیستساڵیتر دەژی . "

دەمزانی کە ئەو شتە بەسەر مندا نایەت . چونکە جارێکیتر جامۆڵکەکەی لە سەرم دابوو . ئەوەندە هەستم بە ئازارێکی قورس دەکرد کە بە حاڵ دەمزانی دووبارە جامۆڵکەکەی لە سەرم داوەتەوە . ڕەنگی ئەویش و

www.pertwk.com

جامۆڵکەکەش لەبەر تیشکی مۆمی ناو ژوورەکە کاڵ بوو بوونەوە و ڕۆیشتبوون . هێشتا نەمرد بووم . وامدەزانی هێشتا دەژیم ، دەمەویست هەڵبێم و هەڕا بکەم . دەستەکانم نابووە سەر سەرە خوێناوییەکەمەوە. لە ئەوجموجۆڵانەی وا بۆ پاراستنی ڕوخساری خۆم کرد بووم تەنیا قەپێکم لە بیرە کە لە مەچەکیم گرتبوو و ئەویش جارێکیتر جامۆڵکەکەی دابوو بەسەرمدا و منیش زانیبووم کە هێشتا نەمردووم . ئەگەر وای پێی بڵێین وابزانم تۆزێك چنگماندابوو ، زۆر بە هێز و تووڕە بوو . وەکوو ئەوەی بییەوێت بزمار کوتم بکات لە سەر دەست درێژی کردم . . ئەژنۆکانی نابووە سەر شان وباڵم . بەبێ ڕێزییەوە هەندێك شتی بۆ پیرە مێردێکی وەکوو من باس کرد کە بەرە و مەرگ دەچێت . لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ کە لێی تێنەگەیشتووم یا وەکوو گوێم بۆ ڕانەگرتووە یاخود خۆشم لە چاو خوێناوییەکانی نەهاتبێ کە وا جارێکیتر جامۆڵکەکەی دا بە سەرمدا. لەبەر پڕژانی مورەکەبە سوورەکە و خوێنەکەی من دەموچاووجلەکانی هەموو سوور بوو بوون . لە بەر ئەوە خەمم دەخوارد کە دوایین شتێك کەوا لە دونیادا دەیبینم ئەو پیاوە دوژمنەیە و چاوەکانم داخست . تۆزێك دواتر تیشکێکی نەرم و شیرینم بینی . ئەم تیشکە وەکوو خەو شیرین بوو ، وامزانی ئازار و ئێش و برینەکانم سارێژ دەکەمەوە . لە ناوەوە کەسێکم بینی . پرسیارم کرد و گوتم : تۆ کێی ! وتی : " من عیزرائیلم . من کۆتایی بە ڕێبواری ئادەمیزاد لەم دونیادا دێنم ، منداڵ لە دایك ، ژن لە مێرد و خۆشەویستەکان لە یەك و باوك لە کچ جیا دەکەمەوە ، لەم دونیایەدا هیچ گیاندارێك نیە کە ڕوو بە ڕووی من نەبێتەوە . " کاتێ زانیم مەرگم هاتووە و ڕێگای دەرچوونم نیە دەستم بە گریان کرد . گریانیش منی لە قووڵاییەوە

بێدەنگ دەکرد . لە لایەکیتریشەوە ئازارێکی هەبوو کە هەر چی دەچوو زیاتر دەبووو پیاوی گێژ دەکرد . ئەمە ئەوجێگا پەلەپەلکەر و بێبەزەییە بوو کەوا دەمو چاوم لە وێدا خوێناوی بوو بوون . بەڵام لە لایەکیتریشەوە جێگایەکی لێبووکە لەوێدا پەلەپەل کردن و ستەمکاری تێدا نەبوو کەچی بۆ من زۆر مەترسیدار بوو . کاتێ زانیم ئەو دونیا ڕوشنەی وا عیزرائیل من بۆ ئەوێ دەبات خودی دونیای مردووەکانە زۆر ترسام . چونکە دەمزانی لە ناو ئەو دونیایەدا لە تاو ئازار و خەمەکانمدا بە خۆمدا دەپێچمەوە ، بەڵام لە لایەکیتریشەوە دەمزانی کە ماوەیەکی زۆر نامێنمەوە و لە دونیای ئازاری مەترسیدار و ئەشکەنجەدا هیچ گۆشەیەکم بۆ نەماوەتەوە . ئەگەر لەم دونیایەدا بمێنمەوە پێویستە ئەم ئازار و دەردانە بکێشم ، ئەمەش شتێك نەبوو کە وەزعە پیرەکەی من تاقەتی ئەوەی هەبێ . بەمجۆرەش خۆم بەر لە مردن دەمویست بمرم . بە دوای دۆزینەوەی وەڵامی ئە پرسیارە کەوا دەڵێ : چۆن دەبێ مرۆڤەکان بەسەر مردندا سەر بکەون ؟ بە دەیان کتێبم خوێندوەتەوە ، کەچی لە دواییدا تێگەیشتم کە وەڵامەکەی هەر ئەم داخوازییە بچکۆلانەیە و بەس ، هەر وەها لەوەش تێگەیشتم کە مردنیش فێری شتێکی کردم . لەگەڵ ئەوەشدا بێ بڕیاری کەسێك کەوا بەر لە ڕۆیشتنی یەکجارەکی دەیەوێ جارێکیتر تەماشایەکی ماڵەکەی و کەلوپەلەکانی خۆی بکات دەروونمی داگرت ، بە پەشۆکاوی و بە بیرکردنەوەوە دەمەویست جارێکیتر کچەکەم ببینم . ئەوەندە دەمەویست بیبینم کە دەمتوانی ددان بە خۆمدا بگرم و لە تاوی تینویەتیدا نەقیڕێنم و چاوەڕوانی ئەو بکەم .

بەم شێوەیەش ئەو تیشکە مەرگ هێنەرە شیرینە تۆزێك کز بووەوە و

www.pertwk.com

دەرگای دڵمی بۆ دەنگەدەنگ و جیڕەجیڕی ناو ئەو دونیایە کردەوە کەوا خەریکبوو لێی دەر دەکەوتم . هەستم بەوە کرد کە بکوژەکەم لە ژوورەکەدا دەگەڕێ و دۆڵابەکە دەکاتەوەو لاپەڕەکانم تێکدەداو بە پەشۆکاوییەوە بەدوای دوایین وێنەدا دەگەڕێ، کە نایدۆزێتەوە لە تووڕەییدا تاقمی ڕەنگەکان تێکدەدا و سندوق و قوتوو و جامۆڵکەکان و مێزەکە دەداتە بەر شەق . دەمزانی کە جار جار دەنرکێنم و بە حاڵ و نەحاڵ جووڵە جووڵ بە دەستە وقاچە پیرە ماندووەکانم دەکەم و چاوەڕێ دەمێنمەوە ئازارەکانم ئاهۆن نابنەوە ، هەرچی دەچێ بێدەنگتر دەبن ، ئیتر نەمدەتوانی ددان بە خۆدا بگرم بەلاّم ماوەیەکیتریش چاوەڕێ مامەوە .

لەپڕ ئەوە هات بە مێشکمدا کە ئەگەر کچەکەم بێتەوە بۆ ماڵ بکوژە ناپیاوە ڕەزیلەکەم دەبینێ ، بەلاّم نەمدەویست بیرشی لێبکەمەوە ، بەلاّم هەر لەو کاتەدا هەستم بەوە کرد کە بکوژەکەم لە ژوورەکەوە چووتە دەرەوە . لەوە دەچێ دوایین وێنەی ببینێ . زۆر تینووم بوو بوو ، بەلاّم دیسان چاو لەڕێ مامەوە ، دەی کچەکەم! شەکوورە جوانەکەم ! دەی وەرەوە ... نەهات . ئیدی هێزم بەشی ئازارەکانمی نەدەکرد ، زانیم کچەکەم نابینم و دەمرم ، ئەمە ئەوەندە پڕ ئێش بوو کە ویستم تاوێك زووتر بمرم . هەر لەم کاتەدا لەلای چەپمەوە ڕوومەتێکم بینی کە زۆر نائاشنا بوو ، پەرداخێك ئاوی بۆ درێژ کردمەوە ،هەموو شتێکم لە بیر چوو و پەلاماری ئاوەکەمدا . پەرداخەکەی کێشاوە و گوتی : " بڵێ پێغەمەر درۆیە و ڕەتی بکەرەوە . " ئەمە شەیتان بوو ، وەلاّمم نەدایەوە تەنانەت لێشی نەترسام . لەبەر ئەوە هیچ کات بڕوام بەوە نەکرد بوو کە وێنەکێشان هەڵخەڵەتاندن بە دەستی شەیتانە ، بە بەخۆ متمانەییەکەوە چاوەڕوان مامەوە و خەیاڵم لە ئایندە و

ڕێگا بێکۆتاییەکەی بەردەمی خۆم کرد . هەر لەو کاتەدا فریشتە تێشکدارەکە نزیك بووەوە و شەیتان ون بوو . لایەکی بیرم دەیگوت ئەم فریشتەیەی وا شەیتانی ڕاونا خودی عیزرائیلە ، بەلاّم لایەنە سەر هەڵداوەکەیتری عەقڵیشم ئەوەی بە بیر دەهێنامەوە کە (کتاب الاحوال القیامە) دا نووسراوە عیزرائیل پەڕ و باڵی زۆری هەیە و هەموو ڕۆژ هەلاّت و ڕۆژ ئاوا دەگرێتەوە ، بەباشی عەقڵی تێك و پێك دام. نێزیك بووەوە و وەکوو ئەوەی کە غەزاڵی لە " دورە الفاخرە " دا باسیدەکات بەنەرمییەوە وەکوو ئەوەی کە بییەوێت هاوکاریم بکات گوتی:"دەمت بکەوە با گیانت دەرچێ " نەمتوانی پێی بڵێم کە لەو قسە و وتە زیاتر هیچیتر لە دەمم دەرناکەوێ . دەمزانی کە کاتم بەسەر هاتووە و ناتوانم لەوە زیاتر بەرگری لێبکەم . جارێکیتر بیرم لەوە کردەوە کە بەم وەزعە ڕەزیلەی خۆم و بەم جەستە خوێنیاوییەوە چەپەڵەمەوە چاوم بە کچەکەم ناکەوێ و ئیدی هیچ نابینمەوە ، زۆر شەرمم لە خۆم کرد . وەکوو چۆن کە بمەوێ کراسێکی تەنگ لەبەرداکەنم و لێی نەجاتم ببێ ، ئاوەهاش دەمەویست لەو دونیایە ڕزگاریم ببێت . دەمم کردەوە ، هەموو شتێك وەکوو وێنەی میعراجی پێغەمەر ئاوا ڕەنگا و ڕەنگ بوو . وەکوو چۆن ئاوی زێر ڕژابێ هەموو جێگایەك ڕۆشن بوو،چاوەکانم فرمێسکی دەردیان هەڵدەڕشت ، لە قووڵایی دڵمەوە بە زۆر هەناسەیەکم هەڵکێشا ناو دەمم و هەموو شتێك لە بێدەنگییەکی دەرئاساییدا مایەوە . ئێستا کە دەمبینی ڕۆحم لە جەستەم جودا دەبێتەوە دەمزانی بە دەستی عیزرائیلەوەیە . ڕۆحم بە قەدەر زەردە واڵەیەك دەبوو . لە ناو ڕووناکیدا بوو ، لەبەر لەرزە لەرزی دوای بە جێهێشتنی جەستەم لە دەستی عیزرائیلدا وەکوو جیوە هەڵدەفڕی . بەلاّم

www.pertwk.com

عەقڵم لەوەدا نەبووبەڵکوو لەو دونیا تازەیەدا بوو کەوا ئێستا ڕۆیشتبووم بۆ ئەویٚ . لە دوای ئەو هەموو ئازارە تۆزێك ئاسوودە بوومەوە و ئەو شتەی کە دەبیٚ بە مەرگ هیچ ئازاری پێنەدەگەیاندم . بە پێچەوانەوە زۆر ڕەحەتی کرد بووم . لە دواییدا تێگەیشتم کە ئەم وەزعە پایەدارە و ئەوەی کە لە کاتی ژیاندا هەبوو، تەنگهەڵچن و کاتی بوو. ئیدی هەموو شتێك بە سەدان ساڵ تاوەکوو ڕۆژی حەشر هەر ئاوەها دەمایەوە . هیچ گلەیی و ڕازینەبوونێکیشم بەرامبەر بە ئەمە نەبوو .ئەو ڕووداوانەی کەوا کاتی خۆی بە سەرمدا دەهاتن ئێستا لەو جێگا فراوانەدا بلاّو بوونەتەوە . وەکوو ئەوەی کەوا وێنە کێشە گاڵتەچییەکە ئێستا لەهەر گۆشەیەکی ئەو دوولاپەڕە گەورەیەدا شتانی بیٚجێگا و ڕێگا دەکێشیٚ ، هەموو شتێك ئاوەها وەکوو خۆی تێپەڕ دەبوو .

((من ، شەکورە)) (30)

ئەوەندە زۆر دەباری کە لە پەچەکەمەوە دەهاتە ناوودەچووە ناو چاوانمەوە . لەنێو گیاگەنیوەکان وقوڕ و دارە شکاوەکانی باخچەکەوە بەزۆری تێپەڕ بووم . کە ڕۆیشتمە ناو کۆڵانەکەوە سووکتر پێم هەڵگرت . دەزانم کە ئەتانەویٚ بزانن بیرم لە چی کردۆتەوە . چەندە متمانە بە ڕەشە دەکەم ؟ دەی با بە ئاشکرایی شتێکتان پیٚبڵێم : منیش دەمەویٚ بزانم کە بیر لەچی دەکەمەوە . تێدەگەن وانیە ؟ عەقڵم تێکەڵ و پێکەڵە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا ئەوە دەزانم نان و چێشت و مناڵەکان و باوکم و شتیتردا خەریك دەبم و لە دوایشدا بە بێئەوەی کە من پرسیار بکەم ، دڵم پێم دەڵێت کە چی ڕاستە و چی ڕاست نیە . بەیانی ناگاتە نیوەڕۆ تێدەگەم کە دەبیٚ لەگەڵ کێدا زەماوەند بکەم . شتێك هەیە کە دەمەویٚ بەر لەوەی بچمەوە بەرە و ماڵ باسی بکەم بۆتان . نەگیانەکم ! واز لە شتە گەورەکەی ڕەشە بهێنن کەوا دەریهێنا و نیشانی دام ئەگەر بتانەویٚ دوایی لەسەر ئەوە قسە دەکەین .

ئەو شتەی کە دەمەویٚ قسەی لەسەر بکەم پەلەپەل کردنی ڕەشەیە ، خۆ بیر لەوەش دەکەمەوە کە چاوی زیاتر لە شەهوەت هیچیتر نابینیٚ ، بە

www.pertwk.com

ڕاشکاوی دەڵێم ئەگەر واش بیّ دیسان فەرق ناکات ئەوەی کەوا بە هەڵەمدا دەبات بیّعەقڵییەکەیەتی ! من دەترسێنیّ و دەیەویّ بمفڕێنیّ ، دەیەویّ یاری بە شەرەفم بکات و هێمنیشم بکاتەوە ! تەنانەت ئەوە نایەت بەعەقڵیشیدا کە ئەمە ڕێگا بۆ شتی خراپتریش دەکاتەوە . لە ڕوخسارە خەم داگرتووەکەیەوە تێگەیشتم کەوا چەندە منی خۆشدەویّ وچەندە منی دەویّ . بۆچی لەدوای دوانزە ساڵ چاولە ڕێی دەیەویّ لە ڕێگەی کورتەوە بێت و دوانزە ڕۆژیتر سەبر ناکات ؟ ئێوە دەزانن کە عاشقی ئەو لێنەهاتووی و ئەو منداڵیەی بوو بووم . ئەمەم لەو کاتەی وا پێویست بوو خۆمی لیّ تووڕە بکەم بە بەزەییەکەوە هەست پێکرد بوو . دەنگێك لە دەروونمەوە دەیگوت : ئەی مناڵە بێچارەکەم ! هەم دەتوانی ئەوەندە ئازار بکێشی هەم ئەوەندەش لێنەهاتووی . لە دڵمەوە دەمویست بیپارێزم. لەوانەیە شتێکی هەڵە بکات، دەتوانم خۆم بەو چوختەیە بدەم .

بیرم لە منداڵە بێچارەکانم کردەوە و سووکتر پێم هەڵگرت . هەر لەم کاتەدا لە ناو بەفرەکەدا کە چاو چاوی نەدەبینی لەژێر تاریکاییەکەدا کە زوو داکەوتبوو پیاوێکم بینی کە وامزانی وەکوو تارمایی خەریکە دەکەویّ بەسەرمدا . کەچی خۆمم فلیسکانەوە ودەر چووم ، کە لە دەرگای حەوشەکەوە چوومە ناو تێگەیشتم خەیرییە و مناڵەکان نەگەڕاونەتەوە ، باشە ! هێشتا بانگی ئێوارەیان نەدا بوو . لە پلیکانەکانەوە چوومە ژوورەوە ماڵەکە بۆنی پرتەقاڵی لێوە دەهات . باوکم لە ژوورە تاریکەکەدایە . زۆر ساردە ، پێکانم بەستوویانە . کاتیّ بە چراکەوە چوومە ناوەوە بینیم کەوا دۆلابەکە کراوەتەوە و سەرینەکان کەوتوون و هەر لایەك پەرش و بلاو بووە ، وتم ئەمە کاری شەوکەت و ئورهانە . بێدەنگییەکەی ناو ماڵ وەکوو هی

جاران نەبوو . جلەکانی ماڵەوەم کردە بەر و بۆ ساتێك لەگەڵ خەیاڵەکانمدا ڕۆیشتم . لەم کاتانەدا لە ناو ژووری وێنە کێشانەوە لە تەنیشت موتبەخەکەدا جیڕەجیڕێك هات . باوکم بەو سەرمایە چوو بووە خوارەوە ؟ بەڵام لەبیرم نایەت کە چاوم بە ڕۆشنایی چرایەك کەوتبیّ لەوێدا . خەریك بوو بیرم لەوە دەکردەوە کە جیڕەی دەرگای حەوشەکەم بیست . لە دوای داخرانی دەرگاکە کاتیّ سەگەکان دەستیان بە وەڕاندن کرد سەغڵەت و بە گومان بووم . بانگم کرد و گوتم : " خەیرییە ! ئورهان! شەوکەت ! " سەرمام بوو . مەنقەڵەکەی لای باوکم گەش بوو ، وتم دەچم دادەنیشم و خۆم گەرم دەکەمەوە ، ئیدی بیرم لە ڕەشە نەدەکردەوە بەڵکوو بیرم لای منداڵەکانم بوو ، چراکەشم بە دەستەوە بوو . کە لە هەیوانەکەوە تێپەڕ بووم وتم با ئاو دانێمە سەر مەنقەڵەکەی خوارەوە بۆ ئەوەی کە بۆ شۆرباکە گەرم ببیّ . ڕۆیشتمە ناو ماڵە بەشین ڕاخراوەکە هەموو شتێك تێك چوو بوو . خەریك بوو بە سەر سووڕ ماوییەوە بڵێم کە باوکم کردوویەتی بەڵام کاتیّ باوکم لەسەر زەوییەکەدا بینی لە ترساندا قیژاندم ، جارێکیتر قیژاندم . لە دواییدا تەماشای لاشە مردووەکەی باوکمم کرد و بێدەنگ بووم . سەیرکەن ! لە بێدەنگی و خوێنساردییەکەتانەوە دەمزانی کە ئێوە زووتر زانیوتانە کەچی ڕوویداوە . ئەگەر هەموو شتێکیش نەبێت ئەوا زۆر شت دەزانن . ئێستاش مەراق دەکەن کە بزانن کاردانەوە و هەستی من چی بوو . هەندێك جار کە تەماشای وێنەیەك دەکەن بیرلە هاتنی داستانەکە تا ئەو جێگایە دەکەونەوە کە قارەمانەکە ئازار دەکێشیّ، تەماشای کردەوەکانی من بکەن ئەگەر لە جێی مندا بایەن و باوکی ئێوە بکوژرایە هەستتان بە چیدەکرد؟ بە حەزەوە دەتانەویّ لەمە تێبگەن نەوەك لە ئازارەکانی من.

www.pertwk.com

باشە . ئێوارە گەڕامەوە بۆ ماڵ ، یەکێك باوکمی کوشتبوو . بەڵێ، سەر و قژی خۆمم داڕنی و هۆن هۆن گریام ، وەکوو کاتی منداڵی باوەشم پێدا کرد و بە هەموو توانایەکەمەوە بۆنم کرد . بەڵێ ، لە ترساندا ولەبەر تەنیایی و ئازار ماوەیەکی زۆر گیانم دەلەرزی و هەناسەم هەڵنەدەکێشا . بەڵێ ، بڕوام بەو شتانە نەکرد کەوا بینیم و لە خودا پاڕامەوە کە دیسان باوکم هەڵسێتەوە سەرپێ و بێدەنگ بێدەنگ لە گۆشەکەی خۆیدا دانیشێتەوە . هەستە باوکە ! هەستە مەمرە! دەی باوکە ! هەستە باوکە ! بەڵام لە ناو خوێندا سەری پارچە پارچە کرا بوو ئەو پیاوەی کە باوکمیکوشتبوو لەقین و تووڕەییدا کتێب و کاغەزەکانی دڕاند بوو ، جامولکە و تەپڵەك و تاقمی ڕەنگەکانی شکاند بوو و فڕێی دابوون و میندەرێك و مێز و تەختەی نۆێنەکانی پارچە پارچە کردبوو ، بە شێوەیەکی دڕندانە هەموو شتێکی شکاندبوو و تێکی دابوو . زۆر ترسام . ئیدی نەدەگریام لە کۆڵانەکەی تەنیشتمانەوە دوو کەس بە پێکەنین و قسە کردنەوە دەهاتن، لە عەقڵی خۆمدا گۆیم لە بێدەنگی تەواوی عالەم ڕادەگرت . فرمێسکی چاوەکانم و چڵمی لوتم بە دەست سڕی ، زۆر بیرم لە منداڵەکان و ژیانی خۆمان دەکردەوە ، دووبارە گۆیم بۆ بێدەنگیەکە ڕاگرت و هەڕام کرد . قاچەکانی باوکمم گرت و بە ڕاکێشان بردمە ناو هەیوانەکەوە. نازانم لە بەر چی بوو کە لەوێدا زۆر قوورستر بوو . گۆیم نەدایە و بردمە خوارەوە . لە نیوەی پلیکانەدا هێزم نەما ، دانیشتم . لەوانەیە بگریابایەم لە جیڕە جیڕێکدا وامزانی خەیرییە و منداڵەکان هاتوونەتەوە بۆیە قاچی باوکمم خستە بێخی باڵم بە پەلەپەل بردمە خوارەوە ، سەری باوکم ئەوەندە پارچە پارچە کرابوو کە لە کاتی کێشانە خواردا سەری وەکوو چۆن پارچەیەکی تەڕ لە کاتی

کێشاندا دەنگ دەرخات ئەوەها دەنگی لێوە دەهات . لە سەر بەردەکانەوە ڕامکێشا و بردمە ژووری وێنەکێشان لە هاویناندا . بۆ ئەوەی چاوم بە ناوە بکەوێ بەرەو لای ئاگردانی موتبەخەکە هەڕام کرد ، کاتێ گەڕامەوە و تەماشای چۆنیەتی تێکدرانی ئەوژوورەم کرد کەوا باوکمم تێ خستبوو زمانم بەسترا . کێ ئەمەی ... یارەبی! ... کامیان ... ؟ عەقڵم بە توندی کاری دەکرد ، زۆر شتم حیساب دەکرد . دەرگاکەم داخست و باوکمم لەوێ بە جێهێشت . سەتڵێکم لە چێشتخانەکە هەڵگرت و لە چاڵە ئاوەکە پڕم کرد و ڕۆیشتمە ژوورەکە و لە بەر ڕۆشنایی چراکەدا خوێنی سەر پلیکانەکە و هەیوانەکەم سڕی و بە پەلەپەل ڕۆیشتمە ژوورەکەمەوە و جلە خوێنەویەکانم دەرهێنا وهیپاکترم کردە بەر . دەمەویست بە سەتڵەکەی دەستمەوە بچمە ناو ژوورەکەی باوکم کە گۆیم لە کرانەوەی دەرگای حەوشەکە بوو . هەر لەو کاتەشدا بانگی ئێوارەیان دەدا ، خۆمم کۆ کردەوە و بە چراکەی دەستمەوە لەسەر پلیکانەکانەوە چاوەڕێیانم کرد . ئۆرهان گوتی : "دایە ئێمە هاتینەوە" بە هەمووهێزێکمەوە قیڕاندم و وتم : "خەیرییە! لە کۆی مانەوە؟!" لە دوایدا وەکوو ئەوەی ناقیڕێنم و بە چپەوە ئەمەم پێگوتوە هەڵسوکەوتم کرد . شەوکەت وتی : " بەڵام دایە خۆبەرلە بانگی ئێوارە هاتینەوە ."

"بێدەنگ بن ! باپیرتان نەخۆشە و خەوتووە . " خەیرییە لە خوارەوە وتی : " نەخۆشە ؟ ! " بەڵام   لە بێدەنگیەکەی منەوە هەستی بە تووڕە بوونم کرد و گوتی چاوەڕێ ماوین هەتا کەشتیەکە هاتەوە .

دەمەویست بچمە خوارە و خۆمی بەسەردا ناڕەحەت بکەم و لۆمەی بکەم ، بەڵام لە بەر ئەوەی کە وا ئەگەر بڕۆشتبایەم شەوقی چراکە خۆینی سەر

www.pertwk.com

پلیکانەکەی دەخستە ڕوو (زۆر بە باشی خاوێن نەکرابووەوە).

منداڵەکان هاتنە سەرەوە و بە هێواشی پێڵاوەکانیان داکەند .

وتم : " شش ش ، باپیرتان دەخەوێ بۆ ئەولا نەچن . " و بەرەو ژوورەکەی خۆمان پاڵم پێوە نان .

شەوکەت وتی : " دەچمە ژوورە بەشین ڕاخراوەکە " بە چپەوە وتم : " باپیرتان لەوێ خەوتوە " بەڵام بینیم کە هەر لەوێدا ماونەتەوە لە دوایدا وتم : " مەچن با وەکوو جندۆکەکان دەستان لێنەوەشینن ، چونەتە ناو جەستەی باپیرتانەوە . " دەستی هەردووکیانم گرت و بەرو ژووری نووستنم بردن .

وتم : " بڵێن بزانم تا ئێستا چیتان کردووە لە دەرەوە ؟ "

شەوکەت گوتی : " لە تەچنی عەرەبمان بینی "

وتم : " لەکوێ ؟ ئالاَیان هەبوو ؟ "

گوتی : " لە پاڵەکەدا ، لیمۆێکیان دابە خەیرییە و ئەویش پارەی پێدان ، سەریان بەفری پێوە بوو . "

" ئیتر ؟ "

" لە مەیدانەکەدا تیریان دەهاویشت . "

"بەم بەفرە ؟ " وەڵامی نەدامەوە گوتی : " دایە ! سەرمامە دەچم بۆ ژوورە بەشین ڕاخراوەکە . "

وتم : " لەم ژوورە دەر نەچن ئەگینا دەمرن . من ئیستا مەنقەڵەکەتان بۆ دەهێنم."

شەوکەت وتی : " بۆچی دەمرین ؟ "

: " با باسی شتێکتان بۆ بکەم . بەڵام بۆ کەسی نەگێڕنەوە ، تێگەیشتن ؟

" قەولیان دا کە باسی نەکەن .

" کاتێ ئێوە لە کۆڵانەکەدا بوون ، کابرایەکی مردوو و سپی پۆشی وەکوو بەفر هاتە ئێرە ، لە وڵاتێکی دوورەوە هاتبوو ، لەگەڵ باپیرتاندا قسەی کرد ، تومەزە ئەوە جندۆکە بوو " وتیان لە کوێ هاتبوو ؟

: " لەلای ئاوەکەوە "

شەوکەت وتی : " لەو جێگایەی کەوا باوکمی لێیە ؟ "

– " بەڵێ لەوێ ، جندۆکەکە بۆ تەماشا کردنی وێنەکانی کتێبەکەی باپیرتان هاتبوو ، ئەو تاوانبارەی کە تەماشای ئەو وێنانە بکات یەکسەر دەمرێ . " بێدەنگیەك دروست بوو . وتم : " سەیر کەن من دەچمە خوارەوە بۆ لای خەیرییە ، سینی نانەکەتان بۆ دەهێنم ، کەسێك نەیەتە دەرەوە چونکە جندۆکەکە هێشتا لە نێو ئەمماڵەدایە . " ئۆرهان وتی دایە مەڕۆ . گەڕامەوە لای شەوکەت و وتم : " تۆ بەرپرسیاری براکەتی ، ئەگەر لە ماڵ دەرچی و جندۆکەکەش دەستت لێنەوەشێنێ ئەوا خۆم دەتکوژم . " بەبێ ئەوەی شەپە زلەیان لێدەم چاوم لێ زیت کردنەوە و گوتم : " دەی ئێستا دۆعا بکەن با وەکوو باپیرتان نەمرێ ، ئەگەر کوڕی باش بن کەس کاری پێتانەوە نیە . " بە نابەدڵیەوە دەستیان بە خۆیندنەوەی دۆعا کرد . ڕۆیشتم خوارەوە .

خەیرییە وتی : " یەکێك مورەبای پرتەقاڵەکەی ڕشتووە ، ئەگەر بڵێم پشیلەیە پشیلە ناتوانێ ، ئەگەر بڵێم سەگە... " لەناکاوترسەکەی نێوچاوانمی بینی و وتی: " خێرە ئەوە چیە ؟ چیبووە ؟ باوکتان شتێکی پێ هاتووە ؟ "

" مرد . " قیژاندی ، پیاز و چەقۆکەی دەستی کووتایە سەر تەختەکە و

www.pertwk.com

هەموو شتێك لە سەر تەختە پەرش و بڵاو بووەوە. قیژەیەکیتری کرد . هەر دووکمان چاومان لە خوێنی پەنجە بڕاوەکەی بوو کەوا لە کاتی قیژەکەیدا بڕی بووی . ڕامکردە ژوورەوە بە دوای پەڕۆیەکدا دەگەڕام ، کاتیٚ زانیم لە ژووری منداڵەکانەوە قیڕەقیر و دەنگە دەنگێك دێت ، بە پەڕۆکەی دەستمەوە چوومە ژوورەوە ، شەوکەت سواری ئۆرهان بوو بوو ، قاچی نابووە سەر شان و ملی و خەریك بوو دەیخنکاند بە قیڕەوە وتم : "ئەوە چیدەکەن ؟"

شەوکەت گوتی :" ئۆرهان دەیویست لە ژوورەکەوە دەرکەویٚتە دەرەوە ".

ئورهان گوتی : " درۆ دەکات ، شەوکەت دەرگاکەی کردبووەوە و خەریك بوو دەرکەویٚ و منیش وتم مەچۆ. " و دەستی بە گریان کرد

گوتم : " ئەگەر بێدەنگ دانەنیشن هەر دووکتان دەکوژم . " ئۆرهان گوتی : " مەڕۆ دایە "

لە خوارەوە دەستی خەیرییەمان بەست و خوێنەکەمان ڕاوەستاند . کە وتم باوکم بە ئەجەلی خۆی نەمردووە، ترسا و دۆعای خودا بمانپارێزەی کرد و گریا . دەستی هێنا بە سەر چاویدا . لەبەر خۆشەویستی باوکم دەگریا یان وەکووبە قەدەر خۆشویستنەکەی خۆی دەگریا ؟ ڕۆیشتە ژوورەکەوە بۆ ئەوەی باوکم ببینیٚ، وتم لەو ژوورەدا نیە لە ژوورەکەی پشتەوەدایە . بە گومانەکەی ڕووی ڕوخسارییەوە تەماشای کردم . بەڵام کەزانی من ناچم و تەماشای تەرمەکە ناکەم ، ویستی مەراقی بەسەر ترسەکەیدا زاڵ بوو و چراکەی هەڵگرت و ڕۆیشت .لەبەر دەرگای چێشتخانەکەوە پێنج شەش هەنگاوی هەڵگرت و بە ڕێز و بە گومان و نابەدڵییەوە دەرگاکەی کردەوە ، لە

پێشدا تەرمەکەی نەبینی ، چراکەی زۆرتر بەرز کردەوە ،هەموو گۆشەیەکی ژوورەکە ڕوون بووەوە . ها . ها قیڕەیەکی کرد ، باوکمی لەو جێگایەدا بینی کە دامنابوو . بیٚئەوەی بجووڵێتەوە تەماشای جەستەی باوکمی کرد ، تەنانەت سێبەرەکەشی لەبەر بەردەلان و دیوارە گەورەکە نەدەجوولایەوە کاتیٚ گەڕایەوە نەدەگریا ، پێم خۆش بوو کە توانای ئەوەی هەیە ئەو شتانە لە مێشکیدا بهێڵێتەوە کەوا پێی دەڵێم . وتم خەیرییە ئێستا گوێم بۆ ڕاگرە ، دەستم لە خۆیەوە چەقۆ ماسیاوییەکەی هەڵگرتبووودەمیشم قسەی دەکرد: " قاتی سەرەوە سەر و بن کراوە ، ئەو شەیتانە بیٚخێرە چووە و ئەوێشی تێك وپێك داوە و هەموو شتێکی شکاندووە . سەرو ڕوومەتی باوکمی لەوێدا پەرش و بڵاوکردووەو لەوێدا کوشتوویەتی. لەبەر ئەوەی کە منداڵەکان نەیبینن و تۆش لە سەرەتادا نەترسی ، من تەرمەکەییم هێناوەتە خوارەوە ... ، لەدوای ئێوە منیش دەرکەوتبووم ، باوکم بە تەنیا لە ماڵدا بووە . "

بە ڕووداربیەکەوە گوتی : " نەمدەزانی، لە کویٚ بووی ؟ " تۆزێك بێدەنگ بووم و ویستم کە باش هەست بە بێدەنگییەکەم بکات . لە دواییدا گوتم : " لە لای ڕەشە بووم ، لە ماڵە چۆڵەکەی جۆلەکە هەڵواسراوەکەدا چاومان بە یەکتری کەوت بەڵام ئەمە بە کەس نەڵێی . وەکوو ئەوەی کە هیچ نەبووبێت ئاوەها هەڵسوکەوت بکە " دەمویست بقیڕێنم و هاوار بکەم بەڵام بێدەنگ بووم ، هەر دووکمان بێدەنگ بووین . دواتر وتم : " واز لەو ماسییە بهێنە ، سفرە بۆ منداڵەکان ڕاخە " بە هێواشی دەستم بە گریان کرد و باوەشم پێدا کرد ، توندتر باوەشمان بە یەکدا کرد . بۆ ساتێك نەتەنیا بە خۆم و منداڵەکانمدا بەڵکوو بەزەییم بە هەمووماندا هاتەوە ، لە

www.pertwk.com

لایەکیتریشەوە کاتیٚ باوەشم پیٚدا دەکرد شك و گومانیٚك دەروونمی گرتەوە : ئیٚوە دەزانن کە لە کاتی کوژرانی باوکم من لە کویٚ بووم ، خۆتان دەزانن کە من خەیرییە و منداڵەکانم لە ماڵ دوور خستەوە بەڵام ئەمە بە مەبەستیٚکیتر بوو ، ئەمەش بە هەڵکەوت وای لیٚهاتووە . بەڵام خەیرییە ئەمە دەزانیٚت ؟ ئەگەر باسی بۆ بکەم تیٚدەگات یان دەکەویٚتە گومانەوە .توندتر باوەشم پیٚدا کرد ، بەڵام زانیم بە عەقڵە خزمەتکارەکەی خۆیەوە دەزانیٚت کە ئەمەم بۆ شاردنەوەی فیٚڵەکەی خۆم ئەنجامداوە . منیش هەستم کرد کە خەریکم دەیخەڵەتیٚنم . کاتیٚ باوکم دەکوژرا منیش لەولاتر ڕەشەم بینی بوووحەز و خۆشەویستیمان دەکرد. ئیٚوەش وەها بیر دەکەنەوە . تەنانەت تۆمەتباریشم دەکەن ، وا دەزانن کە شتیٚکتان لیٚدەشارمەوە . چەندە بیٚچارەم ! چەندە بیٚبەختم ! دەستم بە گریان کرد . خەیرییەش گریا و باوەشمان کرد بە یەکدا .

لەسەر ئەو سفرەیەی وا لە ژوورەکەی سەرەوە ڕامانخست بوو وام نیشاندەدا کە زکم تیٚرە . جارجار دەمگوت با بزانم با پیرتان چۆنە و دەهاتمە دەرەوە و فرمیٚسکەکانم پاك دەکردەوە .زۆرتر کەوتنە ناو گومانەوە ، کاتیٚ بردنمە ناو جیٚگاکە دەپیٚچان پیٚمەوە و ماوەیەکی زۆر نەخەوتن و هەر دەیانگوت جیڕەجیڕیٚك هات بیستت ؟ ودەجوولاٚنەوە . بۆ ئەوەی کەوا ڕەحەتتر بن وەعدەی ئەوەم پیٚدان کە چیرۆکیٚکی عەشقیان بۆ بگیٚڕمەوە . لە تاریکاییدا وشەکان دەفڕن . شەوکەت گوتی : " دایە لەگەڵ کەسیٚکدا زەماوەند دەکەی ؟"

-: "جاریٚ گویٚ ڕاگرە " شازادەیەك هەبوو کە لە دوورەوە عاشقی کچیچکی جوان بووە ، ئەمە چۆن بووە ؟ بەر لەوەی کچەکە ببینیٚ ویٚنەکەی

بینیبوو لەبەر ئەوە عاشقی بوو بوو . " وەکوو ئەوەی کەوا لە کاتی خەمباریدا دەمکرد ، چیرۆکەکەم وەکوو خۆی نەگیٚڕایەوە و هەندیٚکیشم لە خۆوە هەڵواسی و گیٚڕامەوە . لەبەر ئەو شتانەی کەوا لە دڵمەوە تیٚپەڕ دەبوون ، ڕەنگی بیرەوەری و ئازارەکانی خۆمی پیٚوە بوو ، هەر لە ویٚنەیەکی بەسەر هاتەکانی خۆم دەچوو .

کاتیٚ منداڵەکان خەوتن ، لەگەڵ خەیرییەدا خەریکی کۆ کردنەوەی ئەوکەلوپەلانە بووین کەوا ئەو شەیتانە چەپەڵە پەرش و بلاٚوی کرد بوون . سندوق و کتیٚب و قوماشی کونکراو و پەرداخە شکاوە فڕیٚدراوەکان و کاسەی گڵی و دیزە و جامۆڵکەکان و میزە پارچە کراوەکە و قوتووی ڕەنگەکان و ئەو لاپەڕانەمان هەڵگرت کەوا بە نەفرەتەوە فڕیٚدرابوون . کاتیٚ کارەکانمان تەواو دەکردجارجار یەکیٚك لە ئیٚمە دەستی بە گریان دەکرد . دەتگوت کە لەئەوە تووڕە نین کەوا باوکمی کوشتبوو، بەڵکوو زیاتر لەوە تووڕەین کە هاتووتە ناو نهیٚنی و مەحرەمییەتمانەوە و ئەو هەموو شتەی تیٚکەڵ و پیٚکەڵ کردووە . لە ئەزمونی خۆمەوە دەزانم سروشتی مرۆڤ وایە کە ئەگەر خۆشەویستیٚکی بمریٚ ، جارجار وادەزانیٚ کە هەموو شتیٚك وەکوو جاران بەڕیٚوە دەچیٚ و هیچ نەقەوماوە و وادەزانن کە پەردە و ڕووپۆشەکان و تیشکی هەتاو وەکوو جارانە و عیزرائیل خۆشەویستەکەی نەبردوون و ئاوەها خۆ دەخەلاٚفیٚنن . ئەو دەرگایانەی کەوا باوکم بە سەبروبە عەشقەوە تەماشای دەکردن و ئەو نەخشانەی کەوا بە ناسکییەوە کیٚشرا بوون هەمووی بە دەستی ئەو ناپیاوە خراپکرا بوون ، بۆیە دڵخۆشییەك و خەیاڵیٚکی وای بۆ جیٚنەهیٚشتبووین . بەڵکوو بە پیٚچەوانەوە بیٚبەزەیی ئەو دۆزەخییەی دەهینایەوە یادمان و دەیترساندین ،

www.pertwk.com

لەسەر داخوازی من خەیرییە ڕۆیشتە خوارەوە و لە چاڵەکە ئاوی تازەی دەرهێنا و دەستنوێژی گرت و هاتەوە و لەڕووی نووسخە دەسنووسە هەراتییەکەوە سوورەی ئالی عومرانی لە قورئاندا خوێندەوە کە باوکم زۆر حەزی لێەکرد . هەر دووکمان گوێمان لە جیڕە جیڕی دەرگای حەوشەکە بوو ، بەڵام کەسێك نەهات ، بەو نیوە شەوە سەیری سوزگی دەرکاکەمان کرد و پێکەوە گوڵدانی ڕیحانەکەمان دانایە لایەکەوە کەوا باوکم بەیانی بەهاران خۆی ئاوی تازەی دەردەهێنا و ئاوی دەدا . لەدوایشدا ڕۆیشتینە ژوورەوە . بۆساتێك وامانزانی سێبەری خۆمان کە سێکی ترە . کاتێك کەدەموچاوە خوێناوی‌یەکەی باوکمم دەشۆرد ، بیرم لەوە دەکردەوە کە پێویستە بڵێم بە مەرگی خۆی مردووە و لەوەش زیاتر چارەیەکم نیە . کە جلەکەیم دەگۆڕی خەیرییە بە بێدەنگییەکەوە گوتبووی دەستیم لە ژێرەوە پێبدە ، وەکوو ئەوەی کە عیبادەت بکەین هەردووکمان ترسا بووین . کاتیٚ جلەکەیمان دەرهێنا ، سپیایی لاشەی باوکم بوو لەو ژوورە تاریکەدا تیشکی مۆمەکە دەکەوتە سەری زیاتر دیار دەبوو ، لەبەر ئەوەی کە هەردووکمان لە شتێکی مەترسیدار دەترساین ، سینە نیشاندار و لەکەدار و برینداڕەکەی باوکمان لە لاوە پیٚ ترسێنەر نەبوو . کاتیٚ خەیرییە ڕۆیشتە ژوورەوە بۆ ئەوەی جلەکانی باوکم بێنیٚ ، بەدزیوە تەماشای شتەکەیم کرد . بەڵام هەر دوای ئەوە شەرمم لە کردەوەکەی خۆم کرد . لەدوای ئەوە جلەکانمان کردە بەری و خوێنەکانی سەر و دەمو چاویمان پاك کردەوە باوەشم پێدا کرد . لووتم خستە ناو ڕیشەکانیەوە و تێر تێر گریام . با ئەوەش بڵێم کە لەبەر ئەوانەی کەوا من بەبیٚ ویژدان و تاوانبار دەزانن دوو جار گریام .

1-لە ژوورەکەدا کاتیٚ وام لە منداڵەکان دەکرد کە لە ڕووداوەکە تێنەگەن ، مۆرییەکی سەدەفیم بردە لای گوێم و گوێم دایە دەنگی دەریا و هەستم پێکرد .

2-دوایش کاتیٚ ئەو میندەرە سوورەم بە دڕاوی بینی کەوا باوکم بیست ساڵ لە سەری دانیشتبوو ، تێرتێر گریام .

لەدوای ڕێك و پێك کردنی شتەکان و خستنە لایەکی ئەو شتانەی وا دەبیٚ پینە بکرێن خەیرییە گوتی : دەمەویٚ ئەمشەو لەلای ئێوە بخەوم . منیش زۆر بێبەزەییانە ڕەتمکردەوە و گوتم با بەیانی کاتیٚ منداڵەکان لەخەو هەڵسان گومان نەبەن . بەڵام ڕاستیەکەی لەبەر ئەوە بوو کە دەمەویست لەگەڵ منداڵەکانمدا تەنیا بم و خەیرییەش سزا بدەم . ڕۆیشتمە ناو جێگاکەمەوە ، ماوەیەکی زۆر نەخەوتم . ئەوەش لەبەر بەسەر هاتە مەترسیدارە نەبوو کەوا ڕوویدا بوو ، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو کە بیرم لە ڕووداوەکانی داهاتوو دەکردەوە .

((ناوی من سوورەیە)) (31)

لەدوای ئەو کاتەی کە فیردەوسی شاعیری شاهنامە چوو بوو بۆ غەزنە بۆلای شامەحموودولە لایەن شاعیرەکانی ئەوێوە گاڵتەی پێکرا بوو و پێیان گوتبوو لادێی! چوار ینەیەکی گوتووە کە سیٚ دێڕی دوایی بە قافیەیەکی سەخت تەواو دەبیٚ، منیش لەویٚ بووم و لەسەر عەباکەی فیردەوسی بووم .

www.pertwk.com

کاتیٚ کەرۆستەمی قارەمانی شاهنامە بۆدۆزینەوەی ئەسپەکەی دەچیٚ بۆ ولاٚتانی دوور دەست منیش لەگەلٚیدا بووم ، کاتیٚ کەدیٚوە ئەفسانەییەکی بە شمشیٚرکرد بە دوولەتەوە ، لەناوخویٚنە ڕژاوەکەدابووم ، هەروەها کاتیٚ بە میوانی لەلای پادشا مایەوە و شەو لەگەلٚ کچەکەیدا جۆروجووت بوو لەسەر لیٚفەکەی خەویدا بووم .

لەهەمووجیٚگایەکدا بووم و لەهەرجیٚگایەکیشم ، کاتیٚ کە (توور) بەناپیاوی سەری براکەی خۆی یانی (ئیٚوەجی) بڕی ، هەروەها ئەوکاتەی کەوا لەشکرەکان لە چۆلەوانییەکاندا دەڕژانە یەك و ئەوکاتەی کەواخۆر لەسەر ئەسکەندەری دابوو و لووتی بەبیٚ ڕاوستان خویٚنی لیٚوە دەڕژا منیش لەویٚ بووم ، بەهرامی کوڕی پادشای ساسانی هەر هەفتەیەك کراسی دەکردە بەروو هەر وەرزیٚك لەگەلٚ جوانیٚکدا شەوی دەبردە سەر ، من لەسەر کراس وسوخمەی ئەو جوانە بووم کەوا ڕۆژانی سیٚ شەممە دەچوو بۆ لای .

هەروەها لەسەر تاج و هەموو جیٚگایەکی ئەو خەسرەوەدا بووم کەوا شیرین بە تەماشا کردنی ویٚنەکەی عاشقی بوو بوو . لەسەر ئالاٚی ئەو لەشکەرانەی وا قەلاٚکانیان خستبووە چەمبەر و لەسەر ڕوپۆشی سوفرەی میوانیدا و لەسەر عەبای ئەو بالٚویٚزانە بووم کەوا پیٚی پادشاکانیان ماچدەکرد . هەروەها لەسەر ئەو شمشیٚرەشدا بووم کە لە داستانە ڕاکیٚشەرەکەی مندالاٚندا هەیە . لەسەر قەلاٚکانی خزمەت بووم کەوا لەسەر لاپەڕە ئەستوورەکانی هیندوستانی و بوخاراییدا بە دەستی وەستا و شاگردە چاو جوانەکانەوە فلٚچەیان لیٚدراوە ، لە داڕشتن و چنینی دیوارەکان و لەسەر ئەو جلانەدام کەوا ژنە مل بەرزەکان کاتیٚ کە لە پەنجەرەوە تەماشای کۆلاٚن دەکەن لەبەری دەکەن . پووپەی کەلٚەشیٚرەکانم لە

کاتی شەڕدا نیشانداوەومیوە ئەفسانەییەکان و هەنارەکانی ولاٚتی ئەفسانەیی دەمی شەیتان و خەتە باریکەکانی ناو چوار چیٚوەکان و نەخشە پیٚچ پیٚچەکانی چادرەکان و ویٚنەی ئەو گولاٚنەی وا ویٚنە کیٚشان بۆ خۆشی خۆیان دروست کردوون و چاوە تووتڕکینەکانی پەیکەری ئەو چۆلەکانەی کەوا لە شەکەرەوە دروستکراون و گۆرەوی شوانەکان و بەرە و بەیانییە ئەفسانەییەکان و بەدەیان هەزار شەڕکەر و پادشا و برینی عاشقانم نیشانداوە حەز لە ئەو گولاٚنە دەکەم کەوا خویٚن لە مەیدانی شەڕدا درووستی کردوون و هەروەها حەز لە کوڕی جوان و وەستا و شاعیرەکان لە کاتی شەراب خواردنەوە و بالٚی فریشتەکان و لیٚوی ژنان و هەسووان بەسەری بڕاوی مردووەکان لە ناو خویٚن و برینیدا دەکەم .

گویٚم لیٚیە کە پرسیاری چیدەکەن ، بوون بە ڕەنگ بە چی دەبیٚت ؟ ڕەنگ دەست لیٚدانی چاو و مۆسیقای بیناییە و وشەیەکی ناو تارییکاییە. دەیان ساڵە لەم کتیٚب بۆ ئەو کتیٚب و لەم کەلوپەل بۆ ئەویتر ڕۆیشتووم و وەکوو منگە منگی با گویٚم لە قسەی ڕۆحەکان بووە . هەر لەبەر ئەوەش دەست لیٚدانی من وەکوو هی فریشتەکانە . لایەکم بانگی چاوەکانتان دەکات : ئەولا گرانایی هەیە و لە جیٚگای خۆیدایە ، لایەکیتریشم لەگەلٚ نیگاکانتاندا لە ئاسماندا دەفڕیٚ ، ئەوەیش لا سووکەکەی منە . لەبەر سوور بوونم چەندە دلٚخۆشم ! جەرگم دەسووتیٚ : بەهیٚزم ! لە فیداکارییەکەی خۆشم ئاگادارم .

هەر وەها دەزانم کەوا ناتوانن لە بەرامبەرم ڕاوەستن . خۆم ناشارمەوە : ئەمە بۆ من بە ناسکی و لاوازی و بیٚهیٚزی دروست نابیٚ بەلٚکوو بە ئیرادە و بە بڕیار بوونەوە دروست دەبیٚ، بۆیەخۆم دەخەمە مەیدانەوە . لە ڕەنگیٚکیتر و سیٚبەر و زۆر بوونی جەماوەروتەنیایی ناترسم . چەندە

www.pertwk.com

خۆشە کە ڕوویەك بە ئاگرە سەرکەوتووەکەی خۆمەوە دابپۆشمەوە ! لەو جێگایەدا کەوا من خۆم بڵاو دەکەمەوەچاوەکان بریقە دەدەنەوە ، تامەزرۆیی بەهێزتر دەبیٚ و ئەبرۆکان بەرزتر دەبنەوە ، دڵەکان توندتر لێدەدەن. تەماشام بکەن ! ژیان چەندە خۆشە ! سەیرم بکەن ! وەرە ژیان ببینە . لە جێگایەکەوە چاویان پێم دەکەویٚ . ژیان بە منەوە دەست پێدەکات هەموو شتێك دەگەڕێتەوە بۆ من. بڕوام پێبکەن و بێدەنگ بن و گوێم لێڕابگرن و بزانن کە چۆن دەبم بە سوورێکی نائاسایی .

ئەو وەستایەی کەوا لە ڕەنگ تێدەگات . حەشەرە سوورە وشکراوەکە دەکوتیٚ کەوا لە شوێنە گەرمەکانی هیندوستانەوە هاتووە . سیٚ جامۆڵکە ئاوی خستە ناو قازانێکەوە لە دواییدا ئاوێکی تایبەتی تێکرد و بە جوانی تێکیدا بە ماوەی خواردنەوەی قاوەیەك کولاندی . کە ئەو قاوەکەی دەخواردەوە منیش وەکوو منداڵێك بۆ لە دایك بوون بێئارامیم دەکرد . قاوەکە عەقڵی کردبووەوە و چاوەکانی وەکوو هی جندۆکە لێکرد بوو . شتە وردوهان کراوەکەی تێکردو لە دواییدا بە دارێکی تایبەتی ئەو کارە تێکیدا ، ئێستا دەبووم بە سوورێکی ڕاستەقینە . بەڵام خەستەییەکەم زۆر گرنگە ، پێویستە ئاوەکەم زۆر بکولیٚ و زۆریش نەکوڵیٚ . بەو شووڵەی دەستی تۆزێك ئاومی هەڵگرت و دای لە نینۆکی پەنجە بەرانەی (کە نابیٚ پەنجەکانیتر بن) ئەوە چەندە خۆشە کە سوور بیت ! نینۆکەکەیم سوور کرد ، و لەسەر نینۆکەکەیەوە وەکوو ئاو نەڕژام . خەستییەکەم باش بوو ، بەڵام خڵتم هەبوو . قازانەکەی لەسەر ئاگردانەکە داگرت . لە قوماشێکی پاکەوە دایهێلام و و پاکی کردمەوم و خڵتەکەی گرتم و لە دوایدا خستمیەوە سەر ئاگرکەو دوو جاری تر کەفەکەی گرتم . لە دوایدا دایگرتم بۆ ئەوەی سارد

ببمەوە .چەند ڕۆژ تێپەر بوو، بە بیٚ ئەوەی کەس خۆیم لێبدات لەوێدا مامەوە . لە دڵمەوە دەمویست خۆم بدەم بە هەموو جێگایەك و هەر لاپەرەیەکدا . کە چی لە دواوە هێشتبومیانەوە، ئەوەش دلٚ منی دەشکاند ، لەم بێدەنگیەدابیرم لەوە کردەوە کە سوور بوون چیە ؟

جارێك لە شارێکی ئێرانیەکاندا وێنەکێشێکی کوێر ، وێنەی ئەسپێك دەکێشیٚ و بەر دەستەکەشی ڕووپۆشی زەمینەکە بە فڵچە ڕەنگ دەکات ، لە هەمانکاتدا بیستوومە کە دوو وەستای تر لە لاوە قسەی لەسەر دەکەن . ئەو وێنەکێشەی وا ئەسپەکەی لەبەر خۆوە کێشابوو وتی : " لەبەر ئەوەی لە تەواوی ژیانی وێنەکێشیماندا بە ویست و بڕواوە ئیشمان کردووە دەزانین کە سوور چ جۆرە ڕەنگێکە و چ جۆرە هەستێکی هەیە و هەمووشی بە بیر دێنینەوە . بەڵام ئەگەر کوێر ببوایەین چۆن دەمانتوانی بزانین ئەو سوورە چیە کەوا شاگردەکە بە وێنەکەدا دەیهێنیٚ . " ئەوی تریش وتی : " مەسەلەیەکیجوانە ، بەڵام ڕەنگەکان ئەو هەستانەن کەوا ناتوانی لێیان تێبگەی وەستا ! هەستی سوور بوون فێری ئەوە بکەن کەوا هیچ هەستی پێنەکردووە . ئەگەر بە سەری پەنجەکانمەوە دەستمان لێبدایە ئەوا لە نێو ئاسن و مسدا دەبوو ، ئەگەر بە مشت بمانگرتایە ئەوا دەیسووتاند ، ئەگەر بمانچێشتبایە وەکوو گۆشتی خوێدار زمانمان ئەستور تر دەبوو ، کە بۆنیشمان بکردبایە بۆنی ئەسپی لێوە دەهات ئەگەر بۆنی گولێشی لێوە بهاتبایە بۆنی گوڵی سووری لیٚ نەدەهات ، بەڵکو بۆونی گوڵە چەرمەڵی لێدەهات .

سەد و دە ساڵ بەر لە ئێستا وێنەی وەستای ڕۆژئاوایەکان لای پادشاکان وەکوو خودای بڕوای پێدەکرا ، کە چی ڕەنگی سووریان زۆر بە

www.pertwk.com

کار نەدەهێنا و بەکار هێنانی زۆریشیان وەکوو بیٚشەرەڤ ونەزانی لە قەڵەم دەدا . وێنەکێشە تازە کارەکانیش بۆ ڕەنگی سووری عەبایەك ڕەنگی سووری جیاوازیان بە کار دەهێنا ، سێبەر نابیٚ بە بەهانە، بە تەنیا سوورێك هەیە هەر بەوەش بڕوا دەکردرێت ." ئەو وەستایەی وا لە بەر خۆوە ئەسپەکەی کێشابوو جارێکی تر وتی : " مانای ئەم سوورە چیە ؟ " ئەوی تر گوتی : " مانای ڕەنگەکان لە بەرامبەرمان دایە و خودی بینینیانە ، تۆ لە بەر ئەوەی کە نابینی ناتوانی باسی بکەی . " ئەوەی وا ئەسپەکەی لە بەر خۆوە کێشابوو وتی : " کافیران و زەندیق و بیٚ بڕواکانیش دەڵێن بەڵگەی نەبوونی خودا نادیار بونیەتی . " ئەوەیتر گوتی : "بەڵام بۆ بینەرەکانی ئاشکرا دەبیٚ . لە بەر ئەوش قورئانی کەریم دەڵیٚ ئەوانەی وا دەبینن و ئەوانە وا نابینن نابن بە یەك . " شاگردە جوانەکە بە هێواشی منی کێشابوو بە سەر زینی ئەسپەکەدا . جێگیر بوون لەناو وێنەیەکی ڕەش و سپیدا هەستی شانازیم پێدەدات و کاتێك بە فڵچەی کلکە پیشلەیی دەمبەن و دەمهێنن لەخۆشیدا ختوکەم دیٚ . بەم شێوەیەش کاتیٚ ڕەنگ دەدەمەوە ، وەکوو ئەوە وایە کە بە دونیابڵێم پەیدا ببە و دونیاش لە ڕەنگی منەوە دروست ببیٚ . ئەوەی کەوا نابینیٚ ئەمە ڕەت دەکاتەوە ، بەڵام لە ڕاستیدا من لە هەموو جێگایەکدام .

((**من** ، **شەکوورە**)) 32

بەیانی زوو بەر لەوەی کەوا مناڵەکان لە خەو هەڵسن ، بە پەلەپەل نامەیەکم بۆ ڕەشە نووسی و داوام لێکرد کە بێت بۆ ماڵی جوولەکە هەڵواسراوەکە و دام بە خەیرییە کەوا بەخێرایی بگەیەنێتە دەستی ئەستەر. ئەگەر لە کاتی وەرگرتنی نامەکەدا بێپەروایانە تەماشای نێو چاوانی کردبم ، ئەوا منیش لەبەر ئەوەی باوکێکم نەما بوو ، کە لێی بترسم بەو بێپەرواییەی وا تازە بە دەستم هێنا بوو تەماشای نێو چاوانم کرد . ئەمەش لەمەو بە دوا دەبوو بە یاسا و شێوازی هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ یەکدا . لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا لەوە دەترسام کە خەیرییە لە باوکمەوە منداڵێکی ببێت و دەست لە خزمەتکاری بەربدات و دەم لە خانمی بکوتیٚ . بەر لەوەی کە منداڵەکان لە خەو هەستن ، سەردانێکی باوکە بێچارەکەمم کرد . دەستێکی بە بەرد بڕا بوو ، بەڵام هێشتا نەرمایییەکەی جارانی مابوو ، ماچیم کرد . جوان جوان باوکمم داپۆشت و کاتیٚ منداڵەکانیش لە خەو هەستان گوتم باوکم چاك بووەتەوە و ڕۆیشتووە بۆ سالیح پاشا . خەیرییە گەڕابووە و سوفرەکەی داخستبوو ، مورەبای پرتەقاڵەکەی لە ناوەراستدا دانا بوو کە هەرکەس دەستی پێبگات ، منیش بیرم لەوە دەکردەوە کەوا ئێستا ئەستەر خەریکە لە دەرگای ماڵی ڕەشە دەدات. بەفر ڕاوەستا بوو، خۆر تازە دەرکەوتبوو. کاتیٚ لە دەرگای ماڵی کابرا یەهوودییە هەڵواسراوەکە ڕۆیشتمە ناو هەر ئەو شتانەی جاری پێشووم بینی . سەهۆڵەکانی پاساری ماڵەکە شۆر بوو بوونەوە و بەپەلەپەل بچووك دەبوونەوەودەتوانەوە ، حەوشەکە بۆنی کەڕوو و بەرگی گەنیوی لێوە دەهات و بە حەزێکی زۆرەوە خۆری لەخۆ دەگرت ، وەکوو ئەوەی چەند

www.pertwk.com

حەفتە بەر لە ئێستا ڕەشەم بینیبێ ئاوەها مەسافەتی دوێنێ ئێوارە تاوەکوو ئێستا بۆ من درێژ بوو بووەوە . لەو جێگایەدا کەوا جاری پێشوو بینیبووم ، چاوە ڕێیم کرد .

پەچەکەم هەڵداوە و گوتم : " ئەگەر ئەو خۆشەویستیتان لە دلەوە دێت ، ئیدی لەمەوە بەدوا ناڕەزایەتی و دژبەایەتی و گومانەکانی باوکم نامێنێت ، دوێنێ ئێوارە کە تۆ لێرەدا دەتەویست ئەو کارە بێشەرەفانە بکەی ، شەیتانێکی چەپەڵ چووەتە ناو ماڵە چۆڵەکەمانەوە و باوکمی کوشتووە . " لە کاردانەوەی ڕەشە ئێوە مەراقی ئەوە دەکەن کە بۆچی من لەم ژوورەدا ئاوا قسە دەکەم ، کەچی تۆزێك قسەکانم بە دڵ نیە . وەڵامەکەی نازانم ، بەڵام لەوانەیە بگریم و ئەویش باوەشم پێدا بکات و زۆرتر نزیکی ببمەوە . " ماڵەکەی تێکداوە ، شتی زۆری شکاندووە ، دیارە کە قین و نەفرەتی زۆری بووە و زۆریش تووڕە بووە بڕوا ناکەم ئەوەی وا ئەو کارەی کردووە لەمەو بەدوا لە ماڵی خۆیدا ڕووی ئاسوودەیی ببینێ . دوایین وێنەی کتێبەکەی باوکمی دزیوە . دەمەوێ کە من و ئێمە وکتێبەکەی باوکم لەو بپارێزێ . بەڵام کێشەکە لە دواییدایە کە بە چ تایبەتمەندی و چ جۆر خزمایەتییەك دەمانپارێزێ . "

خەریکبوو قسەیەك بکات ، بەڵام وەکوو ئەوەی هەموو کات دەیکەم بە نیگاکەمەوە بێدەنگم کرد

" بە گوێرەی قازی لە دوای مەرگی باوکم ، سەرپەرشتی من شووەکەم و ماڵی باوکی مێردەکەمە ، تەنانەت بەر لە مردنی باوکیشم هەروا بوو ، چونکە بە گوێرەی قازی مێردەکم هێشتا نەمردووە . لەبەر ئەوەی باوکی مێردەکەم لە کارە بێئەدەبییەکانی برای مێردەکەم کە دەیویست لە نەبوونی

میردەکەمدا کەڵکم لێوەر بگرێ کەوتبووە گومانەوە ، من توانیبووم بە بێئەوەی ببم بە بێوە ژن لەلای باوکم بمێنمەوە . ئێستا کە باوکم مردووە و براکەیشم نیە ، مانای ئەوە دەگەیەنێت کەمن خاوەنێکم نیە ، یان وەکوو خاوەنەکەم برا و باوکی مێردەکەمن ، خۆ دەزانی ئەوان دەیانەویست بە زۆری من بگەڕێننەوە و زەختیان دەخستە سەر باوکم و هەڕەشەیان لە من دەکرد . کە مردنی باوکم ببیسن و نەیبیسن یەکسەر دەمبەنەوە بۆ ماڵ. منیش لەبەر ئەوەی نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئەو ماڵە مردنی باوکم دەشارمەوە . لەوانەیە کە لە خۆڕایشەوە دەیشارمەوە ، چونکە لەوانەیە هەر خۆیان ئەمەیان کردبێ . " لە دەلاقە شکاوەکەی ماڵی جوولەکە هەڵواسراوەکەوە گورزە ڕووناکییەکی باریك هاتە ناوەوە و تۆزی یەکساڵەی نێو ماڵەکەی ڕۆشن کردەوە وکەوتە بەینی من و ڕەشەوە. چاوەکانم بڕیە نیگا پڕ لە عەشقەکانی ڕەشە کەوا حەزم لێدەکا و گوتم : " تەنیا لەبەر ئەم هۆیانە مەرگی باوکم دەشارمەوە . لەوە دەترسم نەتوانم ئەوە بسەلمێنم کە لە کاتی کوژرانی باوکمدا لە کوێ بووم . هەروەها لەوە دەترسم شایەتیەکەی خەیرییە هەر چەندە کە نرخێکیشی نیە بگەڕێتەوە بۆ دژایەتی من ، یان وەکوو هیچ نەبێ دژایەتی کردنی کتێبەکەی باوکم. سەرەڕای ئەوەی کە کەسێکم نەماوە بەڵام لەوانەیە کە ئەمە لە سەرەتادا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە پیاو کوژێك لە ئارادایە بە کەڵکم بێت ، بەڵام لە دواییدا تووشی ئاژاوەمان دەکات ، بۆ نموونە خەیرییە دەزانێ کە باوکم نەیدەویست من شوو بە تۆ بکەم هەر ئەمەش دەبێ بە شتێکی خراپ بۆ من . "

ڕەشە پرسیاری کرد و گوتی : " باوکت نەیدەویست لەگەڵ مندا زەماوەند بکەی ؟ "

www.pertwk.com

" نەیدەویست خۆتیش ئاگاداری ! چونکە لەوە دەترسا کە تۆ من هەڵگری و لەو دوورم بکەیتەوە . ئێستاش کە تۆ خراپەیەکی ئاوەها دەرهەق بە باوکم ئەنجام نادەی ، ئەگەر هەبایە ناڕەزاییەکیدەرنەدەبڕی، تۆ ناڕەزاییەکت هەیە ؟ "

- " نا ، جوانەکەم . "

- " باشە ، سەر پەرەشتەکەی منیش داوای هیچ پارە و زێڕێکت لێ ناکات. لەبەر ئەوەی بە ناوی خۆمەوە مەرجی مارەبڕینم داناوە داوای لێبووردنت لێدەکەم. بەڵام مەخابن کە ناچار دەبم بڕۆمە ناو قووڵایی باسەکە و هەندێك مەرجی مارەیی خۆم بڵیم . " لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بێدەنگ مامەوە ڕەشە وەکوو ئەوەی داوای لێبووردن بکات کە درەنگ وەڵامی داوەتەوە وتی : " بەڵێ . "

دەستم پێکرد و گوتم : " یەکەم : دەبێ لەلای دووشایەتدا سوێند بخۆی کە ئەگەر بە شێوازێکی خراپ – کە تەحەموول نەکردرێت ـ هەڵسوکەوتت لەگەڵدا کردم بۆ جیابوونەوە نەفەقەم پێبدەی . دووهەم : پێویستە لەلای دوو شایەتدا سوێند بخۆی کە ئەگەر لەماوەی شەش مانگدا بەهەر هۆیەك نەگەڕایەتەوە بۆماڵ ، ئەو وەزعە وەکوو جیا بوونەوە بزانی و نەفەقەشم بۆ ببڕێتەوە . سێهەم : لە دوای زەماوەند بێیتە ماڵی ئێمە و لەوێ دانیشی، بەڵام دەبێ تاوەکوو بکوژەکەیباوکم نەدۆزیتەوە یان نەدۆزرێتەوە ـ کە خۆم دەمەوێ ئەشکەنجەی بکەم ـ و تاوەکوو کتێبەکەی باوکم بە هونەر و لێهاتوویی خۆتەوە تەواونەکەی و تەسلیمی پادشای نەکەی لەیەك جێگادا ناخەوین و لەگەڵمدا جووت نەبی . چوارەم : دەبێ ئەو منداڵانەی کەوا من

لەگەڵیاندا لەیەك جێگادا دەخەوم وەکوو کوڕی خۆتیان بزانی و بە خۆشەویستیەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەی . "

–: " باشە . "

" کەواتە ئەگەر ئاستەنگییەکانی بەر دەممان لابچن ، لە کاتێکی نزیکدا دێیتە ناو دونیای ماڵەکەتەوە . "

" دونیای ماڵ باشە ، بەڵام لەیەك جێگادا نەخەوتن خراپە، نابێت . "

" ژیانی هاوسەری لەسەرووی هەموو شتێکەوە دێت ، پێویستە لە پێشدا ئەوە چارە سەر بکەین ، عەشق لەدوای ئەوە دێت . لەبیرت نەچێ کە لە دوای زەماوەند کردن ئاگری گوڕ گرتووی عەشق دەکوژێتەوە و تەنیا جێگای ئاگرێکی خەماوی لێدەمێنێتەوە. لە دوای زەماوەند عەشق کۆتایی پێدێت ، بەڵام لەجێگای ئەوەدا دڵخۆشی پەیدا دەبێت . بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەندێك پیاوی گێل و گەوج بەر لە زەماوەند عاشق دەبن و هەموو عەشقەکەیان تەواو دەکەن ، بۆچی ؟ چونکە وادەزانن گەورەترین ئامانجی ژیان عەشقە ."

"راستییەکەی چیە ؟ "

" ڕاستییەکەی دڵخۆشییە ، عەشق و ژیانی هاوسەریش تەنیا بۆ خزمەتی ئەوە دەبێ، مێردێك ،ماڵێك ، منداڵەکانت یا خود کتێبێکە . سەیرکە ! سەرەڕای ئەوەی کە من باوکم کوژراوە و مێردەکەشم ون بووە بەڵام وەزعی من لە تەنیاییەکەی تۆ باشترە ! ئەگەر ئەو کوڕانەم نەبن ئەمرم ، هەموو ڕۆژێك پێدەکەنن حەز لە یەك دەکەین ، لەیەك دەدەین . کەچی تۆش گیان دەدەی بۆ ئەوەی کە بتوانی لەگەڵ مندا بخەوی ، تەنانەت ئامادەی

www.pertwk.com

لەگەڵ لاشەکەی باوکم و لە نێو جەنجاڵی منداڵەکاندا بخەوی و گویٚ بۆ قسەکانی من ڕابگری "

" گویٚت لیٚدەگرم ."

" بۆ ئەوەی کە بتوانم جیا ببمەوە ڕیٚگای جۆرا و جۆر هەن ، بۆ نموونە شایەتی درویٚنە سویٚند بخۆن   کە میٚردەکەم بەر لە مردن لەلای ئەوان سویٚندی خواردووە و گوتویوتی ئەگەر دوو ساڵ نەگەڕامەوە با ژنەکەم هەقی جیا بوونەوەی هەبیٚت . یان وەکوو سویٚند بخۆن کە لە مەیدانی شەڕدا چاویان بە تەرمی میٚردەکەم کەوتووە و هەموو وردەکارییەکی باس بکەن . بەڵام لە لایەکیتریشەوە هەندیٚك لە قازییە ژیرە بە تەدبیرەکان ناڕەزایی باوك و برای میٚردەکەم لەپیٚش چاو دەگرن و بەو شایەتانە ڕازی نابن . هەروەها ئەو قازیانەش کە وەکوو ئیٚمە حەنەفین سەرەڕای ئەوەش کە دەزانن میٚردەکەم چوار ساڵ بەبیٚ نەفەقە بەجیٚیهیٚشتووم جیام ناکەنەوە . بەڵام قازی ئوسکودار بۆ ئەوەی کەوا هەلی جیا بوونەوە بدات بەو ژنانەی کەوا میٚردەکانیان لە شەڕ نەگەڕاوەتەوە و هەموو ڕۆژیٚك ژمارەیەشیان لە زیاد بوون دایە ، بە ڕەزامەندی پادشا و (شیخ الاسلام)، بە زانا بوون جیٚگرەکەی لە شویٚنی خۆی دادەنیٚ کە مەزهەبی شافیٚعییە ، ئەویش جیایان دەکاتەوە و نەفەقەشیان بۆ دەبڕیٚتەوە . بەم شیٚوەیە ئەگەر دوو شایەت بدۆزیتەوە و هەندیٚك پارەیان بدەیتیٚ و هەر ئەم دوا نیوەڕۆیە بچینە لای ئوسکودار و وەها بکەین کە جیٚگرەکەی لەویٚ بیٚت و جیام بکاتەوە و لە دەفتەرەکەیدا بینووسیٚ ولە دواییدا کاغەزیٚکیشم پیٚبدات کە بتوانم میٚرد بکەم ، دۆزینەوەی مەلایەك بۆ مارە بڕین زۆر ئاسان دەبیٚ و دەتوانیٚ هەر ئەمشەو لەگەڵ من و منداڵەکانمدا لەژیٚر بانی ماڵیٚکدا بخەوی و ئیٚمەش لە

جیڕەجیڕی شەوان وترسی هاتنی پیاوکوژەکە ڕزگار بکەیت و بەیانی کە مەرگی باوکیشمان ڕاگەیاند، من لە وەزعی ژنیٚکی بیٚکەس ڕزگار بکەی."

ڕەشە بە خۆشبینییەکی منداڵانەوە گوتی : " بەڵیٚ . دەتخوازم " تۆزیٚك بەر لە ئیٚستا باسی ئەوەم کرد بوو کە نازانم بۆچی ئاوا لە ژوورەوە بە دوور لە ڕاستی و ڕاستە ڕوویی لەگەڵ ڕەشەدا قسەدەکەم . ئیٚستا دەزانم! چونکە ڕەشە هەر لە منداڵیشەوە گیٚژ بوو ، بۆ ئەوەی کە بتوانم ئەو شتانەی پیٚ بقەبڵیٚنم کە خۆشم بە زۆری بڕوایان پیٚدەکەم ، پیٚویستە هەر ئاوەها هەڵسوکەوت بکەم . دەزانم کە ئەوان ئیٚوارە ئیدعای ئەوە دەکەن کە ئەو مارە بڕینە و ئەوجیا بوونەوە ـ ئەگەر خودا مەیلی ببیٚت ـ دروست نیە و بۆ ئەوەی کە کتیٚبەکەی باوکم تەواو نەبیٚ دوژمنایەتیمان دەکەن ،بۆیە پیٚویستە لەبەرامبەر ئەوانەدا زۆر شتان بکەین ، بەڵام لیٚیگەڕیٚ با میٚشکی لەوە زیاتر تیٚکەڵ و پیٚکەڵ نەبیٚ ، چونکە خۆی لە خۆیدا تیٚکەڵاوە .

ڕەشە وتی : " عەقڵت تیٚکەڵ و پیٚکەڵ نیە ؟"

وتم : " ئەمانە هی عەقڵی من نین ، بەڵکوو هی ئەو ساڵانەیە کەوا بە قسە کردن لەگەڵ باوکمدا فیٚری بووم ." ئەمەم لەبەر ئەوە گوت کە وانەزانیٚ ئەمانە هەمووی لە میٚشکی ژنانەی منەوە دەرکەوتوون و بڕوا بە قسەکانم بکات . قسەی هەموو ئەو پیاوانەی دوو پات کردەوە کە من بە ژیر دەزانن و لە ڕووبە ڕوومەوە پیٚم دەڵیٚن و گوتی: " زۆر جوانی . "

وتم : " بەڵیٚ " . زۆر حەز لە پەسەندرانی عقڵی خۆم دەکەم ، کاتیٚ منداڵ بووم، باوکم هەمیشە وای دەکرد. ، خەریکبوو بڵیٚم باوکم دەستی لە تاریف کردنم بەردا کە دەستم بە گریان کرد . کاتیٚ دەگریام وەکوو ئەوە وابوو کە دەبم بە ژنیٚکیتر و دەچمە دەرەوە و وەکوو بینەری ویٚنەکانم لیٚدیٚ

www.pertwk.com

و چاوم بە بەسەرهاتەکەی خۆم دەکەویٚ و بەزەییم بە خۆدا دیٚ و بۆ خۆم دەگریم . کە مرۆ بییەویٚ وەکوو کەسیٚکیترچاو لە ئازارەکانیخۆی بکات و خەمیان بۆ بخوات ، لایەنیٚکی پاکی تیٚدایە ، کاتیٚ ڕەشە باوەشی پیٚدا کردم ، وامزانی کە باشە ڕووی لە دونیا کرد بەلاٚم ئەمجارەش باشەکە لە نیٚوانماندا دەمایەوە و بۆ دونیای دەورروو بەرمان نەدەبوو .

((ناوی من ڕەشەیە)) (33)

کاتیٚ شەکورەی هەتیوی بیٚوەژن بە هەنگاوەکانی خۆیەوە وەکوو تووک هەڵفڕی و ڕۆیی بە بۆنی بادامیەکەی ئەوەوە لەگەڵ خەیاڵی هاوژینەکەمدا لە ماڵی جوولەکە هەڵواسراوەکەدا مامەوە . میٚشکم تیٚکەڵ و پیٚکەڵ بوو بوو، بەلاٚم وەکوو ئەوەی بەزەیی پیٚمدا هاتبیٚتەوە کاری دەکرد . بە ئەندازەی خۆیشی خەفەتی مەرگی زاواکەمانم دەخوارد ، بەپەلەپەل ڕۆیشتمە ماڵی خۆمان . لەلایەکەوە کرمی گومان و دوو دڵی دەیخواردەوە و دەیگوت : شەکورە دەمخەڵەتیٚنیٚ و دەیەویٚ وەکوو بەشیٚکی گەمەیەك بەکارم بیٚنیٚ و لەلایەکیتریشەوە خەیاڵە خۆشەکانی ژیانی هاوسەری لەپیٚش چاوم ون نەدەبوون . ژنە خاوەن ماڵەکەم لەبەر ئەوەی کە بزانیٚ بۆچی بەو بەیانیە زووە ڕۆیشتووم و هاتوومەتەوە هاتبووە بەر دەرگای ماڵ ، هەندیٚك قسەم لەگەڵدا کرد و ڕۆیشتمە ناو ژوورەکەی خۆم، لە دواییدا لە ناو ئاخنی کەمەرەکەمدا کەوا لە ناو دۆشەکەکەمدا شارد بوومەوە بیست ئاڵتوونی وەنیزیم دەرهیٚنا و خستمە ناو جزدانەکەمەوە . کە دووبارە کەوتمەوە ناو

کۆڵانەکان زانیم کە ئەمڕۆ بە تەواوەتی چاوە تەڕ و خومارەکانی شەکورە لە پیٚش چاوم ون نابن . لە دواییدا پیٚنج دانە لە شیٚرەکانی وەنیزیم لەلای کابرا دەم بە پیٚکەنینە جوولەکەکە ورد کردەوە .

لە دواییدا گەڕامەوە بۆ ئەو گەڕەکەی کەوا تا ئیٚستاحەزم نەکردووە ناوەکەیتان پیٚبڵیٚم وە ئیٚستا دەڵیٚم ، یانی گەڕامەوە بۆ لای گەڕەکی یاقووت و بە میٚشکیٚکی خەیاڵاویوە بەرەو لای ئەو ماڵە بەڕیٚ کەوتم کەوا شەکورە و منداڵەکانی و جەنازەی زاوا مردووەکەمان چاوەڕیٚیان دەکردم .

لە کۆڵانەکەوە بە هەڕا کردن ڕیٚم دەکرد ، دار چناریٚك لەبەر ئەوەی کەوا لە ڕۆژی مردنی زاواکەماندا کراسیٚکی زەنگۆڵە دارم لەبەر کردووە و خەیاڵی زەماوەندم لەسەرە منی بە بچووك و سوك لە قەڵمدەدا . کانییەکەیش کەوا لەبەر توانەوەی سەهۆڵەکان ئاوی زیاد کرد بوو گوتی : " گویٚی مەدەیە ، کارەکانت جۆرکە و بە دوای خۆشیەکانتا بچۆ . " عەقڵم چنگۆڵیٚکی لیٚگرتم و وتی : " باشە " . بەلاٚم تۆزیٚك دواتر پشیلەیەکی ڕەشی بیٚخیٚر کە گۆشەیەکی دەلیٚسایەوە گوتی : " تۆ لە هەموو شتیٚکدا تەنانەت لە کوشتنی زاواکەتانیشدا تاوانباری ، لەو بارەیەوە هەموو کەسیٚك تەنانەت خۆتیش گومانت لیٚدەکات . " پشیلەکە دەستی لە لیٚسانەوە بەر نەدا و بۆ ساتیٚك چاومان بە یەکدا هەڵتۆقی . خۆ خۆتان دەزانن لەبەر ئەوەی کەوا خەڵکەکە ڕوویان پیٚدەدەن ئەمانە ئاوەها هار بوون .

دواتر ڕۆیشتم بۆ لای مەلا. ئیمام ئەفەندی لە ماڵەوە نەبوو ، بەڵکوو لە حەوشی مزگەوتەکەدا بەچاویٚکی شۆڕ و خەواڵووەوە ڕاوەستا بوو ، پرسیاری ئەوەم لیٚکرد کە شایەتی دان لە دادگادا چ کات پیٚویستە و چ کات بە دڵی مرۆ خۆیەتی . بە لە خۆبایبوونیٚکەوە وەلاٚمی دامەوە ، منیش

www.pertwk.com

وەکوو ئەوەی کەوا جاری یەکەم بێ ئەم وەڵامەم بیستبێ ئەبرۆکانم هەڵبڕی و گوێم لێگرت . وتی : " ئەگەر شایەتیتر هەبن کە ڕووداوەکەیان بینیبێ ، ئەوا بە دڵی خۆتە ، بەڵام ئەگەر تەنیا یەك کەس بێت ، بە پێی فەرمانی خودا پێویستە شایەتی بدات . "

وتم : " دەردەکەی ئێمەش ئەوەیە . " و کەوتمە ناو باسەکەوە : " بە سەر بابەتێك کە وا هەر کەسێك دەیزانێ ، شایەتەکان بە بەهانەی ئەم بە دڵی خۆ بوونەوە ،خۆ دەشارنەوە و تەمبەڵی دەکەن و نایەن بۆ دادگاو بەو جۆرەش کاری ئەو مرۆڤانەی وا من یارمەتیان دەدەم جێبەجێ نابێ . "

ئیمام ئەفەندی وتی : " ئەی ! تۆش تۆزێك دەمی کیسەکەت بکەرەوە . " منیش کردمەوە و ئاڵتوونە وەنیزیەکانم پێنیشاندا ، لەبەر ڕۆشنایی ئەو زێڕانەدا حەوشە گەورەکە و ڕوخساری ئیمام و هی هەموومان ڕۆشن بووەوە . وتی : " کێشەکە چیە ؟ " خۆمم پێناساند و گوتم : " زاوای بەڕێز نەخۆشە ، دەیەوێ بەرلە مەرگی خۆی بێوەژن بوونی کچەکەی یاسایی ببێتەوە و نەفەقەشی بۆ ببڕدرێتەوە . " پێویستی بەوە نەکرد کەباسی جێگرەکەشی بکەم ، خۆی لە هەموو شتێك تێگەیشت و گوتی : " خۆی لە خۆیدا ئەوە ماوەیەکی درێژە کەوا خەڵکی گەڕەك خەم بۆ شەکورە بیبەختەکە دەخۆن . درەنگ ماونەتەوە . " لەباتی ئەوەی کەوا لەبەر دەرگای دادگای ئوسکوداردا بەدوای شایەتی دووهەمدا بگەڕێم ، ئیمام براکەی خۆی هێنا . ئێستا ئەگەر لەبەر ئەوەی ئاگای لە دەردی شەکورەیە کەوا لەم گەڕەکەدا دەژی و ئازاری مناڵەکانی دەزانێ ، ئاڵتوونێکی پێبدەم ئەوا خێرم دەگات . دوو ئاڵتوونیشم نیشانی ئیمام دابوو ، بۆ شایەتی دووهەم تۆزێك

پارەی کەم کردەوە ، لەگەڵ یەك جۆر بووین و ئیمام ئەفەندی چوو بۆلای براکەی .

ڕۆژانی داهاتوومان لەئەو داستانانە دەچوو کەوا بەدواداچوونی تێدا هەبوو و لە قاوەخانەکانی حەڵەبدا لەلایەن چیرۆك بێژەکانەوە دەگوترانەوە و لەگەڵیشیاندا هەڵپەرکێیەکیان دەکرد . تەنانەت ئەگەر کەسێك ئەم بەسەر هاتانەی بەخەتی جوان بنووسیبایە و بیکردبایە بە کتێب ، دیسان کەس بە جیدی وەرنەدەگرتن و وێنەیان بۆ نەدەکێشان بەڵام من تەواوی بەسەر هاتەکانم لە چوار بابەتدا کۆ کردەوە و وێنە ونەخشیشم بۆ کێشان .

لە بابەتی یەکەمدا پێویستە شێوەکارەکە لە کاتێکدا وێنەی ئێمە بکێشێت کە دەمانویست بۆ ئوسکودار بچین و لە (ئون قاپیدا) سواری بەلەمێکی سووری پاڕوودار بووین کە پاڕوو کێشەکانی هەموو پیاوی سمێڵ زل و بازوو زل بوون ، لەگەڵ ئیمام و برا ناو چاوڕەشەکەیدا سوار بووم و لەگەڕانەوە ناکاوییەکەشدا دیسان مەمنون بووم . لەگەڵ پاڕوو چییەکاندا برادەرایەتیم دەکرد و لەلای لووتی بەلەمەکەوە بە بیرمەندییەوە خەیاڵم لە خۆشییە بێکۆتاییەکانی ژیانی هاوسەری دەکردەوە و وەکوو ئەوەی کەوا لە بنی ئاوەڕۆکەی (بوغاز) کەوا لەم بەیانییە زووەدا زیاتر دەبریقێتەوە ، نیشانەیەکی بێخەبەری دەبینم بەترسەوە تەماشای بنی ئاوەکەم دەکرد ، بۆ نموونە لاشەی کەشتی دزەکان . کەواتە شێوەکارەکە چەندە دەریا و هەورەکان بە جوانی بکێشێ ، با بیکێشێ ، هەر بە قەدەر خەیاڵە خۆشەکان و ترسە لەرزێنەرەکانم ترسێنەر دەبێ ، هەر بۆیە پێویستە جۆرێك بیکێشێ کە مرۆڤ (خوێنەر و بینەر) وا هەست نەکات کە

www.pertwk.com

هەموو شتێك پاك و خاوێنە ، بۆ نموونە پێویستە لە بنی ئاوەكەدا ماسییەك بكێشیٚ .

پێویستە لە وێنەی دووهەمینیشماندا كۆشكی پادشاكان و كۆبوونەوە و دیوانەكان و چۆنیەتی قەبووڵكردنی نێردراوانی دەرەوە و ناوەوەی ماڵی جەنجاڵ بە هەموو وردە كاریەكانیەوە بكێشرێت و جوانی و زەرافەتێك كە شایەستەی بەهزاد بێت و لایەنی ڕابواردن و گاڵتەشیتێدا جێگیر بكردرێت . یانی پێویستە وێنەی قازی ئەفەندی بە شێوەیەك بكێشریٚ كەلە لایەكەوە دەستی هەڵبڕیٚ وەكوو ئەوەی كە بڵیٚ قەبووڵی ناكەم نابیٚ و لەلایەكیتریشەوە دەستەكەیتری وەكوو ئەوەی كە بپاڕێتەوە درێژی بەرتیلەكەی من بكات و ئەنجامی كارەكە هەر لەو كاتەدا دیار بێت كە پارەكە دەخاتە گیرفانیەوە ، هەروەها پێویستە وەها بكێشرێت كە یاریدەری قازی ئوسكودار لە باتی خودی قازی لە جێگایەكدا دانیشیٚ . جێكردنەوەی ڕووداوە دوابە دوا ی یەكەكان لە لاپەڕەیەكدا بە فێڵبازی و شێوازی كەڵەكە كردنی بابەتی شێوەكاریەكەوە مومكین دەبێت . بەم شێوەیە ئەگەر چاوێك لەپێشدا بەر تیل دانەكەی منی ببینیبیٚ و هەروەها چاوی بە جێگرە شافێعییەكەی ئیمام كەوتبیٚ كەوا كەوا لەسەر میندەرە سوورەكە لە جێگای قازیدا دانیشتووە و خەریكی جودا كردنەوەی شەكورەیە لە مێردەكەی، ئەوا یەكسەر دەزانێت كە دووزێریشم خستۆتە ناو گیرفانی ئەویشەوە .

سێهەم وێنەش پێویستە هەر ئەو بەسەر هاتانە زیندوو بكاتەوە بەڵام ئەمجارەیان پێویستە لە نەخشكردنی دیوارەكاندا لەق و پۆی كەمتر بەكار ببریٚ و لە شێوەی ڕازاندنەوەی چینیەكان كەڵك وەر بگێردرێت و بە ڕەنگێكی تاریكترەو بۆیاخ بكرێت و لە ژوور جێگری قازیشەوە چەند پەڵە

هەورێك دابنرێت بۆ ئەوەی كە وا لەگەڵ بەسەرهاتەكەماندا یەكبگرێتەوە . سەرە ڕای ئەوە ئیمام و براكەیەك بە یەك چونەتە لای قازی پێویستە وەها نیشان بدرێت كە پێكەوە چوونەتە لای و دەست بە قسە دەكەن و دەڵێن :" ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێت كە مێردی ئەم شەكوورە خەمبارە لە شەر نەگەڕاوەتە و بە خێوی ناكات هەر لە بەر ئەوەش لە هەژاریدا ژیان دەباتە سەر ، هەروەها خاوەنی دوو منداڵی هەتیوی چاو تەڕ و زك برسیە و لە بەر ئەوەی كە وا هێشتا هاوسەری هەیە كەس بەبیٚ ڕەزای مێردەكەی پارەی بە قەرز ناداتیٚ " و بە جۆرێك پێادا دەچن و دەیگێرنەوە كە دیوارە بیٚ گوێكانیش بە فرمێسكەكانی خۆیانەوە یەكسەر جیایان دەكەنەوە ، بەڵام جێگرە بیٚ دڵەكە كە هیچ خەمێكیشی نەبوو ، پرسیاری كرد و وتی : " سەرپەرشتی ئەمە كێیە ؟ " لە دوای ماوەیەك دوو دڵیەكەی خۆم تێپەر كرد و گوتم باوكی بەڕێزی كە چاوشی و نوێنەرایەتی بۆ پادشا كردوە و هێشتا نەمردووە .

جێگری قازی گوتی : " هەتا ئەو نەیەت بۆ دادگا جیای ناكەمەوە ! " بە پەشۆكاوی و هەڵچوونەوە وتم : " زاوای بەرێزم لە جێگادایە و خەریكە گیان ئەدات و تەنیا ئارەزوشی ئەوەیە كە بەر لە مردنەكەی كچەكەی بە جودا كراوی ببینیٚ " جێگر گوتی : " جیا دەبێتەوە كە چی بكات ! پیاوێك كە خەریكە دەمریٚ بۆچی دەیەویٚ كچەكەی لە كابرایەك جودا بێتەوە كە وا لە مێژە لە شەڕدا كوژراوە و لە ناو چووە ؟ ها ! بنواڕە ! ئەگە بڵێی كە زاوایەكی ڕێك و پێكی چنگ كەوتووە ئەو كات تێدەگەم ، چونكە دەیەویٚ چاوی لە دواوە نەمێنێتەوە وەها بمریٚ. "

وتم : " هەیە ، جێگری بەرێز "

www.pertwk.com

: " کێیە ؟ "

: " من ! "

: " دەبێ ! تۆ پارێزەری ؟ سەر پەرەشتی ؟چیت؟ چ کارێك دەکەی ؟ "

" لە شارەکانی ڕۆژ هەڵاتدا نووسەری و نامە نووسی و یاردەری دەفتەر داری بۆ پادشاکان دەکەم ، مێژوویەکی شەڕی ئێرانیەکانم نووسیوە کە پێشکەشی پادشاکەمانی دەکەم ، لە وێنە و نەخشتێدەگەم ، ئەوە بیست ساڵە لە بەر عەشقی ئەم کچە دەسووتێم . "

" خزمایەتیت لە گەڵیدا هەیە ؟ " لە بەر ئەوەی کە وا لە ناکاو بە دەست و داوێن ماچکردنەوە چووبوومە لای جێگری قازی و هەموو نهێنیەکانی ژیانی خۆمم بۆ درکاندبوو زۆر شەرمم لە خۆ کردبوو .

– : " لە باتی ئەوەی وەکوو شەڵغەم سوور ببیتەوە وەڵامم بدەوە ، ئەگینا جیای ناکەمەوە . "

: " کچی پورمە "

: " ه ه ه هم ، تێگەیشتم دەتوانی دڵخۆشی بکەی ؟ " کاتیێپرسیاری کرد بە دەستی ئیشارەتکی بێئەدەبانەی کرد . با شێوە کارەکە ئەم پیسایيە نەکێشێ ، تەنیا ئەوە نیشان بدات کە ڕوومەتم چۆن سووڕ هەڵگەڕابوو ، بەسە .

: " داهاتم باشە " جێگری بەرێز وتی : " لە بەر ئەوەی کە وا مەزهەبی شافەعیم هەیە و مێردی ئەم شەکورە بێ بەختە لە شەر نەگەڕاوەتەوە جیا بوونەوە ی ئەم شەکورەیە بە شتێکی دژبە کتێب و بڕواکەم نازانم . ئەوا جودام کردەوە و تەڵاقمدا، ئیدی ئەگەر شووەکەشی بگەرێتەوە ناتوانێ داوای هیچ مافێکی لە سەر بکات " وێنەی دوای ئەمە یەعنی چوارەمیان

پێویستە وێنەی جوڵە پێکردنی قەڵەمەکەی جێگر و یەك لە دوای یەك ڕیز کردنی پیتە مل کەچەکان و نوسین و مۆر کردنی کاغەزی تەڵاق و جیا بوونە و ئامازە کردن بەوە بێ کە دەتوانێ یەکسەر شوو بکات . هەروەها پێویستە داییني کاغەزەکە بە دەستی منیش نیشان بدات . خۆشیەکەی ئەو کاتەم بە سوور کردنی دیواری دادگا و چوار چێوەی خۆێناوی گوزارشت ناکردرێت . لە نێوان ئەو جەماوەرەدا کەوا هاتبونە بەر دەرگای جێگر و دەیانەویست تەڵاقی خۆشك و کچ و دادەکانی خۆیان بستێنن و لە بەینی شایەتە درۆینەکاندا ڕێگایەکم دۆزیە و بە هەڕا کردن ڕێگای ماڵم گرتە بەر . ملەکەم بە جێهێشت و بەرەو گەڕەکی یاقوت هاتم ، دەستم نا بە ئیمام و براکەی کە دەیانەویست مارەکەشمان ببڕن پارەیەکی تریان دەست بکەوێ. لە بەر ئەوەی کە وا دەمزانی ئەوانەی دەمبینن و دەزانن کە خەریکە بگەم بە چ خۆشیەك ، بەخیلیم پێ دەبەن و خەریکی دانانی فێڵ و کەڵەکەن بۆ من ، بە پەلە پەل هەڕام کرد و گەیشتمە کۆڵانەکەی ماڵی شەکورە . قەلە ڕەشە بێ خێرەکان لە کۆیوە زانیبویان مردوویەك هەیە کە ئەوەها لە سەر خشتەکان ئەملاو ئەلا دەکەن ودڵیان خۆش بووە؟ خەفەت نەخواردن بۆ مەرگی زاوا و تێر بە دڵی خۆم نەگریان لە بەر ئەو بە سەر هاتە ، خەریك بوو دەروونم وەرگەرێنێتەوە . لە دەلاقە بەستراوەکانی ماڵ و بێدەنگیەکەوە تێگەیشم کە هەرشتێك وەکووخۆی بەریوە دەچێ. هەستتان بەوە کردووە کە لەمجۆرە کاتانەدا پەلە پەل دەکەم . بەردە بچکۆلەیەکم لە زەوی هەڵگرت و بۆ دەرگای حەوشەکەم خست ، نەمپێکا ! بەردێکیشم خست بۆ ناو ماڵەکە ، بەڵام کەوتە سەر بانەکە ، بە تووڕەیەوە ماڵەکەم گرتە بەر بەرد ، پەنجەرەیەك کرایەوە ، ئەو پەنجەریە بوو کە وا چوار ڕۆژ بەر لە ئێستا ، لە نێوان لەق و

www.pertwk.com

پۆی دار هەنارەکە و لە وێوە دوای دونزە ساڵ بۆ یەکەمجار چاوم بە شەکورە کەوتبوو ، ئورهانم بینی . لە بەینی پەنجەرەکەوە دەنگی شەکورە دەهات کە ئورهانی سەرزەنشت دەکرد . بۆ ساتێك بە هیواوە لە گەڵ جوانەکەمدا تەماشای یەکتریمان کرد ، چەندە خۆش بوو ! چەندە جوان بوو ! بە واتای چاوەرێ بە ئاماژەیەکی کرد و پەنجەرەکەی داخست . هەتا ئێوارە وەختی زۆر مابوو . لە حەوشەکەدا لە نێو جوانی دونیا و دار و کۆڵانە قوڕاوییەکاندا بە سەر سووڕماویەوە چاوەرێ مامەوە . زۆری پێنەچووکە خەیرییە هات ، وەکوو ژنێکی خاوەن ماڵ جلی لە بەرکردبوو ، دەتگووت خزمەتکار نیە، بە بێئەوەی کە نزیکی یەك بینەوە لە پشتی دار هەنجیرەکانەوە ڕۆیشتینە ژوورەوە پێم گوت : " هەمو شتێك باش بە ڕێوە دەچێ " . نامەکەی قازیم نیشان دا و گوتم : " شەکورە تەڵاقی سەند ، ئێستا مەلایەکیترمان گەرەکە " . خەریکبوو بڵێم دەیدوزمەوە کە گوتم دێت ، با شەکورە ئامادە بێت . خەیرییە وتی : " شەکورە دەیەوێت ئەگەر بچووکیش بێت دیسان شای بکرێت و خەڵك بانگ بکردرێن ، با خەڵکی گەڕەکەکە بێن ، دەیەوێت کە خواردنی زەماوەند بخوردرێت ، لە قازانەکەدا پڵاوی قەیسی و بادامم لێناوە . " خەریکبوو بە تامەوە باسی ئەوەی دەکرد کە چییان کردووە کە قسەکەیم بڕی و گوتم: " ئەگەر جەنجاڵ بەرپا بکەن ، حەسەن و پیاوەکانی ئاگادار دەبن و دێن بە سەرماندا و ڕێو ڕەسمیزەماوەندەکە بیٚکاریگەر دەکەن وناتوانین شتێك بکەین و خراپەیی و ڕیسواییمان بۆ دەردەخەن . لەوەش زیاتر تورەکەیەك هەنجیر بە فیڕۆدەچێ ، نەتەنیا حەسەن و باوکی بەڵکوو ناتوانین لەو شەیتانەی وا زاوای ئەفەندی کوشتووە خۆمان بشارینەوە . ئێوە ناترسن ؟ "

وتی : " ناترسین " و دەستی بە گریان کرد .

وتم : " هیچ شتێك بە کەسێك نەڵێن ، جلی خەوتن بکەنە بەر زاوا و وەکوو خەوتووی لێبکەن و بڵێن نەخۆشە و پەردەکەشی داخەن ، بالە ژوورەکەیدا چرا نەبێ بۆ ئەوەی بتوانی لە کاتی مارە بڕیندا ببێ بە سەرپەرشتی شەکوورە . نابێ جەنجاڵی بووکێنی بکردرێت ، لە دوایین کاتەکاندا چەند دراوسێیەك بانگ دەکەن ، هەر ئەوەندە و بەس ، کاتێ بانگتان کردن بڵێن کە دوایین داوا کاری زاوا ئەفەندی ئەمە بووە .ئەمە هیچ خۆش نیە ، دەبێ بە زەماوەندێکی فرمێسکاوی . ئەگەر نەتوانین ئەم ئیشە سەر بخەین ئەوا جێگای هیچ گومانێك نیە کە تێکمان دەدەن و لەناومان دەبەن تۆش سزا دەدەن تێدەگەی ؟ " بە گریانەوە سەرێکی لەقاند . سواری ئەسپە سپییەکەم بووم و گوتم زۆرم پێناچێ ، شایەتەکان دێنم و دێمەوە ، با شەکورە خۆی ئامادە بکات لەمە و بەدوا من دەبم بە پیاوی ئەم ماڵە ، ئێستاش دەچم بۆ دەلاکخانە و قژم چاك دەکەم .

لە پێشدا پیلانم بۆ جێبەجێکردنی هیچ یەك لەمانە دانەنابوو . لە کاتی قسە کردندا هەموو شتێکم دەهاتەوە یاد وەکوو ئەوەی کە لە هەندێك لە شەڕەکاندا هەستمدەکرد وامدەزانی کە خودا زۆر حەزم لێدەکات و هەموو کاتێك دەستم دەگرێ و دەمپارێزێ ، هەر لەبەر ئەوەشە کە کارەکان جۆر دەبن و دەچنە سەر ڕێگای خۆیان . ئەگەر جارێك متمانەییەکی وا لە دەرونتاندا دروست ببێ ، ئەوا چی بگات بە مێشکتاندا و چی بکردرێت ئەنجامی دەدەن و کردەوەکانیشتان ڕاست دەردەچن .

لە گەڕەکی یاقووتەوە بەرەو خەلیج چوار کۆڵانم بە جێهێشت مەلا ڕیش ڕەشە ڕوومەت نوورانیەکەی مزگەوتی یاسین پاشای گەڕەکەکەیترم لە

www.pertwk.com

کاتێکدا بینی کە گزگێکی بە دەستەوە بوو و سەگە هارەبووەکانی لای مزگەوتی ڕاودەنا . دەردەکەی خۆم بۆ باس کرد و گوتم باوکی کچی پوورم خەریکە گیان دەدا و عەمری خودا دەکات ، دوایین ئارەزووی ئەم پیاوە مەرگ بەختە ئەوەیە کەمن و کچەکەی پێکەوەزەماوەند بکەین ، ئەمڕۆش کچەکە لەلای قازی ئوسکودار لە مێردەکەی کەوا چوار ساڵە نەگەڕاوەتەوە تەڵاقی سەندوجودا بووەوە . لەبەر ناڕەزایی مەلا کە وتی ژنێك کە تازە تەڵاقی سەندبیّ بۆ ئەوەی بتوانی جارێکیتر شوو بکات پێویستە کە یەك مانگ ڕاوەستیّ و چاوەڕێی بیّ ، منیش گوتم : " ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچیّ کە مێردەکەی نەگەڕاوەتەوە و کچەکەش دوو گیان نیە ، قازی ئوسکودارپش ئەمڕۆ هەر بەو مەبەستە جیای کردنەوە . " ئەمانەم بۆ ئەوە گوت کە مەلا بزانێت هیچ ئاستەنگییەك لەبەردەم مارەبڕینەکەدا نەماوەتەوە . بەڵیّ ، بووك کچی پوورمە ، بەڵام خۆ ئەمە لەبەرامبەر پێکەوە ژیانماندا ئاستەنگ نیە ، لەلایەکیتریشەوە مارەبڕینە کەیتر کۆتایی پێهاتووە ، هیچ جۆرە جیاوازییەکی دینی ، هاوسەنگی و ماڵیشمان پێکەوە نیە . ئەگەر ئەو ئاڵتوونانەی بگرتبایە کەوا بۆم کێشابوو و لە نێو زەماوەندەکەدا و لە پێش چاوی ئەو هەموو عالەمەدا لە یەك مارەی بکردبایەین ، ئەوا خەیرێکی باشی دەرهەق بە هەتیوەکانی ئەو بێوەژنە دەکرد . تۆ بڵێی مەلا حەز لە شلەی قەیسی و پڵاوی برنج بکات ؟ حەزی لێدەکات بەڵام هێشتا چاوی لە سەگەکانی بەرحەوشەکەیە . زێڕەکانی وەرگرت و پرسیاری ناونیشانی ماڵەکەی کرد . بۆم تاریف کرد ، وتی جلەکانم دەگۆڕم پێدا ویستیەکانم ئامادە دەکەم و سەیرێکی قژ و ڕیشم دەکەم و دێم مارەی دەبڕم . " لەپەلەپەل کردن بۆ ئەو مارە بڕینەی وا دوانزە ساڵ بەتەمای بووم و دیسان

لەوەی کەوا کاکی زاوا پەشۆکاوی و مەترسییەکانی لەبیر بەرێتەوە و خۆی بخاتە بەر بەزەیی دەستەکانی دەلاکێکی چەنەباز و تراشێکی زاوایانە بکات شتێکی سرووشتی‌تر هەیە ؟ ئەو دەلاکەی کەوا پێکانم لەخۆیەوە منی برد بوو بۆ لای ئەو ، هەمان ئەو دەلاکەی لای لە کۆڵانی ماڵە خرای لای بازاڕەکە بوو ، کەوا من و شەکوورە و زاوا و پوورم دەورانێکمان لەوێدا تێپەڕ کرد بوو و لە دوایشدا بە جێیان هێشتبوو . دوای دوانزە ساڵ کە بۆ یەکەم جار دەگەڕامەوە ئەستەمبووڵ لێرەدا چاوم بە چاوی ئەم دەلاکەدا هەڵتۆقی ، ئەمجارەیان کە دوای پێنج ڕۆژ چوومە ژوورەوە باوشی‌پێدا کردم و وەکوو سەر تاشێکی باشی ئەستەمبووڵی کە لە کویّ بووم و دوایی ڕووداوەکانی کۆڵان و گەرشەکی بۆ باس کردم و لە دوایشدا قسەکەی هێنایە سەر ئەوەی کە ئەو ژیانە لەرێبوارییە بە واتاکەیدا بەر و کوێمان دەبات.

ناتوانم بڵێم دوانزە ساڵ بووە کە ڕۆیشتووم بەڵکوودەڵێی دوانزە ڕۆژە لێرە ڕۆیشتووم . لەلەرزەلەرز کردن و سەما کردنی گوێزانەکەی دەستە نیشاندارەکەیەوە بەسەر گومانەکانمدا دیار بوو کە وەستای دەلاك پیر بووە ، ویسکی زۆری دەخواردەوە ، شاگردێکی پێست پەمەیی چاو سەوزی لێو جوانی هێنا بووە لای خۆی . کوڕەی بەر دەست بە سەر سووڕ ماوییەوە تەماشای دەستی وەستای دەکرد . بە گوێرەی دوانزە ساڵ بەر لە ئێستا ناوەوە زۆر پاك و خاوێن و ڕێك و پێکتر بوو هەندێك ئاوی گەرمی کرد بووە ناو سەتڵێکەوە بەوە بە پەلەپەل دەم و چاومی شۆرد . ئەو سەتڵە بە زنجیرێکی تازەوە لەسەرەوە هەڵواسرا بوو ، تەشتە کۆن و پانەکانی لە تەنەکە دروستکرا بوون ، مەقەڵەکەشی پاك و گوێزانە دەسکدارەکانیشی تیژ بوون . لە قوماشی ئەو ئاورێشمەی‌وا دوانزە ساڵ بەرلە ئێستا

www.pertwk.com

دەیبەستەوە پشتەماڵێکی خاوێنی لە پشت بوو . وەها بیرم دەکردەوە کە دەبێ بە هاتنی ئەم شاگردە باڵا بەرز و لاشە نەرم و ناسکەوە دوکانی وەستا و تەنانەت خودی وەستاش ڕێك و پێکتر بووبێ ، هەروەها خەیاڵم لەوەش دەکردەوە کە لەگەڵ دەستپێکردنی ژیانی هاوسەریدا مرۆڤ خۆی و کارەکەی و ژیانەکەشی ڕێك و پێکتر دەبێ . لە دوایشدا خۆمم لەبەر دەستی وەستا و خۆشی ئاوە گەرمە بۆنی گوڵدارە و سابووناوییەکەوە شل کردەوە .

چەندە کات بەسەر چووبێت نازانم ! لەژێر دەستە لێهاتووەکانی وەستا و لەبەر گەرمایی ئەو مەقەڵە کەوا وردە وردە دوکانە بچوکەکەی گەرم دەکردەوە ئازارەکانی ژیانی دەتوانەوە وەهام بۆ دەهات کە ئەمڕۆ لە ناکاو گەورەترین خەڵاتم پێدەبەخشن ، بە هەزاران جار سوپاسی ئەو خودایەم دەکرد و دەمەویست کە بزانم ئەمە لە کام لایەنی تەرازووە نهێنیدارەکەی عالەمە خولقێندراوەکەیەوە دەردەچێ، هەروەها بە هەستێکی خەماوییەوە بەزەییم بە زاوادا دەهاتەوە کەوا ئێستا بە مردوویی لەو ماڵەدا ڕاکێشراوە کەوا من تۆزێکیتر دەبم بە پیاوی ئەو ماڵە . چمکی دواینی ئەم بیر و خەیاڵانەم گرتبوو و دەمەویست خۆم بۆ ڕۆیشتن ئامادە بکەم . لە ناکاو لەبەر دەرگا هەمیشە کراوەکەی دەلاکخانەکەدا جووڵەجووڵێك کرا، گەڕامەوە و سەیرم کرد : شەوکەت ! پەشووکاو هەڵچوو بوو ، بەڵام بە متمانەیی بە خۆوە کاغەزێکی بۆ درێژ کردمەوە ، بەبێئەوەی کە بتوانم هیچ شتێکی پێبڵێم کاغەزەکەم وەرگرت ، وامزانی کە خراپترین هەواڵم بۆ هاتووە و بایەکی سارد دەروونمی گرتەوە ، کاغەزەکەم خوێندەوە : " ئەگەر شایی و زەماوەند نەکرێت ، مێردت پێناکەم ــ شەکورە . " باڵی شەوکەتم گرت و بە زۆر بەرەو لایی خۆمم ڕاکێشا و لە باوەشم گرت . دەمەویست بنووسم

بەسەر سەر و سەر چاوان خۆشەویستەکەم . بەڵام لەلای دەلاکێکی نەخوێندەواردا قەڵەم کەی دەست دەکەوێت !؟ بە بێدەنگی و بەرەچاوکردنی هەموو شتێك گوتم بە دایکت بڵێ باشە ، لە دواییدا گوتم ئەی باوە پیرت چۆنە ؟ " گوتی : "دەخەوێ " ئێستا دەزانم کە شەوکەت و دەلاك و ئێوەش لەسەر مەرگی زاوا گومان دەخەنە سەر من (شەوکەت لە شتیتر گومان دەکات) . مەخابن ! بەزۆر ماچمکرد ، بەڵام شەوکەت بەبێئەوەی حەزم لێبکات ڕۆیشت ، لە کاتی زەماوەندەکەشدا لە دوورەوە بە جلە جەژنانەکەیەوە وەکوو دوژمنێك سەیری دەکردم . لەبەر ئەوەی کە شەکورە لە ماڵی باوکیەوە نەدەهات بۆ ماڵی من و بە پێچەوانەوە من دەچووم بۆ ماڵی باوکی شەکورە بەرپا کردنی شایی و زەماوەندی بووکانە گونجاوتر بوو . سروشتی بوو کە من نەتوانم وەکوو کەسانیتر بانگی هاوڕێ دەوڵەمەندەکانم بکەم و سواری ئەسپیان بکەم و بیاننێرمە بەردەرگای ماڵی شەکورە . بەڵام سەرەڕای ئەوەش کاتیگەڕابوومەوە بۆ ئەستەنبووڵ دوو لەو هاووڕێیانەیوا پێیان گەیشتبووم(یەکێکیان وەکوو من بوو بوو بە کاتیب (نووسەر) ئەویتریش گەرماوێکی بەڕێوە دەبرد) لە کاتی قژ چاك کردندا هاتن و پیرۆزباییان لێکردم و داوای دڵخۆشییان بۆ کردم ، وەستای دەلاك کە ئەمەی بینی چاوی پڕبوو لە فرمێسك ، منیش ئەو وەستا خۆشەویستەم لەگەڵ خۆمدا هێنا . خۆشم ئەسپە سپییەکەی ژێری خۆمم کێشا و بەرەو ماڵیشەکورە گیان بەڕێ کەوتم ، وەکوو ئەوەی کە بمانەوێ شەکورە ببەین بۆ ماڵێکیتر و ژیانێکیتر پاڵمان نا بە دەرگاکەیانەوە . خەیرییە دەرگاکەی کردەوە بەخششێکی باشم پێدا ، شەکورە بە جلی سووری بوکێنی و تاراپەمەییەکەی سەریەوە لەنێو گریان و هەنیسکدان و قیڕەقیڕ و ماشەڵا

www.pertwk.com

گوتنەوەدا هاتە خوارەوە و بە هونەرێکی جوانەوە سواری دووهەمین ئەسپی سپی بوو کەوا لەگەڵ خۆماندا هێنا بوومان . ئەو دەهۆڵ و زوڕناچییانەی وا کاکی دەلاك لە دوایین کاتەکاندا بە بەزەیی پیاهاتنەوەیەکەوە جۆری کرد بوون ، بەزمێکی بووکانەیان لێدا و کەوتنە جموجۆڵ . شایە بووکانە[1] خەمبارە هەژارەکەمان لەگەڵ ئەوەی کەوا زۆرلەخۆ ڕازی بووین دەستی پێکرد ، ئەسپەکانمان کەوتنە ڕێ و نەکەوتنە ڕێ شاییەکەمان دەستی پێکرد ،

ئەوکاتە تێگەیشتم کە شەکورە بە فێڵبازییەکانی خۆیەوە ئەم شاییەی بۆ ئەوە ویستووە کە مارە بڕینەکەمان باش ببەستێتەوە بۆ ئەوەی کە هەموو کەس نەتوانێ بەرهەڵستی بکات . لەلایەکیتریشەوە ئەم بەزم و هەرایە وەکوومەیدان خوێندنەوە بۆ ماڵی باوك و برای مێردەکەی شەکورە وا بوو و دەبوو بە هۆی ئەوەی کە هەرکارەکە لە سەرەتاوە بکەوێتە ناو مەترسییەوە ، ئەگەر بەمن بایە بە بێدەنگی مارەم دەبڕی و لە دوایشدا بەبێ زەماوەند دەبووم بە مێردی و بەم شێوەیەش ژیانی هاوسەریەکەم دەپاراست . لەپێشەوەی جەنجاڵ و بەزمەکەوە بە سواری ئەسپە سپییە داستانییەکەمەوە لە کۆڵانی گەڕەکەکەوە تێپەڕ بووم و چاوم بۆبەینی دیوارێك یان حەوشەیەکی تاریك و کراوە دەگێڕا و لەوە دەترسام کە حەسەن و پیاوەکانی خۆیان مەلاس دابێ و هێرش بکەنە سەرمان ، چاوم بەو پیرە مێردانە کەوت کەوا لەبن دیوارەکاندا دانیشتبوون و سەریان لەم بەزمە ناکاویە سووڕما بوو بێڕێزیشیان نەدەکردلەلایەکیتریشەوە هەندێك کەسی نەناسراوم بینی کە دەستیان بۆ هەڵدەبڕین بەبێئەوەی کە بمەوێ چووینە ناو بازارە بچووکەکەوە ، لە خۆشی ئەو میوە فرۆشە کە چەند

هەنگاوێك هات بە دواماندا و نەیدەویست بەی و هەرمێکانی بەجێبهێڵێ و لە پێکەنینە خەماوییەکانی دوکاندارەکە و نیگا پەسەند کەرەکەی ئەو نانەوایەی وا بۆرەکی سووتاوی دەدا بە شاگردەکەی تێگەیشتم کەوا شەکورە زۆر هۆستایانە چپە و ورتە و بۆڵەی خەڵکی وورووژاندووە و لە ماوەیەکی کورتدا جیا بوونەوە و مێردکردنی لەلایەن هەموانەوە قەبووڵ دەکرێ . بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەبەرامبەر بەسەرداهاتنێکدا یان وەکوولە بەرامبەر قسەیەکی ناخۆشدا خۆمم ئامادە کرد بوو . هەر لەبەر ئەمەش لە هەرا و هۆریا و دەنگەدەنگی ئەو منداڵانە ناڕەحەت نەدەبووم کەوا لە پشتی دەرکەوتن لە بازاڕەکەوە بەدوامانەوە بوون و داوای بەخشیشیان دەکرد . لە پێکەنینی ئەو ژنانەوە کەوا لەبەر پەنجەرەکانەوە سەیری ئێمەیان دەکرد و منیش وامدەزانی کە خەیاڵ و مەیاڵ دەبینم ، دەمزانی کە ئەم هەرا و بەزمە ئێمە دەپارێزی و ئەم کارەی ئێمەش پەسەند دەکرێت . لە دواییدا زۆر شوکر کە چاوم بە گەڕانەوەی شاییەکە کەوت کەوا ڕێگای هاتنەوەی گرتە بەر ، بەڵام لە ڕاستیدا دڵم لەلای ئازارەکانی شەکورە بوو . لە ڕاستیدا ئەو شتەی کەوا منی بۆ ئەو دەخستە ناو خەفەتەوە ئەوە نەبوو کە بەناچاری لە ڕۆژی مەرگی باوکیدا مێرد دەکات بەڵکوو هەژارانە بوون و بێدەنگ بوونی زەماوەندەکەمان بوو ، شەکورەم شایستەی زەماوەندێکی وابوو کە دراوسێکان بە هەموو زێڕەکانیانەوە بەجلی ئاوڕێشمنەوە بێن و سواری ئەسپەکانیان بن کەوا زینەکانیان لە پەمەوە دروستکرابێ ، هەروەها سەدان ئەسپی بارکێش بە سەدان باری خەڵات بەرەو ماڵ بەرن و هەرا و هۆریای ژنە پیرەکانی حەرەمسەرای تێدابێ کەوا دادەنیشن و باسی دەوڵەمەندی ڕۆژانی ڕابردوو بۆ کچانی پاشاکان دەگێڕنەوە . بەڵام تەنانەت کچی ماڵە

www.pertwk.com

دەوڵەمەندەکان کە بۆ خۆشاردنەوە لە نیگای ئەم و ئەو چارشێو دەدەن بەسەردا و چوار خزمەتکارەکانیشی لێنەبوو کە سەری ئەسپەکانیان بۆ بگرن . هەروەها هیچ جۆرە خزمەتکارێکیشی لێنەبوو کەوا زێڕ و زیو و لاپەڕەی زێڕاوی وبەردی بریقەداروموٚمی گەورە و ڕازاوەی زەماوەندی پێبێ.

لە شاییەکە لەبەر ئەو دەهۆڵچی و زووڕناچیەی کە زێڕیان بۆخۆشیان نەدەگرت وجارناجار ڕادەوەستان و بێدەنگ دەبوون ، هەروەها لەبەر ئەوەی کە کەسێکیش نەبوو بڵێ : " لاچن ، لاچن ، بووك هات " شایی هاوسەرییەکەمان لە بازاڕەکەدا تێکەڵ بە هەزاران خزمەتکار دەبوو کە وەکوو لافاو هەموو لایەکیان گرتبووە بەر ، هەر لەبەر ئەوەش لە شەرمکردن زیاترخەریکبووچاوەکانم پڕبێ لە فرمێسك و خەمێکی گەورە دایگرتم . لە گەڕانەوەدا کاتێ خەریکبوو بگەینەوە بەر ماڵ ، بەلە خۆ بووردییەکەوە لەسەر ئەسپەکە لایەکم کردەوە و بەرە و دواوە تەماشایەکم کرد، بینیم کەوا لە ژێر جلە سوورەکەی و تارا بوکێنییەکەیدا کە هیچ شایستەی ئەو نەبوو لەبەر ئەوەی کە شاییەکە بێ قەزا و بەڵا تێپەڕ بوون پێدەکەنی ئەو ساتەش دڵم ئاهۆن بووەوە تۆزێك ئاسوودەتر بووم . بەم شێوەیەش وەکوو ئەوەی وا هەموو زاواکان دەیکەن شەکورەم لەسەر ئەسپەکە دابەزاند و قوڵم کرد بە قوڵیدا ، تۆزێکیتر مارەم دەبڕی . لە دواییدا چنگم کرد بەو کاسە ئاکچەیەدا کەوا لە پێشدا ئامادەم کرد بوو و بەم خۆشییەوە مشت بە مشت دەمپژاند بەسەریدا . ئەو منداڵانەی لە ماوەی ئەو شاییە خەماوییەدا بە دوامانەوە بوون بۆ بە دەست هێنانی ئاکچەکان شەڕیان دەکرد و ئێمەش چووینە ناو حەوشەکەوە ، کاتێ ڕۆیشتین بە ترسێکەوە هەستمان بە بۆنی لاشەکە کرد .

کاتێ خەڵکەکە دانیشتن شەکورەش وەکوو پیاو پیرو ژن و منداڵەکان هەڵسوکەوتی کرد و وای دیار دەکرد کەبۆنی هیچ شتێك نایەت . (ئورهان لە گۆشەیەکەوە بە دوو دڵییەوە تەماشای منی دەکرد) گومان دایگرتم : لە مەیدانی شەڕدا چاوم بەو مردووانە کەوتبوو کەوا لاشەکانیان پارچە پارچە کرا بوو ، جلەکانیان دڕا بوو و چەکمەکانیان دەرهێنا بوون دەم و لووتیان بوو بووبە خۆراکی پەلەوەر ، تامی بۆگەنیان هێشتا لە دەممدا مابووەوە ، ئەمەش خەریکبوو کە جەرگەکانم بخنکێنێ ، هەر لەبەر ئەوەش بە هەڵەدا نەچوو بوو وم . لە خوارەوە ، لە چێشتخانەکەدا پرسیارم لە خەیرییە کرد و گوتم: " زاوا ئەفەندی لە کوێیە ؟ بۆنی لاشەکەی هەموو ماڵەکەی داگرتووە ، هەموو کەسێك تێدەگات . " ئەم قسانەم خۆ لە گوتنیش نەدەچوو بەڵکوو زیاتر لە منگە منگ کردن دەچوو . لە لایەکیتریشەوە عەقڵم چووە سەر ئەوەی کە خەیرییە بۆ یەکەم جار وەکوو خاوەن ماڵێك قسەی دەکرد . ژن بە گریانەوە وتی : " وەکوو دەستوری جەنابتان لە ناو جێگاکەی خۆیدا درێژمان کردووە و جلە کانیمان کردووەتە بەری و لە ژوور سەریشیەوە پەرداخێکی شەربەتمان داناوە ،بۆنەکەش لە بەر گەرمای مەنقەڵی ناو ژوورەکەیەتی . دو دڵۆپ فرمێسکی ڕشتە ناو ئەو قابلەمەیەی کە وا پل پل گۆشتی بەرخی تێدا سوور دەکردەوە . لە پێشدا لە شێوەی گریانەکەیدا تێگەیشتم کاکی زاوا شەوان بردوویەتیە ناوجێگاکەی خۆیەوە، بەلاّم لە دوایدا لەوشتەی کە وا بیرم لێکردبووەوە زۆر تەریق بوومەوە . لە گۆشەیەکی چێشتخانەکەدا ئەستەر شتەکەی دەمی قووت دا و هەستایە سەر پێ و وتی : " قیمەتی شەکورە بزانە ، دڵخۆشی بکە " دەنگی ئەو عودەی کە وا لە ڕۆژانی یەکەمی هاتنەوەم بۆ ئەستەنبووڵدا گوێم لێبوو بوو

www.pertwk.com

لە دەرونەوە گەیشتەوە گوێم . بەڵام لە دوایشدا ئاهەنگ و موسیقای مارە برینی من و شەکورە لە یەك لە ژوورە تاریکەکەی باوکیدا لە پاڵ جەستە بێگیانەکەی باوکیدا لە دەرونمەوە بەرز بووەوە . خەیرییە لە ماوەیەکی کورت و لە چاو پرتکاندنێکدا هەوا ژوورەکەی گۆڕیبوو چراکەشی لە گۆشەیەکی نور بڕدا شاردبووەوە " زاوا ئەفەندی کە کەس نەیدەزانی نەخۆش نیە و لاشەیەکی بێ گیانە لە کاتی مارە بڕینەکەدا سەر پەرشتی شەکورە بوو ! دەلاکەکەی دۆستم و پیرەمێردە فرەزانەکەی گەڕەکەکەشمان شایەتەکانمان بوون . لە دوای ئامۆژگاری و هیوا داری و داخوازیەکانی مەلا کابرای فرە زان سەری لار کردەوە و لە نەخۆشیەکەی زاوا ئەفەندی کەوتە گومانەوە و سەری نزیك کردەوە ، هەر لەم کاتەدا کە مەلا مارەی بڕی و نەیپری یەکسەر هەڕام کرد و دەستی زاوام ماچ کرد و بە هەموو هێزێکمەوە قیراندم و وتم : " هیچ خەمتان نەبێ زاوا ئەفەندی گیان زکی شەکورە و منداڵەکان تێر دەکەم وژێر سەریان بۆ دادەنێم و بۆ ژیانێکی پڕ لە خۆشی و ئاسودەیی هەموو شتێکیان بۆ دەکەم "لە دوایشدا وەکوو ئەوەی کە زاوا ئەفەندی لە کاتی گیانداندا و لە جێگاکەیدا بیەوێ شتێکم پێ بڵێ سەرم لار کردەوە و بردمە بەر دەمی ، وەکوو ئەوەی کە سەعاتی ڕۆیشتنی پیرەمێردەکە هاتبێ کە زۆر ڕێزی لێدەگرین و بیەوێ هەموو ئەزمونەکانی ژیانیم لە دوو قسەدا بۆ بکات بە دیقەتەوە گوێم لێڕادەگرت ، مەلا و کابرای فرەزانیش ئەم کردەوەی منیان لەلا پێ باش بوو.، هیوادارم کە ئیدی کەس من بە تاوانباری مەرگ و کوشتنی زاواکەمان نەزانێت .

بە میوانەکانم گوت ئەم پیرەمێردە فەقیرە دەیەوێت بە تەنیا بمێنێتەوە . لە ساتێکدا هەر کەس ژوورەکەی بە جێهێشت و بۆ خواردنی پلاو و شلەی

قەیسی و گوشتی بەرخ ڕۆیشتنە ژوورەکەی تەنیشتەوە کەوا بۆ پیاوان جیا کرابووە وە . (منیش ئێستا بۆنی لاشەی مردوو و بۆنی گۆشتی سووروٚ کراوی بەرخ تێکەڵاو دەکەم و دەیخۆم) . ڕۆیشتمە ناو هەیوانەکەوە و وەکوو ئەوەی کە وا لە ماڵی خۆمدا بم بە بێ ئاگایی و وەکوو ئەوەی کە بۆ سەرەخۆشی گوتن بچم ڕۆیشتمە ناو ژوورەکەی خەیرییە ، کاتێ دەرگاکەم کردوە ژن و زا ترسی هاتنی پیاوێك دایگرتن، گوێم نەدانێ بە شیرنیەوە تەماشای شەکورەم کرد کەوا بە بینینی من لە خۆشیدا چاوانی دەدرەوشانەوە گوتم : " شەکورە !باوکت بانگت دەکات ، مارە برینەکە تەواو بوو دەبێ دەستی ماچ بکەی . "

ژن و کچەکانی دەور و بەری شەکورە کە لە دواین کاتەکاندا بۆ زەماوەندەکە دەنگ کرابوون بە پەلە خەریکی داخستنی پەچەکانیان بوون و بۆ مەزەندە کردنی منیش تەماشای منیان دەکرد ، لە دروستی نیگاکانیاندا وامدەزانی کە خزمن و بۆ شاییەکە هاتون . زۆر دواتر کە میوانەکان نان و گوێز و فستق شەکرورێحانیان خواردبەر لە نوێژی ئێوارە بڵاو بوونەوە . لە ژووری ژناندا فرمێسك ڕشتنی شەکورە و بەدخۆیی منداڵەکان و خۆشییەکەی دەرپەڕاند بوو : لە نێو پیاواندا باس لە شەوی یەکەمی کوڕی جیران دەکرا و منیش پێدەکەنیم و لە ناو بێدەنگیەکی خەماوییدار خۆمم ناشتبوو ئەمەشیان وەکوو خەم خواردنی من بۆ خەزوورم شیدەکردەوە . لە نێو ئەم هەموو تەنگە زارییەدا ئەو شتەی لە مێشکمدا بە قووڵاییەنەخشی بەستبوو ، ئەوە بوو کە بەر لە خواردن من و شەکورە بۆ دەست ماچکردن چووینە ناو ژوورەکەی باوکی ، کەچی لە تەنیشت ئەو جەستە بێگیانەدا بەڕاستی بە ڕێزەوە ڕاوەستاین و دەستە سارد و

www.pertwk.com

هەڵئاوساوەکەیمان ماچکرد لە دوایشدا ڕۆیشتنە گۆشەیەکی تاریکی ژوورەکەوە و دەستمان بە ماچکردنی یەکتری کرد . کاتیٚ توانیم زمانە گەرمەکەی ژنەکەم بخەمە ناو دەممەوە زانیم کە تامی ئەو شیرینیەی لیٚدیٚت کەوا منداڵەکان دەیانمژن .

((من شەکورە)) (34)

لە دوای ئەوەی هەرکەس ڕۆیشت و دوایین میوانەکانی زەماوەندە خەماوییەکە پیٚڵاوەکانیان کردە پیٚیان و خۆیان داپۆشی و دەستی منداڵەکانیان دەکیٚشا کەوا دوا شیرینیەکانی شاییەکەیان دەخستە دەمیانەوە و دەرۆیشتن بیٚدەنگییەکی دەم دریٚژ ماڵەکەی گرتە باوەش . هەموومان لە حەوشەکەدا بووین ، لە دەنگی چۆلەکەیەك زیاتر کەلە سەتڵە نیوەکەی سەر چاڵەکە ئاوی دەخواردەوە هیچ شتیٚکیتر نەدەبیسرا. تووکە کەمەکەی سەرە بچکۆلانەکەی لەبەر تیشکی ئاگردانەکەوە دیار بوو ، کاتی ئەوەش ون بوو بە ئازاریٚکەوە هەستم بەوە کرد کە لە نیٚو ماڵە چۆڵەکەماندا والەگەڵ تاریکایدا باوەشیان کردووە بەیەکدا باوکم بە مردوویی لە جیٚگاکەدا دریژ کراوەتەوە . وتم: منداڵەکان (باش دەیانزانی کە دەمەویٚ شتیٚکیان پیٚڕابگەیەنم) وەرن بۆ ئیٚرە بزانم . هاتن .

" ئیتر باوکی ئیٚوە ڕەشەیە ، دەستی ماچ بکەن " بە هیٚمنی و بە شەرمەوە دەستیان ماچکرد . بە ڕەشەم گوت : " لەبەر ئەوەی ئەم هەتیوانەی من زۆر بیٚبەختانە گەورە بوون ، نازانن کە چۆن گویٚ لە باوك بگرن و تەماشای نیٚو چاوانی بکەن و بە قسەکانی بکەن و متمانەی پیٚ بیٚنن

لەبەر ئەوەی بیٚڕیٚزیت بەرامبەر دەکەن وەکوو بیٚگانەیەك چاوت لیٚدەکەن ، خاویٚتی و منداڵی دەکەن هەر بۆیە پیٚویستە تۆ ئەمە بە حیسابی بیٚ باوك گەورە بوون و نەبینینی باوکیان بە تیٚر و تەسەری دابنیٚی ،"

شەوکەت گوتی : " من باوکم بە بیر دیٚنمەوە "

: " ششش ... گویٚ بگرە ، لەئیٚستا بەدواوە قسەی ڕەشە لەسەرەوەی قسەی منیشە " ڕووم کردە لای ڕەشە و گوتم : " ئەگەر بیٚڕیٚزیان کرد و گویٚیان لیٚنەگرتی و چەقاوەسووییان بەرامبەرت کرد یەکەم جار ئاگاداریان بکەوە لە دواییدا لیٚیان ببوورە " ، خەریکبوو بلیٚم لیٚیان بدە کە زمانم پیٚچایەوە و گوتم لیٚیان ببورە " جیٚگای من لەکویٚی دڵتایە دەبیٚ هی ئەوانیش لەویٚدابیٚ "

ڕەشە گوتی : " شەکوورە خان ! من تەنیا لەبەر ئەوەی ببم بە میٚردی تۆ زەماوەندم نەکرد بەڵکوو بۆ ئەوەشە کە ببم بە باوکی ئەم هەتیوانەش "

-: " گویٚتان لیٚبوو کە چیم گوت ؟ " خەیرییە لەولاوە گوتی : " خودایا خۆت بمانپاریٚزی ! یاڕەبی نوری خۆتمان لەسەر کەم مەکەرەوە " وتم : " گویٚتان لیٚبوویان نا ؟ ئافەرین کوڕە جوانەکانم ! بەم خۆشەویستییەی باوکتانەوە ئەگەر لە قسەی باوکتان دەربچن دیسان هەر لیٚتان دەبووریٚ "

ڕەشە گوتی : " دواتریش هەر دەیانبەخشم " گوتم : " بەلاٚم ئەگەر جاری سیٚهەم وتی مەکەن و بە قسەیتان نەکرد ... ئەو کاتە ئیدی کوتەکتان هەق کردووە تیٚگەیشتن ؟ باوکی تازەتان کە ڕەشەیە وەکوو ئەو باوکەیترتان کە لەشەڕ نەگەڕاوەتەوە شەڕی زۆری بینیوە زۆر ڕەق و

www.pertwk.com

نەنووشتاوەیە . باپیریان   ئەمانەی چەقاوەسوو کردووە خستووینیە سەر سەری خۆی لەمەو بەدوا باپیرتان زۆر نەخۆشە "

شەوکەت گوتی : " دەمەوێ بچمە لای باپیرم " وتم : " ئەگەر گوێ ڕایەڵ نەبن ڕەشە تێتان دەگەیەنێت کە لێدان لە بەهەشتەوە هاتووە ، جاران ئەگەرباوکم لە دەستی من ڕزگاری دەکردن ئەمجارە ناتوانێ لەدەستی ڕەشە نەجاتتان بدات ئەگەر ناتانەوێ باوکتان تووڕە ببێت پێکەوە ئاژاوە مەکەن ، لەهەموو شتێکدا بەشی یەك بدەن و درۆ مەکەن ، دوعا بکەن وسەعیەکانتان بکەن ، قسەی خراپ بەخەیرییە نالێن و گاڵتەشی پێناکەن ... تێگەیشتن ؟

" ڕەشە خۆی دانەواند و لە پەلامارێکدا ئورهانی گرتە باوەش بەڵام شەوکەت خۆی دوور کردەوە ،ویستم کە باوەشی پێدا بکەم و بیگرم ، هەتیوە بێچارە خەمبارەکەم ! شەوکەتە بێچارە بێکەسەکەم ! لەم دونیا گەورەیەدا چەندە تەنیای ! خۆمم بە قەدەر بچووکایی و تەنیایی شەوکەت هەستکرد ، بێچارەییەکەی خۆم و شەوکەتم لەگەڵ یەکدا بەراوەرد کرد و لەرزەیەك هات بە گیانمدا . چونکە لەگەڵ یاد کردنەوەی منداڵیمدا ئەوەم بەبیر هاتەوە کە منیش وەکوو ئورهان دەچوومە باوەشی باوکم . بەڵام وەکوو ئەوە وا نەبووم کە لە میوەیەك بچم وا هێشتا ڕقی لە دارەکەی دەبێتەوە ، بەڵکووبە دڵخۆشییەوە لە باوەشیدا دادەنیشتم و وەکوو سەگ بۆنی لاشەی یەکتریمان دەکرد . ئەگەر تۆزێکیتری پێبچووبایە دەگریام ، بەڵام خۆمم ڕاگرت و بەبێ ئەوەی کە لە عەقڵمدا بێت گوتم : " دەی بە ڕەشە بڵێن (بابە) با بزانم! " چەندە سارد بوو ئەم شەو، حەوشەکەمان چەندە بێدەنگ بوو ! سەگەکان لە دوورەوە بە خەم و ئازارەوە دەیانوەڕاند . تۆزێکیتر تێپەڕ بوو تاریکایی و بێدەنگی وەکوو گوڵێك بەبێ ئاگادار

کردنەوە کرایەوە و بڵاو بووەوە ، زۆر دواتر گوتم : " باشە منداڵەکان ! بابڕۆینە ژوورەوە لێرەدا هەموومان سەرما دەگرین . " تەنیا من و ڕەشە نەبووین کە لە تەنیا مانەوەی بووك و زاوا دەترساین بەڵکوو خەیرییە و منداڵەکانیش دەترسان ، هەموومان وەکوو ئەوەی کە لە تاریکاییدا بچینە ناوماڵێکیترەوە ئاوەها بەپێدزەوە چووینەناو . لە ناوەوە بۆنی لاشەکەی باوکم دەهات بەڵام وا دیار نەبوو کە کەسێك هەستی بەمە کردبێ .

بە بێدەنگییەکەوە لە پلیکانەکانەوە سەرکەوتین ، لەبەر ڕۆشنایی چراکانی دەستمان سێبەرەکەمان دەکەوتە سەر دیوارەکان ، هەموو تێکەڵای یەك دەبوون ، یەك دەچێ یەك بچووك دەبێتەوە ، وامدەزانی ئەمە جاری یەکەمە کەوای لێدێ . لە ژوورەوە لە هەیوانەکەدا کاتێ پێڵاوەکانم دەرهێنا ، شەوکەت گوتی : "بەرلە خەوتن دەستی باپیرم ماچ بکەم؟" خەیرییە گوتی : " من تۆزێك بەر لە ئێستا تەماشام کرد ئازاری زۆری هەیە جندۆکەکان لە دەروونیدا جێگای خۆیان گرتووە و ئاگری نەخۆشییەکەی هەموو جێگایەکی گرتووە ، بچنە ناو ژوورەکەوە با جێگاتان بۆ ڕاخەم . " برد بوونیە ژووریشەوە ، کاتێ جێگاکەی ڕادەخست و ڕووپۆشەکانی دەکردەوە و لێفەکانی پان دەکردەوە و دەستی دەدا بە هەرشتێکەوە وەها قسەی دەکرد کە شتێکی دەرئاساییە و شەوێك لێرەدا لەناو ژوورە نیوە گەرمەدا و لە نێوان ئەم لێفەتووکەچۆلەکەیینانەدا خەوتن وەکوو ئەوە وایە کە لە ناو کۆشکی پادشایەکدا بخەوی . ئورهان لەسەر کاسەکەی خۆیدا دانیشتبوو ، وتی : " خەیرییە چیرۆکێکمان بۆ بگێڕەوە . "

www.pertwk.com

خەیرییە گوتی : " کاتی خۆی پیاوێکی شێن هەبوو ، لەلایەکیتریشەوە جندۆکەیەك هەبوو کە دۆستی گیانی بە گیانی ئەم پیاوە بوو . " ئورهان گوتی : " پیاوەکە بۆچی شێن بووە ؟ "

وتم : " لەبەر خودا ، هیچ نەبیٚ ئەمشەو چیرۆکێکی جندۆکەدار و پەریدار و تارماییداریان بۆمەگێڕەوە . "

شەوکەت گوتی : " بۆچی نەیگێڕێتەوە ؟ دایە تۆ چاوەڕیٚ ئەبی ئێمە بخەوین و خۆت خۆت بچی بۆلای باپیرم . "

–: " باپیرتان خودا بیپارێزیٚ ، زۆر نەخۆشە ، بۆسەردان دەچم بۆلای بەڵام دیسان دەگەڕێمەوە بۆ جێگاکەم . "

شەوکەت گوتی : " باخەیرییە بچێت ، مەگەر شەوان ئاگاداری لە باپیرم ناکا؟ " خەیرییە بە ئورهانی گوت : " تەواو بوو ؟ " بیٚ ئاگاییەکی شیرین ڕوومەتی داگرتبوو قونی ئورهانی پاك کردەوە و تەماشایی کاسەکەی کرد وا بزانم زیاتر لەوەی کەلەبەر بۆنەکەی بێت لەبەر ئەوەی کە کەمی کردووە ناوچاوانی دابەیەکدا . وتم : " خەیرییە کاسەکە والاکە و بیهێنەوە باوەکوو شەوکەت شەو نەچێتە دەرەوە. " شەوکەت گوتی : " بۆچی شەو نەچمە دەرەوە ؟ بۆچی خەیرییە چیرۆکی جندۆکەدار و پەریدارمان بۆ ناگێڕێتەوە ؟ " ئورهان لە ترس زیاتر ، لەبەر ئەوەی کە هەمیشە لەدوای گو کردن وای لێدەهات ، بە خۆشبینییەکی گێلانەوە گوتی : " چونکە لە ماڵەکەدا جندۆکە هەیە ، گەمژە ! "

–" دایە ، هەیە ؟ "

– : " ئەگەر لەژوورەکە دەرکەون و بلێن کە سەردانی باپیرمان دەکەین جندۆکەکە دەتاندۆزێتەوە ."

شەوکەت گوتی : " ئەی ڕەشە لەکویٚ دەخەویٚ ؟ لەکویٚ جێگاکەی ڕادەخا ؟ "

– : " نازانم ، خەیرییە جێگای بۆ ڕادەخا . "

– : " دایە تۆ دیسان لەگەڵ ئێمەدا دەخەوی ؟ "

–:" چەند جار پێتان بڵێم ؟ وەکوو جاران لەلای ئێوە دەخەوم "

- " هەمیشە ؟ "

خەیرییە بە کاسەکەی دەستیەوە دەرکەوت . ئەو وێنەیەی وا دزە بکوژەکە بردبووی نۆ وێنەیتریشی لەگەڵدا بوو بەڵام ئەوانەی نەبرد بوو ڕۆیشتم و لەو جێگایەی کە شاردبوومەوە هێنام بۆ ئەوەی کە لە نهێنیەکانی تێبگەم . زۆر تەماشام کردن ئەوەندە جوانن کە کاتیٚ مرۆڤ تەماشایان دەکات وادەزانی ئەمە بیرەوەریەکانی خودی مرۆڤە ، کە زیاتر تەماشایان دەکات وەکوو ئەوە وایە کە وێنەکان وەکوو نووسراوە لەگەڵ مرۆڤدا قسە دەکەن . کە تەماشای وێنەکانم دەکرد لە خۆم بیٚئاگا بوو بووم ، لەگەڵ مندا ئورهانیش سەری لە سوورابییە سەیرەکەی من سووڕما بوو ، ئەمەم لەکاتێکدا زانی کە سەری هێنابووە لای لووتم . جارێك ویستم مەمکەکانم دەربێنم و بیخەمە دەمی بۆ ئەوەی بیمژیٚ . لە دواییدا کە لە وێنەی مەرگەکەی ڕوو بە ڕووم ترسا و هەناسەیەکی هەڵکێشا ویستم بیخۆم. "دەتخۆم ، ئەزانی؟" وتی دایە ختۆکەم بدە و خۆی خستە ئەو لاوە . قیڕاندم و گوتم:"هەستە لەویٚ! هەستە حەیوان!" چونکە خۆی خستبووە سەر وێنەکانەوە، وینەکان هیچیان لێنەهاتبووتەنیا وێنەی ئەسپەکە نەبیٚ کە لەسەرەوە تۆزێك لۆچ بوو بوو، بەڵام کەس پێیئەدەزانی و دیار نەبوو. خەیرییە بە کاسەکەی دەستیەوە گەڕایەوە ، وێنەکانم کۆ کردەوە و

www.pertwk.com

خەریکبوو دەرکەوم کە شەوکەت بە حەپەساوی و هەڵچوونەوە گوتی : "بۆ کوێ دەچی دایە ؟ "

" دەگەڕێمەوە ." لە هەیوانەکەوە تێپەڕ بووم ، وەکوو سەهۆڵ وابوو . وێنەکانم خستە سەر میزەکەی سەر دۆشەکەکەی ئەو گۆشەیەکی کەوا ڕەشە چوار ڕۆژی تەواو لەوێدا دادەنیشت و لەگەڵ باوکمدا باسی وێنە و نەخش و ڕێنوێنییەکانیان دەکرد و باوکیشم لەسەر دۆشەکەکەی خۆی لەبەرامبەریدا دادەنیشت . لەناکاو لەبەر تیشکی مۆمەکە ڕەنگێك ژوورەکەی گرتەوە تیشکێك یان وەکوو گەرماییەك و گیانلەبەرێکی خێل بوو ! وەکوو ئەوە وابوو کە شتێك لەناکاو کەوتبێتە جووڵە جووڵ . بە بێدەنگی و بە ڕێزەوە بەبێ ئەوەی کە هیچ بجوڵێمەوە ماوەیەکی درێژ تەماشای وێنەکانم کرد ئەگەر تۆزێك بجووڵابینەوە ئەو هەوایەی کە بۆنی لاشە بێگیانەکەی لە ژوورەکەیترەوە دەهێنا ، تیشکی مۆمەکەی دەجووڵاندەوە و بەو جۆرەش ئێمەش واماندەزانی کە وێنەکانی باوکم دەجووڵێتەوە لەبەر ئەوەی وێنەکان بوو بوون بە هۆی کوژرانی باوکم لە پێش چاوم گەورە بوو بوون . نازانم لەبەر سەیر و سەمەرەیی ئەسپەکە بوو یان وەکوو لەبەر بێ وێنەیی سوورەکە و خەماوی بوونی درەختەکە و مەینەتی عەوداڵە بوو کەوا دەستی سێحرم لێکەوتبوو یان وەکوو لە بکوژەکە دەترسام کە باوکم و لەوانەیە کەسیتریشی لەبەر ئەوانەکوشتبێ . ماوەیەکی دواتر من و ڕەشە تێگەیشتین بێدەنگییەکەمان بەو ئەندازەیەی کەوا لە وێنەکانەوە دێت ئەوەندەش لە تەنیا مانەوە لە ژوورێکەوە دێت هەر بۆیە هەردووکمان ویستمان قسە بکەین . وتم : " بەیانی کە لە خەو هەستاین پێویستە هەرکەس بزانێت کە باوکە بێچارەکەم لە خەودا مردووە و عومری خودای کردووە . " چەندە قسەکەشم

ڕاست بێت بەڵام وادیار بوو کەلە دڵەوە نیە . ڕەشەش بەو بەزمەوە لەگەڵ ئەوەی کە ڕاستی دەگوت بەبێئەوەی کە بڕوای پێبکات گوتی : " بەیانی هەر شتێك باش دەبێت . " ئەگەر بچووکترین جووڵەیەکی بۆ نزیکبوونەوە لە من بکردایە باش دەبوو چونکە دەمویست کەوا باوەشی پێدا بکەم وەکوو چۆن سەری منداڵەکان دەگرم لەنێوان هەردوو دەستمدا سەری بگرم . هەر لەو کاتەدا دەنگی کرانەوەی ژوورەکەی باوکمم بیست ، بەترسەوە ڕاپەڕیم و ڕۆیشتم دەرگاکەم کردەوە و سەیرم کرد . تەماشای ئەو تیشکەم کرد کەوا خۆی لە هەیوانەکەوە دەدزییەوە و بینیم کە ژوورەکەی باوکم بە نیوە کراوەیی ماوەتەوە ، لەرزێك هەموو گیانمی داگرت ، هەیوانەکە وەکوو سەهۆڵ سارد بوو ، ژوورەکەی باوکم لەبەر گەرمای مەنقەڵەکە هێشتا بۆنی لێوە دەهات ، شەوکەت هاتبوو بۆ ئێرە یان وەکوو کەسیتر هاتبوو ؟ لەبەر تیشکی مەنقەڵەکەدا باوکم بە جلی خەو وبە نووستووییەوە بە حاڵ دیار بوو یەکسەر ئەوەم هاتەوە یاد کەوا لەو شەوانەی وا (کتاب الروح) م بۆ دەخوێندەوە دەمگوت : " شەوت باش بێت بابە گیان " و ئەگەر پەرداخێك ئاویشم پێبدایە ئەو دیگوت : " ئاو پێدەرت زۆربێ کچە جوانەکەم " و وەکوو کاتی منداڵیم ماچێکیگۆنامی دەکرد و لە نێزیکەوە تەماشای نێو چاوانمی دەکرد . تەماشای ڕوخسارە ترسێنەرەکەی باوکمم کرد و ترسام . لەلایەکەوە نەمدەویست کە تەماشای ڕوومەتی بکەم لەلایەکیتریشەوە بە هاندانی شەیتان دەمویست کە بزانم ڕوومەتی چەندە ترسێنەر کراوە . بە ترسە ترسێکەوە گەڕامەوە ژوورە بە شێن ڕاخراوەکە ، ڕەشە پەلاماری دام ، پاڵێکم پێوەنا . بەڵام لە تووڕەییدا نەمدەزانی چیدەکەم و لەبەر لەرزەلەرزی تیشکی مۆمەکەدا خۆماندا بەیەکدا وەکوو ئەوەی کە ئاژاوە بکەین و زۆران

www.pertwk.com

بگرین چنگماندا . حەزمان لەوە دەکرد کە خۆمان لەیەك بدەین و دەستی یەك بگرین و دەست لەسینە و بەرۆکی یەك بەند بکەین . تێکەڵاو بوونیمێشکی منیش وەکوو ئەوە وایە وا نیزامی لە داستانی خەسرەوشیریندا باسی دەکات . وەکوو شیرین گوتم : " گۆناکانم ماچ مەکە ! مەیانڕووکێنە ، مەکە! "بەڵام ئایا ڕەشە کە ئەوەندە نیزامی خوێندۆتەوە لەوە تێگەیشتبوو کە هەر لەدوای ئەوە گوتم بیکە ؟

وتم : " تاوەکوو ئەو شەیتانە نەدۆزیتەوە و ئەوە دەرنەکەوێت کە بکوژەکەی باوکم کێیە لەگەڵ تۆدا لەیەك جێگادا ناخەوم . " کاتیٚ لەوێوە بەهەڕا کردن دەرکەوتم شەرمێك تەواوی گیانمی داگرتەوە . چونکە وەها بە قیڕەوە قسەم کرد بوو کە ویستبووم خەیرییە و منداڵەکانیش قسەکانم ببیسن . لەوەش زیاتر دەمەویست تەرمەکەی باوکە بێچارەکەم و مێردەکەم کەوا کەس نازانێت لەژێری کام خۆڵدا پوتورکاوە گویٚ بیستی ئەمە بن . کاتیٚ ڕۆیشتمەوە لای منداڵەکان ئورهان گوتی : " دایە ! شەوکەت هاتە نێو هەیوانەکەوە"

وتم : " دەرکەوتی ؟ و دەستم بۆ لێدانی هەڵبڕی .

شەوکەت وتی : " خەیرییە " و باوەشی پێدا کرد . خەیرییە وتی : " دەرنەکەوت هەر لە ژوورەکەدا بوو . " بۆ ساتێك لەرز دایگرتم و نەمتوانی تەماشای نێو چاوانی بکەم . یەکسەر ئەوەم بە مێشکدا هات کە دوای ڕاگەیاندنی مەرگی باوکم منداڵەکان دەزانن کەوا ناتوانن خۆیان لە تووڕەییەکانی من بپارێزن و هەر بۆ ئەوەش خۆیان دەخەنە پشتی خەیرییە و نهێنییەکانمانی بۆ باس دەکەن و ئەویش لەو هەلە کەڵك وەردەگریٚ حوکممان بەسەردا دەکات و کوشتنی باوکم دەخاتە سەرمن و سەرپەرشتی

منداڵەکان دەدا بە حەسەن ، بەڵیٚ ! وەها دەکات ! هەموو ئەم بیٚعارییانەی لەبەر ئەوەیە کەوا ڕۆیشتۆتە ناو جێگاکەی باوکمەوە . ئیدی هیچ شتێکتان لێناشارمەوە بەراستی وەهای دەکرد . بەشیرینیە بزەیەکم بۆ لێدا و شەوکەتم گرتە باوشمەوە و ماچمکرد .

ئورهان گوتی : " دایە دەڵێم کە شەوکەت چووەتە ناو هەیوانەکەوە ! "

وتم : " بچنە ناو جێگاکەتان و منیش بخەنە بەینی خۆتان تاوەکوو باسی چیرۆکی چەقەڵە بیٚکەڵك و جندۆکە بێڕەوشتتان بۆ بگێرمەوە." شەوکەت گوتی : " بەڵام دایە ! تۆ بە خەیرییەت گوت کە چیرۆکی جندۆکەدارمان بۆ نەگێڕێتەوە بۆ چی ئەو ناتوانێت ئەمشەو باسی ئەوەمان بۆ بکات ؟ "

ئورهان گوتی : " لە شاری بێکەسانیشەوە تێپەڕ دەبن ؟ "

وتم : " تێپەڕ دەبن ! لەو شارەدا هیچ منداڵێك دایك و باوکی نیە ، خەیرییە تۆ بچوو جارێکیتر تەماشای دەرگاکان بکە ئێمە لە نیوەی چیرۆکەکەدا خەومان لێدەکەویٚ . "

ئورهان گوتی : " من ناخەوم . "

شەوکەت وتی : " ڕەشە ئەمشەو لە کویٚ دەخەویٚ ؟ "

وتم : " لە ژووری نەخشکێشاندا ، دەی زووبن باوەشم پێدا بکەن تاوەکوو لەژێر لێفەکەدا گەرم ببنەوە ئەم پیٚساردە هی کامتانە ؟ "

شەوکەت گوتی : " هی منە ، ئەی خەیرییە لەکویٚ دەخەویٚ ؟ " تۆزێك دوای ئەوە کە باسی چیرۆکەکەم کرد ئورهان وەکوو هەموو جارێك خەوی لێکەوت ، دەنگی خۆمم بڕی . شەوکەت گوتی : " دایە ! کە منیش خەوم لێکەوت جێگاکە بەجیٚ ناهێڵی؟"

www.pertwk.com

: " نا ، بە جێتان ناهێلم . " لەراستیشدا نیەتێکی وەهام نەبوو ، بیرم لەوە دەکردەوە کە چەندە خۆشە لە یەکەم شەوی دووهەمین ژیانی هاوسەریمدا لە باوەشی منداڵەکانمدا خەوتووم . سەرەڕای ئەوەی کە مێردێکی قۆز و بە مێشك و بە ویستیشم هەیە و لە ژوورەکەیتردایە بەم بیرانەوە خەوم لێکەوتبوو ، بەڵام خەوەکەم ڕووی ئاسوودەیی نەبوو . لە دواییدا ئەوەم بەبیر هێنایەوە کە لە دونیابیٚخەیرە نائاسوودەکەی نێوان خەووخەیاڵ و هۆشیاریدا لەپێشدا لەگەڵ ڕۆحی تووڕەی باوکمدا دوایین حیسابەکانی خۆمانمان ڕێك و پێك کرد لە دوایشدا لەدەست تارمایی ئەو بکوژە هەڕام دەکرد کەوا دەیەویست منیش بنێریٚ بۆلای ئەورۆحە . بەڵام ئەمەیان لە ڕۆحی باوکم ترسێنەرتر بوو و وازیشی لێنەدەهێنام و هەندێك تەقەڕەقیشی دەکرد . لەخەوەکەمدا ئاگری بەردایە ماڵەکەمان ، دای لە پەنجەرە و دەرگاکە و بەردێکیشی فڕیٚ دایە سەربان ، تەنانەت وەهام بۆ دەهات کە بە زۆر خەریکی کردنەوەی دەرگاکەیە لەدواییدا ئەم ڕۆحە پیسە کە ناتوانم بڵێم لە چ گیانلەبەرێك دەچوو دەستی بە لوورەلوور کرد یان وەکوو لە ناڵە ناڵێکی خەماوی دەچوو. ئیدی هەرلەدوای ئەوە دڵم کەوتبووە ترپەترپ و توندتر لێی دەدا. کاتیٚ لە خەو هەستام ئارەقەیەکی زۆرم کرد بوو ، ئایا بەراستی ئەو دەنگە سەیرەم لە خەودا بیستبوویان وەکوو لە ماڵەوە دەهات و من بەو دەنگە لە خەوهەستاوم ؟ لەبەر ئەوەی لەمە تێنەگەیشتم باوەشم کرد بە منداڵەکانمدا و چاوەڕیٚ مامەوە . خەریکبوو بڕوا بکەم کە ئەو دەنگە دەنگەم لە خەودا بیستووە کە ناڵە ناڵەکە دیسان دەستی پێکردەوە ، هەرلەم کاتەدا تێگەیشتم کە شتێکی گەورە بە دەنگە دەنگەوە کەوتە ناو حەوشەکە . ئەمەش بەرد بوو ؟ زاورم تۆقی . بەڵام

یەکسەر لەمە خراپتریش ڕوویدا دەنگی جیڕەجیڕێکم لە ماڵەوە بەر گویٚ کەوت . خەیرییە لە کویٚ بوو ؟ ، ڕەشە لەکام ژووردا نووستبوو ؟ تەرمی باوکە بێچارەکەم چۆن بوو ؟ خودایا خۆت بمانپارێزە ! منداڵەکان پرخەیان لێوە دەهات . ئەگەر بەرلە زەماوەندەکە بایە وەکوو پیاوی ماڵ هەڵدەستام و بۆ ئەوەی کە بە سەر دۆخەکەدا زاڵ ببم خۆمم ئامادەی ڕوو بە ڕوو بوونەوە لەگەڵ جندۆکەکاندا دەکرد و ترسەکانی خۆمم دەشکاند بەڵام ئێستا بەر چاوم مژاوییە . دیسان باوەشم کرد بە منداڵەکاندا . دەتگوت کە کەس لە دونیادا نەماوە ، کەس نەیدەتوانی یارمەتی من و منداڵەکانم بدات . چاوەڕێی خراپەیەکم دەکرد و دەستم بە دوعا کردن بۆخودا کرد . وەکوو ئەوەی نێو خەونەکانم تەنیا بووم. گوێم لە کرانەوەی دەرگای حەوشەکە بوو ، ئەوە دەرگای حەوشەکە نەبوو ؟ بەڵیٚ . لەناکاو خۆشم نەمزانی کە چی دەکەم ڕاپەڕیم و کراسەکەم کردە بەر و ڕۆیشتم لەسەر پلیکانەکانەوە بە هێواشی گوتم ڕەشە ! شتێکم کردبووە پێم و لە پلیکانەکانەوە دەرۆیشتمە خوارەوە هەر کە لەبەر دەلاٌنی هەیوانەکە دەرکەوتم ئەو مۆمەی کەوا لە چاو پرتکاندنێکدا لە مەنقەڵیهەیوانەکە دامگیرساند بوو کوژرایەوە . بایەکی توند هەڵی کرد بوو بەڵام ئاسمان ساف بوو . کاتیٚ چاوم کرایەوە بینیم کە (مانگی نیوە) بە پیاو چاکی خۆی حەوشەکەی ڕووناك کردبووەوە ، زۆر سارد بوو بەلەرزەلەرز لەوێدا مامەوە ، بۆچی چەقۆیەکم لەگەڵ خۆدا نەهێنا بوو ؟ تەنانەت مۆمدانێك یا خود لەتە تەختەیەکیشم پیٚنەبوو . لە تاریکاییەکەدا بۆ ساتێك چاوم بە جوولانەوەی دەرگاکە لە خۆیەوە کەوت . دواتریش گوێم لە جیڕەی دەرگاکە بوو، وەکوو ئەوی کە لە خەودا بیر بکەمەوە وەهام هاتەوە یاد . عەقڵم لەسەر خۆی بوو بەڵام وامدەزانی لە

www.pertwk.com

حەوشەکەدا ڕێدەکەم . لە ناوەوەی ماڵیشەوە دەنگێکم بیست وەها تێگەیشتم کە ڕۆحی باوکە بێچارەکەم بە ئاسانی لە جەستەی دەرناچێ و زەحمەتی دەکێشێ . کاتێ وەها بیرم کردەوە کە ڕۆحی باوکم سزا دەکێشێ لەلایەکەوە بەزەیی ناو قوڕگمی گرتەوە لەلایەکیتریشەوە دەروونم ئاسوودە بوو و خۆمم ڕاگرت ،ئەگەر ئەم هەموو ترپە ترپە هی باوکم بێ هیچ زیانێك بە من ناگات . بەڵام لە هەمان کاتیشدا کە وامزانی ڕۆحی باوکم بۆ دەرکەوتن لە جەستەی ئازار دەکێشێ ئەوەندە ناڕەحەت بووم کە دوعام کرد خودا یارمەتی ڕۆحی باوکم بدات بۆ دەرکەوتن لە جەستەی . کاتێ بیرم لەوە دەکردەوە لە ڕۆحی باوکم من و مناڵەکانیشم دەپارێزێ دڵم ئاهۆن بووەوە . ئەگەر عیفریتەیەك لەودیو دەرگاکەوە دەیەوێ خراپەیەك بکات با لە ڕۆحە نائاسوودەکەی باوکم بترسێ . هەر لەو کاتەدا خەمی ئەوەم دەخوارد کە نەکائەمە ڕەشە بێت کە بووبێ بە هۆی نائارامبوونی ڕۆحی باوکم . ئایا باوکم دەیەوێ دەرهەق بە ڕەشە خراپە بکات ؟ ڕەشە لەکوێ بوو ؟ هەر لەو کاتەدا تۆزێك لەولای دەرگاکەوە چاوم بە ڕەشە کەوت کە لە کۆڵانەکەدا لەگەڵ یەکێکدا قسەی دەکرد ، ڕاوەستام . هەستم بەوە کرد کە یەکێك لەولای ڕێگاکەوە لە باخچەکەوە قسەی بۆدەکات . وەکوو چۆن زانیم کە ناڵە ناڵەکەی تۆزێك بەرلە ئێستا هی خاوەنی ئەم دەنگە بووە یەکسەر زانیم کە ئەوەش قسەدەکات حەسەنە . جۆرە گریان و پاڕانەوەیەك لە دەنگیدا دیار بوو بەڵام لایەنی هەڕەشە کردنەکەشی لێکەم نەبوو . لە دوورەوە گوێم لێیان بوو ، لە ناو بێدەنگی شەودا خەریکی پاککردنەوەی حیسابەکانیان بوون . هەر لەو کاتەدا تێگەیشتم کە لەم ژیانەدا من و منداڵەکانم تەنیا ماوینەتەوە . وامدەزانی کە حەز لە ڕەشە دەکەم بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت تەنیا

دەمەویست حەزی لێبکەم چوونکە لە دەنگە خەماوییەکەی حەسەن و لە ئازارەکانیدا هەستم بە شتێك کرد بوو کە دڵم داخ دەکات . دەیگوت : " بەیانی قازی و یەنیچەری و شایەتیش دەهێنم و ئەوە دەسەلمێنم کە کاکم هێشتا ماوە و لە وڵاتی عەجەمەکاندا خەریکی شەڕە . " ڕەشە گوتی : " شەکورە ژنی تۆ نیە ژنی کاکی خوالێخۆشبووت بوو . " حەسەن بە متمانەییەوە گوتی : " کاکم سەلامەتە و هێشتا نەمردووە شایەت هەن کە ئەمەیان بینیوە . "

رەشە گوتی : " ئەم بەیانییە قازی ئوسکودار لەبەر ئەوەی مێردەکەی چوار ساڵ نەگەڕاوەتەوە شەکورەی جیا کردەوە ئەگەر سەلامەتە با شایەتەکان ئەوەی پێبڵێن کەلە شەکورە جیا بووەتەوە . " حەسەن گوتی : " ئەگەر مانگێك تێپەڕنەبێ شەکورە ناتوانێ دووبارە شوو بکات ، ئەمە دژی دین و قورئانی کەریمە باوکی شەکورە چۆن ڕیسواییەکەی بەمجۆرە قەبووڵ دەکات . "

رەشە وتی : " زاوا ئەفەندی نەخۆشە و لە کاتی گیاندانایە و خۆیشی بەم زەماوەندە ڕازی بووە . " –: " پێکەوە ژەهرتان داوە بە زاوا ئەفەندی ؟ یان وەکوو لەگەڵ خەیرییەدا ئەم کارەتان سەر خستووە؟"

ڕەشە گوتی : "خەزوورم لەبەرامبەر کردەوەکانت دەرهەق بە شەکورە زۆر نارەحەت بووە ئەگەر کاکیشت سەلامەتبێ ئەتوانێ حیسابی ئەوەت لێپرسێتەوە"

حەسەن گوتی : " ئەمانە هەمووی درۆیە شتانێکن کە شەکورە بۆ ئەوەی بتوانێ لە ماڵ هەڕا بکات دەری خستوون . "

www.pertwk.com

لە نێو ماڵەوە دەنگی قیژەیەك هات ! خەیرییە بوو ، لە دواییدا شەوكەتیش قیڕاندی ، قیڕەیان كرد بەسەر یەكدا . بتەوێ و نەتەوێ منیش لە ترساندا قیژاندم و بە بێیەوێ كە بزانم چیدەكەم بەرە و ماڵ هەڕام كرد . شەوكەت لە پلیكانەكەوە بە هەڕا كردن هاتە خوارەوە و گوتی : " باپیرم وەكوو سەهۆڵە ، باپیرم مردووە . " باوەشمان كرد بەیەكدا وگرتمە باوەشمەوە ، خەیرییە هێشتا دەیقیژاند ئەمجارە شەوكەت گوتی : " دایە ! خۆ تۆ ئێمەت بەجێنەدەهێشت ؟ ! " و دەستی بە گریان كرد عەقڵم لەلای ڕەشە بوو كە لەلای دەرگای حەوشەكەدا ڕاوەستا بوو . لەبەر ئەوەی مێشكی لەلای حەسەنەوە بوو نەیدەتوانی دەرگاكە دابخاتەوە . گۆنای شەوكەتم ماچكرد ، باوەشم پێدا كردو بۆنی ملیم كرد و ئاهۆنم كردەوە و دام بە باوەشی خەیرییەوە و بە هێواشی گوتم ئێوە هەردووكتان بچنە ژوورەوە . ڕۆیشتنە ژوورەوە ، منیش گەڕامەوە بۆلای دەرگای حەوشەكە . وامدەزانی كە ئەگەر چەند هەنگاوێك لەملای دەرگای حەوشەكەوە ڕاوەستم حەسەن نامبینێ. جێگاكەی لەوبەرەوە لەلای باخچە تاریكەكەدا گۆڕیبوو یان وەكوو ڕۆیشتبووە پشتی دارەكەی لای كۆڵانەكە ؟ بەڵام چاوی بە من دەكەوت و كاتێ قسەی دەكرد ڕووی قسەكانی لە منیش دەكرد . ئەو شتەی كە منی تووڕە دەكرد ئەوە نەبووكە یەكێك قسەم لەگەڵدا دەكات و نایبینم ، بەڵكوو ئەوە بوو كە هەرچی تاوانباری دەكردین لە ڕاستیدا منیش هەقم پێدەدا و وەكوو چۆن باوكم دەیگوت و هەمیشە تاوانباری دەكردم تێگەیشتم كە بەڕاستی تاوانم هەیە و لەوە زیاتریش زانیم كە عاشقی ئەم پیاوەم كەوا ئەم قسانە دەكات و هەرئەوە شە كەتووڕەم دەكات . خودایا خۆت یارمەتیم بدە ! عەشق سزا كێشانێكی لە خۆڕایی نیە ، مەگەر ڕێگای

گەیشتن بە تۆ نیە ؟ حەسن گوتی كە من و ڕەشە بووین بە یەك و باوكمان كووشتووە ، هەر وەها وتیشی كە قسەی مناڵەكانی بیستووە و لە ڕاستیدا هەر شتێك وەكوو ڕۆژ ڕوون و ئاشكرا بووەتەوە . بە قسەی خۆی بەیانی هەموو شتێكی بۆ قازی دەگێڕایەوە ، ئەگەر من تاوانبار نەبایەم دەستم بە خوێنی باوكم سور نەبایە تاوەكوو گەڕانەوەی كاكی باوكایەتی بۆ من و مناڵەكانم دەكرد بەڵام ئەگەر من تاوانبار بایەم و زۆر بێبەزەییانە حاشام لە مێردەكەم بكردبایە كەوا لە شەڕدا گیان دەدا ئەوا هەر جۆرە سزایەكم هەق دەكرد . كە ئەمانەمان لە پشتی دارەكەوە بە لێبووردەییەوە گوێ لێبوو، بۆ ماوەیەك بێدەنگ ماینەوە .

حەسەن ئەمجارە بە شێوازێكیترەوە گوتی : " شەكوورە ! ئەگەر ئێستا بە دڵی خۆت بگەڕێیتەوە بۆ ماڵی مێردەكەت و دەستی مناڵەكانت بگریت و بەبێ ئەوەی كە كەس بتهێنێ خۆت بگەڕێیتەوە منیش باسی ئەم زەماوەندە دروستكراوە ناكەم و تاوانەكانیشتان لەلای كەس باس ناكەم و لێتان دەبوورم و بەیەكەوە ساڵانێكیتر چاوەڕوانی گەڕانەوەی كاكم دەكەینەوە . " ئەمە سەرخۆش بوو ؟ خەمم بۆ ئەوە دەخوارد كە نەكا ئەو شتەی وا لەپێش چاوی شووەكەمدا بەمنی دەڵێ ببێ بە هۆی كوژرانی . لەنێو دارەكانەوە بانگی كرد و گوتی : " تێدەگەی ؟ " لە نێو تاریكاییەكەدا نەمدەزانی كە بە تەواوی لە كوێدایە. خودایا یارمەتی ئێمە و هەموو عەبدە تاوانبارەكانت بدە!

وتی : " شەكورە ! دەزانم تۆ ناتوانیلەگەڵ پیاوێكدا لەژێر بانیماڵێكدا بژیت كەوا باوكتی كوشتووە." بۆ ساتێك ئەوە هات بە عەقڵمدا كە لەوانەیە ئەو باوكمی كوشتبێ و ئێستا پێمان ڕادەبوێرێ . ئەم حەسەنە شەیتان بوو

www.pertwk.com

، لەوانەیە کە واش نەبێ . ڕەشە ڕووی کردە تاریکاییەکە و وتی : " حەسەن ئەفەندی گوێ ڕاگرە : ڕاستە کە خەزوورم مردووە بەڵام ناپیاوێك کوشتوویەتی . "

حەسەن گوتی : " بەرلە زەماوەند کوشتوویانە وانیە ؟ لەبەر ئەوەی دژی ئەم زەماوەندە بووە و ئەو جیا بوونەوەی پێ نادروست بووە و دژی شایەتی درۆینە بووە کوشتووتانە . ئەگەر ڕەشەی بە پیاو بزانییایە ساڵانێك بەرلە ئێستا کچەکەی خۆی پێدەدا . " لەبەر ئەوەی ساڵانێك لەگەڵ من و ڕەحمەتی مێردەکەمدا ژیاوە ڕابردووی ژیانی هەموومان دەزانێ لەوەش زیاتر قسەکانی من و مێردەکەم و بیرەوەریەکانمانی دەزانی ، لەوە دەترسام کە ئێستاکانە ئەوانە بهێنێتەوە یادم و ئەوسامنیش تێبگەم کە چەندە بەرامبەر بە ئەویش دوور بوومەتەوە و بێگانەم .

ڕەشە گوتی : " ئێمە گومان لەوە دەکەین کە تۆ کوشتبێتت . "

وتی : " ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئێوە بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە بژین کوشتووتانە کەچی من سەبەبێکم نیە تاوەکوو بیکوژم . "

ڕەشە گوتی : " بۆ ئەوەی کە ئێمە پێکەوە نەژین کوشتووتە ، کاتێ ئەوەت بیست کە ڕێگای بە جیا بوونەوەی شەکورە و زەماوەند کردنی ئێمە داوە عەقڵت لەسەر دەرپەڕی و هار بووی ، خۆی لە خۆیدا لەبەر ئەوەی شەکورەی بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵ هاندا بوو تۆ ڕقت لە زاوا بووە . دەتەویست تۆڵەی لێبسێنیتەوە چونکە دەتزانی تاوەکوو ئەو ساغ و سەلامەت بێ شەکورە ناگەڕێتەوە . "

حەسەن گوتی:"درێژەی پێمەدە،گوێ لەمانە ناگرم. ئێرە زۆر ساردە بۆئەوەی سەرەنجتان ڕابکێشم بەردم فڕێ دەدا بەڵام تاوەکوو ئێوە هاتن ڕەقم بردەوە هیچ گوێتان لێم بوو؟"

من وتم : "ڕەشە لە ژوورەوە تەماشای وێنەکانی باوکمی دەکرد . " بەم گوتنە کارێکی هەڵەم کرد بوو ؟ وەکوو ئەوەی کە منیش جار بە جار لەگەڵ ڕەشەدا بە شێوەیەکی ساختە و دروستکراو قسەم دەکرد حەسەن ئاوەها قسەی دەکرد و گوتی : " شەکوورە خان ! لەبەر ئەوەی کە تۆ ژنی براکەمی و شەرعیش وادەزانێ کە تۆ هێشتا هاوسەرت هەیە ئەگەر دەستی منداڵەکانت بگری و بگەڕێیتەوە بۆ ماڵی ئەو قارەمانە سووپاییەکارێکی زۆر باش دەکەی "

وەکوو ئەوەی بچپێنم لەو شەوەدا گوتم " نا حەسەن ، نا ."

وتی : " ئەو کاتە منیش بە گوێرەی ئەو بەرپرسیارییانەی بەرامبەر کاکم هەمە و لەبەر ئەو شتانەی کەوا بیستم بە ناچاری بەیانی دەچمە لای قازی و هەموو شتێکتان بۆ باسدەکەم ئەگینا دوایی حیسابم لێدەپرسنەوە ."

ڕەشە گوتی : " خۆی لە خۆیدا حیسابت لێدەپرسنەوە ، کە تۆ بەیانی بچیتە لای قازی منیش بەیانی ئەوە ڕادەگەیەنم کە تۆ پیاوی خۆشەویستی پادشا یانی زاوا ئەفەندیت کوشتووە . "

حەسەن بە هێمنییەوە گوتی : " باشە ، وەها بڵێ . "

قیژەیەکم کرد و گوتم : " ئەشکەنجەتان دەکەن ، مەچن بۆلای قازی هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە تۆزێك چاوەڕێ بن . "

حەسەن گوتی : " لەئەشکەنجە ناترسم ، دووجار ئەشکەنجە کراوم و باش تێگەیشتووم کە هەر ئەوە دەتوانێ تاوانبار و بێتاوان لەیەك جودا

www.pertwk.com

بکاتەوە ، با خۆ بەدەستەوە دەران بترسن من باسی وێنەکانی زاواش بۆ قازی و (شیخ الاسلام) و فەرماندەی یەنیچەرییەکان دەکەم. ڕاستی! هەرکەس باسی ئەوانە دەکات چییان تێدایە؟"

ڕەشە گوتی : " هیچیان تێدا نیە ؟ "

–" کەواتە یەکسەر تەماشاتان کردوون . "

" زاوا داوای لە من کرد کە کتێبەکەی تەواو بکەم . "

" باشە ئەگەر خودا بییەوێ پێکەوە ئەشکەنجەمان دەکەن . "

هەر دوو بێدەنگ بوون ، لە دواییدا دەنگی پێیمان لە باخچە بچۆکەکەوە بیست. دەچوو یان وەکوو بەرە و لای ئێمە دەهات ؟ نە چاومان پێی نەکەوت نەوەکوو زانیمان کە چی دەکات . ڕۆیشتنی لە نێوان درك و داڵ و تووترکەکانەوە شتێکی زەحمەت بوو . خۆ دەیتوانی بەبێئەوەی کە ئێمە بیبینین لە نێو باخچەکەوە لەبەر دەمی ئێوەوە تێپەڕ ببێت . بەڵام دەنگی پێیەکمان نەبیست کە بەرە و لای ئێمە نزیك بێتەوە بانگیم کرد و گوتم : " حەسەن ! ". بەڵام چرتەیەکیش نەهات، ڕەشە وتی بێدەنگ بە ! هەر دووشمان لەسەرمادا دەلەرزاین ، بەبێئەوەی کە چاوەڕوان بین دەرگاکانمان توند بەست و ڕۆیشتینەوە ناو ماڵ. بەر لەوەی کە بچمە ناو ئەو جێگایەی وا منداڵەکان گەرمیان کرد بووجارێکیتر سەیری باوکمم کرد ، ڕەشەش دانیشت و سەیری وێنەکانی کرد .

((من، ئەسپ)) (35)

تەماشای بێدەنگی و ئاسوودەییەکەی ئێستام مەکەن ، لە ڕاستیدا ئەوە سەدان ساڵە کە من قسە دەکەم ودەشتەکان تێپەڕ دەکەم و دەچمە ناو شەڕەکانەوە ، کچی پادشاکان دەبەم و دەیاندەم بە شوو ، لەبەسەر هاتەوە دەچمە ناو مێژوو لە مێژووشەوە دەچمە ناو ئەفسانە و لە کتێبەوە بۆ یەکێتر و لە لاپەڕەیەکیتر بۆ ئەویتر غارم دەدەن . لەبەر ئەوەی لە نێوان دەیان بەسەر هات و چیرۆك و کتێب و شەڕدا جێگام گرتووە و هاوڕێیەتی قارەمانەنەکۆنەکان و عاشقەئەفسانەییەکان و لەشکرە خەیاڵییەکانم کردووە و لەسەفەرەکانی پادشا سەرکەوتووەکاندا غارم داوە وێنەی زۆریان کێشاوم . ئەوەندە کێشرانی ڕەسمت چ جۆرە هەستێکی تێدایە ؟ سروشتییە کەوا شانازی پێوە بکەم ، بەڵام هەموو جارێکیش پرسیاری ئەوە دەکەم کە ئایا ئەوەی وا دەیکێشن بەراستی منم یان نا ؟ چی لەم وێنانەوە تێدەگەن ؟ لە مێشکی هەر کەسێکدا بە جۆرێك کێشراوم ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەست دەکەم کە لە نێو هەموو وێنەکاندا لایەنێکی هاوبەشم هەیە . کە کۆنەکاران

www.pertwk.com

باسی دەکەن و منیش گوێم لێبووە کە پاشای کافرەکان ویستوویە لەگەڵ کچی دۆچی وەنیزدا زەماوەند بکات و دەیخوازێت بەڵام ئەگەر کچی دۆچە وەنیزییەکە ناشیرین بێت چی دەبێت ؟ هەر لەبەر ئەوەش بە شێوەکارێکی لێهاتوو و زانا دەڵێت کە بچۆ وێنەی کچی دۆچ و ماڵ و سامانەکەیم بۆ بکێشە . ئەم وەنیزیانەش خۆ نازان نامەحرەم چییە ! نەتەنیا کچەکانیان بۆ دەردەخەن بەڵکوو مایینەکانیشیان بۆ دەردەخەن و دەرگای کۆشکەکانیشیان بە ڕووی شێوەکاردا دەکەنەوە . شێوەکاری هونەرمەندیش وەها دەیانکێشێت کە ئەگەر بیانبینێت یەکسەر دەیانناسێتەوە . پادشای فەڕەنسییەکان لە حەوشی کۆشکەکەدا دەڵێ بیخوازم یان نا و تەماشای وێنەکان دەکات . لە ناکاو ئەسپێك چاوی بە وێنەی مایینەکە دەکەوێت و دەیەوێ لێی بپەڕێ و ئەوندە پێیدا دێنێت و دەیبات کە وێنەکە بە چوار چێوەکەیەوە تێکدەچێ و خراپ دەبێ ، لە دوایشدا قاوە دەخەنە دەمی ئەسپەکە و بە زۆری ئاهۆنی دەکەنەوە. دەڵێن ئەو شتەی کە ئەسپەدابەستەکەی هار کرد بوو و بوو بوو بە هۆی ئەوەی کە شتەکەی ڕەپ ببێ جوانی مایینەکە نەبوو.. خۆ بۆ جوانی بڵێی جوان بووە– بەڵکوو ئەوەیە کە توانیویانە وێنەی مایینەکەی وەکوو مایینێکی ڕاستەقینە بکێشن . ئێستاکانە ئەگەر وەکوو ئەو مایینە وێنەکەت وەکوو مایینێکی ڕاستە قینە بکێشرێت تاوانە ؟ بەم حاڵەی خۆمەوە وەکوو ئێوە دەزانن فەرقێکی ئەو تۆم لەگەڵ وێنەی ئەسپەکانیتردا نیە خۆ لە ڕاستیدا ئەوانەیواسەیرم دەکەن ئەگەر سەرەنج بدەنە سەر پشت و جوانی قاچەکانم و شانازی کردنم لە کاتی ڕاوەستاند تێدەگەن کە من لەگەڵ وێنەی ئەسپیتردا فەرقم هەیە ، بەڵام ئەم جیاوازییە لە ئەسپایەتییەکەمەوە نایەت بەڵکوو لە جیاوازی بوونی

هونەری شێوەکارەکەوە دێت کەوا منی کێشاوە . هەمووشتان دەزانن کە ئەسپێکی وەکوو من وجوودی نیە من تەنیا وێنە خەیاڵی ئەسپێکم لە دەروونی شێوەکارێکدا . تەماشای من دەکەن ودەڵێن : وای ! ئەم ئەسپە چەندە جوانە ! بەڵام لەڕاستیدا ئەوە پەسەنی من نادەنەوە بەڵکوو پەسەنی شێوەکارەکە دەدەنەوە. هەموو ئەسپەکان لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییان هەیە و پێویستە بەر لە هەر کەسێك شێوەکاران هەست بەمە بکەن . وەرن سەیر کەن تەنانەت شتە درێژەکەی هیچ ئەسپێکی بەستەواریش وەکوو هیتر نیە ، دەتوانن لە نزیکیشەوە سەیری بکەن تەنانەت دەتوانن دەستیشی پێدا بێنن، ئەوەی من ماشەڵای لێبێ تیپێکی تایبەتی هەیە، شتێکی زۆر جوانە بەس تەنیا تۆزێك پێچ و پڵوچی تێدایە.

لەگەڵ ئەوە کە خودای گەورە و بە شکۆ ئێمەی یانی هەموو ئەسپەکانی کێشاوە ، بۆچی دیسان شێوە کارەکان لەبەر خۆیانەوە ئێمە دەکێشنەوە ؟ بۆچی بەبێ ئەوەی کە تەماشای ئێمە بکەن ، پەسەنی خۆیان دەدەن و دەڵێن کە وێنەی هەزاران ئەسپمان کێشاوە ؟ چونکە دەیانەوێ لە شێوەی دیتنی خۆیان زیاتر بە چاوە خوداوە بیانکێشن . ئەمە بە واتای شەریك دانان بۆ خودا یان وەکوو (حاشا!) بە مانای ئەوە نایەت کە شێوەکار دەیەوێ بڵێ منیش دەتوانم ئەو شتە دروستبکەم کەوا خودا دروستی کردووە ؟ ئەو شێوەکارانە کەوا بە بینراوەکانی خۆیان قەناعەت ناکەن و ئەسپەکەی نێو خەیاڵیان وەکوو ئەوەی کە هی خودابێ دەکێشنەوە مەگەر لەگەڵ خودا کێبەرکێ ناکەن و بێدینی ناکەن ؟

نەریتی تازەی ڕۆژ ئاواییەکان بێدینی نیە بەڵکوو بە پێچەوانەوە بە گوێرەی دینەکەمانە . ئامان ! با برا ئەرزڕوومییەکانم بە هەڵە لێمان

www.pertwk.com

تێنەگەن ، من حەز لە ژنە ڕۆژ ئاواییەکان ناکەم کەوا بەبێئەوەی بزانن مەحرەمییەت چیە بە نیوە ڕووتی دەگەڕێن و بە قاوەکەی دەستیانەوە لەگەڵ کوڕی جواندا چێژ وەردەگرن. هەر وەها حەزم لە پیاوەکانیشیان نیە کەوا بەبێ سمێڵ و بەبێ ڕیش لە هەموو جێگایەك دەگەڕێن و بڕوا بەوەش ناکەم کەحەزرەتی عیسا(حاشا !) خودایە ، تەنانەت زۆریش لێیان تووڕە دەبم ، ئەگەر یەکێکیشیان دێتەلام دەڵێم کە جووتەیەکی لێبدەم ، لەوەی کە نەچمە نێو شەڕ و وەکوو ژنان لە ماڵدا دابنیشم و بە دەستی شێوەکارانەوە بە هەڵە بکێشرێم بێزار بووم . کە غار دەدەم لە پێشدا دوو قاچی پێشەوەم بە درێژ کراوی دەکێشن ، ئاخر بڵێ کەی ئەسپ وەکوو کەروێشك باز دەدا ! ئەگەر قاچێکی پێشەوە درێژ کرابێ ئەویتریان لە دواوەیە هیچ ئەسپێکیش وەکوو ئەوەی کەوا لە سەفەرەکاندا کێشراوە قاچێکی پێشەوەی لەزەویدا نیە و ئەویتریشی وەکوو سەگی خاوەن مەراق و زانخواز لە پێشەوە نیە . وەکوو ئەوەی کە هەموو سێبەری یەك بن و لە قاڵبێك دروست کرابن زیاتر لە بیست ئەسپ لەلای یەك کێشراون ، هیچ ئەسپێکی سووپایی لە یەك کاتدا وەکوو ئەسپیتر هەر ئەو پیێدانانێتە سەر زەوی . کە کەسێك تەماشامان ناکات گیا سەوزەکانی بەر دەممان دەقرتێنین و دەیانخۆین و وەکوو ئەوەی کە لە وێنەکدا کێشراوە ڕاناوەستین و بە ناسکییەوە چاوەڕێ نابین . بۆچی ئەوەندە لە خواردن و خەو و خواردنەوە و سەنێرکردنمان شەرم دەکرێت ؟ بۆچی ئەوەندە لە کێشانەوەی ئەم شتەی زلەی من دەترسن ؟ بە تایبەت ژنان و منداڵان ئەگەر کەسێك نەبێ زۆر بە باشی بەمەی من چاوی خۆیان تێر دەکەن کەواتە چ زیانێکی هەیە ؟ مەلا ئەرزڕوومییەکە کە دژی ئەمەشە ؟

دەیگێڕنەوە و دەڵێن کە زەمانی خۆی لە شیرازدا پادشایەکی وەسواس و دوو دڵ هەبووە لەبەر ئەوەی ترساوە کە دوژمنەکانی لەسەر تەخت لایبەرن و کوڕەکەی بخنە جێگاکەی شازادەکەی وەکوو پارێزگار نەناردووە بۆ ئیسفەهان و لە ژوورێکی کۆشکەکەدا زیندانی کردووە . شازادە لە باخچەی حەوشەکەدا لە ناو ژوورێکی شاراوەدا سی و یەك ساڵ بە بەند کراوی ژیانی بردووەتە سەر. لەدوای مەرگی باوکی شازادە جێگای دەگرێتەوە . ئەم شازادەیە بە کتێب گەورە بووە، کاتێ دێتە سەر حوکم دەڵێت : " ئادەی ئەسپێکم بۆ بێنن ، لەکتێبەکاندا زۆرجار وێنەیم بینیوە ، بابزان چۆن شتێکە " . جوانترین ئەسپی دەشتاییەکەی کۆشکیان بۆ هێنا . کاتێ چاوی بە لمۆزی دەکەوێ کە لە کلاو و ڕۆشنە دەچێ و دەزانێ سمتی قونە بێ ئەدەبەکەشی وەکوو ئەوەی ناو وێنەکان نابریقێنەوە و پاشەڵێکی ناحەزیشی هەیە بە پەشۆکاوییەوە هەموو خەیاڵەکانی ورد و هان دەبێ و دەستوور دەکات کە تەواوی ئەسپەکانی وڵات بکوژن . ئەو کوشتارەی کە چل ڕۆژ بەردەوام دەکات ڕەنگی وڵاتەکە دەکات بە ڕەنگی پێسە و خوێن . ئەنجامی عەداڵەتەکەی خوداش وای لێدێت کە ئەم پادشا تازەیە لەبەر دەم هێزەکانی توورکمەن ئاغای کاراقویونلوەکاندا بێ هێزی سوارە دەمێنێتەوە و شکست دەخوات و لە دوایشدا هەنجن هەنجنی دەکەن و دەیکوژن ئەمەشلەبەر ئەوە بوو کە کەس خەمەی ئەوە نەخوات کەخوێنی ئەسپەکان وەکوو ئەوەی ناو کتێبەکان لە زەویدا ماوەتەوە .

www.pertwk.com

((ناوی من ڕەشەیە)) (36)

کە شەکورە و منداڵەکانی ڕۆیشتنە ناو ژوورەکەی خۆیانەوە ماوەیەکی زۆر گوێم لە دەنگە دەنگی ئەوان و قوتەقوتە بێکۆتاییەکانی نێو ئەو ماڵە بوو . ماوەیەك شەوکەت و دایکی بە چپەچپەوە هەندێك قسەیان پێکەوە کرد بەڵام لە دوایی دایکی بە شەش وە بێدەنگی کرد . هەر لەو کاتەدا لەلای چاڵە ئاوەکەوە دەنگی کرتە کرتێ هات بەڵام بەردەوامی نەبوو . لە دوایشدا سەرنجم دایە سەر باڵندەیەکی نەوڕەس کە چوو بووە سەربانەکە ، بەڵام ئەویش وەکوو هەر شتێکیتر لە ناو بێدەنگیدا خۆی نێژا .

ناڵە ناڵەێکم بیست ، دیار بوو کە لە قووڵایی دڵەوە دەهات ، دوایی تیچگەیشتم کە لە هەیوانەکەوە دێت، خەیرییە بوو لە خەودا دەگریا ، لە دواییدا ناڵە ناڵەکانی بوو بە کۆخەکۆخ کردن ، کۆخەکەیشی لە خۆیەوە تەقایەوە و ڕاوەستا و دووبارە ئەو بێدەنگییە بەربادە بێ کۆتاییە دەستیپێکردەوە . تۆزێك دواتریش وامزانی لەو ژوورەیدا وا تەرمی زاواکەمانی لێیە کەسێك دێت و دەچێ ، ڕاوەستام لە تەواوی ماوەی ئەو بێدەنگییەدا تەماشای وێنەکانم دەکرد وخەیاڵی ئەوەم دەکرد کە دەبێ زەیتوونی مەفتوون و پەپوولەی چاو جوان و جوانکارە خوالێخۆشبووەکە چۆن فلْچەیان بەسەر ئەم لاپەڕانەدا کێشابێ . دەمەویست وەکوو ئەوەی کە هەندێك لە شەوان زاواکەمان دەیکرد بانگی یەك بە یەکی وێنەکان بکەم ، شەیتان! مەرگ ! کەچی ترسێك ڕایدەگرتم . سەرەڕای هەموو پێدا گرییەکانی زاوا ئەفەندی نەمتوانیبوو کە هەریەکە وداستانێك بۆ ئەو وێنانە بنووسم . هەر ئەمەش بوو بوو بە هۆی ئەوەی کە بە ئەندازەی خۆی تووڕە ببم ، لەبەر ئەوەی خەریکبوو ئەوە لە مێشکمدا جێگیر دەبوو کە مەرگی زاوا ئەفەندی لەبەر ئەمانە بووە ، هەستم بە ترس و نائارامییەك دەکرد تەنیا لەبەر نزیك بوونەوە بە شەکوورەش بێ بە ئەندازەی خۆی لەگەڵ زاوادا تەماشای ئەم وێنانەم کرد بوو و داستانەکانیشم گوێ گرتبوو . مادام کە ئێستا شەکورە بووە بە ژنم بۆچی سەیری ئەم وێنانە دەکەم ؟ هەستێکی بێبەزەییانە لە دەروونمەوە دەیگوت کە " شەکورە لەدوای ئەوەی کە منداڵەکانی کردە خەو نەهات بۆلات " بەڵام بە هیوای ئەوەی کە چاو ڕەشەکەم دێت بۆ لام لەبەر تیشکی مۆمەکەدا ماوەیەکی درێژ بە تەماشا کردنی وێنەکانەوە چاوەڕوان مامەوە . بەیانی کاتێ بە قیژە قیژی خەیرییە

www.pertwk.com

لە خەو هەستام مۆمدانەکەم هەڵگرت و ڕۆیشتمە ناو هەیوانەکەوە . خەریکبوو وەها بیر بکەمەوە کە حەسەن و پیاوەکانی هاتوونەتە سەرمان و دەمەویست کە بچم وێنەکان بشارمەوە . بەڵام تێگەیشتم کە خەیرییە بە ئەمری شەکورە وەها دەکات و دەیەوێ مەرگی زاوا بە خەڵکی گەڕەك و منالەکان ڕابگەیەنێت . لە هەیوانەکەدا لەگەڵ شەکورەدا ڕوو بە ڕووی یەك بووینەوە دەستمان کرد بە ملی یەکدا و باوەشمان کرد بە یەکدا .

منداڵەکانیش کە بە دەنگە دەنگی خەیرییە لە خەو هەستا بوون و هاتبوونە دەرەوە لە جێگای خۆیاندا ڕاوەستا بوون . شەکورە گوتی : " باپیرتان مرد نەچنە ناو ژوورەوە ." لە باوەشم دەرکەوت و ڕۆیشتە لای باوکی و دەستی کرد بەگریان . منیش منداڵەکانم بردە ناو ئەو ژوورەی وا لێیەوە دەرکەوتبوون . وتم : " جلەکانتان بگۆڕن سەرما دەخۆن ." لەپاڵ جێگاکەیاندا دانیشتم . شەوکەت گوتی: "باپیرم شەو مردووە ئەم بەیانییە نەمردووە" لەولایتریشەوە لەسەر جێگاکە بە تاڵێك قژی شەکورە جوانەکەم پیتی (واو) نوسراو بوو . لە ژێر لێفەکەدا هێشتا گەرمای شەکورە مابوو . ئێستاش گوێمان لە دەنگی گریان و هاواری شەکورە و خەیرییە بوو .

جۆرێك هاوار و قیڕەیان دەکرد کە باوکی بە شێوەیەکی لە ناکاو و نادیار مرد بێت بۆ ساتێك وا بیرم کردەوە کە شەکورەی خۆم ناناسم و جندۆکەیەك لە دروونیدایە کە نائاشنا و نەناسی منە . ئورهان وەکوو ئەوەی کە داوای مۆڵەتی گریان بکات سەیری کردم و گوتی : " دەترسم "

گوتم : " مەترسن ، دایکتان بۆ ئەوە دەگری   کە دراوسێکان لە مەرگی باپیرتان ئاگادار بن و بێن . " شەوکەت گوتی : " ئەگەر بێن چیدەبێت ؟ "

گوتم : " ئەگەر بێن تەنیا ئێمە بۆ مەرگی باپیرتان نارەحەت نابین ، بەڵکوو ئەوانیش نارەحەت دەبن و دەگرین و بەو شێوەش ئازارەکانمان بەش دەبێت و سووك دەبێت . "

شەوکەت قیڕاندی و گوتی : " تۆ باپیرمت کوشتووە ؟ " منیش قیڕاندم و گوتم : "ئەگەر دایکت نارەحەت   بکەی منیش ناتوانم بە هیچ جۆرێك حەزت لێبکەم" وەکوو باوەپیارە و کوڕ پێکەوە قسەمان نەکرد کە   لەنێو دۆڵێکی پڕ لە هاژەهاژدا بن . لەو کاتەشدا شەکورە بۆ ئەوەی دەنگی باش ببیسرێ چوو بووە هەیوانەکە و خەریکی کردنەوەی تەختەی دەلاقەکان بوو . هەستم بەوە کرد کە ناتوانم بێدەنگ بمێنمەوە و چوومە ناو هەیوانەکە و بەیەکەوە خەریکی لێکردنەوەی پەنجەرەکە بووین و لەگەڵیدا چنگماندەدا . بۆ دواجار ڕامانکێشا ، پەنجەرەکە کرایەوە و تەختەکە کەوتە نێو حەوشەکەوە ، خۆر و سەرما دای لە چاو و ڕوومەتمان سەرمان لێشێواو بوو ، شەکورە وەکوو ئەوەی کەوا بانگی دونیا بکات دەیقیژاند و هۆن هۆن دەگریا . کە بە قیڕەقیڕ و هاوارەوە مەرگی زاواکەمان بە خەڵك ڕاگەیاندرا مەرگەکەیم لەوەی کە هەبوو بە ئازارتر و مەترسیدارتر هەست کرد . دەتەوێ کە ڕاست بێت یان نەبێت بەڵام گریانی ژنەکەم منی دڵگیر دەکرد و منیش بە شێوەیەکیچاوەڕوان نەکراوەوە دەستم بە گریان کرد . نەمدەزانی کە ئایا بەراستی لەبەر خەفەتی مەرگی زاوا دەگریام یان وەکوو لە ترسی ئەوەی کە بە تاوانباری مەرگەکەیم لەقەڵەم بدەن دەگریام. شەکورە دەیقیڕاند ودەیگوت : " باوکە ڕۆ ! هەی ڕۆ هەی ڕۆ ! باوکە ڕۆ باوکە ڕۆ! " قسەکان و هەنیسکەکانی منیش هەر بەو شێوەیە بوو بەڵام نەمدەزانی کە چی دەڵێم . ئەو کاتەش بە چاوی خەڵکی ئەو گەڕەکەوە کەوا لە سووچی دەرگا و بەینی

www.pertwk.com

پەنجەرەکانەوە سەیری ئێمەیان دەکرد تەماشای خۆمم کرد و زانیم کە کردەوەکەم ڕاست و دروستە . کە زیاتر دەگریام لە گومانی ڕاستی و ناڕاستی فرمێسکەکان و دوو دڵی و تاوانبار کردنم بە پیاو کوژی و ترسی هاتنی حەسەن و پیاوەکانی پاکتر دەبووەوە .

شەکورە هی من بوو وامدەزانی کە بە گریانەکەشمەوە پیرۆزبایی ئەمە دەکەم . ژنەکەم (کەوا باوکە ڕۆی دەکرد) کێشایە لای خۆمەوە بەبێئەوەی کە گوێ بدەمە ئەوەی کە منداڵەکلان بە گریانەوە نزیك دەبنەوە ماچێکی گۆنایم کرد سەرەڕای گریانەکەشم هەستم بەوە کرد کە گۆناکانی وەکوو لیفە ئاوڕێشمینەکەی نەرمە و وەکوو کاتی منداڵیشمان دیسان بۆنی بادامی لێوە دەهات .

لەدوایشدا لەگەڵ منداڵەکاندا چووینە لای تەرمی باوکی . ئیدی وەکوو ئەوەی کە ئەمە لاشەیەك نەبێت کە ڕۆژێکە مرد بێت و بۆنی کردبێ ، بەڵکوو وەکوو ئەوەی کەوا تازە مرد بێت (لاالەالااللا) م بۆ گوتەوە کە بەر لە مردن دووبارەی بکاتەوە و لەبەر ئەم دوایین قسەیە بچێتە بەهەشت . لە دوایدا وەکوو ئەوەی کە زاوا ئەفەندی دووبارەی کرد بێتەوە وە وەها هەڵسووکەوتمان کرد و تەماشای ڕوومەتە پارچەکراوەکەی باوکمان کرد و بۆ ساتێك پێکەنین . هەر لەو کاتەدا دەستم کردەوە و یاسینێکم خوێندەوە ، هەموو بێدەنگ بوون و گوێیان لێڕاگرتم . بە پەڕۆیەکی پاکەوە کە شەکوورە هێنا بووی دەمە کراوەکەیمان بەست و چاوە شەق بردوەکەشمان بەبەزەیی خۆشەویستیەوە داخست و جەستەیمان بە سووکی گێڕایەوە لایراستدا و خەواندمان و ڕوومەتە نەماوەکەیشمان بەرەو قیبلە دانا، شەکورە سەرچەفێکی پاکی دابەسەر باوکیدا . زۆرم پێخۆشبووکە منداڵەکان وەکوو

پزیشکێك بە سەرەنجەوە سەیری هەموو ئەم شتانەیان دەکرد . کاتێ گریانەکەشیان تەواو بوو بێدەنگییەك ژوورەکەی داگرتەوە . لە دوایشدا هەستم دەکرد کە بەراستی ژنێکم هەیە و خاوەنی ماڵ و منداڵی خۆمم ئەمەش لە هەموو جۆرە بیرێکی ترسێنەر بۆ من باشتر بوو . وێنەکانم کۆ کردەوە و لە ناو بەرگبەستەکەدا جێگام کردنەوە ، عەبا ئەستوورەکەم کردەوە بەرو بە هەڕا کردن لە ماڵ دەرکەوتم و وەکوو بڵێی کە نەمبینیبێ لە حەوشەکە مانەوە لە پاڵ ئەو پوورە پیرەی دراوسیٚوە تێپەڕ بووم کە گوێی لە باوکە ڕۆکەی ئێمە بوو و لەگەڵ نەوە چڵمنەکەیدا بۆ دڵدانەوەی ئێمە هاتبوو . کەوتمە ناو کۆڵانەکەو بەرە ومزگەوتی گەڕەك بەڕێ کەوتم . ئەو کونە مشکەی کەوا ئیمام دەیگوت ئەمە ماڵمە جێگایەکی بچووك بوو لە پاڵی گومەزە گەورەکەدا لە حەوشە پانەکەدا کە مرۆڤ شەرمی لێدەکرد .

وەکوو ئەوەی کە زۆر زۆر چاوم پێدەکەوت ئیمام ئیدی بەوە ناڕەحەت نەدەبوو کە ئیدی ئەگەر ژنەکەی لە نێوان دوو داری ناو حەوشەکەدا جلە تەڕەکانی ڕابخات. لە حەوشەکەدا دوو سەگی بیٚعار پەلاماریاندام کە دیار دەبوو مەلا بە ئەندازەی بنە ماڵەی خۆی خاوەندارییان لێدەکات ، بەڵام کوڕەکەی بە دەسکەگزگێکەوە ڕاوی نان و منیش لەگەڵ مەلادا لە گۆشەیەکدا دەستم بە قسە کرد . ئیدی دڵنیا بووم کە لەوە ناڕەحەت بووە وا دوێنێ نەمبردووە بۆ مارە بڕینی دوای جیا بوونەوە کە و بە ڕوویەکی ترشەوە گوتی: " خێرە ! دیسان چ بووە ؟ "

وتم : " زاوا ئەفەندی ئەم بەیانییە عەمری خودای کردووە ." بە باشییەوە گوتی : " خودا بە ڕەحمەتی بکات جێگای بە بەهەشت بێ ! " بۆ چی ناوی ئەم بەیانییەم پیٚزیاد کردبوو؟ لە خۆڕاییەوە خۆمم خستبووە ژێر

www.pertwk.com

گومانەوە ؟ لەو ئاڵتوونانەی کەوا دوێنیٚ پێمدا بوو یەکێکیترم خستە ناو دەستەکانیەوە وداوام لێکرد بەر لە نوێژی بەیانی سەڵات بدات و براکەی بانگەواز بکات و مەرگی زاواکەمان بە گەڕەك ڕابگەیەنێت . وتی : " دۆستێکی نیوە کوێری براکەم هەیەکە من و ئەو پێکەوە بە جوانی مردوودەشۆرین . " شتی باشتر لەوە کە زاوا ئەفەندی بە دەستی نیوە کوێریك و شێتێکەوە بشۆردرێت چی هەیە . وتم کە نوێژی مردووەکە لە نیوەڕۆدا دەکریٚ و لە وێنەکیشخانەو مەکتەب و جێگا پلە بەرزەکانەوە زۆر کەس دێن بۆ هەڵگرتنی جەنازەکە . هیچ شتێکم بۆ ڕوونکردنەوەی سەبەبی پارچە پارچە بوونی ڕوومەتی زاوای بەڕێز پیٚ زیاد نەکرد. چونکە بڕیاری ئەوەم دابوو کە تەنیا دەتوانم ئەم کێشەیە لەسەرەوە چارەسەر بکەم . لەبەر ئەوەی کە پادشاکەمان تاقیب کردنی خەرجی کتێبە ڕاسپێردراوەکە بە زاوای دابوو بە دەستی خەزێنەدارکەوە پێویست بوو لە پێشدا خەبەری مەرگی زاواکەمان بۆ ئەو بەرم . هەر بەم مەبەستە چوومە کارخانەی بەرگدرووەکان و چوومە لای ڕاخەرێکی پیر کە لە سەری باوکمەوە خزممان بوو و لە وێشدا کاری دەکرد ، دەستەکانیم ماچ کرد و بە پاڕانەوەیە کەوە باسی ئەوەم بۆ کرد کە ئەبیٚ چاوم بە خەزێنەدار بکەویٚ . لە دوای ئەوەی کە تۆزێك لە ناو شاگردە کەچەڵەکاندا مامەوە کە خەریکی درووني دوو تۆپ پارچەی پێچا و پێچ بوون زانیم کەوا سەر دەستەی بەرگدرووەکان بۆ حیسابێك دەچێتە کۆشك . منیشی خستە پاڵی ئەو .

کەلە دەرگای کانییە ساردەکەوە چووینە مەیدانی گاڵتە لە ڕۆیشتنە مەیدانی بەرامبەر بینای وێنەکێشان و ڕاگەیاندنی مەرگی زاوا بە شێوەکاران ڕزگارم بوو . مەیدانی گاڵتە هەر وەکوو جاران بۆ من تەنیا

دەهاتە پێش چاو بەڵام لە هەمان کاتیشدا پڕ بوو لە دەنگەدەنگ و جەنجاڵ، لە کاتی کۆ بوونەوەی دیواندا لای نووسەرەکان داخوازنامە خواز بە ڕیز ڕادەوەستان و ڕیزەکانیان درێژتر دەبوو و بەر دەرگای گەنجینەکانیشیان چۆڵ دەبوون بەڵام وامدەزانی کە دەنگە دەنگە هەمیشەییەکەی دارتاشخانەکە و نانەوا و پەنجەرەی ژووری نەخۆشەکان و گەوڕەکان و دەنگی ئەسپەکان ، لەبەر ئەو دەرگایەی کە بە سەر سووڕماییەوە تەماشای کەلوەکانیم دەکرد و لە نێو دارە درێژەکانەوە بەر گویٚ دەکەوت . ئەم پەشووکاوییەم گوڕییەوە بە ترسی تێپەڕ بوونم بۆ جاری یەکەم لە دەرگای دووهەم (دەرگای ئاشتی " باب السلام ") . لە دەرگاکەوە سەرنجم دایە سەر ئەو گۆشانەی کەوا دەیانگوت هەمیشە جەللادی لیٚ حازر و ئامادەیە . بۆ ئەوەی کە وابزانن هاوکاری دەکەم تۆپێك قوماشم لەگەڵ بەرگدرووەکەدا هەڵگرتبوو . پاسەوانەکە بە لاچاوێکەوە سەیری کردم بەڵام من هەڵچوونەکەی خۆمم شاردەوە . کە ڕۆیشتینە مەیدانی دێوانەکە بێدەنگییەکی قووڵ هەموو جێگایەکی گرتەوە ، دڵم کەوتبووە کوتەکوت تەنانەت گوێم لە دەمارەکانی تەوێڵ و پشت ملیشم بوو . ئەو باس و تاریفانە کەوا ئەو کەسانە دەیانکرد واهاتوو چۆی ئێرەیان دەکرد و ئەو ڕەنگانەی کەوا زاوا ئەفەندی باسیدەکردن ئێستاکانە وەکوو باخچەیەکی ڕەنگا و ڕەنگ لە پێش چاومدا بوو بەڵام هەستەکانم وەکوو هە کەسێك کە بچێتە ناو بەهەشت وانەبوو ، بەڵکوو لە ناو ترس و دوو دڵییەکدا بووم و هەستم بەوە دەکرد کە پیاوێکی سادەی پادشاکەمانم کە خۆی بونیاتی ئەم دونیایەیە . کە تەماشای تاوسەکانم دەکرد وا سەمایان دەکرد و چاوم بە پەرداخە زێرینەکانی سەر کانیاوەکە کەوت کە خوڕەی لێوەدهات

www.pertwk.com

هەروەهاکاتێ سەیری ئەو فەرمانبەرانم کرد کەوا بە جلی ئاورێشمینەوە وەکوو ئەوەی کە پێیان لە زەوی نەدات ڕێیان دەکرد لە خۆمەوە هەستی خزمەت کردن بە پادشا لە دەروونمدا دەجۆشا.

پێویست بوو کە وێنە نیوە و ناتەواوەکانی بەر دەستم و ڕاسپاردەکانی پادشا و کتێبەشاراوەکەیم تەواو بکردبایە . لە سەر سوورماویی زیاتر بە ترسێکەوە لە نزیکەوە تەماشای کەلوی کۆشکەکەم دەکرد و بەبێ ئەوەی کە بزانم چیدەکەم لە دوای بەرگ درووەکەوە ڕێم دەکرد . وەکوو خەونەکانم بەترس و بێدەنگییەوە لەگەڵ کوڕێکی دەرگاواندا کە خستبوویانە پاڵمان ڕۆیشتینە ناو دیواخان و بینای خەزێنەدارەوە . هەستێکی وا دڵمدا بوو کە لە پێشدا ئێرەم بینیوە و پێی شارەزام. لە دەرگایەکی پانەوە ڕۆیشتینە ناو جێگایەك کە پێیان دەگوت ژووری کۆنی دیوان . لە ژێر گومەزێکی گەورەدا چاوم بە هەندێك وەستا کەوت کەوا بە قوماشەکانی دەستیانەوە و بە پێستی پارچەکراو و کاڵانە زێوینەکانی شمشێر و سندوقی دەستیانەوە چاوەڕێ مابوونەوە . یەکسەر تێگەیشتم کە ئەمانە وەستاکانی پیشەکاری ناو خۆیی کۆشك و پادشان و دەسك دروستکەر و وەستای مەخمەڵ و زەرەنگەری و شتی وەهان . ئەمانە هەموو بۆ حسێبی ڕۆژانە و وەرگرتنی ئەندازەی جلی کەسانی ناوەوە هاتوون کە نابێ هەروەها و لە خۆوە وبەبێ بەرنامە بچیتە لایان . کە لە نێو ئەمانەدا شێوەکارێکم نەبینی زۆرم پێخۆشبوو . ڕۆیشتینە لایەك و چاوەڕوان ماینەوە . جارێك دەنگی نووسەری خەزێنەدار هات کە لەبەر هەڵەیەك دوو جار حسێبەکەی خوێندەوە و بانگی دەکرد . لە دوایشدا گوێمان لە وەستایەکی کلیل ساز بوو کە بە ڕێزێکەوە وەڵامی دایەوە . دەنگەکان ئەگەر کەمیشبێ لە چیە

کردن تێپەڕ دەبوون بەڵام دەنگی شرقەی باڵی کوترەکانی سەر گومەزەکە کە هات و چیان دەکرد لە قسە کردنەکان و گلەیەکانی ئێمەی پیشە کار کە بۆ پارە هاتبووین زیاتر و باشتر دەگەیشتنە بەر گوێ . نۆرە گەیشتە من ، خەزێنەدار چووە ناو ژوورێکی بچکۆلانەوە ، تەنیا بنووسێکی لێ مابووەوە . یەکسەر گوتم کێشەیەکەی گەورە هەیە و پێویستە بۆ خەزێنە داری باس بکەم ، ئەو کتێبەی کە پادشا ڕای سپاردووە لە گەڵ ئەوە کە وا بە گرنگی و بە وردە کاریەوە کاری لە سەر دەکرا بە نیوەی ماوەتەوە . بنووسەکە " هم هممم " یێکی کرد ، وا دیار بوو هەندێك شتی بیستبوو ، منیش وێنەکانی کتێبەکەی زاوا ئەفەندیم پیشان دا . کە چاوم بە ئێکەڵ و پێکەڵ بوونی عەقڵی لە بەر سەیر و سەمەرە بوون و ناباو بوونی وێنەکان کەوت یەکسەر ناو و ناز ناوی زاوا و کارەکەیم وت و ئەوەشم پێ زیاد کرد که لە بەر ئەم وێنانە مردووە . هەموو شتێکە بە پەلە پەل دەگرد ، چونکە ئەگەر بەبێ بینینی پادشا لە کۆشك بگەڕایتمەوە ئەوا هەر کەس دەیگوت کە من زاوام کوشتووە و ئەو حاڵە مەترسیدارەم بۆ دروست کردووە.لە دوای ئەوەی بنووسەکە ڕۆیشت خەبەر بدات بە خەزێنەدار منیش هەندێك ئارەقی ساردم هەڵڕشت . زاوا ئەفەندی پێ وتبووم کە خەزێنە دار هەمیشە لە گەڵ پادشایە و جار جار بەرماڵی نوێژەکەی بۆ ڕادەخا و جار جاریش دەبێ بە هاوو ڕازی . بەڵام ئایا پیاوێکی ئاوەها دەردکەوێ و دێت بۆ لای من ؟

هەر ئەوەش کە هەواڵێکم بۆ ناو دڵی کۆشك بە ڕێ کردووە خۆی شتێکی باوەر پێنەکراوو بوو. حەزرەتی پادشا لە کوێ بوون ؟ چووبووە خوارەوە بۆ لای کەسێك لە گۆێی چمکی ئاوەکەدا ؟ یان وەکوو لە حەرمدا بوون ؟ خەزێنەدار لە گەڵیدا بوو یان نا ؟ زۆر دواتر بانگیان کردم بۆ ناوەوە . بۆ

www.pertwk.com

ساتێك هەستم بەبۆشایی خۆم کرد، یان وەکوو ئەگەر باشتر بڵێم ترسێك هات بە مێشکمدا . بەڵام کاتێ ڕێز و سەر سووڕ ماوی وەستای مەخمەڵەکەم بینی کە لە بەر دەرگاکەدا ڕاوەستابوو ، کەوتمە ناو دڵە ڕاوکێ و هەڵچوونەوە . کە ڕۆیشتمە ناوەوە بۆ ساتێك زۆر ترسام، وام دەزانی کە ناتوانم هیچ شتك بڵێم . سەر پۆشێکی تاڵ تاڵی لە سەردا بوو کە تەنیا ئەو و وەزیرەکان دەیان توانی لە بەری بکەن : خەزێنەدار کێ بوو؟ ئەو وێنانەی کە وا بنووسەکە لە منی وەر گرتبوو دای نابوونە سەر مێزێك و سەیری دەکردن . وەکوو ئەوەی کە من ئەوانەم دروست کردبێ ئا وەها دەترسام . داوێنەکەیم ماچ کرد .

وتی : " کوڕم ! بە هەڵە بیستوومە ، زاواکەت عەمری خودا کردووە ؟ "

نازانم لە بەر هەستی خۆ بە تاوانبار زانین بوو یان وەکوو لە بەر پەشۆکاوی و هەڵچوون بوو کە نەمتوانی وەڵامی بدەمە و بە تەنیا سەرێکم بۆ لەقاند . هەر لەو کاتەدا بە شێوەیەك چاوەڕوان نەکراو و دوو دڵۆپە فرمێسك لە ژێر نیگا سەر سورماو بە چەمکەکانی خەزێنەداردا لە چاوم ڕژان و بە سەر گۆنامدا شۆڕ بوونەوە . هەبوونم لە ناو کۆشکدا وهاتنی خەزێنەدار لە لای پادشاوە بۆ لای من و ئەوندە نزیك بوون بە پادشا حاڵەتێکی سەیری بۆ دروست کردبووم ! نازانم ، دڵۆپێ تریش لە چاوەکانمەوە دادەکەوتن و وەکوو پەتێك بە دوای یەکدا دەهاتن ، بەڵام ئیدی شەرمیشم نەدەکرد . خەزێنەدار گوتی : " چەندە دەتەوێ بگری کوڕم ." بە هەنیسك دانێکەوە دەگریام . وا گومانم دەکرد کە لەم دوانزە ساڵەدا پیر بووم و گەیشتوومەتە قەڵەمەکەی دەستی خۆم . بەڵام کە مرۆڤ ئەوەندە نزیکی پادشا و دڵی دەوڵەت بێتەوە ئەوسا دەزانێ کە وەکوو منداڵێك وایە .

گۆیم نەدایە ئەوەی کە وەستاکانی مەخمەڵ و زەرنگەرەکان گۆیان لە دەنگی هەنیسکەکانم بێت . ئیدی تێگەیشتبووم کە دەتوانم هەموو شتێك بۆ خەزێنەدار ببەم شێوە وەکوو ئەوەی کەوا لە دەرونمەوە دەهات هەموویم بۆ گێڕایەوە . کاتێ لەبەردەم خەزێنەداردا زەماوەندم لەگەڵ شەکورەدا و زۆرایییەکانی کتێبەکەی زاوا ئەفەندی و نهێنییەکانی وێنەکانی داهاتوو و هەڕەشەکانی حەسەن و گیان گرتنەوەی لاشەی زاوا ئەفەندیم دەهاتەوە پێش چاو ، زۆر دڵنیا و ڕەحەت بووم . لەبەر ئەوەی بڕوام وابوو کە ئەگەر خۆم بخەمە بەر دەستی عەداڵەتی پادشای جیهان پەنا لەو داوەی وا تێیکەوتووم ڕزگار دەبێ هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە . ئایا بەر لەوەی لێم تێبگا و تەسلیمی ئەشکەنجە گەرانم بکات قسەکانمی بۆ پادشا دەگێڕایەوە؟ وتی : " مەرگی زاوا ئەفەندی بە هەموو وێنە کێشخانەکە ڕابگەیەنن با هەموویان بەشداری هەڵگرتنی جەنازەکە بکەن . " بۆ ئەوەی کە بزانێ نارەزایەکم هەیە یان نا تەماشایەکی کردم . ئەو نیگایە هەم حەز و وابەستەیی هەم متمانەیەکیشی تێدا هەبوو . گومانەکانی خۆمم لەسەر هۆی کوژرانی زاوا ئەفەندی و جوانکارەکەی یانی زەریف ئەفەندی هێنایە سەر زمان و ئاماژەم بە پیاوەکانی مەلا ئەرزڕوومییەکە کرد کەوا بە بەهانەی سەما کردن و ژەندنی موسیقا هێرش دەکەنە سەر تەکیەکان . کە زانیم خەزێنەدار بە گومانەوە سەیرم دەکات گومانەکانیتری خۆشم هێنایە سەر زمان !

وتم " بانگ کردنی شێوەکارێك بۆ دروست کردنی وێنەکانی ئەو کتێبە هەم ئاکچەی زۆری تێدایە هەم ناو دەنگێکی باشیشی تێدایە هەر بۆیە بووە بە هۆی کێبرکێ و ڕەقابەتێکی سەیر لە نێو دەستەی شێوەکاراندا لەوانەیە

www.pertwk.com

کە نهێنی بوونی کارەکە بووبێ بە هۆی کۆ بوونەوەی ئەم بەخێڵییبردنەوە و نەفرەتە لەسەر یەك و ئاوەها کەوتبێتە جووڵەوە ." بەڵام کاتێ ئەمانەم بۆ دەگێڕایەوە بە پەشۆکاوی و هەڵچوونەوە هەستم بەوە دەکرد کەلەوەدەچێ خەزینەداریش وەکوو ئێوە لەمنەوە کەوتبێتە گومانەوە . یارەبی هەموو شتێك دەرکەوێت شتێکیترم لە تۆ ناوێت . بێدەنگییەك دروست بوو خەزێنەدار وەکوو ئەوەی کە شەرم لە قسەکان و چارە نووس و حیسابەکانی من بکات ئاوەها نیگای لەسەر من لابرد و چاوی بڕییە وێنەکان و وتی : " ئەمە نۆ دانەیە بەڵام ئێمە لەگەڵ کاکی زاوادا لەسەر کتێبێکی دەوێنەیی جۆر بوو بووین لەم ڕووپەڵانەی کەوا بە کاری هێناون زیاتر لاپەڕەی زێڕاویمان پێدا بوو . "

وتم : " دەبێ کە پیاو کوژەبێ ئیمانەکە لە ماڵە چۆڵەکەدا دوایین وێنەی بردبێ کە لاپەڕەی زێراوی زۆری پێوە بووە ."

" هێشتا نەمزانیوە کە نووسەری کتێبەکە کێیە . "

وتم : " ڕەحمەتی زاوا ئەفەندی هێشتا بابەتی وێنەکانی تەواو نەکرد بوو بەڵام داوای لە من کرد بوو کە تەواوی بکەم "

" کوڕم تۆ دەڵێی تازە گەڕاویتەوە ئەستەنبووڵ! "

" حەوتەیەك لەمەو پێش ، یانی سێ ڕۆژ دوای کوژرانی زەریف ئەفەندی"

" زاوا ئەفەندی ئەوە سێ سالە خەریکی کێشانی کتێبێکی نەنووسراوە؟"

" بەڵێ "

" بەسەر هاتەکانی ئەم وێنانەی بۆ تۆ گێڕابووەوە ؟ "

ووتم : " دەیگوت داخوازیەکانی پادشاکەمان ئەمانەیە ! لەگەڵ ئەوەی کە هەزار ساڵ بەسەر کۆچەکەی حەزرەتی موحەممەددا تێپەڕ بووە دیسان یەکەم ساڵی تەقویمی ئیسلامی نیشاندەدات و لە چاوی دۆچی ئیتاڵیدا (وەنیز) هێز و دەوڵەمەندییەکان و ترس لە شمشێر و شانازی ئیسلامی عەلی عوسمان لە دڵیدا جێگیر دەکات . شتە بەنرخ و قیمەتەکانی دونیای ئێمە نیشان دەدات و بەسەر هاتەکانی دەکات بە وێنە و لە دڵی وێنەکەدا جێگایان دەکاتەوە . لەبەر ئەوەی کە نەریتی وەستا ڕۆژ ئاواییەکانیش کەڵك وەرگیراوە کاتێك دۆچی وەنیز سەیری بکات ئەوا هەستی دۆسایەتی لە دڵیدا دەبزوێنێ . " ئاماژەیەکی کرد بە وێنەکان و گوتی : ئەمانە دەزانم ،بەڵام شتە بەنرخەکانی عەلی عوسمان ئەم دار و سەگانەن؟"

" زاوای ڕەحمەتیم دەیگوت کە کتێبەکە خودی دەوڵەمەندییەکانی پادشا نیشان نادات بەڵکوو وێنەی دەوڵەمەندی مەعنەوی و خەمە شاراوەکانی نیشاندەدات . "

" وێنەی پادشاکەمان ؟ "

وتم : " چاوم پێی نەکەوتووە . کێ دەزانێت لەوانەیە لەو جێگایەدا بێت کە بکوژە بێئیمانەکە شاردبێیتیەوە یان وەکوو لەماڵەکەیدا بێت . " زاوای ڕەحمەتیم ئێستا وای لێهاتووە کە لە بەرامبەر ئەو زێڕانەی وەری گرتووە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و ئەو کتێبەیوا قەولی داوە ئامادەی نەکردووە و تەنیا ئەم وێنانەی دروستکردووە کە لە چاوی خەزێنەدارداشتانێکی بێسەر و بێقیمەتن . ئایا خەزێنەدار منی وەکوو کەسێك دەبینێ کەلەبەر ئەوەی لەگەڵ کچی زاوادا زەماوەند بکەم کوشتوومە یاخود وەکوو کەسێك دەمبینێ کە لەبەر لاپەڕە زێڕاوییەکان کوشتوومە ؟ لەنیگاکانیدا تێگەیشتم

www.pertwk.com

کە دەفتەرەکەم لە پێچانەوەدایە . هەر بۆیە بە ئازایەتییەوە لە دواییدا گوتم زاواکەمان گوتویەتی لەوانەیە یەکێك لە شێوەکاران زەریف ئەفەندی کوشتبێ . هەر وەها باسی چۆنیەتی گومانەکانی زاوا ئەفەندیم لەسەر زەیتوون و پەپوولە و لەق لەق بۆ گێڕایەوە ، بەڵام زۆردرێژم نەکردەوە . هەم بەڵگەی زیادیشم پێنەبوو، هەمیش متمانەیەکی زۆرم بە خۆم نەبوو . واهەستم کرد کە خەزێنەدار ئێستا من وەکوو کابرایەکی ورتە و بۆڵەکەر و گەمژە و سووك و ناڕەسەن دەبینێ . لەو ڕوویەوە کەوا خەزێنەدار گوتی : لەبەر ئەوەی کە زاوا ئەفەندی بە مەرگی خۆی نەمردووە ، پێویستە ئەمە لە وێنەکێشخانەکەدا بشاردرێتەوە ، ئەمەم وەکوو ئاماژەیەکی هاوکاری کردن لەگەڵ خۆدا نرخاند و پێم خۆشبو . وێنەکان لەلای خەزێنەدار مانەوە . لەو دەرگایەی (باب السلام) کەوا تۆزێك بەر لە ئێستا هاتبوومە ناوەوە وامزانیبوو کە دەچمە نێو بەهەشت دووبارە دەرکەوتم و وەکوو کەسێك کە لەدوای سالانێکی دوور و درێژ بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیئاوەها دڵم ڕەحەت بوو.

((من زاواکەتانم)) (37)

جەنازەکەم وەکوو ئەوەی وا خۆم دەمویست ئاوەها جوان بوو بوو ، ئەوانەی وا دەمویستن هەمووی هاتبوون ، شانازیم بە خۆمەوە دەکرد ، لەو وەزیرانەی وا لەکاتی مردنمدا لە ئەستەنبووڵدا بوون حاجی حوسەین پاشای قوبرسی و باقی پاشای شەل کە کاتی خۆی خزمەتی باشم بۆ کرد بوون بە وەفای ئەو ڕۆژانەوە هاتبوونە سەر تەرمەکەم . لە ڕۆژانی مردنمدا بەهاتنی مەلەکە سووری پاشای دەفتەردار بۆ سەر تەرمەکەم حەوشە نزمەکەی مزگەوتی گەڕەکەکەمان کەوتە جموجۆڵ . هاتنی موستەفا ئاغای سەردەستەی پاسەوانەکان زۆر خۆشحاڵی کردم، ئەگەر بمابایەم و ژیانی فەرمانبەری دەوڵەتم بەردەوام بکردبایە ئێستا منیش لەپلەی ئەوەدا دەبووم . کەمالەدین ئەفەندی ناسنامە و پاسەوانەکانی کۆشك کە زۆربەیان یان دۆستی گیانی بەگیانیم بوون یان وەکوو دوژمنم بوون و سەلیم ئەفەندییە کەللەڕەقەکەی سەردەستەی نامەنووسان و کۆنە ئەرکدارانیدیوان کەوا زوودەستیان لە کار و باری پڕ جموجۆڵ و ژیان بەردا بوو و هاوڕێکانی قوتابخانەم و کەسانیتر کە نەمدەزانی چۆن و لە کوێوە خەبەری مەرگمیان بیستووە لەگەڵ خزم و کەسانم و جوانەکاندا جەماوەرێکی جەنجاڵ و

www.pertwk.com

شکۆدار و قورس و پان و چاو تێرکەریان پێك هێنا بوو . شانازیم بۆ جیدییەت و خەم ئازارەکانیانەوە دەکرد. هاتنی خەزێنەدار و بوستانچیباشی نیشانەی ئەوە بوو کە پادشا لە مردنی من زۆر دڵتەنگ بووە . نازانم ئەمە بە مانای ئەوە دەهات کە بۆ دۆزینەوەی ئەو پیاو کوژە سووك و هەرچی و پەرچییە زۆرتر تێدەکۆشن و ئەشکەنجە گەران دەست بەکار دەبن یان نا؟ بەڵام ئێستاکانە دەبینم کە ئەو مەلعونە لەگەڵ شێوەکارانیتردا بە ڕێزەوە لە حەوشەکەدا سەیری تابووتەکەم دەکات و تا ئەو جێگایەی بتوانێ بە حاڵەتێکی خەماوییەوە تەماشا دەکات . ئامان ! وەها بیر نەکەنەوە کە لە بەرامبەر بکوژەکەمدا ڕەقم هەڵگرتووە و بە دوای تۆڵە سەندنەوەدام و لەوەی کە بە شێوەیەکیخاینانە و بێبەزەییانە کوژراوم ڕۆحم نائاسوودەیە . ئێستاکانە لە ڕوو تەختاییەکیتردام و ڕۆحم لە دوای ئەو هەموو نائارامیانەی وا بە ساڵان لە دونیادا کێشاویەتی زۆر ئاسوودە و ئارامە .

ئازار و خوێندا مابووە . دوای ماوەیەك لەرزە لەرز کردن لەنێو ئەم تیشکەدا وەکوو ئەوەی بە دەیان جار لە (کتاب الروح)دا خوێندبوومەوە لە نێو ئەم ڕووناکییە جوانەدا دووفریشتە هاتن و وەکوو ئەوەی هێشتا لاشەم هەبێدەستیان خستە بن باڵم و هەڵیانکێشام بەرە و سەرەوە . هەر لە خەیاڵە جوانەکان دەچوو ، بە نەرمایی ڕۆحم بە شێوەیەکی دەمکورت جەستەمی بە جێهێشت کەلەبەر زەربەکانی جامۆڵکەکەدا لە ناو و بەبێ لەرینەوە ڕۆیشتینە سەرەوە ! دارستانی ئاگرەکانمان بە جێهێشت و لە نێو چۆمی تیشکەکانەوە تێپەڕ بووین ولە دەریای تاریکیوە ڕۆیشتینە چیای بەفر و سەهۆڵەوە ، هەر یەك لەمانەش هەزاران ساڵی خایاند . بەڵام بۆمن وەکوو

ئەوە وابووکە لە چاو پرتکاندنێکدا وەها بووبێ . گەڕانی حەوت قاتی ئاسمان بە تێپەڕ بوون لەلای جەماوەری جۆرا وجۆر و گیانلەبەری سەیر و ئەو حەشەرانەی وا باسیان کۆتایی نایەت و لەتەنیشت ئەو زەلکاوانەوە تەواو کردکە پەلەوەرەکان لەسەری کۆدەبوونەوە . لەهەر قاتێکی ئاسماندا فریشتەیەك دەچووە پێشەوە و لە دەرگاکەی دەدا ئەویتریش ئەی گوت ئەوە کێیە ؟ کاتێ ناوی من و هەموو تایبەتمەندییەکانمی بۆ دەگێڕایەوە ئەوەشی پێزیاد دەکرد کە ئەمە عەبدێکی باشی خودای گەورەیە ، ئەوسامنیش چاوەکانم پڕ دەبوو لە فرمێسکی خۆشی بەڵام ئەوەشم دەزانی کە تاوەکوو ڕۆژی قیامەت کە دۆزەخی و بەهەشتیەکان لەیەك جیا دەکەنەوە دەیان هەزار ساڵیتری پێدەچێ . چونکە دەرەوەی هەندێك گۆڕانکاری بچووك هەموو شتێك وەکوو نووسراوەکانی غەزاڵی لە (الجەوزییە) دا و نووسراوەی زاناکانیتر وابوو . ئەو شتانەی وا لە کتێبخانەکاندا وەکوو مەتەڵێك لە تاریکاییدا دانرا بوون و شتانێك بوون کە تەنیا مردووەکان پێیان دەزانی ئێستاکانە بە هەزاران تیشکی ڕەنگاوڕەنگ ڕۆشن بوونەتەوە . دەبێ چۆن تاریفی ئەو ڕەنگانە بکردرێت وا لە کاتی بەرز بوونەوە نائاساییەکەدا بینیبووم ؟ زانیم کە تەواوی عالەم لەو ڕەنگانە دروستکراوە و هەموو شتێکیش لەبنەڕەتدا ڕەنگ بووە . لەگەڵ ئەوەیکە زانیم ئەو هێزەی وا من لە هەموو شتێکیتر جودا دەکاتەوە خودی ئەم ڕەنگەیە تێگەیشتم کە ئەوەی وا ئەم هەموو عالەمە پێکەوە دەبەستێتەوە و پێوەندییان لە نێواندا دروستدەکات دیسان هەر ئەو ڕەنگەیە. ئاسمانی جۆرا و جۆری پرتەقاڵی ڕەنگم بینی ، جەستەی جوان و پەلی سەوز و هێلکەی قاوەیی و ئەسپی ئەفسانەیی و شینی ئاسمانیم بینی . حەزم لە هەموو شتێك دەکرد و هەموو

www.pertwk.com

شتێك وەكوو وێنەكان و ئەوانەی وا لە ئەفسانەكاندا بوون ئاوەها بوون و لەم ڕووەشەوە بەسەر سوورٍماوەیی و بەحەیران مانەوەوە بۆ یەكەم جار تەماشای ئەمانەم دەكرد ، لەلایەكیتریشەوە وامدەزانی ئەمانە هەمووی لە بیرەوەریەكانی منەوە دەركەوتوون . وەها تێگەیشتم كە پێیدەڵێم بیرەوەری ، بەشێكی ئەم دونیایە و لەو دونیایەشدا لە پێشەوە ئەو كاتە بێسنوورە ئەزموون هەیە كە لە دواییدا دەبێ بە بیرەوەری . لە ئێستا بەدواوە هیچ شتێك بۆ من قەدەغە نیە ، هەروەها بۆ ئەوەی كە بتوانم تەواوی جێگا و كاتەكان بژیم كات و ڕێگاشم هەیە . كاتێ لە هەمووی ئەمانە تێگەیشتم ، بەترس و خۆشییەوە هەستم بەوە كرد كە نزیك بە ئەوم . هەروەها لەو كاتەدا هەستم بە هەبوونی سوورایییەكی بێوێنە كرد كەوا لەگەڵ هیچ شتێكیتردا بەراورد ناكردرێت و هەر لەبەر ئەوەش هەستم بە خۆشییەك كرد . لە ماوەیەكی كورتدا هەر شتێك سوور بوو بوو .

جوانی ئەم ڕەنگە لە ناو دەروون من و عالەمدا دەزایەوە . كاتێ هەستم بەوە دەكرد كە وردە وردە نزیكی ئەو دەبمەوە خەریكبوو لە خۆشیاندا پەڵەمەگریان بمگرێت لە خۆمەوە و لە ناكاو بەسەر و گیانی خوێناوییەوە دەچوومە پێش بارەگای ئەو . هەستم بە شەرمێكی گەورە كرد كە تەواوی گیانمی داگرتەوە. لایەكیتری عەقڵیشم دەیگوت بە گوێرەی ئەو شتەی وا خوێندوومەتەوە عیزراییل و فریشتەكانیتری ناردوومیان بۆ لای ئەو .

ئایا دەمتوانی ئەو ببینم ؟ وامدەزانی كە لەبەر جۆش و خرۆش و گەرمای ئەو كاتەدا ناتوانم هەناسە بكێشم . سوورێكی جوان خەریكبوو نزیكم دەبووەوە . هەموو وێنەكانی گرتبووە ناو خۆی كاتێ بیرم لەوە دەكردەوە كە بەشێكی ئەوم و ئاوەها نێزیكی ئەو بوومەتەوە ،

فرمێسكەكانی چاوم دەستیان بە پەلەپەل كرد لە هەمانكاتدا تێگەیشتم كە لەمە زیاتر نێزیكی من نابێتەوە لە وەڵامی پرسیارەكەی لە فریشتەكان كەوتی : ئەمە كێیە ؟ ئەوانیش پەسەنی منیان دایەوە و گوتیان ئەمە گرێدراوی فەرموودەكانی تۆ و ئەو شتانەیە كەوا قەدەخەت كردوون سەرنجی داونەتێ و نەیكردوون. لە دواییدا تێگەیشتم كە ئەویش منی وەكوو عەبدێكی باش بینی و حەزی لێكردم . ئەو خۆشی و حەزەی كەوا لە دەروونمەوە بەرز دە بووەوەبوو بە گومانێك و دەروونمی ژەهراوی كرد . بۆ ئەوەی لەم گومانە نەجاتم ببێ بە بێئارامی و بە تاوانبارییەوە پرسیارم كرد و گوتم : " لە ماوەی بیست ساڵی دوایی تەمەنمدا وێنەی كافیرەكان كاریگەرییەكی زۆی لەسەر داناوم تەنانەت چەند جاریش ویستوومە بە نەریتی ئەوان وێنەی خۆم بكێشرێت بەڵام لەمە ترسام لەدواییدا وێنەی پادشاكەمانم بە نەریتی ڕۆژ ئاوایییەكان كێشا كە سێبەری سەر هەموو عالەمە كەی تۆیە . " بە دەنگی ئەونا بەڵام لە خەیاڵەكانی خۆمدا وەڵامەكانیم وەبیر دەكەوتەوە كە دەیگوت : " ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاواش هیمنە . " لە دڵەڕاوكێ و ترساندا خۆمم بۆ ڕانەگیرا و گوتم : " ئەی باشە مانای هەموویان و هەموو ئەمانە و ... واتای ئەم دونیایە چییە ؟ " لە دەروونمەوە وەهام بیست كە دەڵێ : " نهێنی یان خۆشەویستی " . لەم دووەش دڵنیا بووم بەڵام لە هەڵسوكەوتی فریشتەكاندا تێگەیشتم كەوا دەرهەق بە من بڕیارێكیان داوە ، بەڵام تێگەیشتم كە دەبێ دەهەزار ساڵیتر لەگەڵ مردووەكانیتر تا ڕۆژی قیامەت و ڕۆژی بڕیاری دوایی لەم دونیای بەرزەخەدا چاوەڕێ بمێنمەوە . هەموو شتێك وەكوو ئەوەی ناو كتێبەكان وابووئەمەش منی دڵنیا دەكرد . كاتێ هاتینە خوار بە گوێرەی كتێبەكان

www.pertwk.com

زانیم کە دەبێ جارێکیتر لەگەڵ جەستەمدا یەك بگرمەوە . بەڵام زۆر شوکر کە بە زوویی تێگەیشتم ئەم یەکگرتنەوە شتێکی واتاییە .

ئەو شتەی دەبێ بە هۆی شانازی کردنی من ئەوەیە کە جەنجاڵە بەڕێزەکەی سەر تەرمەکەی من لە دوای نوێژ جەنازەکەیان هەڵگرتم و بەرەو مەزارستانی سەر تەپۆڵکەکەیان برد ، سەرەڕای خەم و ئازارەکانیشیان چەندە بە ڕێکوپێکی دەچن ! لە ژوورەوە چاوم پێیان دەکەوێ وەکوو پەتێکی ناسك وەهان. لە جێگای خۆمدا چاوم بە چۆڵاییەك دەکەوێ لە فەرموودەکەی (ڕەسولوللا) وە کە دەڵێ : " ڕۆحی پیاوێکی دیندار وەکوو پەلەوەرێکی لێدێت کە لە نێو دارەکانی بەهەشتدا شت دەخوات . " وەها دیار دەبێت کە ڕۆح لە دوای مردن لە ئاسماندا دەگەڕێت . بە گوێرەی ئەو شتەی کەوا ئەبو عومەری کوڕی (عبدالبر) ئیدەعای دەکات : واتای ئەم فەرموودە ئەوە نیە کە ڕۆح وەکوو پەلەوەرێك دەگەڕێ یان دەبێ بە پەلەوەرێك . لەراستیدا وەکوو ئەو شتەی کە ئەلجەزوییە بەجوانی باسی لێوە دەکات ڕۆح بە گەڕاوەی پەلەوەرێك دەچێتە هەموو جێگایەك. ئەو شتەی کە وەستا دیدگا دۆستەکانی ڕۆژ ئاوایی بە گۆشەی دیتن ناوی دەبەن جێگای دیتنی منیش و شیکردنەوەکانی ئەلجەزوییەشی پشت ڕاست دەکردەوە . لەو جێگایەی کەوا ئێستا تێیدام بۆ نموونە جەماوەری دەورووبەری جەنازەکە وەکوو پەتێك دەبینم لەوەش زیاتر دەتوانم لەو جێگایەی کە خەلیج تەواو دەبێ وەکوو وێنەیەك چاوم بە بەلەمێك بکەوێ کە بادبانەکانی بە باوە هەڵئاوساون و خێراتر دەچێ . لەبەر ئەوەی لە جێگایەك بە بەرزایی منارەیەکەوە تەماشام دەکرد هەموو عالەم هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کتێبێکیان بە بیر هێنامەوە بەڵام لە بەرزاییەکی ئاوەهاوە و بە

گوێرەی ئەو کەسەی کە هێشتا بە تەواوەتی ڕۆحەکەی لە جەستەی دەرنەچووە زۆر شتم دەبینی ! لەوبەرەوە لە پشتی قەبرستانەکەی گەڕەکی ئوسکوداردا چەند منداڵێك یاری کەرە درێژیان دەکرد . دوانزە ساڵ و سێ مانگ بەر لەئێستا کاتێ ڕاغبە کەچەڵی ((سەدری ئەعزەم)) نێردراوی ئیتالییەکانی قەبووڵ کرد و ئێمەش ئەو نێردراوەمان لە ماڵە جوانەکەی کەناری دەریا هێنا بەلەمە حەوت بێڵەکەی سەر دەستەی بنووسەکان زۆر بە جوانی لە سەر ئاوەکەوە دەڕۆیشت ،لە بازارە تازەکەی ((لانگاوە)) ژنێکی قەڵەو کەلەرمێکی وەکوو منداڵێکی ساوا کردبووە باوەشەوە ، خۆشییەکەم لە کاتی ڕەمەزانی پاسەوانی کۆشکە هاتەوە یاد لەبەر ئەوە دڵخۆش بوو بووم کە ڕێگای بەردەم پێشکەوتنم کرابووەوە ، هەروەها دایکمم دەبینی کە لە حەوشەکەدا جلی ڕادەخست و تەماشای جلە سوورەکەی دەکرد . هەروەها بە ڕەحمەت بێ دایکی شەکورەم دەبینی کە بە شەکورەوە دوو گیان بوو و ئازارەکانیشی دەستیپێکرد بوو و منیش بۆ دۆزینەوەی ماڵی مامانەکە هەموو جێگایەك دەگەڕام و تا گەڕەکیتر هەڕام کرد بوو .

ئێستا ئەو کاتەش دەبینم کە کەمەرەکەم دۆزییەوە کەوا چلساڵ بەر لە ئێستا لێم ون بوو بوو .(وسفی دزیبوی) ، جارێکیش بیست ساڵ بەر لە ئێستا خەوم بە باخچەیەکی جوانەوە لە جێگایەکی دووردا بینیبووئێستا ئەوەش دەبینم ، لە داهاتووشدا ئەگەر خودا مەیلی هەبێت بەهەشتیش دەبینم . چاوم بەوەش دەکەوێ کە عەلی ئاغا لەدوای سەر کوتکردنی سەر هەڵداوەکانی قەڵای گوری لووت و گوێکانیانی نارد بوو . هەر ئێستاش چاوم بە شەکورە جوانەکەم دەکەوت کە لە ژن و کچەکانی دراوسێوە جیا دەبووەوە و لەحەوشەکەدا تەماشای ئاگردانەکەی دەکرد و بۆمن دەگریا .

www.pertwk.com

کتێبە کۆنەکان و زانا کۆنەکان دەڵێن کە ڕۆح چوار ماوەی هەیە :

1- زکی دایك 2- دونیا 3- ئەوبەرزەخە کەوا من ئێستا تێیدام 4- ئەو دۆزەخ و بەهەشتە کەوا لەدوای قیامەت پێیان دەگەین . لە دونیای بەرزەخدا دەتوانی ئێستا و ڕابردوو پێکەوە ببینی و هەتاوەکوو ئەو کاتەی کە ڕۆح لە ناو بیرەوەریەکانیدا دەمێنێتەوە جێگایەکی دیاری کراوی بۆ نیە . بەڵام ئەمە لە کاتێکدا دەردەکەوێت و دیار دەبێت کە دونیا وەکوو کراسێکی تەنگ وابێ و ڕۆح لە زنجیری زەمان و جێگا (مەکان) دەرکەوێت . زۆر بە داخەوە ! کەسێك تا نەمرێت لەوە تێناگات کە لە دونیای مردووەکاندا ڕۆحی بێ جەستە باشترین دڵخۆشی هەیە و لە دونیای دیتریشدا جەستەی بێ ڕۆح باشترین کەیف و دڵخۆشی دەدات بە مرۆڤ . هەر لەبەر ئەوەش خەمم بۆشەکورە جوانەکەم دەخوارد کە چۆن لە کاتی هەڵگرتنی جەنازەکەمدا خۆی بۆ من ونجڕ ونجڕ دەکات و بێهوودە بۆ من دەگری . لە خودای گەورە پاڕامەوە بۆ ئەوەی کەوا لە بەهەشتدا ڕۆحێکی بێجەستەمان بداتێ و لە دونیاشدا جەستەیەکی بێ ڕۆحمان پێببەخشێ .

((وەستا عوسمان منم)) (38)

دەزانن ئەو پیرە مێردانەی وا ژیانی خۆیان بە جوانمێرییەوە لە ڕێگای هونەردا بەختکردووە چۆن کەسانێکن ؟ هەموو کەسێك سەرزەنشت دەکەن باڵایان بەرز دەبێ و باریکەڵەو بە ئێسقان دەبن . دەیانەوێ ئەو بەشە کورتەی ژیانیان کەماوەتەوە وەکوو بەشەزۆرەکەی لێبێت کەوا لە ڕابردووە ماوەتەوە ، زۆر قۆڕ دەبن و گلەیی لە هەر شتێك دەکەن ، هیچ کەسێك و هیچ شتێك پەسەند ناکەن . منیش یەکێك لەوانەم . شانازی بەوەوە دەکەم کە لە تەمەنی شانزەساڵیمدا لە کاتێکدا کە بەر دەست بووم لەگەڵ ئوستادی ئوستادەکاندا وەستا نوورەدین چەلەبیدا لەم وێنەکێشخانەیەدا پێکەوە

www.pertwk.com

دادەنیشتین . کاتیٚ ئەویش گەیشتە تەمەنی هەشتا ساڵی وەکوو منی لێهاتبووهەڵبەت ئەو وەکوو من تووڕە نەبوو . سیٚ ساڵ بەرلە ئێستا کە وەستا عەلیە زەردیشم بینی هەروەها بوو بەڵام ئەو بەقەدەرمن باریکەڵەو درێژ نەبوو . ئەو ڕەخنانەی کەوا لە پشتی ئەم وەستا ئەفسانەییانەوە دەکران کەوا وێنە کێشخانەکەیان بەڕێوە دەبرد ئێستاکانە وەکوو تیرێك دەچەقێنە پشتی منیش . هەندێك لەو قسانەی وا دوابە دوای یەك لەسەر ئێمە مانان دەکرێن بیٚبونیاتن .

دەمەویٚ کە ئێوەش بزانن :

راستی شتێکی تازە نیە کەوا پەسەندی بکەین بۆیە هیچ شتێکی تازە پەسەند ناکەین

ئەمە لەبەر ئەوە نیە کە بە تووڕەیی و بیٚئومێدی و کەمو کووڕییەوە ڕووشابین بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی خەڵك گێلن ئێمەش ئاوەها خەڵك بە گەمژە لە قەڵەم دەدەین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر باشتر هەڵسوکەوتمان بکردایە ئەوا ناسکی و ژیر بوونێکمان تێکەڵاوی شێوەی هەڵسوکەوتی خۆمان دەکرد .

فەرامۆشکردنی زۆربەی ئەو شێوەکارانەی وا لە کاتی شاگردییانەوە تاکوو ئێستا لای خۆم بوون و پەروەردەم کردوون لەبەر ئەوە نیە کەواخلەفاوم و شت لەبیر دەکەم ، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە سیمای ئەمانە ئەو ڕەنگەی تێدا نیە کە شایستەی وەبیر هێنانەوە بن .

زۆر تێکۆشاوم بۆ ئەوەی کەوا کردەوەکانی ئەو زاوا ئەفەندییە فەرامۆش نەکەم کەوا لەبەر گێل و گەمژەییەکانی خۆی خودا زووتر گیانی لێسەندەوە ، ئەو دەیویست من ناچاری لاساییکردنەوەی نەریتی ڕۆژئاواییەکان بکات .

لە گەڕانەوەشم بە خوٚدا وەها بیرم دەکردەوە کە کاتیٚ باشە و چاکەی کوێر کردن و گیان لێسەندن کەخودا دەرهەق بەمن ئەنجامی بدات زۆری نەماوە . دیارە ئێوە بە ئەو ئەندازەیەی وا کتێبم دروستکردووە و وێنەکانم لە دڵتاندا خۆشی دروستکردووە و نیگای چاوەکانتانی ڕازاندوتەوە بەبیرم دێننەوە بەڵام دوای مەرگیشم دەمەویٚ ئەمەش بزاندریٚ کە : لە کۆتایی ژیانمدا و لە کاتی پیر بوونمدا شتانێك هەبوون کەوابە دڵخۆشییەوە منیان دەکەناند . وەکوو :

1- منداڵەکان (ئەوانە هەموو یاساکانی دونیا کورت دەکەنەوە) 2- بیرەوەرییە شیرینەکان (کوڕی جوان ، ژن ، وێنەی جوان کێشان ، دۆسایەتی) 3- ڕوو بە ڕوو بوونەوە لەگەڵ بەرهەمە دەرئاساییەکانی وەستاکانی هەراتدا (ئەم شتە نەزانراوە ڕوون ناکرێتەوە) .

واتای سادەی هەمووی ئەم شتانە ئەمەیە : لە وێنەکێشخانەکەی پادشاکەماندا کەوا من سەرۆکیمی شتی دەرئاسایی دروست ناکرێت . هەروەها ئەوەش دەبینم کە کارەکان بەرە و خراپی دەچن : هەموو شتێك لە ناو دەچیٚ و تەواو دەبیٚ . لەگەڵ ئەوەی کەوا تەواوی تەمەنی خۆشمان بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە ، بە ئازارێکەوە هەست بەوە دەکەین کە تەنانەت ناتوانین کەمێکیش بگەین بە ئاستی جوانکارییەکانی وەستا هەراتییەکان ، خۆ ئەگەر بە بیٚ فێزییەوە ئەم ڕاستییە قەبووڵ بکەین ئەوا پەسەند کردنی ژیان لەلامان ئاسانتر دەبێت . خۆی لە خۆیدا لەبەر ئەوەی ئەم بیٚفێزییە ژیان ئاسانتر دەکات لە وڵاتی ئێمەدا وەکوو ڕەوشت بەرزی پەسەند دەکرێت . من بە خاکی بوونەوە دەڵێم کەدەتوانم لە قوماشی مەخمەڵینی نەخشکراودا و بەستێکی بە زێڕ نەخشکراودا یاقوت و زۆمڕووت و شیلان و

www.pertwk.com

شمشێر لە خشڵی فیرۆزەیی ، کەشتی و زنجیرەکەی زێری و هەنجیر و ئەسپێکی سەرکێشی عەرەبی توندتر لە بروسکە کەوا مووەکانی لە زێویش زیاتر دەبریقێتەوە و و بەگی بەگەکانی میسر وخەلاَتی بۆ سوننەتکردنی شازادەکان جیٚ بکەمەوە . کەڵەکە کردن و جێگیر کردنی وێنەکان کاری منە . ئەسپەکان و شازادەکە و ئەو نوێنەرانەی وا سەیریان دەکرد بە دەستی شاگردەکانی منەوە ڕەنگکراون و خۆشم فڵچەم بە چەپ و ڕاستی وێنەکاندا بردووە و هێناوە . هەندێك لە پەلەکانی دار چناری نێو مەیدانی ئەسپەکانم بە ڕەنگی مۆرەوە ڕەنگ کردووە ، دوگمەکانی کراسەکەی نێردراوی خانی تاتارم بە ڕەنگی زەرد بۆیاخ کرد بوو، خەریك بوو تۆزێك زێڕاو لە هەوساری ئەسپەکە بدەم کەوا لە دەرگایاندا . ڕاوەستام، کورێکی دەرگاوان بوو ، خەزێنەدار لە کۆشکەوە بانگی کرد بووم . چاوەکانم بە شیرینابییەکەوە زۆر ئێشا بوون . هاوێنەکەم خستە ناوگیرفانی عەباکەمەوە و لەگەڵ کوڕەکەدا دەرکەوتم. لەدوای ماوەیەکی درێژ کار کردن چەندە خۆشە کە لە ناو کۆلاَنەکاندا ڕێبکەی ! وەکوو ئەوەی کە بڵێی کە دونیا ئەمڕۆ بە دەستی خوداوە خولقێندراوبیٚ ئاوەها دیار دە بوو . چاوم بە سەگێك کەوت لە وێنەی هەموو سەگەکانیتر بە ماناتر بوو . ئەسپێکم بینی ، شێوەکارانی من لەمە بە ماناتر دەیکێشنەوە . لە مەیدانی ئەسپەکاندا چاوم بە دار چنارێك کەوت : ئەو دار چنارە بوو کەوا تۆزێك بەر لە ئێستا پەلەکانیم بەرەنگی مۆر بۆیاخ کرد بوو ئەگەر بەو مەیدانی ئەسپەدا تێپەڕ ببی کەوا دوو ساڵە دەستە سەربازییەکانی لێوە دەرباز دەبن وەها هەستدەکەی لە ناو ئەو شتەوە تێپەڕ دەبی کە خۆت کێشاوتە. گەڕاینەوە بۆ ناو کۆلاَنێك . ئەگەر لە ناو وێنەیەکی ڕۆژ ئاواییدا بایەین ئەوا لە وێنەکە و چوار چێوەکە

دەردەکەوتین و دەڕۆیشتین . ئەگەر لە ناو وێنەیەکی وەکوو هی ئێمە و وەستا هەراتییەکانیشدا بایەین ئەوا دەڕۆیشتینە ئەو جێگایەی وا خودا ئێمەی تێدا دەبینیٚ . ئەگەر لە ناو وێنەی چینییەکانیشدا بایەین هیچ دەرنەدەکەوتین چونکە وێنەی چینییەکان بەبیٚ کۆتایی هاتن درێژ دەبنەوە و دەچن . کوڕە درگاوانەکە نەیدەبردم بۆ ژووری دیوان بۆ وەرگرتنی پارە و داینی خەلاَتی شێوەکاران بۆ پادشا. تەنانەت نەهاتووم بۆ ئەوەی باسی کتێب وهێلکەی نەخشکراوی وشترمرخ و تەندرووستی و ئاسوودەیی شێوەکاران و ڕەنگی پێویست و لاپەڕەی زێڕاوی و دابینکردنی شتانیتر و گلەیی و داخوازی سادەیتر و قسە و باس لەسەر کەیف و داخوازی پادشا و لەسەر خۆیی پادشا و باسی هەوا و زەوی و من و هاوێنەکەم و پشت ئێشەکەم و پیاوە دڵنزمەکانی خەزێنەدار و پشیلەکەی بکەین . بەڵکوو بە بێدەنگییەوە ڕۆیشتینە ناو باخچەی تایبەتەوە . وەکوو ئەوەی بۆ دزی بچین بە بێدەنگییەوە لەلای ئەو دارانەوە کە لە ئێمەش ناسکتر بوون دابەزینە خوارەوە، لە نانەوا خانەی دارودەستەی بۆستانچی باشییەوە بۆنی نان دەهات . خەریکبوو نێزیکی کۆشکی گویٚ ئاوەکە ببینەوە. چاومان بە پادشاکەمان دەکەویٚ ؟ بە خۆم دەڵێم کە لەوێن ، لەڕیٚ دەرکەوتین ، دوو سیٚ هەنگاو ڕۆیشتین لە دەرگا کەمەرینەکەی بینایەکی بەردینەوە چووینە ناو . تۆزێك لەولاترەوە خەزێنەدار و بۆستانچی باشی دانیشتبوون: فریشتە و شەیتان !

بۆستانچی باشی لە باخچەی کۆشکەکەدا بۆ پادشا کەس ئێعدام دەکات و خەڵك ئەشکەنجە دەکات و فەلاقەیان دەکات . بە پێکەنینەوە تەماشایان دەکردم ، وەکوو ئەوە بوو کە دەبیٚ بە ناچاری لەگەڵ کەسێکدا لە

www.pertwk.com

ژوورێکدا بمێنمەوە و ئەویش بەسەرهاتە بچووکەکانی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە . بەڵام خەزێنەدار دەستی بە قسە کرد . بە شێوەیەکی شەرمەزارانەوە گوتی : " ساڵێك بەر لە ئێستا پادشای سەروەرمان بۆ ئەوەی کەوا لەگەڵ وەفدێکدا خەڵاتێك بۆ دەرەوە بنێرێت دروستکردنی کتێبێکی شاراوەی پێڕاسپاردم لەبەر شاراوەیی ئەم کتێبە نەیویست کە وەستا لوقمانی سەردەستەی شاهنامە چییەکان ئەمە بنووسێ ، هەروەها لەبەر ئەوەی کە ئێوە بە دروستکردنی سوور نامە (جەژنامەکە)وە خەریك بوون دەست خۆشی لێکردن و نەیویست کە تێکەڵاوی ئەم کارە ببن . " کە ڕۆیشتمە ئەوێ و نەڕۆیشتم وەها خەیاڵم کرد کە ناپیاوێك تۆمەتی لێداوم و گوتوویەتی لە وێنەکانیدا کوفر هەیە ، لەم وێنانەدا قسەتان پێدەڵێ و بەم قسانەی خۆیانەوە پادشای شکۆداریان خستۆتە ژێر ئەشکەنجەوە . بەڵام ئێستاش کە پادشا کتێبەکەی بە کەسێکیتر ڕاسپاردووە خەزێنەدار خەریکە دڵی من دێنێتەوە و قسەکانی لە هەنگوین شیرینتر بوون . داستانی کتێبەکەم دووبارە بیستەوە ، بەڵام فێری شتێکی تازەتریش نەبووم ، ورتە و بۆڵەکانی سەر ئەم کتێبەم دەزانی: هەم هی مەلا نووسرەتی ئەرزڕوومی هەم ناکۆکییەکانی وێنەکێشخانەکەشم دەزانی. تەنیا بۆ ئەوەی پرسیارێکم کردبێ پرسیارێکم لێکرد کە خۆشم وەڵامەکەیم دەزانی. خەزێنەدار وتی : " وەکوو دەزانن زاوا ئەفەندی " تەماشای نێو چاوانمی کرد و بەردەوامی کرد و ئەوەی پێ زیاد کرد کە " بە مەرگی خۆی نەمردووە . ئەمەتان دەزانی ؟ "

وتم : " نەمدەزانی . " ، وەکوو منداڵێکی بێگەرد و بێ جموجۆڵ و بێدەنگ مامەوە . وتی : " پادشاکەمان زۆر تووڕە بووە . " ئەو پیاوە گێلەی وا پێتان دەگوت زاوا ئەفەندی کابرایەکی نیوە عاقڵ بوو ، لەبەر ئەوەی کە لە

زانایی زیاتر لاسایی زانا بوونی دەکردەوە لە باتی عەقڵدا ویست و زانایی بە کار دەهێنا . خۆی لە خۆیدا لە هەڵگرتنی تەرمەکەیدا هەستم بە هەبوونی گەمەیەك دەکرد . " زۆر خراپە . خودایا خۆت بمانپارێزە . کێیە ؟ " خەزێنەدار گوتی : " بە فەرموودەی پادشا پێویستە ئەم کتێبەش وەکوو جەژننامە بە پەلە تەواو بکردرێت . " بۆستانچی باشیش گوتی : " دووهەمین فەرموودەشی ئەوەیە کە ئەگەر ئەو پیاو کوژە لە نێو دەستەی وێنەکێشاندا بێ پێویستە بە زووترین کات بدۆزرێتەوە و سزایەکی وەهای پێبدرێت کە هەموو کەس پەندی لێوەربگرن و هەڵنەسەن بە ئاستەنگی دروستکردن لە بەرامبەر دروستبوونی کتێبی پادشا و کوشتنی وێنەکێشەکەی . " وەکوو ئەوەی بزانیت کە پادشا چ جۆرە سزایەك دەدات بە تاوانبارەکە ترسێك لە ڕوومەتیدا دیار بوو . تیگەیشتم کە تۆزێك بەر لە ئێستا و لە یەك کاتدا لەلایەن پادشاوە ئەم ئەرکەیان پێڕاسپێردراوە و لەبەر ئەوەی کە پادشا نەیتوانیوە ڕق و کینەی خۆی بشارێتەوە هە دووکیانی ناچار کردووە کە پێکەوە کار بکەن . لە حەیران مانەوە زیاتر هەستم بە خۆشەویستییەك بەرامبەر بە پادشا کرد .

کوڕێك قاوەی هێنا. دانیشتین . وتیان زاوا ئەفەندی خۆشکە زایەکی هەیە کە لە نەخش و کتێب تێدەگا ، ڕەشە ! دەیناسم ؟ بێدەنگ بووم ماوەیەکی کورت بەر لە ئێستا بە دەعوەتی زاواکەی لە سنووری ئێرانەوە لەلای سەرحەد پاشاوە گەڕاوەتەوە . (بوستاچی باشی بە نیگایەك کە ئاماژە بە گومان بکات سەیری کردم) . لە ئەستەنبووڵدا بە باشی خۆی چەسپاندووە بە زاوا ئەفەندییەوە و فێری داستانی وێنەکان بووە . گوتوویەتی کە زاوا ئەفەندی پێی گوتووم بۆ کوژرانی زەریف ئەفەندی

www.pertwk.com

گومانم لەسەر ئەو وێنەکێشانەیە کەوا شەوان هاتوو چۆی ماڵی ئێمە دەکەن، بە گومانی خودی ڕەشەش بکوژی زاواش یەکێك لەمانە بووە کە یەکێك لە وێنەکانی پادشای دزیوە کەوا زێڕاوی زۆر تێدا بە کار هێنراوە . ئەم گەنجە کوژرانی زاوای دوو ڕۆژ لە کۆشك و لە خەزێنەدار شادۆتەوە و لەبەر ئەوەی کە لە کاتی بەینی ئەم دوو ڕۆژەدا بە پەلەپەل کچی زاوای لە خۆ مارە کردووە و لە ماڵەکەی دا نیشتەجێ بووە هەدووکیان گومانی لێدەکەن . وتم : " ئەگەر لە کاتی پشکنینی ماڵ و جێگای یەکە یەکەی شێوەکاراندا وێنەکە بدۆزرێتەوە ئەوا دەردەکەوێ کە ڕەشە ڕاست دەڵێ . " بەڵام ئەوانە ڕۆڵە خۆشەویستیەکانی منن لە دەورانی شاگردیانەوە تاوەکوو ئێستا دەیانناسم کەسێکیان ناتوانێ مرۆڤ بکوژێ. بوستانچی باشی وەکوو ئەوەی گاڵتە بەو ناز ناوانە بکات وا من بە عەشقێکەوە بەوانە بانگی شێوەکارانم دەکرد گوتی : " ماڵ و دوکان و هەموو جێگایەکی زەیتوون و پەپوولە و لەقلەقیش دەگەڕێین . " لە دواییدا.. . " لە دواییدا بە حاڵەتێکی بێچارەییەوە گوتی : " زۆر شوکر کە لەم وەزعە نائاساییەدا مۆڵەتم لە قازی بۆ ئەشکەنجەدانیان وەرگرتووە . " وتیان لەبەر ئەوەی کە کەسێکیتری نێزیك بە دەستەی شێوەکاران کوژراوە لە شاگردەوە تاوەکوو هەموو شێوەکاران کەوتوونەتە بەر تۆمەت و لەبەر ئەوەش بە کار هێنانی ئەشکەنجە گونجاو دەبێت .

بە بێدەنگی بیرم کردەوە :

1- بە گوتنی گونجاو بوونی ئەشکەنجە ئەوە دەردەکەوێت کە پادشا مۆڵەتی ئەمەی نەداوە 2- ئەگەر بە کوێرەی قازی دادگا هەموو شێوەکاران لە ژێر تۆمەتدا بن ئەمە مانای ئەوە دەدات کە منیش وەکوو سەر دەستەیان

لەبەر ئەوەی کە بکوژەکەم نەدۆزیوەتەوە و ڕادەستی دادگام نەکردووە تاوانبارم .3- دیانەوێ بە ئاشکرایی بێت یان بە بێدەنگی ڕەزامەندی من دەربارەی ئەشکەنجەدانی ئەو شێوەکارانە وەربگرن کەوا من سەر دەستەیانم و بە تایبەت زەیتوون و لەقلەق و پەپوولە کە لەم ساڵانەی دواییدا خەیانەتیان بە من کردووە .

خەزێنەدار گوتی : " لەبەر ئەوەی پادشا ویستوویەتی جەژننامەکەش و ئەو کتێبەی کەوا ئێستا بە ناتەواوەتی ماوەتەوە زووتر تەواو بکردرێت ، ئێمەش لەوە دەترسین کە ئەشکەنجە زیان بگەیەنێت بەسەر و چاو دەست و هونەری شێوەکاران." گەڕایەوە و ڕووی کردە لای من و گوتی : " وانیە ؟ " بوستانچی باشی زۆر بە نەزاکەتەوە گوتی : " ماوەیەك بەر لە ئێستاش هەر ترسێکی وامان هەبوو ، جارێك شەیتان چوو بووە ناو دڵی زەڕەنگەرێك و ئەویش دڵی لە فنجانێکی دەسك یاقووتیچووبوودزیبووی،ئەمەش خوشکی پادشای لەناو ئازار و خەمدا خنکاند بوو و ئەم ڕووداوەش لە گەڕەکی ئوسکوداردا ڕوویدا بوو ، پادشا ئەرکی دۆزینەوەی دزەکەی بە من ڕاسپارد بوو لەبەر ئەوەی کە دەمزانی پادشا و خوشکەکەشی لە بەرامبەر دەست و پەنجە و هونەری زەڕەنگەردا هەستیارن ، هەموویانم ڕووت کردەوە و خستنمە ناو حەوزە سەهۆڵ گرتووەکە و کردنم بە میوانی بۆق بۆقیلەکان جار جاریش دەرمدەهێنان و بە توندی قامچیم لێدەدان بەڵام دیقەتم کرد کە بەر دەست و چاویان نەکەوێ . لە ماوەیەکی کورتدا زەڕەنگەرە دزەکە خۆی بە دەستەوەدا و بە سزاکەی خۆیشی ڕازیبوو . سەرەڕای ئەو هەموو سەرما و سۆڵەیەی کە خوارد بوویان و ئەو ئاوە ساردەی کە تێیدا بوون و ئەو قامیچیانەی کەوا لێیان درا بوو لەبەر خاوێنی ئاوەکە هیچیان

www.pertwk.com

لێنەهاتبوو و دەست و چاویان زیانی بەر نەکەوتبوو . تەنانەت پادشاش پێی گوتم کە خۆشکەکەی زۆر ڕازییە و زەڕەنگەرەکانیش لەبەر ئەوەی کە تۆخمێکی چەپەڵ لەناویاندا نەماوە زۆر خۆشحاڵن و باشتر کار دەکەن . " لەوە دڵنیا بووم کە بوستانچی باشی لەگەڵ شێوەکاراندا کەللەڕەقانەتر هەڵسوکەوت دەکات . هەرچەندە لەبەرامبەر ویستی کتێب دروستکردنی پادشادا بە ڕێزیش بێت بەڵام بڕوای وایە کە نەخشکردن و وێنەکێشان دەگەنە سنوورەکانی بێدینی و پێویستە شێوەکاران سزا بدرێن ، تەنانەت ئەمەی وەکوو کارێکی ژنانە لە قەڵەمدەدا و بچووکی دەکردەوە . بۆ ئەوەی کە من بورووژێنی گوتی : " هێشتا تۆ نەمردوویت کە شێوەکاران بۆ گرتنەوەی جێگاکەت خەریکی فێڵبازی و داو و تەڵەکە دانانن . " ورتە و بۆڵەیەکی تازە هەیە یان وەکو فرتوفێڵێکی تر هەیە کە من پێم نەزانیوە؟!

خۆمم ڕاگرت و بێدەنگ مامەوە . خەزێنەدار هەستیبەوە کرد بوو کەمن لەبەرامبەر ئەودا کە بە عەقڵەنیوەو ناتەواوەکەی خۆی کە ویستوویەتی کتێب ئامادە بکات و لەبەرامبەر ئەو وێنەکێشە کوێرانەدا کەوا بۆ سێ چوار ئاکچەی زیاتر وێنەکانی ئەو کتێبانەیان کێشاوە چەندە تووڕەم و چەندە ڕقم هەستاوە . بۆ ساتێك بیرم لەو جێگایەدا گرتەوە کە داخۆ ئەبێ چ جۆرە ئەشکەنجەیەك لە شێوەکارانم بکردرێت؟ لە کاتی لێپرسینەوەدا پێستیان ناگوروون چونکە ڕێگای گەڕاندنەوەی نیە هەروەها قۆڵیشیان نابڕن چونکەئەمە بەزۆری بۆ سزا دانی سەرهەڵداوان و ئەوانەی وا پەندیان لێوەربگرن بەکار دەبرێت . دەست و پەنجە و لاقیشیان ناشکێنن و ورد و هانی ناکەن . ئەشکەنجەی لە جۆری هی ئەو کەسە یەك چاوانەی وا ژمارەیان لە ئەستەنبووڵدا زیاتر بووە و لە کۆڵانەکاندا بەدی دەکرێن

شایستەی وەستایەکی شێوەکار نیە ، لە ڕاستیدا خۆی ئەمە شتێکی دروست نیە ، بەم شێوەیە کە بۆ ساتێك لە خەیاڵی خۆمدا شێوەکارە خۆشەویستەکانی خۆمم بە ڕووتی لە ناو حەوزەکەدا بینی کەلەبەر ئەو سەرما و سۆڵەدا بە تووڕەییەوە تەماشای یەك دەکەن لە خۆمەوە پێکەنین گرتمی . بەڵام خەیاڵی ئەوەشم دەکرد کە لەبەر ناماقووڵییەکانیان زەیتوون داخ دەکریٚ و لەبەر ئەوەش دەقیڕێنیٚ و جەستەی پەپوولە گیانیشم زنجیر کراوە و لاشەشی زەرد هەڵگەڕاوەتەوە ،ئەم خەیاڵەم پیٚناخۆش بوو ، دڵم هەڵگەڕایەوە هیچ بیریشم لەوە نەکردەوە کە ئەو پەپوولەیەیوا لەبەر هونەر و زیرەکی خۆی جارجار چاومی پڕ دەکرد لە ئاو ، ئێستاکانە لەبەر دزی وەکوو شاگردێك فەلاقەی بکەن . هەروا مامەوە . مێشکە پیرەکەم بە سێحری بێدەنگییە قووڵەکەی ناو خۆیەوە بێدەنگ بوو . جارجار لەگەڵ ئەواندا هەموو شتێکمان لەبیر دەکرد و بە عەشقەوە وێنەمان دەکێشا . وتم : " ئەوانە شارەزاترین شێوەکارانی پادشان لێیان مەدەن . " خەزێنەدار لە جێگا خۆشەکەی خۆی هەستا و لەو پەڕی ژوورەکەدا لەسەر مێزێك کاغەزێکی درێژی هێنا و خستیە بەردەمم و وەکوو ئەوەی کە ژوورەکە تاریك بێت ، دوو مۆمدانی زل و گەورەی بە لەرزە لەرزی تیشکەکانیەوە نایە پاڵ سەرم . ئەمە ئەو وێنانە نەبوون . کاتیٚ هاوێنەکەم بەسەریاندا دەهێنا ، نازانم چۆن تاریفی بکەم! خەریکبوو پێکەنین بمگریٚ . بەڵام لەبەر ئەوە نەبوو کە پێکەنیناوی بوون بەڵکوو لەبەر تووڕەیی بوو ، بەڵام خۆ شتانێکیش نەبوون کە بە جیددی وەربگیردرێن . وەکوو ئەوە وابوو کە زاوا ئەفەندی بە شێوەکارانی گوتبیٚ وەکوو خۆتان نا بەڵکوو وەکوو کەسێکیتر وێنەکان بکێشن ، دەتگوت ئەوانی ناچار کردووە کە خەیاڵ و

www.pertwk.com

بیرەوەریەکانی خۆیان وەبیر بهێننەوە و خەیاڵی ئەوداهاتووە بکەن کە نایانەوێ هیچ تێیدا بژین و وێنەکانیان بکێشن . شتی باوەر پیٚنەکراویش ئەوەیە کە بۆ ئەم شتە هیچ و پووچانە یەکتری دەکوژن . خەزینەدار گوتی : " کەتەماشای ئەم وێنانە بکەی دەتوانی بلێی کام وێنەکێش قەڵەمی لەکام وێنەداوە ؟ " بە وریاییەوە گوتم : " ئەم وێنانەتان لە کویٚ دۆزیوەتەوە ؟ " خەزێنەدار گوتی : " ڕەشە هێناونی ، خۆی تەسلیمی کردووین ، دەیەویٚ پاکانەی خۆی و زاوای خوالیٚخۆشبووی بکات " وتم : " ئەشکەنجەی بکەن باوەکوو بزانین زاوا ئەفەندی چ شتێکی شاراوەی هەبووە . " بوستانچی باشی بە ویستەوە گوتی : " پیاوێکمان ناردووە بە دوایدا ، لە دوایشدا بە باشی ماڵی ئەم تازە زاوایە دەگەڕین و دەیپشکنین . " دواتر لە ڕوومەتی هەر دووکیاندا ڕووناکییەك و ترس و حەیران مانەوەیەك پەیدا بوو . هەستانە سەرپیٚ . بەبیٚ ئەوەی کە لابکەمەوە بۆ دواوە زانیم کە ڕۆیشتوون بۆلای حەزرەتی پادشا کە پەناگەی هەموو جیهانە .

((ناوی من ئەستەرە)) (39)

هەمیشە بەیەکەوە گریان چەندە خۆشە ! کاتیٚ خزم و کەس و کار و دۆست و ژنەکانیان لە ماڵدا بۆ مەرگی باوکی شەکورە گیان دەگریان منیش خۆم دەکوتا بە زەوییاو تێر تێر دەگریام، جارجار باوەشم دەکرد بە کچە جوانەکەی پاڵ دەستمدا و دەجووڵاینەوە و دەگریاین جارجاریش خەمی ئازارەکانی خۆمم دەخوارد و دەگریام و فرمێسکم هەڵدەڕشت . ئەگەر حەوتەیەك جارێك ئاوەها بگریم ئەوەم لەبیر دەچیٚ کە هەموو ڕۆژێك بۆ نان دەرهێنان لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان دەگەڕێم و ئەمەش لەبیر دەکەم کە یەهوودیم و بچووك دەبینرێم و لە هەموو جارێك زیاتر دەبم بە ئەستەرێکی چەنەباز . سەرەڕای ئەوەی کەلە ناو بۆنەکاندا وەکوو بزنێکی ڕەش دیارم بەڵام لەبەر ئەوەی لێرەدا دەتوانم تێری زکی خۆم نان بخۆم ئەم بۆنانەم پیٚ خۆشە . لە ڕۆژانی جەژندا باقلەوا و هەویری نەعنا و نانی بادامین و لە جەژنی سونەتکردنیشدا پلاوی گۆشتدار و بۆرەکی فنجانی و لە بۆنەکانی پادشاشدا لەمەیدانی ئەسپەکاندا شەربەتی تووتڕك و لە زەماوەندەکانیشدا هەر شتێك دەدەن. لە دوای ناشتنی تەرمەکانیشیان حەلوای هەنگویندار و کونجیداربۆ جیران و دراوسێکانیان دەنێرن ، خودا هەڵناگریٚ منیش هەرایان پێدەکەم ! لە خواردنی ئەمانە تێر نابم . بە بێدەنگییەوە ڕۆیشتمە ناو هەیوانەکە . پێڵاوەکانم کردە پیٚ و ڕۆیشتمە خوارەوە .بەر لەوەی بگەڕێمەوە بۆ ناو چێشتخانەکە گوێم لە دەنگێك بوو کە لە ژووری تەنیشت گەوڕەکەوە دەهات . دەرگاکەی نیوە کراوە بوو ، لە ناکاو دوو هەنگاوم هەڵگرت و ڕۆیشتمە ناوەوە ، تەماشام کرد کە ئورهان و شەوکەت کوڕی

www.pertwk.com

ژنێکیان گرتووە کە دەگری . کوڕەکەیان بە پەت بەستبووەوە وبە فلْچەکانی ئەو خوالێخۆشبووەش ڕوومەتی کوڕەکەیان بۆیاخ دەکرد . شەوکەت زلەیەکی لێدا و بە کوڕەکەی گوت : " ئەگەر بتەوێت هەڕا بکەی ئاوەها لێت دەدەین . " بە دەنگە درۆینەگەی خۆمەوە گوتم : " ڕۆڵە ! مەگەر نابێ تۆزێك خۆشتر یاری بکەن و یەکتری ئازار نەدەن ؟ " شەوکەت قیڕاندی و گوتی : " جا تۆ هەقت چیە ؟ " خۆشکە بچکۆلە قژ زەردە ترسەنۆکەکەی کوڕە لێدراوەکەشم لە تەنیشتیاندا بینی . نازانم بۆ چی بوو کە خۆمم لەگەڵیدا گرتەوە و باوەشم پێدا کرد . هەموو شتێك لەبیر بەرەوە ئەستەر ! خەیرییە لە چێشتخانەکەوە بە گومانەوە چاوی لێدەکردم . گوتم : " هەر دووکانی چاوم لە گریاندا وشك بوون ، خەیرییە بۆ خوا تۆزێك ئاوم بەرێ " بە بێدەنگییەوە پێیدام . بەرلەوەی بیخۆمەوە تەماشای چاوە هەڵئاوەساوەکانیم کرد . وتم : " خۆی لە خۆیدا زاوا ئەفەندی بێچارە بەر لە مارە بڕینەکەی شەکورە مرد بوو ، خۆ دەمی خەڵك توورەکە نیە تابیدروویتەوە تەنانەت دەڵێن بە مەرگی خۆیشی نەمردووە . " ڕاشکاوانە تەماشای لووتی پێڵاوەکانی کردو بەبێ ئەوەی تەماشای من بکات گوتی : " خوا لە تۆمەتی وشك و نابەجێ بمانپارێزێ ." حەرەکەتی یەکەمی بە مانای ئەوە بوو کە ئەو وتەیەت ڕاستە، لە چوونیەتی قسە کردنیشیدا وەهادەردەکەوێت کەلە ناچاریدا ئەو قسەیە دەکات . لە خۆمەوە وەکوو هاوڕازێك گوتم : " چی دەبێ ؟ " بەڵام خەیرییە دوودڵەکە کە دەیزانی لە دوای مەرگی زاوا هیوای سەر کەوتنی بەسەر شەکورەدا نەماوە وتی : "من چیم بەسەردا دێت ؟ " وەکوو عادەتی خەبەر داین گوتم : " شەکورە زۆر حەزت لێدەکات . " سەر قاپی دەبس و ترشییەکەم لادا و پارچەیەکم لێنایە

دەمم و بۆنی هەندێك شتیترم کرد و گوتم : " کێ ئەم حەڵوایانەی بۆ ناردوون ؟ " خەیرییە یەکیەك ناوی دەگوتن و دەیگوت : " ئەوە هی قاسم ئەفەندی قەیسەرییە، ئەوەش هی خەڵغانەکەیە کەوا دوو کۆڵان لەولای دەستەی شێوەکارانەوە دادەنیشێ ، ئەوەش هی حەمیدە سۆلاکی کلیل سازە ، ئەمەش سینی بووکە ئەدیرنەیەکەیە " ، کە شەکورە قسەی پێبڕی و وتی : قەلبیەی ژنی زەریف ئەفەندی خوالێخۆشبوو نەهاتووە بۆ سەرە خۆشی و هەواڵیشی نەناردووە ، تەنانەت حەڵواشی بەڕێ نەکردووە ! لە دەرگای چێشتخانەکەوە بەرەو پلیکانەی بەر دەلانەکە ڕۆیشت . زانیم دەیەوێت لە من و خەیرییە دوور کەوێتەوە و قسەبکات . بۆیە چاوم لێی بوو، وتی : زەریف ئەفەندی لەگەڵ باوکمدا دوژمنایەتییەکی نەبووە ئێمە لە ژووری ناشتنی جەنازەکەیدا حەڵوامان دروست کرد و ناردمان بۆ ماڵەوەی . چیدەبێ حەز دەکەم بزانم . " تێگەیشتم کە شەکورە چۆن بیر دەکاتەوە و گوتم : " ئێستا دەچم و تێدەگەم کە چی بووە . " لەبەر ئەوەی کە قسەم پێی درێژ نەکرد بووەوە ماچیکردم . لەگەڵ ئەوەی کە سەرمای حەوشەکە کاریگەری دەکردە سەر دەروونمان دیسان باوەشمان کرد بە یەکدا و هەروا ڕاوەستا بووین، لە دواییدا دەستم هێنا بە قژەکانی شەکورە جوانەکەمدا .

وتی : " ئەستەر دەترسم . "

وتم : " گیانکەم مەترسە لە کۆتایی هەر شتێکدا خەیرێك هەیە ، بنواڕە چۆن زەماوەندیشت کرد . " وتی : بەڵام نازانم باشم کردووە یان نا لەبەر ئەوەی کە ئەمەم دەزانی نەمهێشت شەو نزیکم ببێتەوە و لەلای باوکە بێچارەکەمدا مایەوە . " چاوە گەورەکانی کردەوە و تەماشای نێو چاوانمی کرد وەکوو ئەوەی کە بڵێ تێدەگەی ؟ تەماشامی کرد .

www.pertwk.com

وتم : " حەسەن دەڵێ مارەییەکەتان لە چاو قازی هیچ نرخێکی نیە و ئەمەی بۆ ناردووی . " هەر چەندە کە وتی ئیدی نابێ بەڵام کاغەزەکەی وەرگرت و کردییەوە و خوێندییەوە ، بەڵام ئەمجارەیان پێی نەگوتم چی نووسراوە . حەقم پێدا چونکە لە حەوشەکەدا ڕاوەستا بووین . لەسەرەوە دارتاشێکی جوان خەریکی چاککردنەوەی پەنجەرەکەیەکەنازانرێت بەیانی لەبەر چی شکاوە . هەر لەو کاتەشدا لە دەرگایاندا و خەیرییە هات کە دەرگاکە بۆ کوڕی دراوسێ بە وەفاکە بکاتەوە کە گوتی : حەڵوا هاتووە . شەکورە وتی : " لە زووەوە ناشتوویانە ، ئێستا واهەستدەکەم کە ڕۆحی باوکە گیانەکەم بۆ دوایین جار و بۆنەگەڕانەوە لە جەستەی جودا دەبێتەوە و دەچێتە ئاسمان" لە باوەشم دەرکەوت و تەماشای ئاسمانی کرد و بۆ ماوەیەکی درێژ دەستی بە دۆعا خوێندن کرد و نەکرد بە بەحەز کردنێکەوە نێو چاوانی ماچکردم . وتی : " ئەستەر تاوەکوو بکوژەکەی باوکم لەم دونیادا زیندوو بێت ئەوا من و کوڕەکانیشم ئاسوودە نابین . "

بیرهێنانەوەی ناوی مێردەکەیم پێخۆش بوو . وتی : " بچۆ بۆ ماڵی زەریف ئەفەندی و بنی دەمی ژنەکەی تاقی بکەرەوە و بزانە بۆ چی حەڵوایان بۆ نەناردووین و یەکسەر هەواڵەکەم پێبگەیەنەوە . " وتم : " قسەیەکت بۆ حەسەن نیە ؟ " . نەك لەبەر ئەوەی کە ئەمەم پرسکردبێ بەڵکوو لەبەر ئەوەی کاتێ ئەمەم پرسکرد نەمتوانی تەماشای نێوچاوانی بکەم شەرمم لە خۆم کردەوە.

بۆ ئەوەی کە شەرمەکەم بشارمەوە خەیرییەم ڕاگرت و سەر قاپی حەڵواکەم لادا و تۆزێکم خستە ناو دەمم و وتم : " حەڵوای فستق دارە بەڵام لالەنگیشیان تێخستووە . " کاتێ شەکورە وای نیشاندا کە هەموو

شتێك وەکوو خۆیە و پێکەنی دڵی منیش ڕەحەتتر بوو . بۆخچەکەم هەڵگرت و دەرکەوتم . دووهەنگاوم هەڵگرت و هەڵنەگرت سەیرم کرد کە ئەو سەری کۆڵانەکە ڕەشەی لێیە . خەزوورەکەی تازە نێژرا بوو ، خۆیشی تازە زاوا بوو . لە خۆ بەگەورە زانینەکەیشیەوەتێگەیشتم کە لە ژیانی خۆی زۆر ڕازییە . بۆ ئەوەی خۆشییەکەی تێك نەدەم لەڕێ دەرکەوتم و چوومە ناو بێستانەکەوە . لە حەوشەکەی ماڵی برا هەڵواسراوەکەی پزیشکی ناودار مۆشە هامونەوە تێپەڕ بووم . هەر جار کەلەم حەوشەوە تێپەڕ دەبووم تێدەگەیشتم کەوا بۆنی مەرگی لێدێت ، ئەوەندە خەم دایدەگرتم کە ئەوەم لەبیر دەچووەوە من بۆ پەیدا کردنی مشتەری و فرۆشتنی شتێك بە یەکێك هاتووم و لەم دەڤەرانەدا دەگەڕێم .

بۆنی ئەو مەرگەی وا لەم حەوشەیماڵی زەریف ئەفەندیشەوە دەهات وەکوو ئەوە وابوو بەڵام هی ئەوان ڕەنگی خەم و پەژارەی پێوە نەبوو . وەکوو ئەستەرێك کەوا سەدان بێوەژنم ناسیوە و هاتوو چۆی ماڵیانم کردووە دەزانم ئەو ژنانەی کەوا بە زوویی مێردەکانیان لە دەستداوە یان ڕوو بەڕووی شکست دەبنەوە یان وەکوو تووشی تووڕەیی و سەرهەڵداوی و ئەفسووناوی بوون دەبن (شەکورە گیانی من لەهەر دووکیان بەشی خۆی وەرگرتووە قەلبیە خانیش ژەهری تووڕەیی خوارد بووەوە ئەمەش کارەکەی منی ئاسانتر دەکرد .) قەلبیە خان وەکوو ئەو ژنانەی وا لەبەرامبەر بێبەزەیی و ستەمکارییەکانی ژیاندا بێبەزەییانە هەڵسووکەوتیان دەکرد وا بوو . لەگەڵ ئەو کەسانەی والە ڕۆژێ خراپیدا دەهاتنەوە بەر دەرگای ماڵەکەی بەروو خۆشییەوە هەڵسوکەوتی نەدەکرد و وایدەزانی کە ئەمە هاتوون تەماشای ئازارەکانی ئەو بکەن و گاڵتەی پێبکەن بۆیە لەگەڵ

www.pertwk.com

میوانەکانیدا قسەی خۆشی نەدەکرد و یەکسەر دەچووە ناو بابەتەکەوە ، بەم دوانیوەڕوویەی کەوا قەلبیە دەیەوێت قەند (شەکری کلۆ) دروستبکات ئەم ئەستەرە بۆچی هاتووە ؟ لەبەر ئەوەی دەمزانی گویٚ ناداتە ئەو ئاورێشمانەی کەوا لە چینەوە بە کەشتی هاتوون ، هەروەها سەرنجیش ناداتە ئەو دەستمالاٌنەی کەوا لەبوورساوە هاتوون ، هەر بۆیە بەبێئەوەی بۆخچەکەم بکەمەوە چوومە سەرقسەکە و دەردی شەکورە چاوتەڕەکەم بۆ گێڕایەوە و گوتم کە: " بەبێئەوەی ئاگادار بن دلٌی ئەو شەکورە بێچارەیەتان شکاندووە ئەمەش دەردێکیترە بە سەر ئازارەکانی ئەوەوە . "

قەلبیە خان بە شێوازێکی لە خۆ ڕازیبوونەوە ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە پرسیاری شەکورەی نەکردووە و تەنانەت سەرە خۆشیشی لێنەکردووە و حەلٌواشی بۆ نەناردووە و ماتەمەکەی لەگەلٌدا بەش نەکردووە . لەپشت ئە خۆ بە گەورە زانینەشیدا خۆشییەکی پێبوو کە نەیدەتوانی بیشارێتەوە . ئەستەرە ژیرەکەتان لە دلٌگیریەکەی تێگەیشت و لەو خالٌە لاوازەوە دەستی بە دۆزینەوەی هۆکارەکانی کرد . زۆری پێنەچوو قەلبیە ئەوەی ڕاگەیاند کە لەبەر ئەو کتێبەی وا زاوا ئامادەی کردووە لێی تووڕە بووە . وتی کە ڕەحمەتی مێردی لەبەر دوو یا سیٚ ئاکچەی زیاتر دەستی بە یارمەتیدانی زاوا نەکردووە بەلٌکوو زاوا گوتوویەتی ئەمە بە فەرمودەی پادشا دروستدەکریٚ بۆیە مێردەکەی ڕازی بووە . لە دوایشدا ئەوەی گێڕایەوە کە لە پێشدا جوانکاری پێکردووە و دواتریش وردە وردە وێنەی پێدروست کردووە کە هەندێك لەم وێنانەش بیٚدینی و کافیری تێدا بووە ، مێردەکەشی لەوە زۆر ناڕەحەت بووە و لە نێو ڕاستی و ناڕاستیدا ئەملا و ئەولای کردووە . بەلاٌم لەبەر ئەوەی کەئەو لە زەریف ئەفەندی زیاتر بە تەدبیر و وریا

و هەستیارتر بوو ئەوەشی پیٚزیاد نەکرد کە مێردەکەشی وردە وردە لەم گومانە تێگەیشتووە . لەبەر ئەوەی زەریف ئەفەندی تا ئەو کاتە ڕوو بە ڕووی کوفرێکی ئاشکرا نەبووەتەوە نائاسوودەییەکانی وەکوو ترسی خۆی نرخاندووە . خۆی لە خۆیدا زەریف ئەفەندی گوێی لە هەموو پەندەکانی مەلا نوسرەت دەگرت و ئەگەر لە کاتی خۆیدا نوێژەکانی نەکرد بایە هەستی بە ناسوودەیی دەکرد . لەبەر ئەوەی وەکوو سۆفییەك گرێدراوی دینەکەی بووە کەسانی هەرچی و پەرچی لە وێنەکێشخانەکەدا گالٌتەیان پێکردووە بەلاٌم ئەو زانیویەتی کە لە ڕاستیدا ئەم گالٌتە پێکردنەش لەبەر هونەر و لێهاتوویەکەیەتی .

لە چاو پرتاندنێکدا دلٌۆپە فرمێسکێك لە چاوە گەورەکەی قەلبیەیەوە داکەوتە سەر گۆناکەی و ئەستەرە نیەت باشەکەش بڕیاریدا لە یەکەم هەلدا مێردێکی بۆ بدۆزێتەوە . بە وریاییەوە گوتی : " هەموو ئەم شتانەشی لەگەلٌ مندا باس نەکردووە و من لە مێشکی خۆمدا ڕێك و پێکم کردوون و وادەزانم کە ئەو شەوەی لە مالٌی زاواوە دەرکەوتبیٚ ئەم ڕووداوە ڕوویدابیٚ. "

ئەمە جۆرە داوای لێبووردنێك بوو ، لە بەرامبەردا منیش گوتم : " کیٚ دەزانیٚ لەوانەیە هەر ئەو پیاوە دلٌنزمەی کەوا زەریف ئەفەندی کوشتووە زاواشی کوشتبیٚ. " و سەرنجم ڕاکێشایە سەر ئەو خالٌە هاوبەشانە کەوا لە ئازارەکانی ئەو و شەکورەدا هەن . ئێستا لەلایەکیتریشەوە هەتیوێکی سەرزل کەوا بە وریاییەوە تەماشای منی دەکرد وەزعی هەر دووکیانی لەگەلٌ یەکدا بەراورد دەکرد . بەلاٌم ژێر بیری گەوادیم پێیدەگوتم کە شەکورە زۆرجوانترو دەولٌەمەندتر و ڕازدارترە . شتەکەی ناو دلٌم گوتەوە و گوتم : " شەکورە گوتوویەتی ئەگەر خراپییەکم هەیە ئەوا داوای لێبووردنی لێدەکەم

www.pertwk.com

، خۆشکایەتی و دۆسایەتی خۆیت پێشکەش دەکات و دەیەوێ بیر بکەیتەوە و یارمەتی بدەی . ئەو دوایین شەوەی کەوا زەریف ئەفەندی لە ماڵی ئەوانەوە دەرکەوتووە زیاترلە زەریف ئەفەندی کەسیتری بینیوە یان نا ؟ تۆ دەتزانی کە کەسیتر دەبینێ یان نا ؟ لە ناو قوتویەکی حەسیردا کە سەر قاپەکەی لە گوێزەوە دروستکرا بوو و دەرزی نەخش و پارچەی قوماشی تێدا بوو و کاغەزێکی دەرهێنا و درێژی کردەوە بۆم و گوتی : " بەس ئەمە لە گیرفانی زەریف ئەفەندییە بێچارەکەم دەرکەوت . " کاغەزە لۆچ بووەکەم وەرگرت و لە نێزیکەوە تەماشام کرد . مورەکەبەکەی لەبەر ئاوەکە بڵاوبوو بووەوە بەڵام چەندین شێوەی جۆرا و جۆری هەبوو . تێگەیشتبووم کە ئەوانەچین بەڵام قەلبیە لەناکاو بانگی مێشکمی کرد و گوتی : " ئەوانە ئەسپن ، زەریف ئەفەندی خوالێخۆشبوو ساڵانێکی درێژ بەس کاری جوانکاری و ڕازاندنەوەی دەکرد و کەسیش داوای لێنەکرد بوو کە وێنەی ئەسپ بکێشێ . " بەپەلەپەل کێشا بوونی بەڵام ئەستەرە پیرەکە کاتێ تەماشای ئەسپە بڵاو بووەکانی دەکرد شتێکی زۆری لێتێنەگەیشت . وتم : " ئەگەر ئەم کاغەزە ببەم بۆ شەکورە زۆر خۆشحاڵ دەبێ . " بە لە خۆ بایی بوونێکەوە گوتی : " ئەگەر ئەم کاغەزەی دەوێ با خۆی بێت بۆ ئێرە . "

((ناوی من ڕەشەیە)) (40)

لەوانەیەتائێستا تێگەیشتبن کە بۆچی کەسێکی وەکوو من کە ئەربابی خەمە سەرتاپای عەشق و ئازار و دڵخۆشی و نەداری کردووە بە بەهانەی تەنیاییەکی بێکۆتایی ، خۆشی گەورە و خەم خواردنی زۆر واتای هەبوون نیە . من ئەوە ناڵێم کە ئەگەر کەسانیتر خەمیان هەبێ و لەم هەستانەدا بژین ئێمە هیچ خەممان نیە و بەرامبەر بەوە هەستیار نین بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە قووڵایی ئەم هەستانە و ئەو کەسانەی وا لەوانەدا دەژین بەباشی تێدەگەین . ئەو شتەی لێی تێناگەین ئەو هەڵچوونە سەیرەیە کەوا لەو کاتانە ڕۆحمانی تێدا نێژراوە . ئەم پەشۆکاوی و هەڵچوونە عەقڵمان ڕەش دەکاتەوە و لەبەرامبەر تێگەیشتن لە خۆشی و خەمە قووڵەکان ئاستەنگی دروستدەکات . زۆر شوکر ! باوکیمان نێژا . بە هەرا کردن گەڕامەوە بۆ ماڵ و سەرە خۆشیم لە شەکورە کرد و باوەشم پێدا کرد . لە دواییدا ژنەکەم لەگەڵ منداڵەکانیدا کە وەکوو دوژمن سەیری منیان دەکرد خۆی خستە سەر

www.pertwk.com

دۆشەکەکە و کەوتە پەڵەمە گریان. منیش ئاوەها لە جێگای خۆدا وشك ڕاوەستا بووم . خەمەکانی ئەو سەر کەوتنی من بوون . لە ساتێکدا لە خەیاڵەکانی کاتی جوانیمدا زەماوەندم کرد و لە دەستی ئەو باوکەی کەوا لە کاتی خۆیدا گاڵتەی پێدەکردم ومنی بچووك دەبینی ڕزگارم بوو بوو .

کێ بڕوای بە فرمێسکەکانی من دەکرد ؟ بەڵام نا بڕوا بکەن وانەبوو . بەراستی دەمویست خەفەت بخۆم بەڵام نەمدەتوانی . چونکە زاواکەمان هەمیشە دەرهەق بەمن باوکایەتی کردووە و باوکم ئەوەی نەکردووە لەوەش زیاتر لەبەر نەوەستانی دەمی مەلا فیڵبازەکە کەوا تەرمی زاوای شۆرد بووهەر لەکاتی هەڵگرتنی جەنازەکەدا ورتە و بۆڵە و باسی ئەوە دەکرا کە زاوا ئەفەندی بە مەرگی خۆی نەمردووە . هەروەها ئەمە چۆن لەسەر قەبران و مزگەوتەکەدا بڵاو بوو بووەوە لە گەڕەکیشدا دەنگی دابووەوە ، لەبەر ئەمە ئەگەرنەگریا بایەم بە خراپەیان دەنرخاند هەر بۆیە دەمویست خەفەت بخۆم . دەزانن کە ناوەکیترین ترس بۆ مرۆڤ ترسی ئەوەیە کە بەدڵ بەردینت لەقەڵەم بدەن. بۆ ئەوەی کەسانی وەکوو من لە ناو جەماوەردا دەرنەخەنە دەرەوە پوورە خاوەن چەمکەکان هەمیشە بەهانەی حازر و ئامادەیان پێیە ودەڵێن " بۆیە بۆیە مرۆڤ دەگری " . منیش بۆیە بۆیە دەگریم ، چۆن دەبێ ئەم خزمە دوورانە ئاوەها تێر تێر دەگرین ؟ بۆ ئەوەی چاویان بەمن نەکەوێ ویستم خۆم لە گۆشەیەکدا بشارمەوە و دەمگوت : ئایا پێویستە ئیدی وەکوو پیاوی ماڵ هەڵسوکەوت بکەم ! ؟ و بەسەر ئەو وەزعەدا زاڵ ببم ؟ کە لەم کاتانەدا لە دەرگایاندا . بۆ ساتێك پەشۆکام و وامزانی حەسەنە . بەڵام هەر لەم دۆزەخی گریانە نەجاتم ببێ بەهەر شتێك ڕازی دەبم ، کوڕە درگاوانێکی کۆشك بوو ، بانگیان کرد بووم . سەرم سووڕمابوو . کاتێ لە

حەوشەکەوە دەرکەوتم ، لە ناو ئەو قوڕەدا ئاکچەیەکم لەسەر زەوی دۆزییەوە . لەبەر ئەوەی لە کۆشکەوە بانگیان کرد بووم زۆر دەترسام یان نا ؟ بەڵێ دەترسام ، بەڵام لەبەر ئەوەی بەم سەرمایە لەگەڵ سەگ و دار و مرۆڤەکاندا لە ناو کۆڵانەکەدا بووم زۆر مەمنون بووم . وەکوو ئەوانەی بەر لەوەی بیانبەن و تەسلیمی جەلادیان بکەن بیانەوێ لەگەڵ زیندانییەکانیتردا تۆزێك قسە بکەن و باسی ئەملا و ئەولای جوانییەکانی ژیان و هەوری سەر حەوشەکە و واقە واقی ناو ئاوەکان بکەن و دۆسایەتی بکەن ، منیش ویستم ئاوەها لەگەڵ دەرگاوانەکەدا هاوڕێیەتی بکەم . کەچی ئەم کوڕە زیپکنیە کوڕێکی ڕووترش و تاڵ دەرکەوت . بە حەیران مانەوەیەکەوە تەماشای داری سەروە درێژەکانم دەکرد کەوا بە درێژایی پەتێك بە ناسکی ڕاکشابوون ، دوای ئەو هەموو ساڵە ئێستا لەگەڵ شەکورەدام ومردنی لەناکاوم شتێکی مەترسیدار دەبوو. لەباتی ئەوە لە جێگایەکدا لەگەڵ شەکورەدا بخەوم و تێری دڵی خۆم لەگەڵیدا جووت ببم ، گیاندان لە ژێر ئەشکەنجەی کۆشکدا بە ناهەقی دەزانم ، هەر ئەم ناهەقیەش لەرزی دەخستە گیانم . نەڕۆیشتینە ناو ئەو دەرگا ناوەراستینەی کەوا لە پشتی جێگای ئەشکەنجەگەران و جەللادە دەست سووکەکانەوە بوو . بە ترسە ترسەوە تەماشای کەلوەکانیم دەکرد . بەرەولای دارتاشخانەکە دەڕۆیشتین . کاتێ لەناو گەنجینە و ئەنبارەکانەوە تێپەڕ دەبووین چاوم بە ئەسپێکی کەژاڵ کەوت کە لە لموزییەوە هەڵم هەڵدەستا و پشیلەیەکیش لە بەینی لاقەکانیەوە خەریکی لێسانەوەی قوڕەکە بوو . پشیلەکەش وەکوو ئێمەی مرۆڤ زیادە لەحەد بە پیساوییەکەی خۆیەوە خەریك بووبوو و تەماشای ئێمەشی نەکرد . لەپشتی گەنجینەکانەوە دوو پیاو بە جلە مۆر و سەوزەکانی خۆیانەوە هاتن و بە

www.pertwk.com

بێدەنگی منیان لە کوڕەکە وەرگرت ، نەمزانی ئەمانە پیاوی کێن . خستمیانە ناو ژوورێکەوە و دەرگاکەیان لێداخستم ، لە بۆنی تەختەکانیەوە دیار بووکە تازە دروستکراوە . دەمزانی خرانە ناو ژوورێکی تاریك ترساندنی بەر لە ئەشکەنجەدانە و وەها خەیاڵم کرد کە لەوانەیە کارەکەیان بە فەلاقە دەست پێبکەن هەروەها بیریشم لەوە دەکردەوە کە چ درۆیەك ڕێك و پێك بکەم بۆ ئەوەی کەوا لەم وەزعە ڕزگارم ببێ . لەوە دەچێ لە تەنیشتیشەوە جەنجاڵێك هەبووبێ بۆیە ئاوەها دەنگە دەنگەکە کە لەوێوە دوور دەبووەوە . تەماشای قسە دڵخۆشکەرەکان و گاڵتەکانی من دەکەن و وەها بیر دەکەنەوە وەکوو کەسێك قسە ناکەم کە بەرەو ئەشکەنجەدران بچێ . ئەوەم پێنەگوتبوون کە بڕوام وایە عەبدێکی خۆش شانسی خودام . ئەگەر ئەو پەلەوری شانسانەی وا لەم دوو ڕۆژەی دواییدا لەدوای هەموو زەحمەتییەکانم ڕوویان تێکردووم بەڵگەی خۆش شانس بوونی من نەبن دەبێ ئەو پارەییەی کە لە حەوشەکەدا دۆزیمەوە نهێنییەکی تێدا هەبێ . کاتێ چاوەڕوانی ئەشکەنجەم دەکرد زۆربە باشی بڕوام بەوە هێنا بوو کە ئەم ئاکچەیە دەمپارێزێت و خۆمم بەوە دڵخۆش دە کرد ، ئەوەم وەکوو ئاماژەیەك دەبینی کە خودا بۆی ناردووم . گرتم بە دەستمەوە و ماچمکرد.بەڵام کاتێ منیان لەو تاریکاییەوە دەرخست و بردمیانە ژوورەکەیترەوە و چاوم بە بوستانچیباشی کەوت و ئەشکەنجەگەرە کەچەڵە (کراوتیە) کانم بینی زانیم ئاکچەکەش قیمەتی نیە و پارەش ناکات . هەروەها ئەوەش تێگەیشتم کە دەنگە بێبەزەییەکەی دەروونم ڕاستی دەگوت کەوا دەیگوت : ئەم ئاکچەیە یەکێکە لە ئاکچەکانی سەری شەکورەیە کە چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا لە حەوشەکەدا کەوتووە و منداڵەکانیش

نەیاندۆزیوەتەوە . بەم شێوەش کاتێ خۆمم تەسلیم بە ئەشکەنجە گەرەکەم کرد ئیدی هیچ خەیالێکم بۆنەمابوو کە دەستی پێوە بگرم . هەستیشم پێنەکرد بوو بەڵام فرمێسکی چاوەکانم دەستی بە ڕژان کرد بوو . ویستم بپاڕێمەوە کەچی دەنگم وەکوو ئەوەی ناو خەونەکانم دەرنەدەکەوت و نەمدەتوانی قسە بکەم . لە دەرەوە دەمزانی کە لە ڕێگای سیاسەتەوە لە چرکە ساتێکدا مرۆڤ لە ڕێگای ئەم ئەشکەنجە کردن ومەیدانی شەڕانەوە لەناو دەچێ و دەبێ بە هیچ . بەڵام من بۆیە بۆیە ئەمانە نەژیابووم . منیان ڕووت کردەوە ، چۆخە و کراسەکەیان لەبەر داکەندم . یەکێك لە جەللادەکان دانیشتە سەرم و ئەژنۆکانی خستە سەر دەستەکانم . یەکێکیتریش وەکوو ژنێکی بە ئەزمون دەستەکانی خستە ئەملا و ئەولای سەرم و قەفەسەکەی کردە سەرم و بە هێواشی دوکمەکەی دەچەرخاند ، ئەمە قەفەسە نەبوو مەنگەنەیەك بوو کەوا لە دوو لاوە زەختی دەخستە سەر سەرم . بە هەموو هێزێکمەوە قیڕاندم . بە وشەیەکی نەزانراوەوە دەپاڕامەوە . گریام. لەبەر ئەوەی کە دەمارەکانمی نەرم دەکردەوە ڕاوەستان و پرسیاریان کرد کە ئایا من زاوا ئەفەندیم کوشتووە ؟ هەناسەیەکم هەڵکێشا : " نا " . جارێکیتر دەستی بە بادانەوەی دوکمەکە کرد . ئازاری زۆری هەیە . جارێکیتر پرسیاریان کرد . وتم : " نا " .

- " کێ "

- نازانم ! " بیرم لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئایا بڵێم من کوشتوومە یان نا ، دونیا لە دەوری سەرمدا دەخولایەوەو بێوێستییەك دەروونمی داگرتەوە . پرسیارم لە خۆم کرد کە ئایا دەتوانم بە ئازار ڕابێم . من و جەلادەکان بۆ ساتێك هەرواماینەوە . هیچ نەدەیەشا تەنیا دەترسام . لە

www.pertwk.com

ئاکچەکەی گیرفانمەوە تێگەیشتم کە نامکوژن ، لە ناکاو بەریاندام . لەراستیدا قەفەسی ئەو مەنگەنەیەی کەوا خستبوویانە سەرم زەختی کەمی هێنابووە سەر سەرم . ئەو جەلادەی کەوا ڕۆیشتبووە سەری من دابەزی بەڵام حاڵێکی وای نەبوو کە داوای لێبووردن بکات. کراس و چۆخەکەم کردە بەرم. ماوەیەکی درێژ بێدەنگی دروست بوو . لەو پەڕی ژوورەکەدا چاوم بە وەستا عوسمان کەوت و ڕۆیشتم و دەستیم ماچکرد . پێی وتم: " خەفەت مەخۆ ڕۆڵە ، تاقییان کردیتەوە " یەکسەر تێگەیشتم لە دوای زاوا ئەفەندی باوکێکیترم بۆ خۆم دۆزیوەتەوە . بۆستانچی باشی گوتی : " بە فەرموودەی پاشاکەمان ئێستا ئەشکەنجەت لێناکەین ،فەرمانی داوە کە لەگەڵ وەستا عوسماندا ئو پیاو کوژە بدۆزنەوە کەوا شێوەکاران و پیاوانی پادشا دەکوژێ . لە ناو سێ ڕۆژدا تەماشای وێنەکانیان دەکەن و لەگەڵیاندا قسە دەکەن و تێدەکۆشن بۆ ئەوەی بزانن ئەم ناپیاوە کێیە . پادشا لە قسەگێڕانەوەی فیتنەچییەکان لەسەر شێوەکاران و کتێبەکانی زۆر تووڕە بووە . وەکوو فەرموودەی پادشا من و هازم ئاغای خەزێنەداریش بۆ دۆزینەوەی ئەم ناپیاوە هاوکاریتان دەکەین . یەکێکتان خزمی زاوا ئەفەندین و گوێتان لە قسەکانی بووە ودەزانن ئەو شێوەکارانەی وا شەوان هاتوون چۆن کاریان کردووە و گوێتان لە داستانی وێنەکان بووە . ئەویتریشتان وەستایەکە کەوا پەسنی خۆی بەوە دەداتەوە شێوەکارانی لای خۆی وەکوو ناو لەپی خۆی دەناسێ . ئەگەر لە سێ ڕۆژدا ئەو ناپیاوە و ئەو لاپەڕە ون بووە نەدۆزنەوە کە لەم ڕۆژانەدا قسەی زۆر لەسەر دەکرێت پادشا فەرمانی داوە کە تۆ " کوڕم ! ، ڕەشە ئەفەندی بۆ یەکەم جار بخرێیتە ژێر ئەشکەنجەوە . لە دوایشدا گومان لەوە نیە کە نۆرە دەگات بە

شێوەکارانیتریش . " لە نێوان ئە دوو دۆستە کۆنەدا یانی وەستا عوسمان و هازم ئاغای خەزێنەدار کە ساڵانێکی درێژ پێکەوە کاریان کردووە و ڕاسپاردەی بۆ وەستا عوسمان دەهێنا و کەلوپەل و پارەی پێدەدا هیچ جۆرە ئاماژە کردنێکی بەمانام نەبینی . بۆستانچی باشی گوتی : " هەمووتان دەزانن ئەگەر لە ناو ژوورێك یا دەزگایەکی سەر بە پادشاکەماندا تاوانێك ڕوویدات تا ئەو کاتەی تاوانبارەکە دیار دەبێت و دەدۆزرێتەوە تەواوی دەزگاکە لە ژێر تۆمەتدا دەبێ و ئەگەر نەدۆزرێتەوە لە سەرووی هەموویانەوە ئاغا و گەورەی ئەو دەزگایەوتەواوی ئەندامەکانی وەکوو کەسان و دەزگایەکی پیاو کوژ و تاوانبار ناویان دەچێتە ناو دەفتەرەوە . لەم ڕووەشەوە پێویستە وەستا عوسمان چاوەکانی باش بکاتەوە و بە چاوە تێژەکانیەوە هەموو لاپەڕەکان لێکبداتەوە و ئەوفرت و فێڵ و فیتنەیەی وا شێوەکارە بێتاوانەکانی بەرداوەتە گیانی یەك بدۆزێتەوە و تاوانبارەکەش ڕادەستی عەداڵەتی پادشای جیهان پەنا بکات . بۆ ئەمەش هەموو شتێکمان هێناوە و هەموو شتێکیتریشتان بۆ دێنین ، پیاوەکانم ماڵی یەك بە یەکی وەستا شێوەکارەکان دەپشکنن و هەموو ئەو کتێب و وێنانەی کە کێشاویانە کۆدەکەنەوە و دەیهێنن بۆ لای ئێوە .

www.pertwk.com

((وەستا عوسمانم)) (41)

لە دوایی ئەوەی کە بوستانچیباشی وخەزێنەدار فەرموودەکانی پادشایان پێڕاگەیاندین من وئەو لە ژوورەکەدا بە تەنیاماینەوە. سروشتیە کە ڕەشە لەبەر فێڵی ئەشکەنجە کردنەکەو فرمێسکەکانی چاوی ماندووخەفەتبار بووبێ. وەکو منداڵێك بێدەنگ بووبوو. خەریك بوو لەوە تێدەگەیشتم کە حەزی لێدەکەم. دەستم پێوەنەدا. بۆ تەماشاکردنی ئەو لاپەڕانەی کە پیاوەکانی بۆستانچیباشی لە ماڵی شێوەکارانەوە هێنابوویان

وبۆ ناسینەوەی ئەم شێوەکارانە تەنیا سێ ڕۆژم ماوەم هەبوو. خۆ دەزانن کاتێك چاوم بە وێنەکانی کتێبەکەی زاوا ئەفەندی کەوت کە ڕەشە بۆ پاکانەکردنی خۆیو زاواکەی هێنابوون و تەسلیمی هازم ئاغای خەزێنەداری کردبوو بێزم هاتبوەوە وڕقم هەستا بوو. بەڵام پێویستە ئەوەش قبوڵ بکرێت کە ئەو لاپەڕانەی وا ئەوەندە ڕق و بێزاری کەسێکیان هەستاندووە تەواوی تەمەنی بۆ ئەم کارە تەرخانکردووە شتانێکیشی تێدایە کە چاوی ئێمەش نایانبینێ، چونکە هونەرێکی خراپ ناتوانێ ڕق و بێزاری هەستێنێتەوە. بە مەراقێکی ئاوەها دیسان تەماشای وێنەکانی ئەو گەمژەیەم کرد، کەلە نیوە شەواندا بەدەستی شێوەکاران کێشابووی. وەکو وێنەکانی ترلەناولاپەڕەیەکی چۆڵدا لە بەینی چوارچێوەکانی زەریف ئەفەندی چاوم بە وێنەی درەختێك کەوت. خەیالم لەوە دەکردەوە کەکام بەسەرهات لە کام کۆبوونەوەدا دەرکەوتووە ئەگەر بەشێوەکارەکانی خۆم یانی پەپولەی خۆشەویست و لەق لەقی ژێر بیرو زەیتوونی فێڵباز بڵێم کە وێنەی دەرەختێك بکێشن بۆ ئەوەی کەوا بە ئاسوودەییەوە بیکێشین لە سەرەتادا وە ها خەیاڵ دەکەن کە ئەمە بەشێکی داستانێکە. ئەگەر بەسەرنجەوە تەماشایی درەختەکەو لق وپۆپەکانی بکەم دەتوانم بزانم کەچ داستانێکیان (بەسەرهات) لەخەیاڵی خۆدا بەرجەستەکردۆتەوە. بەڵام ئەم دارە دارێکی تەنیا و بێچارەبوو: لەدوای ئەوەو بۆ ئەوەی کە درەختەکە تەنیاتر نیشانبدرێت خەتێکی بەرز کراوی ئاسۆی لێبوو کەنەریتی وەستا کۆنەکانی شیرازی وەبیردەهێنایەوە. لەبەر ئەوەی کە خەتی ئاسۆکەی بەرزکرابووەوە، لە نێو بۆشاییەکەدا هیچ شتێکی تریان نەکێشابوو. بەم شێوەیەش لە تێکەڵاوکردنی نەریتی ڕۆژئاواییەکان کە وێنەی درەختێك

www.pertwk.com

وەکوو درەختێك دەکێشێتەوە و نەریتی ئێرانیەکان کە دەیەوێت لەسەرەوە تەماشای هەموو شتێك بکات وێنەیەکی ئاوەها خەفەتبار دروستکرابوو. شێوەکارانی من و ئەم پیاوە گێلە کەم عەقڵە کەویستبوویان دوونەریتی جیاواز تێکەڵاو بکەن شتێکی دوور لە هونەریان بەرهەم هێنابوو. ئەوەی کەمنی توورە دەکرد ئەوە نەبوو کە وێنەکە لە هەردوو دونیاکەدا خۆی بەخێو دەکرد و جێگای هەبوو، بەڵکو ئەوە بووکە وێنەکە هونەریتێدا نەبوو. کاتێ تەماشای وێنەکانیترو وێنەی ئەسپە نمونەییە خەیاڵیەکە و ژنە کورتە باڵاکەم دەکرد هەستم بەم شتانە نەدەکردە . شێوەی هەڵبژاردنی بابەتی دوو ئەم عەودالەش ڕقی منی هەڵدەستاند. ئەوە ئاشکرابوو کە شێوەکارانی من ئەمەیان خستبووە ناو کتێبکەی پاشاوە، دیسان لەبەرامبەر ویستی خودای گەورەدا کەبەر لە تەواو بوونی کتێبەکە گیانی زاوای گرتبوو حەیران مابووومەوە. تەواوکردنی ئەو کتێبە نەدەکەوتە دڵی من. ئایا توڕەبوونم لە بەرامبەر کەفی ئەو ئاوەدا کەوا وەکوو برایەك لە ژێر لووتمانەوە سەیری دەکردین و لەسەرەوە کێشرابوو لەدەستی مندایە ؟ چونکە کاتێ چاوم بەسادەیی وەستانی کەفەکە دەکەوت و ئەوەشم دەبینی کەلەکاتی نێزیککردنەوەی سەری خۆی بە خاکەکە بە نیگایەکی جوانی هەڕەشەکەرانەوە و سەیرمان دەکات و سپیایی و تیژی ددانەکانی دەردەخا، لەلایەکەوە حەیرانی ئەو هونەرو دەست و قەڵەمە دەبووم (خەریکبوو تێبگەم کەکێ قەڵەمی لێداوە)و لەلایەکیتریشەوە لەبەر ئەوەی کەئەم هونەرەی خستۆتە بن خزمەتی ژێر بیرییە پڕوپووچەکانی ئیرادەیەکی نەزانراوەو نەمدەتوانی لێی ببورم ئارەزووی لاسایکردنەوەی ڕۆژئاواییەکان ویستی پادشاش لەسەر ئەوەی کە کتێبێك بەنەریتی ڕۆژئاوایی

دروستبکاو وەکوو خەڵات بۆ وەنێزییەکانی بنێرێو شتی لەم چەشنە لەلای من پەسەندنیەو بۆشم نابەخشرێ. سوورایی وێنەیەکی خنجیلانە کەوا تێگەیشتبووم هەرلایەکی بەدەستی وێنەکێشێك فڵچەی لێدراوە منی دەترساند. لەنێو وێنەکەدا دەستێك کە نەمدەزانی هی کێیە بەپێی ژێر بیریەکی شاراوە بەڕەنگی سوور بۆیاخکرابوو، لەدواییدا ئەو دونیایەی کە وێنەکە نیشانیدابوو وردە وردە لە سوورایییدا دەخنکا. ماوەیەك ئەوەم بە ڕەشە نیشاندا و گوتم کە دارچناری ناو وێنەکە کاری لەق لەقەو کەشتیەکان و ماڵەکان بەدەستی زەیتوون دروستکراون و کۆلارەو گوڵەکان کاری پەپوولەیەو شتانیتری ناو وێنە جەنجاڵە کەشم بۆ دەستنیشانکرد. ڕەشە گوتی: شتێکی مسۆگەرە کەکەسێکی وەکو ئێوە کەسەردەستەیی شێوەکارانی کردووە هونەری شێوەکارانی خۆی و فڵچەو سروشت و خۆشەویستی‌یەك بەیەکیان دەزانێت. بەڵام ئە گەر کاتێك کتێب دۆستێکی سەیری وەکو زاوای من شێوەکارانی ناچاری ئەوە بکات بە نەریتی تازەترو نەزانراوەوە وێنە بکێشن ئەو کاتە ئێوە دەتوانن بیاندۆزنەوە چۆن دڵنیا دەبن کە کامەیان هی کێیە؟ بە گێڕانەوەی بە سەرهاتێك وەڵامم دایەوەو گوتم : کاتی خۆی لە ئیسفەهاندا پادشایەکی نەخش وکتێبدۆست لە ناو قەڵاکەی خۆیدا کەلە بەرزترین شوێنی ئیسفەهاندا بووە بە تەنیایی ژیانی بردۆتە سەر، ئەم کابرایە پادشایەکی ژیرو بە هێزەبووە بەڵام زۆر بێبەزەیی بووە . لەو کتێبانەیوا وێنەی دروستکراوی بە ویستی خۆی تێدا هەبووەو لە کچەکەی زیاتر حەزی لە هیچ شتێکیتر نەکردووە. ئەوەندە وابەستەی کچەکەی بووە کە ئەگەر دوژمنەکانی دیعایەی عاشقبوونی بە کچەکەی خۆیان لەسەر بڵاوبکردبەیەتەوە، ناهەق نەدەبوون. چونکە ئەوەندە خانە

www.pertwk.com

گومان بوو کە ئەگەر لەوڵاتانی دراوسێوەپادشایەك یان شازادەیەك هەواڵی بناردبایە و بیوستبایە داوای کچەکەی بکات دەست بەجێ لەگەڵیاندا دەکەوتە ناو شەڕو پێکدادان. دیارە پادشا شوویەکی شایستەو باشی بۆ کچەکەی نەدۆزییووەوە. چل دەرگاشی لە کچەکەی دەخستبووەو لە چلە مین ژووردا شاردوویەتەوە. چونکە ئەویش بڕوای بەو شتە هەڵەیەبوو کەلەوێدا باوبوو دەیگوت کە ئەگەر کچەکەم چاوی بە کوڕێکیتر بکەوێ جوانییەکەی لەدەست دەدات و زەرد هەڵدەگەڕێتەوە.

دروستکردنی کتێبێکی خەسرەو شیرینی ڕاسپاردبوو، کاتێك نووسینەکەی تەواو بوو، قسەیەك لەناو شاردا بڵاوبووەتەوە کە بەڵێ ئەو کچە کاڵە جوانەی وا لە فلان لاپەڕەدایە وێنەی کچەکەی پادشاخانە گومانەکەیە: (خانوومان). بەرلەوەی کە ئەم قسانە ببیستێتەوە خۆی بەدەستی لەرزۆك و فرمێسکەکانی چاوییەوە هەستی بەمە کردبوو وگومانی کەوتبووە سەر وێنەی کتێبەکە. بەپێی ئەو شتانەی کە دەگوترێ وێنەکە هی خودی کچەکە نەبووە بەڵام جوانیەکەی زۆر لەو ئەچووە و وەکوئەوە وابووە کە نیوە شەوێك لە پشتی چل دەرگاکەوەو لە نێو کونی کلیلەکانەوە دەرکەوتبێ و چووبێتەوە ناو نیگاکانی شێوەکارەکەوە. ئەم وێنە کێشە بەبێئەوەیپاڵ بدات بە گۆشەیەکەوە ئەمەی کێشابوو، ئەمە وێنەی ئەوکاتە بووەکە شیرین لە کاتی گەشت وگوزار لەسەوزەلانییەکدا چاوی بە وێنەی خەسرەو کەوتووەو عاشقی بووە.

ڕەشە گوتی: وەستام! ئەفەندم! ئەمە ڕاستهاتەیەکی گەورەیە، چونکە ئێمەش حەز لەوێنەی ئەو چیرۆکە دەکەین:

وتم: ئەمانە چیرۆك نین بەسەرهاتن. تۆ گوێ بگرە: شێوەکارەکە کچی پادشای لە باتی شیریندا نەکێشاوە. بەڵکوو وەکو کچە عوودچییەك کێشاویەتی کە عودژەنی دەکا و یارمەتی شیرین دەدات و سوفرە ڕادەخات ئەو کاتانەی کە وێنەی کچە نەدیمە (خزمەتکارە)کەی کێشابوو ئیلهامێکی تایبەتی بۆ هاتبوو.

بەو شێوەیەش جوانی شیرین لە بەرامبەر جوانی کچەکەدا کەم ماوەتەوە و هاوسەنگی وێنەکە تێکچووە. پادشا کاتێ چاوی بەوێنەی کچەکە کەوتووە داوایکرد کە شێوەکارەکەیبۆ بدۆزنەوە. بەڵام شێوەکارە فێڵبازەکەلە تووڕەیی پادشا ئاگادار بووەو بۆئەوەی کە نەیدۆزێتەوە وێنەکەی بە شێوازێکیتر کێشاوە هەروەها لەبەرئەوەی وێنەکێشیتریش دەست و قەڵەمیان لە وێنەکەداوە دڵی ئاسوودە بووە.

- باشە، پادشاکە چۆن وێنەکێشەکەی دۆزیوەتەوە؟
- بەتەماشاکردنی گوێکانیان !
- بەتەماشاکردنی گوێی کێ؟ هیکچەکەی یاخود وێنەی کچەکەی؟

لە ڕاستیدا هی هیچکامیان. لەپێشدا بە وردی تەماشایی ئەو کتێب و لاپەڕانەی کردووە کەوا شێوەکاران کێشاویانە و سەرەنجی داوەتە سەر ئەوەی کە هەریەکە و بە هیچ شێوەیەك گوێیان دروستکردووە، لەدواییدا ئەو شتەی دیسان بینییەوە کەوا ساڵانێك بوو دەیزانی ! ئەوەش ئەوەیە کە هەر شێوەکارێك کێدەبێ بابێ و هونەرەکەی چیدەبێ بابێ بە گوێرەی خۆی وێنە دەکێشێت. حەز دەکەن وێنەی پادشایەك یاخود مناڵێك یان شەڕکەرێك، پێغەمبەرێك، یان وەکو ڕوویەکی شاراوە بێت لە پشت پەچەکەیدا تەنانەت حاشا! هی شەیتانیش بێت فەرق ناکات ئەو هەر وەك

www.pertwk.com

خۆی دەیانکێشێ. هەر شێوەکارێك لەهەر وەزعێکدا وەکو ئیمزایەکی شاراوە شتێکی وەکو خۆی کێشاوەتەوە.

- بۆچی؟

- . وەستاکانی شێوەکاری لەکاتی کێشانی ڕوخسارێکدا سەرنج دەدەنە سەر ئەوەی کە گوزارشت لە چیدەکات، هەروەها سەرنج دەدەنە سەر ئەوەی کەلە قاڵبە کۆنەکان دەچێ یان ناچێ‌یاخود جوانی تەواوی ڕوخسارەکە لە قاڵبەکە دەچێو لەگەڵیدا جۆر دەبێتەوە یا دەنا. بەڵام کاتێ گەیشتنە گوێ لەڕووی قاڵبەوە نایکێشن و لاسایی ناکەنەوە و تەماشایی گۆییەکی ڕاستەقینە ناکەن. کاتێك گوێ دروستدەکەن بیرناکەنەوە سەرنج نادەن و بەباشی لەسەری ڕاناوەستن، بەم شێوەیەش قەڵەمەکانیان لەبەر خۆیەوە دەسووڕێتەوە.

ڕەشە وتی:" بەڵام !مەگەر وەستا کۆنەکان وێنە دەرئاساییەکانی خۆیان بێ ئەوەی تەماشایی درەختەکان و ئەسپەکان و مرۆڤەکان بکەن ناکێشن و لەبەر خۆیانە وە نایانکێشنەوە؟"

وتم: ڕاستە . بەڵام ئەمە بە ساڵانێك بیرکردنەوە و مێشك ماندووکردنەوە مومکین دەبێت. لەبەر ئەوەی لە ژیان خۆیاندا بە ئەندازەیەکی زۆر ئەسپیان بینیوە، دەزانن کە ئەگەر لە کاتی کێشانی ئەسپێکداله پێشدا تەماشایی ئەسپەکە بکات و دوایی بیری لێبکاتەوەو بیکێشێ‌جوانییە دروستبووەکەی ئەسپەکە لەناو مێشکیاندا تێکدەچێ. وەستا بەدەیان هەزار جار وێنەی ئەسپ دەکێشێ تاوەکو لەدواییدا نێزیکی وێنەی ئەو ئەسپە دەبێتەوە کە خودا دایڕشتووە. کاتێ ئەمەشی کێشا بە تەجرووبەوە ئەزمونی خۆی لەقەڵەمی دەدات. ئەو ئەسپەی لەخۆوە بکێشرێ بە هونەرو زانابوونەوە

ناکێشرێو لە ئەسپەکەی خەیاڵی خوداوە نێزیکترە. بەڵام ئەگەر بەبێ کۆکردنەوەی زانیاری وێنەی گوێ بکێشێ و ئەزانی کە چیدەکات و گوێ نەداتە گوێی کچی پادشا، ئەوا ئەو گوێ هەمیشە دەبێت بەکەموکوڕییەك و دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی کەمووکوڕی هەر شێوەکارێك جیاوازە، لە واتایەکدا ئەمە دەبێتە بەجۆرە ئیمزایەکی ئەو وێنەکێشە. دەنگە دەنگو جموجۆڵێك هات. پیاوەکانی بۆستانچیباشی! وێنەو لاپەڕەی کۆنەکانی وێنە کێشخانەکەیان کۆکردبووەوەو هێنابوویان. وەکو ئەوەی بمەوێ ڕەشە پێبکەنێ گوتم: خۆی لەخۆیدا گوێ کەمووکوڕی مرۆڤە، لەهەر کەسێکدا جۆرێکەو لەهەموو کەسێکیشدا یەك جۆرە، شتێکی پیسە.

–: ئەو شێوەکارەی کەوا بە ئیمزای گوێوە خۆی دابوو بەدەستەوە چی بەسەرهاتووە؟

–: کوێرکرا، بۆ ئەوەی کەوا ڕەشە خەفەتی زیاتر نەخوات گوتم: دوایی لەگەڵ کچی پادشادا زەماوەندی کرد. لەو ڕۆژەشەوە تاووەکوو ئەمڕۆ ئەم شێوازی دۆزینەوەی شێوەکاران بەڕێگای گوێوە لە نێو پادشاو خان وسەردەستەی شێوەکاراندا بەشێوازی ((کچە نەدیمە)) ناسراوە و باوبووە بەڵام بۆئەوەی کە ئەگەر شێوەکارێك وێنەیەك بکێشێت بزانرێت کە کێیە ونەتوانی ڕەتی بکاتەوە، وەکوو نهێنییەك دەشاردرێتەوە. خاڵی لاوازی کێشەکە لایەنی کەم نرخ و بەهای وێنەیە لە دڵی شێوەکاردا کە لەدڵیدا جێگا ناگرێو دووبارە دەیکێشێتەوە، جا گرنگ ئەوەیە کە ئەو لایەنانە بدۆزرێنەوە. ئەمە دەتوانێ گوێ، دەست، گیاکان و پەلەکان یان وەکو یاڵی ئەسپەکان تەنانەت پێ وسمەکانیشیان بێت. بەڵام دەبێ وریابی کە شێوەکار نەزانێت کە ئەو شتە بووە بە ئیمزای شاراوەی. بۆ نموونە سمێڵ

www.pertwk.com

نابێت، چونکە کەس سەرنجیان ناداتێ، ئێستاوەرە با سەیری وێنەکانی زاوا ڕەحمەتیەکەت بکەین وبزانین کە کام وێنەو فلچەو قەڵەم هی کام وەستای گەنجە: بەم شێوەیە لاپەڕەکانی کتێبە شاراوەکەی زاوا ئەفەندی و ئەوەی وابەئاشکرایی لەژێر بەرپرسیاری مندا لەسەر جەژنی سوونەتکردنی شازادەکان درووستکرابوون خرانە پاڵیەك ومن ورەشە بە هاوێنەکەی منەوە بە هەستیارییەوە تەماشامانکرد.

1- لەلاپەڕەیەکی جەژننامەکەدا لەکاتی بەڕێوەبردنی جەژنەکەدا پێست گوروەکان لەبەر کۆشکی پادشاوە تێپەڕدەبوون کەوا تایبەت بۆ سەیرکردنی بۆنەکان . سەرنجمان چووە سەر پینەچی‌یەکی عەباسوورو پشتوێن مۆر، کە پێستی ڕێویەکی دەم کراوەی لەباوەشدابوو. ددانەکانی ئەم ڕێوییەکە یەکەبەیەکە دیاربوون،ئەمە لەگەڵ ددانەکانی وێنەی شەیتانەکەی کتێبی زاوا، کەوامدەزانی لەسەمەرقەندەوە هێنابووی بەدەستی زەیتوونەوە کێشرابێ.

2- لەژێر پەنجەرەکەی پادشادا کەلەڕۆژانی خۆشی و ڕابواردندا لەوێوە تەماشای مەیدانی ئەسپەکەی دەکرد، دەستەیەك لەکەمئەندامە هەژارەکانی شەڕی سەرسنوور بە جلە شڕۆلەکانیانەوە دیاربوون. لەناو ئەوەنەدا یەکێکیان بەپادشا دەڵێت“ ئەی پادشا! ئێمە سەربازە گیانفیداکانی تۆین کە لەشەڕی کافرەکاندا لە ڕێگای دیندا گیانبازیمان کردووە وبەدیل گیراوین. کافرەکان بۆ بەردانی هەریەکە لەئێمە یەك لە خزمەکانی ئێمەیان بە دیل وەرگرتووە، کاتێ گەڕاینەوە ئەستەنبووڵ شت ئەوەندە گران بووە کەناتوانین پارە کۆبکەینەوە و خزمە گیراوەکانمان ئازاد بکەین. بۆیە ئێمە هەمووومان نیازمەندی یارمەتی تۆین، یان وەکو ئەسیرمان

بدەرێ تاوەکو بچین و براگیراوەکانمان بەربدەین. لەم کاتەشدا سەگێکی تەمبەڵ لە گۆشەیەکەوە تەماشای پادشاو گیانبازە هەژارەکان و نێردراوەکانی تاتارو ئێرانی دەکات. چنگوڵەکانی ئەم سەگە لەگەڵ وێنەی چنگوڵی سەگێك لە وێنەی بەسەرهاتەکانی پارە لە کتێبەکەی زاوادا کە گۆشەیەکی گرتووە لەیەك دەچن. دیارە ئەمانە بەدەستی لەق لەقەوە کێشراون.

3- لە نێوان ئەو فێڵبازو سیحربازانەی کەوا لە بەردەم پادشادا تەقلە لێدەدەن لەسەر تەختەدا هێلکە دەبەن بەڕێوە، یەکێکی کەچەڵی چۆخەمۆری تێدایە کەلەسەرقاڵییە سوورەکەدا چۆکی داداوە و دەفەکەی گرتووە بەدەستەوەوبە پەنجەکانی دەیژەنێت. ئەمە لەگەڵ دەستەکانی ژنەکەی ناو وێنەی ((سوورە)) لەکتێبەکەی زاوادا کەوا سینییەکەی گرتووە لەیەك دەچێ. ئەمەش کاری زەیتوونە.

4- چێشتکەرەکانی پادشا پێدادەنێنە سەر بەردە شینەکانی سەر زەوییە پەمبەییەکەو وردە وردە عارەبانەکە پاڵ دەنێن کە قازانێکی گەورەی پڕلە دۆڵمەی کاهوی پیازداری بەسەرەوەیەو ئاگری ئاگردانەکەشی کزە کراوەتەوە. ئەو بەردەشینانە لە بەردە سوورەکانی خۆڵە نیللی‌یەکە دەچێ کەوا لە وێنەی مەرگی ناو کتێبەکەی زاوادا شتە نیوە تارماییەکە بەبێئەوەی پیدانێتە سەریان بەسەریاندا ڕێدەکات ئەمەش هەردوو وەشاوەی دەستی پەپولەیە.

5- نێردراوی ئێرانیەکان لەبەردەم پادشادا زمان شیرینی دەکات ئەو دەهێنێتە سەر زمان کە پادشای ئێرانییەکان زیاتر لە برایەتی‌لەگەڵ پادشایی عوسمانیدا بیر لەهیچ شتێکیتر ناکاتەوە. بەڵام لەهەمانکاتدا

www.pertwk.com

هەواڵبەری تاتارەکان هەواڵی ئامادەبوونی سوپای ئێران بۆ هاتن بۆ وڵاتی عوسمانی دێنن. جەماوەرێکی تووڕە نێردراوەکە تەختی زەوی دەکەن وڕایدەکێشن، لەدوای هەڵسانی تۆزی ناو مەیدانی ئەسپەکە باڵندەکانی سەقا لەوێ هەڵفڕیون. هەر لەو کاتەدا بۆ ئارامکردنەوەی ئەو جەماوەرەی کە دەیانەوێ هێرش بکەنە سەر باڵوێزەکە ڕۆنیان بەسەردادەکەن و هەندێك پیاوی جەواڵ بەدەست کە هەمووپڕن لە ڕۆن فریای کابرا دەکەون و نەجاتی دەدەن. چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی سەقاکان وشێوەی پێهەڵگرتنی سەربازەکەی ناو وێنەی ((سوورە)) لەیەك دەچن. کار کاری پەپوولەیە! ئەم دوایین دۆزینەوەیەو بەدواداچوونی شوێنەدەستەکان کاری من نەبوو، بەڵکو ئەوە ڕەشەیە کەلە ترسی ئەشکەنجەدران و بۆ گەیشتن بە ژن ومناڵەکانی لەماڵدا هاوێنەکەی دەستم ئەملاو ئەولاپێدەکات و چاوەکانی زەق زەق کردۆتەوە. بەپێی شێوازی کچە نەدیمە کە تەماشای تەواوی وێنەکانی کاکی زاوامان کرد وشتانێکمان بۆ خۆمان دەرخست ودانیشتین و شیکردنەوەکانی خۆمانمان هێنایە سەر زمان، دوانیوەڕکەمان تەواوبوو. زاوا ڕەحمەتییەکەی ڕەشە هیچ وێنەیەکی بەدەستی یەك شێوەکارەوە نەکێشابوو بەڵکوو لەزۆربەی وێنەکاندا قەڵەمی هەموو شێوەکارانی بەکارهێنابوو. ئەم وێنانە ئەوەی نیشاندەدا کەلەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ براون و هاتووچۆی لەم چەشنە زۆرکراون. هەستم بە هەبوونی دەستێکی نەزان وتازەکار وەکوو دەستی پێنجەمم کرد کەوا فڵچەی هێناوە بەسەر وێنەکاندا. خەریکبوو بڵێم کە پیاوکوژە هیچ وپوچەکە زۆر لێنە هاتوو بووە کەڕەشە زانیئەو زاوابووە کە بە هەستیارییەوە بۆیاخی کردوون و بەم شێوەیەش لە ڕۆیشتن بەدوای شوێنە دەستی درۆینەدا نەجاتمان بوو. بەداخەوە لەوەش تێگەیشتم کە

زەریف ئەفەندیش جار جار فڵچەی بەم وێنانەدا هێناوە و وەکوو چۆن جوانکارییەکانی جەژننامەی دەکرد هەر بەو شێوەیەش کتێبەکەی زاواشی ڕازاندۆتەوەو دەرو دیوارو هەوری بۆ جوانترکردووە کاتێ ئەوەمان خستە لایەکەوە تێگەیشتم کەتەنیا سێ وەستای شارەزاو لێهاتوو دەستیان بەم وێنانەدا کێشاوە. ئەوانەش ئەو ڕۆڵانەی منن کەوا لەکاتی شاگردییانەوە تاوەکو ئێستا خۆم بە خێوم کردوون. ئەوانە هونەرمەندە خۆشەویستەکانی من، زەیتوون، پەپوولەو لەق لەق بوون. ئەوەی کەوا دەتوانێ بۆ دۆزینەوەی ئەو شتەی بەدوایدا دەگەڕێین یارمەتیمان بدات ئەوەیە کە بەیەکەوە لەسەر وەستایەتی و خۆو سروشتی هەریەك لەوانەو تەنانەت لەسەر ژیانی خۆشم قسەبکەین .

www.pertwk.com

((تـــأيـــبـــەتـــمـــەنديـيـەكـانـی زەيـــتـــوون))

ناوی ڕاستەقینەی وەلی جانە، زیاتر لەو نازناوەی کەمن بۆم داناوە نازناوێکی تری نیە ئەگەر هەیبێتیش من ئاگام لێی نیە. چونکە تاوەکوو ئێستا نەمبینیوە کە ئیمزاکەی خۆی لە جێگایەك بدات. لە کاتی شاگردیدا ڕۆژانی سێشەمە دەهات بەدوایی مندا. زۆر لە خۆباییە، ئەگەر خۆی بچوك بکاتەوەو ئیمزایەك لە جێگایەك بدات دەیەوێت هەر کەسێك بیبینێت وئاشکرابێت. ئیمزای خۆی ناشارێتەوە. خوداوەند لێهاتوویەکی زۆری پێبەخشیوە. جوانکاری و هێڵکاریشی لەدەست دێت و باشترین شت دروستدەکات. لە کێشانی وێنەی دارو حەیوان و ڕوومەتی مرۆڤدا لێوەشاوەترین دەستی وێنە کێشخانەکەی منە. وابزانم باوکی وەلیجان کەلە دە ساڵیدا ئەوی هێنابووە ئەستەنبووڵ دەست پەروەردەی شێوەکارە بەناوبانگەکانی وێنەکێشخانەی شای سەفەوی لە تەورێزدابووە کە ڕەچەڵەکی ئەو وەستایانە دەگاتەوە وەستا مەغۆلەکان. لەژێر کاریگەری چنییەکان و مەغۆلییەکاندا بووە وکاتی خۆی لە سەمەرقەندو بوخاراو هەراتدا نیشتەجێبووەو وەکو وەستا پیرەکان کە سەدوپەنجا ساڵ بەر لە ئێستا کردوویانە توانیویەتی وێنەی عاشقە گەنجەکان بەپێی نەریتی چینیەکان بکێشێتەوە. هەم لە کاتی شاگردیشدا هەم وەکو لە کاتی

وەستایەتیشیدا نەمتوانی ئەو کاریگەرییانەی لەسەر لابەم و بە قەوڵی قسە ئەو گوێزە ڕەقە بشکێنم و کرانەوەی تیدا دروستبکەم. دەمەویست کەلە نەریتی وەستا چینی و مەغۆلی وهەرانییەکاندا دەرچێ و بتوانێ لە بیریان بەرێتەوە. کاتێ ئەمەشم پێدەگووت وەکو و هەموو ئەو شێوەکارانە قسەی دەکرد کەوا وڵاتەکەو وێنەکێشخانەکەی خۆیان بەجێهێشتووە قسەی دەکرد و دەیگوت: لەزووەوە فەرامۆشمکردوون، خۆی لە خۆیدا هیچ شتێکیش فێرنەبووبووم. ئەو قاڵبانەی وا لە مێشکی شێوەکاراندا ماونەتەوە بۆ زۆر یان پڕ بایەخ بەنرخن، بەڵام ئەگەر ئەو ئەمانەی فەرامۆش بکردایە وەستایەکی گەورەی لێدەردەکەوت. ئەو فێرکراوانەی واهی وەستاکانیبوون لە قوڵایی میشکیدایەو هەریەکێکیان وەکوو تاوانێکی وازلێهێنراو دەشارێتەوە. بەڵام ئەمانە بەبێئەوەی کە خۆشی هەستپێبکات دوو سوودیان بۆ ئەو هەبوو:

1- بەم شێوەیە ئەمە هەستێکی بێگانەیی‌و تاوانباری بە شیوەکارە لێاهتووەکە دەبەخشێ، گەڕانەوەیەکی گەورەی هونەری تێدایە.

2- ئەو شتانەی کەوا فەرامۆشیان دەکات لە کاتی تەنگانەدا بەبیری دەهێنێتەوە و یەکێك لە قاڵبە کۆنەکانی هەڕات لەناو بابەتێکی تازە ولەمێژوویەکی تازەدا لەناو وێنەیەکی ناباودا بەکاردەهێنێت.

لەبەر ئەوەی چاوێکی زۆر باشی هەیە دەتوانێ قاڵبە کۆنەکان فێربووەکانی لە وەستا کۆنەکانی شاناماسووبەوە لەناو وێنەیەکی تازەدا بە ڕاگرتنی هاوسەنگی جێگیر بکات. لەژێردەستی ئەو دا وێنەی هەرات و نەخشی ئەستەنیوول لەناو بەیەك ڕاهاتنێکدا تێکەڵاوییەك دەبن. وەکو ئەوەی بەسەر هەموو شێوەکاراندا هێنابووم، لەناکاو بەبێخەبەر چوین

www.pertwk.com

بەسەرماڵەکەیدا. بەپێچەوانەی من و زۆر وەستای دیکەیتر، ڕەنگ وفلچەکانیو مۆرو مێزەکەیو توێژەڵە دەریاییەکانی هەموو تێکەڵ وپێکەڵ بوون و خۆیشی لە گۆشەیەکدا کاری دەکرد و ماڵەکەشی ئاوەها شپرزەبوو. ئەمە بۆ من وەکوو مەتەڵێکە. بەڵام ئەو لەوەزعەی خۆی تەنانەت شەرمیشی نەکرد. لەمانەش زیاتر ئەو بۆ چەند ئاکچەیەکی زیاتر کاری بۆ دەرەوەنەدەکرد، لەکاتی ئەم قسانەی مندا ڕەشە گوتی کە زاوا ئەفەندی گوتوویەتی لەنێو هەرسێ شێوەکارەکەدا زەیتون لەهەموویان زیاتر حەزی لە نەریتی ڕۆژئاواییەکان کردووەو بەگوێرەی ئەوان وێنەی کێشاوە.

دەمزانی ئەم شتە بەگوێرەی ئەو گەمژە خوالێخۆشبووە شتێکی پەسەند کراوبووە هەروەها دەمزانی کە ئەمە وردبوونەوەیەکی هەڵەشی تێدایە. نازانم لەوەی کە هەیە چەندە زیاتر و بەشێوەیەکی نهێنی لەژێر کاریگەری وەستا کۆنەکانی ئەو سەردەمەو وەستا بەهزادو نەریتی هەراتیەکاندایە کە بەڕێگای وەستا موزەفەری مامۆستای وەستا سیاوەشی مامۆستای باوکیەوە پێیگەیشتووە، بەڵام ئەمانە هەموویان وایان لێدەکردم کەمن وەها بیر بکەمەوە لەناو زەیتووندا هەمیشە شتانێکی شاراوە هەیە کەدیار نابن. لەدڵی خۆمدا گوتم زەیتوون بێدەنگترین و دەروونیترین وتاوانبارترین وخاینترین وساختەچیترین شێوەکاری منە. کاتێ باسی ئەشکەنجەکانی بوستانجیباشی دەکرێ بۆیەکەمجار ئەو دێت بەعەقڵمدا (هەم دەمەوێت بکەوێتە ژێر ئەشکەنجە هەم دەمەوێت ئەشکەنجە نەکرێت) چاوەکانی وەکوو هی جندۆکە وایە: هەموو شتێك دەبینێ وهەستی پێدەکات، تەنانەت کەمووکوڕیەکانی منیش: بەڵام وەکوو کەسێکی بێ وڵات وپەنابەر کە ڕەنگی هەموو قاڵبێك لەخۆ دەگرێ زۆر بەدەگمەن دەم دەکاتەوەو

کەمووکوڕیەکانمان دەڵێتەوە. بەگوێرەی من کەسێکی فێڵبازە بەڵام پیاو کوژ نیە (ئەمەشم بەڕەشە گوت) ئەو بڕوا بەهیچ شتێك ناکات تەنانەت بڕوابە پارەش ناکات، بەڵام بەترسۆنکیەوە کۆی دەکاتەوە بە پێچەوانەی ئەوەی وا خەڵکی بیری لێدەکەنەوە پیاوکوژانیش لەنێو بێبڕواکاندا دەرناکەون و زۆرتر لە نێوان ئیماندارەکان و بڕواداراندادەردەکەون. وێنەکێشیو نەخشەکێشان حاشا،حاشا: هەریەك دەرگای مەیدان خوێندنەوەو کێبرکێیە لەگەڵ خودادا. هەموو کەسێك ئەمە دەزانێت. لەم ڕووەشەوەو لەباری بێبڕواییەوە زەیتوون شێوەکارێکی ڕاستەقینەیە. بەڵام ئێستا وەها بیردەکەمەوە کە لێهاتوویەکەی لەهی پەپوولەو لەق لەقیش کەمترە. ٍدەمەویست زەیتوون کوڕیمن بایە. بەم گوتنەم ویستبووم کەڕەشە بە خیڵی بەزەیتوون بباتەوە. بەڵام تەنیا وەکوو سەرنجدانی منداڵێك چاوە ڕەشەکانی کردەوە وسەیری کردم .پێمگوت : ئەو کاتانە زەیتوون بە شێوازی (ڕەشایی قەڵەم) کاری دەکرد وێنەی شەڕکەران و ڕاوچییەکان و دیمەنی باڵندەی وەکوو چینییەکان دەکێشاو وێنە کچێکی جوانی لەژێر دارێکدا کە بە دانیشتوویی عود دەژەنێ و شیعر دەنوسێتەوە دەکێشاو ئازادی عاشقە ئەفسانەییەکان وشایەکی تووڕەی شمشێر بەدەست وترسی ڕوومەتی ئەو قارەمانەی وا بە هێرشی ئەژدیهاکە دەرپەڕی وەکوو شتانێکی دەرئاسایی دەکێشا.

ڕەشە گوتی: " لەوانەیە دوایین وێنە کە ڕووخساری پادشاو شێوازیدانیشتنەکەی بەنەریتی ڕۆژئاواییەکان دەکێشرا بەدەستی ئەوەوە بکێشرابایە" دەیەویست کە ڕێگاونکەرەیەك بخاتە بەردەمم؟

www.pertwk.com

وتم: ئەگەر وەها بێت بۆچی لەدوای کوشتنی زاوا وێنەیەك بدزێت کە خۆی دەیزانێت ؟ یان وەکوو بۆچی بۆ بینینی ئەو وێنەیە زاوا بکوژرێت؟" ماوەیەك ڕووبەڕووی یەك دانیشتین و بیرمان کردەوە.

ڕەشە گوتی:" لەوانەیە لەبەر کەموکوڕی ناو وێنەکە بێت یان وەکوو پەشیمانبوونەوەو ترسان لە شتێك بێت ". تۆزێکیتر بیری کردەوەو دووبارە گوتی:" ئەی نابێت لەدوایی کوشتنی زاوا بێچارەکەم بۆ ئەوەی کە زیانێك بگەینێت یان لەبەر بیرەوەرییەك، یاخود لەبەر شتێکی بێ هۆ هەڵیگرتبێ؟ زەیتون وەستایەکی گەورەیەو سرووشتیەکە ڕێزیش بۆ وێنەیەکی جوان دابنێت". بەتووڕەبوونێکەوە گوتم:" باسی ئەوەمان کرد کەزەیتوون وەستایەکی گەورەیە بەڵام هیچ یەك لە وێنەکانی زاوا جوانین"

ڕەشە بە ئازایەتییەکەوە گوتی:" بەڵام چاومان بەدواییِن وێنە نەکەوتووە".

((تایبەتمەندیەکانی پەپوولە))

پێی دەڵێن حەسەن چەلەبی باروتخانەیی، بەڵام بۆ من لە کاتی خۆیدا پەپوولەیە، ئەم ناوەی جوانیەکەی کاتی منداڵی و دەورانی لاوێتی ئەوم وە بیر دەهێنێتەوە ئەوەندە جوانە کەئەوانەی وا دەیبینن بڕواناکەن و دەیانەوێ دیسان بیبینێتەوە. ئەو موعجیزەیەی کەوا هەمیشە منی بە هەڵەدا بردووە ئەوەیە کە بەقەدەر جوانییەکەی خۆی شارەزاو لێهاتووشە. بەهێزترین لایەنی ئەو وەستایەتیەکەی لەڕەنگکاریدایە. دەڵێی کە بۆ خۆشی ڕەنگکردن دەگەڕێت و بەعەشقەوە دەستی بە وێنەکێشان کردووە. بەڵام ئەوەشم بەڕەشە گوت کە کەسێکی بەهەواو بێبەزەیی ودوودڵە. هەروەها ئەوەشم پێزیادکرد کەلەکاتی وێنەکێشاندا لەدڵەوە نەخش دەکات و ترسی عادڵ بوونیشی لەدڵدایە. ئەگەر ڕەسم بۆ مێشك و بانگکردنی گیانلەبەرەکەی

www.pertwk.com

دەروونمان نەبێ وبۆ دەستهێنان بەسەر هەستی شانازی کردنی پادشادا نەبێ وتەنیا بۆ ڕازاندنەوەو شایی چاوبێت ئەوا پەپوولە شێوەکارێکی ڕاستەقینەیە. وەکوو ئەوەی کە چل ساڵ لەمەوبەر لەوەستا قەزووێنییەکان دەرسی وەرگرتبێ خەتی گردی پان ورەحەت ودڵخۆش دەکێشێ و بێترسانە بەرەنگە بریقەدارەکانیوە بۆیاخیان دەکات وهەمیشە لە داڕشتنە شاراوەکەی ناو وێنەکانیدا حەڵقەیەکی شیرین هەیە. من ئەوم فێر کردووە بەڵام وەکوو وەستا قەزوێنییەکان پەروەردەم نەکردووە کەلە زووەوە تۆپیۆەن، لەوانەیە هەر لەبەر ئەمەش بێ کەوەکوو کوڕی خۆم حەزی لێدەکەم. بەڵام ئەوەی ڕاستیش بێ ئەوەیەکە هیچ حەیرانی نەماومەتەوەو لەکاتی منداڵیو لەسەرەتایی جوانیدا وەکوو شاگردەکانیتر بە قەڵەم وبەدارلێم دەدا، بەڵام لەبەر ئەمە هیچ بێ ڕێزییەکم لەبەرامبەر ئەودا نەدەکرد چوونکە زۆریشم لە لەق لەق دەدا بەڵام ڕێزم لەویش دەگرت. لێدانی وەستا توانایەتی و جندۆکەو شەیتانە هونەرییەکانی شاگردێك ناشارێتەوە بەڵکوو بەشێوەیەکی کاتی دەیانگەڕێنێتەوە دواوە. خۆ ئەگەر ئەمە لێدانێکی بەهەق بێ شەیتان وجندۆکانە ددان دەردەکەن و وێنەکێشەکە کەوا خەریکە پێدەگات هاندەدەن بۆ پێشکەوتن وباشتر کارکردن. ئەو لێدانانەی وا بەر پەپوولە کەوتوون وایان لێکردووە کە ببێبە شێوەکارێکی دڵخۆش وملکەچ. سەراڕەی ئەوەش دواتر لەبەرامبەر ڕەشەدا هەستم بە پێویست بوونی پەسەندانی پەپەوولە کرد. وتم نەخشی پەپوولە بەڵگەیەکە بۆ ئەو شاعیرەی کەوا لەمەسنەوی‌دا لەوەڵامی پرسیارێکدا دەڵێ" کێشانی وێنە دڵخۆشی بەس بەڕێگای هونەری خواییەوە مومکین دەبێت". کاتێ لەمە تێگەیشتم ئەو شتەم دۆزییەوە کەوا لە پەپوولەدا پەیدا نابێ. ئەوەش ئەوەیە کەئەو

شەوە تاریکەی ڕۆح کە (جامی) لەشیعرەکەی خۆیدا دەیهێنێتە سەر زمان کاتێکی بێ بڕواییە کە لەئەودا پەیدا نابێت. وەکوو شێوەکارێك کەلەناو بەهەشتدا وێنە بکێشێت بەبڕواو بەئیمان وبەخۆشییەوە دەست بەکێشان دەکا لە ڕاستیشدا ئەو وێنەدڵخۆشکەرە دەکێشێت. چەمبەردرانی قەڵای ((دوپیو)) لەلایەن سەربازەکانی سوپای ئێمەوە ماچکردنی پێی پادشاکەمان لەلایەن باڵوێزی مەجەرەکانەوەو ڕۆیشتنی پێغەمبەر بە ئەسپەکەیەوە بۆ حەوت قاتی ئاسمان، هەریەکەو ڕووداوێکی دڵخۆشکەرن، بەڵام لەلاپەڕەکەی ژێر دەستی پەپوولەدا هەریەکە وەکوو چەژنێکی ڕاستەقینە دەردەچن. ئەگەر لەناو وێنەیەکدا کەمن بمگووتبایە بیکێشن تاریکایی مەرگ و جیددیەتی کۆبوونەوەی دیوان زیادە لە حەدبایە ئەو کات بە پەپوولەم دەگووت کە چۆن دەتەوێ ئاوەها ڕەنگی بکە. ئەوسا ئەویش بەبای ڕەنگەکانی خۆی وێنەی ئەو خاکەی وا مردووەکانی تێدابوون و بەرگەکان و دارەکانی شەپۆل شەپۆل دەهێنا کایەوە. جارجار وەها بیرم دەکردەوە کە خوداش دەیەوێت دنیا وەکوو نەخشەکانی پەپوولە ببینێ و فەرموودەکانیشی لەسەر ئەوەیەکە دونیا ببێت بەجەژن وشایی. ئەوە دونیایە کە لەوێدا ڕەنگ وئاهەنگ هۆنراوەی باش بۆیەك دەخوێننەوە وشەیتانیش ناتوانێ سەردانی ئەوێ بکات. بەڵام پەپوولەش دەزانێت کەئەمەش کەموکوڕی تێدایە. کەسێك بەهەقەوە ئەوەی چپاندووە بە گوێیەوەکە نەخشەکانی وەکوو ڕۆژانی چەژن دڵخۆشکەرن بەڵام زۆر قووڵ نین و شازادە بچکۆلەکان و پیرە ژنە خڵەفاوەکانی حەرەسەرا کەلەکاتی گیانداندان لەم وێنانە خۆشی وەردەگرن نەك ئەو پیاوانەی ژیان کەبەناچاری لەگەڵ خراپەییدا خەریك دەبن. ئەم پەپوولە بێچارە لەبەر

www.pertwk.com

ئەوەی ئاگای لەم قسانەی پشتەسەری خۆی بووە جارجار بە خێلی بە وێنەکێشە لێنەهاتووە لە خۆی نەزانترەکانیش بردۆتەوە. ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەبووەکە ئەوان جندۆکەو شەیتانیان نیە. کەچی ئەو شتەی وا ئەو بە شەیتان وجندۆکەی دەدانا شتێکی زیاتر لە خراپەی و بەخیلێبردنەوە نەبوو. لەکاتی نەخش کردنی ڕەسمێکدا خۆیلە دونیا دەرئاساییەکەدا نوقم دەکرد و وایدەزانی کە گەیشتۆتە دوایین پلەی خۆشی و حەزی لەدیدگای نەخشەکانی دەهات وئەمەش ڕقی منی هەڵدەستاند. شتێکیتری پێکەنیناوی لەناو ژیانی ئەودا هەبوو ئەویش ئەوەبوو کە زۆر شێوە کاری لەو لێنەهاتووتر هەبوون بەڵام لەو زیاتر خۆیانیان بۆ نەخش ونیگار تەرخان دەکردە کەچی ئەووەها نەبوو. هەربۆیە بۆ لابردنی ئەم کەموکوڕییە پەپوولە کەوتبووە دەردی خۆبەختکردن لە ڕێگای وێنەکانیدا. وەکوو ئەو شێوەکارە مێشك بچووکانەی کەوا لەسەر نینۆك ودانەی برنج وێنەی ڕووت وقووت دەکێشن ئەویش مەراقی لەو چەشنەی لەسەر کاری بچوك هەیە. جارێك ئەوم لێپرسی بوو ئەو ویستەی وا زۆربەی شێوەکاران کوێر دەکات وئەویش تووشی بووە لەبەر ئەوەیە کە لەو لێاهتووییە شەرم دەکەن کەوا خودا پێیانی داوە. مەراقی لە شێوەی دروستکردنی درەختێك بە هەموو پەلەکانییەوە لە سەر دانەیەکی برنج شتێکی تایبەتەبە شێوەکارە لێنەهاتووەکان کە دەیانەوێ زوو ناو بانگ دەرکەن وبکەونە نێو چاوی گەورەکانیان. داخوازیوحەزی لەو چەشنە ویستی ئاوەهاو وێنەکێشان وەکوو دیتنی کەسانیتر نەوەك بە گوێرەی دیتنی خۆی خوویەکی پەپولەیەکە ناتوانێ وازی لێبێنێ و ئەمەش وای لێکردووە کەببێت بە کۆیلەی تەواوی پەسندان وگرنگی پێدانی. پەپوولەی ترسنۆك بۆ ئەوەی کە

جێی پێی خۆی بکاتەوە دەیەوێت ببێت بەسەردەستەی وێنەکێشان. ڕەشە ئەم بابەتەی کردبووەوە:

وتم: "بەڵێ ئاگام لەوە هەیە کە بۆئەوەی کەلەدوای مەرگم جێگام بگرێتەوە خەریکی فرت وفێڵە".

رەشە گوتی: " لەم ڕووەوە دەتوانێ هاوڕێ شێوەکارەکانی خۆی بکوژێت ؟"

–:ناتوانێت چونکە وەستایەکی گەورەیەو لەکاتی نەخشکێشاندا دونیا فەرامۆش ناکات و خۆشی ئاگای لەمانە نییە. کە ئەمەم گووت و نەمگوت تێگەیشتم کەوا دەمەوێت لەدای مەرگم پەپولە بێت بەسەر دەستەی وێنەکێشخانەکە. بڕوام بە زەیتوون نیەو قەناعەتیشم وایە کە درەنگ بێ یان زوو لەق لەق دەبێت بە لاساییکەری نەریتی ڕۆژئاواییەکان. لەبەرئەوەی وەها بیرم دەکردەوە کە دەتوانێ پیاو بکوژێ، خەمیشم بۆخۆبە حەزدادانەکەیەتی، چونکە تایبەتمەندییەکی ئاوەها بۆ ئیدارەکردنی پادشاو وێنە کێشخانەکە لەیەك کاتدا شتێکی پێویستە.ڕۆژئاواییەکان کاردینالْ و پردوو بەلەم و مۆمدان و کلێساو گەوڕو هتد وەکوو ئەوەی کەلەچاوی خوداوەیەك بەهایان هەبێ وەکووخۆیان دەکێشنەوە کە مرۆڤیش وادەزانێت کە ئەمانە ڕاستەقینەن. لەبەرامبەرئەم نەریتەدا تەنیا هەستەوەر بوونی پەپوولەو متمانەیی ڕەنگەکانی دەتوانێ بەرەنگار ببێتەوە".

ڕەشە گوتی:" وەکو ئەوەی کە بەوێنەکێشانیترتان کردووە ئایا بەپێخەبەر سەردانی ئەویشتان کردووە؟" کەسێك بۆیەکەمجار تەماشای وێنەکانی پەپوولە بکات وادەزانێت خۆشەویستی وخەمخواردن لەدڵی ئەودا زۆرەو لەیەکەم ساتیشدا لەواتای عەشق تێدەگات وهەستیپێدەکات. بەڵام

www.pertwk.com

هەموو ڕەنگدۆستەکان بای ویستیان زوو زوو هەڵدەکاو دەگۆڕێ لەبەرهەستیارییەکەی لەبەرامبەر ڕەنگداو لەبەر ئەو هونەری کە خودا پێی دابوو لەکاتی جوانیدا حەزملێدەکرد لەبەرئەوە لەنێزیکەوە تاقیم کردۆتەوە هەموو شتێکی دەزانم سروشتییە کەلە وەزعێکی ئاوەهادا شێوەکارانیتر بە خیڵی ببنەوە وپێوەندی وەستاو شاگرد بکەوێتە ناو زەحمەتییەوەو زەرەر ببینێ. پەپوولە لەوەنە دەترسا کەخەڵك چی پێدەڵێن و زۆربەی کاتەکانی بە عەشق تێپەڕ دەکرد. بەتازەیی لەگەڵ کچی دووکاندارەکەی گەڕەکدا زەماوەندی کرد، هەم بۆم نەهات هەم وەکوو مەجالیشم نەبوو کەبچم سەردانی بکەم." ڕەشە گوتی:" دەلێن کەلەگەڵ لایەنگرانی مەلا ئەرزڕوومییەکەدا هەڵسوکەوت دەکات". لەبەرئەوەی کەمەلا ئەرزڕوومییەکە جەژننامەکانی ئێمە و ئەو وێنانەی کەوا چێشتکەرو فێڵبازو جەماوەری تەریقەتەکانی تری دوابەدوای یەك لەبەردەم پاشادا کێشاوە حەرام کردووە سۆفییەکانی ئەو مەلایە لەوبارەیەوە خەڵکی سەرزەنشت دەکەن، بۆیە ئەگەر گەڕانەوەیەك هەبێت بۆ کتێبەکۆنەکان و نەریتی وەستا کۆنە ئێرانیەکان ئەوا پەپوولە بەسوود دەردەکەوێت. ئەگەر سەرکەوتووانە بگەڕێنەوە بۆ وێنە دەرئاساییەکانی زەمانی تەیموور لەدوای من و ئەو لەق لەق باش وژیرەکەم ئەم ژیانە بەرێوە دەبات و ئەوانیتر لەبیر دەکرێن. بەڵام ئەمە نابێت چونکە هەموو کەس بەرەولای نەریتی ڕۆژئاواییەکانەوە دەچێت." ئایا بڕوام بەم قسە دەروون ڕەشکەرانەی خۆم دەکرد؟ ڕەشە بە بێدەنگییەوە گوتی: زاواشم وەهای دەگوت بەڵام ئەو خۆشبین بوو.

((تایبەتمەندییەکانی لەق لەق))

چاوم بەئیمزایەکی کەوتووە کە نووسیویەتی شێوەکاری تاوانبار موستەفا چەلەبی. لەبەر ئەوەی گوێ ناداتە ئەوەی پێوسیتە شێوازێکی هەیە یان نا، ئەگەر هەبێت بە ئیمزاوە بێت یان نا. وەکوو وەستا کۆنەکان بیشارێتەوە یان نا وخۆشی بەوەوە خەریك ناکات کە خاکیبوون ئیمزای

www.pertwk.com

دەویٚ یان نا بە پێکەنینەوە وەکوو ئەوەی کە سەرکەوتنێکی بەدەست هێنابێ ئیمزای خۆی لە وێنەکان دەدات. لەسەر ئەو ڕێگایەی کەوا من ڕێچکەیم دانابوو بە لێبووردەییەوە دەڕۆیشت، شتانێکی بینی وکێشاکە کەس نەیتوانیبوو وێنەی بکێشێ. هەرگیز نەیگوت وەستاکانی زەمانی تەیموور و وەستا کۆنەکانی تەروێزو قەزوێن و شێوەکارە ئەفسانەییەکان دانەبەزیووە وێنەی وەستا شووشەچییەکانیان لە کاتی فووکردنە ناو لوولە کونەکە بۆ دروستکردنی دۆلکەیەکی شین و چەرمەکانی بەردەس وەستایەکی پینەچی کە سەرنجی تەواوەتی خۆی داوەتە سەر دروستکردنی پێلاوو چەکمەکانی و دەرزی و قاڵبەکان و کێشانەوەی کەوانی جۆلایەك بە جوانی لە ڕۆژێکی جەژندا و ئەو زەختەی کە ڕۆنی دانە تلیقاوەکان دەردەخات و تەقەی تۆپە وەرگێڕاوەکانی خۆمان و لوولەی چەکەکان و دۆڵەکان و شتی لەم چەشنەیان نەکێشاوە وەکوو چۆن من بینیومەو کێشاومە ئەویش بینوویەتی و کێشاویەتی لە دوایشدا بۆ دروستکردنی سەفەرنامە خۆی ئامادەکردووەو ڕۆیشتۆتە شەڕو بەویستەوە تەماشای قەلاکانی دوژمن و تۆپ و سوپا و ئەسپەزامدارەکان و چۆڕەی خوێنەکانیان و گیاندانی برینداران و لاشەی مردووەکانی کردووەو کێشاو نوویەتی وبووە بەیەکەم شێوەکاری موسڵمان کە بەسەلامەتی لەشەڕدا گەڕاوەتەوە. بەر لە شێوازەکەی تەماشای بابەت وبەرلە بابەتەکەشی تەماشای وردەکارییەکانی دەکەم کەلەپێشدا کەس سەرنجی نەداو نووتێو هەر لەوێشەوە دەیناسمەوە. دەتوانم لەڕێکوپێکردنی لاپەڕەو کەڵەکەکردن وجێگیرکردنی وێنەکانەوەبگرە تا ڕەنگکردنی وردەکارییەکان هەمووشتێکی پێ بسپێرم. لەم ڕوەشەوە لەراستیدا لە دوای من بوون بە سەرۆکی

شێوەکاران مافی ئەوە بەڵام ئەوەندە لە خۆرازیو لە خۆبایی وبەفیزە کەوا ناتوانێ هەموو کەسێك بەرێوەببات و هەموویان دەڕەتێنێ. لە ڕاستیدا ئەگەر بەگوێرەی ئەو بێت دەیەوێت بە کۆششکاری خۆیەوە هەموو وێنەکانی وێنەکێشخانەکە بکێشێ. کە دەتوانێ ئەنجامیشی بدات و وەستایەکی گەورەشە. کاری خۆی دەزانێ حەز لەخۆشی دەکات. چەندە دڵخۆشە! جارێك بێخەبەر ڕۆیشتینە ماڵەکەی، لەکاتی کارکردندا چاوم پێیکەوتبوو، کتێبەکانی پادشاکەمان وئەو لاپەڕانەی کە بۆمن نەخشی کردوون و ئەو وێنانەی کە بۆ ڕۆژئاواییە گێژەکانی دەکێشا کە دەیانەویست ئێمە بچوك بخەنەوە ولاپەڕەیەك لەو سێ لاپەڕەیەی کەوا بۆ پاشایەکی دەکێشا کە ئەویش خۆی بەشتێك دەزانی وئەو وێنانەی کەوا بۆ خۆشی کێشابوونی وتەنانەت وێنەی جووتبوونێکی بێئەدەبانەی ژن وپیاوێکیش لەسەر تەختەو مێزیەکان ودۆشەکەکاندا بوون و لەناو پێدابوون وخۆشی وەکوو زەردەواڵەئیشی دەکرد وبەبەژنە درێژەکەی خۆیەوە لەم ڕەسم بۆئەو ڕەسم دەچوو، گۆرانی دەگوتەوە و مەقەسێکی دەخستەسەر گۆنای شاگردەکەی کەوا ڕەنگی تێکەلاو دەکرد. شتێکی بۆ گاڵتە دەخستە ناو وێنەکە و نیشانی ئێمەی دەدا بەسەر سوورماوییەکەوە قاقای لێدەدا. بەپێچەوانەی شێوەکارانیتر لەبەرئەوەی کەمن چووبووم دەستی لەکاری خۆی بەرنەدەداو بۆنەی ڕێزگرتنی بۆ دروستنەدەکردم، بەڵکوو بەکارکردن ئەو لێهاتوویەی کەخودا پێی بەخشیبوو تێکەڵاوی هونەری دەکردو کارە پەلەپەلەکانی خۆی بەردەوام دەکرد. (لەیەك کاتدا کاری حەوت هەشت شێوەکاری تری دەکرد) ئێستاکانەش بەدزیوە وەها بیر دەکەمەوە کەئەگەر بکوژەکە یەکێك لەم سێکەسە بێت خودا بکات کەلەق لەق بێت ، بەڵام خۆم

www.pertwk.com

دەگرمەوە، لەدەورانی شاگردیدا کەلەبەرەبەیانی ڕۆژانی هەینی دا چاوم پێدەکەوت بەئەندازەی دیتنی پەپوولە خۆشحاڵ نەدەبووم هەرجۆرە وردەکارییەکی سەیر بەبێ هیچ ژیرییەك (بەمەرجێك کەنەبینرابێت) ببینێت ئەوا هەر بەو ڕێزەوە دەیکێشایەوەو ئەو لایەنەشی لەوەستا ڕۆژئاواییەکان دەچوو، بەڵام لەق لەقە بەویستەکەی من بەپێچەوانەی وەستا ڕۆژئاواییەکان ڕوومەتی مرۆڤەکانی جیاوازتر لەیەك نەدەکێشا، تەنانەت ئەو فەرقەشی نەدەبینی. وابزانم لەبەر ئەوەی بە ئاشکراو بە شاراوەیی مرۆڤەکانیتری بچوك دەبینی هەر بۆیە سەرنجی نەدەدایە سەر ڕوومەتی مرۆڤەکان. زاوای خوالێخۆشبووش وێنەی مرۆڤەکانی بەئەو نەکێشاوە. ئەگەر جیددیترین وێنەش بکێشێت ئەوا دەبێت لەگۆشەیەکەوە بە هەبوونی نێوانێك، سەگێك یان وەکوو دەوڵەمەندی بۆنەیەك یاخوود نەداری لەتەچنێکی تێدا بکێشێت، ئەوەندە متمانەیی بەخۆ هەیە کەدەتوانێ گاڵتە بەڕەسمەکەو بابەتەکەیخۆی بکات .

ڕەشە گوتی:" ئەوەی کەوا زەریف ئەفەندییان کوشتووەو خستوویانەتە ناو چاڵە ئاوەکە لەبەسەرهاتەکەی یوسف وبراکانی دەچێ. گوژرانی زاواکەشم لە کوژرانی خەسرەو دەچێ کەبەدەستی کوڕەیەوە کوژرابوو کەوا دڵی چووبووە شیرین. هەرکەس دەڵێت کە لەق لەق حەز لەوێنەی شەڕو مەرگ وخوێناوی دەکات". ئەگەر وەها بیربکردرێتەوەکە ئەو وێنەیەی وا شێوەکارەکە دروستیدەکات دەچێتەوە سەر بابەتەکە، ئەوەبە مانای تێنەگەیشتن دەبێ لەمن ولەشێوەکارانیتریش. ئەو شتەی کە ئێمە دەدات بەدەستەوە ڕاسپاردەکان نین– خۆی لەخۆیدا بابەتەکان یەکن– بەڵکوو ئەوەیەکە لەکاتی نێزیکبوونەوەو کێشانەوەی دا چ جۆرە هەستەوەرییەکی

خۆمانی تێکەڵاو دەکەین. ئەو تیشکەی کەوا خۆی دەدزێتەوە ناو ماڵو دارەکان وئەسپەکان ومرۆڤەکان وئەو تووڕەییەی کە لە کەڵەکەکردنی لاپەڕەکاندا شاراوەیە، داری سەروو خەم و ئارەزووەکانی لەکاتی درێژبوونەوە بۆئاسمان و پشتبەستن و سەبر کە چاو کوێر دەکات هەموو ئیشارەتی ئێمەن. ئەمە هەموو وەکوو ئەسپانێك نین کە ڕاوەستاوبن خۆیان دووبارە بکەنەوە، وێنەکێش پێویستە لەکاتی کێشانی تووڕەیی و خێرایی ئەسپێکدا تووڕەییو خێرایی خۆی لێدەرنەخات، لە کاتێکدا کە تێدەکۆشی باشترین وێنەی ئەسپ بکێشێت، عەشقەکەی خۆی بەرامبەر خۆڵقێنەری دەوڵەمەندییەکانی دونیاو عەشقی ژیان و ڕەنگەکانی نیشاندەدات و بەس.

www.pertwk.com

لەگەڵ وەستا عوسماندا هەندێك كتێبمان دانابووە بەردەستی خۆمان وسەیرمان دەكردن، هەندێكیان تەواوبووبوون هەندێكیشیان تەنیا خەتەكانیان نووسرابوون و هەندێكیتریشیان بەهەر هۆیەك بێت بەنیوەو ناتەواوی مابوونەوە. تەواوی دوانیوەڕۆكەمان بەقسەكردن لەسەر وەستاكان و شیكردنەوەی تایبەتمەندییەكانی ئەوان كتێبەكەی زاوا تێپەڕكرد. ئەم كتێب ولاپەڕانە لەئەنجامی بەسەرداچوونی ماڵی شێوەكارەكاندا بەدەستهێنرابوون. ئەمانەیان وەكوو پێوەندیان بە دوو كتێبەكەی ئێمەوەنەبوو، یان وەكوو جارێكیتر ئەوەی دەسەلماند كە شێوەكاران بۆ چەند ئاكچەیەكی زیاترو لەبەرنەداری‌كارو ڕاسپاردەی دەرەوەی كۆشك ئەنجامدەدەن. ئیدی واماندەزانی كە پێی پیاوە بەڕێزو كەللە ڕەقە هەڵوێست توونده‌كانی بۆستانچیباشی ناكەوێتە ئێرە، بەڵام یەكێك لەوانە كەمتمانەیەكی تەواوی بە خۆوە هەبوو هاتە لای وەستا عوسمان ولەبن پشتوێنەكەیەوە كاغەزێكی دەرهێنا. وامزانی نامەی باوكێكە كە دەیەوێ كوڕەكەی بكات بە شاگردو بەم شێوەیە ڕێگایەكی دۆزیوەتەوەو نامەكەی ناردۆتە لای كابرایەك كە زۆر جاران ئاغایەتی و سەر دەستەیی شێوەكارانی كردووە، هەر بۆئەوەش زۆر گوێم تێنەدا. لەكزایی ئەو تیشكەوە كەدەهاتە ناو هەستم بەوە دەكردكە خۆرەكەی بەیانی نوقم وناپەیدا بووە بۆ ئەوەی كە چاوەكانم تۆزێك پشووبدەن هەندێك لە نووسراوەكانی وەستا كۆنەكانی شیرازم لەبارەی مەرجەكانی كوێرایی داهاتنەوە خوێندەوە كە تەمەنی لاوێتییاندا نووسیبوویان. ئەو حەرەكەتانەی وا باسیان كردبوو، ئەنجامم دا، بەبێئەوەی كە هیچ شتێك ببینم تەماشای چۆڵەوانییەكی دووردەستم كرد. كاتێ چاوم بەڕەنگی شیرینی سەرسووڕماوییەكەی وەستاكەم

لەبەرامبەر كاغەزەكەدا و چۆنیەتی تاكردنەكەیم بینی دڵم كەوتە ترپەترپەوەو لەگەڵ پەشۆكان و هەڵچووندا ئاشنابووم. دەقاودەق لەونامەیانەی دەچوو كە شەكورە بەرێگای ئەستەرەوە بۆمنی دەنارد. خەریكبوو بڵێم ئەمە چ هەڵكەوتەیەكە! كەچی لە هەمووشتێك زیاتریش وەكوو یەكەم نامەكەی شەكورە وێنەیەكی لۆچ كراویان هێنابوو! وەستاعوسمان كاغەزی وێنەكەی لای خۆی گرتەوەو ئەویتری دا بەدەستمەوە، ئەوسا ئیتر بەشەرمێكەوەتێگەیشتم كەنامەكە هی شەكورەیە:

" ڕەشە بەگی خۆم: بۆئەوەی كەبۆنی دەمی ژنە بێوەژنەكەی زەریف ئەفەندی تاقیبكەمەوە ئەستەرم ناردبوو بۆلای. لەوێدا ئەم لاپەڕە وێنەی‌دارەی پێنیشاندابوو، لەدواییدا خۆم ڕۆیشتم، دەمزانی بەكەڵكت دێ بۆیە بۆ وەرگرتنی ئەم لاپەڕەیە سەد جاربووم بە قوربانی. ئەم لاپەڕەیە لەسەر تەرمەكەی زەریف ئەفەندی لەناو چاڵە ئاوەكەدا دۆزراوەتەە، قەلبیەبە سەدان سوێندو قورئان دەڵێ كە كەس داوای كێشانی وێنەی ئەسپی لە مێردەكەم نەكردووە. ئەگەر وابێ كێ ئەمانەی كێشاوە؟. پیاوەكانی بۆستانچیباشی ماڵەكەیان پشكنی. لەبەرئەوەی كاری سەر ئەم ئەسپە پەلەی تێدایە بۆ تۆی دەنێرم. منداڵەكان دەستت ماچدەكەن– شەكورەی ژنت." وەكوو ئەوەی كە بەوردبوونەوەیەكی تەواوەوە لەناو باخچەیەكدا تەماشای دووگوڵی سوور بكەم ئاوەها سەیری دوو وشەی دوایی نامەكەم كردوو دووبارە خوێندمەوە. چاوم نێزیكی ئەو لاپەڕەیەكردكە وەستا عوسمان سەرنجی دابووە سەری و تەماشای دەكرد. هەندێك ئەسپم بینی كە موورەكەبەكەیان بڵاوبووبوونەوە، وەكوو نەریتی وەستاكۆنەكان بۆ دەستە گەرمی كێشرابوون. ئەم وەستا عووسمانەی كەبەبێدەنگییەوە نامەكەی

www.pertwk.com

شەکورەی خوێندبووەوە گوتی: "کێ ئەمەی کێشاوە؟" خۆشی وەڵامی دایەوەو گوتی: " دیارە ئەو شێوەکارەی وا ئەسپی ناو کتێبەکەی زاوای کێشاوە". ئەوەندەلە مە دڵنیابوو؟ بەڵام کێیە؟ ئێمە لەوە دڵنیانەبووین کەکێ ئەسپی ناوکتێبەکەی زاوای کێشاوە. لەناو نۆ لاپەڕەدا وێنەی ئەسپەکەمان دەرهێناو بەوردی تەماشامان کردەوە. ئەوەندە جوان وسادەبووکە مرۆڤ لەتەماشاکردنی تێرنەدەبوو. کاتێ ئەڵێم لەتەماشاکردنی تێرنەبدەبوو ڕاست دەڵێم؟ لەگەڵ زاواکەمدا سەیرم کردبوو، لەودایشدا کاتی زۆرم بۆ تەماشاکردنی هەبوو، بەڵام لەسەری ڕانەوەستابووم. جوان بوو بەڵام ئەسپێکی سادەبوو. ئەوەندە لامان ئاسایی‌و سادەبوو کەنەمانتوانی بزانین کێ ئەمەی کێشاوە. ئەم ئەسپەم زۆرجار لەناو کتێبیتردا بینیبوو بۆیە مرۆڤ وەها خەیاڵی دەکرد کەس بیر لە نەخش ناکاتەوە و هەروا لە خۆیەوە دەکێشرێت. تا ئەو کاتەی کە زانیمان ئەم ئەسپە ڕأزێکی شاردۆتەوە، هەر بەو چاوەوە سەیرمان دەکرد. کەچی ئێستا جوانییەك دەبینم کە وەکوو هەڵم دەلەرزێ، لەخۆمم پرسیارکردو گوتم:" خودایە ئەم شێوەکارە دەست سیحراوییە کێیە کەوا توانیویەتی لەشێوەی بینینی خودا وێنەی ئەسپێك بکێشێتەوە؟" بۆ ساتێك پیاو کوژبوونەکەیم فەرامۆشکردبوو. لەلایەکەوە وێنەی ئەسپەکە ئەوەندە لەڕاستی دەچوو کەوامدەزانی لەبەرامبەرمدایە لەلایەکیتریشەوە بەشێکی عەقڵیشم دەیزانی کەئەمە وێنەیەکەو من لەناو دووبیردا سیحراوی کراوم، هەر ئەمەش بوو بووە هۆی ئەوەی کە هەستی بێ کەموکوڕی بوون لەمندا دروست ببێ. بۆ ماوەیەك وێنە ئەو ئەسپانەمان لەگەڵ ئەوەی ناو کتێبەکەی زاوا ئەفەندیدا بەراوردکرد. ئەم ئەسپانە بۆ دەستگەرمی کێشرابوون. هەردوو لە ژێریەك دەستەوە دەرچووبوون،

ڕاوەستانی ئەسپەکان بانگهێشتی جموجۆڵی نەدەکرد، بەڵکوو هاواری مانەوەی سەردەدا، لەخۆبایی، ناسك وجوان بوون. لەبەرامبەر وێنەی کتێبەکەی زاوادا حەیران مابوومەوە. وتم:" ئەوەندە جوانە کە مرۆڤ یەکسەر دەیەوێت لاپەڕەیەك وەربگرێو لەڕووی بکێشێتەوەو لەدوایشدا وێنەی هەر شتێك بکێشێ". وەستا عوسمان گوتی:" گەورەترین باشە کردن دەرهەق بەشێوەکارێك ئەوەیە کە پێی بڵێی وێنەکەت لەئێمەدا جۆش وخرۆشی دروستکردووە، بڵام ئێمە ئێستا تەماشای هونەری شەیتان ناکەین، بابزانین کێ کێشاویەتی، زاوا ئەفەندی پێی نەگووتووی ئەم ئەسپە چ جۆرە بەسەرهاتێکی هەیە؟"

–" نەیگووتوە. بەڵام ئەمە یەکێك لەو ئەسپانەیەکە دەتوانێ لە هەموو وڵاتێکدا بژی و خاوەنەکەشی پادشای گەورەو بەهێزی ئێمەیە. ئەسپێکی جوانە، یەکێکە لە ئەسپەکانی عەلی عوسمانە. شتێکە کەوا دەوڵەمەندییەکانی پادشاکەمان دەهێنێتە پێش چاوی دۆچی وەنیز". بەڵام لەلایەکیترەوە پێویست بوو وەکوو ئەو شتەی لە کێشراوەکانی وەستا ڕۆژئاواییەکاندا هەیە ئەمەش لەوەی کە خودا دەیبینێ بەجموجۆڵترو خوێنگەرمتر بێت و ژیانکردنی لەئەستەنبووڵ وگەوڕو ئەسپەوانەکەشی دیاربێت، تاوەکووشێوەکارە ڕۆژئاواییەکان بڵێن ئەوانەی ئەستەنبووڵ دەیانەوێ وەکوو ئێمەیان لێ بێ و پادشاکەشیان بڕوابەمە بکات کە عوسمانییەکان دەیانەوێ وەکوو ئەوانیان لێ بێ. چونکە کاتێك مرۆڤ بە شێوازێکیتر ئەسپێکی کێشا ئەوا بەشێوازێکیتریش دونیا دەبینێت بەڵام ئەم ئەسپە سەرەڕای سەیربوونەکەی بەشێوەی وەستا کۆنەکان کێشرابوو. ئەو ئەسپەی کە ئەوندە قسەمان لەسەری دەکرد یەکسەر چوو بووەچاومانەوەو

www.pertwk.com

سەرنجمانی ڕاکێشا. دەمی تۆزێك کراوەبوو لەبەینی دانەکانییەوە زمانی دیاربوو. چاوەکانی دەبریقانەوە لاقەکانی بەهێزو ناسك بوون. ئەوشتەی کە دەبێت بەهۆی ئەوەی وێنەیەك ببێت بەئەفسانە خودی وێنەکەیە یان وەکوو ئەو شتانەیە کە لەسەری دەیڵێن؟ وەستا عوسمان بەهێواشی هاوێنەکەی دەهێنا بەسەر وێنەکەدا لەناو دڵمەوە گوتم:" ئەم ئەسپە دەیەوێت چیبلێت؟ واتای هەبوونی ئەم ئەسپە چیە؟ بۆچی ئەم ئەسپە! ئەم ئەسپە چیە؟ بۆچی دمترسێنیّ؟ "

وەستاعوسمان گوتی: "پادشا کتێبدۆستەکان وپاشاکان لەبەرئەوەی بۆ ڕاسپاردەکانی ئەوان ڕەنجدراوە وفرەبوونی نوری چاو شێوەکاری لەسەر ڕاسپاردە کانی ئەوان دەبێتە بەڵگەی هەبوونی هێزو دەوڵەمەندییان، وێنەکان جوان دەبینن وحەزیان لێدەکەن. هەربۆیە هونەری شێوەکاری شتێکی کەم پەیدایە، جوانی وێنەك وەکوو ئاڵتوونی بەکارهێنراو نرخی هەیە، هەرئەمەش خۆی بەڵگەی ئەم کەم پەیدابوونەیە ئەگەر کەسانیتریش تەماشای وێنەکە بکەن لەبەر بابەتەکەی دەڵێن: ئەمە لەکەسێك دەچیّ یان وەکوو ئەسپی خودایە یان وەکوو خەیاڵێکە و بە جوان دەینرخێنن و بەڕاستەقینە زانینی ئەمەش بە لێهاتوویی هونەرەوە ڕوون دەکەنەوە. بۆ ئێمە مانانیش جوانی ڕەسمەکە بەفرە واتایی وناسك کارییەکانیوە دەستپێدەکات. لەبەرئەوەی کە دەست وئامارژەکانی شەیتان لەنێو ئەم وێنەیەدا شاراوەیە سروشتییەکە واتاکانی زیاترین، یەکیتریش ئەوەیە کە وێنەکە بەباشی نەزانی. بەڵام ئەو ئەسپەی کە بەباشی دەیزانی کێ کێشاویەتی" وەکوو ئەوە نابێت کە چۆن تەماشای وێنەی ئەسپێك دەکەین سەیری بکەین ، ئەگەر وەکوو چۆن سەیری ئەسپێکی ڕاستەقینە بکەن

سەیری ئەم ئەسپەتان بکردایە، چی حاڵی دەبوون؟ تەماشای گەورەیەکەیم بکردایە دەمگووت کەئەمە کوڵە ئەسپ نیە، کاتێ سەیری ملە درێژو کەوانییەکەیم بکردایە دەمگووت کەئەمە ئەسپی غاردانە، خۆ ئەگەر سەیری پشتە ڕێکەکەشیم بکردایە ئەوا دەمتوانی بڵێم بۆ سەفەری دوورو درێژ دەبێت. لاق ناسکەکانی وا دیار دەکات کە وەکوو ئەسپێکی عەرەب توند ڕەوو لێهاتووە بەڵام ئەمە ئەسپی عەرەب نیە چونکە سینەی درێژو گۆشتنە. جوانی پێکانی وەکوو ئەوەی کە زانایەکی بوخارایی لە ((بەیتار نامەی فادلاندا)) لەسەر ئەسپێکی پەسەند کراو باسیکردووە ئەوە نیشاندەدات کە ئەگەر چۆمێك لەبەر ڕێگای ئەسپەکەماندا بێت بە ئاسانی لێی دەپەڕێتەوە وسڵ ناکات و ناترسێت. ئەو بەتیارنامەیە یە دەستی ((فیوزە)) بەتیاری کۆشکەکەی خۆمانەوە وەرگێردراوەتەوە. منیش هەموویم لەبەر کردووە، لەبەر ئەوەش کە هەمووی دەزانم، دەزانم کە ئەو شتەی لەسەر ئەسپێکی پەسەند کراو دا هەیە دەقاو دەق لەم ئەسپەدا هەیەو ئەسپێکی باشە. شێوەی ئەسپەکەش جوانە. پێویستە چاوەکانی لەهی ئاسك بچیّ و گوێکانی وەکوو پەلی قامیش بێت و نێوانیان پان بێت. ئەسپی باش بچووك وتەوێڵ خڕەو ئەبرۆکانی وشکەو بەژن و باڵاو یاڵی درێژە، هەروەها پشتی کورتەو لمۆزو شانەکانی یچکۆلەیەو پشتی پانە، سینەی گەورەیەو کلکی پانەو ڕانەکانی گۆشتنەو لە خۆباییو ناسکۆڵیەو کاتێك ڕێ دەکات وەکوو ئەوە وایە کەلەملاو ئەولا سڵاو بکات. ((بەیتار ـــــــ پزیشکی حەیوانەکان)).

بەسەرسوڕماوییەکەوە تەماشای وێنەی ئەسپەکەم کردو گوتم کە ئەمە خودی ئەسپەکەی ئێمەیە.وەستا عوسمان بە پێکەنینە لەناچارییەکەی

www.pertwk.com

خۆیەوە گوتی:" زانیمان کەئەسپەکەمان کێیە، بەڵام بەداخەوە! ئەمە بۆ دۆزینەوەی شێوەکارەکە هیچ سوودێکی نیە، چونکە دەزانم ئەو شێوەکارەی تۆزێ عەقڵی هەبێت بەتەماشاکردنی ئەسپێکی ڕاستەقینەوە وێنەی ئەسپێك ناکێشێت. دیارە کە شێوەکارانم لەبەرخۆیانەوەو لەیەك هێرشدا وێنەی ئەم ئەسپە دەکێشن. بەڵگەی ئەمەش ئەوەیەکە کە زۆرینەیان لەکاتی کێشانی خەتەکانی ڕووی دەرەوەی ئەسپەکەدا لە پێشدا لەنووکی سمەکانیانەوە دەستپێدەکەن." وەکوو ئەوەی کە داوای لێبووردن بکەم گوتم:" بۆ ئەوەی کەبتوانێ پێ دانێتە سەرخۆڵ لەپێکانیوە دەست پێناکەن؟" وتی وەکوو ئەوەی کە جەمالەدینی قەزوێنی لەسەر کێشانی ئەسپەکاندا گووتوویەتی: ئەگەر لەپێکانییەوە دەست پێبکەی بە مەرجێك دەتوانی تەواوی بکەی کەهەموو ئەسپەکەت لەبەر بێ. دیارە ئەو ئەسپەی کە بەتەماشاکردنی ئەسپێکی ڕاستەقینەوە بکێشرێت بەبیرکردنەوەو بیر هێنانەوە لەسەرییەوە دەستپێدەکرێت و لەدواییدا مل وسینەی دەکێشرێت. هەندێك شێوەکاری ڕۆژئاوایی هەن کە بەدوودڵیو بەئەزموون کردنەوە وێنەی ئەسپێکی بارکێش لەناو کۆڵانەکاندا دەکێشن ودەیفرۆشن بەبەرگدروو وقەسابەکان. ئیدی ڕەسمێکی بەم شێوەیە ناتوانێ ئاماژە بەواتای دونیاو ئەو جوانیانە بکات کە خودا خوڵقاندوونی. بەڵام لەوەش دڵنیام ئەوانیش دەزانن لەوکاتەدا وێنەکان بە یارمەتی بینراوەکانیان ناکێشن بەڵکوو خۆشیان دەزانن چی بەبیربهێننەوەو هەر ئەوە دەکێشن. وێنەکێش هەمیشە لەسەر کاغەزەکەیدا تەنیایە لەبەرئەوەش بیرهێنانەوە هەمیشە پێویستە. بۆ دۆزینەوەی ئیمزای شاراوەی ئەو ئەسپە کەوا بەخێرایی دەست ولەبەر خۆوە کێشراوە زیاتر لە ڕێگای نەریتی کچە نەدیمە هیچ چارەیەکیترمان

نیەو هیچیترشمان لەدەست نایەت. تۆش باش تەماشای ئەمە بکە."

وەکوو ئەوەی کەلەسەر نەخشەیەکی کۆندا بەدوای خەزێندا بگەڕێت ئاوەها بەسەرنجەوە هاوێنەکەی بەسەر پێستی ئەسپەکدا دەهێنا. وەکوو شاگردێك کەبیەوێ شتێك بە مامۆستاکەی بداتە قەبوڵکردن وبەپەشۆکاوی وهەڵچوونی دۆزینەوەی شتێکی تازەوە گوتم:" بەڵێ دەتوانین ڕەنگ وکارەکانی سەرزینی ئەسپە لەگەڵ زینی‌تردا بەراورد بکەین"

وتی:" وەستاکانی من فلچە بەسەر ئەم وێنانەدا ناهێنن. ئەو شاگردەکانن کە جل وقاڵیو ڕووپۆشەکانی ناو وێنەکان ڕەنگ دەکەن لەوانەیە زەریف ئەفەندی ئەوەی کردبێت، ئەوە دەرباز بکە."

دووبارە بە هەڵچوونەوە گوتم:" گوێکانە؟ گوێی ئەسپەکانیش..."

وتی:" نا، ئەمە ئەو گوێیانەن کەوا بەپێی قاڵبەکانی تەیموور کێشراون ولەپەلی قامیش دەچن". خەریکبوو بڵێم کە هۆنینی یاڵی ئەسپەکەو شانەکردن و داهێنانی تاڵ بەتاڵی مووەکانی کە هەستم بەوە کرد لەم یارییەی وەستاو شاگردییە بێزاربووم وبێدەنگ مامەوە. خۆ ئەگەر شاگردیش بم پێویستە سنووری خۆم تێپەڕ نەکەم. وەستا عوسمان وەکوو پزیشکێك کەدومەڵێکی نەخۆشینی وەبای دۆزیبێتەوەو بەنیگاگلەیی‌کەرەکانییەوە پیشانی ئەویتری بدات ئاوەها بانگی منی کردو گوتی:" تەماشای ئێرەبکە، دەبینی؟" ئێستا هاوێنەکەی هێنابووە سەر سەری ئەسپەکەو بەهێواشی لە ئەسپەکەی دووردەکردەوەو بەرەو ئێمەی دەهێنا. بۆئەوەی کە بیبینم سەرم نێزیکی هاوێنەکە کردووە، کونی لمۆزی ئەسپە زۆر سەیربوو. وەستا عوسمان گوتی:" چاوت پێی کەوت؟" بۆئەوەی لەبینینەکانم دڵنیاببم پێویست بوو کەزیاتر سەرم نێزیکی هاوێنەکە

www.pertwk.com

بکەمەوە، ئێستا کە هاوێنەکە دوور دەبێتەوەو وەستا عوسمانیش لەو کاتەدا ئەوەی کرد گوپەکانمان هاتبووە لای یەك. کاتێ هەستم بە وشکایی وزووربوونی ڕیشەکانی وەستا عوسمانم لەسەر گوپی خۆم کرد بۆ ساتێك ترسام و بێدەنگییەك دروستبوو. دەتگوت کەلەوبەری چاوەماندووەکەمەوە شتێکی سەیر ڕوودەدات و ئێمەش دەبین بەشایەتی ئەو ڕووداوە. زۆر دواتر توانیم بەدەنگی نزمەوە بڵێم:" ئەوە چییە لەلمۆزیدا؟" وەستا عوسمان گوتی: لمۆزەکەی زۆر سەیر کێشاوە، دەستی پێداهێناوە؟ کەموکوڕییە؟" هێشتا تەماشای چۆنیەتی کێشانی ئەم لمۆزە سەیرو بێ وێنەیەمان دەکرد. وەستا عوسمان بەدەنگێکی گاڵتە پێکەرانەوە گوتی:" ئەو شێوازەی کەوەستا چینییەکان بەلاساییکردنەوەی ڕۆژئاواییەکانەوە دوای کەوتوون ئەمەیە؟" وامزانی کە گاڵتە بەزاواکەم دەکات و گرتمەدڵمەوەو گوتم:" زاوا ئەفەندی گوتویەتی ئەگەر کەموکوڕی لەئەنجامی لێنەهاتوویی و کەمبوونی هونەری شێوەکارەوە نەکەوتبێتەوەو لەقوڵاییەکانی ڕۆحییەوە هاتبێت، ئەوە دەبێت بەشێواز". بۆ دۆزینەوەی ئەوناپیاوەی کەزاواکەمی کوشتبووهیچ ئاماژەیەك زیاتر لەلمۆزی ئەسپەکەمان بەدەستەوەنیە کە دیارنیە لەدەستی شێوەکارەکە دەرچوو یان وەکوو لە خودی ئەسپەکەوە دەرکەوتووە. لە دۆزینەوەی لمۆزی ئەسپەکانی سەر ئەو کاغەزەی وا لەسەر جەنازەکەی زەریف ئەفەندیدا دۆزرابووەوەو مورەکەبەکەی بڵاوبووەوە، زۆری و زەحمەتیمان دەکێشا چ بگات بە کونی لمۆزی ئەسپەکان. وەختێکی زۆر کەممان هەبوو بۆ دۆزینەوەی کەموکوڕی ئەم لمۆزە لەنێو وێنەکانی شێوەکانی وەستا عوسماندا کەلەماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا کێشاویانە. لەنێوان دووسەدوپەنجا لاپەڕەی جەژننامەدا کەباسی

تێپەڕبوونی جەماوەر بەبەردەم پادشادا وێنە ئەسپی کەمی تێدابوو. کتێبە نموونەییەکان ودەفتەری قاڵبەکان وئەو کتێبە تازە تەواو بووانەی کە لەنێوبینای وێنەکێشخانەکەدا بوون هەموویان هێناو کەسیشیان نارد بۆ ناوەوەی کۆشك بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی هێنانی کتێبە شاراوەکانی ناو خەزێنەو حەرمسەرا کە قوفڵیان لەسەرە. بۆیەکەم جار تەماشای وێنەی ئەو ئەسپە خەمبارەمان کرد کەوا زینە دەرئاساییەکانیان داپۆشراوەو بەنەخش ڕازێندراوەتەوەو جەنازەی سوڵتان سولەیمانی قانوونییان دەکێشاو دەبرد کەلە چەمبەرەکەی زیگەتواردا کوژرابوو. ئەم بەرگەیان لە ژووری شازادەیەکی گەنجدا هێنابوو. زەیتوون، لەق لەق وپەپوولە هەمیشە ئەم شتانەیان دەکێشا. چی ئەوانەی کە چەرخەکان دەکێشن چی ئەوانەش کەوابە چاوێکی هەڵماوییەوە تەماشای تەرمی خاوەنەکانیان دەکەن و سڵاویان لێدەکەن، کەوا لەژێر سوورایەکەدا داپۆشراون. هەموویان وەکو ئەوەی وەستا کۆنەکان، بەراوەستانێکی ناسك و جوانەوە کێشابوو. (قاچێکیان بە ناسکییەوە لە پێشەوە بووو قاچێکیتریشیان بەڕاوەستاوی لەدواوەیە). هەموویان بەژن درێژو کەوانی بوون کلکەکانیان بەستراوەو شانەکراوبوون. بەڵام لەهیچکامێکیاندا ئەو لمۆزەی کەوا بەدوایدا دەگەڕێین نەدۆزرایەوە. هەروەها لەنێو ئەو ئەسپانەشدا نەبووکەوا فەرماندەکان وزاناکان و مامۆستاکانیان هێنابووە سەرجەنازەکەی سوڵتان سولەیمان . بەم خەمەوە تۆزێك لەپەژارەی دەرووبەری جەنازەکەش بەرەو لای ئێمەدەهات. هەروەها چاویشمان بەوە دەکەوت کە لەسەر لاپەڕەکاندا کە شازادەکانیان دەهێنایە کایەوە لەملاولەولایاندا شتیان نووسیبوو، هەر لەبەر ئەمانەش خەممان بۆ ڕەنجی وەستاکانی وەستا عوسمان دەخوارد

www.pertwk.com

کەلەپێناوی ئەماندا دابوویان. بەدەست وخەتێکی خراپەوە لە ژووری وێنەی باپیری پادشاکەماندا کەلەژێر دارێکدا نێچیری دەکرد نووسرابوو:" گەورە م! ئەی حەزرەت! بەئەندازەی سەبرو لێبوردەیی ئەو دارە حەزتان لێدەکەم و چاوڕێیتان دەکەم." بەم هەستە شکاوو خەمبارەوە ئەو کتێبە ئەفسانەییانەم گرتە دەستەوە کە بەتەنیا باسی دروستبوونیانم بیستبوو ونەمبینیبوون. تەماشای بەرگی دووهەمی هونەرنامەمان کرد کەواقەڵەمی دەستی هەرسێ وەستاکەی لێکەوتبوو. لەپشتی ئەو تۆپانەی کەوا گرمەگرمیان دەکردو لەدوای هێزی پیادەدا سەدان ئەسپی ڕەنگاو ڕەنگی لێبووکەوا سەربازە شکۆدارەکانی سواریان شمشێرەکانیان دەرهێنابوو سپەرەکانیشیان بەرزکردبووەوە. بەڵام هیچ یەك لە وانە کەموکوڕی تێدانەبوو. وەستاعوسمان گوتبووی ئەم کەموکوڕییە چییە ئیتر؟ دواتر هەر لەو کتێبدا تەماشای لاپەڕەیەکمان کرد کە وێنەی دەرگای هومایون وگۆڕەپانی گاڵتەی کێشابووکە ئێستا ئێمە تێیدابووین. وێنەیەك بوو کە نەخۆشخانەکەی تەنیشت و ژووری داواکاری و حەوشەو درەختەکانی وەها کێشابوو کەلەنێو چوارچێوەکەدا جێگایان بێتەوە بچوك و بەقەدەر گرنگی پێدانیعەقڵیشیان گەورە کێشابوو،ئەو ئەسپانەی کەوا دەرگاوان و بنووسەکان و پاسەوانەکان سواری دەبوون ئاماژەیەکی لەو چەشنەیان پێوە نەبوو. هەروەها تەماشای ئەو وێنەیەشمان کرد کەوا (یاوز سوڵتان سەلیمی) باوکی باپیریپادشاکەمان لەکاتی سەفەرەکەی بۆ (دولقادر) نیشاندەدات کە لە سەوزەلانییەکی گیادار لەپاڵی دۆڵی قین کراوەکاندا ڕادەوەستێ و چادرهەڵدەدات، تانجییە ڕەشەکلك سوورەکان و بەچکە ئاسکی قون زل وکەروێشکی زۆریان گرتبوو، هەروەها لەلایەکیتریشەوە

پڵنگێگ کەوتبوو کە خوێنی سوور لەسەر جەستەیدا گوڵی دابوو. نەوەکوولە سەر لمۆزی ئەسپەکەی پادشا نەوەکوو لەسەر لم‌وزی ئەسپی بازجییەکان کەلەودیوی تەپۆلکەکەوە بە ئامادەیی ڕاوەستابوون، شتێکی وەها دیارنەبوو. هەتاوەکوو ئێوارە بەسەدان کاری زەیتوون و پەپوولە و لەق لەقمان بینی کەلەماوەی ئەم چەند ساڵەدا کێشرابوون و وێنەی ئەسپیان تێداهەبوو: ئەسپە ڕەش وزەردە گوێ جوانەکانی موحەمەدخانی گیرای. ئەسپە پەمبەیی و قورشوونیەکانی حەیدەر پاشا کەوا لەشەوێکدا لەپشتی تەپۆلکەیەکدا بەتەنیا سەریان دیار بوو، ئەسپەکانی حەیدەر پاشا کەوا قەڵای (خەلق الواد)لە کافیر ئیسپانیاییەکانی دەستێنێتەوەو ئەسپەسەوزەکانی ئەو ئیسپانیایانە کەوا غاردەدەن و لووت لەسەر لووت کەوتوونەتە سەر پشتیان، ئەو ئەسپە ڕەشەی کەوا خەریکبوو والە وەستا عوسمان بکات کە بڵێ ئەمەم لەپێش دا نەبینیوە کێ ئەمەی دروستکردووە، ئەسپێکی سوور کەوا لەبنی دارێکەوە گوێی قوت کردۆتەوەو گوێ لەو عودە دەگرێ کەوا کوڕێك دەیژەنێ، وێنەی شەو دێز کەوا وەکوو شیرین ناسکۆڵەو شەرمەزارەو لەکاتێکدا کە شیرین لەبەر ڕووناکی مانگە شەودا لەحەوزەکدا مەلە دەکات چاوڕێی دەکات، ئەو ئەسپە جووڵە جووڵکەرانە کەوا یاریکەرە تێر ئەندازەکان لەسەریان سوار دەبن، ئەسپی فەرتەنەوئەسپەوانێکی جوان کەنازانم لە بەرچی هۆیەك بوو وایان لە وەستا عوسمان کرد کەبڵێ:" لەکاتی لاویمدا زۆر ماندووبووم، زۆرحەزم پێدەکرد"، ئەو ئەسپە زێڕینەی کەوا لەکاتێکدا حەزرەتی ئەلیاس دەکەوێتە بەر پەلاماری بوتپەرستەکان خودا بۆی دەنێرێ‌و لەهەڵە بەر حەزرەتی ئەلیاس دەکەوێ، کاتێك کەوا سوڵتان سولەیمانی قانوونی بەسواری ئەسپە کووتە

www.pertwk.com

دەشتییەکەیەوە تەماشای شازادەیەکی خەمبار دەکات کەلەتەمەنی لاویدا لەکاتی گیاندان وەرگدایەو سێ کوڕەکەی بانگ کردووە بۆلای خۆی و هاتوون بۆ نێچیر، ئەسپە تووڕەکان، ئەسپی بەزین و غاردان، ئەسپە ماندووەکان، ئەسپە جوانەکان، ئەو ئەسپانەی کەکەس تەماشایان ناکات، ئەو ئەسپانەی کەلەم لاپەڕەیە دەرناکەونە دەرەوە، ئەو ئەسپانەی کەوا وەکوو ئەوەی بیانەوێ لەبەر تەنگاوی ئەم لاپەڕانەدەربکەون و چوار چێوەکانیان تێپەڕاندووە. لەلمۆزی هیچ یەك لەمانەدا ئەو ئاماژەیەی کەوا بەدوایدا دەگەڕاین بە دی نەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بێزاری وخەم وترسەی کەوا دڵمانی داگرتبوو کەم نەدەبووەوە: بۆ ماوەیەك ئەسپەکەمان لەبیر چووبووەوەو تەسلیمی جوانی ڕەنگەکان بووبووین و ڕۆیشتبووین، وەستا عوسمان کاتێ تەماشای زۆربەی ئەم وێنانەی دەکردکە بەرپرسیاری دروستکردنیان بووە، لەسەرسووڕماویی زیاتر تووشی ترس و لەرزەی بیر هێنانەوە بووبوو. ئاماژەیەکی کرد بە گیا مۆرەکانی بەر چادرەسوورەکەی شەڕی سوڵتان سولەیمانی باپیری پادشاکەمان کردو گوتی:" ئەمە، قاسمی قاسم پاشا.... ! ئەو وەستا نەبوو. بەڵام لەماوەی چل ساڵدا لە جێگا چۆڵەکانی وێنەکاندا گیای پێنج پەلا تەك گوڵینی بەر ئاوی دروستدەکردو و دووساڵ بەر لەئێستا مردو ڕۆیشت. لەبەر ئەوەی هەموو کەسێك باشتر دەیتوانی ئەم گیایە بکێشێ ئەمەم پێ کێشابوو." ماوەیەك بێدەنگ بوو، لەدواییدا وەستاکەم گوتی:" مەخابن! مەخابن!" لەم قسەیەوە بە تەواوی ڕۆحمەوە هەستمکرد کە زەمان و کاتی هەندێك شت و چاخێك بەسەر هاتووە. هەموو جێگایەك تاریکبوو، لەناکاو ژوورەکەی پڕبوو لە تیشك، جموجۆڵێك دەستپێکرد دڵکەم کەواتر پەترپی لێوە دەهات لە هەموو شتێك

تێگەیشت. فەرمانڕەوای جیهان پادشاکەمان هاتبووە ناو ژوورەکەوە. خۆمم خستە بەر پێی و چمکی عەباکەیم ماچکرد، سەرم خولی دەخوارد، نەمدەتوانی تەماشای نێو چاوانی بکەم، بەڵام ئەو لە ژوورەوە لەگەڵ وەستا عوسماندا دەستی بە قسەکردبوو. لەبەر ئەوەی لەگەڵ کەسێکدا قسەی دەکرد کەوا تۆزێك بەر لەئێستا شانبەشانی پێکەوە دانیشتبووین سەیری وێنەکانمان دەکرد هەستم بەگڕگرتنی ئاگری شانازی کردن بەخۆمەوە لەدەروونمدا دەکرد. نەمدەتوانیبڕوابکەم کە پادشاکەمان لە جێگاکەی مندا دانیشتبوو وەکوو من بە هەستیارییەوە گوێی لە قسەکانی وەستا عوسمان دەگرت. خەزێنەدارو ئاغای بازچییەکانیش هاتبوون. چەند کەسیتریش کەنەمدەناسین هەم دەیانپاراست هەم بەوردی گوێیان لە قسەکانی ڕادەگرت. بۆ ماوەیەك هەموو تواناو لێبووردەییەکی خۆمم کۆکردەوەو بەلاچاوێکیشەوەبێت تێر تێر تەماشای نێو چاوانی پادشام کرد. چەندە جوان بوو! چەندە ڕێکوپێك و ڕاستبوو ! دڵم لە پەشۆکاویدا ئیدی توند لێینەدەدا. هەر بەو کاتەدا تەماشای منی کردو چاومان بەچاوی یەکدا هەڵتۆقی.

گوتی:" خوالێخۆشبوو زاواکەتیشم خۆشدەویست". بەڵێ لەگەڵ مندا قسەی دەکرد! لەبەر پەشۆکان و هەڵچوون بەشێك لەقسەکانیم لەدەست دەرچووبووە.زۆر خەفەتبار بووم، بەڵام ئەو تابلۆیانەی کە ئامادەی کردوون شتانێکی دەرئاساین و تەماشاکردنیان سەرەخۆشی ودڵدانەوەیە بۆ من. کاتی گاورە وەنیزییەکە بیبینێت سەری سووڕدەمێنێ و لەهێزی عەقلی من دەترسێ ئیدی لەلمۆزی ئەسپەکەوە دەتوانن تێبگەن کە پیاوکوژەکەکام شێوەکاری چەپەلە. ئەگینا هەموو شێوەکاران دەکەین، هەرچەندە

www.pertwk.com

کەستەمیشە بەڵام پێویستە".

وەستا عوسمان گوتی:" پادشای جیهان پەنا ! سوڵتانی من! ئەگەر شێوەکارانم بەبێ بیرکردنەوە وێنەی ئەسپێك بکێشن لەوانەیە بتوانیین تێبگەین کە کێیەو کێ ئەمەی کێشاوە". پادشا بەشێوەیەکی ژیرانەوە گوتی:" ڕاستە، ئەگەر ئەمە لمۆزێکی ڕاستەقینە نەبێ ولە قەڵەم سووڕدانێکدا کێشرابێ". وەستا عوسمان گوتی:"پادشای من! ئەگەر هەر ئەمشەو کێبر کێیەك ڕابگەیەندرێت و تەك تەك لە دەرگای ماڵی وێنەکێشان بدرێو داوایان لێ بکردێت کە لەناو کاغەزێکی نەنووسراودا ... .

پادشا تەماشایەکی بۆستانچیباشی کرد، کەواتای گوێت لێیبووبێ دەدا لەدواییدا گوتی:" دەزانن کە لە شیعرەکانی نیزامیدا زیاتر حەز لەکام کێبڕکێ دەکەم"؟ هەندێکمان گوتی: دەزانین. هەندێکیش گوتی کامەیە؟ یان ناو کەسانێکیش وەکوو من بێدەنگ مانەوە. پادشا جوانەکەم گوتی:" حەز لەکێبڕکێی شاعیرەکان ناکەم، هەروەها حەز لەبەشی بەسەرهاتاتی مامە چینی وڕووییەکانیش ناکەم. من زۆرتر حەز لەکێبڕکێی پزیشکەکان دەکەم کەوا تامردن ئەنجامیدەدەن". ئەمەی گوت و نەیگوت یەکسەر هەستایەسەرپێ و بۆ نوێژی ئێوارە ئێمەی بە جێهێشت. زۆر دواتر کاتێ بانگی ئێوارەیان دا لەدوای ئەوەی لەتاریکایی و دەرگای کۆشکەوە دەرکەوتم، بەدڵخۆشییەوە خەیاڵم لە شەکورە و منداڵەکان و ماڵ دەکردەوەو بە هەڕاکردن بەرەو گەڕەکەکە دەڕۆیشتم کە بەترسەوە بەسەرهاتی کێبڕکێی پزیشکەکانم کەوتەوە یاد:

یەکێك لەو دووپزیشکەی کەوا لەبەردەم پادشاکانیاندا کێبڕکێ دەکەن حەبێکی سەوزی ژەهراوی دروستدەکات کەدەتوانێ خێڵێك بکوژێت. دەیدا

بەو پزیشکەکەیتر، ئەویش دژە حەبەکەی دروستدەکات و بەعافییەتەوە دەیخوات و لەداویی ئەوەش حەبە ژەهراوییەکەش دەخوات. وەکوو ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرا هیچی لێنەهات. لەوەش زیاتر کاتی ئەوە هاتبوو کە ئەو بۆنی مەرگ بدات بە بەرلووتی ڕەقیبەکەیدا . وردە وردە دەجولێتەوەو تامی نۆرەی خۆی دەچێژێت، لەدواییدا لەناو باخچەکەدا پەلی گوڵێکی پەمبەیی دێنێت وەدەیخاتە ناو دەمییەوەو هۆنراوەیەکی پێدا دەخوێنێتەوە کەتاوەکوو ئەو کاتە کەس نەیبیستبوو. لەدوایشدا بە خۆمتمانەییەکەوە پەلی گوڵەکە دەدات بە پزیشکە جل پەمبەییەکە بۆ ئەوەی کە بۆنی بکات. ئەم پزیشکە جل پەمبەییە پەلەکە نێزیکە لووتی دەکات ونایکات لەترسی ئەو هۆنراوەیەی کەوا بەسەر پەلە گوڵەکەدا خوێنراوەتەوە دەکەوێو دەمرێ.

((بەمن دەڵێن زەیتون)) (43)

بەر لەنوێژی ئێوارە بوو کە کەلەدەرگایان دا، کردمەوە لەکۆشکەوە پیاوێکی بۆستانچیباشی هاتبوو لاوێکی پاك وجوان وپێکەنۆك بوو، چراکەی دەستی لەوەی زیاتر کەروومەتی ڕۆشنتربکاتەوە سێبەری دەخستەسەر ڕووخساری. تەختەی نووسین و لاپەڕەیەکی بەدەستەوەبوو، وتی: پادشاکەمان کێبرکێیەکی لەنێوان شێوەکارەندا سازکردووە، بۆ ئەوەی بزانێت کەکێ دەتوانێ لەناکاو ولەیەك جاردا جوانترین وێنەی ئەسپێك بکێشێت. دەستووریان داوەکە هەر ئێستا لەسەر چۆکم دانیشم وتەختەکە

www.pertwk.com

بخەمە سەرقاچم وجوانترین وێنەی ئەسپی دونیا بکێشیێم. میوانەکەم بردە ناو ماڵەوە. بەڕاکردن ڕۆیشتم وناسکترین قەڵەمی خۆمم هێنا کەلەتووکی پشیلە دروستکرابوو موورەکەبەکەم دانایە بەردەستی خۆم و دانیشتمە سەر زەوی بۆ ساتێك چاوەڕوان مامەوە! ئەم کارەشتێکی تێدا نەبێ کەببێ بەهۆی لەدەستچوونی سەروماڵم !؟ لەوانەیە ! بەڵام ئایا وەستا کۆنەکانی هەرات ئەفسانەکانی خۆیانیان لە نێوان مەرگ و جوانیدا نەخوڵقاندووە؟ دەروونم پڕبوو لە هەستی وێنەکێشان، بەڵام لەوەش ترسام کەوەکوو وەستا کۆنەکانی بکەم و خۆمم ڕاگرت– بەسەیرکردنی لاپەڕە سپییەکە تۆزێك چاوەڕێ مامەوە بۆئەوەی کە ڕۆحم لەترس و لەرزەکانی نەجاتی ببێ وبتوانم بیر لەو ئەسپە جوانەبکەمەوەکەوا دەیکێشم وسەرنج وهێزی خۆی بدەمە سەر. هەر لەئێستاوە وێنەی ئەو ئەسپانەی کە بینیبوومن وکێشابوومن دەهاتنەوە پێش چاوم بەڵام یەکێکیان هەبوو کەلەهەموویان جوانترو باشتربوو. ئەو ئەسپەی کەتاوەکوو ئێستاکەس نەیتوانیبوو بیکێشێ من دەمکێشا. بەبڕیارەوە هێنامەوە پێش چاوی خۆم : بۆ ساتێك هەموو شتێك بێدەنگ بوو، تەنانەت ئەوەشم فەرامۆشکردبوو کەمن لێرەدا دانیشتووم و خەریکی وێنەکێشانم. دەستم لە خۆیەوە قەڵەمەکەی خستۆتە ناو قووڵایی جامۆڵکەو خەستایی مورەکەبەکەوە. دەی! دەستە باشەکەم، ئەو ئەسپە دەرئاساییەی پێش چاوم بکە بەراستی ! وەکوو ئەوا وابووکە من و ئەسپەکە بووبێتین بەیەك ودەمانەوێ لەناوئەم دونیایەدا جێگای خۆمان بکەینەوە. بەم هەستەوە لەناکاو لەناولاپەڕە سپییە چوارچێوەکراوەکەدا بەدوای ئەو جێگایە دەگەڕام. لەخەیاڵی خۆمدا ئەسپەکەم لەوێدا بەجێکردو لەناکاو وەکوو ئەوەی کەمن بیریشم لێنەکردبێتەوە. دەستم بەبڕیارێکی

تەواوەوە دەستیپێکردو لەسمەکانیەوە پێچی خواردەوە و ڕۆیشتە ژوورەوە بۆ سەر پشتی ئەسپەکە، ئەمجارەیان لەلای ئەژنۆکانیدا خۆی بادایەوەو ڕۆیشتە سەرزکی ئەسپەکە. لەناکاو خۆشی دایگرتم! ئەی ئافەرین**!** هەر بەولەنجەولارەوە بەهیوای سەرکەوتنەوە بەرەو ژوور بڕۆ. سینگی چەندە جوان دەرکەوت ! وەکوو ئەسپەکەی پێش چاوی خۆم ئەو پەڕی وردەوردە باریك بووەوەو بووبەملی. بەبێئەوەی کەقەڵەمەکەم هەڵگرم تۆزێك بیرم کردەوەو لەژێرگوێکانییەوە دەمە بەهێزەکەیم بەکراوەیی کێشاو زمانەکیشم هێنایەدەرەوە. بەهێواشی– نەکەوێتە گومان ودوودڵییەوە گەڕامەوە بۆسەر لمۆزی (یۆز) یەکڕاست. قەڵەمەکەم بەرەو ژووربردەو سەیرێکی هەموویم کرد، کاتێ بینیم وەکوو ئەوەی نا خەیاڵی خۆم دەرچووە ئەوەم فەرامۆشکرد کەمن کێشاومەو واهەستمدەکرد کە گوێو مل وچالاییەکانی پشتیم نەکێشاوە ودەستم لەخۆیەوە خەتەکانی ڕاستکردەوە. دەستم لەبەر خۆوە خەریکی کێشانی کورتانی ئەسپەکە بوو، تۆزێکی پێچوو، لەناکاو ڕاوەستاو قەڵەمەکەی خستەوە ناو جامۆلکەی مورەکەبەکە. زۆر لەوە ڕازیبووم کە پاشەڵەکەیم بەهێزو گۆشتن دروستکردبوو، لەگەڵ وێنەکەمدا تێکەڵاوبووبووم. واهەستمدەکرد کەلە تەنیشت ئەسپەکەدام، بەخۆشییەوە کلکەکەیم کێشا، ئەسپێکی خێرابوو بۆ شەڕکردن زۆرباش بوو. کلکەکەیم بەستەوەو بەرەو ژوور هەڵگەڕامەوە. کاتێ کەبەینی کلك و سمتەکانیم دەکێشا هەستم بە فێنکاییەکی خۆش لەدواوەی خۆمدا دەکرد. جوانی پاشەڵەکەیم تەواو کرد و بە حەزێکی تەواوەوە دوایین پێی چەپیم بە کۆکراوەیی کێشا، خەیاڵی پێی چەپی پێشەوەی بەهەموو ناسکۆڵییەکەوە لەمێشکمدا بەرجەستەبوو. لەو هەموو جوانییە سەرم سووڕمابوو. دەستم

www.pertwk.com

هەڵبڕی و چاوەئاگر پژێن و خەماوییەکانیم کێشاو بەدووڵییەوە کونی لمۆزو ڕووپۆشی کورتانەکەیم کێشا. وەکوو ئەوەی کەیاڵەکانی شانە بکەم و دەستی پێدا بهێنم قەڵەمەکەم تاڵ بەتاڵی یاڵەکەی کێشا لە غاوەکەیم بەست و لەدوایشدا بە ویستێکی زۆرەوە ناو گەڵیشیم تەواوکرد. ئێستا هەموو شتێك تەواوە من کاتێك ئەسپێکی دەرئاسایی دەکێشم خۆم دەبم بەو ئەسپە دەرئاساییە.

((بەمن دەڵێن پەپوولە)) (44)

وابزانم لەکاتی نوێژی شەودا بوو کەیەکێك لەبەردەرگاکەدا پێی وتم: پادشا فەرمانی دروستبوونی کێبرکێیەکی داوە . بەسەرسەرم پاشام، جاکێ دەتوانێ لەمن باشتر وێنەی ئەسپێکی جوان بکێشێ؟! سەرەڕای ئەوەش کاتێ کەزانیم ئەبێ‌بەبێ ڕەنگ و بەشێوەی ڕەشایی قەڵەم بکێشرێ بۆ

ماوەیەك بێدەنگ مامەوە. بۆچی بۆیاخی ناکەین؟ داخۆ دەبێ لەبەر ئەوەبێ کەمن لەهەمووییان باشتر وێنە ڕەنگدەکەم؟ کێ بڕیاری ئەوە دەدات کەکام وێنە لەهەمووییان باشترە؟ بۆنی دەمی کوڕە ناوشان پان و لێو پەمبەییەکەی نێو دراوی کۆشکم تاقیکردەوەو زانیم کە وەستا عوسمانیش ئاگای لەم بەزمە هەیە . بێگومان وەستا عوسمان هونەرەکەی من دەبینێ و لەوەش زیاتر لەنێوان هەموو وێنەکێشاندا زیاتر منی خۆشدەوێ.

بەمجۆرە تەماشای لاپەڕە سپییەکەم کردو ئەو جۆرەی ڕاوەستان وشێوەی نیگاکردنەی وا ئەوان حەزیانلێدەکرد هێنامەوە پێش چاوی خۆم . پێویستە ئەم ئەسپە وەکوو ئەسپەکانی دواترە ساڵلەمەوبەری وەستاعوسمان پڕجموجۆڵ بێ و لەهەمانکاتدا لەسەر خۆبێ‌و قورساییەکەی بەدەوروبەر بسەلمێنێ، هەروەها دەبێ لەجۆری ئەسپانەبێت کەوا پادشاحەزیانلێدەکات، ئەبی دوولاقی پێشەوەی بەرزبووبێتەوە تاوەکوو هەردووکیان لەسەر جوانییەکەی هاوبیر بن، داخۆ خەڵاتەکەی چەن ئاڵتوونە؟ خۆزگە دەمزانی کە " میر موسەویر " چۆن ئەم ئەسپەی دەکێشا ؟ دەبێ بەهزاد چۆنی بکێشایە ؟ لەناکاو شتێك هات بەمێشکمدا بەڵام بەرلەوەی بزانم کە چیبوو، دەستە چەتوونەکەی من قەڵەمەکەشی وەرگرتبوو و دەستی بە کێشانی پێی چەپی پێشەوەی ئەسپەکە بە بەرزکراوەیی کردبوو. قاچەکانی تۆزێکی مابوو کەلەگەڵ سینەیدا ببێ‌بەیەك، لەدوایدا بەلێبوردەییەکەوە دووکەوانم کێشا کە ئەگەر بتانبینیبایە دەتانگوت ئەم هونەرمەندە وێنەکێش نیە بەڵکوو خۆشنووسێکی لێهاتووە. دەستم لە خۆیەوە بەرەو سەری ئەسپەکە دەڕۆیشت منیش بەسەرسووڕماوییەوە وەکو ئەوەی کەوا دەستی کەسێکی

www.pertwk.com

تربێ تەماشای جەستەی خۆمم دەکرد. کەوانە دەرئاساییەکان و زکە فڕەکەی ئەم ئەسپە نائاساییەو سینگە پتەوەکەیو ملە درێژەکەی کەلەهی قاز دەچووتەواو بووبوون و وێنەکە زۆری نەمابوو. چەندە لێهاتووم !

کەبیرم لەم شتانە دەکردەوە دەستم، دەمەکراوەکەی ئەم ئەسپە سەرخۆشە بە هێزەو لمۆزەکەیو تەوێڵ ژێرەکەیو گوێکانیشی کێشابوو. سەیرکە دایە! چ جوان دەرچووە! کەوانێکیترم کێشا، تۆزێکی مابوو کە پێبکەنم لە جووتە پێ بەرزکراوەکانی پێشییەوە تاوەکوو چەماوییەکی پشت وملە بێ کەموکوڕیەکەی هاتمە خوارەوە ، دەستم زینەکەی دەکێشا، بەشانازییەوە تەماشای سینگە قەڵەوەکەیم کرد کەوا وەکوو هی من خڕۆڵە بوو: لەبەرامبەر ئەم ئەسپەدا هەرکەس سەری سووڕدەمێنێتەوە. بیرم لەو قسە خۆش و شیرینانە کردەوە کەوا پادشا لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەدا پێمدەڵێ:کاسەیەکی پڕ لە زێڕم پێدەدا، بیرم لەوە دەکردەوە دەکەوا لە ماڵدا چۆن دەیانژمێرم و پێکەنین دەیگرتم. لەو بەینەدا بەلاچاوێکەوە سەیری دەستمم دەکرد کەوا زێنەکەی تەواو کردبوو، ولەدواییدا دەستم فڵچەکەی ژەند بەناو مورەکەبەکەدا و بەپێکەنینەوە وەکوو ئەوەی کەگاڵتە بکات پاشەڵی ئەسپەکەی دروستکرد. بەخێرایی کلکەکەیم تەواوکرد، دواوەی ئەسپەکە لەتەواو بووندایە و بەخۆشییەوە وەکوو هی کوڕە جوانکیلەیەك سمتە خڕۆڵەکانیم کێشا. کاتێ من پێدەکەنیم دەستە ژێرەکەم پێکانی دواوەی کێشاو ڕاوەستا: بووبە جوانترین ئەسپێك کەوا لەسەر دووپێ ڕاوەستابێ. خۆشییەك دەروونمی گرتەوە: بیرم لەوە دەکردەوەکە چۆن ئەسپەکەم پەسەند دەکەن، منیش وەکوو وێنەکێشێکی هونەرمەندو بگرە هەر لەئێستاوە وەکوو سەرۆکی وێنەکێشان ڕادەگەیەنن و ئەوەشم بەبیردا

دەهات کە ئەمەش دەڵێن : چەندە بەزووی و بە خۆشییەوە کێشاویەتی! تەنیا لەبەر ئەوەی کە دەبێ بەبۆنەی ئەمەوە گوێنەدەنە وێنەکەم زۆر ترسام. بەمجۆرەش بەوردی کارم لەسەریاڵو کونی لمۆزەکان و موی کلك و ڕوپۆشی زینەکەی کرد(بۆئەوەی کە دیار بێت کەلەگەڵ دروستکردنی ئەم وێنەیەدا ڕەنجی زۆرم کێشاوە) بەمجۆرەی کەئەم ئەسپە ڕاوەستاوە ئەگەر لەلایەکی دواوە سەیری بکەیت هێلکە گونەکانی دیار دەبن، بەڵام من ئەمەم بۆ ئەوە نەکێشاوە کە عەقڵی ژنان بچێتە سەری، بەشانازییەکەوە سەیرێکی ئەسپەکەم کرد: لەسەر دووپێ ڕاوەستاوەو وەکوو فەرتەنە پڕجموجۆڵە، بەهێزە: خەتە لارەکانی وەکوو ئەوەی کە بایەك هەلیکردبێو وەکوو پیتەکانی خۆشنووسێك کەوتبوونە جمووجۆڵ بەڵام لە هەمانکاتیشدا ڕاوەستابوو. بەشی ئەم وێنەکێشە دەرئاسایەیان کەوا ئەم ئەسپەی کێشاوە وەکوو (بەهزاد)و(میر موسەویر) دەدەنەوەو ئەوکات منیش وەکوو ئەوانم لێدێ. کاتێ کەوێنەی ئەسپێکی نائاسایی دەکێشم خۆم دەبەم بە وێنەکێشێکی دەرئاسایی کەوا وێنەیەکی نائاسایی دەکێشێت.

((پێم دەڵێن لەق لەق)) (45)

دوای نوێژی شەوبوو، بۆ قاوەخانە دەڕۆیشتم کەوتیان: یەکێك لەبەر

www.pertwk.com

دەرگاکەدایە. خێرە! ڕۆیشتم، یەکێك لەکۆشکەوە هاتبوو: باسیکرد، باشە: جوانترین ئەسپی دونیا؟ ئێوە پێم بڵێن کە بۆ هەر یەکەو چەندە ئاکچەم پێدەدەن تاوەکوو پێنج شەش دانە لە جوانترین ئەسپەکانی دونیاتان بۆ بکێشم.

بەڵام بەوریایەوە هەڵسوکەوتم کردو وەهام نەگوت، منداڵەکەی بەردەرگام هێنایە ژوورەوە. بیرمکردەوە: جوانترین ئەسپی دونیا نیە تاوەکوو من وێنەی بکێشم. دەمتوانی ئەسپەکانی شەڕو ئەسپە قەڵەوەکانی مەغوول و ئەسپە ڕەسەنەکانی عەرەب و ئەو ئەسپە قارەمانانەی وا لەناو خوێندا خۆیان بادەدەنەوەو تەنانەت ئەو ئەسپە بێبەختانەی وا عارەبانەی پڕلە بەرد دەکێشن و دەیبەن بۆ بیناسازی بکێشم، بەڵام کێ دەڵێ ئەمانە جوانترین ئەسپی دونیان؟ خۆی لەوە تێگەیشتم کە پادشاکەمان بە گوتنی جوانترین ئەسپ ، دەیەوێت دەرئاسایترین ئەسپێك بکێشرێت کەوا لەمەوبەر بەقاڵب و یاساو ڕاوەستاندنەکانیانەوە بەهەزارن جار لەلایەن وێنەکێشانی ئێرانەوە کێشرابێ. بەڵام بۆچی؟ دیارە بۆ وەرگرتنی کاسەیەك زێڕە. ئەگەر بلێن ئەسپێکی سادە و عادی بکێشن ئەوا هەموو دەزانن کەس ناتوانێ لەگەڵ ئەسپەکانی مندا کێبرکێ بکات. کێ پادشاکەمانی هەڵخەڵەتاندووە؟ سەرەڕای ئەو ورتەو بۆڵانەی وا لەسەرمن لەلای پادشادا کراوە پادشا خۆی دەزانێ من وێنەکێشێکی بە هونەرم وحەز لەوێنەکانی من دەکات. لەناکاو دەستم وەکوو ئەوەی کە بییەوێت وازلەم هەمووئەم حیساباتە بهێنێ دەرپەڕی لە جارێکدا لە قاچەکانیەوە دەستپێکردوو وێنەی ئەسپێکی ڕاستەقینەی کێشا. ئەمانە لە کۆڵانەکان و لە شەڕەکاندا دەبینن. ماندوون بەڵام لەسەر خۆن... لەدواییدا بەهەمان تووڕەییەوە وێنەی ئەسپێکی

سوپاهیشم کێشا، جوانتر دەرکەوت، هیچ یەك لە وێنەکێشانی وێنەکێشخانەکە ناتوانن شتانی ئاوەها جوان بکێشن . خەریك بوو لەبەر خۆمەوە یەکێکیتر بکێشم کەئەو کوڕەی لەکۆشکەوە هاتبوو وتی: " یەك دانە بەسە " لاپەڕەکەی وەردەگرت و دەڕۆیی کە گرتم. چونکە وەکوو ناوی خۆم دەمزانی کە ئەم ناپیاوانە بۆ ئەم ئەسپانە کاسەیەکی زێر نادەن. ئەگەر وەکوو خۆم بیکێشم کاسەیەکی زێڕم پێنادەن! ئەگەر ئەو کاسە زێڕەش وەرنەگرم لەمەوبەدوا ناوم لەکەدار دەبێ . بەکوڕەکەم وت:" تۆ ڕاوەستە . ڕۆیشتمە ناوەوەو دوودانە زێڕی بریقەداری (وەنیزیم) هێناو خستمە ناو دەستەکانی کوڕەکەوە. ترسا. چاوی واق مابوو. وتم:" تۆ کوڕێکی باشی، شێرە کوڕی !". یەکێك لەدەفتەری نموونەکانم دەرهێنا. سالآنێکە ئەمانەم لەهەموو کەس شاردۆتەوەو تا ئێستا نیشانی کەسم نەداون و هەربەمانەش بەدزیوە نموونەیەکی جوانترین وێنەکانم دروستکردووە خۆ ئەگەر دە ئاڵتوون بدەی بە ئاغا بچکۆلەکەی کۆشك، ئەو ناپیاوە باشترین دارەکان و ئەژدیها پەلەورو نێچیروان و سەربازت لەناو نهێنیترین و شاراوەترین کتێبەکانی خەزێنەدا بۆ دەردەخاو وێنەیەکیت پێدەدا، ئەم دەفتەرەی من بۆئەو کەسانە نابێت کە دەیانەوێ ئوستادەکۆنەکان و چیرۆکەکۆنەکان بهێننەوە یاد، شتێکی دەرئاساییە. لاپەڕەکانی دەفتەرەکەم بەبەرچاوی کوڕەکەوە هەڵدەدایەوەو لەدواییدا جوانترین ئەسپم هەڵبژارد. بەدەرزییەکەی دەستمەوە خەتەکانی خۆمم کون کون کردو تێپەڕبووم. لاپەڕەیەکی خاوێنم خستە ژێر قاڵبەکەوە. خەڵووزی ورکراوم پژاند بەسەریداو باش ڕامووشاند بۆئەوەی کەهەمووی بچێتە خوارەوە. قاڵبەکەم هەڵگرت. خەڵووزە وردکراوەکە نوختە نوختە وێنەی ئەسپەجوانەکەی دیارکردبوو، حەزم

www.pertwk.com

لەتەماشاکردنی دەکرد. دەستم برد بۆ قەڵەمەکەم و بەو ئیلهامەی وا لەوکاتەدا لە دەروونمەوە بۆم هاتبوو، بەشێوەیەکی جوان وزۆر ناسکانە نوختەکانم گەیاندەیەك و کاتێك کەزکی ئەسپەکەو ملە جوانەکەیو لمۆزەکەو پاشەڵەکەیم کێشا هەستم بەخۆشییەك دەکرد. وتم: "ئاوەها!" جوانترین ئەسپی دونیا . هیچ یەك لەو گەمژانەیتر ناتوانن شتی ئاوەها بکێشن. بۆ ئەوەی کە کوڕەکەش بڕوا بکات و چۆنیەتی ئیلهامی کێشانی ئەم ئەسپە بۆ پاشا و هازم نەگێڕێتەوە سێ ئاڵتوونیترم پێدا و ئاماژەشم بەوەکرد کە ئەگەر کاسەیەکی زێڕ بە خەڵات وەربگرم زۆرتری پێدەدەم. لەوەش زیاتر ئەویش خەیاڵی دووبارە بینینەوەی ژنەکەی منی دەکرد کەوا بەدەمێکی کراوەوە تەماشای دەکرد. زۆر کەس وادەزانن بەکێشانی جوانترین نەخش دەبن بە وێنە کێشێکی باش بەڵام تەنیا کێشانی باشترین وێنە بۆ ئەمە بەس نیەو دەبێ قەناعەت بە پادشاو دەوروبەرە هیچ نەزانەکەی بکەی کە تۆ وێنەکێشێکی باشی. کاتێ وێنەی ئەسپێکی نائاسایی دەکێشم من تەنیا بەدەبم بە خۆم و بەس .

((لەدواییدا پێم دەڵێن پیاوکوژ)) (46)

بەرلەوەی ئەسپەکە بکێشم زانیتان من کێم؟ کەئەوەم بیست داوایان لێکردووم وێنەی ئەسپێك بکێشم یەکسەر تێگەیشتم کەئەمە بۆ کێبرکێ نیە بەڵکو بۆئەوەیە کە بەرێگای ئەوەوەو بزانن کەمن کێم . هەستم بەوەکردبوو کە وێنەی چەند ئەسپم لەسەر لاشەکەی زەریف ئەفەندی بەجێهێشتبوو، ئەوانەم لەسەر لاپەڕەیەکی گەورە بۆ دەستگەرمکردن کێشابوو. بەڵام من کەموکوڕییەکم نیە تاوەکوو تەماشای ئەو ئەسپانە بکەن کەوا من کێشاومەوبوجۆرە بمدۆزنەوە. بۆ دڵنیابوون دڵنیابووم بەڵام دیسان کاتێك کەوێنەی ئەسپەکەم دەکێشا ترسێك دەروونمی گرتەوە. ئایا کاتێك وێنەی ئەسپەکەی زاوا ئەفەندیم کێشابوو شتێکی وام کێشابوو کە بمدات بەدەستەوە؟ پێویست بووئێستا ئەسپێکیتر بکێشم، ئەمجارە بیرم لە شتانیتر کردەوە بەڵام خۆمم ڕاگرت و نەبووم بەخۆم. بەڵام من بۆ خۆم کێم؟ من کەسێکی وام کە بۆ ئەوەی لەگەڵ شێوازەکانی وێنەکێشخانەدا یەکبگرمەوە شتە دەرئاساییەکانی دەروونی خۆم دەشارمەوە ؟ ئایا من ئەو کەسەم کە ڕۆژێك بە سەرکەوتنەوە ئەسپەکەی دەروونم بکێشمەوە؟ بۆماوەیەك بەترسەوە هەستم بەهەبوونی ئەو وێنەکێشەکرد لە دەروونی خۆمدا. وەها هەستمدەکرد کە ڕۆحێکیتر لەدەروونمەوە سەیرم دەکات، شەرمم لێکرد. لەبەر ئەوەی کە تێگەیشتم ئیدی ناتوانم لەماڵ بمێنەوە لێمداو ڕۆیشتمە ناو کۆڵانەکانەوە. (شێخ عوسمان بابا)لە(مەناقبنامە)کەی خۆیدا نووسیویەتی : عەوداڵ بۆئەوەی کە شەیتانەکەی دەروونی خۆی دووربکاتەوەو لەدواوە بیهێڵێتەوە پێویست بوو کە لەماوەی تەمەنیدا هەمووکات ڕێبکات و

www.pertwk.com

بۆماوەیەکی زۆریش لەیەك جێگادا نەمێنێتەوە، بەڵام خۆی لەدوای ئەوەی کەحەفتاوحەوت ساڵ لەم شار بۆ ئەو شار دەگەڕێ ماندوو دەبێ و تەسلیمی شەیتان دەبێت. ئەم تەمەنە ئوستادەکانی وێنەکێشی دەگەیەنێتە تاریکاییەکەی خوداو کوێراییان پێدا دەدا و بەبێئەوەی کە بیانەوێ دەیانکات بە خاوەنی شێوازێکی تایبەت بە خۆو لە هەمانکاتیشدا لەهموو شێوازەکان نەجاتیان دەدات.

لەمەیدانە چۆڵەکەی بازاڕی ئەسیرەکان و بازاڕی مریشکەکان لە (بەیازیت)دا وەکوو ئەوەی کە بەدوای شتانێکدا بگەڕێم لە نێو بۆنی خۆشی دوکانە مەحەلەبی و شۆربا فرۆشییەکاندا دەگەڕام، لەبەر دوکانە داخراوەکانی دەلاکەکان و ئوتوکێشەکانەوەو نانەواخانەی باوەپیرەیەك کەوا پارەی دەژماردو بەسەر سوورڕماوییەوە سەیری منی دەکردو لەبەر دوکانێکی ترشی فرۆشییەوە کە بۆنی میسك وماسی خوێکراوی لێوە دەهات تێپەڕبووم. تەنیا لەبەرئەوەی کە چاوم بەرەنگی شتەکانی ناو دووکانەکەیدا هەڵتۆقی ڕۆیشتمە ناو دوکانێکی وشکە فرۆشییەوە کە خەریککی کێشانی شتێك بوو، وەکوو ئەوەی کە پڕ بەدڵەوە تەماشای مرۆڤەکان بکەم لەبەر ڕووناکی چراکەوە سەیری قاوەو زەنجەفیل و کیسەکانی دارچین و قوتوە ڕەنگاورەنگاکانی بنێشت و ڕەشکەو گیاوشکەی ترم کرد ، لەدواییدا ڕۆیشتمە ئەو جێگایەی کەوا پێمیدەگوت چێشتخانەی خەفەتباران (دەبوایە بمگوتایە چێشتخانەی بێنەوایان) وحەفتەیەك دووجار لەوێ زکی خۆمم تێردەکرد. دەرگاکەی بۆئەوانەی وا دەزانن تانیوە شەوان کراوەیە .ناوەوە کەسانی ڕاکردوو لە پەتی سێدارەو ئەسپ دزو چەند بێچارەی تووکن و چەند داماوێکیتر کەوەکوو تلیاقکێشەکان چاویان

لەم دونیایە وەرگرتبوو ورایانکردوو بۆ بەهەشتانێکیتر و دوولەنەچن کە نەیاندەتوانی بەباشی بە گوێرەی داب و نەریتەکانی جەماعەت هەڵسوکەوت بکەن و کابۆایەکی ڕێبوار کەسەرەڕای هەموو جەنجاڵێك لە گۆشەیەکدا سەری داخستبوو، دانیشتبوون. بە ناسکییەوە سلاوێکی چێشتکەرە حەلەبییەکەم کرد. سینەییەکەمی پڕکرد لە دۆڵمەی کەلەرمی گۆشتدار و ماستم کرد بەسەریدا و مشت بەمشت بیبەری سوورم پژاند بەسەریدا لەپاڵی ڕێبوارەکەدا دانیشتم . هەر شەوێك خەفەت و ئازارێکیتر دایدەگرتم. هەندێك لەشەوان خەوی پێوە دەبینم و وا دەزانم کە لە چاڵە ئاوەکە دەرکەوتووەو بەدوای مندا دەگەڕێ بەڵام خۆڵێکی زۆرمان دابووبەسەر تەرمەکەیدا؟ ناتوانێ لەقەبرەکەی هەڵسێتەوە .

ئایا کردنەوەی دەرگای قسەو باسکردن لەلایەن ئەو ڕێبوارەی وا لووتی ژەند بوو بەناو شۆرباکەیدا ئاماژەیەك نەبووکە خودا بۆمنی ناردووە؟ بەڵێ، گۆشتەکەیان بەباشی وردکردووەو دۆڵمەی کەلەرمەکەشم زۆرپێخۆش بوو. پرسیارمکرد: وتی کە: لەدوای بیست ساڵ تازە قوتابخانەی تەواوکردووەو ئێستا لەلای(ئاریفی پاشا) دامەزراوەو نووسەری دەکات. پرسیارم لێنەکرد کەبۆچی ئەم نیوە شەوە لە بارەگای پاشا یان لە مزگەوت یان وەکوو لەماڵو لەباوەشی ژنەکەیدا نەماوەتەوەو هاتووە بۆ چێشتخانەی ئەم جەردەبێژنانە. ئەو پرسیاری لێکردم کە کێم ولە کوێوە هاتووم. منیش بۆ ساتێك بیرمکردەوەو وتم:" ناوی من بەهزادە. لەهەرات و تەورێزەوە هاتووم. دڵڕفێنترین وێنەی دەرئاساییم کێشاوە. ئەوە سەدان ساڵە لە وێنەکێشخانەکانی وڵاتی موسڵماندا لە ئێران وعەرەبستاندا وەها دەڵێن: کەتەماشای دەکەی وادەزانی وەکوو وێنەکانی بەهزاد ڕاستەقینەیە، خۆی

www.pertwk.com

لەخۆیدا ئەمەش ناوەڕۆکی کێشەکە نیە، وێنەکانی من ئەو شتانەی وا بەچاو دەبینرێن ناکێشیٚ بەڵکوو ئەوانە دەکێشیٚ کەبە عەقڵەوە دەبینرێن. وەکوو ئێوەش ئاگاداری وێنەش جەژنێکە کەوا بۆ چاوەکان دروستکراوە. ئەم دووشتە تێکەڵبکەن دونیای منتان بۆ ئاشکرا دەبێت. کەواتە:

ئەلف: وێنە نیشاندانی ئەو شتانەیە کە وا عەقڵ دەیانبینیٚ، جەژنی نیگاو چاوانە.

لام : ئەو شتانەی کەوا چاو لەدونیادا دەیبینیٚ بەو ئەندازەیەی کە خزمەتی عەقڵ بکات دەکەونە ناو وێنەوە.

میم : کەواتە جوانی ئەو شتەیەکەوا عەقڵ لەخۆیەوە دەیزانیٚو چاویش لە دونیادا دووبارە دەیدۆزێتەوە.

ئایا ئەم بەرێزەی وا بیست ساڵ لە قوتابخانەدا ماوەتەوە لەم ژیربیرییەی من تێگەیشت کەوا بەئیلهامێکی لەناکاوەوە لە قووڵاییەکانی ڕۆحمەوە دەرمخستبوو؟ نا.چونکە بۆماوەی سیٚساڵ لەبەردەم ئەو مامۆستایەی وا لە گەڕەکەکانی کەناری شاردا بۆ بیست ئاکچە وانە دەڵێتەوە (ئەمڕۆ بەوپارەیە تەنیا بیست نان دەکڕدریٚ) دادەنیشی ولەدواییدا نازانی بەهزاد کێیە . دیارە کە ئەم مامۆستایەش کەوا بیست ساڵ ئەم کارەیکردووە نازانیٚ بەهزاد کێیە. باشە. باسیدەکەم. وتم: "هەموو شتێکم کێشاوە، هەموو شتێك. پێغەمبەرەکەمان لە بەرمینبەرە سەوزەکەی مزگەوتەکەداو دانیشتنەکانی لەگەڵ چوار خەلیفەکانیداو لەدواییدا لە پەرتووکێکیتردا هەستانەوەو ڕۆیشتنی نێردراوی خودا بەسواری ئەسپەکەی بەناوی (بوراك) ەوە بۆ میعراج و شتی لەو چەشنەم کێشاوە، هەروەها ئەسکەندەرم لەکاتێکدا کێشاوە کەوا بۆ ترساندنی ئەو

گیانلەبەرە دڕندەیەی وا لەسەر ڕێگای چیندا بەفەرتەنە شەپۆلی دەریاکان هەڵدەستێنێتەوە، هەروەها وێنەی سیٚویەکەمین پادشام لەکاتێکدا کێشاوەکە بەگوێگرتن لە عود بە دزیوە تەماشای ژنە جوانەکانی ناو حەرە مسەرا دەکات کە بەرووتی لە حەوزەکەدا مەلەدەکەن. لەلایەکیتریشەوە وێنەی چۆنێتی شەرمەزاربوونی ئەو شاگردە زۆرانبازەم کێشاوەکە بەئوستادەکەی دەڵیٚ لێتدەبەمەوەو ئوستادەکەشی هەموو شتێکی پیٚفێرنەکردووەیەك فێڵی هێشتۆتەوە هەربەوەش ولەبەردەم پاشادا دەیدا بەعەرزدا، هەروەها وێنەی عاشق بوونی لەیلا و مەجنون لەکاتی منداڵیدا و لەوەختی چۆکدادان بۆ قورئان خوێندنەوە لە قوتابخانەیەکدا کەوا دیوارەکانی بەجوانی دروستکراون و جۆرەکانی بێشەرمانەو بێڕەوشتانەی تەماشاکردنی عاشقان بۆیەك و بەرد بە بەرد دروستکردنی کۆشکەکان وئەشکەنجەدانی تاوانباران و فڕینی هەڵۆکان و کەروێشکە گاڵتەکەرەکان وپڵنگە خاینەکان و دارەکانی سەروو چنارو ئەو قەلە باچکانەی وا هەمیشە لە تەپۆڵکەکاندا دامدەنان و وێنەی مەرگ و ئەوشاعیرانەی وا کێبرکیٚ دەکەن و سوفرەکانی سەرکەوتن و کەسانی وەکوو تۆم کەلە سوفرە زیاتر شتی دیتر نابینن کێشاوە" ئەم نووسەرە بە تەدبیرە ئیدی لەمن نەدەترسا، تەنانەت قسەکانی منی پێخۆش بووو پێدەکەنی. وتم: مامۆستاکەت بۆتی خوێندۆتەوە تۆ دەزانیکام بەسەرهاتی ناو بۆستانەکەی (سەعدی)م زۆر لاخۆشە ؟ (دارا) پاشای ڕاستەقینە ڕۆژێك لەگەڵ کۆمەڵێك کەسدا دەچیٚ بۆڕاو، لەمیانەی جەنجاڵی ڕاوەکەدا خۆی دەدزێتەوەو دەچێتە سەر تەپۆڵکەکان و دەست بەگەڕان دەکات . لەناکاو توشی کابرایەکی نائاشناو مەترسیدار دەبیٚ. پاشا توشی حەپەسان دەبیٚ وترس دایدەگریٚوبەپەلە

www.pertwk.com

بەسواری ئەسپەکەیەوە دەست دەبات بۆ کەوانەکەی، لەم کاتانەدا کابرای نەناس دەڵێ: پاشام ! ڕاوەستە، تیرەکەت مەهاوێژە، چۆن نامناسنەوە؟! مەگەر من ئەسپەوانە دروستکردارەکەتان نیم؟ بەسەدان جار ئەسپەکەتان و خۆراکی سەربازەکانتان بەمن ڕاسپاردووە؟ چەندە زۆریش منتان بینیوە؟ من سەد ئەسپی ئێوەبە شێوەو خۆو ڕەنگیان و کەفەکەی دەمیان دەناسمەوە. باشە چۆن دەبێ ئێوە سەرنجنادەنە سەر کەسێکی وەکوو من کەلەنێوان ئەو پیاوانەی وا کارەکەری ئێوەن لەهەوو زیاتر ڕووبەڕووتان دەبێتەوە؟

لەکاتی کێشانی ئەم تابلۆیدا ، دەتوانم بە جۆرێك نیگا بڕلە بەزەییەکانی ئەسپەوانەکەو ئەسپی ڕەش وسپیو...

لەکاتی لەوەڕان لە سەوزەڵانییەکی پڕ لەگوڵی ڕەنگاورەنگ کەلە بەهەشت دەچێ، بەئاسوودەیی‌و بەنەخۆشییەکانیانەوە بکێشمەوە کە گەوجترین کەسیش بتوانێ لە کورتە باسەکانی (سەعدی) شاعیرەوە پەندەکانی خۆی وەربگرێ:" جوانی ونهێنییەکانی ئەم دونیایە تەنیا لەرێگای سەرنجدانەوەیەکی پڕلە خۆشەویستی‌و بەزەییەوە دیاردەبن". ئەگەر دەتانەوێ لەو بەهەشتەدا بژین کەوا ماینەکان و ئەسپەکان تێیدا دەمێنتەوە، چاوەکانتان بکەنەوەوەو تەماشای ڕەنگەکان و وردەکارییەکانیان بکەن و سەرنج بدەنە سەر گاڵتەکانو سەیری دونیابکەن. پێکەناندنی مامۆستایەکی بیست (ئاکچەیی) ئەوی دڵخۆش دەکرد بەڵام لەهەمانکاتدا لەمنیش دەترسا. دەیەویست کەوچکەکەی دانێ‌و هەڕا بکات بەڵام نەمهێشت و بەئاسانی بەرم نەداو وتم: " وەستا بەهزادی مامۆستای مامۆستایان لەو وێنەیەدا پادشاو ئەسپەوانەکەیو ئەسپەکانی زۆرجوان کێشاوەتەوە، سەد

ساڵی تەواو لاسایی وێنەی ئەو ئەسپانەیان کردۆتەوە کەوائەو کێشاویەتی کەچی هێشتا تەواویان نەکردووە ، ئەو ئەسپانەی وا لەڕووی خەیاڵو دڵەو دەیکێشان ئێستابوون بە قاڵب، من وسەدان وێنەکێشی تر دەتوانین لەبەرخۆوە بیانکێشێتەوە. تۆ چاوت بە وێنەی ئەسپ کەوتووە؟"

- (لەکتێبکێی سیحراویدا کە زانایەك دابووی بە خوالێخۆشبوو مامۆستاکەی خۆم ، چاوی بە ئەسپێکی باڵدار کەوتووە!)

- هەی خوا نەیکوژی! ئەم کاسە شۆربایە بڕژێنم بەسەر ئەم سەرسامەی وا لەگەڵ وەستاکەیدا بڕوایان بە (عجایب المخلوق) کردووە، وازی لێبێنم بابخنکێ یان وەکوو باسی ئەو تەنیا ئەسپە بکات کەوا لە ژیانیدا بینیوەو کێدەزانی کەچەندە خراپیش بێت؟ ڕێگایەکی سێیەمم دۆزییەوەو لە چێشتخانەکە دەرکەوتم، لەدوایی ماوەیەکی زۆر ڕێکردن ولەدواییدا ڕۆیشتنە ناو تەکیەیەکی چۆڵکراو، هەستم بەئاسوودەیی‌و ئارامی کرد . دەوروبەرم پاك و خاوێن کردەوەو بەبێئەوەی کە شتێك بڵێم گوێم بۆ بێدەنگییەکە ڕاگرت. لەدواییدا ئاوێنەکەم لە جێگا شاراوەکەدا دەرهێناو لەبەرامبەر خۆمدا پاڵمدا بە مێزەکەوە، دوولاپەڕەم هەڵگرت و بەقەڵەمە خەڵووزەکەمەوە خەریکی کێشانەوەی ڕوومەتی خۆم بووم. ماوەیەکی زۆر بەسەبرەوە ئیشمکرد، بەڵام لەدواییدا کاتێك کەزانیم دیسان وێنەکە وەکوو ڕوخساری خۆم لەناو ئاوێنەکەدا دەرنەچووە چاوم پڕبوو لە ئاوو خەفەت دایگرتم. ئەو وێنەکێشە وەنیزیانەی وا کاکی زاوا بەتامەوە باسیان دەکات چۆن دەتوانن ئەمە بکەن؟ بۆساتێك وەها بیرمکردەوە کە ئەگەر خۆم لەجێگای یەکێك لەوانەدا دابنێم و وێنەکەم بکێشم لەوانەیە وەکوو خۆم دەربچێ. دواتر دۆعای خراپم بۆ زاواش و وێنەکێشە

www.pertwk.com

فەرەنسییەکان کردو ئەوەی وا کێشابووم پاکمکردەوەو دیسان تەماشای ئاوێنەکەم کردەوەو دووبارە خەریکی کێشان بووم. زۆر دواتریش خۆمم لەناو ئەم کۆلانانەو ئەم قاوەخانە پیسەدا دۆزییەوە. تەنانەت هەستیشم بەوەنەدەکرد کە چۆن هاتوومەتە ئێرە.

- کاتێ کەرۆیشتمە ناو لەبەر ئەوەی کە خۆم تێکەلاوی ئەم وێنەکێش و خۆشنووسە هیچ وپووچانە دەکەم تەوێلم لە ئارەقەی شەرمدا تەڕبوو. هەستم بەوە دەکرد کە سەیرم دەکەن و دەڕوانن بۆیەك و ئاماژەبە من دەکەن و پێدەکەنن، ئەوەتا بە چاوی خۆم دەیبینم.

دەمویست کە هەلسوکەوتەکانم سروشتیبن و لەجێگایەکدا دانیشتم. لەلایەکیشەوە چاوم بۆ ئەو برا خۆشەویستە وێنەکێشانە دەگێڕا وا زەمانێك پێکەوە لەلای وەستا عوسمان شاگردیمان کردبوو. دلنیام لەوەی وا ئەمشەو هەریەکەو ڕەسمێکیشمان بەوان کێشاوەو ئەونایش کێبرکێکەیان بەجیدی وەرگرتووەو دلیان فرتە فرتی کردووە. هێشتا وێنەکەیان بە دیواری قاوەخانەکە هەلنەواسیبوو کابرای بالۆرە بێژیش دەستی بەگووتنەوەی بەیتەکان نەکردبوو، ئەمەش منی ناچار دەکرد کەلەگەل جەنجالی قاوەخانەکەدا یەکبگرمەوە. باشە، باراستیتان پێبلێم: منیش وەکوو هەموو کەس گالتەم دەکردو بەسەرهاتی بێئەدەبانەم دەگێڕایەوەو بەجموجۆلو زێدەڕۆیوە لەگەل دۆستەکانمدا ماچماچانم دەکردو قسەی بەماناو دووتوێم دەگوت و پرسی شاگردە گەنجەکانم دەکردوو وەکوو هەر کەسێکیتر پۆرتی دوژمنەکانم دەشکاندو کاتێ باسەکانیش گەرم دەبوون گالتەی بە دەست ومل ماچکردنیشم دەکرد. زانینی ئەوەیکەلایەك لەمێشکم زۆر بێبەزەییانە لەکاتی ئەنجامدانی ئەماندا بێدەنگ دەمایەوە زۆر ئازاری دەدام. سەراڕەی

ئەوەش توانیبووم بە یاریکردن بەوشەکان ،شتەکە(ئالەتەکە)ی خۆم وهی ئەوانەیتریش واباسم لێوە دەکردن لەگەل قەلەم و قامیش وستوونەکانی قاوەخانەکەو باوك ودەسك و منارەو پەنجەی دوشاوهەلمژو درەختی سنەوبەرو دووجاریش وەکوو هەموو عالەم لێکبچوێنم و دواوەی ئەو کوڕە جوانکیلانەشم واکردبووم بەبابەتی قسە، بەپرتەقال و هەنجیرو سەرین و هێلانەیکی زۆر بچکۆلانەی مێروولەکان لێکدەچوواند. ئەوەش لەکاتێکدا بووکە هەر لەو ماوەیەدا بەئیدە عاترین هاوتەمەنم بەنەزانکاری و بێمتمانەیی بەخۆوە تەنیا توانیبووی (شتەکە)(ئالەتەکە)ی بەستوونی کەشتییەك، پاشەلیکۆبەرێك لێکبچوێنی. لەمەش زیاتر هەندێك قسەی دووتوێو واتادارم گوت بە قامیشی ئەو وێنەکێشە پیرانەی وا هەلناسنەوەو بە کولمە ئالەکەی بەردەستە تازەکارەکان و بەوانەی وا(وەکوومن) پارەکانیان لە جێگایەکدا (وتمان گۆشەیەکی بێئەدەبانە) شاردۆتەوەو لەبەرئەوەی کەلەباتی پەڕی گولًدا ئەفیون (تلیقاقی) یان کردبووە ناو ئەو شەرابەی وا دەمخواردەوە هەندێکیشم لەسەر ئەو شەرابە گوت. هەندێکیشم بەدوایین وەستاکانی شیرازو تەورێ گوت وباسی ئەوەشم کرد کەلەم دواییانەدا لەحەلەب قاوەو شەراب تێکەل دەکرێو چەند قسەیەکی مانادداریشم بە خۆشنووس وکوڕە جوانەکانی ئەوێ گوت. جاری واش هەبوو یەکێك لەو دوو ڕۆحەی وا لەدەروونمدایە سەردەکەوت و ئەویتری لەدواوە دەهێشتەوە، وامدەزانی دەتوانم ئەو لایەنە بێدەنگە بێخۆشەویستییە لەبیر بکەم. ئەو کاتانەش وەکوو هەرکەسێکیتر وەکوو ئەوەی لەگەل خۆمدا باسبکەم، ڕۆژانی چەژنی دەورانی مندالیم دەهێنایەوە یادی خۆم. بەلام لەنێو ئەم هەموو جەنجالو گالتەکردن وماچ وموو‌چەدا،

www.pertwk.com

بێدەنگییەك کەمنی تەنیا دەکردەوە لەدەروونمدا بوو. کێ ئەم ڕۆحەی وا هەموو کاتێك سەرزەنشتی منی دەکردو لەجەماوە دووری دەخستمەوە(ڕۆح نەبوو، بەڵکوو جندۆکەیەك بوو) خستبووە ناو دەروونی منەوە؟ شەیتان؟ بەڵام ئەم ڕۆحە بە ئەو بێئەدەبییانەی وا شەیتان داوای دەکرد ئارام نەدەبوو بەڵکوو بە پێچەوانەوە بەگێڕانەوەی بەسەرهاتێکی پاك کە کاریگەربێت لەو بێدەنگی ڕۆحەدا. ڕووی ئاسوودەیی دەبینی. لەبەر کاریگەری شەرابەکەو لەبەر ئەوەی کەوامدەزانی ئاسوودەییم پێدەبەخشێ دوو بەسەرهاتم گێڕایەوە. شاگردە خۆشنووسێکی باڵابەرزو کەرەنگی لاشەی کاڵو پەمبەیی بوو بەچاوە سەوزەکانییەوە تەماشای نێوچاوانمی دەکردو بەوردی گوێی بۆ ڕادەگرتم.

ئەم دووبەسەر هاتەی لەسەر کوێرایی داهاتن
و شێواز کەوێنەکێش بۆ ئاهۆن بوونەوەی
ڕۆحی خۆی گێرابوونیەوە:

(ئەلف)

بەپێچەوانەی ئەوەی وا دەزانرێ کە کێشانی وێنە ئەسپ بەتەماشاکرددنی خودی ئەسپەکە دەرهێنراوی فەڕەنسییەکانە، ئەمە بیرۆکەی وەستای گەورە، جەمالەدینی قەزوێنی بووە. لەدوای ئەوەی کە حەسەنە درێژی (خاقانی)* بزن سپییەکان (ئاککویونلو) دەستی بەسەر قەزوێندا گرت، ئەم وەستا پیرە بەویستی خۆی لەوێنە کێشخانەی خاقانی سەرکەوتوودا ئیشی دەکردو لەوەش زیاتر گوتوویەتی دەمەوێ لەگەڵ خاقاندا بچم بۆ ئەملاوئەولا بۆ کێشانی مەیدانەکانی شەر. بەمجۆرە ئەو وەستایەی وا حەفتاودوساڵ بەبێ بینینی شەڕ وێنەی ئەسپ وسوارو

شەڕی کێشابوو بۆ جاری یەکەم دەچێ بۆ مەیدانی شەڕ بەڵام هێشتا چاوی تێکەڵاوبوونی پڕ لەدەنگەدەنگی ئەسپەکانی نەبینیبووکە بەگوللەی تۆپی دوژمنەوە هەردوو چاوی کوێر دەبێ‌و هەردوو دەستەکەشی لەمەچەکدا دەقرتێ. ئەم وەستایەش وەکوو وەستا گەورەکانیتر کوێرایی داهاتنی وەکوو خێری خودا دەزانی‌و چاوەڕوانیشی دەکرد، و بێدەست مانەوەکەشی وەکووکەموکوڕییەکی گەورە نەدەزانی‌و وەکوو ئەو کەسانە بیری دەکردەوەکە دەڵێن بیرو یادی وێنەکێش لەدەستدا نییە بەڵکوو لە مێشك و دڵدایە، وگوتوویەتی:" جوانترین و بێ عەیبترینی ئەو ئەسپانەی وا خودا گوتوویە ئێستا لە دوای کوێربوونم دەیانبینم". و بۆئەوەی کەئەم وێنە دەرئاساییانە بە وێنە دۆستان ڕابگەیەنێت شاگردە خۆشنووسێکی باڵابەرزو چاوسەوز کەرەنگی لاشەی کاڵو پەمبەییە دەگرێتە لای خۆی و هەموو بینراوەکانی پێدەنووسێ‌و دەڵێ کەئەگەر دەستی هەبایە چۆن دەیکێشان. لەدوای مردنی وەستا ئەم خۆشنووسە جوانە باسی چۆنیەتی کێشانی سێسەدوو سێ ئەسپ لەسێ کتێبدا بەناوی نەخشی ئەسپەکان، تێکرژانی ئەسپەکان وعەشقی ئەسپەکان کۆ دەکاتەوە، لەماوەی دەسەڵاتداری بزن سپییەکان(ئاککویونلو)ەکان لەوڵاتدا زۆر حەزیان لێدەکرا وخەڵکی بەدویدا دەگەڕان و نووسراوەو لاساییکردنەوەی جۆراو جۆری لێدروستبووەو هەندێك لەوێنەکێشەکانیش داویانە بە شاگردو بەردەستەکانیان بۆئەوەی کەلەبەری بکەن و وەکوو کتێبێکی کارکرد بەکاری بێنن، بەڵام لەدوای سڕینەوەی ئاسەواری دەسەڵاتی (ئاککویونلو)ەکان و هەمەگیربوونی نەخشی هەراتی لەتەواوی وڵاتی عەجەمدا لەبیر کراوە. کەمالەدین ڕەزای هەراتی لەکتێبەکەی خۆی بەناوی (ئەسپەکانی

www.pertwk.com

کوێرەکە)دا ئەو سێ کتێبە بەتوندی ڕەخنە دەکات و بەژیربیرییەکی بەهەقەوە دەڵێت: ئەو ئەسپانەی جەمالەدینی قەزوێنی لەکتێبەکانیدا باسیان دەکات، هیچ کامیان نابن بە ئەسپێکی خودایی، چونکە ئەم وەستا پیرە تەنیا جارێك وبۆماوەیەکی کورت و لەدوای بینینی مەیدانی ڕاستەقینەی شەڕ لەمانە تێگەیشتووە.

لەدوای ئەوەی کە خەزێنەی حەسەنە درێژی (ئاککویونلو) لەلایەن سوڵتان فاتیح موحەمەدەوە تالآن دەکرێ، ئەم سێ کتێبە دێننە ئەستەنبووڵ. ئەو شتەی وا پێویستە سەرمان پێی سووڕبمێنێ ئەوەیەکە جاروبار هەندێك لەم سێسەدوسێ بەسەرهاتە لەکتێبی جوداجودا دا بەکار دەبرێن.

(لام)

لەشیرازو لەهەراتدا کوێربوونی وەستای وێنەکێشان بەنیشانەی کارو تێکۆشانی زۆر دەزانراو لەوەش زیاتر وەکوو ڕێزلێنانێك دەبینرا کەخودا بەرامبەر هونەرو ڕەنج وزەحمەتیئەو وێنەکێشەیدا ئەنجامیداوە. هەر لەبەر ئەمەش لەوکاتەدا بەگومانەوە سەیری ئەو وێنەکێشە پیرانەیان دەکرد کەوا سەراڕی زۆر بوونی تەمانیان کوێر نەبووبوون و ئەمەش وایدەکرد کەوەستا پیرەکان بەدوای کوێرایی داهاتندا بگەڕێن. هەندێك لەمانەش لەباتی ئەوەی کە شێواز بگۆڕن وخزمەتی پادشایەکی تر بکەن. چاوی خۆیان کوێردەکەن و ڕێگای وەستا کۆنە ئەفسانەییەکان دەگرنە پێش و ماوەیەکی زۆر بەرێزەوە یادیان لێوە دەکرێت.

کاتێ (ئەبو سەعید) میران پاشای کوڕەزای تەیموور لەدوای گرتنی تاشکەنت و سەمەرقەند وێنەکێشخانەی خۆی دادەنێت بەرێز لێنان

لەلاسایی کردنەوەی کوێرایی داهاتن، پەنجەرەی دونیایەکی تازە دەکاتەوە وەستای بەتەمەن (وەلیە ڕەش)کە ئیلهامی بە ئەبوو سەعید داوە وتوویەتی:" خۆی لەخۆیدا وێنەکێشە کوێرەکان ئەسپەکانی خودا دەبینن، هونەری ڕاستەقینە ئەوەیە کە وێنەکێش بەبێئەوەی کە کوێربێت بتوانێ وەکوو کوێرێك تەماشای دونیای دەوروبەری بکات".

ئەمەشی بەوە سەلماندووە کەلە تەمەنی حەفتاو دووساڵی خۆیدا توانیویەتی بە بێئەوەی تەماشای لاپەڕەکەی بەردەمی بکات بەنووکی قەڵەمەکەی ئەوەی هاتووەبە مێشکیدا کێشاویەتی. میران پاشاش بۆئەوەی کەیارمەتی ئەم وەستایە بدات، بە مۆسیقا ژەنی کەڕەوە مۆسیقای بۆ لێداوەو بە بالۆرە وێژێکی لاڵیشەوە چیرۆکی بۆ گێراوەتەوە، لەدوایشدا کاتێ کەوێنەی ئەسپەکەیان لەگەڵ هیتردا بەراوردکردووە هیچ جیاوازییەکی تێدابەدی نەکراوە. لەدوای ئەوەی کە میران پاشا بە ئەم وەزعە ئاڵۆز بێئارام بووە. وەستا ئەفسانەییەکەش گوتوویەتی:" وێنەکێش ئەگەر چاوی کراوە بێت و داپۆشراویش بێت تەنیا بەو جۆرەی وا خودا دەبینی چاوی بەئەسپ دەکەوێ". بەگوێرەی ئەو کاتێ کەبابەتی قسە وێنەکێشێکی باش بێت، ئەوە فەرق ناکات کە کوێر نەبێت یان نەبێت و هیچ جیاوازییەکیان نیە. دەستەکان بەتەنیا یەك جۆرە ئەسپیان دەکێشایەوە، چونکە لەو کاتەدا ئەو شتەی وا شێوازی پێدەڵێن و داهێنراوی فەرەنسییەکانە هێشتا نەهاتبووە ئاراوە. ماوەی سەدونۆساڵ هەموو وێنەکێشەکانی دونیای ئیسلام لاسایی وێنەی ئەسپەکانی (وەلیە ڕەش)یان کردووە.بۆ خۆیشی لەدوای شکستهێنانی ئەبوسەعیدو بڵاوبوونەوەی وێنەکێشخانەکەی لەسەمەرقەندەوە دەچێت بۆ قەزوێن و دوای دووساڵ لەوێبە بەهانەی

www.pertwk.com

ئەوەی کە مانای ئایەتی (کوێرەو چاوساغ دەبن بەیەك؟) لەقورئان پووچەڵ دەکاتەوە لەپێشدا هەردوو چاوی کوێردەکەن و لەدوایشدا بەدەستی سەربازەکانی نیزام پاشای گەنجەوە دەکوژرێت. خەریك بوو کەباسی سێهەم بەسەرهات بکەم و چۆنیەتی خۆ کوێرکردنی وەستا بەهزادو هۆی ئەوەی کە نەیدەویست لە هەرات دووربکەوێتەوە بکەم وبڵێم بۆچی کاتێ کە بەزۆر بردیان بۆ تەورێز وێنەی نەکێشاوهەروەها بڕوای وابوو کە شێوازی هەر وێنەکێشێك ئەو وێنەکێشخانەیەدا تێیدا ئیش دەکات و هەندێك ئەفسانەیتر کەوەستا عوسمان بۆی گێڕا بوومەوە باسبکەم کە عەقڵم چووە لای کابرای بالۆرەبێژ، نەمدەزانی کە چۆن دەزانم ئێستا باسی شەیتان دەکات؟ واهات بەدڵمدا کە بڵێم:" شەیتان یەکەم کەسبوو کەوتی من ! ئەوەی وا شێوازێکی تایبەتی هەیە شەیتانە، هەروەها ئەوەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات لەیەك جودا دەکاتەوە هەر خودی شەیتانە!" چاوەکانم گرت و وەکوو چۆن لەدڵمەوە دەهات وێنەی شەیتانم لەسەر لاپەڕە گەورەکەی بالۆرە وێژە کەکێشا. کاتێ کە دەمکێشا، بالۆرەوێژو شاگردەکەیو وێنەکێشانیترو زانخوازەکان پێدەکەنین و دەیانەویست بموروژێنن وتووڕەم بکەن.

بەگوێرەی ئێوە ئایا من شێوازێکم هەیە، یاخود لەبەر شەرابەکە وادەکەم؟

((من، شەیتان)) (47)

حەز لەبیبەری سووروٚکراو لەناو ڕۆنی زەیتووندا دەکەم و بارینی باران لەکاتی بەیانیاندا بەسەر دەریای ماندووم لاخۆشەو دیاربوونی ژنێك لەبەر پەنجەرەیەکی کراوەو بێدەنگی بیرکردنەوەو سەبرکردنم خۆش ئەوێ. متمانەم بەخۆ هەیەو زۆرجاریش گوێنادەمە ئەو قسانەی واله سەرمن دەکرێت. بەڵام ئەمشەو هاتووم بۆئەوەی لەم قاوەخانەیەدا هەندێك لەبرا وێنەکێش و خۆشنووسەکانم سەبارەت بە هەندێ درۆودەلەسەو ورتەوبۆڵەی

www.pertwk.com

پشتەسەر ئاگادار بکەمەوەو هەڕەشەیان لێبکەم. هەڵبەت دەزانم کەئێوە تەنیا لەبەر ئەوەی کەمن ئەم قسەیە دەکەم بڕوابە پێچەوانەکەی دەکەن. بەڵام ئەوەندە ژیرن کەهەموو کاتێك پێچەوانەی قسەکانی من بەڕاست نازانن و ئەوەندە هەستیاریشن کە گوێ بۆ هەر قسەیەکی من ڕادەگرن. زیاتر لەپەنجاودووجار ناوم لە قورئانی کەریمدا نووسراوە، لەبەرئەوەش ناوی من یەکێك لەوانەیە کە زیاتر بەبیر دەهێنرێنەوە. باشە، بالە کتێبەکەی خوداوە یانی لە قورئانی کەریمەوە دەستپێبکەین. ئەو شتانەی والەوێدا سەبارەت بەمن دەگووترێ هەمووی ڕاست و دروستە. کاتێ کەئەمەش دەڵێم حەز دەکەم بزانرێت کەوا من بێفیزیمکردووە. چونکە کێشەی شێوازیش لەئارادایە. ئەو سووکایەتیکردنەی وا قورئان بەرامبەر من کردوویەتی هەموو کات دڵی ئێشاندووم. ئەم ئازارە شێوەی ژیانی منە. باسی ئەمەتان بۆناکەم.

بەڵێ لەپێش چاوی ئێمەی فریشتەدا خوداوەند مرۆڤی دروستکرد. لەدواییدا داوای لێکردین کە کڕنۆشی بۆبەرین ، بەڵام من نارەزایم دەربڕی و ئەوەم وەبیرهێنایەوە کە مرۆڤ لە قوڕ دروستکراوەو وەکوو دەزانن منیش لە ئاگرەوە دروستکراوم. لەبەرامبەر مرۆڤدا کڕنوشم نەکردو خوداش منی بەلە (خۆبایی) لەقەڵەمداو وتی:" لەبەهەشت دابەزە، گەورەیی نواندن لەوێدا شایستەی تۆ نیە".

وتم:" تاوەکوو قیامەت ورۆژی زیندووبوونەوەی مردووەکان ڕێگام پێبدەباوەکوو بژیم". یارمەتی دام. منیش وتم:" لەم ماوەیەدا تێدەکۆشم بۆئەوەی ڕەگەزی ئەو ئادەمەی وا لەبەرئەوەی سوجدەم بۆنەکردو سزایاندام لە ڕێگای ڕاست بترازێنم و دووریان بکەمەوە".

ئەویش وتی:" ئەوانەی وا تۆ لەرێگاوە دەریان بێنی هەموو دەچنە دۆزەخ". خۆ ئێوەش ئاگادارن کە ئێمە لەبەرامبەر یەکدا ئەم شتانە دەکەین لەوە زیاتر شتێکم پێ نیە کەلە سەر ئەم باسانە بیلێم. هەندێك کەس دەڵێن لەوکاتاندا لەگەڵ خودای گەورە لەسەر ئەو بابەتە ڕێککەوتبووین. بەپێی ئەم ژیربیرییە من عەبدەکانی خودا تاقیدەکەمەوەو عەقڵیان ڕادەکێشم و لەو بارەیەوە یارمەتی خودا دەدەم:باشەکان بەئەندازەی باشبوون لە ڕێگا نەدەترازان و خراپەکانیش تەسلیمی ویستەکانیان دەبوون وریگای دۆزەخیان دەدۆزییەوە و تووشی گوناح دەبوون، ئەگەر هەر کەسێك بچووبایەتە بەهەشت هیچ کەس نەدەترسا، دونیاش بەئەندازەی باشی پێویستی بەخراپەیی وبە قەدەر دروستکرداریش پێویستی بە تاوان هەیە ولەبەر ئەوەی کاروباری دەوڵەت و دونیا پێویستیان بە وانە هەیە کردەوەکانی من گرنگییەکی تایبەتیان هەیە. سەرەڕای ئەوەی کە نەزمی خودایی لەسایەی من و بە یارمەتی خودی خودا دروستکراوە (نازانم بۆ چی تاقیامەت ڕێگای بە ژیانکردن ومانەوەم دابوو؟) بەڵام خراپبوونی من و ڕێگاگرتن لە نەدانی هەقی من (سزا) هەموو کات ئامانجێکی شاراوەم بووە. هەندێك کەس دەڵێن :" کەسانی وەکوو مەنسووری حەلاج و ئەحمەدی غەزالی برای ئیمام غەزالی کەتاوەکوو دوایی پێداگرتنی لەسەر ئەو ژیربیرییەی من کرددوە بەیارمەتی و ئیزنی خودا بووە، کەواتە ئەو گوناحانەش وامن تووشیان بووم بە مەیلی خودا بووەو شتانێکن کە خودا خۆی ویستوونی و خراپەو چاکەش هەبوونیان نیە چونکە هەمووی لە خوداوە سەرچاوە دەگرێ وتەنانەت منیش بە شێکم لە خودا". هەندێك لەم بێ عەقڵانەیان بە هەقەوە لەگەڵ کتێبەکانیاندا کوشتووەو

www.pertwk.com

سووتاندووە.چونکە خراپە وچاکە هەیە. کێشانی خەتێك لە نێوان ئەمانەدا کاری هەموومانە. من–حاشا– خودانیم وئەم شتەپڕوپووچانەشم نەکردووە بە مێشکی ئەم بێ عەقڵانەدا. ئەوان بۆ خۆیان بیریان لێکردۆتەوە. ئەمەش واملێدەکات کە بۆ دووهەم جار ناڕەزایی خۆم دەرببڕم :" زۆر کەس هەن بەبێئەوەی من بیانوروژێنم و فریویانبدەم و بیانخەمە دوودڵی و گومانەوە بۆ خۆیان ولەبەر زیادە خوازی و شەهوەت و بێئیرادەیی و ناپیاوی و گەوجبوونی خۆیان تووشی گوناح دەبن بەو ئەندازەیەی وا هەندێك لە (موتەسەویف)(سۆفی)ە خوێنەوارو نووسەرەکان من لە هەموو جۆرە تاوان وخراپەیەك دوورو پاکدەزانن و چەندە ئەمەش بیرێکی هیچ و پووچە هەر ئەوەندەش بیری ئەوانەی وا من بەسەرچاوەی هەموو جۆرە تاوانێك دەزانن هیچ پووچەو دژی هەر ئەوەندەش بیری ئەوانەی وامن بەسەرچاوەی هەموو جۆرە تاوانێك دەزانن هیچ پووچەو دژی قورئانە. من هەر سەوزە فرۆشێکی موشتەری خەڵەتێن کەبە فێڵ و تەڵەکە سێوی گەنیویان پێدەفرۆشی و هەر منالێك و ماستاو چییەك و هەر بیرەمێردێك کە خەون وخەیاڵی بێئەدەبانە دەبینێ‌و هەر کوڕێك کە بەدەستی خۆی یاری بەشتەکەی دەکات فریو نادەم. تەنانەت خوای گەورەش لەو دووانەی دواییدا خراپەیەك بچووك نادۆزێتەوە کە بیرهێنەری من بێت .ڕاستە کەمن بۆ ئەنجامدانی تاوانی گەورەو خراپ تێدەکۆشم بەڵام هەندێك لە مامۆستاکانی بەدەمی کراوە بایەشکدان و پڕمەو بابەردانی هەندێك کەس بەکاری من دەزانن وشتی وا سەیرسەیرم لەسەر دەنووسن. ئەمەش خۆی بەمانای ئەوەدێت کە ئەمانە بەهیچ جۆرێك لەمن تێنەگەیشتوون. دەتوانن بڵێن کە با تێئەگەن تۆش دەتوانی بەئاسانی فریویان بدەی . ڕاستە، بەڵام منیش غرورێکم هەیە و تەنیا لەبەرئەوەش

بوو کە لەگەڵ خودای گەورەدا نێوانم دروستبوو و ناکۆکیمان پەرەی سەند. دەتوانم بەهەموو شێوەیەك ڕوخساری خۆم بگۆڕم وبەتایبەت دەتوانم خۆم وەکوو ژنی جوان دەربێنم. سەرەڕای ئەوەی کەئەمانە لەنێو دەیان هەزار کتێبدا نووسراوە،کەچی برا وێنەکێشەکانم هێشتا وێنەی من وەکوو شتێکی شاخدارو بەکلك و بچکۆلانە کە نیشانەی گۆشتی ڕوومەتی داگرتووە دەکێشن، نازانم لەبەرچی وەها دەکەن، ئایا دەتوانن ڕوونکردنەوەیەکی ئەمەم بۆ باسبکەن؟

بەمجۆرە هاتینە سەرباسەکەمان: نەخش. جەماوەرێك کەلەلایەن مەلایەکەوە کەنامەوێ ناوەکەی بڵێم، بۆئەوەی لەدواییدا نیگەرانتان نەکات وروورژێندراون، هەموو کۆڵانەکانی ئەستەنبووڵیان پڕکردۆتەوە. ئەمانە دەڵێن خوێندنەوەی بانگ بە بەزم و ئاهەنگەوە شتێکی حەرامەو کۆبوونەوەی ناو تەکیەکان و لەباوەش یەکتریدا (زیکر) کردن و لەگەڵ ژەندنی مۆسیقادا لە خۆدەرچوون شنێکی ڕەوانیە و حەرامە، هەروەها ئەوشی پێ‌زیاد دەکەن کەئەمانە هەمووی دژی فەرموودەکانی خودان. وام بیستووەکە هەندێك لەم وێنەکێشانەی بەینی خۆشمان بێ لەمەلاوجەماوەرەکەی دەترسن و دەڵێن وێنەکێشان بە پێی نەریتی فەرەنسیەکان کاری شەیتانە. بەسەدان ساڵ درۆو دەلەسەیان بەدەم منەوە هەڵواسی بەڵام هیچکامیان بەقەدەر ئەمەیان لەراستی دوورنەبوو.

بابگەڕێنەوە سەرەتای هەر شتێك.چی؟ئەوکاتەی وا میوەی حەرامم داوە بە حەوا ؟ نا. تەنانەت کاتی بەلەخۆبایی لە قەڵەمدانی من لەلایەن خوداوە ناتوانێ ببێت بەسەرەتا. لەسەرەتای هەموو شتێکەوە ئەوە دێت کە ئەو لەمن و فریشتەکانیتری ویست کە لەبەرامبەر ئادەمدا کڕنۆش بەرین و

www.pertwk.com

فریشتەکانیتر بەبڕیارێکی لەجێی خۆدا کڕنۆشیان بۆبرد.

من کڕنۆش بۆ ئادەم نابەم

لەدوای ئەوەی منی لە ئاگرەوە دروستکرد، ئەوی لەمادەیەکی بێقیمەتتر یانی لە قوڕەوە دروستکرد.

کڕنۆش بەرە بۆ ئادەم!

بەڕای ئێوە ئەم گوتنەی لەجێی خۆیدایە؟ دەست بخەنە سەر ویژدانتان و بێڵێن، ئێوە برای منن؟ باشە،دەزانم، ئێوە وابیر دەکەنەوە کە هەموو شتێك لە نێوانماندا نامێنێتەوەو هەموو شتێکیش دەگاتەوە گوێی ئەو و لەوە دەترسن کەرۆژێك حیسابتان لێبپرسێتەوە. ئەوکات پرسیاری ئەوەتان لێناکەم کەبۆچی ویژدانی پێداون، لەترساندا هەقتان پێدەدەم و پرسیارەکەم و جیاوازی ئاگرو قوڕ فەرامۆشدەکەم. بەڵام شتێك هەیە کە هیچ کات فەرامۆشی ناکەم و هەمووکات بەشانازییەوە وەبیری دەهێنمەوە:

من کڕنۆش بۆ ئادەم نابەم

کەچی ئێستاکانە وێنەکێشە فەرەنسییەکان خەریکی ئەمەن. ئەمانە وێنەی پاپاکان و بازرگانە دەوڵەمەندەکان و تەنانەت ژنان و ڕەنگی چاوەکانیان و هەستکردنی جەستەیان و خواردنەوەو وێنەی لێوەکانیان و سێبەری جوانی مەمکەکانیان و چرچ و لۆچی تەوێڵەکانیان و گوستیلەکانی دەستەکانیان و تەنانەت مووە سپیەکانی ناو گوێکانیشیان کێشاون. بگرە بەمانەشەوە نەوەستاون وەکوو ئەوەی کە مرۆۋ خولقێندراوێکی شایستەی کڕنۆشبردن بێت لەنێو دڵی وێنەکاندا جێگیریان دەکەن وەکوو ئەوەی ئەم وێنانە بپەرەستن بەدیوارەکانەوە هەڵیاندەواسن ئایا مرۆۋ ئەوەندە گیانلەبەرێکی گرنگە کە دەبێت بە هەموو شتێکی تەنانەت بە

سێبەرەکەشیەوەبکێشریت؟ ئایا ئەگەر ماڵەکانی گەڕەکێك وەکوو ئەوەی جاروبار مرۆۋ بەهەڵە دیبینێ بە بچووکی بکێشرێت، ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە لە باتی خودا مرۆۋ دەخرێتە ناو مەرکەزی دونیاوە؟ ئەو خودا گەورەی وا توانای زاڵبوونی بەسەر هەر شتێکدا هەیە خۆی ئەمانە باشدەزانێ. وادەزانم ئەوە دیار بووبێت کە بیر کردنەوە لەسەر ئەوەی وامن (منێك کە کڕنۆشم بۆ مرۆۋ ڕەتکردۆتەوەو لەبەر ئەوە لە پێش چاوی خوداکەوتووم وئازاری تەنیایم چێشتووەو نەفرەتملێکراوە) ئەم بیرەم خستۆتە مێشکیانەوە شتێکی هەڵە و پڕوپووچە. بڕواکردن بەوەی کەمن هەموو کەسێکم تڕاندووە لەوە باشترومەنقیترەکە هەندێك لەمەولا مامۆستاکان هۆی ئەوەی کوڕان بەشتەکانیان یاریدەکەن دەگێڕنەوە بۆ من .دەمەوێ لەم بارەیەوە دوایین قسە کانی خۆمبکەم بەڵام ڕووی قسەکانم لەو کەسانەنیە کە هەموو کات شتێکیان لەبەر ویستی خۆ نیشاندان و شەهوەت و بەدەستهێنانی پارەو داخوازییە هەڵەچەوپەڵەچەکانیان لێڵو مژاوییە ! تەنیا خودا خۆی بەعەقڵە بێکۆتاییەکەیەوە دەتوانێ لێم تێبگات :

ئەوە خۆت نەبووی فریشتەکانت ناچار کرد کڕنۆشیان بۆ بەرن و فێری لە خۆبایی بونت کردن ؟ ئێستاکانەش ئەو شتانەی وا لە فریشتەکانەوە فێربوون بۆ یەکتری ئەنجامدەدەن و لەبەرامبەر یەکدا کڕنۆشدەبەن و خۆیان دەخەنە ناو دڵ و مەرکەزی دونیاوە. هەموو کەسێك تەنانەت دروستترین عەبدەکانیشت دەیانەوێکە وێنەکانیان بە شێوەی وەستا فەرەنسییەکان بکێشرێت. وەکوو ناو دەستی خۆم دەزانم کە ئەم شەیدا بوونەیان بەرامبەر بە خۆ لەدواییدا دەبێت بە هۆی لەبیر چونەوەی تۆو لەئەنجامی ئەو لەبیر کردنەشدا هەر من تاوانبار دەکرێم . چۆن دەتوانم ئەوەتان بۆ باسبکەم کە

www.pertwk.com

ئەوەندە گویٚ نادەمە ئەمانە ؟ سروشتییەکە بە لەسەر پیٚ مانەوەم لەدوای ئەو هەموو بەردباران و هەڵسوکەوتە بێبەزییانە کە سەدان ساڵە بەرامبەرم دەکریٚو دوای ئەو هەموو جنێوو لەعنەتەی کە بۆم ناردراوە. ئەگەر ئەو دوژمنە هیچ وپووچە توورِانەم کە جنێوم پێدەدەن بیریان لەوە بکردایەتەوەکە خودا خۆی ڕێگای پێداون تا قیامەت بژیم و بمێنمەوە کاری هەمووومان ئاسانتر دەبووە ئەو تەمەنەش کەلەخودا وەریانگرتووە شەست حەفتا ساڵێك دەخایێنیٚو دەرباز دەبیٚ. ئەگەر بڵێم ماوەی خواردنەوەی قاوەکەتان درێژبکەنەوە لەبەر من پێچەوانەکەی ئەنجامدەدەن و تەنانەت لەوانەیە هەندێکیشتان خۆ سەرەو خوار بکەن و لەدوا تاتەوە قاوە بخۆنەوە.

مەکەنن. ناوەڕۆکی فیکرەکان گرنگ نین بەڵکو ڕووەکانیان گرنگە. بۆ وێنەکێشێکیش ئەوە گرنگ نیە کەچی کێشاوە بەڵکو شێوازەکەی بەبایەخە. بەڵام پێویستە هیچ یەك لەمانەش دیار نەبن . دەمەویست لەدواییدا باسی بەسەرهاتێکی عەشقتان بۆبکەم بەڵام درەنگ بووە . ئەم باڵۆرە وێژەی وا ئەمشەو منی خوێندەوە قەوڵی ئەوەی داوە کە بەیانی نا دوو بەیانی کاتیٚ کە وێنەی ژنێکی هەڵواسی بەسەر هاتێکی عەشق بەدەنگە شیرینەکەی خۆی بگێڕێتەوە.

((**من ، شەكووره**)) (48)

لە خەودا باوکمم بینی ، هەندێك شتی پێدەگوتم کە لێی تێنەدەگەیشتم ، مەترسیداربوو، لە خەوراپەڕیم : شەوکەت و ئورهان لەدوولامەوە باوەشیان پێداکردبووم ، لەبەر گەرمایی جەستەی ئەوان ئارەقم کردبوو، تەڕبووبووم. شەوکەوت دەستی خستبووە سەرقژم . ئورهان سەرە ئارەقاوییەکەی نابووە سەر سینگم. سەرەڕای ئەوانە لە جێگاکە هەستام و لە ژوورەکە ڕۆیشتمە دەرەوە . لە هەیوانەکەوە تێپەڕیم و بە بێدەنگی دەرگای ژوورەکەی ڕەشەم کردووە . لەبەر ڕۆشنایی مۆمدانەکەی دەستمدا چاوم بەخۆی نەکەوت،بەڵام لەناوەڕاستی ژوورە تاریك و ساردەکەدا چاوم بە جێگایەکی سپی کەوت کە وەکوولاشەیەکی کفن لێپێچراودرێژکرابوو، وەکوو ئەوەوابوو کەرووناکی مۆمدانەکە نەگەیشتبێتە جێگاکەی ڕەشە .

کاتیٚ کەمۆمدانەکەم نزیکترکردووە ڕووناکیە نارنج ڕەنگەکە بەر ڕوومەت وشان وملە ڕووتەکەی ڕەشە کەوت . لێی نزیکبوومەوەوچوومەپەنایەوە، وەکوو ئورهان خۆی بادەدایەوەو وەکوو مێروولەکان ئەملاو ئەولای دەکرد و ڕوخساری لەهی کچێکی نووستوو دەچوو . لەبەر خۆمەوە وتم : (ئەمە شووی منە). ئەوەندە لێم دوربوو کە لەبەرامبەریدا هەستم بە بێگانەیی دەکردو پەشیمان بووم لەوەی وامکردوومە، ئەگەر خەنجەرێکم پێبایە یەکسەر دەمکوشت. ئەمەلەبەرئەوە نیە کەبەراستی دەمەویٚ بیکوژم، بەڵکوو تەنیا لەبەر ئەوەیە والەمنداڵیدا وەکوو چۆن هەمووتان بیردەکەنەوە، بیرم لەوە دەکردەوە کەئەگەر بیکوژم چیدەبیٚ ؟ متمانەم بەو پاکبوونە منداڵانەیەی وا لە ڕوومەتیدا دیاربوونەبوو و بڕواشم بەوە نەدەهات کەساڵانێکی ژیانی بەبیرکردنەوە لەسەر من بردۆتە سەر . لایەکی پیٚ

www.pertwk.com

ڕووتەکەم لە شانیداو لەخەو هەڵمساند. کە چاوی بەمن کەوت وەکوو ئەوەی وا دەمویستلە باتی حەیران مانەوەو پەشۆکان بۆ ساتێکیش بێت ترسا . بەرلەوەی کە باش وشیاربێتەوە پرسیارم لێکرد وتم : (لە خەودا باوکم بینی، شتێکی زۆر مەترسیداری پێدەگوتم : تۆ ئەوت کوشتووە ...)

-:" کاتیٚ باوکت کوژرا من و تۆ پێکەوە نەبوین ؟"

- :" منیش ئەمە دەزانم، بەڵام تۆ لەوە ئاگاداربووی کە باوکم بەتەنیا لە ماڵ دەمێنێتەوە . "

-:" نەمدەزانی، تۆ خەیرییەو منداڵەکانت ناردووە، یەك خەیرییە دەیزانی و لەوانەیە ئەستەریش ئاگادار بووبێت، تۆ باشتردەزانی کە کیٚ ئاگادار بووە "

-:جاری واهەیە وا دەزانم کە دەنگێك لە دەروونمە دەردیٚ و نهێنی ئەم نەهامەتیانەم بۆ ئاشکرا دەکاو ئەوەم پێدەڵیٚ کە بۆچی هەموو شتێك بەرەوخراپی دەچیٚ بەڵام کاتیٚ دەمم دەکەمەوە وەکوو ئەوەی ناو خەوەکە دەنگی لێوە نایەت. تۆش ئیدی ئەو ڕەشە پاك و باشەی کاتی منداڵی نیت و گۆڕاوی ".

-:"تۆش و باوکیشت ئەو ڕەشە پاك و سافەتان وەدەرنا ".

-:"ئەگەر لەبەر تۆڵە سەندنەوە لە باوکم لەگەڵ مندا زەماوەندت کرد تۆڵەکەی خۆتت وەرگرت . لەوانەیە هەرلەبەر ئەوەش بیٚ کە منداڵەکان حەزت لێناکەن".

به خەمێکەوە وتی : "دەزانم . ئێوارە بەرلەخەوتن بەشێوەیەك کەگوێم لێبیٚ دەیانگوت : (ڕەشە! ڕەشە! دواوەمان بریندارە ". لە پێشدا لە دڵمەوە وتم: "لێت دا بایەن " ، لەدوێدا بە پەشۆکاویوە وتم : "ئەگەر دەستیان

لێهەڵبڕی دەتکوژم "

وتی : "وەرە ناو ئەم جێگایە ڕەق دەبەیتەوە ".

-:"لەوانەیە هیچ کاتێك نەیەمە ناو ئەوجێگایە، لەوانەیە هەڵەمان کردبێت کەپێکەوە زەماوەندمان کرد، دەڵێن کە ئەو مارە بڕینە دروستنەبووە ، ئەمشەوبەرلەوەی بخەوم گوێم لە دەنگی پێی حەسەن بوو، لەبیرنەکەی کەکاتێك لەگەڵ مێردەخوالێخۆشبووەکەمدا دەمامەوە، ماوەیەکی درێژ گوێم لەدەنگی پێی حەسەن دەبوو . منداڵەکان حەزی لێدەکەن . بێبەزەیشە . شمشێرێکی سووری هەیە، خۆتی لێبپارێزە " کە لە نیگاکانی ڕەشەدا ماندووبوونێکی پڕ لە تووڕەییم بینی زانیم کە ناتوانم بیترسێنم .

وتم : " تۆ هەم خۆشحاڵ و بە هیوای ، هەم خەفەتبار و بە ئازاری ، من لەبەر ئەوەی وا ناڕەحەت نەبم و منداڵەکانم بپارێزم، ئاوەها کەللەڕەقی و پێداگریدەکەم تۆش تەنیا لەبەر ئەوەی کە خۆت بسەلمێنی وا دەکەی نەك لەبەر ئەوەی وا منت خۆشدەویٚ " باسی ئەوەی بۆکردم کەچەندە منی خۆشدەویٚ ولەکاروانسەرا چۆڵەکاندا و چیا ڕووتەکان و شەوە بەفراوییەکاندا بیری لە من کردۆتەوە . ئەگەر باسی ئەوانەی نەکردبایە، منداڵەکانم لەخەو هەڵدەستاندو دەڕۆیشتمەوە بۆماڵی مێردەکەی جارانم . لە ناکاو لەدڵمەوە وەهام گوت : "هەندێك جار وا دەزانم لەوانەیە هەرسات مێردەکەم بگەڕێتەوە، لەوە ناترسم کە نیوەشەوان لەکاتی مانەوەمان لەم ژوورەدا منداڵەکان پێمان بزانن بەڵکو لەوە دەترسام کە هێشتا باوەشمان بەیەکدا نەکردبیٚ و مێردەکەم لە دەرگاکە بدات " دەنگە دەنگی چەند پشیلەیەك لەدەرەوە لە پاڵ دەرگای حەوشەکەوە دەهات کەپێکەوە تامردن شەڕیان دەکرد. لەدواییدا ماوەیەکی درێژ بێدەنگی دروستبوو.

www.pertwk.com

بۆساتێك وامزانی نزگەرە لێدەدەم، نە ئەوە بوو مۆمدانەکە دانێمە سەر مێزەکە نەئەوەش بوو بگەرێمەوە بۆ ژوورەکە بۆ لای منداڵەکانم لەبەر خۆمەوە وتم : تائەوکاتەی تەواودڵنیادەبم کە دەستی لەکوشتنی باوکمدا نەبووە ئەم ژوورە بەجێناهێڵم. بەرەشەم گوت : "ئێمە بچووك دەبینی" لە دوای ئەوەی لەگەڵ مندا زەماوەندت کردووە گەورە بووی . خۆی لە خۆیدا لەبەر ئەوەی وا مێردەکەم نەگەڕابووەوە بەزیت پێماندا دەهاتەوە ، ئێستاش کە باوکم مردووە دیسان بەزییت پێماندا دێتەوە " بەوردییەوە وتی : "شەکورە خان !...) . پێم خۆشبوو کەقسەکەی بەوە دەستیپێکردبوو . . " ... خۆدەتزانی کە ئەمانە ڕاست نین و منیش ئامادەم کە هەموو شتێکت بۆ بکەم " . وتی : "ناتوانم " و بەشەرمەوە ئاماژەیەکی بەلێفەکەو جلەکەی شەوی کرد .. هەقیبوو ، بەڵام دیسان لەبەر ئەوەی وا گوێی بۆ قسەکەم ڕانەگرتبوو تووڕەبووم .

وتم : "بەرلەوەی باوکم بکوژرێ وەکووئەوەی شیر ڕژابێ هاتووچۆی ئەمماڵەت دەکرد ئیستاکانەش کەبەمن دەڵێی (شەکوورە خان) وا دیارە کە خۆت بڕوات پێی نیە و دەتەوێ ئێمەش لەوە ئاگادار بکەیتەوە . "

لەرزدایگرتبووم، ئەمەش لەبەر توڕەیی نەبوو بەڵکوولەبەر ئەو سەرمایەی بوو وا ڕان و پشت وملمی وەکوو سەهۆڵ لێکردبوو .

وتی : "وەرە ناو جێگاکەم و ببە بەژنم ."

وتم : "ئەی ئەو ناپیاوەی وا باوکمی کوشتووە چۆن دەدۆزرێتەوە ؟ ئەگەر زۆر درەنگ بخایەنێت دروست نابێت کە پێکەوە لەم ماڵەدا بمێنینەوە"

-:"لە سایەی تۆو ئەستەرەوە وەستا عوسمان سەرنجی داوەتە سەر ئەسپەکان"

-:"وەستا عوسمان دوژمنی گیانی بەگیانی باوکە خوالێخوشبووەکەم بووە، ئێستا لەسەرەوە چاوی بەوە دەکەوێ کە بۆ دۆزینەوەی بکوژەکەی پێویستی بەو هەیەو ئازار دەکێشێ " لە ناکاو هەستایە سەرپێ و خۆی دابەسەرمدا، جووڵەم نەکرد. بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی وابیرم دەکردەوە بەدەست مۆمەکەی کوژاندەوە و ڕاوەستا . هەموو جێگایەك تاریك بوو .

بە هێواشی وتی : "ئیدی باوکت چاوی پێمان ناکەوێ" تەنیا ماوینەتەوە، ئێستا پێم بڵێ شەکورە : کاتێ کەلە دوای دوانزە ساڵ گەڕامەوە بۆ ئێرە وەهات نیشاندا کە دەتوانی حەزم لێبکەی و لە دڵتدا جێگایەکم بۆ بکەیتەوە، لە دواییدا پێکەوە زەماوەندمان کرد، بەڵام لەوکاتەوە تا وەکوو ئێستا لەوەی وا حەزم لێبکەی خۆت دەشاریتەوە ."

بە چپەوە گوتم : "لەبەرناچاری لەگەڵ تۆدا زەماوەندم کرد ."

هەستم بەوە دەکرد کە وشەکانم وەکوو ئەوەی وا (فزولی) دەیڵێ : " هەریەکە وەکوو بزمارێك " دەچەقانە سینگی وا لەبەرامبەرمدا ڕاوەستابوو . جارێکیتریش هەربەچپەوە گوتم : "ئەگەر تۆم خۆشبویستایە هەر لە منداڵیمەوە خۆشم دەویستی "

وتی : "پێم بڵێ ئەی جوانی ناو تاریکایی بەدزیوە تەماشای هەموو ئەو وێنەکێشانەت کردووە واهاتوو چۆی ماڵی ئێوەیان کردووە بەڕای تۆ کامەیان پیاوکوژە ؟" دڵخۆش مانەوەیەکم لا پێ خۆشبوو . مێردم بوو .(سەرمامە) .

www.pertwk.com

نازانم ئەمەم گوتبوو، وە بیرم نایەتەوە . دەستمانکرد بە ماچکردنی یەك . هێشتا مۆمدانەکەم بەدەستەوە گرتبوو، باوەشم پێداکرد وزمانەکەیم خستەناودەمم ! فرمێسکەکانم، پرچەکانم، جلی شەو، لەرزەلەرزەکەم تەنانەت زگەکەی ئەویش جوانبون . لەو سەرمایەدا لووتە ساردەکەم دەبردە لای دەمی وگەرمم دەکردەوە، ئەوەشم پیٚ جوانبوو، بەلاٚم شەکورەی ترسنۆك خۆی ڕاگرت و لەکاتی ماچکردندا خۆی فەرامۆشنەکردو بیری لە مۆمدانەکەی دەستی و باوکەکەی وا سەیری دەکردو مێردەکەی جارانی و منداڵەکانی وا لە ناوجێگاکەدا خەوتبوون دەکردەوە .

قیڕاندم و وتم : "یەکێك لەم ماڵەدایە" پاڵم نابە ڕەشەوەو ڕۆیشتمە ناو هەیوانەکەوە .

(ناوی من ڕەشەیە) (49)

لە تاریکایی بەیانیدا وەکوو تاوانبارێکی میوان، بەبێدەنگی و بەبێئەوەی کە کەس چاوی پێمبکەویٚ و خۆم نیشانی کەس بدەم لە ماڵەوە دەرکەوتم و ماوەیەکی درێژ لەکۆلاٚنە قوڕاوییەکاندا ڕێمکرد. لەحەوشەی بەیازتیدا دەستنوێژم گرت و ڕۆیشتمە ناو مزگەوتەکەوە نوێژم کرد . کاتێك لەناوەوە بە هونەرێکەوە کەچل ساڵ جارێك مرۆۋ پێی دەگات نوێژم دەکرد، لە پیرەمێردێك کە دەیەویست بخەوێتەوەو مەلای مزگەوتەکە زیاتر کەسی تری لێنەبوو . ها ! هەندێك جار هەیە کەلە نێو خەیاڵەخەواوییەکاندا و بیرەوەرییە بیٚ هیواکانماندا وا دەزانین کە خودا ئاوڕمان لێدەداتەوەو وەکو هیوای کەسێك کەوا بەدڵی خۆی داخوازنامەیەك دەداتە دەستی پادشاوە، لێی دەپاڕێینەوەو داوای هەندێك شتی لێدەکەین : منیش بۆ ئەوەی کە ماڵێکی پڕ لە خۆشەویستیتان و دڵخۆشیم پێبدات، لە خودای خۆم پاڕامەوە.

www.pertwk.com

کاتیٚ گەیشتمە لای ماڵەکەی، وا هەستمکردکە وردە وردە وەستا عوسمان جێگای زاوا ئەفەنی لە مێشکمدا گرتۆتەوە . زۆر کەللە ڕەقتربوو ، دورتریش بوو لە من بەلاّم بڕوای بە نەخشاندنی کتێب قوڵتر و بەهێزتربوو . هەربەو نێوانەی وا لە بەینی چاو هاوێنەکەدا گرتبووی وەکوو هەڵۆیەك کەلە سەرەوە بەوردی تەماشای زەوی بکات، سەیری لاپەرەکانی دەکردو هاوێنەکەی بەسەرسیٚ ڕەسمە دەرئاساییەکەدا دەهێنا. وەکوو هەڵۆیەك کە ئاسکێکی بۆ نێچیرکردن دیتبیٚ بۆ ساتێك لەسەر لمۆزی ئەسپەکان هێواش بوویەوە، بەلاّم خۆی تێکنەدا. لە دواییدا خوێنساردییەوە وتی : نیە . بوستانچی باشی وتی : چی نیە ؟ منیش وامدەزانی کە وەستای گەورە بەباشی خۆی خەریکی کارەکە دەکات و لە یاڵەکانەوە تا وەکوو سمەکانیان هەمووی سەیردەکات و لێیاندەکۆڵێتەوە . وەستا عوسمان وتی : "وێنە کێشە مەلعونەکە هیچ شوێنە دەستێکی بەجیٚ نەهێشتووە، لەم وێنانەوەدیارنابێت کەکیٚ وێنەی ئەوئەسپەی کێشاوە"هاوێنەکەی ئەوم هەڵگرت و تەماشای لمۆزی ئەسپەکانم کرد، وەستاکەم ڕاستی دەگوت . ئەو لمۆزە سەیرەی وا لە ئەسپی کتێبەکەی زاواکەم دا هەبوو لەم سیٚ ئەسپەدا نەبوو . هەر لەم کاتانەدا بیرم چووە سەر ئەو ئامرازە تازەیەی وا نەمدەزانی ئەشکەنجە گەران چۆن بەکاری دەهێنن . لەبەینی دەرگاکراوەکەدا دەمویست بیانبینم، لەناکاویەکێکیان وەکوو ئەوەی کە جندۆکە دەستی لێوەشاندبیٚ بەرەودواوە . وەستای گەورە لەوە زیاتر لەیەکێك بچیٚ کە سالاٚنێك بای ترس و سەرسوڕماویی لە نێوان وێنەکێشاندا هەڵکردبیٚ لە دەروێشێکی پیر دەچووکە لە حاڵی خۆدایە . ئەوبە پشتە چەماوەکەیەوەو بەسواری ئەسپەکەوە منیش بەتۆزێك چەماوی پشتمەوە لە تەنیشت ئەسپەکەیەوە ،

لەلای ماڵی ئەو بەرەو کۆشکێك بەرێکەوتین ، پێویست بوو کەلەوێنەی ئەو دەروێش و موریدەبە ویستە بچین وا لە وێنە هەرزانەکانی گەرەکە کۆنەکاندا هەیە . (بۆستانچی باشی، وپیاوەکانی لە ئێمە بەویستتربوون . لەبەرئەوەی وا بڕوایان بەوە هەبووکەبەیانی پادشاکەمان دەیەوێت کە ئێمە تەماشای وێنەی ئەسپەکانی هەرسیٚ (وەستا) بکەین و یەکسەر پیاوکوژە مەلعونە بدۆزینەوە، هەرلە خۆیانەوەو بەبیٚ پرسیار فەرمانی ئەشکەنجەدانیان دابوو، بەمجۆرە بردینیانە ماڵە کۆنەیەك لە جێگا شاراوەکەی ئەشکەنجەوئیعدامکردن لە باخچەی تایبەتدا و نەیانبردینە لای کانییەکەی جەللاد بۆ ئەوەی کە هەر کەس بیبینیٚ و پەند وەربگریٚ .

کوڕێکی گەنج و نازك کەدیاربوو پیاوی (پۆستانچی باشی) نیە، بەلە خۆمتمانەییەکەوە سیٚ لاپەڕەی دانایە سەر مێزەکە . کاتیٚ کە وەستا عوسمان هاوێنەکەی دەرهێنا دڵم فرتە فرتی لێوە دەهات .

هەڕای کردو خۆی خستە پشتی دارتوویەك . هەرلەو کاتەدا حەزرەتی پاشا،(بنەمای هەموو دونیا) وەکوو ڕووناکییەککە بەیانییە لێڵەکە ڕوونبکاتەوە هاتە ناوەوە . وەستا عوسمان یەکسەر پێیگوت کەلەم وێنانەدا ناتوانیٚ هیچ شتێك دەربخات . سەرەڕای ئەمەش سەرنجی پاشای ڕاکێشایە سەرپیٚ بەرزکردنەوەو هەستانەوەی یەکێك لەم ئەسپانەونازکبونی‌راوەستانە جوانەکەی ئەویتر گرانایی و سەلاری سێهەم دانەیان . هەر لەو کاتەشدا ئەوەشی هێنایە سەر زمان کە کام وێنەکێش کام یەك لەم وێنانەیان کێشاوە، ئەو کورانەی وا شەوان دەچونە بەردەرگای ماڵی وێنەکێشان بۆچونەکانی وەستا عوسمانیان پشتڕاستکردەوە . وەستا عوسمان وتی : "گەورەم! سەرتان لەوە سورنەمێنیٚ کە وێنەکێشەکانی خۆم وەکوو کەفی

www.pertwk.com

دەستم بناسم، چونکە من لەوە سەرم سوردەمێنیٚ کە چۆن دەبیٚ لە ژێر دەستی ئەو وێنەکێشانەی واباش دەیانناسم هەڵەیەك دەربچیٚ کەمن نەیزانم، چونکە هەڵەی هیچ وەستایەك بیٚ بونیات نییە" پاشاکەمان وتی :" یانی ؟" "پاشای گەورەو (بناخەی دونیا)، بەبڕوای من ئەو کەموکوڕییە وئەوئیمزا شاراوەی والە لمۆزی ئەسپەکەدا بینیومانەشتێکی سادە نیە، بەڵکو ڕیشەکەی دەگەرێتەوە بۆ زەمانی کۆن، بۆ وێنەی تر ڕێچکەوشێوازیتروو لەوانەیە بگەرێتەوە بۆ ئەسپیتریش. لەوانەیە بەتەماشاکردنی ئەو سەدان کتێبە کۆنەی وا لە سندوقەکاندا و لەدۆلآبەکاندا دەرگاتان لەسەر داخستووە بتوانین لەوە ئاگادار بینەوە کەئەمە نەریتێکی کۆنەو بەوەش قەڵەمی یەکێك لەو سیٚ وێنەکێشە بدۆزینەوە" سوڵتان بەسەرسوڕماوییەوە وتی:یانی دەتەویٚ بچیتە خەزێنە خانەکە؟"

وەستاکەم وتی: "بەڵیٚ" ئەم داخوازییە بەقەدەر ئەوەی داوای چوونە ناو حەرەم بکردرێت بێشەرمانەبو . هەرلەوکاتەشدا ئەمە تێگەیشتم کە دەرگای بینای حەرەم وخەزێنە لەگۆشەیەکی جوانی بەهەشتی کۆشکەکەی پاشا (ئەندەروون)ەوەیە کە ڕۆحی پاشاکەمان بەرامبەر بەوانەزۆرهەستیارە . ئیدی بەلێبوردەییەوە تەماشای ڕوومەتە جوانەکەی پاشام دەکرد و دەمویست کەبزانم چیدەبیٚ، لە ناکاو ڕۆیشتن. داخۆ نارەحەت بۆوبێتن ؟ داخۆ دەبیٚ کەلەبەر ڕووداری وەستاکەمان منیش و هەموو وێنەکێشانیش سزا بدرێن ؟

کاتیٚ کە تەماشای ڕەسمی سیٚ ئەسپەکەم کردەوە تێگەیشتم کە تا وەکوو جارێکیترشەکورە نەبینمەوەو بەیەکەوە لە یەك جێگادا نەخەوین ناکوژرێم . سەرەڕای هەموو جوانییەکی ئەم وێنانە وامدەزانی کە ئەمانە

لەدونیایەکی ترەوە دەرکەوتوون و هاتوون وەکوو چۆن لە منداڵیەوە بتبەن بۆ ناودڵی کۆشك (ئەندەروون) و لەوێدا گەورەببی فێری ئەوەببی کەچۆن خزمەتی پاشا بکەی ببی بە پیاوی ئەمەش بەمانای مردن لەورێگایەدا دێت، بوون بەوێنەکێشیش بەمانای کۆیلەبوون بەبەرامبەربەجوانیەکانی خوداومردن لەبەرئەوانە دێت، بێدەنگیەکی ترسێنەربوو، لەوبێدەنگییەدا ئەمانەم دەئاخنیە ناو مێشکم . زۆرتردواترکاتیٚ کەپیاوەکانی خەزێنەدار ئێمەیان بەرەوژوور بەرەو دەرگای ناوەراست بردئەم مەرگی بێدەنگم لەبیردا بوو .

لەو (باب السلام)ەی وا بەدەیان پاشا لەوێدا بەسێدارە کوژرابوون تێپەڕبووین ،دەتگوت دەرگاوانەکان ئێمەیان نەبینیوە . مەیدانی ئەو دیوانەی وادوێنیٚ تەماشام دەکردو وامدەزانیکە خودی بەهەشتە و بورجەکەو پەلەوەری تاوس هیچ کاریگەریان لێنەدەکردم . کە زیاتر ڕۆیشتینە ناوە تێگەیشتم دەمانبەنە ناو دڵی دونیا شاراوەکەی پاشا(ئەندەروون) . بەمجۆرە لەو دەرگایانەوە تێپەڕبوین کە تەنانەت وەزیری گەورەش نەیدەتوانی بیٚ ئیجازە لەوێوە تێپەڕبێت . وەکوو منداڵێك کە چوبێتە ناو چیرۆکێکەوە، بۆ ئەوەی کە ڕووبەڕووی گیانلەبەرە دەرئاساییەکان نەبمەوە، چاوم لەسەر زەوی هەڵنەدەبڕی . تەنانەت تەماشای ژووری داخوازیشم نەدەکرد. بەلآم بۆ ساتێك چاوم خزاو دیوارەکانی حەرەم و درەختی چنارێکی ئاسایی کە هیچ فەرقێکی لەگەلٚ درەختەکانیتردا نەبوو، بینی و سەیری کابرایەکی بالآ بەرزم کرد کە عەبایەکی شینی ئەتڵەسی بریقەداری لەبەر کردبوو . لە نێوان ستونە بەرزەکانەوە تێپەڕبووین . لەبەر دەرگایەکی گەورەو شکۆدارتر لەوانیتردا

www.pertwk.com

ڕاوەستاین . لەبەردەرگاکەدا چەند ئاغایەکی عەبالەبەری لێبووکەیەکێکیان خۆی کلیلەکە چەماندبووەوە . خەزێنەدار تەماشای نێوچاوانمانی کردو وەهای گوت : "خۆزگە بەئێوە کەپاشا مۆڵەتی پێداون کە بتانبەمە ناو خەزێنەخانەی ئەندەروون . تەماشای ئەو کتێبانە دەکەن واکەس نەیبینیون و سەیری لاپەڕە زێڕاوییەکان و وێنە نائاساییەکان دەکەن وەکوو نێچیروانێك بەدوای شوێنە دەستدا دەگەڕێن . پادشام سێ ڕۆژمۆڵەتی داوە بە وەستا عوسمان ، لەم سێ ڕۆژە یەکێکیان بەسەرهاتووە ، پێویستە لەم دوو ڕۆژەدا وەستا بتوانێ ئەو وێنەکێشە مەلعوونە دەربخات و دیاری بکات هەروەها ئەگەر وەڵامی (نا) مان پێڕابگەیەنێت ئەوا (بۆستانچی باشی) ویستی کە ئەوەش بە بیرتان بهێنمەوە کە بەئەشکەنجە ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات . "

لە پێشدا زەرفی کلیلە هەڵواسراوەکەی مۆرەکەیان کردەوە کە بۆ پاراستنی کۆنی کلیلەکەلە کلیلی تر جێگیر کرابوو کوێخای خەزێنەکەو دوولە ئاغاکان چاویان بەمۆرەکە کەوت و سەرێکیان لەقاند . مۆرەکەیان دڕاند، لە دواییدا کە کلیلەکەیان خستەناو کونەکە، سەرنجی هەموومان چووە سەری، پاشان لە بێدەنگییەکدا کرتەیەکی لێوەهات وکرایەوە بۆ ساتێك ڕەنگی ڕوومەتی وەستا عوسمان وەکوو هی خۆڵەمێشی لێهات . کاتێك کە دەرگا تەختەییە نەخشێنراوەکە کرایەوە وەکوو ئەوەی ڕوناکییەکی ڕەشی پاشماوەی زەمانە کۆنەکان لەم ڕوومەتەی دابێ، ئاوای لێهات .

خەزێنەدار وتی : "پاشاکەم لەخۆیەوە داوای ئەم ئاغایانەی نەکردووە بۆئەوەی بزانن ئێرە چی تێدایە و هەمووی بنوسن پارێزەری کتێبەکان

مردووە، کەسێك نەماوە کەلە جێگای ئەودا تەماشای ئەم کتێبانە بکات، هەرلەبەر ئەمەش پاشام ویستویەتی کەلەگەڵ ئێوەدا تەنیا جەزمی ئاغا بێتە ناوەوە" تەمەنی دەوروبەری حەفتاساڵ دەبوو، چاوەکانی بریقەی دەدایەوەو پیاوێکی کورتە باڵابوو، سەرپۆشە سەیرەکەی سەری کەلە خۆی سەیرتربوو، لە بادبان دەچوو . "جەزمی ئاغا ناوەوەی وەکوو ماڵی خۆی دیارکردووە، لە هەموو باشتر دەزانێ کە جێگای هەرشتێك لە کوێدایە "پیرە کورتە باڵاکە شانازی بەخۆوە نەکرد . تەماشای کوڕە تازەکارەکانی خەزێنەخانەکەی دەکردو واخەریکی بردنی مەقەڵێکی زیوی پێدراو جێگایەکی دانیشتنی دەسك سەدەفین و چرا مۆمدانەکان بوون دەکرد .

خەزێنەدار وتی بەمۆرە حەفتاساڵەکەی سوڵتان یاوز سەلیم دەرگاکەتان لەسەر دادەخەینەوە وئێوارەلە نێوجەنجاڵی ئەم ئاغایانەدا دیسان مۆرەکە دەدڕینەوەو دەرگاکە دەکەینەوە، ئاگاداربن باوەکوو شتێك بەهەڵە نەچێتە ناوجل وسەرومل وگیرفان و پشتوێنەکانتان چونکەلەکاتی دەرکەوتندا تەنانەت شۆرتەکانیشتان دەگەڕێیین .لە نێوان ئەوئاغایانەیوا چۆکیان دادابوو ڕۆیشتینە ناوەوە . وەکوو سەهۆڵ وابوو . کەدەرگاکە داخرا هەمووجێگایەك تاریکبوو، تا وەکو قوڕگم هەستم بەبۆنی تەپ و تۆزکرد . هەموو جێگایەك تێسپێردرابوو،کەلووپەلەکان و سندوقەکان وکلاوەئاسنینەکان و هەموو شتێك لە ناو یەکدابوون ، زۆر جەنجاڵ بوو، هەستی بینینی شەڕێکی گەورەی لە دەروونمدا ورووژاندەوە .

چاوم بەو تیشکە سەیرە ڕاهات کەوا لەکونی پەنجەرەکەی سەرەوەو لەسەر ئەو پەیژەیەی وابە دیوارە بەرزەکانەوە هەڵپسێردرابوو تاقاتی هەڵواسراوەکان دەرۆیشت ، دەهات و بەر هەموو جێگەیەکی دەکەوت .

www.pertwk.com

ڕەنگی ئەم ژوورە لە بەر ڕەنگی قوماشە مەخمەڵەکانی سەر دیواروماڵی و گلێمەکان سووربووبوو . لە نێو پەژارەیەکدا هەستم بەوەکرد کە بۆ وەدەستهێنانی ئەم دەوڵەمەندییانە چەند سەفەر کراوەو چەندین شەڕدروستکراوەو چەندین شار تالآنکراوەوچەندە خوێنرژاوە، وکۆتاییەکەیان بووە خەزێنەخانەیەك . پیرەمێردە کورتەبالأکە وەکوو ئەوەی کە بانگی هەستەکەی دەروونمیکردبێ وتی : "ترسان ؟ ئەوەی بۆ یەکەم جار بێتە ئێرە دەترسێ، شەوان بەچپە چپەوە لەگەڵ ڕۆحی ئەم کەلوپەلانەدا قسەدەکات" . شتی مەترسیدار بێدەنگی نێژراوی نێوان فرەییە بڕوا پێنەکراوەکەی ئەم کەلوپەلانەیە . جیرە جیڕی مۆرەکەمان دەبیست وا لە دەرگاکەی پشتەسەرمانیان دەداو بەبێ ئەوەی کە جووڵە جوڵێك بکەین سەیری دەوروبەری خۆمان دەکرد . چاوم بە شمشێر و شفرە و عەباو مۆمدانەزیوەکان و ئالأی ئەتڵەسی کەوت . ژمارەیەکی زۆر قوتوی سەدەفین و سندوقی ئاسنین و گوڵدانی چینی و پشتوێن و سازوزرێ و سەرینی ئاورێشمین و ئەو بێلأنەی وا دونیانیشاندەدەن و چەکمەو پێست و شفرەی کەرگەدەن و هێلکەی نەخشکراوی وشتر ومرخ و چەك وکەوان ودەسك و دۆلأب و دۆلأبم بینی . هەموو جێگایەك پڕبوو لە قوماش و قاڵی و ئەتڵەس و ئەمانە لە قاتە بەرزەکانی بەدار نەخشێنراوەو لە ژوورە بچکۆلانەکەوە بەسەر دیوارەکاندا شۆڕکرابوونەوە وەکوو ئەوەی وابوو کە بە سەر مندا دەڕژێن . تیشکێکی سەیر کەنمونەکەیم لە هیچ جێگایەکی تردا نەبینیوە لە قووماش و قوتو وعەباکانی پادشاو زینە بەزێڕ نەخشێندراوەکان و سیمە زەردەکان و سەرینە مرواریدارەکان و شمشێرە تیغ چەماوە دەسك ئەڵماسییەکان و دەسکە یاقووتییەکان و کاتژمێرە سەیرەکان و ئەو

ئەسپانەو ئەو فیلانەی وا لە شفرەی فیلەوە دروست کرابوون چەکمەجە سەدەفییەکان و قلیانە ئاوییە سەرئەڵماسییەکان و سینیەگەورەکان وکلأوە ئاسنینە بەفیروزە ویاقوت نەخشێنراوەکان ومەسینەکان وخەنجەرەکان دەکەوت . ئەم تیشکەی وا بەشێوەیەکی دیاروناديارخۆی دەدزییەناوەوە وەکوتیشکی هەتاو لە ڕۆژێکی هاویندا کەلە گومەزی مزگەوتێکەوە دێتەناو، دانەدانەی تۆزەکانی ناو ئەم ژوورە نیوە تاریکە دیار دەکات بەلأم ئەمە تیشکی هەتاو نەبوو . لە سایەی ئەم تیشکە سەیرەوە لێرەدا هەوا وەکوو شتێکی لێهاتبوو کە بە دەست هەستپێبکرێت و هەرلەبەر ئەم تیشکەش وادیاردەبوو هەمووئەم کەلوپەلانە لەیەك شت دروستکراون، لە دوای ئەوەی وا ماوەیەك پێکەوە بەترسەوە گوێمان لە بێدەنگییەکەی ژوورەکەبوو زانیم کەئەوەی وا ڕەنگ سورە زاڵەکەی ناوژورەکەی کاڵ کردۆتەوەو یەك چینیشی داوە بەسەر هەموو کەلوپەلەکاندا تۆزی ناو ماڵەکەیە . ئەوشتەی وادەبوو بەهۆی ئەوەی کە ئەم شتانە زیاتر ترسێنەربن ، فرەبوونی ئەم کەلوپەلە سەیرو سەمەرانەی بوون وا لە یەکەم نیگاو دووهەم نیگاشدا نەتدەزانی چییە . ئەوشتەی وا وامدەزانی سندوقەلە دواییدا وامدەزانی مێزە ودواتریش دەمگوت کەئەمەئامرازێکی‌نەناسراوی فەرەنسییە . ئەو سندوقە سەدەفینەی وا لە نێوان عەباکاندا کەبە پەلە پەل فڕێدرابوونە ئەوێ لە ڕاستیدا چەکمەجەیەکی سەیربووکە (تەزاری) ڕوس (مۆسکۆ) ناردبووی . جەزمی ئاغا بەپێی عادەت مەنقەڵەکەی لە ئوجاخەکەی لای دیوارەکەدا جێگیرکرد . وەستا عوسمان بەچپەوە وتی : "کتێبەکان لە کوێن؟ "

www.pertwk.com

کابرای کورتە باڵا وتی : "کام کتێب ؟ ئەوانەی وا لە عەرەبستانەوە هاتوون یان قورئانەکانی کوفی، یا خود ئەوانەی وا یاوز سوڵتان سەلیم خان (جێگای بەبەهەشت بێ) لەتەورێزەوە هێناونی ، یان کتێبەکانی ئەو پاشایانەی وا لەبەرئیعدامکردن دەست دانراوە بە سەر ماڵەکانیاندا ، یان وەکوو ئەو بەرگانەی وا نێردراوەکانی (وەنیز) داویانە بە باپیرانی پاشاکەمان ، یاخودئەوکتێبە خاچپەرستیانەی وا لەکاتی (فاتیح سوڵتان موحەمەد) ەوە ماونەتەوە ؟ "

وەستا عوسمان وتی : "ئەوکتێبانەی وا سی ساڵ بەر لە ئێستا شاتاماسووب بە هەدیە ناردوویەتی بۆحەزرەتی سوڵتان سەلیم (جێگای بە بەهەشت بێ) "

کورتە باڵا ئێمەی برد بۆ لای دۆڵابێکی گەورەی دارین . وەستا عوسمان کاتێ کەدەرگاکانی کردەوەوچاوی بەو کتێبانە کەوت بێ سەبربوو . بەرگێکی کردەوە نووسراوەکەی خوێندەوە ، لاپەڕەکانی هەڵدایەوە . لەگەڵ ئەوەدا منیش بە سەر سووڕماوییەوە تەماشای وێنەکانی خان کردکەوا هەریەکەیان بە وردی و سەرنجێکی تایبەتەوە و بە چاوێکی تۆزێك کێشراوەوە کێشرابوون . وەستا عوسمانوتی: "جەنگیز خان، تولوی خان، کوبیلای خان کە فەرمانڕەوای چینە "

بەدەنگ خوێندەوەو کتێبەکەی بەستەوەو بەرگێکیتری گرت بە دەستەوە ، وێنەیەك بە جوانییەکی باوەڕپێنەکراوەوە ڕووبە ڕوومان بووە کە وێنەی ئەوکاتەی نیشاندەدا وا فەرهاد بەهێزی عەشقەوە شیرین وئەسپەکەی دەخاتە سەر پشتی خۆی و بە ئازارەوە دەیانبات .دەستێکی خەفەتبار بەلەرزەلەرز تامەزرۆیی دڵدارانی کێشابوو، بۆ ئەوەی کە ئازاروخەمەکانی

زیاترنیشانبدات تاشەبەردەکانی ناوچیاوپەلەکانی ئەوسێ دارە سەروەرەسەنەی کەشایەتی عەشقەکەی فەرهادبوون بە خەمێکی وەهاوە کێشابووکە خەم و فرمێسکە ڕژراوەکانی ئەو پەلانە یەکسەر دەربازی من و وەستا عوسمانیش بوو . ئەم وێنە خەماوییە بۆ ئەوەنەکێشرابوو کە هێزی بازووی فەرهاد نیشانبدات بەڵکوو بۆ ئەوە بوو کە ئەو دیار بکات دەردی عەشق لە هەموو دونیادا لە یەك ساتدا هەستدەکرێت. وەستا عوسمان وتی : "یەکێکە لەو لاساییانەی وا هەشتا ساڵ بەر لە ئێستا لە تەورێز لە بەهزاد کراوەتەوە " و کتێبەکەی گرتەوەو خستەوە جێگاکەی خۆی و یەکێتری کردەوە . ئەمە وێنەیەك بوو کە باسی دۆستایەتی زۆرەکیانەی مشك و پشیلە دەکات کە لە کتێبی (کلیلە و دەمنە)دا باسکراوە . پشیلەی سەرسووڕماوی بێچارە لە نێوان سمۆرەی سنەوبەر لە زەویداو باڵندەی کۆلار لە ئاسماندا ڕێگا چارەی نەجاتدانی خۆی لە ڕزگارکردنی پشیلەیەکی بێچارەی گیراو لە بەردەرگای ڕاوچیدا دەدۆزێتەوە پێکدێن، پشیلە وەکوو دۆستێك بە خۆیەویستیوە مشك دەلێسێتەوە . سمۆرەوباڵندەی کۆلاریش لەپشیلەکە دەترسن ولە ڕاوکردنی مشکەکە پەشیماندەبنەوە مشکیش بەوریاییەوە پشیلەکە لەبەر دەرگاکە ڕزگاردەکات . هێشتا من لە وریایی نێو وێنەکە تێنەگەیشتبووم کە وەستا کتێبەکەی ئاخنیوە لای کتێبەکانیترو یەکتیری جوانی کردبووەوە: ئەمە وێنەی جوانی پیاوێك بووکەدەستێکی بە جوانی وەکوو ئەوەی کە پرسیارێك بکات هەڵبڕیبووبەدەستێکیترەوە کراسەکەی ژنێکی جوانی لە سەرئەژنۆی گرتبوو ، لای لێکردبووەوەو گوێی دەدایە قسەکانی . بەخێڵیم بە نهێنیکارییەکانی نێوانیان و عەشق و دۆستایەییەکەیان بردەوەو

www.pertwk.com

بەویستەوە تەماشامکردن . وەستا عوسمان ئەوەشی داناو لاپەڕیەکیتری لەکیبێکیتر کردەوە . سوارەکانی لەشکرەکانی ئێران و توران کە دوژمنی هەتا هەتایی یەکترین ، هەموو زرێکان و کلاوە ئاسنینەکان و ئەژنۆ بەندەکان و کەوانەکان و تیرەکان و تیردانەکانیان بەستبوو سواری ئەو ئەسپە جوانانەبووبوون کە تا وەکوو ملیان لەناو زێڕدا بەسترابوونەوەو لەسەر سەوزەلانییەکی پڕلە گوڵی زەرد دا بە جوانی لەبەرامبەر یەك ڕاوەستابوون و ڕمە ڕەنگاورەنگە جوانەکانیان ڕاستکردبووەو بەرلەوەی بڕیژێنە نایەك تەماشای ئەو فەرماندەیانەیانەکرد وا بەر لە هەموو کەسێك دەرکەوتبوون و پێکەوە شەڕیاندەکرد .

خەریکبوو لەبەرخۆمەوە بڵێم ئەگەر سەد ساڵ بەر لە ئێستا کێشرابێ و ئەگەر ئێستا کێشرابێ، ئەگەر وێنەی شەڕ بێ یاخود هی عەشق بێ ، ئەوەی وا وێنەکێشێکی ئیماندار دەیکێشێ و نیشانماندەدات ، هەمان عەشقی خۆی بۆ نەخشەکێشان و شەڕی خۆیە لەگەڵ نەفسی خۆیدا . خەریکبوو ئەوەش بڵێم کەئەو شتەی واکێشاویەتی ئەنجامی سەبری خۆیە کە وەستا عوسمان وتی : "ئەمەش نییە" و کتێبە قورسەکەی گرتەوە .

دیمەنێکمان بینی کە چیا بەرزەکان لە نێو هەورە چین چینەکاندا دەڕۆیشتن و هەر چەندە کە درێژتر دەبوو فراوانی و پانتایی دیمەنەکە زیاتر دەبوو . وەها بیرمکردەوە کە دەبێ وێنەکێشان تەماشاکردنی ئەم دونیایەو کێشانەوەی وەکوو دونیای دیتر بێت . وەستا عوسمان بەسەرهاتی ئەوەی باس کرد کە دەبێ چۆن ئەم وێنە چینییە لە بوخاراوە هاتبێتە هەرات و لە هەراتەوە برابێتە تەورێز و لە تەورێزیشەوە هێنرابێتە کۆشکی پاشاکەمان و ڕۆیشتبێتە ناو کتێبیترو لە دوایدا بەرگەکەی پەڕوپووت کرابێت و لەگەڵ

ڕەسمیتردا دووبارە بەرگ کرابێتەوەو هێنرابێتە ئەستەنبووڵ . چاومان بە وێنەی جۆراو جۆری شەڕ کەیەك لە یەك مەترسیدارترو باشتر کێشرابوون کەوت . ڕۆستەم لەگەڵ شای مەزەندەراندا ، ڕۆستەم هێرش دەکاتە سەر لەشکری ئەفراسیاو، ڕۆستەم لە نێو زرێدا،گیانلەبەرە سەیرەنەناسراوەکە ...، لە جێگایەکیتردا چاومان بەلاشە لەت لەتکراوەکانی شەڕی نێوان دوولەشکری نەناسراوی ئەفسانەیی کەوت، ئەو خەنجەرانەی وا بە سوورایی خوێن سووربووبوون ، ئەو سەربازانەی وا تیشکی مەرگ لەچاویانەوە ڕەنگی دەدایەوە ، ئەوگیانلەبەرانەی وا یەکتری وەکوو پیاز دەهەنجنن ، هەموویانم بینی ، وەستا عوسمان وەکوو وەستایەکی گەورەی تا وەکوو سەرنجی منی ڕانەکێشایە سەر ئەو سەیربوونانەی وا لەهەر ڕەسمێکدا هەن، تەنانەت لەنێو خراپترین ڕەسمەکانیشدا، ئارامی نەگرت ، ئەم شتە سەیرانە دەبێت کەلەکەموکورتی وێنەکێشەکەوە بێت یاخود لەنێوان خودی ڕەنگەکان و قسەکردنەکانیانەوە دەرکەوێت . کێ دەزانێ کە بۆ چەندەمین جار وەکوو وەستایەکی شارەزا سەیری وێنەی تەماشاکردنی بەدزیی خەسرەو لە کاتێکدا کە شیرین لە بەر مانگە شەودا مەلە دەکات و وێنەی لەیلا و مەجنون کە چۆن دوای ماوەیەك دووری و یەکنەبینین ، بێهۆش دەبن و دارەکانی (سالأمان) و(ئابساڵ) کە لە هەموو دونیا خۆیا شاردۆتەوە و ڕایانکردووە بۆ دوورگەیەکی خۆشبەختی و وێنەی گوڵەکان و پەلەورەکان و وێنەی خۆشی کردوئەو شتە سەیروسەمەرانەی پێنیشاندام. کام وێنەکێشی بەدنیەت ئەو باوەقووشەی لەسەر ئەو دارە دانیشاندووە وا خەسرەوشیرین لە بنیدا گوێ لەو بەسەرهاتە خۆشانە دەگرن کە خزمەتکارەکانیان دەیگێڕنەوە؟ کێ وێنەی ئەوکوڕەجوانەی لەنێوان وێنەی

www.pertwk.com

ئەوژنە جوانە میسریانەدا کێشاوە وا لەکاتی تەماشاکردنی یوسف دا نارنجی شیرین پاکدەکەن و دەستی خۆیان دەبڕن ؟ ئەو وێنەکێشەی واکوێربوونی ئەسفەندیاری بە تیرکێشاوە بیری لەوە نەکردۆتەوە کەلە دواییدا خۆشی کوێر دەبێت ؟

چاومان بەوێنەی ئەو فریشتانە کەوت کە لەکاتی بەرزبوونەوەی پێغەمبەردا دەوروبەریان گرتبوو، هەروەها وێنەی ئەو پیاوە پیرەریش درێژە شەش باڵە، لاشە مۆرەی وا لەباتی ئەستێرەی زوحەلدا کێشراوە و وێنەی ڕۆستەمی منداڵن لە کاتێکدا کە لەژێر نیگای دایك و دایەکانیدا لە بێشکەکەیدا بەئارامی نووستووە بینی.

چاومان بە مردنی بەئازاری دارا لە باوەشی ئەسکەندەرداو تەنیا مانەوەی بەهرامی گوور لەگەڵ شازادەی ڕوسدا لە ژورێکداو پەرینەوەی سیاوەش لە سەر ئاگر بەسواری ئەسپێکی ڕەش کە ئیمزایەکی لە لمۆزەوە پێوەنی یەو تەرمە خەفەتبارەکە خەسرەو کەوت وابەدەستی کوڕەکەی خۆی کوژرابوو .

کاتێ وەستا عوسمان بەخێرایی بەرگەکانی هەڵدەبژاردوو سەیری دەکردن ، جاروبار هەندێك وێنەکێشی دەناسییەوە و نیشانی منی دەدا و لە نێوان گوڵەکاندا و لەپەنای وێرانەیەکدا و لە گۆشەیەکی ئەو چاڵە ئاوە ڕەشەی وا جندۆکەی خۆی تێدا شاردۆتەوە ، ئیمزایەکی دەدۆزییەوە کەوا بە شەرمەزاری لەوێدا شاردرابوونەوە ، تەماشای ئیمزاکان و نووسراوەکانی دەکردو دەیگوت کەکێ چی لە کێوە وەرگرتووە لەبەرئەوەی کەلەوانەیە لە بەرگێکدا چاوی بە هەندێك وێنە بکەوێت بۆ ماوەیەکی درێژ لاپەڕەی هەڵدەدایەوە . جاروبار بێدەنگ دەبوو زیاتر لە خشەخشە دیارو

نادیارەکەی لاپەڕەکان هیچی دیترمان نەدەبیست . جارجاریش وەستا عوسمان دەنگی ئەها ! یەکی دەردەخست و لەبەر ئەوەی کە من نەمدەزانی لە بەر چی سەری سوڕماوە بێدەنگ دەمامەوە . جارجاریش کە هەر یەکجۆر ڕێکوپێککردنی لاپەڕەو کەڵەکەکردن و جێگیرکردنی سوارو دەرختەکانی لە بەرگێتردا دەبینی، نیشانی منی دەداو وەبیری دەهێنامەوە .

وێنەیەکی حەماسەکەی نیزامی لەکاتی شارەزای کوڕی تەیموریان دووسەد ساڵ بەر ئێستا و هی کتێبێکی تر لە کاتێکیتردا بەراورد دەکردو پرسیاری ئەوەی لە من دەکرد کە چۆن دەبێ کە وێنەکێشان بەبێ ئەوەی تەماشای وێنەی یەکتری بکەن بتوانن وەکوویەك وێنە بکێشنەوەولەدواییدا خۆی وەڵامی دەدایەوەو دەیگوت:"نەخشەکێشان وەبیرهێنانە وەیە " کاتێك کە کتێبە کۆنەکانی دەکردەوەو دەیگرتەوە، لەبەرامبەر شتە نائاساییەکاندا دڵگیردەبوو(چوونکە ئیدی کەس نەیدەتوانیوەهاوێنە بکێشێتەوە)، لەبەرامبەر نەتوانکارییەکانیشدادڵخۆش دەبوو(چوونکە ئێمەی وێنەکێش برای یەکین !)، ئەوە شتەی واوێنەکێش وەبیریدەهێنایەوە وێنەی کۆنی دەرختەکان، فریشتەکان، چەترەکان، پڵنگەکان، چادرەکان، ئەژدیهاکان و شازادە خەمبارەکانی نیشاندەدا و ئاماژەی بەوە دەکردکە کاتی خۆی خودا دونیای بە جوانی بێهاوتای خۆیەوە بینیوەو ئەوەشی بۆ عەبدەکانی خۆی بەجێهێشتوە . کاری ئێمەی وێنەکێش و وێنە دۆستان ئەوانەی وا سەیری دەکەن ئەوەیەکە ئەو دیمەنە دەرئاساییەی وا خودا بینیویەتی و بۆ ئێمەی بەجێهێشتووە وەبیربهێنینەوە . گەورە وەستایانی هەر جیلێکی وێنەکێشان هەموو ژیانی خۆیانیان تەرخانکردووەو تا وەکوو داهاتنی کوێرایی چاوانیان کاریان بۆ گەیشتن و کێشانەوەی ئەو خەیاڵەی وا خودا گوتویە

www.pertwk.com

ببینن کردووە . ئەو کارەی واکردویانە لە بیر هێنانەوەی بیرەوەرییەکانی خودی مرۆڤ دەچوو . بەڵام مەخابن! تەنانەت گەورە وەستاکان و ئەوانەی وا وەکوو وێنە کێشە گەورەکان بەماندوویی و پیریوە تاکوێربونی چاوانیان ئیشیان کردووە، تەنیا ئەملا یان ئەولای ئەو وێنە دەرئاساییەیان وەبیرکەوتۆتەوە . هۆی ئەوەی وا وێنەکێشان سەرەڕای هەبوونی سەدان ساڵ جیاوازی کاتی و نەدیتنی وێنەی یەکتری توانیویانەی وێنەی دارێک، پەلەوەرێك، یاخود شازادەیەك کەلە حەمامدا خۆی دەشۆرێ و ڕاوەستانی کچێکی خەمبار لەبەر پەنجەرەیەکدا وەکوو یەك بکێشنەوە ئەمەبوو .

زۆر دواتر لە دوای ئەوەی وا تیشکە سوورەکەی ژووری خەزێنە ڕەشتربووەوە و ئەوە دیاربوو کەلە نێو دۆلابەکەدا هیچ یەك لەو کتێبانەی وا شاتاماسووب بە هەدیە ناردوونی بۆ باوکی پاشا نەماون، وەستا عوسمان هەر ئەو ژێر بیرییەی کەوتەوە یاد : جاری وا هەیە کە باڵی پەلەوەرێك،خۆگرتنی پەلێك بە دارەوە،با خواردنەوەی کەناری پاسارەکان ، ڕاوەستاندنی هەورێك لەئاسماندا،پێکەنینی ژنێك، لەوەستایەکەوە تا شاگردێك، جیل بەجیل نیشاندەدرێن، فێردەکرێن و بەلەبەرکردنیان بەسەدان ساڵ دەشاردرێنەوە . وەستایەکی وێنەکێش لەبەر ئەوەی واله وەستاکەی خۆیەوە فێردەبێت و بڕوای وایە کە ئەمە قاڵبێکە و وەکوو چۆن بڕوای بە نەگۆڕانی قورئانی کەریم هەیە، وەها بڕوا بەنەگۆڕانی ئەو قاڵبەدەکات و وردەکارییەکانی فەرامۆشناکات . بەڵام فەرامۆشنەکردنی بەمانای ئەوە نایەت کە ئەوە بەکار دێنێت . بەڵام ئەو وێنە کێشخانەیەی واتێیدا نوری چاوانی ڕژاندووە، یان وەستا بەدخۆکەی وکەیفی پاشاکەی، جاروبار ڕێگابەو وێنەکێشە نادەن کە ئەو وردەکارییە بکێشێت و باڵی

پەلەوەرێك یان پێکەنینی ژنێك و .... دیار بکات).منیش وتم :"یان وەکوو لمۆزی ئەسپێك." وەستا عوسمانیش بێ ئەوەی کە پێبکەنێت وتی:"یان وەکوو لمۆزی ئەسپێك" ئەو وەستا گەورەیەی ئەو شتە ناکێشێت کەوا لە قووڵاییەکانی ڕۆحیدایە، لەو ساتەدا وەکوو نەریتی وێنەکێشخانەکەو وەکوو هەرکەس نەخشدەکات ، تێدەگەی ؟ "

لەلاپەڕەیەکی کتێبی خەسرەوشیریندا کەتا وەکوو ئێستا نوسخەی جۆراوجۆریان هاتبووە بەردەست، وێنەی شیرین بە سەر تەختەوە نیشاندەدرێت کەلەسەر دیواری کۆشکەکەوە لەسەر بەردەکان ئەمە نوسرابوو (هەڵکەنرابوو) : خودای گەورەم! پادشا ڕەسەنەکەمان، خاقانە عادیلەکەمان ! هێزی کوڕی تەیموورخانی سەرکەوتوو و فەرمانڕەوایەتییەکەی و وڵاتەکەی بپارێزە تاوەکوو هەم دڵخۆش بێ(لەسەربەردەکەی لای چەپ نووسرابوو) هەم وەکوو دەوڵەمەندبێ (لەسەر بەردەکەی لای ڕاست نووسرابوو) لە دواییدا پرسیارمکردکە : " ئێمە لەکوێ ئەو وێنانە دەدۆزینەوە وا وێنە کێشەکە وەکوو چۆن لمۆزی ئەسپەکەی لە مێشکیدا هەڵکەندووە، تێیدا کێشراوییتەوە؟" وەستا عوسمان وتی : " پێویستە بەرگی ئەو شاهنامە ئەفسانەییە بدۆزینەوە وا شاتاماسووب بەهەدیە ناردوویەتی. پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتە جوانە ئەفسانەییانەی وا خودا بەشداری لە وێنەکێشاندا کردووە ، تەماشای کتێبی زۆرتر دەکەین ."

ئەوەم بە بیردا هات کە ئامانجی سەرەکی وەستا عوسمان دۆزینەوەی ئەسپە لمۆز سەیرەکە نیە ، بەڵکوو ئەوەیە کە تا ئەوەندەی لە دەستی بێت تەماشای وێنەکانی ناو ئەم خەزێنەیە بکات کەوا دوور لەهەموو نیگایەك

www.pertwk.com

لێرە لەخەودان. بۆ دۆزینەوەی شوێنە دەستێك کە زووتر بمگەیەنێت بەو شەکورەیەی والە ماڵەوە چاوەڕێی من دەکات زۆر بەپەرۆش بووم، هەروەها نەمدەویست بڕوابەوەبکەم کەوەستای گەورە بییەوێت تا ئەوەندەی کە ڕێگا بدرێت لەم ژوورەساردەدا بمێنێتەوە بەمجۆرە ئەو دۆلاّبەوسندووقە تازانەمان کردەوە واپیرەکورتە بالاّکە نیشانیدابووین وبەردەوام بووین لەسەرتەماشاکردنی وێنەکان جاروبار لە تەماشاکردنەوەی وێنە دووبارەبووەکان بێزاردەبووین و نەماندەویست کە هاتنی خەسرەو لە ژێر پەنجەرەی ژنەکەیەوە بۆ دیتنی شیرین ببینین ، تەنانەت تەماشای لمۆزی ئەسپەکەی خەسرەوم نەدەکرد لە وەستا جودا دەبوومەوەو دەڕۆیشتم بۆ پالْ مەنقەڵەکەو خۆمم گەرم دەکردەوە، یان وەکوولە نێوان ئەو ژوورە مەترسیدارانەی خەزێنەکە بەرووی یەکدا دەکرانەوەو کە بەینی ڕۆنی زریْ و قوماش و ئالْتوون و دەسکەوت و چەکدا بە سەر سووڕماوییەوە ڕێمدەکرد .
جاری واش هەبوو کە بەدەنگێکی وەستا عوسمان یان وەکوو جوڵەیەکی دەستییەوە وامدەزانی کە شتێکیدەرئاسایی یان وەکوو ئەسپێکی لمۆز سەیری دۆزیوەتەوەو خێرا بەرەو لای ئەو هەر ڕامدەکرد ، کاتیْ کە تەماشای ئەو لاپەڕەیەم دەکردوا وەستای پیر بەدانیشتن لە سەر قالْییەکی دەورانی(فاتیح سولْتان موحەمەد)و بەدەستە لەرزۆکەکەی گرتبوی لەگەلْ وێنەی چوونە بەلە فیلْ و تەڵەکەکەی شەیتان بۆ ناو کەشتییەکەی نووحدا ڕووبەڕوو دەبوومەوە، سەیری وێنەی سەدان کەس لەو پاشایانەی وا لە کاتی سولْتان سولەیمانی قانوونییەوە تا وەکوو کاتی تەیموور لە سەر تەخت دانیشتوون و پادشاو سولْتانەکان وئاسکەکان و شێرەکان و نێچیرەکانی کەروێشکەکانمان لەکاتی خۆشیدا لەبەرامبەر بەستنەوەی

تەختەیەك لەنێوان دووئەژنۆی دواوەی وشترێکدا بۆ ئەوەی کە بتوانرێت لە دواوە خەریکی بن، وێنەی پەنجە لە دەم مانەوەی شەیتانە بێعارەکەشمان بە شەرمەوە بینی، وێنەی داستانی فڕینی بازرگانێکمان بینی کە بەدەستگرتن بە قاچەکانی پەلەوەرێکی ئەفسانەییەوە لە دەریاکانەوە تێپەڕدەبێت و تەواوی دونیا دەبینیْ ، شایانی باسە کە ئەم چیرۆکە لە کتێبێکدا هاتووە کەلە ڕێگای بەغدادەوە هاتووەتە ئێرە . لە کتێبی دوای ئەوەدا چاومان بەوێنەی خەسرەوکەوت وا شیرین بەهەڵواسراوی دەبینیْ وعاشقی دەبیْ، من وشەکورە زۆر حەزلەم وێنەیە دەکەین . چاومان بەهەندێك تۆپ کەوت کە لە سەر پشتی فیلێك جێگیرکرابوون ، وێنەیەکمان بینی کەکارکردنی کاتژمێری نیشاندەداو زەمانمان کەوتەوە یاد . نازانم کە چەندە ئەم بەرگ و ئەو بەرگ و ئەو وێنەو ئەم وێنەمان کردبیْ ، وەکوو ئەوەی وابوو کە زەمانە زێڕینە نەگۆڕەکانی ناووێنەکان لەگەلْ چرکەساتە نەمدارەکانی ئەم خەزێنەیەدا تێکەلاّوبووبن، دەتگوت کەئەم وێنانەی وا بەرژتنی نووری چاو لە وێنەکێشخانەی دەیان پادشا وخان وپاشادا دروستکراون، وێنەی ئەوکلاّوە ئاسنینەو شمشێرە دەسك ئەڵماسینەوخەنجەرەکان و زرێکان وئەوکوپانەی والە چینەوە هاتوون وئەو عوودەناسکانەی وا تۆزیان لێنیشتوەوئەو سەرێنە مروارییانەی وا هاوتاکانیمان لە وێنەکاندا بینیوەو دەورووبەرمانیان پڕکردۆتەوە نیشاندەدەن .

"لە دوای ئەوەی کە بە سەدان سالْ بە دزیوە و بەپێی نەریت هەریەك وێنەیان کێشاوەتەوە، ئێستا تێدەگەم کە وێنەی گۆڕانی دونیایەك بۆ دونیایەکی تر بە دزیوەو بەپێی نەریت کێشاوەتەوە " .

www.pertwk.com

دەتوانم ئیعتراف بکەم کە تێنەگەیشتنم کەئەم قسەیەی وەستا عوسمان مانای چیدەدات بەڵام تەماشاکردنی وێنەی ئەو ئەسپانەی وا لەم دووسەد ساڵەی دواییدا لە بوخاراو هەرات و تەورێز و بەغداد و ئەستەنبووڵدا کێشراون لە گەڕان بە دوای لمۆزێکی سەیردا زیاترە و شتێکی تری تێدایە . ئێمە جۆرە بۆنەیەکی خەماویمان بۆ هونەر و ئیلهامی وەستایانە دەگرت وا چەند سەد ساڵێکە لەم خاکانەدا وێنەو نەخشیان کێشاوە . هەر لەبەر ئەمەش کاتێك کە ئێوارە وەختان مۆرەکەیان شکاندو دەرگای خەزێنەکە کرایەوە و وەستاعوسمان وتی نایەوێت لێرە بچێتە دەروو ئەگەر شەو تا بەیانی لە نێو مۆمەکاندا سەیری وێنەکان بکات ، ئەوسا دەتوانێ مافی ئەرکەکەی پادشا بداتەوە ، یەکەم شتێك کە هات بە مێشکمدا ئەوەبووکە منیش لەگەڵ وەستا عوسمان و پیرە کورتە باڵا کەوا بمێنمەوە، هەر بۆیە پێمگوت . کاتێ دەرگا کرایەوەو وەستاکەمان بڕیارەکەی بەئاغاکانی بەردەرگا ڕاگەیاند، تاوەکوو مۆڵەت لە خەزێنەدار وەربگرێت، من یەکسەر پەشیمانبوومەوە، شەکورەو ماڵەکە بەرچاومی دەگرت . کاتێ کەبیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ چۆن شەکورەو منداڵەکان شەو بەتەنیایی بەسەر بەرن و چۆن پەنجەرەکە دابخەن، مووی هەموو لاشەم ڕاستدەبووەووە .

لە نێوان بەینی دەرگاکەی خەزێنەکەوە وەکوو ئەوەی حەوشەی ئەندەروون لەناومژێکدا بێت دیاردەبوو، دووکوڕی جوان بۆ ئەوەی کە پاشا نەبیسی و ناڕەحەت نەبێ بە بێدەنگی وبەئاماژە پێکەوە قسەیان دەکرد، ئەمە ڕایدەکێشام بۆ ژیانی دەرەوە ، بەڵام لەبەر شەرم و هەستی تاوانباری بێ جموجۆڵ مامەوە.

(ئێمە ، دوو عەوداڵ) (50)

هەندێك قسەو باس سەبارەت بە هەبوونی وێنەی ئێمە لە نێو بەرگێك، یاخود لە نێو ئەولاپەڕانە لە ئارادایە وا لە چین و سەمەرقەند و هەراتەوە هاتوون و ئێستا لە گۆشەیەکی شاراوەی ئەوخەزێنەیەداین کە باوباپیرانی پادشاکەمان لە ماوەی سەدان ساڵدا بە داگیرکردن و تاڵانکردنی سەدان وڵات کۆیانکردۆتەوە . پێدەچێ ئەم قسەو باسانە لە لایەن جەزمی ئاغای کورتە باڵاوە گەیشتبێتە لای دەستەی وێنەکێشان، جابۆیە ئەگەر ئێمە بە شێوازی خۆمانەوە بەسەرهاتە کەی خۆمان بگێرینەوە ئەگەرخودا مەیلی بێ ئەوکەسە هەڵبژێردراوانەی والەم قاوەخانە جوانەدا دانیشتوون دڵگیرنابن.

سەدو نۆساڵ بەسەر مەرگماندا تێپەڕبووەو ئاگری زەندیق(بێباوەڕ) و هێلانەی شەیتان لەژێردەستماندایە، چاککردنەوەی

مومکین نیە، خۆی لە خۆیدا لەبەر ئەوەی لایەنگری ئێرانییەکان (عەجەم)بوون ئەوە چل ساڵ دەبێ کە دایانخستووە . بەڵام سەیرکەن! ئێمە لەبەرامبەرتانداین، بۆچی؟ چوونکە بەپێی نەریتی فەرەنسییەکان وێنەمان کێشراوە ! وەکوئەوەی والە وێنەکەدا دیار دەبێت، ڕۆژێك ئێمە (دوو عەوداڵ) لە وڵاتی پادشاکەماندا لەم شار بۆ ئەو شار دەڕۆیشتن و دەگەڕاین، پێپەتی، نیوە ڕووت وکەچەڵ، یەکی یەك یەلەك وپێستی ئاسکێکمان

www.pertwk.com

لەبەردابوو، هەریەکەوکەمەرێکیشمان بەپشتەوە بوو، یەکی یەك تویڵاٚمان بەدەستەوەبووکە سەرەکەیان شکابوو، دوو قاپەکەشکۆڵینەمان پێبووکە بە زنجیرەکەی ملمانەوە بەسترابوون، یەکێکیشمان تەورێکی بۆ داربڕین پێبوو، ئەویترشمان کەوچکێکی پێبوو بۆئەو خواردنەی وا خودا دەیخستە ناو قاپەکەشکۆڵینەکەمانەوە. ئێستاش لەگەڵ دۆستەکەم ، خۆشەویست و هاوڕێکەمدا کەوتبووینە ناو باسەکەی جاران، باسمان لەسەر ئەوەبووکەکێ لە پێشدا بە کەوچکەکە لەناو دەفرەکەشکۆڵینەکەدا خواردن بخوات، من نا تۆ لە پێشدا بیخۆ، ئەمانەمان دەگووت و دەڕۆیشتین کە لە سەر کانیاوێك لە جێگایەکی دانیشتندا کابرایەکی گەشتیاری سەیرو سەمەرەی فەرەنسی ڕایوەستاندین ، هەریەکەو پارەیەکی زیوی وەنیزی پێداین و دەستی بە کێشانی وێنەکەمان کرد.فەرەنسییەکە کابرایەکی سەیرە : وەکووئەوەی کەلە نێو چادری پاشاکەماندا بین ئێمەی لە ناوەڕاستی لاپەڕەکەدا کێشا بوو، خەریکبوو بەنیوە ڕووتی بمانکێشێت کەشتێکم بە بیردا هات، یەکسەر بە هاوڕێکەم گوت، بۆ ئەوەی کە وەکوو لەتەچنێکی قەلەندەرووبێ هیچی ڕاستەقینە دەربکەوێت پێویستە ڕەشاییەکەی چاومان بەرەو دواوە بەرین و سپیایەکەشی بەرەو پێش بێنین و وەکوو کوێرێك تەماشا بکەین، وەهامان کرد، لەم بارووددۆخەدا بەپێی دەروێش بونمان تەماشای‌دونیای دەرەوەمان نەکرد بەڵکو سەیری ئەو دونیایەمان دەکرد کە لەمێشکماندایە، لەبەرئەوەی کە مێشکمان(تلیاقی)تێدابوو ئەودونیایەمان لاخۆش بوو. تومەزە دیمەنەکانی دونیای دەرەوە لەوەی هەبووخراپتریش بوون، چونکەدەنگی قیڕەقیڕی مەلایەکی ئەفەندیمان بیست، بەلاٚم بەهەڵەتێنەگەن، کەوتمان مەلای ئەفەنی، هەفتەیەك بەر لە ئێستا هەر لەم قاوەخانە جوانەدا بەهەڵەلێمان

تێگەیشتبوون، ئەم مەلا ئەفەندیە، مەلا نوسرەتی ئەرزڕوومی ومەلا هوسرەتەباوك نادیارەکەش نیە ، تەنانەت ئەو مەلا سیواییەش نیە کەوا لەسەر دارەکە لەگەڵ شەیتاندا ئیشەکەیان دەکرد، چوونکە ئەوانەی وا هەموو شتێك بەخراپی شیدەکەنەوە گوتویانە : ئەگەر جارێکی تر قسە بەحەزرەتی مەلا ئەفەندی بگوترێ ئەوا زمانی بالۆرەبێژەکە دەبڕین و قاوەخانەکەشی بەسەردا دەڕمێنین .

سەدوو بیست ساڵ بەرلەئێستا قاوەخانە نەبووە، لەوکاتانەدا ئەو مەلا ئەفەندییەی وا ئێمە باسیدەکەین لەتووڕەییدا لووتی ئاوی لێدەهات و دەیگوت : "بۆچی وێنەی ئەمانە دەکێشی ئەی فەرەنسەیی کافیر ! ئەمانە دزی دەکەن ، ئەم قەلەندەرە هیچ وپوچانە لەتەچنی دەکەن و دەگەڕێن، تلیاق دەکێشن، شەراب دەخۆنەوە، لەنیوە ڕووتیەکەشیاندا دیارە کە یەکتریش دەکەن، ئەمانە ئاگایان لە نوێژو دوعاو ماڵ و بنەماڵەو وڵات نیە و قەباحەتی دونیان، لە کاتێکدا ئەم وڵاتەی ئێمە ئەوەندە جوانی هەیە تۆ بۆچی وێنەی ئەم خراپەییەدەکێشی، بۆ ئەوەیە کە خراپەییمان بەسەردا بێت ؟" کافیرەکە وتی : "باروو دۆخی خراپی ئێوە پارەی زیاتردەکات" ئێمە (هەردوو عەودال) لە بەرامبەر هێزی عەقڵی وێنەکێشەکەداسەرمان سووڕما.هەرچەندە کەمەلای ئەفەندی بە فێڵبازییەوە ویستی بیکێشێتە ناو قسەو باس و وتی :"ئەگەر پارەی زیاترت بدەنێ وێنەی شەیتانیش بە جوانی دەکێشی ؟" بەلاٚم وەکوو لە ڕەسمەکەی ئێمەدا دیار دەبێ ئەم کابرا وێنەکێشێکی تایبەت بوو و گوێی نەدەدایە دەنگە دەنگ و قیڕەی وشك و مێشکی لەسەر پارەبوو، هەربۆیە گوێی لێڕانەدەگرت . بەمجۆرەش وێنەی ئێمەی کێشا، وێنەکەی خستە ناو بەرگبەستەکەی سەرپشتی ئەسپەکەو

www.pertwk.com

گەڕایەوە بۆ وڵاتی کافیرەکان، بەڵام لە بەرئەوەی کە لەشکرە سەرکەوتووەکەی (عوسمانی) ئەو شارەی لای کەنارەکانی چۆمی (تون)یان داگیرکرد، لەئەنجامیتاڵانکردنەکاندا ئێمە گەڕاینەوە بۆ ژووری خەزێنەکەی ئەستەنبووڵ . لە ویشدا بە تەماشاکردن وێنەیەکمان لە بەر کێشرایەوەولە دەفتەرێکی نهێنی وە براین بۆ کتێبێکیترو لەویشەوە هاتینە ئەم قاوەخانە جوانەی وا قاوەکەی بەگیان و بەدڵ وەکوو (ئەکسیر) دەخورێتەوە .ئێستاکانە : ڕوونکردنەوەیەکی کورت سەبارەت بە وێنە، مەرگ وجێگای ئێمە لە دونیا:ئەو مەلا ئەفەندییە (قۆنیاییەی) وا تۆزێك بەرلە ئێستا باسمانکرد ئامۆژگارییەکانی خۆیلە کتێبێکی گەورەدا دەنوسێتەوە وەها دەڵێ : "قەلەندەرەکان (دەروێشی هەژار) زیادەییەکانی ئەم دونیایەن، چوونکە : چینەکانی ناو ئەم دونیایە بە : 1- ئاغاکان 2- بازرگانەکان 3- جوتیارەکان 4- پیشەسازان، بەشدەکرێن و ئەمانەش لەناوهیچ یەك لەمانەدانین و هەرلەبەرئەوەش زیادین" لە جێگایەکیتریشدا وەهای فەرمووە :"ئەمانە هەمیشە دووبە دوو پێکەوە دەگەڕێن و هەموو کاتیش باس لەسەر ئەوە دەکەن کەکێ بەکەوچکەکە خواردن بخوات، ئەمە خۆی دانانی بناغەی ئەو باسەیە کەکێ لەپێشدا ئەویتر بکات، ئەوانەی واتێناگەن پێدەکەنن " .ئامان باکەس بەهەڵە تێنەگات،بەڵام لەوانەیە لەبەرئەوەی کەمەلای ئەفەندی هاوڕێی ڕێگای ئێمەو کوڕەجوان و بەردەستە جوانکیلەکانە، ئاوەها ئاگاداری نهێمیەکانی ئێمەیە .

(بەڵام نهێنی گرنگ)

ئەمەیە : کاتێك کە کافیر فەرەنسییەکە وێنەی ئێمەی دەکێشا، ئەوەندە جوان سەیری دەکردین کەئێمەش حەزماندەکرد ئەو وێنەمان دەکێشێ،

بەچاوێکی ڕووتەوە تەماشای دونیای دەکردوئەوەی وادەیبینی دەیکێشا، بەمجۆرە کەسانێکی وەکوو ئێمەشی کە چاویان دەیبینا وەکوو کەسانێکی کوێر دەکێشا، بەڵام ئێمە گوێمان نەدایە ئەمە . ئێستاش زۆر مەمنونی ئەوین . بەگوێرەی مەلا ئەفەندی ئێمە ئێستا لەدۆزەخ داین، بەگوێرەی هەندێك بێ ئیمانیش ئێمە وێنەیەکین، چەندە جوانە! ئەڵێێ لە ڕاستیدا لەبەرامبەرتانداین، لەدوای ئەوەی وا مەلا ئەفەندیمان بینی لە قۆنیا وە بۆسیواس لە سێ جێگادا ڕاوەستاوین و بەلەتەچنی هەشت گوند گەڕاین، بەڵام لە دواییدا بەفرێکی قورس باری و ئێمەش لەسەرماندا باوەشمان کرد بەیەکداو خەوبردیینەوەو بەیانی لەسەرماندا ڕەقمان بردبووەو مردبووین، بەرلەوەی بمرم لە خەوم دا وامدەزانی کەوێنەیان کێشاوم و لەدوای ئەوەی هەزاران ساڵ ژیاوە ڕۆیشتۆتە بەهەشت .

www.pertwk.com

((من ، وەستا عوسمان)) (51)

لە بۆخارادا باسی بەسەر هاتێك دەكەن كە لە كاتی (عبدا ...)خانەوە ماوەتەوە . ئەم خانە دوو دڵەی ئۆزبەك لەوە تووڕە نەدەبوو كە چەند وێنە كێش دەستكاری وێنەیەك بكەن ، بەڵكوو لەوە حەزی نەدەكرد كە وێنەكێشان تەماشای دەستی یەك بكەن و لاسایی یەك بكەنەوە .چونكە لەكاتی ئەنجامدانی تاوانی كێشاندا دۆزینەوەی تاوانبارەكە لەنێوان ئەو وێنەكێشانەی بەبێشەرمییەوە لاسایی یەكدەكەنەوە كارێكی سەخت و دژوار و نامومكینە .لەوەش گرنگتر ئەوەیە كە كاتێ ئەم وێنە كێشانە خۆدەدزنەوە ، دوای ماوەیەك لەباتی ئەوەی خۆیان بخەنە ناو زەحمەتی و لە نیوەشەواندا بەدوای بیرەوەرییەكانی خودادا بگەڕێن ، تەماشای ئەوەی لای سەری دەكا و بە تەمبەڵییەوە دووبارە دەیانكێشێتەوە .

ئەم خانی ئۆزبەكە بە گەرمی پێشوازی لەو دوو وەستا وێنەكێشە دەكات وا لە دەستی شەڕ و پادشاستەمكارەكانەوە لەشیراز و باشوور و ئەو ڕۆژهەلاتەكیتر و سەمەرقەندەوە ڕایانكردووە و بەدوای كەسێكدا دەگەڕێن كە پەنای بۆ بەرن . بەلام وێنەكێشانەوە لەبەریەكیان لێ قەدەغە دەكات . بەمجۆرە بۆ ماوەی سێ ساڵ و حەوت مانگ تەنیا باسی وێنەكانی یەكتریان وەكوو باسی دینی بیستۆتەوە و گوێیان لەوە بووە كە وێنەكانیان چەندە لەیەك دەچێ و خاڵی جیاوازییان چیە . خانی ئۆزبەك وەكوو كیسەڵ تەمەنێكی زۆر دەباتە سەر و دەمرێ ، لەدوای مردنی هەر دوو وێنەكێشەكە بۆ بینینی وێنەكانی یەكتری هەڕا دەكەن . لەدواییدا كاتێك كە هەر دووكیان لەسەر دۆشەكەیەك دادەنیشن و تەماشای وێنە و كتێب و بەسەر هاتە ئەفسانەییەكانی (عبدا... خان) دەكەن ، تێدەگەن كە ئەمە ئەوە نەبووە وا هەردووكیان خەیاڵیان كردووە ، هەر بۆیە لەق وپۆی خەیاڵەكانیان دەشكێ . چونكە ئەو وێنانەی وا سەیریان دەكردن وەكوو ئەو بەسەر هاتانەی وا لەخانەوە بیستبوویان ئەفسانەیی نەبوون و وەكوو هەموو ئەو وێنانەی وا لە ساڵانی دواییدا بینیویانە بێ تایبەتمەندی و بێنوور و لێڵ بوون . لە دواییدا هەر دوو وەستا بڕوایان بەوە كردووە كە هۆی لێڵبوونی وێنەكان دەگەڕێتەوە بۆ وردە وردە داهاتنی كوێراییان و لەدوای ماوەیەك بەبێئەوەی كە ئاگادار بن بە تەواوەتی كوێر دەبن و بە بڕواكردن بەوەی كە خەیاڵەكان لە وێنەكان جوانترن دەمرن .

لە نیوە شەودا كاتێك لەم ژوورە ساردەی خەزێنەدا بەو پەنجانەی و لە لەسەرماندا وەكوو سەهۆڵیان لێهاتووە لاپەڕەكانی ئەو كتێبانە هەڵدەدەمەوە كەچل ساڵە خەیاڵیان پێوە دەبینم ، ئەم بەسەرهاتەم كەوتەوە یاد ، بەلام من

www.pertwk.com

لە قارەمانە ستەمکارەکانی ئەم بەسەرهاتە زیاتر دڵخۆشم . وێنەی ئەو کتێبانەی هەمیشە دەمەویست بەر لە مردن و بەرلە کوێرایی داهاتنم چاوم پێیان بکەوێ منیان دەهێنایە جۆش و خرۆشەوە ، تەنانەت هەندێك لەو وێنانە لەو ئەفسانانەی وابیستبووم جوانتر بوون ، هەر بۆیە کاتێ کە دەمبینین لەبەر خۆمەوە دەمگوت : " شوکر ، شوکر ، شوکر بۆ خودای خۆم. "

بۆ نموونە هەشتا ساڵ بەر لە ئێستا کاتێك کە شائیسماعیل لە چۆمەوە دەپەڕێتەوە و هەرات و تەواوی خوراسان بە زۆری شمشێرلە ئوزبەکەکان وەردەگرێتەوە و پارێزگاری هەرات دەهێڵێتەوە بۆ (سام میرزای) برای خۆی ، براکەی بۆ ئەوەی کە ئەم دڵخۆشیەی پیرۆز بکات کتێبێك ئامادە دەکات و ئەو ئەفسانەیەی وا لە کۆشکەکەی (ئەمیر خەسرەوی دەهلی)دا گوێبیستی بووە دووبارەی دەکاتەوە و کتێبی بەیەك گەیشتنی ئەستێرەکان ئامادە دەکاتەوە . بەگوێرەی ئەوەی وا لە ئەفسانەکانەوە بیستوومە و ئەوەی وا لە وێنەکەدا هەیە وێنەی دوو فەرماندەی جەنگین کە لە پاڵ چۆمێکدا بۆ پیرۆز بایی کردنی سەرکەوتنەکەیان بەیەك گەیشتوون ، شێوەی ڕوخساری هەر دوو فەرماندەکە لە ڕوومەتی سوڵتانی دەهلی کەیقوباد و باوکی کەوا کتێبەکە باسیدەکا و لە ڕوخساری بوغرا خانی فەرمانڕەوای بەنگال و شا ئیسماعیل و براکەی دەچوو کەوا بووە بە هۆی دروستبوونی ئەم کتێبە . کاتێ کە زانیم هەر جۆرە بەسەر هاتێك لە مێشکمدا وەبیر بهێنمەوە و تەماشای وێنەکە بکەم ، دیسان وێنەی ئەو قارەمانانەی ئەم بەسەر هاتەم لە چادری سوڵتاندا بینی ، هەر بۆیەلەبەر ئەوەی کەخودا مەجالی ئەوەی بۆ ڕەخسانووم چاوم بەم لاپەڕە نائاساییە

بکەوێت ، شوکری‌خودام کرد .هەرلەو کاتانەشدا لە وێنەیەکدا کەبەدەستی یەکێك لەگەورەترین وەستاکان یانی شێخ موحەمەدەوە کێشراوە وێنەی عەبدێکی هەژاری پاشایەك دەکێشرێت کەحەزو خۆشەویستیەکەی بەرامبەربە پاشا لەرادەی عەشقدایەو لەکاتێکدا کێشراوە کەپاشا یاری(چۆگان) دەکات و عەبدە هەژارەکەش بەهیوای ئەوەی کەتۆپەکە بەرەو لای ئەو بێت و بیدات بەدەستی پاشاوە، زۆر چاوەڕوانی دەکات، هەر بەراستیش تۆپەکە بۆلای ئەو دێت و دەیدا بەدەستی پاشاوە .بە سەدان جار باسی ئەو حەیران مانەوەو حەزو خۆشەویستیە بەهەقەم بیستووە وا کوڕە شاگردێکی جوان بەرامبەر پاشایەکی گەورە، خاقانێك،یان وەکوو وەستایەکی گەورە دەینوێنێ . لەم وێنەیەشدا ئەوەندە جوان ئەم حەیران مانەوەوتەسلیم بونەکێشرابووکە لە چۆنییەتی درێژکردنەوەی تۆپەکەوگرتنی بە پەنجەکانی وتەماشانەکردنی پادشا لەشەرماندابە ئاشکرایی دەردەکەوت، کاتێ تەماشامدەکرد وەکوو ئەوەی خۆمم هەستمدەکرد، دەمزانی ئەگەر خۆشترین شت لەدونیادا ئەوەبێ کەوەستایەتی شاگردی جوان و بەچەمك بکەی، بەهەمان ئەندازەش بەردەستی کردنی وەستایەکیتری گەورە تارادەی تەسلیمبون لەبەرامبەریدا شتێکی‌خۆشەوخەفەتم بۆئەوانە دەخوارد والەم مافە بێبهرەماونەتەوە .کاتێ لاپەڕەکانم هەڵدەدایەوەو بەخێرایی و بەوردی تەماشای وێنەی هەزاران پەلەوەر، ئەسپ، سەربازە وشترو عاشق و دارم دەکرد، ئاغا کورتەبالاَ دڵخۆشەکەی خەزێنە ئەمەی بەهەلێك دەزانی بۆ ڕیسواکردنی دەوڵەمەندی و زۆر بێشەرمانە وەکوو پاشایەك پەسنی خۆی دەدایەوەو لەم سندوق کتێبی دەردەهێناو دەیخستە ئەویتر، ئەم کتێبە نائاساییانە لەنێوان سندوقێکی

www.pertwk.com

ئاسنیندا لەنێوان کتێبەکانی ترداو لە بەینی جەنجاڵی ئەوێدا دۆزرانەوە، یەکێکیان بەپێی نەریتی شیراز، بەرەنگی هەڵووژەی گەنیورەنگکراوە ئەویتریشیان بەپێی کاریگەری چینەکان زۆر بەخەستی ڕووکەشی لێدرابوو، لاپەڕەکانی ئەم دووکتێبە ئەوەندە لەیەك دەچوون کەسەرەتا وامزانی لە ڕووی یەك گیراونەتەوە .کاتێ نوسراوەکانم دەخوێندەوەو بەدوای ئەوەدا دەگەڕام کەبزانم کامەیان بەرگی ئەسڵەو کامەیان لەروو گیراوەتەوە، لەدواییدا بەلەرزێکەوە تێگەیشتم کەئەمە کتێبی (نیزامییە) کەوا بەدەستی شێخ عەلی تەورێزییەوە بۆ خاقانی (کارا کویونلو) وەکان جیهانشاە و خاقانی (ئاککویونلو)ەکان حەسەنەدرێژ دروستکراوە .کاتێ کە یەکەم بەرگیان بۆ خاقانی(کارا کویونلو)ەکان دەکێشێ، پاشا بۆ ئەوەی کەیەکێکیتر بۆ کەسیتری نەکێشێ کوێری دەکات، لەدواییدا شێخ پەنا دەباتە لای خاقانی (ئاککویونلو)ەکان و بەچاوی کوێرەو لەوە جوانتریشی بۆ دروستدەکات، ڕەنگی وێنەکانی یەکەم بەرگ، جوانترو پڕ لە ژیانن، بەڵام وێنەکانی بەرگی دووەهەم و لەدوای کوێربوونی شێخ، ساف و بێ ئارایشتترن، ئەمەئەوەی وەبیر هێنامەوە کە کوێرەکان سادەیی و بێئارایشتییە بێڕەحمەکانی دونیا ئاشکرا دەکەن و دەیبینن، بەڵام زیندوبونەکانیان دەکوژن . لەبەر ئەوەی وەستایەکی گەورەم و هەموو ئەو شتانە دەبینم کە خودای گەورەو زاناش دەیانبینی، دەزانم کەرۆژێك کوێردەبم، بەڵام ئایا ئێستا ئەمەم دەوێ؟ وەکوو تاوانبارێك کەبەر لەسزادان بییەوێت بۆ جارێکیتر چاوی بەدیمەنێك بکەوێت، منیش بەخودای گەورەم گوت: " باهەمووی ئەم وێنانە ببینم و چاوەکانم تێر بکەم ." چوونکە لە تاریکاییە شکۆدارە مەترسیدارەکەی ژووری خەزێنەدا کە پڕ بوو لەکەلو

پەل، زیاتر هەست بە هەبوونی خودا لەنێزیکەوە دەکرا.لەولاپەڕانەی وا هەڵمەدەدانەوە زۆرتر چاوم بە ئەفسانەو بەسەرهاتەکانی کوێربوون و ژیری و داناییەکیتری خودا دەکەوت . کابرایەکی گێژ لەسەر ئەو وێنەیەی واداستانی عاشقبوونەکەی شیرین بەرەسمە هەڵواسراوەکەی خەسرەولە گەڕانێکدا نیشاندەدات، گوتبووی بابەتی سەرەکی ئەم بەسەرهاتە دارچنارەکە نیە، هەربۆیە لەبەرامبەر ئەم قسەیەدا شێخ عەلیرەزای شیرازی بە کێشانی دارچناری ئەم وێنەیە بەجوانی و بەشێوەیەك کە هەموو پەلەکانی دیاربن و ڕووڵە ئاسمان بکەن، ئەوەی بەشانازییەوە سەلماندبوو کەبابەتی سەرەکی لەنەخشدا، حەزکردن لە کچێکی گەنجی جوان نیە بەڵکوو بابەتی سەرەکی ویستی خودی وێنەکێشەکەیە ، هەروەها دەستی بەکێشانی هەر ئەو دارچنارە بەهەموو پەلەکانییەوە لەسەردانەیەکی برنج کردبوو . چاوم بەو داری سەر برنجەکە نەکەوت . حەوت ساڵ و سێ مانگ دوای دەستبەکاربوونی کوێردەبێ و هێشتا بەنیوە تەواوی دەهێڵێتەوە،

ئەگەر ئیمزای ژێر پێی خزمەتکارە جوانەکەی شیرین بەهەڵەمدانەبات، چاوم بەو دارچنارە کەوت وا لەسەر لاپەڕە کێشرابوو . لە لاپەڕەیەکیتردا وێنەی ئەسکەندەر کێشرابوو کەبەتیرە سێ سەرەکەی ڕۆستەم کوێر دەبێت، وێنەکێش ئەم وێنەیەی وەکوو ئەوەی ولأتی هیندی ببینێ بەرەنگی جۆراو جۆر بۆیاخکردبوو، ئەوەندە جوان دەرچووبوو کە کوێرایی کەدەردی بێکۆتایی وێنەکێشە تایبەتەکە بوو وەکوو سەرەتای جەژن و شاییەك بۆ بینەر دیار دەبوو . بەگەرمایی و جۆش و خرۆشی کەسێکەوە کە سالأنێکە بییەوێت چاوی بەم وێنانەو ئەم کتێبانە بکەوێت و ئەفسانەکانی بیستبێت و بەپەشۆکاوی کەسێکەوە کەدەیزانی ماوەیەکیتر کوێر دەبێت تەماشای

www.pertwk.com

وێنەکانم دەکرد، بۆ جاری یەکەم بووکە لەم ژووره ساردەی خەزێنەداو لەبەر قوماش و تیشکە سەیرەکەی ئەم مۆمە بۆرانەدا چاوم بەوە دەکەوت کە ڕەنگی تاریکاییەك بەرەو سووربوون بچێت،هەرلەبەر ئەوەش دەنگێکم دەردەخست و ڕەشەو کورتە بالاّ پیرەکە دەهاتن و لەسەر ملی منەوە تەماشای ئەو شتە دەرئاساییەیان دەکردوا من سەرم لێی سووڕماوە، منیش خۆمم بۆ ڕانەدەگیراو باسم بۆ دەکردن دەمگوت کە :"ئەم سوورە، هەرئەو سوورابیە وا(میرزا بابا ئیمامی تەورێزی) لەگەڵ خۆیدا وەکوو ڕاز بردوویەتییە قەبر. گوێ چمکی قاڵییەکەوئیشارەتی سەر سووریی (قزڵباش) لەسەر کلاّوەکەی شای سەفەوی و عەباکەی ئەو کوڕە جوانەشی بۆیاخکردووە . خودا ئەو ڕەنگە سوورە جوانەی لە دونیادا داناوە و لەدڵی بەردەکان و جەستەی حەشرەدا شاردوویەتیوە بۆ ئەوەی کە بەدوایدا بگەڕێین و بیدۆزینەوە، ئەم ڕەنگە دەرەوەی ڕژاندنی خوێن لە هیچ جێگایەکیتردا نابینرێت مەگەر لەسەر ئەو قوماشانەی وا دەستکردی مرۆڤە و لەسەر وێنەی وەستا گەورەکان نەبێت " و ئەوەشم پێزیاد دەکرد "شوکرو سوپاس بۆئەوەی وا ئێستا ئەمەمان پێنیشاندەدات " زۆردواتر خۆمم نەگرتەوەو وتم :"سەیری ئەمە بکەن"و چەند وێنەیەکم نیشاندان کەباسی ئەوین و دۆستایەتی و بەهارو خۆشییان دەکرد و شایستەی ئەوە بوون کە بخرێنە ناو هەرکتێبێکی غەزەلەوە . تەماشای درەختەکانی بەهارمانکرد کەوا پەل و پۆی کردبووەوەو سەیری درەختی سەروی باخچەیەکی وەکوو بەهەشتمان کرد کە عاشقان بەخۆشییەوە شەرابیان دەخواردەوەو لەوێدا شیعریان دەخوێندەوە، ولەم نێو بۆنی تۆزو کەڕووی ئەم ژوورەی خەزێنەدا وەکوو ئەوەمان لێهات کەبۆنی نەرمی لاشەی عاشقە

دڵخۆشەکان و گوڵەکانمان کردبێ . وتم:"سەیری جەنجاڵی لای دارە سەرەوەکەی پشتی عاشقەکان بکەن وا ئەو وێنەکێشە کێشاویەتی کەلە دڵەوە دەستی عاشقان و پێ ڕووتە جوانەکانیان و ناسکۆڵەیی ڕاوەستاندنەکانیان و دڵخۆشی ئەو پەلەوەرانەی کێشاوە کەلە دەوروبەریاندا هەڵدەفڕن ! ئەمە وێنەی (لوتفی بوخاراییە)، لەبەربەدخۆیی و بەر سروشتی خۆی هەموو وێنەیەکی بە نیوە ناتەواوی دەهێشتەوەو دەیگوت ئەم پاشا یان ئەو خان لە وێنە تێناگات و لەگەڵیاندا شەڕی دەکردو لە دواییدا ئەم شارەو ئەو شاری دەکرد و دەچووە لای ئەم پاشاو ئەو خان و ... تا وەکوو لەکۆتاییدا دەچێتە وێنەکێشخانەی خانێکی نادیارکە بەسەرهەرێمێکی بچووکدا حوکمی دەکرد و لەوێ دەمێنێتەوە و دەڵێ لەوانەیە کەهەرێمەکەی ژێر دەسەلاّتی ئەم خانە کەم بێ بەلاّم لە وێنەکێشان تێدەگات و بیست و پێنج ساڵی کۆتایی تەمەنی لەوێ تێپەڕدەکات . ئەمڕۆ بەگاڵتەوە باسی ئەوە دەکەن کە نەیزانیوە داخۆ ئەم خانە کوێر بووە یان نا؟" زۆر دواتر لەوە نیوە شەوەدا وتم: "چاوتان بەم لاپەڕە دەکەوێ ؟" ئەمجارە هەردووکیان بەمۆمدانەکەی دەستیانەوە بە هەڕاکردن هاتن . وتم : "ئەم کتێبە لە هەراتەو تاوەکوو ئێرە و لەزەمانی کوڕەزای تەیموورەو تاوەکوو ئێستا دە خاوەنی گۆڕیوە " هەرسێکمان پێکەوە ئیمزاکانی گۆشەی لاپەڕە نووسراوەکەو بەناوپێشکەشکردنەکان و ڕستەکانی مێژوو وناوی سوڵتانەکانمان بە هاوێنەکەی من گەورەکردەوەو خوێندەوە کە لەژیانی ڕاستیدا شەڕی یەکیان کردووە و یەکیان سەربڕیوە : ئەم کتێبە بەیارمەتی خودا لە ساڵی (840) ی کۆچیدا بەدەستی (سوڵتان وەلی) خۆشنووسی کوڕی موزەفەری هەراتی وە بۆ (عیسمەت و دونیا) (عصمت

www.pertwk.com

الدنیا) ی ژنی (موحەممەدی جووکی سەرکەوتوو)ی برای دەسەڵاتداری دونیا (بایسونگور) لە هەراتدا دروستکراوە . دواتر ئەوەمان خوێندەوە کە ئەم کتێبە گەیشتۆتە دەستی(سوڵتان خەلیلی ئاککویونلویی) و دواتر کەوتۆتە دەستی (یاقووب ئاغای) کوڕی و لەویشەوە گەیشتۆتە سوڵتانەکانی ئوزبەك لە باکوروو هەریەك لەوان خۆی بە کتێبەکەوە خەریك کردووە و یەك دوو وێنەی دەرخستووەو یەك دوانیشی پێ زیادکردووە و بەویستەوە وێنەی ژنەکانی خۆیان تێدا نەخشکردووە و بە شانازییەوە ناوی خۆیان لە پێشەکییەکەیدا نووسیوە، دواترگەیشتۆتە دەستی سام میرزای برای شا ئیسماعیل کە خانی هەرات بووە، ئەویش پێشکەشکردنە بە ناوەکەی دەگۆڕێ و پێشکەشی براکەی خۆی دەکا . شائیسماعیل ئەم کتێبە لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆ تەورێزو جوان جوان بۆهەدیە ئامادەی دەکات و پێشکەشکردنەکەی دەنوسێتەوە بەڵام کەسوڵتان یاوز سەلیم (جێگای بە بەهەشت بێ) لەشەڕی (چالدران)دا شکستی دەدات، کۆشکی (هەشت بەهەشتی) لە تەورێز تالاٌندەکرێ و ئەم کتێبە بەدەستی سەربازەکانی عوسمانیوە لەبیابان و چیاو چۆمەوە دەهێنرێتە خەزێنەکەی ئەستەنبووڵ .

ئایا ڕەشەو پیرە کورتە بالاٌکە چەندە لە جۆش و خرۆشەکەی من تێدەگەن ؟ چەندە لاپەڕەی کتێبەکانم هەڵدەدایەوە لە قولاٌیی دڵمەوە هەستم بە خەمێکی زۆر بەرامبەر چارەنووسی ئەو سەدان وێنەکێشە دەکرد کەوا هەریەك خەڵکی شارێکی گەورە یان بچوك بوون و سرشت و ڕەچەڵەکیان جیاوازبووەو خزمەتی پاشاو خان و ئاغایەکی غەداریان کردووە وچاوەکانی خۆیان کوێر کردووەو هونەریان نیشانداوە . کاتێك لاپەڕەکانی کتێبێکم هەڵدەدایەوە کەباسی شێوارزە سەرەتاییەکانی ئەشکەنجەی دەکرد،

بەشەرمێکەوە لێدانخواردنەکانی کاتی شاگردی و سووربوونی گوپەکانمان لەبەرزەربەکانی ناوەوەی جەدوەل و ئازارەکانی لێدانی سەرە تاشیاوەکانمان بەمۆرە مەڕمەڕنیەکانم دەهاتەوە یاد، نەمدەزانی ئەم کتێبەی وا بەپارەی گەشتیارە فەرەنسییەکان و بەدەستی چەند وێنەکێشێکی بێشەرەفەوە کێشراوەو لەباتی ئەوەی ئەوە نیشانبدات کەئەشکەنجە بۆ پێکهێنانی عەداڵەتی خودا لەژێر فەرمانی قازیدا شتێکی ڕەوایە، ئەوەی نیشانداوە کەئێمە چەند غەدارو بێبەزەیین، لێرەداو لە خەزێنەی عوسمانییەکاندا چیدەکات؟ بەلاٌم من لە ئەو فەلاقەو لێدان و چوارمێخەکێشان و قامچیلێدان و هەڵواسین و بزمارلێدان و خنکاندن و قوڕگبڕین و کردن بە خواردنی سەگی برسی وخستنە ناو ئاوی ساردو ڕنینی پرچ و شکاندنی پەنجەکان و گرتنەوەی پێست و لووت بڕین و دەرهێنانی چاوو ئەشکەنجە لەوجۆر شەرمم کردو هەستم بەوە کرد کە مەگەروێنەکێشێکی وەکوو ئێمە کەلە تەواوی سالاٌنی شاگردیدا فەلاقەکراوەو لێدراوەو لەبەرخراپ کێشانی جەدەولێك لەلایەن وەستایەکی تووڕەوە مشتی لێدراوەو شەیتانەکەی دەروونی مردبێ و بووبێ بە جندۆکەی نەخش، لە کێشانی وێنەی ئەشکەنجەکردن دڵخۆش ببێ و وەکوو بۆیاخکردنی کۆلارەی یاری مندالاٌن ڕەنگیان بکات . هەندێك کەسی دیکەش وەکوو چۆن سەیری وێنەی ناو کتێبەکان دەکرێ، تەماشای دونیای ئێمەش دەکەن و دەیانەوێخۆیانی لێ نێزیك بکەنەوەو لێی تێبگەن، بەلاٌم لەبەر ئەوەی سەبریان نیە، بڕواناکەم لە هەستی شەرمکردن و خۆشی و ئازارە قوڵەکانی من لەناو ئەم ژوورە ساردەی خەزێنەدا تێبگەن . کاتێ پەنجە پیرەکانی دەستم کەلەبەر سەرما هەستیارییەکەی خۆیان لە دەست دابوو،

www.pertwk.com

لاپەڕەکانیان هەڵدەداوە، هاوێنە دەسك سەدەفینە برنجەکەم و چاوی چەپم وەکوو لەق لەقێك کە تەواوی دونیای بینیبێ بەسەریاندا باڵیاندەداو بە بێئەوەی کە بێزاربن دیسان بەسەر سووڕماوییەوە تەماشای دیمەنەکانیان دەکردو بە دوای شتێکی تازەدا دەگەڕان.

کاتێ لە ڕووی ئەو لاپەڕانەی وا سالانێکە نیشانی ئێمە نەدراون و تەنیا ئەفسانەی زۆریانم بیستبوو، تێگەیشتم کە کام وێنەکێش لە کوێوە چی نێو بووە و ئەو شتەی وا ئەمڕۆ بە شێوازی تایبەت ناوی لێدەبرێ یەکەم جار لە لایەن کام وێنەکێشخانە و لە ژێر سەرپەرەشتی کام پادشادا دەرکەوتووە و کام وەستای ئەفسانەیی لە خزمەتی کێدا ئیشی کردووە و بۆ نموونە کاتێ کە دەمزانی ئەو هەورە چین چینیانەی وابە نەریتی چینی دەکێشرێ و ئێمە زاماندەزانی کە لە ڕێگای هەراتەوە هاتۆتە وڵاتی ئێران، لە قەزوێنیشدا بەکار براوە ، لەبەر خۆمەوە (وای !) یەکی ماندوم هەڵدەکێشا ، بەڵام لەبەر ئەوەی شەرمتان لێدەکەم باسی ئەوەتان بۆ ناکەم کە ئەو ئازارەی وا دەیکێشم لەبەر ئەو وێنەکێشانەیە وا ڕوخساریان وەکوو مانگە و لە سالانی شاگردیدا ئەو ڕوومەتەیان بە دەستی وەستاکانیانەوە ڕووکاوە و بە باڵانەمامییەکە و چاوە ئاسکەکانیان و جوانییەکانیانەوە بۆ کێشانی وێنەلە دڵەڕاوکێدا بوون و پەشۆکاون و لەگەڵ هەموو بچووك دیتن وسەرزەنشتێك کە بەرامبەریان کراوە بە گەرمایی و هیواوە لە وەستاکانیان و عەشقی هاوبەشی نەخش کێشانەوە نزیك بوونەتەوەولە کۆتاییدا لەبیر کراون و کوێراییان داهاتووە . لەبەر ئەوەی سالانێکی زۆر وێنەی شەڕ و شاییم بۆ پادشا کێشاوە ، ڕۆحم بە خەفەت و ئازارەوە ڕۆیشتە ناو دونیای ئەو هەستە جوان و ناسکانەی وا وێنەیان دەکێشرێت .

لە کتێبێکیتردا چاوم بە کوڕێکی لێو سووری کەمەر باریکی عەجەم(ئێرانی) کەوت کەوا ئەویش وەکوو من کتێبێکی گرتبوو بە باوەشەوە ، لەو کاتەدا ئەوەم بیر کەوتەوە کە ئەو شتەی وا پادشا تەماکارە زێڕ و دەسەڵات دۆستەکان لەبیریان چووە ئەوەیە کە هەموو جوانییەکانی ئەم دونیایە هی خودایە . لە لاپەڕەیەکی کتێبێکیتردا چاوم بە وێنەی جوانی دوو گەنجی دەرئاسایی کەوت کە عاشقی یەکبوون ، وەستایەکی گەنجی ئەسفەهانی ئەمەی کێشابوو ، عەشقی وێنەی شاگردە گەنجەکانی خۆم وەبیر کەوتەوە و بە چاوێکی فرمێسکاوییەوە دیسان سەیرم کردەوە . کچێکی باڵا نەونەمامی لێو گێلاسی،چاو بادامی و جامۆڵکە لووت، قۆڵی کوڕێکی وەکوو خۆی پێ بچووك و لاشە ڕۆشن و ناسکۆڵە و بێبازووی هەڵماڵی بوو. لاشەی جوانی ئەم کوڕە هەستی ماچکردن و مەرگی لە دەروونی مرۆڤدا زیندوو دەکردەوە ، لە دواییدائەم جوانکیلیە بۆ ئەوەی هێزی عەشق و گرێدانەکەی خۆی بە کچەکە نیشانبدات ، بە ئاگری نێوان دەستەکانیەوە خۆی دەسووتێنی و وەکوو ئەوەی تەماشای سێ گوڵ بکات تەماشای سێ ئیشارەتی عەشق دەکات . بە شێوەیەکی سەیر دڵم خێراتر دەستی بە لێدان کرد . حەفتا ساڵ بەر لە ئێستا لە کاتی شاگردیمدا چاوم بە وێنە نیوە ڕوتەکانی کوڕە لاشە مەڕ مەڕینەکان و کچە ناسکۆڵە مەمك بچکۆلەکان کەوتبوو کە بە شێوەی ڕەشایی قەڵەم کێشرابوون و لە تەورێزەوە هاتبوون ، وردە وردە دڵۆپەکانی عارەقی لەشم لە سەر تەوێڵم کۆ بوونەوە و ئەو کاتەم هاتەوە یاد کە چەند مانگ دوای ژن هێنان و بوون بە وەستا ، کوڕێکی جوانی فریشتە ڕوخساری چاو بادامی ، لاشە گوڵینیان بۆ شاگردی هێنایە لام و منیش هەستم بە قوڵایی بیروعەشقی وێنە کێشان کردبوو . بۆ ماوەیەك هەستم

www.pertwk.com

بەوە کرد کە وێنەکێشان پەیوندی بە شەرم و خەفەتەوە نیە بەڵکوو گرێدانی بەو داخوازیە هەیە وا ئێستا لە دەروونم دایە ، ئەم داخوازیە لە سەرەتادا هونەری وەستای وێنە کێش بەرەو لای عەشقی خودا دەبا و عەشقی خوداش دەگۆڕێتەوە بۆ عەشقی ئەو شتانەی وا لە دونیادا دەیان بینیٚ ، ئەم هەستەم بە شێوەیەك بوو کە بە تەختەکەی باوەشمەوە دانیشتم و بیرم لە هەموو ئەو لێدانانەی کاتی شاگردیم و بە بڕیار بوونم لە سەر کوێرای داهاتنم لە بەر وێنە کێشان وەکوو تامی سەرکەوتنێکی پڕ لە خۆشی کردەوە . وەکوو ئەوەی تەماشای شتێکی قەدەغە بکەم بۆ ماوەیەکی درێژ بە بیٚ دەنگیەوە تەماشای ئەم وێنەیەم کرد . زۆر دواتریش هێشتا هەر تەماشام دەکرد کە دڵۆپە فرمێسکێك لە چاوەکانم دابڕاو بە سەر گۆنامدا شۆڕ بووە وە و تێکڵاوی ڕیشەکانم بوو . کاتیٚ کە چاوم بە یەکێك لەو مۆمدانانە کەوت وا بە هێواشی لەناو ژووری خەزێنەدا دەگڕی و بەرەولای من دێت کتێبەکەم دانا و لەخۆمەوە یەکێك لەو کتێبانەم هەڵگرتەوە کە ماوەیەك بەر لە ئێستا کورتە باڵاکە لە تەنیشتمەوە داینا بوو . ئەمەش کتێبێکی تایبەت بوو کە بۆ پاشاکان ئامادە کرابوو :

لە سەوزەڵانیەکدا چاوم بە دوو ئاسکی عەشق کەوت کە چەقەڵەکان وەکوو دوژمن سەیریان دەکردن و بەخیڵییان پیٚ دەبردنەوە . لاپەڕەکەم هەڵداوە " هەندێك ئەسپی ئاڵم بینی کەوا تەنیا وەستا هەراتیەکان دەتوانن بیانکێشن ، چەندە جوانیش بوون !" لاپەرەکەم هەڵداوە "چاوم بە وێنەی میرزایەك کەوت کەوا بە خۆ متمانەیەکەوە دانیشتبوو ، وێنەیەکی حەفتا ساڵان بوو ، خۆی لە خۆیدا نەمدەتوانی لە ڕووی ڕوخساریەوە بزانم ئەمە کێیە چونکە لە هەموو کەسێك دەچوو . خەریك بوو بڵێم... کە هەوای

وێنەکە و ڕەنگکردنی ڕیشی کابرا بە چەند ڕەنگێك هەندێك شتی وەبیر هێنامەوە . دڵم تونتر لێیدەدا ، دەستە دەرئاسایەکی ناو وێنەکەم ناسیەوە. تەنیا وەستا گەورە بەهزاد دەیتوانی بەمجۆرە دەست بکێشێت . وەکوو ئەوە وابوو کە لە وێنەکەوە نورێك بە سەر دەم و چاومدا پژابێت. چەند جارێك لەمەوپێش وێنەکانی وەستا بەهزادم بینی بوو ، بەڵام دەبیٚ لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ وەستاکانیتردا تەماشام کردوون و لەوەش دڵنیا نەبووم کە ئەمانە وێنەی وەستا بەهزاد بن ئاوەها چاوم بریقەی نەداوەتەوە .وامدەزانی کە تاریکاییە قورسەکەی ژوورە بۆنی کەڕوودارەکەی خەزێنە ڕۆشن بووەتەوە . وێنەی ئەم دەستە جوانەم لەگەڵ ئەو قوڵەیوا بە ئیشارەتی عەشقەوە داخکرا بوو و ماوەیەك بەرلە ئێستا بینیبووم ، لەمێشکمدا هێنایە پاڵ یەك . و سوپاسی خودام کرد بۆ ئەوەی وا بەرلە مردن ئەم وێنە جوانانەی پێنیشان داوم . چۆنم دەزانی کە لە ماوەیەکی کورتدا کوێر دەبم ؟ نازانم ! بۆ ماوەیەك هەستم بەوە کرد کە دەتوانم هەست و بۆ چوونەکانم بەو ڕەشەیەی بڵێم وا بە مۆمدانەکەی دەستیەوە لە دوامەوە تەماشای ئەو وێنەی دەکرد کەوا من سەیرم دەکرد ، بەڵام شتێکیتر لە دەمم دەرکەوت . وتم : " تەماشای جوانی ئەم دەستە بکە ، هی بەهزادە . " وەکوو ئەوەی وا حەزی لێدەکەم مەچەکی دەمار دار و پان بوو . لە کاتی جوانیدا دەستی شاگردێکم دەخستە ناو دەستی خۆمم و و بەر لەوەی پێی بڵێم کە چۆن فڵچەکەی بگریٚ بە دەستەوە بە حەز و خۆشەویستیەوە تەماشای نێو ئەو چاوانەیم کرد کە دەترسان . وەها تەماشای ڕەشم کرد . لە بەر ڕۆشنایی بڵێسەی مۆمەکانی مۆمدانەکەی دەستیەوە چاوم بە گلێنەی چاوی کەوت . وتم :" ئێمەی وێنەکێش ، هەمووان برای یەکین ،بەڵام ئێستا هەموو شتێك

www.pertwk.com

تەواو دەبێ "

- " چۆن ؟ "

بە ڕەشەم گوتبوو کە ، وەکوو چۆن وێنە کێشێك کە ساڵانێك خزمەتی خاقانێك یان شازادەیەکی کردبێ و لەو وێنەکێشخانەکەیدا بە نەریتی وەستا کۆنەکان شتانی دەرئاسایی خو ڵقاندبێ بووبێ بە هۆی ئەوەی کە ئەم وێنەکێشخانەیە شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەبێ ، لە کاتێکدا کە پارێزەرەکەی یانی خاقانەکە لە شەڕدا شکست دەهێنێ دەزانێ کە وێنە کێشخانەکەی بە دەستی ئەو گەورە پیاوانەی وا لە دوای سەربازە پیرۆزەکانەوە بۆ تالانکردن دێنە ناو شار ، لە ناو دەبرێ و بەرگەکان خراپ دەکرێن و لاپەڕەکان تێکەڵ وپێکەڵ دەکرێن و ئەو شتە بچووکانەی وا ئەو لە نەخشەکێشاندا بڕوایان پێدەکات و حەزیان لێدەکات ،بچووك دەبینرێن و خراپ دەکرێن ، ئەو کاتە دەڵێ : " ئێستا هەموو شتێك تەواو دەبێ "، و دەیەوێ کوێربێ . دەبووایە ئەمانەم بەمجۆرە بۆ ڕەشە باس نەکردبایە .

گوتم : " ئەم وێنەیە وێنەی شاعیری گەورە(عەبدوڵای هاتیفی) یە . ئەم کابرایە ئەوەندە شاعیرێکی گەورەیە کە کاتێك شا ئیسمائیل دەچێتە هەرات وهەر کەس ماستاو چێتی بۆ دەکات ، ئەو ناچێت و شا ئیسماعیلیش ناچار دەبێ کە بچێ بۆ ماڵەکەی لە دەرەوی شار . لە ڕووی ئەو ڕەسمە تێناگەیین کە ئەمە وێنەی هاتیفیە بەڵکو لە نووسراوەکەی ژێر ڕەسمەوە تێدەگەین ، وانیە ؟ " ڕەشە بە چاوە جوانەکانیەوە تەماشای منی کرد و وتی : " بەڵێ "

وتم :" کاتێ کە تەماشای وێنەی ڕوخسارەکە دەکەین وادەزانین ئەمە دەتوانێ ڕوخساری هەرکەسێك بێ ، ئەگەر خوالێخۆشبوو عەبدوڵا هاتیفی

ئێستا لێرە بایە، نەماندەزانی کە ئەمە وێنەی ئەوە بەڵام لە هەوای وێنەکەدا و لەو دەستە جوانەی وا وەستا بەهزاد کێشاویەتی و لە ڕەنگەکاندا و لە جوانکاریەکاندا شتانێك هەن کە دەبن بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ یەکسەر تێبگات ئەمە وێنەی شاعیرێکە ، چونکە لە وێنەی ئێمەدا مانا لە پێشەوەی ڕوخسار دێت . ئێستاش لەو کتێبەی وا پادشاکەمان بە زاواکەتانی ڕاسپارد بوو ، بە لاسایی کردنەوەی‌نەریتی وێنە کێشە فەرەنسی و ئیتاڵییەکان ڕوخسار دەکەوێتە پێش ماناوە ، بە نەریتی فەرەنسییەکان ... "

ڕەشە بەبێ‌ئەدەبییەکەوە وتی : " زاواکەم ، خوالێخۆشبوو ، کوژرا . "

وەکوو شاگردێك کەئامادەی خوڵقاندنی شتانی نائاسایی بێت ، دەستم هێنا بە دەستی ڕەشەدا و نەوازشم کرد . بۆ ماوەیەك بە بێدەنگی تەماشای وێنەکەی بەهزادمان کرد . لە دواییدا ڕەشە دەستی لە ناو دەستم دەرکێشا و وتی : " بەر لەوەی بەباشی تەماشای وێنەی لمۆزی ئەسپەکانی لاپەڕەی پێشوو بکەین ، تێپەڕ بووین . "

وتم : " هیچ شتێکی تێدا نیە . " و بۆ ئەوەی کە بیبینێ لاپەڕەکەم هەڵدایەوە : هیچ شتێکی نائاسایی بەسەر وێنەی لمۆزی ئەسپەکانەوە نەبوو . ڕەشە وەکوو منداڵێك پرسیاری کرد وتی : " ئەی کەی ئەسپە لمۆز سەیرەکان دەدۆزینەوە؟ "

کاتێك کە لە نیوە شەودا من و کورتە باڵاکە شاهنامە ئەفسانەییەکەی شا تاماسووبمان لە ژێر قوماشی سەوز و تەتڵەسی ناو سندوقێکی ئاسنیندا دۆزیوە ڕەشە لەسەر قاڵییەکی سووری خزمەتکارێکدا سەری نابووە سەر سەرینێکی مەخمەڵین و خەوتبوو . کەچی کاتێك ئەم کتێبە

www.pertwk.com

ئەفسانەییەم دۆزیوە تێگەیشتبووم کە بۆ من تازە ڕۆژ دەستی پێکردووە . ئەوەنە گەورە و قورس بوو کە من و جەزمی ئاغا بە زۆر توانیمان هەڵیبگرین و دەریبهێنین .

کاتیٚ دەستمدا بە بەرگی ئەو کتێبەی وا بیست و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا لە دوورەوە چاوم پێکەوتبوو زانیم کە پێستی بەرگەکە تەختەی تێدایە . بیست و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا کاتێك سوڵتان سولەیمانی قانوونی کە سیٚ جار تەورێز داگیر دەکات ، دەمریٚ ، شا تاماسوب باری دەیان وشتر هەدیە و قورئانێکی کەریم و ئەم کتێبە جوانەی ناو خەزێنەکەی خۆی بە دیاری بۆ سوڵتان سەلیم دەنێریٚ . ئەو کاتەی کە سێسەد کەسە نێردراوەکەی شا تاماسووب و بارە وشتر و هێسترەکان دەگەنە ئەستەنبووڵ ، پاشاکەمان ڕۆیشتبوو بۆئەدیرنە بۆ ڕاوی زستانان ، ئەو کاتە سەرۆکی وێنەکێشان مەمیەرەش و ئێمەیانی سیٚ وەستا گەنجەکەی ڕۆیشتین بۆ تەماشا کردنی ئەم کتێبە . وەکوو ئەو ئەستەنبووڵیانەی بە هەڕا کردن دەڕۆیشتن بۆ تەماشاکردنی فیلێکی هیندوستانی یان وەکوو زەڕافەیەکی ئافریقایی ، ئێمەش بە خێرایی بەرەو کۆشك دەڕۆیشتین ، ئەو کاتانە ئەوەم لە وەستا مەمیەرەش بیستبوو کەلەبەر ئەوەی کاتێك وەستا بەهزاد لە هەراتەوە دەچێت بۆ تەورێز کوێر بووە ، دەستی لەم کتێبە نەداوە و وێنەی تێدا نەکێشاوە . تەماشا کردنی کتێبێك کە دووسەد وپەنجا ساڵ وێنەی گەورەی تێدایە بۆ کەسێکی وەکوو ئێمەی وێنە کێشی عوسمانی کە لەبەرامبەر کتێبە سادە حەوت هەشت ڕەسمییەکاندا سەرسام دەبووین وەکوو ئەوە وابوو لە کاتێکدا کە هەموو کەسێك خەوتبیٚ بەناو کۆشکدا بگەڕێین . بەبیٚ ئەوەی بڕوا بکەین و وەکوو ئەوەی کە تەماشای باخچەکانی بەهەشت بکەین

کەوا لە ئەنجامی موعجیزەیەکدا لە ماوەیەکی کورتدا لەبەر چاومان دیار بووە ، سەیری لاپەڕە دەوڵەمەندەکانی کتێبەکەمان کرد بوو . بیست و پێنج ساڵی دوای ئەوەشمان بە قسە کردن لەسەر ئەو کتێبە بەسەر برد والە ناو خەزێنەدا کلیلی لەسەر دراوە .

لەدوای بیست و پێنج ساڵ وەکوو ئەوەی کە دەرگای کۆشکێك بکەمەوە ، بە بێدەنگییەوە بەرگە ئەستوورەکەی ئەم کتێبەکەم کردەوە ، بەڵام کاتێك کە خشەخشی ئەو لاپەڕانە دەهاتە بەرگوێم واهەڵمدەدانەوە ، لەوەی زیاتر کە خۆشحاڵ ببم ، تووشی خەفەت و ناڕەحەتی بووم .

1- لەبەر ئەو قسەوباسانەی وا دەیانگوت وەستا ئەستەنبووڵییەکان هەریەکە و شتێکیان لەم کتێبە دزیوە و بەکاری دێنن ، سەرەنجم نەدایە سەر وێنەکان .

2- لەبەر ئەوەی بە وردی تەماشای پێنج شەش ڕەسمی نائاساییم دەکرد (لە دواییدا تاهموراس چەندە بە جوانی و بە ناسکی گورزەکەی لەسەری ئەو شەیتان و دێوانەداوە کە ئەلف و بێی یۆنانیو زمانە کانیتری پیٚفێر دەکەن !) بەڵکوو لە گۆشەیەکیدا چاوم بە دەستێکی جوان بکەویٚ کە بەهزاد کێشاویەتی ، نەمدەتوانی سەرەنج بدەمە سەر شتیتر .

3- لمۆزی ئەسپەکان و هەبوونی ڕەشە و کورتە باڵاکە ئاستەنگبوون لەبەردەم ئەوەی وا بەوردی تەماشای وێنەکان بکەم . ئەوەی کە لەباتی دڵدا بە چاوی عەقڵەوە تەماشای ئەو کتێبەی دەکەم وا خودا بەرلەوەی ئەو تاریکاییە مەحمەڵینەی کە وەکوو خێری خودا دێتە پێش چاوی هەموو وێنە کێشێك بێتە پێش چاوی من ، مەجالی سەیر کردنی پێداوم ، خۆی شتێك بوو کە خەفەتباری دەکردم . تاوەکوو ئەو کاتەی کە ڕووناکی بەیانی

www.pertwk.com

گەیشتە ناو ئەم ژوورە ساردەی خزێنەکە هەرچی دەچوو لە قەبرستان دەچوو ، تەماشای دووسەد و پەنجا و نۆ (دوسەو پەنجانیە) وێنەی ناو ئەو کتێبەم کرد بوو . بە عەقڵەوە تەماشام کرد بوو: باوەکوو ئەو زانا عەرەبانەی وا هیوایەتیان عەقڵە، جیاوازیان بکەمەوە و بڵێم :

1- لەنێو وێنەی ئەسپە ڕەنگا و ڕەنگەکانی ئەو کاتەی ڕۆستەم لەتوراندا ئەسپ دزەکان ڕاوەدوودەنێت و ئەو ئەسپانەی وا کاتێك شای عەرەبەکان ڕێگا بە فەرەیدوون نادات،و ئەویش بە مەلەکردن لە ئاوی دیجلە دەپەڕنەوە و وێنەی ئەو ئەسپە دەشتییانەی والە کاتێکدا تور لەبەر ئەوەی کە باوکی ئیرەجی لەوڵاتە جوانەکەی ئێران داناوە و ئەویشی لە وڵاتێکی ئاسیای دوور (لەچین) بەجێهێشتووە ، بە ناپیاوی سەری ئیرەجی برای دەبڕێ ، بە چاوێکی خەماوییەوە سەیری سرە بڕاوەکەی ئیرەج دەکەن و لە وێنەی ئەسپەکەی سوپا قارەمانەکەی ئەسکەندەر کە هازارەکان و میسرییەکان و بەڕبەڕییەکان و تازییەکان پشتیوانی لێدەکەن و وێنەی ئەو ئەسپە ئەفسانەییەی وا بە ئاوەکەی خۆیلووتی یەزدگرد چاك دەکاتەوە کەلەبەر ئەوەی خودا چارەیەکی ڕەش و خەماوی پێداوە دەستی بە سەرهەڵدان لە بەرامبەر خودا کردووە و لەدواییدا ئەو ئەسپە لە کەناری گۆمە شینەکەدا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و بە عەداڵەتی خودا دەکوژرێ و لە نێو سەدان وێنەی شەش حەوت وێنەکێشی لێهاتوودا چاوم بە ئەسپێکی لمۆز سەیر لە وێنەی لە وێنەی لمۆزی ئەو ئەسپانە نەکەوت وا پیاو کوژە ناپیاوەکە کێشاویەتی ، بەڵام بۆ ئەوەی تەماشای کتێبەکانیتری ناو وێنە کێشخانەکە بکەم لە ڕۆژێك زیاتر مۆڵەتم ماوە .

2- ئەوە بیست و پێنج ساڵە لەناو وێنەکێشاندا ئیدعا و قسە و باسێك هەیە : وێنە کێشێك بە مۆڵەتی تایبەتی پاشاوە هاتۆتە ناو ئەم خەزێنەیە و ئەم کتێبە دەرئاساییەی دۆزیوەتەوە و لەبەر مۆمدا وێنەیتری لە ڕووی وێنەی ئەسپ و درەخت و هەور و گوڵ و باخچە و پەلەور و شەڕ و خۆشەویستی ناو ئەم کتێبە لە نێو دەفتەری نموونەکانی خۆیدا کێشاوەتەوە و لە دواییدا کەڵکی لێوەرگرتوون... لە دواییدا ئەگەر کەسێك وێنەیەکی جوانی بکێشابایە و ئەوانیتر بەخیلییان پێ ببردایە ئەمەیان لەسەر دەگوت و دەیانگوت : کاری عەجەمانە ، لە تەورێزەوەیە ، و بەمانە بچووکیان دەکردەوە . ئەو کاتانە تەورێز بەشێکی وڵاتی پاشاکەمان نەبوو . کاتێك ئەم تۆمەتەیان دەخستە پاڵ من بە تووڕەییەکی ڕەواوە هەستم بە شانازی دەکرد ، بەڵام کاتێك کە لەسەر کەسێکیتر دەگوترا بڕوام دەکرد . ئەمڕۆ لەدوای بیست و پێنج ساڵ بە شێوەیەکی سەیر و بە خەفەتەوە تێگەیشتم کە لەدوای ئەو کاتەی وا ئێمە چوار کەسی تەماشای ئەم وێنانەمان کرد بوو، سەرەتا لە مێشکماندا نەخشمان کردوون و لە دواییدا بە گۆڕانکاری لە کتێبی پاشاکاندا دووبارە ئەوانەمان کێشاوەتەوە .

خەمم بۆ ئەوە نەدەخوارد کە پاشاکان ئەمجۆرە کتێبانە ناخاتە بەر دەستمان بەڵکوو لەبەر ئەوە ناڕەحەت دەبووم کە بۆ چی دونیای وێنە کێشانی ئێمە ئەوەندە بچووکە . چی وێنەکێشە کۆنەکانی هەرات بن و چی ئەوانەی تازە کاری قەزوین بن، ئەوەی ڕاستی بێت ، ئەوان لە ئێمە باشتر (وێنەکێشە عوسمانییەکان) وێنەیان کێشاوە .

بۆ ساتێك وەها بیرم کردەوە کە ئەگەر دووبەیانی من و وێنە کێشەکانم ئەشکەنجە بکرێین باش دەبێت و لە دواییدا بێبەزەییانە بە نوکی قەڵەم

www.pertwk.com

تراشەکەم ڕوخساری وێنەکەی بەر دەستم ڕووکاند . ئەمە وێنەی بەسەر هاتی ئەو زانا عەجەمەیە کە تەماشای تەختەی داماکە دەکات و فێری یاری شەترەنج دەبێت و کاتێك کە فێر دەبێت لە وەستا هیندییەکەی دەباتەوە ! درۆی عەجەمی ! یەك بە یەك ڕوومەتی ئەوانەی وا یاری دەکەن و ئەوانەش وا سەیریان دەکەن و چاو و ڕوخساری پاشاکەشم ڕووکاند . لاپەڕەکانم بەرەو دواوە هەڵداوە و وێنەی ئەو پاشایانەی وا بێبەزەییانە پێکەوە شەڕ دەکەن و هی سەربازەکانی لەشکرە دیدەنییەکان لە نێو زرێکانیاندا و سەرە بڕاوەکانیانم بێبەزەییانە پاك کردەوە .

کاتیٚ کە سیٚ لاپەڕەم والێکرد ، قەڵەمتراشەکەم خستە بەینی پشتوێنەکەم . دەستەکانم دەلەرزان ، بەڵام هەستم بە خراپی نەدەکرد . ئایا ئێستا لە هەستەکانی ئەو کەسانە تێگەیشتم کە ئەم کارەیان کردووە ولەماوەی پەنجا ساڵ تەمەنی وێنە کێشیمدا لەگەڵیاندا ڕوو بە ڕوویان بوومەتەوە ؟ دەمویست لەو چاوانەی وا پاکم کرد بوونەوە خوێن بڕژێتە نێو کتێبەکە .

3– ئەمەش من دەهێنێتە ئەو کاتە دواییانەی تەمەنم وا تێیدا هەست بە ئازار و سەرە خۆشی دەکەم. وەستا بەهزاد قەڵەمی لەم کتێبە نەداوە کەوا شا تاماسووب لەماوەی دەساڵدا بە قەڵەمی باشترین وێنەکێشەکانی وڵاتی عەجەم دروستکراوە . ئەو دەستە جوانانەی ئەو لە هیچ جێگایەکدا نەکێشرا بوون. ئەمەش ئەوەی پشتڕاست دەکردەوە کە بەهزاد لە کاتی کوێر بوونیدا لەو هەراتەی والە پێش چاو کەوتووە هاتووەتە تەورێز . بەمجۆرە بە خۆشییەوە جارێکیتر تێگەیشتم کە ئەو وەستایەی وا تەواوی تەمەنی کاری کردووە کاتێك کە گەیشتۆتە پلەی بیٚ کەمو کوڕی وێنە کێشە کۆنەکان ،

بۆئەوەی کە وێنەکەی خۆی تێکەڵاوی وێنە کێشخانەیەك و داخوازی پاشایەك نەکات خۆی کوێر دەکات.

لەو کاتەدا ڕەشە و باڵا کورتەکە بەرگێکی گەورەیان کردەوە و دایان نایە بەر دەستم .

بەبیٚ ئەوەی تووڕە ببم وتم : " نا ، ئەمە نیە ، ئەمە شاهنامەیەکی مەغولییە " ئەسپە ئاسنینەکانی سەربازە ئاسنینەکانی ئەسکەندەر لە نەفت پڕدەکەن و کاتێك ئاگری تێبەر دەدەن ، لمۆزەکانیان وەکوو چرایەك دەگڕێت و بەو جۆرە هێرش دەکەنە سەر دوژمنەکانیان . " تەماشای وێنەی ئەم لەشکرە ئاسنینەی ناوئاگرمان کرد کەوا لە وێنەی چینییەوە دەرکەوتووە .وتم : " جەزمی ئاغا ! هەدیەکانی ئەو نێردراوانەی عەجەم کە ئەم کتێبەشیان هێنا بوو و ئێمەش لە دواییدا سەلیم نامەشمان کێشا بوو ... " . یەکسەر سەلیم نامەکەی دۆزیوە و هێنایە بەر دەستم. لەو لاپەڕەیەی وا پێشکەشکردنی هەدیەکان بە سوڵتان سەلیمی ڕەحمەتی بە جوانی ڕەنگکراوە ، لە نێو لیستی هەدیەکانیدا چاوم لە خۆیەوە شتێکی دۆزییەوە کەلەبەر ئەوەی ئەوسا بڕوام پێنەدەکرد لەبیرم چوو بوو ! ئەو دەرزییە زێڕینە دەسك سەدەف و فیروزە نەخشینەی وا وەستای و وەستایان بەهزادی هەراتی بۆ کوێر کردنی چاوی خۆی بە کاری هێناوە .

پرسیارم لە کورتە باڵاکە کرد کە سەلیم نامەکە لەکوێدا بووە . لە نێوان تاریکایی ژووری خەزێنەدا لە بەینی سندوقەکان و قوماش و کۆگای قاڵی و دۆلابەکان و ژێر پلیکانەکانەوە ڕۆیشتین . چاوم بە سێبەرەکانی خۆمان کەوت کەوا گەورە و بچووك دەبوونەوە و دەکەوتنە سەر قەڵخان و شفرەی فیلەکان و پێستی پڵنگەکان . لە ناو ژوورێکدا لە ناو هەر ئەو ڕەنگە سوورە

www.pertwk.com

سەیرەی قاڵی و قوماشەکاندا خنکا بوو لە پاڵی ئەو سندوقەی وا شاهنامەکەمان لەوێدا دۆزیبووەوە چاوم بە کتێبێکیتر و هەندێك لە هەدیەکانی شا تاماسووب و قاڵی ئاورێشمینی ئەسفەهانی و شەترەنجێکی شفرەی فێل کەوت و لە نێوان ئەو ڕووپۆشانەی وا بەزێڕ و زیو ڕازاندراونەتەوە و لە پاڵ بەردەکانی سەیلان و لە نێوان خەنجەرە بەرد یاقووتینەکاندا قوتویەکی قەڵەمم بینی کە یەکسەر دیار دەبوو کە لە کاتی تەیموورەوە ماوەتەوە .

قوتوەکەم کردەوە ، لەگەڵ بۆنی کاغەزی سووتێندرا و گوڵدا دەرزییە دەسك فیروزە و سەدەفینەکە دەرکەوت . دەرزییەکەم هەڵگرت و وەکوو سێبەر گەڕامەوە بۆ جێگاکەی خۆم . کاتیٚ تەنیا مامەوە ئەو دەرزییەم دەرهێنا وا وەستا بەهزا خۆی پیٚ کوێر کرد بوو و دامنایە سەر لاپەڕەکانی شاهنامە و تەماشام کرد . نەتەنیا ئەو دەرزییەی وا خۆی پیٚکوێر کرد بوو بەڵکوو هەر شتێك کە ئەو گرتبێتی بە دەستەوە منی دەهێنایە لەرزە .بۆچی شا تاماسووب ئەم دەرزییە ترسێنەرەی لەگەڵ هەدیەکاندا ناردووە بۆ سوڵتان سەلیم ؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە ئەم پاشایە لەدوای ئەوەی کە منداڵییەوە پەروەردەی نەخش کێشانی بینیوە و لە جوانیدا وێنەکانی ئەم وەستایەی بە دەست گرتووە تەماشای کردووە ، شاعیر و وێنە کێشەکان لە خۆی دوور دەکاتەوە و دەست بەنوێژ و پاڕانەوە دەکات ؟ ئایا دەبیٚ کەلەبەر ئەو هۆیەش ڕازی بووبێت ئەو کتێبە لە دەست بدات کە وێنە کێشان دە ساڵ کاریان لەسەر کردووە ؟ ئایا ئەمەی بۆ ئەوە ناردووە کە هەر کەس بزانێت چارە نووسی وێنە کێشان خۆ کوێر کردنە یان وەکوو بۆ ئەوەیە کە بە گوێرەی ئەو باسە بێت وا لە کۆنەوە هەبووە و گوتوویەتی : " کیٚ

تەماشای ئەم وێنانە بکات ، نایەوێت چاوی بە دونیا بکەوێت " ؟ بەڵام بۆ ئەو پادشایەی کە لە کاتی لاویدا حەزی لە وێنە کردووە و ئێستا وەکوو زۆر پاشایتر لەکاتی پیریدا لە ترسی گوناح وازی لێدێنێت ، ئیدی ئەم کتێبە شتێکی دەرئاسایی نیە . ئەو بەسەر هاتانەم هاتەوە یاد کەوا وێنە کێشە پیرە بیٚئومێدەکان دەیانگێڕایەوە : کاتیٚ کە لە شەکرەکەی جیهانشای فەرمانڕەوای کاراکوێنلوەکان دەچنە شیراز ، (ابن حسام) ی سەرۆکە ئەفسانەییەکەی وێنەکێشانی شار بە دەستی شاگردەکەی خۆی چاوی خۆی داخ دەکات و دەڵیٚ : "من بە شێوەیەکیتر ناتوانم بەردەوام بم . " هەروەها دەیانگوت لە کاتێکدا کە سەربازەکانی یاوز سوڵتان سەلیم لەشکری شا ئیسماعیل شکست دەدەن و کۆشکەکەی هەشت بەهشت تالاّن دەکەن و شتەکانی دەبەن بۆ ئەستەنبووڵ ، وەستایەکی پیری عەجەمیش دێنن ، ئەڵێن ئەم وەستا لەبەر نەخۆشی کوێر نەبووە ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە نەیویستووە بە نەریتی عوسمانیەکان وێنە بکێشێت بە دەرمان خۆی کوێر کردووە . منیش نموونەی خۆ کوێر کردنی وەستا بەهزادم لە کاتی تووڕەییدا بۆ وێنەکێشانی خۆم دەهێنایەوە . ڕێگایەکی دووهەم نیە ؟ ئەگەر وەستای وێنە کێش لە کەنارێکەوە یان لە گۆشەیەکەوە نەریتە نوێکان پەسەند بکات ، ئایا ناتوانی کەمێکیش شێوازی وێنەکێشخانە و وەستا کۆنەکان بپارێزیٚ ؟

ڕەشاییەکم لەسەر نوکە تیژەکەی دەرزییەکەدا بەدیکرد ، بەڵام چاوەماندووەکانم دەریان دەخست کە ئەمە خوێنە یان وەکوو شتێکیترە . هاوینەکەم نێزیك کردەوە و وەکوو ئەوەی کە تەماشای وێنەی عەشقێکی خەماوی بکەم ماوەیەکیتر تەماشای دەرزییەکم کرد و خەیاڵی ئەوەم کرد کە

www.pertwk.com

داخۆ دەبێ بەهزاد چۆن ئەم کارەی کردبێ . مرۆڤ هەروا لە خۆیەوە کوێر نابێ ، دەڵێن ئەو تاریکاییە مەخمەڵینە لە ماوەیەکی درێژدا دەکەوێتە پێش چاوی مرۆڤ . کاتێ کە ڕۆیشتبووم بۆ ژوورەکەیتر چاوم بە ئاوێنەیەك کەوتبوو ، هەستام ڕۆیشتم و تەماشام کرد . درێژاییەکەی ئەم ئەم ئاوێنە کەوا لە شفرەی فیل دروستکرا بوو بە نووسراوەیەکی وەکوو گوڵ ڕازێندرابووەوە . تەماشای چاوەکانی خۆم کرد . گلێنەی چاوەکانم کە شەست ساڵە وێنەدەکێشن و تەماشای وێنەیان دەکرد شەپۆلی تیشکی مۆمدانەکە زێڕینەکەی بە جوانی دەبینی . جارێکیتر بە ویستەوە پرسیارم لە خۆم کرد و وتم وەستا بەهزاد چۆن ئەم کارە ی کرد ؟ وەکوو ژنێك کە چاو برێژی چاوم لەسەر ئاوێنەکە هەڵنەدەگرت ، دەستم لە خۆیەوە دەرزییەکەی دۆزییەوە و وەکوو ئەوەی کە هێلکەی وشترمرخ دەڕازێندرێننەوە و دەڵێن لە سەرەکەیەوە ، بەبێ هیچ دوودڵی و گومانێك و ڕاوەستانێك وبە لێبووردەییەکەوە دەرزییەکەم کرد بە نێوە ڕاستی گلێنەی چاوی ڕاستمدا . لەبەر ئەوەی چاوم بە کردەوەکەی خۆم دەکەوت دەروونی خۆمم دەخواردەوە . دەرزییەکەم بە ئەندازەی چارەکە پەنجەیەك کرد بە چاومدا و دەرمهێنا . ئەوەی دەستم هیوای تەمەنێکی پڕ لە جوانی و بێکۆتایی بۆ تەماشاکەری ئاوێنەکە و تەمەنێکی درێژی بۆ ئاوێنەکە دەخواست . بە پێکەنینەوە ئەو چاوەکەیتریشم والێکرد . ماوەیەکی درێژ بەبێئەوەی کە بجووڵێمەوە ڕاوەستام . تەماشای دونیا و هەموو شتێکم کرد . وەکوو ئەوەی وا خەیاڵم دەکرد ڕەنگەکانی دونیا ڕەش نەبوون بەڵکوو چوونە ناو یەکەوە . بەڵام لەسەر و لەخوار هێشتا چاوم بە هەموو شتێك دەکەوت . تۆزێك دواتر ڕەنگە کاڵەکەی تیشکی خۆر لە نێوان سوورابییە

خەستەکەی ژووری خەزێنەکەدا و ڕەنگی قوماشەکانەوە دابەزی و خەزێنەدار و پیاوەکانی هەر بەو ڕێو ڕەسمەوە مۆرەکەیان شکاند و دەرگاکەیان کردەوە . جەژمی ئاغا لامپاکان و مەنقەڵەکان و شتەکانیتری گۆڕیوە و نانی تازە و تووی وەرگرت و وتی : " هێشتا لە نێوان کتێبەکانی پادشادا بە دوای ئەسپە لمۆز سەیرەکان دەگەڕێین . چی لەوە جوانتر هەیە کە تەماشای وێنە جوانەکان بکەیت و ئەو دونیایە وەبیر بهێنیتەوە کەوا خودا بینیویەتی ؟ "

((ناوی من ڕەشەیە)) (52)

چاوەکانم بە سوورابییەکەی ژووری خەزێنە ڕاهاتبوو ، بەیانی کاتێك کە خەزێنەدار و ئاغاکانی بە ڕێو ڕەسمەکەی جاران مۆرەکەیان شکاند و دەرگاکەیان کردەوە ، تیشکی ڕۆژێکیتری زستان لە دەرگای حەوشەوی ئەندەروونەوە هاتە ناو، بەڵام چاوەکانم ئەوەندە بەو سوورابییە ڕاهاتبوون کە وامدەزانی ئەو تیشکە تەنیا شتێکە کە بینەرەکەی هەڵدەخەڵەتێنێ . وەکوو وەستا عوسمان ، لە جێگاکەی خۆمدا جوڵەم نەکرد : وەکوو ئەوە وابوو کە ئەگەر بجووڵێم هەوا کەڕووداره تۆزاوییەکەی ژووری خەزێنە کە بە دەست

www.pertwk.com

هەستی پێدەکریٚ و ئەو سەرپەتانەی وا بە دوایاندا دەگەڕێین بفڕێن و دەرچن . وەستا عوسمان وەکوو ئەوەی بە سەرسوورماوییەوە بۆ یەکەم جار تەماشای شتێکی دەرئاسایی بکات تەماشای ئەو تیشکەی دەکرد وا لە نێوان سەری ڕیزی یەکەمی ئاغاکانەوە دەهاتەوە ناو . شەو کاتێك تەماشای وێنەکانی دەکرد و لاپەڕەکانی شاهنامەکەی شا تاماسووبی هەڵدەدایەوە ، لە دوورەوە چاوم لێی بوو ، جار وبار سەرسامبوونێك لەروومەتیدا پەیدا دەبوو . جارجاریش سێبەرەکەی لەسەر دیوارەکە دەلەرزا ، بە وردی سەری نێزیکی هاوێنەکەی دەستی دەکردەوە و لەسەر لێوەکانی نەرماییەك پەیدا دەبوو ، وەکوو ئەوەی خۆی ئامادەی گێڕانەوەی ڕازێك بکات ولە دواییدا بەسەر سامی تەماشای دەکردەوە و هەندێك شتی لەبەر خۆوە دەگوتەوە . لەدوای داخرانی دەرگاکە لەنێوان نائاسوودەییەکدا کەرووی لە زیاد بوون بوو ، لە نێوان ژوورەکاندا هاتووچووم دەکرد ، وەها بیرم دەکردەوە کە لەم خەزێنەیەدا زانیارییەکی زۆرمان دەست ناکەویٚ و کاتەکەشمان بەشی ئەوە ناکا . لەبەر   ئەوەی هەستم بەوە کرد بوو کە وەستا عوسمان بەباشی سەرنج ناداتە سەر کارەکەی ، ئەو پەرۆشییانەیخۆمم بۆ باسکرد . وەکوو وەستایەکی ڕاستەقینە کە فێری نەوازشکردنی دەستی شاگردەکانی خۆی بووبێت ، بە شێوەیەکی زۆرخۆش دەستمی گرت . وتی : " کەسانی وەکوو ئێمە چارەیەکیان زیاتر لە پەنا بردنەبەر دەرگای خودا و بینینی شتەکان وەکوو ئەوەی وا ئەو دەبینیٚ نیە . لێرەدا لە نێو ئەم کەلوپەلانەداهەست بە نێزیك بوونەوەی ئەم دووانە دەکەم ، کاتیٚ کە نێزیکی بینینی شتەکان وەکوو بینایی خودا دەبینەوە ، ئەو کات عەداڵەتەکەی بۆ خۆی دێت ، سەیری ئەم دەرزییە بکە وا وەستا بەهزاد خۆی پیٚکوێر کردووە ... " .

کاتیٚ کە بەسەر هاتەبێبەزەییەکەی ئەم دەرزییەی دەگێڕایەوە بۆ ئەوەی کە باشتر بیبینم بە هاوێنەکەوە لەژێر نوورێکی پەمەیی دا تەماشای نووکە تیژەکەی ئەم شتە ناخۆشەم کرد .

وەستا عوسمان وتی : " وەستا کۆنەکان گۆڕینی هونەر و ڕەنگ و شێوازی خۆیانیان کە تەمەنێکیان پێبەخشیبوو ، وەکوو کێشەیەکی ویژدانی لێدەکرد و ئەوەی وا ئێستا باوە و ئەمڕۆ وەکوو پاشایەکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژیتر وەکوو پاشایەکی ڕۆژئاوایی تەماشای شتەکان دەکات لەلای ئەوان وەکوو بێشەرەفی وابوو . " چاوەکانی نەتەماشای منی دەکرد نەتەماشای لاپەڕەکەی بەردەمی دەکرد . وەکوو ئەوەی وابوو کە تەماشای ئەو سپییاییەی دەکات کەوا لەدواوەیە و دەستی کەسیش پێیڕاناگات . لەلاپەڕەکەی بەردەمیدا لەشکەرەکانی ئێران و تووران ، بە هەموو هێزێکیانەوە ڕژا بوونە ناویەك ، ئەسپەکان بەریەك کەتبوون و سوارەکانیش سپەرەکان و زرێکانیان کون بوون لاشەکانیان پارچە پارچە بوو بوو، سەر و دەستیان بڕا بوو ، سێنگە دوولەتکراوەکانیان ڕژا بوونە عەرز ، و شەڕکەرە قارەمانەکان بەرچاویان سوور بوو بوو بە خۆشی و شاییەکەوە شمشێرەکانیان لەیەك ڕاکێشا بوو و یەکتریان کوشتبوو . " وەستا کۆنە گەورەکان لەبەرامبەر شێوازی باڵادەستەکان و ناچار کردنی وێنەکێشان بۆ لاسایی کردنەوە و بۆ ئەوەی کە شەرەفی خۆیانبپارێزن ، ئەو کارەی وا لە دواییدا کوێری دەکردن قارەمانانە بە دەرزی تەواویان دەکرد و لەدوای ئەوە بەر لەوەی تاریکاییە سافەکەی خودا وەکوو خەڵاتێك بێتە پێش چاویان ، بە چەندین کاتژمێر یان وەکوو چەندین ڕۆژ سەریان لەسەر ئەو وێنەیە هەڵنەدەگرت وا دایاننابووە بەردەمی خۆیان و بەبیٚ وەستان تەماشایان

www.pertwk.com

دەکرد . لەبەر ئەوەی بە ساعەتان سەریان لەسەر ئەو وێنەیە هەڵنەدەبڕی جار و بار دڵۆپێك خوێن ڕژاوەتە سەر دەنیا و مانای وێنەکە و وەکوو لەیەك لەسەری ماوەتەوە ، لە دواییدا چاوی ئەم وەستا قارەمانانە بە هێواشی بەرەو نەرمایی کوێر بوون ڕۆیشتووە ! چ خۆشییەکە ! تۆ دەتزانی کەمن تاکاتی داهاتنی کوێراییم دەمەویست تەماشای چ وێنەیەك بکەم ؟ "

جارجار گلێنەی چاوەکانی گەورە دەبوو ، بچووك دەبووەوە ، وەکوو ئەوەی کە بییەوێت بیرەوەرییەکی کاتی منداڵی وەبیر بهێنێتەوە تەماشای دووردەستی دەکرد، وەکوو ئەوەی کە چاوی بڕیبێتە جێگایەکی دەرەوەی ژووری خەزێنەکە.

" وێنەی خەسرەو کە بە ئەسپەکەیەوە هاتبێتە بەر کۆشکەکەی شیرین و لەبەر عەشقەکەی بسووتێ ! بەڵام ئەگەر بە شێوەی وەستا هەراتییەکان کێشرابێ . "

لەوانەیە بۆ ئەوەی کە پەسنی وەستا کۆنەکان بداتەوە ئەو وێنەیەی بە هەوا شێعرێکەوە باسبکردایە.بەخۆتێوەرانێکی سەیرەوە قسەکەیم بڕی و وتم : " وەستای گەورەم ! ئەفەندم ! ئەو شتەی وا هەموو کات دەمەوێ تەماشای بکەم ڕوومەتە ناسکۆڵەکەی گیانەکەمە ، ئەوە سێ ڕۆژە کە لەگەڵیدا زەماوەندم کردووە ، دوانزە ساڵ بەتاسەوە بیرم لێکردۆتەوە . وێنەی عاشقبوونی وێنەکەی شیرین بە ڕەسمەکەی خەسرە و هەموو کات ئەمەم وەبیر دێنێتەوە . " باری گوزارشتکردنێکی بەسەر شانەوە بوو ، نەیدەتوانی لەروویدا بیشارێتەوە ، لەوانەیە مەراقێکی هەبێت ، بەڵام ئەمە لەسەر بەسەر هاتەکەی من و لاپەڕە خوێناوییەکەی بەردەمی نەبوو . وەکوو ئەوە وابوو کە بە هێواشی تەماشای مژدەیەك بکات .

لەناکاو دەرزییەکەم هەڵگرت و لەوێ دوور کەوتمەوە . لە سێهەمین ژووی خەزێنەکەدا لەو جێگایەی وا دەگاتە حەمامەکە ، گۆشەیەکی لێبوو کە هەدیە خراپ بووەکانی پاشا و فەرەمانڕەوا فەرەنسییەکان لەوێدا کۆ کرا بوونەوە و سەدان سەعاتی سەیری گەورەی لێبوو . لەوێدا بەباشی تەماشای ئەو دەرزییەم کرد کەوا وەستا عوسمان دەیگوت : وەستا بەهزاد خۆی پێ کوێر کردووە . لەبەر ئەو تیشکی ئەو ڕۆژەی وا لە چوار چێوە زێڕینەکانی ئەم ساعاتە کۆن و تۆزاوییانە و شووشە بلور و ئەڵماسەکانەوە دەگەڕایەوە ، جار وبار نووکە ئاڵتوونیە ڕووکەش پەمبەییەکەی ئەم دەرزییە دەبریقایەوە . ئایا بەراستی وەستا بەهزادە ئەفسانەییەکە بەم شتە خۆی کوێر کردووە ؟ وەستا عوسمان ئەو شتە مەترسیدارەی وا بەهزاد بەسەر خۆیدا هێنا بووی ، ئەنجامیداوە یان نا ؟ بەسەر ساعاتێکی گەورەوە بەرزایێکی بچووك بە ئەندازەی پەنجەیەك دەبوو ئاوێزانکرا بوو، لە نیگاکانیەوە وادەردەکەوت کە دەڵێ : (بەڵێ !) وایە . ئەم پیاوە کڵاو لەسەرەعوسمانیەش لەسەر ئەم کاتژمێرە وەکوو گاڵتەی سەعاتسازە لێهاتووەکەیە کە ئەمەی دروستکردووە . ئەمە لەلایەن پاشای فەرەنسەوە وەکوو هەدیە ناردراوە و بۆ ئەوەیە کە سەعات هەر چەندێك بێ ئەو پیاوە ئەوەندە سەر بلەقێنێ و بەم شێوەیە پادشا و ژنەکانی لەحەرەمدا سەرگەرم بکات . زۆر کتێبی ئاساییم هێنایە بەردەستی خۆم : کورتە باڵاکە بە خۆشییەکی بێبەزەییانەوە وتی ، پاشایەك کەبە سەر خۆشی پارە و دەسەڵاتەوە عەبد بوونی خۆی لەبیر بچێتەوە و وەکوو پادشاکان و شاکان ، بەنێوی خۆی کتێب بنووسێتەوە و بە ئەستێرەی زێڕین بیڕازێنێتەوە ، هەقی سەربڕانە . لە هەندێك لە ئەو کتێبانەوا بابەتی جۆرا و جۆر لە خۆ دەگرن و

www.pertwk.com

له کتێبه ڕازێندراوەکاندا و دیوانه ڕەسمدارەکاندا چاوم به وێنەی عاشقبوونی شیرین به وێنەکی خەسرەو دەکەوت و ماوەیەکی درێژ ڕادەوەستام و سەیرم دەکردن وێنەکەی خەسرەو لەناو ئەو وێنەیەدا وا شیرین له گەشتێکی خۆ بۆ گوند و لادێکانی ولاتدا تەماشای کرد بوو ، دیار نەبوو . ئەمه لەبەر ئەوه نەبوو که وێنه لەنو وێنەدا شتێکی بچکوولانەبێ و وێنەکێشان نەتوانن بەباشی بیکێشن. چونکه زۆر له وێنه کێشەکان دەیانتوانی لەسەر دانەیەکی برنج ،نینۆك یان تەنانەت تاڵه قژێکەوه کاربکەن و بەناسکی وجوانی وێنەیان لەسەر بکێشن . بۆچی ئەوکاته وێنەی ئەو خەسرەوەیان بەئاشکرایی نەدەکێشا ، کەوا شیرین تەماشای کرد بوو و عاشقی بوو بوو ؟ له خۆمەوه بیرم دەکردەوه و دەمگوت دوای نیوەڕۆ لەکاتێکی گونجاودا ئەم پرسیارانه له وەستا عوسمان دەکەم ، لەناکاو له لاپەڕەیەکی کتێبێکی فرەبابەتی تێکەڵ و پێکەڵدا که به هەڵکەوت هاتبووه بەر دەستم له نێو وێنەی شایی بووکێنییەکدا چاوم به وێنەی ئەسپێك لەسەر قاڵییەکی ڕاخراو کەوت . ئاهەنگی لێدانەکەی دڵم شێوا .لەوێدا ، لەبەرامبەرمدا ئەسپێکی لمۆز سەیری لێبوو . لەسەر پشتی خۆی بووکێکی نازداری هەڵدەگرت و تەماشای منی دەکرد . وەکوو ئەوه وابوو که ئەو ئەسپه سێحراوییه ڕازێکی بۆ دەدرکاندم .

وەك ئەوەی ناو خەیاڵم ، ویستم بقیڕێنم ، بەڵام دەنگم دەرنەدەهات . هەر که کتێبەکەم گرتەوه له نێو کەلوپەلەکان و سندوقەکانەوه بەرەو لای وەستا عوسمان هەڕام کرد . لاپەڕەکەم لەبەر دەستیدا کردەوه . تەماشای وێنەکەی کرد . کاتێ که هیچ بریقەیەکم له نێو چاوانیدا بەدینەکرد ، بەبێ ئارامییەکەوه پرسیارم لێکرد و وتم : " کونی لمۆزی ئەم ئەسپه وەکوو هی

ئەو ئەسپەیه کەوا بۆ کتێبەکەی زاواکەم دروستکراوه . "

هاوێنەکەی دەستی هێنایه سەر ئەسپەکه ، بەوئەندازەیەی که لووتی له لاپەڕەکه بدات ، هاوێنەکه و چاوی نێزیکی لاپەڕەکه کردەوه . لەبەرامبەر ئەو بێدەنگییەدا سەبرم نەما و وتم : " وەکوو ئەوەی وا دەیبینن ئەم ئەسپه به نەریت و شێوازی ئەو ئەسپەی که بۆ کتێبەکەی زاوا دروستکراوه نەکێشراوه ، بەڵام لمۆزەکانیان لەیەك دەچن ، وێنەکێش ویستوویەتی وەکوو چینیەکان تەماشای دونیا بکات . " تۆزێك بێدەنگ مامەوه . " بەزمێکی شایی ، ئەڵێی وێنەی چینییه، بەڵام ئەوانەی وا کێشاویانه چینی نین و کەسانێکی وەکوو ئێمەن . " ئێستا وەکوو ئەوه وابوو که هاوێنەکەی وەستا چەسپابێ به لاپەڕەکەوه و لووتیشی به هاوێنەکەوه .

بۆ ئەوەی که بتوانێ ببینێ نەتەنیا چاوەکانی ، بەڵکوو سەر و لووت و ماسووڵکەکان و پشته پیرەکەی و شان و ملەکانیشی بەهەموو توانایەکەوه خستبووه جووڵه . بێدەنگییەکی درێژ دروستبوو . لەدواییدا به هەسکه هەسکەوه وتی : " کونی لمۆزی ئەسپەکه براوه " . سەرم پاڵدا به سەری ئەودا و بەوجۆره ماوەیەکی درێژ تەماشای لمۆزی ئەسپەکەمان کرد . له ناکاو به خەمێکەوه هەستم بەوه کرد که تەنیا لمۆزی ئەسپەکه نەبڕاوه ، بەڵکوو چاوی وەستا عوسمانیش باش نابینێ .

–:" چاوتان پێیدەکەوێ ؟ "

وتی : " زۆر کەم ، تۆ باسی ئەسپەکەم بۆ بکە . " بەخەمێکەوه وتم : " به گوێرەی من ئەم بووکەخەمبارە سواری ئەسپێکی لمۆز بڕاوی دەشتی بووه و لەگەڵ پارێزەر و هاوڕێ نائاشناکانیدا دەچێ .

ڕوومەته ترشەکەیان و ڕیشه ڕەشه ترسێنەرەکەیان و نیو چاو و ئەبرۆ

www.pertwk.com

دریژەکەیان و سمێڵە گەورەکەیان و ئێسقانە پانەکان و عەباناسك و سادەکەیان و پێڵاوە بچووکەکانیان و تەور شمشێرەکانیان ئەوەی نیشاندەدا کە دەبێ ئەمانە خەڵکی ئەولای ئاوەکە بن (ماورالنهر) و تورکمانی ئاککویونلویی بن ، بە پێی ئەوەی کە ئەم بووکە جوانە شەو لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا و لەژێر ڕووناکی چرا و مەشعەلەکاندا سەفەر دەکات ، دەبێ کە ڕێگاکەی دوور بێ و لەوانەیە پڕەنسەسێکی خەمباری چینیش بێت . "

وەستا عوسمان وتی : " یان لەوانەیە وێنەکێشەکە بۆ ئەوەی قورسایی بخاتە سەر جوانی بووکەکە ، بەرەنگی سپی بۆیاخی کردبێ و وەکوو چینیەکان چاوەکانی ڕاکێشاوکێشا بێت . "

وتم : " هەرکە دەبێت با ببێت بەڵام من بەزەییم بەم جوانە خەمباردا دێتەوە کەوا بە نیوەشەو لەگەڵ هەندێك لە پارێزەری نەناسراودا بە بووکی دەچێت بۆلای مێردێك لەوڵاتێکی نائاشنا کەوا هیچ نەیبینیوە . "

لەدواییدا یەکسەر پرسیارم کرد و گوتم : " چۆن دەتوانین لەلمۆزە بڕاوەکەی ئەو ئەسپەوە کەوا ئەو لێی سوار بووە ، بزانین کە وێنەکێشەکەی ئێمە کێیە ؟ " وەستا عوسمان وتی : " تۆ لاپەڕەکانیتری کتێبەکە هەڵدەوە و باسی ئەوەم بۆ بکە کە چی دەبینی . "

کاتێ کە بەهەڕا کردن ئەم کتێبەم بۆ وەستا عوسمان دەهێنا ، کورتە باڵاکە لەسەر دانیشتنگەکەی(سیفۆن)ەکەی دانیشتبوو ، ئێستا ئەویش لەگەڵ ئێمەدا بوو ، هەر سێکمان پێکەوە تەماشای ئەو لاپەڕانەمان دەکرد وا هەڵمدەدانەوە .

چاومان بە وێنەی کچە جوانە چینیەکان کەوت کەوا بە شێوەی کێشانی

وێنەی بووکە خەمبارەکەمان نەکێشرا بوون، لە باخچەیەکدا کۆ بووبوونەوە و عودێکی سەیریان لێدەدا . چاومان بە وێنەی ماڵی چینی و داری سەوزەڵانی و کاروانە خەمبارەکان کەوت کە لە سەفەردان و دیمەنی جوانی سەوزەڵانیمان بینی کە بەقەدەر خەیاڵێك جوان بوون . چاومان بە دارە پێچاو پێچەکانی نەریتی چینی و گوڵە کراوەکان و بولبوولە دڵخۆشەکان کەوت کەوا لەم پەل بۆ ئەوەیتر شەقەی باڵیان لێدەدا . چاومان بە وێنەی شازادەکان کەوت کەوا بەپێی نەریتی خوراسان لە چادرەکانیاندا دادەنیشن و لەسەر عەشق و شەراب قسەیان دەکرد . باخچەی دەرئاسایی و وێنەی ئەو پیاوە ماقووڵانەشمان بینی کەوا بەسەر ئەسپێکەوە شاهینێکیان بەسەر باڵەوە بوو و بۆ ڕاو دەچوون . لە دواییدا وەکوو ئەوەی کە شەیتانێك تێپەڕ بووبێ ، هەستمان بەوە کرد کە زۆربەی کات خراپییەکانی ناو وێنەشتانێکی ژیرانەن . ئایا وێنەکێشەکە شتێکی گاڵتە پێکەرانەی تێکەڵاوی وێنەی شازادەکە کردووە کەوا بە شمشێرە گەورەکەی خۆی ئەژدیهاکە دەکوژێ ؟

ئایا چێژێکی لە نەداری گوندییە فەقیرەکان وەرگرتووە کەوا لەبەرامبەر شێخدا چاوەڕێی لێبووردن و ساخبوونەوە دەکەن ؟ ئەم وێنەکێشە زیاتر لە کاتێکدا کە وێنە چاوی خوماری دوو سەگی لەکاتی چەقاندا لاخۆشبوو یان بە ڕەنگی سووری شەیتانی بۆیاخکردنی دەمە پێکەنیناوییە کراوەکەی ژنان کەیف خۆشتری دەکرد؟ دواتر چاومان بە خودی شەیتانەکانی وێنەکێشەکە کەوت : ئەم گیانلەبەرە سەیرانە لەوێنەی ئەو دێو وجندۆکانە دەچوون کەوا بە دەیان جار لەلایەن وێنە کێشەکانی هەرات و ئەوانیترە وە کێشراونەتەوە ، بەڵام هونەرە گاڵتەکەرەکەی وێنەکێشەکە وایکرد بوو کە

www.pertwk.com

ئەمانە زۆر خراپتر و هێرشکەرتر لەوان دیاربن و زیاتر لە مرۆڤ بچن . بالآیان بەقەدەر مرۆڤێك دەبوو ، بەلآم وجوودیان بچووکتر بوو ، شاخەکانیان گرێدار بوو ، کلکیان وەکوو هی پشیلە وابوو ، کاتێ کە تەماشای ئەم شەیتانە مەترسیدارانەمان کرد پێکەنین . هەرچی لاپەڕەکانم هەڵدەدایەوە ، ئەم شەیتانە رووتە ، ئەبرۆ پرپشتە ، روومەت گێلە ، چاو زلە ، ددان درێژە ، نینۆك لەگەڵ یەکدا زۆرانیان دەگرت و پێکەوە شەڕ و ئاژاوەیان دەکرد ، لە دواییدا ئەسپێکی گەورەیان دزی بوو بۆ قوربانی کردن بۆ خوداکەیان و هەڵدەقونین و داریان دەبڕی و سوڵتانە جوانەکانیان بە تەختە ڕەوانەکەیەوە دەدزی و ئەژدیهایان دەگرت و خەزێنەیان دەبڕی . لەنێو ئەم بەرگەدا کە چەندین وێنە کێش قەڵەمیان لێداوە ، ئەو وێنە کێشەی وا شەیتانەکانی کێشا بوو بە ڕەشایی قەڵەم وێنەی دەروێشە قەلەندەرییەکانی بە گۆچانی دەستیان و زنجیری ملیان و سەر و ملە شێواوەکانیان و قژە هەڵکەندراوەکانیانەوزە کێشا بوو ، کاتێ ئەمەم بۆ وەستا عوسمان باسکرد داوای لێکردم کە لایەنە لەیەك چووەکانیان دووبارە بکەمەوە و بە وردی گوێی لێڕادەگرتم . لە دواییدا وتی : " برینەوەی لمۆزی ئەسپەکان بۆ ئەوەی باشتر هەناسە وەربگرن و غار بدەن عادەتی سەدان ساڵەی مەغوولەکانە . کاتێ کە لەشکرەکەی هۆلاکۆخان بە ئەسپەکانیان تەواوی وڵاتی عەرەب و عەجەم و چین دەگەڕێن و دەچنە بەغدا و ئەوێ تالآن دەکەن و کتێبەکان دەخەنە ناو ئاوی دیجلە ، خۆشنووسی بە ناو بانگ و دواتر وێنە کێشی لێهاتوو (ابن شاکر) وەکوو ئەوەی هەموو کەسێك دەیکرد لە باتی بەرە و باشوور بچێت بەرەو باکوور یانی ئەو شوێنەی وا سەربازە چەپاوکەرەکانی مەغوول لەوێوە هاتبوون ڕۆیشتووە . لەو کاتانەدا لەبەر

ئەوەی دەیانگوت قورئانی کەریم وادەڵێ ، وێنەیان نەدەکێشا و وێنەکێشانیش بە جیددی وەرنەدەگیران . وەهام بیستبوو کە دەیانگوت پیری گەورە و وەستای هەموومان وەستا (ابن شاکر) کە گەورەترین ڕازی پیشەکەمان یانی تەماشاکردنی دونیا لە منارەوە و توانایی بینینی خەتی ئاسۆ بە روونی و کێشانی هەموو شتێك (لەهەورەوە بگرە تا حەشەرەیەك) بە شێوازی چینییەکان لەوەوە فێر بووین و قەرزاری ئەوین ، لەکاتی ڕۆیشتن بەرە و دڵی جێگای سەربازە مەغوولەکان و لە ڕێبوارییە مێژوویییەکەی خۆیدا بۆ ڕۆیشتن بۆ باکوور تەماشای کونی لمۆزی ئەسپەکانی کردووە . بەبێ ئەوەی گوێ بداتە زۆری و زەحمەتی ڕێدەکەوێ و لەساڵێکدا دەگاتەوە سەمەرقەند، بەلآم لەوێنەی ئەو ئەسپانەدا کە ئەو لەکاتی نەخش کردنی کتێبدا کێشاویەتی ، جێگایەی کە بینیبێتم و گوێم لێبووە وێنەی ئەسپی لمۆز براوی تێدا نەبووە . چونکە وێنەی ئەو ئەسپانەی وا لە خەیاڵی ئەودا دەردەکەون ، وێنەی ئەو ئەسپە بەهێزە سەرکەوتووانەی مەغوولەکان نەبووە ، بەڵکوو وێنەی ئەو ئەسپە ناسکۆڵانەی عەرەب بووە وا بە خەمێکەوە بەجێیهێشتبوون . لەم ڕووەشەوە لمۆزە سەیرەکەی ئەو ئەسپەی وا بۆکتێبەکەی زاوا نەخشکراوە بۆ من بیر هێنەرەوەی ئەسپەکانی مەغوول و ئەو عادەتیە وا مەغوولەکان لە خوراسان و سەمەرقەندا جێگیریان کردووە ، نەبوو!"

وەستا عوسمان جارجار سەیری من و جارجاریش سەیری کتێبەکەی دەکرد و قسەی دەکرد بەلآم وەکووئەوەی وابوو کە ئەو شتانە دەبینێ وا خەیاڵی دەکردن .

- " ئەوەی وا بەرێگای لەشکەری مەغوولەوە تا وڵاتی عەجەم و

www.pertwk.com

تائێرەش هاتبوو تەنیا بڕینی لمۆزی ئەسپ و وێنەی چینی نەبوو ، بەڵکوو ئەم شەیتانانەی ناو ئەم کتێبەش هاوردەی ئەوان بوو . ئەوەتان بیستووە کە ئەوانە نێردراوەکانی هێزە ڕەشاییەکانی دونیای ژێر زەوین و ژیانی ئێمەی مرۆڤ و شتە بە بایەخەکانمان دەدزن و دەمانبەن بۆ ژێر مەرگ و تاریکایی . لەم دونیایەی ژێرەوەدا ، هەموو شتێك،هەور و درەخت و کەلووپەلەکان و سەگەکان و کتێبەکانیش ڕۆحیان هەیە و قسەدەکەن . "
کورتە بالاکە وتی : " بەڵێ ، خواشایەتمە کە هەندێك لەو شەوانەیوا بەباشی دەرگاکە دادەخەم بەتەنیا سەعاتەکان قاپە چینییەکان و ئەو کاسە بلوورینانەی وا هەمیشە زرنگەزرنگ دەکەن ، پێکەوە قسەناکەن ، بەڵکوو ڕۆحی هەموو ئەو تفەنگ و شمشێر وقەڵخان و کلاوە ئاسنینە خوێناوییانە ، نائاسوودە دەبن و لەو تاریکاییە کوێرەدا وەها دەست بە قسە دەکەن کە ئەم ژووری خەزێنە دەبێ بە مەیدانێکی شەڕی مەحشەر." وەستا عوسمان وتی : " دەروێشە قەلەندەرییەکان ئەم بڕوایان لە خوراسانەوە بردە وڵاتی عەجەم و لەوێشەوە هێنایانە ئەم ئەستەنبووڵەی خۆمان . کاتێ کە یاوز سوڵتان سەلیم شا ئیسماعیل شکست دەدا وکۆشکی هەشت بەهەشت تالان دەکات ، یەکێك لە نەوەکانی تەیموور بە ناوی (بدیع الزمان میرزا) بەشا ئیسماعیل خەیانەت دەکا و لەگەڵ دەروێشە قەلەندەرییەکانیدا بەشداری ڕیزەکانی لای یاوز سەڵتان سەلیم دەکات . کاتێك یاوز سوڵتان سەلیم جێگای بە بەهەشت بێ لەنێو بەفر و بەو زستانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبووڵ لە دەرەوەی دوو ژنە لاشە سپییە ، چاو بادامییە ، جوانەکانی شا ئیسماعیل کە لەشەڕی چاڵدراندا شکستی خوارد بوو ، ئەم هەموو کتێبەشی لەگەڵدا بوو کەوا شائیسماعیل لەدوای شکستدان و تالان کردنی

مەغوولییەکان کە خاوەنی پێشووی تەورێز بوون و ئیلخانیەکان و جەلایرییەکان و کاراکویونلوەکان و ئوزبەکەکان و عەجەمەکان و توورکەمەنەکان و تەیمووریيەکان ، هەموویانی لە کتێبخانەکەی کۆشکەکەی هەشت بەهەشتیدا شارد بووەوە . "

بەڵام ئیدی لە نیگاکانیدا ئەو کەموکوڕییەی دۆزینەوەی هەدەف والە کوێرەکاندا هەبوو ، بەدی دەکرا :   ئەو هاوێنە دەسك سەدەفینەی لەبەر بینین نەگرتبوو بەدەستەوە ، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو کە عادەتی پێکردبوو . تۆزێك بێدەنگ ماینەوە . کورتە بالاکە وەکوو ئەوەی کە گوێی بۆ بەسەر هاتێکی خەماوی ڕابگرێ گوێی ڕادەگرت ، وەستا عوسمان بەرگێکی بۆ تاریف کرد و داوای لێکرد کە بیهێنێ . کاتێ کورتە بالاکە ڕۆیشت بە دڵپاکی و سادەییەوە پرسیارم لەوەستاکەم کرد و وتم : " ئەگەر وابوو کێ وێنەی ئەسپەکەی ناووێنەی زاواکەمی کێشاوە ؟ "

وتی : " لمۆزی هەردوو ئەسپەکەش بڕاوەیە . بەڵام لەسەرمەقەندبێ یان وەکوو لە (ماوەرا ئوننەهر) بێت . ئەم ئەسپە هەر بە نەریتی چینییەکان کێشراوە . نموونەی ئەم ئەسپەجوانە زۆر بەکەمی پەیدا دەبن ! ئەوە ئەسپ نەخشکراوە ئەسپی مەغوولی نیە . "

چپاندم بە گوێیەوە و وتم : " بەڵام کونەکەی وەکوو هی ئەسپێکی ڕاستەقینەی مەغوولی بڕاوە . "

" چونکە لەو کاتەی وا مەغوولەکان پاشەکشەیان کرد و تەیموورو کوڕەکانی جێگایان گرتەوە تا   دووسەد ساڵ بەر لە ئێستاش ئەگەر وەستایەکی هەراتی وێنەی ئەسپێکی بکێشایە ، یان ئەسپێکی لمۆز بڕاو یان وەکوو وێنەی ئەسپێکی لمۆز بڕاو یان وەکوو وێنەی ئەسپێك لەو

www.pertwk.com

چەشنەی وەبیر دەهێنایەوە کەس نازانیٚ کە کام لاپەڕەی کام کتێبە و بۆ کام پادشا دروستکراوە " بەڵام لەوە دڵنیام کە ئەو کتێبە و ئەو ڕەسمە لە کۆشکێکدا یان وەکوو کێدەزانیٚ لەوانەیە لە حەرەمی پادشایەکدا پەسند کرابیٚ و ماوەیەك بووبیٚ بە ئەفسانە ! لەوەش دڵنیام کە هۆی زیاد بوونی ئەم ئەسپە لمۆز بڕاوەش ئەوەیە کە وێنەکێشە ئاساییەکان بە بەخیڵیبردنەوە و قسە کردن لاسایی ئەوەیان کێشاوە و نموونەی زۆریان لێدروستکردووە . بەمجۆرەش ئەسپ و کونی لمۆزەکەشی بوون بە قاڵب و لە مێشکی وێنە کێشەکانی ئەو وێنە کێشخانەیەدا ماوەتەوە . لەدوای سالانێك کاتێك کە پادشاکانی ئەم وێنە کێشانە لەشەڕدا شکستیان هێناوە ، ئەوانیش وەکوو ژنانی حەرەم ئەفەندیتریان بۆ خۆ دۆزیوەتەوە و وڵاتەکەی خۆشیان گۆڕیوە و لەمێشکی خۆشیاندا ئەو ئەسپانەیان بردووە کەوا لمۆزیان بە ناسکی و جوانی بڕا بوو و لەوانەیە زۆر لەو وێنە کێشانەی کەوا لە گۆشەیەکی مێشکیاندا وێنەی ئەم ئەسپە لمۆز بڕاوەیان پێبوو ، لەبەر وێنە کێشخانەکان یان بە نەریتی وەستاکانی ئەویٚ ئەوەیان نەکێشابیٚ و لەبیریان چووبێتەوە . بەڵام هەندێك لەوانەش لەگەڵ ئەوەی کە خۆیان کێشاویانەتەوە گوتوویانە ئەم (ئەسپە لمۆز بڕاوە) نەریتی وەستا کۆنەکانە و فێری شاگردە جوانەکانیشیان کردووە . بەمجۆرەش لەدوای سالانێکی درێژ لە پاشەکشەی مەغوولەکان لە وڵاتەکانی عەجەم و عەرەب و سەدان ساڵ دوای ئەوەی کە شارە کاولکراوەتالانکراوەکان دووبارە ئاوادان کراونەتەوە ، دیسان هەندێك لە وێنە کێشەکان بڕوایان بەوە هەبووە کە ئەسپی لمۆز بڕاوی بە هێزی مەغوولی قاڵبێکە و لەڕوویان کێشاونەتەوە . هەروەها لەوەش دڵنیام کە هەندێك لەوانەش ئاگایان لەسوارەکانی مەغوولی و ئەسپە

لمۆز بڕاوەکانیان نەبووە و گوتوویانە: " ئەمە قاڵبە " و وەکوو وێنەکێشخانەکەی ئێمە کێشاویانەتەوە. بە هەستێکی سەرسامبوونەوە وتم : " وەستای من !ئەفەندم ! لەراستیدا شێوازی (نەدیمە) وەکوو ئەوەی ئێمە چاوەڕوانمان دەکرد ئەنجامی هەبوو ، هەر وێنە کێشێك ، ئیمزایەکی شاراوەشی هەیە . "

بەشانازییەکەوە گوتی : " هەر وێنەکێش نا بەڵام هەر وێنە کێشخانەیەك هەیەتی ، تەنانەت هەندێك وێنەکێشخانەش ئەوەیان نیە ، بەڵکووەکوو هەندێك لەو خێزانانەی وا سالانێکی درێژ هەر مێشکێکی دەنگێك دەردەخا و کەسیان لەوە تێناگەن کە دڵخۆشی لە پێکەوە گونجاون دیٚ و پێکەوە گونجانیش دەبیٚ بەخۆشی . هەندێکیان بە نەریتی چینی و هەندێك وەکوو تورکمانەکان و هەندێکیش وەکوو شیرازییەکان ومەغوولەکان وێنە دەکێشن و وەکوو ژن و مێردێکی ئاژاوەچی خەمبار پێکەوە شەڕ دەکەن و شێوازێکی هاوبەشیان نابێت." ئێستا زۆر بەباشی دیارە کە شانازی بە خۆیەوە دەکات ، ڕوومەتی ئەو پیرە پیاوە بە ئازارەی وا هەمیشە دەمبینیٚ ئێستا گۆڕا بوو بۆ ڕوخساری پیاوێکی کەللەرەقی تووڕەکە دەیەوێت هەموو هێزێکی خۆی لەدەستیدا کۆ بکاتەوە . وتم : " وەستام ئێوە لەماوەی بیست ساڵدا لێرەدا لە ئەستەنبووڵدا وێنە کێشەجودا سرشت و جودا خوێنەکانی هەر چوار لای دونیاتان کۆ کردۆتەوە و کردووتانە بە شێوازی عوسمانی . " بۆچی ئەو حەیران مانەوەی وا تۆزێك بەرلە ئێستا بە هەموو دڵمەوە هەستم پێکرد ، ئێستا کاتێك لە ڕوویدا گوتمەوە بوو بە دوو ڕووییەکی ماستاوچییانە ؟ بۆ ئەوەی کە بتوانی لەدڵەوە پەسنی یەکێك بدەیتەوە کەلە دەروونەوە حەیرانی هونەر و وەستایەکەیی ، ئایا پێویستە کابرا دوور لە

www.pertwk.com

دەسەڵات و پلەبێ و بێچارە بێت ؟ گوتی: " ئەم کورتە باڵایە چی لێهات ؟ " وەکوو ئەوخاوەن هێزانەی وا حەز لە ماستاوچێتی و پەسندانیان دەکەن و ئەوەیان بەبیر دەکەوێتەوە کە دەبێ حەزیان لێنەکەن ئەم قسەیەی گوتبوو : لەبەر ئەوەی دەیویست وەها دیار بکات کە دەیەوێ بابەتی قسەکە بگۆڕێ . چپاندم بە گوێیەوە و وتم : سەرەڕای ئەوەی کە وەستایەکی گەورەی نەریتی و ئەفسانەی عەجەمین ، توانیوتانە دونیایەکی نەخشکێشان بخوڵقێنن کە شایستەی هێز و جێگای عوسمانیەکان بێ . ئێوە هێزی شمشێری عوسمانی و ڕەنگە گەشنبینەکانی سەرکەوتنەکانی و مەراقی کەلوپەل و سەربەستی و ئاسوودەیی ژیانەکەیتان هێناوەتە ناو وێنەوە . وەستام ! بەشەرەفترین و پڕ شانازیترین کاتی ژیانم ئەمەیە کەوا ئێستا لەگەڵ ئێوەدا تەماشای وێنەی وەستا کۆنەکان دەکەم و ... " . بەمجۆرە لەسەر یەک بابەت ماوەیەک چپاندم بە گوێیەوە . لە ناو ژوورە تاریک و ساردە پەرش و بڵاوەکەی خەزێنەدا کەوەک پاشماوەی مەیدانێکی شەڕ دەچوو ، ورگمان لەیەک دەکەوت ، ئەمەش خۆی مەحرەمیەتی دەبەخشی بە قسەکانی من . لە دواییدا وەکوو ئەوەی وا لە هەندێک کوێرەکاندا هەیە و ناتوانن ئاگاداری چۆنیەتی گوزارشتەکانی ڕوومەتی خۆیان بن ، لەنێو چاوەکانی وەستا عوسمانیشدا ، نیگای خەستی کابرایەکی پیرم لە خۆشیدا بەدی دەکرا . هەندێک جار لەبەر ئەوەی بەراستی لە دڵەوە وا هەستمدەکرد هەندێک جاریش لەبەر ئەوەی وا بەزەییم بە کوێران دەهاتەوە پەسنم دەدایەوە . بە پەنجە ساردیەکانیەوە دەستمی گرت . نەوازشی باڵەکانمی کرد و دەستی هێنا بە ڕوومەتمدا .

وابزانم هێز و پیر بوونەکەی ئەو لە ڕێگای ئەو دەستانەوە هات بۆ من ،

بیرم لە شەکورە دەکردەوە وا   لەماڵدا چاوەڕێی منی دەکرد . هەندێک لاپەڕەی کراوە لەبەردەمماندا هەبوون ، بە بێئەوەی کە بجووڵێنەوە ڕاوەستا بووین . پەسندانەکانی من و بەزەیی هاتن و سەرسام بوونەکانی ئەو لەبەرامبەر خۆیدا ماندووی کرد بووین ، بەڵام گوێمان نەدایە . شەرممان لەیەک دەکرد . جارێکیتر پرسیاری کرد و وتی : " کورتە باڵاکە چی لێهات ؟ " لەوە دڵنیا بووم کە کورتە باڵا ساختەچییەکە خۆی شاردۆتەوە و لە گۆشەیەکەوە بە دزیوە تەماشای ئێمە دەکات .وەکوو ئەوەی کە بەدوای ئەودا بگەڕێم سەرم بە شانی چەپ و ڕاستدا گەڕاندەوە بەڵام بە وردی چاوم بڕیبووە نێو چاوانی وەستا عوسمان . . کوێر بوو بوو، یان وەکوو دەیەویست ئەوە بسەلمێنێ کە خۆی وەهەر کەسێکیتریش کوێرە ؟ هەندێک لە وەستا کۆنە بێ هونەرە لێنەهاتووەکانی شیراز بۆ ئەوەی کە ڕێزیان لێبگیردرێ و لێنەهاتوویی و سەرنەکەوتنەکانی خۆیان بشارنەوە لاسایی کوێرەکان کردۆتەوە . وتی : " دەمەوێ لێرەدا بمرم " وەکوو ئەوەی کە ماستاوی بۆبکێشم وتم : " وەستای گەورەم ! ئەفەندم ! لەم زەمانە خراپەدا کە بە نەخش بایەخ نادرێ و تەنیا گرنگی بە پارەکەی دەدرێ و لاساییکردنەوەی فەرەنسییەکان پڕ بایەخە ، لەم قسەیەی ئێوە تێدەگەم و چاوم پڕدەبێ لە ئاو . بەڵام پاراستنی وێنەکێشەکانتان لە دوژمنەکان ئەرکی ئێوەیە . تکایە پێم بڵێن ئەنجامی شێوازی نەدیمە بووبە چی ؟ کام وێنە کێش ئەو ئەسپەی کێشاوە ؟

" زەیتوون " . وەها گوتبووی کە هیچ سەرسام نەبووم . ماوەیەک بێدەنگ مایەوە . بە هێمنییەوە   گوتی : " بەڵام لەوە دڵنیام کە زاوا کەشتو زەریف ئەفەندیش بە دەستی ئەو نەکوژراون . لەوەوە زانیم کە دەبێ

www.pertwk.com

ئەو وێنەی ئەسپەکەی کێشابێ که لە نێو هەموو وێنە کێشاندا زیاتر ئەو گرێدراوی وەستا کۆنەکانە و تەنیا ئەوە کە زۆربەی ئەفسانە و نەریتە کۆنەکانی هەراتی بەدڵە . من شەجەرەنامەی وەستاکان تانەوەی کە بگاتەوە سەمەرقەند دەردەخەم . دەزانم کە پرسیاری ئەوە ناکەی بۆ چی لەنێو ئەو هەموو وێنەی ئەسپەدا وا سالآنێکە زەیتوون کێشاونوویەتی چاومان بە ئەسپێکی بەو جۆرە نەکەوتووە ؟ ئەوەم گوتبوو کە زۆر جار وردەکارییەك ، باڵی پەلەوەرێك ، یان چۆنیەت خۆ گرتنی پەلێك لە مێشکی چەندین نەسڵی وەستا و شاگرددا دەمێنێتەوە بەڵام کەڵلەرەقی وەستای وێنە کێشەکە و وێنەکێشخانەکە و ویستی پادشاکە ناهێڵن ئەوە دیار ببێت . کەواتە ئەو ئەسپەی وا زەیتوونی خۆشەویست ڕاستە و ڕاست لە کاتی منداڵیدا لەوەستا عەجەمەکانەوە فێری بووە ئەم ئەسپە بووە . دەرکەوتنی ئەم ئەسپە لەنێو کتێبەکەی زاوای گەمژەدا ، یارییەکی بێبەزەییانەی خودایە لەبەرامبەر من . ئایا هەموومان بە ئەندازەی بەس وەستا کۆنە هەراتییەکانمان نەکردووە بە نموونە بۆ خۆمان ؟ وەکوو ئەوەی کاتێك کە وەستا تورکەمانەکان خەیاڵی ژنی جوان دەکەن ، دەبێ بە نەریتی چینی بیکێشن ، مەگەر ئێمەش کاتی بیرمان لەوێنەی جوان دەکردەوە ئایا بە نەریتی هەراتییەکان نەماندە کێشا ؟ هەموومان حەیرانی وەستا کۆنە هەراتییەکانین . لەدوای هەموو وێنە کێشێکی گەورەوە هەراتی بەهزاد و لە دوای بەهزادیشەوە ئەسپەکانی مەغوول و چینیەکان هەن . زەیتوونێك کە ئەوەندە گرێدراوی ەستا کۆنەکانی هەراتبێ ، بۆچی زەریف ئەفەندییەکی بێچارە بکوژێت کە کوێر کوێرانە و لە خۆشی خراپتر گرێدراوی نەریتە کۆنەکان بوو بکوژێت ؟ وتم : " کێیە ؟ پەپوولە ؟ " . وتی : " بە هەموو

دڵمەوە بڕوام وایە کەلەق لەقە . لەبەر ئەوەی کە گەرم و گوڕی و چاو هەڵگڕاوەیی کار کردنی دەزانم . گوێ لەمە بگرە : بە ئەگەرێکی گەورە زەریف ئەفەندی بێچارە لەوە تێگەیشتبێ کە ئەو کتێبەی زاواکەت وا جوانکاری بۆدەکات و دەیڕازێنێتەوە بێ‌دینی و زەندیقایەتی و ڕەتکردنەوەی تێدایە و ترسابێ و لەلایەکەوە لەبەرئەوە ئەوەندە گەوج بووبێ کە گوێی دابێتە لاقردییەکانی مەلاگێلەئەرزڕوومیەکە و ــ (وەستا جوانکارەکان لەوێنەکێشان زیاتر نێزیکی خودا دەبنەوە بەڵام بەداخەوە هەموویان بێزارکەر و گەوجن)– لەلایەکیتریشەوە ئەوەی زانیوە کە کتێبەکەی زاوا گەمژەکەی تۆ شتێکی نهێنی و شاراوەی پادشایە و هەر لەبەر ئەوانە ترس و گومانەکانی لەگەڵ یەکدا کەوتبێتە ناکۆکی : بڕوا بە پادشاکەی بکات یان بە مەلا ئەرزڕوومییەکە ؟ ئەم ڕۆڵە بێچارەیەم کەوا وەکوو ناو دەستی خۆم دەیناسم ، ئەگەر کاتێکیتر بایە و دەردێکی هەبایە کە ئێسقانەکانی بخواتەوە یەکسەر دەهات و بەمن یانی بە وەستاکەی دەگوت . بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەویش بە مێشکە بچووکەکەی خۆیەوە تێگەیشتووە کە ڕازاندنەوەی کتێبی زاواکەت کە لاساییکەری فەرنسییەکان بوو خەیانەتە لەبەرامبەر وێنە کێشخانەکە ، هەر لەبەر ئەوە لای من باسی نەکردبێ‌و بۆ لەق لەق باسی کردبێ کە لەبەرامبەر هونەر و عەقڵەکەیدا سەرسامبوو بوو . زۆر جار ئەوەم بینیوە کە لەق لەق لەم سەرسامبوونەی زەریف ئەفەندی کەڵکی وەرگرتووە و بەکاری هێناوە . چ قسە و باسێك لە نێوانیاندا ڕوویدابێت ڕوویداوە بەڵام لەوە دەچێ لەق لەق ئەویتری کوشتبێ کەوا حەیرانی فەرنسییەکان بووە . من ناتوانم بڵێم کە زۆر ناڕەحەت بووم . سالآنێك بەر لە ئێستا زاواکەت پادشای فریو دابوو و ڕازی کرد بوو کەبە

www.pertwk.com

دەستی وێنەکێشێکی وەنیزی وێنەیەکی وەکوو پادشایەکی کافرەکان بکێشرێ ، (ناوی وێنە کێشەکە سباستیان بوو) لە دواییدا ئەوەی وەکوو نموونەیەك خستە بەردەستی من و ناچاری کردم کە وێنەی لەڕوو بکێشمەوە . منیش لە ترسی پادشا ئەو کارە پیسە، ئابڕووبەرانەم کرد و زۆر بێشەرەفانە لاسایم کردەوە . ئەگەر نەمکردایە ، لەوانەیە کە مەرگی زاواکەت دڵنگەران ببایەم و بۆ دۆزینەوەی بکوژە ناپیاوەکەی ئەو خۆمم ڕابوەشاندایە . بەڵام دەردی من زاواکەت نیە ، بەڵکوو وێنە کێشخانەکەمە . لەبەر زاواکەت بوو کە هەموو ئەو وێنەکێشانەی وا لە منداڵەکانی خۆم خۆشترم دەوێن و بیست و پێنج ساڵ بەلەرزە لەرز پەروەردەم کردوون هەڵگەڕانەوە و خەیانەتیان کرد و ئێستا دەڵێن لەبەر ئەوەی پادشا وەهای دەوێ بە وێستەوە لاسایی فەرەنسییەکان دەکەنەوە . ئەم بێشەرەفانە هەموویان ئەشکەنجەیان هەق کردووە ! ئێمەی جەماعەتی وێنەکێش ، ئەگەر بەر لەوەی ببین بە عەبدی پادشا ، عەبدی کارەکەی خۆمان بین ئەوا جێگامان بە بەهەشت دەبێ . ئێستاش دەمەوێ بەتەنیا سەیری ئەم کتێبە بکەم . وەکوو پادشایەك کە بە بەرپرسیاری شکستەکان لە قەڵەم بدرێ و سەری لەدار بدەن و دوایین قسەکانی خۆی بکات ، ئەم قسانەی کرد بوو . لاپەڕەکانی ئەوکتێبەی کردەوە کەوا کورتە باڵاکە نابوویە بەردەمی و بە شێوەیەکی سەرزەنشتکەرانە داوای لێدەکرد کە لاپەڕەکانی بۆ بدۆزێتەوە . بەم وەزعە تاوانبارکەرانەیەوە یەکسەر ناسراوە و بووە بە سەرۆکی وێنەکێشان . دوور کەوتمەوە و سەیری سەرینە مرواری نەخشەکان و تفەنگە دەسك زێڕینە لوولە ژەنگ گرتووەکانم کرد و لەگۆشەیەکەوە لەنێو دۆڵابەکانەوە سەیری وەستا عوسمانم کرد . ئەو گومانانەی وا لەکاتی گوێ گرتن بۆ قسەکانی

وەستا عوسمان دەهات بە مێشکمدا ئێستا ئێسقانەکانم دەخۆنەوە : بیری ئەوەی کە لەوانەیە وەستا عوسمان بۆڕاگرتنی کتێبەکەی پادشاکە تەقلیدی فەرنسییەکان دەکاتەوە ، لەپێشدا زەریف ئەفەندییە بێچارەکە و لە دوایشدا زاواکەمی دابێ بە کوشتن زۆر لەلام ژیرانە بوو ، هەر بۆیە پەشیمان بوومەوە لەوەی کە تۆزێك بەرلە ئێستا پەسەنی وەستام دابووەوە . لەلایەکیتریشەوە ڕێزیشم هەیە لەبەرامبەر ئەم وەستا گەورەیەدا کەوا بە چاوە کوێرەکەی یان نیوە کوێرەکەی وەکوو ئەوەی سەیری پێستی دەم و چاوی بکات بەوردی سەیری کتێبەکەی بەردەمی دەکات . ئەوەم باش بەمێشکدا دەهات کە دەتوانێ بۆ دانانەوەی سیستمی وێنە کێشخانەکە و ڕزگار بوون لە کتێبەکەی زاواکەمان و بوونەوە بە هەڵبژێردراوی پادشا ، نەتەنیا یەکێك لە وێنە کێشان بەڵکوو تەنانەت منیش تەسلیمی ئەشکەنجەی پیاوەکانی بۆستانچیباشی بکات ، بۆ ئەوەی کەلەو عەشقە نەجاتم ببێ والە دوو ڕۆژدا منی بەوەوە بەستۆتەوە ، ماوەیەکی درێژ هێزی خەیاڵی خۆمم کۆ کردەوە . ماوەیەکی زۆر تێپەڕ بوو بوو و عەقڵم تێکەڵ و پێکەڵ بوو . تەنیا بۆ ئەوەی کە لە شەیتانەکانی دەروونم نەجاتم ببێ و سەرنجی جندۆکەکانم بڵاو بکەمەوە تەماشای لاپەڕەوێنەدارەکانی ئەو کتێبانەم دەکرد والە ناو سندوقەکان دەرمهێنا بوون . کەسانێکی زۆر لە ژن و لە پیاو بە نیشانەی سەر سووڕماوی پەنجەیان خستبووە دەمیانەوە ! لەماوەی دووسەد ساڵی ڕابردوودا ئەمکارە وەکوو نیشانەی سەر سووڕمان لە هەموو وێنەکێشخانەکانی سەمەرقەند و بەغدادا بەکار هێنراوە : کەیخەسرەوی قارەمان کە دوژمنەکانی سەرسام دەکات ، لەکاتێکدا کە بەلەمچییە ناپیاوەکە و پاروچییەکەی ڕێگەی پێنادەن سواری بەلەمەکە ببێت ، لەگەڵ

www.pertwk.com

ئەسپە ڕەشەکەیدا بە یارمەتی خودا لە ئاوی جەیحوون دەپەڕێتەوە ، لەدوایشدا ئەو دوو ناپیاوەش بەنیشانەی سەر سووڕمان پەنجەکانیان دەخەنە دەمیانەوە . کاتیٚ کە خەسرەو بۆ یەکەم جار چاوی بە شیرین دەکەوێت کە بە لاشە لەمنگ چووەکەی خۆیەوە لەو گۆمەدا مەلە دەکات کە بەسالاَن زیوی تێدا ڕەش بووەتەوە ، لەو جانییەی سەری سووڕ دەمێنیٚ و پەنجەی دەخاتە دەمی.شتێکیتر کەوا بۆ ماوەیەکی درێژ سەیرم کرد ، ژنەکانی حەرەم بوون کەوا لە دەرگا نیوە کراوەکانی کۆشك و لەپشتی پەنجەرە دوو دەستەکانی بورجەکانەوە پەنجەیان خستبووە ناو دەمیان : کاتێك (تەژاو) لەبەرامبەر سوپای ئێران شکست دەخوا و تاجەکەی لە دەست دەدا و دەیەویٚ لە مەیدانی شەڕ هەڕا بکات ، دەزگیرانە جوانەکەی لە پەنجەرەی کۆشکەوە بە سەر سووڕماوییەوە پەنجە دەخاتە دەمی و بە نیگا خەمبارەکانی سەیری دەکات ، وەکوو ئەوەی کە پێی بلَیٚ لەنێو دوژمناندا بە جێم مەهێلَە . کاتیٚ کە (یوسف) لەبەر تۆمەتەکەی زولەیخا دەگرن کە گوتبووی " هاتووە بۆم " زولەیخا لەبەر پەنجەرەکەوە زیاتر لە سەر سووڕمان بە نیگایەکی پڕلەویست و تامە زرۆییەوە تەماشای (یوسف) دەکات و پەنجەی دەخاتە نێو دەمە جوانەکەی .

کاتیٚ کە دوو عاشقی خەمبار بە خۆشییەکی لە وێنەی دوای غەزەلَێکەوە لە ناو باخچەیەکی وەکوو بەهەشتدا بە هێزی خۆشە ویستیو شەراب سەر خۆش دەبن ، خزمەتکارێکی بەدنییەت لە ڕووی بەخیلیوە پەنجەی دەخاتە نێو دەمە سوور کراوەکەی و سەیریان دەکات . سەرە ڕای ئەوەی کە ئەم حەرەکەتە لە نێو دەفتەری نموونەکانی زۆربەی وێنەکێشان و مێشکیاندا وەکوو قالَبێکی لێهاتووە بەلاَم ئەو پەنجە درێژە هەرجارە و بە جوانی و

ناسکۆلَەییەکی جیاوازترەوە دەچێتە ناو دەمی ژنێکی جوان . بینینی ئەم وێنانە چەندە دلَدانەوەی داوە ؟ کاتێك خۆر ئاوا دەبوو و تاریکایی دادەهات ڕۆیشتم بۆ لای وەستا عوسمان و وەهامگوت : " وەستام ! ئەفەندم ! کاتێك دەرگا کرایەوە ، بەیارمەتی ئێوە دەمەویٚ لە خەزێنە دەرکەوم " .وتی : " خەیرە ! هێشتا شەو و ڕۆژێك کاتمان ماوە ، چاوەکانت چەندە زوو لەبینینی جوانترین ڕەسمەکانی دونیا تێر بوون ! " . کاتیٚ ئەمەی گوت سەری لەسەر لاپەڕەکەی بەردەمی هەلَنەبڕیبوو ، بەلاَم لە کالَبوونەوەی ڕەنگی گلێنەی چاویدا دیار بوو کە وردە وردە کوێر بوو بوو . بە لێبووردەییەوە وتم : " بەلاَم ڕازی لمۆزی ئەسپەکەمان دۆزیوە . "

وتی : " ها ! " .

ئیدی لەمەو بەدوا ، کار کاری پادشا و خەزێنەدارە ، لەوانەیە هەمووشمان ببورن . "

نەمدەزانی ئایا لەق لەق وەکوو پیاوکوژ دەدا بە دەستەوە یان نا ؟ لە ترساندا نەمتوانی پرسیاری ئەمە بکەم . چوونکە لەوە دەترسام کە نەهێلَی بچمە دەرەوە. لەوەش خراپتر جار و بار بڕوام بەوە دەکرد کە لەوانەیە منیش تاوانبار بکات .

وتی : " ئەو دەرزییەی وا بەهزاد خۆی پیٚ کوێر کردووە ون بووە . "

وتم : " لەوە دەچیٚ کە کورتە بالاَکە بردبێتیەوە بۆ جێگاکەی خۆی ، ئەم وێنەیە چەندە جوانە وا سەیری دەکەن ! " ڕوومەتی وەکوومندالَێك پرشەی تێکەوت ، بزەیەکی لێدا . وتی : " ئەمە وێنەی ئەو کاتەیە وا خەسرەو و بە ئەسپەکەیەوە دێتە ژێر کۆشکەکەی شیرین و لە سووتانی عەشقەکەیدا تەماشای شیرین دەکات و چاوەڕوانی دەکات ، بە شێوەی وەستا

www.pertwk.com

هەراتییەکان کێشراوە . "

ئێستاش وەکوو ئەوەی کە وێنەکە دەبینی تەماشای ڕەسمەکەی دەکرد ، بەڵام تەنانەت هاوێنەکەشی بەدەستەوە نەبوو .

" لە تاریکایی ئەم شەوەدا چاوت بە گەڵای دارەکان و گوڵانی بەهار و جوانی دیار نەبوونەکانیان وەکوو ئەستێرەکان دەکەوێ کە لە خۆیانەوە دەدرەوشێنەوە و سادەیی ئەو سەبرەی وا دیوارەکانی چینیوە و ناسکبوون لەبە کار هێنانی ئەستێرە زێرینەکە و کەڵەکە کردن و دارشتنی وێنەکە دەبینیێ ؟ ئەسپەکەی خەسرەو جوان و قۆز ، وەکوو ژنێك ناسکۆڵە و جوانە . شیرینی خۆشەویستی کە لە پەنجەرەکەی سەرەوەدایە ، ملی گەورەیە بەڵام ڕوخسارێکی مەغروور و لە خۆبایی هەیە . وەکوو ئەوە وایە کە لەبەرعەشقی وێنەکێشەکە و ئەم ڕەنگە ناسکانە و داڕشتنی وێنەکە ، عاشقان بۆ هەمیشە لەوێدا ڕادەوەستن ، چاوت پێدەکەوێ ، سەریان تۆزێك بەرەو لای یەکە ، بەڵام لاشەی هەردووکیان بەرەولای ئێمەیە . چونکە دەزانن کە ئەو شتەی واتێیدا ڕاوەستاون وێنەیەکە و لە ئێمەشەوە دیار دەبن . لەم ڕووشەوە ، دیانەوێ دەقا و دەق لەو شتانە نەچن کەوا ئێمە هەموو کات دەیانبینین . بە پێچەوانەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە بیرەوەریەکانی خوداوە دەرکەوتوون .لەبەر ئەمەش لەوێدا یانی لە نێو ڕەسمەکەدا زەمان ڕاوەستاوە . هەرچەندە کە ئەفسانە و چیرۆکەکانی ئەم وێنانە بەپەلەپەل باسبکردرێن ، بەڵام ئەمان وەکوو کچی ناسکۆڵە و شەرمنی باش پەروەردە کراو ، دەستیان لەوەی زیاتر لەسەر شان یان وەکوو سینگە ناسکۆلچەکانیان بێت ، هیچ جم و جووڵێکی زیاتر ناکەن و هەتا هەتایە وەها دەمێننەوە . لەگەڵ ئەواندا لە نیوە شەوی نیلی دا هەموو شتێك دەیبەستێت . پەلەوەرەکەی

ئاسمان لە ناو تاریکاییدا و لە نێوان ئەستێرەکاندا وەکوو لێدانی بەپەلەی دڵی خۆشەویستەکان دەفڕێ و لە لایەکیتریشەوە لە نێو ئەو کاتە بێ هاوتایەدا وەکوو هەڵفڕین بەرە و ئاسمان هەتاهەتایە دەمێنێتەوە . ئەگەر وێنەکێشە هەراتییەکان بەر لەوەی تاریکاییە مەخمەڵینەکەی خودا بێت بەسەر چاویاندا بەبێ هیچ جمو جووڵێك سەیری وێنەی لەم چەشنە دەکەن ، لەبەر ئەوەیە کەوا دەزانن ڕۆژێك ڕۆحەکانیان لەگەڵ کاتە بێکوتاییەکەی ئەو وێنانەدا یەك دەگرێتەوە ، تەنانەت ئەگەر کوێریش بووبن . "

تا کاتی بانگی ئێوارە کاتێك کەبە بەزمەکەی جاران دەرگاکە کرایەوە ، وەستا عوسمان هێشتا هەربەو سەرەنجەوە تەماشای ئەو پەلەوەرەی دەکرد والە ئاسماندا ڕاوەستا بوو . بەڵام ئەوانەی وا هەستیان بە کاڵبوونەوەی ڕەنگی گلێنەی چاوی‌ی دەکرد دەیانزانی کە ئەمیش وەکوو هەندێك لەو کوێرانەی وابە هەڵە سەیری قاپێك دەکەن ، بە شێوەیەکی سەیر تەماشای ئەو وێنەیە دەکرد . کاتێك کە پاسەوانەکانی ژووری خەزێنە زانیان وەستا عوسمان هێشتا دەمێنێتەوە و جەزمی ئاغاش لەبەر دەرگا دەبێ ، زۆر بە باشی نەیانپشکێنیم ، هەر بۆیە هەستیان بە دەرزییەکە نەکرد لەناو شۆرتەکەمدا . کاتێك لە حەوشەی کۆشکەکە دەرکەوتم و هاتمە ناو کۆڵانەکانی ئەستەنبووڵ چوومە چۆڵاییەکەوە و دەرزییەکەم دەرهێنا و خستمە ناو بەینی پشتوێنەکەم وەکوو ئەوەی هەڕا بکەم لە نێو کۆڵانەکانەوە ڕێم دەکرد .

هەوای ساردی خەزێنەکە ئەوەندە کاری لێکرد بووم کە وامدەزانی بە زوویی لە کۆڵانەکانی شاردا بەهار هاتووە . لەبەر دەم دوکانە داخراوەکانی سەرتاشین و سەوزە فرۆشی و دار فرۆشی ، گیا فرۆشی بازاڕی خانە

www.pertwk.com

کۆنەوە هێواشتر دەڕۆیشتم و لەبەر ڕۆشنایی چراکاندا بەوردی سەیری بەرمیل و ڕووپۆش وگێزەرەکانم دەکرد .

کۆڵانی زاواکەمانم ـ (هێشتا نەمدەگوت کۆڵانی خۆم یا خود کۆڵانی شەکورە) ـ لەدوای دوو ڕۆژ وەکوو جێگایەکی دوور و نائاشنا دەهاتە پێش چاو .بەڵام خۆشی بینینەوەی شەکورە و بەرەو پیش چوونی کاری ئاشکرا کردنی بکوژەکە و بەگوێرە ئەویش بە دەستهێنانی مەجالی خەوتن لەگەڵ شەکورەدامنی وەها لە دونیا نێزیك دەکردەوە کە کاتێك چاوم بە پەنجەرە تازە تەعمیر کراوەکە کەوت خەریکبوو وەکوو کابرایەکی بوستانچی لەوبەر دۆڵەکە وە بقیڕێنم بەڵام هەر چۆنێك بوو خۆمم ڕاگرت . چوونکە کاتێك کە شەکورەم بدیبایە دەمویست وەها دەست بە قسە بکەم . " پیاو کوژە مەلعوونەکە دۆزرایەوە " . دەرگای حەوشەکەم کردەوە . نازانم لە جیڕە جیڕە دەرگاکەوە بوو یان لەبێخەمی ئەو چولەکەیە بوو وا لە سەتڵی ئاوی بیرەکە ئاوی دەخواردەوە یان لەبەر هەستە گورگانەی کابرایەك بوو کە دوانزە ساڵ بەتەنیا ژیابێ زانیم کە کەس لەماڵەوە نیە . مرۆڤ کاتێك هەست بە تەنیایی دەکات ، هەموو دۆڵاب و قابلەمە و دەرگاکان دەکاتەوە ، منیش وەهام کرد . سندوقەکانیشم کردەوە و تەماشام کردە . لەماوەی ئەم بێدەنگییەدا تەنیا شتێك کە گوێم لێیبووبێ دەنگی لێدانی دڵی خۆم بوو . وەکوو کابرایەکی پیرکە ئاردەکەی ئەڵەك کردبێ و ئەڵەکەکەی هەڵواسیبێ لە ژێر سندوقێکی دوورەوە شمشێرەکەم دەرهێنا و خۆمم ئامادە کرد ، ئەوسا ئارام بوومەوە . لەو ساڵانەی وابە قەڵەمەکەم کارم بۆ خۆم پەیدا دەکرد شمشێرە دەسك شفرەینەکەم ئاسوودەیی و هاوسەنگی (تەنانەت لە ڕۆیشتنیشدا) بۆ پەیدا کردووم . کتێبەکان تەنیا قەڵاییەك زیادەی

ناخۆشییەکانی مرۆڤ دەکەن کە ئێمە وادەزانین دڵدانەوەیە . داکەوتمە ناو حەوشەکە . وەکوو ئەوەی کەشتییەکی غەرقبوو بەجێبهێڵم، لە ژێر بێدەنگی تاریکاییە داکەوتووەکەدا ماڵەکەم بەجێهێشت و دەرکەوتم . دڵم بە متمانەییەکی زیاترەوە دەیگوت ، هەڕاکە ، بڕۆ بیاندۆزەرەوە . هەڕام کرد . بەڵام کاتێك کە لە جێگا جەنجاڵەکان و ڕێکورتی حەوشەی مزگەوتەکانەوە دەرۆیشتم و جەنجاڵی سەگەکان ڕووی لە زیاد بوون دەکرد کەوا بۆ خۆشی ڕاوەدوویان دەنام ، هێواشتر دەڕۆیشتم .

((ناوی من ئەستەرە)) (53)

بۆ چێشتی ئێوارە شۆربای نیسکم دەکولاند کە نەسیم وتی : " یەکێك لەبەر دەرگاکەدایە . "

وتم : " بنی شۆرباکە نەیگرێ " و کەوچکەکەمدا بە دەستە پیرەکەیەوە و دوو جار شۆرباکەم تێکدا . چونکە ئەگەر نیشانی نەدەیت بە ساعاتان

www.pertwk.com

کەوچکەکە بەبیٚ جووڵە لە ناو شۆرباکەدا ڕادەگریٚ . کاتیٚ لەبەر دەرگاکەدا چاوم بەرەشە کەوت بەزەییم پیٚیدا هاتەوە . لە ڕوومەتیدا شتیٚکی وەها دیار بوو کە مرۆڤ نەیدەویٚرا پرسیاری لیٚبکات . وتم : " تۆ مەیە ژوورەوە ئیٚستا خۆم دەگۆڕم و دیٚم . " جلە پەمەییە ڕەنگ زەردەکانم کردەبەر ، ئەم جلەم لەکاتی خۆشییەکانی ڕەمەزان و لەسەر سوفرەکانی زەماوەند لەخۆ دەکرد . بوخچەی جەژنانەکەم هەڵگرت و بە نەسیمە بیٚچارەکەم گوت : "لەکاتی گەڕانەوەمدا شۆرباکەم دەخۆمەوە . " لە گەڕەکە هەژار نشینە جوولەکەکەمانەوە کە دوکەڵکیٚشەکانیشیان وەکوو قابلەمەکانیان دووکەڵی کەمی لیٚوە هەڵدەستا تیٚپەڕ بووین و نەبووین کە وتم : " میٚردەکەی جارانی شەکورە لەشەڕ گەڕاوەتەوە . " تاوەکوو دەرکەوتن لە گەڕەکەکە هیچ پرسیاریٚکی نەکرد . ڕوومەتی وەکوو خۆڵەمیٚشی لەرەنگی شەوی لیٚهاتبوو . زۆر دواتر پرسیاری کرد و گوتی : " لەکویٚن ؟ " بەمجۆرە تیٚگەیشتم کە شەکورە و منداڵەکانی لەماڵ نین . وتم : " لە ماڵی خۆیاندان . "

لەبەر ئەوەی ئەم قسەیە باسی ماڵی پیٚشووی شەکورەی دەکرد دەمزانی کە دڵی ڕەشە شەپۆلاوی دەبیٚت هەربۆیە بە دووهەمین وشەوە دەرگایەکی هیوام بۆ کردەوە . " لەوانەیە . " تەماشای نیٚو چاوانمی کرد و پرسیاری کرد و وتی : "تۆ میٚردە لەشەڕ گڕاوەکەیت بینی ؟ "

" من نە میٚردەکەی نە خودی شەکورەم بینیوە . "

" لەکویٚوە زانیت کە ماڵی بەجیٚهیٚشتووە ؟ "

" لە ڕوومەتی تۆوە " . بە بڕیارەوە وتی : " هەموو شتیٚکم بۆ باس بکە"

ئەم ئەستەرە وا چاوی لەپەنجەرەیە و گویٚی لەڕیٚیە و بەدەیان کچی بە خەیاڵی داوە بە شوو و دەتوانیٚ بە ئاسانی لە دەرگای هەموو ماڵیٚکی

خەفەتبار بدات . بۆ ئەوەی کە ببیٚ بە ئەستەر ، ئەوەندە دەردەدارە تیٚناگات کە دەبیٚ هەموو شتیٚك نەگیٚڕیٚتەوە . وتم : " حەسەنی برای میٚردەکەی جارانی شەکورە دەچیٚتە ماڵتان ــ کاتیٚك وتم ماڵتان چاوم لیٚبوو کە پیٚیخۆش بوو ــ و بە شەوکەت دەڵیٚ باوکت خەریکە دەگەڕیٚتەوە و عەسر دەگاتەوە ماڵ و ئەگەر چاوی بەئیٚوە و دایکتان نەکەویٚ تووشی خەفەت دەبیٚ ، شەوکەت ئەگەر خەبەرەکەشی گەیاندبیٚتە دایکی دیسان شەکورە بە وریایی هەڵسوکەوتی کردووە و بڕیاریٚکی لەو بارەیەوە نەداوە . بەرەو عەسر شەوکەت لە ماڵ هەڕا دەکات و پەنادەباتە لای باپیری . "

" تۆ ئەمانە لەکویٚوە فیٚر دەبی ؟ "

" شەکورە پیٚی نەگوتوویی کە حەسەن لەم دوو ساڵەی دواییدا بۆ گەڕاندنەوەی شەکورە فیٚڵ و تەڵەکەی جۆرا و جۆری بەکار هیٚناوە ؟ ماوەیەك حەسەن بەریٚگای مندا نامەی بۆ شەکورە دەنارد . "

" شەکورە هیچ وەڵامی دەدایەوە ؟ "

بە شانازییەکەوە وتم : " هەموو جۆرە ژنیٚکی ئەستەنبووڵ دەناسم بەڵام کەسی وەکوو شەکورە م نەبینیوە کە گریٚدراوی ماڵ و میٚرد و ناموسی خۆیبیٚ . "

" بەڵام ئیٚستا من میٚردی ئەوم . "

لەدەنگیدا ئەو بیٚمتمانەییەی پیاوان دیار بوو کە هەمیشە ئازاری دەدام، شەکورە بچووبایەتە کام لا ئەویتر دەڕووخا.

" شەوکەت لەنامەیەکدا کە حەسەن پیٚیدا بووم بۆ ئەوەی بیبەم بۆ شەکورە نووسیبووی چاوەڕوانی باوکی دەکا و هاتووە بۆ ماڵی باپیری و دایکی بە مارەبڕینیٚکی درۆینە لەگەڵ میٚردکی درۆزندا زەماوەندی کردووە

www.pertwk.com

هەر بۆیەش زۆر دڵنگەرانە و ئیدی ناگەڕێتەوە بۆ ئەوماڵە . "

" شەکورە چیکرد ؟ "

ئەو بێچارەیە ئەو شەوە لەگەڵ ئورهاندا بەتەنیا چاوەڕێی تۆیان دەکرد."

" خەیرییە ؟ "

" خەیرییە سالانێکە بەدوای هەلێکدا دەگەڕێ کە شەکورە لە کەوچکێك ئاودا بخنکێنێ ، لەبەر ئەوەش دەچووە باوەشی زاوا خوالێخۆشبووەکەتەوە . حەسەن کاتێك زانی کە شەکورە لەگەڵ ترسی بکوژ و تارماییدا ماوەتەوە بە ڕێگای منەوە نامەیەکی بۆ شەکورە نارد . "

" چی نوسیبوو ؟ "

" زۆر سوپاس بۆ خودا کە ئەم ئەستەرە بێچارەیە خوێندن و نووسینی نیە بەلام کاتێك کە پیاوە ماقووڵەکانی تووڕەکان و باوکە دەمار گرژەکان ئەم پرسیارەی لێدەکەن وەها دەڵێ : من نامەکەم نەخوێندەوە بەلام ڕوخساری کچەکەم خوێندەوە . "

" چیت خوێندەوە ؟ "

" بێچارەیی!"

ماوەیەکی درێژ هیچ قسەیەکمان نەکرد . لەسەر کلیسایەکی بچووکی ڕوومییەکاندا چاوم بە بایەقوشێك کەوت کەلەسەر بانەکەی دووکەڵی وەردەگرت و چاوەڕوانی دەکرد . منداڵە چڵمنەکانی گەڕەکم بینی کەوا تەماشای جل و بەرگەکەی من و بوخچەکەمیان دەکرد و دەکەنین . چاوم بە سەگێکی گەڕ کەوت کەوا بەخۆ خوراندنەوە و بە خۆشییەوە لەنێو دارە سەروەکانی قەبرستانەکەوە لەبەر داهاتنی شەودەهاتەخوارەوە .

دواتر قیڕاندم بەسەر ڕەشەدا و وتم : " هێواشکە ، من ناتوانم وەکوو تۆ

لەم بەرەو ژوورکانەدا سەرکەوم، بەم بۆخچەیەی دەستمەوە من بۆ کوێ دەبەی ؟ "

وتی " بەرلەمە تۆ من ببەیتە ماڵی ئەم حەسەنە بۆخچەکەت دەکەمەوە و دەتبەم بۆلای ئەو جوانمێرانەی وا دەستماڵی ڕەنگاو ڕەنگ و پشتوێنی ئاورێشمینی و کاسەی پارە بۆ خۆشەویستەکانیان دەکڕن . "

بەم وەزعە بێچارەیەی خۆیەوە گاڵتەکردنەکەشی شتێکی باشە بەلام لەگاڵتەکەیشیەوە تێگەیشتم کە دەیەوێ بەراستی چیبکات .

وتم : " ئەگەر لەشکەرێك کۆدەکەیتەوە هیچ ناتبەمە ماڵی حەسەن ، زاورم لە شەڕ و ئاژاوە دەتۆقێ . "

وتی : " ئەگەر تۆ ئەستەرە ژیرەکەی جاران بی ، شەڕ و ئاژاوە دەرناکەوێ . " لە (ئاکسەرای)وە تێپەڕ بووین و چوونە پشتەوە بۆ ئەو ڕێگایەیوا دەچێتە ناو بۆستانەکان . ڕەشە ڕۆیشتە ناو دوکانێکی سەرتاشییەوە ، لەگەڕەکێکدابوو کە زەمانی خۆی برەوی هەبوو . چاوم بە وەستایەك کەوت کەوا لەبەر ڕووناکی چراکەدا قژی چاك دەکرد و لەگەڵ شاگردە ڕوومەت پاکە دەست جوانەکەیدا قسەی دەکرد . زۆری پێنەچوو کە سەرتاشەکە و شاگردەکەی و دوو پیاویتریش هاتن بۆ (ئاکسەرای) بۆلای ئێمە . شمشێر و تەوریان پێبوو . لە (شازادەباشی)دا کوڕێکی خوێنەواریش بە خەنجەرەکەی دەستیەوە هات بۆلامان ، بەلای منەوە ئەمە هیچ پاڵەوانیەتی پێنەدەکەوت . وتم : " بەرۆژی ڕۆشن هێرش دەکەنە سەرمالان ؟ "

ڕەشە بە شێوازێك کە زۆر حەزی لە گاڵتە بێت وتی : " ڕۆژ نیە شەوە "

وتم : " مەڵێ لەشکەرێك پیاوم ئامادەکردووە و لەخۆبایی مەبە و بڕوابە

www.pertwk.com

خۆمەکە ، با (یەنیچەرییەکان) بەم چەکانەوەچاویان پێتان نەکەوێ . "
" کەس نابینی . "

"دوێنێ پیاوەکانی ئەرەزڕوومییەکە لە (ساغر قاپی)دا لەپێشدا هێرشیان کردۆتە سەر مەیخانەیەك و لە دواییدا چوونەتە سەر تەکیەیەکی (جەڕاحی) و هەر کەسێکیان دارکاری کردووە ، پیاوێکی پیر بەزەربەیدارمردووە، لەوانەیە لەم تاریکایە کوێرەدا وابزانن ئێوەش لەوانن."

" چووی بۆ ماڵی زەریف ئەفەندییە بێچارەکە ، خوات لێڕازی بێت لەلای ژنەکەی چاوت بە وێنەی ئەو ئەسپانە کەوتووە وا مورەکەبەکەی بڵاو بووەتەوە و شەکورەت ئاگادار کردۆتەوە . زەریف ئەفەندی لەگەڵ پیاوەکانی ئەم ئەرزڕوومیەدا زۆرهاتووچۆی هەبوو ؟ "

وتم : " لەبەر ئەوە بوو کە وەهام بیر کردۆتەوە ئەگەر لەو ماڵەدا تۆزێك زیاتر بونیدەم تاقیبکەمەوە لەوانەیە بەکەڵکی شەکورە بێت .خۆی لەخۆیدا بۆ فرۆشتنی قوماشە تازە هاتووەکانی فلامینگ ڕۆیشتبووم بۆ ئەوێ ئەگینا ئەو بیرە بچووکە یەهودییەی من لەکوێ دەگاتە شەڕ و سیاسەتی ئێوە "

- " ئەستەر خان! تۆ زۆر ژیری . "

- " لەبەر ئەوەی کە وەهام بائەم شتەت پێبڵێم : پیاوەکانی ئەم مەلا ئەرزڕوومییە گیانی زۆرتر دەگرن و زۆرتر هار دەبن،خۆتانی لێبپارێزن . "

- کاتێ کە ڕۆیشتینە کۆڵانی پشتی (چارشی قاپی) لێدانی دڵم خێراتر بوو . پەلە ڕووت و نیوە تەڕەکانی دارە توو وکەستانەکان لەبەر ڕووناکییە کەمڕەنگەکەی مانگدا دەبریقایەوە . ئەو باییەی وا جندۆکە و تارماییەکان فوویان کرد بووو هەڵیان کرد بووچمکەکانی بوخچەکەمیان ڕاوەشاند و

دارەکانیش فیتەیان لێدا و بۆنی جەنجاڵەکەمانیان گەیاندە ئەو سەگانەی گەڕەك والەکەمیندا ڕاوەستا بوون. کاتێ هەریەك لەوان دووواڕەی کرد ماڵەکەم نیشانی ڕەشەدا . ماوەیەك بە بێدەنگی تەماشای سەربان و پەنجەرە تاریکەکانیمان کرد . ڕەشە پیاوەکانی لە حەوشە و لەلا و ئەولا لەپشتی ماڵەکەدا جێگیر کرد . وتم : " ئەم بەینە لەتەنچینێکی ڕەزیلی تاتاری لێیە . کوێرە بەڵام لە موختارەکە باشتر دەزانێ کە کێ چووە و کێ هاتووە . وەکوو مەیمونە بێئەدەبەکانی پادشا هەمیشە بە دەستی بە شتەکەی یاری دەکرد ، ئەگەر بەبێئەوەی دەستی لێبدەن هەشت نۆ ئاکچەی بۆ بژمێرن هەموو شتێکتان پێدەڵێ . " لەدوورەوە سەیری ئەوەم کرد کە ڕەشە لە پێشدا پارەی دایە و لە دواییدا شمشێرەکەی خستە سەر قوڕگی . لەدواییدا نازانم کە چوون بوو شاگردی دەلاکەکە بە دەسکی تەورکەی دەستی بە لێدانی تاتارەکە کرد . وتم ئێستا تەواو دەبێ و تۆزێك سەیرم کرد بەڵام تاتارەکە دەگریا ، بەرلەوەی بیکوژێ لەبەر دەستی دەرمهێنا . شاگردی دەلاکەکە وتی : " جنێوی بە دایکمدا ". ڕەشە وتی : " دەڵێ حەسەن لەماڵ نیە ،ئایا قسەی ئەم کوێرە ڕاستە ؟ " نامەیەکی‌نوسیبوو ، پێیدام و وتی بیبە بۆ حەسەن ئەگەر لەوێ نەبووبیدەبە دەستی باوکیەوە . " کاتێ نامەکەم لێوەرگرت وتم : " ئەی نامەت بۆ شەکورە نەنووسیوە ؟ "

وتی : " ئەگەر نامەی بۆ بنووسم ئەوە دەبێ بە هۆی وروژانی زیاتری پیاوەکانی ناو ماڵ . پێیبڵێ   بکوژە ناپیاوەکەی باوکیم دۆزیوەتەوە . "

" ئەمە ڕاستە ؟ "

" تۆ بڵێ . "

سەرزەنشتی تاتارەکەم کرد واهێشتا دەگریا و بێدەنگم کرد و گوتم : "

www.pertwk.com

ئەوەی وابۆتۆم کردووە لەبیرت نەچێ . " و زانیم کە هەموو ئەم درێژ کردنی کارانە بۆ ئەوەیە کەوا لەوێ جودا نەبمەوە . بۆچی لووتم کردبوو بەناو ئەم هەموو کارەدا ؟ دوو ساڵ بەرلەئێستا لە " ئەدیرنەقاپی "هەرزەکارێك ژنێکی بۆخچەچی لەبەر ئەوەیوا ئەو کچەی کە پەیمانی پێدا بوو لەگەڵ کەسیتردا زەماوەندی کرد بووکوشتبوو،دایکی دایکم هەموو کات پێیدەگوتم تورکەکان زۆر جار بەبێ هۆ پیاو دەکوژن . نەسیمەکەم هاتەوە پێش چاو وائێستا لە ماڵدا شۆربای نیسکی دەخوارد . هەرچەندە کە پێم دەیەویست بەرەو دواوە بێت بەڵام کاتێ زانیم شەکورە لەوماڵەیە بەرە و ئەوێ ڕۆیشتم .مەراقیش دەروونمی دەورووژاند .

بوخچەچی : " لەچینەوە قوماشی جەژنانەم بۆهاتووە . " هەستم بەوە کرد کە تیشکە نارنجییەکەی بەرپەنجەرەکەجوولایەوە . دەرگا کرایەوە . باوکە ناسکەکەی حەسەن بردمیە ژوورەوە . ماڵ وەکی ماڵی دەوڵەمەندان گەرمبوو . شەکورە لەبەر ڕۆشنایی چرایەکەدا لەگەڵ منداڵەکانیدا لەسەر سوفرەیەك دانیشتبوو ، کاتێك منی بینی ڕاپەڕییە سەرپێ . وتم : " شەکورە !مێردەکەت هاتووە . "

وتی : " کامەیان ؟ "

وتم : " تازەکە ، بە پیاوە چەکدارەکانیەوە دەورووبەری ماڵیان حەشارداوە ، هاتوون لەگەڵ حەسەن شەڕبکەن . "

خەزووری پیر وتی : " حەسەن لەماڵ نیە . "

وتم : " چ هەڵکەوتێك ! " وەکوو نێردراوێکی لەخۆبایی کە نامەی پاشایەك بدات بە کەسێك نامەکەی ڕەشەم پێدا و گوتم : " تۆ ئەمە بگرە وبیخوێنەرەوە بزانم." کاتێ خەزوورە ناسکەکە نامەکەی دەخوێندەوە

شەکورە گوتی : " ئەستەر! وەرە با شۆربای نیسکت پێبدەم ، گەرم دەبێتەوە . " لەپێشدا وتم : " حەزی لێناکەم . " لەوەیوا وەکوو ئەوەی کە ئەم ماڵەی بە دڵ بێت قسەی دەکرد خۆشم نەهاتبوو . بەڵام کاتێ کە زانیم دەیەوێ بەتەنیا لەگەڵم قسە بکات کەوچکەکەم هەڵگرت و لەدواوەی ڕۆیشتم . بەچپەوە گوتی : " بەرەشە بڵێ کە هەمووی لەبەر شەوکەت وایلێهات ، دوێنێ شەو بە ترسی پیاو کوژەکەوە لەگەڵ ئورهاندا بەتەنیا چاوەڕێمان کرد . ئورهان هەموو شەو دەلەرزا . منداڵەکانم جیا بوونەتەوە ! کام دایك لە منداڵەکانی جیا دەبێتەوە ! کاتێ ڕەشە نەگەڕایەوە هەواڵی ئەوەشیان هێنا کە پیاوەکانی پادشا ئەشکەنجەیان کردووە و خۆیداوە بە دەستەوە و دەستی لە کوشتنی باوکمدا هەبووە . "

" مەگەر کاتێك کە باوکت کوژرا ڕەشە لەگەڵ تۆدا نەبوو ؟ "

" چاوە جوانەکانی کردبووە و گوتی : " ئەستەر! یارمەتیم بدە . "

" پێم بڵێ بزانم بۆچی گەڕایتەوە بۆ ئێرە تاوەکوو یارمەتیت بدەم . "

" یانی دەتەوێ بڵێی نازانی بۆچی گەڕاومەتەوە . " ویستی بگری و وتی : " ڕەشە پاڵی ناوەبە شەوکەتمەوە ، کاتێ حەسەن گوتی باوکی ڕاستەقینەی منداڵەکان گەڕاوەتەوە بڕوام پێکرد . "

بەڵام لە چاوەکانی دەمزانیکە درۆ دەکات و ئەویش دەیزانی کە زانیومە . بەچپەوە گوتی : " فریوی حەسەنم خوارد ! " و لەم قسەیەدا هەستم بەوە کرد کە دەیەوێ بزانم حەسەنی خۆشدەوێ . بەڵام شەکورە دەیزانیلەو کاتەی وا مێردی بە ڕەشە کردووە زیاتر بیری حەسەنی کردۆتەوە ؟ دەرگا کرایەوە خەیرییە بە نانێکی بۆن خۆشی گەرمەوە هاتە ناو . کاتێ منی بینی پییێناخۆش بوو ، زانیم لەدوای مەرگی زاواوە ئەم بەڵای میراتە بۆ شەکورە

www.pertwk.com

ماوەتەوە کە ئەگەر فڕێیبدەی فڕێ نادرێ و ئەگەر بیفرۆشی دیسان نافرۆشێت . کاتێ شەکورە گەڕایەوە بۆلای منداڵەکانی ڕاستی کێشەکەم بۆ دەرکەوت : کێشەکە لەوەدا نیە شەکوورە بەدوای مێردێکدا بگەڕێت کە خۆشی بوێت بەڵکوو بە دوای یەکێکدا دەگەڕێ کە منداڵەکان حەزی لێبکەن . ئەگەر ڕەشە بێت یان حەسەن هیچ فەرقێك ناکات و دۆزینەوەی ئەوەش تۆزێك سەختە . شەکورە ئامادەی ئەوە بوو کە بەنییەتی باوەشەوە حەز لەهەموو مێردە باشەکان بکات بەبێ ئەوەی بیر بکەمەوە وتم : " بەدڵەوە بەدوای ئەو شتەدا دەگەڕێی کە دەتەوێ بەڵام دەبێ بە عەقڵت بڕیار بدەی . "

وتی : " هەر ئێستا لەگەڵ منداڵەکانمدا دەگەڕێمەوە بۆلای ڕەشە بەڵام مەرجم هەیە ! " ماوەیەك بێدەنگ بوو لە دواییدا وتی : " بەباشی هەڵسوکەوت لەگەڵ شەوکەت و ئورهاندا بکات ، حیسابی ئەوەم لێنەپرسێت کە بۆچی پەنام هێناوەتە ئێرە . هەروەها مەرجی هاوسەریشمان هەبوو ئەبێ بەجێیان بهێنێ ــ دەزانێ ــ دوێنێ شەو منی لەبەردەم حەسەن و پیاو کوژەکەو دز و بێخەبەرەکاندا بەتەنیا هێشتۆتەوە .

وتم : " بکوژەکەی باوکت هێشتا نەدۆزراوەتەوە ، بەڵام ئەو پێی گوتم کە پێت بڵێم دۆزراوەتەوە . "

"بچم بۆلای ؟ "

من وەڵامێکم نەدابوەوە کە خەزوورە کۆنەکە کە نامەکەی لە زووەوە تەواو کرد بوو گوتی : " بە ڕەشە چەلەبی بڵێن من ناتوانم بەرپرسیاری دانەوەی بووکەکەم بگرمە ئەستۆ لەکاتێکدا کە کوڕەکەم لێرەدا نیە . "

بە دەنگێکی ناسکەوە وەکوو ئەوەی کە ئامۆژگاری بکەم گوتم : "کام

کوڕت ؟ " لەبەر ئەوەی کە پیاوێکی بەڕێز بوو بە شەرمەوە گوتی : " حەسەن ، هەندێك شایەت هەن کە دەڵێن کوڕە گەورەکەم لە وڵاتیعەجەم دەگەڕێتەوە ." دوو کەوچکم لە شۆرباکەی شەکورە خوار دوگوتم : " حەسەن لە کوێیە؟" بە فێڵی منداڵانەی پیاوە گێلەکانەوە و بەبێ بادانەوەی درۆکەی گوتی : " ڕۆیشتووە بۆ کۆ کردنەوە نووسەرەکان و حەماڵەکان و پیاوەکانی لە گومرك . لە دوێنێوە لەدوای کردەوەکانی ئەرزڕوومییەکان یەنیچەرییەکان لە بازاڕدا دەگەڕێن . "بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتم و گوتم :" ئێمە نەمانبینین ، دوایین قسەت ئەمەیە ؟ "بۆ ئەوەی خەزوور بترسێنم ئەمانەم پێگوتبوو . بەڵام شەکورە باش دەیزانی کە چیم لێپرسیوە . ئایا بەراستی مێشکی ئەوەندە تێکەڵ و پێکەڵە یان وەکوو شتێك دەشارێتەوە ، بۆ نموونە چاوەڕێی گەڕانەوەی حەسەن و پیاوەکانیان دەکرد ؟ لەراستیدا شەکورە دەیزانی کەمن حەزم لە بێبڕیارییەکەی کردووە. شەوکەت بە لێبوردەییەوە گوتی : "ئێمە ڕەشەمان ناوێت ، تۆش جارێکیتر مەیە بۆ ئێرە ، شیشکۆ! "

گوتم : " بەڵام ئەگەر من نەبم کێ ڕووپۆشی ڕیشڵدار و دەستماڵی گوڵ گوڵین دێنێ بۆ دایکت و کێ قوماشە سوورەکانی کراس دێنێ واتۆ حەزیان لێدەکەی ؟ " و لە دواییدا بوخچەکەم دانایە ناوە ڕاستی ژوورەکە و گوتم : " تا ئەو کاتەی دێن، بیکەنەوە و سەیری بکەن و ئەوەی وا دەتانەوێ بیپۆشن و لە خۆتانی هەڵواسن و بیبڕن و پێوانی بکەن و بیدروون . " کاتێ دەرکەوتم نارەحەت بووم : تا ئەو کاتە چاوی شەکوورەم بەپڕی نەبینیبوو . بە ساردییەکەی دەرەوە ڕاهاتم و نەهاتم کە ڕەشە بە شمشێرەکەی دەستیەوە لەرێگا قوڕاوییەکەی دەرەوەدا ڕایوەستاندم .وتم: " حەسەن

www.pertwk.com

لەماڵ نییە . لەوانەیە بۆ پیرۆزبایی کردنی گەڕانەوەی شەکورە چووبێ بۆ بازاڕ بۆ کڕینی شەراب . لەوانەشە کە وەکوو ئەوەی کە دەیانگوت چووبێ بۆ کۆکردنەوەی پیاوەکانی و هەر ئێستا دێتەوە . ئەوکات لەیەك دەخەن . چونکە شێتە . بگرە ئەو کاتەی کە شمشێرە سوورەکەی بگرێ بە دەستیەوە! "

" شەکورەچیگوت ؟ "

" خەزووری گوتی نا ، نابێ ، بووکەکەم نادەم . بەڵام تۆ لەوە مەترسە لە شەکورە بترسە ، مێشکی تێکەڵ و پێکەڵە ، دوو ڕۆژ لەدوای کوژرانی باوکی و لەگەڵ ترسی بکوژەکە و هەڕەشەکانی حەسەنداماوەتەوە وتۆش هیچ خەبەرێکت بۆ جێنەهێشتووە ، وا زانیویەتی کە ناتوانێ دوو شەو لەوێدا بمێنێتەوە هەر لەبەر ئەوەش گەڕاوەتەوە . ئەوەشیان پێگوتوە کە دەستی تۆش لە کوشتنی باوکیدا هەبووە ... بەڵام مێردەکەی جارانی شەکورە نەگەڕاوەتەوە . شەوکەت بڕوای بە قسەکانی حەسەن کردووە . وا دیارە کە باوکیشی بڕوای کردبێ ... شەکورە دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆلای تۆ بەڵام هەندێك شەرتی هەیە . " تەماشای نێو چاوانی ڕەشەم کرد و مەرجەکانم پێڕاگەیاند . یەکسەر وەکوو ئەوەی کە لەگەڵ نێردراوێکدا (باڵوێز) قسە بکات بە شێوەیەکی ڕەسمی مەرجەکانی پەسەند کرد . وتم : " منیش مەرجێکم هەیە " ، تەختەکانی پەنجەرەی پشتی خەزوورم نیشاندا و گوتم : " تۆزێك دواتر هێرش بکەنە سەر ئێرە و دەرگاکە . کاتێ من قیڕاندم بیبڕنەوە . ئەگەر حەسەنیش هات بەبێ هیچ ترسێك لەیەك دەدەن " هەڵبەت ئەمە قسەی نێردراوێك نەبوو کە بەدوای چارەدا بۆ خۆی بگەرێ ، بەڵام ئەم ئەستەرە خۆی دەخاتە ناوهەموو ئیشێك . کە وتم : " بوخچەچی " یەکسەر

دەرگاکەکرایەوەو یەکڕاست ، خەزوور هاتەبەرامبەرم .

وتم : " هەموو گەڕەك و قازییەکەی ئەم ناوەش ئاگادارن کە شەکورە جیا بووەتەوە و بەپێی قورئانی ـ کەریم ـ ، مێردی کردۆتەوە . ئەگەر کوڕەکەی تۆ دووبارە زیندوو ببێتەوە و لەلای حەزرەتی موساوە بگەڕێتەوە بۆ ئێرە دیسان بایەخێکی نیە ، چوونکە شەکورە جیا بووەتەوە . ژنێکی مێرددارتان ڕفاندووە و لێرەدا دەستتان داوە بەسەریدا ، ڕەشە داوای لێکردم کە پێتان بڵێم بەرلەوەی قازی سزاتان بدات خۆی و پیاوەکانی سزاتان دەدات . " خەزوور بە ناسکییەوە گوتی : " کارێکی هەڵە دەکات ، خۆ ئێمە شەکورەمان نەڕفاندووە ! شوکر بێت من باپیری ئەم مندالانەم وحەسەنیش ، مامیانە . کاتێ شەکورە بێکەس مایەوە چیبکات ؟ پەنای هێنایە ئێمە . ئەگەر بییەوێت دەتوانێ هەر ئێستا لەگەڵ منداڵەکانیدا بگەڕێتەوە بەڵام لەبیر نەکە کە ئێرە ئەو جێگایەیەوا ئەو منداڵانەی لەوێدا بووە و گەورەی کردوون . ماڵی خۆیەتی . " بەبێ مێشکییەوە گوتم : "شەکوورە دەتەوێ بگەڕیتەوە بۆ ماڵی باوکت ؟" لەبەر قسەی ماڵێکی خۆش کەوتە پەڵمە گریانەوە و گوتی : " باوکم نیە " . لەوانەیە من وەهام بیستبێ . منداڵەکان لە پێشدا باوەشیان کرد بە داوێنەکەیدا و لە دواییدا دایاننیشاند و سەریان نابە سینگیەوە . هەموویان باوەشیان کرد بە یەکدا و بوون بە تۆپێك و دەستیان کرد بە گریان. ئەم ئەستەرە گێل نییە : تێگەیشتم کە شەکورە بە گریان دڵی هەر دوولای ڕادەگرێ و لایەکیش هەڵنابژێرێ بەڵام دەمزانی کە لە دڵیشەوە دەگری . چونکە منیش دەستم کرد بە گریان .کەمێ دواتر زانیم کەخەیرییە مارەکەش دەگری . لەو کاتەدا هێرشەکەی ڕەشە و پیاوەکانی لە هەقی خەزوورە ناسکەچاوسەوزەکە هات

www.pertwk.com

کەوا تەنیا ئەو لەماڵدا نەدەگریا . لە تەختەی پەنجەرەکە و لە دەرگاکەدرا . دووکەس پاڵیاندا بوو بە دەرگاکەوە بە جۆرە شاخی بزنیکی نێر لێیاندەدا، هەر جا لێیان دەدا دەنگی وەکوو تۆپێك دەهات . بە جەسارەت وەرگرتن لە فرمێسکەکانی خۆمەوە بە خەزوورم گوت کە : " تۆ ڕۆژانێکت بینیوە ، پیاوێکی بەڕێز و ئەفەندیت دەرگاکە بکەوە و بڵێ شەکورە دێت باوەکوو ئەو سەگە هارانەی دەرەوە ڕاوەستن . "

" ئەگەر تۆبی ژنێکی بێچارە و بێکەس کە پەنای هێنا بێتە تۆ و بووکیشتبێ لە ماڵ دەردنێی و دەیخەیتە بەر دەستی ئەوسەگانە ؟ "

بە دەستماڵە مۆرەکەم لووتە گیراوەکەم سڕی و گوتم : " خۆی دەیەوێ بچێتەوە."

وتی : " ئەگەر وابێ دەتوانی دەرگاکە بکاتەوە و بچێ . "

لەپاڵ شەکورە و منداڵەکانیدا دانیشتم . گرمە گرمە مەترسیدارەکەی ئەوانەیوا دەرگاکەیان پاڵپێوە دەنا بەهانەیەك بوو بۆ ڕشتنی فرمێسکی زیاتر : منداڵەکان زیاتر دەگریان ، ئەمەش دەبوو بە هۆی خێراتر بوونی جمو جۆڵی فرمێسکەکانی من و شەکورە بەڵام هەردووکیشمان حیسابی زەربەکانی دەرەوەمان دەکردکەوا وەکوو ئەوە وابوون کە ماڵەکە خراپ بکەن و هەر دووکمان دەمانەویست کاتێکی زیاترمان هەبێت .وتم : " شەکورە جوانەکەم! خەزوورت ڕێگات پێدەداو ڕەشەی مێردت هەموو مەرجەکانت پەسەنددەکات و لەدەرەوە بە عەشقەوە چاوەڕێت دەکات . تۆ ئیدی پێوەندیت بەم ماڵەوە نیە ، جلەکانت بکەبەر و بوخچەکەت هەڵگرە و دەستی منداڵەکان بگرە و دەرگاکە بکەوە تاوەکوو بەرەو ماڵ بچینەوە."ئەم قسانەی من فرمێسکەکانی منداڵەکانی زیاتر کرد و چاوەکانی شەکورەشی کردەوە .

گوتی : " لەحەسەن دەترسم ، تۆڵەکەی پیس و مەترسیدار دەبێت چونکە من بۆ خۆم هاتووم بۆ ئێرە . "

گوتم : " بەڵام ئەمە ژیانی هاوسەری تازەت تێکنادات ، مێردەکەت هەموو شتێکی عەفو کرد . تۆی دەوێ ، ئەوە ساڵانێکە حەسنمان ڕازی کردووە ، دیسان هەروەها ڕازی دەکەینەوە " و بزەیەکم بۆ لێدا . گوتی : " من درەگاکە ناکەمەوە ، ئەوە بە مانای ئەوە دێت کە بە دڵی خۆم گەڕاومەتەوە " گوتم : " شەکورە گیان! منیش ناتوانم بیکەمەوە ، ئەگەر وا بێ ئەوە بە مانای ئەوە دێ کە من دەستم وەر دابێتەوە کاری ئێوە و و تۆڵەکەشی زۆر خراپ لە من دەگرنەوە " وتی : " کە وابوو کەس دەرگا ناکاتەوە ، لێ گەرێ با دەرگاکە بشکێنن و بە زۆر بمان بەن . " تێگەیشتم کە ئەمە ڕێگا چارەی هەرە گونجاوە بۆ شەکورە و منداڵەکانی و ترسام . گوتم : " بەڵام ئەو کاتە خۆێن دەرێژی ، ئەگەر قازی نەکەوێتە بەینەوە خۆێن دەکەوێت و شەڕی خۆێنیش ساڵانێك درێژە دەکێشیبێت . ئەوەی وا شەرەڤ هەبێت لە بەرامبەر شکانی دەرگای ماڵەکەی و ڕۆژانی خۆێندا بێدەنگ نامێنێتەوە . "

کاتێك کە لە باتی وەڵام دانەوەیەکی گونجاودا باوەشی کرد بە منداڵەکانیدا و دەستی بە گریان کرد ئەوسا دووبارە بە پەشیمانیەوە تێگەیشتم کە ئەم شەکورە چ ژنێکی فێڵباز و ساختەچییە . دەنگێك لە دەروونمەوە دەیگوت کە واز لە هەموو شتێك بێنم و بڕۆم . لە ڕاستیدا هەم لە شکاندنی دەرگاکە و هاتنە ژوورەوەیان دەترسام هەم لە نەشکاندیان . چونکە ڕەشە کە متمانەی بە من هێناوە و نایەوێ بێتە ژوورە و لەوانەیە پیاوەکانی بکێشێتەوە ، ئەمەش دەبێ بە هۆی جەسارەت پەیدا کردنی

www.pertwk.com

خەزوور . کاتێ زیاتر باوەشم کرد بە شەکورەدا زانیم کە بە درۆوە دەگری بەڵام لەوەش خراپتر بە شێوەیەك کە لاسای ناکرێتەوە دەلەرزا . نێزیکی دەرگاکە بوومەوە و بەهەموو هێزێکمەوە قیڕاندم و گوتم :"راوەستن، بەسە ئیدی!" بۆ ساتێك جم و جوڵەکانی دەرەوە و گریانەکانی ناوەوەش ڕاوەستان .

وەکوو ئەوەی لەگەڵ منداڵێکدا قسە بکەم بە ئیلهامی لە ناکاو گوتم : " با ئورهان دەرگامە بکاتەوە ، ئەو دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی ، کەس من لەو تووڕە نابێت " . لە دواییدا من قسەکەم تەواو کرد و نەکردکە ئورهان لە باڵە نەرم بووکانی دایکیوە دەرکەوت وە کوو ئەوەی کە ساڵانێك لەم ماڵەدا ژیابێ خاکە نازەکەی لابرد و لە دواییدا تەختەی دەگاکە و دوگمەکەی کێشاوە و دوو هەنگاو هاتە دواوە . لە بەینی دەرگاکەوە کەلە خۆیەوەکرابووە وە بایەکی سارد دەهاتە نێو ماڵەوە . بێدەنگییەکی وەها دروستبوو کە هەموومان گوێمان لە سەگێکی تەمبەڵ بوو کە لە دوورەوە تەنیا لەبەر بێئیشی دەیوەڕاند . ئورهان گەڕایەوە باوەشی باوکی و دایکی ماچیکرد ، شەوکەت گوتی : " بەمامە حەسەنم دەڵێم . "

کاتێ شەکورە چمکی کراسەکەی گرت و هەستایە سەرپێ و خۆی بۆ هاتنەوە ئامادە دەکرد دڵم ڕەحەت بوو ، لەپێکەنیندا ترسام . دانیشتم و دووکەوچکیتر نیسکم خوارد . ڕەشە ژیرییەکی کرد بووکە نەهاتبووە بەردەرگای ماڵەکە. کاتێك کە شەوکەت لە ژوورەکەی باوکیدا خۆی شاردبوەوە و نەدەهاتە دەرەوە ، بانگمان کرد بەڵام دیسان نەهات و ڕێگاشی بە پیاوەکانی نەدا کە بێنە ژوورەوە . شەوکەت بە مەرجێك ڕازی بوو بێتە دەرەوە کە دایکی ڕێگای پێبدا خەنجەرە سوورە دەسك

یاقووتییەکەی مامی هەڵبگرێ . خەزوور زیاتر لەوە کە بەهەوایەکی شکست و تۆڵەوە قسە بکات ، بەترسێکی ڕاستە قینەوە وتی : " خۆتان لە حەسەن وشمشێرە سوورەکەی بپارێزن . " یەکە بە یەکە ماچی قژی کوڕە زاکانی کرد و ماچی کردن و هەندێك شتی بە چپە بە شەکورە گوت . کاتێ کە بۆ جارێکیتر بەپەلەپەل تەماشای دەر و دیوار و ئوجاخ و ماڵەکەی کرد ، ئەوەم وەبیر هاتەوە کە ئەمە ماڵی یەکەم مێردی شەکورەیەو لێرەدا ڕۆژانێکی خۆشی بەسەر بردووە . شەکورە چاوی بەو بۆنەی مەرگ دەکەوت وا ئێستا لەو ماڵەوە دەهات کە جێگای حەوانەوەی دوو پیاوی تەنیایە ؟ لەبەر ئەوەی دڵی شکاند بووم لەکاتی گەڕانەوەدا باوەشم پێدا نەکرد . ئەوەی وا دوو منداڵی هەتیوو ژنێکی خزمەتکار و یەکی یەهوودی و بێوەژنێکی نێزیك دەکردەوە ساردی و تاریکاییەکەی شەو نەبوو ، بەڵکوو ئەم کۆڵانە نائاشنا و تەنگانە و ترسی حەسەن و پیاوەکانی بوون . لەژێر پارێزوانی پیاوەکانی ڕەشەدا کاروانە جەنجاڵەکەمان وەکوو ئەوەی کە خەزێنەی پێبێ لەلارەڕێ و کۆڵانەکانەوە دەڕۆیشت ، بۆ ئەوەی کە ڕووبە ڕووی پاسەوانەکان و یەنیچەرییەکان و جەردەکان نەبین و تووشی حەسەن نەبینەوە هەندێك جار لە تاریکاییەکی ڕەشدا کە چاو چاوی نەدەبینی بەخۆ لێدان لە دیوارەکان ڕێگامان دەدۆزییەوە . واماندەزانی کە جندۆکەکان و تارماییەکان وشەیتانە ژێرزەمینییەکان دەردەکەون و دەمانڕفێنن ، هەر بۆیە باوەشمان کرد بوو بە یەکدا. لەپشتی ئەو دیوار و پەنجەرانەی وا بەدەست هەستمان پێدەکردن ، لەساردی شەودا گوێمان لە پرخەی لووتی خەوتووەکان وناڵەی حەیوانەکان دەبوو لە گەوڕەکانیاندا . دەرەوەی گەڕەکە هەژار نشینەکان کەوا میللەتی جۆرا و جۆر و بێخێر کردوویانە بە جێگای

www.pertwk.com

خۆیان پێم ناوەتە ناو هەموو گەڕەکەکانی ئەستەنبووڵ و ئەو کۆڵانانەی وا لەم تاریکاییە بیٚبنەدا وادەزانم کە تەواو نابن لە ڕۆژدا بە بوخچەکەمەوە لێیان تێپەڕ دەبم و ئێستا دەیانناسمەوە : دیوارەکانی کۆڵان (تەرزی باشی) ، بۆنی گووی ناو گەوڕەکەی باخچەکەی مامۆستا نوورولڵا کە نازانم لەبەر چییە وا بۆنی لە دارچین دەچیٚ . جێگای سووتانی کۆڵانە گیانبازەکان ، ڕێگای باز فرۆشەکان و کانی حاجیە کوێرەکەم ناسیەوە کەوا بەرەو مەیدانێك جۆگەی بۆکرا بوو ، و زانیم کە بەرەو ماڵی باوکە خوالێخۆشبووەکەی شەکورە ناچین بەڵکوو بەرەو جێگایەکیتردەچین . یەکسەر تیگەیشتم کە ڕەشە دەیەوێت خێزانەکەی لە شەڕی حەسەن بپارێزیٚ کە کاتێك تووڕە دەبیٚ نازانیٚ چیدەکا (و لە شەڕی ئەو بکوژە شەیتانەش) و بە دوای پەناگەیەکدا دەگەڕێت . ئەگەر ئەو جێگایەم بزانیبایە هەر ئێستا بەئێوەم دەگوت و بەیانیش بە حەسەنم دەگوت . چوونکە دڵنیا بووم شەکورە جارێکیترحەسەنی دەوێت .

بەڵام ڕەشە ژیر بە هەقیشەوە ئیدی هیچ بڕوای بە من نەدەهات . لە کۆڵانێکی تاریکی پشتی بازاڕی ئەسیرەکەدا بووین کە دەنگی قیڕە قیڕ و هاوار هات .

دەنگی لێدانی تەور و دار و شمشێر لەیەك و کاتێك لە جەستەی مرۆڤ دەکەون دەهات و هەموویانم بە ترسەوە ناسییەوە . ڕەشە شمشێرە گەورەکەی خۆیدا بە کابرایەکی متمانە پێکراو و خەنجەرەکەی دەستی شەوکەتی بە زۆر وەرگرت و خستیە گریانەوە و شەکورە و خەیرییە و منداڵەکانی لەگەڵ کابرای دەلاك و شاگردەکەی و دوو پیاودا دوور خستەوە و گوتی کە گەنجە خوێنەوارەکە تۆش بە ڕێگای کورتەوە دەگەیەنێتەوە ماڵ

و نەیهێشت کە من لەگەڵ ئەواندا بمێنمەوە . ئەمە هەڵکەتبوو یان وەکوو بەرنامەیەکی داڕێژراوی فێڵبازانە بوو بۆ ئەوەی وا جێگای خۆ شاردنەوەکە لەمن بشارنەوە ؟ ئەو کۆڵانە تەنگەیوا ناچار بووین لێیەوە تێپەڕ ببین دوکانێکی لێبوو کە زانیم قاوەخانەیە . چاوم بە جەماعەتێکی جەنجاڵ کەوت کە دەچوونە ناوەو دەهاتنە دەرەوە ـلەپێشدا وامزانی تلاندەکەن ـ و قاوەخانەکەیان خراپ دەکرد . کوپەکان و قاوەکوتەکان و پەرداخەکان و سێپیاکانیان لە پێش چاوی ئێمەی زانخوازدا بە وریایی دەهێنایە دەرەوە و لە دواییدا بۆ ئەوەی پەندی لێوەربگیردریٚ ورد و هانیان دەکردن . کابرایەك ویستی ئەم کارە ڕاوەستێنیٚ بەڵام تۆزێکیان لێدا بەڵام ئەو توانی خۆی ڕزگار بکات . لەسەرەتا وامدەزانی کە وەکوو خۆیان دەڵێن هەموو کێشەکانیان ئەم قاوەیەیە . باسی ئەوەیان دەکرد کە زیانەکانی قاوەچییە و دەیانگوت کە ئەمە ژەهرێکی فەڕەنسییە و مێشکی مرۆڤ تێکدەدا و لە ئیمان دووری دەخاتەوە ، هەروەها باسی ئەوەیان دەکرد کە شەیتان خۆی کردووە بە ژنێکی جوان و قاوەی پێشکەشی پێغەمبەر کردووە بەڵام پێغەمبەر گەڕاندوویەتیوە . وەکوو ئەوەی کە ئەمە خۆشییەکی بەبەرنامەی شەوانە بێت و بیرم لەوە دەکردەوە کە کاتیٚ گەڕامەوە بۆ ماڵ دەقیڕێنم بە سەر نەسیمدا و دەڵێم : " ئەو زوقوومە زۆر مەخۆرەوە " .

لەبەر ئەوەی لەم ناوە ژووری هەرزان و بێژنی زۆری تێدا بوو لە ماوەیەکی کورتدا گروپێکی زۆری تووتکە سەگی بیٚئێش و هەرچی و پەرچی لەوێدا کۆ بوونەوە و ئەمەش دەبوو بە هۆی ئەوەی وا دوژمنانی قاوە بە جەسارتتربن . ئەو کاتە تێگەیشتم کە ئەمانە پیاوەکانی مەلا بەناوە بانگەکەی ئەرەزڕوومییەکەن و جێگای شەراب خواردنەوە و قەحپەخانەکان

www.pertwk.com

و قاوەخانەکان پاکدەکەنەوە و لاڕێکان لە ڕێگای حەزرەتی موحەمەد و ئەوانەی وا لەتەکیەدا موسیقا لێدەدەن و هەڵپەڕکێدەکەن سزا دەدەن . جنێویاندا بەدوژمنانی دین و هاوکارەکانی شەیتان و بوتپەرەستان و زەندیقەکان و ئەوانەیوا وێنەکێشن .

تازە تێگەیشتم کە ئەم قاوەخانەیە هەر ئەوەیە وا تێیدا جنێویان بە دین داوە و وێنەیان تێدا هەڵواسیوە و قسەیان بە مەلا ئەرزڕوومیەکە گوتووە و کاری بێئەدەبانەیان کردووە . شاگردێکی قاوەچی بە دەم و چاوێکی خوێناوییەوە لە قاوەخانەکە دەرکەوت ، وامزانی کە دەکەوێت بەڵام بە باڵی کراسەکەی خوێنی ڕوومەتی سڕی و هاتە نێو ئێمە و دەستی بە تەماشاکردنی بەسەردا چوونەکە کرد. جەماوەر ترسا بوون و تۆزێك کێشابوونەوە . هەستم بەوە کرد کە ڕەشە لەنێو جەنجاڵەکەدا چاوی بە یەکێك کەوتووە و زانیم کە ماوەیەك بێبڕیار ماوەتەوە. لەوەی وا ئەرزڕوومیەکان خۆیان کۆ دەکردەوە زانیم کە لەوانەیە یەنیچەرییەکان وەکوو جەماعەتێکی دار بەدەست خەریکن بەرەو ئێرە دێن . مەشعەلەکان کوژرانەوە . جەماوەرەکە تێکەڵاو بوو . ڕەشە باڵمی گرت و خستمیە دوای کوڕە خوێنەوارەکەوە و گوتی : " لەکۆڵانە کورتەکانەوە دەچن ، دەتباتەوە بۆ ماڵ " . کوڕە خوێنەوارەکەش دەیویست تۆزێك زووتر خۆی نەجات بدات. بەهەڕا کردن دوور کەوتینەوە . بیرم لەلای ڕەشە بوو بەڵام ئەگەر ئەستەر لەدەرەوەی جموجوڵەکان بمێنێتەوە خۆ ناتوانێ درێژەی بەسەرهاتەکەتان بۆ باسبکات .

((من ، ژن))(54)

بالۆرە بێژی ئەفەندی ! دەڵێن تۆ دەتوانی لاسایی هەموو کەسێك بکەیتەوە ، بەڵام ناتوانی ببی بە ژن ! من ئیدەعای پێچەوانەی ئەم قسە دەکەم . بەلێ ڕاستە، لەبەر ئەوەی شار بە شار دەگەڕێین و تا نیوەشەوان لە زەماوەند و شاییەکاندا و لەقاوەخانەکاندا لاسایی هەموو شتێك وهەموو کەسێك دەکەینەوە و بەسەرهات دەگێڕینەوە ، زەماوەند کردن و ژن هێنان نەبووە بە نسیبمان . بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە ناتوانین ڕەگەزی ژن بناسین . بە پێچەوانەوە زۆر بەباشی ژنان دەیاننناسم : تەنانەت خۆم بۆ خۆم

www.pertwk.com

چاوم بە چواریان کەوتووە وتەنانەت لەگەڵیاندا قسەشم کردووە ، ئەمانە " 1- دایکە خوالێخۆشبووەکەم 2- پووری خۆشەویستم 3- براژنەکەم (کاتێك منی دەبینی لێیدەدام و دەیگوت: دەرکەوە لە ژوورەکە . بۆ یەکەم جار عاشقی ئەو بوو بووم) 4- ئەو ژنانەی وا لەکاتی سە فەرەکانی قۆنیا لەبەر پەنجەرەیەکەوە دەمبینین . سەرەڕای ئەوەی وا هیچ لەگەڵیدا قسەم نەکردووە و بەیەکنەگەیشتووین بەڵام ساڵانێکی درێژ و ئێستاش هەستی ئەویندارییم لەبەرامبەریاندا هەیە . لەوانەیە ئێستا مرد بێتن .

لەبەر ئەوەی قسەکردن لەگەڵ ژنێکی ڕوومەت کراودا و بینینی حاڵەتە مرۆییەکانی دەبێ بە هۆی ورووژاندنی شەهوەت ویستەکان و قووڵتر بوونی ئازارە مەعنەوییەکان، دینەکەمان فەرموویەتی تەماشا کردنی ژنان بە تایبەتی ئەوانەی وا جوانن لە هەموو شتێکیتر خراپترە ! مادام کە ڕێگا ی چێژ وەرگرتنی جنسی لە ژنانمان لێوەردەگرێ ، دۆستایەتی کردن لەگەڵ کوڕە جوانەکاندا تەنیا ڕێگای چارەیە و ئەمەش دەبێت بە نەریتێکی شیرین .

لەشارەکانی فەرەنسەدا ژنەکان تەنیا ڕوخساریان دەرناخەن بەڵکوو لایەنەسەرنجڕاکێشەکانیشیان وەکوو قژەبریقەدارەکانیان و مل و دەست و گەردنە جوانەکانیشیان ڕووتدەکەن ، تەنانەت بە گوێرەیئەو شتانەیوا باسی دەکرێ لایەك لە قاچەکانایشیان بە ڕووتی دەهێڵنەوە و دەگەڕێن . هەر لە بەر ئەمانەش پیاوەکانیان لە شەرماندا هەمیشە لە نیو ئازاردان . ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێ بە هۆی فەلەج کردنی کۆمەڵگا . هۆی ئەوەی کە فەرەنسای گاور لە بەرامبەر عوسمانیەکاندا هەر ڕۆژە و شتێك و قەڵایەك لە دەست دەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە .

هەر لە سەرەتای تەمەنی گەنجیمدا تێگەیشتم کە دوور مانەوە لە ژنە جوانەکان بۆ ئارامشی ڕۆحم شتێکی باشە . بەڵام لەو کاتەوە دەمەوێ لە بارەی ژنانەوە شتی زیاتر بزانم و مەراقیان دەکەم . لەوەش زیاتر لە بەر ئەوەی لەو کاتانەدا زیاتر دایکم و پورم ژنی ترم نەبینیبوو ، زانخوازیەکەم دەبێ بە شتێکی ڕازدار . پێویستەلاساییان بکەیت و قسەکانیان دوو پات بکەیتەوە و جلەکانیان لە بەر بکەی و وەکوو ئەوان خواردن بخۆی تاوەکوو لە ڕاستیدا تێبگەی کە ئافرەت چ جۆرە بوونەوەرێکە. بەمجۆرە ڕۆژێکی هەینی کە دایکم و باوکم و پوورم و کاکم ، هەموویان پێکەوە دەڕۆیشتن بۆ باخچەی کۆمەڵگای لای کەناری (فاهڕنگ) گوتم زۆر نەخۆشم و لەماڵ دەمێنمەوە . دایکە خوا لێخۆشبووەکوم وتی : " وەرە لەو سەوزەڵانیدا چاوت بە سەگ و دار و ئەسپ دەکەوێ ، وەرە و لاساییانمان بۆ بکەرەوە با ئێمەش پێبکەنین . " نەمدەتوانی بڵێم جلەکانی تۆ دەپۆشم و دەبم بە ژن ، بۆیە گوتم ، زکم زۆر دەیشێ.

باوکم وتی : " نا ، نا ، مەکە ، وەرە پێکەوە زۆران دەگرین . " بەڵام نەڕۆیشتم.

ئێستاش یەکە یەکە باسی ئەوە بۆ ئێوەی وێنەکێش و خۆشنووسی برای خۆم دەکەم کە لە دوای ڕۆیشتنی ئەوان و لە بەر کردنی جلەکانی دایکم و پوورم هەستم بە چی کرد و ژن بوون چ واتایەکی هەیە . بەر لە هەر شتێك با ئەمە بڵێم : بە پێچەوانەی ئەوەی وا لە کتێبەکاندا نووسراوە و بە دەیان جار خوێندوومانەتەوە و هەروەها بە پێچەوانەی ئەو شتەی وا لە مەلاکانەوە بیستوومانە ، کاتێ مرۆڤ دەبێ بە ژن ،خۆی وەکوو شەیتان هەست ناکات . بە پێچەوانەوە کاتێ کە شۆرتە بە گوڵ نەخشێندراوە

www.pertwk.com

ڕێسراوەکەی دایکم لە پێ کرد، هەستم بە بڵاوبوونەوەی خۆشییەك لە دەروونمدا کرد . وامدەزانی منیش بە قەدەر ئەو هەستەوەرم . کاتێ کە کراسە ئاوریشمینە سەوزە فستقیەکەی پوورمم بە ڕووتی کردە بەر(خۆی دڵی نەدەهات لە بەری بکات) لە دەروونمدا هەستی حەز کردن بەرامبەر بە هەموو منداڵەکان و تەنانەت خۆشم بەرز بووەوە . دەمەویست چێشت بۆ هەمووان لێنێم و شیریش بدەم بە هەموو کەس . ئەگەر مەمکم هەبایە هەستم بە چی دەکرد ؟ ماوەیەك لە سەر ئەوە بیرم کردەوە ولە دوایدا چوومە سەر ئەو بیرەی کە بوون بەژنێکی مەمك گەورە چ جۆرە هەستێکی تێدایە ، هەر بۆیە زۆر شتم – گۆرەوی و ... – خستە بەر سینگم و کاتێ کە بەرزایە گەورەکەم بینی خۆمم وەکوو شەیتان لەخۆبایی و مەغرور هەستکرد . کاتێ زانیم ئەگەر پیاوەکان تەنانەت چاویان بە سێبەرەکەشی بکەوێ بە دوایدا هەڕا دەکەن و تەنیابۆئەوەی بیخەنە ناو دەمیان دەپاڕێنەوە ، ئەوسا هەستم بە بەهێز بوونی خۆم کرد ، بەڵام ئایا من دەمەویست بە هێز ببم ؟ میشکم تێکەڵ و پێکەڵ بوو بوو : هەم دەمویست کوڕێکی نەناسی دەوڵەمەنی ژیرو بە هێز حەزم لێبکات ، هەمیش لێی دەترسام .

کاتێ سەر چەفە نەخشینەکەی دایکم لە ژێرەوەی سندوقی جەهیزیەکەدا دەرهێنا و گۆرەویە بۆن خۆشە بەنینەکانم کردە پێ و بازنگە زێرینە با دراوەکانی دایکم لە جێگا شاراوەکەیدا دەرهێنا و کردمە دەستم و تۆزێك لە سووراوەکەیشم لە گۆنامدا (ئەو دوای حەمام گۆنای خۆ پێ سوور دەکرد) و کراسە سەوزە سنەوبەرییەکەی پوریشم لە بەر کرد و ڕۆیشتمە بەر ئاوێنە چوار چێوە سەدەفینەکە و تەماشای خۆمم کرد تووشی حەپەسان بووم .

تەنیا چاو و گۆناکانم دیار بوو، بەڵام من ژنێکی جوان بوم و ئەمەش منی زۆر خۆشحاڵ دەکرد . شتەکەشم بەر لە من هەستی بەمە کردبوو و ڕەپ بوو بوو . ئەمەش بوو بە هۆی نارەحەت بوونی من . لە نێو ئەو ئاوێنەیەیدا سەیری فرمێسکێکم کرد کە لە چاوە جوانەکانم دەهاتە خوارەوە . لەو کاتەدا بەو ئازارەوە شێعرێکم بۆ هات کە هیچ کات لە بیرم نەکرد . چونکە هەر لەو کاتەدا بە ئیلهامێکی خودایەوە ئەو شێعرەم وەکوو بەزمی گۆرانی و بە هەڵپەرکێ کردن بۆ لە بیربردنەوەی ئازارەکانم گوتبوو :

"ئەم دڵە بێ ئارامەم دەڵێ ئەگەر لە ڕۆژئاوا بم دەمەوێ لە ڕۆژ هەڵات بم و ئەگەریش لە ڕۆژ هەڵاتیش بم دەمەوێ لە ڕۆژ ئاوا بم.

جێگەکانی ترم دەڵێن ئەگەر پیاو بم دەمەوێ ببم بە ژن و ئەگەریش ژن دەمەوێ ببم بە پیاوێکی ئازا .

چەندە سەختە بە مرۆڤ بوون ، لەوە سەخت تریش ژیانێکی مرۆڤانە .

دەمەوێ هەم بە دوا و هەم بە بەرم ، هەم بە ڕۆژ هەڵات و هەم بە ڕۆژ ئاوا خۆشی و چێژ وەر بگرم ".

خەریکبوو بڵێم با برا ئەرزڕوومیەکانمان گوێیان لەم گۆرانییەی من نەبێ ، زۆر تووڕە دەبن . لەچی دەترسم ؟ لەوانەیە تووڕەش نەبن . تەنیا لەبەر قسە باسی ناکەم . چونکە ئەو حەزرەتی مەلا ئەفەندییە کە (هوسرەتیش) نییە خۆی ژنی هەیە ، بەڵام وەکوو ئێوەی وێنە کێش زۆر هەستیارەو کوڕانی جوانی لە ئێمەی ژن زیاتر خۆشدەوێ ، نازانم من درۆی دەمی خەڵك دەکەم . بەڵام من لەبەر ئەوەی بە خراپی دەزانم گوێی لێناگرم ، زۆر پیرە . ددانەکانی کەوتوون و بە قسەی ئەو کوڕە جوانانەی والێی نێزیکبوونەتەوە بۆنی دەمیشی زۆر پیسە ، داوای لێبووردنتان لێدەکەم بەڵام دەڵێن وەکوو

www.pertwk.com

بۆنی قوونیەتی . باشە، توورە مەبن، چەنەم ڕادەگرم و دەگەڕێمەوە سەر بابەتە سەرەکییەکە :

کاتێ زانیم زۆر جوانم ئیدی نەمدەویست وەکوو خزمەتکارەکان بچمە ناو کۆڵان و دەفر و جل و بەرگ بشۆرم . هەژاری و نەداری و خەفەت خواردن و گریان لەبەر ئاوێنەدا کاری ژنەپیسەکانە . پێویستە مێردێك بدۆزمەوە کە بەسەردەستەوە بمگەڕێنێ ، بەڵام ئەوە کێیە ؟ بەمجۆرەش لە کونی دیوارەکەوە بە دزیوە تەماشای ئەو کوڕە پاشا و بەگزادانەم کرد کەوا باوکم بە بەبەهانەی جۆرا و جۆر دەهێنان بۆ ماڵ . دەمەویست وەکوو ئەوەی وا هەموو وێنە کێشەکان عاشقیان دەبن ، مناڵکارێکی دەم بچکوولانەی لە ژن چوو بێت .بەسە ئیدی، باشتر وایە بەسەر هاتی عەشقی شەکورە جوانەکەتان بۆ باسبکەم . بەڵام ڕاوەستن قەولی شتێکیترم پێدا بوون، بەم ئێوارەی چوار شەمەیە ئەمەمەتان بۆباس دەکەم“

ئەو بەسەر هاتی عەشقەی کە شەیتان بۆ ژنی گێڕاوەتەوە .

لەراستیدا زۆر سادەیە . لەیەکێك لە گەڕەکە فەقیرەکانی ئەستەنبووڵدا ، لە (کەمەر ئوستوو) ڕوویداوە . یەکێك لە پیاو ماقووڵانی گەڕەك ناوی ئەحمەد چەلەبی دەبێ و بۆ (واسیف پاشا) نووسەری دەکات و ژن و دوومنداڵی دەبێ و سەری لەنێو کاری خۆیدا دەبێ ، ڕۆژێك لە پەنجەرەیەکی کراوەوە چاوی بە ژنە جوانکیلەیەکی بۆشناك دەکەوێ و عاشقی چاوەوقژە ڕەشەکانی و باڵا بەرزەکەی و لاشە سپییەکەی دەبێ . بەڵام ژن مێردی هەیە و حەز لە مێردە جوانەکەی دەکات و دڵێ لە چەلەبی ناچێت . بەمجۆرە چەلەبی ناتوانێ باسی عەشقەکەی بەلای هیچ کەسەوە باسبکات و لەدەردی عەشق دەڕووخێ ، ئیدی هەر ڕۆژ شەرابی ڕوومی دەکڕێ و دەیخواتەوە ،

بەڵام لە دواییدا ناتوانێ ڕازی عەشقەکەی لە گەڕەك بشارێتەوە . لەبەر ئەوەی کە خۆشیان حەزیان لە بەسەر هاتی عەشقەکان کردووە و حەزیان لە چەلەبیش کردووە دوو سێ گاڵتەی لەگەڵدا دەکەن و چاوی لێدەگرن . بەڵام کاتێك دەزانن ئەو بێچارەیە بەسەر خۆیدا زاڵ نابێ و هەموو شەوێك بەسەر خۆشی لەبەر دەرگاکەیاندا وەکوو منداڵێك دەگری ، ئەوسا لێی دەترسن . شەوان لە ئازاری عەشقدا زیاتر دەگری ، بەڵام کەس ناتوانێ لێیبدا و دەریکا و کەسیش ناتوانێ دڵی بهێنیتەوە . چەلەبیش زۆر فەقیرانە دەگری و قسە بە کەس ناڵێ و ئازاری خۆی دەکێشێ . وردە وردە ئەو خەمە دەبێ بە خەمی تەواوی گەڕەك و خۆشییان لەلا نامێنێ و خەفەتیان وەکوو کانیاوەکەی مەیدانەکە هیچ ڕاناوەستێ و سەرچاوەکەشی زیاتر دەبێ . بەمجۆرە لە پێشدا وشەی خەماوی و لە دواییدا قسەی بێخێر و دواتریش بیری بێبەرهەم و بێپێز لەگەڕەکەکەدا بڵاو دەبێتەوە . هەندێك کەس باردەکەن هەندێك خۆشییان نامێنێ ، هەندێکیتریش ناتوانن لەسەر پیشەکەیان بەردەوام بن . ڕۆژێك کە گەڕەك چۆڵ دەبێ چەلەبیش دەستی ژن و منداڵەکانی دەگرێ و لەوێ دەچێ و بار دەکات و ژنە لاشە سپییەکەو و مێردەکەی بەتەنیا دەمێننەوە . ئەو نەهامەتیەی وا خۆیانبوو بوون بە هۆی دروستبوونی دەبێت بە هۆی سارد بوونەوەی عەشقەکەیان و نێوانیان دروست دەبێت . تا دوایی تەمەنیان پێکەوە دەژین بەڵام هیچ کات ڕووی خۆشی نابینن .

خەریکبوو بلێم لەبەر ئەوەی ئەم بەسەر هاتە باسی مەترسیدار بوونی ژنان دەکات ، زۆر خۆشە ! کەچی هاتەوە بیرم . هەی ڕۆ کەنی! لەبیرم چووبوو ،خۆ من ئێستا ژنێکم بۆیە پێویستە شتێکی جیاواز بڵێم . باشە .

www.pertwk.com

شتێکی ئاوەها :
ئای کە جوانە عەشق !
بەڵام نائاشنایانەکێن کەوا لە دەرگاکەوە هاتنە ناوەوە ؟

((پێم دەڵێن پەپوولە)) (55)

کاتیٚ چاوم بە جەنجاڵەکە کەوت زانیم کە ئەرزڕوومیەکان وێنەکێشە

گاڵتەچییەکانی ئێمە دەکوژن . ڕەشەش لەنێو ئەو جەماوەرەدا بوو کە سەیری بەسەردا چوونەکەیان دەکرد . خەنجەرێکی بە دەستەوە بوو ، هەندێك پیاوی غەریب و ئەستەر بوخچەچییە ناودارەکە و چەند ژنی دیکەی بوخچەبەدەستی لەگەڵدا بوو . ئەوانەی وا لە قاوەخانەکە دەردەکەوتن لێدانێکی باشیان دەخوارد و جەماعەتێکی غەداریش هاتن ،نازانم لەوە دەچیٚ یەنیچەرییەکان بووبێتن ،هەر لەو کاتانەدا ئەرزڕوومیەکان مەشعەلەکانیان کوژاندەوە و ڕایانکرد . کەس لەبەر دەرگا تاریکەکەی قاوەخانەکەدا نەبوو ، تەنانەت کەسیش تەماشای نەدەکرد . چوومە ناوەوە . هەموو لایەك پڕ بوو لە شتی ورد و هان کراو . پێم نا بەسەر وردەی کوپ و قاپ و پەرداخ و شووشەدا و ڕێمکرد . سەرە ڕای ئەو هەموو شتە چرایەکی هەڵواسرا و بە بزمارێکی سەر دیوارەکەوە هێشتا نەکوژا بوویەوە ، بەڵام باسی شتە وردوهان بووەکانی زەوی و سپێیا لەناو چووەکان و تەختە پارچەکراوەکانی نەدەکرد بەڵکوو لەکەکانی سەر سەقفەکەی نیشاندەدا . دۆشەکەکانم نایە سەر یەك دەستم درێژ کرد و چراکەم داگرت . لەبەر ڕۆشناییەکیدا چاومبە تەرمێك کەوت کاتیٚ کە زانیم دەمو چاوی خوێناوییە سەیرم نەکرد و خۆمم پاڵدا بە ئەویترەوە . دووهەمینیان ناڵەی لێوە دەهات " کە چاوی بە چراکەم کەوت وەکوو منداڵێك دەنگی دەرخست . خۆم کێشایە دواوەوە. یەکێکیتر هاتبووە ناوەوە ! لەپێشدا ترسام ،بەڵام دواتروا هەستم کرد کە ڕەشەیە . هەردووکمان پێکەوە چووینە لای لاشەی سێهەم . کاتێك کە چراکەم نێزیك کردەوە ئەو شتەم بینی کە هەردووکمان لە گۆشەیەکی عەقڵمانەوە هەستمان پێکرد بوو ، بالۆرەبێژە ئەفەندییەکەیان کوشتبوو . هیچ شوێنێك بەسەر ڕوومەتیەوە نەبوو، خوٚی وەکوو ژن لێکرد

www.pertwk.com

بوو . بەڵام چەناکە و چاوولێوە سوور کراوەکەی تلیقا بوون و ملیشی لەبەر فشاردان شین بوو بوو . دەستەکانی لەدواوەوە درێژ کرا بوون . زانینی ئەوەی کە یەکێك لەدواوەوە دەستەکانی بالۆرەبێژەکەی بەم جلەژنانەوە گرتبێ‌و یەکیتریش بە مشتە کۆڵە بەر بووبێتە گیانی و لەدواییدا خنکاندبێتیان شتێکی ئاسان بوو . ئایا دەبێ کە گوتبێتیان " زمانی ئەوە ببڕن کە قسە بە حەزرەتی مەلا ئەفەندی ئەرزروومی دەڵێ " و دوایی ئەو کارەیان کردبێ؟

ڕەشە گوتی : " چراکەت بێنە ئێرە " . ڕووناکی چراکەی دەستم دای لە قوڕاوی قاوە ڕژاوەکە و پارچەکانی قاوە کوتەکان و تەرازووەکە و کوپە ورد و هان کراوەکان . لەو گۆشەیەی وا هەموو شەوێك کابرای بالۆرەبێژ وێنەی هەڵدەواسی ، ڕەشە بەدوای کەلوپەلی ئیش و پشتوێن و گوپاڵە کابرادا دەگەڕا .

چراکەی لە دەستم گرت و گرتیە نێو چاوانم و گوتی بیر لە وێنەکان دەکەمەوە! بەڵی . منیش لەبەر دۆستایەتی دوانیانم کێشا بوو . تەنیا توانیمان کڵاوە عەجەمییەکەی ئەو بێچارەیە بدۆزینەوە . لە ڕێڕەوێکی تەنگەوە کە دەچووە دەرگای پشتەوە ڕۆیشتین و بەبێئەوەی کەس بمانبینێ دەرکەوتین . دەبێ کە لە کاتی بەسەردا هاتنەکەدا وێنەکێشەکان لێرە و هەڕایان کردبێ ، بەڵام گوڵدانە کەوتووەکان و تەلیسە قاوە ڕژاوەکان ، ئەوەیان نیشاندەدا کەلێرەشدا شەڕ کراوە . کوشتنی بێبەزەییانەی بالۆرەبێژەکە و بەسەرداهاتنی ئەم شەوە سارد و ترسێنەرە من و ڕەشەی نزیکی یەککردەوە . وابزانم بێدەنگییەکەی نێوانیشمان لەمەوە دەهات . کۆڵانی یەکەممان تێپەڕ کرد، ڕەشە چراکەی دەستی دا بەمن بۆ ئەوەی

هەڵیبگرم . لەدوایدا خەنجەرەکەی دەرهێنا و خستیە سەر قوڕگم و گوتی: "دەچین بۆ ماڵی ئێوە ، دەمەوێ بیپشکێنم، بادڵم ئارام ببێتەوە".

گوتم : "خۆ پشکنییان " و بێدەنگ بوومەوە . خۆ بچووك دیتنێك لە دەروونمەوە دەرباز بوو ، بەڵام لێی تووڕە نەبووم . ئایا بڕوا کردنی بەو قسانەی وا لەبارەی منەوە دەیلێن ئەوەی دیار دەکرد کە ئەویش بەخیلیم پێدەباتەوە ؟ لە کاتی گرتنی خەنجەرەکەیدا زۆر متمانەی بەخۆی نەبوو . ماڵەکەم لە پشتیقاوە خانەکەو لەبەر ئەو کۆڵانەیە کە لەوێوە هاتووین . لەم ڕووەشەوە بۆ ئەوەی کە تووشی جەنجاڵەکان نەبین ، لە نێو گەڕەکەکانەوە بەم کۆڵان و ئەو کۆڵان ، لەراست و لە چەپەوە گەڕاینەوە و کەوانێکمان کێشا . دەنگە دەنگە لای قاوەخانەکە نەدەبڕایەوە . گوێمان لە ئەرزڕوومیەکان و یەنیچەرییەکان بووکە بە دوایانەوە بوون و دەنگی لاوەکانمان بیست . تاوەکوو نیوەی ڕێگا هاتبووین کە ڕەشە گوتی : " ئەوە دووڕۆژە لەگەڵ وەستا عوسماندا لە ژووری خەزێنەدا تەماشای وێنەی وەستا کۆنەکان دەکەم . " ماوەیەکی درێژ بێدەنگ مامەوە . زۆر دواتر بە قیڕەوە گوتم : " لەدوای تەمەنێك ، ئەگەر وێنەکێش لەگەڵ خودی بەهزادیشدا لەسەر مێزێك دانیشێت و تەماشای وێنە بکات فێری هیچ شتێك نابێت ، تەنیا جەژنێك بۆ چاوەکانی دروست دەکات وبەس . چونکە وێنە بە چاو ناکێشرێ بەڵکوو بە دەست دەکێشرێ . دەستیش لە تەمەنی وەستا عوسماندا ، تەنانەت لە تەمەنی منیشدا فێری شتێکی تازە نابێت . " لەبەر ئەوەی کە دەمویست ژنە جوانەکەم کە ئێستا لە ماڵدا چاوەڕێم دەکات ، بزانێت کە تەنیا نیم و کەسیترم لەگەڵدایە و ڕوو بە ڕووی ڕەشە نەبێتەوە دەمقیڕاند و بە دەنگی بەرز قسەم دەکرد ، نەك لەبەر ئەوەی کە لەم ڕەشە

www.pertwk.com

خەنجەر بەدەستە لە خۆباییە بترسم . کاتێ لە حەوشەی ماڵەکەوە چووینە ناو وامزانی کە تیشکی چراکە لەناو ماڵەوە جووڵایەوە . بەڵام زۆر شوکر ئێستا هەموو لایەك تاریك بووە . هاتنی حەیوانێکی خەنجەر بەدەست بۆ ناو ئەو ماڵە بەهەشتینەم وا زۆربەی کات لەوێدا بە دوای دۆزینەوەی بیرەوەرییەکانی خودادا دەگەڕێم و وێنە دەکێشم و کاتێکیش کە ماندوو دەبم لەگەڵ جوانترینئافرەتی دونیادا جووت دەبم و لاقە دەکەم ، زۆر نارەحەتی کردم ، هەربۆیە سوێندم خوارد کە تۆڵەی ئەمە لە ڕەشە بستێنمەوە .

تەماشای لاپەڕەکانمی کرد، لاپەڕەیەکم هێشتا تەواو نەکردبوو ـ وێنەی ئەو گیراوانەی کە بۆ ڕزگار بوون چاوەڕێی باشییەکی پادشا دەکەن و لێی دەپاڕێنەوەـ وتەماشای ڕەنگەکان و مێز و چەقۆ و فلچە و شتەکانی لای مێزە نیلییەکەمی کرد و دووبارە سەیریلاپەڕە و مۆرو قەڵەمتراشەکان و قووری قەڵەم و ژێری دۆشەکە و قاڵی و جێگاکانی کرد . دەتگوت بە دوای ماڵەکەمدا نەگەڕێ بەڵکوو بەدوای وێنەکانمدا دەگەڕێ . ئایا ناتوانم ئەوەی وا بمەوێ بیشارمەوە ؟ناتوانم لەو ژوورەیدا کە ئێستا ژنەکەم بە دزیوە تەماشای ئێمە دەکات بیشارمەوە ؟

ووتی : " دواین وێنەی کتێبەکەی زاوام نەماوە ، بکوژەکەی دزیویەتی."

یەکسەر گوتم : " لەوانیتر جیاواز بوو . زاوای خوالێخۆش بووت داوای لێکرد بووم کەلە گۆشەیەکدا وێنەی درەختێك بکێشم . لەدواوە تا جێگایەك ... لە ناوەڕاست و لە پێشەوە وێنەی کەسێکی لێدەبوو : لەوانەیە ڕوومەتی پادشاکەمان بووایە . جێگا گەورەکەی ئامادە بوو ، بەڵام نەکێشرا بوو .

لەبەر ئەوەی ئەم وێنەیە بەپێی نەریتی فەرەنسییەکان دەکێشرا و کەلوپەلەکانی دواوە بچووك دەبوونەوە داوای لێکردم کە وێنەی درەختەکە بچووك بکێشم . هەرچی بەرەو پێش دەچوو واتدەزانی کە لەپەنجەرەیەکەوە سەیری دونیا دەکەی . کاتێك کە چاوم بە جەدوەلەکانی ئەو ڕەسمە و جوانکارییەکانی و چوار چێوەی پەنجەرەکان کەوت زانیم کە ئەم وێنەیە بە نەریتی فەرەنسییەکان دەکێشرێت.

- " چوار چێوەکان و جوانکارییەکان بە دەستی زەریف ئەفەندییەوە دروست کرابوو ؟ "

- " ئەگەر ئەمە دەپرسی ، لە پێشدا گوتبووم من نەمکوشتوە . "

- بەپەلەپەل گوتی : " مرۆڤ ئەگەر بکوژێ و نەکوژێ ، ناڵێ کوشتوومە . " و پرسیاری ئەوەی کرد کە لە کاتی بەسەردا چوونی قاوەخانەکەدا لەوێدا چیمدەکرد .

چراکەی لەولای دۆشەکەکەمەوە و لەنێو لاپەڕەکان و نەخشکراوەکانمدا وەها دانا بوو کە ڕوومەتی ڕۆشن دەکردمەوە . خۆشی لەنێو تاریکاییەکەدا وەکوو سێبەرێك هەر چوار لا دەگەڕا . ئەو شتانەی وا بە ئێوەم گوتبوو بە ئەویشم گوت“

زۆر کەم سەردانی قاوەخانەکە دەکەم و بە هەڵکەوت لەوێوە تێپەڕ دەبووم حەزم لەو ڕووداوانە نەکردووە و دوو لە وێنەکانی ئەوێش بە دەستی من دروستکراون و گوتم : " چوونکە ئەگەرنەخش هێزی خۆی لە هونەری وێنەکێش و عەشقی نەخش و خودا وەرنەگرێ و خراپییەکانی ژیان لە داخوازی بچووك کردن و سزادانەوە وەربگرێت ، لە دواییدا خودی وێنەکێش بچووك دەبێت و سزا دەدرێت . لەوەش زیاتر ئەگەر ئەو قاوەخانە

www.pertwk.com

وازی لە ئەرزڕوومییەکان بهێنابایە ، لەوانەیە ئەمشەو ئەوانەی بەسەردا نەهاتبایە . "

ناپیاو گوتی : " بەڵام تۆ هەر هاتوو چووی ئەوێت دەکرد . "

- " دەڕۆیشتم ، چونکە لەوێدا خۆمم سەرگەرم دەکرد . " ئایا تێدەگەیشت کە چەندە بەراستی قسە دەکەم ؟ ئەوەشم پێ زیاد کرد کە " ئێمەی ئادەمیزاد لەوانەیە بە پێی بیروویجدانی خۆمان بزانین کە شتێك ڕاستە یان هەڵەیە ، بەڵام لەهەمانکاتدا دەتوانین چێژیشی لێوەربگرین . من لەبەر ئەوەی لەو وێنە هەرزانان و لاساییکردنەوانە ولە شەیتانە بێئارەزووە ناخۆشەکە و پارە و بەسەر هاتەکانی سەگ چێژم وەرگرتووە ، شەرم لە خۆم دەکەم " .

- " کەواتە بۆچی دەچووی بۆ قاوەخانەی ئەو بێئیمانانە ؟ "

- بە دەنگێکی نزمەوە گوتم : " باشە ، منیش هەندێك گومانم لە دڵدایە کە جار و بار وەکوو کرم دەروونم دەخواتەوە ، ئەوانەت بۆ باسدەکەم " لەو کاتەی وا نەتەنیا وەستا عوسمان بەڵکوو پادشاکەشمان بە ئاشکرایی زانیویەتی کە لێهاتووترین و هونەردارترین وێنەکێشی وێنەکێشخانە منم ، دەستم بە پاراستنی خۆ کرد تاوەکوو لە کەوچکێك ئاودا نەمخنکێنن ، هەر بۆیە دەچوومە ئەو جێگایانە وا ئەوان دەچوون و لەگەڵیاندا هەڵسوو کەوتم دەکرد و دەمویست لەوان بچم . تێدەگەی ؟ لەو کاتەش وا دەیانگوت من ئەرزڕوومیم ، بۆ ئەوەی کومانم لەسەر نەکەن هاتوو چۆی قاوەخانەی ئەو بێئیمانانەم دەکرد . "

- " وەستا عوسمان دەیگوت زۆر شتی کردووە بۆ ئەوەی داوای لێبوردن لە خۆت و هونەرەکەت بکات ."

- " لەبارەی منەوە چیتری دەگوت ؟ "

- " دەیگوت لەبەر ئەوەی بڕوات پێبکەن کەلەبەر خاتری وێنە کێشان وازت لە ژیان هێناوە لەسەر دانەی برنج و نینۆك وێنەی هەرچی و پەرچییانە دەکێشیٚ ولەبەر ئەوەی لەو هونەرەی وا خودا پێیداوی شەرم دەکەی هەموو کات دەتەویٚ لە ناو خۆشیدا بیت . "

لە دڵەوە گوتم : " وەستا عوسمان لەپلەی وەستا بەهزاددایە . ئیتر ؟ "

- ناپیاو گوتی : " بەبیٚ هیچ ترسێك و کەمو کوڕییەکانتیشی هێنایە سەر زمان . "

- " کەمو کوڕیەکانم بۆ باسبکە " .

- وتی : " لەبەر هونەرەکەت وێنە ناکێشی ، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە بکەویتە چاوی خەڵکەوە . لە کاتی وێنە کێشاندا ئەوەی وا دڵخۆشت دەکات ، ئەوەیە کە خەیاڵی ئەوە بکەی کە تەماشا کەرانی وێنەکەت چەندە چیژ و تام وەردەگرن ، کەچی دەبیٚ وێنەت بۆ ویستی خۆت بکێشابایە . "

چۆنیەتی بیر کردنەوەی وەستا عوسمان لەبارەی من و باسکردنی بە شێوەیەکی بێپەروایانە بەلای کابرایەك کە ئاگای لە نەخش نیە و هەموو ژیانی بە نووسەری و نامەبەری و ماستاوچێتی تێپەڕ کردووە ، لە دڵەوە برینداری کردم . ڕەشە شتیتریشی گوت : " وەستا عوسمان ئەوەشی گوت کە وەستا گەورە کۆنەکان ئەو شێواز و نەریتەی وا لەئەنجامی کاری تەمەنێك بە دەستیان هێناوە ناگۆڕنەوە بە دەسەڵاتی شایەکیتری تازە هاتوو یان کەیف یاخود وێنەی زەمانێکیتر ، هەر بۆیە لە ئەنجامدا بە قارەمانی خۆیان کوێر دەکەن . بەڵام ئێوە لەبەر ئەوەی پادشا دەیەوێت ، وێنەکانی کتێبەکەی زاواکەمتان بە ویست وحەزی خۆتانەوە کێشاوە وزۆر

www.pertwk.com

بێشەرەفانە لاسایی فەرەنسییەکانتان کردووە."

وتم : " وەستا عوسمان باسی شتێکی خراپی نەکردووە ، بائەخلامورر بکوڵێنم بۆ میوانەکەم . "

ڕۆیشتمە ژوورەکەی تەنیشتەوە . گیانەکەم بە جلی ئاورێشمینە چینیەکەی شەویوە کە لە ئەستەری بوخچەچی کڕیبوو خۆی هاوێتە باوەشم و گوتی : " ئەخلاموور بکۆڵێنم بۆ میوانەکەم ! " لاساییکردمەوە و دەستی برد بۆ قامیشەکەم . لەژێر دۆڵابەکەی لای ئەو جێگایەی وا بۆ خەوتن ڕایخستبوو ، لە نێوان سەرچەفە بۆن گوڵدارەکاندا شمشێرە دەسك عەقیقینەکەم دەرهێنا ، کێشامەوە . کەنارەکانی ئەوەندە تیژن کە ئەگەر دەستماڵێکی ئاورێشمین بخەیتە سەری دەبێ بە دوولەتەوە و ئەگەر لاپەڕەی زێڕینیش ببڕی وەکوو ئەوە دەردەچێ کە جەدوەلیان کێشاوە و ڕێك دەردەچێ . شمشێرەکەم لەپشتی خۆمدا قایم کرد و گەڕامەوە بۆ ژووری وێنەکێشان . ڕەشە ئەفەندی ئەوەندە حەزی لە لیپرسینەوە من دەکرد کە هێشتا بە خەنجەرەکەی دەستیەوە لەدەور و بەری دۆشەکەکەدا دەهاتوو دەچوو .

لاپەڕەیەکی نیوە نەخشکراوەم خستە سەر دۆشەکەکە و گوتم سەیری ئەمە بکە . لەمەراقاندا چۆکی دادا و ویستی بزانێ چیە . چوومە پشتیەوە ، شمشێرەکەم هەڵکیشا و خۆم هاوێتە سەری و دام بەعەرزدا . خەنجەرەکەی کەوت . قژیم گرتو چەسپاندم بە عەرزەکەدا و لە ژێریشەوە شمشێرەکەم نایە سەر قوڕگی و بە ورگە گەورەکەم زەختم خستە سەری . دەستێکم پڕ بوو لە قژە چڵکنەکانی و دەستێکیشم شمشێرەکەی نابووە سەر لاشە ناسکەکەی . ژیرییەکی کرد و جووڵەی نەکرد چونکە یەکسەر خوێنیم

دەڕشت . قژە لوولەکانی و پشت ملەکەی کە ئەگەر جاریکیتر بایە دەمەویست لێیبدەمله گەڵ گوێ پیسەکانیدا تووڕەیان کردم . وەکوو ئەوەی نهێنییەکی پێبدەم گوتم : " لێرەدا بۆ نەکوشتننت بەزۆر خۆم ڕادەگرم " . دەنگ دەرنەخستن و گوێگرتنی وەکوو منداڵێکی ژیر ، بەلامەوە خۆش بوو . دووبارە چپاندم و گوتم : " ئەفسانەکە ی شاهنامەوە دەزانی ؟ فەرەیدوونی باوکیان هەڵەیەك دەکات و وڵاتەکەی دەکا بە سێ بەش و وڵاتەخراپەکان دەدا بە دوو کوڕە گەورەکەی و باشترینیان کە ئێرانە دەدا بە ئیرەج کە بچووکی ناویانە . توور کە دەیەوێ تۆڵەی بستێنێتەوە ئیرەجی برای دەخەڵەتێنێ و بەر لەوەی سەری ببڕێ وەکوو ئەوەی وا من ئێستا کردوومە قژی دەگرێ و خۆی دەدا بەسەریدا و ئازاری دەدا . هەست بە گرانایی من دەکەی لەسەر خۆت ؟ " وەڵامی نەدایەوە ، بەڵام لە نیگای چاوەکانیدا زانیم کە گوێی لێڕاگرتووم . جارێکیتر ئیلهامم بۆ هاتەوە و گوتم : " من تەنیا بە نەریتی وێنە کیشە عەجەمەکان وەفادار نیم بەڵکوو لەبەرامبەر نەریت و شێوازی شمشێر لەبەر ملگرتن و سەربڕینی ئەوانیشدا دروست ماومەتەوە . نموونە یەکیتری ئەم وەزعە جوانەم لەوێنەکەی مەرگی شا سیاوەشدا بینیوە . "

ڕەشە بە بێدەنگی گوێی لێڕادەگرتم و منیش باسی ئەوەم بۆ دەکرد کە چۆن سیاوەش خۆی بۆ تۆڵەسەندنەوە لەبراکانی ئامادە کردووە و چۆن ئاوری بەرداوەتە هەموو کۆشك و مۆڵکی خۆیو گەردن ئازایی لەگەڵ ژنەکەیدا کردووە سواری ئەسپەی بووە و چووە بۆ سەفەر و چۆن لەشەڕدا شکستی هێناوە و ، لە مەیدانە کەدا قژی دەگرن و ڕایدەکێشن هەروەها چۆن لەنێو دۆست و دوژمنەکانیدا شمشێر دەکەوێتە بەرملی و چۆن

www.pertwk.com

باسی ئەوە دەکرێت کە ئایا بیکوژن یان نا و خۆیشی گوێی لێدەبێت .

لە دواییدا گوتم : " حەز لەو ڕەسمە دەکەی ؟ . ئەو سیاوەشەی وا کەسێکی وەکوو من لە دواوە خۆی دەهاوێتە سەری و خەنجەر دەخاتە بەر قوڕگی ، لە دواییدا لە لایەن (گەرووی) یەوە بەبادانی قژی و برینی قوڕگی بەخەنجەر دەکوژرێت . ئەو خوێنەی وا تۆزێکیتر لێرەدا دەڕژێتە خاکە تینوەکە ، لەپێشدا دووکەڵێك هەڵدەسێنێت و لەدواییدا گوڵێکی تازە دەڕوێنێت . " تۆزێك بێدەنگ بووم و گوێمان لە ئەرزڕۆومییەکان گرت کە لەنێو کۆڵانەکەوە ڕایان دەکرد و هاواریان دەکرد . ئەو ترس و فەلاکەتەی دەرەوە یەکسەر ئێمەی نێزیکی یەك کردەوە کە لەزەویدا لەسەر پشتی یەك بووین . قژەکەی ڕەشەم لەناو دەستی خۆمدا زیاتر بادایەوە و گوتم : " بەڵام لەنێو هەموو ئەو وێنانەدا زۆرییەکانی کێشانی وێنەی دووکەس کە لە یەك نەفرەت بکەن ، هەستدەکرێت .

دەڵێی خەیانەتەکانی پێشوو و بەخیلێبردنەوەکان و جەنجاڵ وشەڕە کۆنەکان تێکەڵاوی ئەم کاتە شاهانەی سەربڕین بوون . گەورەترین وەستاکانی قەزوینیش ، لەکێشانی دووپیاو لەسەر یەکدا تووشی زەحمەتی دەبن . هەموو شتێك تێکەڵ و پێکەڵ دەبێ ، کە چی من و تۆ زۆر کۆ کراوەتر و جوانتریشین . "

ناڵاندی و گوتی : " شمشێرەکەت دەمبڕێ . "

- " لە بەر ئەوەی قسەت کرد زۆر سوپاست دەکەم گیانەکەم ! بەڵام ناتبڕێ چونکە ئاگام لێیە . ناتوانم هیچ شتێك بکەم کە ئەم ڕاوەستانە جوانەمان تێك بدات . وەستا کۆنە گەوەکان کە ئەو هەموو وێنەی عەشق و مەرگ و شەڕەیان کێشاوە و کاتیچ کە وێنەی دوو کەسیان وەکوو یەك کەس

کێشراوەتەوە ، تەنیا توانیویانە فرمێسك لە چاوەکانمان بێنن . بۆنی قژەکان و پشت ملت دەکەم . سەرم وەکوو ئەوەی بەشێکی جەستەت بێ چەسپاوە بە پشت ملتەوە . قاچەکانم ئەوەندە بە هێمنی خۆیان لە سەر هەردوو لای قاچەکانت درێژ کردوە کە بینەر وا دەزانێت ئەمە حەیوانێکی جوانی چوار پێیە . هەست بە هاو سەنگی گرانایەکەم لە سەر پشتی خۆت و شمشێرەکە دەکەی؟" زەختم نەخستە سەر شمشێرەکە چونکە خوێنی لێدەهێنا . چپاندم بە گوێەوە وتم : " ئەگەر قسە نەکەی ، قەپ لە گوێچکەکانت دەگرم . " کاتێ لە چاوەکانیەوە زانیم ئامادەیە بۆ قسە کردن ، جارێکی تر هەر ئەو پرسیارەم لێکردەوە ، " هەست بە هاو سەنگی گرانایەکەم لە سەر پشتی خۆت و شمشێرەکە دەکەی ؟ "

- " بەڵێ "

- گوتم : " جوانە ؟ ئێمە جوانین ؟ ئێمە بە قەدەر ئەو قارەمانانەی ناو وێنەی وەستا کۆنەکان جوانین وا به ناسکیەوە یەکتری دەکوژن ؟ "

- ڕەشە گوتی : " نازانم ، چاوم بە خۆمان لە ئاوێنەدا ناکەوێ . "

کاتێ کە خەیاڵی ئەوەم کرد کە داخۆ دەبێ ژنەکەم وا لەو دیوە بە دزیوە تەماشای ئێمە دەکات ، دەبێ لەبەر ڕۆشنای چرای قاوەخانەکەوە ئێمە چۆن ببینێ ، پەشۆکام و لەوە ترسام کە بە ڕاستی قەپ لە گوێی ڕەشە بگرم .

گوتم : "جەنابی ڕەشە ئەفەندی ! تۆ کە بە زۆرە ملی و بە خەنجەرێکەوە دێیتە ناو ماڵ و مەحرەمییەتی من ئێستا هەست بە هێزی من لە سەر خۆت دەکەی؟ "

- " هەست بەوەشم دەکەم کە حەقیشت هەیە . "

- " ئێستا دەتوانی ئەوەی وا دەتەوێ پرسیاری بکەی . "

www.pertwk.com

- " باسی ئەوەم بۆ بکە کەوەستا عوسمان چۆن نەوازشی دەکردی . "

- " لە کاتی شاگردیمدا ، زۆر لە ئێستا باریکتر و ناسکتر و جوانتر بووم . وەکوو چۆن ئێستا هاتوومەتە سەر تۆ دەهاتە سەرم . باڵەکانمی نەوازش دەکرد. جار و باریش لێدەدام بەڵام لە بەر ئەوەی حەیرانی هونەر و زانایی و هێزی بووم، حەزم لە مانە دەکرد و بیرم لە شتی خراپ نەدەکردەوە ، چونکە حەزم لێدەکرد . حەز کردنی وەستا عوسمان ، ڕێگای خۆشەویستی نەخش کێشان و ڕەنگەکان و لاپەڕە وقەڵەم وجوانی وێنە و هەمووشتێکی وێنە کێشرا و هەموو دونیا و خودا بوو ."

– : " زۆری لێدەدای ؟ "

- " وەکوو باوکێك لە بەر پێویستی بە عەداڵەتەوە لێیدەدام وەکوو وەستایەکیش لە بەر فێر بوون گیانی دەئیشاندم و سزای دەدام . ئێستا تێدەگەم لە بەر ئازاری نینۆکانم کە بە ڕاستە لێیدەدان ، بە باشی و بە زوویی فێری شت بووم . لە کاتی شاگردیمدا لە بەر ئەوەی پرچەکانم نەگرێ و سەرم نەدا بە دیواردا فێری ئەوە بوو بووم کە ڕەنگەکان نەرژێنم ، ئاوی زێر بە کار نەبەم ، فڵچەکانم لە کاتی خۆیدا پاك بکەم وهەڵەی ڕاستەکێش بشارمەوە وهەموو ڕۆح و سەرەنجێکم بدەمە سەر لاپەڕەکەی بەر دەمم . لە بەر ئەوەی ئێستا دەزانم کە وەستایەتیەکەی خۆم قەرزاری ئەو لێدانانەم ، بە دڵێکی ڕەحەتەوە لە شاگردەکانم دەدەم . تەنانەت لێدانی بە ناحەقیش ئەگەر غروری منداڵەکە نەشکێنێ دیسان بۆ داهاتوو کەڵکی منداڵەکە دەخوات . "

- " بەڵام کاتێ کە بۆ خۆشی خۆت پەتەکە دەپچڕێنی و لە شاگردێکی ڕومەت جوانی شیرین نیگای فریشتە ڕەوشت دەدەی ، ئەوەت وە بیر نایێتەوە کە وەستا عوسمانیش وای بە تۆ کردوە ؟ "

- " جار و بار بە بەردی مەڕ مەڕ وەها لە گۆێمی دەدا کە گۆێم زرەنگەی لێوە دەهات و سەر سام دەبووم . جار جاریش وەها زلەی لێدەدام کەفرمێسکیان لە چاوم دەهێنا ، ئەمانەم بە بیر دێتەوە ، بەڵام دیسان حەز لە وستا کەم دەکەم . "

ڕەشە گوتی : " نا ، لێ تووڕە دەبوی . بە کێشانی وێنەکانی کتێبەکەی زاواکەم بە نەریتی فەرەنسی تۆڵەی ئەو تووڕەییە کۆبووەتان دەکردەوە . "

- " تۆ وێنکێشان ناناسی ، پێچەوانکەی ڕاستە . ئەو لێدانانەی وا وێنەکێش لە کاتی منداڵیدا لەدەستی وەستاکەی دەیخوات ، دەبێت بە هۆی دروستبوونی گرێدانێکی بە عەشق . "

- " سەر بڕینی زاڵمانە و خاینانەی ئیرەج و سیاوەش بەو شێوەیەی کە تۆ لە دواوە شمشێرت خستە سەر قوڕگی من، هەمووی لە بەر بەخیلی بردنەوەی برایانە . لە شاهنامەشدا هەمیشە باوك ئەو بەخیلی بردنەوەیە ئامادە دەکات.."

- " ڕاستە "

- بە بێ شەرمییکەوە وتی : " ئەو باوەکە بێ عەداڵەتەی وا ئێوەی بەر داوەتە یەك ئێستاش خۆی بۆ خەیانەت بە ئێوە ئامادە دەکات . "

- نالاندی و گوتی : " ئا ، ئا ، مەکە ، دەیبری . " تۆزێکی تر قیڕاندی و گوتی : " بەڵێ ، ڕژاندنی خوێن و سەر بڕینی من کاری ساتێکە ، بەلام بە بێ گۆێ گرتن لەو شتانەی کە وا ئێستا باسی دەکەم ... بڕوا ناکەم ئێستا

www.pertwk.com

وەها بکەی ، ئا ، ئا، ئاه ، بەسە ــ سالآنێکی درێژ بیریان لە سەر دەکەیتەوە، تۆزێك شمشێرەکە ببەرە دواوە . " بردمە دواوە .

- " ئەو وەستا عوسمانەی کە لە منداڵیتانەوە چاوی لە هەر هەنگاوێك و هەر پشوو دانێکتان بووە و تەماشای بون بە هونەری لێهاتووییەکانی ئێوەی کردوە (کەخودا داویە پێتان) ئێستاکەش بۆ پاراستنی وێنەکێشخانە و شێوازەکەی کە سالآنێکی تەمەنی بۆ تەرخان کردوە پشتتان لێدەکات ."

- " ئەو ڕۆژەی وا زەریف ئەفەندیمان ناشت ، بۆ ئەوەی کە بزانی شێواز چ شتێکی پیسە ، سێ بە سەرهاتم بۆ گێرابوویەوە . "

- ڕەشە بە وریایەوە گوتی : " ئەوانە لە سەر شێوازی وێنە کێش بوون بەڵام هەموو دەردێکی وەستا عوسمان پاراستی شێوازی وێنەکێشخانەکەیە. "

باسی ئەوەی کرد کە چۆن پادشا گرنگی بە دۆزینەوەی بکوژە ناپیاوەکەی زەریف ئەفەندی و زاواکەی دەدا و بۆ ئەوەش تەنانەت دەرگای خەزێنەی ئەندەروونی بە ڕوویاندا کردۆتەوە هەروەها ئەوەشی باسکرد کە چۆن وەستا عوسمانیش ئەوەی وەکوو دەرفەرتێك بۆ لە ناو بردنی کتێبەکەی زاواکەی و سزا دانی ئەو وێنەکێشانە بەکار دێنێ کە لاسایی وێنەکێشە فەرەنسییەکانیان کردۆتەوە و خەیانەتیان لێکردووە . هەر وەها ئەوەشی گوت کەلەبەر ئەسپە لمۆز بڕاوەکە ، گومانی شێوازەکە لەسەر زەیتوونە ، بەڵام لەبەر ئەوەی وەستا عوسمان لە تاوانبار بوونی لەق لەق دڵنیایە ، ئەو تەسلیمی جەلادەکان دەکات . لەبەر ئەوەی کە لەژێر زۆری شمشێرەکەدا ڕاستی دەگوت و وەکوو منداڵێك خۆی خستبووە ناو

باسەکەی ، دەمەویست ماچیبکەم . لەوانەی وابیستم نەترسام “ چونکە بە لە ناو چوونی لەق لەق و مردنی وەستا عوسمان ـ خوابیدا لە خەزێنەی خۆی ـ من دەبم بە سەرۆکی وێنە کێشان،ئای کە خۆشە!

ئەو شتەی کە منی بێئارام دەکرد ڕوودانی ئەم شتانە نەبوون بەڵکوو ئەگەری ڕوونەدانیان بوو . ئەو بۆشاییەی والە نێو قسەکانیدا هەستمپێکرد ئەوە بوو کە دەبێ وەستا عوسمان تەنیا لەق لەق لەناو نەبا و منیش وا لێبکات . بیر کردنەوەی ئەم ئەگەرە بڕوا پێنەکراوە تەنیا زاوری نەدەتۆقاندم ، بەڵکوو منی دەخستە ناو ترسی بێجێگا و ڕێگا مانەوەی هەتیوێکی بێباوك .

لەبەر ئەوەی کاتێك ئەمەم وەبیر دەهاتەوە ، لە دەروونمەوە وەهام بۆ دەهات کە شمشێرەکە بکەم بە قوڕگی ڕەشەدا ، هەر بۆیە خۆمم ڕادەگرت و جارێکیتر لەگەڵ خۆم و لە گەڵ ڕەشەشدا باسی ئەوەم نەکرد : بەبۆنەی چەند وێنەی هەرچی و پەرچی بۆ کتێبەکەی زاوا کە بەنەریتی فەرەنسییەکان دروستدەکرێت بۆچی ببین بە خایین ؟ جارێکیتر بیرم لەوە کردەوە کە دەبێ لەپشت کوشتنی زەریف ئەفەندیوە لەق لەق و زەیتوون داوێکیان بۆ من دانابێ و شمشێرەکەم لەسەر ملی ڕەشە لابرد و گوتم : " پێکەوە بچین بۆ ماڵی زەیتوون و هەموو کونێکی بپشکێنین ، ئەگەر دوایین وێنە لەلای ئەوبێ ، ئیدی دەزانین کە پێویستە لەکەس نەترسین ، ئەگەر لەوێ نەبێ ، ئەویش دەگرینە پاڵ خۆمان و بەسەرماڵی لەق لەقدا دەچین . " پێمگوت کە متمانەم پێبکات و خەنجەرەکەی ئەو بەشی هەردووکمان دەکات . لەبەر ئەوەی پەرداخێك ئەخلامووریشم پێنەدابوو دواوای لێبووردنم لێکرد.

www.pertwk.com

کاتێ چرای قاوەخانەکەمان وەرگرت ، پێکەوە تەماشایەکی واتاداری ئەو دۆشەکەکەیەمان کرد کە ئەوم لەسەر درێژ کرد بوو . بە چراکەی دەستمەوە نزیکی بوومەوە و گوتم ئەو تۆزە بڕینەی لای ملت دەبێ بە نیشانەی دۆستایەتیمان . ملیشی تۆزێ خوێنی لێهاتبوو . لە کۆڵانەکاندا هێشتا دەنگەدەنگی ئەرزڕوومیەکان و ئەوانەی وا ڕاوە دوویان دەنێن دەهات ، بەڵام کەس کاری بە ئێمەوە نەبوو . زوو گەیشتینەماڵی زەیتوون . لە دەرگای حەوشە و دەرگای ماڵەکەماندا و بەبێ سەبرییەوە لەپەنجەرەکەشمان دا . کەسی لێنەبوو، ئەوەندە دەنگمان دەرخستبوو کە دڵنیا بوو بووین ، کەس لەوێ نییە . ڕەشە ئەو شتەی گوت کە هەردووکمان بیرمان لێدەکردەوە " "بچینە ناوەوە ؟"

بەلاکولەکەی خەنجەرەکەی ڕەشە ئاسنی درگاکەم کردەوە ، لە دواییدا خەنجەرەکەمان تێخست و بەلار کردنەوە کلیلەکەمان شکاند . لە ناوەوە بۆنی نەم وتەپ و تۆز و تەنیایی سالآنێکی درێژ دەهات . لەبەر ڕۆشنایی چراکەدا چاومان بە جێگایەکی پەرش و بڵاوی خەوتن کەوت کە زۆر بێمێشکانە چەند پشتوێنی لەسەر فڕێدرا بوون ، یەلەك و دوو مشکی و فەرهەنگی فارسی و تورکییەکەی (نیعمە تولآی نەقشبەندی) و قووماش و تاودەرزی و سینیەکی مسینی پڕلە پێستی سێومان بینی ، هەروەها چاومان بە فلچەکانی و هەموو کەلوپەلەکانی وێنەکێشانی کەوت . خەریکبوو لە نێوان لاپەڕەکانی لەسەر مێزەکەو لاپەڕە نەخشکراوەکانەوە دەستپێبکەم بەڵام لەبەر ئەوەی کە ڕەشە لەمن بە ویستتر بوو و ئەوەشم دەزانی کە ئەگەر وەستایەکی وێنەکێش کەلوپەلەکانی وەستایەکیتری لە خۆی خراپتر ، تێکەڵ و پێکەڵ بکات ئەوا تووشی خەیر نابێت خۆمم ڕاگرت

. ڕەشە تاوەکوو گەیشتە بنی سەبەدی جلەکان هەموو جێگایەك گەڕا بوو ، بەڵام من دەستم نەدا بوو بەهیچەوە و تەماشای خاولییە بورساییەکانی زەیتوون و شانەدارینەکەی و شیشەکانی ئاوی گوڵ و پشتەماڵەیەکی پێکەنیناوی هیندی و چاکەتە خورینەکانی و سینی قاوەکەی و جلە پیسەکانیم دەکرد . ئەم زەیتوونە بە گوێرەی ئەو پارەیەی وەریدەگرێ وبەپێی کەلوپەلە هەرزانەکانیوە یان وەکوو زۆر تەماکارە و پارە خەرج ناکات ، یان وەکوو پارەکەی لە جێگایەکدا دەدا بە ئاودا .

لە دواییدا بە ئیلهامەوە گوتم : " بە تەواوی ماڵی پیاو کوژێکە . تەنانەت بەرماڵێکی نوێژیشی نیە . " بەڵام ئەمانە ئەوانەی مێشکی من نەبوون . گوتم : "کەلو پەلەکانی کەسێك کە نازانێت خۆشحاڵ بێت ..." بەڵام لە لایەکی تریشەوە بە خەمەوە هەستم بەوە دەکرد کە بە خەفتباری و نزیك بوونەوە لە شەیتان بە کەڵکی نەخشکێشان دێت .

ڕەشە گوتی : " مرۆڤ سەرە ڕای ئەوەی بزانی چۆن دڵ خۆش دەبێ ، دەتوانێ دڵ خۆش نەبێت. چەند ڕیزە وێنەیەکی لە بنی سندوقێکەوە دەرهێنابوو ، ئەوانە لە کاغەزی هیندییەوە دروستکرا بوون و پشتەکانیشان بە لاپەڕەی ترەوە ئەستور کرابوون ، داینایە بەر دەستم . چاوم بە وێنەی شەیتانێکی شیرین کەوت کە لە خۆراسانەوە لە ژێر زەوییەوە دەرکەوتبوو و هاتبووە ئێرە ، وێنەی درەختێك ، ژنێکی جوان ، سەگێك و وێنەی ئەو مەرگەشی تێدا بوو کە وا من کێشابووم : ئەمانە ئەو وێنانە بوون کە ئەو بالۆرە بێژە کوژراوەکە هەموو ئێوارەیێك لە کاتی گێرانەوەی بە سەر هاتە ڕسواکانیدا هەڵیدەواسی . لە سەر پرسیاری ڕەشە ، وێنەی مەرگەکەم پیشاندا .

www.pertwk.com

وتی : " کتێبەکەی زاواکەشم ئەم وێنانەی تێدایە . "

- " بالۆرە بێژەکە و قاوەچییەکەش دەیانزانی بە دەستی ئێمەوە کێشانی ئەو وێنانەی وا هەر شەو هەڵدەواسرێن شتێکی ژیرانەیە . لاپەڕەیەکی گەورەی دەداینێ داوای دەکرد بە پەلە پەل وێنەکە بکێشن و پرسیاری گاڵتەی نێو وێنە کێشانی دەکرد و لە دوایدا خۆشی تۆزێکی پێ زیاد دەکردو دەیگوتەوە : "

- " بۆچی ئەو وێنەی وا بۆ زاوات کێشاوە ، بۆ ئەویشت کێشاوە ؟ "

- " ئەوەی وا بالۆرە بێژەکە دەیویست تەنیا وێنەیەك بوو ، بەڵام وەکوو ئەوەی کتێبەکەی زاوا خۆمم پیوە خەریك نەکرد و هەر وا بە پەلە کێشام . ئەوانی تریش هەر وا ، لەوانەیە گاڵتەشمان پێکردبێ . "

- پرسیاری کرد و گوتی : " کێ ئەو ئەسپە لمۆز بڕاوەی کێشابوو ؟ "

چراکەمان نزێك کردەوە و تەماشای ئەسپەکەمان کرد ، لەو ئەسپە دەچوو کە وا بۆ کتێبەکەی زاوا دروست کرابوو ، بەڵام بە پەلەتر و بێ ویستانە تر کێشرابوو پێ دەچێ کە یەکێك پارەی کەمی دابێ بە وێنەکێشەکە و پەلەی لێکردبێ و داوای ئەسپێکی کردبێ کە زۆر بمێنێتەوە .

وتم : " لەق لەق باش دەزانی کە کێ ئەم ئەسپەی کێشاوە ، ئەو گێلە لە خۆ باییە، لە بەر ئەوەی نەیدەتوانی بە بێ ورتە و بۆڵە لەسەروێنەکێشان بژی ، هەموو شەوێك دەچوو بۆ قاوەخانەکە.

((بە من دەڵێن لەق لەق)) (56)

ڕەشە و پەپولە نیوە شەو هاتن ، وێنەکانیان ڕیز کرد و داوایان لێکردم کە پێیان بڵێم کام وێنە هی کام وێنەکێشە . لە منداڵیماندا یاری " کڵاو هی کێیە " مان دەکرد،ئەمەش لەوە دەچوو : لە سەر لاپەرەکان ، کڵاوی

www.pertwk.com

ماموستا، سەرباز و ژن و جەلاد و نووسەر دەکێشرا ، ئینجا داوادەکرا بەبێئەوەیسەیری بکەی، ئەمانە لە گەڵ ناوە نادیارە کانی لاپەڕەی دیتردا یە کبخەیت . گوتم خۆم ئەم سەگەم کێشاوە ، هەموومان بە سەر هاتەکەیمان بۆ باڵۆر وێژە کە گێڕاوەتەوە کە بە ناپیاوی کوشتوویانە . ئەوەشم ڕاگەیاند کە ئەو مەرگەی وا شەپۆلی نووری چراکە بە سەریدا دێت و دەچێ کاری ئەم پەپوولە خۆشەویستەیە کە ئێستا خەنجەرەکەی ناوەتە سەر قوڕگم . ئەوەشم بە بیر دێت کە زەیتوون بە ویستێکی زۆرەوە ئەم شەیتانانەی کێشابوو " لەوانەیە ئەو خوالێخۆشبووە خۆی بە سەر هاتەکەی گوتبێ . من دەستم بە درەختەکە کرد بوو . خۆشمان بە سەر هاتەکەیمان گێڕابووەوە . سوورەکەش هەروابوو : سوورایی تکابووە سەر لاپەڕەیەك : باڵۆر بێژە گەوجەکە دەیگوت ئەمە تابلۆی لێدەردەچێ . هەندێکی تریشمان تکاندە سەری ، لە دوایدا وێنە کێشەکان لە گۆشەی خوارەوەی لاپەڕەکەوە شتێکی سووریان کێشاو بە سەر هاتەکەشیان بۆ باسکرد . ئافەرین بۆ زەیتوون کە ئەم ئەسپە جوانەمی کێشاوە ، ئەوەشم بە بیر هاتەوە کە ژنە خەمبارە کەش هی پەپوولەیە . هەر لەو کاتەدا پەپوولە خەنجەرەکەی لابرد و منیش بە ڕەشەم گوت کە ئەم ژنە جوانە خودی پەپوولە کێشاویەتی . گوتی بەڵێ ئێستاباسی ئەوانە بکە کە لە بیرتاماوە . پارەکەی ناو بازار ، دەستی هەموومانی تێدایە ، ئەو دوو عەبداڵەش زەیتوون کێشاویەتی (کە خۆیشی بەرەچەڵەك عەوداڵی قەلەندەرییە). ئاییزاکەی ئەمانە لە سەر لەتەچنی و ئەنجامدانی شتەکە لە گەڵ کوڕە جوانەکاندا بنیاتنراوە ، شێخی نەمانە ناوی (ئەوحادودینی کرمانی) یەو دووسەد پەنجا ساڵ بەرلە ئێستا کتێبی

ئەمەی نووسیوە و بە شێعریشەوە گوتوویەتی کە ڕوخساری خودا لە ڕوومەتە جوانەکاندا دیاردەبێ.

برا وێنە کێشەکانیشم ! لە بەر پەرش و بلاّوی ماڵەکە داوای لێبوردنتان لێدەکەم ، ئامادەییمان نەبوو ، لە ناکاو هاتن ، ناتوانم قاوەیعەمبەردارو نارنجتان پێ بدەم چوونکە ژنەکەم لەو دیوەکەی تردا خەوتووە ، خەریکبوو بڵێم کاتێك کە تەماشای سەبەد و سەندوق و بەنەخۆێن و کەمەرە ئاورێشمینە هێندیەکانتان کرد و کاتێك و لە نێو دۆڵابەکاندا و لە ژێر قاڵی و دۆشەکەکاندا ولە نێو ئەو لاپەڕانەی وا بۆ کتێبی جۆراو جۆر ئامادەم کردبوون ، ئەگەر ئەوشتەتان نەدۆزیوە کە بە دوایاندا دەگەڕین ، نەچنە ژوورە کەیتر بادەستم نەچێ بە خوێندا. بەلاّم با ئەوەش بڵێم کە حەزم لەوە دەکرد جۆرێك هەڵسوکەوت بکەم و نیشانبدەم کە لەوان دەترسم : هونەری وێنە کێش تەماشای جوانیەکەی ئەم کاتە دەکا کە خۆی تێدا جیددی وەر دەگرێ و گەڕانەکەشی بە دوای ئە دونیایەیە کە زیادە لە حەد ئەو جیدییەتەی وەردەگرێ . لە سەر پرسیاری ئەوان گوتم بەڵێ، لە کاتی بە سەر داهاتنی ئەرزڕوومیەکاندا ، وەکوو هەموو شەوانی تر قاوەخانەکە جەنجاڵ بوو ، لە گەڵ مندا زەیتوون و ناسری ڕاستەکێش و جەماڵی خۆشنووس و دوو وێنەکێشی جوانی سەر و ڕەحیمە شاگردە جوانەکە کە ئێستا لە گەڵ خۆشنووسەکاندا هەڵسوکەوت دەکات و هەندێك شاعیری جوانتر و سەرخۆش و تلیاق کێش و شەش حەوت کەسێك لە دەستەی عەوداڵەکانی لێبوو. ئەم جەماوەرە نوکتە بازە چل کەسییە سەرمان دەنایە سەر قاوە چییەکە و خۆمانمان سەرگەرم دەکرد، کاتێك هاتن ئەو جەماوەرەی کە مەراقی بێئەدەبییەکانی قاوە چیەکەیان دەکرد و لەوێ کۆ

www.pertwk.com

بوو بوونەو هەر یەکەو بە لایەکدا ڕایانکرد و کەس ئەوەی بە بیر نەدەهات کە پیاوە بالۆرەبێژە بێچارەکە بپارێزێ کە جلی ژنانەی لە بەر کردبوو . ئایا خەفەتم بەمە دەخوارد ؟ بەڵێ ! چاومبڕیبوە پەپوولە مێشك بچووکە کە لە بەخیلێبردنەوە زیاتر بیری لە هیچ نەدەکردەوە، چاوە کێشراوەکانی لە هەوای کوڕە قەڵەوە تەمەن بە سەرا هاتووەکاندا بوو . گوتم : من ، موستەفای وێنەکێشم ناویترم لەق لەقە و لە دڵەوە هەموو ژیانێکم ناوەتە سەر کارەکەم ، دانیشتن لە گەڵ برا وێنەکێشەکاندا و قسەی خۆشکردن و گاڵتە کردن وقسەی مانادار و شیعر گوتن بۆخۆ بە پێویستی دەزانم . ئەو پەپوولەیەی کە ئێستاش چاوەکانی وەکوو هی منداڵێك جوانن ، لە کاتی شاگردیشدا هەروا بە هەست و لاشە جوانبوو .

دیسان لە سەر پرسیارە کەیان باسی ئەوەم بۆ کردن کە بالۆرە بێژە پیرە خوالێخۆشبووەکە ئەم شارە و ئەو شار و ئەم گەڕەك و ئەو گەڕەك دەگەڕا و کاری بۆ خۆی پەیدا دەکرد ، لە دووهەم ڕۆژی زمان درێژییەکانی لە قاوەخانەکەدا وێنە کێشك بە سەرخۆشی قاوەوە وەکوو نوکتەیەك وێنەی سەگێك هەڵدەواستێ ، لە بەرامبەر ئەمەشدا کاتێك بالۆرە بێژە چەنە بازە کە هەست بەمە دەکات ، جۆرێك دەکات کە بڵێی ئەو سەگەو بە سەر هاتەکان دەگێڕێتەوە ، هەروەها کاتێ جەماورە حەزی لێدەکەن ئیدی هەموو ئێوارەیەك وێنەی وێنەکێشەکان هەڵدواسیو بە سەرهاتەکانیان دەگێڕێتەوە.

گۆتیان ئەم وێنانەیان لە شەوی بە سەردا چوونەکەدا لەماڵی زەیتووندا دۆزیوەتەوە و پرسیاری بۆ چوونیمنیان کرد. گوتم پێۆیستی بە بۆ چوون نییە ، خاوەنی قاوەخانەکەیش عەوداڵێکی لە تەچنی دزی ناپیاوی وەکوو

زەیتوون بوو . هەروەها ئەوەشم ڕاگەیاند کە زەریف ئەفەندییە بێچارەکە لە قسەکانی مەلا ئەرزڕوومییەکە زاوری دەتۆقی و باش سەرەنجی دەدانێ ،بۆیە سکاڵای ئەمانەی لای ئەرزڕوومیەکان کردبوو . هەر وەها ئەوەشم گوت کە بە ئەگەرێکی گەورە زەریف ئەفەندی گوتبێتی وا مەکەن و ئاگاداری کردوونەتەوە ، ئینجا لە بەر ئەوەش قاوەچییەکە و زەیتوونی هاو ڕەچەڵەکی پێکەوە بێبەزەییانە کوشتبێتیان ، پێدەچێ زەریف ئەفەندی کتێبەکەی زاواشی لای ئەوان باس کردبێ و ئەوانیش لە تۆڵەی مەرگی ئەودا زاوا ئەفەندیان کوشتبێ بۆ تۆڵەی دووهەمیش بە سەر قاوەخانەکەدا هاتبن .

ئەو پەپولە قەڵەوەی وا سەری هەموو شتێکی لادەدا وهەموو جلەکانمی تێك دەدا و کون بە کونی ماڵەکەم دەگەڕا بۆچی ئەمشەولە گەڵرەشەدا گوێ دەدەنە باسەکانی من ؟ کاتێك پەپوولە لە سندوقێکی گۆێزیدا چاوی بە چەکمە و زرێ و کەلوپەلەکانی سەفەرم کەوت ، لە ڕوومەتە منداڵانەکەیدا چاوم بە بەخیلێردنەوەکەی کەوت و بە شانازییەوە دووبارە ئەو شتەم گوتەوە کە هەر کەس باش دەیزانی : من یەکەم وێنەکێشێکی موسڵمانم کە لە گەڵ لەشکەردا ڕۆیشتبێتم بۆ سەفەر و بە وردی تەماشای تەقاندنی تۆپەکان وررووخانی قەڵا و بورجەکانی دوژمن و ڕەنگی جلی سەربازەکافرەکان و درێژ بوونی لاشەکانیان لەپانایی و درێژایی دۆڵەکاندا کردووەو وسەیری کۆ بوونەوەی لە سەریەکی سەرەکانو ڕیزەکانی سوارە زرێپۆشەکان و هێرشکانیانم کردوە و لە زەفەرنامەکاندا کێشانووەمەتەوە. کاتێ ڕەشە داوای لێکردم ئەوەی نیشان بدەم کە چۆن زرێ دەپۆشم ، بە بێ هیچ ترس و شەرمێك عەبا کورکی کەرۆێشك دارەکەم داکەند کراسەکە و

www.pertwk.com

پانتۆڵ و شۆرتەکەم دەرهێنا . پێم خۆشبوو کە لە بەر ڕۆشنای ئاگردانەکەدا تەماشام دەکەن ، شۆرتە پاکەکەی ژێری زرێکانم کردە پێ و کراسە ئەستوورەکەو چۆغە سوورەکەم کردە بەر و گۆرەوییە بەنین و چەکمە پێسە زرەدەکانم کردە پێ . زرێکەم لە جێگاکەی خۆی دەرهێنا و بەویستەوە لە بەرم کرد،وەکوو ئەوەی فەرمان بە کوڕە بەردەستەکان بدەم پشتم کردە پەپوولە و زرێکەم پێ بەستەوە و لەدوایدا ئەژنۆ بەندەکانیشم پێ گرێدا . کاتێك کە دەست بەندەکانی کردە دەستم و دەستکێشەکانی کردە پەنجەکانم و کەمەرە پێستی وشترینەکەمی گرێدا و کڵاوە ئاسنییە سوورمەیەکەمی کردە سەرم ، بە شانازیەکەوە گوتم :" لەمە و بە دوا وێنەکانی شەڕ وەها ناکێشینەوە، ئیدی نابێ وێنەی دوو لەشکەر لە بەرامبەر یەکدا و لە یەك قاڵبدا و یەکی ڕوو بە پشت و یەکی ڕوو بەولاوە بکێشی ، لەمە و بە دوا لە وێنەکێشخانەکانی عەلی عوسماندا وەکوو ئەوەی وا من بینیومە و کێشاومە بە تێکرژانی خوێن و لاشە و مردووو ئەسپ و زرێکانیانەوە دەکێشرێت ! پەپولە بە بەخیلیەوە گوتی : " وێنەکێش بینراوەکانی خۆی ناکێشێ بەڵکو ئەوانەی خودا دەکێشێ" .

گوتم " : بەڵێ ، بەڵام خۆی لە خۆیدا خوداش هەر بینراوەکانی ئێمە دەبینێ".

پەپوولە وەکوو ئەوەی سەرزەنشتی من بکات گوتی : " ڕاستە خودا بینراوەکانی ئێمە دەبینێ ، بەڵام وەکوو ئێمە نایانبینێ . ئەو دوو لەشکەرەی وا ئێمە بە سەر سووڕمایەوە بە تێکلاوی دەیانینین ، ئەو بە ڕێك و پێکی لە بەرامبەری یەکدا دەیانبینێ " وەڵامم هەبوو دەمویست بڵێم " بروا بە خودا بکەین و تەنیا ئەوانە بکێشین وا نیشانی داوین ، نەك ئەوانەی وا

نیشانی نەداوین " بەڵام بێدەنگ بووم . بەڵام لە بەر ئەوە بێدەنگ نەبووم کە پەپوولە بە لاسایی کردنەوەی ڕۆژ ئاواییەکان تاوانبارم دەکات . بە بەهانەی تاقی کردنەوە زرێکەم ،بێبەزیانە بە کڵاوە ئاسنیەکەم لە پشتیم دەدا .

حیسابی ئەوەم دەکرد کە ئەگەر دڵی ئەم گێلە چاو جوانە و ڕەشە بە دەست بهێنم ، ئەوسا دەتوانم لەو داوە ڕزگار ببێ کە زەیتوون بۆی داناوم . کاتێ کە زانییان لێرەدا نایدۆزنەوە گوتم " لە بەر ئەوە یماڵەکەمانیان پشکنیوە لەمەو بە دوا پیاو کوژە ژیرەکە ئەو وێنەیە لە جێگایەکی دەست پێ نەگەیشتوودا دەشارێتەوە (زەیتوون لە عەقڵم دا بوو) . بەڵام چەندە سەرنجیان دەدەامێ ؟ ڕەشە بە درێژایی باسی کێشرانی ئەسپە لمۆز بڕاوەکەو ئەو سێ ڕۆژ مۆڵەتەی کرد وا پادشا دابووی بە وەستا عوسمان .

کاتێ ئاماژەی کرد بە ئەسپە لمۆز بڕاوەکان ومنیش پێدا گریم کرد بە سەیر کردنی چاوەکانمەوە وتی وەستا عوسمان وەکوو سەرپەتێ دەڵێ زەیتوون ئەو ئەسپانەی کێشاوە ، بەڵام لە بەر ئەوەی لە ویست و فرەخوازییەکانی من ئاگادارە ، گومانی لە سەر منە . یەکەمجار هاتبوون ئەوە بسەلەمێنن کەمن پیاو کوژم ، بەڵام ئەگەر بە من بێ هۆی هاتنەکەیان بە تەواوەتی ئەمە نەبوو . لە بەر تەنیای و بێچارەیی لە دەرگاکەی منیان دابوو . کاتێ دەرگاکەم کردەوە ، ئەو دەستەی پەپوولە کە خەنجەرەکەی بەرەو من درێژ کردبووەوە ، دەلەرزا . هەم لەوە زاوریان دەتۆقا کەهەرچیدەکەن نازانن ئەو پیاو کوژە هیچ و پوچە کێیە ،هەروەها لە پێکەنینی دۆستێکی کۆندا لە گۆشەیەکی تاریکیدا دەترسان کە خەنجەر بخاتەوە سەر قوڕگیان ، لەوەش دەترسان کە وەستا عوسمان لە گەڵ پادشا و خەزێنەداردا ڕێك بکەوێت و

www.pertwk.com

تەلیسمی ئەشکەنجە کەرانیان بکات ، هەروها شتێکی تریش کە لێدەترسان و ورەی دادەبەزاندن ملهوڕی ئەرزڕوومیەکان بوو .

لە پەشۆکاندا داوای دۆستایەتیان لە من دەکرد . وەستا عوسمان پێچەوانەی ئەم شتانەی پیٚ گوتبوون . پێویست بوو ئێستا وەکوو ئەوەی وا لە دەروونیاندایەوخۆزگەیان بۆ دەخواست ، پێچەوانەی ئەمەیان بۆ بسەلەمێنم . ئەگەر بمگوتبایە وەستای گەورە بەهەڵەدا ڕۆیشتووە وخڵەفاوە ، یەکسەر دژایەتی پەپوولەم لە بەرامبەر خۆمدا دەوورژاوند ، چونکە وەکوو ئەو وا بوو کە لە چاوە هەڵماوییە برژانگ درێژەکانی پەپوولە جوانەکەدا کە بە خەنجەرە کەی دەستی لە زرێکەی منی دەدا ، هێشتا چاوم بە بڵێسە کاڵەکانیعەشقە کەی لە بەرامبەر وەستاکەی دەزگیرانی یانی وەستا عوسمان بوو . لە سالاٌنی شاگردیمدا نزیکایەتی ئەم دووانە و هەڵسو کەوتی وەستا و شاگرد بابەتی قسەی وێنە کێشان بوو و هەمیشە تانەیان لێدەدان ، بەلاٌم ئەوان گوێیان نەدەدا و لە پێش چاوی هەمووکەسێکدا تەماشای یەکیان دەکرد و بۆنی یەکیان دەکرد و لە دواییدا وەستا عوسمان زۆر بێبەزەییانە دەیگوت خێراترین قەڵەم و باشترین فڵچە هی پەپوولەیە. زۆر جار ئەم گومانە ڕاستە ، لە نێو وێنە کێشە بەخیڵەکاندا دەبوو بە هۆی یاری کردن بە وشەی فڵچە و قەڵەم و جامولکە دروستکردنی قسەی بە واتای بێئەدبانە بەو وشانە . لەم ڕووەشەوە تەنیا من نیم کە هەستم بەوە دەکرد ، کە وەستا عوسمان دەیەوسێت پەپولە بهێنێتە سەر وێنەکێشخانەکە .

ماوەیەکی درێژە کە وەستا عوسمان باسی ئاژاوە خوازی و ناڕێکی و کەللە ڕەقی من بۆ ئەم و ئەو دەکات ، لەوەشەوە تێگەیشتووم کە لە ڕاستیدا

وەستا عوسمان شتێکی لە مێشکدایە ، بە هەقیشەوە بیری لەوە دەکردەوە کە من لە پەپوولە و لە زەیتونیش زیاتر دەتوانم نەریتی فەراسەیەکان پیادە بکەم و دەیزانی کە دەڵێم : " وەستا کۆنەکانە نەیاندەتوانی وەها نەخش بکێشن " و پشت ناکەمە داخوازییە تازەکانی پادشاکەمان . دەتوانم لەم بارەیەوە هاوکارییەکی باش لە گەڵ ڕەشەدا بکەم " چونکە ئەم تازە زاوا خۆێنگەرمەمان تەنیا لە بەر ئەوەی دڵی شەکورە بە دەست بێنیٚ و ئەوە نیشان بدات کە جێگای باوکی گرتووتەوە نایەوێت ئەم کتێبە تەواو بکات ، بەڵکوو دەزانیٚ کە دەتوانیٚ لە ڕێگای ئەم کتێبەوە زووتر بکەوێتە نێو چاوانی پادشا و پێشکەوێت، بەمجۆرەش لە جێگایەکەوە کە چاوەڕوانییان نەدەکرد سەرپەتەکەم گرتە دەستی خۆم و وتم کتێبەکەی زاوا موعجیزەیەکی خۆشی بیٚ هاوتایە و بەم شێوەیە سەری قسەم کردەوە . ئەگەر ئەم شتە نائاساییە ،یانی ئەو کتێبەی کە بە فەرمانی پادشا و بە ویستی زاوای ئەفەندی دەست پێکراوە تەواو ببایە ، ئەسا هەموو دنیا چاوی بە هێز و دەوڵەمەندی پادشای عوسمانی دەکەوت و لە بەرامبەر هونەر و جوانکارییەکانی ئێمەشدا پەنجەیان دەخستە نێو دەمیانەوە ، هەم لە ئێمە و لە هێزمان و لە بیٚ بەزەییبوونەکەشمان دەترسن ، هەم لە لامان خەفەتی خۆیان هەڵدەڕێژن و دەزانن کە لە نەریتی فەرەنسیەکانەوە هەندێك شتمان وەرگرتووە و لە ڕەنگەکانمان و وردەکارییەکانمانەوە بە شێوەیەك کە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە سوڵتانەکانیان هەستی پێدەکات دەزانن ئەو شتەی وا ئێمە کێشاومانە هەم لە جێگایەکی دونیادایە وهەم لە بەینی وەستا کۆنەکاندا لە جێگەیەکی تر ڕاوەستاوە .

www.pertwk.com

پەپوولــە لــە پێشــدا وەکــوو منــداڵێك کــە بیــەوێت بزانێــت زرێکــەم ڕاستەقینەیە یان نا لێیدەدا ، لە دوایدا بۆ ئەوەی بزانێت قایمە یان نا وەکوو هاوڕێیەك لێیدەدام ، دواتریش بە دوو بەهانەی پێشەوە دەیویست زرێکەم کون بکات و وەکوو بەخیلێك ئازارم پێ بگەیەنێ ، لە ڕاستیدا دەیزانی کە مـن لـەو بـە هونـەرترم ، لـەوەش زیـاتر بـە ئـازارەوە دەیزانـی کـە وەسـتا عوسمـانیش ئاگاداری ئەم وەزعەیـە . لـە بـەر ئـەوەی پەپوولـە بـە هونـەری خوداییـەوە بـوو بـوو بە وەستاحەزم دەکرد بەخیلیم پـێ بباتـەوە ،چوونکە غـرووری پێدەبەخشـیم . مـن وەکـوو ئـەو بـە دەسـت هێنـان بـە قامیشـی وەستاکەمدا نەبووم بە وەستا ، بەڵکو بە هێزی قامیشەکەی خۆم بووم بە وەستاو واشم کردووە کە ئەویش هەست بەمە بکات .

دەنگم بەرز کردەوە باسی ئەوەم کرد کە بەداخەوە هەندێ کەس هەن دەیانەوێ کتێبە موعجیزەییەکەی زاوا و پادشا خراپ بکەن و لە ناوی بەرن . وەستا عوسمان باوکی هەموومان و وەستای هەموومان بووە : هەموو شتێك لەوەوە فێر بووین ! بەڵام لە نێو خەزێنەکەی پادشادا بە دوای شۆێندا گەڕاوە و لە دوای ئەوەی دۆزیویەتەوە دیسان بە هۆیەکی نادیار شاردویەتیوە . لەوە دڵنیام کە ئێستا زەیتوون لە تەکیە چۆڵکراوەکەی نزیك (فەنەرکاپیدا) خۆی شاردۆتەوە . ئەم تەکیەیە لە بەر بێ ڕەوشتی و ڕسوایەکەی دانەخراوە بەڵکو لە زەمانی باپیری پادشاکەماندا لە بەر شەڕە بێ کۆتاییەکەی عەجەم داخراوە ،دواتر ئەوەم وە بیر هێنایەوە کە جاران زەیتوون بە " چاوە ڕوانییەوە " پەسنی تەکیە داخراوەکەی دەدا ! ئەگەر متمانەیان بە من نەهاتبایە و وەها بیریان بکردایەتەوە کە لە دوای ئەمانەوە داوێکیان بۆ دادەنێم . خەنجەرەکە بە دەستی ئەوانەوە بوو دەیانتوانی هەر

لەوێدا سزام بدەن . پەپوولە دوو زەربەیتری لێدام ، ئەوندە قورس بوو کە زۆربەی زرێکان بەرگەیان نەدەگرت . گەڕایەوە بەرەو لای ڕەشە کە هەقی بە من دابوو و وەکوو منداڵ قیڕەیەکی کرد بە سەریدا . لە پشتەوە لێی نزیك بوومەوە و دەستە زرێ پۆشەکەم خستە ملی و بەرەو لای خۆم ڕاکێشا . بەو دەستەکەی ترم دەستیم بادا و خەنجەرەکەیم لێسەند . لە ڕاستیدا نە یاریمان دەکرد نە شەڕ . بە سەر هاتی بەشێکی شاهنامەم بۆی گێڕاوە . ئەم بەشە زۆر کەم دەزانرێت :

" لە ڕۆژی سێهەمی شەڕەکەیان لەگەڵ لەشکری ئێراندا ، تووڕانییەکان بۆ ئەوەی بزانن ئەو شەڕکەرە ڕازدارەی ئێرانی کێیەوا ڕۆژ بە ڕۆژ سەربازی زیاتریان لێدەکوژێ شەنگێلی لێهاتوویان بەر دایە مەیدان . گاتێ شەنگێل بانگی شەڕکەرە ڕازدارەکە دەکات بۆ مەیدان ئەوی تریش پەسەندی دەکات ، لەشکەرەکەی هەردوو لا زرێکانیان لە بەر خۆردا دەبریقایەوە هەناسەی خۆیان دەگرت و سەیریان دەکرد، ئەسپە زرێ پۆشەکانی ئەم دوو جەنگاوەرە وەها لەیەك کەوتن کە بزسیکەی ئاگر لە گیان و جەستەی ئەسپەکانەوە دوکەڵی هەڵدەستاند . زۆری خایاند تووڕانیەکە تیرێکی هاویشت بەڵام ئێرانییەکە ئەسپ و شمشێرەکەی باش بە کار هێنا و لە دوایدا تووڕانییەکەی گرت و خستیە خوارەوە،کاتی ڕاکردن بە زرێکەوە باوەشی پێدا کرد و بە توندی ملی گرت . تووڕانییەکە شکستی قەبوڵ کردو بەبێچارەییەوە پرسیاری ئەو شتەی کرد وامەراقی دەکردو گوتی:"تۆ کێی؟"

شەڕکەرە ڕازدارەکەش گوتی : " بۆ تۆ ناوی من مەرگە "

www.pertwk.com

ئەوە کێی بوو ؟ پەپوولە بە خۆشییەوە وەکوو منداڵێك گوتی : " ڕۆستەمی ئەفسانەیی بوو ! "

پشت ملیم ماچ کرد و گوتم : " هەمووومان خەیانتمان بە وەستا عوسمان کرد . ئێستاش بەر لەوەی ئەو سزامان بدات ، پێویستە ئێمە زەیتوون بدۆزینەوە و ژەهرەکەی ناومان بڕێژین ، بۆ ئەوەی کە بتوانین لە بەرامبەر دوژمنانی شێوەکاری و لە بەرامبەر ئەوانەی وا دەیانەوێت ئێمە تەسلیمی شکەنجە گەران بکەن ،پێویستە پتەوتر و بە هێز تر ڕاوەستین . لەوانەیە کاتێك گەیشتینە ئەو تەکیە تیکدراوە تێبگەین کە هیچ یەك لە ئێمە پیاو کوژ نین . "

پەپوولەی بێچارە دەنگی دەرنەخست . چەندە بە هونەریش بێ و چەندە پشتی پتەو بێ دیسان وەکوو ئەو وێنەکێشانەی کە سەرە ڕای بەخیڵیبردنەوە بە دوای یەکدا دەگەڕێن ، لە ڕۆیشتنە ناو دۆزەخ و تەنیا مانەوە لە دونیادا دەترسا . لە ڕێگای (فەنەر کاپیدا) ڕەنگێکی زەرد لە دوورەوە دیار بوو ، بەڵام ئەوە مانگە شەو نەبوو . دارەکانی سەرەوە و گومەزەکان و دیوارە بەردینەکان و ماڵە چێوینیەکان لە بەر ئەم تیشکەداجێگای خۆیان دەدا بە قەڵایەکی نەناسراوی دوژمن و هەستێکی وای لە دەروونی دەورووژاندەوە کە لە تەپۆڵکەکەوە سەر کەوتین ، لە دواوە لە لای مزگەوتەکەی بەیازیتدا سوتانی زەویمان بینی . لە تاریکای شەودا چاومان بە عەربانەیەك کەوت کە ئەویش بە تەلیسە ئاردەکانییەوە وەکوو ئێمە بەرەو ئەو پەڕی شار دەچوو ، دووئاکچەمان دایە و سوار بووین ، ڕەشە ڕەسمەکانی هێنا بوو ، خۆمم درێژ کرد و تەماشای ئەو هەورە نزمانەم دەکرد کە ئاگرەکە ڕوونی کردەبوونەوە، هەر لەم کاتانەدا دڵۆپێکی

باران دای لە کڵاوە ئاسنیەکەم. بە هیوای ئەوەی لەم گەڕەکە دوور دەستەدا تەکیە چۆڵکراوەکە بدۆزینەوە لە دوای ڕێ کردنێکی زۆرهەموو سەگەکانی گەڕەکمان هەستاندە سەر پێ . هەر چەندە کە نوری چرای چەند ماڵێکی بەردینمان بینی کە لە بەر ئێمە داگیرسابوون بەڵام تەکیەکەمان نەدۆزیوە ، لە دەرگای چوارەمین ماڵمان دا و مامە کڵاو لە سەرێك دەرگاکەی بۆکردینەوە ، وەکوو جەردە سەیری دەکردین و تەکیەکەی بۆ تاریفکردین، مامە بە خۆشیەوە گوتی لە دەستی جندۆکە و عفریتە و شتی وا زۆر دەکێشن وئازارتان دەدەن .لە حەوشەی تەکیەکەدا هێمنی دار سەروە لە خۆبایەکان کە گوێیان نەدایە باران و بۆنی گەڵای گەنیو پێشوازیان لێکردین ! لە پێشدا چاوم خشان بە دیوارە تەختە بەندەکانی تەکیە و لە دواییدا لە کونە بچکۆلەکانی پەنجەرەیەکەوە تەماشای ناوەوەم کرد، سێبەری ترسێنەری کابرایەکم بینی کە نازانم لە بەر ئێمە نوێژی دەکرد یا هەر بۆ خۆی نوێژی دەکرد.

www.pertwk.com

((بە من دەڵێن زەیتوون)) (57)

نوێژەگەم بڕیبایە و یەکسەر دەرگاکەم بۆ بکردبایەنەوە ڕاست تر دەبوو یان وەکوو هێشتەوەیان لە بەر بارانەکە ؟ کە زانیم بە دزیوە تەماشام دەکەن بە بێئەوەی خۆم تێك بدەم هەتا دوای نوێژەکە مامەوە . کاتیٚ دەرگاکەم کردەوە چاوم بە وانەی خۆمان، لەق لەق و پەپوولە و ڕەشە کەوت و قیڕەیەکی خۆشی لە قوڕگمەوە دەرکەوت . بەن حەپەسانەوە باوەشم کرد بە پەپوولەداو سەرم نا بە شانییەوە وناڵاندم و گوتم : " چیمان بە سەر هات ، چی ! چییان لیٚ دەویستین ؟ بۆچی دەمانکوژن ؟" نیشانی پەشۆکان لە ڕوومەتیاندا دیار بوو ، لە ژیانی وێنەکێشمیدا جار و بار هەندیٚ وێنەکێشم

دەبینی ئەم نیشانەیان پێوە دیار بوو . لە نێو تەکیەکەشدا لە یەك جودا نەدەبوونەوە .

گوتم : " لەوە دەترسن ؟ دەتوانین ب ڕۆژ خۆمان لێرە بشارینەوە " .

ڕەشە گوتی:"لەوە دەترسین ئەو کەسەی وادەبیٚ لیٚی بترسین لەناو خۆماندابیٚ"

گوتم : " منیش کە بیر لەمە دەکەمەوە دەترسم ، چونکە هەندیٚ قسە وباسم لەو بارەیەوە بیستوە " لە لایەن پیاوەکانی بوستانچی باشییەوە قسەیەکی وا بڵاو بووەتەوە و گەیشتۆتە وێنەکێشان کەگوایا ڕازی بکوژەکەی زەریف ئەفەندی و زاوا ئەفەندی نەماوە و پیاو کوژەکە یەکێکە لە ئێمەی وێنەکێش کە بۆ ئەو کتێبە نووری چاوی ڕشتووە . ڕەشە پرسیاری ئەوەی کرد کە چەند ڕەسمم بۆ کتێبەکەی زاوا کێشاوە .

– " یەکەمین شەیتان بوو ، شەیتانێکی ژێر زەویم بۆی کێشاوە ، وەستا کۆنەکانی وێنەکێشخانەکانی ئاك کۆیۆنلوەکانیش زۆر جار کێشاویانە . بالۆرە بێژەکە خۆی خستە بەر پیٚم : " دوو عەودالّم بۆ بکێشە " پێشنیارم بە زاواکەت کردبوو کە بیانخاتە ناو کتێبەکەی چونکە ئەم ئەم دەرۆێشانەش جێگایەکیان لە وڵاتی عوسمانیدا هەیە."

– : " هەمووی ئەمەیە ؟ " کاتیٚ وتی هەموو ئەمە بوو ، وەکوو ئەوەی دزی شاگردێکی ئاشکرا کردبێت بە فیزەوە ڕۆیشتە دەرەوەو چەند لاپەڕەیەکی گەورەی هێنا کە لە بەر بارانەکەدا تەڕ نەبووبوون ، ئەوسا وەکوو دایکە پشیلەیەك کە پەلەوەرێکی برینداری بۆ بەچکەکانی هێنابیٚ چەند لاپەڕەیەکی خستە بەر دەم ئێمەی وێنەکێش . هێشتا لە ژێر باڵیدا بوون کە ناسینمەوە . ئەو وێنانەن کە وا ئەمشەو لە کاتی بەسەر داهاتنی

www.pertwk.com

قاوەخانەکەدا دەستم بە سەردا گرتبوون و دزیبووم . هیچ پرسیاری ئەوەم نەکرد کە چۆن ڕۆیشتوونەتە ماڵەکەم و ئەمانەیان هێناوە . دیسانیش لە گەڵ پەپوولە و لەق لەقدا زۆر ژیرانە ئەو وێنانەمان نیشاندا کە بۆ کابرای بالۆرە بێژمان کێشابوو . ئەسپێکی وەها بەم جوانییە ! لە لاوە ملی لار بووەتەوە . بڕوا بکەن کە تەنانەت خەبەری دروست بوونی ئەسپیشم نەبووە . ڕەشە وەکوو مامۆستایەك گوتی : " تۆ ئەم ئەسپەت دروست نەکردووە ؟"

– : "نا، من دروستم نەکردووە ."

– " ئەی ئەوە ناوی کتێبەکەی زاوەکەم؟ "

– " من ئەو ئەسپەشم دروست نەکردووە ."

– : " لە شێوازەکەتەوە دیار بوو کە تۆ ئەو ئەسپەت کێشاوە ، لەوەش زیاتر وەستا عوسمانیش بەمەی زانیوە ."

– : " من هیچ شێوازێکم نیە ، ئەمە بە شانازییەوە لە بەر ئەوەی لە بەرامبەر بای هەڵکردوو ڕاوەستم نابێژم هەروەها بۆ پاکانە کردن و بێتاوان نیشان دانی خۆشم ئەمە ناڵێم ، چونکە هەبوونی شێواز بۆ من لە پیاو کوژ بوونیش خراپترە ."

– : " تۆ جیاوازییەکت لە گەڵ وەستا کۆنەکان و ئەوانی تردا هەیە. "

بزەیەکم بۆ لێدا . دەستیکرد بوو بە باس کردنی ئەو شتانەی کە وادەزانی ئێوە مانانن هەمووتان دەیزانن : بە وردییەوە گوێم بۆ ئەو ڕاگرت کە پادشاکەمان و خەزێنەدار خەریکن بۆ ڕاوەستاندنی ئەم کوشتارانە چارە دەدۆزنەوە و سێ ڕۆژ مۆڵەت دراوە بە وەستا عوسمان و نەریتی نەدیمە بە کاربراوە و کونی لمۆزی ئەسپەکان بڕاوە و ڕۆیشتوونەتە ناو خەزێنەی ئەندەروون و تەماشای کتێبەکانی وەستا کۆنەکانیان کردوە . هەندێك جار

هەیە کاتێك شتێکمان بە سەردادێ هەر لە سەرەتاوە دەزانین کە لە ماوەی هەموو ژیانماندا لە بیرمان ناچێت.

بارانێکی خەماوی دەباری . پەپوولە وەکوو ئەوەی خەم بۆ باران بخوات ، بەکزی دانیشتبووو باوەشی کردبوو بە خەنجەرەکەیدا . زرێکەی پشتی لەق لەق لە ئارد سپی تر بوو ، چرایەکی بە دەستەوە بووو بە لێبووردیەوە دەچووە ناو تاریکاییەکانی تەکیەکەوە . ئەم وەستا وێنەکێشانەی کە سێبەرەکەیان وەکوو تارمایی بە دیوارەکانی تەکیەکەدا دەگەڕان براکانی من بوون و چەندە خۆشم دەویستن ! لە بەر ئەوەی وێنەکێشم هەستم بە خۆشی دەکرد . پرسیارم لە ڕەشە کرد و گوتم : " دەزانی بە ڕۆژان دانیشتن لە گەڵ وەستا عوسمان و تەماشا کردنی وێنەی وەستا کۆنەکان چ جۆرە خۆشیەکی تێدایە ؟ ماچی کردی ؟ ڕوومەتە جوانەکەتی نەوازش کرد ؟ دەستی گرتی ؟ لە بەرامبەر هونەر و زانایەکەیدا حەیران مایتەوە ؟ "

–" وەستا عوسمان لە نێو شتە دەرئاساییەکانی وەستا کۆنەکاندا ئەوەی پێنیشان دام کە تۆ شێوازێکت هەیە . هەر وەها ئەوەی پێ فێر کردم کە وێنەکێش بە دڵی خۆی شێواز هەڵنابژێرێت ،بەڵکوو ئەمە لە ڕابردوو ولە بیرەوەریە فەرامۆش کراوەکانی‌وە دیار دەردەکەوێ، هەروەها ئەوشی دیار کرد کە ئەو شتەی لە کاتی خۆیدا ئێمەی دەخستە شەرمەوە و ئەو کەموکوڕی و لاوازییانەی وا دەمانگوت با ئێمە لە وەستا کۆنەکان جیا نەکەنەوە ،لە بەر ئەوەی ئەمڕۆ شێوازی فەرەنسیەکان لە جیهاندا بڵاو بووەتەوە بووە بە " تایبەتمەندی " " شێواز " وپەسانیاندەدرێن ،لەمە و بە دواش دونیا لە بەر ئەو گەوجانەی‌کەبە کەموکوڕیەکانی خۆیان پەسەنی خۆیان دەدەنەوە پڕ ڕەنگتر و گێلانەتر و پڕ عەیبتر دەبێ "

www.pertwk.com

بروا کردن و شانازی کردنی ڕەشە بەو شتانەی وا دەیگوت خۆی نیشانەی ئەوە بوو کە ئەو یەکێکە لەو گەوجانە . پرسیارم کرد : " ئایا وەستا عوسمان ڕوونکردنەوەیەکی بۆ لمۆزی ڕێك و پێکی ئەو سەدان ئەسپەیە ئەهێناوە کە وا لە ماوەی ئەم ساڵانەدا بۆ کتێبەکانی پادشام کێشاوە "

-" ئەویش لە بەر ئەوەی لە منداڵیتانەوە بەو عەشقەی پێیداون و بەو لێدانانەی وا لێیداون بووە بە باوك و خۆشەویستتان و ئێوەی وەکوو کوڕی خۆی و وەکوو گەورەکردووە لەمە تێناگات . ئەو دەیویست وێنە کێشخانەی عوسمانی شێوازێکی هەبێ نە وەك ئێوە. ئێوەش کەمو کوڕیەکانی خۆتان و جیاوازییەکانتان لە ترسی سێبەری ئەو لە بیر دەچوەوە . دواتریش ئەو ئەسپەت کێشاوە کە ساڵانێکە لە دەروونتا خەوتووە . "

- " دایکم لە باوکم ژیرتر بوو ، ئێمە تەنیا لە دەست ئەو و وەستا عوسمان لێدانمان نەخواردوە ،بەڵکو لە وەستا تووڕە کەللە ڕەقەکانی تریش لێدانمان خواردوە، ڕۆژێك سەر دەستەکەمان بە ڕاستی لێیدام و منیش لە ماڵدا گریام و گوتم جارێکی تر ناگەڕێمەوە . دایکم گوتی کوڕم لە دونیادا دوو جۆر مرۆڤ هەن : یەکێك ئەوانەی وا هەمیشە لە ژێر لێدانەکانی کاتی منداڵیدا خۆ دەخۆنەوە و دەمێننەوە ، ئەوانە هەمیشە بە سەر کوتکراوی دەمێنێننەوە ، چونکە لێدان وەکوو ئەوەی دەخوازرێ شەیتانی ناو مرۆڤ دەکوژێ . بەڵام ئەو بەختەوەرانەش کە ناترسێوبە بێ لێدان پەروەردە دەکرێن هیچ کات بیرەوەریەکانی کاتی منداڵی فەراموش ناکەن – دایکم گوتی ئەمە بە کەس مەڵێ – بەڵام کاتێك فێری ئەوە بوون کە چۆن لە گەڵ

شەیتانا هەڵسو کەوت بکەن دەتوانن فێلباز بن ، شتە نەزراوەکان بزانن ، دۆست پەیدا بکەن و دوژمنەکانیان بناسنەوە و لە کاتی خۆیدا هەست بەو گومانە بکەن کە لە دواوە بۆی دروستی دەکەن ، منیش ئەوەی پێ زیاد دەکەم دەتوانن لە هەموو کەس باشتر نەخش بکێشن . وەستا عوسمان لە بەر ئەوەی ئەگەر پەلی دارێکم بە ڕێك و پێکی نەکێشابایە زللەیەکی وای لێدەدام کە لە چاومەوە فرمێسك بهاتبایە و دارستانێك لە پێش چاومدا شین ببایە . لە دوای ئەوەی کە لە بەرامبەر نەبینینی کەمو کوڕیەکەی گۆشەی لاپەرەیەك بەر دەبووە گیانم ئاوێنەکەی دەگرت بە دەستەوە و بۆ ئەوەی لە فێر بوونەکانی چاو نەجاتم ببێ ، گۆیی دەهێنایە لای گوپم و لە سەر ئاوێنەکە یەك بە یەکی چەوتیەکانی پیشان دەدام ، منیش هیچ کات ئەو عەشقە و ئەو جەستەیەم لە بیر نەچوو . شەوی ئەو ڕۆژەی وا لە پێش چاوی هەر کەسدا سەرزەنشتی دەکردم و بە ڕاستە لێیدەدام تا بەیانی دەگریام و نەدەخەوتم کە چی بەیانی لە پێش چاوی هەموو کەس بە عەشقەوە دەستی ماچ دەکردم و منیش لە دڵەوە بروام دەکرد کە ڕۆژێك دەبم بە وێنەکێشێکی گەورە . من ئەو ئەسپەم نەکێشاوە ."

-" ئێمە ـ باسی لە لەق لەقیش دەکر د ـ لە تەکیەکەدا بە دوای دواین ڕەسمی کتێبەکەی زاومدا دەگەراین . تۆ ئەو وێنەیەت بینیوە؟"

– : " ئەوە شتێك نییە کە پادشاکەمان و ئێمەی وێنەکێشی گرێدراوی وەستا کۆنەکان و موسڵمانان پەسەندی بکەین. " و بێدەنگ بووم. ئەم قسەیەم بە ویستەوە کرد . لە گەڵ لەق لەقدا تەکییەکەیان ژێر و ژوور کرد و هەموو جێگایەکی گەڕان ، یەك دوو جار بۆ ئەوەی کار ئاسانیان بۆ بکەم چووم بۆ لایان . لە یەکێك لە ژوورەکاندا کە سەراپیتەکەی دڵۆپەی دەکردلە

www.pertwk.com

بەر ئەوەی نەکەونە ناو قوڕی زەوییەکە ئیشارەتێکم بۆ کردن ، هەروەها واشم کرد کە ئەگەر دەیانەوێ با بگەڕێن . کلیلە گەورەکەی ئەو ژوورەم بۆ هێنان وا سیساڵ بەر لە ئێستا و بەر لە بڵاو بوونەوەی ڕێبوارانی تەکیە و بوونیان بە بەکتاشی ژووری بابا (باوك) بوو . بە ویستەوە چوونە ناو ژوورەکە، بەڵام کاتێك زانیان دیواریشی نیە و یەکراست باران دەبارێتە ناوەوە تەماشای دەوور و بەریشیان نەکردودەرکەوتن . ئەوەم پێ خۆش بوو کە پەپوولە لە گەڵ ئەواندا نەبوو ، بەڵام لە هەمانکاتدا هەستم بەوە دەکرد کە ئەگەر بەڵگەیەك بۆ تاوانبار کردنی من بدۆزنەوە ئەویش لە گەڵ ئەواندا یەکدەگرێت . ڕەشە و لەق لەق لەوە دەترسان کە وەستا عوسمان تەسلیمی ئەشکەنجەگەرمان بکات و دەیانگوت پێویستە لە بەرامبەر خەزێنەدار بە هێز بین و پشتیوانی یەك بین هەر بۆیە بە باشی لە یەك نزیك بووینەوە . لەوە تێگەیشتم کە مەبەستی ڕەشە تەنیا ئەوە نیە کە بکوژەکەی زاوا بدۆزێتەوە و بەو جۆرە خەڵاتیەکی ڕاستەقینەی هاوسەرەکەی بدات بە شەکورە جوانەکە ، بەڵکو ئەوەشی تێدایە کە وێنە کێشە عوسمانیەکان بخاتە سەر ڕێچکەی فەرەنسیەکان و بەو پارانەش کە لە لای پادشاکەمانەوە دێت کتێبەکەی زاواکەشی تەواو بکات (ئەمە لە کوفریش پێکەنیندارتر بوو) هەڵبەت لەوەش تێدەگەیشتم کە پەپوولە دەیەوێت لە دوای ئەم گەمە و فێڵانە ببێت بە سەرۆکی وێنەکێشان (چونکە هەرکەس وای بۆ دەچوو کە وەستا عوسمان پەپولەی بۆێت) ، و لە ئێمەش و تەنانەت لە وەستا عوسمانیش نەجاتی بێت . مێشکم تێکەڵ پێکەڵ بوو ، گویم لە باران دەگرت و ماوەیەکی دوور و درێژ بیرم کردەوە ، لە دوایدا وەکوو کەسێك کە لە ناو جەنجاڵیەکدا خۆی دەرخستبێ و بیەوێت داخوازنامەکەی بدات بە

پادشا و سەرۆك وەزیرەکەی کەلە تەنیشتیوە تێپەڕ بن خۆمم نێزیکی ڕەشە و لەق لەق کرد و لە دەرگایەکی گەورەوە بردنمە جێگایەکی مەترسیدار کە لە پێشدا چێشتخانە بوو . پرسیاری ئەوەم لێکردن کە ئایا شتێکیان دۆزیوەتەوە یان نا ؟ دیارە کە نەیاندۆزیوەتەوە . ئەو قاپ و قاچاخ و قابلمە گەورانەی وا کاتی خۆی چێشتیان بۆ هەژارەکان پێ لێنرابوو هەروا مابوونەوە . ئەم جێگە دڵ لەرزێنە پڕ بوو لە تۆڕی جاڵجاڵوکەو تۆز و قوڕ و پیسایی سەگ و پشیلە . کەس نەویستبوو خاوێنی بکاتەوە . وەکوو جاران بایەکی بە هێز لە هەر چوار لاوە دەهات کە نەدەزانرا سەرچاوەکەی لە کوێیەوەیە . تیشکی چراکەی کز دەکردئەویش جار جار سێبەرەکانمانی کاڵتر دەکرد و جار جاریش ڕەشتری دەکرد .

گوتم : " گەڕان بۆی ، بەڵام خەزێنە شاراوەکەمتان نەدۆزیوە . " لە نێو دار و بەردە ڕەماوەکاندا دەستم برد بۆ جێگایەك کە سی ساڵ بەر لە ئێستا ئۆجاخ بوو ، بە پیێ عادەت خۆڵەمێشەکەیم بە دەست لابرد و قوڵپی ئاسنیەکەم گرت وبە جیڕە جیڕ دەرم هێنا ، چراکەم کردە دەمە بچووکەکانی فڕنەکەوە . هەرگیز ئەوەم لە بیر ناچێت کە لەق لەق بەر لە ڕەشە پەلاماری توورەکە مەشکینەکانیدا ، دەیویست هەر لەوێدا دەمیان بکاتەوە ، بەڵام لە بەر ئەوەی من بەرەو هەیوانەکە دەڕۆیشتم و ڕەشەش لە ماڵەوە لەو تاریکایە دەترسا بە دوامەوە هات ، لەق لەقیش بە پێ درێژەکانیەوە کەوتە دوای ئێمە ، کاتێك لە قوڕەکەدا چاویان بە گۆرویەکان و شۆرتە سوورەکەم و کراسە ئاورێشمینەکەم و گۆێزانم و کەلو پەلەکانم کەوت بۆ ساتێك دوو دڵ مانەوە . لە توورەکەکەیتردا کە ڕەشە کردییەوە پەنجا وسێ ئاڵتونی وەنیزی و ئەو لاپەرە زیڕاوکراوانەیتێدابوو کە لەم ساڵانەی دوایدا لە وێنە

www.pertwk.com

کێشخانەکە دزیبووم ،دەفتەری وێنەکانیشمی تێدا بوو کە لە هەرکەس شاردبوومەوە . لە نێو لاپەڕەکاندا لاپەڕەی زێڕین وچەند ڕەسمی خۆم و هەندێکی ئەم لا و ئەولاو ئەنگوستیلە عەتیقە یادگاریەکەی دایکە خۆشەویستەکەم و مشتی قژ و قەڵەمە باشەکانم و باشترین فڵچەکانم دەرکەوتن .

–بە لە خۆ بایی بوونێکی گێلانەوە گوتم : " ئەگەر وەکووو ئەوەی ئێوە بیر دەکەنەوە پیاکوژ بایەم ، ئەمانە لە خەزێنە شارەوەکەمدا دەر دەکەوتن یان دوایین وێنەیە دەرکەوت ؟"

– لەق لەق پرسیاری کرد و گوتی : " بۆچی ئەمانە دەرکەوتن ؟ "

–" جاری پێشوو کەپیاوەکانی بۆستانچی باشی ماڵەکەیان بشکێنم – وەکوو ماڵەکەی تۆ – دوو لەم ئاڵتونانەیان کەتەمەنێکم بۆیان تەرخان کردوە بە دزیوە خستبووە ناو گیرفانییەوە ،منیش بیرم لەوە کردەوە کە لە بەر ئەم بکوژە ناپیاوەجارێکیتر دەمانپشکنن ، کە هەقیشم هەبوو، ئەگەر ئەو دوایین وێنەیە لە لای من بایە لێرەدا دەبوو. " گوتنی ئەم دوایین ڕستەیەم هەڵە بوو . بەڵام دیسان هەستم بەوە دەکرد کە ڕەحەتبوون و لەوە ناترسن کە لە گۆشەیەکی تاریکی ئەم تەکییەیەدا قوڕگیان بگرم . ئێوەش بڕواتان پێ کردم ؟ بەڵام ئەمجارە نائاسودەییەك دەروونی گرتبووم:ئەوەی وا بێ ئۆقرەی دەکرم ئەوە نەبوو کە هاورێ وێنەکێشەکانم کە لە کاتی منداڵیمەوە دەیانناسم ، بەوەیان زانی کە ماوەیەکی زۆرە بە شێوەیەکی چەپەڵانە پارە کۆ دەکەمەوە و زێڕ دەشارمەوە و چاویان بەوێنەی بێڕەوشتی ناو دەفتەرەکانم کەوتبێ، بەڵکو لە بنەڕەتدا لەوەی وا ئەمانەم لە پەشۆکان و

ترسدا نیشان داون هەستم بە پەشیمانی دەکرد . تەنیا نهێنیەکانی کەسێك ئاوا بە ئاسانی دەردەکەوت کە لە خۆڕایی و لە خۆوە ژیانبکات .

– زۆر دواتر ڕەشە گوتی : " دیسانیش با بڕیار لە سەر ئەوە بدەین کە ئەگەر وەستاعوسمان تەسلیمی ئەشکەنجە گەرانی کردین چی بڵێین " هەستم بە بێ مێشك بوون و بێزار بوونێك دەکرد . لەق لەق و پەپوولە لە ژێر تیشکە کاڵەکەی چراکەدا تەماشای وێنەی بێرەوشتی ناو دەفتەرەکەمیان دەکرد ، لە هەوایەکدا بوون کە گوێیان نەدەدا بە هیچ شتێك، تەنانەت بە شێوەیەکی مەترسیدار خۆشحالیش بوون . لە دوای هەردووکیان ڕاوەستام و وەکوو ئەوەی کە بیرەوەریەکی کۆن وەبیربهێنمەوە ، بە بێدەنگی تەماشای وێنەی بێ ڕەوشتییەکانم کرد (خۆم کێشابووم).

ڕەشەش هاتە لامان نازانم لە بەر چی بوو ، بەڵام ئەوەی کە هەر چوارمان پێکەوە تەماشای ئەو وێنەمان دەکرد لە دڵەوە ڕەحەتی دەکردم، لە دوای ماوەیەکی درێژ لەق لەق گوتی : " کوێر و بینەر دەبن بە یەکێك " ئایا ئامازەی بەوە دەکرد کە هەرچەندە ئەم ڕەسمە بێڕەوشتانەن ، بەڵام چێژی بینین کەخودا پێیداوین شتێکی بەرز و پیرۆزە ؟ بەڵام لەق لەق لەم شتانەتینەدەگەیشت وقورئانی کەریمی نەدەخوێندەوە . دەمزانی کە وەستا کۆنەکان هەمیشە ئەم ئایەتەی قۆرئانیان وەبیر دەهێنایەوە . وەستا گەورەکان ئەم قسەیان لە بەرامبەر گوتنی دوژمنانی وێنەدا بەکار دەهێنا کە دەیانگوت بەپێیدینەکەمان وێنەکێشان حەرامە و لە ڕۆژی قەیامەتدا وێنەکێشان دەنێرنە دەۆزخ. تا ئەو کاتە سیحراویە هیچ کات ئەم قسەیەی پەپوولەم نەبیستبوو کە وادەتگوت لە خۆیەوە دەرکەوتووە : " دەمویست وێنەیەك بکێشم کە جیاوازی کوێرو بینەرر (چاوساغ) نیشان بدات ! "

www.pertwk.com

ڕەشە بە دڵپاکییەوە گوتی : " کوێر و بینەر کێیە ؟ "

پەپولە گوتی:" کوێر و بینەر نابن بە یەك ، تاریکایی و ڕۆشنایی نابن بە یەك ،سێبەرو جێگای گەرمیش نابن بەیەك و زیندووەکان و مردووەکانیش نابن بەیەك"

لە ساتێکدا بە بیر کردنەوە لە سەر چارەنووسی زەریف ئەفەندی و زاوا ئەفەندی و ئەو بالۆرە بێژەی وا ئەمشەو کوژرا، لەرزێك کەوتە گیانم و ڕاچڵەکام ، ئەوانیش بە قەدەر من ترسا بوون. ؟ بۆ ماوەیەك کەس لە جێگای خۆیدا نەجووڵایەوە. لەق لەق هێشتا دەفتەرەکەی منی پێبوو، بەلام سەرەڕای ئەوەی تەماشامان دەکرد دەتگوت کەس ئەو وێنەی بێڕەوشتیانە نابینیٚ! لەق لەقیش گوتی : "منیش دەمەویست ڕۆژی قیامەت بکێشم ، زیندوو بوو نەوەی مردووەکان و جیاکردنەوەی تاوانباران و بێتاوانان. بەلام بۆ چی ناتوانین قورئانی کەریم بکێشینەوە؟" وەکوو ئەوەی لە کاتی شاگردیماندا لە یەك ژووردا پێکەوە کارمان دەکرد و وەکوو وەستا کۆنەکان بۆ دەرکردنی ماندوویی چاوان سەرمان دەنا بە سەر مێزی کار و کاتیٚ هەڵماندەگرت باسی ئەوەمان دەکرد وا دەهات بە مێشکماندا و بەو جۆرە سەری باسێکیترمان لادەدایەوە. ئەو کاتانەش وەکو ئەوەی ئیستا تەماشای ئەم دەفتەرە دەکەین، باسی شتەکانی دڵی خۆمانمان دەکرد بە بێئەوەی تەماشای یەك بکەین، چوونکە بۆ پشوودان سەرمان لە پەنجەرەکەوە دەبردە دەرەوە. نازانم لە بەر پەشۆکانی بیر کەوتنەوەی بیرەوەرییەکەی دەورانی خۆشی شاگردی بوویان لە بەر ئەو پەشیمانییە بیٚ کە لە بەر نەخوێندنەوەی قورئانی کەریم هەستم پێکردبوویان وەکوو لە بەر ئەو جەنایەتە ترسێنەر بێت کەوا شەو لە قاوەخانەکە دا بینیم، دڵم خێراتر

لێیدەدا و لە بەر ئەوەی هیچ شتێکم بە بیردا نەدەهات، ئاوەهام گوت:" من زۆرتر دەمەویست وێنەی ئەو ئایەتە دواییانەی سوورەی بەقرە بکێشم کە بەم مانایە دێن : خودایا !لە بەر فەراموٚشکردن و کەمو کوڕییەکانمان لێپرسینەوەمان لیٚ مەکە، ئێمە لە بەر تاوانەکانمان ببەخشە! یارەبی ڕەحممان پێبکەی." لە ناکاو دەنگم شکاو و شەرمم لە فرمێسکەکانم کرد کە وا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ڕژا بوون، وامدەزانی فرمێسکەکانم ڕاوە دەوەستن، بەڵام دەستم بەهەنیسکدان کردوکەوتمە پەڵمەگریان. هەستم بەوە دەکرد هەرچی من زیاتر دەگریم، ئەوانیش هەست بە برایەتی و خەم و داتەپێن دەکەن.

لەمە و بەدوا لە وێنەکێشخانەکەی پادشاکەماندا بە نەریتی فەرەنسیەکان نەخش دەکرا و ئەو نەریت و نەخشانەی وا هەموو تەمەنی خۆمانمان پیٚ بەخشیبوو فەراموٚش دەکرا و لە ڕاستیدا هەموو شتێك تەواو دەبوو ، ئەگەر لایەنگرانی مەلا ئەرزڕوومیەکە ئەیانکوشتباین ، ئەوا ئەشکەنجە گەرانی پادشا سەقەتیان دەکردین . بەڵام چوٚن لە کاتی گریاندا گوێم بۆ بارینی بارانەکە ڕادەگرت بە گۆشەکە تری عەقلڤمەوە بیرم دەکردەوەو دەمزانی کە ئەو شتانەی وا من دەگرێنن ئەمانەنین . ئەوانیتر چەندە هەستیان بەوە دەکرد ؟ لە بەر ئەوە بەدڵ و نە بە دڵ گریام ، تۆزێك هەستم بە تاوانباری دەکرد ، پەپوولە باوەشی پێدا کردم ودەستی خستە سەر شانم و قژەکانمی نەوازش کرد ، گۆنامی ماچ کرد و قسەی خۆشی بۆ کردم .

لەسەرەتای شاهنامەدا و لە ئەو کاتە ئەفسانەییەدا لەبەر ئەوەی ئافراندن تازە دەستپێکردووە هەموو شتێك ئەوندە سادە بووە کە پێویستی بە

www.pertwk.com

ڕوونکردنەوە نەبووە . شیرت بویستایە گوانی بزنەکەت دەمژی و دەتخواردەوە، بتگوتایە ئەسپ سواری دەبوویت و دەڕۆیشتی ، باسی خراپەت بکردایە شەیتان دەهات و باسی جوانیەکانی کوشتنی باوکتی دەکرد و قەناعەتی پێدەکردی . کوژرانی مەرداسی باوکی زوحاك لەبەر کەم هۆ بوونەکەی تابلۆیەکی جوانە ، هەروەها ئەنجامدانی ئەو پیاو کوژییە لە شەوێکدا کە ئەستێرەکان باخچە و دارە سەروەکانی کۆشکێکی دەرئاسایی ڕووناکتر دەکەنەوە جوانییەکیتری پێدەبەخشی . دواتر ڕۆستەممان خستەوە یاد کەلەدوای سێ ڕۆژ شەڕ لەگەڵ کۆڕەکەی کە فەرماندەیی هێزەکانی دوژمن دەکات بەبێئەوەی کە بزانێت سوهرابی کوڕی خۆی دەکوژێت ، کاتێك کە ڕۆستەم لە بازوو بەندەکەی باڵی سوهراب کە چەن ساڵ بەرلە ئەو کاتە دایکی پێیدا بوو دەزانێ کوڕی خۆیەتی ، شتێك لەو بابەتەی وا دەبوو بە هۆی ئەوەی ڕۆستەم لەدوای ئەم ئاگادار بوونەوەیە لەنێو فرمێسکی چاوەکانیدا سینگی خۆی بکوتێ لە دەروونی ئێمەشدا دەکولا .

ئەو شتە چی بوو ؟ باران هێشتا بە ترپە ترپەکەی خۆیەوە لەسەربانی تەکیەکەی دەدا ، منیش هەندێك خوار و بانم کرد بوو و ئاوەهام گوتبوو : " یان وەکوو وەستا عوسمانی باوکمان بە خەیانەت هەموومان دەکوژێت یان وەکوو ئێمە ئەو دەکوژین . " لەبەر ئەوەی کە قسەم ڕاست بوو و هەڵەی تێدا نەبوو هەموومان کەوتینە ناو ترسەوە و بێدەنگ ماینەوە . لەکاتی بان و خوار کردنەکەمدا لە پەشۆکانی جێگیر کردنەوەی شتەکان وەکوو جاران لەبەر خۆمەوە وەهام دەگوت : ئەگەر باسی کوژرانی سیاوەش بە دەستی ئەفراسیاب بکەم بابەتی قسە دەگۆڕێ ، بەڵام ئەوە خەیانەتێك بوو کە من

لێی نەدەترسام . باسی مەرگی خەسرەو بکە باشە ، بەڵام وەکوو ئەوەی وا فردەوسی لە شاهنامەدا باسی دەکات یان وەکوو ئەوەی نیزامی لە خەسرەو شیریندا دەیگێڕێتەوە ؟ ئەو شتە خەماوییەی ناو شاهنامە ئەوەیە کە کاتێ بکوژەکە دەچێتە ناو ژوورەکەوە ، خەسرەو بە چاوە فرمێسکاویەکانیەوە دەزانێ کە هاتووەکە کێیە ! وەکوو دوایین چارەکوڕەکەی پاڵدەستی خۆی بانگ دەکا و دەڵێ با نوێژێك بکەم بچۆ ئاو و سابوون و جلی پاك و بەرماڵێکم بۆ بێنە ، کوڕەکەش ئەوەندە گێل دەبێ کە نازانێ خەسرەو داوای یارمەتی دەکات و دەچێ بەراستی ئەو شتانەی بۆ دەهێنێ . کاتێ خەسرە و شیرین لە ژوورەکەدا بەتەنیا دەمێننەوە ، پیاو کوژەکە یەکسەر دەرگاکە دادەخات و کلیلی لێدەدات . لەکۆتایی ئەم بەشەی شاهنامەدا ، فیردەوسی دەڵێ : "ئەو پیاو کوژەی وا فێڵبازان و گەمەکەرانی کۆشك دۆزیویانەتەوە ، کەسێکی بۆن پیسی ورگنی تووکن بووە ."

کاتێ بان خوارم دەکرد سەرم پڕ بوو لە وشە ، بەڵام وەکوو ئەوەی ناو خەونەکان دەنگم دەرنەدەکەوت . هەر لەو کاتەشدا وەکوو ئەوانەی ناو خەیاڵەکان کاتێ چاوم بەوان کەوت کە پێکەوە چپەچپ دەکەن زانیم کە بە شێوەیەکی دوژمنانە لەسەر من قسە دەکەن . لەناکاو هەر سێکیان پێکەوە خۆیان فڕێدایە سەرم . کاتێ خۆیان دا بەسەرمدا ، پێم لەعەرز بڕا و هەر چوارمان تەختی زەوی بووین ، لە زەویدا هەندێك پاڵنان و ڕاکێشان و چنگ لە قوڕگنان دروستبوو ، بەڵام زۆری نەکێشا . من لەسەر پشت لە ژێرەوە مامەوە . ئەوانیش کەوتنە سەر من.ڕەشە هەر دوو ئەژنۆی نایە سەر جێگای

www.pertwk.com

یەکگرتنەوە دەست و شانم وبە هێزەوە دانیشتە سەر بەینی سینگ و ورگم و جێگای خۆی کردەوە .

لەم وەزعەدا نەمدەتوانی هیچ جووڵەیەك بکەم . هەموومان سەرسام و کاڵبوو بووینەوە . ئەمەم بیر کەوتەوە : مامە خوالێخۆشبووەکەم کوڕێکی پیس و پۆخڵی هەبوو کە دوو ساڵ لەمن گەورەتر بوو ، هیوادارم لە کاتی ڕێ بڕینی کاروانێکدا گیرابێ و سەریان پەڕاندبێ . ئەم دڵپیسە کاتێك کە هەستی بەوە دەکرد من لەو زاناتر و ژیرتر و ناسکترم ، بە هەموو بەهانەیەکەوە ئاژاوەی دەکرد و ئەگەر بەهانەشی نەبایە دەیگوت بازۆرن بگرین کاتێ زۆرانیشن دەگرت منی دەخستە ژێر و وەکوو ڕەشە دەهاتە سەر سینگم و چاوی دەبڕییە ناو چاوانمولە دواییدا تفێکی لە دەممدا کۆ دەکردەوە و دەیکرد نێو چاوانم ، کاتێك شۆڕ دەبووەوە لەبەر ئەوە نەچێتە نێو چاوانم سەرم ئەملا و ئەولا پێدەکرد و ئەویش ڕادەبوێرا .

ڕەشە گوتی:"هیچ شتێك مەشارەوە دوایین وێنەکە لە کوێدایە؟ئیعتیراف بکە"

بۆ دوشت هەستم بەخەم و تووڕەییەکی خنکێنەر دەکرد : هەستم بەوە نەکرد بوو کە ئەمانە لەپێشدا ڕێککەوتوون و لە خۆڕایی ئەم قسانەم کرد ، هەروەها بیری ئەوەم نەکرد بوو کە بەخیلی تائێرەش بێت و لە پێشدا هەڕام نەکرد بوو .

ڕەشە گوتی ئەگەر دوایین وێنە دەرنەخەم و پیشانیان نەدەم قوڕگم دەبڕێ . شتێکی پێکەنیندارە . ئەگەر دەمم بکەمەوە وەکوو ئەوەی لە ڕاستیدا هەڕا بکەم دەگیرێت و هیچی لێدەرناکەوێ . لەلایەکیتریشەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە چارەم نییە و شتێکم لەدەست نایەت . ئەگەر لە ناوخۆدا

یەکبگرن و من وەکوو پیاو کوژ بدەن بە دەستی خەزێنەدار ئەم ئیشە کۆتایی پێدێت . تەنیا ئومێدم ئەوە بوو کە وەستا عوسمان ئاماژە بە شتێکیتر بکات و کەسێکیتر وەکوو پیاو کوژ دەستنیشان بکات . بەڵام با سەیر بکەین و بزانین ئەو شتانەی وا ڕەشە لەبارەی وەستا عوسمانەوە دەیگوت ڕاستن یا نا ؟ ئایا ئەمانە دەیانتوانی بمکوژن و لەدواییدا تاوانەکە بخەنە ئەستۆم ؟ خەنجەرەکەیان خستە سەر قوڕگم . یەکسەر چاوم بەو چێژ و تامە کەوت کەوا ڕەشە دەیگرت و نەیدەتوانی لە منی بشارێتەوە . زللەیەکیان لێدام . خەنجەرەکەی بڕا و تیژ بوو ؟ زللەیەکی تریان لێدام . بەڵام توانیم ئەو ژێر بیرییە شیان بخەمە دەست کە : ئەگەر هیچ شتێك نەڵێم هیچ شتێك نابێت ، ئەمەش هێزێکی دابەمن. ئیدی ئەوەیان نەدەشاردەوە کە لە کاتی شاگردییەوە تاوەکوو ئێستا بەخیڵییان بەمن بردووە کە لە تەواوی ژیانی شێوەکاریمدا لە هەموو کەسێك باشتر ڕنگکاری و بۆیاخم کردووە و لە هەرکەس جوانتر خەتم کێشاوە و باشترین نەخشم دروستکردووە . لەبەر ئەوەی ئەوەندە بەخیڵیان بەمن بردەوە حەزم لێدەکردن، بزەیەکم بۆ برا خۆشەویستەکانم لێدا .یەکێکیان کە نامەوێ ناوەکەیتان بۆ ئاشکرا بکەم، وەکوو ئەوەی ماچی خۆشەویستەکەی بکات کەچەند ساڵە چاوەڕێی دەکات ، بەگەرمو گوڕیەوە ماچی کردم . ئەوانی تریش لەبەر ڕۆشنایی چراکەدا دانیشتبوون ، منیش وەڵامی ئەم ماچەی برا خۆشەویستەکەمم دایەوە . مادام کەبەرەو کۆتایی هەموو شتێك دێین با بزانریت جوانترین نەخش من کێشاومە. لاپەڕەکانی من بدۆزنەو و تەماشای بکەن.

وادیاربوو وەڵامدانەوەی ماچەکەی بەماچ پێخۆش نەبووبۆیە بەتووڕەییەوە دەستی بەلێدانی من کرد . بەڵام ئەوانی تر دەستیان گرت .

www.pertwk.com

کەوتبوونە ناودوو دڵیو گومانەوە . لەبەر ڕاکێشان و پاڵپێوەنانەکەی نێو خویان ڕەشە تووڕە بوو، ئەتگوت تووڕەییەکەیان لەمن نیە بەڵکوو لەو ڕاستەیە کە ژیانیان بەرەو ئەویٚ دەچێت، هەر لەم ڕووشەوە دەیانویست تۆڵەی خۆیان لەهەموو دونیا و هەرکەس بسێننەوە .ڕەشە لەبەر پشتوێنەکەیدا شتێکی دەرهێنا! دەرزییەکی درێژی نوك تیژبوو ، لەناکاو لە چاومی نزیك کردمەوە " وا هەڵسوکەوتی دەکرد کە دەیەویٚ بیکا بە چاومدا . گوتی : " نزیکی هەشتا ساڵ بەر لە ئێستا کاتیٚ هەرات گیرا ، وەستای وەستایان وەستا بەهزاد کاتیٚ زانی هەموو شتێك تەواو بووە ، لەبەر ئەوەی کەس ناچاری نەکات بە شێوەیەکیتر وێنە بکێشێت بە شەرەفەوە خۆی کوێر کرد، لەدوای ئەوەی کە بە هێواشی ئەم دەرزییەی کرد بە چاوی خۆیدا و دەریهێنا ، تاریکییە شکۆدارەکەی خودا هێدی هێدی داکەوتە پێش چاوی عەبدە خۆشەویستەکەی کە ئەم وێنەکێشە دەست موعجیزەییە بوو . ئەم دەرزییە لەگەڵ وەستا بەهزاد دا کە ئیدی کوێر و سەرخۆش بوو بوو ، هێنرایە تەورێزو دواتریش لەگەڵ شاهنامە ئەفسانەییەکەدا لەلایەن شا تاماسووبەوە پێشکەشی باوکی پادشاکەمان کرا . وەستا عوسمان لەپێشدا نەیدەزانی کە ئەمە بۆچی نێردراوە . بەڵام ئەمڕۆ چاوی بە خواستی خراپ وژیرییەکەی شاتاماسووب کەوت . وەستا عوسمانیش کاتیٚ زانی ئیدی پادشا دەیەوێت بە نەریتی فەرەنسییەکان وێنەکانی خۆی بکێشیٚ و ئێوەی شاگردیشی کە وەکوو منداڵی خۆی حەزی لێدەکردن خەیانەتتان پێکرد ، دوێنیٚ شەو لە ژووری خەزێنەدا وەکوو وەستا بەهزاد ئەم دەرزییەی کرد بە چاوی خۆیدا وخۆی کوێر کرد.ئێستاش ئەگەر من تۆی مەلعوون کە

وێنەکێشخانەکەی بەرەو لەناو چوون دەبەی(کە تەمەنێکی بۆ تەرخان کردووە) کوێر بکەم چی دەبیٚ ؟

– : " کوێرم بکەیت و کوێرم نەکەیت لەدواییدا لێرەدا جێگا بۆ خۆمان نادۆزینەوە . وەستا عوسمان لەراستیدا کوێر دەبیٚ ، یان دەمریٚ و ئێمەش بەکاریگەری فەرەنسییەکانەوە وەکوو ئەوەی خۆمان دەمانەویٚ و لە دەروونمانەوە دێت بە هەموو کەموکوڕی خۆمانەوە وێنە دەکێشین ودەبین بە خاوەنی شێواز و کەسایەتی تایبەت بە خۆمان و وردە وردە لە خۆمان دەردەچین ، بەڵام نابین بە خۆمان ! نا ، ئەگەر وەکوو وێنە کێشە کۆنەکان وێنە بکێشین ئەو کات دەبین بە خۆمان و ئەو کات پادشا کە تەنانەت پشتی هەڵکردۆتە وەستا عوسمانیش لەباتی ئێمەدا کەسیتر پەیدا دەکات ، ئیدی کەس تەماشاشمان ناکات و تەنیا بەزەییان پێمان دێتەوە . بەسەردا چوونی قاوەخانەکەش دەبیٚ بە هۆی وورووژاندنی هەموو ئەمانە ، چونکە نیوەی ڕووداوەکە دەتلێتەوە بەسەر ئێمەی شێوەکاردا کە لەبەرامبەر مەلا ئەفەندیدا زماندرێژیمان کردووە . "

هەر چەندە باسی ئەوەم کردکە ئاژاوەی ناو خۆی ئێمە زیانمان پێدەگەیەنێت و خراپە هیچ سوودێکی نەبوو. نەیاندەویست گویٚ لەمن ڕابگرن ، پەشۆکاو بوون ، بڕوایان بەوە هەبوو کە ئەگەر تا بەیانی ڕاست یان ناڕاست یەکێك وەکوو تاوانبار دیاری بکەن، دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن و ئەشکەنجە ناکرێن و کاری وێنەکێشخانەکەش سالاٚنێکیتر وەکوو جاران بەردەوام دەبێت .

سەرەڕای ئەوەش ئەو دووەکەیتر حەزیان لەو شتە نەکرد کە ڕەشە هەڕەشەی ئەنجامدانی دەکرد .

www.pertwk.com

ئەی ئەگەر کەسێتر تاوانبار بێت و لە هیچ و خۆڕایی کوێرم بکەن و ئەمەش بگاتەوە گوێی پادشا ؟

نزیك بوونیڕەشە بە وەستا عوسمان و باسکردنە بێشەرمانەکانی لەسەر ئەو ، ئەمانی دەترساند .

خوێن بەر چاوی ڕەشەی گرتبوو ، ئەوانیش دەیانویست دووری بکەنەوە . ڕەشە لەوە ترسا کە ئێمە لە ناو خۆماندا ڕێکەوتبێتین و دەرزییەکەی لەدەست وەردەگیرێت . بکێش بکێشێك دروست بوو بۆ پاراستنی خۆم لەم بکێش بکێشە و دەرزییەکەی بەر چاوم تەنیا توانیم چەناکەم بەرز کەمەوە و سەرم ببەمە دواوە . دواتر هەموو شتێك ئەوەندە لە ناکاو دروست بوو کە تێنەگەیشتم : لە چاوی ڕاستمدا هەستم بە ئازارێکی کەم بەڵام بروسکە ئاسا کرد . دوایی هەموو شتێك وەکوو جارانی لێهات . بەڵام ترسێك لە دەروونمدا جێگای خۆی کرد بووەوە . چراکەیان دوور کردبووەوە بەڵام دیسان چاوم بەوە کەوت کە یەکێکیتر بە پێداگری و بە بڕیارەوە دەرزییەکەی کرد بە چاوەکەیترمدا . تۆزێك بەر لە ئێستا دەرزییەکەی لە دەستی ڕەشە وەرگرتبوو ، ورد بینتر و خێراتر بوو . کاتێك تێگەیشتم دەرزییەکە چووە بە چاومدا خۆمم نەجوڵاند و هەستم بە سووتانەکەی پێشوو کرد . تەزینەکەی تەوێڵم ، لەسەرمدا بڵاو بوو بووەوە وسەرم تەزی.

ئێستا تەماشای چاوەکانی من و نووکی دەرزییەکەیان دەکرد . کاتیٚ زانییان چ شتێکی ترسێنەرم بەسەردا هاتووە بکێش بکێشەکەیان ڕاوەستا . گرانایییەکەی سەر باڵەکانم سووکتر بوون . وەکوو ئەوەی بلورێنم دەستم بە قیڕە قیڕ کرد . ئەمە لەبەر ئازار نەبووبەڵکوو لەبەر ترس لەو شتە ترسێنەرە بوو کە بەسەرمدا هاتبوو . نازانم چەندە قیڕە قیڕم کرد بوو ! سەرەتا وا

هەستمکردناڵە ناڵەکانی من نەتەنیا من بەڵکوو ئەوانیشی ئاسوودە کردووە . دەنگم ئێمەی نێزیکی یەك دەکردەوە.بەڵام کاتێك قیڕە و هاوارەکەم زیاتر بوو ، چاوم لێیان بوو حەپەسا بوون. هێشتا نەدەئێشا بەڵام چوونی دەرزی بە دوو چاومدا شتێك نەبوو کەبە ئاسانی فەرامۆشی بکەم. بەڵام هێشتا کوێر نەبوو بووم، زۆر شوکر هێشتا چاوم بەوە دەکەوت کە سەیریان دەکردم و سێبەرەکانیشیان لەسەر سەقفی تەکیەکەدا دەلەرزا. ئەمە هەم دڵخۆشی کردم هەم خستمیە ناو ترسێکی قووڵەوە . قیڕاندم و گوتم : " وازم لێبێنن ، بەرم دەن با زیاتر هەموو شتێك ببینم ، خۆ هیچ نابیٚ ، دەی بەرم دەن. "

ڕەشە گوتی : " یەکسەر باسیکە ، ئەو شەوە لەگەڵ زەریف ئەفەندیدا چۆن یەکتریتان بینییەوە ؟ ئەو کاتە بەرت دەدەین . "

–:" لە قاوەخانەوە بۆ ماڵ دەگەڕامەوە کە تووشی بووم ، زۆر پەرێشان و پەشۆکاو بوو ، سەرەتا بەزەییم پێدا هاتەوە . بەرمدەن دوایی باسیدەکەم ، بەر چاوم ڕەش دەبیٚ . "

ڕەشە بە پەشیمانییەوە گوتی : " یەکسەر ڕەش نابێت ، بڕوام پێبکە وەستا عوسمان بە چاوە کۆن بووەکانیەوە ئەو ئەسپە لمۆز بڕاوەی ناسییەوە . "

- " زەریف ئەفەندی بێچارە گوتی متمانەم بە تۆ هەیە و دەمەویٚ قسەت لەگەڵ بکەم . " بەڵام ئێستا بەزەییم بەودا نەدەهاتەوە بەڵکوو دڵم بۆ خۆم دەسووتا .

www.pertwk.com

- ڕەشە گوتی:" ئەگەر بەرلەوەی خوێن چاوەکانت پڕکاتەوە باسیبکەی بەیانی دەتوانی بۆ جارێکتر تێر تێر تەماشای دونیا بکەی، سەیر کە باران ڕاوەستاوە"

- :"پێمگوت بابگەڕێینەوە و بچین بۆ قاوەخانەکە ، بەلاّم یەکسەر تێگەیشتم کە خۆشی لەویٚ نایە و تەنانەت لێشی دەترسیٚ . لەدوای دەورانی شاگردیمان و بیست و پێنج ساڵ پێکەوە بوون ئەوە جاری یەکەم بوو تێگەیشتم کە زەریف ئەفەندی لەئێمە دەترسیٚ و لێمان دوور کەوتۆتەوە . لەم هەشت نۆ ساڵەی دواییدا لە دوای ئەوەی ژنی هێنابوو ، لە وێنەکێشخانەکەدا دەمبینی بەلاّم نەمدەزانی چی دەکات ... بەمنی گوت کە دوایین وێنەکەی بینیوە و گوناحێکی زۆری تێدا بووە . شتێك بووە کە هیچ کاممان نەماندەتوانی لەژێر باری دەرکەوین . دەیگوت لەم ڕووەشەوە لە ئاگری دۆزەخدا دەسوتین . پەشۆکاو بوو ،زۆر دەترسا. لەناو هەستی ڕووخانی ورەی کەسێکدا بوو کە بە نەزانییەوە تووشی گوناح بووبیٚ . "

- " ئەو گوناحە گەورە چی بوو ؟ "

- " کاتیٚ ئەمەم لەو پرسی وەکوو ئەوەی بڵیٚ مەگەر نازانی؟ بەسەر سووڕماوەییەکەوە چاوەکانی کردەوە کە هاوڕێی کاتی شاگردیمان بوون و وەکوو خودی ئێمە پیر بووبوون . گوتی لە دوایین وێنەکەی زاوا خوالێخۆشبووەکەتدا ، زۆر بێپەروایانە شێوازی (وێنەکردن لە ڕوویەکەوە) (پەرەسپەکتیو) بەکار براوە . لەم وێنەیەدا وەکوو چۆن فەرەنسەییەکان کردوویانە شتەکان بەپێی گرنگییەکانی عەقڵی خودا دروستنەکراوە بەڵکوو ئەوەی بەر چاو و دیار بوو کێشراوە . ئەمەش گوناحێکی گەورە بووە . دووهەمین گوناحیش ئەوە بوو کە پادشاکەمان کە خەڵیفەی ئیسلامە بە

گەورەیی سەگێك ڕەسمکراوە . سێهەمین تاوانیش ئەوە بوو کە هەر بەو گەورەییەش شەیتان کێشراوە و وەکوو دۆستێکی گیانی بە گیانی پادشا دیار بووە . بەلاّم گوناحی هەرە گەورە ئەوە بوو کە چەمك و نەریتی فەرەنسییەکان بەکار براوە و وێنەی ڕوخساری پادشا بە گەورەیی و بە وردە کارییەکانییەوە کێشراوە .ئەمەش فیعلی ئەوانەیە کە پەرەستشی بوت دەکەن ... وەکوو وێنە کەسییەکانی (پۆرترە) ئەو خاچپەرەستانەیە کە لە بوتپەرەستی ڕزگاریان نابیٚ و لەسەر دیواری کلیسا دروستیان دەکەن و کڕنۆشیان بۆ دەبەن . زەریف ئەفەندی باش ئاگای لەو قسەیە بوو وا لە زاواکەتەوە فێری بوو بوو و بەهەقەوە بڕوای بەوە کرد بوو کە کێشانی وێنەی کەسی گوناحێکی گەورەیە و بەوەش وێنەی ئیسلاّمی لە ناو دەچیٚ . لەکاتی ڕێکردن لە کۆلاّنەکاندا دەیگوت لە قاوەخانەکە قسە بە حەزرەتی مەلای ئەفەندیمان دەڵێن . جار و بار ڕادەوەستا و وەکوو ئەوەی داوای یارمەتی لەمن بکات پرسیاری دەکرد و دەیگوت :ئەمانە هەمووی ڕاستن ، چارەیەکی نییە ، لە دۆزەخدا دەسووتێین یان نا ؟ .

لەنێو قەیرانی پەشیمانبوونەوەدا خۆی دەکوتا ، بەلاّم لە ناکاو هەستم بەوە کرد کە هیچ بڕوای پێناکەم . ساختەچییەك بوو کە بە فێڵەوە لە سینگی خۆی دەدا و دەیکوتا . "

- " چۆن لەمە تێگەیشتی ؟ "

- " هەموومان لە منداڵیمانەوە زەریف ئەفەندی دەناسین . زۆر ڕێك و پێك و بێدەنگ بوو بەڵام کەسێکی بیٚتام و بێڕەنگیش بوو . وەکوو جوانکارییەکانیخۆی بوو ." وام ئەزانی کە ئەوەی لەبەرامبەردایە لەو گەوجتر و مسافرتر و بڕوادارتر و بیٚ تویٚترە .

www.pertwk.com

- ڕەشە گوتی :" لە گەڵ ئەرزڕوومیەکاندا هەڵسوکەوتی کردووە "

– :" هیچ موسڵمانێك لەبەر ئەنجامدانی تاوانێك بە نەزانینەوە ئەوەندە سەرزەنشتی خۆی ناکات . موسڵمانێکی باش دەزانێت کە خودا ژیریرە و عەداڵەتی هەیە و مەبەستی عەبدەکەشی دەخاتە نێو حیسابەوە . تەنیا نەزانە مێشك بچووکەکان بەوە بڕوادەکەن کە مرۆڤ بەخواردنی گۆشتی بەراز بەنەزانینەوە دەچێتە دۆزەخ . موسڵمانێکی ڕاستەقینە ئەوەش دەزانێت کە ترسی دۆزەخ بۆ خودی ئەو نیە ، بەڵکوو سوودی بۆ ترساندنی کەسانی تر هەیە . زەریف ئەفەندیش دەیەویست بەمەوە من بترسێنێت . لەو کاتەدا ئەمەش تێگەیشتم کە زاواکەت وەها فێری کردبوو کەدەتوانیٚ ئەمەش ئەنجام بدات .

–برا وێنەکێشەکانم ! بەراستی پێم بڵێن ئێستا خوێن چاوەکانم دەگریٚ ؟ ڕەنگی گلێنەی چاوم نامێنیٚ ؟ " چراکانیان هێنایە بەر دەم و چاوم و وەکوو پزشکێك بە وردی و بەبەزەییەوە تەماشای چاویان کردم ، دەتگوت هیچ شتێك نەبووە .

ئەو شتەی وا بۆ دواجار لە دونیادا دەمبینی ، ئەم ئینسانانە بوون کە چاویان بڕیوەتە نێو چاوانم ؟ لە بەر ئەوەی کە دەمزانی تا کۆتایی ژیانم ئەم کاتانەم لە یاد ناچیٚ و پەشیمانیش بوونم دیسان ئومێدیکم هەبوو ، دەستم کرد بە باس کردن : "زاواکەت زەریف ئەفەندی لەوە ئاگادار کردبووەوە کەشتێکی قەدەغە کراوی کێشاوە . سەری وێنەکەی دادەپۆشی و گۆشەیەکی بۆ دەهێشتینەوە کە وێنەی تێدا بکێشین ، بە شاردنەوەی هەمووی ... هەوایەکی ڕازدارانەی دەدا بە وێنەکە و بۆنی گوناحی بڵاو دەکردەوە . یەکەم جار ئەوە بوو کە گومان و ترسی گوناحی لە دەروونی

ئێمەدا هەڵکرد ، ئەو ئەرزڕوومیانەی کە لە ژیانی خۆیاندا کتێبی نەخشداریان نەبینیووە کەی ئاگایان لەم شتانە هەبوو؟ وێنەکێشێکی ویجدان پاك لە چی دەترسیٚ ؟ " ڕەشەش خۆی بە زانا دەزانی! گوتی : " ئیدی زۆر شت هەیە کە وێنەکێشێکی ویجدان پاك لێیان بترسیٚ . "

–" بەڵیٚ کەس قسەیەکی لە بەرامبەر نەخشکردندا نیە ، بەڵام کێشانی وێنەی کەسی بە پییٚ دینەکەمان حەرامە . وێنەی وەستا عەجەمەکان و تەنانەت هی وەستا هەراتیە گەورەکانیش ، لە دوایدا وەکوو ڕازێنەری کەنارەکان دەبینرین و لە بەر ئەوەی جوانی خۆت و شتە دەرئاساییەکانی خۆشنووسەکان دەردەخەنە پێشەوە کەسێك دەستیان لێنادات . خۆی لە خۆیدا چەن کەس نەخش کراوەکانمان دەبینیٚ؟ بەڵام کاتێك لە نەریتی فەرەنسییەکان کەڵکمان وەرگرت ، ئەوسا کردەوەکانمان چ نەخش بێت یان وەکوو وردە نەخش لە خۆی دەردەچێت ڕاستە و ڕاست دەبیٚ بە وێنەی تایبەت . ئەمەش ئەو شتەیە کە قورئانی کەریم قەدەغەی کردووە و پێغەمبەریشمان هیچ حەزی لێنەکردووە . پادشاکەمانیش و زاواکەشم ئەمەی باش دەزانی . هەر لەبەر ئەوەش زاواکەم کوژرا . "

– : " زاواکەت لەبەر ترسی خۆی کوژرا ، ئەویش وەکوو تۆ دەستی بەو ئیدەعایە کرد بوو کە نەخشکراوەکانی هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ دین و کتێبدا (قورئان) نیە ... ئەمەش شتێکی دژی دین بوو کە ئەرزڕوومییەکان بۆ دۆزینەوەی کۆن بە کۆن بەدوایدا دەگەڕان . زەریف ئەفەندی و زاواکەت زۆر پێکەوە دەگونجان . "

– : " تۆش هەر دووکیانت کوشت وانیە ؟ " لە ساتێکدا وامزانی کەلێم دەدات و لەهەمانکاتیشدا یەکسەر تێگەیشتم کە مێردە تازەکەی شەکورە

www.pertwk.com

جوانەکە هیچ گلەییەکی لە کوژرانی زاواکەی نییە . لێی نەدەدام ، بەڵام ئەگەر لێشی بدابەیەم ئیتر گوێم نەدەدا . بە کەللە ڕەقی و پێداگریەوە گوتم : " لە ڕاستیدا ئەوەی وا پادشاکەمان دەیەویست ئەوە بوو کە کتێبێك لە ژێر کاریگەری وێنەکێشە فەرەنسیەکاندا ئامادە بکرێت ، زاواکەشت دەیەویست کتێبێك ئامادە بکات کە بۆنی گوناحی لێوە بێت و شەڕ بە هەموو لایەك بفرۆشێت .ئەمەش تەنیا لە بەر خاتری ئەوەبوو کە خۆی پێ فش بکاتەوە ، وەکوو کۆێلە لە بەرامبەر وێنەکانی وەستا فەرەنسیەکاندا کە گەشتیارەکانیش بینیویانە سەر سام بوو بوو ، هەموومان بڕوامان بەو شتە پڕ و پوچانە کردبوو ــ لەوانەیە باسی وێنە کراوە یەکلایەکان و وێنە کەسیەکانی بۆ تۆش کردبێ ــ کە بە ڕۆژان باسی دەکرد ، بە گویرەی من ئەو کتێبەی وا ئامادەمان کردوە ، هیچ لایەنێکی دژی دین و زیانەری تێدا نیە ... ئەویش لە بەر ئەوەی ئەمەی دەزانی وەهای پیشان دا کە کتێبێکی مەترسیدار ئامادە دەکات ، ئەمەشی زۆر پێ خۆش بوو ... .

ئامادە کردنی کتێبێکی مەترسیدار بە پێی ڕەزامەندی تایبەتی پادشا ، بۆ زاواکەت بە قەدەر سەر سووڕ مان لە بەرامبەر وێنەکانی وەستا ڕۆژ ئاواییەکان گرنگ بوو، کێشانی وێنەیەك بۆ هەڵواسین گوناکارییە ، بەڵێ ! بەڵام من لەو کتێبەدا کە ئامادەمان کردووە هەستم بە شتێکی دژی دین و زندیقایەتی و ڕەتکەرەوە نەکردو و تەنانەت کەم و کوڕییەکی بچکوولانەی قەدەغە کراویشم نەبینی . ئێوە هەستتان پێکردووە ؟ " چاوەکانم کەمێك هێزی خۆیان لەدەست دابوو بەڵام زۆر شوکر چاوم بەوە دەکەوت کە پرسیارەکەم ئەوانی خستۆتە ناوگومانەوە . بە خۆشییەوە گوتم : " بڕیارێك نادەن وانییە ؟ ئەگەر بەدزیشەوە بیر لەوە بکەنەوە کە لەو وێنانەدا

بە شێوەیەکی دیار و نادیار بیرۆکەی گوناح دانراوە و سێبەری بێدینی تێدایە، قەبووڵی ناکەن و هەرگیز ناوێرن باسی بکەن و نایڵێن. چونکە ئەمە دەبێ بەهۆی ماڤ دان بەو ئەرزڕوومیانەی وا ئێوە تاوانبار دەکەن . لەلایەکیتریشەوە پاکانەی بۆ ناکەن و ناڵێن وەك شیر پاك و سپییە ، چونکە ئەمە لە خۆبایی کردن بە دروستکردنی شتێکی شاراوە و ڕازدار و قەدەغەکرا و دوورتان دەخاتەوە و بەمانای واز هێنانە لەخۆ گەورە کردنتان . ئەزانن من چۆن تێگەیشتم کە چۆن خۆمم گەورە کردووە و نازم فرۆشتووە ؟ بە هێنانی زەریف ئەفەندییە بێچارەکە بۆ ئەم تەکیەیە ! ئەوم بەدەم قسەکردن و ڕێکردنەوە لەو نیوەشەوەدا هێنا بوو بۆ ئێرە . لەراستیدا زانینی ئەو بەوەی کەمن پاشماوەی قەڵەندەرییە زەندیقەکانم و لەوەش خراپتر حەزی لێدەکەم و بە دوایدا دەچم، شتێك بوو کە من دەمەویست و حەزم لێدەکرد . وامدەزانی کاتێك کە بزانێ من دوایین ڕێبواری ڕێگای تەریقەتێکم کە یاری کردن بە کوڕانی بەبنەماوەردەگرت و بەنگکێشان و خوێڕیگەری لاپیرۆز بوو و ئێستا پەرش و بڵاو کراوە زیاتر ڕێزم لێدەگرێ و لێم دەترسێ و لەوانەیە لە ترساندا دەمیشی نەکاتەوە . بەڵام پێچەوانەی ئەمە ڕوویدا. ئەم هاوڕێ مێشك بچووکەمان وەکوو چۆن حەزی لەئێوە نەکرد بوو ، یەکسەر بڕیاری دروستبوون و لەجێدا بوونی ئەو تۆمەتی بێدینیانەیدا کە لە زاواکەتەوە فێریان بوو بوو ، بەمجۆرە ئەو هاوڕێ خۆشەویستەی کاتی شاگردیمانکە لەسەرەتادا دەیگوت : یارمەتیم بدە و قەناعەتم پێبکە کە ناچینە دۆزەخ بۆ ئەوەی کە ئەمشەو بە ئاسوودەیی بخەوم ، ئەمجارە وەکوو هەڕەشە کردن گوتی : کۆتایی ئەم کارە باش نابێت و دەستی بە قسەی لەم چەشنە کرد .

www.pertwk.com

دەیگوت کە قسە و باس لەسەر ئەم دوایین وێنەیە و لەسەر لادانی لە فەرمووەکانی پادشا و نابەخشوودە بوونی ئەم شتە لەلایەن پادشاوە دەگاتەوە گوێی مەلا ئەفەندی . ئیدی قەناعەتپێکردنی لەسەر ئەوەی کە هەموو شتێك گوڵ و گوڵستانە و شتێکی خراپ لە ئارادا نیە ، ، بێ ئیمکان بوو بوو . تێگەیشتم کە قسە پڕ و پووچە کانی زاوا و دژایەتی کردنی دین و ئەوەی کە شەیتان بە جوانی و شیرینی نیشاندەدرێ و گومانەکانی خۆی گەورەتر دەکاتەوە و دەیانگەیەنێتەوە گوێی دۆستە مێشك بچووکەکانی . خۆتان دەزانن کە هەموو سەنعەتکاران و خاوەن پیشەکان چۆن لەبەر ئەوەی خۆمان گەیشتووینەتە ئەو جێگایەی کە پادشا سەرنجمان بداتێ ، بەخیلیمان پێدەبەنەوە . ئەگەر وابایە ئێستا هەموویان بە خۆشی و بەویستەوە دەیانگوت وێنەکێشان بێدینیدەکەن . لەوەش زیاتر لەبەر هاوکاری زەریف ئەفەندی و زاوا ئەم تۆمەتە پشتڕاست دەکرایەوە . لەبەر ئەوەی تۆمەت دەڵێم چوونکە بڕوام بەو شتانە نەبوو کە زەریف ئەفەندی دەربارەی دوایین وێنەکە دەیگوت . هەر لەو کاتەوە من نەمدەهێشت هیچ تۆزێك بنیشێتە سەر زاوا خوالێخۆشبووەکەت .

تەنانەت ئاوڕادانەوەی پادشا لە زاواکەت لەباتی وەستا عوسماندا ڕاستتر دەبینم و ئەگەر بەو ئەندازەیەش نەبێت کە ئەو دەیگوت بەڵام منیش بڕوام بە قسەکانی دەربارەی شێوەکارە فەرەنسییەکان و وێنەکانیان هەبوو . لەدڵەوە بڕوام بەوە هەبوو کە ئێمە دەتوانین بەبێ دانوستاندن لەگەڵ شەیتاندا لەملا و لەولاوە وەکوو وێنەکێشە فەرەنسییەکان ، لەگەڕانەکانی خۆماندا شتانی جوان وەربگرین و ئەمەش تووشی هیچ دەردە سەرییەکمان ناکات . ژیان ئاسانبوو ، زاواکەشت لەدوای وەستا عوسمان لەم ژیانە

تازەیەدا باوکێکی نوێ بوو بۆ من " . ڕەشە گوتی : " واز لەوێ بێنە جارێ ، لەپێشدا باسی چۆنیەتی کوشتنی زەریف ئەفەندی بکە . "

- : " ئەو کارە ؟"زانیم کە وشەی کوشتنم بەکار نەهێناوە . " ئەو کارەم لەبەر ڕزگار کردنی خۆمان نەکرد ، بەڵکو لە بەر سەلامەتی هەموو وێنەکێشخانەکە کردم. زەریف ئەفەندی لەوە تێگەیشتبوو کە چەکێکی هەڕەشە کردنی کەووتوە دەست . لە خودای گەورە پاڕامەوە ئەوەشم پیشان بدات کە ئەم ناپیاوە چەندە هیچ و پوچە، خودا دۆعاکانی منی قبووڵ کرد و هەرچی و پەرچیەتی ئەو هیچ و پوچەی پێنشاندام . وتم : بەرتیلت دەدەمێ و پارەم پێ پێشنیار کرد . ئەم ئاڵتونانە هاتەوە یادم و بەو ئیلهامە کە خودا پێیدابووم درۆیەکم بۆ هەڵواسی . گوتم زێڕەکان لێرەنین بەڵکو لە جێگایەکی تردا شاردومەتەوە . هاتینە دەرەوە لە کۆڵانە چۆڵەکانەوە و لەو گەڕەکە دوورانەوە بە بێئەوەی کە بزانین بۆ کوێ دەچین ڕێمان دەکرد، هیچ نەمدەزانی کە چی بکەم و زۆریش دەترسام لە کاتی ڕێکردنەکەماندا کاتێك دوو جار بە کۆڵانێکدا دەڕۆیشتن ، زەریف ئەفەندی برامان کە هەموو ژیانی بە لەش گەورە کردن و دووبارە بونەوە تێپەڕ کردووە کەوتە گومانەوە . بەڵام خوداش جێگایەکی چۆڵی سووتان و چاڵە ئاوێکی قووڵی بۆ دەرخستبووین . "

- زانیم کە ناتوانم لەمەوە بەدوای باس بکەم و لە دویدا بە لێبوردەییەوە وتم : "ئەگەر ئێوەش لە جێگای مندا بایەن ، بیرتان لە سەلامەتی برا وێنەکێشەکانی ترتان دەکردوە و هەر ئەوشتەتان دەکرد . "

کاتێ کە بیستم مافیان پێدام ،لە دڵەوە گریانم بۆ هات . خەریك بوو بڵێم لە بەر بێڕەحمی خۆم دەگریم کەئەوە نەبوو،ویستم بڵێم گوێم لە دووبارە

www.pertwk.com

بوونەوەی دەنگی لێدانی جەستەی لە بنی چاڵە ئاوەکە یە کە ئەویش نەبوو ، خەریك بوو بڵێم لە بەر بیرهێنانەوەی ژیانە خۆشەکەی بەر لە پیاو کوشتەکەم بوو ، کە ئەویش نەبوو .

کابرایەکی هەژاری کوێر لە کاتی منداڵی بە گەڕەکەکەماندا تێپەڕ دەبوو ئەوە هاتبووە پێش چاوم ! تاسێکی پیسی مەسینەی ئاو خواردنەوەی لە نێو جلە پیسەکانیدا دەردەهێنا و لەلای کانی گەڕەکدا لە دورەوە تەماشامانی دەرکردو دەیگوت : ڕۆڵە ! کێتان جامی مامە نابیناکە پڕ ئاو دەکات ؟ کاتێ کەس نەدەچوو وەهای دەگوت : " سەواوە ڕۆڵە ، سەواو ! " ڕەنگی گلێنەکانی چاوی کاڵ ببوونەوە و نەمابوون و لە گەڵ پیسایەکەدا بوو بوو بەیەك . بە پەشۆکانی لێك چوونم لە گەڵ ئەو مامە نابینایەدا بە پلە و بە بێئەوەی تامی لێوەر بگرم باسی ئەوەم بۆ کردن کە چۆن زاوا ئەفەندیشم کووشتوە .زۆر درۆ و زۆر ڕاستیشم نەگوت، کاتێ لە هەستیان بە خەستاییەکەی هەردوویان کرد زانیان کە بە مەبەستی کوشتن نەڕۆیشتم بۆ ماڵی زاوا و منیش هەستم بەمە کرد. کاتێ کە گوتم بە نیەتەوە ئەوم نەکووشتوە ،زانیان کە من پاکانەی خۆم دەکەم و کەسێکیش ئەگەر نیەتی خراپ نەبێ ناچێتە دۆزەخ .

وەکوو ئەوەی بیرم کردبێتەوە وتم : " لە دوای ئەوەی زەریف ئەفەندیە بێچارەکەم دا بە دەستی فریشتەکانی خوداوە ، لە دوا کاتەکاندا قسەکانی ئەو ڕەحمەتیە بوو بوون بە خۆرە و کەوتبوونە گیانم . دەست بە خۆین دا چوونم لە بەر ئەو وێنەیە وێنەکەی لە پێش چاوم گەورە کردبوو . بۆ ئەوەی کە ئەم وێنەیە پیشانبدات چووبووم بۆ ماڵی ئەو زاویەت کە ئیدی ناتوانێ کەس لە ئێمە بانگ بکات بۆ ماڵی خۆی . وێنەکەی پیشان نەدام و وەکو

ئەوەی کە هیچ شتێك نەبێت و هەموو شت گوڵ و گوڵستان بێت لە گەڵ مندا هەڵسوکەوتی کرد . وێنەیەك نەبو کەمن لە پێناویدا زەلامم کووشتبێ و هیچ شتێکی تریش نەبوو ! تەنیا لە بەر ئەوەی کە بەوئەندازەیە بچووکم نەکاتەوە و کەم بایەخم نەزانێت پێمگوت کە من زەریف ئەفەندیم کوشتوە . گرنگی پێدام ، بەڵام دیسان بچووکی کردمەوە . باوك نابێ کوڕەکەی بچووك بکاتەوە . وەستای گەورە ، وەستا عوسمان زۆر لێمان توڕە دەبوو ، لێیدەداین ، بەڵام هیچ کات بچووکی نەدەکردینەوە . براکانم !بەراستی هەڵەمان کرد کە خەیانەتمان پێکرد . "

لە کاتی گیاندانىدا بزەیەکم بۆ براکانم لێدا کە وەکوو ئەوەی گوێم بۆ ڕابگرن چاویان بڕیبوە چاوەکانم . وەکوو ئەوەی برایەکی مردوو هەستیپێدەکات ، منیش چاوم بەوان دەکەوت کە هەرچی دەچوو لێڵتر دەبوون .

– " لە بەر دوو شت زاواکەتم کوشت : یەك لە بەر ئەوەی وەستای عوسمانی گەورەی ناچار کردبوو کە وەکوو مەیمون لاسایی سپاستیانی ڕۆژ ئاوای بکات . دووش لە بەر ئەوەی کە لاوازی خۆمم پێنیشان دابوو و گوتبووم شێوازێکم هەیە یان نا ؟ "

- " چی گوت ؟ "

- " هەبووە بەڵام ئەمە بۆ ئەو حەرەکەتێك نەبوو ، بەڵکو پەسندانێك بوو ، ئەوەم بە بیر دێ کە بە شەرمەوە وەهام بیر کردوەتەوە کە ئایا ئەم پەسەندانە بۆ منیشە ؟ هەم شێوازم بە جۆرێکی بێ شەرەڤ و ناڕەسەنایەتی لە قەڵەم دەدا و هەم لە ناوەوە وەکوو خورە دەیخواردمەوە . دەمەوێ شێوازێکم هەبێ، بەڵام شەیتان کەوتووەتە ژێر پێستم ، مەراقیش دەکەم . "

www.pertwk.com

- ڕەشە بە خۆ گەورە زانینەوە وتی : " هەر کەس بە نهێنیەوە دەیەوێ شێوازێکی تایبەتی هەبێت. تەنانەت وەکوو چۆن پادشاکەمان دەیەوێت هەرکەس دەیەوێت وێنەیەکی کەسیشی (پۆرترە) هەبێت ." –: " ئەمە نەخۆشییەکی بێ دەرمانە ؟ هەرچەندە کە زیاتر بڵاو بێتەوە هیچ یەك لە ئێمە لە بەرامبەر نەریتی وەستا ڕۆژ ئاواییەکاندا ڕاناوەستێ . "

بەڵام کەس گوێی لە من ڕانەدەگرت " ڕەشە ، بەسەر هاتی ئەو بەگەنائومێدە تورکمانەی دەگێڕایەوە کە لەبەر ئەوەی زوو عەشقەکەی بە کچی پادشا ڕاگەیاندووە ، دوانزە ساڵ بە ناچاری بۆچین دوور دەخرێتەوە . لەبەر ئەوەی وێنەیەکی خۆشەویستەکەی بەلاوە نەبووە ، لە نێو کچە جوانە چینییەکاندا ، وێنەی ڕوخساری خۆشەویستەکەی فەرامۆش دەکات کەوا دوانزە ساڵ خەیاڵی پێوە بینیبوو ، ئازاری عەشق دەکۆڕدرێتەوە بە ناڕەحەتیەکی قووڵ کە خودا خۆی دەینێرێت . بەڵام هەمووومان دەمانزانی کە ئەمە بەسەر هاتەکەی خۆی بوو کە دەیگێڕایەوە .

گوتم : " لەسایەی سەری زاواکەتەوە هەموومان فێری ئەم پۆرترە (وێنەی کەسی)یە بووین . ئەگەر خودا بییەوێت ، ڕۆژێك فێری ئەوە دەبین کە بێترس ژیانی خۆمان وەکوو خۆی بگێڕینەوە . "

ڕەشە گوتی : " هەموو بەسەر هاتێك هیءهەر کەسێکە تەنیا هی مرۆڤ نییە . " شیعرەکەی هاتیفی هەراتیم تەواو کرد و گوتم : " هەموو نەخشێك نەخشی خودایە " .

" بەڵام هەر چەندە زیاتر نەریتی ڕۆژ ئاواییەکان بڵاو بێتەوە ، خەڵکیش گێڕانەوەی داستانی کەسانیترە وەك هی خۆیان بە ماریفەت دەزانن " .

- " شەیتانیش ئەم شتەی دەوێ . "

- بە هەموو هێزێکمەوە قیڕاندم و گوتم : " بەسە ئیدی ، بەرم دەن . بابۆ دوایین جار سەیری دونیا بکەم . "

کە زانیم زاوریان تۆقاوە زیاتر بڕوام بە خۆم کرد . لە پێشدا ڕەشە خۆی کۆ کردەوە وگوتی " دوایین وێنەکە دەردەخەی ؟ " وەها تەماشای ڕەشەم کرد کە تێگەیشت دەری دەخەم ،بەری دام . دڵم خێراتر لێیدەدا . ئەمە ناسنامەی منە کە ویستوومە بیشارمەوە وئێوە لە زوەوە پێتان زانیوە ، بەڵام دیسانیش لە بەرامبەر ئەوەی کە من وەکوو وەستا کۆنە هەراتیەکان هەڵس و کەوت بکەم ، سەرتان سوور نەمینێ " ئەمانە لە بەر ئەوەی کە نەزانرێت کێن خۆیان نەدەشاردەوە ، بەڵکو لە بەر ئەوە وایان دەکرد کە لە بەرامبەر وەستاکان و یاساکاندا ڕێزیان هەبووە . بە چراکەی دەستمەوە ڕێگام بۆ سێبەرە کەمرەنگەکەم کردەوە و بە پەشۆکانەوە ژوورە تاریکەکانی تەکییەکە گەڕام . ئایا دەکەوتنی پەردەی تاریکییەکە لە بەر چاومدا دەستی پێکردبوو ، یان وەکوو ژوورەکان و هەیوانەکان زۆر تاریك بوون ؟ بەر لەوەی کوێر ببم ، چەند کات و ڕۆژ و حەفتەم هەیە ؟ من و سێبەرم ڕاوەستاین و لە نێو تارمایەکانی موتبەخەکەدا و لە گۆشەیەکی پاکی دۆڵابە تۆزینەکەدا لاپەڕەکانم وەرگرت و بە پەلە گەڕاینەوە . ڕەشە بۆ تەدبیر ، بە دوامدا هاتبوو ، بەڵام خەنجەری هەڵنەگرتبوو . ئایا دەمویست بەر لەوەی کوێر ببم ، خەنجەرەکە هەڵبکرم و چاوی کوێربکەم ؟ بە شانازییەوە گوتم : " زۆر خۆشنوودم لەوەی کە بەر لە کوێربوون جارێکی تر ئەمەم بینی ، دەمەوێ کە ئێوەش ببینن ، سەیری ئەمە بکەن" بەم جۆرەش لە بەر تیشکی چراکەدا ئەو وێنەیەم پێنیشان دان کە وا لەدوای کوشتنی زاوا لە ماڵەکەی هەڵمگرتبوو. بەترسەوە تەماشای ڕەسمەکەیان دەکرد ، کە

www.pertwk.com

گەڕامەوە و لە گەڵ ئەواندا تەماشای وێنەکەمکرد ، تۆزێك دەلەرزام .

نازانم لە بەر ئەوە بوو کە دەرزیەکە چووبوو بە چاومدا یان لە بەر ئەوە بوو کە وێنەکە ڕاکێشراوبوو ؟ جەستەم گەرم ببوو . زاوا بە شێوەیەکی تازە کارانەش بێ بەڵام بە پیێ شێوازی تازەی کەڵەکە کردن و داڕشتن وێنەکانی سەگ و ئەسپ و درەخت و شەیتان و ژن کە ئێمە کێشابوومان بە گەورەیی و بچووکی خۆیانەوە زۆر جوان جێگیر کردبوو ، بە شێوەیەك کە کاتێك جوانکاریەکانی زەریف ئەفەندیشی پیێ زیاد بوو بوو وەها دیار بوو کە تەماشای وێنەیێك ناکەی بەڵکو تەماشای هەموو دونیا دەکەی . لە ناوەندی ئەو عالەمەدا لە جێگایەکدا کە دەبوو ڕەسمی پادشاکەمانی لێبیێ . وێنەی خۆمی لێبوو ، بە شانازیەوە تەماشایەکم کرد. لە بەر ئەوەی سەرەڕای هەموو خەیك بوون و بە تەماشا کردنی ئاوینەوە و لە ڕوو کێشانەوە و پاك کردنەوە نەمتوانیبوو بە باشی وەکوو خۆم دەریبیێنم ، تۆزێك بێزار بووم . لە بەر ئەوەی کە وێنەکەم لە ناوەندی دونیادا کێشراوە تووشی حەپەسان نەدەبووم بەڵام لە بەر هۆیەکی شەیتانی کە ناتوانم باسی بکەم ڕوخسارم لەوەی کەهەیە زیاتر تێکەڵ پێکەڵتر و ڕازداتر دەرکەوتبوو ، هەر لە بەر ئەوەش تووشی پەشۆکانێك ببوم کە بۆم زەوت نەدەکرا . دەمەویست برا وێنەکێشەکانم هەست بەم پەشۆکانە بکەن و لەگەڵمدا هاو بەش بن . هەم وەکوو پادشایەك لە ناوەندی هەموو شتێکدا بووم ، لە لایەکی تریشەوە من خۆم بۆ خۆم بووم . ئەمەش هەم شانازی پێدەدام و هەم شەرمەزاری . لە بەر ئەوەی کە هاوسەنگی نێوان ئەم دوو هەستە ئاسوودەی دەکردم ، دەمتوانی لەو وەزعە تازەیەی خۆم چێژێکی تازە وەربگرم . بەڵام بۆ ئەوەی کە ئەم چێژ وەرگرتنەم بە تەواوەتی بێ ویست بوو کە بە پیێ هونەری ڕۆژ

ئاواییەکان چرچ و لۆچەکانی ڕوومەت و جلەکانم وسمێڵ و زیپەکەو دمەڵ و ڕیشەکانم و شێوەی دروونی جلەکانم هەمووی بێ کەموکوڕی بکێشرێنەوە . لە ڕوخساری دۆستە کۆنەکانمدا جۆرێکی ترس و سەر سام بوون و هەستە واز لێنەهێنراوەکەی بەخیێلیم بینی کە وەکوو خورە هەموومان دەخواتەوە. لەگەڵ ئەو تووڕەییەیبێز هاتنەیان بەرامبەر بە کەسێکی وەکوو من کە لە نێو تاواندا خنکاوە ، تووشی هەستی خۆزگە خواستنێکیش دەبوون بۆ ئەوەی وەکوو من بن .

گوتم : " لێرەدا کاتێك شەوان لە بەر ڕۆشنای چرادا تەماشای ئەم وێنەیەم دەکرد بۆ یەکەم جار هەستم بەوە دەکرد کە خودا منی بە جیێ هێشتوە و تەنیا شەیتان دەتوانیێ لە بەرامبەر مندا دۆستایەتی بنۆێنێت . ئەگەربە ڕاستی لە ناوندی دونیادا بایەم ـ کاتێك تەماشای وێنەکە دەکەم زۆرتر ئەمەم دەوێ ـ سەرەڕای هەبوونی هەموو ئەو شتانەی وا حەزیان لێدەکەم ، تەنانەت هەبوونی ژنێکی وەکوو شەکورە و دۆستە عەودالەکانیشم و ڕەنگە سوورە جوانە زاڵەکەش دیسان هەستم بە تەنیایی دەکرد . لەوەی کە کەساییەتێکم هەبێت و تایبەتمەندی خۆمم هەبێت و کەسی تر کڕنۆشم بۆ بەرن ناترسم بە پێچەوانەوە تەنانەت شتی واشم دەویێ . لەق لەق وەکوو کەسێك کە تازە لە نۆیژی هەینی گەڕابێتەوە گوتی: "کەواتە پەشیمان نیت ؟ "

- " نەك لە بەر ئەوەی دوو کەسم کوشتوە ، بەڵکو لە بەر ئەوەی ڕەسمێکی وەهام دروستکراوە خۆم وکوو شەیتان هەست دەکەم . وەها بیر دەکەمەوە کە ئەو دووانەم لە بەر کێشانی ئەم وێنەیە کووشتوە . بەڵام تەنیای وەزعەکەشم دەمترسێنیێ . لاسایی کردنەوەی شێوەکارە

www.pertwk.com

فەرەنسییەکان بەبیٚ فێربوونی هونەرەکەیان دەبێت بە هۆی کوێلە کردنی وێنەکێشەکە . دەمەویٚ لەم وەزعە نەجاتم بیٚ . لە ڕاستیدا خۆی ئێوەش تێگەیشتوون کە لە بەر وەك خۆ مانەوەی وێنەکێشخانەکە هەر دووکیانم کوشت ، هەڵبەت خوداش ئاگای لێیەوە و لەمە تێگەیشتووە."

- پەپولە گیان وتی : " بەڵام ئەمە تووشی دەردیسەریمان دەکات . "

- ڕەشەی گەوج هێشتا تەماشای وێنەکەی دەکرد ، لە هەلێکدا مەچەکیم گرت. بە هەموو هێزێکمەوە نینۆکەکانم کرد بە ناو گۆشتەکەیداو دەستیم با دا . نەمتوانی خەنجەرەکەی لە دەست بگرم ، کەوتە زەوی . لە زەوی وەرم گرت وتم : " سەرەڕای هەموو شتێك ئیدی ناتوانن بە ئەشکەنجەدانی من لە ئازارەکانی خۆتان ڕزگارتان ببیٚ " . نوکە تیژەکەی خەنجەرەکەم وەکوو ئەوەی بمەویٚ بیکەم بە چاویدا نزیکی چاوی کردەوە .

–" دەرزیەکەم پێبدە " بە دەستەکەی تری دەری هێناو پییێدام ، خستمە بەینی پشتوێنەکەمەوە ، نیگاکانم بڕیە نێو ئەو چاوانەی وا وەکوو بەرخ سەیریان دەکردم . وتم : " زۆر بەزەییم بەو شەکورە جوانەدا دێتەوە کە لە دوایدا هیچ چارەیەکی زیاتر لە مێرد کردن بە تۆ نەمایەوە . ئەگەر لە بەر خاتری ڕزگار کردنی ئێوە لە بەڵا زەریف ئەفەندیم نەکوشتبایە ، مێردی بە من دەکرد و خۆشبەخت دەبووم . لە هەموو کەسێك باشتر من لە بەسەرهاتەکانی وەستا فەرەنسەییەکان تێگەشتوم کەوا باوکی دەیگێڕایەوە. لە بەر ئەوەش باش گویٚ بدەنە ئەم دواین قسانەیوا دەیان کەم : لێرەدا جێگا بۆ ژیانی بە شەرەفانەی ئێمەی وەستای شێوەکاری نەماوەتەوە لەمە تێگەشتووم . ئەگەر وەکوو داخوازی پادشا و زاوا خوالێخۆشبووەکەت لاسایی وەستا ڕۆژئاواییەکان بکەینەوە ئەگەر کەسانی وەکوو زەریف

ئەفەندی و ئەرزڕوومیەکان نەمان گرن ، ترسە بە حەقەکەی دەروونمان دەمان گریٚ و ناتوانین هەتا دوایی بەردەوام بین . ئەگەر بە گوێرەی شەیتانیش بکەین و تاکۆتایی بچین و پشت لە ڕابردوی خۆمان بکەین و بمانەویٚ کەسایەتیەك بە پێی شێوازی فەرەنسییەکان پەیدا بکەین ئەوا وەکوو چۆن هونەر و زانایی من بەشی ئەوەی نەکرد کە ڕەسمەکەی خۆم باش بکێشم ، ناتوانین لەمەدا سەر بکەوین . لە سەرتای بوونی ئەو وێنەیەدا وا کێشاومە و لە من نەچووە تێدەگەم هونەری ڕۆژ ئاواییەکان شتێکە کە دەبیٚ بە سەدان ساڵ فێری ببین ــ (خۆی لە خۆیدا هەموومان ئەمەمان دەازنی بەڵام گرنگی مان پێنەدەدا) ــ . ئەگەر کتێبەکەی زاوا ئەفەندی تەواو ببایە و بماننادیە بۆ وەستا وەنیزییەکان پێمان پێدەکەنین و باسی ئەمەش دەربازی لای دۆچی (پادشا) وەنیز دەبوو و دەیانگوت لە عوسمانی بوونی خۆیان دەردەچن و ئیدی لێمان نەدەترسان . چەندە باش دەبوو کە لەرێگای وەستا کۆنەکانەوە بچووبایەین ! بەڵام حەزرەتی پاشاکەشمان و ڕەشە ئەفەندی خەفەتباریش کە لە بەر ئەوەی پۆرترە (وێنەیەکی کەسی) یەکی شەکورەی بە لاوە نیە و کەسی تریش ئەمەیان ناویٚ . کە واتە لێرەدا دانیشن و بە سەدان ساڵ لاسایی وێنەکێشە ڕۆژئاواییەکان بکەنەوە ! و بە گەورەیی و ناسکۆڵەییەوە ئیمزاکەتان بخەنە پاڵ لاسایی کردنەوەکانتان . وەستا کۆنە هەراتییەکان لە کاتێکدا کە وەکوو ئەوەی خودا دەیبینیٚ خەریکی وێنەکێشان دەبوون لە بەر شاردنەوەی کەسایەتی خۆیان ئیمزایان لێنەدەدان . ئێوەش لە بەر ئەوەی کە ئەوە بشارنەوە کە هیچ کەسایەتییەکتان نیە ئیمزا دەخەنە پاڵ وێنەکان . بەڵام یەك ڕێگا چارە هەیە ، لەوانەیە لە دەرگای ئێوەشیان دابیٚ و ئێوە لە منی بشارنەوە ، ئەکبەر

www.pertwk.com

خانی پادشای هێند ، زێڕ و خۆشەویستی بڵاو دەکاتەوە وهەموو وێنەکێشە هونەرمەندەکانی هەر چوار لای دونیای ئیسلام لە دەور و بەری خۆیدا کۆ دەکاتەوە . دیار بوو، ئیتر لەمە و بەدوا لە ئەستەنبووڵدا هیچ ناکەین ، بەڵکو لە وێنەکێشخانەکەی ئاگرادا ئەو کتێبە ئامادە دەکەین کە وا بۆ هەزارەمینساڵی ئیسلام کۆ دەکرێتەوە" لەق لەق پرسیاری کرد و گوتی:"بۆ ئەوەی کە بتوانین وەکوو تۆ فیس بکەین پێویستە لە پێشدا پیاو بکوژین یان نا؟"

- بە بێ ئەوەی گرنگی پێبدەم گوتم : " لێهاتوو بوین و هونەرمەند بوون بەسە . " لە دوورەوە کەڵە شێریکی لە خۆ بایی دوو جار قووڵاندبووی . توورەکەو زێڕەکانم کۆ کردەوە و دەفتەری نمونەکان و وێنەکانم لە بەر گەبەندەکەدا جێکردەوە . ئەوەم بە مێشکادا دەرباز دەبوو کە هەموویان بەو خەنجەرە بکوژم وا خستبوومە سەر قوڕگی ڕەشە ، بەڵام هێشتا هاوڕێکانی کاتی شاگردی و تەنانەت ئەو لەق لەقەشم خۆش دەویست کە دەرزی کردبوو بە چاومدا . پەپوولەی خۆشەویست هەستابووە سەر پێ ، قیڕەیەکم کرد بە سەریدا و دامنیشاند . کاتی ئەمە متمانەی بە سەلامەت دەرکەوتنی لە تەکیەکە پێدام پەلەم کرد ، لە دەرگاکەوە درەدەکەوتم و بە بێ ئارامییەوە ئەو قسەشان و شەوکەت دارەم هێنایە سەر زمان : "دەرکەوتنی من لە ئەستەنبووڵ لە دەرکەوتنی (ابن شاكر) لە بەغدادەوە بۆ وڵاتی داگیر کەرە مەغولییەکان دەچێ . "

- لەق لەقی بەخیڵ گوتی : " کە واتە پێویستە لە باتی ڕۆژ هەڵات بەرەو ڕۆژ ئاوا بچیت . "

- بە عەرەبی وە وەکوو زاوای خوالێخشبوو وتم : " ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاواش هی خودایە ."

– ڕەشە گوتی: "بەڵام ڕۆژ هەڵات لە ڕۆژ هەڵاتەوە و ڕۆژ ئاواش لە ڕۆژ ئاوایە."

- پەپوولە گوتی : " پێویستە وێنەکێش لە خۆ بایی نەبێ و لە باتی ئەوەی ئازاری خۆی بە ڕۆژ ئاوا و ڕۆژ هەڵات دەربکات تەنیا وەکوو ئەوەی لە دڵییەوە دێت وێنە بکێشێت . "

- بە پەوپولەی خۆشەویستم گوت ئەم قسەیەت ئەوندە ڕاستە کە لە دڵەوە دەمەوێ ماچت بکەم . " یەك دوو هەنگاو بەرەو ئەو ڕۆیشتم و نەڕۆیشتم کە ڕەشە بە فێڵبازییەوە خۆی هاوێشتە سەرم . بە دەستێکەوە توورەکەی ئاڵتوون و جلەکانم گرتبوو لە ژێر بالیشمدا بەرگ بەندەکان وێنەکانم پێ بوو . کاتێ ئەوانەم دەپاراست خۆشمم لە بیر نەدەچوو . دەستە خەنجەر بە دەستەکەم کەوتە دەستی ئەو ، بەڵام لە بێشانسیدا پیێ لە مێزەکە هەڵکەوتوو و هاو سەنگیەکەی لە دەست دەدا ، هەر بۆیە لە باتی گرتنی باڵم بە باڵمدا شۆڕ بووەوە . لە لایەکەوە بە هەموو توانایەکم شەقم تێ هەڵدەدا و پەنجەکانیم دەگەست ، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی لێم ببێتەوە ڕامدەوەشاند . لە پەلە قاژەی ڕزگار کردنی گیاندا لوراندی . ئەم جارە زەختم خستە سەر هەر ئەو دەستەوە و ئازارم پێگەیاند و بەو دووەکەی تریشم گوت : " لە جێگای خۆتاندا دانیشن ! " دانیشتن . خەنجەرەکەشم وەکوو ئەوەی لە ئەفسانەکاندا کەیکاوس کردوویەتی خستە کونی لوتی ڕەشە ، کاتێ خوێنی لێهات چاوە دەست بەداوێن بووەکانیشی فرمێسکیان هەڵرشت . وتم : " ئێستا بڵێ بزانم کوێر دەبم یان نا ؟ "

www.pertwk.com

- گوتی : " بە گوێرەی ئەفسانە خوێن پڕی هەندێك چاو دەبیٚ و پڕی هەندێکیتریش نابێت . ئەگەرخودا لە نەخشەکەت ڕازی بێت بۆ ئەوەی بتخاتە پاڵ خۆی ، ئەو تاریکاییە دەرئاساییە دەخاتە پێش چاوت ، ئەو کاتەش چاوت بەم دونیا هیچ و پۆچە ناکەوێت بەڵکوو ئەو دیمەنە نائاساییانە دەبینی کەوا ئەو دەیانبینیٚ . نا، ئەگەر لە نەخشەکانت ڕازی نەبێت ، دەهێڵێت کە وەکوو ئێستا بتوانی ببینی " .

– : " من وێنەی ئەساسی لە وڵاتی هێنددا دەکێشم ، هێشتا ئەو ڕەسمەم نەکێشاوە کە خودا لەسەر ئەو دادگاییم بکات ."

- : " وەها خەیاڵ نەکەی کە دەتوانی لە شێوازی ڕۆژئاواییەکان هەڕا بکەی . دەزانی کە ئەکبەر خان هەموو وێنەکێشانی بۆ دانانی ئیمزا هان داوە ؟ پاپا پورتوغالییەکان لە زووەوە وێنەی ڕۆژ ئاوایی و شێوازەکانیان بردۆتە ئەویٚ . ئەوان ئیدی لە هەموو جێگایەکن" – : " کەسێك بیەوێت پاك و سالم بمێنێتەوە هەمیشە جێگایەکی بۆ هەڕا کردن و کارێکی بۆ کردن هەیە . "

- لەق لەق گوتی : " بەڵیٚ ، کوێر بوون و هەڕا کردن بۆ ئەو وڵاتانەی کە هەبوونیان نیە . "

- ڕەشە گوتی : " بۆچی دەتەویٚ ساف بمێنیتەوە ؟ وەکوو ئێمە بمێنەرەوە و لێرەدا تێکەڵاو ببە . "

- : " هەموو ژیانتان تەرخانی ئەوە دەکەن کە شێوازێکی کەسیتان هەبێت و لاسایی ڕۆژ ئاواییەکان دەکەنەوە . بەڵام لەبەر ئەوەی لاسایی دەکەنەوە هیچ کات نابن بە خاوەنی . "

– ڕەشە زۆر بێشەرەفانە گوتی : " هیچ چارەیەکیتر نییە. " دڵخۆشییەکەی ئەو نەخشکێشان نەبوو ، بەڵکوو شەکورە جوانکیلەکە بوو . خەنجەرەکەم لە لووتە خوێناوینەکەی ڕەشە دەرهێنا و وەکو جەلادێك خۆی بۆ سەر بڕاندن ئامادە بکات لەسەر سەری بەرزم کردەوە و شتە ئاشکراکەم گوت: "ئێستا ئەگەر بمەویٚ دەتوانم لەسەرت بدەم . بەڵام دەتوانم لەبەر خۆشبەختی شەکورە و منداڵەکانی بتبەخشم . باش هەڵسووکەوتی لەگەڵدا بکە ، نەزانکاری نەکەی . قەولم پێبدە " .

– : " قەولٚ دەدەم "

– : " لەبەر خاتری شەکورە دەتبەخشم . " بەڵام دەستم بەپێچەوانەی قسەکەی دەمم هەڵسوکەوتی کرد و بەهەموو هێزێکەوە زەربەیەکم لێدا . لەدواکاتدا لەبەر ئەوەی ئەو خۆی جووڵاند بوو منیش ئاڕاستەی خەنجەرەکەم گۆڕیبوو بەر ملی نەکەوت و شانی بریندار کرد .منیش بە ترسەوە تەماشای ئەو شتەم کرد کەوا دەستم لە خۆیەوە کرد بووی . کاتیٚ خەنجەرە نوقم بووەکەم لە خوێندا کێشایەوە سوورایییەکی ساف هەموو لایەکی گرتەوە . ترسام و شەرمم کرد . بەڵام دەمزانی کەلەماوەیەکی کورتدا لەوانەیە کە لە دەریاکانی عەرەبدا کاتێك کوێر دەبم شێوەکارێکی هاوڕێم لەلام نابێت تاوەکوو تۆڵەی لێبستێنمەوە . لەق لەق لەوە ترسا کە نۆرەی ئەویش بگات هەر بۆیە بەرە و ژوورە تاریکەکان هەڕای کرد . بە چراکەی دەستمەوە خۆم و سێبەرم بەدوای کەوتین ، بەڵام ترسام و گەڕامەوە ، دوایین کاریشم ماچکردن و خواحافیزی کردن بوو و لەگەڵ پەپوولەدا . لەبەر ئەوەی بۆنی خوێن کەوتبووە نێوانمانەوە نەمتوانی وەکوو ئەوەی لە دڵمەوە دەمەویٚ ماچیبکەم .چاوی بەوە کەوت کە فرمێسك دەرێژم . لە

www.pertwk.com

بێدەنگییە مەرگاوییەکەی تەکیەکەدا کە جار و بار نالە نالّی ڕەشە دەیشکاند دەرکەوتم . لەباخچە قوڕاوییەکە و گەڕەکە تاریکەکەوە بە هەڕا کردن دوور کەوتمەوە . ئەو کەشتییەی وا من دەبات بۆ لای ئەکبەر خان بەیانی دوای بانگ ڕێدەکەوێ ، لەوکاتەدا بەلەمێك لەبەندەری (کادرگا)وە بۆ دواجار دەچوو بۆ لای کەشتییەکە . کاتێ هەڕام دەکرد ، فرمێسك لەچاوم دەهات . وەکوو دزێك لە (ئاکسەرای) وە بەبێدەنگی تێپەڕ دەبووم کە یەکەم تیشکەکانی سپیدەدەمم بینی . بەڵام لەتەنیشت کانی یەکەم گەڕەکێك کە لە نێوان کۆڵان و ڕێگە تەنگەکانەوە کەوتە پێشم (کە ئەو ماڵە بەردینەی لێبوو وا بیست و پێنج ساڵ بەرلە ئێستا کاتێ بۆ یەکەم جار هاتبوومە ئەستەنبووڵ شەو لەوێ مابوومەوە :

ئەو خزمە دوورەمان بە پیاوەتی و باشی خۆیەوە شەو بردمی بۆ ماڵی خۆیان و جێگای بۆ ڕاخستم،ئەوکاتە یانزە ساڵم بوو ، لەخەودا میزم کرد بوو بە دۆشەکەکەدا هەر بۆیە بە هەستی تاوانبارییەوە ویستبووم لەو نیوە شەوەدا خۆمم بخەمە نێو چاڵە ئاوەکەی حەوشەکەوە کە ئێستا لەبەینی دەرگاکەوە دەیبینم .)

هەتا گەیشتمە(بەیازیت) چاوم بە دوکانی سەعاتچی کەوت کە چەند جار سەعاتە شکاوەکەم بۆ چاك کردنەوە بۆ ئەوێ نارد بوو ، دوکانی شوشە و جام و پەرداخی شەربەت فرۆشی و هیترم بینی، هەموویان سلاّویان لێدەکردم و ڕێزیشیان لێدەگرتم . لەلای قاوەخانە هەرۆژاوەکە کەسی لێنەبوو ، بێدەنگ بوو، لەوانەیە ئەو ماڵەش وەهابێ کە لە دڵەوە داوای خۆشبەختی شەکورە جوانەکە و مێردە تازەکەیم بۆ کرد بوون (کە ئێستا لەکاتی مەرگدایە) .

لەدوای ئەەوی دەستم چوو بوو بە خوێنێکدا ، کاتێك لە کۆڵانەکاندا ڕێم دەکرد. هەموو سەگەکانی ئەستەنبووڵ و دەرختەکانی تاریکی و پەنجەرە کوێرە داخراوەکان و دوکەڵهەکێشە ڕەشەکان و تارماییەکان و زوولە خەو هەڵسەرە نائومێدەکان کە بۆ نوێژی بەیانی هەڕایان دەکرد ، هەمووی وەکوو دوژمن تەماشایان دەکردم ، بەلام کاتێك دانم بە جەنایەتەکانمدا دانا و بڕیاری بەجێهێشتنی شارەکەم وەرگرت هەموویان ئیدی وەکوو دۆست تەماشایان دەکردم. لەدوای بەجێهێشتنی مزگەوتی بەیازیت لە تەپۆڵکەیەکەوە سەیری خەلیجم کرد " ئاسۆ ڕوون دەبووەوە ، بەڵام ئاو هێشتا تاریك بوو . دوو بەلەمی ماسیگیری و کەشتییە باربەرە بادبان زەردەکان و کەشتییەکی شەڕی فەرامۆشکراو لەسەر شەپۆلە نادیارەکاندا بە هێواشی دەلەقانەوە و پێیان دەگوتم مەڕۆ ،مەڕۆ ! فرمێسکەکان لەبەر ئەو دەرزییە دەڕژان کەوا کرا بوو بە چاومدا ؟ بە خۆمم گوت : خەیاڵ لەسەر ئەو ژیانە نائاساییە بکە کەوا بەشتە دەرئاساییەکانی هونەرەکەتەوە لە هیندوستان دەیکەی ! لەڕێ دەرکەوتم بەهەڕا کردن دوو باخچەی قوڕاویم تێپەڕ کرد و خۆم گەیاندە ماڵە بەردینێکی کۆن لە ناو سەوزە لانییەکدا . ئەمە ئەو ماڵەی بوو وا هەموو ڕۆژانی سێ شەمە لە دەورانی شاگردیمدا ، جانتا و بەرگبەستەکان و قوتوی قەڵەمەکە و تەختەی نووسینەکەی وەستا عوسمانم هەڵدەگرت و دوو هەنگاو لە دوای خۆیەوە بەرەو وێنە کێشخانە بەڕێدەکەوتم . لێرەدا هیچ شتێك نەگۆڕا بوو ، بەڵام دار چنارەکانی باخچەکە وەها گەورە بوو بوون کە دەوڵەمەندی و دەسەڵات و شان و شەوکەتی کاتی سوڵتان سولەیمانی بەبیر دەهێنایەوە . لەبەر ئەوەی نزیکی ڕێگای بەندەر بوو ، بە گوێی شەیتانم کرد و هەوا بینینەوەی بینای وێنەکێشخانەکە دای

www.pertwk.com

لەسەرم . بەمجۆرەش لەو ڕێگایەی وا لەکاتی شاگردیمەوە لەپشتی وەستا عوسماندا پیایدا دەچووم ولە کۆڵانی کەواندارەکان کەلە بەهاراندا بۆنێکی بێهۆشکەرانەی ئەخلامووری لێوە دەهات و لەبەر ئەو نانەواخانەی وا وەستاکەم بۆرەکی قیمەداری لێوەردەگرت و لەولاپاڵەوە کە لەتەچنەکان وەکوو داری کەستانە و دارەبەی ڕیزیان بەستبوو و لەبەر دوکانە داخراوەکانی بازاڕی تازە و لەتەنیشت ئەو بوستانەچۆڵەی وا هاوینان پەتبازەکان لەوێدا نمایشیان ئەنجامدەدا و لەبەر ئەو دەلاکەی وا هەموو بەیانیەك وەستاکەم سلاوی لێدەکردو لەپاڵ ژوورە بۆن پیسەکانی کوڕە هەرزەکارەکان و کەمەرە (پشتوێن) بۆنی کەڕوو دارە بیزانسیەکان و کۆشکەکەی ئیبراهیم پاشا و ستوونە مارداره‌کە(کە بەسەدان جار وێنەیم کێشاوە) و لە پاڵ ئەو دار چنارەی وا هەموو جارێك جوداتر دەمانکێشا یەوە و لەژێر دار توو و داری کەستانەکانەوە تێپەڕ بووم (کە هەموو بەیانیەك چۆلەکەکان بەسەریانەوە پێکەوە چریکە چریکیان دەکرد.) دەرگای وێنەکێشخانەکە داخرا بوو .

بەردەرگاکە و هەیوانەکەی سەرەوەش کەسی لێنەبوو .

تەنیا ساتێك بە پەشۆکاوییەوە تەماشای ئەو پەنجەرە بچووکەم کرد بوو کەوا لەکاتی شاگردیماندا کاتێك بێتاقەت دەبووین، لەوێوە تەماشای درەختەکانمان دەکرد، کە یەکێك ڕایوەستاندم . دەنگێکی زیقن و بێزارکەری هەبوو . دەیگوت کە خەنجەرە خوێناوینە دەسك سوورەکە هی ئەوەو شەوکەتی برازاگی و دایکی پێکەوە لە ماڵی ئەو دزیویانەوە و ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کەمن یەکێك لە پیاوەکانی ڕەشەم کە شەو چوو بووینە سەر ماڵەکەی و شەکورەمان ڕفاندووە . ئەم پیاوە دەنگ زیقنە زانیویەتی کە

ڕەشە و دۆستە وێنە کێشەکانی دێن بۆ وێنەکێشخانەکە . خەنجەرێکی دەسك درێژی پێبوو کە لە سوورایيدا دەبرقایەوە ، نازانم لەبەر چی بوو بەڵام دەیویست حیسابێکی زۆرم لێوەربگریٚ ، بەڵام ئەوەندەش بەسەر هاتی هەبوو کە باسی بکات . لەوانەیە بمگوتبایە کە هەڵەیەك ڕوویداوە ، بەڵام چاوم بەو تووڕەییە بڕوا پێنەکراوە کەوت لە ڕوومەتیدا . هەروەها لە ڕوخساریدا چاوم بەوەکەوت کە دەیەویٚ بە نەفرەتەوە هێرش بکاتە سەرم . دەمەویست کە بتوانم بڵێم " ئامان ڕاوەستە . " بەڵام ئەو هێرشەکەشی کرد بوو . منیش بەبێئەوەی خەنجەرەکەم ڕاست بکەمەوە توانیم ئەو دەسەکەی ترم هەڵبڕم و تووره‌کەکەم فڕێبدەمە ئاسمان، شمشێرە سوورەکە بەبێئەوەی ڕاوەستیٚ لە پێشدا دەستمی بڕی و لەدوایدا هەموو گیانمی بریندار کرد و دواتریش کەللەی سەری پەڕاندم . لەوەی کە جەستەم بە سەرساميیەوە دوو هەنگاوی نەناو بەجێی هێشتم و خوێنم فیشقەکەی لێوە دەهات و بە گەوجییەوە خەنجەرەکەم دەلەقاند تێگەیشتم کە سەری پەڕاندووم .

پیٚ بێچارەکانم وەکوو چۆن ئەسپێك بەر لە مردن پەلە قاژە دەکات ، لە خۆڕایی ڕێیان دەکرد . لەوجێگای قوراییەیکە سەرم کەوتبوو چاوم بە بکوژەکەم نەدەکەوت . هەروەها تووره‌کەی زێڕووێنەکانیشم نەدەبینی . ئەوان لە لای پشت ملمەوە لە ڕووی دەریا و بەندەرەوە مابوون کە ئیدی هیچ کات پێیان نەدەگەیشتم . سەرم ئیدی نەیدەتوانی جارێکی تر بگەڕێتەوە و تەماشای ئەوانە و دونیا تر بکات . ئەوانەم گرت و بیرم لە داخوازیەکی مێشکم کرد . ئەو شتەی وا بەر لەوەی سەرم بپەڕیٚ بیرم لێکردبووەوە ئەمە بوو : (کەشتیەکە دەچیٚ . فەرمانێکی زوو ڕۆیشتن لە عەقڵمدا یەکی گرتبوو " ئەویش لە گەڵ قسەکانی دایکمدا کە لە کاتی منداڵیمدا دەیگوت " پەلە

www.pertwk.com

بکە " ، خۆی تەواو کردبوو . دایکە! ملم دێشێ و هیچ شتێکیش ناجوڵێت.)

کە واتە ئەو شتەی وا پێی دەڵێن مەرگ ئەمە بووە . بەڵام دەمزانی کە هێشتا نەمردووم . گلێنە کون بووەکانی چاوم جوڵەیان نەدەکرد بەڵام چاوەکانم بە جوانی دەیان بینی . ئەو شتەی وا لە رێکی زەویدا بینیبوم هەموو بیری داگرتبووم . رێگا لە لاپاڵەکەوە بە هێواشی سەر دەکەوت .

دیواری وێنەکێشخانەکە ، سەربانەکە و ئاسمانیش ئاوەها دەرۆیشتن . وامزانی کە ئەم کاتەی وا تەماشام دەکرد درێژ بووە و زانیم کە بینینی ئێستا جۆرێکی وەبیر هێنانەوەیە . ئەو کاتە ئەو شتە هات بە عەقڵمدا کە لە دوای چەند ساعەت تەماشا کردنی وێنەیەکی جوان دەهات بە مێشکمدا " ئەگەر زۆر تەماشای وێنەیێك بکەی بیرت دەچێتە نێو کاتی وێنەکەوە . ئێستا هەموو کاتێك بووە بەو کاتە. وامدەزانی کەس نامبینێ و لە کاتێکدا بیرەکانم کاڵ دەبنەوە ، سەرم ساڵانێکی درێژ تەماشای ئەم لاپاڵە خەمبارە و دیوارە بەردینانەوە و دار توو و کەستانەکان دەکات کە هیچ کات پێیان ناگات ، لە ناکاو ئەو چاوەڕوانییە بێ کۆتاییە ئەوەندە ئازاری پێدەگەیاندم کە بێ تاقەتی کردم و ویستم لەو کاتە دەرکەوم .

((من ، شەکورەم)) (58)

لە ماڵی خزمە دوورەکەی ڕەشەدا کە بۆ خۆ شاردنەوە ناردبووینی بۆ ئەوی شەوم بە بێخەوی تێپەڕکرد . لە نێو ئەو ژوورەی وا لە گەڵ خەیرییە و منداڵەکاندا لەوێدا خۆمان درێژ کردبوو ، دەنگی پرخەی لوت ودەنگی

تڕرانەدەوەستا ، بەڵام جار و بار خەوم لێدەکەوت ، لە لایەکی تریشەوە مەخلوقاتی جۆرا و جۆر کە دەست و قاچیان بڕابوو و تێکەڵاوی یەکتر بوو بوون لە خەوە نائاسودەکەمدا نەیاندەهێشت ئارام بگرم و هوشیاریان دەکردمەوە . بەرەو بەیانی هەستام و شەوکەت و ئورهانم باش داپۆشی ، باوەشم پێدا کردن و قژەکانیانم ماچ کرد و وەکوو چۆن لە کاتە جوانەکانی خەوە ئاسودەکانی ماڵەکەی باوکمدا دەمکرد لە خودا پاڕامەوە بۆ ئەوەی کە خەوێکی خۆشم پێ بدات ، بەڵام خەوم لێنەکەوت . لە دوای نوێژی بەیانی لە پەنجەرە بچووکەکەی ژوورەکەوە چاوم بەو شتە کەوت کە وا هەمیشە لە خەونە خۆشەکانمدا دەیبینم " کابرایەکی وەکوو تارمایی کە لە شەڕدا و لە بەر ئەو برینانەی وا هەڵی گرتووە لە حاڵ چووە و بە هەندێك هەنگاوی ناسراو و بە گۆپاڵەکەی دەستیەوە و بە تامەزرۆیەوە نزیکی من دەبووەوە . لە خەونەکاندا کاتێ دەمەویست باوەش بەم پیاوەدا بکەم بە فرمێسکەکانی چاومەوە لە خەو ڕادەپەڕیم . کاتێ کە زانیم ئەو پیاوە خوێناویەی ناوکۆڵانەکە ڕەشەیە ، ئەو قیڕەی وا لە خەونەکاندا لە قوڕگم دەرنەدەکەوت ، دەرکەوت و هەڕام کرد و دەرگاکەم کردەوە . ڕوومەتی لە بەر لێدانت ئاوساو بوو و ڕەش داگەڕابوو . لوتە لەت لەت کراوەکەی پڕ ببوو لە خۆێن . لە شانییەوە تاوەکوو ملی برینێکی قوڵی لێبوو . کراسەکەی و هەموو جێگایەکی بە خۆێن سوور بوو . وەکوو مێردەکەی ناو خەیاڵەکانم، لە بەر ئەوەی توانیبووی بگەڕێتەوە بۆ ماڵ بزەیەکی بۆ لێدام .

گوتم : " وەرە ناوەوە . "

– : " منداڵەکان بانگ بکە ، دەگەڕێینەوە بۆ ماڵی خۆمان "

–:" حاڵی گەرانەوە بۆ ماڵت نیە . "

www.pertwk.com

– : " ئیدی لەوە مەترسە وەلی جانە ئەفەندی عەجەم بووە . "

– : " زەیتوون ... ئەو بێچارەیەت کوشت ؟ "

– : " لە ڕێگای کادرگاوە بە کەشتی هەڕای کرد بۆ هیندوستان . "

لە بەر ئەوەی کە زانی کارەکەی ناتەواو ئەنجام داوە بۆ ساتێك چاوی لێدزیمەوە ،گوتم : " دەتوانی بەرەو ماڵ ڕێ بکەی ؟ با ئەسپێکت بۆ دەرخەم . " هەستمکرد کە دەمرێ و بەزەییم پێدا هاتەوە . ئەوەش تەنیا لە بەر مەرگەکەی نەبوو بەڵکو لە بەر ئەوەش بوو کە هیچ ڕوویەکی خۆشی نەبینیبوو .

لە خەماوی بوون و بە بڕیار بوونی چاوەکانییەوە تێگەیشتم کە دەیەوێت لە ماڵە بێگانەیەدا بە بێئەوەی کەس چاوی پێبێبکەوێ لە ناو بچێ و بمرێ . بە زۆری سواری ئەسپێکمان کرد . لە کاتی گەڕانەوە بەرەو ماڵ منداڵەکان لە پێشدا نەیان دەوێرا تەماشای ڕەشە بکەن . بەڵام دیسان ڕەشە توانی بە سەر ئەسپەکەوە باسی ئەوەیان بۆ بکات کە چۆن بکوژەکەی با پیریانی دۆزیووتەوە لە گەڵیدا لە یەکیان داوە . دەمبینی کە توزێك دڵیان بەوە گەرم دەبێ ، هەر بۆیە بۆ ئەوەی ڕەشە نەمرێ لە خودا پاڕامەوە . کە گەیشتینە بەر ماڵ ئۆرهان بە خۆشیەوە قیڕاندی : " گەیشتینەوە ماڵ ! " لەو کاتەدا ئەوەم بە دڵدا هات کە عیزرائیل بەزەیی پێماندا دێتەوە و خوداش تۆزێکی تر کاتمان پێدەدات ، سەرەڕای ئەوەش لە بەر ئەوەی بە ئەزمونەوە دەمزانی کە دیار نیە خودا لە کوێ و لەبەر چی گیانی کێ دەکێشێ زۆر هیوادار نەبووم . بە زۆری ڕەشەمان لە ئەسپەکە دابەزاند و پێکەوە بردمانە سەر و لە ژوورە بە شین ڕاخراوەکەی باوکمدا هەڵمانژاند . خەیرییە ئاوی کوڵاند و هێنای . لە گەڵ خەیرییەدا کراسە بە گۆشت چەسپاوەکەی و پشتوێنەکەی

و جلەکانی ترمان بە مەقەست بڕی و دەر هێنا . کاتێ پەنجەرەکەمان لادا ، تیشکە نەرمەکەی خۆرە لەرزۆکەکەی زستان ژوورەکەی گرت و لە جامەکان و قابلەمەکان و قوتوەکانی سرێش وردە شووشەکان و قەڵەتراشەکانەوە گەڕایەوە و جەستەی ڕەنگی مەرگ گرتووەکەی ڕەشە و برینە هەڵووژە ڕەنگەکانی ڕۆشنتر کردەوە . قوماشە چارشێوە سابوون لێدراوەکانم بە ئاوی گەرم تەڕ کرد و وەکوو چۆن قاڵییەکی پڕ بایەخ پاك بکەمەوە و وەکوو چۆن بە حەز و بە بەزەییەوە تەماشای منداڵەکانم بکەم ، جەستەی ڕەشەم پاك کردەوە . بەبێئەوەی زەخت بخەمە سەر جێگا شین بووەکانی و ڕوومەتی و برینەکەی لووتی بکولێنمەوە وەکوو پزشکێك برینە ترسێنەرەکەی شانی ڕەشەم خاوێن کردەوە . وەکوو چۆن لەکاتی بچووکاییاندا منداڵەکانم پاك دەکردەوە ، ئاوەها ڕەشەشم پاك دەکردەوە. لەلایەکیتریشەوە قسەی پڕ و پوچم پێدەگوت . لەسەر سینگ و دەستەکانیشی جێگای برین هەبوو . پەنجەکانی دەستی چەپی بە گەز کردن شین بوو بوونەوە . هەر چەندە پەڕۆکانی دەستم بەسەر جەستەیدا دەگەڕان زیاتر خوێناوی دەبوون . دەستم دا لە سینگی دا و هەستم بە نەرمایییەکەی ورگی کرد و ماوەیەکی درێژ سەیری شتەکەیم کرد “

دەنگی منداڵەکان لە خوارەوە لە حەوشەکەوە دەهات . نازانم بۆچی هەندێك لە شاعیران بەمە قامیش و قەڵەم دەڵێن ؟ کاتێ کە دەنگە دەنگی ئەستەرم بیست (لەکاتی هێنانی هەواڵی تازەدا وەها دەنگی دەردەخست)، ڕۆیشتمە خوارەوە . زۆر پەشۆکاو بوو ، باوەشی پێدا کردم و ماچیکردم و باسی بۆ کردم : کەللەی سەری زەیتوون و توورەکە و وێنەکانیان دۆزیوەتەوە کە تاوانەکانی پێشووی دەسەلمێنێ . ویستوویەتی هەڕا بکات

www.pertwk.com

بۆ هیندوستان ، بەڵام گوتوویەتی با بۆ دوایین جارسەردانێکی وێنەکێشخانەکە بکەم . ئاگایانی ڕووداوەکە دەڵێن : حەسەن لەوێدا چاوی بە زەیتوون دەکەوێ و بە شمشێرە سوورەکەی کەللەی سەری پەڕاندووە .

کاتێ ئەو باسی دەکرد من بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێستا باوکە بێچارەکەم لەکوێدایە . زانینی ئەوەی کە پیاو کوژەکە کێیە منی لە ترسێکی گەورە ڕزگار کرد . هەستم بەوەش کرد کە تۆڵە سەندنەوە هەستێکی ئاسوودەیی و عەداڵەتی خۆش دەدا بە مرۆڤ . مەراقی چۆنیەتی ئەم هەستم لەو جێگایە کرد وا باوکمی لێیە و وامزانی کە هەموو عالەم وەکوو کۆشکێکە کە دەرگا بێژمارەکانی بە ڕووی یەکتریدا بکرێنەوە . تەنیا بە خەیاڵ کردنەوە و بەبیر هێنانەوە دەمتوانی لەیەکێکەوە بچینە ئەویتر ، بەڵام زۆرمان لەبەر تەمبەڵی ئەمە ناکەین و هەر لەیەك ژووردا دەمێنینەوە .

ئەستەرگوتی : " مەگری گیانەکەم ! سەیر کە هەموو شتێك بە باشی کۆتایی پێهات ؟ " چوار ئاڵتوونم پێدا . دووبارە بە ویستەوە و بە تەماوە خستیە ناو دەمی و نەزانانە گازی لێگرتن . بە بزەلێدانەوە گوتی : " قاڵبی ئەم وەنیزیە کافرانە هەموو جێگایەکی گرتۆتەوە . " ئەو هات و نەهات بە خەیرییەم گوتبوو کە منداڵەکان بباتە سەرەوە .

چوومە ژوورەوە و دەرگاکەم داخست بە ویستێکی زۆرەوە باوەشم کرد بە جەستەی ڕەشەدا و ئەو شتەم کرد کە لە شەوی کوژرانی باوکمدا لە ماڵی یەهوودییە هەڵواسراوەکەدا داوای ئەنجامدانی لێکرد بووم ، ئەمەم زیاتر لە ویست و حەز لەبەر مەراق ئەنجام دا . ناتوانم بەتەواوەتی بڵێم هۆی ئەو لەیەك چوواندنە چییە کەوا شاعیرە عەجەمەکان سەدان ساڵە بە شتی پیاوان قەڵەم دەڵێن و بەوەی ئێمەش جامۆڵکە دەڵێن . (لەبەر بچووك بوونی دەمە

؟ بێدەنگییە ڕازدارەکەی جامۆڵکەیە ؟ ڕەسام بوونی خوداییە ؟) بەڵام بە ژیربیری کەسێکی وەکوو من کە خۆی دەپارێزێ ناتوانرێت لە عەشق تێگەیشتنێکی ڕاست و دروستی ببێت ، بەڵکوو بە ناژیرییەوە ئەمە ڕوونتر دەبێتەوە .

کەوا بوو نهێنییەکەتان بۆ دەدرکێنم " لەوێدا ، لە ژوورەکەدا کە بوونی مەرگی لێوە دەهات شتەکەی ڕەشە لەدەممدا نەیدەورووژاندم بەڵکوو ئەوەی وا لەکاتی هەستکردن بە ترپە ترپی هەموو دونیا لە دەممدا دەیورووژاندم و دەیپەشۆکاندم دەنگی جیکە جیکی منداڵەکانم بوو کە لە حەوشەکەدا بە خۆشییەوە قسەیان بەیەك دەگوت و ئاژاوەیان دەکرد . ئەو کاتەی وا دەمم پڕ بوو چاوم بە نێو چاوانی ڕەشەش کەوت کەبە شێوەیەکی زۆر جیاواز سەیری دەکردم .وتیجارێکیتر شێوەی ڕوخسار و دەمی منی لەبیر ناچێتەوە .

لاشەی وەکوو کاغەزی گەنیوی هەندێك کتێبە کۆنەی باوکم بۆنی لێوە دەهات . هەموو تۆز و بۆنی قوماشەکانی ناو ژووری خەزێنەکە چوو بوونە ناو قژی ڕەشەوە. کەلە خۆم دەرچووم و دەستم لەبرینەکان و جێگا هەڵئاوەساوەکانی لاشەیدەدا وەکوو منداڵێك دەینالاند و هەرچی دەچوو لە مردن دوور دەکەوتەوە و ئەو کاتەش تێدەگەیشتم کە زیاتر دڵم لێی دەچێ . جووت بوون و لاقە کردنەکەمان وەکوو بەلەمێکی بادباندار خێراتر بوو وەکوو ئەو بادباندارە بەڕێزە بە لێبووردەییەوە بەرەو دەریا نادیارەکان ڕۆیشت . لەوەی کە ڕەشە لە کاتی گیاندانیشدا بەسەر چۆنیەتی چێژ وەرگرتنیدا زاڵ دەبوو ، تێگەیشتم کە ڕەشە لەگەڵ ژنانی بێڕەوشتدا پێشتر ئەمجۆرە سەفەرانەی کردووە . نەمدەزانی دەستی خۆم ماچ دەکەم یان هی

www.pertwk.com

ئەو ، پەنجەکانی خۆم بوون لە نێو دەممدا یان ... ، دونیام ژێرا و ژوور بوو بوو و ئەویش بە ئازاری برینەکان و چێژ وەرگرتنەکەیەوە سەر خۆش بوو بوو و بە یەك چاو سەیر دونیای دەکرد کە بەرە و کویٚ دەچیٚ و وەکوو ئەوەی کە تەماشای وێنەیەکی جوان بکات لەنێو هەر دوو دەستیدا سەیری ڕوومەتی منی دەکرد، بەڵام لەهەمان کاتدا دەیتوانی ڕوخسارم لەگەڵ ڕوخساری قەحپەیەکی وڵاتێکی ڕۆژ هەڵاتیدا لەیەك بچوێنیٚ . لەدوایین کاتی چێژ وەرگرتندا وەکوو ئەو قارەمانانەی کە لە تێکڕژانی لەشکەری ئێران و توورانداا دەکوژرێن و دەبن بە دوو لەتەوە ، قیڕەیەکی کرد ! ترسام ، دەنگی قیڕەکەی ئەوەندە بەرز بوو کە تەواوی گەڕەك گوێی لێبوو . ڕەشەش وەکوو وێنەکێشێکی ڕاستە قینە کە لەکاتێکدا دەستی بەسەر شتەکەیەوە و خوداش ئیلهامی جووڵە کردنی پێدەدات ، چۆنیەتی داڕشتن و کەڵەکە کردنی ناو لاپەڕەکە تێکەڵاو ناکات ، لەکاتی چێژە وەرگرتنیدا بە گۆشەیەکی عەقڵیەوە تەماشای جێگەکەمانی دەکرد و خۆی تێك نەدەدا . دواتربە هەناسە وڕکەوە گوتی : " تۆ بڵێی ، مەڵهەمم لە برینەکانی باوکت دابیٚ ".

ئەم قسەیە ، بەتەنیا ڕەنگی عەشقەکەمانی دیاری نەدەکرد کە لەتەنگانە ڕێی نێوان مەرگ و ژیان ، قەدەخە و بەهەشت و بێچاریی و شەرمدا جێگای گرتبوو " بەڵکوو بەهانەشی بۆ دروستکرد . بیست و شەش ساڵ دوایی ئەوەش لەکاتی نیوەڕواندا هەر لەو ژوورەدا کەوا پەنجەرەکەی ڕوو بە چاڵە ئاوەکە بوو کە شەوکەت و ئورهان لەساڵە سەرەتاییەکاندا لەوێدا ئاژاوە و جێکە جیکیان دەکرد ، لەبەر ئەو تیشکەی وا لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ناو ، لەگەڵ یەکدا جووت بووین و پێکەوە لاقەمان کرد و دیسان بەمەمان دەگوت

"مەڵهەم لێدانی برین ."

بەمجۆرەش وەڵامی داخوازییەکانی باوکێکی خەفەتبارو بەخیلٚم دەدایەوە و کوڕە بەخیلٚەکانیشم ڕازی دەکرد کە دەیانەویست شەوان لەگەڵ مندا بخەون . هەموو ژنێکی ژیر دەزانیٚ کە باوەش کردن بە کوڕەکان و خەوتن لەگەڵیاندا لە باوەش کردن بە مێردێکی ڕووکاو بەدەستی زەمانەوەخۆشترە . ئێمە ، من و منداڵەکانم خۆشبەخت بووین بەڵام ڕەشە نەبوو . هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مانەوەی برینەکەی شان و ملی و ئەو شتەی وا چاوەکانی پێیدەگوتم " سەقەت مانەوەی. "

ئەم سەقەتبوونە شتێك نەبوو کە لەبەرامبەر ژیانیدا ئاستەنگ بیٚ ، تەنیا شێوەیخراپ کرد بوو . تەنانەت ئەوەشم بیستبوو کە هەندێك ژن والە دوورەوە مێردەکەمیان بینیبوو گوتبوویان پیاوێکی قۆزە . بەڵام شانی ڕاستی ڕەشە هەموو کات داکەوتبوو و ملیشی بە شێوەیەکی سەیر لار بوو بوو . جار و باریش قسەی جۆرا و جۆرم لەبارەی ئەوەی کە ژنانی وەکوو من هەمیشە دەبن بە قسمەتی پیاوانی لەخۆ کەمتر و بوونی نائومێدی ڕەشە بە هۆی دڵخۆشی و هیواداری ئێمە دەیبیستەوە . وەکوو چۆن هەموو قسەو باسێك لایەنێکی ڕاستییان هەیە ، ئەمەش ڕاستییەکی دەهێنایە سەر زمان . ئەستەر منی بە شایستەی ئەوە دەزانی بەسەر بەرزییەوە بە سواری ئەسپێکەوە لەگەڵ گوێلەکانمدا هەموو ئەستەنبووڵ بگەڕێم ، بەڵام کاتێك ئەمە نەبوو هەستم بە هەژاری و نەداری خۆم دەکرد و جار و باریش حەسرەتی مێردێکی سەر بەرز و شێرئاسام دەکێشا . هۆکەی هەرچی دەبیٚ بابیٚ، ڕەشە هەموو کات خەفەتبار مایەوە . زۆر کات چاوم پێدەکەوت کەلە خۆشترین کاتەکانی جووت بوونیشماندا دیسان خەفەتێکی هەبوو کە

www.pertwk.com

پێوەندی بە سەقەت بوونەکەیەوە نەبوو ، ئەوسا بڕوام دەکرد کەلە گۆشەیەکی شاراوەی ڕۆحیدا جندۆکەیەکی خەفەت هەیە . بۆ ئاهۆن کردنەوەی ئەو جندۆکەیە جار و بار شەرابی دەخواردەوە ، تەماشای وێنەکانی ناو کتێبەکەی دەکرد و سەرنجی لە نەخش و نیگار دەدایەوە و لەگەڵ وێنەکێشاندا هەڵسوکەوتی دەکرد و بە دوای کوڕە جوانەکان دەکەوت . ئەو کاتانەی وا لەگەڵ وێنە کێشە شاعیرەکاندا کاتی ڕادەبوارد و قسەی دوو مانا و گاڵتەی جاڕی دەکرد و بەدوای کوڕە ججوانەکان دەکەوت ، ئەو کاتانەی لەبیر دەچوو کەتوانیبووی خزمەتی سولەیمان پاشای لار بکات و کتێبداری بۆ بکات . ویست و داخوازی ڕەشە بە مەرگی پادشا و هاتنە سەر تەختی سوڵتان موحەمەد کە گوێی نەدەدایە ئەم شتانە ، لەشتێکی بە شان و شەوکەتەوە گۆڕایەوە بۆ ڕازێکی تەنیا لەپشتی دەرگا داخراوەکاندا . جارو باریش کتێبێکی باوکمی دەردەخست و تەماشای وێنەیەکی کاتی کوڕەکانی تەیمووری دەکرد کە بە دەستی وەستا هەراتییەکانەوە کێشرا بوو . بەڵێ تەماشای وێنەی عاشقبوونی شیرین بە خەسرەوی دەکرد ، بەڵام وەکوو نمایشێکی خۆش کە ئێستاش لە کۆشکدا نیشان دەدرا تەماشای نەدەکرد بەڵکوو وەکوو وروژاندنەوەی بیرەوەرییەکی خۆش هەستی تاوانباری پێدەبەخشی و بەخەمەوە سەیری دەکرد .

لە سێهەمین ساڵی هاتنە سەر تەختی پادشاکەماندا ، پادشای ئینگلتەرە سەعاتێکی هەواکێشداری موسیقا ژەنی سەیری بەهەدیە بۆ نارد بوو چەند حەفتە لە لا پاڵەکەی خەلیجدا خەریکی دامەزراندنی ئەم سەعاتە گەورە و قوماش و وێنە و پەیکەرە نێردراوەکان بوون . وەکوو ئەوەی کە دروستکراوی خودابن ، خۆیان بادەدا و بەلەنجەوە ڕێیان دەکرد و

سەعاتەکەشیان زەنگی لێدەدا و کاتەکانی بە ئەستەمبووڵیەکان دەگوتەوە . خەڵکی ژیر و جەماوەری سەرسەری ئەستەنبووڵ لەبەرامبەر ئەم سەعاتە و هێزی گاورەکاندا سەرسامبووبوون . ڕەشە و ئەستەر دەیانگوت پادشا و دەمار گیرە دیندارەکان لەبەرامبەر ئەمەدا زۆر ناڕەحەت و نائاسوودە بوون . لەکاتێکدا کە ئەم قسە و باسانە   زۆر بوو بوون ، ڕۆژێك بیستمان کە سوڵتان ئەحمەد کە دوای ئەو پادشایە بوو بوو بە پادشا ، شەو بەئیلهامێکی خوداییەوە دێتە ناو باخچەکە و دەچێ سەعات و پەیکەرەکان دەهەڕۆژێنێ و دەیانکێشێ . ئەوانەی وا ئەم هەواڵەیان هێنا بوو دەیانگوت ، پادشاکەمان لە خەونی خۆیدا چاوی بە حەزرەتی پێغەمبەر کەوتووە و پێغەمبەر پێی گوتووە ئەگەر ڕێگا بەو کەسانە بدەی وا لەبەرامبەر ئەو گەلەدا حەیران ببنەوە کە پەیکەر دروستدەکەن و لەگەڵ خودا کێبەرکێ دەکەن ئەوا لە خەتی خودا دەترازێن ، ئەویش هەر لە خەودا گورزەکەی هەڵدەگرێ و دەچێت بۆ شکاندنی ساعەت و پەیکەرەکان . پادشاکەشمان داوای کە مێژوونووسە وەفادارەکەی کرد بوو کە ڕووداوەکە وەها بنووسێتەوە . ئەم پادشایە بە کاسە زێڕی دا بە خۆشنووسەکان بۆ نووساندنی ئەم کتێبە ــ زوبدة التواریخ ــ بەڵام بە دەستی وێنەکێشانەوە نەیڕازاندەوە .

بەمجۆرەش بوو کە گوڵە سوورەکەی نەخش و نیگارکێشان کە بە ئیلهام وەرگرتن لە وڵاتی عەجەمەکانەوە لە ئەستەنبووڵدا گەشەی کرد بوو ، دامرکا و سیسایەوە . بەڵام ناکۆکی نێوان وەستا ڕۆژ ئاواییەکان و وەستا هەراتییەکان کە دەبوو بە هۆی ئاژاوە و دروستبوونی پرسیاری زۆر لە نێوان وێنەکێشاندا کۆتایی پێنەهات . زۆربەی وێنە کێشان وازیان

www.pertwk.com

لەوێنەکێشان هێنا و بە گوێرەی ڕۆژ ئاواییەکان و ڕۆژ هەڵاتییەکانیشیان نەکرد . وێنەکێشەکان توورە نەبوون و سەریان هەڵنەدا و وەکوو پیرێك کە وردە وردە بە نەخۆشییەکەی خۆی ڕاهاتبێت ، بە پشت بەستن بە خودا و بەخەمەوە بەم وەزعەی خۆیان ڕاهاتن .

ئیدی وەکوو جاران مەراق و خەیاڵی ئەو وەستا کۆنە هەراتی و شیرازییانە کە بەسەر سوورماوییەوە بە دوایاندا دەڕۆیشتن و وەستا ڕۆژ ئاواییەکان نەدەکرد کە لە نێوان بەخێڵیبردنەوە و نەفرەتدا دەیانویست وەکوو ئەوان بن .

وەکوو ئەوەی کە دەرگای ماڵەکان لە تاریکایی شارەکەدا دابخرێت ، ئاوەهاش وێنە کێشان لە بێکەسیدا بەتەنیا هێشترانەوە . مەخابن! کتێبەکەی باوکم تەواو نەکرا . وێنەکان لەو جێگایەی واحەسەن خستبوونی دۆزرانەوە و برانە ناو خەزێنەوە ، لێرەشدا هەندێك وێنەی ئاساییان دۆزیوە و بە دەستی کتێبدارێکی فێڵباز و زیرەکەوە خرانە ناو بەرگبەستەوە و لە کتێبی فرەبابەتی جۆرا و جۆر دا بەکار بران . حەسەن لە ئەستەنبووڵ هەڕای کرد و ئیدی خەبەرێکی لێوەرنەگیرا . شەوکەت و ئورهانیش هیچ کات ئەوەیان لەبیر نەچوو کە بکوژی بکوژەکەی باپیریان ڕەشە نەبووە ، بەڵکوو ئەو مامەیانە بووە کە کوشتوویەتی . لە دوای وەستا عوسمان کە دوو ساڵی پشتی کوێر بوونی مرد ، لەق لەق بوو بە سەرۆکی وێنەکێشان . لەق لەقیش کە حەیرانی باوکە گیانەکەم بوو ، پاشماوەی ژیانی خۆی تەرخانی نەخش کردنی قاڵی و قوماش و چادر کرد . لاوەکانی وێنە کێشخانەکەش هەر ئەو ڕێگایەیان گرتە بەر . کەسیش وەها هەڵسووکەوتی نەکرد کە واز هێنان لە وێنەکێشان خەیانەتبێ . لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ

کە کەس چاوی بە وێنەی ڕوخساری خۆی نەکەوتبێ .

من لە تەواوی تەمەنی خۆمدا هەمیشە بە شاراوەیی ویستوومە کە دوو ڕەسم بکێشرێت ، کە باسم بۆ کەس نەکردووە .

1- دەمویست وێنەی خۆم بکێشرێت . بەڵام چەندە هەوڵیشیان بدایە نەیاندەتوانی وێنەی من بکێشن ، چونکە شێوەکارانی پادشا ، وێنەی ژنێك بە جوان نازانن ئەگەر وەکوو وێنەی چینییەکان چاو و لێوی نەکێشرابێت . وەکوو وەستا هەراتییەکان شێوەی منیان وەکوو کچێکی چینی دەکێشا ، لەوانەیە ئاشناکان بیانزانیبایە کە ئەمە ڕوومەتە شاراوەی نێو ڕوخساری جوانە چینییەکە هی منە . بەڵام ئەوانەی دوای ئێمە ئەگەر بەوەش بزانن کە چاوم ڕاکێشراو نەبوو ، هەرگیز نازانن کە ڕوومەتم لەچی چووە . لەم ساڵانەی پیریمدا کە بە دڵدانەوەی کوڕەکانم تێپەڕیاندەکەم ، وێنەیەکی کاتی جوانیم هەبایە ، زۆر دڵخۆش و خۆشبەخت دەبووم !

2- ئەو شتەی وا نازمە زەردی شاعیر مەراقی کرد بوو " یانی دەمەویست وێنەی خۆشبەختی بکێشرێت . باش دەزانم کە ئەمەیان چۆن دروستدەکرد . دەمویست وێنەی دایکێك بکێشرێت کە دوو منداڵی هەبێت " دەمویست کە بچووکەکەیان بە خۆشییەوە لە باوەشی دایکیدا سەری مەمکە گەورەکەی بمژێ و گەورەکەش تۆزێك بەخیڵی بباتەوە و نیگای چاوانی لەگەڵ هی دایکیدا یەکبگرێتەوە . لەلایەکیتریشەوە دەمویست دایکی ناو ڕەسمەکە منبایەم و پەلەوەری ئاسمانی وێنەکەش هەم لەکاتی فڕیندا هەم بەراوەستای و بە خۆشییەکی بێکۆتاییەوە بکێشرایە و زەمانەکەیان ڕابوەستاندایەوبە پێی نەریتی وەستا هەراتییەکان بکێشرایە . دەزانم ! ئاسان نییە .

www.pertwk.com

ئورهانە بەعەقڵەکەی کوڕم دەیەوێت بیرێك لەناو هەموو شتێکدا جێگیر بکات ، ساڵانێك پێیدەگوتم وێنەکێشە هەراتییەکان ناتوانن تۆ وەکوو خۆت بکێشنەوە ، هەروەها ئەوەشی بەبیر دەهێنامەوە کە ئەو وێنەکێشە ڕۆژ ئاواییانەش کەبەبێ ڕاوەستان وێنەی دایکی منداڵ لە باوەش دەکێشن ، هیچ کات ناتوانن زەمان ڕاوەستێنن . هەر لەبەر ئەوەش هەرگیز وێنەی خۆشبەختی من ناکێشرێت . لەوانەیە هەق بەلای ئەوەوە بێ . چونکە لەراستیدا مرۆڤەکان بەدوای پێکەنینی ناو وێنەیخۆشبەختیدا ناگەڕێن بەڵکوو لە ژیاندا بە دوای خۆشیدا دەگەڕێن . وێنەکێشان ئەمە دەزانن و ئەو شتەش کەوا نەیانتوانیوە بیانکێشن هەر ئەمەیە . لەم ڕووەشەوە خۆشی بینین دەخەنە جێگای دڵخۆشییەکانی ناو ژیان .

ئەم بەسەر هاتە وێنە نەکێشراوەم لەبەر ئەوە باسکرد بۆ ئورهانی کوڕم چوونکە لەوانەیە بینووسێتەوە . بەبێترس نامەکانی حەسەن و ڕەشە و وێنەی ئەسپە مورەکەب بڵاو بووەکەی سەر تەرمەکەی زەریف ئەفەندیم پێدا . ئورهان هەموو کات تووڕە و دەمار گرژ و بەد خۆ و نائومێدە و دەتوانێ لەبەرامبەلا ئەوانەی حەزیان لێناکەن بە ئاسانی ناهەقی بکات . لەم ڕووەشەوە ئەگەر ڕەشە لەوەی هەیە زیاتر سەرسام و ژیانمان لەوەی هەیە سەختترنیشانبدات و شەوکەت بە خراپی ومنیش لەوەی کە هەم جوانتر و بێڕەوشتتر نیشانبدات بڕوای پێمەکەن . چونکە تەنیا لەبەر ئەوەی بڕوا بەچیرۆکەکەی بکەین ، هەموو جۆرە درۆ و دەلەسەیێك هەڵدەواسێ .

" ڕۆمانە ئەزمونی و پڕ لە زانستەکانی بوون بە هۆی ناودار بوون و ئاوازە پەیدا کردنێکی نێو نەتەوەیی بۆ ئۆرهان پامۆك . "

(نیوێۆرك تایمز)

(کاك جەودەت و کوڕەکانی)

ڕۆمان ، لە دەوور و بەری بنەماڵەیەکی ئەستەمبۆڵیدا دیمەنی سەد ساڵی دوایی تورکیا نیشاندەدات ... ئەم ڕۆمانە لە ڕۆژانی کۆتایی ە سەڵاتی عەبدولحەمیدا لە ماڵێکدا لە وەفا دەکرێتەوە و دواتر بە هێواشی وەکو زنجیرە ساتێکی زیندوو بە شێوەیەکی وەستایانە مێژو زیندوو دەکاتەوە و لە دەوور و بەری ئاپارتمانێکدا لە نیشانتاش کۆتایی پێدێت .

" سەرکەوتنێکی گەورە ... بە بێ هیچ دوو دڵێیکەوە خمستە ڕیزی ئەو بیست ڕۆمانەی تورکیا کە پەسەندیان دەکەم "

(فەتحی ناجی)

بە گوێرەی ئاماری کتێبەکان یەکێکە لەو 75 کتێبەی وا مۆری خۆیان لە ئەدەبیاتی کۆماری تورکیا داوە ،بۆیە:

– هەدیەی ڕۆمانی ئۆرهان کەماڵ

– خەڵاتی ڕۆمانی چاپ و پەخشی میلیەتی وەرگرتووە .

(ماڵی بێدەنگ)

" ئەم کتێبە جوانە خەماوییە ، باسی حەفتەیەك ژیان سێ برا لە ماڵی دایکیان لە شارۆچکەیەکی گۆی ئاوی نزیکی ئەستەنبووڵ . ... سەرکەوتنێکی سەر سووڕ هێنەر ... "

(تایمز لیتەراری سوپلەمەنت ، لەندەن .)

باپیریان کابرایەکی دوورخراوی سیاسیە ، ئەو ماڵەی وا دروستی کردووە ئێستا لەگەڵ سێ جیلدا پردێکی پێوەندی دروستدەکات ، جموجوڵی پڕ لە توند وتیژی لاوەکانی تێدایە .

– خەڵاتی کەشفی ئاروپای وەرگرتووە.

www.pertwk.com

(قەڵای سپی)

لەسەد ساڵ 17.دا دزە تورکەکان کابرایەکی وەنیزی دەگرن و دەیهێننە ئەستەنبووڵ . ئەم کوێلەیەکە بڕوای وایە ئاگای لە ئەستێرەناسی و فیزیك و وێنەکێشان هەیە ، لەلایەن تورکێکی لەو چەشنەوە دەکڕدرێت . لەیەك چوونێکی سەیریان تێدایە . خاوەنی کوێلەکە دەیەوێت لە کوێلەکەیەوە فێری زانستی وەنیز و و ڕۆژئاوا ببێت . بەسەر هاتەکانیان لە نەخۆشی هەمەگیری وەبا و کۆڵانەکانی ئەستەنبووڵ و باخچە خەیالییەکە و حەیوانەکانی سوڵتانە منداڵەکەوە دەیانباتەوە سەرپرسیاری " من بۆچی منم ؟"

" بەسەرهاتێکی پۆست مۆدیرنەکە خەڵك تووشی حەیران مانەوە دەکات و بەوەستایەکی باشەوە ڕۆڵەکان پڕدەکات لە پارادۆکس ."

(پوبلیشەرس ویکلی نیۆیۆرك .)

" وەستایەتی پامووك لەوەدایە کە توانیویەتی ئەو هەموو بیرە لە ڕۆمانێکی ئاوەها کورتدا جێگیر بکات "

(گاردییەن ، لەندەن .)

(کتێبی ڕەش)

" باشترین بەرهەمی پامووك "

(تایمز لیتەراری سوپلەمەنت .لەندەن .)

گالیپ لە ڕۆژێکی بەفراوی زستانیدا لە ئەستەنبووڵ دەست بە گەڕان بە دوای عەشقی کاتی منداڵی ، هاوڕێیۆ ، کچی مامی ، ژنە خۆشەویستە ون بووەکەی دەکات .

لەم بەینەشدا هاوڕێ ڕۆژنامە نووسەکەی کە لە گۆشەی ڕۆژنامەکاندا

دەنووسیۆ ،ئیشارەتی بۆ دەنێرێ و هاوڕێیەتی دەکات . خوێنەر لەلایەکەوە لێکۆڵینەوەکان و ئەو کەسانە تاقیب دەکات کە لەو ئەستەنبووڵەیدا هەر دوکەڵهەڵکێش و هەر مرۆڤێکی بوون بە ئاماژەی دونیایەکی ڕازدار ، لەلایەکیتریشەوە ڕووبەڕووی نوسراوەکانی جەلالی ڕۆژنامە نووس دەبێت کە ئەم بەسەرهاتە سەیرو سەمەرانە تەواو دەکات . ئەمە هەوڵدانێکە کە بەسەر هاتی جەللادە کۆنەکان و فەلاقەی ناو ئاوی (بوغاز) و پیاو کوژە ڕازدارەکانی پادشا لە مێژووی کولتووریماندا ڕاز لە ڕوومەتماندا و عەشقەکانی شەوە بەفراوییەکان و کەسایەتییە سەیر و پێکەنیناوییەکانی ئەستەنبووڵ لە کۆشە دوور و تاریکەکانیوە و وردە کارییە فەرامۆشکراوەکانی ژیانی مێژووی نێزیکمان ، بە بەرچاودا بخشێنیۆ .

" داستانێکی مۆدیرن و دەوڵەمەند و خوڵقێنەری نەتەوەییە "

(د ، سوندەی تایمز . لەندەن .)

(ژیانی تازە)

ئەم ڕۆمانە سەیرە کە بەقسەی " ڕۆژێك کتێبێکم خوێندەوە و ژیانم گوڕا " دەست پێدەکات ، بەکێشە پولیسییەکەیەوە وەکوو ڕووداوە و بە چیرۆکی عەشقەکەشییەوە لە ئەفسانە دەچیۆ و تا ڕۆژی ئەمڕۆ یەکێکە لە ڕۆمانە تورکیانەی کە زۆرترین خوێنەری هەبووە . لەلایەکەوە باسی ژیان و ساتە بیۆهاوتاکان و مەرگ و نووسین و نهێنییەکان هەڵکەوت دەکات و جار و باریش دەکرێتەوە بە ڕووی ئەو فریشتانەی وا لە ڕۆمانی منداڵەکاندا دەردەکەون و بە باسکردنی شێعرەکان دەبێت بە ڕۆمانێکی بیۆهاوتا و بە شێوەیەکی تایبەتی دەمانباتە ناو دڵی خەفەت و توند و تێژی .

" ژیانی تازە ، یان کۆتایی بەرهەمەکانی (والتر بەنژامینە) یان وەکوو

www.pertwk.com

سەرەتای بەرهەمێکی تازەیەتی ، ڕووی داوی تازە و تایبەتن ، قسەکانی وەبیر دێنێتەوە ، ژیانی تازە ڕووداوێکی تازەیە . "

(د ، گادییەن . لەندەن)

" پامۆك یەکێکە لە نووسەرە سەیرەکانی بەرچاومانە "

(د ، تایمز لیتەراری سوپلەمەنت ، لەندەن)

(ڕووی شاراوە \ سیناریۆ)

فیلمی ڕووی شاراوە نووسینی (ئورهان پامۆك) و دەرهێنراوەی (عومەر کاور) بوو بە فیلمێکی نائاسایی و لەبیر نەکراوەی سینەمای تورکی.

لە فیستیواڵی فیلمی ئانتالیادا خەڵاتی باشترین فیلم و باشترین سیناریۆی وەرگرتووە .

(ناویمن سوورەیە)

بە بۆچوونی خودی ئورهان پاموك ، ڕەنگا و ڕەنگ ترین و خۆشبینترین ڕۆمانی، " ناوی من سوورەیە "یە ، کە لە نۆ ڕۆژی بەفراوی ئەستەنبووڵدا دەرباز دەبێت . لە کاتێکدا شەکورەی جوان کە دوو کوڕەکەی هەمیشە پێکەوە شەڕ دەکەن، لەباتی مێردەکەیدا کە چوار ساڵە لە شەڕ نەگەڕاوەتەوە بە دوای مێردێکی تازە و خۆشەویستێکیتردا دەگەڕێت ، لە جێگا شاراوەکەی خۆیەوە دەست بە تەماشا کردنی شێوەکارانی کۆشك دەکات کە لەو کاتانەدا باوکی یەکەیەکە بانگی دەکردن و دەیهێنان بۆ ماڵەوە . ئەم وەستا شێوەکارانەی وادێن بۆ ماڵ ، لەژێر بەرپرسیاری باوکیدا کتێبێکی نهێنی بۆ پادشای عوسمانی دروستدەکەن کە وێنەی مەترسیداری تێدایە و کاریگەری نەریتی ڕۆژئاواییەکانی پێوەیە . کاتێك یەکێکیان دەکوژرێ

کوڕی پوورەکەی شەکورە کە ناوی ڕەشەیە دێتە ناو باسەکەوە. جەماوەرێك لەدەورووبەری مەلایەکدا لە ئەستەنبووڵ کۆ دەبنەوە و هێرش دەکەنە سەر تەکیەکان . لەکاتێکدا کە ترس و گرانی زاڵ و بەردەوام و باڵا دەستە ، شێوەکاران و خۆشنووسەکان لە قاوەخانەیەکدا کۆ دەبنەوە و گوێ لە بەسەر هاتانە دەگرن کەوا بالۆرەوێژێکی زماندرێژ دەیانڵێتەوە و بەوانە ڕادەبوێرن .

ئەم کتێبە لەسەر هونەر و عەشق و ژیانی هاوسەری و کەلوپەلەکان و لەتەچنیکردن بۆیان و مردووەکان و قسەکردنی هەرکەسێك بە زمانی خۆیەتی ، لەهەمانکاتیشدا جوانییە لەبیر کراوەکانی هونەری شێوەکاری زەمانی کۆن بەبیر دێنێتەوە .

" ڕۆمان نووسی لاوی تورك (ئورهان پامۆك) چۆنیەتی نووسینی ڕۆمان نیشانی ئاورووپاییەکان دەدات "

ALMANYA) ، ALLGEMINE، (FRANFURTER

" پێویستە هەرکەس ئورهان پامۆك بخوێنێتەوە "

INGI LTERE) ، (THE NEW STATESMAN

www.pertwk.com